چاپی یەکەم ٢٠١٠

د.عائض القرني

خەمبارمەبە

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

منتدى اقرأ الثقافي www.iqra.ahlamontada.com

وەرگێڕانی
احمد شێخ عبدالله وەرتی

التفسير

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

خەمبار مەبە

سەبەست لە زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

- دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیە بە گرنگترین و کاریگەرترین دەقی ئەو کتێبانەی کە مەشخەڵی سەرڕێی هزری هاوچەرخی ئیسلامین .
- ئاشناکردنی خوێنەرو لاوی موسڵمانی کوردە بە دەقی ئەو کتێبانەی کە سەرچاوەن بۆ ڕۆشنبیری ئیسلامی و سازێنەری ڕابونی ئیسلامین .
- شارەزاکردنی ڕاستەوخۆی لاوی کورد بەم سەرچاوانە ، ئازادکردنیانە لە گشت کۆت و بەندو بۆچونی تەسکی حزبایەتی و تاکڕەوی و ڕەوتگەرایی .
- بناغەیەک بێ بۆ بنیادنانی کەسایەتیەکی ئیسلامی بەهێز بۆ هەرتاکێکی موسڵمانی کورد ، ئاتوانای ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکاریانەی هەبێ ، کە خوای پەروەردگارپێی سپاردوە .

دەگەڵ ڕێزو تەقدیرمان بۆ بیروڕای نوسەرانی ئەم زنجیرەیە ، مەرجیشنیە ئێمە پابەندی هەموبیرو بۆچونەکانیان بین .

بادەستوریشمان لە وەرگرتن فەرمایشتەکەی خوای پەروەردگار بێت :

ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٨﴾ سورة الزمر

التفسير

خەمبار مەبە

نوسینی:
عائیزی قەرنی

وەرگێڕانی:
ئەحمەد شێخ عەبدوڵڵا وەرتی

مەبەست لە زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

- دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیە بە گرنگترین و کاریگەرترین دەقی ئەو کتێبانەی کە مەشخەڵی سەرڕێی هزری هاوچەرخی ئیسلامین .
- ئاشناکردنی خوێنەرو لاوی موسڵمانی کوردە بە دەقی ئەو کتێبانەی کە سەرچاوەن بۆ ڕۆشنبیری ئیسلامی و سازێنەری ڕابونی ئیسلامین .
- شارەزاکردنی ڕاستەوخۆی لاوی کورد بەم سەرچاوانە ، ئازادکردنیانە لە گشت کۆت و بەندو بۆچونی تەسکی حزبایەتی و تاکڕەوی و ڕەوتگەرایی .
- بناغەیەک بێ بۆ بنیادنانی کەسایەتیەکی ئیسلامی بە هێز بۆ هەرتاکێکی موسڵمانی کورد ، ئاتوانای ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکاریانەی هەبێ ، کە خوای پەروەردگار پێی سپاردوە .

دەگەڵ ڕێزو تەقدیرمان بۆ بیرو ڕای نوسەرانی ئەم زنجیرەیە ، مەرجیش نیە ئێمە پابەندی هەموبیرو بۆچونەکانیان بین .

بادەستوریشمان لە وەرگرتن فەرمایشتەکەی خوای پەروەردگار بێت :

ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٨﴾ سورة الزمر

التفسير

پێشـەکی وەرگـێڕ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
درودو سلاو بۆ گیانی پاکی پێغەمبەرو یارانیو شوێنکەوتوانی.

خوێنەری سەنگین!

حەزدەکەم سەبارەت بەو کتێبە سێ خاڵت بخەمە بەرچاو:

خاڵی یەکـەم: لەمـەڕ هەوڵدان بـۆ دەستەبەرکردنی بەختـەوەری لـەوبارەوە دەڵێم: زۆربون ئەوانەی ئەسرینیان بۆ ژیان هەڵدەڕشتو، لە دورەوە هەناسـەی ئازادیـان هەڵدەمـژتو، تـامی بەختـەوەریان هەڵدەچـەژت، بـەلاّم کاتـێ بـە خواسـتو مەبەستیان گەیشتن دڵنیا بون ئەوەی سالاّنێکە بەدوایدا وێڵن، خـەوو خۆراکیـان لە پێناویدا لێ تاڵ بـوە، ئێستاکە دەبینـن تـەنیا تراویلکـەی بیابانـەو، جیالـەوەی تینوێتی رێگایان بشکێنێ شەنگ وتینیان لە بن دێنـێ، درِك‌و دالّی سـەر رێگایـان بـەباخو گوڵشەن هاتـە بەرچـاو بـەلاّم کاتـێ پێـی گەیـشتن جیالـەوەی مانـدوێتی رێگایان وەحەسێ، چیان پێ نـەما ئەوە نـەبێ چقڵو درِکیان لەپـێ چەقێ، زۆرێـك لەوانـەی ئەوینـداریان بـە پەخـشانو هـۆنراوە دەلاوانـدەوە، ئـاخو داخیـان بـۆ هەڵدەکێـشا، چـەندجار چـەندجار دڵیـان دێـشا، شـەوان شـەونخونیان بـۆ دەکـرد، چونکە ئەو خۆشەویستیە شیاوی خۆشویستن نەبو، رِێزی ئەو رِەنجەی نەکرت.

لە زۆر رێگاو لە زۆر لاوە هەوڵیان داوە بەختەوەری وەدەست بێنن، ئەوکاتـەش پەیان پێ نەبرد، ئەوسامنیش بۆ ئەو کتێبە سەرنجت رِادەکێشم، بەڵکە بە رێگای بەختەوەریت ئاشنا بکات.

خاڵی دووەم: دەربـارەی گرنگی ئـەو کتێبـە، گرینگیەکـەی لەوەدایـە هـەرگیز خوێنـەر بێـزار ناکـا، چـونکە جێباسـەکانی کـورتو پـوختن، وشـەکانی هـەڵقوڵاوی نـاخو هەسـتن، چـارەی دەردوئـازارە، لـەناو خـەمو خـەمینی دەرت دێنـێو، بـەرەو ئاسودەیـیو، بەختەوەری دەستت دەگرێ، باوەرِناکەم کەسیش لـە ئێمـە رِۆژێ لـە

ڕۆژان دڵی هەڵنەقرچابێ، بەڵام خوا دەردی داوەو دەرمانی داوە، بۆیە بە خۆمو بەتۆش دەڵێم: گەر دەتەوێ کۆتو زنجیری خەمباریت بپچڕێو، ئارەقەی شەکەتی ڕێگات بسڕێو، ماندوێتی چەند ساڵەت وەحەسێ، وەرە لە ژێر سایەو سێبەری ئەم کتێبە هەنسکێك بدە، لەو گوڵزارەدا چەپکێ گوڵاڵە بچنەو پڕ بە دڵ بۆنیان بکەو، بۆسۆی دڵی برژاوت بەبابکە، چونکە ئەو کتێبە شەماڵێکە بۆنو بەرامی گوڵو وەنەوشەو سەوزەگیای کوێستانانو گیابەندی قەدی کێوەکانت بەسەردا دەپرشێنێ، پەندو ئامۆژت لە دەمی ئامۆژیارانەوە بە دیاری بۆ دێنێو دڵی زامدارت پێ دەلاوێنێ، شەونمی سەر ڕوخساری گوڵە بەسەر هەستو دەرونەکاندا دەتکێ، فرمێسکو ئەسرینی شادیە دەرختی هێوای پێ دەڕوێ، ڕێڕنەو گەوالەی بەهارە گەلای ناسۆریو خەمی پێ دەڕوێ، دڵۆپەی قەتیس ماوی سەر ڕیشە گیای دوای بارانە لەبەر تیشکی هەتاو وەکو دەنکی مرواری دەدرەخشێ.

خاڵی سێیەم: سەبارەت بە وەرگێڕانی کتێبەکە بەلای منەوە کارێکی ئاسان نەبو، جا چۆن کەسێکی وەکو من دەتوانێ بەتەواوی مافی کتێبێکی ئاوابدا، کە لەسەر بەرگەکەی نوسراوە: لە هەمو کتێبێك زیاتر لە جیهاندا بلاوبۆتەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێ منیش قۆڵم لێ هەڵکرد، ئەگەر چی بەر لە دەستبەکاربونی حەزم نەدەکرد دەست لەو کارانە وەردەم، بەڵام ئەم کتێبە سەرنجی ڕاکێشامو ناچاری کردم، جا بەش بەحاڵی خۆم ئەوەندەی پێم کرابێ هەوڵم داوە بە کوردیێکی پەتیو پاراو ویستو مەبەستی نوسەر بخەمەڕو، لە وەرگێڕانی حەرفی پیت بە پیت خۆم بەدور گرتوە، لەهەر شوێنێکی ئەم کتێبەش ئەگەر هەست بە زەحمەتیو تونڈی بکرێ پێم وایە هۆکاری بۆ خودی کتێبەکە دەگەڕێتەوە، چونکە خاوەنەکەی کەسێکی ئەدیبو شارەزایەو بەسادەو ساکاری نەنوسیوە. دەربارەی شیعرەکانیش لە زۆر شوێندا شیعرەکانم بڕیوەو بەشێکیانیشم هەر بە شیعر وەرگێڕاوە.

لە کۆتاییشدا دەڵێم: خوێنەرانی سەنگین!

گومان لەوەدا نیە کەموکوڕیم هەردەبێ، بەڵام دیارە من هەر ئەوەندەم لێزانیوەو یەکەم جاریشمە خۆم لە قەرەی کارێکی ئاوا بدەم، ئەگەر ئێوەش دڵسۆزانە

ڕەخنەیـەکتان وەدی کـرد منـیش بـە سـینەیەکی فراوانـەوە وەری دەگـرم، ئەگـەریش هەر بەهرەو قازانجێکیش وەدی بکرێ هونەری منی تێدا نیە یەکەم بەهرەی خوایەو دوەمیش قەدرو ڕێزە کە بۆ نوسەر دەگەڕێتەوە، ئـیتر لـە خـوام داوایـە هەڵـەو کـەمو کوڕییم بپۆشێو، ویستو مەبەستم بۆ ئەو بێو دواڕۆژی نەبڕاوەشمان مسۆگەر بێ.

وەرگـێڕ

ئەم کتێبە

لێکۆڵینەوەیێکی پڕ بە بایەخو گرنگو بەرپرسیارە، بایەخ بە لایەنی خەمو ناسۆری دەدات لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، لایەنی دو دڵیو نیگەرانی، سەر لێتێك چونو بێ متمانەیی، ڕەشبینیو ماتەمینی، کڵۆڵو پەرێشانی، کەساسیو دلگرانی، دەست لە خۆبەردانو هیوا بڕانو داڕمان.

لە ژێر تیشکی نیگاو، ڕێنوێنێ پەیامی خوادا چارەی کێشەی سەردەم دەکا، لەگەڵ سروشتی ڕاستو، ئەزمونی بە ئەنجام گەیشتو، داستانی سەرنج ڕاکێشو، نمونەی زیندو، وێژەی دڵ ڕفێن بەیەکەوە دەسازێن، وتە گەلێکی هاوەڵانی شکۆدارو، شوێنکەوتوانی چاکە کارو، بۆنو بەرامی شیعری گەورە شاعیرانو، نوژداری پزیشکانی ناودارو، ئامۆژیاری کاراشناو ڕێنوینی زانایانی تێدایە.

هەر لە ناو ئەو کتێبە گوتاری ڕۆژهەڵاتیو ڕۆژئاواییو، زانایانی کۆنو نوێی تێدایە کە هەمویان لەگەڵ ڕاستی تێك دەکەنەوە، کە دەزگایەکانی ڕاگەیاندنو پەیامو گۆڤارەکان بڵاویان کردۆتەوەو، ئەوانەش کە چەند خولێكو پشکینینو بڵاوکراوە دیاریان داوە.

ئەو کتێبە ئاوێتەو پێك هاتوێکی ڕێكو پێکە، هەوڵێکی ساخ کراوەو بێ خڵتە. بە کورتی پێت دەڵێ:

((ئاسودەو دڵارام بە، مژدە بدەو گەشبین بەو، خەمبار مەبە)).

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

پێشەکی چاپی دوەم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وآله و صحبه

دوا بە دوای ستایش‌و درودو سڵاو:

گەلێك لە نوسەران خویان پێ وەگرتوە بە نوسراوەکانیان دا هەڵدەڵێن‌و، باس لەوە دەکەن چاپی یەکەمیان لە بازاڕ نەماوەو، خەڵك زۆر پێشوازی لێ کردوەو بایەخی پێ داوە، ئەوەش کارێکە بەسەر دەرونەوە گرانەو بە پێی نەریت دزێوەو، سروشتیش بە چەپەڵی دەزانێ.

ئەوەندەش بۆ من بەسە کە دەربارەی کتێبی خۆم (لا تحزن) بڵێم: ئەو کتێبەم بۆ خۆم‌و بۆ هاوێنەی خۆم نوسیوە، یەکەم کەسیش کە سودی لێ وەرگرتبێ خۆم بوم، ئەگەر چی من بە دەستی خۆم نوسیومە بەڵام هەر کاتێ پێی دا دێمەوە، سەیر دەکەم شتێکی نوێیە بەلامەوە هەروەکو بڵێی یەکەم جارە دەی خوێنمەوە:

مەگەر نامبینی هەر کاتێ دیدەنی یارم دەکـــــەم
گەر گوڵاویش نە پرشێنێ هەست بە بۆنی خۆشەکەم

هەر کاتێ بێزار بوم یا تورە بوم یادلگران بوم خۆم بە خۆم دەڵێم:

باشە تۆ دانەری کتێبی (لا تحزن)نی جا دڵم ئۆقرە ئەگرێ‌و، تورەییم دەڕەوێتەوە.

وامدەزانی من لەمەڕ گومان چاکیم بەرامبەر کتێبەکەم‌و، سەرسامیم لە ئاستی نوسینیدا زێدە ڕۆییم کردوە، هەتا ئەو کاتەی لەلایەن ئەوانەی متمانە بە زانست یان دەکەم‌و، ڕێزی بۆچونیان دەگرم‌و سوپاسی هەڵوێستیان دەکەم، سوپاسنامەو پیرۆزباییم پێ گەیشت‌و نزایان بۆ کردم، ئەوساکە لەسەر ئەو سۆزو یارمەتییەی خوا سوپاسم کردو، هیچیش لە هونەری خۆم‌و دەستی خۆم‌و توانای من نیە، هەرچی بەهرەو توانایە هەر هەموی ئی خوایە، هەر ئەویش شیاوی سوپاسە.

بێ گومان مەسەلەی بەختەوەری مەسەلەیەکی جیهانیو، خواستێکە هەموو هۆشمەندان لەسەری کۆکو یەک دەنگن، هەموتاکو کۆمەڵو بەرەیێک هەوڵی دەستەبەرکردنی بەختەوەری دەدەن، جا هەیانە بە دەستی هێناوەو، هەشیانە چاوەڕوانە.

ئەو کتێبە سەدان پەیامی لێ کۆڵینەوەی دەربارەی بەختەوەری لە خۆوە گرتوە، گوتارێکی کراوەیە بۆ هەر یەکێ ڕێز لە ژیری خۆی بگرێ، وتەکانی لە دڵێکی هەڵقرچاو ماران گەزیو هەڵقوڵاون، بەو شێوەیە هەروەکو (موتەنەبی) باوکی (تەیب) دەڵێ:

کەسێ سەرزەنش مەکە لە خواستی تامەزرۆیە
تاوەکو بیدرکێنێ هەرچیێ کە ڕازی خۆیە

خوایە کردەوەم لەگەڵ کەمیدا، تێکۆشانم لەگەڵ کزیدا، کردو کۆشم لەگەڵ خەوشو نەنگیدا گیرا بکە، تۆ بەرزو شکۆداری شایستەی پێدا هەڵدانی، هەر تۆش ئەو خوایەی شیاوی پەرستنی.

عائیزی قەرنی
نوسیوێتی

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی چاپی یەکەم

الحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله، وعلى آله و صحبه،

دوای ستایش‌و درودو سڵاو:

(خوێنەری بەڕێز):

ئومێد وایە کەڵکو سود لە کتێبی (لا تحزن) وەرگری‌و بە سای خوێندنەوەی ئاسودە بی، دەشتوانی بەر لە خوێندنەوەی بە پێوەری ژیری‌و عەقڵێکی ڕاست‌و دروست بیپێوی، بەڵکە لەوە زێتر دەتوانی بە تەرازوی فەرمودە هەڵی سەنگێنی.

ئاماری بێویژدانیشە بەرلەوەی شتێك تام‌و بۆ بکرێ‌و تاوتوێ بکرێ فەرمانی لەسەر بدرێ، ستەمێکیشە دەرهەق بە زانست دەکرێ کە بەرلەوەی تێفکرین‌و لێکۆڵینەوە بکرێ‌و گوێ بۆ شکاتکار بگیرێ‌و بسەلمێنرێ‌و سەرنجی بەلگە بدرێ، بڕیاری لەسەر بدرێ.

من ئەو گوتارەم بۆ یەکێ نوسیوە گیرۆدەی دەستی خەم‌و پەژارە بێ‌و لە ناو تەنگژەدا بگوزەرێنێ، یا بەڵاو مەینەتی دەوری بگرێ، یا بە سای نیگەرانی‌و دڵپەستی جێی پێ لەق بێ‌و خەو لە چاوی بزڕێ، جا کێمان هەیە لەو دەردە بە دور بێ؟!

چەندین ئایەت‌و کوپڵە شیعرو پەندو نمونەو، وتەی نەستەق‌و بەسودو، داستان‌و ئامۆژی تێدایە، پوختەو پاڵاوتەی ئەزمونی کاراشنایانم تێدا نوسیوە، ئەوانەی دەرمانی دەردی دڵ سوتاوو، دەرون بەزیوو، داماوو بێ ئومێدانن.

ئەو کتێبە پێت دەڵێ: مژدەت لێبێ ئومێدەوارو گەشبین‌و ئاسودە بە.

بەڵکە پێت دەڵێ: ژیان چۆنە ئاوا بگوزەرێنە، بە ڕازەمەندی‌و بە پاکی‌و بە خۆشی بژێی.

ئـەو هەڵانـەی پێـچەوانەی سروشـتن لەمـەڕ هـەڵس‌و کـەوت لەگـەڵ خوڕەوشـت‌و خەڵک‌و، شوێن‌و سەردەم‌و، هەر شتێکی تر، ئەم کتێبە بۆت ڕاست دەکاتەوە.

ئەم کتێبە زۆر بە تووندی ڕێت پێ دەگرێ لەوەی پـێدا نـەگری لەسـەر تێـك گـیران لەگەڵ ژیان‌و پێچەوانە بون لەگەڵ قەزاو قەدەری خواو، دژایـەتی کردنـی بەرنامـەو یاساو ڕەت کردنەوەی بەڵگە.

بەڵکـە هـەر لـە نزیکـەوە بانگـت دەکـا لـە هـەمو دەرگاکـانی دڵـت دەداو، لـە هـەمو لایەکـەوە سـەرنجت ڕادەکێـشێ بـۆ ئـەوەی دەرەنجامێکی ڕوناکـت هـەبێ، ئۆمـدت بـە خواستەکانت ببێ، بەری بەهرەکانت وەبەر بێ، تاڵایی ژیان‌و ناسۆری ڕابردوت لە یاد چێ، ماندو شەکەتی ڕێگات وەحەسێ.

دەمەوێ لەسەرەتاوە بۆ چەند بابەتێکی گرنگ سەرنجت ڕاکێشم:

یەکەم: مەبەست لەو کتێبە دەستەبەر کردنـی بەختـەوەری‌و هێمنـی‌و هـەداری‌و دڵ شـادییە، کردنـەوەی دەروازەی ئومێـدو گەشـبینی‌و داهـاتوێکی درەوشـاوەو ڕزگارییە.

وە یـاد خـستنەوەی میهـروو سـۆزی خوایـەو، پـشت پـێ بەسـتن‌و نیـەت پاکییـە، مەبەست بە قەزاو قەدەر باوەڕ هێنانەو، لە سنوری ئـەو ڕۆدا ژیانـە، واز هێنانـە لە نیگەرانی لەمەڕ داهاتوداو یاد کردنەوەی بەهرەی خوایە.

دووەم: ئـەو نوسـینە هـەوڵ دانـە بـۆ فـرێ دانـی دڵ پەسـتی‌و دلگرانـی، کەساسـی‌و پەڕێشانی، دڵاو دڵی‌و نیگەرانی، دڵ تووندی‌و داڕمان‌و بێ ئومێدی، دەست لـە خـۆ بەردان‌و هەرەس هێنان‌و هیوا بڕان.

سێیەم: ئەو ئایەتانەی لە ئاسمانی ئـەو بابەتـە دەخولێتـەوە، هەنـدێ لـە فـەرمودەی پێغەمبەر ﷺ هەندێ وتەی نەستەق‌و ناوازە، داستانی پەند دادەڕو، هەڵبەسـتی کاریگـەڕو، قـسەو لێ دوانـی کاراشـنایان‌و پزیـشکان‌و وێـژەران، لـەو کتێبـەدا کـۆم کردونـەوەو، دەدرەوشـێنەوە دەسـتە چـیلەپێك[1] لـە بەڵگـەی ڕۆن‌و ئاشـکراو ئەزمونی سەرکەوتو، دەستەواژەی ڕاست‌و دروستی تێدا باس کراوە،

---

١) دەستە چیلکەیێکی وشکی باریکە، کە ئاگری پێ بکرێتەوە.

تەنیا ئامۆژگاریو بابەتێکی فیکریو گوتارێکی رامیاری نیە، بەڵکە لە پێناو ئاسودەیی تۆ بانگێشتێکی بە گوڕە.

چوارەم: ئەو کتێبە بۆ موسڵمانو نا موسڵمانە، هەستو نەستی مرۆڤایەتیم لێ ڕەچاو کردوە، ئەو هەڵوێستەشم لە پەیڕەوی ڕاستو دروستی پەروەردیار وەرگرتوە کە ئایینی سروشتە.

پێنجەم: لەو کتێبەدا چاوت بە چەند وتەیەکی ڕۆژهەڵاتیو ڕۆژئاوایی‌یەکان دەکەوێ، ئومێدیش وایە گازاندەم لێ نەکرێ، چونکە تێگەیشتن بزربوی بڕواداڕە، لە هەر شوێنێ بیدۆزێتەوە بۆ ئەو لە هەمو کەس شیاوترە.

شەشەم: پەڕاوێزم بۆ ئەو کتێبە دانەناوە، تاوەکو بۆ خوێنەر سوک‌و سانا بێ، بۆ ئەوەی هەمیشە زەینی لەسەر بێو بەردەوام وەی خوێنێ.

هەر لە خودی کتێبەکەش سەرچاوەی وەرگرتنم دیاری کردوە.

حەوتەم: ژمارەی لاپەڕەو بەرگەکەم نەنوسیوە، چونکە چاوم لەوانەی پێش خۆم کردوە، واشدەزانم ئەوە سوک‌و سودمەندترە، جاری وایە دەق بە دەق بابەتەکەم گوازتۆتەوە، یا دەست کاریم کردوە، یاخود واتاو مانای کتێبەکە یا گوتارەکەم گوازتۆتەوە.

هەشتەم: ئەو کتێبەم باس باس‌و بەش بەش نەکردوە، بەڵکە شێوەی دەرخستنی جۆراو جۆرە، جاری وایە برگەکان لێك جیا دەکەمەوە، لە باسێکەوە بەرەو باسێکی تر دەڕۆم دوای چەند لاپەڕەیەك بۆی دەگەڕێمەوە، بۆ ئەوەی کەسی خوێنەر پتر چێژی لێ وەرگرێو لەبەرچاوی شیرن تر بێ.

نۆیەم: بەهۆی دەرهێنانی ژمارەی ئایەتەکان‌و دەرهێنانی فەرمودەکان درێژەم پێ نەداوە، ئەگەر فەرمودەکە بێهێز بێ ڕۆنم کردۆتەوە، ئەگەریش بەهێز بێ یا حەسەن بێ باسم کردوە یا لێی بێ دەنگ بومە.

ئەوەش هەموی بە مەبەستی کورت کردنەوەو، دور کەوتنەوە بوە لە دوبارەو زۆر بە دوادا ڕۆیشتن‌و بێ زار کردن، ((والمتشبع بما لم یعط کلابس ثوب زور.... ئەوەی تێر نەبێو بە تێر خۆی نیشاندا وەکو ئەوە وایە بەرگی درۆینی لەبەرکردبێ.

دەیەم: خوێنەر هەست پێ دەکا هەندێ ماناو مەبەست بە چەند شێوەو چەشن دووبارە بوونەوە، ئەو کارەشم بە ئەنقەست ئەنجام داوە تاوەکو ئەو بۆچونە بە چەند شێوە بخرێتە ڕوو، ئەو شتەش کە بە خوڕ[٢] دەگوازرێتەوە[٣] چاتر لە دڵدا جێی دەبێتەوە، کەسێ لە قورئانیش وردبێتەوە ئەو شێوازە دەرک پێ دەکا.

ئا ئەمانە دەی تەواون، پێشکەش بن بەو کەسەی بیەوێ ئەو کتێبەی وەخوێنێ، ئومێدیش وایە ئەو کتێبە ڕاستی وەخۆ هەڵگرتبێو بە وێژدانەوە دوابێو دادوەرانە بڕیاری دابێ، بە دڵنیاییەوە زانیاری ببەخشێو، بۆچونی ڕاستو دروست بێو، بۆ چاوکراوەیی چرایەک بێ.

مـن لـەو کتێبـەدا هەموکەسـێ دەدوێـنمو لەگـەڵ هەموچـینێک دا قـسە دەکـەم، مەبەستم چینو وتوێژێکی تایبەتو تـەنیا کۆمـەڵێک نیـە، مەبەستم شارو وڵاتێکی تایبەت نیە، بەڵکە بۆ هەموئەوانەیە دەیانەوێ بەختەوەرانە بگوزەرێنن.

بە مراواریم هۆنیـەوە کاتێ دەسـتم لـێ هەڵگـرت
بێ تیشکی خۆر تیشکی داو بێ هەیڤ شـەوڕەوی کرد
ڕوخساری ڕەونەق دەداو چـاوی وەک بەری بەیانـن
ئای لە سـۆمای چـاوان و گـەردنی چـەندە جـوانـن

عائیزی کورپی (عبدالله)ی قەرنی
نوسیوێتی
٥/ مانگی ڕەمەزان

---

٢) بەلێزمە .
٣) دەگێڕدرێتەوە .

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

خوایـە هـــاوار

کاتـێ دەریـا هـەژا شـەپۆلیدا زریـانیش شـالاوی هێنـا کەشـتیوانان هـاوار دەکـەن خوایـــە هـــاوار، ﴿يَسْـَٔلُهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ ... هەر کێ لەناو ئاسـمانەکانو زەمیـنن هـەمو کارێکیـان هـەر بـەوەو ئـەو گشت پرۆژێ بـە کارێکـەوە خەریکە ﴿٢٩﴾ الرحمن﴾.

کاتـێ لاڕێ لـە بیابـان دا سـەرگەردان بـو ڕێبـواران‌و خەربەنـدان[٤] ڕێ یـان کەوتـە کوێرەڕێیان هاوار دەکەن: خوایە هاوار.

کاتـێ یـەکێ خـەم بیـچزێنێ[٥] کارەسـات‌و کۆسـتێ دای ڕۆشـێنێ[٦] لـە میهـری خـوا ڕادەمێنێ دەڵێ: خوایە هاوار.

کاتـێ دەرگاکان لە ڕوی خوازیاراندا داخران، ویست‌و خواستیان پـەردە پـۆش کـران هاوار دەکەن: خوایە هاوار کاتـێ وزەو توانـا لـەبار چـون، ڕێگـە چـارە تـارو مـار بـون پـەتی خۆزگەکان پچڕاو، گەلاێ ئومێدان هەڵوەرا هاوار دەکەن خوایە هاوار.

کاتـێ زەمینت لـێ وێك هاتـە خـۆ لـە نـاخ‌و سـینەت هاتـەدەر
بۆن سـۆ،[٧] بـابە هاواری خواوە زمانت بێتە گۆ بڵێ خـوایە هاوار
بـێ گومـــان یادی تۆم کـرد کـاتـێ ناخۆشـیەکـان تـوند بون،
ڕەش بون، ڕوی ڕۆژگـاریش تۆزاوی‌و گـــۆڕاو،

---

٤) کاروانچیان.
٥) ئازاری پێ بگەیەنێ.
٦) بریندار ی بکا.
٧) بۆنی سوتان

دەنگم هەڵبـڕی لە پێش بەیاندا بە ناوی تۆ، بەهاوارەوە،
لە ناکـاو ڕوخـساری هەمو بەیانیـیەك دەگـرژایەوە.
وتـەی پـــاك و تكای بێ خـلـت
هاوارو نزای ڕاسـتو ڕەوا، ئەسـرینی چاوی بێ نەوا،
هەر بۆ لای خـوا بەرزەبنـــەوە.
لە دەمە دەمی بەیانیـان دا، لە بێ دەرەتانی و ئاتاجیاندا
دەسـتو لە پی پێداویستان هەر بۆ لای خـوا ئەكـرێنەوە،
لە كارەساتو پەژارەندا پێڵـوی چاوان بە ڕوی ئاســـمان
هەڵدێنەوە، داوا و خواستیش بەرەو خوا دەكرێنـــەوە

هەر بە ناوی ئەوەوە زمانەكان دێنە ئاواز، بانگی ئەكەن، لای دەردەبـرن ڕازو نیـاز، بـە یـادی ئـەوەوە دڵـەكان ئـارام دەبـن ڕۆحـەكانیش هەسـتو نەسـتو پـەیاكانیش[٨] ئۆقرە دەگرن، هۆش و جۆش دێنەوە خۆو، باوەڕو متمانە دامەزراو خۆگر دەبن.

﴿ٱللَّهُ لَطِيفُۢ بِعِبَادِهِۦ ...خودا دەربارەی عەبدانی بە ڤیانە (١٩) الشورى﴾.

ٱللَّهُ: خۆشـتـرین ناوو جوانـتـرین پیـتو ڕاستـتـرین وشـــەو بەهـــادارترین واژەیـە ﴿... هَلۡ تَعۡلَمُ لَهُۥ سَمِيّٗا ... ئاخۆ ئاگات لێیە هاوناوێكی هەبێ؟ (٦٥) مریم﴾.

كەوایـە جـا ویـدانی و بێنیـازی[٩] شـكۆمەندی و كـار لـە جێیـی و بالادەسـتی، تـین و توانـاو سەرخـستن، لـە ٱللَّهُ وە سەرچـاوە دەگـرن ﴿...لِّمَنِ ٱلۡمُلۡكُ ٱلۡيَوۡمَۖ لِلَّهِ ٱلۡوَٰحِدِ ٱلۡقَهَّارِ ... لەو ڕۆژەدا فەرمانڕەوایی بۆ كێیە؟ هەر بۆ خودای تـاك و تـەنیای بەسـەر هەمو شتێدا زاڵە، (١٦) غـافر﴾.

كەواتـە سـۆزو خۆشەویـستی و میهرەبـانی، كۆمـەكی و هاریكـاری، فریـا دڕەسـی و چاكەكاری، ڕەوشتی بەرزی ئەون.

---

٨) وردە دەماری هەست.
٩) بێنیازی/دەوڵەمەندی.

﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ... بەهرەیەك ڕو تێدەكـا لە خواوەیـــە ٱللَّهِ: خاوەنی پایەبەرزیو بڵندی هەرە زاڵو شكۆمەندی ناچار كـردنو گەورەیی ﴿٥٣﴾ النحل ﴾.

لە هەر ساتێ بە چەند پیتێ گەورەیی تۆ دەنوسـرێ
ئەوا پیـرۆزیـێكـــە گـیانو ڕۆح ئۆقرەی پێ ئەگـرێ
تۆ زۆر لـــەوە بەرزتریشـی پەروەردگـــارا
هەمو توانـاو لێكدانەوە بێ ڕێ دەبن كاتێ ناوت دەهێنرێ

خوایە ناخۆشی بەی شادی بـێنی، دڵ سـوتاوان بـسرەوێنی، نمـەی بـاوەڕ بپرشـێنێ، پۆلی دڵان دامركێنی.

پەروەردگارا چاوانی لـە خـەو تـۆراو بـە نـاردنی سـوكە خـەوێ لـە لایـەن خۆتـەوە بخەوێنە، ئارامی بۆ دڵە ڕاڕاكان بێنەو موژدەی ڕزگاریان بە ڕودا بچرپێنە.

پەروەردگارا: چاو خەڵەتاوان بۆ ڕۆشنایی‌و گومڕابـوان بـۆ ڕێـی ڕاسـتو دروسـتی‌و لاملانی لە ئایینت بۆ ڕێنماییت ڕێنوێنی كەی، خوایە بە بەرەبەیانی دانی ڕۆناهیت[۱۰] تەمو لێڵی دلاو دڵی لادەی، بە پرشنگی ڕەوای خۆت گەندەڵی‌و بودەڵی دڵان.

ڕادەی[۱۱]، بـە كۆمـەكی سـەربازە فریـشتەكانت كەڵەكـەو تەڵەكـەی شـەیتانەكان بپوكێنی[۱۲] و لە كارخەی.

خوایـە خـەمی دڵمـان هـەڵوەرێنی، پەسـتی دڵمـان بتـارێنی، نیگـەرانی‌و ڕاڕایـیمـان بڕەوێنی.

پەنا دەگرین بە تۆ لە ترس‌و بیم جگە لە تۆ، لە ملكەچی‌و لەسەر شۆڕی تەنیا بۆ تۆ ، لە پشت بەستن تەنیا بە تۆ، لە كۆمەكی‌و داواكاری تەنیا لە تۆ، تۆ یارو یـاوەری ئێمەی، چاترین ڕزگار كارو دۆستی مەی.

---

۱۰) ڕوناكیت.
۱۱) ڕامـــانی.
۱۲) پوچەڵ كەیتەوە.

بیـرکەوەو سـوپاسـگوزار بە

واتە بیـر لەو بەهرەو بەخششانەی خوا بکەوە کەبەسەرت داباریون هەست دەکەی تۆیان داپۆشیوە، هەر لەسەر سەرتەوە تا بەری پێتەوە ﴿ ...وَإِن تَعُـدُّواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ ... ئەگەر بێنە سەر ژمارەی چاکەی خودا، لە ژماردن دادەمێنن ﴿٣٤﴾ إبراهيم ﴾.

بەهرەی تەندروستی و لەش ساخی، ئاسایش و هێمنی، خۆراک و پۆشاک ئاو هەوا، هەر چی لە بونەوەر دایە، لە بەرژەوەندی تۆ دایە، کەچی هەستی پێ ناکەی، خاوەنێتی ژیان دەکەیت و دەرکی پێ ناکەی، ﴿ ...وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةً وَبَاطِنَةً ... گەلێ بەهرەی بەسەر تانارژاندوە﴿٢٠﴾ لقمان ﴾.

تۆ خاوەنی دو دیدەی گەشی، خێوی زمانێک و دو لێو دو دەست و دو پێـــــــــی بێ خەشی.

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ... دەسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەردنـدەو حاشا دەکەن؟ ﴿٥٥﴾ الرحمن ﴾ .

بـۆ مەگـەر کـارێکی ئاسـانە تـۆ لەسـەر پێیـەکانت گـوزەر بکـەیت و بەسـەر قاچەکانتەوە بوەسـتی؟

کەچی زۆر کەس قاچ و قول بڕاو بێ پێن؟!

شتێکی کەمە تۆ بە پڕاو پڕی چاوەکانت بخەوی

گەدەت لە خۆراکی بە چێژ پڕکەی

ئاوی ساردو سازگاریش نۆشکەی

کەچی کەسانێکی زۆر هەن لە تاو ئێش و ژانیان خەو لە چاویان زڕاوە. تامی خواردنیان لە دەمدا تاڵ و گۆڕاوەو، ئاوی زوڵاڵ لە قورگیاندا وێنەی زوخاوە؟!

ورد بەوە لە بیستنو بینایيت، سوپاس بۆ خوا کەڕو کوێر نیت، تەماشای پێستی لاشەت کە سوپاس بۆ خوا گولوگڕو بەڵەك نیت، لاکەوە بە لای ژیریتدا کە خوا چاکەی لەگەڵ کردوی بەوەی هۆشت لەسەر خۆیەو دێوانەی چۆڵو هەردو شێتی کوچو کۆڵا نەو گاڵتە جاڕی خەڵك نیت، ئایە دەتەوێ لە بەرابەری تەنیا چاوێکت دا بە قەد چیای هەڵگوڕد ئالتونت پێ بدرێ؟!

ئایە پێت خۆشە گوێچکەکانت بەسەنگایی چیای کاروخ لە زیو بفرۆشی؟!

حەز دەکەی زمانت بدەی لە پای چەندان کۆشك و باڵە خانەی ڕازاوەو بێ زمانو لاڵ بیت؟!

خوازیاری: دو دەستەکانت بکەیتە قوربانی لە پێناو چەندان ملوانکەو خەناوکە لە دوڕو گەوهەرو مرواری بێ دەستو قۆڵ بیت؟!

بە ڕاستی تۆ لە ناو نازو گۆزی زۆرو زەوەندەای، کەچی لێی نەبانی و[۱۳] بێ ئاگای، دڵشکاو دڵ سوتاو دڵ ڕەنجاوی دەست لە ئەژنۆو دۆشدا ماوی، ئەگەر چی خودان ئاوی ساردو نانی گەرمی، خەو خۆش و بێ‌لەکەو خەشی، ئاخ هەڵدەکێشی لەسەر شتی نەبو لە دەست چو سوپاسگوزار نی لەسەر هەبو،

پشی سوارو هەراسانی لەتاو زیانێکی سامانی کەچی کلیلی بەختەوەریت لە دەستەو خێوی[۱۴] چەندین بەهەرەو بەخششی بێ وێنەو بەهاداری، دەسا بیر کەوەو سوپاسگوزار بە ﴿ وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ ... هەروەها لە ناو خۆشتاندا زۆر هەن ئاخۆ لە خۆتان ناڕوانن؟ ﴿٢١﴾ الذاريات ﴾. ورد بەوە لە خودی خۆت، لە مالۆ حاڵو خێزانت لە کردارو گوزەرانت، لە هـــاوڕێو خۆشەویستانت لە دنیاو دەوروبەرت ﴿ يَعۡرِفُونَ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا ... بە بەهرەی خودا ئاشنان کەچی سەرپێچی لێ دەکەن.﴿٨٣﴾ النحل ﴾.

---

۱۳) پێی ئاشنانی/داماوی بیر دەکەیتەوە.

۱٤) خـاوەن .

لە دوا چـوان مـەچو

یادکردنەوەی ڕابردو تاو توێ کردنی لە بیرو هزردا، سوێ بونـەوەو دڵ پەستی لـە پێنـاو ئـاخو داخیـدا[١٥]، گـەوجیو گێلـیو نەفامیـە، بـن بـڕ کردنـی ویستو خواستو پرشو بلاوە کردنی ئێستای ژیانە.

بێ گومان ژیرو هۆشمەندان ناچن لاپەڕە بەسەر چوەکانی ژیان بخوێننـەوەو کۆنـە بریـنان بکولێننەوە، بەڵکو لە کونجی زیندانی فەرامۆشیدا دەپێچرێنەوەو کۆت بـەنـد دەکرێن، دەرگا لـە ڕوبـان دادەخـەنو پـشت گـوێ دەخـرێن، تـا هەتایـە نایـنـەدەر لـە بینینی تیشکی خۆریش بێ بەش دەکرێن.

چونکە ڕابردو ناگەڕێتەوە، نە بە دڵ پەستی دێتـەوە نـە بـە پـەژارەو سـوتو سـوێ کەڵو پارچەی وێك دێتەوەو گیانی بە بەر دەکرێتەوە.

ئیتر چی تر لە دەست دێوەزمەی ڕابردوداو لە ژێر چەتری لە دەست چودا مەگوزەرێنە، گیانت لە ژێر چەپۆکی تارماییە ترسناکەکەی دەربێنە.

ئایە دەتەوێ پێچەوانەی ڕەوشی ژیان مامەڵەبکەی ئاوی ڕوبار بەرەو ژورو خۆر بەرەو خۆرهەڵاتو منداڵ بۆ سگی دایكو شیر بۆ گوانو فرمێسكو ئەسرین بۆ چاو بگێڕیەوە؟!.

بێ گومان هەڵسو کەوتت لەگەڵ ڕابردوداو ڕاڕاییت لە ئاستیداو سوتانت لە ئـاهو گڕیداو خۆ هەڵدانت بۆ ئەودیوی کۆسپو لەمپەرانیدا، دۆخێکی نالەبارو بە ئازارو تۆقێنەرو ڕاچڵەکێنەرە.

خوێندنەوەو تێفکرین لە ڕوپەڕی ڕابردودا بەهەدەردا نـەبۆ هەنوکـەو، دابـڕ دابـڕ کردنی کۆششو بە بادانی کاتو ساتێکە ئێستا لە ڕودا.

خوای گەورە باسی نەتەوە ڕابردوەکانو کردارو ڕەفتاریان دەکات پاشان دەفەرموێ ﴿ تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ ... ئەوانە کۆمەڵانێك بون کە ڕابردون. ﴿١٣٤﴾ البقرة ﴾.

---

١٥) ئاخ هەڵکێشان، یا دەگوترێ داخەکەم.

دەهۆڵ دڕاو تەقـەی بـڕا دادڕیـنو تـوێ کـاری لاشـەی ڕۆژگـار دادنـاداو گێڕانـەوەی ڕەوڕەوەی مێژو بێ هودەیە.

ئـەو کەسـەی بـۆ ڕابـردو دەگەڕێتـەوە وەك ئـەوە وایـە دوبـارە ئـارد بهارێتـەوەو پوشکەی دارێ بڕاو ببڕێتەوە هەر لە کۆنەوەش گوتراوە بەوانەی ئەسرین بـۆ ڕابـردۆ دەڕێـژن:"مـردوی پـار هـاوینێ ئـەمڕۆ بـۆی مـەگێڕە شـینێ" بـە هـەمان شـێوەیەکێ لەسەر زمانی ئاژەڵان سەر بوردەیەك دەگێڕێتەوە، گوایە بە گوێ درێـژیان گـوت: بـۆ کاوێژ[١٦] ناکەی؟ ئەویش گوتی چونکە ڕقم لە درۆیە.

دەردی ئێمە لەوەدایە لەمـەڕ ئێستا دەستەوسـانین لەسـەر قـاڵ بـون بـە ڕابـردوش بـێو چـانین، چـاومان بـە کۆشـكو تـەلارە جوانـەکان پڕنـابێو هـەردەم بـۆ کـەلاوە داڕماوەکان بە پەرۆشو پەرێشانین، خۆ ئەگەر مـەردمو پـەری کۆببنـەوە بـۆ ئـەوەی ڕابردو بگێڕنەوە نەبوەو ناکرێ بی هێننەوە.

نەبۆتـە بـاو خـەڵکان ڕوەو دواوە بـڕوانـو بـۆ دواوە لاکەنـەوە، چـونکە ژیـان وا ڕەخساوە باو بۆران ڕوەو پێشەوە هەڵدەکاو ئاو سـەرەو ژێـر دادەڕژێو کـاروان بـەرەو پێش دەگوزەرێ هیچێك لەوانە ناتوانێ پێچەوانەی ڕەوشی ژیان ئاوەژوبێ.

هـەر ئەو ڕۆژەی ئێسـتات ڕۆژە

کاتێ بەیانیت کردەوە چاوەڕێی ئێوارە لێ داهاتن مەبە وادانێ هـەر ئـەو ڕۆ دەژی، نەوەك دوێنێی بە فەڕو شەڕی خۆی تێپەڕی، نەوەك سبەی کە نەبۆتە مێوانی ژین.

تەنیا ئەو ڕۆژە ڕۆژی ژیانتە، کـە پڕشـنگی خـۆری بەسـەرت دا هـەڵاتوەو تـۆی لـە ئـامێزی خـۆی گرتـوە، کـەوابو تەمـەنت تـەنیا ڕۆژێکـە، دەسـا هـەر بـۆ ئـەوڕۆ بـژی، هەروەك بڵێی لەو ڕۆژەدا چاوت بە دنیا هەڵێناو هەر لـەو ڕۆژەشـدا سـەر دەنێیـەوەو دەمری، با ماوەی ئەو ڕۆژە خلیسك بە ژیانت نەباو وریا بە نەبیە قوربانی لە نێوان بەرداشـی بـیر کەوتنـەوەو خـەمو پەسـتی ڕابـردوداو لـە نێـوان بەرداشـی پێـشبینیو حەپەسانو پەلکێشانی داهاتو

---

١٦) دوبارە خواردنەوەی خۆراکی ناو هەناوە، زۆرێك لە ئاژەڵان خواردنی ناو گەدەیان یان دوبارە دەخۆنەوە لەکاتی پاڵکەوتن و حەسانەوەیاندا، دیارە ئەو جۆرە خواردنەش خواردنێکی بەدرۆیە.

هەر بۆ ئەورۆ جەختو هەولّو داهێنانت کردو کۆشو ڕەنجی شانت بخەرە گەڕ.

جا هەر ئەو ڕۆ ڕو لە ڕوگەو ملکەچانەو بە ترسەوە نوێژ ئەنجام دەو قورئان بە تێفکرینەوە بخوێنە، هۆشو ژیریت لە موتالاّو خوێندنەوەدا بەکاربێنە، جوانکاریێ لە کردارو لە ڕەفتارو لە ڕوکارت دا بەدی بێنە، ئەو بەشەی خوا پێی داوی ڕەزامەندی لێ بنوینە کەلّکو سودت هەم بە خۆتو هەم بە خەلّکیش بگەیێنە. دەشێ لەم ڕۆژەدا ساتەکانی بەر فراوان کەی، هەر خولەکێ بکەی بە ساڵێ، هەر چرکەیێ بکەی بە مانگێ، تۆوی چاکەی تێدا بچێنێ، هەڵسو کەوتی جوان بڕوێنی، فرمێسکی پەشیمانی هەڵوەڕێنێ، پەروەردیارت[17] بە دەم یادەوە بدوێنی، تۆێشوی کۆچی یەکجارەکی بەرهەم بێنی.

خەمان لە دڵ هەڵوەڕێنی، ئاسودەیی‌و دڵ نەوایی بۆ خۆت بێنی، ڕەزامەندی لە ئاستی بژێوی ژیانت، ماڵو منداڵو خێزانت، پلەو پایەو گوزەرانت دا، بنوێنی، ﴿...فَخُذْ مَآ ءَاتَيْتُكَ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ .... چم پێداوی، وەری بگرەو لە شوکرانە بژێران بە ﴿١٤٤﴾ الأعراف﴾. ئەو ڕۆژە بە بێ خەمو خەمینی، بە بێ ڕقو کینەیی، بە بێ گرژیو چاوتێبڕی دەگوزەرێنی جا پێویستە لەسەر تابڵوی دڵت تاکە ڕستەیەك بنوسی، بیکەیە ملوانکەی پەڕتوك خانەکەت‌و هەڵی واسی بڵێی (هەر ئەو ڕۆژەی ئێستات ڕۆژە... کەوابو ئەگەر ئەمڕۆ نانێکی گەرمو نەرمت لە خوان بێ، لە داخی نانە وشکەی دوێنێو لە چاوڕاوی نانی سبەینێ بۆچی گیانت هەراسان بێ.

ئەگەر ئەمڕۆ ئاوێکی شیرنو سازگار نۆشکەی، بۆ دەبێ لە ئاهی ئاوە سوێرو تاڵەکەی دوێنێ خەمان لە خۆ بارکەی، یا لە پێناو ئاوی گەرمو زەلکاوی سبەینێ هات‌و هاوارکەی.

ئەگەر تۆ بە هەستو ویستی پۆڵایینەوە هەوەس‌و هەواو ئارەزوت توند بگری دەتوانی بیرۆکەی (هەر ئەمڕۆ دەژیم... وەك ئەڵقەیەك لە گوێ بگری، هەموچرکەیێ دەستەبەرکەی، بنچینەی کەسایەتیت توندو تۆڵ کەی، زیاتر خۆت بەهرەوەرکەی، کردارو ڕەفتارت پاڵاوتەکەی، ئەوسا دەڵێی: لەمەولا تەنیا بۆ ئەورۆ

---

١٧) پەروەردگارت.

وتەکانم بژار دەکەم، قسەی پڕوپـوچ و وڕێنـان ناکـەم، پاشمنـدە باسـی کـەس ناکـەم و، جوێن نادەم،

تەنیا بۆ ئەو ڕۆ ئـەژیـم، نـاو مـاڵو پـەڕتوك خانـەم ڕێـك ئەخـەم، نـە گرژیـەو نـە پەڕشی[۱۸] بەڵکو ڕێکی و لێك و پێکی.

تەنیا بۆ ئـەوڕۆ دەژیـم، بایـەخ دەدەم بـە خـاوێنی و بـە ڕوکـارم، بـە ڕوخـسارم، بـە لفت و لێوو گوفتارم، بە ڕۆیین و جولّەو کارم.

هـەر بـۆ ئـەوڕۆ دەژیـم، لـە گـوێ ڕایـەڵی پـەروەردگارم و بـەجێ هێنـانی فـەرمانی درێخـی ناکـەم، لـە شـوێن پـێ هـەڵگرتنی پـەیام بـەرم کۆشـش دەکـەم، وا بەسـتەی خوێنـدنی قورئـان دەبم، لـە تـوێژینـەوەی پـەڕتوك و موتـاڵای کتـێبی بەسـودو لەبەرکردنی وتەی نەستەق سڕی ناکەم.

هەر بۆ ئەوڕۆ دەژیم، بۆیە کاری پەسند لە نێو دڵمدا دەڕوێنم

درك و داڵێ خراپە کاری، لەخۆ پێ زۆری و بەزلزانی

ڕوپامایی و چاوتێبڕی[۱۹]، گومان خراپی و ڕقە بەری، بە ڕیشاڵەوە دەردێنم. هەر بۆ ئەوڕۆ دەژیم

بۆ خەڵکی دەبمە داری بە بەر لە هەڵوێستو کرداری چاك لـە سـەردانی نـەخۆش و ناشتنی مردو سڵی ناکەم،

شێواوێ ڕاستە ڕێ دەکـەم، برسـی و بـێ نانـێ تێـر دەکـەم کۆست کـەوتوێ[۲۰] ڕزگـار دەکەم، دلگیرێ[۲۱] دڵنەوایی دەکەم ڕێز لە زانایەك دەگرم، سـۆز دەنـوێنم بـۆ گـچکەیێ، گەورەیێ بە گەورە ئەگرم.

من هەر بۆ ئەوڕۆ دەژیم کەواتە ئەی ڕابردوی لە دەست چو تۆش ئاوا بـە هـەروەك ڕۆژت ئاوابو، تازە چی تر فرمێسکت بۆ نابارێنم، یادی ڕۆژە ڕەشـەکانت ناکەمـەوەو

---

۱۸) بڵاوی.

۱۹) چاوچنۆکی حەسودی.

۲۰) خەمبار.

۲۱) خەفەت بار.

تـەنیا چرکەیەکیـشت نـالاوێنم، چـونکە تـۆ ئێمـەت بـەجێ هێـشتو بارگـەو بـارت پێچایەوە نایێیتەوە تا هەتایە.

تۆش ئەی داهاتوی دا نەهاتو هێشتا لە دونیای پەنهانی

من مامەڵە لەگەڵ خەونان ناکەم، خۆم بە خەیاڵ سەرقاڵ ناکەم

پەلە لە دایك بونی نەبوێ ناکەم، چونکە سبەی لە بوندا بونی نیـەو شـەڕو فـەڕی لە ڕو نیە.

ئەی مرۆڤی هۆشیارو ژیر وتەی (هـەر ئـەو ڕۆژەی ئێستات ڕۆژە... لـە فەرهـەنگی بەختەوەریدا جوانترین پەندو ئاموژە، بۆ یـەکێ لـە جـوانترین شـێوەو خـشڵدا ژیـانی گەرەکە.

خـۆت بە داهاتو سـەرقاڵ مەکـە

﴿أَتَىٰٓ أَمۡرُ ٱللَّهِ فَلَا تَسۡتَعۡجِلُوهُۚ ... ئـەوا فـەرمانی خـوا هـــــات پەلـەی مەکـەن.(١) النحل﴾.

پێشبرکێ لەگەڵ ڕوداوان مەکە، خۆناتەوێ کۆرپەی ناوسگ لـەبار چـێ بـەر لـەوەی کاتی دابـێ؟!، یـا میـوەی دارێ هەڵچنی بـەر لـە پـێ گەیـشتنی؟! خـۆ هێـشتا سـبەینێ ڕاستێتی بۆ نیەو جێگای قسەو باس نیـە، تـامو ڕەنـگو بـۆی نیـە، دەی کەوایـە بـۆ خۆی پێ سەرقاڵ کەینو، خـەمانی لـەخۆ بـار کـەین، چارەی خۆمـان ناچـار کـەینو، ژیان لە خۆتارو مار کەین، خۆ نازانین ئاخۆ مەرگ ئەکەوێتە نێوانمان یا بـە خۆشی پێی ئەگەین،؟! هەرچی بێ لێمان نادیارە، هێشتا هەر لە ئاسمانەو نەگەیشتۆتە سەر زەمین، تاوەکو بۆ پێش بینیو دادو بێ دادی پەست بین، لەسەرمانە بەسەر پردێکدا ڕەت نـەبین هـەتاوەکو پـێی نەگـەین،کێ دەزانـێ؟ دەشـێ بـەر لـە پێگەیـشتنی وچـان دەین یا دابڕمێ بەر لەوەی پێی وەسەرخەین، دەش بێ پـێی بگـەینو بـە بـێ زیـان بەسەری داگوزەر کەین.

بێ گومان دیاری کردنی ڕوبەرێکی فراوانتر لە ئاستی بیرو هۆشدا بۆ بیر لە داهاتو کردنەوەو، سەر بەسـەر لاپـەڕەی نهێنیـدا گرتنـەوە، پاشـان خـۆ داخ کـردن بـە پـێش

بینیە شومەکانی، هەم بە پێی یاسای خوا ناپەسندە هـەم نیشانەی ئومێـد گـەلێکی نادیارو بێ سنورن بـە ئایندە، ژیـریش بـە ڕەوای دانانـێ، چونکە زۆرانبـازێ کردنـە لەگەڵ سێبەردا، زۆرێك لە خەڵکان لەمەڕ داهاتودا ڕەش بـینو بـەد بیـنن، وا دەزانـن نانـێ نابـێ لە دەمی خەن پۆشاك نابـێ لەبـەری کـەن نـەخۆشو بـێ دەستمایە دەبـن، بەرە بەڵاو پەڕپوت دەبن نازانن ئەوانە وانـەی شـەیتانن لـە قوتابخانـەی ئـەودا دەرخ کراون:

﴿ ٱلشَّيْطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ ۖ وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا ... شەیتان ئێوە لە نەداری دەترسێنێو بۆ خراپە هانو دەدا. خـواش بـەڵێنی لێخۆشبونو خۆشی ژیانو پێدەدا. ﴿٢٦٨﴾ البقرة ﴾.

زۆرن ئەوانەی شیوەن دەگێڕن، پێیان وایە سبەی بە زگی خـاڵی ڕادەبـوێرن، یـا وا ئەزانن دوای ساڵێ تر بە دەردان دەتلێنەوە، یا ماوە بۆ بڕانەوەی جیهـان دادەنێنـەوە، بەڵام ئەوەی مانو بونی خۆی لە دەست نیە گرەو کردنیشی لەسـەر نـەبو ڕەوا نیـە، ئەوەش کە نازانێ چۆنو کەی دەمرێ جێی خۆی نیـە بـە دوای نـەبوێ دا سـەرقاڵو وێڵ بێ کە دەرکی پێ نەکاو خەونو خەیاڵو خێو بێ[٢٢].

داهاتو بەلاوە نێ لە بیرت دا هەتانێ، باسو خواسی قـەت مەپرسـە، لـە هەڕەشـەو گوڕەشەو لەسەر ڕوکشانی مەترسە، چونکە تۆ بەو ڕۆوە سەرگەرمی.

جگـە لەورۆ سەرقـاڵ بونت دارمانو هێنانی هەرەسـە

تەماشاکەن چەندە جێگای سەرسوڕمانو تێڕامانە، ئەوانە چەند سەیرو سەمەرەن کە دەستاو دەست خەمان دەکڕن، هەتا دەکرێ لە کۆڵێ خۆیانی بار دەکەن.

تاوەکو ژیانی ئایندەیان پەرتو پێوار کەن، لە ڕۆژێ ئـەو قـەرزە هەڵـدێ هـەر خـوا دەزانێ کەی خۆری هەڵدێ دەی کەوایە بۆ خۆت وریا بەو مەگۆڕێ بە خەیاڵ پـڵاوان مەدۆڕێ.

---

٢٢) مێردەزمە، شتێکی مەترسی دارە بە خەیاڵ.

((لە ڕەخنـە بەهێـزتر بـە))

گەوجو گێڵو بێ ئابروان بەرامبەر خوای ڕۆزی دەریـان قسە پـوچو دەم شـڕن بـێ ئەمەكو سپڵەنو نان خۆری ناندێن درن، بەرامبەر خوایەك تـاكو تـەنیا یـەو بـەدی هێنـەری ئاسمـانو ڕێـسمانە، مـنو تۆیـەك چاوەڕوانی چـیان لێ بكـەین كـە سـەرتاپا گیانمـان نـوقمی سـتەمو تاوانـە، دڵنیـا بـە بـە تـۆ ڕووبـەڕوی جـەنگێكی وێرانكارانـە دبیەوە، كە نەبڕێتەوە.

بە ڕەخنەو پەلاری تاوانكاری بە چـڕو پـڕی شـاڵاو دێـنن، دەیانـەوێ سـەر لەبـەرت بونیەو كەساتیت لە بناغەوە هەڵتەكێنن بەسەر كۆنەو ڕوی مورچو مۆنەوە هەرچی ئاكـاری بـەرزە لێـت داتـەكێنن،و تـۆ لـە دیـدی ئەوانـدا تاوانبـاری چـونكێ خـاوەنی وێژدانو هەستی، بنیات دەنێیی‌و دەبەخشی، تیشك دەدەیوە دەدرەوشێی ئەوان لە تۆ بێ دەنگ نابن هەتا ژێر كۆڵێ لێ نەدەیوخۆتی تێدا حەشـار نـەدەی، یـا پەیـژەیێ بـە ڕوی ئاسمانـەوە هەڵنەپەسـێری‌و لەبـەر دەستیان ڕانەكـەی، یـا گـەر بتـەوێ لـە ناویـا نابمێنی ئەوا دەبێ هەرچی ناسۆری‌و ئەشكەنجەیە لێیانەوە چاوەڕێ كـەی، لـە داخـان ئەسرین بە خوێن هەڵڕێژێ یا شەو تا بەیانی ئاخو داخان ببێژی.

بزانە كەسی دانیشتو بەرنابێتەوەو تۆڵە لە مردو ناكرێتەوە، دیـارە بـێ هـودە نیـە لە ئاقارتۆدا دوژمن كارن چونكە تۆ بەهۆی ئاكار بەرزی‌و ڕەوشت چاكی بـە زانـستو زانیاری بە زەنگینی‌و ماڵ داری لەوان زۆر باڵاتری.

لە دیدی ئەواندا تاوانباریكی وای ماڤی پەشیمانیت بۆ نیە هەتا دەست بەرداری بەهرە پێ بەخشراوەكانی خوا نەبیتو خۆت لە هەرچی ئاكارو ڕەفتاری بێ وێنەیە دانەڕنیتو كەسێكی نەدان‌و كەودەن‌و بێ دەستمایەو داڕماو داهێزراوت لێ دەرچێت، دڵنیا بە هەر ئەوەیان لێت دەوێت؟

دەسا داسەپاوو خۆڕاگر بـە، سـەبارەت بـە هەڵپـە گـۆیی‌و دەم دڕاوی، تـیرو تـوانجو ڕەخنەی وەرە ڕوخێن مەڕوخێ وەك چیای (احد... بەو مەهـەژێ، وەك تاشـە بـەردان بـەو مـەپوكێ، كاتـێ دەنكـە تـەرزەی پێـوە دەشـكێن‌و كـار لـە بـون‌و مـانی ناكـاو دەیسەلێنێ پشت قایم‌و خۆڕاگرە.

ئەگـەر تـۆ گـوێ قـوڵاغی وتـەی وان بـی‌و وره ڕوخـاو هەراسـان بـی ئـەوا خـەونی لەمێژینـەیان دێنیـە دی‌و بـۆ تـاڵکردنی ژیانـت‌و لێڵـی تەمـەنت دەسـتباریان لەگـەڵ دەگری.

وریا بە چاوپۆشیان لێ بنوێنەو پشت یان تێکـەو مەیاندوێنـەو خـۆت بـە داوی وان مەخنکێنە. بێگومان ڕەخنەو وتەی کرچ‌و کاڵیان خۆی لە خۆی دا بەڵگـەو نیـشانەی سەنگ‌و ڕێزی تۆن لە پای وان.[٢٣]؟

تۆ ناتوانی قوڕیان لە دەم بپەستی‌و زمانیان لە گۆ ببەستی بەڵام دەکـرێ هەسـت‌و ویستیان لە گۆڕ خـەی، هـەوڵی نـەزۆکیـان لـە پـێ خـەی، وتـەی بـێ جێیـان پـشت گـوێ خەی: ﴿ ..قُلْ مُوتُواْ بِغَيْظِكُمْ ... بێژە: دەك لە ڕكان بمـرن. ﴿١١٩﴾ آل عمران ﴾.

بـەڵکو دەکـرێ بـە ئاکـارو شـاکاری جـوان، بـە ڕاسـت کردنـەوەی هەڵـەکان تـاڵایی مەرگیان پێ چێژکەی.

گەر بتـەوێ لای گـشت کەسـێ خۆشەویـست بـی ئێسك سـوك‌و بـێ لەکـە بـی دیـارە خەیاڵ پڵاوان دەکەی بە دوای کڵاوی بابردودا ڕادەکەی.

(چـاوەڕێی سـوپاسـی کـەس مەکـە)

خوای بەخشندەو دلۆڤان بەندەکانی تەنیا بۆ ئەوە فەراهەم هێناوە وە یادی خـەن، ڕۆزی داون بـۆ ئـەوەی سوپاسـی کـەن، کەچـی بەنـدە گـەڵ بـۆ جگـە لـەو ڕوی بەندایـەتیان دادەخـەن، بـۆ جگـە لـەو سـەری نـەوازش شـۆڕ دەکـەن، چـونکە ڕەوشـی دەرونی سەرکەش وایە لاسارو سەرپێچی کارە سپڵەیی‌و بێ ئەمەکی بەسەردا زاڵە.

کەواتە تۆش هێدمە مەگرە گەر دەبینی ئەو کەسانە بەهرەکانت دەشارنەوە، چاکە کاریـت دەسـوتێنن، مەردایـەتیت دەڕەوێـنن، لـەوەش زیـاتر جـاری وایـە سـەنگەری دوژمنایـەتیت لێ دەگـرن بـە گەلـە کـۆیی بـە ڕق‌و کینـەی خـۆ خـۆیی بـەردەبارانت دەکەن، تەنیاو تەنیا لەبەرئەوەی کارامەییت وەدی دەکەن:

---

٢٣) لەبەرامبەر ئەوان.

﴿ ..وَمَا نَقَمُوٓاْ إِلَّآ أَنۡ أَغۡنَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ مِن فَضۡلِهِۦٓ ... هەر بۆبەش ڕکیان بۆتەوە کە خوداو پێغەمبەری خوا بەو چاکەی دەگەڵی کردون، ناگوزوری بۆ نەهیشتون. (٧٤) التوبة ﴾.

دەی تۆش دڵی خۆت بەوە بدەوە، سەر بوردەی بێ وەفایی لە تۆمارگەی ئەو جیهانە جەنجاڵەدا بخوێنەوە.

لە یەکێ لە لاپەڕەکانی سەربوردەی کوڕو باوکێك سەرنجت ڕادەکێشێ باوکە هەر لەو ساتەی کوڕەی چاوی بە دنیا هەڵدێنێ، چاوی سۆزو میهرەبانی تێ دەبڕێ هەنگاو بە هەنگاو لە هەرچی قۆناغی ژیانێتی دەستی دەگرێ، تێر نان دەکرێ، تێر ئاو دەکرێ، زۆر بە جوانی پۆشتە دەکرێ، بەڵەد دەکرێ، وتەی جوانی لە گوێ دەخرێ، تا پێی دەکرێ، شەو بێدارە تابخەوێ، برسیە تا ئەو تەسەل بێ، ماندوە تا بسرەوێ، بەڵام لەو ساتەی کوڕە تاقی لاوێتی هەڵات، لە دژی باوکی وەکو سەگی هاری لێهات، کەوتە گیانی لە پای وەڵامی چاکەکانی، هەتا توانی، بە سوك و چرووکی زانی، بو بە کوڕێکی سەرکەش و دڵ ڕەق و بێ مروەت و بە هەنجەت و بە نەگبەت.

دەبا هێور بن ئەوانەی لاپەڕەی چاکەکانیان بە دەستی ویست ڕوخاو سروشت وا ژیان[٢٤] سوتێنراوە، با گوشاد بن بەو پاداشتەی وەری دەگرن لەو خوایەی هەمو نازو فەڕێ لە گەنجینەی بێ سنوری ئەودا سەرچاوە دەگرێ.

ئەو گوتارە گەرم و گوڕە لەمەڕ ئەوە نیە تۆ لە کردەوەی چاك وازبێنی، یا هەڵوێستی جوان لە ئاستی خەڵکدا نەنوێنی، بەڵکو بۆ ئەوەیە دڵنیا بی کە هەمیشە لەو دژەکاریەت چاو لە ڕێ بی تا تۆوی چاکە بچێنی و هەڵوێستی جوان بنوێنی، وە لێ نائومێدی نەت گرێ لەبەرئەوەی خەڵکی ناحەز لێت دەخوێنێ.[٢٥]

لە پێناوی خوا ڕەفتاری باشە ئەنجام دە، هەر تۆ گرەوی خۆت دەبەیتەوە، نە نکوڵی و سەرپێچی وان، نە بە کەم زانی و ئێرەییان کار لە بەرەو پێش چونت ناکەن، سوپاس گوزاری خوا بە چونکێ تۆ چاکە ویست و ئەوان شەڕ ویستن، تۆ بالا دەستی[٢٦] و ئەوان تەنك دەستن[٢٧].

---

٢٤) ئاوەژو.

٢٥) بەڵام.

[٢٦] هەر بویی و بێ کرایی.

﴿إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا ...ئێمـه -هـەر لـه راهـی خـودا- ئـەم خۆراکەتان دەدەینێ، نە پاداشتێکمان لە ئێوە دەوێ نە شوکرانەش. (٩) الإنسان﴾.

زۆرێ لە هۆشمەندو ژیران لە داخی بێ ئەمەکو ڕەخنـەگیران کـپو کڵۆڵ دامـاون، هـەروەکو بڵێی گوێ بیـستی نیگـای خـوای بـاڵا دەسـت نـەبون، کاتـێ لـە بـارەی لـوت بەرزیو خۆ پێ زۆریو سپڵەیی ئەوانەوە هۆشـداری داوە، هەسـتو ناخیـان بـەدەر ڕا وەرکـــــراوە ﴿...مَرَّ كَأَن لَّمْ يَدْعُنَآ إِلَىٰ ضُرٍّ مَّسَّهُۥ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْمُسْرِفِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ... وەها دەڕوا هەروەک هیچ لەبـەرمان نەپاڕابێتـەوە، بـۆ بـەڵایێک توشـی بوە! ئا بەم جۆرە کردەوەمان بۆ ئەوانەی هەڵە ڕۆن، ڕازاندۆتەوە. (١٢) یونس﴾.

سام گرتومە بە کاتێ قەڵەمێکت بۆ کەودەنێ کردە دیاری دژی تۆی پێ بنوسـێ بـە نالەباری، یا گۆپاڵێ بدەیتە گێلو لاساری بۆ ئەوەی خـۆی پێـوە بگـرێو مـەڕو مـاڵاتی پێ بلەوەڕێنێ لە پاداشی ئەوە پێتدا بکێشێو سەرو گوێلاکـت بـشکێنێ، مـەردومێکی بێ ئەمەک هەر ئەوەی پێ ڕاستو ڕەوایە کە لە نێو کفنی سپڵە کاری دا خۆی مۆمیـا کردوەو لە فەرمانی خوای کار لە جێ خۆی بواردوە، دەبێ بۆ منو تۆ چۆن بێ؟!.

(چاکە شادی بەخشی دڵانە)

چـاکە کـاریو ئاکـار جـوانی جـوامێریو سـینە فراوانـی نـاوو ناوەڕوکیـان یـەکن، سودمەندترین کەس ئەوانەن هەڵگری ئەو ڕەوشتانەن، سینەو ناخیان شـێوەی باخـە بـەروبومی لێ هەڵدەچـنن، وێنـەی نزارگـەو سـەهەندن هەسـتو ڕۆحیـان لـە ژێـر سێبەریدا ئۆقرە دەگرن.

کاتـێ خـەمێ دەورەی گرتـی، یـا بـەڵایێ یەخـەی گرتـی، لـە ڕاسـت کەسـێکدا هەڵوێستێکی جوان بنوێنە، یا یەکێ بە ڕوی خۆشەوە بدوێنە، هەست دەکـەی دەروی خێرت لە ڕودا دەکرێتەوەو شادیێ بە دڵت دا وەردەبێتەوە.

---

٢٧) هەژار و بێ دەستمایە.

دەستی کۆمەکی بۆ یەکێ درێژ کە، بریندارێ سارێژ کە، کۆست کەوتوێ ڕزگار کە، برسیو بێ نانێ تێر کە، نەخۆشێ دڵخۆش کە دەستبارلە لەگەڵ یەکێ بگرە،[٢٨] هەست دەکەی چەند بەختەوەری گیانت نوقمی شادیە سەرلەبەری[٢٩].

بێ گومان کردەی باشە، هەروەکو بۆنی خۆشە، هەم کڕیارو فرۆشیار لێی سودمەندە هەم ئەوەی خۆشی خاوەندە، جا ڕاهاتنە دەرونیەکان لەسەر چاکە، داودەرمانێکی پیرۆزن بەکار دەبرێن لە دەرمانخانەی دڵ بێداراندا دابەش دەکرێن.

پەخش کردنی بزەو خەندەی درەوشاوە لە ڕوی کەم دەرامەتانی ڕەوشتدا چاکەیەکی نەبڕاوەیە لە جیهانی ڕەوشتدا "ولو ان تلقى اخاك بوجه طليق... ئەگەر چی بە ڕوی گەشەوە ڕوبەڕوی براکەت ببیتەوە".

کەچی ڕوگرژی شەڕێکی نەپساوەیە لە ئاستی خەڵکانی تردا کە هەر خوا دەزانێ مەودای ئەو شەڕە چەندە.

تەماشا! تەنیا قومە ئاوێ بە دەستی داوێن پیسێ بۆ دەمی سەگێکی دڕندە، بوە هۆی مسۆگەر کردنی بەهەشتێکی پانو پۆڕ لە ئایندە، چونکە خاوەنی ئەو پاداشتە خوایەکی لێ بوردەیەو سوپاسندە، جوانەو جوانیشی لاپەسندە، ستایش کراوو بێ نیازو دەوڵەمەندە.

ئەی ئەوانەی لە دەست دێوەزمەی بەدبەختیو ترسو لەرزو کڵۆڵی دا حەپەساون وەرن بۆ گوڵشەنی چاکەکاری، خۆتان بە کەسانی ترەوە سەرقاڵ کەن، بە بەخشینو مێوان داری، بە دڵ نەوایيو خزمەتگوزاری، ئەوسا دەچێژن تامو ڕەنگو بۆی بەختیاری، ﴿وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُۥ مِن نِّعْمَةٍ تُجْزَىٰٓ ﴿١٩﴾ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ رَبِّهِ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٢٠﴾ وَلَسَوْفَ يَرْضَىٰ ﴿٢١﴾ الليل﴾.

بۆیەش بە کەسی نەبەخشی کە پاداشتی بدرێتەوە، هەر ویستویە ڕەزامەندی پەروەرندەی هەرە بەرزی بە دەس بێنێ، بەم زوانەش ڕازی دەبێ.

---

٢٨) یارمەتی یەکێ بدە.

٢٩) هەرهەموی.

بەئە نجام دانی کارێ لە بێکاری دەسـت هەڵگرە

ئەوانەی لە ژیاندا کات بە تاڵو بێ کارن، هەر ئەوانن بـە بـلاو کردنـەوەی هـەواڵی نا دروستو پڕوپاگەندە سـەرقاڵن، چونکە زەیـن پـڕش‌و پـەرتو بـلاون ﴿رَضُواْ بِأَن يَكُونُواْ مَعَ ٱلْخَوَالِفِ ... بەوە ڕازی بون لەگەڵ بەجێ ماوەکان بن.. ﴿٨٧﴾﴿٩٣﴾ التوبة﴾.

ترسناك ترین حاڵەت کە بەسەر بیرو هۆش بێ، ئەو ڕۆژەیە پیـاو بـێ کـردو کـۆش بێ، ئەوسا وەکو ئەو ئۆتۆمبێڵەی لێدێ بە تووندو تیژی بە بێ شوفێر سەرەو لێژ بـێ جارە بە لای چەپو جارە بە لای ڕاستدا لا شۆڕ بێ.

هەر ڕۆژێ لە ژیانتدا بەتاڵ بێ، دەبـێ ئـەو ڕۆژەت لێ تفـتو تـاڵ بـێ، چونکە ئـەو بەتاڵیـە بـەرەو هەرچـی دەردەسـەری‌و کولەمـەرگی ڕابـردو ئێـستاو داهـاتوە، پـەلت دەگـرێ، ئامۆژگـاریم بـۆ خـۆم‌و بـۆ تـۆش ئەوەیـە خـۆت بـە کـرداری بەرهـەم دارەوە سـەرقاڵ کـەی لـە جیـاتی ئـەو خاوەلیـچکەییە[٣٠] کوشـندەی، ئـەگینا چـاڵێ بـۆ خـۆ لێ دەدەی بە ئەسپایی خۆی تێ دەخەی یا وەك ئـەوە وایـە بـە دەنکـە دەرمـانێکی هێـور کەرەوە خۆت لەناوببەی.

کات بەتاڵی بەو سزایە خاوە خاوە[٣١] دەچێ کە لە بەندیخانەکانی وڵاتی چـین پیـادە دەکرێ بەو شێوە بەند کراوەکە لە ژێر بۆڕیە ئاوێ دادەنـێن لەهـەر خولـەکێ دڵۆپـێ ئاو دێتە خوارێ، لە ئەنجامی چاوەڕوانی ئـەو دڵۆپانـە بەندیخانـەی لێ دەبێتـە شـێت خانە.

سەرەوتن بێ ئاگاییە، بەتاڵی دزێکی پیشە گەرە، هەستو ژیری تۆش نێـچیرێکی بـێ ئەمانە لە دەست ئەو جەنگە خەیاڵیانە، کەواتە دەی هەستە ڕابە نوێژ بـەجێ بێنـە، یـا قورئـان بخوێنـە، یـا پاکانـەی خـوا بنوێنـە، یـا بنوسـە، یـا پـەرتوکێ وەخوێنـە، یـا پـەرتوك خانەکـەت وەڕازێنـە، یـا نـاو ماڵەکـەت بلوێنـە، یـا سـود بـە جگـە لـە خـۆت بگەیێنە، تا بەسەر بەتاڵیدا زاڵ دەبی، بۆ خوا ئامۆژگاریت دەکەم گوێت لێم بی.

---

٣٠) شلو خاوی.

٣١) ئارام ئارام/وردە وردە.

کات بەتاڵی بـە چـەقۆی کـار سـەربـڕە، تەنانـەت لـە پێنـاو ئـەو هـەنگاو نانـەو زات کردنەتدا سەرلەبەری پزیشکانی جیهان دەستەبەری سەدا پەنجای ٥٠٪ بەختـەوەریت بۆ دەکەن، ڕامێنە لە جوتیارانو نانەواچیانو بناسازان، سەر لە بەیانیان چۆن بەرەو کاریـان دەڕۆنو وەك چـۆلەکەو پاسـاریان دەچـریکێنن هەرچـی خـەمو خەفەتـە بـە ئیش کردنێی دەڕەوێنن تۆش لە ژێر پێخەفەکەتدا ماتو خامۆشی ئەسرین دەسڕیو ماران گەزیوی تاڵایی بێ کاری دەنۆشی.

(ڕەگـەڵکـەوتە مەبـە)

بـە پۆشـتەی کەسـایەتی کەسـێکی تـر خـۆت مەپۆشـەو لـە کەسیـشدا نەتوێیتـەوە. چونکە دەبێتە هۆی سزایەك بەسەرت دا نەبڕێتەوە، زۆرن ئەوانەی خۆیانو ڕەنـگو ڕویـان بـەهرەو وتـەو جوڵـەو خویـان پـشت گـوێ دەخـەن دەیانـەوێ لـە کەسـایەتی کەسانی تردا خۆ بزر کەن، ئینجا دەبێ بڵێین داخـی گـرانم بـۆ قـەوارەو خۆشـیەکان خۆ لەبار چونو پەت کرانو سوتێنران.

لە ئادەمەوە تا دواین بەدی هێنراو دو مرۆڤ لە یەك وێنەدا هاوشان نین، ئەی چۆن لە بەهرەو ڕەوشتو خودا یەك بن.

تۆ کەسێکی وێنەت نەبوە لە مێژودا نایەتـە بـونیش لەمـەو دوا تـۆ تـەواو جیـای لەگەڵ ئەمو ئەودا لـە شـێوەی کەسـدا مەڕەخسێ خـۆت مەخـە قـەرەی چـاولێکەری کوڕانەو با ڕەنگو ڕوت بە کەس نەچێ.

بۆ خۆت چـۆنی ئـا بـەو شـێوە دەرکـەوە ﴿ ...قَدْ عَـلِمَ كُـلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُـمْ ... هـەر تیرەیەك جێی وەخواردنی خۆی زانی. ﴿٦٠﴾ البقرة ﴾ .

﴿ وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ ... هـەر لایـە شـوێنێکیان هەیـە ڕوی تێدەکەن، دەسا ئێوە بۆ چاکە کێبەرکێ بکەن. ﴿١٤٨﴾ البقرة ﴾.

چۆن ڕەخساوی ئاوێ بژیێ، دەنگت چۆنە ئـاوا بـدوێ چۆن چێنراوی ئـاوا بـڕوێ، پێچەوانەی سروشتی ڕۆینیت مـەگوزەرێ، دەرونـت بـەوەحی خـوا پاڵاوتـە کـە، بـەڵام بونت هەڵمەوەشێنەو سەر بە خۆییت بێ سەر مەکە.

تۆ خاوەنی چێژێکی تایبەتو ڕەنگێکی تایبـەتی، تۆمـان بـەو ڕەنـگو ڕووەوە دەوێ، چونکە بەو شێوە دروست کراوی، لە ناو ئێمەشـدا هـەروا ناسـراوی "بـا هـیچ کـام لـە ئێوە کەسێکی ڕەگەڵ کەوتە نەبێ".

خـەڵك لـە سروشـتو شـێوەیاندا بـە جیهـانی درەخـت دەچـن، هەنـدێ شـیرینو هەندێکیان تـرشن، هەندێ درێژو هەندێکیان کورتن، دەی ئێوەش هەر بەو شێوە بن.

ئەگـەر تـۆ تـامو بـۆت وەك داری مـۆز بـێ هـەوڵ مـەدە وەك داری بـەهێت لێ بـێ، چونکە جوانیو نـرخی تۆ لەوە دایە شێوەت وەك داری مۆز بێ.

لە ڕاستیدا لێك جیایی ڕەنـگو زمانمـان بـەهرەو توانـاو دەسـەڵاتمان، یـەکێکن لـە نیـشانەو بەڵگـەی کـار لـە جێـی پـەروەردیارمان، دەی تـۆش سەرپێـچی ئـەو بەڵگـەو نیشانانە نەکەی.

قـەزاو قـەدەر

﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَآ ... هەر بەڵایێك ڕوودەدا لەم سەرزەمینەو هەر بەڵایێك کە بەسەر خودی خۆتان دێ - بەرلەوەی وەدی بهێنین- لە دەفتەرێك دا نوسراوە. ﴿٢٢﴾ الحديد ﴾.

مەرەکەبی پێنوس وشکەوە بـو، نوسـراوەکە پێـچرایەوەو، بڕیـاری خـوا جێبـەجێ بـو، بـەڕێوە چـو ﴿ قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا ... بێژگـە ئـەوەی خـوادا بۆی نوسیبین توشمان نایە. ﴿٥١﴾ التوبة ﴾.

هەر بەڵایێ بۆ تۆ بـێ بەسەرت دا ڕەت نابێ، ئەوەی کە بۆ تۆش نـەبێ ڕادەبـوڕێو هەرنابێ.

ئەگەر ئەو باوەڕە لە ناخدا ڕواو لە دڵدا جێی خۆی کردەوە، بەڵێ دەبن بە خەڵات، ناخۆشی دەبێتە شادی، کارەساتو ژین ژاری[٣٢] دەبێتە بەخشش‌و دیاری، (ومن یرد الله به خیـرا یصب منه... هەریەکێ خوا بیەوێ چاکەی لەگەڵ دا بکا بەربەڵای دەکا.

با نیگەرانی نـەت گـرێ بـەهۆی نـەخۆش کـەوتنێ، یـا کەسـێکت لێ دەمـرێ، یـا کـە هـەژاریت دێتـە ڕێ، یـا خانوەکـەت گـڕ دەگـرێ، چـونکە خـوای کردگـار چارەنوسـی کـردوەو، بڕیـاری جێبـەجێ بـوەو، مـەردوم هـەڵی بـژاردوەو، خـوا دەسـت نیـشانی کردوەو، پاداش مسۆگەر بوەو، ژەنگی تاوانیش لاچوە.

دەسا خۆشی بۆ ئەوانەی لەبەر خەمان چۆکیان دانـەداو، ڕەزای خوایـان وە دەسـت هێنا، ئەو خودایەی دەگرێتەوەو دەبەخشێ، بە ویستی ئەو ژیانمان لێ وێك دێتەوە[٣٣] و بە ویـستی ئـەو دەروی خێـر والاّ دەکـرێ، ﴿ لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ ... چی ئـەو بیکـا ناشێ پرسیاری لێ بکرێو ئەوانن کە بەرپرسیارن. ﴿٢٣﴾ الأنبيـاء ﴾.

پەیـەکانت ئـارام نـابن[٣٤]، خورپـەی دڵـت داناحـەجمێ، خوتوکـەی دەرونیـت ئـۆقرە ناگرێ تاوەکو باوەڕت بە (قەزاو قەدەر) دانەسەپێ، ئەوەی بەسەرت دێ قەڵـەمی لـێ هەڵگیراوە، وشـك بۆتـەوە ئـەوەی نوسـراوە، کەواتـە گیانـت ئاوێتـەی خـەم نەکـەی، وا مەزەنـدە نەکـەی ئەوەنـدەت لـەبار دابـێ دیـواری ڕابگـری خـەریك بـێ نـسکۆ بـێنێ، یانەیەڵی ئاو لە شوێنی خۆی هەڵڕژێ، یالێنەگەڕێی با هـەڵگا، یـا شوشـە بەربێتـەوەو نەتەوێ بشکێ، بێ دەستی منو تۆ دەبـێ ئەوانـە بێنـە دی، ئـا بـەو شـێوە چارەنوسـی خوا هەردەبێو بڕیاری ئەو هەر دێتە جێو نوسراوی ئـەو پیـادە دەکـرێ ﴿ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ... کێ بڕوای پێدەکا، بیکاو کێش بڕوا ناکا هەر نەیکا. ﴿٢٩﴾ الكهف ﴾ .

ملت کەج کـە بـۆ قـەدەر، بـەر لـەوەی بـە لەشـکری تـوڕەیی‌و دەسـتەو یەخـەو بـە هاتو هاوار گەمارۆ بدرێی دان بنێ بە بڕیاری خوا بەرلەوەی بە شەپۆڵی پەشـیمانی

---

٣٢) ژیانی تاڵ و ناخۆش.

٣٣) تەنگ دەبێتەوە.

٣٤) دەماری هەست.

لول بدرێی، کەواتە با دڵت بسرەوێ ئەگەر هۆکارەکانت بە دەست هێناو، وزەو توانات خستە گەڕ، دوای ئـەوە دەردو بـەڵات هاتـە سـەر، چـونکە دەبوایـە هـەر بێتـە ئـاراوە ئەوەی خوا بڕیاری داوە، وا مـەڵێ: "لو أني فعلت كذا لكان كذا، ولكـن قـل: قَـدَّر الله وما شاء فعل... ئەگەر ئـاوام بکردایـە وا دەبـو، بـەڵام بێـژە: خـوای هێنـا بـوی ئـەوەی حەزیش بکا دەی کا.

(دڵنیـابە نـاخۆشـی خۆشـی لە دوایە)

ئەی مرۆڤی دەستە پاچە، لە ژین هیوا بڕ مەبە، دوای برسی نونێ تێریە، دوای تێنوێتی تێر ئاویە، دوای خەو زڕان خەو خۆشیە، دوای نەساخی لەش ساخیە، ڕۆژێ دێ ون بو کە بگاتەوەو، بێ سەرو شوێن خودا بەرەو ڕێی کاتەوەو، بێوڵەت[٣٥] دەروی لـێ ببێتەوەو، تاریکایی بڕەوێتەوە ﴿ ... فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِيَ بِٱلْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِۦ ... هیچ دور نیە خودا ڕۆژێ سەرتان بخا، یاخۆ کارێکی تر بکا.﴿٥٢﴾ المائدة ﴾.

موژدە[٣٦] بۆ شەو بەرەو نەق دانی بەرەبەیان کە یاوە یاوە[٣٧] بەسەر لوتکە چیاکاندا هەڵدەگەڕێو بە کونجی دۆڵاییەکاندا شۆڕ دەبێتـەوەو تـاریکی ڕاو دەنـێ، مـوژدە[٣٨] بـۆ کەساسو ڕەنگ هەڵبزرکاوان بە ئاوڕ لێ دانەوەیەکی پەنهانی خودایـیو بە دەست بەر داری لە خراپەو مالّ ئاوایی لـێ کردنی.

ئەگەر بینیت بیابان دەکشێو دەکشێ[٣٩] بزانە بەرو باخی سـەوزو سێبەر پـڕی لـە دواوە دێ.

ئەگەر پەتێکت بینی جار لە دوای جار توند دەبو، دڵنیا بە ئەو پەتە لە ئەنجامـدا دەپچڕێ.

بزانە دوای ئەسرین سڕین خەندە وەرینە لە دوای ترسو بیم دڵ سرەوینە[٤٠].

---

٣٥) هەژار/نابوت/بەدبەخت.

٣٦) موژدە لێرەدا بە واتای هەڕمشەیە.

٣٧) وردە وردە/ئارام ئارام.

٣٨) موژدە بە مانای هەواڵ پێدانی خۆشە لێرەدا.

٣٩) دور دەکەوێتەوە.

ئیبراهیم پێغەمبەری دۆستی خوا بە گڕی ئاگر نەسوتا، چونکە دەرگای چاودێری پەروەردگاری لێ والا کرا بەو فەرمانە ﴿... وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ ... ئاگر! دەبێ ساردو بێ زیان بی بۆ ئیبراهیم. ﴿٦٩﴾ الأنبياء﴾.

دەریا پێغەمبەر موسای ئاخافتەر لەگەڵ[٤١] خوای بەخشندەی نغرۆ[٤٢] نەکرد چونکە ڕاستگۆیانە بە گوڕ دەنگی بەو دروشمەوە هەڵدەبڕێ ﴿...كَلَّآۖ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهۡدِينِ ... نابێ بترسن چون پەروەردەم دەگەڵەو بەم زوانە دەرویکم لێ دەکاتەوە. ﴿٦٢﴾ الشعراء﴾.

پێغەمبەری بێ هەڵەو پەڵە (ﷺ... لە ناو ئەشکەوتدا لە دژوارترین حاڵەتدا، موژدەی لاگری[٤٣] خوای تاقانەی بە یاوەرەکەیدا، جا ئارامیو ڕزگاریو هەدایی[٤٤] ڕژابە سەریاندا.

ئەوانەی بەندەو کۆیلەی ئێستایانن، دەسخەڕۆی ژێر چەپۆکی ڕۆژە ڕەشەکانیانن، تەنگو تروسکو کورت دەڕوانن، مەودای بینایی چاویان تا دیواری ژورێیانەو، تەنیا تا بەر دەرویانە[٤٥].

دەبا پەردەی بەر ڕویان لادەنو دور بڕوانن، با جڵەوی هۆشو ژیریان شل کەنو بەرەو ئەودیوی شورەو دیوارەکانیان بەری هەڵدەن.

کەواتە کتو مت دامەمێنە، چونکە ناشێ لە ڕەوشێ[٤٦] بارو دۆخەکە بوەستێ، چاترین نواندنی بەندایەتیش ئەوەیە چاوت لە لێبونەوەی دەروی خێر بێ، ڕۆژانی ژین دەستاو دەستیان پێ دەکرێو، ڕۆژگار هەر دەمە بە ڕوخساری خۆی دەڕەنگێنێ، شەوگار بە ڕوداو گەلێکی نادیارەوە خۆی دەئاوسێنێ[٤٧]، ئەوەی نادیاریشە بە پەردەی

---

٤٠) ئارام گرتنە.

٤٢) نقوم.

٤٣) دەرگەیانە.

٤٤) ئاسودەیی.

٤٥) لایەنگری.

٤٦) لە حاڵەتێکدا.

٤٧) لە ناوەخۆ دەگرێ.

نهـێنی (غیـب) داپۆشـراوەو، خـوای کـار لـه جـێش هەموسـاتێ لـه کاردایـەو، ئاسـۆی ئومێـدانیش ڕۆنـه، بـەڵکو خـودا شـتێکی تـر بـه ئـەنجام بگـەێنێ، دڵنیـا بـه ناخۆشـی خۆشی له دوایه، دەسا دڵنیا بەناخۆشی خۆشی له دوایه.

له لیمـۆی ترش خۆشـاوی شیرین بسازێنه

مـەردمی زیـت و[٤٨] ژیـر دەیـەوێ زەرەر مەنـدی بـەرەو قـازانـج وەرسـوڕێنێ، بـەڵام مـەردمی نـەزانو بـێ هـەڕمێن[٤٩] هـەر مەینـەتیو پەتـەرێك[٥٠] دوچـەندانه دەکاتـەوه. پێغەمبەری خوا ﷺ: لـه شـاری مەکـەوه ڕەهەنـده کـرا[٥١] کەچـی لـه شـاری مەدینـەدا دەوڵەتێکی پێکهێنا گوێچکەی مێژوی کاس کردو چاوی مێژوی زەق کردەوه.

(ئەحمەد)ی کـوڕی (حەنبـەل) زینـدانی کـراو دارکـاری کـرا بـه سـای ئـەوه بـو بـه ڕێبـەری فەرموده، (ئیبنو تەمیمـه) بەنـد کـرا بـەهۆی ئـەوه زانسـتی (فقـه)ی ڕەنێـو هێناو هێنایه بەر، (ئیبن ئەسیر) خانەنشین کرا له پاڵ ئەوه کتێبی (جامع الاصول)و کتـێبی (النهایـة)ی دانـا کـه سـودمەنـترینو نـاودارترین کتـێبن دەربـارەی فـەرموده (ئـیبنو جـەوزی... لـه بەغـدا شـار وەدەر کـرا لـه دوای ئـەوه زانیاریـەکی زۆری کـۆ کردەوه دەربارەی هەر حەوت شێوه خوێندنـەوەی قورئـانی پـیرۆز، بـه هـەمان شـێوه (مـالیکی) کـوڕی (ڕەیـب) دوچـاری تاولـەرزێکی کوشـنده هـات لەگـەڵ ئـەوەدا پارچـه هەڵبەستێکی هۆنیەوەو به گوێچکەی جیهانیـدا چـرپاند کـه بەرامبـەر هەمودیوانـه شـیعری بوێـژانی دەوڵـەتی (عەباسـی) دادەنـرێ، (ئـەبو زوئـەیبی هـوزەلی) مـەرگی کوڕەکانی به چاوی خۆی بینی به کۆپلـه هۆنـراوەیەك لاواندن یەوه که رۆژگـار گـوێی بۆ هەڵخست و[٥٢] جەماوەری سەرسام کردو چەپلـه ڕێزانەی بۆ کرا.

---

٤٨) وریا و توند و تۆڵ.
٤٩) بێ ڕەواج.
٥٠) ناخۆشیەك.
٥١) دەربەدەر کرا.
٥٢) گوێی بۆ گرت.

ئەگەر مەینەتیو کڵوڵی دای پڵۆسی لای ڕۆژهەڵاتەکەی ڕەچاوکە، ئەگەر یەکێ لێوانێکی[٥٣] پڕ لە ئاوی لێموی ترشی پێ دای تۆ مشتێ شەکری تێکە، ئەگەر یەکێ مارێکی بە دیاری بۆ ناردی کەڵك لە پێستەکەی وەرگرەو ئەوەی تریشی فەرامۆش کە، ئەگەر دوپشکێ پێتی وەدا وا بزانە ژەهرەکەی زەرداوی خوێنەو پارێزەرو بەربەستێکە لە دژی ژینو ژاری ژیان.

لە بارودۆخی ناهەموارتدا بڕەخسێ، بۆ ئەوەی گوڵو گوڵزارو یاسەمینت لە گوڵشەندا وەبەر بێ ﴿...وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ ... ڕەنگە لە شتێك حەز نەکەن بەڵام بۆتان وە خێر گەڕێ. ﴿٢١٦﴾ البقرة﴾.

دەوڵەتی فەڕەنسا بەر لە شۆڕشە دژواریەکەی دوشاعیری[٥٤] شکۆداری بەند کردن یەکیان گەشبینو یەکیان ڕەشبین بو، لە کەلەبەرێکی[٥٥] زیندانەکەدا هەردووك سەریان هێنایەدەر ئەوەی گەشبین یەکسەر چاوی بڕیە ئەستێرەکانو خەندە ڕوی وی داگرتەوە.

بەڵام ڕەشبینەکە چاوی بڕیە قوڕو لیتەی شەقامەکە یەکسەر خەم هەناوی بەردایەوە.

تۆش تەماشای ئەو دیوی مەینەتیەکانت بکە، خۆ هێشتا خواستو ئومێدت هەڵنەوەراون، بەڵکە سەرکەوتنو هیواو ئاواتت لەو دیوی مەینەتیەکانتدا دێنە ئاراوە.

(هەر خوایە پەنای بێ پەنایانە...[٥٦]

ئاخۆ کێ بێ ئەو کەسەی مرۆڤی بێ چارەو مەفەر بە ڕویدا ڕابچڵەکێو ڕازی خۆی لابدرێکینێ، کێ بێ ئەوەی بێ نیاز بێو هەموبونەوەریش ئاتاجی ئەو بێ، کێ

---

٥٣) پەرداخێك.

٥٤) دو شاعیر.

٥٥) کەلێن.

٥٦) پەنای بێ پەنایان هەر خوایە.

بێ هەموکەس لێی وەپارێتەوەو زمانیان بـە یـادی ئـەوەوە بلەرێتـەوە، ئـەوە تـەنیاو تەنیا هەر لە خوای تاقانە دەوەشێتەوە.

مافێکە بەسەر منو تۆوە، لە هـاتو نەهاتیـدا، لـە شـینو لـە شـاییدا، داواو نـزا لـە خوا بکەین، لە تەنگانەو چەڵەمەدا پاڕانەوەو زریكو هۆڕمان ڕوەو خوا کەین.

لـە بـەر قاپیـەی میهـرو سـۆزی ئـەودا خۆمـان بـە گـورێ دادەیـنو، بەڵانـەوەو نوزانەوەو چاوی فرمێسکاویەوە ڕومان دا خەین، لەو ساتەدا یارمەتیو کۆمەکی خـوا دەگاتـە جـێ، بـە خێرایـی دەروازەی دەهەنـدەیی[٥٧] ئـەو والا دەکـرێ ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ ...ئا ئەو کەسەی چاترە کـە هـەر وەختـێ هومێـد بڕوایـك لـە بـەری بپارێتەوە دەهانای دێ ﴿٦٢﴾ النمل ﴾. بە فریای نغرۆ بو[٥٨] دەگا، ون بو بەرەو مانڵ دەگا، بەڵا بار بێ بەڵا دەکا، ستەم دیدە ڕزگار دەکا، گومڕا ڕێنوێنی دەکـا، دەردە دار تیمـار دەکا، تەم بارو[٥٩] بێ چارە چار دەکا.

﴿ فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ... هەر کاتێ سواری کەشتی دەبن، بـە دڵی پاك لەبەر خودا دەپارێنەوە ﴿٦٥﴾ العنكبوت ﴾.

مـن نامـەوێ لێـرەدا ئـەو نـزاو پاڕانەوانـەی بـۆ لابردنـی پـەژارەو دەردە سـەریو نیگەرانین بەسەرتدا بخوێنمەوە بەڵام ڕەوانەی لای گەنجینە پڕ بەهایەکانی گوڵزاری فەرمودەت دەکەم، تا بتوانی لەگەڵ خوای پەروەردێنتـدا جـوان گـۆ بـی، هـاواری کـەی، لێـی وەپـارێی، داوای لێ بکـەی ئومێـد گـەلێکی لێ چـاوەڕێ کـەی، جـا ئەگـەر توانیـت خودات یار بێ وا دانێ هەرچی خۆزگەو ئومێدی هەتە هەموی لەبار بێ، ئەگەر بیرو باوەڕیشت بەرامبەری لار بێ، وا دانێ ڕەوشی هەموژیانت لەبار چێ، دڵنیا بـە وێـڕای ئەوەی بەو نـزاو پاڕانەوەیـە ئـاواتو خواسـتەکانت وەبـەر دێـنی، لـەوەش زیـاتر ئـەو پەڕی بەندایەتیو گوێ ڕایەڵی خوا وەدەست دێنی، سا هـەر کەسـێ لـە هونـەری نـزاو پاڕانەوە وێـرا هـات[٦٠] جـێی خۆیـەتی دڵ پـڕ نـەبێ، جـا ڕس[٦١] نـەبێ، نیگـەران نـەبێ،

---

٥٧) بەخشندەیی.

٥٨) نقوم بو.

٥٩) خەم بار.

٦٠) شارەزا بو.

چونکە هەموپـەتێ دەپـچڕێ جگـە پـەتی ئـەو نـەبێ، هـەمودەرگایێ دائـەخرێ تـەنیا دەرگای ئەو نەبێ، ئەو نزیکەو ئەبیستێ، لە داوای بێ دەرەتانان گوێ دەگرێ.

دەڕامێنە لە سۆزو میهـری ئـەو خوایـە، پێت دەڵێ لێی وەپـارێی داوای لێ بکـەی، ئەگەر چی تۆ هـەژاریو نـەداری، بـەڵام هـەر شیاوی ئـەوە بـێ نیـازی و[٦٢] هـەرەزاڵی، شکۆمەندیو توانـاداری، لەگـەڵ ئـەوە پێت دەفـەرموێ: ﴿ ...وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِيٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ...لەبەرم بپارێنەوە، ئەوسا بە دەنگ تانەوە دێم، ﴿٦٠﴾ غافر ﴾.

کاتێ خـەمو خەفـەتت بەسـەردا بـاری، یـا چـورتەو[٦٣] کارەسـاتێ حاڵیـان بـێ حـاڵ کردی بە یـادی خـوا خۆت ڕابێنـە، نـاوی ئـەو بەسـەر زارت دابێنـە، لـە پێنـاوی ڕێـز لێنـانی ئـەودا ناوچـاوانت لـە تـۆزو خۆڵـدا بـە کڕنـوش بـردن تـۆزاوی کـەو تـاجی گەوهەربەندی سەربەخۆیی لەسەر کەو، با فرمێسکو تۆزی سەر ڕوت ئاوێتەی یـەک بـن‌و، ڕوخـسارت بـە قـوڕاوی بەندایـەتی بنەخـشێنە، بـە سـای ئـەوە سـەرفرازی یەکجارەکی وەدەست بێنە، دەستو لـەپت بـەرەو ئاسمـان بەرزکـەوەو، زۆر داوا بکـەو زۆر بخوازە، پێت دابگـرەو بـەر قاپیـەی ئـەو بـەر مـەدە، بـا دەنگت وەکـو شنـەی بـا بشنێتەوە، وەک کزەی با بکزێتەوە، با ڕازو نیازت بەرامبەری جوان بـێو، خۆتی بـۆ یەک لاکـەوە، لـە بەندایـەتی کردنـی جگـە لـە خـوا دابـبڕێو، بـۆ لای بەندایـەتی ئـەو دابـبڕێ[٦٤] ئومێـد وایـە خـوا نالـەو نـوزمت بلاوێـنی، بـەردەوام بـە تـا دوایـین قۆناغی بەختەوەری بەرهەم دێنی.

---

٦١) بێزار.

٦٢) دەوڵەمەندی.

٦٣) بەڵا.

٦٤) ئەو وشەیە دوجار بەکارهاتوە جاری یەکـەم بـە مانـای لێ دور کەوتنەوەیـە وە جـاری دووەم بـە مانای لێ نزیک بونەوەیە.

با مالّت ئارام گـــە بێ

ئەو گۆشە گیریەی بە پێی یاسای خواو فەرمایشتی پێغەمبـەر ﷺ پەسـندە ئەومیـە: لە شەڕو شەڕان گێزان دور کەویەوەو، تێکەڵاوی کەسانێ نەبی کـە کاتـە پـڕ بـەهاکانیان لە گاڵتەو گەپو بەربـەرەڵایی بەسـەر دەبـەن، ئـەوجا توانـاو بـەهرەکانت دەگەڕێنـەوەو، هەستو ناخت پشو دەدەن، بـاری نالـەبارت لـەبار دەبـێو، زەیـنو هۆشـت بـە شـتی سـود مەند دەڕازێنیەوەو فراوان دەبـن، چـاوەکانت لـە بـاخی بەرهـەم داری پـڕ لـە زانیـاری دا ئۆقرە دەگرن.

خـۆ بـە دور گـرتن لـە هـەر شـتێ لـە چاکەو پەرستش پـەڕاوێزت دەکـا، دەرمـانێکی سودبەخشە پـسپۆڕانی شـارەزا لـە ڕازی[٦٥] دڵ بـە ئـەزمونیان گەیانـدوە[٦٦]و بـە ڕێژەیـەکی ناوازە[٦٧] سەرکەوتنی بە دەست هێناوە، منیش پێت دەڵێم بە سای چی ئـەو دەرمانـە بـە دەست دێنی، بەوەی خۆت لە خراپە کاری‌و گاڵتە جاڕی‌و خەڵکی دەبەنگـو هەرزەو پـوچ بە دور بگری، ئینجا داری بیرو هـزرت بـەردەگرێ، سروشـتی ترسـان لـە خـوا ڕاسـتە ڕێ دەبـێو، ئاهـەنگی بـەخۆدا هاتنـەوەو گەڕانـەوە لای خـوا دەگێـڕدرێ، تێکـەڵاوی گـرژ بونەومیـەک[٦٨] کـە سـودمەندەو پەسـندە، لـە هـەر چاکە کاریـێدا وەدی دێ بـە هـەرەوەز ئەنجام بدرێ، وەکو کۆبونەو بۆ وتاری هەینی لە ڕۆژانی هەینیداو، نوێژی بـە کۆمـەڵو کـۆڕی زانـستی، بـەڵام ئامـان سـەد ئامـان[٦٩] نەکـەی تێکـەڵاوی کەسـانێ بـی کـە بـێ هـودە تەمەنیان لە بێ کاری‌و چەقەخانەکاندا[٧٠] بە هەدەر دەدەن، بەڵکو لە دەستیان ڕاکەو، بۆ ڕابردوی پـڕ لـە هەڵـەی خـۆت بگرێـی‌و، زمانـت لـە وتـەی بـێ سـود ببەسـتەو، بـا مالّت ئارامگەت بێ.

تێکەڵاو بونی کوێرانە مایەی ئاڵۆزی‌و شێواندنی ژیانەو، هەڕەشە لە جیهانی هێمنی‌و هەداری[٧١] دڵو دەرونت دەکا، چونکە تۆ هاونشینی کەسانێکی وەستای درۆ هەڵبەستن‌و،

---

٦٥) نهێنی دڵ.
٦٦) تاقیان کردۆتەوە.
٦٧) بێ وێنە.
٦٨) کۆبونەوە.
٦٩) بۆ ڕەجا کردنێکی بە گوڕ دەگوترێ.
٧٠) بەو شوێنانە دەگوترێ تێی دا کۆدەبنەوە بۆ کات بەسەربردن.
٧١) هێواشی.

بلاو کردنەوەی پڕوپاگەندەن، وا نەگۆی[٧٢] هەوالی دڵتەزێنو باس‌و خواسی جەرگ بڕو یەخەدا درێنن، تا وات لێ دەکەن بەرلەوەی ئەجەلت بێ ڕۆژی حەوت جار تاڵایی مەرگ بچێژی ﴿ لَوْ خَرَجُوا۟ فِيكُم مَّا زَادُوكُمْ إِلَّا خَبَالًا ... گەر وێڕای ئێوەش هاتبان بۆ خەزایە، تەنیا کاریان لە ئێوە تێك دەدا. (٤٧) التوبة ﴾.

کەواتە تاکە داواکاریم ئەوەیە ڕو لە پیشەی خۆت کەی، یا لە مالی خۆت دا وچان دەی، تەنیا بۆ دەربڕینی گوتەی بە سود ئەنجام دانی کردەی[٧٣] بەردار[٧٤] بەدەرکەوە، ئەوسا هۆشت لەسەر خۆ دەبێو کات‌و تەمەنت نابێتە ئاردی ناو دڕوێ، زمانت لە دژی هیچ کەس ناگەڕێو، دڵە ڕاوکێت توش نایێو، گوێت لە وتەی پڕوپوچ نابێو، کەسێکی بەد گومانت لێ دەرناچێ، تاقی کردنەوەش باشترین بەڵگەیە، هەر کەسێکیش گومان‌و دڵاو دڵی[٧٥] کردە پیشەو لەگەڵ خەڵکی ڕەشۆکی[٧٦] بۆی دەرچو، بڵێ خوای لێ خۆشبێ.

(پـــاداش لە خـــواوەیە)

خوا هەر شتێکت لێ بسێنێو تۆش، ئارام بگریو خۆڕاگری، دڵنیا بە باشتر لەوە پاداشتت لە خواوە وەردەگری "من أخذت حبيبتيه عوضته منهما الجنة، من سلبت صفيه من اهل الدنيا ثم احتسب عوضته من الجنة ... هەر کەسێ دو خۆشەویستەکانیم لێ وەرگرتەوە[٧٧] لە بری ئەوە بەهەشتی پێ دەبەخشم، هەر کەسێکیش خۆشەویستێکی دنیای لێ بسێنمەوەو، دوای ئەوە دان بە خۆدابگرێ، لە پاداشتی ئەوە بەهەشتی پێ دەدەم.

هەر کەسێ مەرگی ڕۆڵەی بینیو ئارامی گرت خوا لە پاداشتی ئەوە مالێکی لە بەهەشتدا بۆ دەسازێنێو ناوی لێ دەنێ مالی سوپاس گوزاری، ئەمە تەنیا نمونە هێنانەوە بو، بەم شێوەیە هەرچی بلایێ ببێ پاداشت مسۆگەر دەبێ. بە توش هاتنی

---

٧٢) مامۆستا.
٧٣) کار.
٧٤) بە قازانج.
٧٥) دو دڵی.
٧٦) سادە و عەوام.
٧٧) دو چاوەکانیم لێ سەندەوە.

کارەساتێ داخدار مەبە چونکە ئەوەی بەسەری هێناوی بەهەشتێکی نەبڕاوەو پاداشتێکی بێ سنوری بۆدا ناوی. دۆستانی خوا سەرگەردانو بەربەلا بون کەچی بە بەرزترین پلەی بەهەشت[٧٨] شاد بون:

﴿ سَلَٰمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ ۚ فَنِعْمَ عُقْبَى ٱلدَّارِ ... هەر لە سای هێمنی دابن، چونکە ئێوە خۆڕاگر بون، پیرۆزتان بێ دوا ڕۆژی ڕون، ﴿٢٤﴾ الرعد ﴾.

پێویستە لەسەر ئێمەش تفتو تاڵی ئارامگری ببینین، تاوەکو لە داهاتودا بەرهەمی شیرینی بچێژین ﴿ أُولَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَٰتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ ۖ وَأُولَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُهْتَدُونَ ... خێرو بێرو بەزەیی پەروردەیان بۆ دەبارێ و شارەزا لە ڕێ ئەوانن، ﴿١٥٧﴾ البقرة ﴾.

جا موژدەو خۆشی بۆ ئەوانەی بە چەرمەسەری و پەتەریەوە[٧٩] خرۆشاون[٨٠].

ژیانی دونیا پێنج و دو ڕۆژێکە بەهاو گەنجینەشی هەر سەرێکە، دوا ڕۆژ زیاتر جێی ئومێدەو نەبڕاوەیە هەر موسڵمانێکیش توشی نسکۆیێ هات لە دوا ڕۆژدا لەوە زیاتر خوا بۆی قەرەبو دەکاتەوە، ماندوی ئێرە حەساوەی ئەوێیە، بەڵام ئەوانەی بە دونیاوە پەیوەستن، بۆی وێڵو سەودا سەرو مەستن، دژوارترین باری دەرونیان ئەو کاتەیە بەرژەوەندیێکیان لە دەست چێ، یا ئاڵۆزێیکیان بێتە ڕێ، هەر دونیایان گەرەکە، بۆیە نیسکیان لێ دەبێتە گیسکو مێشیان لێ دەبێتە گامێش، هەر سەرەو ژێر دەڕوانن بۆیە بەس فاقو بریقی دونیایان دێتە بەرچاو کە مایە پوچ بێ بەهایەو بێ هەڕمێنە[٨١]، ئەی ئەوانەی ئاڵودەی[٨٢] دەردو خەمانن هەر نوچدانێ[٨٣] بێتە ڕێتان ئێوە تێی دا بەرقازانجن، دڵ گوشاد بن نامەیەکی پڕ لە هەستو سۆزو میهرەبانیو هیوابەخشتان بۆ ناردراوە. پێتان دەڵێ هۆ ئەوانەی لە ژێر چاودێری

---

٧٨) فردەوس.
٧٩) کڵوڵی.
٨٠) بڕینیان کولاوەتەوە.
٨١) بێ قازانجە.
٨٢) گیرۆدەی.
٨٣) نسکۆیێ.

مەینەت باریدا خۆتان لەمە کۆناوە[٨٤] بەسیە ئیتر سەر هەڵبڕن ئاسۆ ڕونەو سەرەنجامی خەفەتباریش ئاوا بونە. ﴿ ... فَضُرِبَ بَيْنَهُم بِسُورٍ لَّهُۥ بَابٌۢ بَاطِنُهُۥ فِيهِ ٱلرَّحْمَةُ وَظَٰهِرُهُۥ مِن قِبَلِهِ ٱلْعَذَابُ ... ئیتر ئەوسا دیواریکیان لە نێوان دەبێتە لەمپەر، دەرگای هەیە، لە ژورەوەی بەزەیی یەو لە دەرەوەی جەزرەبەیە ئەو بەڵێنەی خوا پێی داون زۆر لە دونیا بەردارترو سودمەندە دەیانو سەدان ئەوەندە[٨٥]، (١٣) الحديد ﴾.

هەر باوەڕ ژیانە

بەدبەختو چارە ڕەشانی هەرە چارە ڕەش ئەوانەن لەمەڕ گەنجینەی باوەڕ داریو دڵنیاییدا دەستبادن[٨٦] تا هەتایە کەساسو پەشۆکاون زەبونو سەرشۆڕماون ﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ... هەر کەسێکیش بە ئامۆژگاری من نەکا، ژینی لە تەنگا نەدایە، (١٢٤) طه ﴾.

هەر باوەڕهێنان بە خوای کردگار دڵو دەرون دەشواتەوەو پاکو پاراوی دەکا، نیگەرانی نائیلێو ژینو ژاری[٨٧] لادەبا، ژیانمان بۆ دەڕەنگێنێو تامو بۆی[٨٨] پێ وەردەکا.

ئەوانەی لەناو بێ باوەڕیدا پەنگیان خواردوە[٨٩] ئەگەر خۆیان دەرباز نەکەن چاترین چارە ڕێگایان ئەوەیە خۆ هەڵدێرن[٩٠] یاپەت بخەنە ملیانو خۆ هەڵواسن تاوەکو لە دەست کێشمەکێشی[٩١] خەمانو کۆتو زنجیری ڕەشبینیو تاریکاییو کارەساتو حەپەسان خۆیان بحەسێننەوە، ئای لەو ژیانە کوێرەوەریەی کە بە بێ

---

٨٤) لە کەمین داناوە.
٨٥) مەبەستم ڕێڕەوێکی بێ سنورە.
٨٦) دەست بلاوون/هەرزە پوچن.
٨٧) ژیانی تاڵ و ناخۆش.
٨٨) بۆنی.
٨٩) ڕاوەستاون.
٩٠) لە بەرزاییەوە خۆ هەڵدەن.
٩١) دەردەسەری.

باوەڕی دەچێتە سەر، ئای لەو نەفرەتو ڕەنجبەخەساریەی دێتە ڕێی کەسانێ لە دەرەوەی بازنەی باوەڕداریدا ژیان بەسەردەبەن ﴿ وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَـٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَنَذَرُهُمْ فِى طُغْيَـٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ... هەروا ئەوان جاری یەکەم باوەڕیان بە قورئان نەکرد، (ئێمەش) دڵو دیدەی ئەوان لە کاردەخەین. هەروەك هەن وازیان لێ دێنین کە هەر بە نافەرمانیەوە سەرگەردان بن، ﴿١١٠﴾ الأنعام ﴾.

ئەورۆ ڕۆژی ئەوەیە هەموجیهان پەردەی چەواشەکاری لەسەر ڕوی دابڕنێو بەو پەڕی ناخو کرۆکیانەوە[٩٢] ئاوێتەی باوەڕداری ببنو دڵنیا ببن کە هیچ پەرستراوێکی شایستە نیە جگە لە (اللَّهُ) نەبێ، لە ئەنجامی ئەو هەموتاڵیو سوێریەی لە چاخەکانی ڕابردو دابینراوە ژیری دەرکی بەوە کردوە بێ باوەڕیو بت پەرستیو خوانەپەرستی تەنیا درۆو دەلەسەیەو، پێغەمبەران ڕاست گۆو ڕاستی هێن بوینەو، هەر خوا شیاوی پەرستشو خاوەنێتیو سوپاس کردنەو، هەر ئەو بەسەر هەمو شتێدا زاڵە.

تۆ ڕێژەو پلەی باوەڕداریت چەندە، نزمە یان بڵندە گەرمو گوڕە یاسارده[٩٣] بەختەوەریو هەداریشت[٩٤] هەندە.

﴿ مَنْ عَمِلَ صَـٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ... هەر کەسێ کرداری باشەو بە باوەڕە -چ نێر، چ مێ- هەتا دەژی وا دەکەین بە خۆشی بژی، دیاریشە باشتر لەوەی وا کردویانە، ئێمە پاداشیان دەدەینێ، ﴿٩٧﴾ النحل ﴾.

ئا ئەو ژیانە پاکژەیە کە لە ژێر سایەیدا زیاتر بە بەڵێنی پەروەردیاریان دادەحەجمێنو، دڵیان بە ئەوینی پەروەردگاریان دادەسەپێو، بە سینەی پاکیان لە چنگی چەپەڵکاری لاڕێ ییدا ڕزگار دەبنو، ناخو ویژدانیان لە ئاقار تەنگو چەڵەمەدا هێورە دەبن، لە بڕیارو چارەنوسی خوا لاملی ناکەن، چونکە هەر خوا بە پەروەردگارو ئیسلام بە ئایینو (ﷺ) بە پێشەوایان قەبوڵە.

---

٩٢) ناوەڕۆك.
٩٣) سارده.
٩٤) هێمن.

هەنگویـن دەربێنـەو شانە مەشـکێنە

هەر شتێ نەرمو نیانی تێدا بێ جوانو ڕازاوەو بەرچاوە، لەهـەر شتێکیـشدا وەدی نەکرێ قێزەونو نا بەرچاوە، ئینجا قسەی خۆشو وتەی جوان، خەندەو بـزەی سـەر ڕوان، پاك گۆیی لە ڕوی دۆستان، ڕەختو [٩٥] خشڵێکی خەملاون[٩٦].

بەختـەوەران خۆیـانی پـێ ئـارایش دەدەن، ڕەوشـتی بـاوەڕدارانن، ئەوانـەی وەکـو هـەنگن، کـە شـیلەی گـوڵان هەڵدەمـژێو هـەنگوینی پـاکی لێ بەرهـەم دێنـێ، ئەگـەر بـچێتە سـەر پوپـەی گـوڵانیش لقـەکانی ناشـکێنێ، چـونکە خـوای کـار لـەجێ نـەرمو نیـانی وا ڕەخـساندوە بـێ زەڕو زیـان بـێ، کەچـی تـوڕەییو تونـدی ئـەوەی لێ ڕەچاو ناکرێ.

کەسانێ هـەن بـە ئامـادە بـونو هاتنیـان بـۆ دیتنیـان خـەڵك سـەری هەڵدەکێـشێو چاویان لەبـەردا دەنوێنـێ، دڵو ڕۆحیـان دێنـە پێـشوازیو بـەو پـەڕی ڕێـزەوە بـەڕێ دەکرێن، چونکە بەهۆی جوڵەو خویان قسەی خۆشو ڕەنگو ڕویان دڵیان بـۆ بوینـە هێلانەو لەبەر دڵانو خۆشەویستن.

هونـەری پەیـدا کردنـی هـاوەڵو دۆسـتان زانیاریێکـە بـیر بـڕ و[٩٧] هوشـداران بـاش دەتوانن بەجێی بێنن، بۆیە هەمیشە بـە کۆمـەڵێکی نـاوازەوە دەور دراون هـەرگیزاو هەرگیز لایان چۆڵ نابێ.

ئەگەر ئامادەی کۆڕێ بون ڕویان لەبەر دەگەشێتەوە، ئەگـەر نادیـارو بـزریش بـون بە چاکە باسیان دەکرێو بۆیان دەپارێنەوە.

ئەوان خودان بەختان خاوەنی دابو نەریتێکن ئـەوە نـاو نیـشانێتی: ﴿ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيۡنَكَ وَبَيۡنَهُۥ عَدَٰوَةٞ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٞ ... تۆ هەمیشە وەرامـی چـاکتر بدەوە، ئەوسا کەسێ لەگەڵ تۆدا دوژمنە، دەبێتە دۆستی نزیکت، ﴿٣٤﴾ فصلت﴾.

---

٩٥) هەنجارە بەو زێڕ و جلکە دەگوترێ کە بۆ بوکان دەکرێ.

٩٦) ڕازاوەن.

٩٧) تێگەیشتو.

ئـەوان بـەهێزو شـەپۆلی هـێمنیو نـەرمو نیـانی بەرگـەی ڕقو کینـە دەگـرن، لێ بوردەنـەو چاودەپۆشـن، خراپـەی دەرحـەق کراویـان پـشت گـوێ دەخـەن، چـاکەی بەرامبەر کراویان لە گوێ دەخەن، گوێ بۆ قسەی تووڕە هات هەڵناخەن[98] بـەڵکو لـەو گوێچکەیان دەچێتە ژورێو لەوی تردا وەدەری دەخەن.

حاڵیـان خـۆشو هـەموارە، خـەڵکیش لـە دەسـتیان نـە بێـزارە، ((المـسلم مـن سـلم المسلمون من لسانه، يده، والمؤمن من أمِنَهُ الناس على دمائهم واموالهم... موسـڵمان ئـەو کەسەیە موسڵمانان لە زمانو دەستیان بێ وەی بن، باوەرداریش ئەو کەسەیە خەڵکان لێیان نەترسن کە خوێنیان بە ناڕەوا بڕێژنو ماڵیان بە ناحەق بخۆن)).

"ان الله امرني ان اصل من قطعني وان اعفو عمَّن ظلمني وان اعطي من حَرمني... خوا فەرمانی بەسەردا داوم ئـەوەی پەیوەنـدی لەگـەڵ پـچراندوم پەیوەندیەکـە بگەیـەنم، ئەوەی ستەمی لێ کردوم لێی ببورم، ئەوەی لێی گرتومەوە پێی ببەخشم.

﴿ ... وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ ... ئەوانـەش کـە ڕقـی خۆیـان دەخۆنەوەو لـە مـەردم چاوپۆشـی دەکـەن، ﴿١٣٤﴾ آل عمـران ﴾. خۆشـی لەوانـەی دەسـت بـەجێ هـەداریو دڵارامـی بـۆ بـە خـەڵاتی کـردو کۆشـیان. خۆشـی لـە خۆیـان لـە دوا ڕۆژیـشدا بـەروبومی دنیایـان دەدورنـەوەو لـە نێـو بـاخو کانیاوەکـانی بەهەشـتدا دراوسـێی پـەروەردگاریانن ﴿ فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِندَ مَلِيكٍ مُّقْتَدِرٍ ... لـە نـشیمەنی[99] پەسندو لای خونکاری[100] بە دەسەڵاتن، ﴿٥٥﴾ القمر ﴾.

---

٩٨) گوێ ناگرن.

٩٩) جێگا.

١٠٠) پاشا/گەورە.

هەر بە یادی خوا دڵان دەگەشـێنەوە

بە ڕاستی کە ڕاستاڵی[١٠١] خۆشەویستی خوایە، بێ پێچ‌و پەنا کە بـێ پـێچ‌و پـەنایی پـاك کـەرەوەی ژەنـگـو ژاری دڵانـە، بـە پـێی تـاقی کردنـەوە کـە تـاقی کردنـەوەش باشترین بەڵگەیە، بە ڕاستی دەدوێم کە چاوساغ‌و دیـدەوانیش[١٠٢] لەگـەڵ هـۆزی خـۆی بە درۆ نادوێ، یادی خوا لە هەمو کردەوەیێ پـتر تەم‌و لێڵی دڵان دەڕەوێنێ‌و پاداشتی هەرە گەورە وەبەردێنێ ﴿ فَٱذْكُرُونِيٓ أَذْكُرْكُمْ ... سا ئێوە یادی مـن بکـەن، تـا منـیش لـە بیرتان نەکەم، ﴿١٥٢﴾ البقرة ﴾.

گەر دەتەوێ لە باخ‌و باخاتی بەهەشتدا بەشت هەبێ وەرە پاکانـەی خـوا بنوێنـە‌و لـە گـوڵزاری یـادەوەری ئـەودا خـۆت وەسـێنە، چـونکە ئـەو یـادە دڵ سـرەوێنە‌و تـەم ڕەوێنـە‌و مانـدو حەسـێنە‌و دڵ دا سـەپێنە، بـەڵکو نزیـك تـرین‌و سـاناترین ڕێگـای سەرفرازیە‌و ئازادی هێنە.

بە دوای پەڕاوەکانی نیگای خوادا بگەڕێ، تا سودەکانی یادی ئەوت بەرچاو کەوێ‌و زوخمـەکانتی[١٠٣] پـێ تیمـار کـەو ئـارام لەسـەر ئـازاری تیمـار کـردن بگـرە، هـەتاکو زامەکانت ساڕێژ بن.

بە یاد کردنەوەی خوای بێ هەڵە ترس‌و تۆقین دەتارێ‌و هێمنی‌و هەداری دەبارێ. تەنیا بە یادی ئەو چیای خەمان دەتوێتەوە‌و دڵسوتاوان هەنیسکیان[١٠٤] وەبەردێتـەوە‌و ئەسرین لە چاویان دەسڕێتەوە.

جـێی سەرسـامبونێ نیـە کـە دەبـینی یـادەوەران دڵ گوشـادن، ئـەوە بنەمایـەکی ڕەسەنە لەواندا بەدی دەکرێ، بەڵام سەیرە ئەوانەی نائاگان لە یادی خوا چـۆن چـۆن دەژین!

---

١٠١) ڕاستی و دروستی.
١٠٢) گەڕیدە و شارەزا.
١٠٣) برینەکانتی.
١٠٤) هەناسە.

﴿ أَمْوَٰتٌ غَيْرُ أَحْيَآءٍ ۖ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ ... مـردوێکن گیانیـان بـه بـەردا نەکراوە، هەستیش ناکەن کەنگێ زیندو دەکرێنەوە، (٢١) النحل ﴾.

ئـەی ئـەو کەسـەی لـە ئـاهی بـێ خەویـدا دەنـاڵی و لـە تـاو ئـێش و ژانـدا ئەسـرین دەڕێژی، لەبەر کارەساتان تاساوی و ڕەنـگ هـەڵبزرکاوو دامـاوی، دەی تـازوە بـە نـاوی پیرۆزی خواوە هاوارو چـریکەت هەڵبـڕە ﴿ ...هَلْ تَعْلَمُ لَهُۥ سَمِيًّا ... ئـاخۆ ئاگات لێیـە هاوناوێکی هەبێ؟ (٦٥) مریم ﴾.

بە ئەندازەی یاد کردنەوەت هەستو ناخت فـراوان دەبـێو دڵـە خورپێـت نامێنـێ، هـەدایی بەسـەرتدا دەبـارێو تەمومـژی سـەر ڕێی ژیانـت دەتـارێ، چـونکە هـەمو پاڵپشتی و یارمەتیەك لە یاد کردنەوەی ئەودا وە دەست دێ، بڕواو متمانە پتەو دەکا، دڵان ڕوەو خوا دەکا، ڕازو نیـازت پـاك دەکـا، چـرای ئومێـدت هەڵدەکـا، ئـەو خوایـەی هاواری بۆ دەکەی لێت نزیکەو وەرامگۆی[١٠٥] خواستەکانە، دەسـا بنوزێیـوەو بکڕوزێـوە ملکەچی بەو بلالێوە چەند جار چەنجار ناوی پیرۆزی بەسەر زمانتدا بێنـەوە، خـودا هەر بە یەك بناسە، بە ستایشەوە بی دوێنە، نزاو سکالات بەرەو بارەگای خـوا بکـەو فرمێسکی ژیوانی[١٠٦] هەڵڕژێنە، ئەو هەلە گەر خـوا یـار بـێ ئومێـد وایـە بـاری ژیانـت لەبار بێو لە دوای سەرماو سۆڵی ژیانـت بـەهار بـێ ﴿ فَـَٔاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا وَحُسْنَ ثَوَابِ ٱلْـَٔاخِرَةِ ... ئەوسا خودا پاداشی ئەم دونیـاو چاکەو پاداشتی ئـەو دنیـای پێـدان. (١٤٨) آل عمران ﴾.

---

١٠٥) وەڵامگـۆ.

١٠٦) پەشیمانی.

بە قـازانجی کـەس چاویان هـەڵنایێ

چاو چنۆکی ڤایرۆسێکە یەکێ پێی گرفتار بێ لە ئێسکانی ڕۆ دەچێو هەمولاشەی دادەڕزێنێ، هەر بۆیە ئەو وتەیە هەڵدراوە، دەڵێن: مرۆی چاوچنۆك قەت دڵی وچان نادا، چونکە گورگەو لە ناو پێستی مەڕێدا، خۆی وا حەشارداوە دوژمنـەو بـە دۆست ناسراوە. گوتراویشە ئـای چاوچنۆکی چـەند نـەبێرە[١٠٧] هـەتا خاوەنەکەشی بـاز نـادا لەویەوە دەست پێ دەکا، تا دەی کوژێو لە ناوی دەبا.

من دڵ سۆزی خۆمو تۆشم بەر لە خەڵکی با بەسای چاوتێبڕیو ئێرەیی[١٠٨] نەبینـە خۆراکی خەمانو خوێنمان نەبێتە نۆشابی مەینەتیو پەتەران[١٠٩]با خـەو لـە چـاومان نەتۆڕیو خەڵکی تر پێی وەحەسێو پرخو هۆڕەی بێ.

مرۆی چاونزێر[١١٠] بە دەستی خۆی کورە دا دەگیرسێنێو خۆی تێدا هەڵدەقرچێنێ.

ژیانتاڵیو دەردەسەری دڵ پەستیو چەرمەسەری هەنوکە چـەند دەردو پەتایـەکن ڕۆڵەی چاوچنۆکی لەمەوبەرن تاوەکو ئاسودەیی بن بڕ کەنو خۆشی ژیان لێڵو وێـڵ کەن.

مرۆیـی چاوبرسـی دەردی لەوەدایـە مـل ملانێـی بڕیـاری خـوا دەکـاو تۆمـەتی نایەکسانی دەداتە لای، لە ئاستی یاسا پـاکو پاراوەکەیـدا بێڕێـزی ئـەنوێنێ لەگەڵیـدا تێکهەڵدەچێ.

ئای لە دەردی چاوچنۆکی کـردو کۆشـی خاوەنەکـەی بـە بـا دەچـێ، چـەندە جێـی داخو خەفەتە ئەگەر خاوەنەکەشی داپڵۆسێنێ هـەرزە پـوچو بـێ دەسـتمایە دەمێنـێ، هەر بەو جۆرە دەژیێ دەسوتێتو دەبرژێ تا مـەرگ یەخـەی دەگـرێ، یـا لـە هەرچـی بەهرەو بەخششە بێ پشك دەبێ.

---

١٠٧) جیاوازی ناخاتە نێوان کەس.

١٠٨) چاوچنۆکی/حەسودی.

١٠٩) خەفەتان.

١١٠) چاوچنۆك.

هەمو کەسێ ئاشتەوایی لەگەڵ دەکرێ تەنیا چاوچنۆك نەبێ، ئەو تەنیا بەوە لێت دەبورێ وەکو داری بـێ پـەلکت لێ بـڕو هەرچی بەهرەیـە لێت داوەرێ، هـەر ئاکـارێ پێـی سـەربەرزو ناسـراوی هـەر جوامێرێکـت لێ ڕەچـاو دەکـرێ لـە خـۆی دابـڕەوێنی، ئەگەر ئامادە بوی خۆت ئاوا شپرزەکەی پێ دەچێ بە نا بە دڵی ڕەزامەندی دەربـڕێ، پەنا بە خوا لە چاوی چاوچنۆکان وەکو ڕەشـەماری ژار پـیس وان، داناحـەجمێ تـاکو کوڵی دڵی بە هەژارێکی بێ سوچو تاوان نەڕێژێ.

دادو بێ داد ئاگادار بە لە چاوپیسی خۆ دور بگرەو پـەنا بگـرە بـە خـوا لـە چـاوی چاوپیسان چونکە هەمیشە بۆت لە سەنگەردان.

ژیـان وەکـو خـۆی بنرخێنـە

سروشتی ژیان وایە خۆشیەکانیـشی هـەر تـاڵن، بەربەستی زۆری لـە ڕێیـە، ڕێگـای سەختو دژوارە، بە زۆر ڕەنگ خـۆی دەنوێنـێو، پـڕ لـە ئەشـکەنجەو ئـازارە، شـەڵەژاو ئاڵۆزە، تۆش بە شەکەتی لە ناو گێژاویدا دەخولێیەوە.

هەرچی دێتە بەرچاوت هەر لە باوکەوە تا خێزان، لە دۆستانو جوامێران، مـاڵو پیشەو گوزەران، دەبێ بەربەستێکیان لە ڕێـدا هـەبێ ژیـانی پـێ لـێڵو وێـڵ بـێ، دەی تۆش بە ئاوی ئەو ژیانە شەڕو گڕی بکوژێنەوەو، تۆڵە بە تۆڵە هەر زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە[۱۱۱].

خـوا ئـەو جیهانـەی وا هەڵخـستوە دوشـتی دژ بـە یـەکو دو جـۆرو دو ڕەنـگو دو کۆمـەڵو دو بۆچـون لـە خـۆ بگـرێ، وەکـو چـاکەو خراپـە، بنیـات نـانو ڕوخانـدن، ئاسـودەیـیو دڵ پەسـتی، کەچـی لـە ڕۆژی سـەڵادا هەرچـی چـاکەو بەختەوەریـە دەپـاڵێورێنو بـەرەو بەهەشـت دەبـرێن وەلـێ[۱۱۲] هەرچـی تێـك دەرێو دەردە سـەریە بەرەو دۆزەخ بەڕێ دەکرێن لە فەرمودەشدا هاتوە ((لدنیا ملعونة ملعون مـا فیهـا الا

---

۱۱۱) مەبەست ئەوەیە با خۆشی ناخۆشی بەرامبەر بن.

۱۱۲) بەڵام.

ذكر الله وما والاه و عالم و متعلم... دنیاو ئەوەی تیایەتی وەبەر نەفرەتی خوا ئەکەوێ تەنیا یادی خواو ئەوەی لەگەڵ یادی خوا تێك دەکاتەوەو زاناو ئەوەی خۆی فێردەکا، نەفرەت نایگرێتەوە)). لەو بارودۆخەی تێی دای بگوزەرێو خۆت مەخە گێژاوی خەیاڵانو لە جیهانی ئەفسانەدا سوڕ مەخۆوە، دونیا وەکو خۆی هەڵسەنگێنە، لەگەڵ کەشو هەوای دابڕەخسێو، خۆی تێدا بحاوێنە، بۆ هیچ کەس ناچێتە سەر خەڵك لەگەڵی دا وەك گوڵی بێ گەرد بێو، هەمو کارو فەرمانێکی بێ دەردی سەر بێ.

سەد لەسەد هاوسەرێکی بێ هەڵەو پەڵەت دەست ناکەوێ، لە فەرمودەشدا هاتوە ((لا يفرك مؤمن مؤمنة ان كره منها خلقا رضي منها آخر... با هیچ پیاوێکی باوەڕدار لە ئاستی هاوسەرە بڕوادارەکەیدا ڕق‌و کینە نەنوێنێ خۆ ئەگەر هەڵسوکەوتی خراپی لێ بەدی بکا لە هەندێ شت ڕەزامەندی دەنوێنێ)).

جا پێویستە کە لەنو کۆیان بگرینو لێك نزیك بین، چاوپۆشو لێ بوردە بین، ئاسانکاری هەڵبژێرینو گرانباری هەڵبوێرین، هەندێ جار چاو بنوقێنینو هەنگاونانمان بوەستێنین، لە زۆر شتیشدا بێ ئاگایی بنوێنین.

بە گیرۆدەبوان دڵت بدەوە

بە لای چەپو ڕاستدا لاکەوە[113] کێ دەبینی مەگەر گیرۆدە نەبێ، کەست بەرچاو دەکەوێ مەگەر کۆست کەوتونەبێ؟!

لە گشت مالێکدا شیوەنێ هەیە، لەسەر هەمو کولمەیێ فرمێسکێ قەتیس ماوە[114]، لە هەمو شیوێ دا "بنو سعد" یێك هەیە[115].

بەڵاو مەینەتی چەندە زۆرن، ئارامگرتنیش چەندە زەوەندەن، تۆ بە تەنیا بەر بەڵانی، بەڵکە مەینەتی تۆ لە بەرابەری جگە لە تۆ هەر کەمێکە چەند کەسانێ

---

١١٣) ئاوڕ دەوە.

١١٤) فرمێسکی ڕاوەستاوە.

١١٥) شیوی بەنی سعد بەو دۆڵاییە دەگوترێ کە لە شاری مەککەیە کاتی خۆی پێغەمبەرو یارانی تێدا گەمارۆ درابون.

چـەندان سالّە لەسـەر جێگا کـەوتون‌و، بـە دەسـت دەردەوە بـێ حـاڵن، جـارە بـە لای چەپـو جارە بە لای ڕاستدا خۆ وەردەگێڕن، لە تاوان دەچـریکێنن‌و دەنالّن.

چـەند کـەس لـە تاریکـایی زیندانەکانـدا سـالانێکە ژیـان بەسـەر دەبـەن ڕۆشـنایی خۆریان نەبینیوەو تەنیاو تەنیا لە تاق‌و دیواری زیندانەکەیان ڕادەمێنن.

چەندین دایـك‌و بـاوك ڕۆڵـە جگـەر گۆشـەکەیان لـەو پـەڕی هـەڕەتی لاوێتی‌دا لـە دەست دەدەن.

قەرزارو مەینەت بارو بەڵا بارو دەردەدار چەندە زۆرن تۆش کاتی ئەومت هاتوە دڵت بەوانـە بدەیتـەوەو، دڵنیـابی ئـەو ژیانـە بەندیخانـەی باوەڕدارانـە، جێگـای پـەژارەو جەوروخەمانە، کۆشك‌و تەلارەکان بە پڕاو پـڕی دانیـشتوانی بـەیانی دەکەنـەوەو بـە چۆڵ‌و هۆڵی ئێوارەیان بەسەر دادێ، یەکێ لەوپەڕی شەنگـو هێزی‌دا، لەش ساخ‌و بێ وەی، مالّ‌و منالّ زۆر، کەچی لە پـڕێ هـەژاری بـەرۆکی دەگـرێ، یـا دەردو بـەڵا دێتـە ڕێـی، یـا مـەرگ دەبێتـە مێـوانی ژیـنی ﴿...وَتَبَيَّنَ لَكُمْ كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِمْ وَضَرَبْنَا لَكُمُ ٱلْأَمْثَالَ ... تـێش گەیـشتن کـە چـیمان بەسـەروان هێنـاو زۆر نەزیلەشمان[١١٦] بۆ گوتون، ﴿١٤٥﴾ إبراهيم﴾.

دەبـێ خـۆت واڕابـێنی، لەسـەر تاتـە بـەردێکی ڕەق‌و ڕوتیـشبێ بگـوزەڕێنی، ئـازارو مەینەتی ئەوانەی لە پێش تۆدا ڕابران‌و ئەوانەی ئێستاش لە دەوروبەری تۆدا دەژین بێنە بەرچاوت تاوەکو بزانی تۆ بە ساخی قوتار بوی خەمی تۆ لە چاوی ئی وان هەر خەڵاتەو تەنیا سوکە دەردرێکە، بڵێ: سوپاس بـۆ خـوا کـە سـۆزو میهرەبـانی لەگـەڵ دانوانـدم، ستایـشی ئـەو بکـە خـۆ ئەگـەر هەنـدێ نـازو گـۆزت لـە دەسـتداوە هێـشتا زۆرترت لاماوە.

سەرنجی گەورە خەمی خەڵکان بـدەو خـەمی خـۆت بـە چـوك لـە قەڵـەم دە، گـەر بتەوێ ئاهو حەسرەتت لە دڵ دەرکەی وەرە سەرگوزشتەی پڕ مەینـەتی پێغەمبـەری خوا بکە سەر مەشقی ڕێگای ژیانت، کاتێ لە نـاو کڕنـۆش بردنـا هـورگـو ڕێخۆڵـەیان

---

١١٦) نمونەمان بۆ هێناونەوە.

خستە سەر سەر، پێیەکانی لە خوێن هێنران، ڕوی پیرۆزی بە خوێنی گەشیو ئاڵی ڕەنگا، لە یەکێ لە دۆڵاییەکانی شاری مەککەدا گەمارۆ دراو ئەوەی بە زاران بخورێ لێی بێ بەش کرا تاوای لێ هات لە جیاتی نان گەلاێ دارانی دەخوارد، بەوەش نەوەستان تا لە خاك و زێدی خۆی وەدەریان نا، دانی پیرۆزیان شکاند، هەرزە پووچ و مایە پوتان[117] وتەی ناشایستە یان لە ئاستی هاوسەرە پاکەکەی دا فرتاند، حەفتا لە هاوەڵە شکۆدارەکانی شەهید کران، بە چاوی خۆی مەرگی کوڕە تاقانەکەیو زۆربەی کچەکانی بینی، بە ئەندازەیەکی وا برسێتی دیت بەردی لەسەر سگی پێچا، تۆمەتی شاعیرێتی و جادوگەری و سیحربازی و درۆزنی خرایە پاڵ، بەڵام بە کۆمەکی خوای باڵا دەست هەمو مرازو مەرامی گلاویان تەنیاو تەنیا وەکو بڵقی سەر ئاو نرخێنران، ئەوەی بەسەرەتۆش هاتوە بەڵاییکەو دەبێ هەر بێ، لە بێژینگ دانەو پاداشتی هەرە گەورەی پێ وەبەردێ، سەربوردەی پڕ لە ئەشکەنجەی پێغەمبەران بخوێنەوە دەبینی پێغەمبەر زەکەریا کوژراوە، پێغەمبەر یەحیا سەربڕاوە، پێغەمبەر موسا هەڵوەدا[118] بوە، پێغەمبەر ئیبراهیم فڕێ درایە ناو ئاگر، پێشەواکانیشمان بە ڕێگای ئەواندا تێپەڕین، پێشەوا عومەر بە ناڕەوا خوێنی ڕژا، پێشەوا علی شەهید کرا، زانا پێشینەکان دارکاری کرانو، هەڵکەوتەو جوامێران زیندانی کرانو بە پەند بران ﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِكُم ۖ مَّسَّتْهُمُ ٱلْبَأْسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ وَزُلْزِلُوا۟ ... ئاخۆ ئێوە لاتان وایە (بە ئاسانی... دەچنە بەهەشت؟ کەچی هێشتا ئەوەی بەسەر پێشینانتان هاتوە، بەسەر ئێوە نەهاتوە ئەوان توشی گەڵێ تەنگانەو ئازارو نەداریو چەوسانەوە بون، زۆر بە تووندی تەکان دران، ﴿٢١٤﴾ البقرة ﴾.

---

١١٧) هیچ و پوچان.

١١٨) ئاوارە.

(وریـای نوێـژ بە.. نوێـژ)

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسْتَعِينُواْ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ ...﴿١٥٣﴾ البقرة ﴾ ئەگەر لە ترسان چ جێت پێ جێ نەبو، هەورو هۆڵی خەفەت باڵی بەسەر داکێشای، دەردو بەڵا یەخەی بەرنەدای، دەستبەجێ ڕابە دو ڕکات نوێژ بخوێنە، ڕاستەوخۆ گیانو ڕۆحت دێنەوە، خۆو، ئارامی دات دەپۆشێ، بەیارمەتی خوا نوێژ دەردو بەڵا ڕیشەکێش دەکاو ڕەوێنەری تەمو مژی خەمانە.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر دڵی پەست ببوایە دەیفەرمو ((أرِحْنا بالصلاة یا بلال... ئەی بلال بانگمان بۆ بدەو با بەهۆی نوێژ دڵ ئارام))، بین ئەو نوێژە بیلبیلەی چاوی بو، مایەی شادیو گوشادی بو، لاپەڕەی ژیانی کەسانێکی جوانمەردو دڵفراوانم خوێندۆتەوە کاتێ توشی مەرگەسات و کارەساتێ دەهاتن بە سایەی نوێژ کڵپەی ئەشکەنجەو ئازاریان دادەمرکاندەوە، ئینجا شەنگو وزەیان بۆ دەگەڕایەوەو ئومێدو وزە بەرزیان بە بەردا دەهاتەوە.

نوێژە ترسە[١١٩] بە ئەرك دانراوە تاوەکو لە تەنگانەدا ئەنجام بدرێ، ئەو کاتەی شەڕ کڵپە دەسێنێو کاژەڵەی[١٢٠] سەران بە هەوا هەڵدەچێو لەگەڵ مەرگدا گیانبازێ دەکرێ، دیارە نوێژێکی مل کەچانە مایەی ئەوپەڕی ئاسودەییو هەداری دڵانە.

ئەوانەی بەهۆی نەخۆشیە دەرونیەکان هیواو ئومێدیان بە بادا چون بەر لە هەمورێگا چارەیێ پێویستە بەرەو مزگەوت ئاراستە بکرێینو ناوچاوانیان بۆ خوا لە ناو خۆڵدا بنیشێننو ڕەزامەندی خوا وەدەست بێنن، خۆیان لە چنکی ئەو سزایە دژوارە دەربێنن، ئەگینا دەبێ هەندە فرمێسکان هەڵڕێژن تا پێلوی چاویان دەسوژێن[١٢١]، هەندە ئاخان هەڵکێشن تا هەستو ناخیان دادەڕمێن، هیچ وزەیەکی واشیان لەبەردا نیە بەرەو هێمنو ئارامی دەستیان بگرێ تەنیا نوێژ کردن نەبێ.

---

١١٩) ئەو نوێژەیە تایبەتە بە حاڵەتی شەڕو ترسان لە دوژمن.

١٢٠) کەللەی سەران.

١٢١) دەسوتێن.

ئـەو پێـنـج نوێـژەی لـە شـەووڕۆژێکدا ئـەنجام دەدرێـن گـەورەترین خـەڵاتی خـوان ئەگەر دەرکی پێ بکەین، ڕەشکەڕەوەی تاوانن، بەرزکەرەوەی پلەوپایەن، چارەسەرێکی بێ وێنەی ناسۆری و ژانن، داودەرمانێکی سارێژکارن، باوەڕی و متمانە بەخشن.

بەڵام ئەوانەی لە مزگەوت و نوێژ دوورەپەرێزن، جار لە دوای جار حاڵیان شلۆق تر دەبێ و، خەمیان دێتە سەر خەمان و، بەدبەخت و چارە ڕەش تر دەبن ﴿... فَتَعْسًا لَّهُمْ وَأَضَلَّ أَعْمَٰلَهُمْ ... بەشیان هەر نەگبەتی دەبێ و کارەکانی لێ پوچ کردون ﴿٨﴾ محمد﴾ .

بەسـە خوا یاوەرمـان بێ

خۆدانە لای خواو پشت پێ بەستنی، باوەڕی و متمانە پێ کردنی، پێڕازیبون و، ناو بە پاك ڕاگرتنی، ئومێدی دەست گیرۆیی و سەرخستنی، گەورەترین بەروبومی باوەڕو دەست کەوتن، شکۆدارترینی ڕەوشتی بڕوادارانن.

ئـەو سـاتەی بەنـدە ئومێـدەوار بـێ و ئاسـۆی ڕۆنـی لێ دیـار بـێ و تاکـە پاڵپـشتی پـەروەردگار بـێ، هەسـت دەکـا خـوا بەسـەریەوە چـاوەدێرەو، لـە گـشت کـردارێ ئاسانکارێتی، یاریدەدەرو، پشتوانێتی.

کاتێ ئیـبڕاهیم پێغەمبـەر ﷺ خرایـە ئـاگر پـەنای بـۆ خـوا بـرد فـەرموی: "خـوا بەسمانەو چاترین پشت گیرمانە" خـوای میهرەبـان تـینی ئـاگری بـۆ کـردە فێنکایی، پێغەمبـەرمان محمـد ﷺ بـەخۆیو هـاوەڵانی بـە شـالاوی لەشـکرو سـوپای کـوفر ترسـێنران هانایـان بردەبـەر خـواو گوتیـان: ﴿ ...حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾ فَٱنقَلَبُوا۟ بِنِعْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضْلٍ لَّمْ يَمْسَسْهُمْ سُوٓءٌ وَٱتَّبَعُوا۟ رِضْوَٰنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ ... خودامان بێ بەسمانەو پشت پەنامان تەنیا ئەوە. هاوڕێ دەگەڵ نیعمەتو چاکەی خـوادا -بـێ ئـەوەی توشـی زیـان بـن- گەڕانـەوەو هـەڵوەدای ڕەزای خـودا بـون، هـەر خوداشە چاکەی گرنگی بە دەستە، ﴿١٧٤﴾ آل عمران﴾.

مرۆڤـی بـێ چـارە ئەوەنـدەی لەبارەنیـە شـان بداتـە بـەر ڕوداوانو، بەرگـەی مەینـەتیان بگـرێو، زۆرانبـازێ لەگـەڵ کارەسـاتاندا بکـات، چـونکە بـێ هێـزو لاواز

خولقێنراوە، تەنیا ئەو دەمە خۆی بە گوستاخ[١٢٢] و چاپوک[١٢٣] دەزانێ، پشتیوانی و پشت ئەستۆری و کۆمەکی هەر لە خواوە بزانێ، ئەگینا ئەو بەندە دەستە پاچە و هەژارە کێی لە پشتەو کێی لێ دیارە ئەگەر دەردو بەلا لە خۆی بگرن و خەم و خەفەت دەورەی بگـرن ﴿ ...وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ... ئەگـەر ئێـوە بڕواتان بە خودا هەیە، خۆتان بە خوا بسپێرن، ﴿٢٣﴾ المائدة ﴾ المائدة/٢٣.

ئەی ئەو کەسەی دەتەوێ خۆت ئامۆژیاری خۆت بی، پشت بـەو خوایـە ببەسـتە کە بێ نیازەو[١٢٤] خاوەنی ئەوپەڕی هیزەو هەرە زاڵە، تاوەکو فریارەسـت[١٢٥] بـێ لـە هەمو ناخۆشیێ بـە هانـات وەبـێ، بـا دروشـمیشت ئـەو دروشمـە بـێ ﴿ ...حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ ... خودامـان بـێ بەسـمانەو چاکترین پشتو پەنامان تـەنیا ئـەوە. ﴿١٧٣﴾ آل عمران ﴾ .

ئەگەر هەژارو نەدار بـوی، بـێ دەرەتـانو قـەرزار بـوی، بـنج و بنـاوانی بـژێویت دا چۆڕانو وشك بون، دەنگت هەڵبڕەو بڵێ ﴿ ...حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ ... خودامان بێ بەسمانەو چاکترین پشتو پەنامان هەر ئەوە﴾.

ئەگەر لە دوژمـن ترسـای، یـا لەبـەر سـتەمکارێ ڕاچڵەکای، لـە داخـی مەرگەسـاتێ تۆقـای هـاوار کـەو بڵـێ ﴿ ...حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ ... خودامـان بـێ بەسمانـەو چاکترین پشتو پەنامانە ﴾.

﴿ ... وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ هَادِيًا وَنَصِيرًا ... پەروەردیارت بۆ شارەزایی کردنو هاریکاری بەسی تۆیە، ﴿٣١﴾ الفرقان ﴾.

---

١٢٢) ئـازا.

١٢٣) لـێ هاتو.

١٢٤) دەوڵەمەندە.

١٢٥) دادڕەس/ئەو کەسەیە بە هاواری کەسێکەوە بچێت.

بەسـەر زەویدا گەشـتو گـوزار کەن

لەوانەی گوشادی هێنن، خەمووپەژارە ڕەوێنن، گەشتوسەیرانە لە شارو لادێ، ڕێگا بڕینە لە چۆڵو هەردێ، هەڵگەڕانو داگەڕانە لە بەنـدەن[١٢٦] و نـشێوان، ورد بونەوەیـە لە پەرتۆکی ئەو بونەوەرە بەرفرەدا، تاوەکو پێنوس دەسەڵاتی خـوات بەرچـاو کـەوێ کە لەسەر لاپەڕەکانی بون دا نیشانەو بەڵگەی جوانی دەنوسێ، تـاوەکو بـاخ‌و باخـاتی دڵ ڕفێنو چیمەن زارو مێرگی ڕەنگاو ڕەنگ ببینی، لە مانی خۆت بـە دەرکـەوەو لـە هەر چوار دەورت وردبەوە، بە کەژو کێواندا هەڵگەڕێ، بە دۆڵاییانـدا شـۆڕ بـەوە، بـە قەدی درەختاندا سەرکەوە، تێر لە ئاوی زوڵاڵو سازگار بنۆشـە، بـۆنی خۆشـی گـوڵان هەڵمژە، ئەوسا هەست دەکەی گیانت بەرهەڵو ئازادەو، وەکو باڵندەی دەم بە جریـوە دەخولێتەوە لە بۆشایی ئاسمانی بەختەوەریدا، بە دەرکەوە، پەردەی ڕەشی بەرچاوت هەڵماڵە، پاشـان ڕێگـەو ڕێـچکەکان بگـرە بـەر لـەو زەمینـە بـەر فـرەدا بـە دەم یـادو ستایشەوە بگوزەرێ.

ئەگەر ئامادەی لەو ژورە تەنگە بەرەدا خۆت مەڵاسدەی[١٢٧] لەگەڵ ئەو کات بەتاڵیـە کوشندەی ژیـان بەسـەربەی چـاترین چـارە ڕێگایـە بـۆ ئـەوەی خـۆت لەناوبـەی، ئـەو ژورەی تێی دای بریتی نیە لە هەموجیهان، نە تۆش بریتـی لـە هەموخـەڵک، کەوایـە بۆچی ئەوەندە لە دەستی شاڵاوی دڵ پەستێدا چەپرەک‌و لەرزۆکی، دە هەستە بێـدار بـەوەو دەنـگ هـەڵبڕە، چـاو هەڵێنـەو گوێـچکەو دڵـت بەکاربێنـە ﴿ٱنفِرُواْ خِفَافًا وَثِقَالًا ... سوك بار بـن یـان گرانبـار بـن، ڕێ دابگـرن[١٢٨]، ﴿٤١﴾ التوبة﴾ التوبـة/٤١. دەوەرە لە ناو ئەم جۆمو جۆبارانەدا، لەو بیشەڵانەو دارستانەدا، قورئان بخوێنـەو بـا دەنـگ‌و ئـاوازت ئاوێتـەی چـریکەو دەنگـی بولبـولان بـێ، کـە گوتـاری خۆشەویـستی

---

١٢٦) هەوراز.

١٢٧) خۆت حەشار دەی.

١٢٨) ڕاپەڕن.

دەخوێننـەوە، بـا دەنگت ئامێتـەی[١٢٩] خـۆڕەو هـاژەی ڕوبـار بـێ کـە سەرگوزەشـتەی داڕژانی لە بەرزاییەوە دەگێڕێتەوە.

بێگومان گەڕانو سوڕان بە شوێنەواری زەویدا تامو چێژێکی وای هەیـە پزیـشکان ئامۆژگاری کەسانێکی پـێ دەکـەن دڵ تونـدن، کـپـو کـلاّ[١٣٠] لـە تاریکایی ژورەکەیانـدا دامـاون، ئـەی ئـەو کەسـەی بـەو شـێوە خـۆت حەشاردراوە ڕەگەڵمانکـەوەو بـا گەشت کەین، با کەمێ دڵخۆش بینو وچـان دەیـن وردبینـەوەو ئەندێشـــەمان وەکارخـەین ﴿..وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَٰطِلًا سُبْحَٰنَكَ ... لـــە سـازدانی ئـەم عاسمـانو زەمینـەش ڕادەمێـنن، دەڵێن: ئـەی پەروەردنـدەمان! تـۆ ئـەم دەزگایەت بە فیڕۆ سازنەداوە، پاکیو بێ عەیبی هەر بۆ تۆیە، ﴿١٩١﴾ آل عمران﴾ .

بە ئارامگـرتن خۆت بلاوێنـەوە

خـۆ خەملاّنـدن[١٣١] بـە ئـارام گـرتن لـە خوڕەوشـتی ئـەو لێ هاتوانەیـە بـە دڵێکـی بەروەدەو[١٣٢] هەستێکی پۆڵایینو بەرگرییێکی بەتینەوە لە ڕوی ناخۆشیاندا دەوەستن.

دەی کە منو تۆ ئارام گر نەبین چمان لە دەست دێ؟ هیچ دەرەتانو پـەنایێ هـیچ چارەو توێشوێ گومان دەبەی تەنیا ئارامگری لێ بترازێ؟.

گەورە پیاوی وا هەبووبوە شانۆیەك مەینەتیەکان پێ کۆڵەیان لـێ دەکـردو، ببـوە گۆڕەپانـێ ئەشکەنجەکان پێـشبڕکێیان تێـدا دەکـرد، لـە دەسـت دەردێـك ڕزگـار دەبـو دەردێکی تر دەبوە مێوانی، بەڵام ئەو ئارامگری دەکردە مەتاڵو، بە ئومێدو کۆمەکی خوا خۆی زرێ پۆش دەکرد.

---

١٢٩) ئاوێتەی/تێکەڵاوی.
١٣٠) بێ دەنگ و جودا.
١٣١) خۆ ڕازاندنەوە.
١٣٢) فراوان.

هەر ئەوە نـەریتی ئـەو مەردانەیـە، ملـملانێی کارەسـاتان دەکـەنو خـەمان لـە دڵ بەبا دەکەن.

کاتێ ئەبو بەکر ﷺ نەخۆش کەوت سەردانیان کرد، پێیان گوت: پزیـشکێکت بـۆ بانگ نەکەین؟ لە وەڵامدا گوتی: پزیشك منی بینیوە[١٣٣]. گوتیـان: چـی پـێ گـوتی؟ لـە وەڵامدا گوتی: پێم دەڵێ: من هەرچی بمەوێ ئەنجامی دەدەم.

ئـارام بگـرەو ئارامگریـت تـەنیا بـە خوایـە، ئـارام بگـرە وەکـو ئـارامگرتنی کەسـێ کەلی[١٣٤] ڕونی لێ دیارە، بۆ پاداشتی خوازیارە، ئارەزومەندی نەمانی تاوانو سوك بونی بارە، ئارام بگرە هەرچەندە مەرگەساتی ڕەشت لە پـێش بـێ، ئـارام بگـرە هەرچـەندە ڕێو بانی ژیانت تاریك بێ، چـونکە سـەرکەوتن لـە دوای ئارامگرتنـە، سـەرفرازی لـە دوای خەفەت خواردنە، لە دوای هەمودەردە سەرێی حەسانەوەو سرەوتنە.

سەربوردەی چەندین کەسایەتی هەڵکەوتەم خوێندۆتەوە کە بەو ژیانـەدا ڕابـڕاون لەبەر خۆگریو ئارامی وان هیدمە گرو سەرسام ماوم، کاتێ بەڵاو چورتم بەسەریاندا دەبـارین هـەروەکو بڵێـی دڵۆپـە بـارانی فێنکـی بـەهارین، وەکـو کـەژو کێـوان بـون نەهەژان، وەکو حەقو ڕاستی بون دا دەسەپان، تەنیا ماوەیەکی کورتی پـێ دەچـو لـە ناکاو وەکو خۆر ڕویان بەسەر کەلو ئاسۆکاندا دەدرەوشـایەوە، بـەیانی ئازادیـان لێدا دەهاتو سپێدەی[١٣٥] ڕزگاریو سەرکەوتنیان لێ هەڵدەهات. بگـرە لـەوەش زیـاتر ئـی وا هـەبو وێـڕای ئـارامگرتنی زۆرانبـازێی لەگـەڵ خەمانـدا دەکـردو بـەرەو ڕوی دەردو بەڵایان هاواری دەکردو ئەو سەری مەیدانێی دەگرت.

---

١٣٣) مەبەستی لەو پزیشکە خوابو.

١٣٤) ئاسۆی.

١٣٥) بەرەبەیانی.

(گوێ زەوی بەسـەر، سـەرتەوە هەڵمەگرە)

کەسـانێ هـەن جـەنگێکی جیهـانی لـە دەرونیانـدا دەگـەڕێ، کەچـی لەسـەر پێخەفەکەیان پاڵ کەوتون، هەر کاتێ ئەو جەنگە دامرکا دەست کەوتەکانیان بریتین لە بریـنی گەدەو پاڵەپەستۆی خوێنو نەخۆشی شەکرە.

لەگەڵ ڕوداوێ هەڵدەقرچێن[١٣٦]، بـە گـران بـونی نرخـی کـەڵو پـەل مـرچو مۆنن، بە درەنگ بارینی باران دادوهاواریان لێ هەڵدەستێ، بە دابەزینی نرخی دراوان کێچیان دەکەونە کەوڵی، هەمیشە لە ژیان بێزارن، بـێ ئـۆقرەو نیگـەرانن، ﴿يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ ... هەرهەرایەك لە دژی خۆیان دەزانن ﴿٤﴾ المنافقون﴾.

ئەو وتەی من لە گـوێ بگـرە، گـۆی زەوی بەسـەر سـەرتەوە هەڵمـەگرە، کارەسـاتو ڕوداوان بەڵاوە نـێو لە ناو هەناوانی مەنـێ. جۆرە کەسانێ هەن دڵیان وەکو ئیسفەنـج پـڕوپاگەنـدە هەڵدەمـژێ، لـە مـشتێ نـاو بـە مـەلـە دەکـەوێ، سـەبارەت بـە ڕوداوێ دەهەژێ، بەرگەی چوکرترین ئازار ناگرێ، ئا ئەو دڵـە بـەڵێنی دەرە، کـە خاوەنەکـەی داڕوخێنـێو قەوارەی داتەپێنـێ.

ئەوانـەی خـاوەنی ڕێـبیری ڕاسـتن بـە داخو کەسـەران هەڵناچـن، بەڵکـە پەنـدی لێ وەردەگرنو باوەڕیو متمانەیان خەسـت تـر دەکـەن، ئەوانـەش کـە خـاوەنی نـاخێکی داڕماون بە ناخۆشیان دەشـێوێنو پـتر لـە جـاری پێـشو دەتـۆقێن، ئەوەنـدەی دڵێکـی بوێرو بێ پەروا[١٣٧] لە زریانو گەردەلولی مەرەگەساتدا لە هانات دێ، هیچ شـتێکی تـر ئەوەنـدە دادت نـادا، جـا مـەردو ئـازا ئـەو کەسـەیە کـۆڵ نـادا، دەرونـاخی فراوانـەو هەسـتو نەسـتی ئاوەدانە، دڵنیایەو داسەپاوە، ئاسـودەیەو دڵ حەسـاوە، بـەڵام مرۆڤـی بێ جەرگو نەوێر ڕۆژێ چەند جار خۆی دەکاتە قوربانی هەواڵی ناڕاسـتو خـەونو خەیاڵی نادروست.

---

١٣٦) دەسوتێن.

١٣٧) بێ ترس.

ئەگەر تـۆش خـۆش گوزەرانیـت گەرەکـە لـە ڕوی مەینەتیەکانتـدا بوەستـەو پـشت هەڵ مەکە، با ئەوانەی لە ناو گێژاوی دڵاو دڵیدان[١٣٨] بە سوکو چروکت نەزانن، تۆش بە سایەی داوتەڵەی وان دڵ تونـد مەبـە، لـە ڕوی مەینـەتیو کڵۆڵیدا وەکو چیا بـە مەلەخشێ، بە تەوژمی خەمان مەشـلەژێ، تونـدو تـۆڵ بـەو بـە گـەردەلولی پەتـەران لول مەدرێ، ئای چەندە جێی دڵ پـێ سوتانو سـۆز بـۆ نواندنن! ئەوانـەی خـاوەنی دڵێکـی لاوازن بەروەسـتی هـیچ ناخۆشـییکی ڕۆژگـار نایـەن ﴿ وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ ٱلنَّاسِ عَلَىٰ حَيَوٰةٍ ... بێگومان دەیانبینی لە هەموکەس لە دنیادا بۆ ژیانێ تامـەزرۆترن ﴿٩٦﴾ البقرة ﴾.

بـەڵام ئەوانـەی دڵنـەوازو[١٣٩] گوشـادن، لـە لایـەن خـواوە هـاریکاری کـراون، پـشت ئەسـتورن بەو بەڵێنـــــەی خـوا پێـــی داون ﴿ ...فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ... سا ئۆقرەو دڵنیایی نارده سەریان،﴿١٨﴾ الفتح ﴾.

بە شـتی کـەم بایەخ مـــەڕوخێ

چەندین کەس کە خەمبارن ســـەبارەت بـە شـتێکی بـێ هـەڕمێنو نەشـــیاوە، کـە بەڵا بارن!!.

سەرنجی دو ڕوەکان بدە چەند وردە داتە پیو دڵسـت[١٤٠] و بەزیون.

ئا ئەوە گوتەو هەڵوێستیانە: ﴿ ...لَا تَنفِرُوا۟ فِى ٱلْحَرِّ ... لـەم گەرمایـەدا دەرمەکـەون، ﴿٨١﴾ التوبـة ﴾. ﴿ ...ٱئْذَن لِّى وَلَا تَفْتِنِّىٓ ... ئیزنمـان بـدە بـا نەیـەین نـەوەك توشـی گوناهان بین، ﴿٤٩﴾ التوبة ﴾. ﴿ ...إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ ... کـەسمان لەسـەر مالّەکانمان دانـەناوە

---

١٣٨) دو دڵی.
١٣٩) دلگوشادی.
١٤٠) ترسنۆك.

ئاگـای لێ بـێ. ﴿١٣﴾ الأحـزاب ﴾. ﴿ ... نَخۡشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٞۚ ... دەڵێن: ئێمـە دەترسـین تووشـی بـەڵا بـین، ﴿٥٢﴾ المائـدة ﴾. ﴿ ...مَّا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ إِلَّا غُرُورٗا ... ئـەو بەڵێنـەی خـوداو پێغەمبـەر دەیانـدا هـەر بـۆ فریـوی ئێمـە بـو. ئـای لـە ئـابڕوی تکاویـان لـە زەبونیو دەرونی دارماویان! ﴿١٢﴾ الأحزاب ﴾.

ویستو خواستیان تەنیا تەژی[١٤١] هورگەو، کۆشکو تەلارو باڵەخانەی بەرزە، جارێ چاویان بەرەو ئاسمانی سـەرەوەیان هـەڵنایێنن، لـەو هەمووبـەهرەو بەخشـانەی وەك ئەستێران درەخشانن[١٤٢] ڕانامێنن.

خەمی هەریەك لەوان پلەی هەرەژوری هۆشو بیریان: تـەنیا ئاژەڵەکانو، بـەرگو پۆشاکی بەریانو ڕازاندنەوەی خوانیانە، دەبینی خەڵکانێکی زۆر لە بەیانی تا ئێوارە تـەنیا لـەوە خەفـەت بـارن لەگـەڵ هاوسـەریان، یـا منـدااڵیان، یـا خـزمو خۆیـشییان، نالـەبارن، یـا گـوێ بیـستی وتەیـەکی ناهـەموارن، یـا لەبـەر نوانـدنی هەڵوێـستێکی ناشایستەیە بێزارن.

هەر ئەوە بەڵاو مەینەتی وانە، هیچ مەبەستو ئـاواتێکی باڵایـان نیـە خـۆی پێـوە سەرقاڵ کەن، ئاشنای هیچ کردەوەیەکی بایەخدارو شکۆدار نین کاتی بـەتاڵی پـێ پـڕ کەن، هەر بۆیە گوتویانە: ئەگـەر جامـێ ئـاوی لێ بـەتاڵ بـێ پـڕ لـە هـەوا دەبـێ، دەی کەوایە بزانە ئەو کارەی پێیەوە سەرگەرمیو هەراسانی، ئـەو هەمووهـەوڵو کۆششەی دەوێ؟ چـونکە تـۆ بـیرو هـزرت خـوێنو گۆشـتت، کـاتو سـاتو سـەروتنت، کردۆتـە قوربانی ئەو کارە، ئـەوە تێشکانو دۆڕانـی مامەڵەیـەو، بەرهەمەکـەی بـێ بایەخـەو، زیانیشی ڕونو دیارە، زانایانی دەروننـاسیش دەڵێن: بـۆ هـەمو شـتێ سـنورێکی شـیاو دابنێ، لـەوەش ڕاسـتتر وتـەی خوایـە کـە دەفـەرموێ ﴿ ... قَدۡ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَيۡءٖ قَدۡرٗا ... دیارە خودا بۆ هەر شتێ ئەندازەیەکی داناوە، ﴿٣﴾ الطلاق ﴾.

---

١٤١) پڕ کردنی.
١٤٢) تروسـکەدارن.

جا هەمو کردارو فەرمانێ بە پێی سەنگو بەهاو پلەو ڕێزی هەڵسەنگێنە، وریای زیادە ڕۆیی بەو سنوریش مەبەزێنە.

ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی لە ژێر دارەکەدا پەیمانو بەڵێنیان بە پێغەمبەری خوادا ﷺ ئەوەی بە بیریان دا دەهات تەنیا بەجێ هێنانی ئەو بەڵێنە بو، بە سای ئەوە ڕەزامەندی خوایان وەدەست هێنا، بەڵام پیاوێ کە هاوڕێیان بو، خەمی لە پێناو وشترەکەی دابو، بۆیە ئەو هەلە زێڕینەی لە دەست چو سەرەنجامی بێ بەشیو خەشمو قین بو.

تۆش شتی بێ بەها بەلاوە نێ خۆتی پێ سەرقاڵ مەکە هەست دەکەی زۆربەی خەفەتت لە کۆڵ دەبێتەوەو ئارامو بێ وەی سەر دەنێیتەوە.

لە بەشی خوا پێداوت ڕەزامەندی بنوێنە لە گشت کەسێ زەنگین تری

هەندێ لە هۆکاری ئەو مەبەستە ڕابران، بەڵام بۆ بەرچاو ڕۆنی بە تێروتەسەلی لەوبارەوە دەدوێم: بێ سۆ[١٤٣] پێویستە ئەو بەشەی لە لایەن خواوە بوە بە خەڵاتت هەر لە شێوەی لەشو لارت، مـاڵو منـاڵو گوزەرانـت، خـانو بـەرەو بـەهرەکانت، ڕەزامەندی لێ بنوێنیو دڵ لە دڵ نەدەی، ئەوەش خوازراوی قورئانە کە دەفەرموێ ﴿...فَخُذْ مَآ ءَاتَيْتُكَ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٤٤﴾ الأعراف﴾، زۆربەی زانایانی پێشینیو زۆرەهای وەچەی یەکەم، گوزیرو[١٤٤] کەم دەرامەت بون، نە خاوەنی دارایی زۆرو، نە خانوبەرەی پان پۆڕو، نەپێڕۆو چارەوێی[١٤٥] جۆراو جۆرو، نە خاوەنی دەستو پێوەند بـون، لەگـەڵ ئەوەشـدا نمونـەی جوانکـاری ژیـان بـون، خۆیـانو مرۆڤایـەتیان پـێ بەختەوەر بون، چونکێ ئەو بەهرەو پشکەی خوا پێی بەخشیبون، لە جێگای خۆیـدا بەکاریان دێنا.

---

١٤٣) بێگومان.

١٤٤) دەست کورت.

١٤٥) وەڵاخی سواری.

لـە بەرامبـەر ئـەو کۆمەڵـە نـاوازەدا کۆمـەڵێکی تـر هـەبون، خـوای گـەورە مـاڵو سامانێکی زۆرو نـازو گـۆزێکی زەوەنـدی بەسـەردا ڕشـت بـون، بـەڵام لـە جیـاتی پێـی ئاسودە بن، پێی بەد بەختو چارەڕەش بون، چونکێ خۆیان لە یاسای پـاکو پـاراوی خـواو سروشـتی خۆڕسـکیان هـەڵبوارد بـو، ئـەوەش باشـترین بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی دەرامەتو سامانداری هەموکەڵەبەری ژیان پڕ ناکاتەوە، سەرەنجدە کەسـانێ هـەڵگری چەندین بڕوانامەی جیهانین، کەچی لە بەهرەو زانسـتو پلـەو پایەیانـدا بـێ گـرێو گـاڵ نـین، ئەگـەر چـی کەسـانێکی تـر هـەن خـاوەنی زانسـتێکی سـنوردارن، بـەڵام بـە سایەی ئەوەی لێی سود مەندو بەهرەمەندن بە باشی ڕەنێویان هێنـاوە، لـەو زانسـتە کەمە ڕوبارێکی بە تەوژمی لێ هەڵقوڵاوە.

ئەگەر بەختەوەریت گەرەك بێ قایل بە بەو شـێوەی خـوا تـۆی تێـدا نەخـشاندوە، ڕەزامەندی بنوێنە لە دەنگـو ڕەنگـو هۆشو بیرت، لەو حـاڵو گوزەرانـەی خـوا تـۆی تێدا ڕەخساندوە، بەڵکە هەنـدێ لـە پـەروەردەکارو دنیـا بـە کـەم گـران، لـەوە دورتـر سەرنجیان داوە پێت دەڵێن: قایل بە بە کەمترو نزمتر لەوەی خوا پێی داوی.

فـەرمو ئـەوە لیـستێکی سـەر سـوڕمێن پـڕە لەوانـەی بـەهۆی هەڵوێـستی جوامێرانـەیانو دنیـا بـە کـەم سـەیر کردنیـان دەتروسـکێن: (عـەتائی...ی کـوڕی (ڕەباح...یەکێ بو لە هەرە زانا بـا نـاو بانگـەکانی چـاخی خۆیـدا کەچـی کۆیلەیـەکی ڕەشی نا بەرچاو بو لە ڕواڵەتدا.

(ئەحنـەف)ی کـوڕی (قـەیس) بـە نـەرمو نیـانو لەسـەرخۆی هەموعـەرەب نـاوی دەرکرد بو، کەچی لە ڕواڵەتدا کەسێکی کزو لاوازو بە لەباریکە بو[١٤٦].

یەکێکی تر لە کۆیلەکان بە ناوی (ئەعمەش) فەرمودە ناسێکی نـاوداری دونیـا بـو، کەچی کەسێکی چاو کزو دەست کورتو جل شڕو نابەرچاو بو.

بەڵکە پێغەمبـەرانی شکۆدار ﷺ هەمویان مەڕو مااڵتیان لەوەڕانـدوەو شـوانەتیان کـردوە، بەهـەمان شـێوە پێغەمبـەر داود ئاسـن گـەری کـردوەو زەکـەریان دارتاشـی کردوەو پێغەمبەر ادریس بەرگ دوری کردوە، کەچی ئەوان سەردەستەو هەڵبژاردەی مرۆڤایەتی بون.

---

١٤٦) ڕەق و باریکە بو.

کەواتە نرخو سەنگی تۆ لە بەهرەو کـردە چاکەکانتداو لـە سـودمەندیو ڕەوشـتی بەرزتـدا وەدی دەکـرێ، بـەهۆی لەدەسـتدانی جـوانی یـان زیـانێکی گیـانی یـا سـامانی مەڕەنجێ، ڕەزامەندی بنوێنە لەو پـشکەی لـە لایـەن خـواوە بڕیـاری لەســـەر دەدرێ ﴿ ..نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَوٰةِ الدُّنْيَا ۚ وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا ۗ وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ... ئێمـە بـژێوی ئـەوانمان لەسـەر دنیا بۆ بەش کردون، ﴿٣٢﴾ الزخرف ﴾.

(ئەو بەهەشـتە وەیادخـەوە پانتاییەکەی بارتەقای ئاسمانەکان و زەویە)

ئەگەر لە ژیانی ئەو دنیایەدا ڕوتو ڕەجاڵ بوی، یا دڵ پەستو بەربەلا بوی، یا لە مافی ڕەوای خۆت بێ بەش بـوی، بـە سـتەمی سـتەمکارێکە وە گرفتـار بـوی، خۆشـیو شـادی بەهەشـتێکی بـێ وێنـە وەیـاد خـەوە، جـا ئەگـەر ئـەو بـیرو بـاوەڕت لـە دڵدا بسەپێو کردو کۆشت بۆ ئەو سەرەنجامە بـێ، زیانبـاریـشت بـەرەو قـازانجو دەرامـەت وەردەچەرخێ، کلۆڵیو کارە ڕەهات[١٤٧] دەبنە بەخششو خەڵات.

ژیریـارترین کـەس ئەوانـەن هـەوڵو ڕەنجیـان بـۆ دوا ڕۆژە، چـونکە دوا ڕۆژ نەبڕاوەیەو پتـر جێگای ئومێدە، گەلۆر[١٤٨]ترین کەسیش ئەوانەن لایان وایە دنیا جێی پـشودانی یـەکجارەکیو ئاسـودەیی هەمیـشەییەو بەوپـەڕی خۆزگـەو خواسـتیان شـاد دەبـن، بـەڵام لـە کـاتی توشهاتنی کارەسـاتدا بـێ زاڵـە[١٤٩]تـرین مـرۆڤن، لـە مەینـەتیو کزوریدا[١٥٠] ژێوانی[١٥١] دەیانگرێو پەنجەی پەشیمانی دەگەزن.

---

١٤٧) پەڕێشانی.
١٤٨) بێ کەڵک/گێڵ.
١٤٩) ترسەنۆک.
١٥٠) پێویستیدا.
١٥١) پەشیمانی.

لەبەرئەوەی دەستخەڕۆی ئەم ژیانە بێ ڕەواجەن، تێڕوانینو بیری کورتیان تەنیا لەو دنیایە بێ بنجەدا[١٥٢] کاری گەرە، هەوڵو ڕەنجیان تەنیا بۆ ئەو ژیانە دوابڕاوەیە، ئەوان نایانەوێ ژیانی دنیایان لێخن بێ، ئەگەر بێو ئەوان توێژی[١٥٣] سەر دڵیان ڕامالن، پەردەی ڕەشی بەرچاویان هەڵماڵن، چاودڵیان دەکرێنەوەو، نازو نۆزی بەهەشتو کۆشكو تەلارەکانی وەبیر خۆیان دێننەوەو، گوێ قوڵاخی نیگای خوا دەبن کە دەربارەی باسو خواسی ئەو بەهەشتە دەدوێ، جا سوێند بە خوا هەر ئەو دوا ڕۆژەیە شیاوی ئەو هەوڵ بۆدانەو ڕەنجەیە.

ئایا بە بیرو هزرێکی قوڵەوە بیرمان لە باسو خواسی بەهەشتیان کردۆتەوە کە نە دەردە سەریو خەفەتباری دەیان گرێو، نە مەرگ بەرۆکیان لێ دەگرێ، هەمیشە هەر گەنجو لاون، بەرگو پۆشاك دانەڕزاون، لە خانوبەرەی وادا ژیان بەسەر دەبەن دەروژوریان لە یەك دیارن، شتی وای تێدا ڕەخساوە بە هیچ چاوێ نەبینراوەو بە هیچ گویچکەیێ نەبیستراوەو بەسەر دڵی هیچ مرۆڤێکیشدا ڕانەبراوە، ئەگەر سوارێ لە ژێر یەکێ لە درەختەکانی سەد ساڵ بڕوا ئەو ڕێگایەی پێ نابڕێ، چادری وای لێ هەڵدراوە درێژی سەد میلی تەواوە، ڕوباراوەکانی هەمیشە بە خوڕ دادەڕژێن، کۆشکەکانی باڵا بەرزنو دەدرەوشێن، هەڵچنینی میوەی ئاسانە، کارێزو کانیاوەکانی هەمیشە هەڵقوڵاون، تەختو تاراجی بەرزن، لێوانو پەرداخی بۆ پێ خواردنەوە ئامادە کراون، سەرینەکانی بۆ پاڵکەوتن ڕیز کراون، ڕایەخەکانی ڕاخراون، ببڕای ببڕ[١٥٤] ئاسودەیی نەبڕاوەیە، نازو گۆزی بەرفرەیە، بۆنی خۆشی بەروەدەیە[١٥٥]، بە زمان باسی لێ وەناکرێ، هەرچی ئاواتو خۆزگەیە لەوێندەردا وەدەست دێ، بۆ کام لاچوە هۆشو بیرمان بۆ بە لای ئەو باسەدا ناچێ؟! جا بۆچی ئەو باسو خواسەمان لەیاد چێ؟!

ئەگەر سەرەنجاممان بۆ ئەو دوا ڕۆژە بێ، دەبا بەرە بەڵاو مەینەت باران باری خەمیان لەسەر سوك بێ، با دڵیان شادو چاویان ڕۆن بێ.

---

١٥٢) بێ بناغە.

١٥٣) توێکلی.

١٥٤) تا هەتایە.

١٥٥) بەربڵاوە.

ئـەی ئەوانـەی بـەهۆی هەژاریـەوە دڵشکاون، بـە سـای نەداریـەوە دڵڕەنجـاون، بـە دەست دەردەوە حەپەساون، هەوڵ دەن لەو ژیانەدا تۆوی چاکەی بـچێنن، تـاوەکو لـە بەهەشـتی خـوادا -پـاکی و شـکۆداری بـۆ ئـەو- داهـاتو بەرهەمەکـەی بدورنـەوەو لـە ئارامگەی ئەودا خۆوە حەسێنن ﴿سَلَٰمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ ۚ فَنِعْمَ عُقْبَى الدَّارِ ... هەر لە سای هێمنی دا بن، چونکە ئێوە خۆڕاگر بون، پیرۆزتان بێ دوا ڕۆژی ڕون، ﴿٢٤﴾ الرعد﴾.

ئێمـە بە نەتەوەیەکی مـام ناوەندی خوڵـقاوین[١٥٦]

یەکسانی خـوازراوێکی ژیریـەو بـە پـێی یاسـای خـوا پەسـندە، جـا پێویـستە نـە زیادەڕۆیی نە سنور بەزێنی، نە قرچۆکی و[١٥٧] نە دەست بلاوی، بەڵکە مـام نـاوەجێتی بنوێنین، هەر کەسێکیش مرازی[١٥٨] بەختەوەری بێ، دەبێ بەسەر هەستو سۆزیدا زاڵ بێ، هاوسەنگی لە نێوانی هەڵچون و داچونیدا ڕابگرێ، لە شینو لـە شاییدا دانـی بـە خـۆدا بگـرێ، چـونکە زیـاد پـێ ڕاکێـشان لـە بـەڕێ خـۆتو هەڵـچون لەگـەڵ ڕوداوان ستەمێکە دەرحەق بە گیانو دەرونت ئەنجامی دەدەی، سەیر کە ژیـان بـە یەکسانیو هاوسـەنگی چـەند جـوانو ڕازاوەیـە، بێگومـان یاسـای خـوا بـە یەکسانی دابـەزیوەو ژیانیش لەسەر دادوەری ڕەخسیوە، ماندوشەکەت ترین کەسیش ئەو کەسەیە بەندەی هەواو هەوەسێتیو دەستەمۆی هەستو خواستێتی، لەو کاتو ساتەدا ڕوداوەکانی لـە لا گەورە دەبێو هەر چوار چێوەی ژیـانی دەبێتـە تاریکایی ئەنگوسـتە چـاو، لـە نـاو دەرونیدا شەڕێکی دەستەویەخەی کینەو ڕقە بەری پیادە دەکرێ، لەبەرئەوەی لـەناو خەونو خەیاڵدا ژیانی بەهەدەر دەدا، هەتاوەکو ئی وایـان هەیـە بـە ئەندازەیـەکی وا بیر دەکاتەوە پێی وایە هەموخەڵك نەیارێتیو، شـەوو ڕۆژێ پیلانـی لـە دژ دەگێـڕنو هەموجیهان بۆی لە سەنگەردا، هەر لەبەر ئەوەیە لەناو تەمومژێکی ڕەشو گێـژەی[١٥٩] خەمو خەفەتو پەژارەدا ژیان بەسەردەبا.

---

١٥٦) ئاماژەیە بۆ ئەو ئایەتە: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا ﴿١٤٣﴾ البقرة﴾.

١٥٧) ڕەزیلی.

١٥٨) مەبەستی.

١٥٩) گێژەلوكە/گێژاوی.

شێواندنو شڵەژاندن ئەگەر چی بە پێی سروشتی مرۆڤ کارێکی ئاسانە بەڵام بە پێی یاسای خوا یاساخەو،[١٦٠] تەنیا کەسانێکی بێ سەرمایە لە خوونەریتی بەرزو بنەما خواییەکان پیادەی دەکەن ﴿يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ ۚ هُمُ الْعَدُوُّ ... هەر هەرایەك لە دژی خۆیان دەزانن. ئەو دوژمنن، ﴿٤﴾ المنافقون﴾.

با دڵت لە شوێنی خۆی ئۆقرە بگرێ، زۆربەی ئەو مەترسیانەی چاوەڕێ دەکرێن نایێنە جێ، دەشێ بەر لە ڕودانی ئەو مەترسیەی چاوەڕێی دەکەی، پێشبینی خراپترینی بواری نالەباری بۆ بکەی، پاشان خۆت ناچارکەی کە باوەڕکەی، لەو ساتەدا سەرت لەو گێژاوە شومانە دەردەچێ کە دڵ هەپڕون بە هەپڕون دەکەنو هێشتاش ڕوداوەکە هەر لە شوێنی خۆیدا ماوەتەوەو ڕوی نەداوە.

ئەی کەسی ژیریارو هۆشمەند هەموشتێ بە قەبارەی خۆی هەڵسەنگێنەو بارودۆخو گرفتەکان لە خۆیان گەورەتر مەکە، بەڵکە مام ناوەنجیو بە ویژدان بە سنورت مەبەزێنەو، خۆت لەگەڵ گومانو خەیاڵدا مەڕەوێنە، بە دوای تراویلکەی ١٦١ هەڵخەڵەتێنەردا مەگەڕێ، گوێ بگرە لەو هاوسەنگیەی نێوانی ڕقەبەریو خۆشەویستی لەو فەرمودەیەدا ((احبب حبيبك هونا ما، فعسى ان يكون بغيضك يوماً ما، وابغض بغيضك هوناً ما، فعسى ان يكون حبيبك يوما ما... با ئاستی خۆشەویستیت بەرامبەر خۆشەویستەکەت سنوردار بێ، چونکە دەشێ ڕۆژێ دابێ ببێتە ناحەزت، ڕقت لە ئاستی نەیارتدا سنوردار بێ دەشێ ڕۆژێ ببێتە خۆشەویست)) ﴿عَسَى اللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً ۚ وَاللَّهُ قَدِيرٌ ۚ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ... شایەد خودا لەناو ئێوەو ئەو کەسانەی دوژمنایەتیو دەکردن، دۆستایەتی دامەزرێنێ. خوا توانایەو خوا دەبورێو دلۆڤانە، ﴿٧﴾ الممتحنة﴾. دڵنیابە زۆرێك لە هەوالی مەترسیدارو پڕوپاگەندەی نابەجێ ناگاتە جێ.

---

١٦٠) قەدەغەیە.

١٦١) سەراب/بەو شوێنە دەگوترێ دور بە دور لە بیابانداو بتریسکێ وابزانن ئاوە بەڵام هەونەبێ.

(خەمو پەژارە نە سودمەندە، نە بە پێی یاسای خوا پەسندە)

خوای بێ هاوتا لە چەندین جێگا خەمو خەفەت یاساخ دەکا دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَهِنُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ ... با سستی ڕوتان تێنەکاو خەمیش مەخۆن، ﴿١٣٩﴾ آل عمران﴾.

﴿ ... وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ ... خەمیان مەخۆ، ﴿١٢٧﴾ النحل﴾.

بە هەمان شێوە بە دوری دەگرێ لە دۆستانی خۆی ڕوبدا، دەفەرموێ: ﴿...فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ... نە هیچ ترسیان لەسەر هەیەو نە خەم دەخۆن، ﴿٦٩﴾ المائدة﴾.

کلۆڵی مایەی خاموش کردنی کڵپەی خوازیاریەو، کپ کردنی گیانی بەر خودانو وەرە بەرزیە، مایەی پەشۆکانو خەم ساردیە، پەتاییکە جەستەو پێکهاتەی ژیان لە پەلو پۆ دەخات.

نهێنی ئەو دیاردەیە ئەوەیە: خەمۆکی لێت ناگەڕێ بەرەو پێش هەنگاو هەڵێنی بەڵکە ڕێت پێ دەگرێو دەتوەستێنێ، بارو کەسەری سەر دلانەو خۆشەویست ترین کردەی شەیتانە: تاوەکو بەندە دڵکێش[١٦٢] بکاو لە ڕێڕەوی ژیانیدا بیپچڕێنێو بی کەوێنێ، خوای کردگار دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلنَّجْوَىٰ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ لِيَحْزُنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ... سرتە[١٦٣] لە شەیتانەوەیە، هەتا خاوەن باوەڕانی پێ خەمگین کا، ﴿١٠﴾ المجادلة﴾.

هەروا پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردوە لە نێوان سێ کەسدا دویان بە سرتە بدوێنو ئەوی تریش فەرامۆش کەن، چونکێ پێی دەڕەنجێ.

دڵڕەنجاندنی بڕواداریش شیاوی ئەوە نیە بخوازرێو کەسیش لە پێناویدا هان بدرێ، لەبەر ئەمە دەردو ئازارێکە دەرونی پێ گرفتار دەبێ، هەر سەبارەت بە مەیە لە موسڵمان دەخواسترێ ئەم خەمۆکیە تووڕاو[١٦٤] ڕامی ژێر دەستی نەبێ، بەڵکە

---

١٦٢) دلگیر.

١٦٣) قسەی بە ئەسپایی .

١٦٤) فڕێ دا.

بەرەنگاری ئەم دیاردەیە ببێتەوەو هەرچی هۆکاری پەسندە دەستەبەری کاو خەفەتباری پێ قەلا چۆ کاو هەڵوەدری کا.

هەر لەم پێناوەدا کە خەم نەخوازراوەو، نە ویستراوەو، ڕەچاوی دەستکەوتو بەهرەی لێ نەکراوە، پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی لێ پەناداوە، دەفەرموێ: ((اللّهم إني اعوذ بك من الهم والحزن... خوایە پەنات پێ دەگرم لە خەمو پەژارە)).

وشەی "الحزن" لەگەڵ وشەی "الهم" دا هاو واتان تەنیا لەوەدا جیاوازن، ئەگەر خەمو پەژارە لە پێناوی داهاتودا بێ ئەوە بە وشەی "الهم" ناوزەد دەکرێ، بەڵام کە لە پێناوی ڕابردودا بێ بە وشەی "الحزن" ناوی دەبرێ، کەچی هەردوکیان قایرۆسی وزەی دڵن لەبەرەو پێش چونیدا ڕێی پێ دەگرن، سەرکوت کاری ئارەزوو نیازن.

هەرچیەك بێ خەم تێك دانی گوزەران‌و تاڵ کردنی ژیانە، زرینچکاوی[١٦٥] ژەهراوی گیانە، هۆکاری ڕەنجەڕۆیی‌و شڵەژانە، ئەو کەسەی گیرۆدەی ئەم دەردە بێ هەمیشە دڵ پەست‌و ماتو لێو بەبارە، لە کاتی بینینی شتی سەرنج ڕاکێش‌و دڵ ڕفێن دا لە بری ئەوەی شادو گەش بێ، بەسەر ڕودا دەکەوێ‌و، وەك بڵقی سەر ئاو دەپوکێ، ناچار لێوانێك لە بێوڵەتی[١٦٦] و داخ‌و خەفەت دەنوشێ.

بەڵام با ئەوەمان لە یاد نەچێ سروشتی ژیان وایە خەمو خەفەت هەردەبێ، هەر لەبەر ئەمەیە بەهەشتیەکان لە کاتی چونە بەهەشتدا دەڵێن: ((الحمد لله الذي اذهب عنّا الحزن)).

ئەوە وا دەگەیەنێ ئەوان لە ژیانی دونیادا بە بێ خەم سەریان نەنایەوە، هەروەکو بێ بەش نەبون لەو دەردەسەری‌و چەرمە سەریەی، کە بێ دەستی وان هاتە سەریان، جا ئەگەر بە ناچاری بە بێ دەستی خاوەنەکەی خەمو خەفەت دا بباڕێ بێ ئەوەی دەست کێشی بێ‌و ڕێ خۆشکاری بێ، بەڵکە پاداشتیشی لەسەر وەردەگرێ، چونکە ئەوەش جۆرێکە لەو بەڵا باریەی بە سەر بەندەدا دێ، جا پێویستە هەر کاتێ بەندە دڵی پەنگ‌و پەست بێ، نزاو تکای دڵ سرەوێن‌و هۆکاری زیندوی خەم ڕەوێن بە دەست بێنێ.

---

١٦٥) زەرداوی.

١٦٦) بەدبەختی.

بەڵام سەبارەت بەو فەرمودەیەی خوا: ﴿وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ إِذَا مَآ أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ قُلْتَ لَآ أَجِدُ مَآ أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ تَوَلَّوا۟ وَّأَعْيُنُهُمْ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمْعِ حَزَنًا أَلَّا يَجِدُوا۟ مَا يُنفِقُونَ ... هیچ گلەییش لەوانە ناکرێ، کە هاتنە لات هەڵیانگرێو گوتت: چوارپێی[١٦٧] وام نیە چونکە هیچی وایان نەبو بەختی بکەن، ﴿٩٢﴾ التوبة﴾.

ئەوەی لەو فەرمودەیە دەفامرێتەوە ئەوەیە ئەو باوەڕدارانە لەمەڕ خەفەت باریەوە ستایش نەکراون، تەنیا لەبەر ئەوەی پێیاندا هەڵگوتراوە، سەبارەت بە هەژاریو نەداری لە پێغەمبەری خوا ﷺ دواکەوتنو، باوەڕیشیان تووندو تۆڵ بو. هەروەها ئاماژەی تانەو تەشەر لێدانە لەو دو ڕوانەی بەهۆی دواکەوتنیان لە پێغەمبەری خوا: هەر خۆیان لە گورە نەبرد[١٦٨] ، بەڵکو لایان وابو هەر خوا خەنی کردونی. گریمان خەمباری ئەگەر ڕویدا -کارێکی پەسندیش بێ، ئەو شێوەیانە، بە سای لە دەست چونی نواندنی بەندایەتی، یا توش هاتنی تاوانێك بێ، بێگومان دڵ پەستی بەندە لە پێناو سستی نواندنو کەم تەرخەمی کردنی لە ئاستی پەروەردیاریدا، نیشانەو بەڵگەیە لەسەر هەبونی دڵێکی زیندوو، پێ ڕازی بە ڕێنماییو ڕۆشنایی خودایی.

هەروەها ئەو فەرمودە نەستەقەی پێغەمبەری خوا ﷺ : ((ما يصيب المؤمن من هم ولا نصب ولا حزن الا كفّر الله به من خطاياه... بڕوادار توشی هەر خەمو پەژارەیێ، هەر شەکەتیو دەردەسەرێ ببێ بێ سۆ خوا تاوانی پێ ڕەش دەکاتەوە)) ئەوە بەڵگەو نیشانەی ئەوەیە خەمو خەفەت، بەڵاو کۆستێکە لە لایەن خواوە، بەندەی پێ تاقی دەکاتەوەو تاوانی پێ ڕەش دەکاتەوە، ئەوە ناگەیەنێ خەفەت پلەو پایە بێو، گەرەك بێ بەندە هەوڵی بۆ بداو لە خۆیدا بێنێتە دی، جا کەی ڕەوایە بەندە بۆ خەم تێ بکۆشێو لە پێناویدا بخرۆشێ، کەچی وا گومان با لە پێناوی بەندایەتیدا دەجۆشێ، یا لای وابێ لە لایەن خواوە فەرمانی پیا درابێ، یا خوا پێی رازی بێو خەڵکی لە پێناودا هەڵنابێ، ئەگەر ئەوە ڕاستو ڕەوا بێ، ئەوا دەبوایە پێغەمبەری

---

١٦٧) چوار پێ/ وەڵاخی سواری.

١٦٨) هەر خۆیان سڵ نەکرد.

خوا ﷺ بەهۆی کلۆڵیو مەینەتی ژیانی تارو مار بێ، جا چۆن دەشێ ئەوە شیاوی پێغەمبەرێك بێ سینەی بە ڕۆناهی خوا ئاوەڵـە بێ [۱۶۹]؟!

وەلـێ [۱۷۰] ئەو فەرمودەیەی هیندی کچی هالـە کـە دەربـارەی ڕەوشـتی پێغەمبـەری خـواوە دەدوێ: ((انه کان متواصـل الاحـزاب... پێغەمبـەری خـوا بـەردەوام دڵ پەسـت بوە))، ئەوە فەرمودەیـەکی نـاجێگیرەو، لـە پاڵدانـە لای پێغەمبـەری خـوادا یـەکێ لـە گێڕەوەکانی کەسێکی نەناسـراوە، لەگـەڵ ئەمەشـدا پێچەوانەی ڕەوشـتی پێغەمبـەری خوایە ﷺ.

جا چۆن ئەو پێغەمبەرە بەردەوام ماتو خەمبارە، لە کاتێکا خوداوەنـدی دۆسـتو یـارەو، لـە داخـداری بـونی بـەو دنیایـەو هۆکاریـشی پاراسـتوە، هـەتا لـەداخی بێبـاوەڕانیش خـودا ڕێـی خـەمباری پـێ نـەداوەو، هەرچـی تـاوانی ڕابـردوو داهـاتوە لێبوردنی لێکراوە؟! لە کوێوە ڕێی تێدەچێ خەمناكو خاکە سار بێ؟! لە کام لاوە کام ڕێگاوە ڕێ بە مەینەتی دراوە بـچێتە دڵی پێغەمبـەری خـواوە؟! کەچـی ئـەو دڵـە بـە یادی خوا ئاوەدانـەو، بە خۆڕاگریو داسەپاوی تێراوە، بە ڕێنوێنی خوا پڕ کـراوە، بـە بەڵێنی ئەو ئاسودەیـەو حەسـاوەیە، لـە هەرچـی فـەرمانو یاسای خوایـە ڕەزامەنـدی نیشان داوە؟! بەڵکە ڕو بە موژدەو دەم بە خەنـدە بـوە، هـەروەکو دەربـارەی ڕەوشـتی پیرۆزی هاتوە، درودو سڵاوی خوای لەسەر - کە هیچ گاە [۱۷۱] ڕوگرژیو مۆنی لـێ بـەدی نەکراوە.

هەر کەسێکیش لـە ژیـانو گـوزەران ئـەو پێغەمبـەرەدا قـوڵ بێتـەوەو ورد بێتـەوە تێدەگا پێغەمبەری خوا بۆ ئەوە هاتوە ناڕەوایی بڕەوێنـێو نیگـەرانیو داخو کەسـەر بتارێنێ، دەرو دەرونی خەڵکان لە ژێر چەپۆکی گومانو دلاۆ دڵیو هاوبەشـی دانـانو خەمباریو تەمباری دا دەربێنێ، بۆ ئەوە هاتوە بە فریای ئـەو گیـانو ڕۆحانـە بگـات کە لەسەر لێواری تیاچونو هەڵدێرانن، ئای ئەو پێغەمبەرە چەندە شایستەی ئەوەیە مرۆڤایەتی چاوشۆڕو منەت باری بێ!

---

۱۶۹) گوشاد بێ.

۱۷۰) بەڵام.

۱۷۱) هیچ کات.

ئەو گوتەیەش ((ان الله یحب کل قلب حزین... خوا هەمو دڵێکی پەستی لا خۆشەویستە))، گوایە لە پێغەمبەری خواوە بیستراوە، بەڵام ڕاستو دروستی بە هیچ جۆرێ نەزانراوە.

چۆن دەکرێ ئەو گوتەیە بێ هەڵە بێ، کەچی بەرنامەو پەیرەوی خوا بە پێچەوانەی ئەو وتەیە دابەزیوەو، بۆ ئەوە ڕەخسیوە خەمان لە بنچینەوە هەڵوەشێنێ؟!

گریمان [١٧٢] ئەگەر فەرمودەیەکی ڕاستو دروستیش بێ: وا ڕافە دەکرێ [١٧٣] پەژارە کۆستێکە لەو کۆستانەی خوا بەندەی خۆی پێ هەڵدەسەنگێنێ، جا ئەگەر بەندە ئارامگرو خۆڕاگر بێ، ئەوا خوا ئارامگری بەندەی خۆی پێ خۆشە لەسەر تاقیکردنەوەی.

بە هەڵەدا چون ئەوانەی ستایشی خەمباری دەکەنو بە شانو باڵی هەڵدەڵێنو وا دەزانن بە پێی بەرنامەی خوا فەرمانی پێ کراوەو پەسند کراوە، وە لێ لەم ئایینەدا تەنیا یاساخ کراوەو فەرمانی لە دژ دراوە، کە خەڵکان بە میهرو سۆزی خوای بێ هاوتا دڵیان شاد بێ، بە هەمان شێوە بەو پەیامە پڕ پیتو فەڕەی لە ئاسمانەوە بەسەر دڵی پاکی دۆستانی خوادا دابارێوە گەشاوە بنو خەمیان لە دڵ دا بەرباد بێ.

هەوالێکی تریش بە زمانی پێغەمبەرەوە دراوە ((اذا احب الله عبدا نصب في قلبه نائحة، واذا ابغض عبدا جعل في قلبه مزمارا... ئەگەر خودا بەندەیەکی خۆشویست ئەوا زایەڵە [١٧٤] ئەخاتە دڵیەوە، ئەگەر ڕقی لە بەندەیێ هەڵسا شایی‌و هەنگەمە ئەخاتە دڵیەوە))، ئەوە هەوالێکی ئیسرائیلیەو، گوتراوە لە تەورێتدا ئەم گوتەیە گوتراوە. دەشکرێ بە واتایێکی دروست شرۆڤە [١٧٥] بکرێ، بڵێین: بڕوادار لە ئاهی تاوانباریدا خەمگینە، بەڵام مەردمی بەدکار خەڵەفاو بێ ئاگایە گاڵتە جارو سەر مەستەبێ خەفەتو هەڵپەرستە.

---

١٧٢) هیچ کات.

١٧٣) وا لێك دەدرێتەوە.

١٧٤) شیوەن.

١٧٥) ڕافە بکرێ.

ئەگەر دۆستانی خوا توشی دڵ شکستی بێن تەنیا لە تاوی لە کیسچونی بەهرەیێکە، یا لە تاوی سستی نواندنێکە، یا توشبونی تاوانێکە، بە پێچەوانەی مەینەتباری تاوانباران، ئەوان لە پێناوی لە دەست چونی بەرژەوەندییێك، یا هەواو هەوەسێك، یا ئامانجێکی دنیایی دلگیرو پەستن، هەر لەو پێناوە دایە هەوڵو ڕەنجیان، لەو ڕێیەدایە ماتەمینی و دەردی دڵیان.

ئەو وتە پیرۆزەی خوای گەورەش کە دەربارەی پێغەمبەر "یەعقوب" [١٧٦] دەفەرمێ: ﴿وَٱبۡيَضَّتۡ عَيۡنَاهُ مِنَ ٱلۡحُزۡنِ فَهُوَ كَظِيمٞ ... لە سوێی یوسف تانەپەڕیە[١٧٧] سەرچاوانی و هەروا پیشی[١٧٨] دەخواردەوە، (٨٤) یوسف﴾.

ئەو فەرمودەیە دەربارەی باس و خواسی خەفەتباری یەعقوبەو، لە تاوی بزر کردنی ڕۆڵە خۆشەویستەکەی هەوالی داوە کاتێ خوای گەورە بەو خەمباریەو جیابونەوەی لەگەڵ یوسفی کوڕیدا تاقی دەکاتەوە.

تەنیا هەوالدانیش دەربارەی شتێك نابێتە بەڵگەی بە باش دانانی و، فەرمان پێدانی و، لەسەر هاندانی، بەڵکە فەرمانمان پێ دراوە خۆ پەنادەین بە خوا لە خەفەتباری، چونکە خەفەت بارێکی گرانەو وەکو شەوێکی ڕەشی درێژخایانە، بەربەستێکە لە ڕێگای گەیشتن بە خوو خەسڵەتە باڵاکان.

ئەوانەی ڕێگای دنیا بە کەم گرتنیان گرتۆتە بەر لەسەر ئەوە کۆك و یەك دەنگن کە دڵ پەستی لە پێناو دنیادا ناپەسندە، تەنیا "ئەبو عوسمان جەبری" نەبێ ئەو دڵێ خەفەتباری بە هەموجۆرەکانیەوە پەسندەو، بە مەرجێ بە سایەی تاوان نەبێ.

هەروەها دەڵێ: ئەگەر خەفەتباری سودو قازانجێکیش فەراهەم نەیێنێ، بەندە یەك لا دەکاتەوەو پاکژی لە چەپەڵی دەدرێنێ.

گوتراویشە: گومان لەوەدا نیە دڵ پەستی تاقیکردنەوەی خوایەو هەروەکو دەردەداری و بەڵابارى وایە.

---

١٧٦) پێی دەگوترێ "اسرائیل".

١٧٧ هەوری کەوتە سەر چاوانی.

١٧٨) ڕقی دەخواردەوە.

جا پێویستە هەوڵ دەی خۆشبەختیو کامەرانی دەستەبەرکەی، ژیانو گوزەرانێکی بێ گرێو گاڵو، هەستو نەستێکی بێ خەیاڵ لە پەروەردەت داواکەی، بێ گومان بە هەرەوەریو بەهرەمەندی پاداشتێکی خوان هەر لە ئێستاوە دێنە دی، هەتا بە ئاستێکی وا خۆشبەختی ستایش کراوە، دەڵێن بەهەشتێکە لە ڕوی دنیاوە، هەر کەسێ خۆی تێ نەخا ئەوا لە بەهەشتی دوا ڕۆژیش خۆی بێ بەش دەکا.

هەر خوا خۆی دەتوانێ بە پەرتەوی[١٧٩] دڵنیایی دەستەبەری بەروەدەیی[١٨٠] و بەختەوەریمان بۆ بکاو، ڕوی دڵەکانمان بەرەو ڕاستە شەقامی خۆی ڕاستە ڕێ کا، لە تەنگو چەڵەمەی ژیان دەرمانبێنێو ڕزگارمان کا.

هەڵوەستەیەک

دەی بابەیەکەوە، بەو نزاو پاڕانەوە بە گوڕو نەستەقەوە دەنگمان هەڵبڕین کە چارەسازی ناسازیو نالەباریو خەمینی[١٨١] ئێمەن ((لا اله الا الله العظيم الحليم، لا اله الا الله رب العرش العظيم، لا اله الا الله رب السموات ورب الارض ورب العرش الكريم، يا حي يا قيوم لا اله الا انت برحمتك استغيث... هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە جگە لە خوای خاوەن شکۆو میهرەبانی، هەر ئەو خوایە شایستەی بەندایەتی بۆ کردنە کە خاوەنی گەورەترین تەختی دەسەلاتە، هەر ئەو خوایە شایانی پەرستشە کە پەروەردەی ئاسمانەکانو زەمینەو خاوەندی تەختێکی پیرۆزی پانو بەرینە، ئەی ئەو کەسەی هەمیشە زیندو مشور گێڕی خوایەتی تەنیا شیاوی تۆیە، زایەڵەو زریکەم بۆ سۆزی تۆیە)).

((اللّهم رحمتك ارجو، فلا تكلني الى نفسي طرفة عين، واصلح لي شأني كله، لا اله الا انت... ئەی پەروەردگارا تەنیا سۆزو میهری تۆم لێ دیارە، تەنیا چاوتروکانێکیش وێڵم نەکەی، خوایە هەر تۆم هەی، هەرچی کاروباری هەمە ڕاستە ڕێی کەی)).

---

١٧٩) بە ڕوناکی.

١٨٠) فراوانی، بەرفراوانی

١٨١) خەمگینی.

((استغفر الله الذي لا اله الا هو الحي القيوم واتوب اليه... لەو خوایە داوای چاوپۆشی دەکەم‌و، پەشیمانی دەردەبرم کە هەر ئەو لە خوایەتی دەوەشێتەوە‌و هەرگیز نامرێ‌و لە هەمو بونەوەر دەپێچێتەوە)).﴿ ...لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبْحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ... خوایە تەنیا تۆی بێ هەڵەو بێ قسوری، خوازیارم لە بەندەیەکی تاوانکاری وەکو من ببوری، ﴿٨٧﴾ الأنبياء ﴾.

((اللّهم اني عبدك، ابن عبدك، ابن امتك، ناصيتي بيدك ماضٍ فيَّ حكمك، عدل فيَّ قضاؤك، اسألك بكل اسم هو لك سمَّيت به نفسك، او انزلته في كتابك او علمته احدا من خلقك، او استأثرت به في علم الغيب عندك، ان تجعل القران ربيع قلبي، ونور صدري، و ذهاب همي، وجلاء حزني... خوایە من بەندەی تۆم، ڕۆڵەی باوک‌و دایکێکم کە بەندەی تۆن، جلەوی من لە دەستی تۆیە، ملم کەچی بڕیاری تۆیە، لێت دەپاڕێمەوە بە هەر ناوێ خۆت پێ ناو نابێ، یا لە پەرتوکە پیرۆزەکەت دابێ، یا یەکێ لە دروست کراوانت پێ دەرس دابێ، یا لە پەنهانیەوە بۆ خۆت دانابێ، قورئان بکەیتە بەهاری دڵم، ڕۆشنایی سینەو، ڕەوێنەری دڵ گیری‌و خەمم)).

((اللّهم اني اعوذ بك من الهم والحزن، والعجز والكسل، والبخل والجبن، وضلع الدين و غلبة الرجال... خوایە پەنات پێ دەگرم لە خاکە ساری‌و لە مەینەتباری، لە سستی‌و دەستە پاچەیی، لە قرچۆکی‌و ترسەنۆکی، لە قەرزاری‌و ژێر چەپۆکی)).

((حسبنا الله ونعم الوكيل... خوایە تۆ بەسمانی‌و چاترین هاریکارمانی)).

ڕو بـــە خەنـــدە بە

لێـو بـە خەنـدەیی داوو دەرمـانی پەرێـشانیـیەو هـەتوانی[١٨٢] پەرۆشـیـیە وزەو تواناییکی بێ وێنەیە بۆ شادیو گوشادی گیانو دڵ، هەتا "ئەبو دەڕدا" دەڵێ ﷺ من دەگرژیمەوەو پێ دەکەنم تاوەکو ببێتە مایەی پشودانو ئارامی دڵم.

پێغەمبەری خوا ﷺ کە ڕێزدارترین مرۆڤ بو کەچی جاری وا بو پێکەنینو بزەی لێوەی بە ئەندازەیەك بو ددانی پیرۆزی پێشینەی بە دیار دەکەوتن[١٨٣] ئا ئەو شێوە پێکەنینە نـەریتی ژیـار[١٨٤]و تێگەیـشتوانە، ئەوانـەی بـە دەردو دەرمـانی دەرونـان کاراشنانە[١٨٥].

ڕوگەشی چڵەپۆپەی شادمانیو لوتکەی هەرە بەرزی خۆشیە.

بەڵام پێکەنینێك بێ زیادە ڕۆیی ((لا تكثر الضحك، فان كثرة الضحك تميت القلب... پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: زۆر پێمەکەنە، چونکە پێکەنینی زۆر دڵ دەمرێنێ)).

بەڵکە پێکەنینێك مام ناوەندی بێ ((وتبسُّمُك في وجه اخيك صَدَقة... پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: گرژینەوەت بە ڕوی برایەکەتدا چاکەیە)).

﴿ فَتَبَسَّمَ ضَاحِكًا مِّن قَوْلِهَا ... سولەیمان بە قسەی مێرولە بزەی هاتە سەرلێوان. (١٩) النمل﴾.ئەو شێوە پێکەنینە نەبێ بۆ گاڵتە جاڕیو کەم نرخاندنە:

﴿ فَلَمَّا جَآءَهُم بِـَٔايَـٰتِنَآ إِذَا هُم مِّنْهَا يَضْحَكُونَ ... کاتێ نیشانەکانی منی لەبەر ڕانان[١٨٦] لە پڕ هەمو لە تریقەی پێکەنینیان دا (٤٧) الزخرف﴾.

---

١٨٢) مەڵحەمی.

١٨٣) تێبینی: پێکەنینی پێغەمبەر ﷺ بە بێ دەنگ هەڵبڕین بوە.

١٨٤) هۆشمەند.

١٨٥) شارەزانە.

١٨٦) خستنە بەرچاو.

ڕوگەشیو لێوبەخەندەییش خەڵاتی بەهەشتییانە: ﴿فَٱلْيَوْمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنَ ٱلْكُفَّارِ يَضْحَكُونَ ... وا ئەمرۆش خودا ناسەکان بە بێدینەکان ئەخەنن[۱۸۷]. ﴿٣٤﴾ المطففين﴾.

داب‌و نەریتی عەرەبەکان وابو زۆر ستایشی لێو بە خەندەییان دەکردو، بە ئاماری[۱۸۸] سینە فراوانیو دەست گراوەیی، بەخشندەییو، ڕەوشت بەرزیان دادەنا:

مرۆڤی ڕو بە خەندە بەرچاوی فراوانە
ئەگەر لێشی بخوازرێ دەرونی ئاوەدانە

زوهێری شاعیر بە یەکێدا هەڵدەڵێ:

گەر ببی بە میوانی دڵخۆش‌و شادمانە
هەروەکو بڵێی خانەخوێی ئەوت لەلا میوانە

ئایینی ئیسلامیش لە بواری بیروباوەڕو بەندایەتی‌و خوڕەوشتدا لەسەر مام ناوەندێتی بنیات نراوە، نەڕو گرژی‌و چاوسور کردنەوەو ڕەش هەلگەڕان لەم ئایینەدا بەدی دەکرێ، نە گاڵتە جاڕی‌و بەردەوام قاقای پێکەنیشی تێدا قەبوڵ دەکرێ، بەڵکو بایەخداری‌و شکۆداری هێسك سوکی‌و نە بێزاری لێ ڕەچاو دەکرێ.

"ابو تمام" دەڵێ:

بەڵا گەردانی باوکی علی بم، چراو ئەستێرەی هیوادارانە ڕوخۆش‌و بە جۆش لە هەندێ جاردا، بێ بزەو خەندە ژیانیش کەی ژیانە.

مچ‌و موڕی[۱۸۹] دەربڕینی بێزاری‌و دەرون هەڵچونە، هێمای[۱۹۰] کڵۆڵی‌و ژیان لێخن[۱۹۱] بونە: (ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ... ئەوساکە ڕوی گرژ کردو ترش هەلگەڕا.

---

۱۸۷) پێ دەکەنن.
۱۸۸) نیشانە/هێما.
۱۸۹) ڕوگرژی.
۱۹۰) نیشانەی.
۱۹۱) شێلو.

بە سای ڕۆح زلی ڕوتاری و گرژن هەروەکو بڵێی بـە گڕ دەسـوژن
وەکو گەلـێ نین بە ڕودا گەشـبن وەکو ئەستێران ئامرازی ڕێ بن

پێغەمبەریشمان دەفەرموێ: ((ولو ان تلقـی اخـاك بوجـه طلـق... ئەگـەر چـی بـه ڕوێکی خۆشەوە بە براکەت بگەی)).

"ئەحمـەد ئـەمین" لـە کتـێبی "فـیض الخـاطر"دا دەڵـێ: ئەوانـەی لـە ژیانـدا ڕوگەشاوەن نەوەك هەر بـۆ خۆیـان بەختـەوەرترین کـەس بـن، بەڵکـە لـە کرداریـشدا دەسـت بـاڵاترن، پـتر بەرگـەی بەرپرسیارێتی دەگـرن، سـەبارەت بـە ناخۆشـیان پـشو درێژترو چارەسازترن، زۆرتر شیاوی فەراهەم هێنانی کـردەی بـەردارن، بـۆ خۆیـانو بۆ خەڵکی تریش سودمەندترن.

ئەگەر بێو لـە نێـوان هەڵبـژاردنی سـامانێکی زۆر یـا پلـەو پایـەیێکی بـەرزداو لـە نێوانی دەرونێکی ئاسودەو ئارامـدا سـەرپـشك بکـرێم، ئەمـەی دوەمیـان هەڵدەبـژێرم، جامالّو دارایی ج پیتو فەرێکی هەیە ئەگەر خاوەنی ڕوگرژو زویر بێ؟! پلـەو پایـە ج سەنگو ڕێزێکی تیایە گەر خاوەنەکەی ماتو دڵبەست بێ؟!

مەگەر هەرچی لە ژیندا هەیە بێ بایەخو مایە پوچ نیە ئەگەر بێو خـاوە نەکـەی پەستو دڵەن [١٩٢] بێو هەروەکو بڵێی لە ناشـتنی تـەرمی ئـازیزێکی بگەڕێتـەوە؟! ژنـی جـوان ج کـەڵکێکی لێ ڕەچـاو دەکـرێ ئەگـەر ناومـاڵی بکـا بـە دۆزەخ؟! خێزانێـك بـە هەزار قات خاس و ڕەند تـرە [١٩٣] ئەگەر چی لە ڕواڵەت دا زۆر بەرچاو نـەبێ بـەڵام بـە سایەی ئەو ناومالّ وەکو باخی بەهەشت بێ.

ڕوگەشیو لێوبەخەندەییش ئەگەر تەنیا ڕواڵەتی بێو بەهۆی خونەریتی ناوازەوە لـە نـاخو سروشـتی مرۆڤـەوە هەڵنـەقوڵێ هـیچ بـەهاو نرخێکـی نیـە، سـەرنج دە روخـسارو دیمـەنی گـوڵان، بـاخو باخـاتو بێـستان، ئـاوی دەریـاو ڕوبـاران، ئاسمـانو هەسارەکان، باڵندە سەر لەبەریان، هەر هەموی ڕو بە خەندەن.

---

١٩٢) پەرۆش.
١٩٣) خۆش ڕەفتار تـرە.

مرۆڤیش بەو سروشتەی خۆڕسکی دەم بە خەندەو پێکەنینە، ئەگەر بێ بەرچاوتەنگی و خراپەکاری و خۆپەرستی ڕوی گرژو مۆن هەڵنەگێڕن، ئەگەر ڕوشی گرژبو لەو شێوە گونجاوەی لەسەری ڕەخساوە هەڵنەتۆقێ و[١٩٤] دەتۆڕێ، بۆیە ئەوەی سینە تەنگو ڕوگرژە چاوی بە جوانی و ڕەونەقی ژیان ناکرێتەوە، ڕاستی و ڕەوایی دەرك پێ ناکا ئەوەی دەرونی پیس و پۆخڵ کا، جا هەمومرۆڤێك بەپێی ڕەفتارو بیرو ئەندێشەو پاڵنەرەکانی ژیان دەنرخێنێ، ئەگەر ڕەفتارو بیرو هزرو پاڵنەرەکانی پاك و بێ گەردو لەکە بن، ئەوا ئەو چاویلکەیەی پێی دەڕوانێتە ژیان لێڵ و لێخن نابێ، جوانی و نەشمیلی دنیا چۆنە ئاوا دەیبینێ.

ئەگینا جامی چاویلکەکەی پەڵەی تێدەکەوێ و ڕەش هەڵدەگەڕێ، هەرچی لە ژیاندا هەیە لە دیدی ئەودا ناحەزو دزێو دەبێ.

دڵ و دەرونی وا هەن لە بارەیاندا هەیە بەد بەختی و چارە ڕەشی لە هەموشتێدا وەدی بێنن، هەندێ دڵ و دەرونی واش هەن دەتوانن لە هەموشتێدا بەختەوەری فەراهەم بێنن، هەیە ژنی ناوماڵە چاوی تەنیا هەڵە دەبینێ، وا دەزانێ ئاسمان بەسەر عەرزێ دا ڕوخاوە لەبەرئەوەی پەردا خێ شکاوە، لە ئاهی ئەوەی چێشتەکە زیادە خوێی تێکراوە، یا لە داخی ئەوەی لە ناو ژورەکەدا پەڕە کاغەزێك هەڵوەراوە، بە سای ئەوە هەڵدەچێ و دەمی لە جنێو دەکاتەوەو لە ئەندامانی ماڵ کەس نابوێرێ و بە گڕو کڵپەی ئاژاوە یەك پارچە ماڵ دادەگیرسێنێ، پیاوی واش هەیە ژیانی خۆی و دەوروبەری دەکاتە ژان، چونکە وتەیەکی ناحەزی لە کوێچکەدا چەقیوە، یا بە هەڵە تێی گەییوە، یا هەڵوێستێکی کەم نرخی لە ئاقاردا نوانراوە، یا لە خودی خۆیدا ڕوی داوە، لە خەمی تێشکانێکی سامانی دایە، یا چاوەڕێی قازانجێکە نەهاتۆتە ئاراوە، یا لە تاوی هەر جۆرێ لەم بابەتانە دنیای لەبەر چاوان تاری و وێرانەو، بۆ هاونشینانی مایەی دەردە سەری و شڵەژانە.

ئا ئەو جۆرە کەسانە دەتوانن ژیان و گوزەران بشێوێنن، نیسکیان لێ ببێ بە گیسك و، مێشیان لێ ببێ بە گامێش، لە دەنکە تۆزێك درەختێك بڕوێنن، لە ئەنجام دانی کارو کردەوەی بەرهەم دارەوە بەڵەد نین، هەرچەندە ماڵ و داراییان زۆر بێ

---

١٩٤) ڕەویلەوە/ترسان.

چاویان پڕ نابێ، چەندی خاوەنی بەهرەی بەهادار بن پێی بەهرەمەند نـین‌و چێژی لـێ وەرناگرن.

ژیان بەسەر بردن هونەرێکە، کارامەیی‌و شارەزایی گەرەکە، بێ سۆ [١٩٥] مرۆڤ ژیانی خۆی وەکو گونشەن بە نواندنی کردەوەی جوان‌و خۆشەویستی بڕازێنێتـەوە، چاکترە لەوەی هەوڵ ڕەنجی لە پێناو کۆکردنەوەی سەروەت‌و سامان بێ‌و ژبەر [١٩٦] پڕکردنـی گیرفان بێ.

ژیان چ سەنگ‌و ڕێزێکی هەیـە ئەگـەر هـەموکردو کۆش لـەو ژیانـەدا لـە پێناوی گلدانەوەی پارەو پوڵ بـێ‌و، هـیچ بایـەخێك بـە بـەرەو پێشەوە چونی بـواری سۆزو خۆشەویستی‌و ڕازاندنەوە نەدرێ؟! زۆربەی خـەڵکی چاوەکانیان لـە ئاسـتی نـەخش‌و نیگاری ژیاندا دەنـوقێنن، کەچـی بـۆ دیـتنی پـارەو پـوڵ‌و دراوەکان پێلوی چاوانیان هەڵدێنن، بە لای گونشەن‌و گوڵ‌و گوڵاڵەی ڕەنگاو ڕەنـگ داو ئـاوو ئـاوەڕۆی بـەخوڕدا گـوزەر دەکـەن‌و گـوێ بیـستی ئـاوازو چـریکەی باڵنـدەکان دەبـن ڕوی بەلای‌ـدا لا ناکەنەوە، بەڵام ئەو دراوەی دێتە دەستیان، یاخود لێـیان دەڕوا بـە هەنـدێ دەزانـن‌و بایەخی پێ دەدەن.

سەنگ‌و ڕێـزی پـارە لەوەدایـە هۆکـاری بەختـەوەری ژیـان بـێ، ئـەوان ئاسودەیان کردۆتـە قوربـانی پـارەو دەبـێ لـە پێناوی‌ـدا حاڵیـان پەرێـشان بـێ، خـوای بەخـشندە بینایی بۆ بینینی جوانی پێ بەخشیوین کەچی ئێمە وا ڕاهاتوین چاومان هـەر بـۆ پوڵ‌و پارە هەڵدەبڕین.

گەر دەتەوێ ڕوگەشاوەو بە خەندە بی لـە دژی بـێ ئومێـدی بوەستـە، چونکە بـێ هیوایی دیاردەتـرین هۆکاری گرژی‌و پەستی دەرونە.

ئەو هەڵو مەرجەی بۆ خەڵکی تر ڕەخساوە بۆ تۆش هاتۆتـە ئـاراوە، دەروی خێـر چۆن بـۆ خـەڵکانی تـر کراوەیـە ئـاواش بـۆ تـۆ ئاوەڵەیـە، ئینجـا بـیرو هـزرت لەسـەر ئومێدەواری‌و گەشبینی لە داهاتودا ڕابێنە.

---

١٩٥) بێگومان.

١٩٦) لەجیاتی.

ئەگەر باوەڕت وابێ لە پێناوی شتی کەم بەهادا خولقێنراوی، لە ژیاندا تەنیا شتی بێ بەها بەدەست دەهێنی، وە لێ پێت وا بێ لـە پێناوی شتی بـێ وێنـەو پـڕ بـەهادا دروستکراوی هەست بـە وەرە بـەرزێیکی وا دەکـەی ئاسـنو پـۆلا خـۆی بـۆ نـەگرێو هەرچی بەربەستو لەمپـەری سـەر رێگایـە پـەرتو پێـواری کـەی، بـەرەو جیهانێکی فـراوان هـەنگاو هـەڵهێنیو بـەو پـەڕی ئـاواتو خواسـتەکان بگـەی، دەتـوانین بـۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە نمونەیێکی بەرچاو بێنینەوە، ئەگەر یەکێ لە ڕووبەرێکی سـەد مەتریدا پێشبڕکێ ئەنجام بدات تا بە ئەو پەڕی دەگا هەست بە ماندو بونو شەکەتی دەکا، بەڵام یەکێ بەشداری پێش بڕکێ لـە ڕووبـەرێکی چوارسـەد مـەتری دا بکـات لـە کاتی بڕینی سەد یادو سەد مەتردا ماندوێتی دەرك پێ ناکا.

جـا نـاخو دەرونـت بـە ئەنـدازەی دیـاری کردنـی وێستو مەبەستت توانـات پـێ دەبەخشن.

دەی تۆش بەهرەی بەر فرەبخوازە، هەرچەندە بـە دەسـت هێنـانی سـەختو دژوار بێ، چونکێ ڕۆژ بە ڕۆژ هەنگاوێکی نوێ هەڵدێنی، کۆڵ نەدەیو دانەمێنن.

تـەنیا ئـەوەی دەبێتـە بەربەسـتی رێگـاو دڵو دەرون دێنێتـەوە یـەکو دەیخاتـە تاریکایی بەندیخانە. بێ ئومێدیو هیوا برانە، ئەو ژیانە تاڵو سوێرەیە کـە بـە سـای ڕەشبینیو گەڕان بە دوای هەڵەو پەڵەی گشت کەسێکو بـە خراپـە لێ دوانیـان دێتـە ئاراوەو هیچی تر نیە.

ئەوەنـدەی پـەروەردگاری بەسـۆز کـەڵك بـە مـرۆڤ دەگـەیێنێو گەشـە بـە بـەهرە سروشـتیەکانی دەداو هاوسـەنگی لـە نێوانیانـدا دەنوێنـێو ئاسـۆی ئاواتـەکانی بـەر فراوان دەکاو، لەسەر سینە پاکیو لێبـوردەیی پـەروەردەی دەکـا، وای حـاڵی دەکـا کـە سـودمەندترین ئامـانجی ئەوەیـە بـە پێـی توانـای ببێتـە سەرچاوەی خێـرو فـەڕ بـۆ خەڵکانو، وەکو خۆر بێ بدرەوشێو خۆشەویستیو چاکە کـاری فەراهـەم بێنـێ، دڵی پڕ لە سۆزو جوامێری بێ، خۆشیو هەداری بـۆ گـشت کەسـێ گـەرەك بـێ، هیـچی تـر ئەوەندە دادی نادا.

ئـەو دڵو دەرونـەی کراوەیـەو گەشـاوەیە بـە خۆشحاڵیەوە ڕووبـەڕوی ئەشـکەنجان دەبێتەوەو بەسەریاندا زاڵ دەبێ، بە خەندەوە لێیانەوە دەڕوانێو چارەسەریان دەکاو

چێژ لەو سەرکەوتنە وەردەگرێ، بەڵام ئەو دڵو دەرونەی پەستو گرژە ناخۆشیەکان بـە سـوك نانرخێنـێ، بەڵکـە چـوکیش بـن بـە گـەورەیان سـەیر دەکـاو بـە وەرەیێکـی بەزیوەوە لە ئاستیاندا دەوەستێو بە ئەگەرو مەگەران بیانو دەگرێ.

ئـەو رۆژگـارەی نـەفرەتی لێ دەکـا تـەنیا هەسـتو خوسـتی خۆیـەتی، ئـەو دەیـەوێ حازر خۆری بەر سێبەری بێو باجیشی نـەدات، لای وایـە هەمورێگایـەکانی ژیـانی لێ گیراون، لە بیری ئەوەدایە ئاسمان زێڕی ببارێنێو زەوی گەنجینەی بۆ وەدرێ نێ.

هەر کارێ لە ژیاندا سەختو دژوارە لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر جیاکارە، جـا هـەر شتێ زۆر گرانو قورسە بـە پێـی بـیری کەسـێکە دڵستو ڕەوەك بـێ[١٩٧]، بـەڵام ئـەوەی خاوەنی هەستێکی بەر وەدەو فراوانە کاری گرانیشی لە لا ئاسانە.

لە لایێکی تریشەوە دەرونێك کە خۆ گر بێ بەهۆی زاڵ بونی گوستاخ[١٩٨] تـر دەبـێ، کەچی دەرونی کزو لەرزۆك هەرچەندی لـە ترسـان ڕابکـا خـۆی زیـاتر گرفتـار دەکـا، کـاری سـەختو گـران هـەروەکو سـەگی گـازگر [١٩٩] وایـە هـەر کـە چـاوت پێـی کـەوتو هـەڵاتی پێـت دەوەڕێو ڕاوت دەنـێ، ئەگـەریش بـە هەنـدت هەڵنـەگرتو گوێـت بـۆ حەپـەی[٢٠٠] هەڵنەخست سەر دەنێتەوە قاوخی خۆیو ڕێگات بۆ بەردەدا.

دوای ئەمە ئەوە بزانە هیچ شـتێ ئەوەنـدەی دەرون بـەزیویو خـۆ کـەم نرخانـدن دوژمنی سەرسەختی دەرون نیە، کەسێ بەم چەشـنەبێ ئەنجامـدانی کـردەی نـاوازەی لـێ ڕەچاو ناکرێو، چاوەڕوانی بەهرەی بەروەدەی[٢٠١] لـێ ناکرێ.

ئا ئەم هەستە وای لێ دەکا مـرۆ بـاوەڕو متمانـەی بـە خـۆی نـەمێنێ، هـەر گاهـ[٢٠٢] بیەوێ بەرەو کرداری هەنکاو هەڵێنێ نیگەرانیو بێ متمانەیی یەخـەی دەگـرێو بـێ هیوایی ساردو سری دەکاتەوە. جا متمانە بەخۆبون بەهرەیێکی گوشادە[٢٠٣] و کۆڵەکەی

---

١٩٧) بێ جەرگ و ترسـەنۆك بێ.
١٩٨) ئازاتر دەبێ.
١٩٩) سەگی دڕ.
٢٠٠) وەڕەوەڕی.
٢٠١) فراوانی.
٢٠٢) هەر کات.
٢٠٣) فراوانە.

سەرکەوتنە لە ژیاندا، ئەم باوەڕ بەخۆبونەش لەگەڵ لەخۆبایی بوندا - کە بە خو نەریتێکی دزێو لە قەڵەم دەدرێ - زۆر جیاکارن، جیاوازیان لەوەدایە لەخۆبایی بون پشت بە خۆ بەستنێکی خەیاڵیەو، خۆ بە زلزانینێکی ساختەکاریە، بەڵام متمانە بە خۆبون پشت بەستنە بە وزەو توانای دەرونو هەست کردنە بە لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیارێتی، پتەوکردنی بەهرەو تواناکانەو جوان بەگەڕ خستنیانە.

"ایلیا ابو ماضي" دەڵێ:

وتـــــی: ئاســمـــــان تـەمبـــــارەو ڕەش هەڵگـــــەڕاوە
وتـــم: ڕوگـــەش‌و بـەخـەنـــدە بـــە بـــاوی گـــرژی نـەمـــاوە
وتـــی: ئـاخـــر تـافـــی لاوێتیـــم پـــشتی هـــەڵکر دوەو تـــۆراوە
وتـــم: بگـــرژەوە بـــە داخ‌و کەســەران لاوێـتی نایێیتـەوە ئـاراوە
وتـــی: ئـــەوەی لـــە ئەوینـــداریدا ئاسمانـــی مـــن بـــو
لـــە پـــای وەفـــادارێدا وێنـــەی دۆزەخـــی بـــێ بـــن بـــو
دوای ئـــەوەی دڵـــی لـــێ سـەنـــدم پەیمانـــی لەگـــەڵ شـکاندم
چـــۆن بتوانـــم دڵـــم شـــاد بـــێو پـــڕ بـــە دڵـــم پـــێ بکـــەنم
وتم: بـا ڕوت بەخەنـدە بـێو سـینەت گوشـادو بـێ خـەش بـێ
ئـەگینا تەمـەن دەکەیتـە قوربـانی‌و دەبـێ ڕۆشنایی ژیانـت ڕەش بـێ
وتـــی: ئاخـــر کـــێ بەڕکـــێ لـــەم کاڵایـــە بـــە نـــرخـــەدا
وەکـــو ڕێبوارێکـــی گـــەرو وشکـــەو خەریکـــە گیانـــی ئـــەدا
یـــا وەکـــو بـــێ چـــارەو مـەفـــەرێ بـــە دوای خـوێنـــدا دەگـــەڕێ
کاتـێ هەناسـە هەڵـدەبڕێ خـوێن لـە گـەروی وشـکی دەردەپـەڕێ
وتم: بگرژێـوە، دەردو دەرمـانی ئـــەو نەخراوەتـە دەســتی تـۆوە
بەڵام ئەشێ چارەسەری لانـەوازێ، بەنـد بـێ بـە خەنـدەی تـۆوە
ئایـە جگـە لـە تـۆ سـتەمکارەو تـۆش دڵـستو خاکـە سـاری؟
نانـا هـەروەکو بڵێـی خـۆت بـۆ خـۆتو بـێ دەسـتی خـۆت سـتەمکاری
وتـــی: نـەیـــاری دەوروبـــــەرم دەنـــــگ زل‌و بەهـــــاوارن
ڕەوایـــە دەســـت خـــــەڕو بم، ئـەوانیـــش مـەیـــدان دارن؟

وتم: خەمبار مەبە ئەکرێ تۆیان گەرەك نەبێ
گەر خۆت لەوان نەژمێری دەستت بالاتر دەبێ
وتی: وا بەهارەو ئاماری دەرکەوتنی دیارە
منیش بێ بەرگو پۆشاکم ڕەنگ هەڵبزرکاوو بێ چارە
نەك بۆ خۆم بم خۆشەویستانیشم لێ دیارە
کەچی بێ دەست مایەمو نە کالام هەیە نە پارە
وتم: ئاسۆت ڕون بێ شەوی خەمانت سەرەو نخون بێ
چاکە لە ژیندا ماوی چی دەکەی گەر چاوت لە چاوی دۆستانت ون بێ
وتی: شەوگارەکان جامێ شەرابی گوژاڵکیان پێ نۆشیم
وتم: خەندە لێو بە نەکەی بلێی کوشتەی چێژی تاڵایم
ئومێد وایە بۆ غەیری خۆت ببی بە پێشەنگی شادی
ئەوانیش خەم لە دڵ دەرکەن گەر بت بینن دڵ گوشادی
چ تێشکانو زەرەرێکە بە ڕوخۆشی خۆت بدوێنی
یا لات وایە پارەو پوڵە خەڵك لە دەستت دەردێنی؟
ئەی ئەو کەسەی دەنالێنیو چریکەو هاوارت لێ هەڵدەستێ
دەڕوگەش بە خۆلێوت ناقلێشێو دەمو چاوت داناتەپێ
ڕوت وەکو ئەستێران بێ کە لە تاریکیدا دەدرەوشێن
هەر بە سای ئەو خەندەیە هەسارەکانمان خۆش دەوێن
وتی: کەی ڕوگەشی یەکێ بەختەوەر دەکا
چاوی بە ژیان هەڵبێنیو بە ناچاریش کۆچ بکا
وتم: پێ بکەنە ئەگەر چی لە نێوانی تۆو مەرگا بستێ بمێنێ
لەوانەیە ئەم هەلە لە دەست چێو مەودای پێ کەنین نەمێنێ

چەندە ئاتاجین بە خەندە لێوی، بە ڕوگەشیو سینە شادی، بە ئاکار بەرزیو ئێسك سوکیو نەرمو نیانی((إن الله أوحى الیَّ أن تواضعوا حتى لا یبغي أحد على أحد ولا یفخر أحد على أحد)) پێغەمبەری خوا دەفەرموێ "خوای گەورە نیگای بۆ کردوم کە مل کەچی بنوێنن، بە ئەندازەیێ کەس خۆی بەسەر کەسدا هەڵنەکێشێو لافو گەزافی بەسەردا لێنەدا.

هەڵوێستەیەك

خەمگین مەبە: چونکێ خەمینی بە فریات نەهات، کورەکەت لە سالّی خوێندنی دواکەوت تۆش ئاخو داخت بۆ هەڵچەشت، ئایە ئەم سالّەی قەرەبو بوەوە؟! باوکی کۆچ کردوت بە دادو فیغانی تۆ بزوت؟! لە بازرگانیەکەت تێشکای پڕ بە چاوانت گریای بەرەو دەرامەت وەرچەرخای؟!

خەمبار مەبە: چونکێ خەمباریت بوە مایەی زێدە خاکە ساریت، لە ئاهی گزوریدا[٢٠٤] هەراسان بوی کەچی پتر نەدارو بێ دەستمایە بوی، بە وتەی نەیارانت ڕەنجای بەلاّم نەتزانی لە هاوپشتی ئەواندای، لە ترسی ڕودانی پەتەرێ[٢٠٥] دلّت سوتا کەچی ئەم ڕوداوەش هەر ڕوی نەدا.

دلّکێش مەبە: چونکە خەفەتباری خانوبەرەی گوشادیش تەنگ دەکا، هاوسەری شۆخ دزێو دەکا، سامانی زۆر وزە بەند بێ سود دەکا، پلەو پایەی بەرزیش نزم دەکا منالّی دەستەوەرە[٢٠٦] بێ قازانجو هەڕمێن دەکا.

دلّ پەست مەبە: دلّ پەستی ئاوی سازگارت لێ تاڵ دەکا، گولّی جوانت لێ بە گوژاڵك[٢٠٧] دەکا، بەرو باخت لێ دەکا بە بیابانێکی وشكو بڕێن، ژیانت لێ دەکاتە بەندیخانەیێ کەست لە هانا نەیێ. پەڕێشان مەبە: کە دەبینی خاوەنی دوچاوی جوانی، خێوی دو گوێچکەو دو لێو دو دەستو دو پێو یەك زمانی، خاوەندی دلّ وێژدانی، لە هێمنو لە ئارامی، لەش ساخو بێ وەی[٢٠٨] ژیان دەگوزێنی: ﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ... دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەردەو حاشا دەکەن. ﴿٥٥﴾ الرحمن ﴾.

دلّ توند مەبە: تۆ خاوەنی بیروباوەڕێکی کاری پێ دەکەی، خاوەنی خانوبەرێیکی خۆتی تێدا مەلاّس دەدەی، نانێ هەیە لە دەمی خەی، ئاوێ هەیە کە بینۆشی، بایی

---

٢٠٤) بێویستیدا.

٢٠٥) خەفەت.

٢٠٦) گوێ دێر.

٢٠٧) گوژاڵك گیایەکی تاڵە بە عەرەبی پێی دەڵێن حنظلة.

٢٠٨) بێ دەرد.

ئـەوەی پۆشـاك هەیـە لـەش‌و لارت دابپۆشـی، خێزانێکـت هەیـە دڵـی خـۆی لـە لا خۆشکەی، ئەی بۆ دەبێ بەم چەشنە خۆت پەرۆش کەی؟!

بەرهـەمی ڕەنـج

ئازارو ڕەنج هەمیشە بێ بەرو باو[٢٠٩] نابێ‌و، شیاوی ڕق لێبونەوە نابێ، جاری وایـە لـە بەرژەوەنـدی بەنـدەی بـێ چـارەیە ئـەم ئـازارە، دەنگـی نـزاو سکاڵای بـە جـۆش‌و خـرۆش لـە کـاتی مەینەتیـدا هەڵدەبڕێ، کاتـێ قوتـابی بـە دوای زانـستدا دەگـەڕێ‌و، ئەرکی وەبەرهێنانی زانست لە ئەستۆ دەگرێ ڕەنـج‌و جـەوری بـۆ دەکێـشێ، دەرەنجام زانـایێکی چـاپوك‌و زیـرەك لێ ڕەنێـو دێ، چـونکێ لـە سـەرەتاوە سـوتاوە لـە کۆتـایی دادەوشاوە ڕەنـج‌و ئەشکەنجەی شاعیرێ، کە لە ڕێی دەربڕینی ڕاستیێك دا دێتە ڕێی، وێژەیەکی کاریگەرو دڵ ڕفێن فەراهـەم دێنـێ، لەبەرئـەوەی هۆنراوەکـەی لـە قـوڵایی هەست‌و ناخیدا هەڵدەقوڵێ، بۆیـە هەسـتی خـەڵکان دەهـەژێنـێ‌و دڵان ڕادەچڵەکێنـێ. کردو کۆشی نوسەرێك بەرهەمێکی زیندوی سەرنـج ڕاکێش‌و پڕ لە پەندو ئامۆژگاری لە وێنەو یادەوەری وەبەردێنـێ.

ئەو قوتابیـەش کە فێـری پاڵکەوتنـەو نـە کۆشـیارە[٢١٠]جارێ لـە جـاران نەچـزاوە[٢١١]، سەری لە تەمبەڵی‌و کەمتەرخەمی‌و خاوەلیچکەیی[٢١٢] دەردەچێ.

ئـەو هۆنـەرەی[٢١٣] لـە ژیانیـدا کەسـەرێکی نـەبینیوەو تـاڵی‌و سـوێری نەچەشـتوەو نەنۆشیوە، هۆنراوەکانی لە وتەی بێ بەهاوە بەسەریەکدا کەڵەکە دەبن‌و، وەکـو کـەڤ سەر ئاو دەسەنگێنرێن، چـونکێ بەرهەمەکـەی زادەی بـیرو هۆشی نیـەو لـە ناخـەوە سەرچاوە ناگرێ، بۆیە هەر قسەی سەر زارانەو خەڵکیش وەخۆی هەڵناگرێ.

---

٢٠٩) بێ بەروبو.
٢١٠) تێکۆشەر نیە.
٢١١) ئازاری پێ نەگەیشتوە.
٢١٢) سستی.
٢١٣) ئەو شاعیرەی.

ژیان‌و گوزەرانی بڕوادارانی پێشو دیاردەترین‌و لەبەرچاوترین بەڵگەیـە، ئەوانـەی لە چاخی لە دایکبونێکی نوێو بەیانی دانی ئازادی‌و سەرەتای هاتنی پێغەمبەردا ﷺ دەژیـان، ئـەوان خـاوەنی پتـەوترین بـاوەڕو فـراوانترین دڵو دەرون‌و داسـەپاوترین‌و شارەزاترین کەس بون، هەر بە سای ئەو ژیانە پڕ لە مەینەتیە بو کە دەیانگوزەراند: هەر لە ئێش‌و ژانـی نـەداری‌و هـەژاری‌و هـەڵوەدەیی، چەوسـانەوە‌و وەدەرنـان‌و دورە وڵاتی‌و جیابونەوەی خۆشەویستان‌و دەستبەرداری لە هۆ گرانـەوە، تـا دەگاتـە ئـێش‌و ژانـی بریـنداری‌و سـزادان‌و کوشـتاری، هـەر بۆیـە ئـەم چینە پـاك‌و پاڵاوتەیـە، ئـەو کۆمەڵـە ناوازەیـە، سەرمەشـقی پاکایـەتی‌و شـیاوی هـەڵگرتنی مەشـخەڵی ئـازادی‌و دروشمـی قوربـانی دان بـون، ﴿...ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ لَا يُصِيبُهُمْ ظَمَأٌ وَلَا نَصَبٌ وَلَا مَخْمَصَةٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَطَئُونَ مَوْطِئًا يَغِيظُ الْكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَيْلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُمْ بِهِ عَمَلٌ صَالِحٌ إِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ ... چـونکه هەرچی لە تینوێتی‌و ماندوێتی‌و برسێتی - کـە لـە ڕێی خـودا توشیان دێ - و هـەر هەنگاوێکی دەی هاوێن، خوانەناسان تورە دەکاو هەر زەربەیێ لە دوژمنی دەوەشێنن، گشتی خودا بە چاکەیان بۆ دەنوسێ. خوا پاداشتی چاکەکاران ون ناکا. ﴿١٢٠﴾ التوبة﴾.

لە جیهان نامەی ئەم ژیانەدا کەسانێ بون، سەبارەت بەو کۆڵەواریەی هاتـە ڕێیان بە پیـت‌و پێزتـرین بەرهـەمیان پـەخش کـرد، شـاعیرێك بـە نـاوی (موتەنـەبی) لـەو ساتەی توشی تاوەرزێك هات ئەم هۆنراوە بە پێزەی هۆنیەوە:

دەڵـێی بەڵاو مەینـەتیم بە چاوو ڕووشـــەرمنن
بۆیە هەر لـە شـەواندا شـەیدای دیدەنـی مـنن

یەکێکی تر بە ناوی (نابیغة) ئەو هەڵەی "نعمان"ی کوڕی "مونزیر" هەڕەشـــەی کوشتنی لێ دەکرد، ئەم هۆنراوەی پێشکەش کرد:

تۆ وەك خۆری و میران[٢١٤] وەکو ئەستێران
گەر تیشکی خۆر لە ڕو بێ پەنهانە ڕوخساری وان

زۆرن ئەوانەی مایەی درەخشانی ژیانن
چونکێ بریندداری دەستی ژین و ژارن

کەوایە بە سای ئەشکەنجان دامەچڵەکێ، لە تاوی چروسانەوە[٢١٥]، مەشڵەژێ، لەوانەیە ئەم ئەشکەلە[٢١٦] مایەی شەنگو توانای تۆ بێ، تا مەوداییك کاڵای تۆ بێ، ئەگەر وەکو کەسێکی دڵسوتاوو دەرودەرون هەڵقرچاو وروژێندراو بژیێی، لەبارترە لەوەی هەڵسوکەوتت وەکو کەسێکی ساردو سڕو وەتەپیو خامۆش بێ، ﴿...وَلَٰكِن كَرِهَ ٱللَّهُ ٱنۢبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ وَقِيلَ ٱقْعُدُوا۟ مَعَ ٱلْقَٰعِدِينَ ... بەڵام خودا هاتنی وانی پێ خۆش نەبو، وەی لە دڵیان بردە دەر. پێیان گوتن: ئێوەش وێڕای بەجێ ماوان بەجێ مێنن. ﴿٤٦﴾ التوبة﴾.

بەم بۆنەوە شاعیرێکم[٢١٧] بیرکەوتەوە کە لە ناو تەنگو چەڵەمەدا ژیانی بەسەربرد، ژانی لێك جوێ بونەوەی بینی، لە کاتێکا هەناسەی هەرە دوایی هەڵدەکێشا، ئەم پارچە هەڵبەستە سەرسوڕمێنە ناو کردوەی[٢١٨] هەڵبەست، بێ ئەوەی خۆی تەکان بداو فاق بریقی پێ بدا: ئەویشیان "مالیکی" کوڕی "ڕەیب" بو کاتێ بە خۆیدا هەڵدەڵێ:

مەگەر نام بینی، چۆن سەرشێواویم بە ڕێنمایی فرۆشتوە
لە سوپای کوڕی "عەفانا" بە تێکۆشەر ناوم تۆمار کردوە
ئەی دۆستانی ئەم کاروانەم، کۆچ نزیکەو با لێرەدا بسێمەوە
لەم تەنگژەدا بە تەنیایی چەند شەوانێ بەسەبەو سەرنێمەوە

---

٢١٤) پاشایان.
٢١٥) پاشایان.
٢١٦) ئەشکەنجە.
٢١٧) هەستیارێکم.
٢١٨) بەناوبانگ.

هەر بۆ خوایە لەو ڕۆژەدا پڕ بە دڵو ئارەزوی خۆم
زاڕۆڵانم جێ بهێڵم و خۆم بە تەنیا و بێ مااڵ بڕۆم
ئەمڕۆ یا هەندێ لە شەودا بمێننەوەو جێم مەیێڵن
پەلەو تاڵۆکە نەکەن، تا دڵنیا دەبن و دەم سپێرن
هەر بەسەری پەنجەی پێتان نەخشەی گۆڕم بۆ بکێشن
ئەوەی لە پوشتەم زیادی کرد ڕومی پێدا دابپۆشن
ئەم زەمینە بەر فرەیە، بە تەنگەبەری مەزانن
خوا پلەو بڕەوتان پێ بدا گشت شوێن بۆ من فراوانن

تا کۆتایی ئەم نوزانەوەو کڕوزانەوە بە جۆش و خرۆشەو، ئەم هاوارو ڕۆڕۆیە بە کوڵەی بۆ سۆ لە دڵی ئەم شاعیرەدا هەڵدەکا، کە لە ژیانیدا پێکێنراوو بە ژین و ژارە.

بێ سۆ[۲۱۹] ئەم ئامۆژیارەی بە کڵپە[۲۲۰]ی کڵۆڵی دڵی سوتاوە، وتەکانی لە ناو دڵاندا جێ نشین دەبن و بە ناو کڕۆکی ناخەکاندا دەچنە خوارێ، هەر سەبارەت بەوەی هاودەمی ئەشکەنجە بووەو لە ناو ژاندا ژیاوە، ﴿...فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ... خوازانی چیان لە دڵ دایە. سا ئۆقرەو دڵنیایی نارده سەریان و بە سەرکەوتنێکی نزیك پاداشی دان. ﴿۱۸﴾ الفتح﴾.

کەسێ سەر زەنش مەکە، لە خواستی تامەزرۆیە
تاوەکو بی درکێنی، هەرچێی کەڕازی خۆیە

چەندین بەرهەمی شاعیرانم بینیوە بەڵام بێ ناوەڕۆك و ساردو سڕ بون، چونکە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە گوڵێیان گرانتر پێ نەگوتراوەو، لە ژیانێکی بێ گرێوگاڵدا شیعیریان هۆنیوەتەوە، هەروەکو بڵێی شیعرەکان پارچەی سەهۆڵ و گرمۆڵەی[۲۲۱] قوڕن.

---

۲۱۹) بێگومان.
۲۲۰) بە گڕی.
۲۲۱) تۆپەڵە.

چەند بەرهەمێکیشم دەربارەی ئامۆژیـاری[٢٢٢] بـە بەرچاوان کـەوتوە کـە بارتـەقای گەردیلەیێ کاریگەری بەسەر بیسەرانەوە نەبوەو، تەنیا تاڵە مووێکیشی نەجوڵانـدوە، چـونکە وتـار بێژەکـە بـە ئاسـتەم[٢٢٣] ئاسـتەنگێکی[٢٢٤] نەهاتۆتـە ڕێو هـیچ گـاهـ[٢٢٥] دڵ شکـستی نـەبینیوە، ﴿يَقُولُونَ بِأَفْوَٰهِهِم مَّا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ ... ئـەو شـتانەی بـە دەم دەیڵێن، ئەوە نیە کە ڕازەو لە دڵیان دایە، خوا لەوەی دەیشارنەوە ئاگادارترە﴿١١٧﴾﴾.

گەر بتەوێ بەهۆی وتەکانت، هۆنراوەو هەڵبەستەکانت، خـەڵکان سـەرنـج ڕاکـێش کەی، دەبێ لە پێشدا بـۆ خـۆت بـە گـڕی ئـەم گـوتراوە بـسوتێی، خـۆت بخەیتـە ژێـر گاریکەریـەوە، چـێژ لـەو بەرهەمـەت وەرگـری، ئەوسـا خـەڵک گوێـت بـۆ شـل دەکـاو وتـەکانت وەردەگـرێ، ﴿... فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنۢبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍۭ بَهِيجٍ ... هەر کاتێ بارانمان لێ بارانـد، ڕادەژێو دەبوژێتەوە، ﴿٥﴾ الحج﴾ .

(بەهـرەی زانیـن)

﴿ ..وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُن تَعْلَمُ ۚ وَكَانَ فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا ... زۆر شـتی وای فێری تۆ کرد کە تۆ پێشو نەت دەزانین. چاکەی زۆر هێژاو گرینگت لە خواوە لەگەڵ کراوە، ﴿١١٣﴾ النساء﴾.

نـەزانی مایـەی ڕیشەکێش کردنـی تەمەنـەو، مـەرگی دڵانـەو، سەربڕینـی ژیانـە، ﴿...إِنِّيٓ أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ... من ئامۆژگاریت لـێ دەکەم کە نەچیە ڕێـزی نەزانان. ﴿٤٦﴾ هـود﴾.

---

٢٢٢) ئامۆژگاری.
٢٢٣) تۆزقاڵێك.
٢٢٤) کۆسپێك.
٢٢٥) هیچ کات.

زانستیش تویّشوی هەستو نەستەو، وزەی گیانو ڕۆحەو، ڕۆشنایی‌یە بۆ دیدەنی، ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ... ئاخۆ کەسێ کە مردو بو، ئێمە زیندومان کردەوەو ڕوناکیەکمان خستە پێشی، بەسەر بەستی لە ناو خەڵکا بوخلێتەوە، وەك کەسێکە کە لە ناو تاریکی دایەو هیچ دەرەتانێکی نیە؟ (١٢٢) الأنعام﴾.

هەر زانستە ئاسودەیی‌و بەختیاری وەبەردێنێ، چونکە زانست بەسەر پەنهانی داهەڵبونەوە نهێنی پەیدابونەوە، دیار بونی نادیار بونە، بێ گومان ویستی مرۆڤیش وایە خولیای زانستی نوێیەو، خوازیاری وەرگرتنی شتی نایاب‌و لەجێیە.

بەڵام نەزانین هەوێنی بێزار بون‌و خەمبار بونە، چونکێ ژیانێکی بێ نوێ خوازی‌و بەرهەم بونە، نە جوان بونەو، نە هەنگاوێك پێش وەچونە، دوێنێی وەکو ئەمڕۆ بونەو، ئەمڕۆی وەکو دوێنێ بونە. جا ئەگەر خودان بەختیت گەرەك بێ، با هەوڵو گەڕت لە پێناوی فەراهەم هێنانی زانست‌و زانیاری بێو، بۆ بەردەست کردنی شتی نەستەق‌و سودمەند بێ، بۆ ئەوەی خەم‌و خەمینی‌و مات‌و کزیت لەبەرچاواندا ون بێ، ﴿ ... وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا (١١٤) طه﴾.

پێڕۆ: ئەی پەروەندەی من! گەشە بە زانستم بدە. ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ... بخوێنە بە ناوی پەروەردەت! کە زیندەوەر کاری ئەوە، (١) العلق﴾.

((من يُرِد الله به خيرا يفقهه في الدين... پێغەمبەری خوا دەفەرموێ ﷺ هەر کەسێ خوا خۆشگوزەرانی بۆ گەرەکە، لەم ئایینە کاراشنای دەکا)).

با یەکێ دو دڵ نەبێ کە ژیانی بەهەدەر داوەو، تەمەنی لەکەدار ماوە، با بە مالّو ساماندارى پلەو پایەو خانەدانی تێنەکەوێ لە کاتێکا نەزانەو سەبارەت بە زانست بێ دەستمایەو پەرێشانە: ﴿أَفَمَن يَعْلَمُ أَنَّمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ الْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَىٰ ... ئاخۆ کەسێ بڕوای وابێ ئەوەی لە پەروەردێنتەوە بۆ تۆ هاتۆتە خوارەوە هەموڕاستە، وەك ئەوەیە کە لەمبارە کت‌و کوێرە؟ (١٩) الرعد﴾.

"زمخشـری" تـوێژەرەوەی قورئـان دەڵێ:

گـەر شـەوانـە شـەونخـونی بـــۆ زانـستێ بنوێنـــم
خۆشتره خۆم لە هەمبێزی[٢٢٦] شـۆخ و شەنگێ وەسێنم[٢٢٧]
گەر ژیری و سەرە دەری، لـە گـرێ گوێرەیـێ دەرکـــەم
ئـارەزومەنـدترم لـەوە هەمـیشـــە بادەنـــۆش کـەم
سیرەی[٢٢٨] نوکی خامەکـەم، کە بەسـەر لاپـــەڕە دادێ
لـە ڕابـواردن و ئەوینـدارانـم، لـە لا خـۆشـتـر دێ
ئـەی ئـەو کەسـەی بـۆ پلـەو پایە و ڕێزم خوازیـاری
لات وایـە هاوتـای یـــەکن تەمبەڵـــی و شـکۆداری
ڕەوایە من شـەوگارەکان، بـە بێ خەو بەسـەر بـــەرم
تۆش هەر پڕخەو هۆڕت بێ و، ئەوسا بێیە هەمبەرم[٢٢٩]

زانستو زانیاری چەندە جێگای سەروەری و هەداری و فێنکایی دڵو دەرونـەو، لەگـەڵ ناخی مرۆڤدا چەندە لەگـەڵ یـەك لـێکن، ﴿ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ كَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَٱتَّبَعُوٓاْ أَهۡوَآءَهُمۡ ... ئاخۆ کەسێ لە پەروەردیاری خۆیەوە بەلگەی ڕونـی بـۆ هاتبـێ، وەك کەسـێکە کـردەوە خراپەکـەی خـۆی بـۆ خـەملاوە[٢٣٠] و شـوێن ئـارەزوی خۆیـان کەوتون؟ (١٤) محمـد ﴾.

---

٢٢٦) لە ئامێزی.
٢٢٧) وەحەسێنم.
٢٢٨) دەنگی.
٢٢٩) هاوتای من.
٢٣٠) ڕازاوەتەوە

هونـەری شـادی

ئەوەی شادی لە دڵ دایەو، هەدادایی‌و هەداری لە لایە، لە ناو گەورەترین بـەهرەی خوادایە، شادی دڵە بیرو هزران مەند[٢٣١] دەکاو، ژیان ڕەونـەق دار دەکـاو، کـردو کۆش بەردار دەکا، بۆیە گوتراوە: شادی هونەرێکە ئاشنا بونی گەرەکە، کەسـێ بزانـێ بـە چ چەشنێ ڕامی دەکاو ڕەنێوی دێنێ، ئەوا خۆی لێ بەهرەمەند دەکاو، هەست بـە تـامو چێژی ژیان دەکاو، دەزانـێ لە گشت لاوە بە بەهرەی خواوە دەوری دراوە.

بنچینـەی هەرە ڕەسەن لە خواستنی بەختەوەری‌دا بڕوا بە خۆ بونە، بـڕوا بونێـك بە تەوژمی هـیـچ زریانـێ نەهـەژێو بـە هـیـچ کارەسـتاتێ نەشـێوێ، بـە سـوکە دەردێ هەراسان نەبێ.

هەر بە پێی ئەو وزەی لە ناو دڵ دایە، دەرون ئاڵو والآیە.

بە دڵنیاییەوە سروش خاوی‌و بێ بەرگەیی و[٢٣٢] هەراسانی، دەبنە کاروان سەرای[٢٣٣] دڵ کێشی و[٢٣٤] بڕەشی و[٢٣٥] پەرۆشی[٢٣٦]، ئینجا هـەر کەسـێ خـۆی لەسـەر ئـارام گـری‌و بـەرگری ڕابێنـێ، بـە کـەم بـەهاوە لـە ناخۆشـیان ڕادەمێنـێ، بـاری گـران بـە سـوك هەڵدەسەنگێنێ.

گـــە نجـــێ گـورگـی بـــاران دیـتـە بـــێ
دەبـێ بـێ پـــەروا[٢٣٧] لە قـــوڕو لیتـە بـێ

---

٢٣١) هێـور.
٢٣٢) خۆ نەگری.
٢٣٣) قۆناخی کاروان.
٢٣٤) دلگیـری.
٢٣٥) خەمگینی.
٢٣٦) دڵ ڕەنجی.
٢٣٧) بێ ترس.

بە هەمان شێوە بەرچاو تەنگیو کورت ڕوانی، تەنیا خۆ پێزانیو هیچ کەس بە هیچ نەزانی، هاوڕەنگی ئەم پێناسەیە دەبێ کە خوای گەورە نەیارانی خۆی پێ ناوزەد دەکا: ﴿ ... أَهَمَّتْهُمْ أَنفُسُهُمْ ... هەر خۆیان لە بیرە، (١٥٤) آل عمران ﴾.

هەروەکو بڵێی ئەو بێ بیرانە وایان لە مێشکی چەقیوە ئەم جیهانە لە پێناوی چاوی کاڵی ئەوانەوە ڕەخسیوە، هەر ئەم ژیانەیان پێ ژیانە لە بەرژەوەندی ئەوانە، ئەوەندە خۆویستو خۆپەرستن هەر خۆیان خۆش بێ با خەڵکی تر فەرامۆش بێ.

پێویستە منو تۆ ئەم هەڵەیە ڕاست کەینەوەو، جار جار بە لای خەڵکدا لاکەینەوە، هەر لە پێناوی ویستو خواستی خۆمان تێ نەکۆشین، جیا لەوە کەمێ خۆمان لە یاد کەینو خەمان لە دڵ بە با کەینو، هەم خۆمانو خەڵکی تریش بەختەوەرو گوشاد کەین.

یەکێ لە بنەمای هونەری بەختەوەری ئەوەیە: جڵەوی بیرو هزرت لەبەردەست دابێو نەیێڵی بەرهەڵدا بێ، ئەگینا هەر جارە بەلایێ دا سەرپێچی دەکاو یاخی دەبێ، هەرچی دیرۆکی[٢٣٨] ڕەشی رابردوی بەسەر چوتە هەر لەو چاخەی چاوت بە ژیان هەڵێناوە تا ئێستای لە ئاراوە، هەموی بەسەرتدا دەخوێنێتەوە. بێ گومان، ڕەوشی بیرو هزر هەروایە ئەگەر پڕشو بڵاو بێ ڕابردوی خرۆشاوت وەیاد دەخاتەوەو، داهاتوی سامناکیشت پەرتو پێوار[٢٣٩] دەکا، ئەوسا هەموگیانت لە پەلو پۆ دەکەوێو دەهەژێ، ناخو دەروونت هەڵدەقرچێ، دەسا بە سای کردو کۆشێکی بەردارو[٢٤٠] نەپساوە هۆشو بیرت جڵەوکێش کە، ﴿ وَتَوَكَّلْ عَلَى الْحَيِّ الَّذِي لَا يَمُوتُ ... جا خۆت بدە دەس ئەو خوایە، کە هەر زیندووەو نامرێ، (٥٨) الفرقان ﴾.

بنچینەیەکی تریش لە تۆژینەوەی[٢٤١] بەختیاریدا ئەوەیە: ژیانی ئەم دنیایە بە پێی قەبارەو سەنگی خۆی هەڵی سەنگێنیو بی نرخێنی، تەنیا شیاوی ئەوەیە پشتی

---

٢٣٨) مێژوی.
٢٣٩) تەفرو تونا.
٢٤٠) بەرهەمدار.
٢٤١) بە شوێن گەڕان.

لـێ هەڵگەی‌و بە گاڵتەو گەپی سەیرکەی، هەوەسی دنیا ڕەوشی وابێ، هەموبەدکارێی لەودا پەیدا بێ، سەرکێشی دڵ کێشی بکاو خاکە ساری تێدا بـێ، چۆن دەبـێ شیاوی ئاخ بۆ هەڵگێشانو ئەم هەمو هەوڵو ڕەنجە بێ.

خۆشیەکەشـی هـەر لێڵـە، فـاقو بریقـی هەڵخەتێنـە، پـەیمانو بـەڵێنی وەکـو تراویلکـەن، ئـاواتو خواستەکانی ئێستاکەش هـەر بـەڕێوەن، ڕێـز دارو بـەهرەداری ڕەشك پێ براوە[٢٤٢]، بەهرەو خەڵاتی لە ژێر مەترسیدایەو، شەیداو ئەوینی بە تیخی بێ بەڵێنی سەربڕاوە.

بـاوو باپیـرانی ئێمـە، خـانوبەرە پێـك دەیـێنن
کەچی ئێمە لێی خاوەنین، تاقەڵو کونـد لێـی دەخـوێنن
لـە تـاوی دنـیا دەگرینو، هـیچ کۆمـەڵێکیش نابـێ
کە دنـیا کۆیان کاتەوەو، تـا سەر لەگەڵ یـەك دابـێ
چـیـان بـەسـەرهـات زۆردارانـی بـەرەی پـێـشـو
هەم خۆیان و گە نجینەشیان، لەبەرچاو نەماو ون بـو
هەرکەسێبێ، دەرامەتـی دەشـتو بـیـابـان پڕ بکـا
ڕۆژێ دێ گۆڕی تەنگە بەر لە پڕێ باوەشـی پێ بـکا
یەك بە دەنگت بانگیان بکەی، کپو کەڕن وەڵام نابێ
هەروەکو بڵێی نەیان بیستبێ، مافی دەربڕینیان درابێ

لە فەرمودەی پێغەمبەری خـوادا هاتوە ﷺ: کـە هـەر هونـەرێ هـەوڵو ڕەنجێکی دەوێ وەکو دەفەرموێ: ((انـما العلم بالتعلم، والحلم بـالتَّحَلُّم... بـەڵام زانـست بـە فێـر بونەو، نەرمو نیانیش بە هـەوڵ بۆ دانە)).

هـەم لـە هونـەری خوڕەوشـتە، فەراهـەم هێنـانی خـۆش بـەختیو ڕوگەشـیو، بـەکارهێنانی هۆکارەکـانیو، هـەوڵ دان بـۆ دەسـت پێـشخەری لێ کردنـی، هـەتاوەکو دەبێتە خوڕەوشتێکی خۆڕسکی. بێ گومان ژیانی دنیا ئەوەندەی لێ ناوەشێتەوە ئێمە ڕوگرژو جارِس‌و بێزار کا.

---

٢٤٢) ئێرەی پێ دەبردرێ.

یاسای مەرگە لەم جیهانە، بێ هەڵبوێری پیـادە دەکـرێ
بۆیە دنیا بۆ هیچ کەسێ حەساو گە نیە و بـە مـاڵ نـاکرێ
تۆ هەست دەکەی لەم ژینەدا مرۆڤ هـەواڵی پـێ ئـەدرێ
کەچی هەر خـۆی لـە ناکاوێ هـەواڵی مەرگـی لێ ئـەدرێ
شەیدا و ئەوینی ئەم ژیانەی، کە لـێڵ و لـێخن ڕەخـساوە
گەرکتـە پـاك و ڕۆشن بێ، ژینـی دنیـای ئـەم زەلکـاوە
ئـەوەی پێچەوانـەیـی لـەم ڕۆژگـارە مـەبەس بـێ
وەکـو بلێـی تروسکـەی، ئاگـری لە ئـاو گـەرەك بـێ
ئەوسـا دەشێ مەحالت بۆ بێتەدی و، نەشیاوێکت بـۆ بـشێ
کە لەسـەر لێـواری مـەرگا، داری خواسـتت وەبـەربـێ
ژیـان خـەوتـنـە و مـردن زەنـگـی ئاگـایی
بـەنـدە لـە نێـوان هەردوکـیا، سـواربکی تـاوداریی
پەلە و دەس پێشخەری کـەن، لـە ئامـانج و مەبەسـتان
لـە پەرتـوکێ تـۆمـارە، مـەودای ژیـان و تەمـەنتان
چارەوێی لاوێتیان تـاو داو، زۆر بـە پەلـە و تـاڵوکـە بـون
تـا بۆ لای خوایێ وەگەڕێن، کە خواستراوی دەسـتی ئەو بون
هەرچەندە هەوڵ و گەڕت بێ، ڕۆژگار بـێ خـەش و لەکە بـێ
ژیانیـش هەروا ڕەخساوە، ڕۆژگار نەیاری حـەزت بـێ

ڕاستێیك كە سەرپێچی لێ ناكرێ ئەوەیە: تۆ ناتوانی هەرچی هۆكار و شوێنەواری خەفەتباریە لە ناو دڵت دا ڕیشەكێشی كەی، چونكە ژیان بەو شێوە ڕەخساوە ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِى كَبَدٍ... ئێمە ڕەگەزی مرۆمان دەگەڵ خەمان وەدی هێنا، ﴿٤﴾ البلد﴾ .

﴿إِنَّا خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَّبْتَلِيهِ ... ئێمە مرۆن لە تنۆكێكی[٢٤٣] ئاوێتـە[٢٤٤] وەدی هێنا تا تاقی بكەینەوە، ﴿٢﴾ الإنسان﴾.

---

٢٤٣) دڵۆپێك.

﴿ ...لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا .. تا ئێوە تاقیکاتەوە کامتان ئاکاری جوانترە، ﴿٢﴾ الملك ﴾.

بەڵکە ئەوە لە تۆدا داواکراوە، کۆڵی خەمو کەسەران بەسەر شانتەوە سوك کەی، وە لێ[٢٤٥] بتەوێ ڕیشاڵی پەرێشانی لە بنەڕەت دا بن بڕ کەی، دەبێ ئەوە لە بەهەشتی دوا ڕۆژا چاوەڕێ کەی، هەر بەو بۆنەوە خۆشبەختانی ناو بەهەشت دەڵێن ﴿ وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَذْهَبَ عَنَّا الْحَزَنَ ... شوکرانە بۆ ئەو خوایەی کە سەری لەسەر نەهێشتین، ﴿٣٤﴾ فاطر ﴾.

ئەو فەرمودەیە وا دەگەیێنێ، تەنیا لە بەهەشت دا یەکجارەکی خەم نامێنێ، هەروەکو باری ڕقە بەری هەر لەوێدا لە کۆڵ دەبێتەوە ﴿ وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ ... کینەمان لە سینەیانا، دامالێیوە. ﴿٤٣﴾ الأعراف ﴾.

جا هەر کەسێ لە ڕەوشی چەپەڵکاری ئەم ژیانەی دنیا بەئاگابێ، لە کۆسپو لەمپەرانی چاو دەپۆشێو، لە بێ بەڵێنیو پەیمان شکێنی دنیا خۆی دەبوێرێ، دەزانێ سروشتی ئەم ژیانە هەر ئەوەندەی لەبارداید.

پەیمانو سوێندی دا دا پەیمانی خۆی نەشکێنێ
هەروەکو بڵێی سوێندی خوارد، پەیمانێ جێ نەهێنێ

ئەگەر گوزەرانی ئەم ژیانە ئاوا بێ، کە بۆ کەس بەردەس نابێ، جێی خۆیەتی کەسی زیتو ژیر هێندە کزو مات خۆی نە نوێنێو سەری بۆ کڵۆڵی دانەنوێنێ، بەڵکە تا پێی دەکرێو وزەی لەبەردا بێ، پێویستە لە ڕوی ئەشکەنجەو ئازاردا خۆگر بـێ، ﴿ وَأَعِدُّوا لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ ... تا بۆو دەکرێ چەك‌و جبەخانەی شەڕو ئەسپی سواری پەیدا بکەن، دوژمنی پێ بترسێنن، کە دوژمنانی خوداشن، ﴿٦٠﴾ الأنفال ﴾.

---

٢٤٤) تێکەڵاو.
٢٤٥) بەڵام.

﴿ ... فَمَا وَهَنُوا۟ لِمَآ أَصَابَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَمَا ضَعُفُوا۟ وَمَا ٱسْتَكَانُوا۟ ... هەرچـەند بـەلای لە ڕێی خوادا توشـی هاتن. نـە هیـچیانی بـێ توانـا کـرد نـە زەبـونی ڕوی تێکـردن، ﴿١٤٦﴾ آل عمران ﴾.

هەڵوێســتەیەك...

دڵ پڕ مەبە: ئەگەر تۆ بێ دەستمایەو هەژاری، جگە لە تـۆ پـەنگیان خـواردوە لـە ناو قەرزاری، ئەگەر تۆ خاوەنی ئامێری گواستنەوە نی، بێ لـە تـۆ ئەوەنـدەی لەسـەر پێیەکانیان بڕۆن پێیان قڵیشاون[٢٤٦] ئەگەر تۆ لە ئاهی چەند دەردێکی دەنالّی، جیا لە تۆ سالانێکە لەسەر چار پایەی[٢٤٧] ڕەقو تەق کـەوتون، ئەگـەر تۆیـەك جگـەر گۆشـەت لەدەست داوە، جگە لە تۆ چەند ڕۆڵەیێکی لە یەك کارەساتدا لە دەست داوە.

دڵ پەسـت مەبـە: چـونکو تـۆ موسـڵمانی، سـەبارەت بـە خـواو پەیامبـەرانیو فریـشتەکانی، سـەبارەت بـە ڕۆژی دوایـیو قـەزاو قـەدەری خـوا بـاوەڕداری، چـەند کەسانی جیا لە تۆ بەرامبەر خوای پەروەردیار بێ باوەڕن، نوێنەرانی خوا بە ڕاسـت نازانن، دەربارەی کتێبانی خوا جیا کارن، لـە ڕۆژی پەسـلان[٢٤٨] سەرپێچی دەکـەن، لـە قەزاو قەدەر لاملی دەکەن.

دڵ پەست مەبە: ئەگـەر توشـی خراپـەو تاوانێك هاتوی، فرمێـسکی ژێـوانی هـەڵ ڕژێنەو پەشیمانی بنوێنـە، ئەگـەر هەڵەیێکیـشت کـردوە ڕاسـتی کـەوە، بزانـە میهـرو سۆزی خوا فراوانـەو هەمیـشە دەرگـای کراوەیـە، لێبـوردەیی گـشت گـیرە، گەڕانـەوەی بەندەی قەبوڵە.

دڵ توند مەبە: بە سای دڵ توندی خۆت توشـی دڵاو دڵـی دەکـەی، بونیـەت بـەرەو ڕوخان دەبەی، دڵ ماندو شەکەت دەکەی، خەوی شیرینت تـاڵ دەکـەی، بـە هەناسـەی سەردەوە شەوانت بەسەر دەبەی.

---

٢٤٦) قەڵشاون.
٢٤٧) قەرەوێڵە.
٢٤٨) قیامەت.

شاعیـر دەڵێ:

چەندین بەڵا و مەینەت هەن گەنج و لاوێی هەراسانە
بـەڵام نـازانـی ئـەم دەردە ڕێی ئازادیە و دەرمانـە
کاتـێ ئازار زۆری هێنا و جار لە دوای جار تـوند دەبـو
دوای نائومێدی خۆرهەڵات، ئازارەکانیشـی لـێ ون بو

بەرگـەی شـە پۆڵی هەستو سـۆز

بـە سایی دو هۆیـان سـۆزی مـرۆڤ هـەڵ دەقوڵـێو کڵپـە دەسـێنێ: کـاتی زۆری بـۆ هێنـانی شـادی، دوەم لـە کـاتی ڕودانـی کارەسـاتێکی بەرچـاو ڕەش دا، لـە فـەرمودەی پێغەمبەریشدا هـاتوە: ((واني نهيت عن صوتين احمقين فاجرين: صوت عند نعمة، وصوت عند مـصيبة... مـن دو دەنگی نـاخۆش و خـراپم لێ قەدەغـە کـراوە: دەنگێ لـە کـاتی خۆشیدا هەڵ دەبڕێ، دەنگێ لە کاتی بەڵاو کارەساتدا هەڵدەبڕێ)).

﴿ لِّكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ ... هەتا ئێوە بـۆ شـتێ لە دەستو دەچێ، خەم نەخۆن و بە دەسکەوتو دڵ خۆش نەبن، (٢٣) الحديد ﴾.

هەر بە سای ئەوەیە پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: ((انـما الـصبـر عنـد الـصدمة الاولـی... ئەو ئارامگرتنە گرنگە لە سەرەتای ڕودانی بەڵادا دەگیرێ)).

جا هەر کەسێ لـە کـاتی ڕودانـی مەرگەسـاتێ، یـا دڵ خۆشـێیکی بـەرفرەدا بەسـەر هەڵچونی هەستو سۆزیدا زاڵ بێ، شیاوی ئەوەیە: مـەدالیای خـۆگریو داسـەپاوی لـە مل بکرێ، بە هەمان شێوە بە بەهرەی بەختەوەری شاد دەبـێو چـێژ لـە سـەرکەوتن بەسەر هەواو هەوەسدا وەردەگرێ.

خـوای باڵادەسـت مرۆڤـی وا هەڵسـەنگاندوە، کـە لـە خۆشـیدا سـنور دەبـەزێنێو لافو گـەزاف لـێ دەداو خـۆی هەڵدەکێـشێ، ﴿إِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ جَزُوعًا ﴿٢٠﴾ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلْخَيْرُ مَنُوعًا ﴿٢١﴾ إِلَّا ٱلْمُصَلِّينَ ﴿٢٢﴾ المعارج﴾.

ئەگەر دەکەوێتە خۆشیش، ڕژدی دەنوێنێ، مەگین[٢٤٩] ئەوانەی نوێژ خوێنن. هـەر توشی گزو بو هاوار دەکا.

ئەوان لە شینو شاییدا مـام نـاوەنجین، لـە خۆشـیدا سوپاسگوزارن، لـە ناخۆشـیدا خۆگرو ئارامن.

هەستو سۆزێکی لەسنوربەدەر، خاوەنەکەی شەکەت دەکا بەڵام چ شەکەتیێ، وەها ئـازاری پـێ دەگەیـەیێنێ، دای ئـەڕمێنێو خـەوی لـە چـاوان نامێنـێ، هـەر گـاە ڕقو تووڕەیی بی گرێ زۆر بە تونـدی هەڵدەچێو، ڕادەچڵەکێ، هەڕەشـەو گوڕەشـان دەسـت پێ دەکا، هەرچی ڕازی[٢٥٠] دڵیەتی ئەی پـڕژێنێ، وای بەسـەر دێ هەروەکو بڵێی پـاوانی پوشێی گڕی گرتبێ، بەم چەشنە سنوری دەبـەزێنێ، ئەگـەریش ڕۆژێ شـادی ببینـێ، هۆشی لای خۆی نامێنێ، هەڵدەپەڕێو سەما دەکا، لـە قـوڵایی خۆشـیدا خـۆی لـە بـیر دەکا، سەنگـو ڕێزی لە دەست دەدا، خۆ دروست نیە ڕقـی لـە یـەکێ دابگـرێ، زۆر بـە خراپـە لێـی دەدوێ، لـە چـاکەکان خـۆی دەبـوێرێو، هـەر بـە خراپـەکانی دەوێـرێ، بەهرەکانیشی لـە ژێـر پێـی دادەپۆشـێ، ئەگـەر یەکێکیشی خـۆش بـوێ، لای وایـە لـە ڕێزی فریشتانەو، لەو پەڕی چڵە پۆپەی تەواویانـە. ئـەوەش بـە فـەرمودە لـە قەڵـەم دراوە: لە ئاستی خۆشەویستەکەتدا سنورێ دابنێ چونکو دەشێ ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێتە نـەیارت، بـە هـەمان شـێوە بـا ڕق لێ بونـەوەی نەیارەکەشـت سـنور دار بـێ، لەوانەیـە ڕۆژێ دابـێ ببێتـە هاوڕێیـەکی خۆشەویـستت[٢٥١]. لـە فەرمودەیـەکی پێغەمبـەردا ﷺ هاتوە: ((وأسألك العدل فـي الغضب والرضـا... خوایـە داوای یەکسانیت لێ دەکـەم لـە ڕەزامەندیو ڕق لـێ بونەوەدا.

---

٢٤٩) مەگـەر.

٢٥٠) نهێنـی.

٢٥١) ئاماژەیە بۆ ئەو وتەیە: ((احبب حبيبك هونا ما فعسى ان يكون يوما ما...)).

جا هەر کەسێ ئامادە بێ هەستو سۆزی دەستەمۆ کاو بیرو هۆشی بکا بە دادوەرو هەموشتێکی پێ هەڵسەنگێنێو هـەر شتەی پلەو پایـەی خۆی پـێ بـدا، ئـەوا چـاوی ڕاستەقینە دەبینـێو دەرکـی پـێ دەکـاو ڕاسـتە شـەقام دەدۆزێتـەوە، ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ ... ئێمـە پێغەمبـەرمان نـارد بـە چـەند بەڵگـەی ئاشـکراوەو وێـڕای ئـەوان، کتێـبو هـۆی هەڵسەنگاندمان نارده خوار، هەتا خەڵك بێ جیاوازی لە ناو یەکا ڕەفتار بکـەن، (٢٥) الحديد﴾.

بێگومـان ئـایینی ئیـسلام بـە ڕەوشـت بـەرزیو داب‌و نـەریتی پەسـندەوە هـاتوە هەروەکو بۆ خۆی بەرنامەیێکی گونجاوو یاسایێکی مـام نـاوەنجیو ئـایینێکی پـیرۆزە، ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا ... بـەو شـێوە ئێمـە ئێوەمـان کردۆتـە ئۆمـەتێکی هەڵبژاردە، (١٤٣) البقرة﴾.

ئینجا هاوسـەنگیو یەکسانی خـوازراوێکی سـودمەندە لـە خوڕەوشـتی نمونەیـدا، هەروەکو لە بنەمایەکانی یاسادا خـوازراوە، بـە هـەمان شـێوە ئـایینی ئیـسلام لەسـەر ڕاستیو دادوەری بنیات نـراوە، ڕاستی لە هـەواڵ دانو دادوەری لـە یاسـادا لـە گوفتـارو لە کردارو ڕەوشـتدا ﴿ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا ... قسەکانی پەروەندەت -لە بێ لایەنگریو ڕاستیدا- تەواو بێ کەمو کوڕین. (١١٥) الأنعام﴾.

بە سـای پێغەمبـەری خـوا ﷺ هاوەڵان بەختـەوەر بون

پێغەمبەری خوا ﷺ بانگەوازی خوایی بۆیانی هێنا بە دیـاری، ئـەم بانگـەوازە بـۆ دارایـیو کۆکردنـەوەی سـامان نـەبو، نـە گەنجینـەی لـە دەسـت بـو، نـە خێـوی بـاخو باخاتو کۆشکو تەلاری بەرز بو، لەگەڵ ئەوەشدا یارانی ڕویان تێ دەکرد، ئەگەر چی گوزەران سەختو ماندوشەکەت بون، بـەڵام پـەیمانی مـانو نـەمانیان لەگـەڵ بەسـت، ژمارەیان گەلـێ کەم بو، ڕوتو ڕەجاڵو بێ کـەس بـون، ترسـیان لـەودا هەبوخـەڵکان بیان خەنە ژێر پێیان، کەچی بەوپەڕی ناخو دڵیان پێغەمبەریان خۆش دەویست.

لەگەڵ پێغەمبەری خوادا لە شیوێ گەمارۆ دران، ئەوەی بەزاران بخورێ لێی بێ بەش کران، سەنگو ڕێزیان لەکەدار کرا، خزم خوێشیان بونە دوژمن، بە دەستی بێگانە ئازاریان چەشت، لەگەڵ ئەو هەمومەینەتیەدا دەیان گوزەراند، کەچی لە کانگای دڵیانەوە پێغەمبەری خوایان خۆش دەویست.

هەیان بو بەسەر لی سوربوەوەی بەر هەتاودا ڕادەکێشران، هەندێکی تر لە چۆلگەدا کۆت بەند دەکران، هەندێکیشیان بە چەندین جۆرە سزا لە لایەن بێ باوەڕانەوە ئازار دران، بەم دەردەیان دەبردنو گاڵتە جاڕیان پێ دەهات، لەگەڵ ئەوەدا بە پلەی هەرە بەرزی خۆشەویستی خۆشیان دەویست.

خاك‌و زێدو ماڵو حاڵیان زەوت کرا، لە یاریگەی گەنجو لاوو ڕۆڵەکانیان، لە باوەشی خاوو خێزانیان وەدەر نران، کەچی لە کرۆکی دڵیانەوە خۆشیان دەویست.

بە سای ئەو بانگەوازەی پێغەمبەری خوا ترس‌و لەرزێکی وایان پێ گەیشت، خەریك بو دڵیان دەرچێو گومانیان دەبرد خوا لە هانایان نایێ، کەچی بەوپەڕی خۆشەویستی خۆشیان دەویست.

گەنجی‌و لاوێتی خۆیان خستە سەر تیخی شمشێرەکان‌و، نوکی شمشێرەکان بەسەر سەریانەوە هەروەکو چقڵی داران بون.

هەروەکو بڵێی سێبەری شمشێرانی سەر سەرمان
سێبەری درەختی ســـەوزن، دەڕازێ دەوروبەرمان

پیاوەکانیان گیانیان خستە سەر دەست‌و پێشوازیان لە مەرگ دەکرد هەروەکو بڵێی لە گەشت‌و سەیراندا بن یا لە شەوانی جەژندا بن، سەبارەت بەوەی پڕ بە دڵیان پێغەمبەریان خۆش دەویست.

گەر یەکێ دەکرایە پەیامنێر دەیزانی ئەم هەلەی کۆتا هەلی ژیانێتی، کەچی پەیامەکەی دەگەیاند، یەکێ بە کارێکی پێویست دەنێردرا وای دەزانی ئەم جارەیان بە ساخی ناگەڕێتەوە، بەڵام بە سینەیێکی گوشادەوە بەڕێ دەکەوت، چونکو پێغەمبەری خوایان لە چاوی خۆیان خۆشتر دەویست.

وەڵ با بزانین، بۆ ئەوەندەیان خۆش دەویست، دڵیان ئەوەندە بەو پەیامە ئاوەدان بو، بەو یاسایەو بەو ڕێسایە هێندە خۆشحاڵو ئارام بو، ئەوەندە بـە هـاتنی ڕوگـەش بـون، هـەر کـە شـوێن پێـی ئـەویان هـەڵگرت، هەرچـی دەردەسـەریو چەرمەسـەری، ئازارو ئەشکەنجەو ڕەنجبەری هەیە لە یادیان چو؟!

لەمەڕ ئەوە بو هەرچی ڕەوشتی بەرزە، دڵشادیەو ڕوی بە خەندە لـە ڕوی پـیرۆزی ئەویاندا بەدی دەکرد، هەرچی ئامـاری[۲۵۲] جوامێریو ڕاستیە لـەو پێغەمبـەرەدا ﷺ دەدرەخـشان[۲۵۳]، دەربـارەی هـەر کـاری سـەختو گرانـە وەڵام گـۆی ڕاپرسـیان بـو، بـە سۆزی خۆشەویستی گڕی دڵی دەکوژاندنەوە، بە وتەی ناسکو شیرینی کڵپەی سینەی دەمراندنەوە، بەو پەیامەی بەردەستی، زاخاوی ڕۆحەکانی دەدانەوە.

نمـەی دڵ گوشـادی بەسـەر دڵ دا دەرژانـدن، لـە پێنـاوی گەیانـدنی پەیامەکـەی دەرکیان بە ئەشکەنجەو مەینەتی نەدەکرد، ئەوەنـدە تنـۆکی[۲۵٤] دڵنیـا بـونی بەسـەردا دەباراندن هەرچی زوخمو ژینو ژاری ڕابردویانە لە بیری دەبردنەوە.

بە ڕێنمایـیو ڕێنوێنی دڵی ڕۆشـن دەکـردن، بـە پایـە بـەرزیو شـکۆداری بەرچـاوی ڕۆناك دەکردن، باری گرانی سەردەمی نەفامی لە سەر شاندا لادەبردنو ئامـاری[۲۵۵] بت پەرستی لەسـەردا ڕادەمـاڵین، پـەتی هاوبەشـی دانـانو گـومڕایی لـە مـل دا دادەڕنـین، کڵپـەی گـڕی کینـەو ڕقەبـەریو دوژمـن کـاری لـە ناخیانـەوەدا دەمرکانـد، بـارانی دڵنەوازی[۲۵٦] بەسەر هەستەکاندا هەڵدەڕژانـد، ئەوسـا گیـانو ڕۆحیـان هێـورە دەبـون، هەموئەندامی لەشیان بێ وەی[۲۵۷] دەبون، هەستو نوستیان دەسرەوتنو فێنك دەبون.

لە هاوەدەمی پێغەمبەردا ﷺ چـێژی ژیانیـان هەڵدەچەشت، حەسـانەوەیان بـەدی دەکـرد، لـە خزمـەتی ئـەودا شـادیو گوشـادیان هەسـت دەکـرد، لـە گوێڕایـەڵی ئـەودا سەرفرازیان دەرك دەکرد، لە شوێن پێ هەڵگرتن دا دەوڵەمەندیان پەی پێ دەبرد.

---

۲۵۲) نیشانەی.
۲۵۳) دەتروسکا.
۲۵٤) دڵۆپێ.
۲۵۵) نیشانەی.
۲۵٦) دڵنیایی.
۲۵۷) بێ بەڵا.

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ... ئێمە هەر بۆیە تۆمان نارد کە بەزەیی و چاکەیەك بی بۆ هەمو خەلکی دنیا، ﴿١٠٧﴾ الأنبياء ﴾.

﴿ ...وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ... بێ گومان تۆ لە ڕاستەڕێ، ڕێبەری، ﴿٥٢﴾ الشورى ﴾.

﴿ ... وَيُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ... لە تاریکی دەریان دەخاو بەرەو ڕوناکیان دەبا، ﴿١٦﴾ المائدة ﴾.

﴿ هُوَ ٱلَّذِي بَعَثَ فِي ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ رَسُولٗا مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمۡ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبۡلُ لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ... هەر ئەویشە لەناو خوێندەوارانـدا پێغەمبەرێکی لە خۆیان بۆ ناردن، کە نیشانەکانی ئەویان بۆ وەخوێنێ و لە کتێب و کارزانی ڕایانبێنێ، هەرچەند ئەوان لەپێشودا لەوپەڕی گومڕاییدا بون، ﴿٢﴾ الجمعة ﴾.

﴿ ... وَيَضَعُ عَنۡهُمۡ إِصۡرَهُمۡ وَٱلۡأَغۡلَٰلَ ٱلَّتِي كَانَتۡ عَلَيۡهِمۡۚ ... گرانایی زنجیریان لەسەر لادەبا، کە بەوانیان شەتەك[٢٥٨] دا بون، ﴿١٥٧﴾ الأعراف ﴾.

﴿ ... ٱسۡتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمۡ لِمَا يُحۡيِيكُمۡۖ ... هەرکاتێ خوداو پێغەمبەر لێو داوا دەکەن کارێ بکەن ئێوەی پێ ببوژێنەوە، جێبەجێی بکەن، ﴿٢٤﴾ الأنفال ﴾.

﴿ ...وَكُنتُمۡ عَلَىٰ شَفَا حُفۡرَةٖ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنۡهَاۗ ... ئێوە لەسەر لێواری ئاگر بون، هەر خوا بو ڕزگاری کردن، ﴿١٠٣﴾ آل عمران ﴾.

بە ڕاستی هاوەلان لەگەڵ پێشەنگو سەرمەشقی[٢٥٩] خۆیاندا بەختەوەرو بەهرەوەر[٢٦٠] بون، شایستەیەو جێی خۆیەتی بە هاوەلایەتی ئەو پێغەمبەرە بەختیارو شادمان بن.

---

٢٥٨) ئەوانی پێ بەسترابونەوە.

٢٥٩) پێشەوا.

٢٦٠) بەهرەمەند.

پـەروەردگارا: میهـرو سـۆزو هێمنـیو هـەداری بەسـەر ئارادکـاری بـیرو هزرانـدا[٢٦١] دابـڕژێنە، کە لە کۆتو زنجیری لاڕێییدا ئازادی کردن، گیانو ڕۆحـی لـە ئاسـتەنگی[٢٦٢] پەشـێویدا[٢٦٣] ڕزگـار کـردن، پـەروەردگارا: لـە هـاوەڵو یـارانی شـکۆداری ڕەزامەنـدی بنوێنە، لە پای ئەو هەوڵو کۆششەی پێش کەشیان کرد.

بێـزاری لە ژیـان مەنوێنـــە

هەرکەسێ هەنگاوی نوێ نەنێتو بە یـەك شـێوە بگوزەرێنـێ، شیاوی تـوش بـونی دەردی بێزاریە، چونکێ هەر خۆی هۆکاری ئەم دەردەیە، مـرۆڤ بـەو سروشـتەی خـوا تێیدا ڕەخساندوە لەسەر یەك شێوە گوزەراندن جارس و[٢٦٤] هەراسانە، هـەر بـە سای ئەوەیە خوای پاك‌و بێ گەرد هەمە ڕەنگی‌و هەمە جۆری لە کـات‌و شـوێنەکانداو، لـە خواردن‌و خواردنەوەو، دروستکراوەکاندا فەراهەم هێناوە[٢٦٥]، بڕوانە جیـاوازی نێـوانی شەو ڕۆژ، گران‌و ئاسان، ڕەش‌و سپی، گـەرمو سارد، سـێبەرو هـەتاو، تـرشـی‌و شـیرنی، خوای کردگار لە پەڕتوکی خۆیدا باسی لەم هەمە ڕەنگی‌و جۆراو جۆریە کردوە:

﴿ ... يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ ... لە دەرونی[٢٦٦] تراوێکی[٢٦٧] هەمـەڕەنگ دێتە دەرێ، ﴿٦٩﴾ النحل ﴾.

﴿ ... مُتَشَٰبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَٰبِهٍ ... بـە ڕوانـەت وەك یـەك‌و لـە تـامو ڕەنگـا جیـاوازن. ﴿١٤١﴾ الأنعام ﴾.

---

٢٦١) واتە: بەسەر پێغەمبەری خوادا بڕژێنە.
٢٦٢) تەنگانەی.
٢٦٣) پەرێشانی.
٢٦٤) بێزار.
٢٦٥) دروست کردوە.
٢٦٦) لە سگی.
٢٦٧) هەنگوینێکی.

﴿... وَمِنَ ٱلْجِبَالِ جُدَدٌۢ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهَا ... لـە کێوەکـانیش ڕێگـەو بانی سپی‌و سوری جۆراو جۆری بە ڕەنگ جیای وەدی هێنان؟ ﴿٢٧﴾﴾ فاطر.

﴿وَتِلْكَ ٱلْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ ٱلنَّاسِ ... ئێمـە ئـاوا لـە نـاو خـەڵکا زەمانـە دەسـتاو دەس دەکەین، ﴿١٤٠﴾ آل عمران﴾ .

"بەنی ئیسرائیل" یـەکان لـە بەچێژترین خـۆراك بێزاریـان دەربـڕی هـەر لەمـەڕ ئەوە بو لەسـەر خـواردنی بـەردەوام بـون ﴿... لَن نَّصْبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ ... (گوتیـان) موسـا ئێمە بەیەك جۆرە خۆراك هەدا نادەین[٢٦٨]، ﴿٦١﴾ البقرة﴾.

"خەلیفە مەئمون" ئەم جیاکاریەی بەجێ دەهێنا، جارە لـە دانیـشتنەوە جـارە لـە پێوە، جارە لە ڕێوە، قورئانی دەخوێندو پاشان دەی وت لـە یـەك شـێوەدا دڵ بێـزارە، ﴿ٱلَّذِينَ يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَـٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ ... ئەوانەی -ج لە پێوەو ج لە جێوە، بە دانیشتن، ج لەسەر تەنیشت دەخەون- هەر یادی خودا دەکەن، ﴿١٩١﴾ آل عمران﴾.

هەر کەسێکیش سەرنجی بوارەکانی پەرستش[٢٦٩] بدات هەمە چەشنی‌و نوێکاری لێ بەدی کات، هەندێ لە جۆرەکانی بەندایەتی کردەی دڵن، یـا گوتـارن، یـا کـردارن، یـا بەخشینی پوڵو پارەن.

زەکاتدان‌و ڕۆژو گرتن، حەج کردن‌و گیان بۆ خودا بەخت کـردن، هـەر لـە نوێـژدا هەمە جۆری وەدی دەکـرێ، ڕاوەسـتان‌و چـەمانەوە، ڕوداخـستن‌و دانیـشتن، جـا هـەر کەسێ ئاسودەیی‌و چاپوکی[٢٧٠] و، کۆڵنـەدانی گـەرەك بـێ، لـە کـردەی ڕۆژانەیـدا لـەوە دەست هێنانی زانست دا ئاتاجی هەمە ڕەنگی دەبـێ، بـۆ نمونـە لـە بـواری خوێندنـدا جۆرەهـا هونـەر هەڵبـژێرێ، وەکـو شـارەزایی لـە قورئـان‌و توێژینـەوەی ژیـان نامـەی پێغەمبەرو فەرمودەی، کاراشنایی لە دەقە ئایینیەکان، مێـژو ناسـی‌و وێـژە[٢٧١] ناسـی‌و

---

٢٦٨) ئارام ناگرین.
٢٦٩) پەرستن.
٢٧٠) چوستی.
٢٧١) پەروەردە.

وشـیاری گـشتی، ئـا بـەم شـێوەیە کـاتی ڕۆژانـەی دابـەش بکـا لـە نێـوانی نوانـدنی بەندایەتی‌و بەحەڵاڵی بەسەربردن، سەرەدان و[٢٧٢] لە مێوان پێشوازی کـردن، گەشت‌و سەیران‌و وەرزش کردن، ئەوسا خێوی[٢٧٣] دڵێکی زینـدوو ڕۆشـنایی بەخـشە، سـەبارەت بەوەی هەمە چەشنی خۆش دەوێ‌و هەنگاوی نوێی گەرەکە.

نیـگـــەران مەبـــە

با ئـەو فـەرمودەی پـەروەردێنت هـەوێنی دڵ نـەواییت بـێ: ﴿أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ... ئەدی ئێمە تۆمان سینە گوشاد نەکرد؟ ﴿١﴾ الشرح﴾.

ئـەم دڵ دانەوەیـە هـەمو ئەوانـە دەگرێتـەوە هـەڵگری پـەیامی ڕاستین‌و چـاویان ڕۆشنایی دەبینێ‌و ڕێگای خوایان گرتۆتە بەر.

﴿أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٍ مِّن رَّبِّهِۦ ۚ فَوَيْلٌ لِّلْقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ ٱللَّهِ ۚ ... ئاخۆ کەسێ خودا دڵی بـۆ ئیسلام گوشاد کـردوەو دیـارە بـەر تیـشکی بـەزەیی پەروەردەی خۆی کەوتوە، کەی دەبێ وەك ئەوانـە بـێ کـە دڵـڕەقن؟ هـاوارە بـۆ ئـەو کەسانە دڵڕەقن لە یادی خودا، ﴿٢٢﴾ الزمر﴾.

کەوایـە ڕاستەقینەیێ هەیـە دڵان بەراوەڵـە[٢٧٤] دەکـا، نـا دروسـتێکیش هەیـە دڵان ڕەق‌و توند دەکا.

﴿فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ ... هەر کەسێ خودا حـەز بکـا، بـۆ خۆی ڕێگەی نیشان دەداو بۆ بڕوا بە ئیسلامەتی دڵی گوشادی دەداتێ، ﴿١٢٥﴾ الأنعام﴾.

دیارە ئەم ئایینە ئامانجێکە تەنیا شیاوی کەسانێکە بـە دوای ڕاسـتیدا وێڵـن. هـەر کەسێ لە چاوەدێری‌و کۆمەکی‌و هاریکاری خوا دڵ نیایە لە تەنگانەدا ئەم وتەیەی لە

---

٢٧٢) سەردان.

٢٧٣) خاوەن.

٢٧٤) فراوان.

دەم دایە: ﴿ ...لَا تَحْـزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ... خەمت نـەبێ ئێمـە خودامـان دەگەڵە، ﴿٤٠﴾ التوبة ﴾.

﴿ ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُوا۟ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَـٰنًا وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ... ئەو کەسانەی پێیان وتن: گەلە کۆمەکی و لـێ کـراوەو بە پەناوە دێنە سەرتان، ئەشێ ترسو لێیان هەبێ، باوەڕیـان بـەهێزتر بـوەو گوتیـان: ئێمە هەر خودامان بێ بەسمانەو چاترین پشتو پەنامان هەرئەوە، ﴿١٧٣﴾ آل عمران ﴾.

کە خوا یاوەرت بێو وە خۆگرو پارێزەرت بێ هەر ئەوەندەت بەسە.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ حَسْبُكَ ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ... ئەی پێغەمبەر! بـۆ تـۆو بـۆ باوەڕدارانـێ شوێنت کەوتون، خودا بەسە، ﴿٦٤﴾ الأنفال ﴾.

هەر کەسێکیش بەرەو ئەو رێگایە ڕاستە ڕێ بێ، دەگا بە مەنزلـێ خـۆی و مەحاڵە کە لاڕێ بێ.

﴿ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْحَىِّ ٱلَّذِى لَا يَمُوتُ ... سـا تـۆ خـۆت بـدە دەس کەسـێ، کـە هـەر زیندوەو نامرێ، ﴿٥٨﴾ الفرقان ﴾.

غەیری خودا بێ زەبرەو[٢٧٥]، دەستەوسانە[٢٧٦]، دەبێ بمرێو بەرەو نەمان ڕێگا بگرێ.

﴿ وَٱصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُ فِى ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ ﴿١٢٧﴾ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ ... خۆڕاگر بە! دیارە خـۆڕاگرتنیش هەر بە خوایەو خەمیان مەخۆو لەو فێڵو تەڵەکانەش دەی کەن، دڵتەنگ مەبە. بێ سۆ خودا وێڕای خۆپارێزانو چاکەکارانە. ﴿١٢٨﴾ النحل ﴾.

---

٢٧٥) بێ دەسەڵات.

٢٧٦) بێویستە.

خوای گەورە کۆمەکی‌و بەرگری خۆی تایبەت کردوە بە دۆستانی کە بـە پێی لە خوا ترسان‌و کردو کۆشیان کۆمەکیان دەکاو دەیان پارێزێ‌و بەرگریان لێ دەکا.

﴿وَلَا تَهِنُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ... بـا سـستی ڕوتـان تـێ نەکاو خەمیش مەخۆن. هەر ئێوەن کە سەر دەکـەون، ئەگـەر بـڕواو بـە خـوا هەیـە، ﴿١٣٩﴾ آل عمران﴾.

هەر شکۆداری‌و پایە بەرزیێك لە نواندنی بەندایەتی دا وەدی دێ.

﴿لَن يَضُرُّوكُمْ إِلَّآ أَذًى ۖ وَإِن يُقَٰتِلُوكُمْ يُوَلُّوكُمُ ٱلْأَدْبَارَ ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ ... ئەوانیش - مەگەر هەر بە دەم - دەنا هەرگیز ناتوانن بۆتان بە زەڕ بن. ئەگەر دەگژیشو ڕاچن، زۆر زو پشتـو تێدەکەن‌و ڕا دەکەن‌و کەسیش دە هانایان نایێ، ﴿١١١﴾ آل عمران﴾.

﴿... لَأَغْلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِىٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِىٌّ عَزِيزٌ ... خودا خۆی بـڕیـاری داوە: بێگومانـە من‌و پێغەمبەرەکانم سەردەکەوین. خوا توانای بە دەسەڵاتە، ﴿٢١﴾ المجادلة﴾.

ئەوە پەیمانێکە سەرپێچی لـێ ناکرێ‌و بەڵێنێکە دوا ناخرێ.

﴿... وَأُفَوِّضُ أَمْرِىٓ إِلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٤٤﴾ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُوا۟ ... کاری خۆم بە خوا دەسپێرم، خـودا چـاوی لـە عەبـدەکانی خـۆی هەیـە. خوا ئەوەی لە ئاکامی خراپی ئەو فێڵەی دەیانکرد، ڕزگار کرد، ﴿٤٥﴾ غافر﴾.

﴿..وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ... بـاوەڕداران کاروبـاریـان دەبـێ هـەر بـە خـوا بسپێرن، ﴿١٢٢﴾ آل عمران﴾.

خـەمگین مەبـە وا بزانـە تەمـەنت تـەنیا یـەك ڕۆژی تێدا مـاوە، دەی کەوایـە بـۆ خەمان لە خۆ بار دەکەی‌و ڕوی خۆت گرژو مۆن دەکەی هاوارو ڕۆڕۆ دەکەی؟!

لە فـەرمودەدا هـاتوە: ((اذا اصـبحت فـلا تنتظـر المـساء، واذا امـسيت فـلا تنتظـر الصباح... ئەگەر بەیانیت کردەوە چاوەڕێی ئێوارە لێ داهاتن مەبـە، ئەگـەر ئێوارەت کردەوە چاوەڕێی بەیانی لێدا هاتن مەبە)).

مەبەست لەو فەرمودەیە ئەوەیە: کردوکۆشت تەنیا بۆ ڕۆژی تێدا ژیانت بێ، خۆت بە ڕابردو سەرقاڵ مەکەو، لەمەڕ داهاتو حاڵت بێ حاڵ مەکە، هۆنـەر[٢٧٧] یش دەڵێ:

بە دوای چواندا وێڵ مـەبەو هـیواو ئومێدیش پەنهانـە
هەر ئەو ساتەی لەبەر دەستتە جێی ئومێدو هیوای ژیانە

جـۆرێ لـە جۆرەکـانی گێلـیو نـەفامی ئەوەیـە: بـە ئـاهو کەسـەری ڕابـردو خـۆت بسوتێنیو هەرچی پەژارەو مەینەتی بەسەرچوە لە خۆیدا وەرئاڵێنی.

پەندێکی کوردیش دا دراوە دەڵێ: پێش گەیشتن بە ڕوباری قاچت هەڵمەکە.

ئـەوەی لـەو وتەیـە وەردەگـیرێ ئەوەیـە: پەلـە لـە ڕودانـی ڕوداوان نەکـەی، دەردو خەمانی لە خۆ بار نەکەی هەتاوەکو پێی دەگەیو تامو بۆی لێ چێژ دەکەی.

یەکێ لە پێشینان دەڵێ: ئـەی بـەرەی مـرۆڤ تـۆ تـەنیا سـێ ڕۆژت هەیـە، دوێنـێی ڕابردو: سبەی نەهاتو، ئەم ڕۆژەی لە ڕو، دەی وریا بە ئیمرۆ خوای خۆت نەڕەنجێنی. ئەو کەسـەی خـەمی ڕابـردو ئێـستاو داهـاتو لـە خـۆی بارکـا چـۆن بـۆی دەلـوێ ژیـان بەسەربا؟!

چۆن ئاسودەیی پەی بەدڵی یەکێ دەبا هەر داخوکەسەرێ ڕویدا یادەبێ لەناو دڵیدا تاو تۆپیکا؟! ئەوسا لەناو بیروهزریدا بیهێنیو بیباو بە بێهودە گیانی پێ ئازار بدا!

دەرسێك کە لـەو فەرمودەیـەوە وەردەگـیرێ ((اذا اصـبحت فـلا تنتظـر المـساء واذا امسیت فلا تنتظر الصباح... ئەگەر بەیانیت کردەوە چاوەڕێی ئێوارە لێدا هاتن مەبە، ئەگەریش ئێوارەت کردەوە چاوەڕێی بەیانی لێدا هاتن مەبە)).

ئەو دەرسەی لەو فەرمودەیە وەردەگیرێ ئەوەیە: ئومێدت بـێ مـەودا نـەبێ، ڕۆژی کۆچی یەکجارەکیت لەبەرچاو بێ، کردەی بـەردار بنوێنـە، بـا خـەمو خەفـەت وات لێ نەکەن جگە لەم ڕۆ بە ڕۆژی هەڵاتنی خواستەکانت بقرسێنی، هەر لەم ڕۆژە هـەوڵو ڕەنجت بخەرەگەڕ، کاروپیشەت ڕێكو ڕێزکە، هەر بەو ڕۆژە بایەخ بدە، ڕەوشتی نایاب بنوێنە، بە باری تەندروستیت گرنگی بدە، هەڵسوکەوتت لەئاستی خەڵکدا ڕاستکەوە.

---

٢٧٧) شاعیر.

هەڵوەســتەیەك

دڵ گیـر مەبە: چونکێ بڕیاری خوا دراوە، قەدەری پیادە کراوە، مەرەکەبی خامـە وشـکەوە بـوەو، لاپـەڕە هەڵپێـچراوەو، هـەموکردارو فـەرمانێ بـەجێ بـوە، کەواتـە دلگیری تۆ هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ، تازە کار لـە کـار تـرازاوەو دەهۆڵ درِاو تەقـەی بڕاوە.

خـەمبار مەبـە: خـەمباری تـۆ بەرگـەی شـاڵاوی ڕۆژگـار نـاگرێو، بـەری ڕۆژێ بـە بێژینگ ناگیرێ، بۆت نارەخسێ چرکە ژمێـری خولـەك چـەپە خولەکـەی[٢٧٨]، بـەرەو دواوە گوزەرکەی، ئاوی ڕوبار بەرەو ژورو سەرەو هەڵکەی[٢٧٩].

زویـر مەبـە: زویـری وەکـو ڕەشـەبای سـەرکەش‌و هەڵەشـەیی وایـە کـەش‌و هـەوا بشڵەژێنێ، ئاوی بێ گەرد بشێلوێنێ، ڕەنگی ئاسمان بگرژێنـێ، لـقـو پۆپـەی گـوڵان لـە گوڵشەندا تێك بشکێنێ.

خەمگین مەبـە: خـەمینی وەکـو ڕوبـارێکی بـە هـاش‌و هـوش وایـە کـە لـە دەریـاوە هەڵدەڕژێ‌و بۆ ناو دەریا دادەڕژێ، وەکو کەسێکە ڕیسی لـە خـوری بهۆنـێ و[٢٨٠] پاشـان هەڵی وەشێنێ، یا وەکو ئەوە وایە ئاسنگەر گوندەی کـون بـو دەف دا، یـا وەکـو کەسـێ وایە بە پەنجەی دەستی لەسەر ڕوی ئاو بنوسێ.

تەمبار مەبە[٢٨١]: چونکێ هەر ئـەو ساتەی دڵ شـادو بەختـەوەری لـە تەمـەنی تـۆ دەژمێردرێ، نەکەی ڕۆژگارەکانت بکەیتە قوربانی خەمۆکی‌و، شەوگارەکانت بە ئاخ‌و داخان بەسەربەی، کاتە پڕ بەهاکانت بەسەر خەماندا دابەش کەی، لە بە فیـڕۆ دانـی تەمەنت زیادەڕۆیی نەنوێنی، چونکو کەسی زیادەڕۆ نەیارێتی خوا وەدەس دێنێ.

---

٢٧٨) بەرەو چەپ پێچەوانەی کەی.
٢٧٩) بەرەو ژورو هەڵگێڕیەوە.
٢٨٠) بچنێ.
٢٨١) خەمبار مەبە.

پەروەردگـارت لێبوردەیە و لێبوردەیی بەروەدەیـە

ئایە ئەوەی گرنگی خۆری هیـوات لـێ هەڵدێنێو ئاسۆی ئومێـدت دەدرەوشـێنێ، بەختیاری دێنێو خەم دەتارێنێ: ئەو وتەیەی پـەروەرگار نیـە، کـە مـزگێنی دێنـێ؟: ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ... بێژە: ئەی عەبدەکانی مـن! ئـەی ئەوانـەی کـە بـە لادان لە ئەندازە، ناحەقیو لە خۆ کردوە! نابێ ئێوە لە بەزەیی خـوا ناهومێـد بـن، چونکە لە هەموگوناهێك چاو دەپۆشێ، ئەو لێبوردەو دلۆڤانە، ﴿٥٣﴾ الزمر ﴾.

خـوای گـەورە بـە وشـەی "ئـەی بەنـدەکانم" دڵنـەواییان دەکـاو هیـوای دواڕۆژیـان گەش دەکا، بەو مزگێنییە کەسانێکی تایبـەت کـردوە دەرحـەق بـەخۆیان سـتەمکارن، سەبارەت بەوەی هەڵەی زۆریان ئەنجام داوەو فرەتاوانیان لێ ڕوداوە، چ جای ئەوانـەی لە هەڵەو تاوان بەدورن! بەهەمان شێوە بەندەکانی لە بێئومێدیو بەدبینی[٢٨٢] یاسـاخ دەکاو پێیان دەڵێ:

گەر تاوان کار ژێوانی دەربڕێ ئەوا خوای گەورە لە هەموتاوانێ ورد بێ یا درشـت، دیار بێ یا نادیار دەبورێ.

پاشان خوای باڵادەست بە ڕاناوی دڵنیاکار [٢٨٣] "إِنَّهُۥ هُوَ ... و ئامرازی ناساندن (ال)[٢٨٤] خـۆی دەناسـێنێ "إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ... کـە ئەوپـەڕی بـێ هەڵـەیی و تـەواوی خـوا دەگەیێنێ.

ئایە بەختەوەرو شادمان نیت بەو مزگێنیو بەڵێنانـەی پـەروەرێنت: ﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا۟ فَٰحِشَةً أَوْ ظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ ذَكَرُوا۟ ٱللَّهَ فَٱسْتَغْفَرُوا۟ لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ

---

٢٨٢) ڕەشبینی.

٢٨٣) (الضمیر المؤکد....

٢٨٤) (اداة التعریف....

ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا۟ عَلَىٰ مَا فَعَلُوا۟ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ... ئـەو کەسـانەی هـەرگا کاری خراپ دەکـەن، یـان ناحـەقی لـە خـۆ دەکـەن، خـودا لـە بـیر نابـەنـەوەو لەبـەری دەپارێنـەوە: لـە خـەتاکانیان ببـورێ، بێژگـە خـوداش کـێ لـە گوناهـان دەبـورێ؟ جـا ئەوانە لەسەر کارێ کە زانیویانە هەڵەیە، پێ داگر نین. ﴿١٣٥﴾ آل عمران ﴾.

﴿ وَمَن يَعْمَلْ سُوٓءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُۥ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا ... هـەر کەسێکیش کارێکی نالەبار بکا، یان غەدرێکی لەخۆی بکا، پاشان لە خودا بخوازێ کـە ببەخشێ، دەبینێ کە خوا لێی دەبورێو دلۆڤانە، ﴿١١٠﴾ النساء ﴾.

﴿ إِن تَجْتَنِبُوا۟ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلًا كَرِيمًا ... ئەگەر ئێوە ئەو تاوانە زەلامانەی پێمان ڕاگەیاندون نەیکەنو خۆتـان دورە پـەرێز بگـرن، هەڵـەو پەڵـەی دیکـەتان لەسـەر لادەبـەینو دەتانبـەینـە شـوێنێکی بـە قەدرو عیزەت، ﴿٣١﴾ النساء ﴾.

﴿ ...وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ جَآءُوكَ فَٱسْتَغْفَرُوا۟ ٱللَّهَ وَٱسْتَغْفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُوا۟ ٱللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا ... جا ئەمانەش لە پاش ئـەوەی کـە ئـەو غـەدرەیان لە خۆ کرد، گەر بهاتانەوە لای تۆو داوای خودا لێ خۆشبونیان بکردایـە، تـۆ یـەکیش، کە پێغەمبەری، داوای لە گوناە بوردنت بۆ ئەوانە بکردبا، بێ گومان ئەوسا دەیاندی، کە خوا ژیوانیەکەیان قەبوڵ دەکاو دلۆڤانە، ﴿٦٤﴾ النساء ﴾.

﴿ وَإِنِّى لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهْتَدَىٰ ... هـەر کەسـێکیش تۆبـەکاری باوەڕدارو، ئاکار چاکو، شارەزای ڕاستە ڕێگە بێ، من دەیبەخشم، ﴿٨٢﴾ طه ﴾.

کاتێ موسـا پێغەمبـەر ﷺ بـێ بـاوەڕێ دەکـوژێ دەڵـێ: ((فـاغْفِرْ لِي فغفَرَ لهُ... خوایە لێم خۆش بە ئەویش لێی خۆش دەبێ.

خوای پەروەردگار دەربارەی داود پێغەمبەر دەفەرموێ لە کاتێکدا دەگەڕێتەوە پەشیمان دەبێگرێو ﴿فَغَفَرْنَا لَهُۥ ذَٰلِكَ ۖ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَـَٔابٍ ... ئێمە لەو هەڵەیەی بەخشیمان، لە نزیکانی خۆمانەو گەڕانەوەی چاکی هەیە، (٢٥) ص﴾.

پاکیو بێ گەردی بۆ ئەو خوایە میهروسۆزی چەند فراوانەو چەندە دەروی خێری ئاوەدانە!! بە ئەندازەیێ میهرو لێبوردەیی گشت گیرە هاوبەش پەیدا کەرانیش دەگرێتەوە ئەگەر پەشیمانی دەربڕنو بۆ لای خوا وەگەڕێنەوە، پێمان دەڵێ: ﴿لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٍ ۘ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۚ وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا۟ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٧٣) أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى ٱللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ... ئەوانەی کە گوتیان: خودا سێیەمینە لە سێ کەسان، بێ سۆ لە دین لایان داوە. جگە لە خودای تاقانە، هیچ کەس بۆ پەرستن ناشێ. ئەگەر بێتو دەس هەڵنەگرن لەو قسانە - ئەوانیانە کەوا لە دین لایان داوە - گرفتاری ئازارێکی بەژان دەبن. بۆ چ ئەوانە پەشیمانی نابەنە بەرقاپی خوداو داوای بەخشینی لێ ناکەن؟ کە خوا لە گوناە دەبوریو دلۆقانە، (٧٤) المائدة﴾.

پێغەمبەری پێشەوا ﷺ لە فەرمودەیەکی ڕاستو ڕەواندا دەفەرموێ:

((يقول الله تبارك، تعالى: يا ابن ادم، انك ما دعوتني، ورجوتني الا غفرت لك على ما كان منك ولا ابالي، يا ابن ادم، لو بلغت ذنوبك عنان السماء، ثم استغفرتني غفرت لك، لا ابالي، يا ابن ادم، لو اتيتني بقراب الارض خطايا ثم لقيتني لا تشرك بي شيئا، لاتيتك بقرابها مغفرة... خوای بەرزو بێ هاوتا دەفەرموێ: ئەی گرۆی ئادەم، تاوەکو لێم ببارێیەوەو چاوی ئومێدت لە من بێ، بێ سۆ لە هەموتاوانێکی دەبورم کە تۆ پێیەوە تاوانباریو گوێ پێ نادەم، ئەی بەرەی ئادەم ئەگەر تاوانت بەری ئاسمان بگرێو داوای چاوپۆشی لە من بکەی تاوانی تۆ دەپۆشمو گوێ پێ نادەم، ئەی دەستەی ئادەم، ئەگەر بە پڕاوپڕی زەوی بە تاوەنەوە بەرەو من بێی بەڵام کاتێ پێم دەگەی هاوبەشیت بڕیار نەدابێ ئەوا بە پڕاو پڕی زەوی بە لێخۆشبونەوە بەرەو تۆ دێم)).

لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێ: ((ان الله يبسط بالليـل ليتـوب مـسيئ النهـار، ويبسط يده بالنهار ليتوب مسيئ الليـــل، حتى تطلع الشمس من مغربها... خوای گەورە لە شەودا دەرگای لێبوردەیی خۆی کردۆتەوە تـاوەکو تاوانبـارانی ڕۆژ بگەڕێنـەوە، لـە ڕۆژدا دەرگای میهروسۆزی والاّ کردوە تاوەکو تاوانبارانی شەو ژێوانی خۆیان دەربـڕن هەتا خۆر لە خۆرئاواوە هەڵـدێ)).

لە فەرمودەیەکی قودسیدا هاتوە: ((يا عبادي انكم تذنبون بالليل والنهار وانا اغفـر الذنوب جميعا، فاستغفروني اغفر لكم... خوای گەورە دەفـەرموێ: ئـەی بەنـدەکانی مـن ئێوە لە شەو ڕۆژدا گوناە دەکەن منیش خوایەکی لێ بوردەمو لە هەموتاوانێ دەبورم، سا داوای لێ خۆشبونم لێ بکەن هەتا لێتان خۆشبم)).

هەروەها پێغەمبەری خوا لە وتەیەکی تریدا دەفەرموێ: ((والذي نفسي بيده لـو لم تذنبوا لذهب الله بكم ولجاء بقوم اخرين يـذنبون فيـستغفرون الله فيغفـروا لهـم... سوێند بـەوەی گیـانی منـــی لەدەستە ئەگـەر بـێو ئێـوە تـــاوان نەکـەن خـوای گـەورە ئێـوە لائـەباو گـەلێکی تـر دەێنـێو تاوانیـان لـە دەسـت ڕوبـداو داوای لێخۆشـبون بکـەنو خوداش لێیان ببورێ.

لە فەرمودەیەکی تردا: ((والذي نفسي بيده لو لم تذنبوا لَخِفْتُ عليكم ما هو اشد من الذنب، وهو العجـــب... ســـوێند بـەوەی گیـــانی مـنی لـە دەسـتە، ئەگـەر بـێو ئێـوە توشـی تـاوان نـەبیێن، شـتێکی مەترسیدارترتان لـێ چاوەڕێ دەکـەم، ئەویـشـیان ڕا لەخۆیی یە.

لە فەرمودەیەکی تـردا: ((كلكم خطاء وخيـر الخطـائين التوابـون... هـەموتان شیاوی هەڵە کردنن چاترینی هەڵەکارانیش تۆبە کارانن)).

لەو فەرمودەیەشدا دەفەرموێ کە هەڵەوە خۆ هەڵناگرێ: ((لله افـرح بتوبـة عبـده من احدكم كان على راحلته، عليها طعامه وشرابه، فضلت منه في الصحراء، فبحث عنهـا حتى ايس، فنام ثم استيقظ فاذا هي عند رأسه، فقال: اللهم انت عبدي، وانـا ربـك اخطـأ من شدة الفرح... بە دڵنیاییەوە خوای گەورە لە ژێوانی[٢٨٥] بەندەی خۆی خۆشتر دێ لە

---

٢٨٥) پەشیمانی.

یەکێ لە ئێوە لە بیابانێ وڵاخەکـەی گـوم کـاو خـواردنو خـۆراکی لەسـەر پشتی ئـەو وڵاخە بێ، هەتا ئومێدی دەبڕێ بە دوای دابگەڕێ، بە ناچاری خـەو بەسـەر چـاوێدا بێو پاشان بە خەبەر بێو لە ناکاوێ ببینـێ وڵاخەکەی لەسەر سەریەوە وەستاوە، لـە خۆشیان هەڵە بکاو بڵێ: خوایە گیان تۆ بەندەی منیو منیش پەروەردگاری تۆم)).

ئەو فەرمودەیەش گومانی تێدانیە کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ بیستراوە: ((ان عبدا اذنب ذنبا فقال: اللهم اغفر لي ذنبي فانه لا يغفر الذنوب الا انت، ثم اذنـب ذنبـا، فقـال: اللهم اغفر لي ذنبي فانه لا يغفر الذنوب الا انت، ثم اذنب ذنبا فقال اللهم اغفر لي ذنـبي فانه لا يغفر الذنوب الا انت، فقال الله عزوجل علم عبدي ان له ربا ياخذ بالـذنب، ويعفـو عن الذنب، فليفعل عبدي ما شاء... یەکێ لە بەندەکانی خوا، تـاوانێکی کـردو گـوتی: ئەی پەروەردگارا لە تاوانم ببورەو هەر تۆ لە تاوان دەبوری، جارێکی تر توشی تـاوان هاتەوەو، گوتی: پەروەردگارا لەو هەڵەیەم ببورە بـە ڕاستی هـەر تـۆ خوایـەکی بـە لێ بوردەی، بـۆ جـاری سـێیەم توشـی گونـاهێکی تـر هـاتو پەشـیمانی دەربـڕیو گـوتی: پەروەردگارا ئـەو جارەشیان بم بەخـشە بـە ڕاسـتی بەخـشندەیی هـەر شیاوی تۆیـە، خوای بەخشندە فـەرموی: بەنـدەی مـن هەسـت دەکـا پـەروەردگارێکی هەیـە بـەهۆی تاوان خەڵکی دەگرێو لە تاوانیش دەبورێ، کەوایە هەرچی بیکاو پەشـیمانی بنوێنـێ منیش لێی دەبورم. مەبەس لەو فەرمودەیە ئەوەیـە بەنـدە هەرچـەندی تاوانبـار بـێ بەڵام ژێوانی دەربـڕێو بۆ لای خوا بگەڕێتەوە خوای گـەورە دەفـەرموێ منـیش هـەر لێی قەبوڵ دەکەم)).

خـەمبار مەبـە، هـەمو شـتێ قەزاوقەدری خوایـە

هەر کەسێ موسڵمان بێو شوێن پێ هەڵگیر پێغەمبەری خوا بـێ ﷺ بیروباوەڕی وایە هەر چیێی ببـێ بـە قەزاوقـەدری خوایـە، هـیچ شـتێ نایێتـە ئـاراوە مەگـەر بـە ئاگاداریو فەرمانی ئەوەو، ئەو لێی ئەندازە گیـرە.

﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَآ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ... هەر بەڵایێك ڕوودا لەم سەر زەمینەو هـەر بەڵایـەك کـە

بەسەر خودی خۆتان دێ - بەر لەوەی وەدی بهێنن - لە دەفتەرێکدا نوسراوەو ئەمە لای خودا ئاسانە، ﴿٢٢﴾ الحديد ﴾.

﴿ إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَٰهُ بِقَدَرٍ... ئێمە هەموبونەوەرمان بەئەندازە ئافراندوە،﴿٤٩﴾ القمر ﴾.

﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ ٱلْخَوْفِ وَٱلْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ... دیارە ئێمە جاروبارە بە هێندێك ترس و برسی بون و لە ناوچون و کەم بونەوەی مالّی دنیاو بەروبوتان، بە ئەزمونتان دەگەیێنین. مژدە بدە بەو کەسانەی خۆڕاگرن،﴿١٥٥﴾ البقرة ﴾ .

فەرمودەی پێغەمبەریش لەوبارەوە هاتون: ((عجبا لأمر المؤمن!! ان امره كله له خير، ان اصابته سراء شكر فكان خيرا له، وان اصابته ضراء صبر فكان خيرا له، وليس ذلك الاّ للمؤمن... کردارو فەرمانی موسڵمان سەرسوڕمێنە!! هەموبارێکی ژیانی فەڕو چاکەیە، ئەگەر خۆش گوزەرانی بەسەردا هات سوپاس گوزارە، لەمەڕ ئەوە بەهرەدارە، ئەگەریش ناخۆشیێ ببینێ ئارامی لەسەر دەگرێ، بەسای ئەمە خەڵاتی خواوە دەست دێنێ، ئەمەشیان تەنیا بۆ باوەڕدار ڕەخساوە)).

دەفەرموێ: ((اذا سئلت فاسال الله، واذا استعنت فاستعن بالله، واعلم ان الامة لو اجتمعوا على ان ينفعوك بشيء لم ينفعوك الا بشيء قد كتبه الله، وان اجتمعوا على ان يضروك بشيء لم يضروك الا بشيء قد كتبه الله عليك، رفعت الاقلام، وجفت الصحف... ئەگەر داوات کرد داوا لە خوا بکە، ئەگەریش کۆمەکی و یارمەتیت گەرەکە هانا بەرەو خوا ببە، دڵنیا بە ئەگەر هەموخەڵك لە بەرژەوەندی تۆ کۆبێتەوە، ناتوانن سودت پێبگەیێنن بە هیچ جۆرێ، مەگەر بایی ئەوەندەی بڕیاری خوای لەسەر بێ، ئەگەریش هەمویان هەوڵدەن بە شێوەیێ زیانت پێ بگەینین بۆیان نالوێ [٢٨٦] مەگەر بارتەقای ئەوەندەی بڕیاری خوای لەسەر بێ، پێنوسی خوا لە نوسین بۆتەوەو لاپەڕە وشکبۆتەوە)).

---

٢٨٦) ناگونجێ.

بە هەمان شێوە دەفەرموێ: ((واعلم ان ما اصابك لم يكن ليخطئك وما اخطأك لم يكن ليصيبك... دڵنیا بە ئەوەی تۆ بپێکێ بەسەر تۆوە هەڵنابڕێ، ئەوەی بەسەرتا هەڵببڕێ تۆ ناپێکێ)).

هەروەها دەفەرموێ: ((جف القلم يا أبا هريرة بما أنت لاق... ئەی "ئەبا هورەیرە" ئەوەی تۆ پێی گرفتار ببی تازە قەڵەمی قەدەر نوسیوێتی)).

بەو شێوەیە لەو فەرمودەدا دەفەرموێ: ((احرص على ما ينفعك، واستعن بالله ولا تعجز، ولا تقل: لو اني فعلت كذا لكان كذا، ولكن قل: قدَّر الله وماشاء فعل... لەسەر ئەوەیان پێ دابگرە کە سودت پێ دەگەیەنێو، پشتت بە خوا ببەستەو بێ توانایی مەنوێنە، وا مەڵێ ئەگەر ئاوام بکردایە واو وا دەبو، بەڵکە بڵێ: چارەنوسی خوا وابو ئەوەش، کە خوا بیەوێ دەبێ هەر بێتە دی)).

لەو فەرمودەیەشدا دەفەرموێ: ((لا يقض الله قضاء للعبد الا كان خيرا له... خوای میهرەبان هەرچی بۆ بەندەی خۆی بە ڕەوا ببینێو بڕیاری لەسەر بدا، ئەوا بەرژەوەندی ئەوی تێدایە)).

دەربارەی گوناهو سەرپێچی کردن پرسیاریان لە "ئیبن تەیمیەی"ی شێخی ئیسلام کرد: ئایە گوناهیش بەرژەوەندی بەندەی تێدایە؟

لە وەڵام دا گوتی بەڵێ، بە مەرجێ پاشگەز ببێتەوەو ژێوانی دەربڕێو داوای لێ بوردن لە خوا بکاو مل کەچی بۆ بنوێنێ.

خوای تاکو تەنیا دەفەرموێ: ﴿ ... وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ... ڕەنگە لە شتێك حەز نەکەن بەڵام بۆتان وەخێرگەڕێ، ڕەنگیش هەیە ئاوات بۆ شتێك بخوازن کە ئاکامەکەی باش نەبێ، خودا دەزانێو ئێوە سەری لێ دەرناکەن، (٢١٦) البقرة ﴾.

خەمگـیـن مەبـە، گەشـبین بـە

"تیـرموزی" ئـەو فەرمودەیـە دەگێڕێتـەوە: ((أفـضل العبـادة: انتظـار الفـرج... چاترینی بەندایەتی ئەوەیە ئومێدی ڕزگاریت ببێ.

﴿ أَلَيْسَ ٱلصُّبْحُ بِقَرِيبٍ ... ئاخۆ بەیان نزیك نیە، ﴿٨١﴾ هود ﴾.

چاوت لە دەروازەی ڕزگـاری خـوای بـەهرەوەر بـێ، چـاوەڕێ بـە، هـەر بینـا خـۆری ئومێدی بێ ئومێدان لە سپێدەی بەیاندا هەڵبێ.

کوردیش گوتەنی: زوڵم لە ئەستوری دەپچڕێ.

ئەگەر تەنگانە تەنگی پێ هەڵچنی چاوەڕێی لێبونەوەی دەروی خێر بە.

خوای هێزدارو توانادار دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ... هەر کێش لە خودا بترسێ، دەرویکی لێ دەکاتەوە، ﴿٢﴾ الطلاق ﴾ .

خـوا دەفـەرموێ: ﴿ ... وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُعْظِمْ لَهُۥٓ أَجْرًا ... هـەر کـێش لە خودا بترسێ، خەتاکانی دادەپۆشێو پاداشتی گەورەی دەداتێ، ﴿٥﴾ الطلاق ﴾.

﴿ ... وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مِنْ أَمْرِهِۦ يُسْرًا ... هەر کێش لە خودا بترسێ خوا کاری ئاسان دەکا، ﴿٤﴾ الطلاق ﴾ .

لەو فەرموده حاشا وەخۆ هەڵنەگرەدا پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: خوای گەورە دەفەرموێ: ((أنا عند ظن عبدي بي، فليظن بي ما شاء... بەندەی من چ گومانی بە من دەبا بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم، جا چ گومانێکم پێ دەبا با بیبا)).

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسْتَيْـَٔسَ ٱلرُّسُلُ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا۟ جَآءَهُمْ نَصْرُنَا فَنُجِّىَ مَن نَّشَآءُ ... ئا ئەوسا کە پێغەمبەران ناهومێد بون، مەردمیش وایاندەزانی کە درۆیان دەگەڵ کردون، یارمەتی ئێمەیان بۆهات، ئەوانەش وا حەزمان کرد ڕزگارکران، ﴿١١٠﴾ یوسف ﴾.

خـوای گـەورە ئـەم وتەیەشـی فـەرموە: ﴿ فَإِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٥﴾ إِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٦﴾ الشرح ﴾.

هەندێ لە تۆڕەوانی قورئان ئەو قسەیە دەکەن - هەندێکیشیان بە فەرمودەی دادەنێن- کە دەڵێ: ((لن يغلب عُسْرٌ يُسْرين... ناخۆشێیك بەسەر دو ناخۆشیاندا زاڵ نابێ)).

خوای بێ هاوتا دەفەرموێ: ﴿ ... لَعَلَّ ٱللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَٰلِكَ أَمْرًا ﴿١﴾ الطلاق ﴾ لە پاش تەنگانە فەرەحنایی هەیە، ئاڕێ، لە پاش تەنگانە فەرحانی هەیە گەورەیی بۆ ئەو دەفەرموێ: ﴿ ... أَلَآ إِنَّ نَصْرَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ ... تۆ بزانە کە یارێدەی خوا نزیکە، ﴿٢١٤﴾ البقرة ﴾.

﴿ ... إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ... ئەو کەسانەی چاکە کارن، لە بەزەیی نزیکن، ﴿٥٦﴾ الأعراف ﴾ .

لە فەرمودەیەکی تری پێغەمبەریشدا هاتوە: ((واعلم ان النصر مع الصبر، وان الفرج مع الكرب... دڵنیا بە سەرکەوتن هاوشانی ئارام گرتنە، ڕزگاری دوا بە دوای خەفەت باری چەشتنە)).

هەڵوێستەیەك

خەمبار مەبە: چونکو مااڵو سامانی داکراوت[٢٨٧]، کۆشکو تەاڕی بەرچاوت، باخو بێستانی سەوزی ڕازاوەت، هاوکات لەگەاڵ خەمباریو کەسەرو، هەاڵکێشانی هەناسەی بە کوڵدا: جیا لەوەی دڵت خۆش کەن، پتر گڕی پەژارەو کاڵۆڵیت جۆش دەدەن.

خەمبار مەبە: ئەگەر بێو دڵت بکەیتە حەساوگەی خەماندا دابێنی، ئەوا دڵنیا بە داودەرمانی پزیشکانو ڕێگا چارەی چارەسازان دەردی تۆ تیمار ناکەن.

ئەگەر تۆ لە بارەتدا هەبێ بە دڵێکی پاکەوە نزا بکەی، لەبەردەم قاپیەی خوایێکی هەرەزاڵو پەروەردەی[٢٨٨] مل کەچانە خۆت بە گۆڕێ دادەی، هەڵێکی زێڕینت بۆ

---

٢٨٧) هەڵگیراو.

ڕەخساوە لە سێ یەکی کۆتایی شەودا ناوچاوانت لە کرنۆشدا لە ناو خۆڵدا تۆزاوی کەی، بۆ دەبێ ئەوەندە کەسەران لە خۆ بارکەی.خەمبار مەبە: ئەم گەردونە بە چەندین هەسارەی درەخشاوە[٢٨٩]، ئەم زەمینەو ئەوەی تێی دا ڕەخساوە، هەر لە باخو باخاتی درەوشاوە بگرە -کە جۆرەها جوتە گژوگیای تێدا ڕواوە- تا دەگاتە چەندین دارو درەختی میوەدارو، چڕە و[٢٩٠] جۆگەو جۆبار، خوای دەهەندە[٢٩١] لە پێناوی تۆیدا فەراهەم هێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا دڵ گرانی!!

خەمبار مەبە: خۆ ئاوی سازو شیرین دەنۆشی، لەم کەشو هەوا پاکە هەناسە هەڵدەمژی، لەسەر دو پێی بێ خەش دەگوزەڕێی، شەوانە بە ئاسودەیی سەر دەنێیەوە.

(دۆش دامەمێنەو ژێوانی بۆ خوای بەخشندە بنوێنە)

﴿ فَقُلْتُ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارًا ﴿١٠﴾ يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا ﴿١١﴾ وَيُمْدِدْكُم بِأَمْوَٰلٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّٰتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَٰرًا ... هەر پێم گوتن داوای لێبوردن لە پەروەردیارتان بکەن، ئەو بێ گومان زۆر لێبورە. لە حەواوە بارانێکی پەڵە دەرتان بۆ بنێرێ. بە دارایی‌و بە کوڕانیش یاریو بداو باغاتو بۆ پەیدا بکاو جۆبارتان بۆ وەدی بێنێ، ﴿١٢﴾ نوح ﴾.

بۆ ئەوەی لە تەنگژەو خاکە ساری ڕزگارت بێو هێمنی‌و هەداریت[٢٩٢] لە ناو دڵدا بێ، ڕۆزی حەڵاڵت وەدەست بێو زارۆڵەی[٢٩٣] دەستەوەرەت[٢٩٤] لێ بەپاشکەوێو بارانی

---

٢٨٨) پەروەردگار.
٢٨٩) تروسکاوە.
٢٩٠) بیشە/دارستان.
٢٩١) بەخشندە.
٢٩٢) هێواشی.
٢٩٣) منداڵ.
٢٩٤) گوێ دێر.

پڕ پیتو سودمەندت بەسەردا هەڵبـڕژێ، زۆر فرمێسکی ژێـوانی[٢٩٥] هەڵڕژێنـەو نـاوی خوا بەسەر دەمت دابێنە.

﴿ وَأَنِ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُم مَّتَٰعًا حَسَنًا إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى وَيُؤْتِ كُلَّ ذِى فَضْلٍ فَضْلَهُۥ ... لـە پەروەردگـاری خۆتـانیش داوا بکـەن، لێـو ببـوڕێو بـشگەڕێنەوە بـۆ لای ئەو، تا ماوەیەکی ناونراو ژیانی خۆشتان بۆ دابینکاو دەگـەڵ خـاوەن هـەر چاکەیەک چاکەی بکا، ﴿٣﴾ هود ﴾.

فەرمودەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەوبارەوە هـاتوە: ((من اكثر الاستغفار جعـل الله له من كل هم فرجا، ومن كل ضيق مخرجا... هەرکەسێ فـرە[٢٩٦] ژێـوانی بـۆ خـوا بنوێنـێ، خوای گەورە لە هەموچورتمێ[٢٩٧] ڕزگاری بۆ دێنی‌و، لە تەنگانەدا دەریدەهێنێ)).

ئەم نزایە هەمیـشە بکـە بـە ئـامرازی پاڕانـەوە، کـە گـەورەترین پـەیڤی[٢٩٨] ژێـوانی دەربڕینە، پێشەوا بوخاریش ئەو فەرمودەیە دەگێڕێتەوە: ((اللّهم انت ربي لا الـه الا انت، خلقتني وانا عبدك، وانا على عهدك وعدك ما اسـتطعت، اعـوذ بـك مـن شـر مـا صنعت، ابوء لك بنعمتك علي، وابوء بذنبي فاغفر لي، فانـه لا يغفـر الـذنوب الا انـت... ئەی خوایە تۆ پەروەردیاری منی، هەر تۆ شیاوی پەرستنی، منـت فەراهـەم هێنـاوەو بەندەی تۆم، من لەسەر ئەو پەیمانەو بەڵێنەم کە بە تۆم داوە بە پێی توانام، پـەنات پێ دەگرم لە سـەرەنجامی ئـەو تاوانـەی کردومـە، دان دەنـێم بـەو بـەهرەو خەڵاتـەی بەسـەر منتـدا هەڵڕشـتوەو دان دەنـێم بـە هەڵـەو تـاوانی خـۆم، خوایـە لـێم ببـورە، بێگومان تەنیا تۆ خوایەکی لێبوردەی)).

---

٢٩٥) پەشیمانی.

٢٩٦) زۆر.

٢٩٧) کارەساتێ.

٢٩٨) رستەی.

(خەمگیـن مەبـە، هەمیشـە خوات لە یاد بێ)

پاکی بۆ خوا کـە دەفـەرموێ: ﴿ ...أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ... باش بـزانن کە یادی خوا ئۆقرەو ئارامی دلأنە، (٢٨) الرعد ﴾.

دەفەرموێ: ﴿ فَٱذْكُرُونِىٓ أَذْكُرْكُمْ ... سا ئێوە یـادی مـن بکـەن، تـا منـیش لـە بیرتـان نەکەم. (١٥٢) البقرة ﴾.

﴿ ...وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ ... ژن‌و پیـاوێ کـە زۆر یـادی خـوا دەکەن. (٣٥) الأحزاب ﴾.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا (٤١) وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ...ئـەی گـەلی خاوەن باوەڕان! فرە یادی خوا بکـەن (و لـە یـادی ئـەو ڕامەوەسـتن.... هەموبـەیانی‌و ئێواران لە پاکی‌و بێ عەیبی خودا گوزارشت بکەن. (٤٢) الأحزاب ﴾.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ ... ئەی گەلـی خاوەن باوەڕان! سامان‌و زارۆڵەتـان یادی خواتان نابێ لەبیربەرێتەوە، (٩) المنافقون ﴾.

﴿ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَٱذْكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ ... ئەگـەر لەبیریـشت نـەما یـادی پەروەردندەت بکە. (٢٤) الكهف ﴾.

﴿ وَٱصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ حِينَ تَقُومُ (٤٨) وَمِنَ ٱلَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَإِدْبَٰرَ ٱلنُّجُومِ ... هـەر کاتـێ لـە جـێ ڕادەبـی پەسـنی پەروەردنـدەت بـدە. لەشەویـشدا شوکری بکەو پەسنی بدە، لەو دەمەشدا کە هەسارە ئاوا دەبن، (٤٩) الطور ﴾.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَٱثْبُتُواْ وَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ... ئەی گرۆی خاوەن باوەڕان! ئەگەر دەگەڵ دوژمنان ڕووبەڕو دەبـن، خـوای گەورە بەگەورە بگرن‌و گەلێك یادی خوا بکەن، شایەتا ئێوە سەرکەون، (٤٥) الأنفال ﴾.

چەند فەرمودەیەکی ڕاستی پێغەمبەر ﷺ لەوبارەوە هاتون: لەوانـە: ((مثل الذي يذكر ربَّـهُ والذي لا يذكر ربَّه مثل الحي والميت... وێنـەی ئـەو کەسـەی یـادی خـوا دەکـاو ئەوەیشی کە یادی خوا نەکا، وێنەی زیندو مردوە)).

لە فەرمودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: ((سَبَقَ المفّردون... هەڵکەوتو بێوێنەکان لە پێشبڕکێدا پێش کەوتن)).

گوتیان ئەی پێغەمبەری خوا ئەو هەڵکەوتوانە کێن؟

پێغەمبـەری خـوا ﷺ فـەرموی ﴿ ..وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ ... ئەو ژنو پیاوانەن زۆر یادی خوا دەکەن. ﴿٣٥﴾ الأحزاب ﴾.

هەروەها دەفـەرموێ: ((الا اخبـركم بافضل اعمالكم، وازكاها عنـد ملـيككم، وخـير لكم من انفاق الذهب والورق، وخير لكم من ان تلقوا عدوكم فتضربوا اعنـاقهم ويـضربوا اعناقكم؟ قالوا: بلى يا رسول الله. قال: "ذكر الله"... ئایە پێتان بڵێم باشترینو پاکترین کردەوە لەلایەن خواوە کە ئەنجامی دەدەن، لە بەخشینی زێڕو زیویش بەهەڕمێن تر بێو چاتر بێ لەوە کە بگەن بە دوژمنتانو لە گەردەنیان بـدەنو ئـەوان لـە گـەردنی ئێوە بدەن؟

گوتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا.

پێغەمبـەری خوا ﷺ فەرموی: ئەوەیان یادی خوایە)).

لە فەرمودەیەکی تـردا هـاتوە: کـە پیـاوێ هاتـە لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ گـوتی: ئەی پێغەمبەری خـوا، ئـەرکو فەرمانـەکانی ئیـسلام بەسـەرمەوە زۆر بونـە، منـیش بەسالّدا چوەو بێ توانام، شتێکی وام پێ بڵێ دەستی پێوە بگرم.

ئەویش فەرموی: ((لا يزال لسانك رطبا بـذكر الله... یـا بـەردەوام زمانـت بـە یـادی خواوە تەڕو پاراو بێ.

دڵگیـر مەبـەو لە میهری خوا نائومێـد مەبـە

﴿ إِنَّهُۥ لَا يَاْيْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ... هـەر ئەوانـەی خـوا نەناسـن لـە بەزەیی خوا ناهومێدن، ﴿٨٧﴾ یوسف ﴾.

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسْتَيْـَٔسَ ٱلرُّسُلُ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا۟ جَآءَهُمْ نَصْرُنَا ... تـا ئەوسـا کـە پێغەمبـەران ناهومێـد بـون، مـەردمیش وایانـدەزانی کـە درۆیـان دەگـەڵ کـردون، یارمەتی ئێمەیان بۆ هات، ﴿١١٠﴾ یوسف ﴾.

﴿ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ وَنَجَّيْنَٰهُ مِنَ ٱلْغَمِّ ۚ وَكَذَٰلِكَ نُـْٔجِى ٱلْمُؤْمِنِينَ ... یونـسـمان لـە خەمەکەی ڕزگار کرد. ئێمە ئاوا باوەڕداران ڕزگار دەکەین، ﴿٨٨﴾ الأنبياء ﴾.

خوای گەورە دەربارەی حاڵی موسڵمانانیش دەفـەرموێ: ﴿ ...وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا۠ ﴿١٠﴾ هُنَالِكَ ٱبْتُلِىَ ٱلْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا۟ زِلْزَالًا شَدِيدًا ... زۆر خـەیاڵی جـۆراو جۆرتـان لـە خودا بە دڵدا دەهات. لەو شوێنەدا ئەزمونی خاوەن باوەڕان هاتە گۆڕێو بە لەرزێکی زۆر بە هێز، دڵی هەموان کەوتە لەرزە، ﴿١١﴾ الأحزاب ﴾.

لەمـەڕ ئەو ئازارەی پێـت گەییوە پـەرۆش مەبـەو لـە هـەڵەی دەرحـەق کـراوت چـاوپۆش بـە

نرخی تۆڵەیێ کە قورسە، کەسی تۆڵە سێنو قین لە دڵ، ئەگەر بیـەوێ کـوڵی دڵی دامرکێنێو ڕقو کینەی خۆی لە خەڵك بڕێژێ، ئەوا دەبێ لە گۆشتو خـوێنو دڵی، لە هەستو نەستی، لە ئاسودەیـیو کامەرانیو خۆش بەختی خۆی، باجی ئەم تۆڵەیـە بدا. بێ گومان هەر ئەویش تێیدا زەرەرمەندە.

خوای بێ هاوتاو کار لە جێ ئێمەی لە داودەرمانی ئەم دەردەو چارەسەری کاراشنا کـردوە، دەفـەرموێ: ﴿ وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ ۗ ... ئەوانـەش کـە ڕکی خۆیان دەخۆنەوەو لە مەردەم چاوپۆشی دەکەن، ﴿١٣٤﴾ آل عمران ﴾.

﴿ خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ ... چاو بپۆشـەو فەرمان بـە کـاری چاك بدەو لەو نەزانانە واز بێنە ﴿١٩٩﴾ الأعراف ﴾.

﴿ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِى بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ كَأَنَّهُۥ وَلِىٌّ حَمِيمٌ ... تـــــــــۆ هەمیشـە وەرامی چاکتـر بدەوە، ئەوسا کەسێ کە لەگەڵ تۆدا دوژمنە دەبێتە دۆستی نـزیکت، ﴿٣٤﴾ فصلت ﴾.

لە ڕابردو دڵ پەسـت مـەبە، لە نـازو گـۆزی زەوەنـد دای

بـەهرەو خـەڵاتی خـوای بەخـشندە وەیادخـەوە، بـیر لـەو هـەمو نـازوگۆزە بەراوەڵانـەی[٢٩٩] خـوا بکـەوە بەسـەرتەوە، بزانـە تـۆ بـە بـەهرەی خـوا داپۆشـراوی و بەستایشەوە وەڵامیـان دەوە. خـوای بـەرزو بـێ هاوتـا دەفـەرموێ: ﴿ ...وَإِن تَعُدُّوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ ۗ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ ... ئەگـەر بێنـە سـەر ژمـارەی چاکەی خودا لە ژماردن دادەمێنن، ﴿٣٤﴾ إبراهيم ﴾.

﴿ ... وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةً وَبَاطِنَةً ... بـە ئاشـکرا بـە نهـێنی بـەهرە گـەلی بەسەرتانا ڕژاندوە؟، ﴿٢٠﴾ لقمان ﴾ .

﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ ...هەر بەهرەیەك ڕووتێدەکا لە خواوەیە ﴿٥٣﴾ النحل ﴾.

لـەم ئایەتانـەدا خـوای گـەورە بـەهرەکانی خـۆی بـە چـاوی بەنـدە دادەداتـەوەو دەفـەرموێ: ﴿ أَلَمْ نَجْعَل لَّهُۥ عَيْنَيْنِ ﴿٨﴾ وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ ﴿٩﴾ وَهَدَيْنَٰهُ ٱلنَّجْدَيْنِ ... ئـەدی ئێمە دو دیدەمان پـێ نـەداوە؟ زمـانێکیش و جوتـێ لێـو؟ ڕێگـەی هـاتو نەهاتیـشمان نیشان نەدا؟، ﴿١٠﴾ البلد ﴾.

---

٢٩٩) فراوان.

چـەند بـەهرەیێ پـەیا پـەی[٣٠٠] بەسـەرت دا بـاریوە، بـەهرەی ژیـانو تەندروستی، بـەهرەی بیـستنو بینـایی، بـەهرەی دو پـێو دەسـتو بـازو، بـەهرەی هـەواو ئـاوی سازگار، بەهرەی خۆراکی بە چێژو مەزەدار[٣٠١] لە سـەروی هەمویانـەوە بـەهرەی رێگا نوێنی[٣٠٢] پەروەردگار: ئەویشیان ئایینی ئیسلامە کە بە خەڵات هاتۆتە خوار.

یـەکێ دەڵـێ: ئـاخۆ ئامـادەی ئـەو مامەڵەیـە ئـەنجام دەی دو چـاوەکانت بـە یـەك بلیۆن دۆلار بدەی؟ یادو گوێچکەت لە پای ئەم رێژە پارەیە بدەی؟

یا لەمەڕ ژمارە پوڵی ناوبـراودا خۆت لە پەلو پۆخەی؟ یا لەپێناوی ئەوەندە دراوە هەردو دەسـتەکانت پەل دەی؟ یا خورپەی[٣٠٣] دڵت لە کارخەی؟ ئای بەندەی سپڵەکار لەناو ئەو هەمو بەهرەی بەروەدەوە[٣٠٤] بەسەردەبەی کەچی ستایشی لەسەر ناکەی!!

هەر شـتێ شـیاوی خەم نەبێ بۆ دەبێ دڵـت بۆی پەسـت بێ

یـەکێ لەوانـەی بەختـەوەریت لـە نـاو دڵدا دەڕوێنـێ، نەشـونمای پـێ دەکـاو دەی گەشێنێ[٣٠٥] ئەوەیە: بە لای شتی کەم بایەخدا لانەکەیتەوە، چونکێ مەردمێ خواستە بااڵکانی گەرەك بێ، هەوڵو گەڕی هەر لە پێناوی رۆژی سەاڵ[٣٠٦] دەبێ.

یەکێ لە پێشینەکان ئامۆژیاری[٣٠٧] برایەکی دەکاو دەڵێ: با خـەمت یـەك خـەم بـێ، لەپێناو گەیشتنە خواو وەستان لەبەردەم دادگایی ئەوو، رۆژی پەسلان بـێ[٣٠٨] ﴿يَوْمَئِذٍ تُعْرَضُونَ لَا تَخْفَىٰ مِنكُمْ خَافِيَةٌ ... ئـەو رۆژە ئێـوە رادەنـێنو هەرچـی بـۆ شـاردنەوەیە لـە ئێوە حەشار نادرێ، ﴿١٨﴾ الحاقـة﴾.

---

٣٠٠) خێرا خێرا.
٣٠١) بەتام.
٣٠٢) رێنمایی.
٣٠٣) لێدانی دڵ.
٣٠٤) فراوانەوە.
٣٠٥) گەشەی پێ دەدا.
٣٠٦) رۆژی قیامەت.
٣٠٧) ئامۆژگاری.
٣٠٨) رۆژی قیامەت.

چونکێ هەرچی پەژارەیە لە ئاستی ئەم خەمەدا بێ بایەخـە. ئینجا خەفەتێ لـە پێنـاوی ئـەم ژیانـە دوا بـڕاوەدا بـێ چ خەمێکـە؟ پلـەو پایـەی ئـەم ژیانـەو سـەنگی گەنجینەو گەوهـەری، نرخـی مـاڵو منـاڵی، شکۆداریو نـاوداری، باڵەخانـەو کۆشکو تەلاری دەبێ چ بایەخێکیان هەبێ!!

خوای بێ هاوتا لەمەڕ بایەخدانی دو ڕوان بە ژیانی دنیاوە بەو شێوەیە دواوە:

﴿أَهَمَّتْهُمْ أَنفُسُهُمْ يَظُنُّونَ بِاللَّهِ غَيْرَ ... هـەر خۆیـان لـە بیـر بـو، گومـانی ناشـایستەیان بە خوا برد، (١٥٤) آل عمران﴾.

تەنیا خۆیان خۆش بێو هورگیان تێر بێو ئارەزوی ئاژەڵانەیان پێك بێ چیان لـە خونەریتە باڵاکاندا وە!

لەو ساتەی لەژێر دارەکەدا چەند کەسێ لە هاوەڵان لەسەر دەستی پێغەمبـەر ﷺ پـەیمانیان بەسـت، یـەکێ لـە دو ڕوان پـشتی هـەڵکردو بـە دوای وشـترە سـورەکەیدا دەگەڕا پێی گوتن: من دیتنەوەی وشترەکەم لا خۆشـترە لـەو پـەیمان بەسـتنەی ئێـوە، بۆیە ئەو فەرمودەیان دەربارە وتـرا ((کلکم مغفـور لـه الا صـاحب الجمـل الاحـمر... هەموتان لە لایەن خواوە بوراون تەنیا خاوەنی وشترە سورەکە نەبێ)).

یەکێکی تـر لـە دو ڕوان کـە تـەنیا خۆویـستو خۆپەرست بـو بـە دۆستانی خـۆی دەڵێ: ((لاَ تَنفِـرُوا فِي الْحَـرِّ... لەم گەرمایەدا دەرمەکەون)).

خـوای گـەورە لـە وەڵامـدا دەفـەرموێ: ﴿ ...قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ ... بێـژە: ئەگـەر تێگەیشتنیان هەبوایە، خۆ ئاگری جەهەندەم زۆر گەرم تـرە، (٨١) التوبة﴾.

خۆپەسـندێکی تریـان دەڵـێ: ﴿ائْذَن لِّي وَلَا تَفْتِنِّي ... ئیزنمـان بـدە بـا نەیـەین، نەوەك توشی گوناهان بین، (٤٩) التوبة﴾.

خـوای گـەورە لـە وەڵامـدا دەفـەرموێ: ﴿أَلَا فِي الْفِتْـنَةِ سَقَطُوا ... بـا بـزانن هـەر ئێستا کەوتونە ناو گوناهەوە، (٤٩) التوبة﴾.

هەندێکی تریان مـاڵو منداڵیان بەربەسـتی سـەر ڕێگـای چاکەیە: ﴿ شَغَلَتْنَا أَمْوَالُنَا وَأَهْلُونَا فَاسْتَغْفِرْ لَنَا ... ئێژن: دارایی‌و مـاڵو منداڵیان نەیانهێشت بگەینـە ئێـوە، داوای بەخشینمان بۆ بکە، (١١) الفتح﴾.

بێگومان ئەوەی دو ڕوان بە خەمو باری سەرشانیان دەزانی هەر ئەو شـــــتە بێ نرخانە بون کە مەردمی بێ بارو[٣٠٩] گەنە کار[٣١٠] بە لەمپەری سەر ڕێگایان دەزانێ، کەچی هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر ﷺ ئەوان هەر کردو کۆشیان بۆ دەستەبەرکردنی بەهرەمەندیو ڕەزامەندی لای پەروەردگار بو.

دڵگیـر مەبـە، خـەم لە بیـر بـە

وچاندانی باوەڕدار بێ ئاگایی‌یە، کات بەتاڵیش بگـوژی مرۆڤەو، پاڵکەوتن کاری بـێ کارانـە، ئەوانـەی لـە هـەمو کەسێکیش پـتر گـیرۆدەی دەستی گێچەڵو کڵۆڵین، ئەوانەن بە کاتی بەتاڵو بێ کاری ژیان بەسەردەبەن.

کەسانێکیش دەستبادی[٣١١] کـرداری بەرهـەم دارن، سـەرمایەیان تـەنیا پـڕوپاگەنـدەو پێشبینی چاوەڕوان نەکراوە[٣١٢].

دەی کپو کلاّ[٣١٣] دامەمێنە، هەوڵدە خۆت وەجوڵێنە، کارامەبەو لێوردبەوە، یـادی خـوا بکـەو پەیامەکـەی وەخوێنـە، یـا بـە نوسـێنێ سـەرقاڵ بـە، یـا خـەریکی بەسـەر کردنەوەو دیدەنی بە، ئەم هەلەی لەژیانتدا بۆت ڕەخساوە، تەنیا چرکەیەکی نەخەیتە لاوە، بێگومان ئەو ڕۆژەی لە ژیانتدا بێ کاری، هەراسانو وێـزاری[٣١٤]، تـرس‌و لـەرزدات دەپۆشێو دڵاو دڵو[٣١٥] نیگەرانی، دەبیتە گۆڕەپانی یاریو گاڵتەو گەپی شەیتانی.

---

٣٠٩) نالەبار.
٣١٠) بێ سود.
٣١١) دەستبلاّو.
٣١٢) مەترسیدار.
٣١٣) بێ دەنگ و جودا.
٣١٤) بێزاری.
٣١٥) دو دڵ.

(كە تۆ چاوت لە پاداشتى خوا بێ، بە نەيارانى جوامێريت دڵت پەست نابێ)

كردەت بۆ خوا يەك لا كەوە، لە چاوەڕوانى سوپاسان لاكەوە [٢١٦]، بـە دورى مەزانـە كە بەرامبەر يەكێ چاكەيێ بنوێنى ئەو بە چاو نزێريەوە [٢١٧] لێت ڕامێنێ [٢١٨] نـە ئـەو دەستەى چاكەخوازە بيناسێ، نە چاكەت بە چاكە بزانێ، دەى كەوايە ئـەو پاداشـتەت لە خوا بوێ.

خـواى بـێ هاوتـا سـەبارەت بـە دۆسـتانى خـۆى دەفـەرموێ: ﴿يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا ... چاونۆڕى بەهرەو ڕەزامەندى خوان، ﴿٨﴾ الحشر﴾ .

دەربـارەى پێغەمبەرانيـشـى بـەو شـێوەيە فەرمويـە ﴿ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ... پاداشتم - بۆ ئەم كاره - لێتان نـاوێ، ﴿١٠٩﴾ الشعراء﴾.

﴿قُلْ مَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ فَهُوَ لَكُمْ ... بێژە: من هيچ پاداشـێكم لێتـان نـاوێ، ئـەوى دەبو بيدەن بە منيش بۆ خۆتان، ﴿٤٧﴾ سبأ﴾ .

﴿وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُۥ مِن نِّعْمَةٍ تُجْزَىٰٓ ... بۆيەشـى بـە كـەس نەبەخـشى كـە پاداشـى بدرێتەوە، ﴿١٩﴾ الليل﴾.

﴿إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَآءً وَلَا شُكُورًا ... ئێمـە – هـەر لە ڕاهى خودا- ئەم خۆراكەتان دەدەينێ، نە پاداشێكمان لە ئێوە دەوێ نە شوكرانەش، ﴿٩﴾ الإنسان﴾.

هـۆنـەر دەڵـێ:

هيـچ كەس لە كردەى چاكـە بـارەش بينى نەنوێنـێ
خودا لەسـەر بەڵێنـى خـۆى هـەر مـاوەو دەمێـنـێ

---

٢١٦) ڕوت وەرگێڕە.
٢١٧) ڕژدى.
٢١٨) تەماشات كا.

سەوداو مامەڵەت تەنیا لەگەڵ خوای تاك و تەنیا بێ، چونکی پاداشت و بەخشش و خەڵات تەنیا لەو ڕەچاو دەکرێ، شکۆداری بۆ خوا، کە جەزرەبەدان و[٣١٩] سەرزەنشت کردن ڕق هەڵسان و ڕمزامەندی نواندن ڕەوشتی بەرزی ئەون.

لە سەردەمی پێشەوا (عومەر...دا لە شاری قەندەهار چەند موسڵمانێ بە پلەی بەرزی شەهیدی گەیشتن، پێشەوا عمر پرسی ئەم کوژراوانە کێن؟ هەندێ ناویان بۆ هەڵدان و گوتیان: هەندێکی تریشن بەڵام تۆ نایانناسی.

یەك سەر پێشەوا (عومەر) چاوی لە ئەسرین هەڵرژاو گوتی خۆ خوای گەورە دەیانناسێ. یەکێ لە پیاوچاکان خۆراکێکی گران بەهاو بە چێژ بۆ پیاوێکی کوێر ئامادە دەکا، خاوو خێزانیشی دەڵێ: خۆ ئەمە کوێرەو نازانێ چ خواردنێکە دەیخوا!

ئەویش دەڵێ: بەڵام خوای گەورە دەزانێ! کە تۆ دڵنیای خوا بەسەرتەوە چاوەدێرەو بە هەمو خێرو فەرت ئاشنایە، کارت بەوە نەبێ خەڵك بیزانێ.

(بە گـازاندەی گازنـدەکاران دڵ گـران مەبـە)

﴿ لَن يَضُرُّوكُمْ إِلَّآ أَذًى ... ئەوانیش - مەگین هەر بەدەم - دەنا هەرگیز ناتوانن بۆتان بەزەڕ بن، (١١١) آل عمران ﴾.

﴿ ...وَلَا تَكُ فِي ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ ... لەو فێڵو تەڵەکەش کە دەیکەن، دڵتەنگ مەبە، (١٢٧) النحل ﴾.

﴿ ...وَدَعْ أَذَىٰهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ... گوێ بە ئازاریشیان مەدە. هەر خۆت بە خودا بسپێرەو خودا پشتیوان بێ بەسە، (٤٨) الأحزاب ﴾.

﴿ ...فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُوا۟ ۚ ... ئەوسا خودا لەو بوختانەی بۆیان دەکرد، پاکانەی کرد، (٦٩) الأحزاب ﴾.

---

٣١٩) ئازاردان و تۆڵە لێ سەندن.

كە دەريـــا لە ئاودا وەســـتاوە لێـــوان لێـــوی
چ باكی لـەوە دێ بـــەردێ بخـرێتـــە نێـــوی

لەو فەرمودە پیـرۆزەی پێغەمبەردا هاتوە: ﷺ كە دەفەرموێ: ((لا تبلغوني عـن اصحابي سوءا فـاني احـب ان اخـرج الـيكم وانـا سـليم الـصدر... بـە خراپـە دەربـارەی هاوەڵانم هەواڵم پێ مەدەن، پێم خۆشە كە دێمە لاتان دڵم هیچ نەڵێ لە ڕوتان)).

لـە ئـــاهـــی هـەژاری مـەنـــاڵـــــــە
جـاری وایـــە نـەداری ئاســـودەیی حاڵـــە

هەر كاتێ جەستە نازو گۆزی بـە خـۆوە بـینی گیـانو ڕۆح وێـك دێنـەوە، چـەندی كەمیشت هەبێ سەرت سوك تـرە، دنیا بە كەم گریش، ئاسوده بـونێكی ڕاستەوخۆیە، خوای گەورە بۆ هەموكەسێكی بە ڕەوا نابینێ: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَرِثُ ٱلْأَرْضَ وَمَنْ عَلَيْهَا ... ئـەم زەمینەو هەرچی وا بەسەریەوەیە لە دواجاردا هەر بۆ ئێمە ئەمێنێت، ﴿٤٠﴾ مریم﴾.

یەكـێ ئەم هـــۆنراوەی هەڵداوە:

نانو ئاوو سـێبەرن بەهـــرەی خـوای بەهـــرەوەرن
گـــەر بڵێـم من مەغدورم لە میهـری خـوا بـە دورم

بۆ مەگەر بژێوی ژیان هەر لەم سێ شتە سەرەكیە پێك نایێ، سێبەری چـڕو پـڕو ئاوی ساردو نانی گەرمو گوڕ!!

ئـا ئـەو چـاوتێری یـە هەڵوێـستی كەسـانێكە سـەر بـەرزو شـكۆمەندن، خـاوەنی ڕێبـیـرێكی [٣٢٠] داسەپاون، لە گوفتاردا نەگۆڕاون، لە پەیامیاندا دڵكـارن [٣٢١].

---

٣٢٠) بیروباوەڕ.
٣٢١) تێكۆشـەرن/چالاكن.

لە داخـی چـــاوەڕوان کـراوێ هەراسان مەبـە

دەڵێن لـە تەوراتـدا نوسـراوە: زۆربـەی مەترسـی چـاوەڕوان کـراو نایێتـە ئـاراوە! مەبەست لەو وتەیەدا ئەوەیە: زۆرێك لەوانەی خەڵك مەترسیان لـێ دەکا ڕونـادەن، بێگومان ئەو لێکدانەوانەی لەناو دڵ دایە، زۆرترن لەو ڕوداوانەی لە ڕوودایە.

شـاعیـرێك دەڵـێ:

بە دڵی خـــۆم وت گـەر بەڵێ یەخـەت بگرێ
دڵارام بـە پێشـبـینـی زۆر نـاگـاتـە جـــێ

گەر گێچەڵێ بەرەو ڕوت هات، یا گوێ بیستی مەرگەساتێ بـوی، هێمنی‌و هـەداری بنوێنەو بە خەمەوە خۆت مەدوێنە، چونکێ زۆرێ لە هەواڵی جـەرگ بـڕو پێشبینی یەخە دادڕ هەر لە ڕێ بونو بێ جێ بون، ئەگەر وزەیـێ هەبـێ نـەیێڵێ قـەدەری خـوا بگاتە جێ، ئەوا خـەڵك بـە دوای دەستەبەرکردنی ئـەم وزەیـەدا دەگـەڕێ، ئەگـەریش ئەم وزەیە نەبێ، لە کوێ دەستەبەر دەکرێ؟!

﴿ ... وَأُفَوِّضُ أَمْرِيٓ إِلَى ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرُۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٤٤﴾ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُواْ ... کاری خۆم بە خوا دەسپێرم، خودا چاوی لـە عەبـدەکانی خـۆی هەیـە. خوا ئەوەی لە ئاکامی خراپی ئەو فێڵەی دەیانکرد، ڕزگار کرد، ﴿٤٥﴾ غافر ﴾.

بە ڕەخنەی چەپەڵەکاران و چاوچنۆکان چۆك دانەدەی

ئەگەر تۆ لە ئاستی ڕەخنە گری و چاو تێبڕی[٣٢٢] ئەواندا دان بە خۆدابگری، ئەوا پاداشتی خوای لەسەر وەردەگری، گومانت نەبێ کە ڕەخنەو ڕەخنەکاری ئەوان بارتەقای سەنگو ڕێزی تۆیە، دڵنیا بە هیچ کەسێکیش لە مردو قەڵس نابێو پێیدا ناگێشرێو، خەڵکانێکی بێ بەهرە ڕەشکیان پێ نابرێ[٣٢٣].

پێغەمبەر موسی درودی خوای لەسەر، داوای لە خوا کرد زمانی کەسانێ لە گۆ ببەستێ کە بە خراپە لێی دەدوێن، خوای باڵا دەست فەرموی: "يا موسى، ما اتخذت ذلك لنفسي، اني اخلقهم وارزقهم، وانهم يسبونني يشتمونني!!... ئەی موسا من ئەوەم بۆ خۆم نەکردوە، من بە دیم هێناون ڕۆزیان پێ دەدەم، کەچی ئەوان وتەی نابەجێ بەرامبەرم دەدرکێنن و جوێنم پێ دەدەن!! هەروەها لە فەرمودەیەکی بەهێزدا هاتوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((يقول الله عزّوجل: يسبني أبن آدم، ويشتمني أبن آدم، وما ينبغي له ذلك، أمّا سبّه أياى، فإنه سيب الدهر، وأنا الدهر أقلب الليل والنهار كيف أشاء، وأما شتمه أياي فيقول: إن لي صاحبة ولدا، وليس لي صاحبة ولا ولد... خوای بەرزو توانا فەرمویەتی: مرۆڤ جوێنم پێ ئەداو تۆمەتی ناڕەوام ئەداتە پاڵ، کەچی لێی ناوەشێتەوە، جوێنەکەی ئەوەیە کە جوێن بە ڕۆژگار دەدا کەچی ڕۆژگار بریتیە لە من، من چۆن بم هەوێ هەڵگێڕو وەرگێڕ بەشەو ڕۆژان دەکەم، تۆمەتی ناڕەواش ئەوەیە گوایە: هاوسەرو منالّم هەیە، کەچی نە هاوسەرم هەیەو نە منالّ)). تۆ ناتوانی لەمەڕ ئابڕوی خۆت قوڕ لە دەمی خەڵك بپەستیو زمانیان لەگۆ ببەستی، بەڵکە دەتوانی گردەوەی چاکە ئەنجام دەیو، خۆت لە ڕەخنەو پەلاریان هەڵبوێری.

بێگومان ئەوانەی بێ نرخو بێ بایەخن بەسای کردو کۆششی تێکۆشەرو تیشك دەرو گەورەپیاوان بێزارو قەڵسن. زۆربەی زۆری دەوڵەمەندانیش حاڵیان وایە لە بێزاریدا دەگوزەرێنن کاتێ نرخی دەستمایەکانیان بەرزە، پاڵەپەستۆی خوێنیان

---

٣٢٢) ئێرەیی.

٣٢٣) ئێرەییان پێ نابرێ.

نزمـــە. ﴿وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ ۝١ ٱلَّذِى جَمَعَ مَالًا وَعَدَّدَهُۥ ۝٢ يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخْلَدَهُۥ ۝٣ كَلَّا لَيُنۢبَذَنَّ فِى ٱلْحُطَمَةِ ... هاوارە لە کەسێکی تانەوتەشەر لێدەداو قسان دێنێو دەبا، ئەوەی مالّی کۆکردۆتەوەو دەیبژێرێ، خەیاڵ دەکا دراوەکەی لە مردن دەیپارێزێ، نانا، باوا خەیاڵ نەکا، بێشك فڕێ دەدرێتە ناو (حوتەمە)، ۝٤ الهمزة﴾.

یەکێ لە وێژەرە ڕۆژئاواییەکان دەڵێ: کام کردەی ڕاستە ئەنجامی دە، دوای ئەوە لە پشك و پەلاری هەرزە گۆیان چاوەڕێ بە!

یەکێ لەو سودو کەڵکەی بە سای ئەزمون بە دەست هاتوە ئەوەیە: وەڵامی ئەو وتەو گوتەو پرتە نەدەیتەوە کە هەستو ناخت دەخرۆشێنن [٣٢٤] دەشێ ئەم ناو زڕانە [٣٢٥] بێ خەوشی [٣٢٦] تۆ بگەیێنێ، سەر بەرزیە بۆ تۆ کە نەرمو نیانی بنوێنی و، دوژمن بە شەکراوێ بخنکێنی، گەر چاوپۆشیان لێ بکەی سەر بەڵندی و پاداش وەدەست دێنی، نیوەی ئەوانەی سوکایەتی تۆیان بەر گوێ کەوتوە ئێستا لە بیریان چوتەوە، نیوەشیان هەر نەیان خوێندۆتەوە، خەڵکانێکی زۆریش ئەگەر بە بەرگوێشیان کەوتبێ هەر لەو باس و خواسە تێ نەگەیشتون!

کەوایە تۆش زۆر بیری لێ مەکەوەو تێی داقوڵ مەبەوەو هەر وەڵامیان مەدەوە.

یەکێ لە پسپۆرو شارەزایان دەڵێ: کە خەڵك نانی کەم بێ بە لای منو تۆدا لاناکاتەوە، خۆ تێنوێتی یەکێ لەوان مەرگی منو تۆیان لە بیر دەباتەوە.

خۆ ئەگەر مالّێك خۆراکیان نانی جۆ بێ، بەڵام ئەندامانی دڵارامو لەسەر خۆ بێ، خۆشترە لەو مالّەی لە جۆرەها خۆراکی بەچێژ پڕ بێ، کەچی بارودۆخی دانیشتوانی تفتو تاڵو قوزەڵقورت بێ.

---

٣٢٤) دەکولێننەوە.

٣٢٥) ناشیرین کردنە.

٣٢٦) بێ عەیبی.

هەڵوەستەیەک

ئەو دڵ پەستیەو کزو ماتیەی ناوێ: نەخۆش چارەسەر دەکرێو، بەڵاو مەینەتی ڕادەبڕێ، تاوانیش چاوپۆشی لێ دەکرێ، قەرزو قۆڵ دەدرێتەوە، بەند کراو کۆتبەندی لێ دەکرێتەوە، ون بو بەرەو ماڵ دێتەوە، هەژارو نەدار دەروی خێری لێدەبێتەوە. بێزاری لە ژیان مەنوێنە: مەگەر نابینی کاتی هەوری ڕەش بەری ئاسمانێ دەگرێ، پاشان چۆن دەڕەوێتەوەو ئاسمان بە ڕۆنی دەدرەوشێتەوە، تاریکی شەو چۆن دەتارێ، چۆن گەردەلولو ڕەشەبا ڕقو کینەی دەخواتەوەو، ئارام ئارام خۆی هێورە دەکاتەوە؟! کەواتە مەرگەساتو گێچەڵی تۆش بەرەو هێمن وەردەچەرخێن [٣٢٧]، خۆش گوزەرانیت بەڕێوەو ئاسۆی ڕونت لێ هەڵدێن.

ڕەنگ هەڵبزرکاو [٣٢٨] مەبە: هەر ئەوەندە لەسەرەتۆ پێویستە کەمێ ئارام بگریو چاو لە ڕێ بی، بزانە ساتێ سەرەوتنی ژێر سەهەندێ [٣٢٩] کلپەی گڕی بەر هەتاو دادەمرکێنێ، تێنوێتی لە قرچە ڕۆژی هاویندا [٣٣٠] تەنیا قومە ئاوێکی سازگار دەی شکێنێ، نانێکی گەرمو نەرم برسێتی چەند ڕۆژمت لە بیر دەباتەوە، خەوێکی خۆش شەونخونی چەند شەوانت قەرە بو دەکاتەوە، لەش ساخیو تەندروستیت وەڵامی دەردەداری پێشوت دەداتەوە.

جێی خۆی نیە پەرۆشو بێ چارە دامێنی: ئەوەی خوا بیەوێ ڕێی لێ ناگیرێ، قەزاو قەدەری خوا هیچی لەگەڵ ناکرێ، پزیشکان لە ئاستیدا پەشۆکاون [٣٣١]، کاراشنایان لە ئاقاریدا دەستەوسانن، پسپۆرانو شاعیران لێی ماتو سەرسام ماون.

---

٣٢٧) وەردەگەڕێن.
٣٢٨) ڕەنگ تێك چو.
٣٢٩) نراگە و سێبەر.
٣٣٠) ڕۆژی گەرمی هاویندا.
٣٣١) سەرسام بون.

(دڵ لە دڵ مـەدە ئەوەیان هەڵبژێـرە خوا بۆی دانـاوی)

هەستانو دانیشتنت بە پێی فەرمان خوا بێ، کاتی هـەژاری پـێ ڕەوا بـینی ئـارامی لەسەر بگرە، ئەگەریش زمنگینی کردی سوپاسگوزاری بنوێنە.

ئەمەشیان یەکێکە لە کەرمستەو پێکهاتـەی ئـەو فەرمودەیـە: "رضـیت بـالله، ربـا وبالاسـلام دینـا، وبـمحمد ﷺ نبیـا" قـایلم بـەوە، خـوا پـەروەردیارم بـێ، ئـیسلام بەرنامەی ژیانم بێ، محمد ﷺ ڕابەرم بێ.

(بێـزاری لە هەڵسـوکەوتـی کـەس مەنوێنـە)

خوای کار لەجێ سود گەیاندنو زیان گەیانـدنی نەخـستۆ دەسـتی هـیچ کـەس، نـە مردونو، ژیانی کەسیان لە دەستەو، نە دەشتوانن خەڵکی لە قەبران قیـت کەنـەوەو، خەڵاتیان کەن، یا تۆڵەیان لـێ بکەنەوە.

وتەیـەکی ئیبراهیمـی کـوری "ادهـــم"یـش دەڵـێ: ئێمـە وایـن لـە ژیانـێ، ئەگـەر زۆردارو دەسەڵاتدار پێی بزانێ، بە زەبری شمشێر لێمان دەسێنێ.

"ئیبن تەیمیە" دەڵێ: جاری وایە حاڵەتی وا بەسـەر دڵما دێ دەڵێم: ئەگـەر بـێو بەهەشتی یان لە وێنەی ئەم خۆشیەدا بەسەربەن، دیارە ئەوان خۆشگوزەرانن.

لـە وتەیـەکی تـریش دا دەڵـێ: چـەند حاڵەتـو چـۆنیەتی وا بەسـەر دڵدا دێـن لـە خۆشیان ئـەم دڵـە شـایی‌و هەنگەمـەی تێـدا دەگـەڕێ، کـە بـە سـایەی یـادو یـادەوەری خوای بەهرەوەرو، دڵارام بون بەو یادەوە ئەو حاڵەتە دێتە ئاراوە.

بە هەمان شێوە لەو کاتەی بەند دەکرێو دەرگـای بەندیخانـەی لەسـەردا دەخـرێ، ئـەم ئایەتـە دەخوێنێتـەوە: ﴿ فَضُرِبَ بَيْنَهُم بِسُورٍ لَّهُ بَابٌۢ بَاطِنُهُۥ فِيهِ ٱلرَّحْمَةُ وَظَٰهِرُهُۥ مِن قِبَلِهِ ٱلْعَذَابُ ... ئیتـر ئەوسـا شـورەیەکیان لـە نێـوان دەبێتـە لەمپـەر، دەرگـای هەیـە، لـە ژورەوەی بەزەیـیەو لە دەرەوەی جەزرەبەیە، (١٣) الحديد ﴾ .

هەر لە ناو بەندیخانەکەدا دەڵێ: باشە نەیارانم چیـان لێم دەوێ؟!

من بەهەشتو باخو باخاتم وا لـە نـاو سینەمدا، بـۆ هـەر لایـێ بـڕۆم لەگـەڵم دا، کـوژرانم شـەهید بونـە، شـار وەدەریـم گەشتو سـەیرانو شـاد بونـە، بەندیخانەشـم لەگەڵ یادی خوادا سەرقاڵ بونە.

پیاوچاکانیش ئەم وتەیان فەرموە دەڵێن: ئەو کەسەی خوا نـەیاری بـێ دەبـێ چی بێ لە یاری بێ؟! ئەوەیشی خوا لە یاری بێ دەبێ چی بێ نەیاری بێ؟!

بـە هـیچ جـۆرێ ئـەم دوانـە ناخرێنـە یـەك کێـشانەو پێوانـە [٣٣٢]، هـەر کەسـێ پەرستراوی ڕاستەقینەی بدۆزێتەوە خاوەنی هەموشتێکە، هەر کەسێکیش پەرستراوی ڕاستەقینەی نەدۆزێتەوە هەموشتێ لە دەست دەدا.

(ئـەوەی لە تـاوی داخـداری، بزانە سـەنگی چەندە)

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفـەرموێ: ((لأن أقول: سـبحان الله، والحمد لله، ولا الـه الا الله، والله اكبـر، احب الي مـما طلعت عليه الشمس... بە دڵنیاییەوە کە بڵێم: پـاکی بـۆ خواو سوپاس بۆ خوا، هیچ پەرستراوێ بەڕاست نـازانم جگـە لـە خـوای تـاکو تـەنیا، ئـەو خوایـەش لـە هەموشـتێ گـەورەترە، ئـەو یـادەم لـە لا خۆشەویـسترە لـە هەرچی ڕۆژی بەسەردا هەڵدێ.

یەکێ لە پێشینان، سامانداران و پارەو پوڵیان، خانو بەرەو کۆشـکو تـەلاریان، بـەو شێوەیە هەڵدەسەنگێنێو دەڵێ: ئێمە لەگـەڵ وان لـە خـواردنو خواردنـەوەو بینینـدا هاوشـانین، بـەڵام ئێمـە بـار سـوکین لـە دوا ڕۆژداو ئـەوان دەربـارەی ئـەو سـامانداریە لێیان دەپێچرێتەوە.

لە بیـرت دەبـاتـەوە شـەوێ لـە گـۆڕی تـاریـت
هەرچی کۆشـکو تەلارو گە نجیـنەی پێی دەنازیـت

---

[٣٣٢] وەکو یەك نین.

﴿ وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَٰدَىٰ كَمَا خَلَقْنَٰكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ ... هـەروەك تـاك تاكـەو بـە تـەنيا لـە پێشودا، ئێوەمان وەدى هێناوە، هەر واش هاتونەوە لامان، ﴿٩٤﴾ الأنعام ﴾.

(لەمـەڕ ناخۆشـیێ هاتـە ڕێیـان گوتیـان): ﴿وَصَدَقَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ ... هـەر بـەڵێنی خوداو پێغەمبەری بیدەن، ڕاست دەردەچێ، ﴿٢٢﴾ الأحزاب ﴾.

بـەڵام دو ڕوان ئـەوە هەڵوێـستیان بـو: ﴿ ... مَّا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ إِلَّا غُرُورًا ... ئـەو بەڵێنەی خوداو پێغەمبەر دەیاندا هەر بۆ فریوی ئێمە بو، ﴿١٢﴾ الأحزاب ﴾.

ژیانێ کە ئێستا هەتـە، بـەری بیـروهزری خۆتـە، ئـەو بۆچونەی لـە بیـروهزری تۆوە هەڵدەقوڵێو لە بیـری خۆتدا تاو توێ یان دەکەی، هـەر ئەوەیـە بەسـەر ژیانتـدا کاریگەری دەبێ، جا چ بە لای بەختەوەریدا بـێ، یـا بـەلای بەدبـەختیو چارەڕەشـیدا بێ. یەکێ دەڵێ ئەگەر تۆ بێ کەوشو [٣٣٣] پێخواسی، لـە کەسانێ بنـوارە قاچـەکانیان قرتاوە [٣٣٤]، کەوایە تۆ لەسەر بەهرەی ئەم دو قاچەت سوپاسگوزاری بۆ خوا بنوێنە.

شاعیـر دەڵـێ:

بێ جەرگو ڕەوەك نابـم کە ڕوداوێ لە ڕێیـــە
دەڵێ چی خوا بیهـێنێ خێـرو فەڕ هەر لەوێیە

---

٣٣٣) بێ پێڵاو.
٣٣٤) بڕاوە.

(با دڵت گەردێ نەگرێ، هەتا ڕوت لە چاکە بێ)

بێ سۆ چاکە نواندن لە ڕوی خەڵکدا، ڕێگایێکی بەر فرەیە، لە ڕێگاکانی بەختەوەریدا. پێغەمبەری خوا ﷺ بەمبۆنەیەوە دەفەرموێ: ((إن الله يقول لعبده وهو يحاسبه يوم القيامة: يا ابن ادم، جعتُ ولم تطعمني، قال: كيف اطعمك وانت رب العالمين؟! قال: اما علمت ان عبدي فلان ابن فلان جاع فما اطعمته، اما انك لو اطعمته وجدت ذلك عندي. يا ابن ادم، ظمئت فلم تسقني. قال: كيف اسقيك وانت رب العالمين! قال: اما علمت انَّ عبدي فلان ابن فلان ظمئ فما اسقيته، اما انك لو اسقيته وجدت ذلك عندي. يا ابن ادم، مرضت فلم تعدني. قال: كيف اعودك وانت رب العالمين؟! قال: اما علمت ان عبدي فلان ابن فلان مرض فما عدته، اما انك لو عدته وجدتني عنده؟!... لە ڕۆژی سەڵادا خوای گەورە لێپرسینەوە لەگەڵ بەندەی خۆی دادەکاو دەفەرموێ: ئەی مرۆڤ، من برسی بوم‌و تۆ خۆراکت پێ نەدام. ئەویش دەڵێ: ئەی پەروەردگارا چۆن خۆراك بە تۆ بدەم کەچی تۆ پەروەردیاری هەمو جیهانی؟! خوای گەورە دەفەرموێ: مەگەر نەتزانی بەندەی من فلانی کوڕی فلان برسی بو تۆش خواردنت پێ نەدا، نەتدەزانی ئەگەر خواردنی بدەیتێ لەلای منەوە پاداش وەردەگری. ئەی مرۆڤ، من تێنو بوم ئاوت نەدا پێم. ئەویش دەڵێ: پەروەردگارا چۆن ئاوت پێ بدەم کە تۆ پەروەرێنی هەمو جیهانی! خوای گەورە دەفەرموێ: بۆ مەگەر نەتزانی بەندەی من فلانی کوڕی فلان تێنو بو بەڵام ئاوت پێ نەدا، نەتدەزانی ئەگەر ئاوی بدەیتێ لە لای منەوە پاداش وەردەگری. ئەی مرۆڤ، من نەخۆش بوم کەچی سەردانت نەکردم. ئەویش دەڵێ: ئەی خوایە چۆن سەردانت بکەم کە پەروەردەی هەمو جیهانی؟! خوای گەورە دەفەرموێ: مەگەر نەتزانی بو بەندەی من فلانی کوڕی فلان نەخۆش کەوت کەچی سەرت لێنەدا، نەتدەزانی ئەگەر سەرادنت بکردایە منت لەوێ دەست ئەکەوت؟!)).

با سەرنجێ لەو فەرمودەیە بدەین، لە کۆتاجاردا دەڵێ: منت لە لای ئەو نەخۆشە دەست دەکەوت وەکو جارانی پێشو نالێ: لەلای منەوە پاداشتت دەست دەکەوت، چونکێ خوای دلۆڤان لە لایەن کەسانێکە دڵ شکستەن، نەخۆشیش یەکێکە لەوان.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێ: ((فـي كـل كبـدٍ رطبـة اجـرٌ... چاکە لەگەڵ هەر گیانلەبەرێدا بنوێنە، پاداشتی خوا وەدەست دێنی)).

بزانە خوای دەهەندە، سۆزی بۆ ژنێکی خراپەکاری "بـەنی ئیسرائیل" دەنوێنـێو، دەیخاتە بەهەشت، بە سای ئـەوە سـەگێکی تێنـو تێـراو دەکـا. چ جای یـەکێ هـەژارو نەدارێ تێر نانو تێراو بکا، لە تەنگانەو کلۆڵیدا ڕزگاری کا؟!

بـە هـەمان شـێوە بـە ڕاستـو دروسـتی لـە پێغەمبـەری خـواوە ﷺ بیـستراوە کـە دەفەرموێ: ((من كان له فضل زاد فليعد به على من لا زاد له، ومن كان له فضل ظهـر فليعد به على من لا ظهر له... هەر کەسێ زیادە لە خۆی ڕۆزی هەبێ، با بیدا بە یەکێ نیەتی، هەر کەسێکیش زیادە لە خۆی باربەری [٣٣٥] هەبێ، با بیدا بە یەکێ نیەتی)).

حاتـەم چـەند دێـرە شـیعرێکی هۆنیوەتـەوە تیایـدا ئامۆژگـاری قەرەواشـەکەی [٣٣٦] دەکا، کە چاوەڕوانی مێوانی بێ.

دەگێڕنەوە "عبدالله"ی کوڕی "مبارك" هاوسێیەکی جولەکەی دەبێ، بەم شـێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، بـەر لـە منـاڵی خـۆی خـواردنی بـە جولەکـە دەداو بـەرگـو پۆشاکی بۆ دەکڕی، بـە جولەکـەیان وت وەرە خانوەکـەمان پـێ بفرۆشـە، گـوتی باشـە بەڵام من خانوەکەم بە دو هەزار دینار دەفرۆشم، هەزاریان نرخی خانوەکەیە، ئەوی تریشیان لـە پـای هاوسـێیاتی "عبـدالله"یـە! عبـدالله گـوێی لـەم قسـەیە بـو، لـە خـوا پاڕایەوە گوتی: ئەی خوایە ئەم جولەکەیە بۆ لای ئایینی ئیسلام ڕێنمـایی کـەی. بـە یارمەتی خوا موسڵمان بوا

جارێکی تریشیان "عبـدالله" لەگـەڵ کاروانـێ بـۆ حـەج کـردن دەڕۆیـشت، لـە ڕێگا چاوی بە ژنێ کەوت، لەسەر زبڵدان قەلێکی مردارەوە بوی هەڵگرتـەوە، خوڵامەکـەی بە دوادا ناردو سەبارەت بـەو کـارەی لێـی پرسـی، لـە وەڵامـدا گـوتی: ئـەوە سـێ ڕۆژە هیـچمان نیـە بیخـۆین تـەنیا ئـەوە نـەبێ، کـە فـرێ دەدرێتـەوە سـەر ئـەم گوفەکـە، "عبـدالله" چـاوی لـە ئەسـرین [٣٣٧] هـەڵڕژاو فەرمانیـدا هەرچـی پێیانـە لـەوێدا

---

٣٣٥) بارهەڵگر/وەڵاخی سواری و ئۆتۆمۆبیل و هەر شتێ دەگرێتەوە باری هەڵبگرێ.
٣٣٦) خزمەتکارەکەی.
٣٣٧) فرمێسک.

بیبەخشن، لەم گەشتەیدا گەڕایەوەو ئەو ساڵە نەچو بۆ حەج، شەوێ لە خەودا بینی یەکێ پێی دەڵێ: حەج کردنت قەبوڵ بێ‌و، کردو کۆشت [٢٣٨] بە هەدەر نەچێ‌و، تاوانت لەسەر لاچێ.

خوای گەورەش لەوبارەوە دەفەرموێ: ﴿وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ... خەڵکی وەپێشەخۆیان دەخەن، هەرچەند دەست تەنکیشیان هەیە، ﴿٩﴾ الحشر﴾.

شکۆداری بۆ خوای گەورە، خونەریتی بەرز چەندە گران دەنرخێنێ! بەهرە بااڵکان چەند بە بەرزی دەنوێنێ! ڕەفتاری جوان چەندە جوان دەڕەنگێنێ! هیچ کەسێ پەشیمانی لە ئەنجامدانی کردەی چاکە دەرنابڕێ، ئەگەر چی تێیدا زیادەڕۆ بێ، وە لێ لە کردنی تاوانێ پەنجەی ژێوانی دەگەزێ، ئەگەر چی تاوانێکی چوکیش بێ.

بە بیستنی وشەیەکی نەشیاو دڵ گران مەبە، رژدی ڤایرۆسێکی دێرینە

یەکێ لە زانایانی ئەم چاخە [٢٣٩] دەڵێ: پێویستە لەسەر ئەوانەی لەمەڕ توانج‌و پەلاران زۆ هەراسانن لەبەردەم هاشەهاشی [٢٤٠] ڕەخنەی ستەمکارانەدا، لێوانێ [٢٤١] ئاوی سارد بە سەرپەیەکانی [٢٤٢] هەستدا هەڵڕێژن.

هەروا ئەم وتەیان هەڵداوە کە دەڵێ: ((هەر لە پێناوی خوایە ڕەوشتی ئێرەیی، [٢٤٣] کە دادوەری دەنوێنێ، چونکو خاوەنەکەشی هەڵنابوێرێ، سەرەتا لەویەوە دەست پێدەکاو بە خاکی دەسپێرێ [٢٤٤])).

---

٢٣٨) هەوڵ و کۆشش.

٢٣٩) ئەم سەردەمە.

٢٤٠) هاژە هاژ.

٢٤١) پەرداخێ.

٢٤٢) وردە دەماری هەست.

٢٤٣) حەسودی.

پێشەوا عەلی خوا لێی ڕازی بێ، بەم شێوەیە بێ ترسی لە مەرگ دەنوێنی و دەڵێ: مەرگ بەهەشتێکی پەرژین قایمە.

یەکێ لە کاراشنایان دەڵێ: مرۆڤی بێ جەرگ چەندین جار دەمرێ، بەڵام مرۆڤی گوستاخ [٢٤٥] تەنیا یەك جار لە ژیانیدا دەمرێ.

ئەگەر خوای گەورەش بیەوێ چاکە لەگەڵ بەندەکانی خۆی بکات، ئەوا لەو پەڕی تەنگانەدا وەنەوزەیان [٢٤٦] بەسەردا دێنێ کە ئاماری [٢٤٧] هێور کردنەوەیە لە لایەن خواوە، هەروەکو لە جەنگی "ئوحود"دا "تەلحە" خوای لێی ڕازی بێت، وەنەوزەی گرت و، ئەوەندە دڵارام و حەساوە بو، چەند جاران شمشێری لە دەست هەڵدەوەرا.

کەسانێکی دین کز و لاڕێ هەبون ئەم حاڵەتەیان بەسەرهات، یەکێ بە ناوی "شەبیبی" کوڕی "یەزید" چاپوکترین کەس بو خێزانەکەشی ئەو ژنە بو توانی "حجّاج" وەدەرێ نێ، لە تەنگانەدا لەسەر پشتی وڵاخەکەی وەنەوزەی بەسەرداهات.

خوای گەورەش دەفەرموێ: ﴿ قُلْ هَلْ تَرَبَّصُونَ بِنَآ إِلَّآ إِحْدَى ٱلْحُسْنَيَيْنِ ۖ وَنَحْنُ نَتَرَبَّصُ بِكُمْ أَن يُصِيبَكُمُ ٱللَّهُ بِعَذَابٍ مِّنْ عِندِهِۦٓ أَوْ بِأَيْدِينَا ۖ فَتَرَبَّصُوٓا۟ إِنَّا مَعَكُم مُّتَرَبِّصُونَ ... بێژە: ئاخۆ چاوەنۆڕن جگە لە یەکێ لەو دوانە - کە هەردوکیان باشەکانن - شتێکی ترمان توش ببێ؟ ئەوا ئێمەش چاوەنۆڕین خودا هەر خۆی، یان بەهۆی ئێمە جەزرەبەو بۆ بنێرێ. دەسا ئێوە چاوەنۆڕ بن، ئەوا ئێمەش چاوەنۆڕین، (٥٢) التوبة ﴾.

بەهەمان شێوە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ كِتَٰبًا مُّؤَجَّلًا ۗ وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا نُؤْتِهِۦ مِنْهَا وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ ٱلْءَاخِرَةِ نُؤْتِهِۦ مِنْهَا ۚ وَسَنَجْزِى ٱلشَّٰكِرِينَ ... هیچ کەسێکیش بە بێ ئیزنی خودا نامرێ. کە مردنی هەر کەسێکیش وەختەکەی بۆ داندراوەو لە لای خوداوە نوسراوە کێش هەر خۆشی لە دنیادا ئارەزو

---

٢٤٤) هەتا دەیکوژێ.

٢٤٥) ئازا.

٢٤٦) باوێشکیان بەسەردا دێ.

٢٤٧) نیشانەی.

بێ، خوا دەیداتێ، هەر کەسێکیش خۆشی دوا ڕۆژی گەرەك بـێ، خـودا ئـارەزوی پێـك دێنـێ. ئەوانـەش وا شوکر دەکەن، زو جەزایان دەدەینـەوە، ﴿١٤٥﴾ آل عمران ﷺ.

بەڵێ، سوێند بـە خـوا، کاتـێ مۆڵـەتی ژیانیـان بـڕا تـەنیا چـرکە بـێ مـەرگیان دوا ناخرێو نە پێش دەخرێ، پێشەوا علی خوا لێی ڕازی بێ فەرموی:

هەروا پێشەوا "ئەبو بەکر" دەفەرموێ خوا لێی ڕازی بێ: بە دوای مەرگا بگـەڕێن ژیانیان وەدەست ئەکەوێ.

هەڵوەســـتەیەك

ئەی باوەڕدار ئەو خەمۆکیو دڵپەستیەی پـێ نـاوێ: دڵنیـا بـە خـوا پـشتیوانیت لێ دەکا، فریشتە بۆت دەپارێتەوە، بڕواداران لەهەمو نوێژێدا لە نـزاو سـکاڵا بـێ بەشـت ناکـەن، پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە ڕۆژی سـزا تکـات بـۆ دەکـا، قورئـانیش جـوانترین بەڵێنی پێ داوی، لە سەروی هەمویانەوە خـوای گـەورە سـۆزت بـۆ دەنوێنـێو میهـری ئەویش بێ سنورە.

خەمگین مەبە: دڵنیا بە لەسەر چاکە یەك بـە دە هـەتا حەوسـەد بگـرە زیـاتریش پاداشـت دەدرێتـەوە، وەلـێ [٢٤٨] تـاوان هـەر بـەو وێنـەی خـۆی وەڵامـی دەدرێتـەوە یـا چاوپۆشی لـێ دەکرێو تۆڵەشی ناکرێتەوە، دەبزانە بەخشندەیی خوا چـەند فراوانـە هیچ دروستکراوێ ئەوەی لـێ چاوەڕێ ناکرێ! میهری ئەو چەند بەرووەدەیـە [٢٤٩] کـەس هاوشانی پێ ناکرێ [٢٥٠]!

خەمبار مەبە: تـۆ لـە دەستەی یەکتاپەرستانی، هـەڵگری پـەیامی قورئـانی، یـەك ڕوگـە پـێدەزانی، تـۆ بنـچینەی خۆشەویـستی خـواو پێغەمبـەرت ﷺ لـەناو دڵدا سـەپاوە، خـوا ئـەم هەسـتەی پـێداوی: لـە خراپـە پەشـیمانی، لـە چاکەو چاکەکاری دڵخۆشو شادمانی، چەندین بەهرەی شاراوەت هەن کەچی پێیان نازانی.

---

٢٤٨) بەڵام.

٢٤٩) بەر فراوانە.

٢٥٠) بەرامبەری پێ ناکرێ.

تەمبار مەبە: تۆ لە شین‌و لە شاییدا، لە زنگینی‌و هەژاریدا، لە تەنگانە‌و هەداریدا [٣٥١]، کردمت بە هەدەر ناچێ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((عجباً لأمر المؤمن، إن أمره كل له خير!! وليس ذلك الاّ للمؤمن، إن أصابته سرّاء فشكَرْ كان خيرا له، وإن أصابته ضرّاء فصبر كان خيرا له... کارو وەرامی [٣٥٢] بڕوادار سەرسوڕمێنە، ئەگەر خۆشییکی بەسەردا هات سوپاسگوزاری خوایە بە چاکە بۆی دەنوسرێ، ئەگەرییش دوچاری تەنگانەیێ هات، ئارامی لەسەر دەگرێ‌و بە چاکە بۆی دادەنرێ.

ئارامگرتن و خۆڕاگری ڕێگان بۆ بەختەوەری

﴿ وَٱصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِ ... خۆراگربە، دیارە خۆڕاگرتنیشت هەر بە خوایە، (١٢٧) النحل ﴾.

﴿ ...فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَٱللَّهُ ٱلْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ . خۆڕاگری بێ ناشکوری (چاری منە)، لەمەڕ ئەوانەش کە ئێژن، خودا دەهانامەوە دێ، (١٨) یوسف ﴾

﴿ فَٱصْبِرْ صَبْرًا جَمِيلًا ... تۆ خوای گەورە بگرە بە خۆگرتنێکی پەسند، (٥) المعارج ﴾.

﴿ سَلَٰمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ ... هەر لە سای هێمنیدا بن، چونکە ئێوە خۆڕاگر بە، (٢٤) الرعد ﴾.

﴿ ...وَٱصْبِرْ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَ ... خۆڕاگر بن لە خۆڕاگریشا هەر لە پێشەوە بن، (١٧) لقمان ﴾.

﴿ ... ٱصْبِرُوا۟ وَصَابِرُوا۟ وَرَابِطُوا۟ ... بۆ پاراستنی سنور گەل هەمیشە سازو تەیار بن، (٢٠٠) آل عمران ﴾.

---

٣٥١) هێمن دا.

٣٥٢) کردەوە.

پێشەوا (عومەر) دەڵێ: بە سـای ئارامگری بو بە بەختەوەریمان بەدەست هێنا.

ئەوانەی شوێن پـێ هـەڵگری پێغەمبـەری خوانـە، کاتـێ دامـاوو بـەرە بەڵانـە، سـێ هۆکاری دەربازبونیان لەبەردەست دانە: ئارامگریو پاڕانەوە، چاوەڕێی دەرگـای خێـر لێکرانەوە.

شاعیـر دەڵێ:

لێوانێکـیان پـێ نۆشـین ئێمـەش پێمـان نۆشـکـردن
بـەس ئێمـە ئارامگـر بوین لـەسـەر تـاڵایی مـــردن

لە فەرمودەیەکی پاستی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: کە دەفەرموێ: ((لا أحد أصبـر علی أذی سـمعه من الله: أنهم یزعمون انه له ولدا و صـاحبة، وانـه یعـافیهم و یـرزقهم... هیچ کەسێ لە خوا ئارامگرتر نابێ لەسەر ئەو ئازارەی گوێبیستی دەبێ: بێباوەڕان وا گومـان دەبـەن خـوا منـاڵو هاوسـەری هەیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا خـوای گـەورە دەیانپارێزێو، ڕۆزیان پێ دەدا)).

لە فەرمودەیەکی تریشدا دەفەرموێ: ((رحـم الله موسـی، ابتُلـي بـاکثر مـن هـذا فصبـر... خوا میهرو سۆزی بەسـەر "موسـی"دا بڕێـژێ، پـتر لـەوەی بەسـەرە مـن دێ بەسەری هات بەڵام ئارامی گرت)).

لە فەرمودەیەکی تریشدا درودی خوای لەسەر بێ دەفەرموێ: "مـن یَتَـصَبَّر یُـصَبِّرْه الله... هەر کەسێ هەوڵدا دان بە خۆدا بگرێ خوای گەورە دڵارامی بەسەردا دێنێ.

بێ گومان خواستە باڵاکان بە خەونو خەیاڵان بەردەست نابن، بەڵکە بە سای وڕە بەرزیو خۆڕاگری فەراهەم دێن.

لەمـەڕ هەڵوێستی خەڵکان دڵپەست مەبە، بزانە لەگەڵ پەروەردێندا چۆنن

پێشەوا "ئەحمەد"ی کوڕی "حەنبەل" لە باسی دنیا بە کەم گریدا فەرمودەیـەکی پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوە، کە خوای گەورە دەفـەرموێ: ((عجبـا لـك يـا ابـن ادم! خلقتك، تعبد غيـري، ورزقتك وتـشكر سـواي، اتَحَبَّـبُ اليـك بـالنعم وانـا غـني عنـك، وتتبَغَّض الي بالـمعاصي وانـت فقيـر الي، خيـري اليك نازل، وشرك الي صـاعد!!... تـۆ جێگای سەرسامی ئەی مرۆڤ ! وەدیم هێناوی‌و جگە لـە مـن دەپەرستی، ڕۆزیـت پـێ دەدەم‌و جگە لە من سـوپاس دەکـەی، بـە سـای بـەهرەکانم خـۆم لای تـۆ خۆشەویـست دەکـەم کەچـی لێـت بـێ منـەتم، بـەڵام تـۆ بـە سـای تـاوان رقـم هەڵدەسـێنی‌و کەچـی ئاتاجی منی، چاکەم بۆ تۆ دادەبارێ‌و خراپەی تۆ بۆ من هەوراز دێ)).

لەسەر بوردەو سەرگوزەشتەی پێغەمبەر "عیسادا" هاتوە، درودی خـوای لەسـەر بێ، سی کەسی نـەخۆش‌و ژمارەیـەکی زۆر لـە چـاو کـوێران لەسـەر دەسـتی ئـەو خـوا چاکی کردنـەوە، بـەڵام هـەمویان سـەریان لـە سـپڵەکاری‌و بـێ ئەمـەکی دەرچـو بونـە دوژمنی.

بە نەبـونی مـەنالـە

دڵنیا بە ئەوەی بژێوی ژیانی لە دەست دایە، خوایـەکی تـاک‌و تەنیایـە، ڕۆزی تـۆو هەموبەندەیەکی لە لایە، بۆ دابینکردنی ژیانیش بەڵێنی دایـە، ﴿ وَفِي ٱلسَّمَآءِ رِزۡقُكُمۡ وَمَا تُوعَدُونَ ... ڕۆزیتان‌و هەرچی بەڵێن تان پێ دەدرێ، لە عاسمانە، ﴿٢٢﴾ الذاريات ﴾.

کە دەیسەلێنین خوا ڕۆزی دەرمانە، بۆ دەبێ مـرۆ ئەوەنـدە مـەرایی بنوێنـێ‌و، لـە پێناوی دەستەبەرکردنی ڕۆزیدا ئەوەندە خۆی زەبون‌و ڕیسوا بکا؟!

خوای دور لە هـەڵە پێمـان دەفـەرموێ: ﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزۡقُهَا... لەم زەمینە هەر شتێ دەجولێتەوە گشتی ڕۆزی لەسەر خوایە، ﴿٦﴾ هود ﴾.

شکۆداری بۆ ئەو کە دەفەرموێ: ﴿ مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا ۖ وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ ... هەر ساتێ خودا دەروی خێری لە ڕوی مەردەم بکاتەوە، کەس ناتوانێ گاڵەی بداتەوە، ئەگەر ئەویش گاڵەی بدا، - بەدەر لەخۆی - کەس ناتوانێ بیکاتەوە، ﴿٢﴾ فاطر ﴾.

دەشێ لە بری دڵ پڕی، ئەم هۆکارانە لەبەرچاو بگری

١- ئومێدت بە بەخشش و پاداشتی خوای دەستە باڵا بێ: ﴿ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ... بێ گومانە ئەو کەسانەی خۆڕاگرن، بە تەواوی و بە بێ حیسابی پاداشی خۆیان وەردەگرن، ﴿١٠﴾ الزمر ﴾.

٢- بە بینینی بەڵا (باران باری سەرشانت سوك بێ):

گەر نەبوایە لە دەورم نالەی دڵ بریندارانی
دەبوایە خۆم لەناوبەم لەتاو ئێش و ئازاران

دەی بە لای چەپ و ڕاستدا بنواڕە، ئایە بێ لە مەینەتباران و دەردەرانت لێ دیارە؟ هەربۆیە ئەم وتەیەش هەڵدراوە: لە هەمو شیوێ "بەنو سەعدێك" [٣٥٣] هەیە.

٣- ئەم دەردەی پێیەوە گرفتاری لە ناخۆشیەکانی ترت لا ساناتر بێ.

٤- خۆشحاڵ بە کە ئەم بەڵایە ڕوی لە ئایینت نەکردوە، هەر بەرژەوەندی دنیای گرتۆتەوە.

٥- دڵنیابە جاری وایە ئەو بەندایەتیەی لە تەنگانەو ناخۆشیدا دەینوێنی، پلەی زۆر بەرزترە لەو بەندایەتیە کە لە خۆشیدا بەجێی دێنی.

٦- وا دانێ دەبوایە ئەوە هەر ببێ.

---

٣٥٣) "بنو سعد" بەو دۆڵایی یە دەگوترێ پێغەمبەرو ﷺ یارانی تێدا گەمارۆ درابون.

وازبێنـە لـەوەی چارەسـەرێ لـەباربـەی جـارە چـارە لەوەیـە لە ڕێگا چـارە پازدەی

٧- ئەو خوایەی پەروەردێنی تۆیە، ئەوەی بە سەرت بێنی لە بەرژەوەندی تۆیە:

﴿ ...وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ ... ڕەنگە لە شتێك حەز نەکەی بەلاّم بۆتان وەخێر گەڕێ، ﴿٢١٦﴾ البقرة ﴾.

مەچـوە قـاوغـی کەسـێکی تر

﴿ وَلِكُلّٖ وِجۡهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَاۖ فَٱسۡتَبِقُواْ ٱلۡخَيۡرَٰتِۚ ...هـەر لایـە شـوێنێکیان هەیـە ڕوی تێدەکەن، دەسا ئێوە بۆ چاکە کێ بەرکێ بکەن، ﴿١٤٨﴾ البقرة ﴾.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَكُمۡ خَلَٰٓئِفَ ٱلۡأَرۡضِ وَرَفَعَ بَعۡضَكُمۡ فَوۡقَ بَعۡضٖ دَرَجَٰتٖ ... هـەر خۆشی ئێوەی کردە جێ نیشینانی زەمینو هێندێکیان بەرانبەر هێندێکی تر، چەن پلە بردە سەرەوە، ﴿١٦٥﴾ الأنعام ﴾ الانعام/١٦٥.

﴿ ...قَدۡ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٖ مَّشۡرَبَهُمۡۖ ... هەر تیـرەیەك جێ وە خواردنی خـۆی زانـی. ﴿٦٠﴾ البقرة ﴾.

خـەڵکان لـە بـەهرەو وزەو توانـادا، لـە پیـشەو کـارو کـرداردا، جیاکـارن، بۆیـە لـە ئاماری شکۆداری پێغەمبەری خوا بو ﷺ، کە بە پێی وزەو ئامادەیی هاوەڵانی کـارو پیشەی پێ دەسپاردن، "عەلی" بۆ دادوەری دانا، "موعاز" ی بۆ زانست تەرخان کـرد، "ئوبـەی" بـۆ لێکدانـەوەی قورئـانو، "زەیـد" بـۆ مـیرات دابەشـکردن، "خالیـد" بـۆ جـەنگان لـە ڕوی دوژمـنو، "حەسـان" بـۆ هۆنینـەوەی شـیعرو، "قـەیس"ی کـوڕی "سابت" بۆ وتاربێژی.

لە بری شمشـێر لە تـوندی نەرمـی بەکارهێنـانی
زیانبـارە وەکـو ئـەوەی تـوندی لە جـێی مانـی

خـۆ تاواندنـەوە لـە قـاوخی[٢٥٤] کەسـانێداو، خـۆ پۆشـتە کـردن بـە دابـو نـەریتی خەڵکێکی تر، خۆ کوشتنو لە ناو بردنە.

خەڵکان کە لە ڕەوشتو خویاندا، لە بـەهرەو زمـانو ڕەنـگو ڕویانـدا جیاکـارن[٢٥٥]، بەڵگەو نیشانەی خوای بەرزو توانادارن.

بۆ نمونە پێشەوا "ئەبوبەکر" بە سای سۆزو نەرمو نیانی، سودو کەڵکی بۆ گـەڵو نەتەوە هانی[٢٥٦] پێشەوا "عومـەر" بەهۆی تینو تەوژمی ئیسلامو هەڵگرانی بەو پایـە گەیانـد، کەوایـە ئـەوەی لـە توانـات دایـە بـەهرەو خـەڵاتی خوایـە، تـۆش بـە کـەمی مەنرخێنـە گەشـەی پـێ بـدەو ڕەنێـوی بێنـە، بـۆ غـەیری خـۆت پـێش کەشـی کـەو، خۆشـت سـودی لێ ببینـە، ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ... خـوا ئـەرکی لـە توانـا بەدەر بەسەر کەسدا ناسەپێنێ، ﴿٢٨٦﴾ البقرة ﴾ .

بێگومـان دەمـە لاسـکە کـردنو[٢٥٧] زێـدە ڕۆیـی لـە خـۆ تێخزانـدنی نـاو تـوێکڵی[٢٥٨] خـەڵکانی تـر مۆرانـەی هونـەرو بەهرەکانـە، قەڵاچـۆ کردنـی[٢٥٩] خواسـتەکانەو، هەڵوەشاندنەوەی ئەم جیاکاریانەیە کە پێویستە لە مرۆڤدا هەبن.

گۆشـەنشـینیو داهاتە سـود بەخشـەکانی

ئەو گۆشە گیریـەم گەرەکە لە خراپە کاریو زێدەڕۆیی کردن لە حەڵاڵ خۆ بە دور بگری، کە دەبێتە هۆی دڵ فراوانیو خەم ڕەوێنی.

"ئیبت تەیمیە" دەڵێ: پێویستە بەندە بۆ بەندایەتی نواندنیو یادی خواو قورئان خوێنـدنی، بـۆ بـە خـۆدا چـونەوەو نـزاو ئەسـرین هـەڵڕژتنی، لـە خراپـەو وێنـەی ئەمانەش خۆ بە دور گرتنی، گۆشە گیر بێ.

---

٢٥٤) قالك/توێلك/توێكڵ.

٢٥٥) جیاوازن.

٢٥٦) هێنا.

٢٥٧) لاسایی کردنەوە.

٢٥٨) توێلك.

٢٥٩) بن بڕ کردن.

"ابن الجوزی" لە پەرتوکی "صید الخاطر"دا، سێ باسی دەربارەی گۆشەنشینی [٣٦٠] تەرخان کردوە کە ئەمە پوختەکەیەتی: نەمبیستوەو نەمبینیوە هیچ شتێ ئەوەندەی گۆشەگیری مایەی ئاسودەیی و ڕێزو سەربڵندی بێ، ئەوەندە لە خراپەوتاوان مرۆ بەدور بگرێ، ئەوەندە پلەوپایە بەرزڕاگربێ، پارێزەری تەمەن بێ، لەچاوتێوەبوان و [٣٦١] بەدکاران و گەزاران [٣٦٢] بەدورگرتر بێ، ئەوەندە بەدەستهێنانی خواپەرستی و، بەکارهێنانی بیرو هزری تێدا بێ، بۆ فەراهە هێنانی شتی سودمەندو، دەرهێنانی گەنجینە پڕ بەهاکان و، هەڵێنجان لە دەقە سەرەکیەکان ئەوەندە بەر قازانج بێ.

چەند وتەیەکی تریشی سەبارەت بە گۆشەنشینی گوتوە، کە ئەوە مەبەستێتی بە دەستکارەیەوە. لە بەشێکی ڕابردوی پەرتوکەکەمدا گوتومە: بەهرەمەندی و شکۆمەندییکی وەها لە گۆشەنشینیدا هەیە هەر خوا بۆ خۆی پێی ئاشنایە، ژیری تیایدا وەبەردێ، کاتی هەڵچنینی [٣٦٣] بەری بیرو زەین دێ، دڵی تێدا دەسرەوێ، ئابروی پێ دەپارێزرێ، فرە بەخششی تێدا بەدەست دێ، سەرپێچی لە خراپە دەکرێ، کاتو ساتە پڕ بەهاکان لە گوێڕایەڵی خوادا خەرج دەکرێ، یادەوەری خوای دڵۆقانی تێدا دەکرێ، لە گاڵتەو گەپو ئاشوب گێڕان [٣٦٤] پشت هەڵدەکرێ، بە سای ئەم گۆشەگیریە مرۆڤ لە تێکهەڵچونی [٣٦٥] گەڵ نەیاران و، قسەی نابەجێی ناحەزاندا لادەکاتەوە [٣٦٦]، لە تیلەچاوی [٣٦٧] چاوچنۆکان بێ وەی دەبێ، لە کێشەو بێشەی گرانزانان بەدور دەبێ، لە بڕو بیانوی سەر زەنشت کاران و، سەندنەوەی مافە پێشێل کراوەکان و، مەرایی [٣٦٨] خۆ بە زل زانان و، ژیان بەسەر بردن لەگەڵ گەمۆرو مایە پوتاندا [٣٦٩] سەرسوک دەبێ.

---

٣٦٠) گۆشە گیری/خۆ دانە پەنا.
٣٦١) چاو چنۆکان/حەسودان.
٣٦٢) بێ شەرمان.
٣٦٣) ڕنینی.
٣٦٤) ئاژاوە نانەوە.
٣٦٥) بەگژ یەکتر داچون.
٣٦٦) پشت تێ دەکا.
٣٦٧) گۆشەی چاو.
٣٦٨) فێڵ و تەڵەکە.
٣٦٩) هیچ و پوچان.

گۆشەنشینی ئەم کەمو کوڕیانەت پوش بەسەر دەکا[٣٧٠]: هەڵەو پەڵەی سەر زمانت، خلیسکی جوڵەوکردەکانت، هەتڵەبونی[٣٧١] هۆش‌وبیرت، هەڵەشە[٣٧٢] بونی دەرودەرونت.

گۆشەنشینی پەچەی[٣٧٣] سەر ڕوی نەریتە باڵاکانە، قاوخی[٣٧٤] مرواری ڕەوشتی جوانە، تۆپکڵی شکۆفەی[٣٧٥] جوامێریانە، چەند خۆشە گۆشە نشینی‌و هاو دەمت کتێبی خوا بێ، بۆ بەراوەڵە بونی[٣٧٦] تەمەنت هەمیشە لە گەڵتا بێ، هەوێنی کونجی تەنیایی بەندایەتی خوا بێ، تۆشەی[٣٧٧] گەشت‌و سەیرانی ڕێی گوێ ڕایەڵی‌و یادی پەروەردیار بێ، مەخابن تاکۆتا تەمەنت مو بە مو لێت جودا بێ.

هەر لەو گۆشەنشینییەدا بیرو هزرت بەکاردێنی، ورد دەبیەو، ڕادەمێنی، هەست کردنت بە چاوە دێری خوای باڵادەس وەدەس دێنی.

لە گۆشەنشینیدا لەسەر تێگەیشتنی ڕازو نیازان پێ دادەگری، زۆرو وردیاتی شاراوە لە ناو بیرو هۆشتدا هەڵدەگری، لە مەبەست‌و خواستان تێ دەفکری، قەڵای بیروڕایان هەڵدەچنی[٣٧٨]، پەیکەری ژیری هەڵدەبەستی[٣٧٩].

لەو ساتەی لە شوێنێکی چەپەك[٣٨٠] دەگوزەرێنی، گیان‌و دڵ زۆر ئاسودەن، هەست‌و نەست بەدوای ڕاوکردنی شتی سودمەندەوەن.

بۆت ناڕەخسێ لە گۆشەنشینیدا مەرایی[٣٨١] بنوێنی، چونکو هەر خوایە کە بت بینێ، ناتوانی بە گوتەکانت سەرنجی هیچ کەسێ بۆ خۆت ڕابکێشی، بەڵکە هەر ئەو خوایە وتەکانت دەبیستێ کە بەسەر هەموبونەوەردا بیسەرەو بینەرە.

---

٣٧٠) دەشارێتەوە.
٣٧١) پرش و بلاو بونی هۆش و بیرت.
٣٧٢) خۆپەسندی.
٣٧٣) پێچە.
٣٧٤) قالك/كيفك.
٣٧٥) شتێ تازە سەر هەڵدەدا/وەکو خونچە.
٣٧٦) فراوان بون.
٣٧٧) تۆێشوی.
٣٧٨) دروست دەکەی.
٣٧٩) دروست دەکەی.
٣٨٠) ڕێی بەسەرەوە نەبێ.

هـەمو ئەوانـەی بـە ڕەوشـتی جـوان‌و نـاوازەوە تیـشك دەدەن‌و دەدرەوشـێن، هـەمو ئەوانەی بلیمەت‌و وردەکار بون، کۆڵەکەی سەردەم‌و چاخ بون، کانزای دێرینی ڕۆژگار بون، گوڵ ئەستێرەی[۳۸۲] کۆڕو کۆبونـەوان بـون، هـەمویان شـەتڵی نـەمامی خۆیـان لـە کانیاوی گۆشەنشینیدا تێراو کرد، هەتا خۆی گرت، درەختێکـی بـەرزە بـاڵای لێ وەدی هات، بە پشتیوانی پەروەردیاری بۆ هەموەرزێ بەرهەمی گرت.

گوتویانە: هەر کەسێ گۆشەنشینی لا خۆشبێ سەربڵندی وەدەست دێ.

گەر دەتەوێ لەو باسە زێـتر ئاشـنا بـی، سـەرێ بـدە لـە کتێبـی "العزلـة" دانـراوی "خطـابي".

لە تەنگـانـە خۆگر بە

تەنگانـەو خەفـەت بـاری وزە بـە دڵ دەبەخـشێ، تـاوانی پـێ نامێنـێ، لـوت بـەرزی دادەنوێنێ، خۆ بە زلزانـی هەڵدەوەشـێنێ، مـرۆڤ لـە نائاگـایی بـە ئاگا دێنـێ، کڵپـەی گڕی یادەمری خوا هەڵدەگیرسێنێ، سـۆزو بـەزەیی خـەڵکانت بـۆ دێنـێ، وا دەکا پیـاو چاك بە نـزاو پاڕانەوە لێت ڕامێنێ، خۆ پـێ زاڵی تێك دەشکێنێ، بۆ خوای هەرە زاڵو تاك‌و تەنیا مل کەچیت پـێ دەنوێنـێ، ڕاسـتەوخۆ ئامۆژیـارە، ترسـێنەرە لـە ئێـستاڕا، فێری ئارامیت دەکا، بە خۆ گریـت ئاشـنا دەکـا، بـۆ گەیـشتنەوەی پـەروەردێنت ئامـادە دەکا، لە پـشت هـەڵکردن لـە پابەنـدی بـە دنیـاوەو ئـۆقرە پـێ گـرتنی ناچـارت دەکـا، ئەگـەر چـی سـۆزو میهـری خـوا لەوانـە گـەورەتـرە، لێبـوردنی خـوا بەسـودترەو، چاوپۆشی لە تاوان بەهەرمێن ترە[۳۸۳].

---

۳۸۱) ڕیابازی.

۳۸۲) جۆرە گیاندارێکی چوکەڵەیە لە شەواندا دەتریسکێ و شۆق دەدا.

۳۸۳) بە قازانج ترە.

هـەڵوەسـتەیەك

خەمناك مەبە: چونكێ خەمناكی لە خواپەرستی سستت دەكا، لە تێكۆشان پـەكت دەخا، سەردەكێشێ بۆ ڕوخانت، پـیس دەكـا ئەندێـشەو گومانـت، بـەدبینو ڕەش بـین دەكا هەستو ناخو ویژدانت.

زویر مەبە: چونكو زویری بنچینەی دڵە خورپێو نەخۆشیە دەرونیەكانە چـاوگی ئەشكەنجەی هەستو نەستانە، كەرەستەی دڵە ڕاوكێو نیگەرانیو هەرەس هێنانە.

پەرێشان مەبە: تۆ قورئانت لە دەست دایـە، دەتـوانی بپارێیـەوەو نـزا بكـەی، مـاڵ ببەخشیو نوێژ ئەنجام دەی، تۆوی چاكە بچێنی، گردەی بەردار بڕوێنی.

دڵ گـران مەبـە: بـە سـای تەمبـەڵیو كـات بـەتاڵی دەسـخەڕۆی[٣٨٤] داخو كەسـەران مەبـە، وریـا بـە نوێـژ بـەجێ بێنـە... پاكانـەی خـوا بنوێنـە... بەرنامـەی خـوا وە خوێنە... بنوسەوە... كـردەی بـاش بەرهـەم بێنـە... بـەرەو پـێش هـەنگاو هەڵێنـە... خۆشەویستێ بەسەركەوە...تێ بفكرەو ورد بەوە.

﴿ ..ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ...لەبەرم بپارێنەوە، ئەوسا بە دەنگتانەوە دێم، ﴿٦٠﴾ غافر ﴾.

﴿ ٱدْعُوا۟ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ... بە نهێنیو بەسەركزی[٣٨٥] هەر پەروەردەو لەبیـربێو لەبـەری بپارێنـەوە خـودا ئەوانـەی خـۆش نـاوێ كـە لـە ڕێگەی ئەو لادەدەن، ﴿٥٥﴾ الأعراف ﴾.

﴿ فَٱدْعُوا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ... دەسا ئێوە بە دڵپاكی هەر هانا بـۆ خـودا بـەرنو دینی پاكژتان بۆ ئەو بێ، ﴿١٤﴾ غافر ﴾.

﴿ قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱللَّهَ أَوِ ٱدْعُوا۟ ٱلرَّحْمَٰنَ ۖ أَيًّا مَّا تَدْعُوا۟ فَلَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ...بێژە: هاوار لەخوا بكەن یان هانا بە ڕەحمان بەرن، هەر یەكێكە، ئەو ناوی زۆر پیرۆزی هەن، ﴿١١٠﴾ الإسراء ﴾.

---

٣٨٤) ژێر دەستی.

٣٨٥) مل كەچی.

بەو بنچـینانەی بەختـەوەری دڵنـەوایی خـۆت بکە

١- دڵنیا بە ئەگەر لە سنوری ئەو ڕۆژەی تێی دای ژیان بەسەر نەبەی، بیرو هـزرت دەبێتە ئاردی ناو دڕوێ [٣٨٦]، خەمو پەژارەت زۆر دەبێ، هەموکردارو مەرامت [٣٨٧] لـێ ئاڵۆز دەبێ، هەر ئەو واتایەش لـەو فەرمودەیـە دەفامرێتـەوە: "اذا اصـبحت فـلا تنتظـر المـساء، واذا امـسيت فـلا تنتظـر الـصباح... کاتـێ بـەیانیت کـردەوە چاوەڕێی ئێوارە لێدا هاتن مەبە، ئەگەریش ئێوارەت کـردەوە چـاوەڕێی بـەیانی لێدا هاتن مەبە.

٢- ئۆقرە گیری بە ڕابردوی تێکچڕژاو [٣٨٨]، بـەدوای چـواندا چـون، گـەوجی و گێلـی و نەفامیە.

٣- بە داهاتو سەرقاڵ مەبە هێشتا لـە جیهانی نەبودایـە کـەی هاتـە ئاراوە ئەوسـا بیری لـێ بکەوە.

٤- بـە ڕەخنـە مەچـڵەکێ، سـەقامگیر بـەو دڵنیـا بـە ئـەو ڕەخنـەی ڕوبـەڕوی تـۆ دەبێتەوە هێمای [٣٨٩] سەنگ و ڕێزی تۆیە.

٥- هەر باوەڕ بە خواو کردەوەی چاکە ژیانێکی خوارسکی بەختەوەرانەیە.

٦- هەر کەسێ هێمن و هەدایی [٣٩٠] گەرەك بێ، با یادی خوای گـەورەی هەمیـشە لـە ناو دڵ بێ.

٧- پێویستە بەندە لای وابێ هەرچی خوا نەیکا نابێ.

٨- چاوت لە سوپاسی کەس نەبێ.

٩- بە ئەگەری ڕودانی خراپ تر لەوە دڵت بدەوە.

---

٣٨٦) پرشوبڵاو دەبێ.
٣٨٧) مەبەستت.
٣٨٨) ئاڵۆز.
٣٨٩) نیشانەی.
٣٩٠) ئاسودەیی.

١٠- دەگونجێ لەوەی ڕوویداوە تۆی تێدا بەر قازانج بێ.

١١- هەر کارەساتێ ڕوبدا لە بەرژەوەندی بڕواداڕە.

١٢- لە بەهرە پێ بەخشراوەکانی خوا ڕامێنەو سوپاس بژێر بە[٣٩١].

١٣- زۆر کەس لە تۆ بەرەو خوارنو تۆ لە سەروی ئەوا نی.

١٤- جار لە دوای جار خۆشی لە ڕێیە.

١٥- بە سای کڵۆڵی نزاو پاڕانەومت لە دڵدا هەڵدەقوڵێ.

١٦- بەڵاو مەینەتی هەتوانی[٣٩٢] چاوو وزەی دڵن.

١٧- ناخۆشی خۆشی لە دوایە.

١٨- با شتی کەم بایەخ بن بڕت[٣٩٣] نەکات.

١٩- لێبوردەیی پەروەردیارت بەروەدەیە[٣٩٤].

٢٠- ڕوگرژو ڕوترشو تورە مەبە.

٢١- نانو ئاوو سێبەرن بژێوی ژیانیان لێ پێك دێ، بە هیچی تر بایەخ مەدە.

٢٢- ڕۆزیتانو ئەوەی بەڵێنتان پێ دراوە لە ئاسمانەوەیە.

٢٣- زۆربەی مەترسی پێشبینی کراو نایێتە دی.

٢٤- لە بەڵا باران پەند وەرگرە.

٢٥- ئەگەر خوا گەلێکی خۆش ویست تاقیان دەکاتەوە.

٢٦- ئەو نزاو پاڕانەوانەی لابەری ئێشو ئازارن دوبارەو سێ بارەیان بکەوە.

٢٧- خۆت بە کردەی بەرداری بەرهەمدارەوە سەرقاڵ کە پشت لە کاتی بەتاڵ کە.

٢٨- پڕوپاگەندە وەلانێو بە هەواڵی نادروست باوەڕ مەکە.

٢٩- ئەو ڕقو کینەی لە دژی نەیارانت لە دڵت ناوە، تۆ زیاتر لێی زەرەرمەندی.

٣٠- هەر بەڵایێ بێتە ڕێت تاوانی پێ هەڵدەوەرێت.

---

٣٩١) سوپاسی خوا بکە.

٣٩٢) مەڵحەم.

٣٩٣) لەبەینت نەبا، ڕیشەکێشت نەکا.

٣٩٤) فراوانە.

كە ئەو شـەش دەرمانە چارەسازەت لەبەردەسـتە بۆ دڵـت پەسـتە؟

خاوەنی کتێبی "الفرج بعـد الـشدة" دەگێڕێتـەوە دەڵێ: یـەکێ لـە زانـاو پـسپۆران دەردو کەسەرێکی توشهات دۆستو خۆشەویستانی بۆ دڵنەوایی هاتنە سەردانی، یەکێ پێی گوت: من شەش دەرمانی گیراوە پێ دەزانم، گوتیان چ دەرمانێکن؟ ئەویش گوتی:

یەکەم: متمانە بە خوا بون.
دووەم: دڵنیابون بەوەی قەزاوقەدەری خوا ڕەت نابێتەوە.
سێیەم: ئارامگرتن باشترین چارەسەری بەڵا بارانە.
چوارەم: ئەگەر ئارام نەگرم چیم لەدەست دێ.؟! هاوارو ڕۆڕۆ بە چارەسەر نازانم.
پێنجەم: دەشێ لەوە خراپترم بەسەر بێ.
شەشەم: جار لە دوای جار ڕزگاری دێ.

بە سای تـوانج و پەلارێ، یـا ئەشکە نجەو ئـازارێ، یـا گـوتەی ڕیسواکارێ، یـا سـتەمی سـتەم کارێ، خەم بەسـەرتـا نەبارێ.

شێخی ئیسـلام دەڵێ:

بڕوادار چاو لـە تۆڵـە نـاگێڕێ، سەرزەنـشتی سەرزەنـشت کـارێ ناکاتـەوە، وەڵامـی لێدانیش ناداتەوە.

ماتو کز دامەمێنـە، هەڵوێستی جوان بنوێنـە، قەدرو ڕێز بەدەسـت بێنـە

یەکێ لە شاعیران توشی لێقـەومانێ هات هانـای بـۆ کەسـێکی بەخشندەو بەرچاو فـراوان هـانی[٢٩٥]، ئـەویش لـە هانـای هات، لـە وەڵامـی ئـەم چاکەیەدا ئـەم هـۆنراوەی پیـاهـەڵـدا:

---

٢٩٥) هێنـا.

لاوێکی نەو نەمام بو خوا ئاوڕی پێ دایـەوە
ئـامـاری هەر چاکـەیـێ لە ڕوی دەدرەوشـایـــەوە
کە بینی بەخشـندەیی بەرگی لەبەرنەمـاوە
بـەرگـــی دڵ فـراوانـی خســتـە قـەدو بـاڵاوە
هەروەکو بلێی هەسارە لە ناو چاوانی دیـارە
هەڵبەستی من ملوانکەو هەیڤیش لەسەر ڕوخسارە

گەر کۆستێ دای پڵۆسی، خەمو خەفەت دای پۆشی، یا ئەســتەنگێ بێتـە ڕێت، با دڵت ئاسـودە بێت نەك پەسـتو پڕ لە خـەم بێت.

بێگومـان ئەگـەر ئارامـت هـەبێو دان بـە خـۆ دابگـری، چـاترە لـەوەی چـریکەو زایەڵـەت [٣٩٦] هـەڵبڕی، ئەگـەریش لـە ئاستی مەینەتێـدا داسـەپاوو خـۆڕاگر بـی، زۆر پایەدارتری لەوەی داڕماوو بێ وڕە بی، هەرکەسێکیش بەهەوەسی خۆی ئارام نەگرێ، ڕۆژێ دێ بەناچاری خۆی ڕابگرێ.

دڵ گران مەبـە، دۆسـتو خۆشەویسـتانێکت هەن خەمیان لەلا بەباکـەی

ئەگەر حەز دەکەی با چەند دێرە شیعرێکت بۆ بکەمە دیاری، بۆ ئـەوەی خۆشـیو شادیت بەسەردابێو، کەمێ دڵت بسرەوێ، هەندێ لـە هۆنـەران دەربـارەی دڵنـەواییو لێك نزیك خستنەوەی دڵەکان، ئەم پارچە هۆنراوەیان هەڵبەستوە:

هاتـیـــن بـە لای قەیـسـی یـــە"یـــمـنـــی"دا
کـــە وەجـاخ زادەیێکـی بـــاش بـــو لە ڕەچەڵێدا

---

٣٩٦) هاوارو ڕۆڕۆ.

ئێمـەی بینـی و پـەچـەی سـەر ڕوی بەردایـەوە
گـوتـی کێنـە و خەڵکی کوێنـە و لە کام لاوە؟
گوتم بەڵام لـە تیـرەی تەمیمـیـانـە هـاوەڵم
منیـش خەڵکـی یەمـنـم و لـەوێیە حـاڵ و ماڵم
بە خاك و ولاّت لێك دورین خـودا بە برای داناویـن
گەر نەژادیشـمان جیا بێ دڵمان لە یەك جودا نیـن

بێگومان دۆست و یاران لە تەنگانەدا مایەی دڵارامین بۆ یەکتر، یەکێ دەڵێ: ئەگـەر لەبەر دڵەڕاوکێ و نیگەرانی نەبوایە، تێکەڵاوی خەڵکان نەدەبوم.

﴿ ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ... ئـەوێ ڕۆژێ یـاران هـەمو دەبنە نەیاری یەکتـری، جا مەگین خوا پارێزەکان، (٦٧) الزخرف ﴾.

ڕێزداری و پایەداری باشـتـرە لە ماڵداری

کەلاوەیێ [٣٩٧] هەبێ ژیانی تێدا بەسەربەی، یا ڕەشمالێ [٣٩٨] هەڵدەی، تیکە [٣٩٩] نـانێکی جـۆ هەبێ لە دەمی خەی، لەگەڵ ئەوەی شەرمو شکۆت پارێزراو بێ و، ئاوی ڕوانـت [٤٠٠] دانەچـکاو بێ [٤٠١] و زمانت پاك و پاراو بێ [٤٠٢]. زۆر سەربەرزو ڕێزدارتری لەوەی لە کۆشك و باڵەخانـەی ڕازاوەو باخ و باخاتی درەوشاوە ژیان بەسەربەی، لەگەڵ ئەوەدا ژیانێکی تفت و تاڵت هەبێ و، دڵێکی بە نالە و هاوارت ببێ.

ناخۆشی وەکو نەخۆشی وایە، چۆن نەخۆشی ماوەیەکی پێ دەچێ، هەتا لادەچێ، ئەگـەر پەلەو تاڵوکەشی لێ بکرێ لەوانەیە دو چەندانە ببێتەوەو، دەبێتە دەردێکی کوشندە، هـەر

---

٣٩٧) کەچە خانو.
٣٩٨) چادر/لە موی ئاژەڵان دروست دەکرێ.
٣٩٩) پارو.
٤٠٠) ئابڕو.
٤٠١) دانەڕژابێ.
٤٠٢) لە قسەی پڕوپوچ دور بێ.

بە هەمان شێوە بـەڵاو ناخۆشـی پێویـستی بـە ماوەیـێ دەبـێ، هـەتا شـوێنەواری بـزر دەبـێ، پێویستیشە مرۆڤی بەڵا بار ئارامی هەبێو چاوی لە لێبونەوەی دەروی خێر بێو زمانی بـە یادی خواوە فێر بێ [٤٠٣].

هەڵوەسـتەیـەك

﴿... وَلَا تَاْيْـَٔسُوا۟ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ لَا يَاْيْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ...

ناهومێدیش مـەبن لـە بـەزەیی خـودا، هـەر ئەوانـەی خـوا نـەناسـن، لـە بـەزەیی خـوا ناهومێدن. ﴿٨٧﴾ یوسف﴾.

﴿ قَالَ وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ ... کـێ لـە بـەزەیی خـوادا بـێ هومێدە، مەگین لە ڕێ لادەرەکان؟ ﴿٥٦﴾ الحجر﴾.

﴿إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ... ئەو کەسانەی چاکە کارن، لە بەزەیی خودا نزیکن. ﴿٥٦﴾ الأعراف﴾.

﴿لَا تَدْرِى لَعَلَّ ٱللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَٰلِكَ أَمْرًا ... تۆ چوزانی، لەوانەیـە لـە پـاش ئەمـە خوا شتێ تر وەدی بێنێ. ﴿١﴾ الطلاق﴾.

﴿وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ... ڕەنگە لە شتێك حەز نەکەن بەڵام بۆتان وەخێر بگەڕێ، ڕەنگیش هەیە ئاوات بۆ شتێ بخوازن کە ئاکامەکەی باش نـەبێ خـودا دەزانـێو ئێـوە سەری لێ دەرناکەن، ﴿٢١٦﴾ البقرة﴾.

﴿ٱللَّهُ لَطِيفٌۢ بِعِبَادِهِۦ يَرْزُقُ مَن يَشَآءُ ۖ وَهُوَ ٱلْقَوِىُّ ٱلْعَزِيزُ ...خودا دەربارەی عەبدانی بە ڤیانە، ﴿١٩﴾ الشوری﴾.

---

٤٠٣) لە یادی خوا بەردەوام بێ.

﴿وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ ... بەزەییشم هەمو شتی داگرتوە، (١٥٦) الأعراف﴾.

﴿...لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا ...خەمت نەبێ! ئێمە خودامان دەگەڵە، (٤٠) التوبة﴾

﴿...إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ ... لەو کاتەشدا کە هاناتان بۆ پەروەردیارتان دەبرد، جا لە فریاتان هات، (٩) الأنفال﴾.

﴿... وَهُوَ الَّذِي يُنَزِّلُ الْغَيْثَ مِنْ بَعْدِ مَا قَنَطُوا وَيَنْشُرُ رَحْمَتَهُ ... هەر ئەویشە پاش ناهومێدبون لە باران، بارانە دادەبارێنێ دڵۆڤانی و خۆشی بڵاودەکاتەوە، (٢٨) الشورى﴾

﴿ ... وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ ... بە هومێدو بە ترسەوە لەبەرمان دەپاڕانەوەو لە بەرانبەر ئێمە لارە مل بون. (٩٠) الأنبياء﴾.

چـاترین هـــاودەم کتێبـە

بێگومان یەکێ لە هۆکاری بەختەوەری ئەوەیە: لەگەڵ خوێندنەوەی کتێب دا کات بەسەر بەری، بایەخێکی زۆر بە خوێندنەوە بدەی، گەشە بە بیرو ژیریت بدەی.

"جاحز" بەوە ئاموژیاریت دەکا کە بە خوێندنەوەو لێ وردبونەوەی کتێبان خۆت سەرقاڵکەی، بۆ ئەوەی خەمان لە دڵ بەباکەی، پێت دەڵێ: کتێب ئەو هاودەمەیە وەڕەس و بێ توانات ناکا، خۆشەویستێکە بە پاکی دەتدوێنێ، هاوڕێیەکی وایە ماندوو شەکەتت ناکا، ئەو چاوپۆشی کارەیە [٤٠٤] شل وخاوت ناکاتەوە، هاوسێیەکی بارسوکەو بارت گران ناکا، ئەو هاوەڵەیە نایەوێ بە نواندنی مەرایی [٤٠٥] دەست بەتاڵتکاو ناپاکانە هەڵسوکەوتت لەگەڵ کا، بە دوڕویی نات خەڵەفێنێ و [٤٠٦]، بە درۆو دەلەسە خلیسکت پێ نابا.

---

٤٠٤) لێبوردەیە.

٤٠٥)فرتوفێڵ.

٤٠٦) هەڵت ناخەڵەتێنی.

کتێب ئەو هاوەمەیە هەتا لێی ورد ببیەوە پتر تامەزرۆت دەکا، هەستو نەستت دەسازێنێو دەمو زمانت پاراو دەکا، دەستو پەنجەت ڕەنگین دەکا، وتـەو پـەیڤت [٤٠٧] شیرن دەکا، دڵو دەروونت فراوان دەکا، سینەت شادو گوشاد دەکا، ئـاپۆرە [٤٠٨] بـەڕێزەوە سـەیرت دەکـا، بـە خـەڵکانی پایـە بـەرز ئاشـنات دەکـا، تـەنیا خوێندنـەوەی مانگـێ بارتـەقای چـەند سـاڵانێ زانـستی وات پـێ دەبەخـشێ لـە دەمـی هـیچ زانایـێ نـەت بیستبێ، وێڕای ئەوەی پارەو پوڵیش خەرج ناکەی، خۆشت لـە دوای شـەکەت ناکـەی، لە دەرگای هیچ کەسێ لە خۆ زاناتر نادەی، خۆشت بـەوە ئاتـاج ناکـەی لـە بـەردەمی یـەکێ چۆکان دادەی، کـە تـۆ لـەو ئاکـار جـوانتریو خـۆت بـە سـەتی وەك وی نـادەی، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە کـۆڕو کۆبونـەوەی قـین لـە دڵان خـۆت پـەنا دەدەی، لەگـەڵ ساماندارانیش خۆت بەراورد ناکەی، کتێب ئەو هاوەمەیە گوێ ڕایـەڵی شـەو ڕۆژتـە، لە دەرێو لە ژورێ هاوڕێتە، بە خـەوتنت تـەنگاو نابـێ، لـە شـەونخونیدا مانـدوێتیو شەکەتی نایگرێ، ئەو فێر کارە [٤٠٩] دڵسۆزەیە لێی دەپرسـیو شـەرم ناکـەی، تـۆ پـارەی پێ نابەخشیو ئەو زانیاریت پێ دەبەخشێ، گەر تۆ بە تۆندی بدوێی ئـەو گوێـچکەت لە بۆ دەگرێ، ئەگەر بایێ هەڵبکاو لاپەڕەی وەریگێڕێ بۆ تۆ دەگەڕێتەوەو جارێ تـر وەرناگەڕێ، گەر تۆ بەهـەر هۆکـارێ پەیوەنـدیت لەگـەڵ هـەبێ پێویـستیت بـە کـەس نابێو تاسەر لەگەڵت دەبێ، لە تەنیاییو بێ زاری گەر کتێب هاوەمـت بـێ، هـەرگیز ئاتاجیت بە هاوەمی بەد سروشتان نابێ، ئەوەندە چاکەو خەڵاتـەی کتێـب بەسـەرە تۆدا دەیکا بەسە، کە لە دانیشتنی بەر دەرگا دەتپارێزێو، لەوانـەی بەوێـدا ڕادەبـورن چاویان تێ نابڕی - لەگەڵ ئەوەی ئەرکی دانیشتنی سەر ڕێگات پێ جێبەجێ ناکرێ - چاوت لە ئابڕوو ناموسی خەڵکان دەپارێزێ، لـەو بـاسو خواسانە قـوڵ نابیتـەوە کـە هیچ پەیوەندیەکیان بە تۆوە نیـە، تێکـەڵاوی کەسانێکی هـەرزە پـوچو مایـە پـوت [٤١٠] نـابیو، لـە وتـەی بـێ واتایـان گـوێ نـاگریو، بەشـداری مـەرامی [٤١١] گـڵاوو کـاری

---

٤٠٧) جەماوەر.
٤٠٨) جەماوەر.
٤٠٩) مامۆستا.
٤١٠) بێ کەڵك.
٤١١) مەبەست.

چـەپەڵکارانەیان نـابی، بێگومـان ئەمـەیان هـەم ئاسـودە بونـەو ڕزگـار بونـە، هـەم دەسکەوتێکی بێ وێنەیە، هەروەها خۆپاراستنە لـە مەترسـیێکی سـەرەکیو بەدەسـت هێنـانی قازانجێکـە، جـا ئەگـەر بـێو کتێـب خوێندنـەوە تـەنیا ئەوەنـدە بەرهەمـەی هەبێو لە خواستی چروك[٤١٢] بە دورت بگرێ، لە پاڵکەوتنی بێ سودو گاڵتەو گەپی بێ هودەو تەمەن بەهەدەردان بە دورت بخاتەوە، دیارە گـەورەترین بەرهـەمت بەدەسـت هێناوەو، بەسودترین بەخششت بەسەردا ڕژاوە.

شتێکی بەڵگە نەویستە کە پێویستە بێکارانی ڕۆژو گاڵتە چیانی شـەو جیـا لـەوەی کاتە پڕ بەهاکانیان بەهەدەر چێ: ئەم هەڵەی تەمەنیان بـە خوێندنـەوەی پـەرتوکی سـودمەند بەسـەربەن، ئەوەنـدەی بـە سـای کتێـب خوێندنـەوە بـەرو داهـاتی سـود بەخـشیان چـنگ دەکـەوێ، ژیانیـان بـە ئـەزمون دەگـا، بـیرو ژیریـان گەشـە دەکـاو، پیاوەتیو جوامێریـان پـتر دەکـا، ئـابڕوو شـکۆیان دەپارێزێ، دینـداریان چـاتر دەبـێ، ماڵو سامانیان پڕ پیت دەبێ، کارو پیشەی نوێ فێر دەبـنو دەروی خێریـان لـە ڕودا ئاوااڵ دەکرێ، هیچ شتێ ئەوەندە سودو کەڵکیان پێ نابەخشێ.

* چـەند وتـەیێ دەربـارەی سـودی کتێـب * :

"ئەبوعوبەیـدە" دەڵـێ: "موهەللـەب" ئامۆژیـاری کورەکـانی دەکـاو پێیـان دەڵـێ: ڕۆڵـەکانم کاتـێ دەچن بـۆ بـازاڕ تـەنیا لـە بـەردەم دوکـانی زرێ چی [٤١٣]، یـا پـەڕتوك خانـەیێ بوەسـتن. هـاوەڵێکم بـۆی گێڕامـەوەو گـوتی: کتـێبی مامۆسـتایەکی خـەڵکی شـامم خوێندۆتـەوە، یـەکێ لـە باسـەکانی دەربـارەی جـوامێری تـیرەی "غەتـەفان" دەدوێ، دەڵێ: جـوامێریو پیـاوەتی بەسـەر چـو تـەنیا لـە پـەرتوك دامـاوە. گـوێم لـە "حەسـەنی لوئلوئی" بو کە دەی گوت: چل سااڵ بەو شێوەیە ژیـانم بەسـەربرد ئەگـەر سـەر خـەوێکم بـشکاندایە، یـا پـاڵم دابایـەوە، یـا شـەوانە سـەرم بنابایـەوە، دەبوایـە پەرتوکێکم هەر لەسەر سینگ بوایە.

---

٤١٢) مەبەستی بێ سود.

٤١٣) ئەوەی زرێی شەری دروست دەکا.

"ئیبنول جەهم"یش دەڵێ: ئەگەر خەوەکوتکێ [٤١٤] بم باتەوەو کاتی خەوتنیشم نەبێ - کە خەوی نابەجێم زۆر پێ ناپەسندە - دەست بە خوێندنەوەی پەرتوکێکی سودمەند دەکەمو بە سای وتەی نەستەقو سودمەند دڵم دەبوژێتەوە [٤١٥]، کاتێ گرێ کوێرەیێکم بۆ دەبێتەوەو [٤١٦] پەی بە یەکێ لە مەبەستەکانم دەبەم هەست دەکەم هەداری بەسەرمدا دەبارێو، خۆشی دڵم دادەپۆشێ، ئەو شکۆمەندیەی بە سای ڕون کردنەوەی بابەتێك بە دەست دێ، تونـدتر مـرۆ ڕادەچڵەکێنێ لە شـریخاندن و [٤١٧] خوڕەی [٤١٨] داڕمانێ.

دوبارە "ئیبنول جەهـم" دەڵێ: ئەگەر پەرتوکێکم بە دڵ بو بە دەستم هێنا، سودو قازانجیشم لێ ڕەچاو کردو لێم بەدی کرد، دەم بینی چۆن لە ترسی ئەوەی لێم ببڕێ جار لە دوای جار تەماشا دەکەم ئاخۆ چەند پەڕێکم ماوە، یا لە ترسی ئەوەی ئەو بابەتە کۆتایی بێ، ئەگەریش ئەم پەرتوکە لە قـەبارەدا گـەورە بـێو پـەڕی زۆر بێو زۆر بەرگ بێ، ئەوا هەست بە خۆشحاڵیەکی زۆر دەکەمو تەواو دڵم دەسرەوێ.

"عەتـەبی" باسی یەکێ لە پەرتوکی زانا دێرینـەکان دەکـاو دەڵێ: گـەر بهاتبـاو کتێبێکی دورو درێژو زۆر پەڕ نەبوایە گۆڕانکاریم بەسەر دێناو تێکم دەدا [٤١٩].

"ئیبنول جەهم"یش دەڵێ: بەڵام ئەوەی لەم کتێبەدا سەرنجی منی ڕاکێشاوە هـەر ئەوەیـە کـە تـۆی لـە دەسـتی بێـزاری [٤٢٠]، هـەر کتێبێکـی گـەورەم خوێندونەتـەوە قـازانجێکم لێ وەدی کـردوە، لـە ڕادەبـەدەر کتێبـی بچوکیـشم خوێنـدەوە بـەڵام کاتـێ کۆتاییم پێ هێناوە هەستم کردوە هیچم بە دەست نەهێناوە!.

بۆ ئاگاداریشت، شکۆدارترینو پیرۆزتـرینو پایـەدارترین کتێـب قورئانـە:﴿ كِتَٰبٌ أُنزِلَ إِلَيْكَ فَلَا يَكُن فِي صَدْرِكَ حَرَجٌ مِّنْهُ لِتُنذِرَ بِهِۦ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ... کتێبێکە بۆ تۆ

---

٤١٤) دەخەو ڕاچون.
٤١٥) دەگەشێتەوە.
٤١٦) مەسەلەیەکی تۆندم بۆ ڕون دەبێتەوە.
٤١٧) بە قیژە و دەنگێکی گەورە دەگوترێ/من لە جیاتی دەنگی گوێ درێژم بەکارهێناوە.
٤١٨) دەنگی ڕوخانێ.
٤١٩) دیارە کتێبی دور و درێژی خۆشویستوە.
٤٢٠) مەبەستی پێ گەورەیی کتێبێکە.

هاتۆتە خوارەوە، تا بەهۆی ئەو ترس وەبەر مەردم بێنی و خۆت توشی دڵتەنگی مەکە لەوبارەوە، ئەم کتێبە نسحەتیشە بۆ ئەوانەی بڕوای پێ دێنن، ﴿٢﴾ الأعراف ﴿.

بـەری دەرختـی خوێندنـەوە:

١- نەمانی دڵاو دڵی و[٤٢١] خەمو پەژارە.

٢- لادان لە شتی پڕوپوچ و بێ هەڕمین.

٣- دور کەوتنەوە لە کەسانێ بێ هودە ژیان و تەمەنیان بەهەدەر دەدەن.

٤- ڕاهاتن لەسەر زمـان بونـەوەو دەربـڕینی ڕستەی نایـاب و دور بونـەوە لـە هەڵـە و ساتمەی زمان و ڕازاندنەوەی بە پاراوی و ڕەوان بێژی.

٥- گەشاندنەوەی ژیری و زاخاودانی بیرو هزرو مشتوماڵ کردنی هەست و نەست.

٦- هەڵقوڵانی زانیاری و فرە بونی بیر بڕی[٤٢٢] و هۆشداری.

٧- بەهرەمەند بون لە ئەزمونی خەڵکان ودانایی دانایان و دەرخستنی زانایان.

٨- دەستەبەر کردنی بەهرەی وەبەرهێنانی زانیاری و ئاشنا بون بەو ڕۆشن بیریـەی بەسەر ژیانەوە کاری گەری هەیە.

٩- پتـەو کردنـی بیروبـاوەڕ بـە تایبـەتیش بـە خوێندنـەوەی پـەرتوکی ئیـسلامی، چـونکە پـەرتوک دڵـسۆزترین ئامۆژیـارەو، بـەهێزترین سەرزەنـشت کـارە، گەورەترین بەربەستی ڕێی خراپەیەو، تووندو تۆڵ ترین فەرمان ڕەوایە.

١٠- ئاسودە بونی بیرو هۆش لە پڕشو بلاو بون، حەسانەوەی دڵ لە دابـڕدا بڕبـون، ڕزگار بونی کات لە بە فیڕۆ چون.

١١- ڕۆچون لە کرۆکی وشەکان و، داڕشتنی بابەتو واتای پـەیڤو ڕستەو، کاراشـنایی لە نهێنی ژیری و دانایی.

ناخی واتـاو مەبەسـتان حەسـاوگەیە بۆ گیانی
نەك لە خواردن و خواردنەوەو لە نۆشینێ بزانی

---

٤٢١) دو دڵی.

٤٢٢) بیرێژی

دڵت هەراسان نەبێ، خەڵکێ بە ئاکاری بەرزت ئاشنایەو چـاکەی تـۆی لـە چاودایە

بە سای ئەو ڕەوشتەو ئاکارە بەرزەی نواندوتە، چەند دەستێ بە نزاو پاڕانەوە بـۆ تۆ بەرز کراونەوەو، چەند کەسێ لە ئاستی تۆدا زمـانی بـە چاکە دەگـەڕێ. بێگومـان سوپاس‌و پێزانینی خەڵکانیش وا دەکا سەر لـە نـوێ نـەمامی تەمـەنت بـڕوێو بـبڕای ببڕ بەری بگرێو، بە کەلەپوریکی زیندودا بنرێو بەرهـەمێکی پـاکی لێ بەرهـەم بـێ خەڵك سودی لێ وەربگرێ.

هەڵوەسـتەیـەك

جارێکیان پێشەوا "ئەبوبەکر" نەخۆش کەوت خوای لێ ڕازی بێت، هاوەڵانی چـون بۆ دیدەنی، پێیان گوت: پزیشکت بۆ بانگ نەکەین؟ لـە وەڵامـدا گـوتی پـزیـشك مـنی بینیوە[٤٢٣].

گوتیان چی پێ گـوتی: ئـەویش گـوتی: پێـی گـوتم: مـن هەرشـتێ بمـەوێ ئـەنجامی دەدەم. پێشەوا "عومەر"ی کوڕی "خـەتاب" یـش دەڵـێ خـوای لێ ڕازی بێـت: هەسـت دەکەین خۆشترین ژیانمان لە ئارامگرتن دایە.

هەروەها دەڵێ: خۆشترین ژیانێ پێی گەیشتبین بە سای ئارامگرتنەوە بـوە، ئەگـەر بێو ئارامگری پیاو بوایە ئەوا بە جوامێرێکی بەخشندە دادەنرا.

پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تالیب -خوای لـێ ڕازی بێت- دەڵێ: ئارامگرتن لـە بـاوەڕدا بە وێنەی سەرە لە لاشەدا، ئەگـەر سـەریش بـبردرێ ئـەوا لاشـە خـۆی نـاگرێ، پاشـان دەنگی بەرز کردەوەو گوتی: گومان تان نەبێ باوەڕی نیە ئەوەی ئارامی نەبێ. هەروا گوتی: ئارام گرتن پێڕۆیێکە[٤٢٤] بەسەر ڕودا مەیکەوێنن.

---

[٤٢٣] وەڵاخی سواری.

[٤٢٤] وەڵاخی سواری.

شێخ "حسن البصری" دەڵێ: ئارامگرتن گەنجینـەیێکی، چاکەیە، خـوای گـەورە تەنیا بە بەندەیەکی وا دەی بەخشێ لە لایەن خواوە بە دڵاوا [٤٢٥] دانرا بێ.

عومەری کوڕی عوبـدول عـەزیز دەڵێ: خـوای گـەورە هـەر بەهرەیـەکی خـۆی لـە بەندەی بسێنێتەوە، ئەویش لە بەرابەری ئـەوەدا ئـارامگر بـێ، بـێ سـۆ [٤٢٦] خـوا لـەوە باشتری پێ ئەداتەوە.

"میمون"ی کوڕی "عبدالعزیز" دەڵێ: هیچ کەس بەو پـەڕی چاکە ناگا تـەنیا بـە سای ئارامگری نەبێ.

"سلیمان" کوڕی قاسم دەڵێ: هـەموکردەوەیێ سـنوری پاداشـتی بـۆ دیـاری کـراوەو دەزانـرێ، تـەنیا ئـارام گـری نـەبێ، خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿...إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ...بێ گومانە ئەو کەسانەی خۆڕاگرن، بـە تـەواوی و بـە بـێ حیـساب پاداشی خۆیان وەردەگرن، ﴿١٠﴾ الزمر﴾ .

سـولەیمان دەڵێ: ئارامگری هەروەکو سەرچاوەیەکە بێ پسانەوە [٤٢٧] هەڵدەڕژێ.

خەمبـار مەبـە چونکو جگـە لەم ژیـانە ژیانێـکی تر چاوەڕێمانە

دڵـت بـەو دادوەریـەی خـوا دەسـرەوێ، کـە لـە ڕۆژی پەسـلان [٤٢٨] گـرۆی [٤٢٩] مـرۆ [٤٣٠] گشتی کۆ دەکاتەوە، جا هـەر کەسـێ لـەم جیهانـە دوا بـڕاوەدا مـاڵی لـێ زەوت کـراوە لـەوێ دەسـتی دەکەوێتـەوە، هـەر کەسـێ لێـرە سـتەمی دەرحـەق کـراوە لـەوێ مافـی دەسەندرێتەوە، هەر کەسێ لێرە ستەمکارە لەوێ بێ چارەو هەژارە!!

---

٤٢٥) بەخشندە.
٤٢٦) بێ گومان.
٤٢٧) بێ بڕانەوە.
٤٢٨) دوایی.
٤٢٩) دەستە.
٤٣٠) مرۆڤ.

"كانـت" كـە زانـاو پـسپۆرێكى ئەڵمانيـە لێـى دەگێرنـەوە، كـە دەڵێ: شـانۆى ئـەم ژيانەى دنيا هێشتا كۆتايى پێ نەهاتوە، دەبێ شانۆيەكى‌تر هەبێ، چونكو لەم ژيانەدا ستەمكارو ستەم لێكراومـان بەرچاو دەكـەوێ كەچـى نـابينين دادوەريـان لـە نێوانـدا بكـرێ، كەسـانێ دەبينين زاڵـن هەنـدێكيش چەوسـاوەو ژێـر دەسـتەن كەچـى تۆڵـە سەندنەوە نابينين، كەوايە دەبێ جيهانێكى تر هەبێ ئەو مافانەى لێ بسەندرێ".

شـێخ "عـەلى تـەنتاوى" دەربـارەى ئـەم قـسەيە دەڵـێ: ئـەو دەسـتەواژەيە[٤٣١] كـە مرۆڤێكى دور لە ئيسلام دەرى دەبڕێ، دان پێ دانانو باوەڕ كـردن بـە ڕۆژى سـەڵا[٤٣٢] لە خۆوە دەگرێ.

﴿... لَا ظُلْمَ ٱلْيَوْمَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ... ئەم ڕۆژە هيچ غەدرێك نيـە. خـودا بە خێرايى بە كاروباران ڕادەگا. ﴿١٧﴾ غافر ﴾.

چـەند گوتەيەكى جيهانىو دەسـتكەوتى ئەزمون

"ڕۆبرت لـويس ستيفنـسون" نوسـيوێتىو دەڵـێ: هـەمو مرۆڤـێ دەتوانـێ لـە يـەك ڕۆژدا بە كردەى خۆى هەڵبستێ بـا هەرچـەندە كارەكـەى سـەختو گـران بـێ، هـەمو كەسێ دەتوانـێ ڕۆژانـە تـا خۆرئـاوا بەختەوەرانـە ژيـان بەسـەربا. كـە هـەر ئەمـەيان واتاى ژيان دەگەيەنێ".

يـەكێ تريـشيان دەڵـێ: "تـۆ لـە ژيانتـا تـەنيا يـەك ڕۆژت هەيـە، دوێنـێ ڕابـراوەو سبەينێش هێشتا نەهاتۆتە ئاراوە".

"ستيفن ليكوك" دەربارەى خۆ خەڵەتانـدن نوسـيوێتىو دەڵـێ: منـداڵ دەڵـێ: دەى ئەو كاتەى بوم بە هەرزەكار، هەرزەكاريش دەڵێ: دەى ئەوساتەى بوم بە گـەنجو لاو. ئەو كاتەش بوم بە گەنج ژيانى هاوسـەرێتى پێـك دێـنم. بـەڵام دواى ژن هێنـان چـى ڕوئەدا؟ دواى بڕينى ئەو هەموقۆناغانە چ دێتە ئاراوە؟ ئەم بۆچونە دەگـۆڕێ بـۆ: تـا ئەو كاتەى ئەتوانم دابنيشم.

---

٤٣١) ڕستە/پەيف.

٤٣٢) دوايى.

ئاوڕێ بەرەو دواوەی دەداتەوە، بایەکی ساردو سڕ خۆی بـە ڕوودا دەکێشێ، هەست دەکا ئەو ژیانەی جێی هێلاوە گشتی بـە هـەدەر داوەو تـەنیا یـەك خولـەك بەخۆشی نـەژیاوە، دوای ئـەوەی کـار لـە کـار تـرازا بـە هۆش خۆمـان دێینـەوەو دەزانـین هـەر خولەك و کاتژمێرێ لە ئێستای ژیانمان دەژمێرێ.

بـە هـەمان شـێوە ئەوانـەی بـە ئومێـدی تۆبـە کـردنن بـەو شـێوەیە خۆیـان دەخەڵەفێنن.

یەکێ لە پێشینەکان دەڵێ: "وریابن لە بـەکارهێنانی وشـەی "دێو دەبـێ" چونکو ئەوەو شەیێکە چەندین بەرژەوەندی دوا خستوەو لە دەست داوە".

﴿ ذَرْهُمْ يَأْكُلُوا۟ وَيَتَمَتَّعُوا۟ وَيُلْهِهِمُ ٱلْأَمَلُ ۖ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ... لێیان گـەڕێ بخۆنو خۆش ڕاببوێرنو ئارەزو سەرگەرمیان بکا زۆر ناخایەنێ دەزانن، ﴿٣﴾ الحجر ﴾ .

"مۆنتین"ی پرۆفیسۆری فەرەنسی دەڵێ: ژیانم پڕی ئەو خواستە خراپانـە بـو کـە هەرگیز بەزەیی نانوێنن.

منـیش دەڵێم: ئەوانـە بـە کـەڵك و قـازانجی وەدیهاتنیـان ئاشـنا نـین، لەگـەڵ ئـەو زیرەکی و شارەزاییەدا پەیڕەوی ئەو ڕێنماییەی خوا نەبون کە پێغەمبەری خـوا ﷺ پێـی ڕەوانـە کـراوە ﴿ ... وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُورًا فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ ... هـەر کەسـێکی خـوا ڕوناکی نیشان نەدا، هیچ ڕوناکی شك نابا. ﴿٤٠﴾ ﴾ النور.

﴿ إِنَّا هَدَيْنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ... خۆمان ڕێگەمان نیشـان دا، جا یـان شوکرانە بژێرە یان پێ نەزان. ﴿٣﴾ الإنسان ﴾.

"دانسی" دەڵێ: بیـر کەوە ئیمرۆ دوبارە گزنگی لـێ هەڵنایێ".

منیش دەڵێـم: ڕاست تـرو جوانتـر لەم وتەیـــە ئـەو فـەرمودەی پێغەمبـەرە ﷺ ((صلّ صلاة مودع... نوێژ بکە وەکو نوێژی کەسێکی مالّ ئاوایی لە دنیا دەکا)).

هەر کەسێ وا دابنێ ئیمڕۆی کۆتا ڕۆژی ژیانە، تۆ بەو پەشیمانی نوێ دەکاتەوە، کردەوەی دەڕازێنێتەوە، لە گوێ ڕایەڵێ خواو شوێن پێ هەڵگرتنی پێغەمبەرەکەیدا کۆشش دەکا.

"کالیداسا" کە ئەکتەرێکی شانۆگەری ناوداری هیندیە نوسیوێتی و دەڵێ:

سڵاو لە سپێدەی بەیان هەر بە ئیمڕۆ بایەخ بدە لەبەر ئەوەی هەر ئیمڕۆ ژیانە، بون ژیانە لەو هەلە کورتەی ئیمڕۆدا جۆرەها نهێنی بونی تۆی تێدا دەرئەکەوێ بەهرەی گەشە کردن ڕازاوە بەهرەی سەرکەوتن لەبەر ئەمەشیان دوێنێی تێپەڕیو تەنیا خەونێ بۆ سبەی نەهاتوش تەنیا خەیاڵە بەڵام ئەو ڕۆژەی تۆ تیایدا دەگوزەرێنی دەشێ لە سایەیدا دوێنێ وەکو خەونێکی خۆش ببینیو، هەموو بەیانیێکیش پێشبینی خواستەکانت بێ دەسا جوان سەرنجی ئیمڕۆ بدە هەر ئیمڕۆ سلاوی بەیانی دانە.

دامەمێنە، دەربارەی دوێنێ و ئیمڕۆو سبەی بە پرسیار خۆت بدوێنە

دەرگای ئاسنین بە ڕوی ڕابردوو داهاتودا گاڵەدە، ڕۆژی ئێستات لەگەڵ ساتەکانیدا ببەسەر:

١- ئایە گەرەکمە ئەو ژیانەی ئێستام دواخەم لەپێناوی ئەوەی لەمەڕ داهاتودا دودڵم، لەبەرئەوەی بۆ گولّشەنێکی فریودەر دەنالّم کە لەو دیوی ئاسۆوەیە بە خەیاڵم؟

٢- ئایە ئێستای ژیانم تفتو تاڵکەم بە سای ئەو ڕۆژە ڕەشانەی بەسەرمدا تێپەڕ بون، ئەو ڕوداوانەی ڕویان داوەو لەگەڵ تێپەڕبونی ڕۆژگار تێدەپەڕن؟

٣- تۆ بڵێی بەیانی بە ئاگا بێمەوە، لە کاتێکا بڕیارم داوە ئیمڕۆم بە فیڕۆ نەچێو لەو بیستو چوار کاژێرەی داهاتودا ئەوپەڕی کردەی بەردار فەراهەم بێنم؟

٤- تۆ بڵێی لەمەولا بتوانم خێروبێری ئیمڕۆم دەستەبەر کەم ئەگەر بە کاتو ساتەکانی بایەخ بدەم؟

٥- کەی بەو کارە هەستم؟ ئەو هەفتەی داهاتو؟ بەیانی؟ یا هەر ئیمڕۆ؟

ئەگەر کارەساتێ بەرەو ڕوت بێ بەرچاوت تاریك نەبێ بەخۆت لەگەڵ خۆت بدوێ:

١- لە خۆت بپرسە: لەوە خراپ تر پێش بینی چت دەکرد؟

٢- خۆت ئامادە کە بەرگەی ئەم پێشبینیە هەرە خراپە بگری.

٣- پاشان هەوڵ دە بە هێواشی ئەم پێشبینیە چارەسەرکەی.

﴿ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُوا۟ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَٰنًا وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ... ئەو کەسانەی پێیان وتن: گەلە کۆمەگیو لێکراوەو بە پانەوە دێنە سەرتان، ئەشێ ترس و لێیان هەبێ، باوەڕیان بەهێزتربوەو گوتیان: ئێمە هەر خودامان بێ بەسمانەو چاکترین پشتو پەنامان تەنیا ئەوە. ﴿١٧٣﴾ آل عمران﴾.

هەڵوەستەیەك

﴿ ...وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ﴿٢﴾ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ۚ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمْرِهِۦ ۚ قَدْ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَىْءٍ قَدْرًا ... هەر کێش لە خوا بترسێ، دەرویکی لێ دەکاتەوە. ﴿٣﴾ الطلاق﴾.

لە شوێنێکەوە بژێوی بۆ دەنێرێ کە بە خەیاڵیدا نایە. هەر کێ خۆی بە خوا بسپێرێ ئەوی بەسە.

﴿ ... سَيَجْعَلُ ٱللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا ... خوا زو لە پاش تەنگانە فەرەحنایی دێنێ. ﴿٧﴾ الطلاق﴾.

پێغەمبەری خواش دەفەرموێ: ((واعلم ان النصر مع الصبر، وان الفرج مع الكرب، وان مع العسر يسرا... بزانە سەرکەوتن لەگەڵ ئارامگرتندا، ڕزگاری لەگەڵ خەمو خەفەت دا، هەموناخۆشیەکیش خۆشی لەگەڵدا)).

﴿انا عند ظن عبدي بي فليظن بي مـا شـاء... پێغەمبـەری خـوا دەفـەرموێ: خـوای گەورە دەفـەرموێ: بەنـدەی مـن چ گومـانێکم پـێ ببـا بـە پێـی ئـەو گومانـە هـەڵس‌و کەوتی لەگەڵدا دەکەم، جا چ گومانێکم پێ دەبا با بیبا﴾.

﴿... فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ... خـودا لـە ئـازاری ئـەوان ئەتپارێزێ‌و زۆر بیسەرو فرە زانا هەر خۆیەتی، ﴿١٣٧﴾ البقرة﴾.

﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْحَيِّ ٱلَّذِى لَا يَمُوتُ ... سـا تـۆ خـۆت بـدە دەس کەسـێ کـە هـەر زیندوەو نامرێ، ﴿٥٨﴾ الفرقان﴾.

﴿فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِىَ بِٱلْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِۦ ... هـیچ دور نیـە خـودا ڕۆژێ سـەرتان بخا، یا خۆ کارێکی تر بکا، ﴿٥٢﴾ المائدة﴾.

﴿لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ كَاشِفَةٌ ... غـەیری خـودا کـەس پـەردەی لەسـەر لانـادا، ﴿٥٨﴾ النجم﴾

خـەمناك مەبـە چـونکێ خـەمینی تـین‌و توانـا تێکدەشکێنی‌و جەسـتەدا دادەوەشـێنێ

"ئەلکسیس کاسێل" ئەو پزیشکەیە، کە لە پزیشکیدا خەڵاتی "نۆبل" ی بەدەست هێنا دەڵێ: پیـاوانی پیـشەگەر [٤٣٣] ئەوانـەی نـازانن ڕواو ڕوی [٤٣٤] دڵاو دڵی [٤٣٥] ببنـەوە، هەر سەر لە بەیانی دەمرن".

منیش دەڵێم: هەر ئەوەیان ڕاستە کە بڵێین: مردن بە برِیـارو چارەنوسـی خوایـە، بەڵام دەکرێ وا لێك بدرێتەوە: دو دڵی‌و نیگەرانی یەکێکە لـەو هۆکارانـەی مـرۆڤ لـە پەلو پۆ دەخات [٤٣٦] و بونیەو قەوارەی لە ناو دەبات.

---

٤٣٣) خاوەن پیشە.
٤٣٤) ڕوبەڕوی.
٤٣٥) دو دڵی.

بەهەمان شێوە خەمناکی برینی گەدە پەیدا دەکا!

دکتـۆر "جۆزیـف ف.مونتـاگیو" دانـەری کتـێبی "کێـشەی دەمـارگیری[٤٣٧]" لـە کتێبەکەیدا دەڵێ: تۆ بە سای ئەو خۆراکەی دەیخۆی توشی برینی گەدە نایێی، بەڵکە بەهۆی ئەو خەمانەوەیە، کە دەمیان ناوەتەلاشەی تۆوە"!!.

بە پێی گۆڤاری "لایف" برینی گەدە بە پلەی دەیەم دێ لە نەخۆشیە کوشندەکان.

با هەندێك لە شـوێنەواری خـەمناکـیت بۆ باس کـەم:

کتـێبی دکتـۆر "ئـەدوار بۆدۆلیـسکی"، بەناونیـشانی (واز لـە دڵـە ڕاوکـێ بێنـەو هـەنگاوی باشـتر هەڵێنـە...[٤٣٨] بەشـێکی لـە زمـانی پێنوسـراوی ومرگـێڕراوە، هـا ئـەوە هەندێ لە پێڕستی ئەم کتێبە:

* نیگەرانی چ بەسەر دڵ دێنێ.
* نیگەرانی یارمەتی بەرزبونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن دەدا.
* نیگەرانی ئەگەری توش بون بە نەخۆشی "روماتیزم" پەیدا دەکا.
* بۆ ڕێز گرتن لە گەدەی خۆت نیگەرانیت کەمکەوە.
* نیگەرانی چۆن دەبێتە هۆی پەیدابونی سەرما بون.
* نیگەرانیو چەقالو[٤٣٩].
* نیگەرانیو توش بون بە نەخۆشی شەکرە.

دکتـۆر "کاریـل مـانینگر" کـە یەکێکـە لـە پزیـشکانی تایبـەت بـە نەخۆشـیە دەرونیـەکان، کتێبێکـی هەیـە ومرگێڕراوەتـە سـەر زمـانی عـەرەبی بـە ناونیـشانی:

---

٤٣٦) بێ توانای دەکات.
٤٣٧) مشـکلة العصبية.
٤٣٨) دع القلق وانطلق نحو الافضل.
٤٣٩) نەخۆشی "غودەی دەرەقی".

"الانسان ضد نفسه"، "مرۆڤ دژی خۆیەتی" لەم کتێبەدا دەڵێ: "دکتۆر مانینگر" چەند بنەمایەکـت پێ نادا دەربارەی چۆنیەتی خۆپاراستن لە نیگەرانی، بەڵکە ڕاپۆرتێکی سەرسوڕمێنت پێ دەدا بەو ناوە:

ئێمـە چۆن جەستەو لاشـەو بیرو هۆشمـان بـەهۆی نیگـەرانیو خـۆ خواردنـەوە دادەڕمێنین، بە ڕقە بەریو پنگ خواردنەوەو[٤٤٠] پەشێویو دڵستی[٤٤١] خۆ دەشێوێنین".

خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿ ... وَٱلْعَـافِينَ عَنِ ٱلنَّـاسِ ... ئەوانـەش کـە لـە مـەردم چاوپۆشی دەکەن، ﴿١٣٤﴾ آل عمـران ﴾.

گەورەترین بەهرە کە لەو ئایەتەدا وەربگیـرێ، دڵسرەوتنو هێورەبونـە، هـەداریو بەختەوەر بونە.

پـرۆفیسۆری فەڕەنسی"مونتین" فەرمان ڕەوای شـاری "بوردو"ی فەڕەنسـا دەڵێ": حەزدەکەم کێشەکانتان بەدەستی خۆم چارەسەرکەم نەوەك لە هەناوی خۆیان نێمەوە".

ئـاخـۆ پـەژارەو ڕق هـەڵگرتن کاریـان چـیـە؟

دکتۆر "راسل سیسل" لـە زانکـۆی "کورنیـل" پـەیمانگای پزیـشکی، چـوار هۆکـاری ڕونو بەرچاوی ڕەچاو کردوە بۆ توش بون بە ئاوسانی جومگەکان:

١- هەرەسهێنانی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری.

٢- کارەساتی شـتکـاریو[٤٤٢] خەمباری.

٣- تەنیـاییو دلاّ دڵـی[٤٤٣].

٤- ڕیسـوایی‌و قین لە دڵی.

---

٤٤٠) دڵ پەست بون.

٤٤١) ترسەنۆکی.

٤٤٢) مادی.

٤٤٣) دو دڵی.

دکتۆر "ولیـەم مالّك گۆینگـل" لـە وتارێکیـدا، کـە بـۆ یەکیـەتی پزیـشکانی ددانـی ئـەمریکی پێـشکەشی دەکـاو دەڵـێ: ئـەو هەسـتو نەسـتانەی دڵخۆشـکەر نـین وەکـو دڵەڕاوکێو ترسەنۆکی..

لەوانەیـە کـار لـە دابەشـکردنی "کالـسیۆم" بکـەن لـەناو لەشـدا، دوای ئـەوە سـەر دەکێشێ بۆ کلۆر بونی ددانەکانو لە ناوچونیان".

جلّەوی کارەکانت بە هێواشی بەدەستەوە بگرە: "دایل کارنیجی" دەڵێ: "ئەو ڕەش پێستانەی لە باشوری وڵات ژیان بەسەردەبەنو دانیشتوانی وڵاتی چینیش کـەم وایـە دوچاری ئەو نەخۆشیانەی دڵ بێن، کە بەهۆی نیگەرانی پەیدا دەبن، چونکێ ئـەوان بە هێمنی جلّەوی کارەکانیان بە دەستەوە دەگرن". هەروەها دەڵێ: ئەو ئەمریکیانەی پـەنا دەبەنـە بـەر خۆکوشـتن یـەکجار زۆرتـرن لەوانـەی بـەهۆی پێـنج نەخۆشـیە کوشندەکان گیان لە دەست دەدەن". ئەوەشیان ڕاستەقینەیێکی سەرسوڕمێنە نزیکە باوڕ نەکرێ! با گومانت بەرامبەر پەروەردیارت باش بێ: "وێلیەم جایمس دەڵێ: بـێ گومان خوای گـەورە لـە تاوانمـان دەبـوورێ، بـەڵام ئـامێری هەسـتیاریمان بەربەسـتێکە بەهیچ جۆرێ ڕێمان پێ نادا" [٤٤٤]!.

"ئیبن ول وەزیر" لە کتێبی خۆیدا بـە نـاوی "العواصـم و القواصـم" دەڵـێ: ئومێـد هەبون بە میهرو سۆزی خوا - شکۆداری و پایەداری بۆ ئەو- بەندە هێڤیدارو گەشبین دەکا، وزەو توانای بەندایەتیشی پێ دەبەخشێو دەبێتە کەسێکی کارامە لە شوێن پـێ هەڵگرتنی پێغەمبەری خواو زیتەڵ لە پێشبرکێی چاکە کاریدا".

منـیش دەڵـێم: ئەمـەیان سـەلێنراوە، چونکو هەنـدێ دڵو دەرونـی وا هـەن تـەنیا سەبارەت بە یادکردنەوەی میهرو سۆزو، لێبوردەییو، چاوپۆشیو بەخـشندەیی خـوا، دێنەوە سەرخۆو لێی نزیك دەبنەوەو دەکەونە گەڕو کۆڵیش نادەن.

ئەگەر خەیاڵ هەتلەی کردی: "تۆماس ئەدیسـۆن" دەڵێ: "هیچ هۆکارێ نیە مرۆڤ پەنای بۆ بباو لە دەست خەیاڵان هەڵبێ".

---

٤٤٤) لەبەر پەیدابونی گومانی خراپ.

هەر بە پێی ئەزمون ئەم وتەیەوە ڕاست گەڕاوە، مرۆڤ لەگەڵ نوسینو خوێندنەوەشیدا لە خەیاڵ بە دور نابێ، بەڵام دەکرێ بڵێین چاترین شت کە بیری مرۆڤ تیژ بکاو زەینو هۆشی لەسەر خۆ بێ ئەنجامدانی کردەی بەسودو بەردارە، هەر ئەوانەی کات بەتاڵن سەرگەرمی خەونو خەیاڵن، پەڕو باڵیان شکاوەو بە پڕوپاگەندەوە سەرقاڵن.

لە ڕەخنەی بنیات نەرو دڵ سۆزانە نیگەران مەبە، بەڵکو بە دڵێکی فراوانەوە وەری بگرە

"ئەندرێ مۆرۆ" دەڵێ: هەرچی لەگەڵ بەرژەوەندی کەسایەتیماندا تێك بکاتەوە بە ڕاستوڕەوای دادەنێین، بەڵام هەرچیێ تێکنەکاتەوە ڕقو کینەمان هەڵدەستێنێ".

منیش دەڵێم: ئامۆژیاریو ڕەخنەگرتنیش هەروایە، زۆرجار ئێمە بەوە دڵ خۆشو شادمانین پێماندا هەڵبگوترێ، هەرچەندە لە جێی خۆی نەبێ، بەوەشیان هەراسانین لۆمەمان بکرێو ڕوی ڕەخنەمان تێ بکرێ، ئەگەر چی لە جێی خۆی بێ، ئەم شێوە بیرکردنەوەشیان لەکەیێکی گەورەو هەڵەیەکی مەترسیدارە.

﴿ وَإِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحۡكُمَ بَيۡنَهُمۡ إِذَا فَرِيقٞ مِّنۡهُم مُّعۡرِضُونَ ﴿٤٨﴾ وَإِن يَكُن لَّهُمُ ٱلۡحَقُّ يَأۡتُوٓاْ إِلَيۡهِ مُذۡعِنِينَ ... هەر ساتێکیش بەرەو خوداو ڕاسپاردەی بانگیان دەکەن، کە خۆی بە کاریان ڕابگا، کەچی دەستەیەکیان هەر خۆی لێ دەبوێرن. ئەگەریش لە قازانجی وان بێ، دێنە لایو دەیسەلمێنن. ﴿٤٩﴾ النور ﴾.

"ویلیەم جایمس" دەڵێ: کاتێ سەبارەت بە کردارێك تەواو ڕێکەوتن دەکرێ بۆ ئەوەی هەر لەم ڕۆژەدا ئەنجام بدرێ، تۆ بە تەواوی لە چنگی ئەم خەمو پەژارەدا ڕزگارت دەبێ کە دەبێتە بەربەستی ڕێگای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانت، ئەوەش وادەگەیەنێ، کە ئەگەر تۆ بڕیارێکی چارەسازانە بگریەبەر کاریگەری بەسەر گۆڕانکاری ڕۆژانەوە هەبێ، تازوە بە ئەنجامی بگەیێنەو دو دڵو نیگەران مەبەو هەنگاوەکانت مەوەستێنە، گیانی خۆشت مەخە ناو گێژاوی ئەو گومانو خەیاڵانەی کە جار لەدوای جار گومانت بۆ زیاد دەکەنو، بەردەوامیش ڕوەو دواوە مەڕوانە".

یەکێکـی تریش دەڵێ:

بێگومان بوێری تۆ لە مەڕ بڕیاردان دەبێتـە هۆکاری ڕزگـار بونـت لـە ئاستەنگـو سەخڵەتی ژیان، ﴿ ... فَإِذَا عَزَمَ ٱلْأَمْرُ فَلَوْ صَدَقُوا۟ ٱللَّهَ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ ... هەر کـاتێکیش خەزا بڕیار درا، ئەگەر ئەوسا بەرامبەر بە خـودا ڕاسـتبن هـەر بـە قـازانجی خۆیانـە، (٢١) محمد ﴾.

دەسـتەوسانو دو دڵ دامەمێنە، بەڵکە دەسـتبەکار بـەو کاتێبکۆشـەو لـە بەتـاڵی دامەگوزەرێنـە

دکتۆر "ڕیتشارد زکابۆت" مامۆستای پزیشکی لە زانکۆی "هـارفرد" لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی، مرۆڤ بە چی دەژیێ... [٤٤٥]، دەڵێ: "بەو ناوەی، کە پزیشکێکم، ئامۆژگاری ئەو نەخۆشانە دەکەم بە سای گومانو دو دڵی و بێ زاڵەیی و [٤٤٦] ڕەوەکی [٤٤٧] گیرۆدەی لەرزۆکی بـون، کـە بـە کـارو کردەوەیـێ چارەسـەری ئـەم دەردەیـان بکـەن... جـا ئـەو بوێریەی [٤٤٨] وزەی کارکردنمان پێ دەبەخشێ وەکو ئەو باوەڕ بە خۆ کردنـە وایـە کـە (ئیمرسۆن... بە هەمیشە هەست جوڵێنو ڕەونەق پەخشی ناوزەد کردوە" [٤٤٩].

﴿ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَٱبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ ... هـەر کـاتێ لە نوێژێ بونەوە، بە هەر دێدا بڵاو ببنو بۆ چاکەی خودا بکۆشن، (١٠) الجمعة ﴾.

"جۆرج برنادشۆ" دەڵێ: نهێنی دۆڕانـی تـۆ بـەوە دەردەکـەوێ کـە کـاتێکی وات بـۆ بڕەخسێ بتوانی بیرو هزری خۆی تێدا بەکاربێنیو، لەمەڕ ئەوە خـۆت هەڵسەنگێنی ئاخۆ بەختەوەری یا چارەڕەشی، کەچی بایەخ بەو هەلە ڕەخساوە نـەدەی، بـەڵام مـن

---

٤٤٥) (بم یعیش الانسـان....

٤٤٦) بێ وردیی.

٤٤٧) ترسەنۆکی.

٤٤٨) ئازایەتی.

٤٤٩) داناوە/ ناوی بردوە/ ناساندوێتی.

پێت دەڵێم سەرگەرمی کارکردنت بە، لەو کاتەدا خوێنت دەست بە سوڕی خۆی دەکاو، هەستو ژیریت دەستبەکار دەبێ، بە دوریشی مەزانە ئەم ژیانە نوێیەت دڵاو دڵی‌و نیگەرانی لە ناو بیروهزردا بڕەوێنێ! دەستبەکار بەو لە کارکردن بێزار مەبە، دڵنیا بە لەسەر ڕوی ئەم زەمینەدا لەو دەرمانە هەرزان ترو چاترت دەست ناکەوێ".

﴿ وَقُلِ ٱعۡمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمۡ وَرَسُولُهُۥ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۖ ... بێژە: دەسا وە کارکەون، کاری ئێوە بە زوێکی زو لە لای خوداو پێغەمبەری‌و خاوەن باوەڕان دیار ئەدا. ﴿١٠٥﴾ التوبة ﴾.

"دزرائیلی" دەڵێ: "ئەم ژیانەی دنیا زۆر کورتە، تاوەکو بە کەم سەیر بکرێ".

هەندێ لە زاناو کاراشنایانی عەرەب دەڵێن: "ژیانی دنیا لەوە بێ بایەخترە ئێمە بە ڕق‌و کینە بیبەینە سەر".

﴿ قَٰلَ كَمۡ لَبِثۡتُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ عَدَدَ سِنِينَ ﴿١١٢﴾ قَالُواْ لَبِثۡنَا يَوۡمًا أَوۡ بَعۡضَ يَوۡمٖ فَسۡـَٔلِ ٱلۡعَآدِّينَ ... پێیان ئێژێ: چەند ساڵ لە زەمین مانەوە؟ ئێژن: ئێمە هەر ڕۆژێك یان هێندێك لە ڕۆژێ ماینەوە، لە حیسابگەران بپرسە. ئێژێ: ئەگەر بوزانیبا، کەمێك نەبێ نەمانەوە. ﴿١١٣﴾ المؤمنون ﴾.

زۆربەی هەواڵی بڵاو کراوە لە ڕاستی بەدورە

"جەنەڕاڵ جۆرج کرۆك" - ئەگەر چی لە مێژوی ئەمریکیەکاندا بە گەورەترین نەیاری هیندی دادەنرێ- لە لاپەڕەی ٧٧ی یاداشت نامەکانی دادەڵێ: بێگومان زۆربەی هەرە زۆری نیگەرانی‌و کەساسی هیندیەکان لە خەیاڵو بیرکردنەوەیاندا سەرچاوە دەگرێ نەوەك لە ژیانی ڕۆژانەیاندا".

خوای تاك‌و پاکیش دەفەرموێ: ﴿ يَحۡسَبُونَ كُلَّ صَيۡحَةٍ عَلَيۡهِمۡۚ ... هەر هەرایەك لە دژی خۆیان دەزانن. ﴿٤﴾ المنافقون ﴾.

﴿ لَوۡ خَرَجُواْ فِيكُم مَّا زَادُوكُمۡ إِلَّا خَبَالٗا وَلَأَوۡضَعُواْ خِلَٰلَكُمۡ ... گەر وێڕای ئێوەش هاتبان بۆ خەزایە، کاریان لە ئێوە تێکدەداو کێشەیان بۆ دەنانەوە ﴿٤٧﴾ التوبة ﴾.

مامۆستا "هۆکس" - لە زانکۆی "کۆلۆمبیا" - ئەم پەیڤو دەستەواژەیەی کردۆتە یەکێ لە دروشمەکانیو دەڵێ: "هەمو دەردو بەڵایێ لەسەر ڕوی ئەو زەویەدا لە دو چۆنیەتی بەدەر نیە یا چارەسەری دەست دەکەوێ، یا بە هیچ جۆرێ چارەی نادۆزرێنەوە.

جا ئەگەر دەزانی چارەسەری هەیە بەدوایدا بگەڕێ، ئەگەریش دەزانی چارەی نادۆزێتەوە هیچ بایەخی پێ مەدەو خۆی پێوە سەرقاڵ مەکە".

لە فەرمودەیەکی بێ هەڵەی پێغەمبەریشدا ﷺ هاتوە: ((ما انزل الله من داء الا انزل له دواء، علمه من علمه، وجهله من جهله" خوای گەورە هیچ دەردێکی نەناردوە مەگەر دەرمانیشی لەگەڵ ناردوە، جا ئەوەی بیزانێ دەیزانێو ئەوەیشی کە نایزانێ نایزانێ)).

نەرمو نیانی لە خلیسك بردن دەتپارێزێ

مامۆستایەکی یابانی بە قوتابیانی دەڵێ: "نەرمو نیانی وەکو داری خلاف [٤٥٠] وایە خۆ نەگریو بێ بەرگەییش وەکو بەڕو [٤٥١] وایە".

لەو فەرمودەی پێغەمبەریشا ﷺ هاتوە: "المؤمن کالخامة من الزرع، تَفَيِّئُها الريح يُمنةً و يُسرة" بڕوادار وەکو کشتوکاڵی تەڕو ناسك وایە، بای لێدەداو بە لای ڕاستو چەپدا دەیهێنێو دەیبا".

مرۆڤی کاراشناو تێگەیشتوش وەکو ئاو وایە، لەگەڵ تاشەبەردان دا تێك ناگیرێ، بەڵکە بە لای ڕاستو چەپو سەرێو ژێرەوەیدا تێدەپەڕێ.

لەو فەرمودەیەشدا هاتوە: "المؤمن کالجمل الأنِف، لو أُنيخ علی صخرة لا ناخ عليها" بڕوادار وەکو وشتری ئاڵقە لە لوت وایە ئەگەر لەسەر بەردێکیش ئیخ بدرێ ئیخ [٤٥٢] دەدا".

---

٤٥٠) ناوی درەختێکی شامیە.

٤٥١) بەڕو زو بەردەبێتەوەو خۆی بەدارێەوە ناگرێ.

ئەوەی چـو ناگەڕێتـەوە

دکتۆر "بـۆڵ بڕانـدۆنی" ڕادەوەستێو، شوشـە شـیرێك بـە زەویـدا دەکێـشێ، هـاوار دەکاو دەڵێ: "لەسەر شیری ڕژاو مەگری".

ئاپۆڕەش دەڵێ: ئەوەی بۆت نەنوسرا بێ بەسەرتەوە گرانە.

حەزرەتی ئادەم بە حەزرەتی موسی دەڵێ درودی خوایان لەسـەر بـێ: ئایـە لەسـەر شتێ لۆمەم دەکەی کە چل ساڵ بـەر لـەوەی لـە دایـك بم خـوای گـەورە لەسـەرە مـنی نوسیوە؟ پێغەمبەر ﷺ دەفـەرموێ: (("فحجَّ آدم موسی، فحـجَّ آدم موسـی، فحـجَّ آدم موسی" سێ جـار فـەرموی: ئـادەم بەڵگـەی موسـای بـڕی. هـەر لـە نـاو نـاخو دەرونـی خۆتدا بە دوای بەختەوەری دابگەڕێ، نـەوەك لـە دەوروبـەرت: شـاعیرێکی ئینگلیـزی بە ناوی "میلتۆن" دەڵێ: "بێگومان ژیری هەر بە خۆیو لە شـوێنی خۆیـدا دەتوانـێ بەهەشتێ بکا بە دۆزەخو، دۆزەخ بکا بە بەهەشت!)).

ژیانی دنیـا شـیاوی خەم لەسـەر خواردن نیـە!

"ناپلیۆن" لە "سانت هێلینـا"دا دەڵێ: "بـە بـیرم نایـێ شـەش ڕۆژم لـە ژیانـدا بـە بەختەوەری بردبێتە سەر"!!

خەلیفـە "هیـشـام"ی کـوڕی "عەبـدول مـەلیك" دەڵـێ: "ڕۆژانـی بەختـەوەریم ژماردن هەستم کرد تەنیا — ١٣- ڕۆژن".

" عەبدول مەلیك"ی باوکی هیـشامیش هـەروا ئـاخو ئـۆفی هەڵدەکێـشانو دەیگـوت "خۆزگە ئەو جێنشینیـەم قەبوڵ نەکردبا".

"سەعید"ی کوڕی "موسەیەب" دەڵێ: سـوپاس بـۆ ئـەو خوایـەی وایکـردوە ئـەوان پەلاماری ئێمە بدەن ئێمە پەلاماری ئەوان نادەین.

---

٤٥٢) ئیخدانی وشتـر/ واتە کەواندنی/ وشترێ ئاڵقە لە لوت ئەو وشترەیە لەبەر چەموشی ئاڵقەیان لە لوت دەکردو ڕام دەبو.

جارێکیان "ئیبن سەماك" ی ئامۆژیار دەچێتە لای "هارون ڕەشید"، "هارون" تێنوی دەبێو داوای قومە ئاوێ دەکا، "ئیبن سەماك" پێی دەڵێ: ئەی گەورەی بڕوادارانئەگەر بێو لێت نەگەڕێن ئەم قومە ئاوە بنۆشی، نیوەی ملكو دەسەڵاتی خۆی لە پای دەدەی؟ گوتی: بەڵێ. کاتێ ئاوەکەی خواردەوە، پێی گوت: ئەگەر بێو ئەو ئاوەی خواردتەوە بەری لێ بگیرێ، نیوە ملکەکەی تریشی لە بری دەدەی بۆ ئەوەی ڕێی بۆ دەرەوە چونی ببێتەوە؟ گوتی: بەڵێ. "ئیبن سەماك" گوتی: جا ملكو دەسەڵاتێ نرخەکەی بارتەقای قومە ئاوێ نەبێ هیچ سودو کەڵکێکی نیە. بێگومان ژیانێك ئەگەر باوەڕداری تێدا نەبێ هیچ نرخو بەهاو سەنگێکی نیە. "ئیقبال" دەڵێ: "ئیمرسۆن" لە کۆتایی وتارەکەیدا بە ناوی "پشت بەخۆ بەستن" دەڵێ: "پێت وانەبێ، سەرکەوتنی سیاسی، یا زیاد بونی کرێی ڕۆژانەت، یا چابونەوەت لە نەخۆشی یا، کە ڕۆژە خۆشەکانت بۆ وەگەڕێنەوە، دەروی خێرت لە ڕودا والاّ دەکرێ، چونکو بەو شێوەیە نیە، کە تێی گەیشتوی. هیچ کەسێکیش دڵارامیت بۆ نایێنێ تەنیا دەرونی خۆت نەبێ".

﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ... تۆش ئەی گیانی لە خەم ڕەخسیو! بە دڵخۆشی بچۆوە لای پەروەردەت، چۆن ئەوت لە خۆ ڕازی کرد. ﴿٢٨﴾ الفجر ﴾ .

پرۆفیسۆری ژیریارو وردبین "ئیبتکتۆیتۆس" هۆشیاری داوە دەڵێ: پێویستە بە لابردنی بیرو بۆچونی هەڵەو نابەجێ لە بیر کردنەوەماندا بایەخ دەین، پتر لەوەی بایەخ بە نەهێشتنی ئاوسانو نەخۆشی لاشەمان دەین".

سەیر لەوەدایە لە قورئانی پیرۆزدا ئەو نەخۆشیانەی پەیوەندیان بە بیروباوەڕەوە هەیە، پتر بە جێگای مەترسی دانراون لەوەی پەیوەندییان بە نەخۆشی لاشەوە هەیە، خوای تاکو پاك دەفەرموێ: ﴿ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ ٱللَّهُ مَرَضًا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْذِبُونَ ... دڵیان نەخۆشیەکی هەیەو خودا نەخۆشی پتر کردون، لەسەر ئەم درۆ کردنە، بەشیان ئازاری بەژانە، ﴿١٠﴾ البقرة ﴾.

﴿ ... فَلَمَّا زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ... وەختێ ئەوان خۆیان لادا، خوداش دڵی وانی لادا، ﴿٥﴾ الصف ﴾.

پرۆفیسۆری فەرەنسی "مونتین" ئەم چەند وشەی کردۆتە دروشم لە ژیانی خۆیدا: "مرۆڤ ئەوەندەی بە بۆچونی خۆی دەربارەی ئەگەری ڕوداوەکە دەکەوێتە ژێر کاری گەریەوە خودی ڕوداوەکە ئەوەندە کاری تێناکا".

ئەم وتەیەش بە فەرمودە بیستراوە: ((اللّهم رضّني بقضائك حتى اعلم أنَّ ما اصابني لم يكن ليخطئني، وما اخطأني لم يكن ليصيبني... خوایە وام لێ بکەیو لە بڕیاری تۆ ڕەزامەندی بنوێنم تا دڵنیا دەبم ئەوەی بە سەرم دێ بەسەرمدا هەڵنابڕێ، ئەوەیشی بەسەرم دا هەڵدەبڕێ بەسەرم نایێ)).

هەڵوەستەیەک

خەمبار مەبە: چونکو خەمباری لەمەڕ ڕابردو جەرگاوس و [٤٥٣] بێزارت دەکا، داهاتوشت لەبەرچاودا سامناك دەکا، ڕۆژی ئیمڕۆشت لە کیس دەدا.

خەمگین مەبە: چونکێ خەمینی دڵو دەرون دێنێتەوە یەك، ڕوان گرژومۆن دەکا، گیانو ڕۆح دا دەرمێنێو، خۆزگەو خواستان دەپوکێنێ [٤٥٤].

دڵ پەست مەبە: چونکە دڵ پەستی نەیارانت دڵخۆش دەکا، ئازیزانت دەرەنجێنێ، چاوچنۆکو چاوتێبڕان لێیان وەخۆشی دێو، ڕاستیەکانیشت لەبەرچاودا دەشێوێن.

دڵ توند مەبە: لەبەرئەوەی دڵ توندی دژایەتی بڕیارو فەرمانی خوایە، بێزاری نواندنە لە شتێ کە دەبوایە هەر ببێ، خۆ هەڵاوێردنە [٤٥٥] لە باوو نەریتی گشتیو، لە بەهرە بێزار بونە.

---

٤٥٣) داخدار.

٤٥٤) ناهێڵێ.

٤٥٥) خۆ جیاکردنەوەیە.

دڵ گران مەبە: بە سای دڵگرانی ون بو ناگەڕێتـەوەو ڕۆیـشتو نایێتـەوە، مـردو لـە گـۆڕ قیـت نابێتـەوە، قـەدەری خـوای گـەورەش بـە دڵ گرانـی ڕەت نابێتـەوەو، هـیچ قازانجێکیشی پێ فەراهەم نایێ.

دڵ گیـر مەبە: بێ گومان دڵگیری لە شەیتانەوەیە، بێ ئومێد بونێکی وایە بەسـەر چـاوانتدا دەکـەوێنێ، لـە جـێوە توشـی هـەژاریت دەکـا، هیـوا بڕانێکـی بـێ مەودایـە، سەتاسەت دارمانە، دەست بەجێ هەرەسهێنانە.

﴿أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ﴿١﴾ وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِىٓ أَنقَضَ ظَهْرَكَ ﴿٣﴾ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ﴿٤﴾ فَإِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٥﴾ إِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٦﴾ فَإِذَا فَرَغْتَ فَٱنصَبْ ﴿٧﴾ وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَٱرْغَب ... ئەدی ئێمە تۆمان سینە فەراح نەکرد؟ قورساییشمان لەسەر شانت لانەبرد؟ ئەوەی پشتی چەماند بوی؟ ناوبانگیشتمان بەرزەوە کرد. لە پاش تەنگانە فەرەحنایی دێ، بەڵێ، لە پاش تەنگانە فەرەحنایی هەیە. هەر کاتێ لە کارت قوتار بوی، ڕاستەوە بە (بۆ کارێکی تر.... ئەوسا لەبەر پەروەردێنت بلاڵێوە [٤٥٦]، ﴿٨﴾ الشرح﴾.

لە سـۆنگەی ئەوە کـە باوەڕداری وا مـەزانە بـەڵا باری

بێگومان هەر باوەڕ بونە نهێنی قایل بونەو هێورە بونو ئارام بونە، بەد بـەختیو چارەشیش هاودەمی دو دڵیو گومڕا بونە. کەسانێکی ژیاریشم [٤٥٧] بەرچاوکـــــەوتوە - بەڵکە پسپۆڕو کاراشنا بون [٤٥٨] - بەڵام دڵیان بە ڕۆشنایی پەیامی خـوا ڕۆشـن نـەبو، بە سای ئەوە زمانیان نەپڕشایە [٤٥٩] سەر ڕاستیو دروستی یاساو ڕێسای خوا.

"ئەبو عەڵای موعـەری" لـە بـارەی یاسـاو بنەماکانـدا دەڵێ: چـەند دژە کاریـێ لـە ناویا هەیە هەرئەوەمان لەدەست دێ لێی بێ دەنگ بین!!

ڕازی دەڵـێ: کۆتا هەنگاوی وەستانە.

---

٤٥٦) بپارێوە.
٤٥٧) هۆشیار.
٤٥٨) شارەزا بون.
٤٥٩) نەکەوتە سەر.

"جوەینی" لەمەڕ لەکوێ بونی خوا، واق‌و ڕماوەو [٤٦٠] دەڵێ: هەمەدانی سەراسیمەی کردم، هەمەدانی سەری شێواندم.

هـەروا (ئـیبن سـینا) دەڵـێ: ئـەو هەسـت‌و ژیریـەی زۆر کارایـە [٤٦١] هـەر ئـەوە لـە بونەوەردا کاری گەرە.

زۆر گوتە‌و وتەی تریش هەن کە دورو نزیك مافیان بەسەر ڕاستیەوە نیە.

جـا دڵنیـا بـوم کـە بەنـدە بـە پێـی بـەرزی‌و نزمـی بـاوەڕی بەختـەوەر دەبـێ، بـە گوێرەی سەرگەردانی‌و گومان‌و دودڵیشی بەدبەخت‌و چارەڕەش دەبێ، هەر ئەو وتە‌و جـێ باسـانەی لـەدوایی سـەریان هەڵـداوە لـە دایـك بـوی ئـەو گوتـارە [٤٦٢] یاخیانـەی چاخەکانی کۆنن، فیرعەونی لاڕێ‌و تاوانکاریش دەڵێ: ﴿ ...مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرِى ... وا نازانم جگە لە من خوایەکتان هەبێ، (٣٨) القصص ﴾.

هـەروا دەڵـێ: ﴿ ... أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ ... ئـەمن پـەروەردێنی هـەرە پایـە بـەرزتانم، (٢٤) النازعات ﴾ .

ئـای لەو وتە ناڕەوایانەی کە هـەمو جیهانیـان پەرت‌و پێوار کرد [٤٦٣].

(جایمس ئیلیەن) دانەری کتێبی (بەو شێوەی مرۆڤ بیر دەکاتەوە)[٤٦٤] دەڵێ: لەمەولا مرۆڤ دەرکی پێ دەکا کە هەر کاتێ لە بەرانبەر خەڵکانی ترو شتی تردا بیروبۆچونی بگۆڕێ، ئەوا ئەم خەڵکـەو ئـەم شـتانە بـە هـەوڵو گـەڕی خۆیـان دەگـۆڕێن.. واز لـەو کەسە بێنە نایەوێ بیـروبۆچونی بگۆڕێ، دەبینی ئێمـەش چـۆن سەرسـام دەبـین لـەو خێراییەی بواری ژیانی شتکاری [٤٦٥] ئەو مرۆڤە دەگۆڕێ، ئەوەی مەرام‌و خواستەکانی ئێمە پێك دێنێ هەر ئەو لە لای ئێمە پیرۆزە ئەویشیان دەرونمانە..".

---

٤٦٠) سەرسام.

٤٦١) بکـەر.

٤٦٢) ئەو وتارە.

٤٦٣) تەفرو تونا کرد.

٤٦٤) مثلما یفکر الانسـان.

٤٦٥) مادی.

خـوای تـاك و تـەنیاش دەربـارەی بـیرو بۆچـونی هەڵـەو مـەودای کاریگـەری، دەفەرموێ: ﴿ بَلْ ظَنَنتُمْ أَن لَّن يَنقَلِبَ ٱلرَّسُولُ وَٱلْمُؤْمِنُونَ إِلَىٰٓ أَهْلِيهِمْ أَبَدًا وَزُيِّنَ ذَٰلِكَ فِى قُلُوبِكُمْ وَظَنَنتُمْ ظَنَّ ٱلسَّوْءِ وَكُنتُمْ قَوْمًۢا بُورًا ... نەخێر ئێوە پێتان وا بو پێغەمبەرو باوەڕداران هەرگیز تازە نایەنەوە ناو ماڵو خێزانی خۆیان. هەر بە دڵیش نەم خەیاڵەو بە شتێکی باش دەزانی. گومانێکی بێجێو دەبرد، دیارە ئێوە کۆمەڵێکی زۆر بێخێر بون، ﴿١٢﴾ الفتح ﴾.

﴿ ... يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ ظَنَّ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ۖ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ ٱلْأَمْرِ مِن شَىْءٍ ۗ قُلْ إِنَّ ٱلْأَمْرَ كُلَّهُۥ لِلَّهِ ... ئێوەش هەروەکو خوانەناسەکانی پێشین بیرو لە خوا دەکردەوە، دەیانگوت: ئاخـۆ لەم کـارە چن بۆ دەکرێ؟ بێژە: گـش کار بـە دەسـت خودان. ﴿١٥٤﴾ آل عمران ﴾.

بـە هـەمان شـێوە (جـایمس ئیلیـەن) دەڵـێ: "هەرچـی مرۆڤـ دەسـتەبەری کـا ڕاستەوخۆ دەرەنجامی بۆچونە تایبەتیەکانێتی...

مرۆڤ دەتوانێ لە میانـەی بیرکردنەوەیـدا ڕاپـەڕێو سـەرکەوتن بـە دەسـت بێنـێو مـەرامو خواستی بێنێتـە دی، ئەگـەر بـەو هەسـتو نەسـتە نـەژێ بـێ توانـاو دۆڕاو دەمێنێتەوە".

خوای تاك و پاك لەمەڕ وزەو وڕەی ڕاستیانەو بیروبۆچونی بێ هەڵەدا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ أَرَادُوا۟ ٱلْخُرُوجَ لَأَعَدُّوا۟ لَهُۥ عُدَّةً وَلَٰكِن كَرِهَ ٱللَّهُ ٱنۢبِعَاثَهُمْ ... ئەگـــــــەر بیانویستایە دەرچن، خۆیان بۆ ئامادە دەکـرد، بەڵام خودا هاتنیانی پێ خۆش نـەبو. ﴿٤٦﴾ التوبـة ﴾ .

هـەروا دەفـەرموێ: ﴿ وَلَوْ عَلِمَ ٱللَّهُ فِيهِمْ خَيْرًا لَّأَسْمَعَهُمْ ... ئەگـەر خـودا بیزانیبـا خێرێکیان دەبارانداید، کارێکی دەکرد ببیسن، ﴿٢٣﴾ الأنفال ﴾.

دەفـەرموێ: ﴿ فَعَلِمَ مَا فِى قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ ... خـوا دەیزانـی چـیان لـە دڵدایە، سا ئۆقرەو دڵنیایی ناردە سەریان. ﴿١٨﴾ الفتح ﴾.

بۆشـتی کەم بایەخ هەراسان مەبـە، هەر دنیا ئەوەندە نایـێنێ

یەکێ لە گەورە پیاوچاکان فڕێ درایـە بەرچەپۆکی شـێرێکی درنـدە، کەچی خـوا پاراستی، پێیان گوت: لەو کاتەدا بیرت لە چی دەکردەوە؟ لە وەڵام دا گـوتی: بـیرم لـە لیکی شێرەکە دەکردەوە، دەبێ پـیس بـێ یـا پاکـژ!!. ئـاخۆ زانایـانیش ڕاو بۆچـونیان دەربارەی ئەم لیکە چی بێ.

خوای بەرزو بێ هـاوتا هاوەڵانی پێغەمبـەری بـە پێـی ویسـتو خواستیان لێـك جیاکردۆتـــەوە، دەفـــەرموێ: ﴿ ...مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلْآخِرَةَ ... ئی وا هەبوحەزی لە مالّی دنیا بو، ئی واش هـەبون خۆشی ئـەو دنیایان دەویست، ﴿١٥٢﴾ آل عمران ﴾.

(ئیبن قەیم) باس دەکا کە سەنگـو ڕێـزی مرۆڤـ لـە هێـزی دڵو هومێـدی دایـەو، ئەوەیشی هەڵی دەبژێرێ ئاخۆ نـرخی چەندە؟!.

یەکێ لە زاناو دانایان دەڵێ: تۆ پێم بڵێ ئەو کەسە بایەخ بە چی دەدا منیش پێت دەڵێم نـرخی چەندە.

یەکێ تـر دەڵێ: جارێکیان بەلەمێك لە نـاو دەریـادا سـەرەو نخـون دەبـێ، یـەکێ لـە خوا پەرستان دەکەوێتە ناو دەریا، ڕاستەوخۆ دەست دەکا بە دەستنوێژ گرتن ئەنـدام لـە دوای ئەنـدام پـێ دادێ، ئـاویش لـە دەمو لـوتی وەردەکـا، دەریـا وەدەرێـی دەنـێو ڕزگاری دەبێ، لێیان پرسی بۆ ئاوات دەکرد؟

لە وەڵامدا گوتی: ویستم دەستنوێژێ بگرم تاوەکو ئەگەر مردم بە پاکی بڕۆم.

پێشەوا ئەحمـدی کـوڕی "حەنبـەل" لەسـەرە مەرگیـدا دەسـتنوێژیان بـۆ دەگـرت ئاماژەی کرد دەسـتی بـۆ لـەناو ڕیـش وەردەن کـە "سـوننەتێکە"!! ﴿ فَـَٔاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا وَحُسْنَ ثَوَابِ ٱلْآخِرَةِ ... ئەوسـا خـودا پاداشـتی ئـەم دنیایـەو چاکەو پاداشـی دوا ڕۆژی پێدان، ﴿١٤٨﴾ آل عمران ﴾.

پەڕێشـان مەبـە ئەگەر چی شـە پۆلی سـتەم هێرشـت بۆ سـەر بێنێ

ئەگـەر تـۆ چاوپۆشـیو لێبـوردەیی بنـوێنی سـەر بڵنـدی دنیـاو شـکۆداری دواڕۆژ بەدەست دێنی: ﴿ فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ... کێ لە تۆڵە چاوبپۆشێو کۆشش بۆ ئاشتی بکا، پاداشی لەسەر خودایە. (٤٠) الشوری ﴾.

(شکـسپیـر) دەڵـێ: تەندورەکـە بـۆ دوژمـن زۆر گـڕ مـەدە، نـەوەکو خـۆتی پـێ بسوتێنی".

یەکێ بە (سالم)ی کوڕی (عبـدالله)ی کـوڕی (عومـەر) دەڵـێ: کە یەکێکـە لـە زانـا (تـابیعی)یـەکان: تـۆ پیـاوێکی خراپـی! لـە وەڵامـدا دەڵـێ: تـەنیا تـۆ منـت ناسـیوە. وێژەرێکی ئەمریکی دەڵێ: "دەشێ لێدانی گۆپـاڵو بـەرد هێـسکەکانم بشکێنێ، بـەڵام وشەی نەشیاو ڕێی تێ ناچێ ئازارم پێ بگەیێنێ".

یـەکێ بـە (ئەبوبـەکر) دەڵـێ: سـوێند بـە خـوا دەبـێ جوێنێکت پـێ بـدەم لەگەڵـە خۆتی ببەیە ناو گۆڕ!

ئەویش پێی دەڵێ: بەڵکە ئەو جوێنە لەگەڵ خودی خۆت دێتە ناو گۆڕ.

پیاوێ بە عەمری کوڕی عامر دەڵـێ: گومانت نەبێ لەمەولا بـۆ دژایـەتی تـۆ خـۆم یەك لا دەکەمـەوە.

عەمـر دەڵـێ: هەر لە ئێستاوە کەوتیە ناو گێژاوی سەرقاڵی.

"جەنـەڕاڵ ئیزنهـاور" دەڵـێ: "وازمـان لـێ بێـنن ئێمـە تـەنیا خولـەکێ لـە بیـر لێکردنەوەی ئەو کەسانە بە فیـرۆ نادەین کە خۆشمان ناوێن".

مێشوولە بە دارخورما دەڵێ: خۆت بگرە، مـن دەمـەوێ هـەڵفڕمو وازت لـێ بێـنم. دارخورما دەڵێ: بە خوا لەو کاتەی بەسەرمەوە نیشتی هەستم پێ نەکرد، جا ئەگـەر هەڵبفڕی چۆن هەست پێ دەکەم؟!

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ ... وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَامًا ... هەرکاتێ بە لای کاری ناڵەباردا ڕادەبورن، مەردانە خۆی لێ لادەدەن، (٧٢) الفرقان ﴾ .

هـەروا دەفـەرموێ: ﴿ ...وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا ... هـەر کـاتێکیش نەزانەکان بیاندوێنن، بەرسڤی [٤٦٦] نەرمو نیانیان دەدەنەوە، (٦٣) الفرقان ﴾.

"کۆنفۆشـیۆس" دەڵێ: "بێگومـان ئـەو پیـاوەی قـین لـە دڵـە هەمیـشە بـە ژەهـر پەنگی خواردۆتەوە" لە فەرمودەشـدا هـاتوە: ((لا تغـضب، لا تغـضب، لا تغـضب... تورە مەبە، تورە مەبە، تورە مەبە)) هەروا دەفەرموێ ((الغضب جـمرة مـن النّـار... تورەیی پۆلوێکە لە ئاگر".

شەیتانیش لە سێ شـوێناندا بەندەی لە عەرزێ دەدا: تورە بون، ئارەزو هەڵسـان، بێ ئاگـایی.

جیهـان بەو شـێوە ڕەخسـاوە

(مارکۆس اۆیلیـو) - کە لە هەموئەوانەی فەرمانڕەوایی ئیمپراتـۆری ڕۆمیـان کـرد کاراشناو شارەزا تر بو - ڕۆژێکیان دەڵێ: ئیمـرۆ لەگـەڵ کەسـانێ بەیـەك دەگـەم، کـە زۆر بڵێن، کەسانێکی خۆپەرستو سەرپێچی کارن، خۆپەرستن، بەڵام من لەو کارەیان سەرشێواوو هەراسان نابم، چونکێ من وا هەست ناکـەم هـەمو جیهـان لـە هاووێنـەی وان کەمتـر بێ"!

---

٤٦٦) وەڵامی.

چەپەڵکاران چەندە زۆر بن سەرسامیان لێ مەنوێنە بەڵام چاکە کاران ئەگەر چی کەم بن بە زۆریان بنرخێنە

(ئەرستۆ) دەڵێ: "کەسی هەڵکەوتەو نمونەیی بەو ڕەفتارەی لە پێناوی کەسانێدا دەینوێنێ خۆشحاڵو شادمانە، ئەگەر چاکەیێکیشی لەگەڵدا بنوێنرێ خۆی پێ شەرمەزارە، چونکێ ئەوەی سۆزی دەنوێنێ وا دیارە باڵادەستە، بەڵام ئەوەی سۆزی بۆ دەنوێرێ وا دیارە دەستە پاچەو بێ چارەیە".

لە فەرمودەشا هاتوە: ((الید العلیا خیر من الید السفلی... ئەو دەستەی باڵایە چاترە لەو دەستەی لە ژێر دایە)).

دەستی باڵا ئەو دەستەیە دەبەخشێ، دەستی نزمو لە خوارێ ئەو دەستەیە وەردەگرێ.

ئەگەر تەنیا تیکە نانێكو لوێچێك ئاوت هەبێو بەرگێ هەبێ شەرمو شکۆت دابپۆشێ ئیتر خەمو خەمینی پێ ناوێ.

یەکێ لە دەریاوانان بیستو یەك ڕۆژ لە ناو زەریای هێمندا مایەوەو ڕێگای ون کرد، کاتێ خوا ڕزگاری کرد خەڵك دەربارەی گەورەترین پەندو وانەی فێری بو بێ لێیان پرسی گوتی: گەورەترین پەند کە لەم ئەزمونەدا وەرمگرتبێ ئەوە بو: ئەگەر ئاوێکی سازگارت لەبەردەست بێو خۆراکێ هەبێ پشتی خۆی پێوە بگری، پێویستە لەسەرت هەرگیزاو هەرگیز بێ زاری نەنوێنی!

یەکێکیان گوتی: جا ژیان هەموی بریتییە لە پاروە نانێكو قومە ئاوێك، لەوانە بەدەر زێدە ژیانە.

"جۆناسان سۆیفت" دەڵێ: ((بەرنامەی خۆ لاوازکردنو، لەسەرخۆیی‌و، ئاسودەیی باشترین دکتۆرن لە جیهانداً، کەم خواردنیش هاوکات لەگەڵ هێمنو شادمانیدا چارەسەرێکی بە ئەنجام گەیشتوە خەڵکیش بە دوایدا ناگەڕێ)).

منـیش دەڵـێم: لەبەرئەوەیـە قەڵـەوی نەخۆشـیەکی درێـژ خایانـە، هـورگنی [٤٦٧] وشیاریو ژیـری نایـەڵێ، هـێمنیو هـەداریش خۆشی دڵو جـەژنو شادی ڕۆحەکانـە، هەروا خەندە لێوی [٤٦٨] هەر لـە جێوە دڵارامیت بـۆ دێنـێو وزەوتینێکی سودمەندت وەبەردێنی.

بە کارەساتێ داخـدار مـەبە کە سـەرە نجامەکەی خۆشـیە بە سـای بـەڵایێ چـۆك دانەدەی کە بەرەو خەڵات وەردەچەرخـێ

دکتۆر (صمۆئیل جۆنسۆن) دەڵێ: ((نـەریتی ڕەچاوکردنی لای گەشبینی لـە هـەر ڕوداوو کارەسـاتێك دا، گـران بـەهاو بەنرختـرە لـەوەی سـاڵانە هـەزار (جەنیـە)[٤٦٩] بەدەست بێنی)).

﴿ أَوَلَا يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَّرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لَا يَتُوبُونَ وَلَا هُمْ يَذَّكَّرُونَ ... ئـاخۆ ئەمانـە نـابینن کـە سـاڵانە کـەڕەتێك یـان دوکـەڕەتان دەکەونە بەر تاقیکاری؟ لە ئاکامدا نـە توشی پەژیوانـی دێن نـە پێی تـەمێ گرتـو دەبن. ﴿١٢٦﴾ التوبة ﴾.

(معاویـە)ش دەڵێ: تەنیا ئەو کەسە نەرمو نیانە کە خاوەنی ئەزمونە.

یەکێ لە پێشینان بە پیاوێکی خـوا پێداو [٤٧٠] دەڵێ: مـن هەست دەکـەم تـۆ چـەند بەهرەیێکت بەسەردا ڕژاوە، جا بە سای سوپاسگوزاری بەری ئەم بەهرانە بگرە [٤٧١].

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ ﴿٧﴾ إبـراهيم ﴾... ئەگـەر شـوکرانە بـژێر بـن، بـۆو زیـاد دەکـەم، خـۆ ئەگـەر سەرپێچی بکەن، جەزرەبەم زۆر توندو تیژە، ﴿٧﴾ إبراهيم ﴾.

---

٤٦٧) هورگ زلی.

٤٦٨) ڕوخۆشی.

٤٦٩) جۆرە دراوێکە.

٤٧٠) خاوەن بەهرە.

٤٧١) بە فیـرۆیان مەدە.

﴿ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا قَرْيَةً كَانَتْ ءَامِنَةً مُّطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا مِّن كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ ٱللَّهِ فَأَذَٰقَهَا ٱللَّهُ لِبَاسَ ٱلْجُوعِ وَٱلْخَوْفِ بِمَا كَانُوا۟ يَصْنَعُونَ

... خـوا شـارێکی نەزیلـە هێناوەتـەوە[٤٧٢]، کـە زۆر هـێمن‌و بـێوەی بـون لـە هـەمو ئاقارێکەوە فـرە بـژێویان بـۆ دەهـات، کەچـی لـەم هەموچاکەی، کـە خـودا دەربـارەی کـردن، حاشـایان کـرد. لـە بارتـەقای ئـەو کـردارەی کـە دەیـانکرد، خـودا دەبـەرگی برسێتی‌و ترسی پێچان، ﴿١١٢﴾ النحل ﴾.

سەبارەت بەوە خەمبار مەبە کـە جیـا لەمو لەو لە شێوەو خوونەرێتێکی تایبەتدا ڕەخساوی.

دکتۆر (جایمس گۆردۆن گلیلکی) دەڵێ: "ئاستەنگی ئارەزومەنـدی لـەوە دایـە لات وابێ هەستو دەرونت کۆنەو، وەکو مێژو دێرینە، وەکو ژیانی مرۆڤایەتیش گشتیە.

چۆن گیروگرفتی نـەبونی ئارەزومەنـدی لـەوە دایـە دەرونـت سەرچاوەی زۆرێ لـە گرێو گاڵو کێشەو بێشەی دەرونی بێت".

یەکێ تر دەڵێ: "تۆ لە دروست کراوەکانی تـر جیـاوازی هـیچ کەست پـێ ناچـێو، تـۆش بـە کـەس ناچی، چـونکو دروستکاری بونـەوەر - بـەرزی‌و شکۆداری بـۆ ئـەو - دروستکراوەکانی جیا لە یەك فەراهەم هێناوە".

خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّىٰ ... خەبـــــاتێ ئێـوە جـۆراو جـۆرە، ﴿٤﴾ الليل ﴾.

(ئەنجیلۆ باتری) دەربارەی "ڕاهێنـان‌و مەشـق پێکردنـی منـداڵ" سێزدە کتێب‌و هـەزاران گوتاریـشی نوسـیوە"، دەڵێـت: "هـیچ کەسـێ ئەوەنـدەی یـەکێ دۆڕاو نیـە هەوڵدا هەستو نەستو لە شولارو بیـرکردنەوەی بگۆڕێ".

---

٤٧٢) بە نمونە هێناوەتەوە.

خوای گەورە دەفەرمـــوێ: ﴿ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌۢ بِقَدَرِهَا ... لەو حەوایە ئاوێکی داڕژاندوە، پڕاو پڕی بارستایی نەوالآن [٤٧٣] دێ، ﴿١٧﴾ الرعد ﴾.

هەر یەکێ خاوەنی چەند بەهرەو تواناو خوونەریتێکی تایبەتە، با کەس خۆی لە کەسێکی تردا نەتاوێنێتەوە.

تۆ بە چەند بەهرەیەکی دیار کراوەوە خوڵقێنراوی تاوەکو چەند کردەوەیەکی دیاری کراو ئەنجام دەی، هەروەکو گوتراویشە: خۆت وەخوێنەوەو، بزانە چ پێشکەش دەکەی.

(ئیمرسۆن) لەو گوتارەیدا کە دەربارەی "پشت بە خۆبەستن" نوسیوێتی دەڵێ: ئەو کاتو سەردەمە دێ زانیاری مرۆڤ تیایدا بگاتە ئەو ئاستەی باوەڕ بەوە بێنێ کە ئێرەیـو چاو تێبڕی دواکەوتنو نەفامیە، چاولێکەریو دەمە لاسکەیی [٤٧٤] خۆ کوشتنە، هەر بارودۆخێ لە ئارادا بێ خۆی چۆنە بەم شێوەیە خۆی بنرخێنێ، چونکو ئەو بەشەی پێ بڕاوە، ئەگەر چی هەموبونەوەریش پڕ لە شتی سودمەندو بەهەڕمێن بێ، ئەو تەنیا دەنکێکی لێ بە دەست نایێنێ مەگەر زەویەکە دابچێنێو بەسەریشیەوە چاوەدێر بێ، ئەو وزەو توانایەی لە ناخی ئەودا شاراوەیە لە خوونەریتدا شتێکی نوێیە، هیچ کەسێکیش نازانێ مەوداو چەندیەتی دەسەلآتی چەندەو دەرکی پێ ناکا هەتاوەکو ئەو وزەیەی تاقی نەکاتەوە.

﴿ وَقُلِ ٱعْمَلُوا۟ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ... بێژە: دەسا وە کارکەون، کاری ئێوە بە زوێکی زو لە لای خوداو پێغەمبەریو خاوەن باوەڕان دیار ئەدا، ﴿١٠٥﴾ التوبـــة ﴾.

---

٤٧٣) دەرە، دۆڵ.

٤٧٤) لاسایی کردنەوە.

هەڵوەستەیەك

فەرمو ئەوە چەند ئایەتێكن ئومێدەواریت پتەو دەكەن، دەستو بازوت بەهێز دەكەن، گومانت لە ئاستی پەروەردیارتدا جوان دەكەن.

﴿ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ... بێژە: ئەی عەبدەكانی من! ئەی ئەوانەی كە بەلادان لە ئەندازە، نا حەقیو لە خۆ كردوە! نابێ ئێوە لە بەزەیی خوا ناهومێد بن، چونكە لە هەمو گوناهێك چاودەپۆشێ، ئەو لێبوردەو دلۆڤانە، (٥٣) الزمر ﴾.

﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا۟ فَٰحِشَةً أَوْ ظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ ذَكَرُوا۟ ٱللَّهَ فَٱسْتَغْفَرُوا۟ لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا۟ عَلَىٰ مَا فَعَلُوا۟ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ... ئەو كەسانەی هەر كاتێ كاری خراپ دەكەن، یان نا حەقی لەخۆ دەكەن، خودا لەبیر نابەنەوەو لەبەری دەپارێنەوە: لە خەتاكانیان ببورێ، بێژگە خوداش كێ لە گوناهان دەبورێ؟ جا ئەوانە لەسەر كارێ كە زانیویانە هەڵەیە، پێ داگر نین، (١٣٥) آل عمران ﴾.

﴿ وَمَن يَعْمَلْ سُوٓءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُۥ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا ... هەر كەسێكیش كارێكی ناهەبار بكا، یان غەدرێكی لە خۆی بكا، پاشان لە خودا بخوازێ كە ببەخشێ، دەبینێ كە خوا لێبورو دلۆڤانە، (١١٠) النساء ﴾.

﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِى عَنِّى فَإِنِّى قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ۖ فَلْيَسْتَجِيبُوا۟ لِى وَلْيُؤْمِنُوا۟ بِى لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ... هەر كاتێكی عەبدەكانم لەمەڕ من لە تۆ دەپرسن، من نزیكم، هەر كەس هانام وەبەربێنێ، بێ وەرامی ناهێڵمەوە. با ئەوانیش لە فەرمانی من دەرنەچن، بڕوای تەواویان بە من بێ، بە شكو ڕێی ڕاست بەدی بكەن، (١٨٦) البقرة ﴾.

﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ... یا ئەو کەسەی چاترە کە هەروەختێ هومێد بڕاوێك لەبەری بپارێتەوە، دە هانای دێو لە چۆرتم ڕزگاری دەکاو دەتانکاتە جێنشین لەم سەرزەمینە؟ ئاخۆ هیچ پەرستراوێك لەگەڵ خوا هەیە؟ ئەمانە کەم پەند وەردەگرن، ﴿٦٢﴾ النمل ﴾.

﴿ ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُوا۟ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَٰنًا وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾ فَٱنقَلَبُوا۟ بِنِعْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضْلٍ لَّمْ يَمْسَسْهُمْ سُوٓءٌ وَٱتَّبَعُوا۟ رِضْوَٰنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ ... ئەو کەسانەی پێیان وتن: گەلە کۆمە گیولێکراوەو بە پەناوە دێنە سەرتان، ئەشێ ترسو لێیان هەبێ، باوەڕیان بەهێز بوەو گوتیان: ئێمە هەر خودامان بێ بەسمانەو چاکترین پشتو پەنامان تەنیا ئەوە. هاوڕێ دەگەڵ نیعمەتو چاکەی خودادا - بێئەوەی توشی زیان بن - گەڕانەوەو هەڵوەدای ڕەزای خودا بون، هەر خوداشە چاکەی گرنگی بەدەستە، ﴿١٧٤﴾ آل عمران ﴾.

﴿ ...وَأُفَوِّضُ أَمْرِىٓ إِلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٤٤﴾ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُوا۟ ... کاری خۆم بە خوا دەسپێرم، خودا چاوی لە عەبدەکانی خۆی هەیە. خوا ئەوی لە ئاکامی خراپیو ئەو فێڵەی دەیانکرد، ڕزگار کرد، ﴿٤٥﴾ غافر ﴾.

زۆر جـاران زیانبـاری سـودمـەندە

(ویلـیەم جایمس) دەڵێ: "بەڵاباریمان بەڕێژەیێکی چاوەڕوان نەکراو یارمـەتیمان دەدا، ئەگەر بهاتباو (دۆستیۆفسکی)و (تۆلستۆی) ژیانێکی پڕ لە مەینـەتیان بەسـەر نەبردایە نەیاندەتوانی چیـرۆك‌و داستانی نەمردویان تۆمار کەن، جا بێ باوکایەتیو نابینـایی، دەربـەدەری‌و، نـەداری، هەنـدێ جـار دەبنـە هۆکـاری بلیمـەتیو کـار ڕاپەڕاندن‌و پێشکەوتن‌و پێشکەش کردن".

جاری وایە هەبونی کورِو مالّو دارایی زۆر مایەی بەدبەختیو چارەڕەشیە: ﴿فَلَا تُعۡجِبۡكَ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُهُمۡۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُم بِهَا فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا ... سـەیرت نەیە لە دارایـیو زارو زیچـێ کە هەیانە، خوا دەیەوێ لە دنیادا بەمانـە ئازاریانـدا، التوبة ٥٥﴾.

(ئیبن ئەسیر) ئەو کتێبە ناوازانەی دانا، وەکو: "جامع الاصول"و "النهایـه" بـه سای ئەوەی گردەنشین کرابو[٤٧٥].

هەروەها "سەرخەسی" بە سای ئەوەی خرایـە نـاو چاڵ کتێبێکی نـاوداری نوسی بەناونیشانی "المبسوط" کە لە پازدە بەرگ پێك هاتوە!

(ئیبنول قەیم) کتێبی (زاد المعاد)ی لە گەشتو گەڕاندا نوسی!

(قورتبی) هەر لەسەر پشتی کەشتی لێك دانەوەو شەڕحی کتێبی (صحیح مسلم)ی نوسی! (ئیبن تەیمیە) زۆرەهای فەتاوای لە بەندیخانەدا نوسی!

گێڕەوەکانی فەرمودە بە سەدهەزاران فەرمایشتی پێغەمبەریان کۆکردەوە چونکێ هەژارو بێجێوڕێ بون.

یەکێ لە پیاوچاکان بۆی گێڕامەوە کە بەند کرابـو هـەر لـەناو بەندیخانـەدا هـەمو قورئانی دەرخ کردبو، چل کتێبیشی خوێند بوەوە! (ئەبوعەلای موعـەری) بـە چـاوی کوێرەوە چەند دیوانو کتێبێکی دانانو بۆی نوسرانەوە!

(تـەها حوسـێن) چـاوەکانی لەدەسـتدا بـە سـای ئەمـە چـەند یاداشـتنامەی خـۆیو چەند کتێبی نوسی!

چەندین کەسی هەڵکەوتەو ڕۆشـنا پـەخش[٤٧٦] لـە پلـەو پایەیانـدا لادران، چـەندین هەنـدەی ئـەو پلەیـە بـۆ گـەڵو نەتـەوەیان زانسـتو بۆچـونی سـودمەندیان فەراهـەم هێنا.

---

٤٧٥) دانشێن رابو/ کەفتە کار بو.

٤٧٦) سـودگەیێن.

(فرانسیس بایکۆن) دەڵێ: "تەنیا کەمێك زانیاری بون دەربارەی "فەلسەفە" سەرکێشێ بۆ بێ باوەڕی، بەڵام قوڵبونەوە لە "فەلسەفە"دا بیرو ژیری مرۆڤ لە ئایین نزیك دەخاتەوە".

﴿ ... وَمَا يَعْقِلُهَآ إِلَّا ٱلْعَٰلِمُونَ ... زانایان نەبێ، تێی ناگەن، (٤٣) العنكبوت ﴾.

﴿ ... إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ ... لە ناو عەبدانی خوادا هەر ئەوانەی فرە زانان لێی دەترسن، (٢٨) فاطر ﴾.

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ وَٱلْإِيمَٰنَ لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِى كِتَٰبِ ٱللَّهِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْبَعْثِ ... ئەو کەسانە بە زانستو باوەڕدارن، پێیان ئێژن: هەروەکو خودا نوسیوە، تا ڕۆژی سەلاً ماونەوە، (٥٦) الروم ﴾.

﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍ أَن تَقُومُوا۟ لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا۟ مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍ ... بێژە: من هەر ئامۆژگاریەکتان دەکەم: لەبەر خودا یەکە یەکەو دوان دوان ڕاوەستنو پێکەوە بیربکەنەوە، هاوەڵەکەتان [٤٧٧] هیچ شێتی تێدا نیە. (٤٦) سبأ ﴾.

دکتۆر "ئ.ئ. بریل" دەڵێ: "هیچ باوەڕدارێکی ڕاستەقینە بە نەخۆشی دەرونی گیرۆدە نابێ".

﴿ ... سَيَجْعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ وُدًّا ... ئەوانەی باوەڕیان هەیەو ئاکار چاکن، خوا دەیانکاتە خۆشەویست، (٩٦) مريم ﴾.

﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ... هەر کەسێ کرداری باشەو بە باوەڕە - ج نێر ج مێ - هەتا دەژی وا دەکەین بە خۆشی بژی، (٩٧) النحل ﴾ .

﴿ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ... هەر کێ باوەڕیان پێی هەیە، بێ سۆ خودا شارەزای ڕاستەڕێی کردون، (٥٤) الحج ﴾.

---

٤٧٧) پێغەمبەرەکەتان.

بـاوەڕ گـەورەترین دەرمـانە

دکتۆر (کارڵ جانگ) بەرچاوترینو ناودارترین پزیشکی دەرونی لە کتێبەکەیدا بەناوی (مرۆڤی هاوچەرخ لەمەڕ لێکۆڵینەوەی دەربارەی ڕۆح... [٤٧٨] لە لاپەڕەی (٢٦٤)دا دەڵێ: بۆ ڕاوێژ پێ کردنم لە هەموولاتانی جیهانەوە خەڵکانێ هاتون، سەدان نەخۆشم چارەسەر کردوە، زۆر بەشیان لە قۆناغی ژیاندا مام ناوەنجی بون، واتە لە سەروی تەمەنی سی‌و پێنج ساڵی دابون.

یەکێکیان تیا نەبو کێشەی بۆ نەبونی سەرچاوەیەکی ئایینی نەگەڕێتەوە کە لە ڕوانگەی ئەم سەرچاوەیە بنواڕێتە ژیان، دەشتوانم بڵێم: هەر هەمویان دەردیان لەوەدا بو ئەو بەخشش‌و خەڵاتەی ئایین بە بڕوادارى دەبەخشێ ئەوان لێی بێ بەش بون، هەر کەسێکیش ئامادە نەبێ بیروباوەڕی ڕاستەقینەی بەدەست بێنێتەوە چاك نابێتەوە".

﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا ... هەرکەسێکیش بە ئامۆژگاری من نەکا، ژینی لە تەنگانەدایەو ڕۆژی سەڵاش بەکوێری لە گۆڕی دەردەخەین، ﴿١٢٤﴾ طه ﴾.

﴿ سَنُلْقِى فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلرُّعْبَ بِمَآ أَشْرَكُوا۟ ... ئەوانەش کە خوا نەناسن، چونکە هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەدەن، ترسێ داوێژینە دڵیان، ﴿١٥١﴾ آل عمران ﴾

﴿ ...ظُلُمَٰتٌۢ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَآ أَخْرَجَ يَدَهُۥ لَمْ يَكَدْ يَرَىٰهَا ۗ وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُورًا فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ ... تاریکایی بارە لەسەر تاریکایی‌و هەرگا [٤٧٩] دەستی خۆی دەربخا، لەوانەیە هەر نەیبینێ. هەر کەسێکی خوا ڕوناکی نیشان نەدا، هیچ ڕوناکی شك نابا، ﴿٤٠﴾ النور ﴾ .

---

٤٧٨) الانسان الحديث في بحثه عن الروح.

٤٧٩) هەر کاتێ.

خەمبار مەبە.. خوا وەلامی بێباوەڕێکی ناچار دەداتەوە، چ جای باوەڕدارێکی یەکتا پەرست؟!

(ئەلمهاتما غاندی) - سەرکردەی هیندی لەدوای (بوذا)- گەر بهاتایە وزەو توانای لەو هێزەی نوێژ دەیبەخشێ وەرنەگرتایە نزیك بو دابڕوخایە، چۆن دەتوانم ئەوە بزانم؟ بەوە دەزانم کە (غاندی) بۆ خۆی دەڵێ: ئەگەر بێو نوێژم نەکردبایە زۆر لەمێژ بو شێت دەبوم.

وێڕای ئەوەش (غاندی) موسڵمان نەبو، بەڵکە کەسێکی گومڕا بو، بەڵام ئەو ڕێڕەوەی [٤٨٠] گرتبوەبەر، کە خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ... هەرگا [٤٨١] سواری کەشتی دەبن، بە دڵی پاك لەبەر خوا دەپارێنەوە، ﴿٦٥﴾ العنكبوت ﴾.

﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ ... یا ئەو کەسەی چاترە کە هەروەختێ هومێد بڕاوێك لەبەری بپارێتەوە، دە هانای دێ، ﴿٦٢﴾ النمل ﴾.

﴿ ...وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ ۙ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ... کاتێکیش کە زانیان هەر چار دەوریان گیراوە، بەو پەڕی بڕوای پاکەوە لە خودا دەپارێنەوە، ﴿٢٢﴾ یونس ﴾.

وتەو گوتەی زۆرێ لە زاناو مێژووناسو وێژەرانی ئیسلامم هەڵسەنگاندوە، ڕستەو دەستەواژەیەکم بەرچاو نەکەوتوە واتای نیگەرانیو دڵەڕاوکێو نەخۆشی دەرونی ئەوان بگەیەنێ، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەوان لەگەڵ ئایینی خۆیاندا بە هێمنیو ئارامی ژیان، بۆیە ژیانیان دور لە ئاستەنگو [٤٨٢] گرێو گاڵ بو:

---

٤٨٠) بۆچونەی/ هەڵوێستەی.
٤٨١) هەر کاتێ.
٤٨٢) گێچەڵ.

﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَءَامَنُواْ بِمَا نُزِّلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٍ وَهُوَ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّهِمۡ كَفَّرَ عَنۡهُمۡ سَيِّـَٔاتِهِمۡ وَأَصۡلَحَ بَالَهُمۡ ... ئەوانیش کە خوداناس‌و ئاکار چاك بون‌و بەم قورئانەش - کە ڕاستە‌و لە پەرورندەیانەوە بۆ محمەممەد بە خەڵات هاتۆتە خوارێ - باوەڕیان کرد، خودا هەمو گوناهەکانیانی پۆشی‌و کاروباری ژیانیانی بۆ ڕەخساندن، (٢) محمد ﴾.

گوێ بۆ ئەو وتەیەی (ئەبو حازم) هەڵخە [٤٨٣]، کە دەڵێ: ((تەنیا یەك ڕۆژ لە نێوانی من‌و دەسەڵات داران دا هەیە، بەڵام ئەو ڕۆژەی ڕابرا ئەوان چێژی لێ وەرناگرن، لەمەڕ سبەینێیش من‌و ئەوان لە چاوەڕوانی داین، تەنیا ئەو ڕۆمان لەبەردەستە، ئاخۆ ئیمڕۆ چۆن‌و چی بێتە ئاراوە؟!)).

لە فەرمایشتی پێغەمبەریشدا ﷺ هاتوە: ((اللّهم اني اسألك خير هذا اليوم بركته و نصره و نوره و هدايته" پەروەردگارا داوای خێرو چاکەی ئەو ڕۆژت لێ دەکەم: لە پیت‌و فەڕو، سەرکەوتن‌و ڕۆشنایی‌و ڕێنماییەکەی)).

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ خُذُواْ حِذۡرَكُمۡ ... ئەی گەلی باوەڕداران! هەمیشە هۆشی خۆو هەبێ، (٧١) النساء ﴾.

﴿ ... وَلۡيَتَلَطَّفۡ وَلَا يُشۡعِرَنَّ بِكُمۡ أَحَدًا ... بەزیبێتی [٤٨٤] ببزوێنەوەو [٤٨٥] هیچ کەسیش پێتان نەزانێ، (١٩) الكهف ﴾.

﴿ وَمَا كَانَ قَوۡلَهُمۡ إِلَّآ أَن قَالُواْ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسۡرَافَنَا فِيٓ أَمۡرِنَا وَثَبِّتۡ أَقۡدَامَنَا وَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ (١٤٧) فَـَٔاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ ثَوَابَ ٱلدُّنۡيَا وَحُسۡنَ ثَوَابِ ٱلۡأٓخِرَةِۗ ... هەر ئەوەندەیان ئەدرکاند، دەیانگوت: ئەی پەروەردگارمان! تۆ لە گوناهان‌و لە ئەندازە لادانمان ببورەو جێ هەنگاومان پتەوتر کەو بەسەر خودا نەناساندا زاڵمان بکەن. ئەوسا خودا پاداشی ئەم دنیاو چاکە پاداشی ئەو دنیای پێدان. (١٤٨) آل عمران ﴾.

---

٤٨٣) بگرە.

٤٨٤) بە وریایی.

٤٨٥) بجوڵێتەوە.

خەمگیـن مـەبە ژیان زۆر لەوە کـورت تـرە، کە تۆ بیـری لێدەکەیتـەوە

"وایڵ کارنیچی" داستانی پیاوێ دەگێڕێتـەوە کـە بـە بـرینی ڕیخۆڵـە گیـرۆدە بـو، نەخۆشیەکەی ئەوەندە ترسناك بـو پزیـشکان کاتوساتی مـەرگیان بـۆ دەست نیـشان کردبو، هەتا پێیان ڕاگەیاند کە کفنی بۆ خۆی ئامادە بکا. (وایڵ... دەڵێ: لـە ناکاوێ نەخۆشەکە - کە ناوی "هـانی" بـو - بـرپیارێکی سەرسوڕمێنیدا، بـەو شـێوە بـیری لـە خۆی کردەوە: باشە ئەگەر لەو ژیانەدا ماوەیەکی کورتم مابێ، بـۆ بـە هەوەسـی خـۆم لەو ماوەیە چێژ وەرنـەگرم، چـەند لەمێـژە خولیـای ئـەوەم بـە چـوار دەوری زەویـدا گەشـتێ بکـەم، ئـەو هەلـەی ئێـستام ئـەو هەلەیـە ئـاواتی خـۆمی تێـدا بێنمـە دی. پاسەپۆرتی ئەم گەشتەی کڕی، پزیشکەکانی واقیان وڕما، پێیان گوت: ئێمە لەوە ئاگا دارت دەکەینەوە، کە بتەوێ ئـەو گەشـتە ئـەنجام دەی ئـەوا گۆڕەکـەت دەکەوێتـە نـاو قوڵایی دەریا!! بەڵام بەو جۆرە وەڵامی دانـەوە: نـەخێر، ئـەوەی ئێـوە دەیڵێن هیـچی ڕونادا، من بەڵێنم بە خزمەکانم داوە تەنیا لە گۆڕستانی خانەوادەم بنێژن. "هـانی" سواری کەشتی بو، چاوی لەو شیعرەی (خەیام... کرد کە دەڵێ:

وەرە بـۆ مـرۆڤـایـەتی داسـتانـێ تـۆمـار کـەیـن
بـە شـیـرنایـی شـەو کۆڕان تەمە نمان تێپـەڕدەیـن
بـەخـەوی قـــوڵ تـەمـەنـــی کـورت درێـژ نـابـێ
بە شـەو نخونی شـەوانیش تەمـەنی درێژ کورت نابێ

ئا ئەوە چەند دێرە شیعرێکن کەسێکی خوانەناس دەیانهونێتەوە.

(هـانی) دەستی بـەو گەشـتە پـڕ لـە ئـارامیو بەختەوەریـە کـرد، نامەیـەکی بـۆ خێزانەکەی دەنێرێو تیایدا دەڵێ: لەسەر پشتی کەشتیدا ئاو دەخۆمەوەو ئـەوەی بـە چێژو خۆشە دەی خۆم، چەند هەڵبەستو هۆنراوەم هۆنیوەتەوە، جۆرەهای خـۆراك دەخۆم هەتا ئەو چەوریەی لێم قەدەغـە کرابـو، لـەو ماوەیـەدا ئەوەنـدەم بـە خۆشـی بەسەر بردوە کە لە ژیانی خۆمدا خۆشی وەهام نەبینیوە.

پاشـان چـی؟! دوای ئـەوە (دایـل کـارنیجی) لای وایـە کـابرا لـە نـەخۆشـــــــــــی چاك دەبێتەوە، ئەو شـێوازو ڕەفتارەی پیادەشـی کردوە شێوازێکی سـەرکەوتو بوە بۆ بن برکردنی نـەخۆشی‌و زاڵ بون بەسـەر ئەشکەنجەدا!!

من لەگەڵ ئەو چەند دێـرە هۆنراوەی (خیـام)دا کـۆك نـیم، چـونکو لـە پـەیڕەوی پەروەردگاری لایان داوە، بەڵام مەبەست لەو داستانە ئەوەیـە، کـە: شـادی‌و گوشـادی‌و ئاسودەیی‌و بەختەوەری چەندین پلە لە داودەرمانی پزیشکی سودمەندترن.

ئەگـەر بـایی ئەوەندەت هـەبێ چاوت لە دەسـتی کەس نەبێ جێی خۆی نیە دڵت پەسـت بێ

﴿ وَمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُم بِٱلَّتِي تُقَرِّبُكُمۡ عِندَنَا زُلۡفَىٰٓ إِلَّا مَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ جَزَآءُ ٱلضِّعۡفِ بِمَا عَمِلُواْ وَهُمۡ فِي ٱلۡغُرُفَٰتِ ءَامِنُونَ ... سامانیش‌و منداڵی زۆر لەوانە نـین لە ئێمەو نزیککاتەوە، مەگین کەسێ بڕوای بە ئێمـە هێنـا بـێ‌و ئاکـاری چـاك ڕەچـاو بکا، کە لە بەرابەر کردەیان دو سەرە پاداش ئەگرن‌و بـێ دەغدەغە [٤٨٦] لە ئۆدەکانی [٤٨٧] بەهەشتا دەسێنەوە، ﴿٣٧﴾ سبأ ﴾.

(دایل کارنیچی) دەڵێ: "بە پێی سەرژمێری کردن دەرکەوتوە کـە نیگـەرانی‌و دڵاو دڵی [٤٨٨] بە بکوژی پلە یەك دێن لە ئەمریکا لە ماوەی ساڵانی جەنگی جیهانی دوەمدا، لە ڕۆڵەکانمان نزیکـەی سـێیەکی ملیۆنێـك سـەرباز گـوژران، هـەر لـەو ماوەیەشـدا دو ملیۆن کەس بە نەخۆشی دڵ گیانیان لەدەستدا.

ملیۆنێکیش لـەو دوانـە نەخۆشـیەکەیان لـە نیگـەرانی‌و گرژبـونی دەمـاری هەسـت سەری هەڵدا بو".

---

٤٨٦) بێ کێشەو بێشە.

٤٨٧) لە هۆدەکانی ژورەکانی.

٤٨٨) دو دڵی.

بـەڵێ بێگومـان نەخۆشـی دڵ لـەو هۆکـارە سـەرەکیانەیە وا لـە دکتـۆر (ئەلکسیس کاریل) دەکا، کە بڵێ: "بێ سـۆ [٤٨٩] پیاوانی پیشەگەر ئەوانەی نازانن چۆن دڵە ڕاوکێو نیگەرانی تارو مارکەن [٤٩٠]، هەر سەر لە بەیانی دەمرن".

هۆکارەکە سەلێنراوە، کاتو ساتی مردنیش بە ویستو دەسەلاتی خوایە:

﴿ وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ كِتَٰبًا مُّؤَجَّلًا ... هـیچ کەسێکیش بـە بـێ ئیزنـی خـودا نـامرێ، کـە مردنـی هـەر کەسێکیش وەختەکـەی بـۆ دانـراوەو لـە لای خوداوە نوسراوە، ﴿١٤٥﴾ آل عمران ﴾.

کەموایە ڕەش پێستەکانو چینی یەکان بە نەخۆشیەکانی دڵ گیـرۆ دەبن، چونکێ ئەوان نەتەوەیەکن بـە نـەرمو نیـانی ژیانیـان دەگـوزەرێنن، تـۆ دەبـینی ژمـارەی ئـەو پزیشکانەی بە لەکارکەوتنی دڵ گیانیان لە دەست دەدەن ژمارەیان بیست هەندی ئەو کشتیارو [٤٩١] وەرزێرانەیە کە بە خودی ئەو نەخۆشیە دەمرن، بێگومان ئەو پزیـشکانە ژیانێکی زۆر تووندو ئاڵۆز بەسەر دەبەن، بۆیە ئەو باجەی دەیدەن گرانە. "پزیـشکەو چارەسازی خەڵکانە کەچی خۆی لە دەردەدارانە!!".

لەوەی بەردەسـتت ڕەزامەندی بنوێنی خـەمو پەژارەت نامێنـێ

لەو فەرمودەیەشدا هاتوە: "ولا نقول الاّ ما يرضي ربّنا" تـەنیا ئـەوە دەڵێین کـە خوا پێی قایلە".

بێگومان تۆ ئـەرکێکی پـیرۆزت لەسـەر شـانە، ئەویـشیان ئەوەیـە ئەگـەر کارەسـاتێ دەورەت بگرێ کە هەر دەبوایە ببێ خۆت بەدەستەوە بدەیو ملت بۆی کەج بێ، تاوەکو سەرەنجام لە بەرژەوەندی تۆ بـێو، دوا ڕۆژ لەبەرژەوەنـدی تـۆ بـێ، چـونکە بـە سـای ئەو ملکەچیە لە گێچەڵی داڕمانێکی ڕاستەوخۆو تێشکانێکی لەمەولا ڕزگارت دەبێ.

---

٤٨٩) بێگومان.

٤٩٠) لە ناو بەن.

٤٩١) جوتیار.

هیچ چارەو دەرتانێ شك نابەی مەگەر متمانە بە قەدەری خوا بکەی، ئەگەر بـێو بەرگو پۆشاکی بەرت هەڵدڕیو، پێستی لاشەت دادڕی، دڵنیا بـە هـەر دەبـێ بڕیـارو چارەنوسی خوا سەربگرێ!!

لە کتێبی (ئیمرسۆن... بـە ناونیـشانی (توانـای کـار ڕاپەڕانـدن...[٤٩٢] گوازراوتـەوە، کاتێ دەپرسێ: "لە کوێوە ئەو بۆچونەمان بۆ دروست بوە کـە دەڵـێ: ژیـانێکی خـۆش گوزەرانەو جێگیر بو دور لـە کۆسـپو تەگـەرە بەختـەوەرانو گـەورە پیـاوان دروسـت دەکا؟ بـێ گومان بارودۆخەکە پێچەوانەیە، ئەوانەی لەسەر شیوەنو دلگیری ڕاهاتون هەرچەندە لە سەر ئاوریشم بخەونو کامە پۆشاکی گـران بەهایـە لەبـەری کـەن ئـەم شیوەنو ڕۆڕۆیە لە خۆیان بە دور ناخەن.

مێژو گەواهی بەوە دەدا کە ئەو خوایەی جڵەوی شکۆداریو بـەختیاری لـە دەسـتە دەیخاتە بەردەستی کەسانێ لە جۆرەها ژینگـەدا ژیـان بەسـەردەبـەن، ئـەو ژینگـەیـەی پـاك و پـیس لێـی دەگوزەرێنـێ، ئـەو ژینگەیـەی جیاکـاری نەخـستۆتە نێـوانی چـاکە کارانو چەپەڵکاران، لەم جۆرە ژینگانە پیاوانێکی وا ڕەخساون باری بەرپرسیارێتیان خستۆتە سەرشان، ئەم ئەرکە بەهی خۆیان دەزانـنو پشت گوێی ناخەن".

بێگومـان ئەوانـەی لـە ڕۆژانـی یەکـەمی بانگـەوازی پێغەمبـەرایەتیـدا مەشـخەڵی ڕێنوێنی خوایان بەرز هەڵگرد[٤٩٣]، کۆیلەو هەژارو بێ چارەکان بون، زۆربەی ئەوانەش کـە بـەرەو دواوە پـشتیان لـەو بـاوەڕە پـیرۆزە کـرد ئـەو سـەرپێـچی کـارو لاسـارو پیاوماقوڵو خۆش گوزەرانا نەبون: ﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتُنَا بَيِّنَـٰتٍ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَىُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ مَّقَامًا وَأَحْسَنُ نَدِيًّا ... هەر کاتێکی نیشانانی دیاریدەری ئێمەیان بۆوە خوێندرێ، خوا نەناسان بـە خـاوەن بـاوەڕان ئێـژن: کامـە لەهـەردو لایـان مـاڵی خۆشترەو دیوەخانی لەبارترە؟ ﴿٧٣﴾ مریم﴾.

﴿وَقَالُوا۟ نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَٰلًا وَأَوْلَـٰدًا وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ ... گوتوشـیانە: ئێمـە لەمـەڕ ماڵی دنیاو منداڵەوە لە ئێوە پتـرمان هەیەو هەرگیز توشی ئازار نابین، ﴿٣٥﴾ سبأ﴾.

---

٤٩٢) القدرة على الانجاز.

٤٩٣) بەرزکردەوە.

﴿ ... أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنۢ بَيۡنِنَآۗ أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَعۡلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ... چلـۆن خودا لەناوماندا هەر ئەمانەی وەبەر چاکەی خۆی خستوە؟ ئاخۆ خودا لەوان باشتر شوکر بژێران ناناسێ، ﴿٥٣﴾ الأنعام ﴾.

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَوۡ كَانَ خَيۡرٗا مَّا سَبَقُونَآ إِلَيۡهِۚ ... ئەوانـەی خـودا نەناسن، بۆ خاوەن باوەڕان ئێژن: ئەگەر هیچ شتێکی باشی تێدا هەبا، بەر لە ئێمەی بۆ نەدەچون، ﴿١١﴾ الأحقاف ﴾.

﴿ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا بِٱلَّذِيٓ ءَامَنتُم بِهِۦ ... خۆ بـە زل زانـەکان گوتیـان: ئێمە لەوەی کە بڕواتان پێ هێناوە، حاشا دەکەین، ﴿٧٦﴾ الأعراف ﴾.

﴿ وَقَالُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ عَلَىٰ رَجُلٖ مِّنَ ٱلۡقَرۡيَتَيۡنِ عَظِيمٍ ﴿٣١﴾ أَهُمۡ يَقۡسِمُونَ رَحۡمَتَ رَبِّكَۚ ... گوتیشیان: بۆ ئـەم قورئانـە، بـۆ پیـاوێکی بـەوەجی ئـەم دو بـاژێرە[٤٩٤] نەهاتـە خوار؟ ئاخۆ ئەوان بەزەیی پەروەردەی تۆ دابەش دەکەن؟ ﴿٣٢﴾ الزخرف ﴾.

منیش ئەو دێـرە شـیعرەی (عەنتـەرە) وەیـاد دەخەمـەوە، پێمـان ڕادەگەیـەنێ کـە نرخو بـەهای ئـەو لـە جـوان مـەردیو ڕەفتـار بەرزیـدا وەدی دەکـرێ نـە لـە ڕەگـەزو ڕەچەڵێدا، دەڵێ:

ئەگـەر بەنـدەو کۆیلـەش بم، دەسـتکراوەو بەڕێـزم
کە ڕوخسـاریشـم ڕەش بێ پـاکو خـاوێنـە پەرێـزم

٤٩٤) ئەم دو شارە.

ئەگەر یەکێ لە ئەندامـەکانت لەدەستداوە هێشتا چـەند ئەنـدامێکت مـاوە، ئـیبن عەباس دەڵێ:

گـــەر خـــوا بـیـنـــایـــی دو چـاوم لـێ بستێـنـێ
رۆشـنایی لەســەر زمانو ناو گوێچـکـەمدا دەمـێـنـێ

ئومێد وایە لەو بەڵاو مەینەتیەی بەسـەرت دێ بەرژەوەنـدی تـۆی لـێ وەدی بـێ، ﴿... وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ... رەنگە لـە شـتێك حـەز نەکـەن بـەڵام بۆتان وەخێر گەڕێ، ﴿٢١٦﴾ البقرة﴾.

سەرنج دە ئەو جیاوازیەی نێوانی وتەو هەڵوێستی ئیبن عەباس لەگەڵ کەسانێکی تردا بزانە ئەوان چ دەڵێن

هیچ چارە نیە فەرمانی خوا پیادە دەکرێ، لەسەر ئەوانەی پێی قایلنو ئەوانـەش پێی ناڕازین، بەڵام ئـەوەی کـە پێـی ڕازیـیـە پاداشـتی پـێ دەدرێو بەختـەوەر دەبـێ، ئەوەی ناڕەزاییشی لـێ دەنوێنێ تاوانبارو چارەڕەش دەمێنێ.

(عومـەر)ی کـوڕی (عەبدولعـەزیز) لـە وەڵامـی نامەیەکیـدا کـە (میمـون)ی کـوڕی (میهـران) بـۆی نـاردبو دەڵـێ: پرسـەی سەرەخۆشـیت بـۆ نوسـیوم لەسـەر مردنـی (عبدالملك)، ئەوە فەرمانێك بو هەمیشە چاوەڕێی بوم، کاتێکیش کە ڕویدا سەرپێـچی لـێ ناکەم.

ڕۆژگار دەسـتاودەسـتی پێ دەکـرێ

دەگێڕنەوە (ئەحمەد)ی کوڕی (حەنبـەل) - خـوا سـۆزی بـۆ بنوێنـێ - لـەو کاتـەی (بەقی) کوڕی (موخەلەد) نەخۆش دەکەوێ سەردانی دەکاو، پێی دەڵێ: "ئەی بـاوکی (عبدالرحمن)، بەوە دەستهێنانی پاداشتی خـوا مـوژدەت لێبـێ، ڕۆژانـی سـاخلەمی [٤٩٥] بێ دەردن، ڕۆژانی دەردیش بێ ساخلەمین..".

---

٤٩٥) تەندروستی.

ڕۆژانـی مـرۆ تیایـدا لـەش ساخ بـێ نەخۆشـی بەخـەیاڵدا نایـێ، وەی بـەرزە، خواستو ئومێدی زۆرن، زۆر لە بڵندی دەڕوانێ. ئەو ڕۆژانـەش کـە زۆر بـە نالـەباری دەگوزەرێنـێ، ساخی لـە یـاد نامێنـێ، خۆزگـەو خواستی دەپوکێنـەوە [٤٩٦]، وەو وزەی وێك دێنەوە [٤٩٧]، بـێ ئومێدو هیوا بـڕ دەبـێ.

وتەی پێشەوا (ئەحمەد) لەو فەرمودەیەی خوا وەرگیـراوە: ﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ مِنَّا رَحْمَةً ثُمَّ نَزَعْنَـٰهَا مِنْهُ إِنَّهُۥ لَيَـُٔوسٌ كَفُورٌ ﴿٩﴾ وَلَئِنْ أَذَقْنَـٰهُ نَعْمَآءَ بَعْدَ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ ذَهَبَ ٱلسَّيِّـَٔاتُ عَنِّىٓ ۚ إِنَّهُۥ لَفَرِحٌ فَخُورٌ ﴿١٠﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ أُو۟لَـٰٓئِكَ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ﴾ ... گـەر تـامی خۆشـیمان بـە مـرۆ چـێژاندو پاشـان لێمـان سـتاندەوە، بـێ گومـان لـە ناهومێـدی مـل لـە ناسوپاسـی دەنـێ. ئەگـەر پاشـی لێقـەومانیش شـادمانیمان پـێ تامانـد، هەڵبـەت نێـژێ: قۆرتـەکانم لـێ ڕەویـون. بـە کەیفەو بە خۆی هەڵدەڵێ. مـەگین ئـەوی خـۆڕاگرو ئاکـار چـاك بـون، بەشـی ئـەوان بوردنو پاداشی هەرە مەزن دەبـێ، ﴿١١﴾ هود﴾.

زانای دانا (ئیبن کەسیـر) - خوا سـۆزی بـۆ بنێـرێ - دەڵـێ: خـوای گـەورە بـاس لـە مرۆڤو ڕەوشتی دزێوی دەکا، کە ئەگەر لـە دوای خۆشـی ناخۆشـی بەسـەردا بـێ، ئـەوا لەمـەڕ فـەڕو چاکەی داهـاتودا بـێ ئومێـدو ڕەشـبین دەبـێ، هـەروا لـە ئاسـتی حاڵو گوزەرانی ڕابردوشدا بێ باوەڕیو گومڕایی ڕوی تـێ دەکـا، هـەروەکو بڵێـی چـێژی بـە چاوی خۆی نەدیتبێو، ئومێدی لێ هەڵوەری بـێ، مەگەر یـەکێ لـەو بەندانـەی وەبـەر میهری خوا کەوتبێ.

هەر بەمشێوەیە حاڵی ئەگەر لەدوای ناخۆشیی بەهرەیێ ڕوی تێبکا: ﴿... لَيَقُولَنَّ ذَهَبَ ٱلسَّيِّـَٔاتُ عَنِّىٓ ۚ ... ئێژێ: قۆرتەکانم لـێ ڕەویون. ﴿١٠﴾ هود﴾ .

واتـە دەڵـێ: لەمـەولا جـارێ تـر بـەڵابارو خاکەسـار نـابم، ﴿...إِنَّهُۥ لَفَرِحٌ فَخُورٌ... بەکەیفەو بە خۆیدا هەڵدەڵێ. ﴿١٠﴾ هود﴾.

---

٤٩٦) کۆ دەبن.

٤٩٧) بێهێز دەبن.

بەوەی لە دەستی دایە دڵ خۆشی‌و شادمانە، لە ئاستی خەڵکانی تردا لوت بەرزو خۆ بەزلزانە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٞ كَبِيرٞ ... مەگین ئەوانەی خۆڕاگرو ئاکار چاك بون، بەشی ئەوان بوردن‌و پاداشی هەرە مەزن دەبێ، (١١) هود﴾ .

دەکرێ لەم زەمینە بەرفراوانەی خوادا وەدەرکەوی

یەکێ دەڵێ: گەشت کردن خەم دەڕەوێنێ.

(ڕامە هورموزی) هۆشدارو بێ دار لە کتێبەکەیدا بە ناوی "المحدث الفاضل"، دەربارەی سودو کەڵکی بەدوادا گەڕانی زانست‌و ئەو تامو چێژەی لێی وەبەردێ، لە وەڵامی ئەوانەی ڕقیان لە گەشتەو بە خراپی دائەنێن بەم شێوەیە دەدوێ: "ئەوەی تانەو تەشەر لە گەشتیاران دەدات ئەگەر دەیزانی گەشتیاران لە گەشت‌و سەیرانیاندا چەندە چێژ وەردەگرن، لەو ساتەی لە نیشتمانی خۆیان بەدەردەکەون چەندە چوست‌و چاپوکن، گەشتیار لەو کاتەی ساتەکانی ژیانی لە حەساوگەو دەراوان [٤٩٨] بەسەر دەبا، لە شوێنی لا چەپ‌و بەرچاودا دەگوزەرێنێ، چاوی بە پانتایی‌و شوێنە ڕازاوەکانی هەرێم‌و ناوچەکان، باخ‌و بێستان‌و، مێرگ‌و مێرغوزاران هەڵدێنێ، چەندین ڕوخساری گەش‌و دڕەوشاوە دەبینێ، لەو شارەو شارۆچکە سەرسوڕمێنانە دەڕوانێ کە بۆ یەکەم جارە بە بەرچاوی بکەوێ، گوێبیستی جۆرەها زمان دەبێ‌و چەندین ڕەنگی لێك جیا دەبینێ، لە ژێر سێبەری دەرو دیوارو سەهەندو نزارگەدا پاڵ دەکەوێ، لە مزگەوتەکاندا نان دەخوات، لە دۆڵاییاندا ئاو دەنۆشێ، لە هەر شوێنێ شەوی بەسەردا بێ دەخەوێ، لە فیزو بەخۆ نازی‌و خۆ دەرخستن وازدەهێنێ هاوەڵایەتی ئەو کەسە دەکا کە لە ڕێی خوادا خۆشی ئەوێ، هەر گاھ دڵی دەسرەوێ لە دەرەنجامی ئەوەیە بە ئاواتەکانی دەگات، بە خواستەکانی شاد دەبێ‌و خۆی لەو کۆڕو

---

٤٩٨) ئەو شوێنەیە قەراخ ئاوێ‌و مرۆ بتوانێ بگاتە سەر ئاوەکە.

کۆبونەوانە دەخنرێنێ کە بەدوایاندا وێڵەو دەگەڕێ، ماوەیەکە ڕێگای لەپێناو دادەبڕێ - ئەوسا دەزانێ کە هەمو تامو چێژی دنیا بریتییە لە نەخشو نیگاری ئەم دیمەنە دڵڕفێنەدا، لە شیرینی ئەم ڕوخسارەنەدا، لە شکاری [٤٩٩] ئەم بابەتە سودمەندانەدا، ئەوانەی لە لایەن خاوەنانی لە گۆڵو گوڵاڵەی بەهار بەهادارترن [٥٠٠]، لە کۆکردنەوەی گەوهەری شەوچرا [٥٠١] سەنگین ترن، بە ڕێژەیەکی وا کە تانە لێدەرو هاو وێنانیان لێی بێ بەشن".

هەڵوەستەیەک

"ئەگەر خوای گەورە گەلێکی خۆش ویست تاقیان دەکاتەوە، جا هەر کەسێ قایل بو ئەوا ڕەزامەندی خوا وەدەست دێنێ، هەر کەسێکیش نا قایل بێ خەشمو قینی خوا وەدەست دێنێ".

"بەڵا بارترین کەس پێغەمبەرانن، دوای ئەوان پێ بە پێ بە گوێرەی پلەی بەرزی خواپەرستی، مرۆڤ بە ئەندازەی دینداریەکەی تاقی دەکرێتەوە، جا ئەگەر دینداریەکەی توندو بەند بێ، تاقی کردنەوەی گەورە دەبێ، ئەگەریش دینداریەکەی کرچو کاڵ بێ ئەو بە گوێرەی ئەو کرچو کاڵیەی تاقی دەکرێتەوە، جا بەندەی بڕوادار هەمیشە تاقی دەکرێتەوە، تا وای لێدێ کە بەسەر ئەم زەویەدا دەگوزەرێ هەرچی تاوانە لێ هەڵوەراوە".

"کارو فەرمانی بڕوادار سەر سورمێنە هەمو هەڵسو کەوتێکی چاکەیە!! ئەوەش تەنیا بو باوەڕدار شیاوە، ئەگەر خۆشیێ بەرەو ڕوی هات سوپاسگوزاری خوایە بە چاکە بۆی دائەنرێ، ئەگەریش ناخۆشیێ ڕوی تێ بکا ئارامی لەسەر دەگرێ بە چاکە بۆی دائەنرێ".

---

٤٩٩) لە ڕاوکردن و بەدوا گەڕانی.

٥٠٠) بەسودترن.

٥٠١) ئەو گەوهەرەی لە شەودا دەتریسکێ.

((دڵنیابە ئەگەر هـەمو جیهـان کۆببێتـەوە تـاوەکو سـودێکت پـێ بگەیـەنێ نـاتوانن مەگەر بە شتێك خوا بڕیاری لەسەردا بێ، ئەگەریش بۆ ئەوە کۆببنەوە زیانێکت پـێ بگەیەنن ناتوانن زیانت پێ بگەیەنن مەگەر بە شتێك خوا لەسەرتی نوسیبێ)).

((پیاو چاکان پێ بە پێ بە پێی پلەی چاکەکاریان تاقی دەکرێنەوە)).

((بڕوادار وەکو کشتوکاڵی تەڕو ناسك وایـە بـا بـە لای ڕاستـو چـەپدا دەیهێنـێو دەیـبا [٥٠٢])).

لە دواییـن ساتەکانی تەمەنـت دا ناهومێـد مەبـە

سەرنـج دە ئەبو ڕەیحانی بەیرونی کە لـە سـاڵی ٤٤٠ ك کۆچـی دوایـی کـرد، لەگـەڵ تەمـەنێکی پـڕ بـەهادا ٧٨ سـاڵ ژیـانی بەسـەر بـرد کـردو کۆشـو هـەوڵو گـەڕی لـە پێناوی بەدەست هێنانی زانست بو، بە دانانی چەند کتێبێکەوە سەرقاڵ بـو، دەرگـای لە ڕوی زانستدا دەکـردەوەو بـە وردو درشـتو ئاشـکراو نهێنی زانسـتەکان ئاشـنا بـو، هەمیشە پێنوسی لە دەست بو، چاوی هەر لە ڕوانینی کتێب بو، بیرو هـزری هـەر لـە گەڕ بو، مەگەر بە ئەندازەی دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیانی وەکو پەیدا کردنی بەرگـو پۆشاکـو نانی، جگە لەمە خوونەریتی وا بو لە هەموکاتـو ساتەکانی ژیانیدا: زانـستێکی وەهـای بەرهـەم دێنـا پەچـەی سـەڕوی ڕادەمـاڵی، دەری ئەخـست شـانو شەوکەتـو باڵی.

(عەلی) کوڕی (عیسا) ناسـراو بـە (ئەبولحەسـەن) زانـاو شەرعـزان دەگێڕێتـەوەو دەڵێ: چـومە لای (ئـەبو ڕەیحـان) لـە کاتێکـا گیـانی ئـەداو لەسـەرە مەرگـدا بـو کۆتـا هەناسەی هەڵدەکێشا، سینەی بە گیانی تەنگ بو، ئا لەم حاڵە نالەبارەدا پێی گوتم:

منیش پێم گـوت: لەمـەڕ ئـەودا پیـرانەی لـە بەشـە میراتـدا بـێ بەشـن ڕۆژێکیـان چیت پێ گوتم: ئا لەم کاتەدا؟! لە وەڵامدا گوتی: ئەی فلاّن: کاتێ مـاڵ ئاوایی لە ژیان دەکەم باشتر نیە لەو مەسەلەیە شارەزا بم، نەوەك بە نەزانی جێی بهێڵم؟!

---

٥٠٢) تێبینی: ئەوانە واتای چەند فەرمودەیەکی پێغەمبەرن ﷺ .

منیش بۆم دوبارە کردەوە، لەبەری کردو ئەوەی بـەڵێنی پـێ دابـوم پێـی وتم هـەر لەلای ڕۆیشتەو گوێبیستی هاوارو شیوەن بوم [٥٠٣]!!

ئا ئەوە ئەو وڕە بەرزیەیە کە گومەزی ترسناکیەکان ڕیشەکێش دەکاو لەبن دێنێ.

(عومەر)ی دادوەر کاتێ لە سەرەمەرگ دابو، خوێن لە بریتی هەڵئەچـۆڕا، پرسـیار لە هاوەڵان دەکا: ئاخۆ نوێژەکەی تەواو کرد یان نا؟!

(سەعد)ی کوڕی (ڕەبیـع) لـە جـەنگی (ئوحـود)دا خـەڵتانی خـوێن بـو، لـە کاتێکـا دواییـن هەناسـەی ژیـانی هەڵدەکێشـا دەپرسـێ پێغەمبـەری خـوا چـی بەسـەرهات، ئـا ئەوەیە خۆڕاگریو دڵ بێداری!

بـا خەمناکی نەتگـرێ گەر کـتو پڕ مـەرگ یەخەت بگـرێ گوێـبیستی ئـەم داسـتانەش بەشـە

(ئیبراهیم)ی کوڕی (جەراح) دەڵێ: (ئـەبو یوسـف) نـەخۆش کـەوت منـیش چـومە حاڵپرسی [٥٠٤]، بینیم بێ هۆش کـەوتوە، کاتـێ بـە هـۆش هاتـەوە پێـی گـوتم: دەربـارەی یەکێ لە بابەتەکان چ دەڵێی؟ گوتم: ئا لـەم حاڵەدا؟! گـوتی: ئاسـاییە بەڵکـە بـە سـای ئەم لێکۆڵینـەوەیە دەرباز بین.

دوای ئـەوە گـوتی: ئـەی (ئیـبراهیم) لـەم دوڕایـە کامـەیان پەسـندە لەمـەڕ ڕەمـی کردنی شەیتانەکان: بە ڕۆیشتنەوە پیاو بەردەکان بهاوێژێ یا بە سواری؟

گوتم: بە سواری. گوتی: هەڵەت کـرد. گـوتم: بـە ڕۆیـشتنەوە. گـوتی هەڵـەت کـرد. گوتم: دەی کامەیان باشترە؟ گوتی: ئەوەیان کە وەستانی لە لا دەکـرێ باشـتر وایـە بـە ڕۆیشتنەوە پێی دابکێشێ، ئەوەشیان کە وەستانی لە لا ناکرێ، باشتر وایـە بـە سـواری پێیدا بکێشێ، دوایی ئەمە لە لای ڕۆیشتم هێشتا نەگەیشتبومە بەر دەرگای مااڵی کـە گوێ بیستی هاوارو ڕۆڕۆی لەسەر گریانی بوم، لە ناکاوێ گیانی سپارد، سۆزو میهـری خوای بەسەردا بڕژێ.

---

٥٠٣) کۆچی دوایی کرد.

٥٠٤) سەردانی.

یەکێ لە نوسەرانی سەردەم دەڵێ: ئەوان بەو شێوەیە بون!! یەکێ لەوان مەرگ بـە خۆی و ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەوە یەخەی دەگرت، مردن تـەنگی پـێ هەڵنەچـنی، بـێ هـۆش و زەیـن دەبـو، ئەگـەر مـاوەی چـەند چـرکەیێ هۆشـی وەبەردەهاتـەوەو کـەمێ دەهاتەوە سەرخۆی، دەربارەی هەندێ مەسەلەو بابەتی زانستی یا سوننەتی دەکەوتە گفتوگۆ، بۆ ئەوەی فێری بێ یا خەڵکی لـێ فێر بێ، کەچـی لـەو بـارە نالـەبارەی دابـو کە مەرگ بەرۆکی پێ دەگرتو بەری هەناسەی لێ دەگرت.

ئەی خوایـە زانـستو زانیـاری چـەندە لـە نـاو دڵیانـا سـەنگین بـو!! چـەندە بـیرو ژیریان پێیەوە سەرقاڵ بو!! بە ئەندازەیـەکی وا لـە کـاتی گیانـەڵاو[٥٠٥] مەرگدا، بـیری هاوسەرو منداڵیانو دۆستو ئازیزانیان نـەدەکرد، بەڵکە تەنیا زانست یان لە یاد بـو!! سۆزو میهری خوای بەرزو توانا بڕژێ بەسەریانا، هەر بە سای ئەمە بو بون بە سـەر مەشقو پێشەنگی زانستو خواپەرستی.

لە ئـاهی کارەساتـان مەشـڵەژێ تۆ لە نهێنی و سـەرەنجامی کـاران تێناگەی

(ئەحمـەد)ی کـوڕی (یوسـف) وێـژەرو نوسـەرو مێژونوسـی میـسری لـە کتێبـە سەرسورمێنو ناوازەکـەی دا بـە ناونیـشانی "الـمکافأة حُـسْنُ العقبـی" هێنـاوێتی و دەڵێ: بێ گومان مرۆڤ دەرکی بەوە کردوە، کە گومانی تێدا نیە دەبێ لەژێر چەپۆکی خەمو کڵۆڵی ئازاد بێ هەروەکو دەزانـێ شـەو لـە ڕۆژ جیادەبێتـەوە، بـەڵام لـە کاتیـدا بـارانی بـەڵاو مەینەتیـدا بـێ زاڵـەیی و[٥٠٦] وەرە بـەزیوی لـە هەموشتێ پـتر لـە نـاخی مرۆڤدا وەدی دەکرێ، جا ئەگەر بـە داوودەرمـان چـارەی نـەکرێ، دەردەکـە تونـد تـر دەبێ، پەژارەش زێتر دەبێ، چونکێ ئەگەر لە کاتی بەڵاو مەینەتیدا دەرون بـەو شـتە زاخـاو[٥٠٧] نـەدرێ، کـە وەرەو وزەی وەبـەر دێنێتـەوە، بـێ ئومێـدی بـاڵی بەسـەردا دەکێشێو ڕیشەی لە بن ڕاهەڵدەکێشێ.

---

٥٠٥) گیان کێشان.
٥٠٦) ترسەنۆکی.
٥٠٧) بەهێز.

وردبونەوەو سەرنجدان لەو باس‌و خواسە - باس‌و خواسی ئەوانەی بەربەڵابون‌و ئارامگر بون، بەرهەمی ئارامگرتنیان پاشە ڕۆژێکی گەشەدار بو- ئەو تین‌و وزە بەخشەیە دڵو دەرون لەسەر بوێری[٥٠٨] ڕادێنێ، بەهۆی گەش بینی لەمەڕ دەرەنجامی تاقی کردنەوەی، لەسەر هەمیشە ئارامگری‌و هەڵس‌و کەوتی جوانی لەگەڵ خوای بەرزو توانادا مەشقی پێ دەکا.

بە هەمان شێوە لە کۆتایی کتێبەکەیدا دەڵێ: "کۆتایی: (بزر جمهر) دەڵێ: سەخڵەتی بەر لە بەهرەو بەخششان، بە وێنەی برسێستیە بەر لە خواردنی نان، بە سای ناخۆشی پلەو پایە زیاد دەبێ، لەگەڵ خواردنیش چێژ وەردەگیرێ".

(ئەفلاتون) دەڵێ: "ناخۆشی‌و تەنگژەکان چەندە ژیان‌و ئاسودەیی تێك دەدەن بە ئەندازەی ئەوە قازانج‌و سود بە ناخ‌و دەرون دەگەیەنن، واتە خۆش گوزەرانی‌و حاڵ خۆشی وێرانکاری دڵو دەرونن بە ئەندازەی ئەوەی ژیان خۆش دەکەن".

هەروەها دەڵێ: هەر هاوەڵو دۆستێك لە تەنگ‌و چەڵەمەدا بوە بە هاوڕێت دۆستایەتی لەگەڵ مەپچڕێنە، هەر هاوەڵێکیش لە خۆشیدا بوە بە هاوڕێت پشتی لێ هەڵکە".

هەروەها دەڵێ: "خۆشگوزەرانی وەکو شەو وایە ئەوەی لە شەودا لە دەستت دەڕوا یا دێتە دەستت بیری لێ ناکەیتەوە، تەنگانەو ناخۆشیش وەکو ڕۆژ وایە، کردو کۆشی خۆت‌و خەڵکانیشی تێدا دەبینی".

(ئەزدەشیر) دەڵێ: "سەخڵەتی کلی چاوانە ئەوەی بە سای ئەوەوە بە بەرچاوانت دەکەوێ بە سای خۆش گوزەرانی نایبینێ".

هەروەها دەڵێ: هەوێنی بەرژەوەندی کارو مەبەستان لە ئاستەنگ‌و شێواوی‌دا دو شتە: گچکەترینیان ئەو هێزەیە خاوەنەکەی لەو شتەی دوچاری دێ لای بدات، گەورەترینیشیان ئەوەیە بەڕاست‌و دروستی خۆی بداتە پاڵ پەروەردگارو ڕۆزی دەری".

ئەگەر مرۆڤ بە بیرو هزری پەنای بۆ پەروەرێنی هێنا، دڵنیا دەبێ کە خوای گەورە تەنیا بەوە تاقی دەکاتەوە پاداشتی لەسەر بداتەوە، یا لە تاوانێکی گەورەی

---

٥٠٨) ئازایەتی.

پاك بكاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە لە لایەن خواوە سودو قازانجی پێ دەگا، پەیتا پەیتا[٥٠٩] بەهرەی خوای بەسەردا هەڵدەڕژێ.

وەلێ ئەگەر لە ئاستی بونەوەردا بە توندی بیر كاتەوە، چەپەڵكاری زۆر دەبێ، لە ڕوبینی زیاد دەكا، لە بەهاو ڕێزی بێزاری دەنوێنێ لەمەڕ ئەو كەمو كوڕیەی لە بیر كردنەوەیدا هاتۆتە ئاراوە، بە ڕێژەیەكی وا درێژە بە ناسۆری ژیانی ئەدا، كە خەریكە لەو ڕۆژەی خۆی لەناو با، بە شێوەیەكی وا لە دەردو بەڵایان دەترسێ، كە پێی وایە بەم چەشنە لەسەری لادەچێ.

هەر لەبەر ئەمە پارانەوەی بەندە لە نێوان خۆی و خوایدا بەڕەوا زانراوە، چونكێ خوا بە ڕازو نهێنیان ئاشنایەو ئەوەی لە پاش پەردەیە لە لای ئەو ڕون و ئاشكرایە، كەچی ئەو نهێنیە لە نێوان خەڵكدا بەربەستی زۆری لەبەردەم دایە، لە دەرەوی بازنەی بەرژەوەندی دایە.

لەو كاتەی بەندە بێ ئومێد دەبێ خوای گەورە پشوو هەنسكێك لە لایەن خۆیەوە ئەنێرێ، بەسەر هەر كەسێدا خۆی بیەوێ لە دروستكراوەكانی، ئاسانكاری و ئومێدی ڕزگاری و، ئەوپەڕی خواستو مەبەستیش لە دەرگای ئەودا چاوەڕوان دەكرێ، هەر ئەویش بەسمانەو باشترین پشتیوانمانە.

لە كتێبی "الفرج بعد الشدة" دانراوی (تەنوخی) ورد بومەوەو چەند جار خوێندومەتەوە ئەو سێ سودو قازانجەم لێ وەدەست هێناوە:

یەكەم: لێبونەوەی دەروی خێر لە دوای تەنگانە دابو نەریتێكی دێرینەو داوایەكی سەلێنراوە، هەروەكو سەرپێچی لەوە ناكرێ و گومانی تێدا نیە، كە دوا بە دوای شەو بەیانی دادێ.

دووەم: مەینەت باری و كڵۆڵی زۆرجاران لە خۆشی و شادی بەهەڕمێنترو سودبەخشترە بۆ بەندە لە دنیاو دواڕۆژیدا.

سێیەم: بە دڵنیاییەوە ئەوەی زەڕو زیانی لەدەستە تەنیا ئەو خوایەیە كە بەرزو شكۆدارە، گومانیشت نەبێ ئەوەی خوا بیەوێ بەسەرت بێ دەبێ هەر ببێ ئەوەیشی خوا نەی هەوێ ببێ ناكرێ بەسەرت بێ.

٥٠٩

خەمبار مـەبە دنیا هـەندەی نایەنێ تۆی لە پێناودا دا بمێنـێ

زانـای بـەناوبانگ (ئـیبن موبـارەك... دەڵێ: هـۆنراوەی (عـدی) کـوڕی (زیـد)م لا خۆشەویستترە لەوەی کۆشك و تەلاری (امیـر تاهیـر)ی کوڕی (حسین)م هەبێ.

ئەویش ئەو هۆنراوە سەرنـج ڕاکێشو ناوازەیە، کە ئەمە بەشێکی تی:

ئەی ئەو کەسەی لە ڕۆژگار تـانەوتەشـەر دەگری
مـەگـەر لات وایـە تـۆ لە هەڵـەو تـاوان بەری؟
یـاخـــود لـەگـەڵ ڕۆژگـــاردا بـــەڵێنـــت داوە
واتێنـەگـەی، بەڵکـە نـەزانـی و لێـــت گـــۆڕاوە

واتە ئەی ئەو کەسەی بـە بـەڵابارى خـەڵکان شـادمانی، تـۆ پـەیمانت پـێدراوە کـە بەڵایەکی وەکو ئەوانت بەسەر نێ؟! یا ڕۆژگار بەڵێنی لەگەڵ بەستوی لەسـەر ئـەوەی لە هەمو کۆست و کۆسـپێکی ژیـان ڕزگـارت بـێو هـیچ کارەسـات و ئاسـتەنگێ یەخـەت نەگرێ؟! دەی کەوایە ئەو بەدی و چاو تێ بڕیەت لە چی دایە؟

لە فەرمودەیەکی ڕاست و ڕەوادا هاتوە: ((لو ان الدنیا تساوي جناح بعوضة، ما سقی الکافر منها شـــربة ماء... ئەگەر دنیا بارتەقای بـاڵی مێشولەیێ لـە لای خـوا سـەنگی هەبوایە، تەنیا قومە ئاوێکی لەم دنیایەدا نەدەدا بە هیچ بێ باوەڕێ)).

بێگومان دنیا لە لای خوا لە بـاڵی مێشولەیێ بـێ بایـەخ تـرە، ئـا ئـەوە ڕاستێتی و سـەنگـو نـرخـی دنیایـە، کەواتـە بۆچی ئـەو خاکەسـاری و قـوڕ پێوانـەی لەسـەرو لـە پێناودا بکرێ؟! بەختەوەری لەوەدایە: لەمەڕ خۆت و خاوخێزانت و بژێوی ژیـان و دوا ڕۆژت دا هەست بە مەترسی نەکەی، ئەو بەختەوەریـەش کـە بریتێیـە لـە باوەڕ بـە خوا بون و بە بڕیارو چارەنوسی خوا قایل بون و، بە بەشی خۆ ڕازی بون: هەموی لە ئارام گرتنەوە فەراهەم دێ.

تۆ بـاوەڕت بە خـوا هـەیە خەمناك مـەبە

﴿ ... بَلِ ٱللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَىٰكُمْ لِلْإِيمَٰنِ ... بەڵام خـودا منەت لەسەر ئێوە دەکا، کە ڕێگای بڕوا هێنانی نیشان داون، ﴿١٧﴾ الحجرات ﴾.

یـەکێ لـەو بـەهرەو بەخشـانەی تـەنیا ژیریـارو هۆشـداران دەرکـی پـێ دەکـەن ئەوەیە: بڕوادار سەرنجی بێ باوەڕ دەدا، ئەو چاکەو خەڵاتەی خوات دێتەوە یـاد، کـە لە ڕێنمایی‌و هیدایەت دایە بۆ ئاینی ئیسلام، هەست دەکـەی خـوای بـەرزو بـێ هاوتـا تۆی وەکو ئەو بێ باوەڕە دانەناوە، کە بەرامبەر پەروەردیاری سەرپێچی کارو یاخیە، نکۆڵی لە ئایەتەکانی دەکا، لە ڕەوشتە جوانەکانی لاملی دەکـا، لـە ئاسـتی ڕۆزی دەرو بەدیهێنەریدا ڕەقەکارو دژە کارە، پێغەمبەرانی خواو پەیامەکانی بـەدرۆ دەزانـێ، لـە فـەرمانی لـوت بڵنـدی دەکـا، دوای ئـەوە بـیر دەکەیتـەوە کـە تـۆ موسـڵمانێکی یەکتاپەرستی، بە خـواو پەیامبـەرانی‌و دواڕۆژ بـڕوادارى، ئـەرکی سـەر شـانت ئەگـەر چی بە کەم تا کورتیش بێ بەجێ دەهێنی، بێگومان ئەوە خۆی لەخۆیدا بەهرەیەکە بە هیچ قیمەتێ ناخـەملێن ڕێو بـە هـیچ سـامانێ نافرۆشـرێ، بـە مەزەنـدەی کـەس مەزەندە ناکرێ، لەوەی بە بەرچاوانت دەکەوێ هاو وێنـەی نابـێ: ﴿ أَفَمَن كَانَ مُؤْمِنًا كَمَن كَانَ فَاسِقًا ۚ لَّا يَسْتَوُۥنَ ... چۆن کەسێ بڕوای هێنـاوە، وەك ئەوەیـە کـە لـە ڕێـی خودا لای داوە؟ وەك یەکتر نین، ﴿١٨﴾ السجدة ﴾.

هەتاوەکو هەنـدێ لـە تـوێژەرەوانی قورئـان بـاس دەکـەن کـە یـەکێ لـە بەخـشش‌و خەڵاتی بەهەشتیان ئەوەیە تەماشای دۆزەخیان دەکەن، سوپاسی پەروەردێنیان دەکەن لەسەر ئەو بەهرەیە، "بە سای بێ باوەڕیش هەموشتێ دابڕ دابڕ دەبێ".

هەڵوەستەیەك

لا اله الا الله: واتە جگە لە خوای تاقانەو توانا هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە، چونکێ هەر ئەو خاوەنی ڕەوشتی خوایەتیە، ئەو ڕەوشتانەی نیشانەی بێ لەکەیی‌و ئەوپەڕی تەواوین.

ڕازو نهێنی ئەو وشەیە لەوەدایە: هەر ئەو خوایە گەورەیەو سوپاسندەیە، بەرزو پیرۆزە ناوو ڕەوشتە جوانەکانی، هەرە زاڵەو دەسەڵاتی بێ سنورە، هەر ئەو شیاوە بە پەرستن‌و، خۆشویستن‌و ڕێزلێنان‌و بە گەورە دانان، بە لێ ترسان‌و ئومێد پێ هەبون، ئەوانەش، کە دوا بە دوای ئەوانە دێن وەکو پشت پێ بەستن‌و بۆ لا گەڕانەوە، لێ چاوەڕوان کردنی قازانج‌و زیان، تەنیا هەر ئەوی خۆشبوێ، هەر چینێکیش خۆشی دەوێ لە خۆشەویستی ئەو بێ‌و، هۆکاری پتر خۆشویستنی بێ، ترس‌و بیمی هەر لەوی بێ، چاوی تەنیا لە دەروی خێری ئەوو هەر بە هیوای کۆمەکی ئەو بێ، ئارەزوو خواستی بۆ لای خودا بێ تەنیا بە سامو هەیبەتی ئەو خوایە ڕابچڵەکێ، هەر بە ناوی خوا سوێند بخوا، تەنیا بۆ ئەو لە خۆ بگرێ‌و، هەر بۆ ئەویش پەشیمانی دەربڕێ، گوێڕایەڵی فەرمانی بێ، لە هەمو کارو فەرمانێدا خودای بەسبێ‌و، لە تەنگانەدا نزاو سکاڵاو هانا وەبەرهێنانی هەر بۆ لای ئەو بێ، سەری کڕنۆش تەنیا بۆ خوا دابنوێنێ، هەر لە پێناوی ئەو بە ناوی ئەو قوربانی سەربڕێ، دەشتوانین ئەوانە هەموی لە یەك پیت دا کۆ کەینەوە، ئەویش ئەوەیە: بە هەموشێوەکانی پەرستن تەنیا خوا بپەرستڕێ.

ئەگەر تەگەرەیەکت هاتە ڕێ خەمبار مەبە چونکو لەبەرەو پێش چون دوات ناخا

لە پاشکۆی ڕۆژنامەی (عوکاز) لە ژمارە ١٠٢٦٢ دا لە بەرواری ٧ /٤ /١٤١٥ ی کۆچی لەگەڵ نابینایەکدا بە ناوی: (موحەممەد بن موحەممەد مەدەنی) چاوپێکەوتنێك ئەنجام درا، ئەو نابینایە چەندین کتێبی وێژەی بە چاوی چاوساغان خوێندۆتەوە، گوێبیستی چەندین کتێبی میژویی‌و گۆڤارو ڕۆژنامەو خول بوە، جاری وابو تاوەکو کاتژمێر سێی شەو لەگەڵ یەکێ لە هاوەڵانیدا دەیخوێندەوەو گوێی بۆ هەڵدەخست هەتا بو بە سەرچاوەو چاوگی وێژەو هەواڵو وتەی نەستەق.

(مستەفا ئەمین) لە ڕۆژنامـەی (الشرق الاوسـط) لـە گۆشـەی "فکـرة" دا وتەیـەك دەنوسـێ، تیایـدا هـاتوە: لەسـەر فـێڵو تەڵەکـەی ناحـەزان‌و، سـتەمی سـتەمکاران‌و، پەلاماری زۆرداران تـەنیا پێـنج خولـەك ئـارام بگـرە، بێگومـان سـەرەنجام قامـچیەکە هەڵدەوەرێ، کۆت‌و زنجیر دەپچڕێ، ڕۆژێ دێ بەندکراوەکە دەرگای لە ڕودا والاّ بکرێ، لەمەولا تاریکایی دەتارێ، بەڵام تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە ئارامبگری‌و چاوەڕێ بی.

لەگەڵ موفتی ئەلبانیا لە شاری ڕیاز چاوپێکەوتنێکم ئەنجامدا، لە کاتێکا لە لایەن شـوعیەکانی ئـەلبانیاوە بیـست سـاڵ بەنـد کرابـو، چـەند کـارێکی قورسیـشی پـێ سپێررابو، هاوکات لەگەڵ کوت بەندی، لەگەڵ ئەوپەڕی ئەشکەنجەو ستەم‌و بێ دادی، لە تاریکایی‌و برسێتی، لە ترسان لە سوچێکی ئاودەست خانـە هـەر پێـنج نوێژەکـەی ئەنجام دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئارامی لەسەر گرت‌و پشتی بە خـوا بەسـت هـەتا دەروی خێـری لـە ڕودا والاّ کـرا، ﴿فَٱنقَلَبُواْ بِنِعْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضْلٍ ... هـاوڕێ دەگـەڵ نیعمـەت‌و چاکەی خوادا گەڕانەوە. ﴿١٧٤﴾ آل عمران﴾.

فەرمو ئـەوە "نلسۆن مانـدێلا" سـەرکردەی باشـوری (ئـەفریقیا)، بیـست‌و حـەوت ساڵ زینـدانی کـرا، کەچـی بـۆ ئـازادی گـەل‌و نەتـەوەی هـاوار‌و چـریکەی هەڵدەبڕی، داوای ئەکرد گەلەکەی لەژێر نیری ستەم‌و خۆخۆڕی‌و زۆرداری‌و چەوسانەوە ڕزگـاری بـێ، خـۆڕاگر‌و پێـداگر‌و سـوربو، ڕێـی خـەباتی بەرنـەدا، هـەتا سـەرکەوتنی دنیـایی وەدەست هێنا.

﴿ ...نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَٰلَهُمْ ... ئێمـە مـزەی کردەوەیـان -بـە تـەواوی- هـەر لـەم دنیایـە دەدەینێ، ﴿١٥﴾ هود﴾.

﴿ ...إِن تَكُونُواْ تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمُونَ وَتَرْجُونَ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا يَرْجُونَ ... ئەگـەر ئێـوە لـەوان توشـی ئـازار دەبـن، ئـەوانیش -هـەروەکو ئێـوە- لـە ئێـوە ئـازار دەبینن، ﴿١٠٤﴾ النساء﴾.

﴿ إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ ٱلْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُۥ ... ئەگـەر ئێـوە بریـندار بـون، دوژمنیشتان وەك ئێوە بریندار بوە، ﴿١٤٠﴾ آل عمران﴾.

دڵ پەســتی ناوێ ئەگــەر بە ئیســلام ئاشــنای

ئــەو دڵانــەی لــە ئیــسلام نائاگـــانە چــەند چــارە ڕەشــن، کــە هــیچ ســەرەدەری لــێدەرناکەن، بێگومــان ئــەو ئیــسلامە هــەوڵو گــەڕی دۆســتانو هــەڵگرانی گەرەکــە، ڕاگەیاندنێکی بەرفراوانی جیهانی پێویستە، چونکو دەنگــو باسی ئــەو ئیــسلامە زۆر گەورەیە، بانگەوازی بۆکردنیشی پێویستە بە ڕۆشنیو پێشکەوتوانەو سەرنج ڕاکێش بێ، چونکە بەختەوەربونی مرۆڤایەتی تەنیا لــەو ئایینــە ڕاستەو یەکجارەکیــە دایــە، ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ ... هەرکەسێ بەدەر لە ئیــسلام، هــەر دینێکی دیکەی هەبێ، قبوڵ نیەو لە دواڕۆژا لە ڕێزی زیانبارانە، ﴿٨٥﴾ آل عمران ﴾ .

موسڵمانێکی بانگەوازکاری ناودار لە شاری میــۆنخی ئــەڵمانی نیــشتەجێ دەبــێ، لــە دەروازەی شــاردا تابلۆیــەکی گــەورەی ڕاگەیانــدن هەیــە، بــە زمــانی ئــەڵمانی لەســەری نوسراوە: "ئەتۆ بە دێهاتەکانی (یۆکوهاما) ئاشنا نیت".

ئــەو بانگــەوازکارەش شــان بــە شــانی ئــەو تابلۆیــە تابلۆیــەکی گــەورە دەچــەقێنێو لەسەریشی دەنوسێ: "تۆ بە ئیسلام ئاشنا نیت، گەر دەتەوێ ئیسلام بناسی، بە ژمارە تەلەفۆنی ئەوەندەو ئەوەندە پەیوەندی بکە".

لــە هــەمو کــونو قــوژبنێکی ئــەڵمانــەوە بەلێزمــە پــەیوەنــدی پێــوە کــرا، هــەتاوەکو نزیکەی سەد هەزار کەس لە ژنو لە پیاو لە یەك ساڵدا لەسەر دەستی ئەو موسڵمان بون، مزگەوتێكو بنکەیەکی ئیسلامیو خانوێکی بۆ پەروەدە کردن بنیات نا.

بێگومــان مرۆڤایــەتی ســەرگەردانو سەرلێــشێواوە، زۆر ئاتــاجی ئــەم ئایینــە شــکۆدارەیە، تــاوەکو دڵارامــیو هێمنیوهــەداری بــۆ بگێڕێتــەوە، ﴿ يَهْدِى بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضْوَٰنَهُۥ سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ وَيُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذْنِهِۦ وَيَهْدِيهِمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ... بــەو قورئانــە، خــوا ئەوەنــدەی شوێنی ڕەزای ئەو دەکەون، دەخاتــە ســەر ڕێــی هێمنیو بــە ئیزنــی خــۆی لــە تــاریکی دەریاندەخاو بەرەو ڕوناکیان دەباو ڕێگەی ڕاستیان نیشان دەدا، ﴿١٦﴾ المائدة ﴾ .

یەکێ لە گەورە خوا پەرستان دەفەرموێ: گومان نـا بـەم هـیچ کەسـێ لـە جیهانـدا جگە لە خوا بپەرستێ.

بـەڵام ﴿ ... وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ ... لـە عەبـدەکانم کـەمتریان شـوکرێ دەکـەن. (١٣) سبأ ﴾.

﴿ وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ... ئەگـەر کەوتیـە شـوێنی قـسەی زۆربـەی ئەوانـەی وا لـەم سەرزەمینەدان، لە رێگەی خودا لات دەدەن، چونکە هەمو بە شوێن خەیاڵدا دەڕۆن و هەر لە پڕوپوچ خەریکن، (١١٦) الأنعام ﴾ .

﴿ وَمَآ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ ... هەرچـەندە زۆریـش بـە تاسـەوە داوا بکەی، ئەم مەردمە زۆربەیان بڕوا ناهێنن، (١٠٣) یوسف ﴾ .

یەکێ لە زانایان بۆی گێڕامەوە کە لە کاتی داگیرکردنی سودان لەلایەن ئینگلیزەوە موسـڵمانێکی سـودانی بیابـان نـشین دێتـە شـاری (خـەرتوم) پایتـەختی سـودان، لـە ناوەڕاستی شار چاوی بە پۆلیسێکی هاتوچۆی بەریتانی دەکـەوێ، موسـڵمان دەپرسـێ: ئەوە کێیە؟ پێیان گوت: ئەوە بێ باوەڕە. ئەویش گوتی: بـاوەڕی بـە چ نیـە؟ گوتیـان: باوەڕی بە خوا نیە. گوتی: جا کەس هەیە بـاوەڕی بـە خـوا نـەبێ؟! بـە سـای ئـەوەی بینی و گوێبیستی بو قێزی بوەوەو دەستی بە سگیوە ناو ڕشایەوە، دوای ئەوە بـەرەو بیابـان گەڕایـەوە. ﴿ فَمَا لَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ...! چیانە ئەمانـە بـاوەڕی هـەر نـاهێنن، (٢٠) الانشقاق ﴾.

(ئەسمەعی) دەڵێ: عەرەبێکی کۆچەری گوێی لـە قورئـان خوێنێـك دەبـێ کـە ئـەو ئایەتە دەخوێنێ: ﴿ فَوَرَبِّ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ إِنَّهُۥ لَحَقٌّ مِّثْلَ مَآ أَنَّكُمْ تَنطِقُونَ ... سا سوێند بـە

پەروێنی ئاسمانو زەمین، ئەمە ڕاستە، هـەروەك بـۆ خۆتانـدا خێـون [٥١٠]، ﴿وَٱلذَّٰرِيَٰتِ ذَرْوًا ﴿١﴾﴾ الـذاريات.

عەرەبەکە دەڵێ: گەورەیی بۆ خوا، چی وای کردوە خوای باڵا دەست سوێند بخوا؟! بە ڕاستی ئـەوە گومـان چاکیە بەرامبـەر بـە خـواو بـە بەخـشندەیی پەروەنـدەو بـە پاداشتو سۆزو میهری ئاشنا بونە. بە بێ گومانیش لە فـەرمودەی پێغەمبـەردا ﷺ هاتوە کە دەفەرموێ: ((يضحك ربّنا))؛ پەروەردیارمان پێدەکەنێ" یەکێ لە عەرەبە دەشتەکیەکان گوتی: بێ ئومێد نابین لە پەروەردگارێك بە چاکەوە پێدەکەنێ.

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ مِنۢ بَعْدِ مَا قَنَطُوا۟ ... هەر ئەویشە لـە پـاش ناهومێـد بـون لە باران، بارانە دادەبارێنێ، ﴿٢٨﴾ الشورى ﴾.

﴿ ... إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ... ئـەو کەسـانەی چـاکە کـارن لـە بەزەیی خوا نزیکن، ﴿٥٦﴾ الأعراف ﴾.

﴿ ... أَلَآ إِنَّ نَصْرَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ ... تۆ بزانە کە یاریدەی خوا نزیکە. ﴿٢١٤﴾ البقـرة ﴾ .

هـەر کەسـێ دەربـارەی بەسـەرهاتو ژیـان نامـەی خـەڵکانو جـوامێران کتێـب وەخوێنێ چەند بنچینەو بابەتێکی سودمەند وەدەست دێنیو لێی بەهرەمەند دەبـێ ئەوانە (نمونەی خەرمانێکن):

١- بێگومان سەنگی مـرۆڤ لەوەدایـە چاکە کـار بـێ، ئـەوە وتەیـەکی پێشەوا (عـەلی کـوڕی ئـەبو تالیبـە)، ئـەوە دەگەیـەنێ، کـە زانسـتو زانیـاریو ڕێـزو بەندایـەتی بەخشندەییو خوڕەوشتی مرۆڤ نرخو سەنگی خۆیەتی، نرخی ئەو لە ڕوخسارو لە ڕوکارو پلەو پایەیدا وەدی ناکرێ: ﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١﴾ أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ ... گـرژ بـو ڕوشی وەرگێڕا! کە بێ چاوەکە هاتە لای، ﴿٢﴾ عبس ﴾.

---

٥١٠) قسـە بکەن.

﴿ ... وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ ... بەندەیـەکی بـڕوادار لـە پیاوێکی ئازادی خودانەناس هێژا تر بە زۆریش حەزی لێ بکەن، ﴿٢٢١﴾ البقرة ﴾.

٢- مـرۆڤ بـە ئەنـدازەی وڕە بـەرزی و هـەوڵ و گـەڕو قوربانیـدانی شکۆداڕو پایـەدار دەبێ، هەر لە گۆترەو لەو گۆڕەش پلەو پایە بەدەست نایێنێ.

گومان نەبەی شـکۆداری دەنکە قەسپێکەو دەیخەیتە زاری...

﴿ وَلَوْ أَرَادُوا۟ ٱلْخُـرُوجَ لَأَعَدُّوا۟ لَهُۥ عُدَّةً ... ئەگـەر بیانویـستایە دەرچـن خۆیـان بۆ ئامادە دەکرد. ﴿٤٦﴾ التوبة ﴾.

﴿ وَجَـٰهِدُوا۟ فِى ٱللَّهِ حَقَّ جِهَـادِهِۦ ... بە دڵو داو[٥١١] -وەك پێویستە- لـە ڕای خـودا بچنە خەزا، ﴿٧٨﴾ الحج ﴾.

٣- بێگومان مرۆڤ هەر خۆی بە دەستی خۆی دێرۆکی[٥١٢] خـۆی بـە یارمـەتی خـودای خۆی تۆمار دەکات، هەر ئەوە ژیان نامەی خۆی بە کـردەوەی جوانو ناشیرنەوە دەنوسـێ: ﴿ ... وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا۟ وَءَاثَـٰرَهُمْ ... هـەر کـارێکی بـە زینـدویی کردویانەو شوێنەواریان، گش دەنوسین. ﴿١٢﴾ یس ﴾.

٤- تەمەنی بەندە کورتەو زو تێدەپـەڕی و، دەسـت بـە جێ دەبڕێتـەوە، جـا مرۆڤـی (ژیر) بە گوناهو تاوانو خەمو پەژارەو مەینەتی ئەو تەمەنە تێك ناپەڕێنێ:

﴿ ...لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَىٰهَا ... بـە دەر لـە ئێـوارەی ڕۆژێـك یـان چێـشتانێ نەماونەوە. ﴿٤٦﴾ النازعات ﴾.

﴿ قَالُوا۟ لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ فَسْـَٔلِ ٱلْعَآدِّينَ ... ئێـژن: ئێمـە هـەر ڕۆژێـك یـان هێندێك لە ڕۆژێ ماینەوە، لە حیساب گەران بپرسە. ﴿١١٣﴾ المؤمنون ﴾ .

---

٥١١) بە دڵو بە گیان.

٥١٢) مێژوی خۆی.

هـەندێك لە هـۆكاری بەختـەوەری:

١- ئەنجامـدانی كـردەی چاكـە: ﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ... هەر كەسێ كرداری باشەو بە باوەڕ - ج نێر، ج مێ- هەتا دەژی وا دەكەین بە خۆشی بژی، (٩٧) النحل ﴾.

٢- هاوسـەری گونجاوو لـەبار: ﴿ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ ... ئەی پەروەردێنمان! ژنو منالانی وامان پێ ببەخشە، ببنە مایەی چاوڕونیمان (٧٤) الفرقان ﴾.

٣- خانویەكی بەجێو ڕێ: لە فەرمودەی پێغەمبەریشدا ﷺ هاتوە: ((اللّهم وسِعْ لي في داري... پەروەردگارا خانو بەرەم بۆ فراوانكەی)).

٤- كارو پیشەیەكی حەڵاڵ: لەو فەرمودەشدا هاتوە: ((إن الله طيب لا يقبل إلا طيبا... خوا پاكەو تەنیا پاكیشی قەبوڵە)).

٥- ڕەوشت جـوانیو خـۆش ڕەفتـاری لەگـەڵ خـەڵكان: ﴿ وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ ... لە هەر كوێش بم، پێو قەدەمم پیـرۆز دەكا. (٣١) مریم ﴾.

٦- ڕزگاربون لە دەست قەرزو قۆڵو زیادە ڕۆیی لە خەرج كردندا: ﴿ ... لَمْ يُسْرِفُوا۟ وَلَمْ يَقْتُرُوا۟ ... نەیەك جاری دەسبلاون، نـە بـە تـەواوەتیش دەس قوچاون، (٦٧) الفرقان ﴾.

﴿ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ ... دەسـتەكانت دەگەردنت وەرمەهێنەو تەواویش پانیان مەكەوە. (٢٩) الإسراء ﴾.

* بنەمای بەختەوەری: دڵێكی سوپاس كارە، زمانێكی ستایش یارو، لاشەیەكی ئارامگرە.

ئەگەر بێو دەربارەی بەختەوەری، زانستی زانایانو، لێزانی شارەزایانو، هۆنراوەی هۆنەرانت بۆ کۆکەمەوە، بەختەوەری وەدەست نایەنێ هەتاوەکو بۆ چێژ وەرگـرتنیو دەستەبەرکردنی ڕاستگۆیانە خـۆتی بـۆ یـەك لا نەکەیتـەوەو، بـە دوای دانەگـەڕێ بۆئەوەی دژی بەختەوەریە فرێی نەدەی: لە فەرمودەی قودسی داهاتوە هـەر کەسـێ بە ڕۆیشتنەوە بەرەو ڕوم بێ بە غاردان بەرەو ڕوی ئەچم".

یەکێکی تریش لە هۆکـاری بەختـەوەری بەنـدە پاراستنی نهێنیو وەستان لەسـەر قاچی خۆیەتی.

دەگێڕنەوە کابرایێکی عەرەب دە دینـاری دەدەنـێ لەبەرامبـەر نهێنییـێك بپـاریزێ، بە نەدرکاندنی ئەو نهێنیە دڵو ناخی وێکدێنەوە، دەچێتە لای خاوەن پارەکەو، دەڵێ فەرمو خۆتو پارەکەت بۆ ئەوەی چیتر نهێنیەکە وەخۆهەڵنەگرێ، چونکە پاراستنی نهێنی خۆڕاگریو ورەبەرزی گەرەکە: ﴿ ...لَا نَقْصُصْ رُءْيَاكَ عَلَىٰٓ إِخْوَتِكَ ... ئەم خەوەت لای براکانت مەگێڕەوە. (٥) یوسف ﴾.

لەبەرئـەوەی دەرخـستنو بەرچاوخـستنی لاپـەڕە نهێنیـەکانی مـرۆڤ بـە ڕوی خەڵکداو، بە گۆڕێ وەرکردنی ڕازو نیاز بۆیان، خاڵی لاوازی ئەو مرۆڤەن، ئەوەشیان نەخۆشێکی لە مێژینەیەو دەردێکی بـن داکوتـاوە لـە مرۆڤایەتیـدا، دەرونـیش بـەوە خوازیارە نهێنیان بە دەرڕاوەرکاو، دەنگـو باسان بگوازێتەوە.

پەیوەندی ئەو بابەتەش بە مەسەلەی بەختەوەری ئەوەیە هـەر کەسـێ نهێنی لـە لای خۆ ناگرێ بە زۆری ژێوانی دەردەبڕێو خەمو پەژارە دەیگرێ.

(جـاحیز...یـش لـە نامەکانیـدا دەربـارەی خوڕەوشـت، لەمـەڕ پاراسـتنی نهـێنی وتەیەکی سەرنج ڕاکێشی هەیە، هەر کەسێ دەیەوێ با چاوێکیان پێ دابخشێنێ.

لـە قورئـانی پیـرۆزیـشـدا هـاتوە: ﴿ ...وَلْيَتَلَطَّفْ وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا ... با بەزیتـی [٥١٣] ببزوێتەوە [٥١٤] و هیچ کەسیش پێتان نەزانێ. (١٩) الكهف ﴾ .

---

٥١٣) بە وریـایی.

٥١٤) بجولێتـەوە.

ئا ئەوە بنەمایەکە بۆ پاراستنی نهێنی، عەرەبی کۆچەریش دەڵێ شاردنەوەی نهێنی جاری وایە لێدانی ملی تێدایە.

خەمبار مەبە بەر لە بڕانی ماوەی ژیانت نامری

﴿ ... فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ... بۆ مەرگی هەر ئۆمەتێ، وەختێ هەیە، ئەگەر وەختی مردنیان هات، نە تاوێك دەکرێ پێش کەون، نە تاوێکیش دوا دەکەون، ﴿٣٤﴾ الأعراف ﴾.

ئەو ئایەتە پرسەو سەرەخۆشی ئەو ترسەنۆکو بێ جەرگانەیە بەرلەوەی سەرەی مردنیان بێ چەند جار دەمرن، دەبا دڵنیا بن مەرگ ماوەی دیاری کراوە، نە پێش دەکەوێو نە دوا دەکەوێ، هیچ کەسێ ناتوانێ تاڵوکەی لێ بکاو، هیچ مرۆڤێ ناتوانێ دوای بخا، با هەرچەندە خەڵکی رۆژهەڵاتو رۆژئاواش هەوڵی بۆ بدەن، ئەوەشیان خۆی لە خۆیدا دڵارامیو هێمنیو هەداریو خۆڕاگری وەبەر بەندە دەهێنێ: ﴿ وَجَآءَتْ سَكْرَةُ ٱلْمَوْتِ بِٱلْحَقِّ ... بورانەوەی ئاویلکەدان[٥١٥]، وا دیاریدا، ﴿١٩﴾ ق ﴾.

دڵنیا بە پابەندبون بە غەیری خودا بەدبەختیو چارەڕەشیە: ﴿ ... فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٍ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُنتَصِرِينَ ... هیچ دەستەیەکیش نەبو کە قارون لە خودای بپارێزێو خۆشی یاریدەی خۆی نەدا. ﴿٨١﴾ القصص ﴾ .

کتێبی (سیر اعلام النبلاء) دانراوی (زهەبی) لە بیستو سێ بەرگ پێك هاتوە، چەندین زاناو خەلیفەو دەسەڵاتدارو فەرمان بەدەستو وەزیرو ساماندارو شاعیری تیادا باسکراوە، بە لێکۆڵینەوەو سەرنجدانی ئەو کتێبە دو ڕاستی گرنگ وەدەست دێنی:

یەکەم: هەر کەسێ پەیوەندی بە جگە لە خوا ببەستێ وەکو مااڵو منداڵو پلەو پایەو کارو پیشە، ئەوا خوای گەورە بەو شتەی دەسپێرێ کە پەیوەندی پێوە

---

٥١٥) گیانەڵا، سەرە مەرگ، گیان کێشان. وا سەرەمەرگ هات.

دەبەستێ، دەشبێتە هۆی ئازار چەشتنو چارەڕەشیو تێشکانو لەناوچونی: ﴿ وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ ٱلسَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ ... ئیتر هەر ئەو هاودەمانە لە ڕێگەی هەڵەیان دەکەن، لاشیان وایە ڕاستە ڕێیان دیوەتەوە. (٣٧) الزخرف ﴾.

(فیرعەون) بە پلەو پایەو، (قارون) بە مالّو سامانیو، (ئومەییە)ی کوڕی (خەلەف) بە بازرگانیو، (وەلید) بە کوڕەکانی، سپێردران.

﴿ ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ... تۆ لێم گەڕێ بۆ ئەو کەسەی من تەنیا وەدیم هێناوە، (١١) المدثر ﴾.

دووەم: هەر کەسێ بە خوا سەربڵندی وەدەستبێنێو لە پێناوی خوا بێ کارو کرداری خۆی لێ نزیك خاتەوە، خوای گەورە پایەدارو شکۆدارو ڕێزداری دەکا بە بێ ئەوەی وەجاخ زادە بێو پلەو پایەو مالّو منالّو هۆزو تیرەی هەبێ؛ (بیلال) بە سای بانگ بێژی، (سەلمان) بە سای هەڵبژاردنی دواڕۆژی، (سوهەیب) بەهۆی قوربانیدانی، (عەتاء) بە سای زانستی، ﴿ ...وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلسُّفْلَىٰ وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ هِيَ ٱلْعُلْيَا ... قسەی خودانەناسەکان وەبن کەوتو هەر قسەی خودا لەسەرە. (٤٠) التوبة ﴾.

پابەندی ئەو نزایە بن (یا ذا الجلال والاکرام...)

((ألفظوا بیا ذا الجلال والاکرام...)) هەمیشەو زۆر ئەو یادە بکەن، لەسەریشی بەردەوام بن، ئەو نزایەش وەکو وی وایە بەڵکە گەورەتریشە کە دەفەرموێ: (یا حي یا قیوم... گوتراویشە: ئەوەیان ناوی هەرە گەورەی[٥١٦] پەروەردگاری جیهانە ئەو ناوەی ئەگەر نزای پێ بکرێ خوا وەڵامی ئەداتەوە، ئەگەر داوای شتێکی پێ بکرێ دەبەخشرێ، بەندە هەر ئەوەندەی لەسەرە دەنگو هاوارو چریکەی پێ هەڵبڕێو

---

٥١٦) ئیمسی ئەعزەمە.

لەسـەری بـەردەوام بـێ، تـاوەکو ڕزگـار بـونو سـەرکەوتنو لێبونـەوەی دەروی خێـر بەچاوی خۆی ببینێ: ﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ ... لـەو کاتەشدا کـە هاناتـان بۆ پەروەردیارتان دەبرد، جا وەلامی دانەوە. ﴿٩﴾ الأنفال﴾.

سـێ ڕۆژ لە ژیانی موسـڵماندا وەکو چـەژنەوانـە

ڕۆژێك بە کۆمەڵ نوێژە فەرزەکانی تێدا ئەنجامدا، لە گوناهو تاوانیش بە دور بێ: ﴿... اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ ... هـەر کاتـێ خـوداو پێغەمبـەر لێـو داوا دەکەن، گورجێی بکەن[٥١٧]، ﴿٢٤﴾ الأنفال﴾.

ڕۆژێکیشیان تیایدا تۆبە بکاو پەشیمانی لە تاوانی دەربڕێ، بـەرگی سەرپێچیکاری لـە خۆیـدا دابڕنـێ، بـۆ لای پـەروەردیاری وەگـەڕێ: ﴿ ...ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوا ... پاشان ئەوانیشی بەخشی کە بەرەو خودا وەگەڕێن. ﴿١١٨﴾ التوبة﴾ .

هەروا ئەو ڕۆژەی بە ڕوی سـپی‌و کردارو ڕەفتاری چاکە بە خزمەت خـوای خـۆی دەگاتەوە: (من أحب لقاء الله أحـب الله لقـاءه... هـەر کەسـێ پێـی خـۆش بـێ بـە خـوا بگاتەوە، خوا پێی خۆشە پێی بگاتەوە.

سەرگوزەشتەی هاوەڵانی پێغەمبەرم خوێندۆتەوە -ڕەزای خوایان لەسەر بێ- پێنج مەسەلەم لە ژیانی ئەواندا سەرنجداوە کە لە خەڵکانی تر جیای کردونەتەوە:

یەکـەم: لـە ژیانیانـدا سـوك‌و سـاناییان گـەرەك بـو بـاری خۆیـان گـران نـەدەکرد، کارەکانیان بە سادەیی ئەنجام دەدا، فاق‌و بریـق‌و قوڵبونـەوەو ڕەقـەکاریان پـشت گوێ دەخست: ﴿ وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَىٰ ... لەبەریشت ئاسان دەکەین، ﴿٨﴾ الأعلى﴾.

دووەم: زانستو زانیاری وان بە لێزمەو بە لێشاو بو هاوشانی کارو ڕەفتار بـو، زانـستی وان نەسەرو گوێی لـێ ئـەبوەو نـە پـەراوێزی بـۆ ئـەکرا، نـە زۆر بڵێـی‌و، هـاتو

---

٥١٧) بە پەلە ئەنجامی بدەن.

هـاوارو گـریّو گـالّی تیّـدا بـو: ﴿ ...إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْ ... لـه نـاو عەبدانی خودادا هەر ئەوانەی فرە زانان لێی دەترسن، ﴿٢٨﴾ فاطر ﴾.

سێیەم: ئـەوان کـردەوەی دڵیـان لـەلا گـەورەتر بـو لـه کـردەوەی لاشـەیی، نیازپـاکی و گەڕانـەوەو پـشت بەسـتن و خۆشویـستن و ئارەزومەنـدی و ترسـان و ڕاچڵەکان لـه خواو وێنەی ئەوانەش کـارو کـردەوەی ئـەوان بـون، لـه کاتێکـا لـه نوێـژو ڕۆژوی سونـنەتدا ئاسانکاریان ڕەچاو دەکرد، هەتاوەکو هەندێ لـه وەچـەی دوای هـاوەڵان دەربـارەی سـونـنەتە ڕوکاریـەکان پتـر تێکۆشـانو هـەوڵیان داوە: ﴿ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ ... خوا دەی زانی چیان لە دڵدایە. ﴿١٨﴾ الفتح ﴾.

چوارەم: کەم بایەخ دانیان بە دنیـاو سـوك سـەیرکردنی خۆشـیو لەزەتـەکانی، پـشت هـەڵکردنیان لـه فـاقو بریقـی دنیـا یـەکێ بـو لەوانـەی حەسـانەوەو دڵارامـیو هـێمنیو هـەداری بەسـەردا دەڕژانـدن: ﴿ وَمَنْ أَرَادَ ٱلْآخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ ... کێش خۆشی ئەو دنیـای دەوێو - بـە پێـی توانـا - بـۆی دەکۆشـێو باوەڕداره. ﴿١٩﴾ الإسراء ﴾.

پێنجـەم: هەڵبـژاردنی جیهـادو تێکۆشـانیان بـە سـەرهەمو کـردەوە چاکەکانی تـردا، هەتاوەکو جیهاد ببوە دیاردەو نیشانەو دروشمو مەشخەڵی ڕێیان.

هەر بە سای ئەو جیهادەش بەسـەر خـەمو پـەژارەو بـەڵاو مەینەتیانـدا زاڵ بـون، چونکە یادی خواو هەوڵو گەڕو تێکۆشانی تێدایە.

جا تێکۆشەری ڕێی خودا لە هەموکەس خۆشحاڵ تـرەو، سـینە شـادو گوشـاد تـرەو دڵو دەرون ئـــاواترە: ﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلْمُحْسِنِينَ ... ئەوانەی لـه ڕای ئێمـەدا چـونە خـەزا، ئێمـەش ئـەوان بـە ڕێگـەی خۆمانـدا دەبـەین. دیارە خودا لایەنگری کار چاکانە. ﴿٦٩﴾ العنكبوت ﴾.

لە قورئانی پیرۆزدا چەند ڕاستیو ڕێباز هەنـە لاناچنو گۆڕانیـان بەسـەردا نایـێ، هەنـدێ لـەو بنەمایانـە بـاس دەکـەم، کـە پەیوەنـدیان بـە بەختـەوەریو، حـاڵ خۆشی بەندەوە هەیە:

هەر کەسێ داوای سـەرکەوتن لـە خـوا بکـا سـەری دەخـا: ﴿ ... إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ ... ئەگەر یاری خواتـان کـرد خـوداش یاریـدەتان دەداو، لەبـەر نـەیاران نابەزن، ﴿٧﴾ محمد ﴾.

هەر کەسێ لە خوا بخـوازێ وەڵامـی ئەداتـەوە: ﴿ ... ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡ ... لەبـەرم بپارێنەوە، ئەوسا بە دەنگتانەوە دێم. ﴿٦٠﴾ غافر ﴾ .

هـەر کەســـێ داوای لێخۆشـــبونی لـــێ بکـا لێـی خـۆش دەبـێ: ﴿ ... فَٱغۡفِرۡ لِي فَغَفَرَ لَهُۥ ... خوایە بم بەخشە، ئیتر خودا خەتای بەخشی، ﴿١٦﴾ القصص ﴾.

هـەر کەسـێ بـۆ لای ئـەو وەگـەڕێ قـەبوڵی دەکاتـەوە: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي يَقۡبَلُ ٱلتَّوۡبَةَ عَنۡ عِبَادِهِۦ ... هەر ئەویشە پەشیمانی لە عەبدانی قبوڵ دەکا. ﴿٢٥﴾ الشورى ﴾.

هەر کەسێکیش پشتی پێوە ببەستێ ئەو بەسێتی: ﴿ ... وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓ ... هەر کێ خۆی بە خوا بسپێرێ، ئەوی بەسە. ﴿٣﴾ الطلاق ﴾.

سێ تاوانیش هەیە خوای گەورە هەر لەسەر دنیادا تۆڵەیان دەکاتەوەو خاوەنەکەی تەمبێ ئەکـا:

یەکەم: جـەورو ستەم: ﴿ ... إِنَّمَا بَغۡيُكُمۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمۡ ... ئەم ناهـەقیانە هەر زیانی بۆ خۆتانە. ﴿٢٣﴾ یونس ﴾ .

دووەم: پـــەیمان شـــکێنی: ﴿ ... فَمَن نَّكَثَ فَإِنَّمَا يَنكُثُ عَلَىٰ نَفۡسِهِۦ ... ســـا هـــەر کەســـێ پەیمانی بەجێ نەهێنێ، هەر خۆی لە پەیمان شکێنی زەرەر دەکا ﴿١٠﴾ الفتح ﴾.

سـێیەم: فێـڵو تەڵەکـە بـازی: ﴿ ... وَلَا يَحِيقُ ٱلْمَكْرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِۦ ... فـروفـێڵیش هەر یەخەی خاوەنی دەگرێ. (٤٣) فاطر ﴾.

بێگومـان ستەمکاریش لـە ژێـر هێـزو دەسـەڵاتی خـوا ڕزگـاری نابـێ: ﴿ فَتِلْكَ بُيُوتُهُمْ خَاوِيَةً بِمَا ظَلَمُوٓاْ ... ئێسـتا (جێ) ماڵەکانی وان - لەسەر ناهەقی کردنیان - چۆڵو هۆڵە. (٥٢) النمل ﴾.

بـەروبومی کـردەی چاکـەش هـەم لـە دنیـاو هـەم لـە دوا ڕۆژیـش دەدورێتـەوە، چـونکە خـوای گـەورە لێبوردەیـەو سـوپاس بـژێرە: ﴿ فَـَٔاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا وَحُسْنَ ثَوَابِ ٱلْـَٔاخِرَةِ ... ئەوسا خـودا پاداشـی ئـەم دنیـاو چاکـە پاداشـی ئـەو دنیـای پێـدان. (١٤٨) آل عمران ﴾ .

هـەر کەسـێکیش گوێڕایـەڵی خـوا بـێ خۆشـی دەوێ: ﴿ ...فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ ... شوێن من کەون هەتا خوداش خۆشی بوێن. (٣١) آل عمران ﴾.

جا ئەگەر بەندە هەستی بەوە کـرد دڵخـۆشو شـادمانە، چـونکە مامەڵـەی لەگـەڵ پەروەردیارێکـە ڕۆزیـدەرو ڕزگارکـارە: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلرَّزَّاقُ ... هـەر خـودا ڕۆزی دەنێرێ. (٥٨) الذاريات ﴾ .

﴿ ... وَمَا ٱلنَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ... یاریدەش هەر لە خواوەیە، (١٠) الأنفال ﴾.

خوایەکی بە لێبوردەشـە: ﴿ وَإِنِّى لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ ... هەر کەسێکیش تۆبـە کـارە مـن دەیبەخشم. (٨٢) طـه ﴾.

تۆبەی بەندەشی قەبوڵـە: ﴿ ... إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ... هـەر خۆیـەتی لـە پەشـیمانان دەبوڕێو دڵۆڤانە. (٣٧) البقرة ﴾.

تۆڵـەی دۆســـتانی لـــە دوژمنـــانی دەســـتێنێ: ﴿ ... إِنَّا مُنتَقِمُونَ ... ئێمـــە تۆڵـــە دەکەینەوە، ﴿١٦﴾ الدخان ﴾.

پاك‌و بێ گەردی بۆ خوا چەند کار لـە جێ‌و شـکۆدارە: ﴿ ... هَلْ تَعْلَمُ لَهُ سَمِيًّا ... ئاخۆ ئاگات لێیە هاو ناوێکی هەبێ؟! ﴿٦٥﴾ مریم ﴾.

شێخ (عبدالرحمن بن سعدی) -خـوا سـۆزی بـۆ بنوێنـێ- نامیلکەیـەکی بایەخـداری هەیە بـە ناونیـشانی "الوسـائل المفیـدة في الحیـاة السـعیدة"، تیایـدا دەڵـێ: "یـەکێ لـە هۆکاری بەختەوەری ئەوەیە بەنـدە تەماشـای بـەهرەی خـوا دەکـا بەسـەریەوە، دڵنیـا دەبێ لە خەڵکانێکی لە پادە بەدەر بەهرەمەندترە، ئەوسا بەندە هەست بـە خـەڵاتو بەخششی خوا دەکا بەسەریەوە".

من دەڵێم: هەتاوەکو لـە بـواری ئاینیـشدا، هەسـت دەکـا لـە زۆربـەی کـەس بـاڵاترە لەمەڕ پارێزگاری کردنی لەسەر نوێـژی بـە کۆمـەڵو، خوێندنی قورئـان‌و یـادکردنی پەروەردیارو وێنەی ئەوانەش لەگەڵ ئەوەی بەندە کـەم تەرخـەمیش بـێ، ئەوەشـیان بەهرەیەکی ئەوەندە گەورەیە بە هیچ سامانێ ناخەملێنرێ: ﴿ ... وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً ... بە ئاشکراو بە نهێنی بەهرە گەلی بەسەرتانا ڕژاندوە. ﴿٢٠﴾ لقمان ﴾ .

(زەهەبی) لە فەرمودەناسی بەناوبانگ (ئیبن عەبدولباقی) دەگێڕێتەوە، کە: دوای هاتنە دەری خەڵك لە مزگەوتی "دار السـلام" لە بەغدا داوا لە خەڵکەکە دەکا، هـیچ کەسێکی دەست ناکەوێ خۆزگە بۆ شـوێنی ئەوو جێ نوێژی ئەو بخوازێ.

ئەو وتەیە ڕوێکی لەبارو [٥١٨] ڕوێکی ناڕەباری [٥١٩] هەیە: ﴿ ...وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ... لـە چاو زۆر لـە کـردەی خۆمـان زۆر پتـر قـەدرمان گرتـون. ﴿٧٠﴾ الإسراء ﴾.

---

٥١٨) ایجابی.

٥١٩) سلبی.

سـەرنجـێـــك

لە ئەسمای کچی (عمیس) دەگێڕنەوە -خوا لێی ڕازی بێ- دەڵێت: پێغەمبەری خـوا ﷺ پێـی وتم: ((الا اعلمك كلمات تقولينهن عند الكرب او فـي الكرب؟: الله الله ربي لا اشرك به شيئا": ئایە چەند وشەیەکت فێرکـەم: (الله ربـي لا اشـرك بـه شـيئا... کـه لەکاتی نەگانەدا یاخود لەتەنگانەدا بیڵێ؟)).

لە دەربڕینێکی تریشدا: ((من اصابه هم او غم او سقم او شـدة، فقـال: الله ربـي، لا شـريك لـه كـشف ذلـك عنـه... هـەر کەسێ بـە خـەمێك یـا پەژارەیـەك یـا دەردێ یـا تەنگانەیێ توشهات، گوتی: الله ربی، لا شریك له.ئەو بەڵایەی لەسەر لادەچێ)).

چەند بەڵاو مەینەتی ناخۆش هەن چەند پەڵە هەوری ڕەش‌و بەسەریەکدا دێننـە سەر دڵان، جا ئەگەر دڵ بۆ لای خوا ڕابچڵەکێ‌و، کارو وەرامی خۆی بە خوا بسپێرێ، لەبەردەمی قاپیەی خوادا خۆی بە گۆڕێ دادا بێئەوەی هاوبەشی لە دروستکراوەکانی بۆ بڕیاردا، خوا ئەو مەینەتیەی لەسەر لائەدا، بەڵام هەرکەسێ بە دڵێکی بێخەبـەرو نا ئاگا ئەو نزایە بڵێ: یەکجار دورە ".

هەرکـەسـێ لە بەدکـاریێ بتـرسـێ

(با ئەو چەند هۆکارە بەکاربێنێ)

١- با ئەو چەند سورەتە بخوێنێ کە پێیان دەگوترێ (معوذات... لەگەڵ دوعاو نزا بـە گـشتی ﴿ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ... لـە گێـچەڵێ ئێرەیـی بـەر، وەختـێ کـە ئێرەی دەبا. ﴿٥﴾ الفلق ﴾.

٢- کارو مەرامی خۆی لە بـەدکار بـشارێتەوە: ﴿ ... لَا تَدۡخُلُواْ مِنۢ بَابٖ وَٰحِدٖ وَٱدۡخُلُواْ مِنۡ أَبۡوَٰبٖ مُّتَفَرِّقَةٖۖ ... لەیەك دەرگا مەچنە نـاو، لـە دەروازەی جیـا جیـاوە بـچنە ژور. ﴿٦٧﴾ یوسف ﴾.

٣- خـۆ دورخـستنەوە لـە بەدکـار ﴿ وَإِن لَّمْ تُؤْمِنُواْ لِي ... ئەگـەر باوەرپـێشم پـێ ناکـەن خۆم لـێ دورخەنەوە. (٢١) الدخان ﴾.

٤- چاکەی لەگەڵدا بکەی هەتا دەست لە ئازاردانت هەلگرێ: ﴿ٱدْفَعْ بِٱلَّتِي هِيَ أَحْسَنُ... تۆ وەرامی خراپە بە چاکە بدەوە. (٩٦) المؤمنون ﴾.

هـەڵس و کەوتـت لەگـەڵ خەڵکـدا جـوان بـێ

جـوان ڕەوشـتی بـەختیاری و کامەرانییـە، بەدڕەوشـتی ڕەشـبینی و چارەڕەشـیە. (پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((... ان الـمرء ليبلغ بـحـسن خلقـه درجـة الـصائم القائم... بەندە بەسای جوان ڕەوشتی دەگاتە پلەی ئەو کەسەی بە ڕۆژ بەڕۆژو دەبێ و شەوان بە شەو نوێژ بەسەردەبا)).

((ألا انبئكم بـاحبكم واقـربكم مـني مـجلـسا يـوم القيامـة؟! أحاسـنكم اخلاقـا": (پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ) پێتان بڵێم کامەتان لە ڕۆژی سەڵادا لـە هـەموتان نزیکترە لە من لە کۆڕو دانیشتندا؟! لە ئێوە هەرە ڕەوشت جوانەکانن)).

﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ... بێگومان تۆ (ئەی محمـد) ئاکـارت فـرە بـەرزە. (٤) القلم ﴾ .

﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ ... لـــه بەزەیی خودا ڕایە کـە تـۆ هێنـدە نـەرمو نیـانی دەگـەڵیان، ئەگـەر کەسـێکی دڵڕەق و توندو سەرکێش بـای، بڵاوەیان لـێ دەکردی. (١٥٩) آل عمران ﴾.

﴿ ...وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْنًا ... بۆ مەردم قسەی باش بکەن. (٨٣) البقرة ﴾ .

کچی (ئەبوبەکر)ی (سەدیق) (عایشـە)ی دایکی بڕواداران - خوا لێی ڕازی بـێ - لـە باسی پێغەمبەری دور لە تاواندا - درودو سڵاوی خوا بـڕژێ بەسـەریا- دەڵـێ: ((کـان خلقه القران)) خوڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ قورئان بو.

بێگومان دڵ فراوانی‌و هەست ئاوەدانی: بەهرەیەکی ڕاستەوخۆیەو دڵ شادیەکی دەستبەجێیە بۆ کەسێ خوا خێرو خۆشی بۆ بوێ، زو هەڵچون‌و ڕو گرژبون‌و ڕق هەڵسان: هەمیشە ژیان تاڵی‌و سزایەکی نەبڕایەوە.

خەمبارمەبە، پێت دەڵێم بۆ

چونکە دەردی بێخەوی خەو لە چاوان دەتۆرێنێ‌و، وادەکا لەسەر جێگا ئۆقرەت نەمێنێ، فەرمو ئەوەش چەند ڕێگا چارەیێك:

١- نزاو پاڕانەوە شەرعیەکان: ﴿..أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ... باش بزانن کە یادی خوا ئۆقرەو ئارامی دلانە. ﴿٢٨﴾ الرعد﴾.

٢- بە ڕۆژ نەخەوتن مەگەر زۆر پێویست بێ: ﴿وَجَعَلْنَا ٱلنَّهَارَ مَعَاشًا... ڕۆژیشمان کردە هۆی ژیان. ﴿١١﴾ النبأ﴾ .

٣- خوێندنەوەو نوسینەوە تا کاتی نوستن: ﴿... وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا... بێژە: ئەی پەروەردەی من گەشە بە زانستم بدە. ﴿١١٤﴾ طه﴾.

٤- ڕۆژانە خۆماندوکردن بە کرداریکی سودمەند: ﴿...وَجَعَلَ ٱلنَّهَارَ نُشُورًا ... ڕۆژیشی بۆ هەڵسانەوەتان داناوە. ﴿٤٧﴾ الفرقان﴾.

٥- کەمکردنەوەی خواردنەوەی ئاگادار کەرەوە وەکو چایەو قاوە.

شاعیرێك دەڵێ: بە خۆشەویستانمان گوت ئێمە شەومان لێ نابڕێ، ئەوانیش گوتیان شەوی ئێمە زو تێپەڕدەچێ.

جا دیارە ئەوان بە دڵنیایی خەو لە چاوایان دەکەوێ ئێمەش خەو لە چاومان دەتۆرێ.

تاڵایی گوناە لەگەڵ شیرنایی خواپەرستی‌و، ڕوگەشی باوەڕو، بۆن‌و بەرامەی بەختەوەری یەك ناگرنەوە.

(ئیبن تەیمیە) دەڵێ: تاوانەکان ڕێگا بە دڵ نادەن لە بۆشایی ئاسمانی یەکتاپەرستیدا بخولێتەوە: ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ... بێژە: بەری خۆ بدەنێ لە ئاسمانانو زەمیندا چی هەیە. (١٠١) یونس ﴾.

ئاکامی زیانباری تاوان:

١- بەربەستە لە نێوان بەندەو پەروەردیاری: ﴿ كَلَّآ إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ... هیچ وانیە! دیارە ئەوان لەو ڕۆژەدا لە پەروەردێنیان، فرە دورن. (١٥) المطففين ﴾.

٢- دروستکراو لە دروستکار نامۆ دەبێو دەتۆرێ: ئەگەر کردەی بەندە تێکچو ڕازو نیازی خراپ بو.

٣- هەمیشە خەمۆکی: ﴿ لَا يَزَالُ بُنْيَٰنُهُمُ ٱلَّذِي بَنَوْاْ رِيبَةً فِي قُلُوبِهِمْ إِلَّآ أَن تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمْ ... ئەو خانوەی سازیان داوە، هەر مایەی دڵەڕاوکێیانە. (١١٠) التوبة ﴾ .

٤- دڵ لەرزۆکیو ترسنۆکی: ﴿ سَنُلْقِي فِي قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلرُّعْبَ بِمَآ أَشْرَكُواْ بِٱللَّهِ ... ئەوانەش کە خوا نەناسن، چونکە هاوکار بۆ خودا دەناسن[٥٢٠]، ترسێدا وێژینە دڵیان. (١٥١) آل عمران ﴾ .

٥- ژیانی تاڵی: ﴿ ...فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا ... ژینی لە تەنگانەدایە. (١٢٤) طه ﴾.

٦- دڵ ڕەقیو دڵ ڕەشی: ﴿ ... وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَٰسِيَةً ... دڵمان ڕەش کردن. (١٣) المائدة ﴾ .

٧- ڕو گرژیو ڕو ڕەشی: ﴿ ... فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكَفَرْتُم ... ئەو کەسانەی ڕو ڕەشی ڕۆژی قیامەتن، پێیان ئێژن: ئێوە دوای باوەڕی هێنان چۆن بونە خوانەناس؟ (١٠٦) آل عمران ﴾ .

---

٥٢٠) شەرێکی بۆ بڕیار دەدەن.

٨- ڕق دروستکردن لە دڵی خەڵکدا: ((انتم شـهداء الله فـي ارضـه: (پێغەمبـەری خوا دەفەرموێ) ئێوە گەواهی دەری خوان لەسەر زەوی ئەودا)).

٩- دەستکورتی‌و نـەداری: ﴿ وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِم مِّن رَّبِّهِمْ لَأَكَلُوا۟ مِن فَوْقِهِمْ وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ ... ئەگـەر ئـەوان تـەورات‌و ئینجیـل‌و ئەوەی لە پەروەردێنیانەوە بۆیان هاتوە، تەواو دەکاریان هێنابا، بێ سۆ لـە لای سەریانەوەو لە زەمینی ژێر پایان ڕا خواردنیان بۆ دابین دەکرا. ﴿٦٦﴾ المائدة ﴾.

١٠- ڕق هەڵسـانی خوای بەخشـندە، کزبونی بـاوەڕ، ڕودانـی بـەڵاو مەینـەتی: ﴿ ...فَبَآءُو بِغَضَبٍ عَلَىٰ غَضَبٍ ... بـەم کارەیـان دوجـار وەبـەر غـەزەب کـەوتن. ﴿٩٠﴾ البقـرة ﴾ .

﴿ كَلَّا ۖ بَلْ ۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ... بـەڵکو ئـەوان ژەنگـی کارەکـانی خۆیـان بۆتە تۆیژێکی سەر دڵیان. ﴿١٤﴾ المطففين ﴾.

﴿ وَقَالُوا۟ قُلُوبُنَا غُلْفٌ ۚ ... گوتیان دڵمان سەرپۆشی پێدا دراوە. ﴿٨٨﴾ البقرة ﴾ .

بە دوای ڕۆزی دابگـەڕێ‌و چاو برسـی مـەبە

ئەو کرمـەی لـە نـاو قوڕێـدا پەروەرنـدەی جیهـان بـژێوی ئـەدا: ﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِى ٱلْأَرْضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزْقُهَا ... لـەم زەمینـە هـەر شـتێ دەجولێتـەوە گـشتی ڕۆزی لەسـەر خوایە. ﴿٦﴾ هـود ﴾ .

باڵندە لە ناو هیلانە خـۆراکی بەدەسـت خـوای بەخـشندەو پێزانـە: ((کمـا یـرزق الطیـر، تغـدو خـماصا و تـروح بطانـا: (پێغەمبـەری خـوا دەربـارەی بەنـدەی پـشت ئەستور بە خوا دەفەرموێ) ڕۆزی بە بەندە ئەدا هەروەکو ڕۆزی ئەداتە ئەو باڵندەی بەیانیان بە زگی برسی ئەڕواو ئێواران بە زگی تێر دەگەڕێتەوە)).

تۆ لە لای خوا رێزدارتـری لـە کـرمو بالّنـدەو ماسـی، کەوایـە لـە پێنـاوی رۆزیـدا هەراسان مەبە.

چـەند کەسـانێ ئەناسـم تـەنیا بـە سـای دورکەوتنـەوەیان لـە خـوای بـەرزو توانـا، توشی نەداریو بەلّاباریو دلّ بێزاری هاتن، یەکێکت بەرچاو دەکەوێ ساماندارو خـوا پێـداوە، فـرە رۆزی بەسـەردا رژاوە، لـە گەنجینـەو خـەلّاتی خـواوە تەندروسـتیو بەهرەی زۆری پێ دراوە، کەچی لـە گوێڕایـەلّی خـوا پـشتی هـەلّکردوە، لـە نوێـژەکان خۆی بواردوە، دەستی لە تاوانی گەورە هەلّکردوە، جا خوای پەروەردیار لەش ساخیو رۆزی فراوانی لـێ دائەرنـێو، بە نەداریو بەلّاباریو خەمباری گرفتاری دەکا، وای لـێ دێ دەردێك یەخەی بەرنادا، کە یەکێکی تر یەخەی دەگرێ، لە بـەلّایێ رزگـاری نابـێ کە یەکێکی تر رێی پێ دەگرێ:

﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا ... هەر کەسێکیش بە ئامۆژگاری من نەکا، ژینی لە تەنگانەدایەو. ﴿١٢٤﴾ طه ﴾ .

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِّعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَىٰ قَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ ... چـــونکە خودا دەروی چاکەی لە هەر کەسێ وەکردبێ، هەتا ئەوان بـیری خۆیـان نـەگۆڕی بـێ، قەت خودا لێی نەگۆڕیون. ﴿٥٣﴾ الأنفال ﴾.

﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُوا۟ عَن كَثِيرٍ ... هـەر گـا توشی بەلّایەك بون، بەهۆی کردەوەی خۆتانەو، لە زۆر گوناهەکانیشتان چاوەپۆشێ. ﴿٣٠﴾ الشورى ﴾.

﴿وَأَلَّوِ ٱسْتَقَٰمُوا۟ عَلَى ٱلطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَٰهُم مَّآءً غَدَقًا ... گـەر ئـەوانیش هـەر لەسـەر ئـەم رێگەیە بن، بێ گومانە لە ئاوێکی زەبەندە تێراویان دەکەین. ﴿١٦﴾ الجن ﴾.

﴿اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ... نهێنـی ڕێنـمایـیـه

بەنـدە ڕێگـای بەختـەوەری نادۆزێتـەوە دەستی ناکـەوێو چـێژی لـێ وەرنـاگرێ، مەگەر ئەو ڕاستە شەقامە بگرێتە بەر کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمەی لەسـەر لایـێ جێ هێلاوەو لایەکەی تریشی لـە بەهەشتی خوایـە: ﴿ وَلَهَدَيْنَٰهُمْ صِرَٰطًا مُّسْتَقِيمًا ... واشمان دەکرد کە لە ڕێگەی ڕاستی ئێمەش شارەزا بن. ﴿٦٨﴾ النساء ﴾ .

ئەو کەسەی هۆگری ڕاستە ڕێیـە بەختـەوەری لەوەدایـە سـوڕ دەزانـێ سـەرەنجامی خێـرەو، ئاسـۆی ئومێـدی ڕۆنـە، لـەو بەڵێنـەی خـوا پێـی داوە دڵنیایـە، بـە بڕیـاری پەروەردیاری ڕازیە، دڵارامە لـەو ڕێگایـەی دەیگرێتـە بـەر، دەزانـێ ڕێ نیـشاندەرێکی هەیە، ئەو ڕێگایەی نیشانداوە، ئەویش لە تاوان بەدورەو قسە لە گێرفانی دەرنایەنێ، دوای کەسی هەڵخەڵەتێنەر ناکەوێ، وتەی ئـەو لەسـەر دروستکراوانی خـوا بەڵگەیـە، لە دەست تێخستنی شـەیتانو لـە خلیسك پـێ بردنـی خـەڵکانو، لـە قسـەی تێکـەڵو پێکـەڵی ئینـسان پـاڕێزراوە: ﴿ لَهُۥ مُعَقِّبَٰتٌ مِّنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ يَحْفَظُونَهُۥ مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ ... لـە پێـشیەوەو لـە دوایـەوە فریـە[٥٢١] پـەیجۆرێ[٥٢٢] وای هەیـە کـە بـە پێـی فەرمانی خودا دەیپارێزن. ﴿١١﴾ الرعد ﴾ .

ئەو بەندەیە بە سای گرتنەبەری ئەو ڕێگەیە بەختەوەری هەست پێدەکا، چونکو دەزانـێ خوایـەکی ڕاسـتەقینەی هەیـە، پێـشەنگێکی بێوێنـەی لـە پێـشە، کتێـبو پەیامێکی لە دەستە، ڕۆشنایی لەناو دڵدا، ئامۆژگارێکی لەناو ناخو دەروندا، دەرەنجام بۆ خۆشبەختی دەگەڕێتەوە، لە خوا پەرستیدا کار دەکا، بـۆ کـاری خێـر هـەوڵ ئـەدا: ﴿ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ ... ئەم شارەزایی کردنـە لـە لای خوایـە. لـە هـەر کەسێ لە عەبدانی مەیلی لێبێ، بەرەو خۆی ڕێی نیشان دەدا. ﴿٨٨﴾ الأنعام ﴾ .

---

٥٢١) فریشتە.

٥٢٢) پشکێنەر، بەدواگەڕ.

ئەم دو رێگایەت لە پێشن: واتایی و[٥٢٣] بەرجەستەیی[٥٢٤]، واتایی: ڕاستە شەقامی باوەڕو خوا پەرستییە، رێگای لەبەرچاوو بەرجەستەیش: ئەو رێگاو پردەیە لەسەر پشتی دۆزەخ دانراوە، رێگای خواپەرستی لەسەر پشتی ئەم دنیایە دوابڕاوەیە کە چەند قولاپی هەواو ئارەزوی هەن، رێگای دوا ڕۆژیش کە بەسەر دۆزەخدا دەڕوا چەند قولاپێکی هەیە وەکو درکی (سملّی)[٥٢٥] وایە، جا هەر کەسێ بە باوەڕەوە لەسەر ئەم ڕاستە شەقامە بڕوا بە پێی باوەڕەکەی بەسەر پردی دۆزەخیشدا تێ دەپەڕێ، هەروەها ئەگەر بەندە ئەو ڕاستە شەقامەی بگرێتە بەر خەمو پەژارەو بێزاریو دڵ پەستی نامێنێ.

هەر کەسێ خۆشگوزەرانی گەرەك بێ با ئەو دە خونچە گوڵانە بچنێ:

١- دانیشتنێك لە بەرەبەیاندا بۆ داوای لێخۆشبون لە خوا: ﴿ ... وَٱلْمُسْتَغْفِرِينَ بِٱلْأَسْحَارِ ... ئەوانەش کە سەر لە بەیان لە خودا دەپارێنەوە. ﴿١٧﴾ آل عمران ﴾.

٢- کەمێ تەنیایی بۆ بیرکردنەوە: ﴿ ... وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ... ئەوانەش کە لە سازدانی ئەم عاسمانانو زەمینە ڕادەمێنن. ﴿١٩١﴾ آل عمران ﴾.

٣- هاونشینی پیاوچاکان: ﴿وَٱصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم ... تۆ هەر دەگەڵ ئەوانە بە کە سبەینانو ئێواران بۆ دیداری پەروەردیاریان بە نزان. ﴿٢٨﴾ الكهف ﴾ .

٤- یادی خوا: ﴿ ... ٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا ... فرە یادی خوا بکەنو (لە یادی ئەو ڕامەوەستن) ﴿٤١﴾ الأحزاب ﴾.

---

٥٢٣) مەعنەوی.

٥٢٤) حیسی.

٥٢٥) گیایەکی درکاویە.

٥- دو ڕکـات نوێژی ملکەچانە: ﴿ ٱلَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَٰشِعُونَ ﴾... ئەو کەسانەی لە نوێژیاندا خۆیان بە گەورە نازانن. ﴿٢﴾ المؤمنون.

٦- خوێندنی قورئـان بە تێفکرینەوە: ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ ... ئاخۆ ئەمانـە لـە قورئان ورد نابنەوەو (سەرنجی ڕانەکێشاون)؟ ﴿٨٢﴾ النساء ﴾ .

٧- بەرۆژوبون لە ڕۆژێکی زۆر گەرمـدا: ((يـدع طعامـه و شـرابه و شـهوته مـن اجـلي ... (پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ) "خواردنو خۆراکو ئارەزوی لـە پێناوی من واز لـێ هێناوە.

٨- مالّ بەخشین بە پەنهانی: ((حتى لا تعلم شـماله ما تنفق يـمينه: (پێغەمبـەری خوا دەفەرموێ) "هەتاوەکو دەستی چەپی نازانێ دەستی ڕاستی چی بەخشیوە.

٩- لادانی ئاستەنگێ لە ڕێی موسـڵمانێ: ((من فرج عن مسلم كربة من كرب الـدنيا فـرَّج الله عنه كربـة من كرب يوم القيامة... (پێغەمبەری خوا دەفەرموێ) "هـەر کەسێ پەژارەیـەك لـە پـەژارەکانی دنیـا لەسـەر موسـڵمانێ لابـبا خـوای گـەورە یەکێ لە ناخۆشیەکانی دوا ڕۆژی لەسەر لانەبا".

١٠- دنیا بە کەم سـەیر کـردن: ﴿ وَٱلْأَخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ ... دوا ڕۆژ باشـترو بـە پێزتـرە. ﴿١٧﴾ الأعلى ﴾ .

ئەمەیان دە (خونچە گوڵـی) تەواون.

ئەوەی بوە مایـەی بەدبەختـی کوڕی پێغەمبـەر (نوح) U ئەو قسـەیە بـو: ﴿ ...سَـَٔاوِيٓ إِلَىٰ جَبَلٍ يَعْصِمُنِي مِنَ ٱلْمَآءِ ... ئـەمن پـەنا بـە چـیایەك دەبـەم کـە لـە ئاودەمپارێزێ. ﴿٤٣﴾ هود ﴾.

بێگومـان ئەگـەر پـەنای بـۆ پـەروەردیاری ئاسمـانو زەوی هێنـا بوایـە پایـەدارو شـکۆدارو پارێـزراو ئەبو.

مایەی بەدبەختی (نمرود)یش ئەوەبو دەیگوت: من دەژیینم و دەمرینم بەرگێکی پۆشی کەشیاوی نەبو، دەیویست مافێك بە خۆی بدا کە ئیوی نەبو، ئەوسا دەمکوت و سەرشۆڕو ڕیسوا بو.

﴿ فَأَخَذَهُ ٱللَّهُ نَكَالَ ٱلْآخِرَةِ وَٱلْأُولَىٰ ... ئەوسا خودا گیرۆدەی ئازاری پەسلان و دنیای کرد. ﴿٢٥﴾ النازعات ﴾ .

کلیلی بەختەوەری وشەیێکە، کەلەپوری گەل دەربڕینێکە، مەشخەلی سەرفرازی دەستەواژەیەکە، سا ئەو وشەو دەربڕینەو دەستەواژەیە بریتی یە لە: لا الە الا الله محمد رسول الله .

ئەوەی لە ڕوی ئەم زەمینە بەو ڕستەیە دەئاخەوێ و دەوێژی [٥٢٦] بەختەوەری لەوەدایە: لە ئاسمانەوە بە ڕاستگۆ لە قەڵەم ئەدرێ: ﴿ وَٱلَّذِى جَآءَ بِٱلصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ... ئەو کەسەی ڕاستەکەی هێناو ڕاستی سەلاند. ﴿٣٣﴾ الزمر ﴾ .

ئەوەی کار بەو ڕستەیە دەکا بەختەوەری لەوەدایە: لە دارمان و داڕزان [٥٢٧] و ئابروتکان و بەگڕ سوتان ڕزگاری دەبێ: ﴿ وَيُنَجِّى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ بِمَفَازَتِهِمْ ... ئەو کەسانەی خۆیان پاراست -لەبەرئەوە بە ڕێگەی ڕزگاری داچون- خودا خۆی ڕزگاریان دەکا. ﴿٦١﴾ الزمر ﴾.

ئەوەی خەڵکی بۆ بانگ دەکا بەختەوەری لەوەدایە: کۆمەکی ئەکرێ و پاڵپشتی لێ دەکرێ و سوپاسی دەکرێ: ﴿ وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ... دیاریشە هەر سوپای ئێمە سەردەکەوێ. ﴿١٧٣﴾ الصافات ﴾.

ئەوەی ئەو ڕستەیەی خۆش ئەوێ بەختەوەری لەوەدایە: پلەو پایەی بەرز دەبێ و ڕێزی دەگیرێ و شکۆمەندی وەدەست دێنێ: ﴿ ...وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ ... دەسەلاتیش هەر بۆ خواو پێغەمبەری و ئاپۆرەی [٥٢٨] بڕوادارانە. ﴿٨﴾ المنافقون ﴾ .

---

٥٢٦) قسە دەکا.

٥٢٧) دە شەرم وەچونەوە.

٥٢٨) جاماوەری، کۆمەڵی.

بیلالی کۆیلە بەو پەیڤەیە چریکەو زایەڵەی هەڵبری بە سای ئەوە ئازادی وەدەست هێنا: ﴿ ...يُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ... لە ناو تاریکستانەوە دەیانبا بەرەو ڕوناکی. ﴿٢٥٧﴾ البقرة ﴾ .

(ئەبولەهەبی هاشمی) لە دەربڕینی ئەو ڕستەیە دەمی بەستا، بە سای ئەمە وەکو کۆیلەیەکی زەبونو ڕیسوا سەری نایەوە:﴿ ... وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكْرِمٍ ... خودا هەر کێ توشی سوکایەتی بکا، تازە کەس ڕێزی لێ نانێ. ﴿١٨﴾ الحج ﴾.

ئەو دەستەواژەیە ئەو مادەو کەرستەیە کۆمەڵەی مرۆڤی دوا بڕاوو لە بن هاتو بەرەو لوتکەی باوەڕ بە خوا بونێکی پاك و پاراو دەبا: ﴿ ... وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا ... بەڵام ئێمە ئەوەمان کردە مەشخەڵێك کە عەبدانمان - ئەوانەی خۆمان بخوازین- بەوە دەخەینە سەر ڕێگا. ﴿٥٢﴾ الشورى ﴾ .

ئەگەر پشت لە دواڕۆژ هەڵگەی بە دنیا دڵخۆش مەبە، بێگومان سزایەکی درێژ خایەنت لە ڕێدا، کۆتو زنجیرو تەمێ کردن چاوەڕێتە: ﴿ مَآ أَغْنَىٰ عَنِّى مَالِيَهْ ﴿٢٨﴾ هَلَكَ عَنِّى سُلْطَٰنِيَهْ ... سامانم بەهرەی بۆم نەبو. دەسەڵاتم وا لەبەین چو. ﴿٢٩﴾ الحاقة ﴾.

﴿ إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلْمِرْصَادِ ... بێ سۆ کە پەرومندەی تۆ، هەمو ئەوانە دەبینێ. ﴿١٤﴾ الفجر ﴾ .

ئەگەر پشت لە خوایەکی تاك و بێ نیاز هەڵگەی جێی خۆی نیە دڵ بە ڕۆڵەو منداڵ خۆشکەی، بێ سۆ پشت هەڵگردن لە خوا مایەی ئەوپەڕی سەر شۆڕ بونە، ئەوپەڕی تێشکان و، ڕیسوا بونە: ﴿ ...وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ ٱلذِّلَّةُ وَٱلْمَسْكَنَةُ ... چارە ڕەشی و زەبونیان بۆ بڕیار درا. ﴿٦١﴾ البقرة ﴾ .

ئەگەر تۆ کەسێکی چەپەڵکاری دڵت بە مالو سامان خۆش نەبێ، بە ڕاستی چەپەڵکاری قەڵاچۆ کردنی کۆتا ژیانە، لە دەست دانی سەرمنجامە، مایەی نەفرەتی

رۆژی پەسلانە[٥٢٩]: ﴿... وَلَعَذَابُ ٱلْآخِرَةِ أَخْزَىٰ وَهُمْ لَا يُنصَرُونَ ... بێگومان سوکایەتی ئازاری ئەولاش زۆرترە. ﴿١٦﴾ فصلت﴾ .

﴿ وَمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُم بِٱلَّتِى تُقَرِّبُكُمْ عِندَنَا زُلْفَىٰٓ إِلَّا مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ... سامانیش و عەولادی زۆر لەوانە نین لە ئێمەو زیك کاتەوە، مەگین کەسێ بڕوای بە ئێمە هێنابێ و ئاکاری چاك ڕەچاو بکا. ﴿٣٧﴾ سبأ﴾ .

تێڕوانینێك

واتایێکی بەرفرە لە بەرز نرخاندنی ئەم نزایە دەستەبەردەکرێ: (یا حي یا قیوم برحتمك أستغیث... ئەی ئەو کەسەی هەمیشە زیندووەو مشورگێڕی هەمو کارو فەرمانێکی، پەناوە بەر میهری تۆ دێنم: بێ گومان سیفەتی (الحیاة) هەمیشە زیندویی هەرچی ڕەوشتی ئەو پەڕی تەواویە دەیگرێتەوەو لە خۆوە دەگرێ، هەروەها سیفەتی (القیومیة... هەمیشە مشورگێڕی هەرچی ڕەوشتی کرداڕە دەی گرێتەوە، بۆیە ئەو نزایە بە ناوی هەرە گەورە (الاسم الاعظم... دادەنرێ ئەو ناوەی نزای پێ بکرێ خوا وەلامی ئەداتەوە، ئەگەریش داوای پێ بکرێ دەبەخشرێ: ئەویش ئەو سیفەتەیە: (الحي القیوم) هەمیشە زیندو مشورگێر.ژیانی هەمیشەیی لەگەڵ هەرچی دەردو ئازارە جیاکارە، هەر لەبەرئەوەیە بەهەشتیەکان کاتێ تەواو ژیانیان دابین بو، نە خەمو پەژارەو نیگەرانی دەیان گرێ نە هیچ بەلایەکیان توش دێ.

ژیانێکیش هەمیشەیی نەبێ زیان بە کردارەکان دەگەیەنێ، لەگەڵ هەمیشە مشور گێڕیش تێك ناکاتەوە، جا هەمیشە مشورگێڕی بە سای ژیانی هەمیشەییە، ئەوسا زیندوی ڕەها (الحي المطلق)، کە ژیانێکی هەمیشەیی یە هەرگیز سیفەتی تەواوی (الکمال) لێی جیا نابێتەوە، مشورگێڕی هەمیشەییش (القیوم) هەرچی کرداڕ بگونجێ لەسەری گران نابێ، ئینجا پاڕانەوە بە سیفەتی (الحیاة والقیومیة) کاری گەری دەبێ بۆ لابردنی ئەو شتەی دژی ژیانەو زیان بە کردار دەگەیەنێ.

---

٥٢٩) ڕۆژی دوایی.

خـەمبار مـەبە و لەگـەڵ خـەیاڵ ڕەفـتار مـەکە

ئەگەر بە ئاسانی سـەیری کارێکی گرانـت کـرد ئاسـان دەبـێ، ئەگـەر لـە شـتێکیش نائومێد بوی هەواو ئارەزوت ئەوەی لەبیر دەچێتەوە: ﴿... سَيُؤْتِينَا ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ وَرَسُولُهُۥٓ إِنَّآ إِلَى ٱللَّهِ رَٰغِبُونَ ... (ئەگەر بیانگوتایە): ئێمە هەر خودامان بەسەو بـەم زوانە خوداو پێغەمبەری خوا لەچاکەی خۆ بەشمان دەدەن، چ دەقەوما؟ ﴿٥٩﴾ التوبة﴾.

لـە کتێبێکـدا خوێندنەومەتـەوە، کـە پیـاوێ لـە دەلاقەیەکـەوە خـۆی فـڕێ دەدا ئەنگوستیلەیەکی لە پەنجەی چەپەدا دەبـێ، ئەنگوستیلەکە لـە بزمـارێکی دەلاقەکـە دەئاڵقـێ، لـە کاتـێ کـابرا دەکەوێتـە سـەر زەوی ئـەو بزمـارە پەنجـەی لـە بنـەوە هەڵدەقەنێ، چوار پەنجەی دەمێنێتەوە، خۆی بە خۆی دەڵێ: وا هەست ناکـەم تـەنیا چوار پەنجەم بەو دەستەوە ماوە، یاخود وا نازانم یەکێ لە پەنجەکانم لـە دەست داوە تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە ڕوداوەکەم بیر دەکەوێتەوە، ئـەگینا کاروبـارم لەسـەرخۆیەو، ڕازیم بەوەی ڕوی داوە: "قدر الله وما شـاء فعل... خوا هێنا بوی دەبوایە ببێ".

پیاوێکیش دەناسم باسکو قۆڵی چەپەی بەهۆی نەخۆشیەك لـە شـانیدا بـیڕدراوە، ژیانێکی دژێژی بردە سەرو خێزانی پێك هێناو خوا چەند کوڕێکی پـێ بەخـشی، بـە ڕوێکی گەشەوە ماشێنەکەی لـێ دەخۆڕی، بە خۆشحاڵیەوە کاری خۆی بەجێ دەهێنا، هەروەکو بڵـێی خـودا تـەنیا دەسـتێکی پـێ دابـێ: "ارض بما قسـم الله لك، تكن اغنى الناس" ئـەو بەشـەی خـوا پێـی داوی ڕەزامەنـدی لـێ بنوێنـە، لـە گـشت کەسـێ زەنگین تری.

چـەندە زو وامـان بەسـەرهات لەگـەڵ ڕاست بینیـدا نـەگونجێین، چـەندە جێگـای سەرسامیە لەگەڵ بارودۆخو ژیانو گوزەرانمان ناڕەخسێین، پەنجا ساڵ بـەر لـە ئێستا ڕایەخی نـاو ماڵمـان ئـەو حەسیرە بـو کـە لـە گـەڵای دارخورمـا چـنرا بـو، کەلوپـەلی ناومـاڵ بریتـی بـو لـە: کوندەیـەکی ئـاوو مەنجـەڵێکی گڵینـەو [٥٣٠] قاپێـكو مەسینەو

---

٥٣٠) لە گڵ دروست کراو.

تەشـتێك، كەچـی لـە ژیانـدا پـەكمان نەكـەوتو حـاڵو گوزەرانمـان لـە گەرنەكـەوت، چونكە ئێمە ڕەزامەندیمان نوانـدو ملكـەچ بـوین كـارو وەرام مـان خستە ژێردەسـتی (واقع)و ڕاستیمان.

لە مزگەوتی گەورەی كوفە لە نێـوانی دو تـیرەدا ئاشـوبو ئـاژاوە ڕوێـدا، شمـشێرو ڕمیان لە یەك هەڵكێشا، شەڕ كڵپەی سەند، نزیك بو كەللە سەر لە لاشە جیا ببنەوە، یـەكێ لـە مزگـەوت خـۆی دزیـەوە تـاوەكو بـە دوای (ئەحنـەف)ی كـوڕی (قـەیس) دابگەڕێ كە پیاوێكی زۆر چاك سازو نـەرمو نیان بـو، بـینی وا لـە ماڵەكەیـدا مـەڕو ماڵاتی دەدۆشێ، پۆشاكێكی لە بەردا بو دە عانەی نەدەهێنا، كەسێكی كـزو لاوازو بـێ هێزو بە لە باریكە [٥٢١]، باسو خواسیان بۆ گێڕایە وە بە هیچ جۆرێ نەشـڵەژاو خـۆی تێك نەدا، چونكە لەو كارەساتانە ڕاهاتبو، ژیانی لەگەڵ ڕوداوان بەسـەر بردبـو، پێی گوتن خێرە انشا الله، پاشان خواردنیان هێنایە پێش هەروەكو بڵێی هیچ ڕوی نەدابێ، لە كاتێكا بەربانگەكەی بریتی بو لە كەرتە نانێكی وشكو زەیتو خوێ، لەگەڵ جامە ئاوێـك، نـاوی خـوای هێنـاو دەسـتی بـە خـواردن كـرد، پاشـان سوپاسـی خـوای لەسـەر خواردنەكە كرد، گوتیشی، نانێك لە دانەوێڵەی عێراقو، زەیتێك لـە شـامەوە، لەگـەڵ ئـاوی ڕوبـاری (دیجلـە) بـە ڕاسـتی چـەند بەهرەیـەكی بـەهادارن. پاشـان پۆشـاكەكەی لەبەركردو، داردەستەكەی [٥٢٢] لە دەسـت ڕا هـەڵگرت، هـەنگاو بـە هـەنگاو بـەرەو ئـەو خەڵكە ڕۆیی، لـە كاتـێ چـاویان پـێ كـەوت سـەریان بـوبینینی هەڵكێشا، چـاویان تـێ بڕیو گوێییان بۆ وتەكانی هەڵخست، هـەر سـەر پێـی ئاشـتەوایی لـە نێـوانـدا كـردن، پاشان گوتی بلاوە بكەن، هەریەكەیان بـە لایەكـدا ڕۆیـشتنو ئاوڕیـان نەدایـەوە گـڕی ڕقو كینەیان دامركاو، ئاژاوە كوژایەوە.

لـەو چیرۆكە چـەند دەرسـێ وەردەگیرێ، لەوانـە ڕێـزو گـەورەیی بـە كەشـخەیی و دیمەن نیە، كەم دەرامەتیش ئاماری بەد بەختی نیە، بەهـەمان شـێوە بەختـەوەریش بە هەبوییو ساماندارى نیـە: ﴿فَأَمَّا ٱلْإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكْرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَكْرَمَنِ ﴿١٥﴾ وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَهَٰنَنِ ... بەڵام ئەمرۆ هەر كاتێكی

---

٥٢١) ڕەق لاواز.

٥٢٢) داروەكاز/ئەو دارەی لە دەست ڕاهەڵدەگرێ.

پەروەردەی دەیخاتە بەر ئەزمونەوەو ڕێزی لێدەگرێو بەهرەی پێدەگەیەنێ، ئێژێ: (ئەوا) پەروەندەم قەدری گرتم ئەگەریش - هەر بۆ ئەزمونێ- پەروەندەی بژێوی لێ کەمکردەوە، ئەوسا ئێژێ: پەروەندەم سوکایەتی بەسەرهێنام. ﴿١٦﴾ الفجر ﴾.

بێگومان بەهرەو ڕەوشتە باڵاکان نرخو ڕێزی مرۆڤن، نە وەك بەرگو پۆشاكو کەوشو پێڵاوی کۆشكو تەلارو خانوی پێشچاوی، بەڵکە سەنگی ئەو لە کردەو بەخشندەییو نەرمو نیانیو ژیری دایە: ﴿ ... إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ... بەڕێزترینتان لای خودا، پارێزگار ترەکانتانن. ﴿١٣﴾ الحجرات ﴾ .

پەیوەندی ئەو وتەیە بە جێ باسی ئێمەوە ئەوەیە بەختەوەری بە هەبونێکی لە ڕادە بەدەرو، کۆشكو باڵەخانەی ڕازاوەو، لە ئاڵتونو زێڕو زیو دانیە، بەڵکە بەختەوەری لەناو دڵدا بە سای ئەوەیە باوەڕی تێدا بڕەخسێ، ڕەزامەندی لە ناودا بڕوێ، شادو هۆگر بێ، تیشك بداو بدرەوشێ: ﴿فَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُمْ ... سەیرت نەیە لە دارایيو زارو زیچێ[٥٣٣] کە هەیانە. ﴿٥٥﴾ التوبة ﴾.

﴿ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا۟ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ... بێژە: لەو چاکەو بەزەییە - کە خوا دەربارەی ئێوەی کرد- کەیف خۆش بن، کە ئەمە لە هەر شتێکی کۆی دەکەنەوە هێژاترە. ﴿٥٨﴾ یونس ﴾ .

دەرونی خۆت لەسەر ملکەچ بون بە قەزاو قەدەری خوا ڕابێنە، چی دەکەی ئەگەر باوەڕ بە بڕیارو قەزاو قەدەری خوا نەکەی، ئایە دەتوانی بە ناخی زەویدا ژێر کۆڵێ لێ بدەی یا پەیژەیێ بەرەو ئاسمان هەڵبەی، ئەوەشیان دادت نادا، لە قەزاو قەدەری خوا لات نادا. کەوایە چارە چیە؟

چارە ئەوەیە: ڕەزامەندیمان نواندو ملمان کەج کرد: ﴿ أَيْنَمَا تَكُونُوا۟ يُدْرِككُّمُ ٱلْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِى بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ ... لە هەر کوێ بن تەنانەت ئەگەر لە قەڵای زۆر قایمیش (خۆوە شێرن)، مردن دەتانگاتێ. ﴿٧٨﴾ النساء ﴾ .

---

٥٣٣) ڕۆڵەو منداڵ.

دژوارترین‌و سەخت ترینی ڕۆژانی ژیانم، بەرچاو ڕەشترین کات‌و ساتی تەمەنم: ئەو کاتە بو پزیشکی تایبەت هەواڵی پێدام بە بڕینەوەی دەستی (محمد)ی برام لە قۆڵیرا- خوا سۆزی بۆ بنوێنێ - ئەو هەواڵە وەکو بۆمبێك بو بە بن گوێچکەمدا تەقیەوە، بەڵام بەسەر نەفسی خۆمدا زاڵ بوم، ئەو وتەیەی خوای پەروەردگار دڵنەوایی کردم:﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ ... کەس هیچ بەڵای بەسەر نایە، مەگین خودا فەرمان بدا. هەر کێش بڕوای بە خودا بێ، دڵی شارەزای خۆی دەکا. ﴿١١﴾ التغابن ﴾ .

ئەو وتەیەش: ﴿ ... وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٥﴾ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوٓا۟ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ... مژدە بدە بەو کەسانەی خۆڕاگرن. ئەو کەسانەی کە توشی چورتمێك دەبن دەڵێن: ئێمەش هەر ئی خواین‌و هەر بۆ لای ئەو دەچینەوە. ﴿١٥٦﴾ البقرة ﴾.

ئەو ئایەتانە فێنکایی‌و ئارامی‌و وزەو تین‌و بۆن‌و بەرامی خۆش بون.

هیچ پلانێکیشمان لەبەردەستدا نیە بی گێرین، تەنیاو بەس چارەمان باوەڕهێنان‌و ملکەج بونە، ﴿ أَمْ أَبْرَمُوٓا۟ أَمْرًا فَإِنَّا مُبْرِمُونَ ... ئەگەر ئەوان لەسەر کاری خۆیان سور بون، ئەوا ئێمەش لەسەر کاری خۆمان سورین. ﴿٧٩﴾ الزخرف ﴾ .

﴿ وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمْرِهِۦ ... خوا لەسەر کاری خۆی زاڵە. ﴿٢١﴾ یوسف ﴾ .

﴿ ... وَإِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ... هەر کە ویستی کارێ پێك بێ، فەرمان دەدا: ببە! دەبێ. ﴿١١٧﴾ البقرة ﴾ .

(خنساء النخعية) تەنیا لە یەك چرکەدا بە شەهید بونی چوار کوڕەکەی لە شەڕی (قادیسیه) لە ڕێگای خوادا هەواڵی پێ درا، هیچ یان لە دەمی نەبیست تەنیا سوپاس کردنی پەروەردیاری نەبێ، ستایشی پەروەرێنی خۆی کرد لەسەر ئەو خەڵاتەی پێی بەخشی، لەسەر ئەوەی سۆزی چاکەی لەگەڵ نواندو، بڕیاری خواش جێ بەجێ بو، چونکە باوەڕێکی یارمەتی دەرو وزە بەخشی هەبو، خاوەنی چەمو ڕوبارێکی یەقین‌و دڵنیایی بو کە نەبڕێتەوە، جا نمونەی ئەو ژنانە شیاوی ئەوەن سوپاسیان بکرێ‌و

پاداشتیان بدرێتەوەو بەختەوەری دنیاو دوا ڕۆژ بن، ئەگەر ئەو هەڵوێستەی نەنوندایە لە بری ئەوە چی پێ دەکرا؟! نارەزایی‌و هاوارو ڕۆڕۆو پەرج دانەوەو نەخواستن، دوای ئەوە لە دەست دانی دنیاو دوارۆژ! (فمن رضي فله الرضا، ومن سخط فله السخط... هەر کەسێ ڕەزامەندی نواند ڕەزامەندی وەدەست دێنێ، هەر کەسێکیش ناڕەزایی نواند، ڕقو تووڕەیی وەدەست دێنێ.

بێگومان هەتوانی[٥٢٤] دەردو ئازارو چارەسەری بەڵاو مەینەتی، ئەوەیە بڵێین:

﴿... إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ... ئێمە ئی خواین‌و بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە. ﴿١٥٦﴾ البقرة﴾.

مەبەست ئەوەیە: هەمومان ئی خواین، ئێمە دروست کراوی ئەوین‌و لە ژێر دەسەڵاتی ئەوداین، هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە، دروست بون لەویەوە سەرچاوە دەگرێ‌و، گەڕانەوەش بۆ لای ئەو دەبێ، کارو فەرمانیش بە دەستی ئەوە، ئێمە خاوەنی هیچ نین.

﴿... كُلُّ شَىْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُۥ ... بە غەیری ئەو هەمو شتێ لە بەین دەچێ. ﴿٨٨﴾ القصص﴾.

﴿كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ ... هەر کێ ژینی لەسەر زەمینە نامێنێ. ﴿٢٦﴾ الرحمن﴾.

﴿إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ... تۆش دەمری‌و ئەوانیش دەمرن. ﴿٣٠﴾ الزمر﴾.

ئەگەر لە ناکاوێ بە هەواڵێکی ڕاچڵەکێنەر هەوڵیان پێدای بەوەی ماڵەکەت گڕی گرت، یا ڕۆڵە خۆشەویستەکەت مرد، یا سەروەت‌و سامانت بەهەدەر چو، دەبێ ئەو کاتە چی بکەی؟ هەر لە ئێستاوە خۆت لەسەر ئارامی ڕابێنە، خۆ دزینەوە داد نادا، ڕاکردن‌و هەڵاتن لە بڕیارو چارەنوسی خوا سودت پێ ناگەیەنێ، بە فەرمانی خوا ملکەج بە، بە قەدەری خوا ڕازی بە، دانبنێ بە ڕاستی‌و هەڵکەوتدا[٥٢٥]، پاداشتی خوا وەدەست بێنە، چونکە هەر ئەو ڕێگا چارەیەت لە دەستە. بەڵێ ڕێگایەکی تریشت لە

---

٥٢٤) مەڵحەم/مەرهەم.

٥٢٥) واقیع.

دەست دایە، بەڵام ئەویان چەوتە ڕێ یەو لە مەترسی ئەم ڕێییە ئاگادارت دەکەمەوە، ئەویشیان: لە تـاوی ئـەوەی ڕوی داوەو هاتۆتـە ئـاراوە قـوڕ پێـوانو جارِسـیو بێـزار بونە، ڕق هەڵسانو شینو ڕۆڕۆو خاکە سار بونە، وەلـێ لەو هەمو پەرێـشانیە دەست کەوتت چ دەبێ؟! بێگومـان خەشـمو قـینی پەروەنـدەی بـەرزو توانـا وەدەسـت دێـنی، خەڵکان لە خۆت دەڕمنجێنی، پاداشتی خوا لەدەست دەدەی، کۆڵێ گوناهیش لـە خـۆت هەڵـدەدەی، دوای ئـەوە خۆشەویـستەکەت بـۆ ناگەڕێتـەوە، بـەڵاو مەینـەتیش لـە دڵ دەرناچێو، ئەوەش کە هەر دەبێ بێتـە دی بەسـەرتدا هـەڵنابرێ: ﴿...فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى ٱلسَّمَآءِ ثُمَّ لْيَقْطَعْ فَلْيَنظُرْ هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُۥ مَا يَغِيظُ ... با بەپەتێك خـۆی هەڵواسـێ تا دەخنکێ، دەبا بزانـێ بەم فێڵە ئۆخەی دڵی دێ؟ ﴿١٥﴾ الحج﴾ .

خەمبـار مـەبە بە ئـەوەی تۆ لە پێنـاویـدا خـەمباری کۆتـایـی دێ

بێ گومان مەرگ ڕەپێش هەمو کەس دەکەوێ: ستەمکار بـێ یـا چەوسـاوە، بـەهێز بـێ یـا ژێردەسـتە، دەوڵەمەنـد بـێ یـا هـەژار، تـۆ یەکـەم کـەس نیـت کـە دەمـری، خەڵکانێکی زۆر لە پێش تۆدا مردون لە دوای تۆشدا زۆریان دەمرن.

(ئـیبن بەتوتـە) دەگێڕێتـەوە کـە گۆڕستانێك لـە باکور هەیـە هـەزار پاشـای تێـدا لەگۆڕ نراوە تابلۆیەکی لەسەر هەڵواسراوە تیایدا نوسراوە:

لە خاك بپرسـە لەمـەڕ کەسـانێ پێش مردن گەورەی گەلـن
پێـت دەڵێ ئەوانەی سـەرپەڵبون ئێستاکە هێسـك و پەلـن*

ئەو کارەی لەو بارەوە سەرسام کارە: بێ ئاگایی مرۆڤە لـەو مردنـەی کتو پـڕ بـە شەوو بە ڕۆژ مرۆڤەکان دەدورێتـەوە، گومانیـشی وایـە هـەرگیزاو هـەرگیز دەمێنـێو ڕادەبوێرێو مەرگ یەخەی ناگرێ، لەو سەرەنجامە بـێ گومانـە بـێ ئاگـایی دەنوێنـێ، لەو کۆتاهاتنەی هەمو گیانداری دەگرێتەوە خۆی دەبـوێرێو کەمتەرخـەمی لێ دەکـا:

* گەورەی گەلن.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡۚ إِنَّ زَلۡزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيۡءٌ عَظِيمٞ ... ئەی خەڵکینە! لە پەروەندەو بترسن، بومە لەرزەی ڕۆژی سەلاّ ڕوداوێکی زۆر گرنگە. (١) الحج﴾ .

﴿ٱقۡتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمۡ وَهُمۡ فِي غَفۡلَةٖ مُّعۡرِضُونَ ... خەڵك ئاگایان لێ نیە، ڕۆژی ژمارەیان نزیکەو هەر باوەڕیش ناکەن هەبێ. (١) الأنبياء﴾ .

لەو کاتەی خوای گەورە گەل‌و نەتەوەکان لەناو دەباو، بن بڕیان دەکا، ئەو شارو لادێیانەی ستەمکار بون بە خەڵکەوە دەیانڕمێنێ، خوای بەرزو توانا دەفەرموێ: ﴿...هَلۡ تُحِسُّ مِنۡهُم مِّنۡ أَحَدٍ أَوۡ تَسۡمَعُ لَهُمۡ رِكۡزًا ... ئاخۆ هەست بە هیچیان دەکەی، یان نوزەشیان لێ دەبیستی؟ هەرچی لەمەڕ ئەوان بو بڕیەوە تەنیا باس‌و خواسیان مایەوە؟! (٩٨) مريم﴾.

هەڵوەستەیەك

دوعاو نزای کۆڵێ: تاقانەیی خوا لە ڕوی پەرستن‌و پەروەردگارێتیدا لە خۆوە دەگرێ، هەروەها بە شکۆداری‌و نەرم‌و نیانی باس لە پەروەرێنی تاك‌و پاك دەکا، ئەو دو ناوو سیفەتەش ئەوپەڕی دەسەلاّت‌و میهرو سۆزی خواو چاکەو لێبوردەیی لە خۆوە دەگرن، بە هەمان شێوە ناساندنی خوا لە خۆوە دەگرێ، بەوەی تەواو بەڕێوەبەردنی جیهانی ژورو جیهانی خوارو، ئەو عەرشەی کە لە سەروی هەمو دروست کراوەکانەو گەورەترین دروستکراویشە لە ژێر دەستی ئەودایە.

پەروەردگارێتی تەواویش یەکتاپەرستی خوا لە خۆوە دەگرێ، ئەوەش دەگەیەنێ کە هەر ئەو شیاوی بەندایەتی بۆ کردن‌و خۆش ویستن‌و لێ ترسان‌و ئومێد پێ هەبون‌و بەگەورە دانان‌و گوێڕایەڵی بۆ کردنە. گەورەیی‌و شکۆداری خوای گەورەش، کە بێسنورە وا پێویست دەکا هەرچی تەواوی‌و بێگەردیە بۆی بڕیار بدرێ‌و هەرچی ناتەواوی‌و وێچواندنیشە لێی بەدور بگیرێ، نەرم جولاّنەوەی خوای گەورەش ئەوپەڕی میهرو سۆزو چاکەکردنی لەگەڵ دروستکراوانیدا لەخۆوە دەگرێ.

جا ناسینو پێ زانینی دڵ بەو ڕاستیە، ئەو دڵە بە خۆشویستنو بە گـەورە دانـانو یەکتاپەرستی خوا ناچار دەکا، ئەوەندە شـادیو سـرەوتنو ئاسـودەیی وەدەسـت دێنـێ ئازارو ئەشکەنجەو خەمو خەمینی نـەمێنێ، تـۆ دەبـینی نـەخۆش ئەگـەر بەشـتێ دڵ خۆشو شادمان بێ، وزەو وڕەی وەبەر بێنـێ، چـۆن ئـەو دڵو دەرونـە توانـای ئـەوەی دەبـێ نەخۆشـیە جەسـتەییەکەی نـەیێلێ، جـا ئـەو چارەسـەرو چـابونەوەیە بـۆ دڵ شایستەترو لەبارترە.

ماتەمینـی داتنەگرێ ئەگـینا بەرەو بەدبەختی دەکـەویە ڕێ

ڕۆژنامەی (المسلمون) ژمارە (٢٤٠) لە مانگی (صفر)ی سالی ١٤١٠ی کۆچی نوسیوێتی، ئێستا کە ٢٠٠ ملیۆن کەس لەسەر ڕوی ئەم زەمینەدا هەیە، کە گیرۆدەی خەمۆکی بێ!

ماتەمی جیهان لە ڕیشاڵەوە دەردێنێ!! جیاوازی ناخاتە نێوانی وڵاتێکی ڕۆژئـاوایی یاخود ڕۆژهەڵاتی! یا دەوڵەمەندێ یاخود هـەژارێ ئـەوە نەخۆشـیێکە هـەمو چـینێك دەگرێتـەوە... زۆربـەی جـاران دەرەنجامەکـەی...خـۆ کوشـتنە!! خـۆ لـەناوبردن هـیچ ناوێكو پلەو پایەو دەوڵەتێك ناناسـێ، بـەڵام لـە بـڕوادارانو دەسـڵەمێتەوە[٥٣٦]، هەنـدێ نوسین دەربان خستوە کە ژمـارەی قوربانیـانی ئـەم نەخۆشـیە گەیـشتۆتە ٢٠٠ هـەزار ملیۆن نەخۆش لە هەمو جیهاندا...بەڵام کۆتا سەرژمێرو بە دوادا گەڕان وادەگەیەنێ کە لە نێوانی هەر دە کەس دا بە لای کەمی یەکێکیان بەو دەردە کوشـندەو ترسـناکە گیرۆدەیە لەسەر ڕوی ئەم زەویەدا!!

ترسناکی ئەم نەخۆشیە بەو ئەندازەیە تەنیا گەورەکان ناگرێتـەوە، بەڵکـە دەگاتـە ئەو ئاستەی کۆرپەی سکی دایکیش پێی گیرۆ دەبێ!!

ماتو خەمینی دەروازەی خۆ کوشتنە: ﴿ ... وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْ ... بە هـەق نـەبێ نابێ یەکتریش بکوژن. (٢٩) النساء ﴾.

---

[٥٣٦] دەڕەوێتەوە/دەترسێ.

﴿ ... وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ ... خۆشتان بە فەتـەرات[۵۳۷] مـەدەن بەدەستی خـۆ. (۱۹۵) البقرة ﴾ .

ئـەو هەواڵانـەی لەسەرچاوەکانی ڕاگەیانـدن دەمـاودەم کـەوتن[۵۳۸]، ڕایانگەیانـد کـە دەردی خـەمۆکی (ڕۆنالـد ریجـان...ی سـەرۆکی پێـشوی وڵاتـە یـەك گرتوەکـانی ئـەمریکای گرتـەوە. توشـبونی سـەرۆکی ئـەمریکی بـەو دەردە هۆکارەکـەی بـۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە کە حەفتا سـاڵ لـە تەمـەنی تێپـەڕ دابـو، لەوکاتـەدا بـەردەوام ڕوبـەڕوی پاڵەپەستۆی دەماری ترسناك دەبـوەوە... هاوکـات لەگـەڵ ئـەوەی یـەك لـە دوای یـەك نەشتەرگەری بۆ ئەنجام دەدرا، ﴿ ...وَلَوْ كُنتُمْ فِي بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ تەنانـەت ئەگـەر لـە قـەڵای زۆر قایمیش خۆوەشێرن. (۷۸) النساء ﴾. (مردن دەتانگاتێ.

زۆرێ لـە نـاوداران بەتایبـەت ئەوانـەی هونـەر کـاربون، بـەو دەردە گـیرۆدە بـون، بێگومان دەردی خەمۆکی هۆکارێکی سەرەکی بو - ئەگەر تاکە هۆکاریش نەبو بێ- لە مردنـی (سـەلاح جاهین...ی شـاعیر، هـەروا دەشـلێن: (نـاپلیۆن بۆنـابرت... لـە شـوێن ئـاوارەیی خـۆی بـە خـەمۆکی مـرد ، ﴿ ...وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ وَهُمْ كَافِرُونَ ... (خـواش دەیەوێ (بە بێدینی گیانیان دەرچێ.(۸۵) التوبة ﴾. بە هەمان شێوە ئێستاش بـەردەوام یادی ئەو هەواڵە دەکەینەوە کـە دەزگایـەکانی ڕاگەیانـدن بـاوی دەکەنـەوە، زۆربـەی ڕۆژنامەکانی جیهانیش سـەرەتای لاپـەرەی یەکـەمیان پـێ داگیر کـردوە، لەمـەڕ ئـەو تاوانکاریە ڕاچڵەکینەی دایکێکی ئـەڵمانی بـە کوشـتنی سـێ لـە جگـەر گۆشـەی خـۆی ئەنجام دابو، دەرکـەوتوە کـە هۆکارەکـەی توشـبونی ئـەو ژنەیـە بـە دەردی خـەمۆکی، لەبەرئەوەش منداڵەکانی زۆر خۆشدەویست ترسا لەوەی ئەو ئازارو دڵ تونديەی ئەو پێیەوە گرفتار بوە ببێتـە میراتـی منـاڵەکانی، بڕیـاری دا بیان حەسـێنێتەوە"!! لـەو ئازارە بەو شـێوەی هەرسـێکیان بکـوژێ.. دوای ئـەوە خۆشـی کوشـت!! ژمـارەو دیـاری کردنی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی" بۆ ترسناکی ئەم کارە ئاماژە دەکەن..لە سالی ۱۹۷۳ز ئەوانەی بەخەمۆکی گیرۆدە بون ڕێژەیان ۳٪ بـو، لـە سـاڵی ۱۹۷۸ز ئـەو ڕێژەیـە

---

۵۳۷) بەڵا.

۵۳۸) کەوتنە سەر زاران.

زیادی کرد گەیشتە ٥٪، هەروەکو هەندێ تۆژینەوە دەریانخست کە لە هەر چوار کەسی ئەمریکی یەکێکیان بەو دەردە دەینالاّنند!! لەوکاتەی سەرۆکی کۆنگرەی پەشێوی دەرونی کە لە ساڵی ١٩٨١ز لە (شیکاغۆ... گرێ درا رایگەیاند کە ١٠٠ ملیۆن کەس لە جیهاندا بە دەستی خەمۆکیەوە دەنالّن، زۆربەشیان لە ولاّتە پێشکەوتوەکانن، چەند ژمارەیەکی تر دەریانخست کە رێژەیان ٢٠٠ ملیۆن گیرۆدەیە!! ﴿ أَوَلَا يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَّرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ... ئاخۆ ئەمانە نابینن کە ساڵانە کەرەتێك یان دو کەرەتان دەکەونە بەر تاقیکاری؟ (١٢٦) التوبة ﴾ .

یەکێ لە کاراشنایان[٥٣٩] دەڵێ: لە لیمۆ خۆشاوی شیرین بسازێنە، یەکێکی تریشیان دەڵێ: هۆشمەندو بێدار ئەو کەسە نیە بتوانێ سودو قازانجی زیاد کا، بەڵکە مرۆڤی بیر تیژ ئەو کەسەیە زەرەرمەندی بەرەو قازانج وەچەرخێنێ، ﴿ أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ ... خێرو بێرو بەرەزەیی پەروەندەیان بۆ دەبارێو شارەزا لە رێ ئەوانن. (١٥٧) البقرة ﴾.

ئەو پەندەشیان داداوە: لەگەڵ دیوار قۆچ قۆچانێ[٥٤٠] مەکە!!

بەرهەڵستیو سەرکێشی لەگەڵ یەکێدا مەکە لەبەرهەڵستی ئەودا سودو قازانجێکت پێ نەبڕێ.

گوتراویشە: ئارد مەهارەوە[٥٤١] ﴿ ... فَأَثَابَكُمْ غَمًّا بِغَمٍّ لِّكَيْلَا تَحْزَنُوا عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ ... جا خوا جەزای خەمی هەر بە خەم دانەوە. نەکا لە بەرئەوەی وا لە دەستان چوەو ئەوەی کەوا توشتان بوە خەم هەلگرن. (١٥٣) آل عمران ﴾.

ئەو کارەی کۆتایی هاتوەو بڕاوەتەوە پێویست ناکا دوبارە سەرهەڵداتەوە، چونکە ئەو دوبارەیە دڵە ڕاوکێو نیگەرانیو کات بەفیڕۆدانی تێدایە.

---

٥٣٩) شارەزایان.

٥٤٠) شەرە کەلله/ شەرە قۆچ.

٥٤١) کۆتایی پێ هاتوە.

هەروا لە پەندێکی ئینگلیزیشدا گوتراوە: پوشکەی داری بڕاوە مەبڕەوە.

ئەو پوشکەی لە بڕینەوەی دار هەڵوەراوە، ناشێ جارێکی تر ببڕدرێتەوە، چونکە ئەو بڕینەوە بڕاوەتەوە[٥٤٢]. ئەو پەندە بۆ کەسانێ بەکاردەبرێ بە شتی کەم بایەخەوە سەرقاڵن، سەرگەرمی خەون و خەیاڵن، بە دوای گێڕانەوەی ڕابردودا عەوداڵن، ﴿ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ لِإِخْوَٰنِهِمْ وَقَعَدُوا۟ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا۟ ۗ قُلْ فَٱدْرَءُوا۟ عَنْ أَنفُسِكُمُ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ... ئەوانەی کە خۆیان نەچوبونە خەزا، لەمەڕ هاوەڵانیان دەگوت: ئەگەر بە قسەیان کردباین نەدەکوژران. بێژە: سا ئەگەر ڕاست دەکەن، خۆ لە مردن بپارێزن. (١٦٨) آل عمران ﴾.

ئەوانەی سەرقاڵی کات بەتاڵین ئەو هەلەیان بۆ ڕەخساوە بە چەند کرداری کات بە تاڵیان پڕ کەنەوە، وەکو ئەوەی بە کردەی بەردار خۆ وەڕازێنن، سودو قازانج بە خەڵکان بگەیەنن، بۆ دڵنەوایی بەڵابارن بچنە دیدەنی، سەر لە گۆڕستان بدەن[٥٤٣]، بایەخ بە مزگەوتان بدەن، لە دەستەو کۆمەڵەی خێرخوازی بەشداری بکەن، هاونشینی پیاوچاکان بن، ناو مااڵو پەرتوکخانەیان ڕێکخەن، وەرزشی سودمەند بکەن، سود بە هەژاران و پەك کەوتان و بێ نەوایان بگەیەنن، ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْإِنسَٰنُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدْحًا فَمُلَٰقِيهِ ... ڕەنجی زۆر دەدەی بگەی بە پەروەردگێنی خۆت، ئەوسا پێی دەگەی. (٦) الانشقاق ﴾.

میژو وەخوێنە مەینەت بارو ڕوتو ڕەجاڵو[٥٤٤] بەڵا بارانت وەبەر چاوان دەکەوێ.

لەدوای چەند باسێ لەمەڕ ئەو لێکۆڵینەوەیە تابلۆیەکی خەمو خەمینی خەمبارانت دەخەمە بەرچاو بەناونیشانی: بە مەینەتباران دڵت بدەوە.

﴿ ... وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَ ۚ ... ئەم حەمکە[٥٤٥] دەنگو باسانەی پێغەمبەرانت بۆ دەکەین، کە دڵداریت بدەینەوە. (١٢٠) هود ﴾.

---

٥٤٢) کۆتایی پێ هاتوە.

٥٤٣) بۆ پەند لێ وەرگرتن.

٥٤٤) بێ ماڵ و هەژار.

﴿ لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ ... لەسەرگوزەشتەی ئەمانـە، پەنـد هەیـە بـۆ بـە ئاوەزان [٥٤٦]. (١١١) یوسف ﴾ .

﴿ ... فَٱقْصُصِ ٱلْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ... تـۆ لـەو تـەرزە باسانەیان بـۆ وەگێـرە شایەتا بیـر بکەنەوە. (١٧٦) الأعراف ﴾.

(پێـشەوا) عومـەر دەڵـێ: بـەیانیم کـردەوە هـیچ داخوازێکیـشم نیـە تـەنیا چـێژ وەرگرتن نەبێ لە دیمەنەکانی بڕیارو فەرمانی خوا.

مەبەست لەو وتەیەدا ئەوەیە: پێشەوا دڵ خۆشـە بـە قـەزاو قـەدەری خـوا، ئەوسـا ئەو بڕیارو قەزاوقەدەرە لە بەرژەوەندی ئەو بێ یا لە دژی بێ.

هەندێکی تریش دەڵێن: بەڵامەوە گرنگ نیە لە دو تاقیکردنـەوان بـەکامیان تـاقی بکرێمەوە، ئەگەر هەژاری بێنارامی لەسەر دەگرم، ئەگەر دەوڵەمەندیش بێ سوپاسی لەسەر دەکـەم. ئـەبو زوهـەیبی هـوزەڵی لـە یـەك سـاڵدا بـە سـای پـەتای کۆمـەڵکوژی هەشت کوڕی لەدەستدا، چی بڵێ باشە؟ باوەڕی پتەو بو ملکـەچ بـو سـەری بـۆ قـەزاو قەدەری خوا داخستو، لە هۆنراوەیێك دا ملکەچی خۆی نیشاندا.

﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ... کـەس هـیچ بـەڵای بەسـەر نایـە، مـەگین خودا فەرمان بدا. (١١) التغابن ﴾ .

(ئیبن عەباس) چاوی لەدەستدا، بەوە دڵی خـۆی دایـەوەو لـە هۆنراوەیێکدا گـوتی: ئەگەر خوا ڕوناکی چاوەکانمی ڕەواندەوە ئەوا ڕۆشناییم لە دڵو دەروندا هەیە.

ئەوەیە دڵ نەوایی بەو بەهرە زۆرانـەی خـوا پێبەخـشیوە لـە کاتێکـا هەنـدێ لـەو بەهرانە لەدەست بدا.

عورەوەی کوڕی زوبـەیر لـە یـەك ڕۆژدا قاچی بڕایـەوەو کوڕەکەشـی مـرد، کەچـی گوتی: سوپاس بۆ تۆ ئەی پەروەردگارا، ئەگەر تۆ بی بەیتەوە هەر تـۆش بەخـشیوتە،

---

٥٤٥) ئەو هەمودەنگ و باسانەی....

٥٤٦) تێگەیشتوان.

ئەگەر تۆ دەردو بەڵا بنێری هەر خۆشت چاکی دەکەیتـەوە، چـوار ئەنـدامت خـەڵات کردوم، یەکێکت بۆ خۆت بردەوە، چوار کورپشت پێ دابوم یەکێکت لێ سەندمەوە.

﴿ وَجَزَىٰهُم بِمَا صَبَرُوا۟ جَنَّةً وَحَرِيرًا ... چونکە ئەوان خۆڕاگر بون، لە پاداشا بەهەشتو حەریری پێدان. ﴿١٢﴾ الإنسان ﴾ .

﴿ سَلَٰمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ ... هەر لە سـای هێمنی دابن، چونکە ئێـوە خـۆڕاگر بـون. ﴿٢٤﴾ الرعد ﴾ .

(عبدالله...ی کوڕی سەمتی برای دوڕمید کوژرا، دوڕمید دوای ئەوەی باسی کرد کـە بەرگری لە برایەکەی کردوە بەپێی توانای، بەڵام چارە نەبو دەبوایە بڕیارو فەرمانی خوا بێتە دی‌و، (عبدالله...ی برای کۆچـی دوایـی کـرد، دوڕمیـد لـە هۆنراوەیکدا بـاس لەوەدەکا، کە بەرگری لە برایەکەی کردوە بەڵام کەس لە ژیاندا نامێنێ دەبێ بمرێ.

هـەروا ئـەم هۆنراوەیـە ئامۆژیـارو دڵنـەوا کـارە بـۆ بـەڵاباران، لـە پێشەوا شـافعی گێڕراوەتەوە:

وازبـێـنـە لـــە رۆژگار چـی دێ بەخێـربێ
قـەزای خـوا ڕوەدا دڵـیشـت ئاســودە بـێ
گـەر قـەزا بـەســەر گـەلـێـك دابـبـارێ
زەوی و ئاسـمان دەسـتەوسـانن بەجـــارێ

چەند جاران لە مردن ترساوین‌و هێشتاش هەر ماوین؟!

چەند جاران لامان وابوە ئەو جارەمان تیاچون‌و کۆتا ژیانە، کەچـی بویتـە مایـەی سەرهتایەکی نوێ‌و هێزو وزەو بەردەوامی (لە ژیانمانـدا)؟! چـەند جـاران ڕێگاکانمـان لـێ تەسك بونەوە، ئومێدو خۆزگەمان پچڕا، ئاسۆیەکانمان لەبەرچاودا تاریـك بـون، لە ناکاوێ موژدەی ئازادی‌و سەرکەوتنمان پێ دراو دەروی خێرمان لە ڕودا والاّ کرا؟!

﴿ قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ... بێژە: خوا ڕزگارو دەکـا لـەو تەنگانـەو لـە هەمو بەڵایەکی دیش. ﴿٦٤﴾ الأنعام ﴾ .

چەند جاران دنیا لە ڕوماندا ڕەش هەلگەڕا، زەویمان لێ تەنگ بوەوە لەگەڵ ئەو فراوانیەیدا سینەو ناخمان وێك هاتنەوە، لە ناکاوێ خێرو خۆشی بەر فراوانو سەرکەوتنو کۆمەگی گەیشتە جێ؟!

﴿ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ... ئەگەر خودا بەڵایەکت بەسەر بێنێ، بە غەیری خۆی کەس لەسەرتی وەلانابا. ﴿١٧﴾ الأنعام ﴾ .

هەر کەسێ بزانێ خوا بەسەرکاری خۆیدا زاڵە، چۆن لە کارو کردەی خەڵکان دەترسێ؟!

هەر کەسێ دڵنیا بێ کە هەمو شتێ لە خواروی دەسەڵاتی خوایە، چۆن بەشتێ دەترسێ کە لە خوا بەرەو خوارە؟! هەر کەسێ لە خوا بترسێ چۆن لە غەیری خودا دەترسێ، لە کاتێکا دەفەرموێ: ﴿ ... فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ ... ئێوە لەوان ترس‌و نەبێو، دەبێ هەر لە من بترسن. ﴿١٧٥﴾ آل عمران ﴾ .

شکۆمەندیو سەربڵندی لە لایەن خوای تاك‌و پاکە، شکۆمەندی بۆ خواو پێغەمبەری خواو بڕوادارانە.

زاڵ بون هەر ئی خوایە، ﴿ وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ... دیاریشە هەر سوپای ئێمە سەردەکەوێ. ﴿١٧٣﴾ الصافات ﴾.

﴿ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ ٱلْأَشْهَٰدُ ... بێ گومانە ئێمە پێغەمبەرانمانو ئەو کەسانەی کەوا بڕوایان هێناوە، لە ژیانی ئەم دینایەداو لەو ڕۆژەشدا کە شایەتان ڕاست دەبنەوە، یاری دەکەین.[٥٤٧] ﴿٥١﴾ غافر ﴾ .

ئیبن کەسیر لە تەفسیرەکەیدا وتەیەك بەناوی فەرمودەی قودسی دەگێڕێتەوە: ((و عزتي و جلالي ما اعتصم بي عبد، فكادت له السماوات والارض، الا جعلت له من بينها فرجاء فرجاء عزتي، جلالي ما اعتصم بغيري الا اسخت الارض من تحت قدميه... سوێند بە گەورەیی‌و دەسەڵاتی خۆم هەر بەندەیێ پشت بە من ببەستێ،

٥٤٧) یاریدەیان دەدەین، سەریان دەخەین.

ئاسمانەکانو زەوی پیلانی لە دژ بگێڕن، هەردەبێ لەو پیلان گێڕیە ڕزگاری کەم. سوێند بە گەورەییو دەسەلاتی خۆم هەر بەندەیێ پشت بە جگە لە من ببەستێ هەردەبێ زەوی لە ژێر پێیاندا ڕانەگرم. پێشەوا ئیبن تەیمیە دەڵێ: بە سای "لا حول ولا قوة الا بالله" باری گران هەڵدەگیرێ، بەرگەی مەینەتی دەگیرێ، بوارو چۆنیەتی ڕەخساو دەستەبەر دەکرێ. ئەی بەندە هەرگیز ئەو زیکرە لە یاد مەکە! چونکە گەنجینەیەکە لە گەنجینەکانی بەهەشت یەکێکە لە بنەمای بەختەوەریو، ڕێڕەوی خۆشگوزەرانیو، سینە فراوانی.

(داوای لێخۆشبون گرێ کوێرە دەکـاتەوە...

(ئیبن تەیمیە... دەڵێ: جاری وایە گرێ کوێرەیەکم دێتە پێش سەد جار یا زیاتر یا کەم تر "استغفر الله" دەکەم، خوای گەورە بۆم دەکاتەوە.

﴿ فَقُلْتُ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارًا ... هەر پێم گوت: داوای بوردن لە پەروەردەتان بکەن، ئەو بێ گومان زۆر لێبورە. ﴿١٠﴾ نوح ﴾ .

یەکێ لەوانەی دڵارامیت بەسەردا دێنێ ئەوەیە بەندە ژێوانی بۆ خوا بنوێنێ. زۆر زیانباری هەن سودمەندن، هەرچی قەزاو قەدەری خوایە هەموی خێری تێدایە هەتاوەکو تاوانیش بە مەرجی خۆی.

لە موسنەدی (ئیمام ئەحمەدیشدا... هاتوە: ((لا يقضي الله للعبد قضاءً الا كان خيراً له... هەرچی خوا بۆ بەندەی خۆی بڕیار بدا تەنیا بۆی دەبێتە مایەی خێرو چاکە)).

لە (ئیبن تەیمیە)یان پرسی: هەتاوەکو تاوانیش؟ گوتی بەڵێ: ئەگەر تۆبەو پەشیمانی لەگەڵ دابێ، داوای لێبوردنو شەرمەزاری تێدا بێ.

﴿ ... وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ جَآءُوكَ فَٱسْتَغْفَرُوا۟ ٱللَّهَ وَٱسْتَغْفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُوا۟ ٱللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا ... جا ئەمانەش لە پاش ئەوەی کە ئەو غەدرەیان

لە خۆ کرد گەر بهاتبانەوە لای تۆو داوای خودا لێخۆشبونیان بکردایە، تۆ یەکیش کە پێغەمبەری، داوای لە گوناه بوردنت بۆ ئەوانە بکردبا، بێگومان ئەو سادەیاندی کە خوا پەشمانیەکەیان قبولّ دەکاو دلۆڤانە. ﴿٦٤﴾ النساء ﴾ .

﴿ ... وَتِلْكَ ٱلْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ ٱلنَّاسِ ... ئێمە ئاوا لە ناو خەلکا زەمانە دەستاو دەس دەکەین. ﴿١٤٠﴾ ﴾ آل عمران.

﴿كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا لَمْ يَلْبَثُوٓاْ إِلَّا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَىٰهَا ... ئەوێ ڕۆژێ کە دەیبینن، وا تێدەگەن بە دەر لە ئێوارەی ڕۆژێك یان چێشتانێ نەماونەوە. ﴿٤٦﴾ النازعات ﴾ .

بە گەورە پیاوانێ سەرسامم کە مێژو شایەتیان بۆ دەدا، بەو شێوە پێشوازیان لە مەینەتیەکان دەکرد هەروەکو بڵێی بەلایانەوە تنۆکی ئاوی باران بون، یا کزە بای نەرمی شەماڵ بون، لە سەروی هەموشیانەوە گەورەو پێشەوای مرۆڤایەتی بو — محمد ﷺ کە لەناو ئەشکەوتا، بە هاوەڵەکەی دەڵێ: ﴿ ... لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ... خەمت نەبێ! ئێمە خودامان دەگەڵە. ﴿٤٠﴾ التوبة ﴾.

کاتێ شار وەدەرو ڕەهەندە[٥٤٨]، کرا لە ڕێگای کۆچ کردنیدا مزگێنی لە دەست کردنی بازنەکانی کیسڕای بە سوڕاقەدا!

لە جەنگی بەدردا پێغەمبەری خوا لە ژێر کەپرەکەیەوە هێرش دەباو دەفەرموێ: ﴿ سَيُهْزَمُ ٱلْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ ٱلدُّبُرَ ... هەر بینا ئەو ئاپۆرەیە لە شەڕ شکاو پشت بکەنەوەو ڕابکەن. ﴿٤٥﴾ القمر ﴾ .

لە جەنگی (ئوحود)دا - دوای کوژرانو بریندار بون- بە هاوەڵانی دەڵێ: ((صَفّوا خلفي لأثني على ربّي... بە دوامەوە ڕیز بن تاوەکو سوپاسی پەروەردیارم بکەم. ئەوە ورە بەرزی پێغەمبەرایەتیە کە سەری لە هەسارەی چل چرا دەدا، وەیێکە چیایەکان دەهەژێنێ.

---

٥٤٨) دەربەدەر.

(قەیس)ی کوڕی (عاصم)ی (مونفری) کە یەکێ بو لە نـەرمو نیانـەکانی عـەرەب، باوەشی لە ئەژنۆیەکانی گرتبو سەربوردەیەکی بۆ خەڵك دەگێڕایەوە پیاوێ هاتە لای پێی وت: هەر ئێستا کوڕەکەت کوژرا، کوڕی فلانە کەس کوڕی تـۆی کوشت، دەسـتی لـە ئـەژنۆی نـەکردەوەو، سـەربوردەشـی نەپـچڕی، هـەتا کۆتـایی بـە وتەکـەی هێنـا، پاشان گوتی: کوڕەکەم بشۆنو کفـنی بکـەن، دوای بـانگم بکـەن نوێـژی لەسـەر بکـەم! ﴿...وَٱلصَّـٰبِرِينَ فِى ٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلْبَأْسِ ۗ ... لـە نـەداریو گرفتـاریو تەنگانـەدا خۆڕاگرن. ﴿١٧٧﴾ البقرة﴾ .

عیکرەمەی کوڕی ئەبو جەهل لە سەرە مەرگدا ئاویان پێدا، گوتی بی دەنە فلانـە کەس. ئەو گوتی بۆ یەکی تری ببەن یەك لە دوای یەك دەستاو دەستیان پێ دەکـرد هەتا هەمویان مردن[٥٤٩].

خـەڵك نەیـاری تۆیە نـەك لە بەرژەوەنـدی تۆیـە

کەسی ژیرو کارامە[٥٥٠]وا دادەنێ هەر کەسەی لەبەرژەوەندی خۆی کار دەکا نەك بۆ ئەو، لە نواندنی هەڵوێستو بڕیار دان پشت بە خەڵکی نابەستێ، چونکە خـەڵك لـە هەڵسو کەوتو هاوکاریان بەرامبەر غەیری خۆیـان سـنوردێکیان دانـاوە، لـە قوربـانی دانو هەوڵو گەڕیان مەودایەکیان دیاری داوە لێی تێ ناپەڕن.

دەرس لە حوسێنی کوڕی عەلـی وەرگـرە - خـوا لـە خـۆیو بـاوکی ڕازی بـێ -، کـە کـچە زای[٥٥١] پێغەمبـەری خـوا بـو ﷺ کاتـێ شـەهید کـرا هـیچ کـەس تـەنیا بـە وشەیەکیش ورتەی لێوە نەهات، بەڵکە ئەوانـەی کوشـتیان دەنگیـان بـە هوتـافو (الله اکبـر... هەڵـدەبڕی بـە سـای ئـەو سـەرکەوتنە گـەورەی بەدەسـتیان هێنـا بـو بـە کوشتنەوەی!!، خوای لـێی ڕازی بێت.

---

٥٤٩) کۆمەڵە هاوەڵێك بریندار بون هیچیان ئاویان لەبەر یەکتر نەخواردەوە تا هەمویان مردن.

٥٥٠ لێهاتو.

٥٥١) کوڕی کچی پێغەمبەر بو.

(ئەحمەد)ی کوڕی (حەنبەل) بەرەو بەندیخانە ڕاکێشرا، زۆر بە تونـدی ئـازار درا، هاتە سەر گیانەڵا، کەسێ جوڵەی تێ نەکەوت.

(ئیبن تەیمیە) قۆڵ بەست کرا، بە سواری هێسترەکەی بـەرەو وڵاتـی مـصر کەوتـە ڕێ، ئەو هەمو کۆمـەڵو ئـاپۆڕەی ئامـادەی ناشـتنی تـەرمی بـون تـەکانێکیان بـە خـۆ نەدا، چـونکە خـەڵك سـنورێکیان دانـەوە لـەوێ نـاڕۆن بـەو لاوە، ﴿ ... وَلَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَلَا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلَا حَيَوٰةً وَلَا نُشُورًا ... تەنانـــەت قـــازانج و زەرەری خۆشیان بە دەس نیە، نە مردنیشیان بە دەستەو نە ژیـانو نـە ژینـەوەی لـە پاش مـردن. ﴿٣﴾ الفرقان ﴾ .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَسْبُكَ ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ... ئەی پێغەمبەر! بـۆ تـۆو بـۆ باوەڕدارانـێ شوێنت کەوتون، خودا بەسە. ﴿٦٤﴾ الأنفال ﴾ .

﴿ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْحَيِّ ٱلَّذِى لَا يَمُوتُ ... سـا تـۆ خـۆت بـدە دەس کەسـێ کـە هـەر زیندوەو نامرێ. ﴿٥٨﴾ الفرقان ﴾ .

﴿ إِنَّهُمْ لَن يُغْنُوا۟ عَنكَ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ... ئەوان ناتوانن لە خوات بـێ نیازکـەن. ﴿١٩﴾ الجاثية ﴾ .

مـاڵ بە فیـرۆ مـەدە "ئەوەی دەسـت بگرێتـەوە هـەژار نابـێ"

ئـەو بـیرو بۆچـونەی دەبێتـە پاڵنـەری بـە فێڕۆدانـی سـامانو دەسـتبلاوی و خەرجکردنی بە شێوەیەکی نەشیاو، یا هاندەرێکە بـۆ ئـەوەی بـە هـیچ شـێوەیێ مـاڵ کۆنەکرێتەوە بۆچونێکی هەڵەیـە، تـەنیا لـە عیبـادەت کـارە هیندیـەکانو کۆمـەڵێکی نەزان گوازراوەتەوە.

بێگومـان ئیـسلام داوای کـار کـردن دەکـا بـە ڕێگایـەکی پـیرۆزو، بـۆ پەیـدا کردنـی سامانێکی پیرۆزو، خەرج کردن لە ڕێگایەکی پیرۆز، بۆ ئـەوەی بەنـدە بـە سـای مـاڵو

سامانی سەر بلّند بێ، پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەرموێ: ((**نعم المال الصالح في يد الرجل الصالح**... چاك ترین مالّ ئەو مالّەیە لە دەستی پیاوی چاك دابێ. فەرمودەیەکی (حسن)ە بێگومان یەکێ لەوانەی مایەی دڵپەستی و خەمانە زۆر بونی قەرزانە، یا هەژارێکە مایەی نابوتی و دارمانە:

((فهل تنتظرون الا غنىً مطغيا او فقرا منسيا... ئایە جگە لە دەوڵەمەندێکی سنور بەزێن، یا هەژارێکی لەبیرخەرەوە چاوەڕوانی چ دەکەن؟

بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ پەنا دەگرێ بە خواو دەفەرموێ: ((**اللّهم إني أعوذ بك من الكفر والفقر**... پەروەردگارا پەنات پێ دەگرم لە بێ باوەڕی و هەژاری.

دەشفەرموێ: ((**كاد الفقر ان يكون كفرا**... نزیکە هەژاری ببێتە بێ باوەڕی. ئەو فەرمودەیە لەگەڵ ئەو فەرمودەیەی (ئیبن ماجە... دەیگێڕێتەوە تێکناگیرێن، ئەگەر چی فەرمودەیێکی بێهێزە (کە دەفەرموێ): ((**ازهد في الدنيا يحبك الله، وازهد فيما عند الناس يحبك الناس**... دنیا بەکەم بنرخێنە خوا خۆشی دەوێی، ئەوەی لەلای خەڵکە بەکەمی بنرخێنە خەڵك خۆشی دەوێی. بەڵام مەبەست ئەوەیە: بایی ئەوەندت هەبێ بەرچاوت تێر بێ، ئەوەندەی چاوت لە دەستی خەڵك نەبێ و مالّ و سامانیان لێ نەخوازی، بەڵکە بەڕێزو دەست پاك بی، ئەوەندەت هەبێ لە ئاستیاندا ڕوسوربی، ((**ومن يستغن يغنه الله**... هەر کەسێ خوا پێ داوی گەرەك بێ خوای گەورەش پێی دەبەخشێ)).

لە فەرمودەی ڕاستی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: ((**انك ان تذر ورثتك اغنياء، خيرٌ من ان تذرهم عالة يتكففون الناس**... ئەگەر تۆ میرات گرانت بە دەوڵەمەندی جێبهێڵی، باشترە لەوەی بە هەژاری جێیان بهێڵی و دەست لەبەر خەڵکان پان کەنەوە.

لە فەرمودەی ڕاستی پێغەمبەریشدا هاتوە: ((**اليد العليا خير من اليد السفلى**... دەستی باڵا چاترە لە دەستی واڵا. ئەو دەستەی کە باڵایە ئەوەیە دەبەخشێ، دەستی واڵا ئەو دەستەیە داوا دەکاو وەردەگرێ، ﴿... يَحْسَبُهُمُ ٱلْجَاهِلُ أَغْنِيَآءَ مِنَ ٱلتَّعَفُّفِ ... ئەوی ئاگایان لێ نیە، وا دەزانن هیچ ئاتاج نین. ﴿٢٧٣﴾ البقرة﴾ .

مەبەستی فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ ئەوەیە: بۆ مرۆڤەکان مەرایی [٥٥٢] نەنوێنی جا داوای ڕۆزیان لێبکەی و دەستکەوتێ بەدەست بێنی، بێگومان خوای شکۆدارو پایەدار ڕۆزی و مردن و دروستکردنی بەتەمای کەس نەکردوە، چونکە ئەوانەی بەسای باوەڕداری ڕێزدارن، هەمیشە سەربڵندن و، پایە دارن، سەریان شۆڕ نیە و بەدەمارن [٥٥٣].

﴿ ... أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلْعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا ... ئاخۆ بەتەمان کە لای وان قەدرو حورمەتیان دەسکەوێ؟ ﴿١٣٩﴾ النساء ﴾ .

هەر بە خوا پەیوەندی ببەستە

ئەگەر ژێنەرو مرێنەرو ڕۆزیدەر تەنیا خودا بێ، بۆ دەبێ ترس و دودڵیت لە خەڵکان بێ؟! وا هەست دەکەم زۆربەی سەرهەڵدانی خەم و خەمینی لە دەرەنجامی هەبونی پەیوەندیە بە خەڵکی، هەوڵدانە بۆ ڕازی کردنیان و، خۆ لێ نزیك خستنەوەیان و، چاوگێڕانە لە سوپاسیان و، هەراسان بونە بە سای بەد گۆیی ئەوان، ئەوەشیان هۆکارەکەی بۆ لاوازی یەکتاپەرستی دەگەڕێتەوە.

چەند هۆکارێکی دڵشادی

(ئیبن قەیم) چەند مەسەلەیەك باس دەکا، کەسینە شادو گوشاد دەکەن:

گرنگترینیان: یەکتا پەرستیە: بە پێی ئەندازەی پاك و بێ خەشی یەك خواپەرستی دڵ ئاسودەو ئارام دەبێ، هەتا وای لێدێ لە دنیاو ئەوەیشی تێی دایە فراوانتر دەبێ.

مەردمی بێ باوەڕو هاوبەش پەیداکەریش هیچ ژیانی نیە، خوای تاك و پاك دەفەرموێ: ﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ

---

٥٥٢) ماستاوچیاتی.

٥٥٣) سەربڵندن.

أَعْمَىٰ ... هەر کەسێکیش لە ئامۆژگاری مـن نـەکاژینو لـە تەنگانـە دایـەو، رۆژی سـەلاش کوێرە لە گۆڕی دەردە خەین. ﴿١٢٤﴾ طـه ﴾ .

هـەروا خـوای بـێ هـــاوتا دەفـەرموێ: ﴿ فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ ... هـەر کەسـێ خـوا حـەز بکـا، بـۆ خـۆی رێگـەی نیـشان دەداو بـۆ بـڕوا بـە ئیسلامەتی دڵی گوشادی دەداتێ. ﴿١٢٥﴾ الأنعام ﴾ .

شـکۆداری بـۆ ئـەو کـە دەفـەرموێ: ﴿ أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٍ مِّن رَّبِّهِۦ ... ئـاخۆ کەسـێ خـودا دڵـی بـۆ ئیسلام گوشـاد کـردوەو دیـارە بـەر تیـشکی بـەزەیی پەروەردەی خۆی کەوتوە. ﴿٢٢﴾ الزمر ﴾.

خوای گەورە بە سینە تەنگیو ترسو بیمو دڵاو دڵیو نیگەرانی هەڕەشە لە نەیارانی دەکـــا، ﴿ سَنُلْقِى فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلرُّعْبَ بِمَآ أَشْرَكُوا۟ بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا ... ئەوانەش کە خوانەناسن، چونکە بـێ ئـەوە بەڵگـەیان لـە حـەواوە بـۆ هاتبێ هاوکار بۆ خودا دەناسن، ترسێ داوێژینە دڵیان. ﴿١٥١﴾ آل عمران ﴾.

﴿ ... فَوَيْلٌ لِّلْقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ ٱللَّهِ ... هـاوار بـۆ ئـەو کەسـانە دڵـرەقن لـە یـادی خودا. ﴿٢٢﴾ الزمر ﴾.

﴿ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِى ٱلسَّمَآءِ ... کـێش خـوا حـەز بکـا گـومڕای بکـا، هێنـدە نەفـەس تـەنگی دەکـا، وەک بـەرەو سـەرو سەرکەوێ. ﴿١٢٥﴾ الأنعام ﴾.

یەکێ تر لەوانەی سینەو ناخی پێ دەسرەون زانستی بە کەڵکە جـا زانایـان لـە هـەمو کـەس پـتر دڵـشادو دڵ گوشـادن، سـینە فـراوانو ئاسـودەن، چـونکە میراتـی پێغەمبـەری خوایان پێ بڕاوە: ﴿ ... وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُن تَعْلَمُ ... زۆر شتی وای فێری تۆ کرد کە تـۆ پێشو نەتدەزانین. ﴿١١٣﴾ النســاء ﴾.

﴿ فَٱعْلَمْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ... سا بزانە غەیرە خودا هیچ شت بۆ پەرستن نابێ. (١٩) محمد ﴾ .

کردەوەی چاکە: هۆکارێکی تـرە: بـە ڕاستی چاکەکاری مایـەی ڕۆشـنایی دڵـەو، ڕەونەقی روخسـارە، مایەی فراوانبونی ڕۆزیەو، جێی خۆ کردنەوەیە لە دڵی خەڵـکدا، ﴿ ... لَأَسْقَيْنَٰهُم مَّآءً غَدَقًا ... بێ گومانە لە ئاوێکی زەبەندە تێراویان دەکەین. (١٦) الجن ﴾.

هۆکارێکی تر: چاو نەترسیە: مـەردمی چاونەترس دڵو دەرون ئاوەدانـە، خـۆ گـرەو، سەقامگیرە، چونکێ پشتی بە خوا دەبەستێ، بە کارەساتان نالەخشێ [٥٥٤]، بـە پـڕوپاگەنـدە ناهەژێ، بە هەواڵی دڵ تەزێن هەڵناتۆقێ [٥٥٥]

هۆکارێکی تر: خۆپاراستن لە تاوان: بێ گومـان تـاوان ڕاستەوخۆ ژیـان لـێخن [٥٥٦] دەکـا، دڵو دەرون پەست دەکا، خۆشی تارو مار دەکا.

هۆکارێکی تر: زیادە ڕۆیی نەکردن لە حەڵاڵ: وەکو قسە کردنو خواردنو نوستنو تێکـەڵاوی، ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنِ ٱللَّغْوِ مُعْرِضُونَ ... ئەوانـەش کـە لـە قـسەی پـوچ دوری دەکەن. (٣) المؤمنـون ﴾ .

﴿ مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ... هەر وتـەی لە دەم دەربـچێ، چاوەدێرێکـی لا هەیـە. (١٨) ق ﴾.

﴿ وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ... خواردنـێ بخـۆنو وەخـۆنو لـە ئەنـدازە دەرمەچـن. (٣١) الأعراف ﴾ .

---

٥٥٤) کاری تێناکا.

٥٥٥) ناترسێ/ ناتۆقێ.

٥٥٦) شێلو/شـلوێ.

خوا بڕیاری خۆی داوە

یەکێ لەو نەخۆشانەی بە دەردی خەمو دڵ پەستی گیرۆدە بو، پرسیار لە پزیشکێکی موسڵمانی پسپۆڕ لە نەخۆشی دڵە ڕاوکێو نیگەرانی دەکا، پزیشك پێی دەڵێ: دڵنیا بە خوا لە دروستکردنو بەڕێوەبردنی جیهان بویتەوە، هەر جوڵەیێو هەر چرپەیێ لەم جیهانە ڕوودا هەموی بە فەرمانی خوایە، کەوایە ئەو ماتو لێو بە باریەت لە چی دایە؟! ((ان الله کتب مقادیر الخلائق قبل ان یخلق الله بخمسین الف سنة... پەنجا هەزار ساڵ بەر لە دروست بونی بونەوەر خوای گەورە هەمو دروستکراوەکانی ئەندازە گیر کردوە.

تام و چێژی نازادی

"ڕاشد" لە کتێبی "المسار" دا دەڵێ: هەر کەسێ سێ سەدو شەست کولێرەو کوپە ڕۆنێكو هەزارو شەش سەد دەنکە قەسپی لە لابێ، هیچ کەسێ نایکا بە کۆیلەی خۆی.

یەکێ لە پێشینانیش دەڵێ: هەر کەسێ بە نانە وشکەو ئاو ڕازی بێ، لە هەمو کۆیلایەتیێ ڕزگاری دەبێو تەنیا بەندەی خوا دەبێ، ﴿ وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُۥ مِن نِّعْمَةٍ تُجْزَىٰٓ ... بۆیەش بە کەسی نەبەخشی کە پاداشی بدرێتەوە. (١٩) الليل ﴾ .

ئەوانەی هەوڵ دەدەن بە سای کۆکردنەوەی سامانو دەستەبەرکردنی موچەو پلەو پایە بەختیاری وەدەست بێنن، بۆیان ڕۆشن دەبێتەوە کە بە ڕاستی بەدبەختو دۆڕاو هەر ئەون، تەنیا خەمو پەژارەیان پێ بڕاوە، ﴿ وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَٰدَىٰ كَمَا خَلَقْنَٰكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍۭ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَٰكُمْ وَرَآءَ ظُهُورِكُمْ ... هەروەك تاك تاکەو بە تەنیا لە پێشودا، ئێوەمان وەدیهێناوە، هەرواش هاتونە لامان هەر چیش ئێمە پێمان دابون، لە دواتانەوە بەجێما. (٩٤) الأنعام ﴾.

﴿بَلْ تُؤْثِرُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿١٦﴾ وَٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ... بەڵام ئێوە ژیانی دنیا هەڵدەبژێرن. کەچی لەولا باشترو بە پێزتر هەیە. ﴿١٧﴾ الأعلى﴾ .

سوفیانی سەوری سەرینی گڵ بو

(سوفیان)ی (سەوری) لە کاتی حەجکردن لە (موزدەلیفە) گومەزێك خۆڵ دەکاتە سەرینی، خەڵکان پێی دەڵێن: ئا لەم شوێنەدا سەروەخۆڵ دەکەی کەچی تۆ فەرمودەناسی جیهانی؟ پڕ لەدڵەوە گوتی: ئا ئەو سەرینەم لە سەرینی خەلیفە (ئەبی جەعفەر)ی (مەنسور) بە نرخ تر.

﴿ قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا ... بێژە: بێژگە ئەوەی خودا بۆی نوسیبین توشمان نایە. ﴿٥١﴾ التوبة﴾ .

بە بەڵێنی بەدگۆیان باوەڕ مەکە

بەڵێنی بە درۆ، پڕوپاگەندەی بەربلاوی نابەجێ، ئەوەی زۆربەی خەڵك لێی دەترسێ، تەنیا خەیاڵەو نایێتە جێ، ﴿ ٱلشَّيْطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ ۖ وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ... شەیتان ئێوە لە نەداری دەترسێنێو بۆ خراپە هانودەدا. خواش بەڵێنی لێ خۆشبونو خۆشی ژیانو پێدەدا. فەرحانی والای خودایەو خۆی زانایە. ﴿٢٦٨﴾ البقرة﴾ .

بریتی گەدەو خەو زڕانو نیگەرانی: بەرهەمی هیوابڕانو هەستکردنە بە نوچ دانو داڕمان.

وتـەی نابـەجێو جـوێن پـێ دان زیانـت پێ ناگـەیەیـێـنن

"ئیبـڕاهام لینکـۆڵن" سـەرۆکی پێـشوی ئـەمریکا دەی وت: ئـەو جوێننامـەی بـۆم ڕەوانە دەکرێ مـن نایخوێنمـەوە، زەرفەنامەکـەش ناکەمـەوە، چ جـای وەڵامـی لەسـەر بدەمەوە، چونکو ئەگەر بێو خۆمی پێوە سەرقاڵ کەم بۆ گەڵو نەتـەوەم هـیچ شـتێ پێشکەش ناکەم.

﴿ فَـأَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ ... سا تۆ واز لەوانە بێنـە. ﴿٣٠﴾ السجدة ﴾ .

﴿ ... فَٱصۡفَحِ ٱلصَّفۡحَ ٱلۡجَمِيلَ ... سـا تـۆ چاوپۆشـی بکـە بـە پـیـشەو چاوپۆشـیت بـێ گازاندە بێ. ﴿٨٥﴾ الحجر ﴾ .

﴿ فَٱصۡفَحۡ عَنۡهُمۡ وَقُلۡ سَلَٰمٞۚ ... سـا تـۆ لەوانـە وازبێنـەو بێـژە: ئێستا بـێ تـرس بـن. ﴿٨٩﴾ الزخرف ﴾ .

حەسان لە شـیعرێکدا دەڵێ، کە ئەوە مەبەستەکەیەتی:

وتەو گوتەی لۆمەکارو گەزاران[٥٥٧] هـەرزە گۆیـان[٥٥٨] ئەوانـەی لـە ئاستی ئـابڕوی خەڵکدا چەنە بازو دەم داڕون[٥٥٩]، نە زیان گەیێنن نە شیاوی بایەخ پێ دانن، نە جێی خۆیەتی موسـڵمان ڕوی بەلایدا لاکاتەوە، یا مرۆڤی گوستاخ[٥٦٠] لێی بسڵەمێتەوە[٥٦١].

سـەرکردەی دەریـاوانی ئـەمریکی لـە جـەنگی جیهـانی دووەم دا پیـاوێکی بـە کـارو بەرچاو بو، حەزی لە ناوو دەنگ بو، هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەوانەی ژێر دەستی دەکرد کـە بـە لێزمـە جوێنیـان پـێ دەداو قـسەی ناشیرینیان پـێ دەگوتو سەرزەنـشت یـان

---

٥٥٧) بێ شەرمان.
٥٥٨) زمان شران.
٥٥٩) زۆر بڵێن.
٥٦٠) ئازا.
٥٦١) بڕەوێتەوە.

دەکرد، هەتا دەڵێ: ئێستا کە بەرگرییێکم بۆ دروست بوە لە ڕەخنە، زۆرم دنیا دیـتـو، بە سالدا چوم، دڵنیا بوم کە قسە شکۆداری نارمێنێو قەڵای پۆڵایین هەڵناوەشێنێ.

لـە پێغەمبـەر عیـسا دەگێڕنـەوە - درودی لەسـەر- کـە دەفـەرموێ: دوژمنـەکانتان خـۆش بـوێ. دەربـارەی نـەیارانتان لێبـوردنێکی گـشتی دەرکـەن، هـەتاوەکو لـە مـاف سەندنەوەو تۆڵە کردنەوەو ئەو ڕقو کینەی بەرەو نـەمانتان دەبـات بەدورکەونـەوە، ﴿ ... وَٱلْعَـافِينَ عَنِ ٱلنَّـاسِ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ... ئەوانـەش کـە لـە مـەردم چاوپۆشـی دەکەن، خوا چاکەکاری خۆش دەوێن. ﴿١٣٤﴾ آل عمران ﴾ .

((أذهبـوا فانتـم الطلـقاء... بـڕۆن ئێـوە ئـازادن، ﴿ قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ ۖ ... ئیمڕۆ گازاندەو لەسەر نەماوە. ﴿٩٢﴾ یوسف ﴾ .

﴿ عَفَا ٱللَّهُ عَمَّا سَلَفَ ۚ ... خودا لە کاری ڕابردو چاو دەپۆشێ. ﴿٩٥﴾ المائدة ﴾.

نەخـشو نیگـاری ئەم گـەردونە وەخوێنـەوە

تێڕوانینو وردبونەوە لەم گەردونە، لەم پەرتوکە بەرهەڵە، خوێندنـەوەی جـوانی لە نیگاری وەدی هاتوی خوای خاوەن شکۆو توانـادارو چێژ لـێ وەرگـرتنی، یەکێکـە لەوانەی ناخو دەرون دەسرەوێنێ، خوای گەورە دەربـارەی دروسـتکراوانی دەفـەرموێ: ﴿ فَأَنۢبَتْنَا بِهِۦ حَدَآئِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ ... گەلێك باخچەی بە دیمەنمان بە ئاوەکەی شین کردوە. ﴿٦٠﴾ النمـل ﴾ .

﴿ هَٰذَا خَلْقُ ٱللَّهِ فَأَرُونِى مَاذَا خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ۚ ... ئەمـە کارەکـانی خـودا، دەسا ئێوە نیشانم دەن غەیرە خودا چیان کردوە. ﴿١١﴾ لقمان ﴾ .

﴿ قُلِ ٱنظُرُوا۟ مَاذَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ ... بێـژە بـەری خـۆ بـدەنێ لـە ئاسمانـانو زەمیندا چی هەیە. ﴿١٠١﴾ یونس ﴾ .

دوای چەند لاپەڕێ لەمەودوا، لەمـەڕ بونـەوەر هەنـدێ هـەواڵت پـێ دەدەم تـا بـە گـەورەیی‌و کاراشـنایی خـوا ئاشـنا بـی ﴿ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَىْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ... ئـەو خوایەیـــە بـە هـەمو دەسـتکردی خـۆی هـەمو پێداوێـستی داوە، پاشـانیش ڕێـی نیشان داوە. ﴿٥٠﴾ طـه ﴾ .

خوێندنەوەو وردبونەوە لەو خۆرە پڕشنگ دارە، لەو هـەمو ئەستێرە درەخشان‌و تروسکەدارە، لە ئاوی ئەم ڕووبارە...لەو هەمو چەمو چۆبارە..لـەو گـردو تەپۆلکەیـە.. لەو دارو درەختەیـە..لە (هەمە ڕەنگی) ئەو میوەیـــە.. لـە ئاووهـەوا..لـە ڕۆشـنایی، ﴿ ... فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ... دەس ڕەنگینی هـەر بـۆ خوایـە، کـە هـیچ وەسـتایە پێی ناگـا. ﴿١٤﴾ المؤمنـون ﴾ .

﴿ أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ ... ئەمانە چۆن ڕانەماون، کە وشـــتـــر چۆن وەدیهێنراوە؟ ﴿١٧﴾ الغاشية ﴾ .

(ئەنیشتاین) دەڵێ: هەر کەسێ لەو بونەوەرە ورد بێتەوە تێ دەگا کە بەدی هێنەر کاراشنایە‌و زانایە، گاڵـتە کارنیە.

﴿ ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ كُلَّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ ... ئەو کەسێکە هـەمو شـتی - بەوپـەڕی ڕێکی‌و لـە باری- دروست کرد. ﴿٧﴾ السجدة ﴾ .

﴿ مَا خَلَقْنَٰهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ... هەر بۆ ڕاستی هەمومان وەدەیهێناون. ﴿٣٩﴾ الدخان ﴾ .

﴿ أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا ... ئـاخۆ ئێـوە پێتـان وابـو بـە گەمـە دروسـتن کردون. ﴿١١٥﴾ المؤمنون ﴾ .

مەبەست ئەوەیە: هەمو دروست کراوێ بە ئەندازەیە‌و لـە جێی خۆیـە، بـە یاسـاو ڕێخستنە، هەر کەسێ لەو گەردونە بڕوانێ دەزانێ خوایەکی توانادار هەیە لـە گـۆترە کارەکان هەڵناسورێنێ، گەورەیی‌و شـکۆ بۆ ئەو.

دوای ئـەوە خـوای بـەرزو توانـا دەفـەرموێ: ﴿ ٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ ... خـۆرو هەیڤـیش -بە ئەندازە- دێنو دەچن. ﴿٥﴾ الرحمن ﴾ .

﴿ لَا ٱلشَّمْسُ يَنۢبَغِى لَهَآ أَن تُدْرِكَ ٱلْقَمَرَ وَلَا ٱلَّيْلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِ ۚ وَكُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ... نە خۆر توانای هێنـــدەی هەیە بگا بە مانگ، نە شەو وەپێش ڕۆژ دەکـەوێ. سـەر لەبەریش لە ئاسمانێك مەلە دەکەن. ﴿٤٠﴾ يس ﴾ .

چـاو برسـێتی بێ سـودە

پێغەمبەری خوا -درودی خوای لەسەر بێ- دەفەرموێ: ((**لـن تـمـوت نفـس حتـى تستكمل رزقها وأجلها**... هیچ گیاندارێ نامرێ تاوەکو ڕۆزیو ماوەی ژیانی کۆتایی نێ.

کەوایە پەشۆکانو شپرزەیی لە پێناو چی؟! قوڕ پێوانو خاکـە ساری لەبەرچی؟! ئەگـەر مـاوەی تەمـەنو ڕۆزی بڕیـاری لەسـەردرا بـێو کـار لـە کاترازابـێ ئـەو هـەمو ماندوبونەی دەوێ؟!

﴿ ... وَكُلُّ شَىْءٍ عِندَهُۥ بِمِقْدَارٍ ... هەمو شتێك لە لای ئەو ئەندازەی هەیـە. ﴿٨﴾ الرعد ﴾ .

﴿ ... وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ قَدَرًا مَّقْدُورًا ... خـوا بـە هـەر چی فـەرمان بـدا -بـێ زیـادو کـەم- دەبێ بکرێ. ﴿٣٨﴾ الأحزاب ﴾.

تەنگـژە تـاوانـت ڕەش دەکـاتەوە

لە ئیبن موعتەزی شاعیر دەگێڕنەوە کە گوتویەتی: ئای ئەو کەسەی پشت بە خـوا دەبەستێ خوای گەورە چۆن وەلاّخەکەی بـۆ ڕام دەکـا، ئـەوەی متمانـەی بـە خـوا بـێ گەڕانەوەی لەسەر فەر چەند بۆ سانا دەکا!! بە دروستی لـە پێغەمبـەری خـواوە ﷺ

گێڕدراوەتەوە کە دەفەرموێ: ((ما يصيب المؤمن من همّ، ولا غمّ، ولا وصب، ولا نصب، ولا مرض، حتى الشوكة يشاكها، الا كفر الله بها من خطاياه... هەر خەمو پەژارەیێ، هەر ئازارو ئەشکەنجەیێ، هەر دەردو بەڵایێ، بڕوادار پێی گیرۆدەبێ، هەتا درکێکی پیا بچەقێ، بە بێ گومانی خوا تاوانی پێ ڕەش دەکاتەوە. ئەو پاداشتە بۆ کەسێکە ئارامگر بێو چاوی لە پاداشتی خوا بێو بۆ لای ئەو پەشیمانی دەربڕێ، بشزانێ لەگەڵ خوایەکی زۆر بەخشندەو بێ هاوتا مامەڵە دەکا)).

﴿ لِّكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ ... هەتا ئێوە بۆ شتێ لە دەستو دەچێ، خەم نەخۆنو بە دەسکەوتو دڵخۆش نەبن. ﴿٢٣﴾ الحديد ﴾.

خوا بەسمانەو باشترین پاڵپشتمانە

ئەو وتەیە: ((حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ... (ئیبراهیم) پێغەمبەر گوتی لەو ساتەی خرایە ئاگر، ئاگر بو بە ساردێکی بێ زیان.

لە جەنگی (ئوحود) موحەممەد پێغەمبەری خوا -درودی خوای لەسەر بێ- ئەو رستەیەی دەربڕی جا خوا بەسەر دوژمن دا زاڵی کرد.

لەوکاتەی (ئیبراهیم) خرا نێو مەنجەنیق [٥٦٢] (جبریل) پێی وت: ئایە هیچ پێویستیت بە منە؟ (ئیبراهیم) پێی گوت: پێویستی بە تۆ نەخێر، بەڵام پێویستی بە خوا بەڵێ!

دەریا مرۆڤ نغرۆ [٥٦٣] دەکا، ئاگریش دەیسوتێنێ، بەڵام ئەویان وشک بو، ئەمیان دامرکا، بە سای ((حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ)).

پێغەمبەر (موسا) بینی دەریای لە پێشەو دوژمنیشی بە دواوەیە.

---

٥٦٢) ئامێرێك بوە چتیان پێ فڕێ داوە.

٥٦٣) نقوم.

فـەرموی: ﴿ قَالَ كَلَّآ ۖ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ ... نابـێ هـیچ بترسـن چـونکه پەروەردەم دەگەڵەو بەم زوانە دەرویکم لـێ دەکاتەوە. بە ویستو فەرمانی خوا ڕزگاری بو. (٦٢) الشعراء ﴾ .

لە ژیانو بەسەرهاتی پێغەمبەری خوادا -درودو سلاوی خـوای لەسـەر- باسکراوە: لەوکاتـەی چـوە ئەشـکەوت، خـوای گـەورە کـۆتری بـەوە ناچـار کـرد لـەناو دەرگـای ئەشـکەوت هێلانـە دروسـت کـا، جالجالۆکـەی بـەوە ناچـار کـرد دەمـی ئەشـکەوت بـە تەونەکەی بتـەنێ [٥٦٤]، بێ باوەڕان گوتیان: (موحەممەد) دێرەوە نەچوە.

بەڕاستی ئەوە لە هانـا هـاتنو یارمـەتی خوایـە، ئەگـەر بەنـدە ڕوی بـۆ لاکاتـەوەو، بیـرکاتەوە کە پەروەردیارێکی فریادڕەسو توانادار، میهرەبانو سەرپەرشـتیار هەیـە، ئەوسا بەندە ملی کەج دەکاو بۆی دەچەمێتەوە.

﴿ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا ... تۆ بە بەرچاوی ئێمەوەی. (٤٨) الطور ﴾ .

﴿ ... فَٱللَّهُ خَيْرٌ حَٰفِظًا وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ... چاکتـر پارێزەر خودایەو هەر خـۆی لە هـەمو دڵسـۆزان دڵسـۆزترە. (٦٤) یوسف ﴾ .

کـەرسـتەی بەختـەوەری

تیـرموزی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە: ((**من بـات آمنـا فـي سربـــه، معافىً فـي بدنه، عنده قوت يومه، فكأنـما حيزت له الـدنيا بـحذافيـــرها...** مەبەسـت لەو فەرمودەیە ئەوەیە: ئەگەر بەندە خۆراکێکی هەبێو، لە حەساوگەیێ جـێ نـیش بێ، لـە مەترسیـشدا نـەژیێ، ئـەوا خۆشـترین بەختـەوەریو خێـرو خۆشـی بەسـەردا ڕژاوە، زۆر کەسیش ئەو بەهرەی وەدەست هێناوە، بەڵام بیـری لـێ ناکەنـەوە، دەرکـی پـێ ناکەنو بەلایدا لاناکەنەوە.

---

٥٦٤) بچنێ.

خوای بەرزو بێ هاوتـا بە پێغەمبەرەکـەی دەفـەرموێ: ﴿ ... وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي ... تەواو بەهرەی خۆم بەسەردا کردن. ﴿٣﴾ المائدة ﴾ .

ج بەهرەیەکە بە تەواوی بەسەر پێغەمبەری خوادا - درودی خوای لەسـەر- ڕژاوە؟ ئایە خواردنو خۆراکە؟ یا کۆشکو باڵەخانەو زێڕو زیوە، کەچی هیچ شـتێ لەوانـەی شک نەدەبرد؟ ئەو پەیامبەرە شـکۆدارە -درودی خوای بەسەردا بڕژێ- لە ژورێکی بە قوڕ هەڵنراو دەخەوت، سەری بە لقو گـەڵای دارخورمـا گیـرا بـو، دو بـەردی لەسـەر سگی پێچا بو، پاڵی وەسەرینێك دەدا کە لە گەڵای دارخورما هەلپێچرا بو شوێنەواری لە کەلەکەی دەردەچو، زرێیەکەی لە بری سی ڕبە جۆ لـەلای جولەکـەیێ بـە بارمتـە دانابو، سێ ڕۆژ بەسەریدا تێدەپەڕی کامە قەسپی خراپە دەستی نەدەکـەوت ژەمێکـی بە تێری لـێ بخـوا.

﴿ وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ الْأُولَىٰ ﴿٤﴾ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰ ... دیـارە دواڕۆژ بۆ تۆ لە دنیا چاترە. بەم زوانەش پەروەندەت چاکەی وەهات دەگـەڵ دەکـا، ڕازی دەبـی. ﴿٥﴾ الضحى ﴾ .

﴿ إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ ... ئێمە زۆی شـتماندا بە تۆ. ﴿١﴾ الكوثر ﴾ .

باجـی بەرپرسـیارێتـی

کاربەدەستی یەکێکە لەوانەی شەکەت کاری ژیانن.

مەبەست ئەوەیە: باجی بەرپرسیارێتی گرانـە، ئـاوی ڕوان دەتکێنـێ، حەسـانەوەو سـرەوتن ناهێڵـێ، کـەمن ئەوانـەی ئارەقـەو خوێنیـان، نـاودەنگـو سـانەوەیان، شکۆمەندیو سەربڵندیو قەدرو ڕێزیـان، نەکەنـە قوربانی ئـەو باجـەی ڕۆژانـە دەی دەن، ((لا تسـأل الامارة)) بەرپرسیارێتی مەخوازە.

((نعمت المرضعة و بئست الفاطمة)) دنیا باشترین شیر پێ دەرەو خراپترین لە شیر کەرەوەیە[٥٦٥].

وا دانێ دنیات بە هەمو نازو گۆزەوە هاتە بەردەستان، باشە دەرەنجام بەرەو کوێ دەچێت؟ بەرەو نەمان، ﴿وَيَبْقَىٰ وَجْهُ رَبِّكَ ذُو ٱلْجَلَٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ ... هەر پەروەردگاری خاوەن شکۆی بەرزو بەڕێزت دەمێنێ. ﴿٢٧﴾ الرحمن﴾.

یەکێ لە پیاوچاکان بە کوڕەکەی دەڵێ: ڕۆڵە سەری هیچ شتێ مەبە، چونکە سەر ئێشو ژانی زۆرە. حەزت لە سنگ ڕەپێش کردنو سەرپەلی نەبێ، چونکە زۆربەی ڕەخنەو گلەییو گازاندە، باج دانو ناچار کردن ئەوانەی لە پێشەوە دەگرێتەوە.

دەی بۆ نوێـــژ ئامـــادە بە

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسْتَعِينُواْ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ ... ئەی گەلی خاوەن باوەڕان پەنابەرنەبەر نوێژانو خوڕاگر بن. ﴿١٥٣﴾ البقرة﴾.

کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ توشی گرفتێ بهاتایە، یەکسەر پەنای بۆ نوێژکردن دەبرد.

دەشی فەرمو: ((أرحنا بها يا بلال)) ئەی بلال بە سای نوێژ بمان حەسێنەوە.

هەروا دەیفەرمو: ((جعلت قرة عيني من الصلاة... بیلبیلەی چاوم لە نوێژکردن دایە)).

ئەگەر هەستت بە سینە تەنگی کرد، لەمپەرێکت هاتە ڕێ، داوو تەڵەی زۆرت بۆ دانراوە، یەک سەر بەرەو جێ نوێژ بڕۆو نوێژ بخوێنە.

ئەگەر ڕۆژگار لەبەرچاوت ڕەش هەلگەڕا، شەوان گۆڕانکاریان بەسەردا هات، دۆستو هاوەڵانت پشتیان لێ هەڵکردی، دەردت بە نوێژ تیمار کە.

---

٥٦٥) لەو فەرمودەیە دنیا بە ژنی شیردەر چوێنراوە، واتە ئەگەر یەکێ پێیەوە هۆگر بێ بە ئاسانی دەستبەرداری نابێ.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە تەنگانەو کێشەی زۆر گەورەدا بـە سای نوێژ دڵی خۆی ئاو دەدایەوە، وەکو لە جەنگی (بەدر)و (ئەحزاب)و لە زۆر شوێنی تریش.

دەربارەی (ئیبن حەجەر)ی هۆشیارو ژیر خاوەنی کتێبی "الفتح" دەگێڕنـەوە کـە دەچێتە (قەلعە) لە (میسر) ڕێگرو چەتە دەورەی دەگرن، هەڵدەستێ دەست دەکا بـە نوێژکردن، خوای گەورە لە دەستی ئەوانی ڕزگار دەکا.

(ئیبن عەساکر)و (ئـیبن قـەیم) دەگێڕنـەوە: یـەکێ لـە پیاوچاکان لـە ڕێگای شام چەتەیەك ڕێگای لـێ دەگـرێ، دێتـە سـەر ئـەوەی بـی کـوژێ، داوای لـێ دەکـا مۆڵـەتی دوڕکات نوێژی پێ بدا، ڕادەوەستێو دەست دەکا بە نوێژ، ئـەو وتـەی خـوای گـەورەی بەبیـر دێتەوە کە دەفەرموێ: ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ ... یا ئەو کەسەی چاترە کە هەر وەختێ هومێد بڕاوێك لەبەری بپارێتەوە، دە هانای دێ. ﴿٦٢﴾ النمل ﴾.

سێ جار دوبارەی کردەوە، فریشتەیەك لە ئاسمانەوە بەخۆیو چەقۆیەك دابەزیو چەتەکەی کوشتو، گوتی: من نوێنەری ئەو کەسـەم وەڵامـی لـێ قـەوماوێ ئەداتـەوە کە هاواری بۆ بکا.

﴿ وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱصْطَبِرْ عَلَيْهَا ... بە کەسو کاری خۆت بێژە: نوێژان بکـەن، خۆشت وازی لـێمەهێنە. ﴿١٣٢﴾ طه ﴾ .

﴿ ... إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ... نوێـژ خوێنـدن مـرۆ لـە کاری ناشیرنو ناڕەوا دەپارێزێ. ﴿٤٥﴾ العنكبوت ﴾ .

﴿ ... إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ كَانَتْ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ كِتَـٰبًا مَّوْقُوتًا ... نوێـژ لەسـەر خـاوەن باوەڕان نوسراوێکە، وەختی بۆ دیاریکراوە. ﴿١٠٣﴾ النساء ﴾ .

یـەکێ لەوانـەی دڵو دەرون دەحەسـێنن، خـەم پـەژارە ڕەوێـنن، سـلاوەت لێدانـە لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ: ﴿ ... يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ صَلُّوا۟ عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ... ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! سا ئێوەش پەسنی[٥٦٦] (پێغەمبـەر) بـدەنو بـە دڵو گیـان سلاوی خودای لـێ بکەن. ﴿٥٦﴾ الأحزاب ﴾ .

---

٥٦٦) داوای ڕژانی میهر و سۆزی بۆ بکەن.

لە کن ((تیرموزی)) ئەو فەرمودەیە بە (سەحیح) هاتوە: کە (ئوبەی) کوڕی (کەعب) ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، لە نزایەکانم چەندی بۆ تۆ بێ؟

فەرموی: ((ما شئت)) ئەوەندەی حەز دەکەی.

گوتی: چارێگی؟

فەرموی: ((ما شئت، وان زدت فَهُوَ خَيْرٌ)) ئەوەندەی حەز دەکەی، ئەگەر زیادیکەی چاکترە....

گوتی: لە سێ بەشان دوی؟

فەرموی: ((ما شئت، وان زدت فَهُوَ خَيْرٌ... ئەوەندەی حەز دەکەی، ئەگەر زیادیکەی چاترە، گوتی: هەمو نزایەکانم بۆ تۆ بێ [٥٦٧] ؟

فەرموی: ((اذن يغفر ذنبك، وتكفى همك... ئەو کاتە خوا تاوانت دەبوڕێو، بۆ لابردنی پەژارەش بەستە)).

لێرەدا بەلگە هەیە، کە خەمو پەژارە بە ناردنی درودو سلاو بۆ پێشەواو گەورەترین دروستکراوی خوا دەڕەوێتەوە: ((من صلى علي صلاة واحدة صلى الله عليه بها عشرا... هەر کەسێ سلاوەتێکم لەسەر لێ بدا، خوای گەورە دە سلاوەتی لەسەر لێدەدا)).

((أكثروا من الصلاة عليَّ ليلة الجمعة ويوم الجمعة، فان صلاتكم معروضة عليَّ... لە شەوو ڕۆژی هەینیدا زۆر درودو سلاوم بۆ بنێرن، بێ گومان سلاوەتی ئێوە دەخرێتە بەرچاوم.

گوتیان: چۆن سلاوەتی ئێمە دەخرێتە بەرچاوی تۆ لەکاتێکا تۆ هێسکەکانت ڕزیوە؟!

فەرموی: ((ان الله حرَّم على الأرض ان تأكل أجساد الأنبياء... خوای گەورە لەسەر زەوی قەدەغە کردوە لاشەی پێغەمبەران برزێنێ)).

---

٥٦٧) هەمو نزایەکانم سلاوەت لێدان بێ لەسەر تۆ.

لە ڕاستیدا ئەوانەی شوێن پێ هەڵگری پێغەمبەری خوان ﷺ بەدوای ئەو پەیامە دەکەون کە بەسەرەوێدا دابەزیوە بەشێکیان لە دڵ گوشادی‌و پایـە بـەرزی‌و ڕێـزداری وەبەردەکەوێ.

(ئیبن تەیمیە) دەڵێ: تەواوترین سڵاوەت لێدان لەسـەر پێغەمبـەر ﷺ سـەڵاوەت لێدانی ئیبراهیمە (بەو شێوەیە): ((**اللّهم صلِّ على محمد وعلى آل محمد كما صليت على أبراهيم وعلى آل أبراهيم، وبارك على محمد وعلى آل محمد، كما باركت على أبراهيم وعلى آل أبراهيم في العالمين، انك حميد مجيد**)).

بەخشـندەیی شـادی دڵـە

چاکەکاری، ئەوانە هەموی دەگرێتەوە کە شادی هێن‌و خەم‌و پەژارە ڕەوێنن وەکو: بەخـشندەیی‌و چاکە‌و پیـاوەتی نوانـدن بـۆ خـەڵك، بـێ گومـان چاکەکاری چاتـرینی ئەوانەیـە سـینە‌و ناخیـان پـێ ئـاوەدان دەبـێ، ﴿ ... ءَامِنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰكُم ... لـەو بژێوەی کە پێم داون بەخت بکەن. ﴿٢٥٤﴾ البقرة ﴾.

﴿ وَٱلۡمُتَصَدِّقِينَ وَٱلۡمُتَصَدِّقَٰتِ ... پیاوو ژنی سەدەقەدەریش. ﴿٣٥﴾ الأحزاب ﴾ .

پێغەمبەری خوا ﷺ مەردمی ڕژدو مەردمی بەخشندەی بەو دو کەسە چوان دوە هەریەکە جوبەیـەکی لەبـەربێ، کەسـی بەخشندە هەمیشە دەبەخشێ‌و چاکە دەکـا، جوبـە‌و زرێ ئاسنەکەی فراوان دەبێ، هەتاوەکو شوێنەواری بزر دەکا، کەسـی ڕژدیـش هەردەستی دەقوچێنێ‌و نابەخشێ، جوبەکـەی وێـك دێتـەوە‌و تـەنگی پـێ هەڵئەچـنێ هەتا وای لێدێ گیانی تەنگ دەکاتەوە!

﴿ وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُمُ ٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِ ٱللَّهِ وَتَثۡبِيتٗا مِّنۡ أَنفُسِهِمۡ كَمَثَلِ جَنَّةِۭ بِرَبۡوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٞ فَـَٔاتَتۡ أُكُلَهَا ضِعۡفَيۡنِ فَإِن لَّمۡ يُصِبۡهَا وَابِلٞ فَطَلّٞ ... ئەو کەسانەش کە لە چاکە دەگەڵ هـەژاران کردنـدا، بـە هومێـدن خـودا لـەخۆ ڕازیکـەن‌و دڵیان بەبڕوا پتەوبێ خێرەکەیان وەك باغێکە لەسەر گردێك‌و بارانی پەڵەی لـێبداو بەروبوی دو ئەوەندە بێ، ئەگەر پەڵەشی لێنەدا، نمە باران تێراوی کا. ﴿٢٦٥﴾ البقرة ﴾ .

هـەروا خـوای بـەرزو بـێ هاوتـا دەفـەرموێ: ﴿ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ ... دەستەکانت دەگەردنت وەرمەهێنە. ﴿٢٩﴾ الإسراء ﴾.

بـێ گومـان دڵ پەسـتی بەشـێکە لـە دەسـت بەسـتی[٥٦٨]، ئەوانـەش کـە دەسـت دەقوچێنن و ڕژدن لە هەمو کەس سینە تەنگتـرو کـەم ڕەوشـتترن، چـونکە ڕژدی بـە بـەهرەی خـوا دەنـوێنن[٥٦٩]، ئەگـەر دەرکیـان بـەوە بکردایـە هەرچـی بـە خـەڵکانی دەبەخشن بـۆ ئەوەیـە لـە ژێـر سایەیدا بحەسـێنەوە، بـۆ ئـەنجام دانـی کـردەی چاکە دەسـت پێـشخەریان دەکـرد، ﴿ إِن تُقْرِضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَاعِفْهُ لَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ... ئەگەر ئێوە قەرزێ ڕەوا بە خودا ڕەوا ببینن، چەند قات پێتان ئەداتەوەو لە گونـاهو خۆش دەبێ. ﴿١٧﴾ التغابن ﴾ .

ئەوجارەش خوای بەرزو بێهاوتا دەفـەرموێ: ﴿ ... وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ... کەسانێکیش خـۆ لـە ڕژدی دەپـارێزن، ئەوانـە ڕزگارەکـانن. ﴿٩﴾ الحشر ﴾.

﴿ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ ... لەو بژێوەش کە پێمان داون دەیبەخشن. ﴿٣﴾ البقرة ﴾.

حاتـەمی دەسـتکراوە[٥٧٠] لـە شـیعرێکیدا فـەرمان بـە هاوسـەرەکەی دەکـا مێوانـداری مێوانانی بکا، چاوەڕێی گەشتەوان و دێدەوانانی بـێ تـاوەکو نانیـان لەگـەڵ بخـواو، بـە هاونشینی ئەوان دڵی ئاسودە بێ، پاشان مەرامو ویستی خۆی تـەواو ڕۆشـن دەکاتـەوە، ئەو مەرامو مەبەستەشی هاوڕێژەیـەکی هەژمارەیی پێـك هەڵپێکـە، بـە هاوسـەرەکەی دەڵێ:

بێنـە بەرچاوم کەسـی دڵفراوان بەر لە مەرگی مـردبێ
ئـەوەی کە قرچـۆکیشـە دنـیـای هـەتـا سـەر ببـێ

---

٥٦٨) دەست گرتنەوە.
٥٦٩) نای بەخشن.
٥٧٠) بەخشندە.

ئایە داکردنی[٥٧١] مالّو سامان تەمەنی خاوەنەکەی درێژ دەکا؟ ئایە بەخشینی مالّو سامان تەمەنی خاوەنەکەی کورت دەکا؟ نەخێر.

ڕق دامـەگـرە

(وَإِمَّا يَنْزَغَنَّكَ مِنْ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ... هەر وەختێ لە شەیتانەوە دوچاری خەیاڵاتێك بوی، بە گورجی پەنا بە خوا بەرە، کە خۆی بیسەرو زانایە. فصلت /٣٦.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژیاری یەکێ لە هاوەڵانی دەکا دەفەرموێ: ((لا تغضب، لا تغضب، لا تغضب... ڕق دامەگرە، ڕق دامەگرە، ڕق دامەگرە)).

هەروا پیاوێ لە لای پێغەمبەر ﷺ ڕقی هەڵسا، فەرمانی پێ کرد پەنا بگرێ بە خوا لە شەیتانی نەفرینکراو.

خوای گەورەش دەفەرموێ: ﴿ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ ... هەر هاناش دەبەمە بەر تۆ، کە ئەوان دێن بە لامەوە. ﴿٩٨﴾ المؤمنون ﴾ .

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ إِذَا مَسَّهُمْ طَٰٓئِفٌ مِّنَ ٱلشَّيْطَٰنِ تَذَكَّرُوا۟ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ .... ئەو کەسانەی پارێزگارن، هەرگا خەیاڵی خراپیان لە شەیتانەوە توش دەبێ، بە گورجی یادی خوا دەکەنو بەرچاویان ڕون دەبێتەوە. ﴿٢٠١﴾ الأعراف ﴾.

ئەوەی مایەی لێڵکردنی ژیانو پەیداکردنی دەردو خەمانو تورە بونو ڕق هەڵسانە، ڕێگا چارەی لە لایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆ دانراوە.

یەکێ لە ڕێگـــــا چارەکـان: ئەوەیە هـەوڵ دەیگـڕی ڕقو کیـنە بکوژێنیـەوە، ﴿ وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ ... ئەوانەش کە ڕقی خۆیان دەخۆنەوە. ﴿١٣٤﴾ آل عمران ﴾.

﴿ وَإِذَا مَا غَضِبُوا۟ هُمْ يَغْفِرُونَ ... لەکاتی تورەبونیشیان عەفو دەکەن. ﴿٣٧﴾ الشورى ﴾.

---

٥٧١) کۆ کردنەوە/ خڕکردنەوە.

یـەکێ تـر: دەسـتنوێژە، بـێ گومـان ڕق هەڵسان پۆڵـوی ئـاگرە، ئـاگریش بـە ئـاو دەکوژێتەوە، ((الطهور شطر الايمان... دەستنوێژ هەڵگرتن بەشێکە لە باوەڕ)).((الوضوء سلاح المؤمن... دەستنوێژ چەکی بڕوادارە)).

یەکێ تر: ئەگەر ڕق هەڵساو بە پێوە بو دابنیشێ، ئەگەریش دانیشتبو پاڵکەوێ.

یەکێکی تر: ئەگەر ڕقی هەستا قسـە نەکاو بێ دەنگی بنوێنێ.

ڕێگاچارەیەکی تـریش ئەوەیـە: پاداشـتی ئەوانـە وەیـاد خاتـەوە، کـە ڕقـی خۆیـان دەخۆنەوەو چاودەپۆشـن و دەبورن.

چـەند دوعـا و نـزای بەیانیـان

ئێـستا چـەند نزایـەکت پـێ دەڵـێم هەموبـەیانیێ بیخوێنـە، تـاوەکو ئاسـودەیی و کامەرانیت بۆ فەراهەم بێنێ و، لە خراپـەی شـەیتان و، مرۆڤـ و پـەری بتپـارێزێ، بـە درێژایی ئەو ڕۆژە تا ئێوارە پەنات بدا.

ئا ئەو چەند دوعایە لەو دوعایانەن کە بـە بـێ گومـانی لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بیستـراون:

١- ((أمسينا وامسى الملك لله، والحمد لله ولا اله الا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد، وهو على كل شئ قدير، رب اسألك خيـر ما في هذه الليلة، وخير ما بعـدها، واعوذ بك من شر هذه الليلة وشر ما بعدها، ربّ اعوذ بك من الكسل وسوء الكبر، رب اعوذ بك من عذاب في النار وعذاب في القبـر... ئێوارەمان کردەوەو مولکێش ئێوارەی کردەوە بۆ خوا، سوپاس بۆ خواو هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینەش نیە جگە لەو، بـێ هـاودەمو هاوبەشـە، دەسـەڵاتو سـوپاس هـەر بـۆ ئـەوەو، بەسـەر هەمو شتێدا زاڵە، پەروەردگارا خێرو چاکەی ئەم شەوەت لێ دەخوازمو، چاکەو فەڕی دوای ئەو شەوە شت لێ داوا دەکەم، پـەنات پـێ دەگـرم لـە خراپـەو زیـانی ئەو شەوەو، دوای ئەم شـەوەش، پـەنات پـێ دەگـرم پـەروەردگارا لـە تەمبـەڵیو خراپەی پـیریو بـە سـاڵدا چـون، پـەروەردگارا پـەنات پـێ دەگـرم لـەو سـزایەی دۆزەخو ئەو سزایەی لە ناو گۆڕدا)).

٢- ((اللّهم عالم الغيب والشهادة، فاطر السماوات والارض، رب كـل شـيء ومليكـه، اشهد ان لا اله الا انت، اعوذ بك من شر نفسي، وشر الشيطان وشـركه، وان اقـترف على نفسـي سـوءا او اجـره الى مسلم... پەروەردگارا ئـەوەی نهێنی‌و ئاشـكرات لـێ دیـارە، وەدی هێنـەری ئاسمانـەكان‌و زەوی، پەروەرنـدەو خاوەنـدی هـەمو دروستكراوێ، گەواهی دەدەم كە هیچ پەرستراوێكی ڕاستەقینە نیە جگە لە تـۆ، پەنا دەگرم بـە تـۆ لـە بەدفـەڕی دەرونم، لەبـەد فـەڕی شـەیتانی‌و بـە هاوبـەش دانانی، لەوەی خۆم توشی خراپەیـێ بكەم یا بەسەر موسڵمان ێكی بێنم)).

٣- ((بسم الله الذي لا يضر مع اسـمه شـيء في الارض ولا في الـسماء وهـو الـسميع العليم... بە ناوی ئەو خوایەی لەگەڵ ناوی ئەو هیچ شتێ نە لـە زەوی‌و نـە لـە ئاسماندا زیان نادا، ئەویش بیسەرو زانایە)). سێ جار.

٤- ((اللّهم اني اصبحت اشهدك واشهد حـملة عرشك وملائكتك وجـميع خلقـك انـك انـت الله لا الـه الا انـت، وحـدك لا شـريك لـك، وان محمـد عبـدك، رسـولك... پەروەردگارا من بەیانیم كردەوە تۆ دەكەمـە شایەت‌و هـەڵگرانی عەرشـەكەت‌و فریـشتەكانت‌و هـەمو دروسـتكاراوەكانت دەكەمـە شـایەت كـە تـۆ خـوای‌و هـیچ پەرسـتراوێكی ڕاسـتەقینە نیـە جگـە لـە تـۆ، تـۆ بـێ هاوتـای‌و هاوبەشـت نیـە (موحەممەد)یش ﷺ بەندەی تۆو نێرراوی تۆیە)). چوار جار.

٥- ((اللّهم اني اعوذ بك ان أشرك بـك شـيئا وأنـا اعلـم، وأسـتغفرك لمـا لا أعلـم... پەروەردگارا پەنا دەگرم بە تۆ لەوەی دروستكراوێ بكـەم بـە هاوبەشـت كەچـی بشزانم، داوای لـێبوردنیشت لـێ دەكەم لەوەی نایزانم)). سێ جار.

٦- ((أصبحنا على فطرة الاسلام، وعلى كلمة الاخلاص،، على ديـن نبيّنا محمـد ﷺ، وعلى ملـة ابينا أبراهيم حنيفا مـسلما ومـا كـان مـن المـشركيـن... بـەیانیمان كردەوە لەسـەر سروشـت‌و خـوی موسڵمانەتی‌و، وشـەی یەكتاپەرستی‌و، لەسـەر ئایینی (موحەممەد)ی پێغەمبەرمان ﷺ لەسەر ئـایینی ئیبراهیمـی باوكیـشمان بـەبـێ هاوبـەشی‌و بـە موسڵمانەتی، ئیبراهیمیش لە هاوبەش پەیداكەران نـەبو)). سێ جار.

٧- ((سبحان الله وبـحـمده: عدد خلقه، ورضاء نفسـه، و زنـة عرشـه، و مداد كلماته... پاکی بۆ خواو سوپاس بۆ خوا: بە ئەندازەی دروستکراوانیو پێ ڕەزایی خـۆی، بە قەد گرانایی عەرشی ئەوو، مەرەکەبی وشەکانی)). سێ جار.

٨- ((رضـيت بـالله ربـاً، وبالاسلام دينـا، و مـحـمـد ﷺ نبيـــا... ڕازیـم بـەوەی: الله پەروەردیارم بێو، ئیسلام ئایینم بـێو، موحەممـەد ﷺ پێغەمبـەرم بـێ)). سێ جار.

٩- ((اعوذ بكـلمات الله التـامات من شـرّ ما خلـق ... پـەنا دەگـرم بـە وشـەکانی خـوا کـە تەواو بێ کەمو کوڕین، لـە خراپـەی هەرچی دروستکراوی خوایـە)). سێ جار.

١٠- ((أللهم بِـك اصبحنا وبـك أمـسـينا، وبـك نـحـيـا، وبـك نـموت، واليـك النشـور... پەروەردگارا بە سای تۆ بەیانیمان کردەوەو بە سای تـۆ ئێوارەمـان کردەوە، ژیانو مردنمان بـە سای تۆیـەو گەڕانەوەشـمان هـەر بـۆ لای تۆیـە)) سەد جار.

١١- ((لا اله الا الله وحـده لا شـريك له، له الملـك وله الحمـد، وهو علـى كل شـيء قدير... بێجگە لە خوا هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیـە، تـاکو تەنیایـەو بـێ هاوتایە، هێزو دەسەڵاتو سوپاس هەر بۆئەوە، ئەو بەسەر هەمو شتێدا زاڵـە)). سەد جار.

هەڵـوەسـتەیـەك

(ئیبن قەیم) دەڵێ: "خواناسان لەسـەر ئـەوە یـەك دەنگن کـە سەرشـۆڕیو دۆڕان لەوەدایە: خوای گەورە بە تەمای دەرونـی خـۆت بکـا، نێـوانی تـۆو نەفست چـۆڵ کـا. سـەرکەوتنیش لەوەدایـە: خـوای گـەورە بـە تـەمای خـودی خـۆت لێت نەگـەڕێ جـا بەندەکان لە نێوانی یارمەتی دانی خوای پەروەردگارو دەست لـێ بەردانیان هەڵگێڕو وەرگێڕان دەکەن، بەڵکو بەندە لە یەك ساتدا لە هەردوکیان پشکی خۆی پـێ دەبـڕێ، بـە یارمـەتی خـوا گوێڕایـەڵی دەکـاو خـوا لـە خـۆی ڕازی دەکـا، یـادی خـواش دەکـاو

ستایشی دەکا، دوا بـە دوای ئـەوە بـە سـای ئـەوەی خـوا کۆمـەکی لەسـەر دەگرێتـەوە، سەرپێچی خوا دەکاو لێی یاخی دەبێ، خوا لە خۆی دەرمنجێنێو لە یادی ئەچـێتەوە، جا بەندە لە نێوانی یارمەتی خواو کۆمەکی لێ گرتنەوەی دا دەخولێتەوە.

ئەوسا هەر کاتێ بەندە لەم ڕاستیە تـێ گـەیی‌و حـەق‌و مـانی خـۆی پـێ دا، دەزانـێ هەمو کات‌و ساتێ چەندە ئاتاجی کۆمەکی‌و یارمەتی خوایە‌و تەنیا چاو قوچانێ لێی بـێ پێویـست نیـە، دەش زانـێ باوەڕی ئـەوو یەکتاپەرستی بـە دەست خـوای دەسـتە بالآیـە‌و ئەگـەر چـرکەیێ پـشتی تـێ بکـرێ تـەخت‌و تـاراجی یـەکتا پەرسـتیەکەی دادەڕمـێ، ئاسمـانی بـاوەڕو خواپەرستی بەسـەر زەویـدا دەکـەوێ، دەش زانـی ئـەوەی ئاسمـانی خـوا پەرسـتیەکەی ڕاگرتـوە: هـەر ئەویـشە تـەنیا بـە ویـستی خـۆی نایـەڵێ ئاسمان بەسەر زەویدا بڕوخێ".

قورئـان.... کتێـبی پیـرۆزە

خوێندنەوەی کتێبی خوا بە تێفکرین‌و لێوردبونەوەو تێدا قوڵبونەوە یەکێکە لـە بەختەوەری‌و سینە شادی، خوای گەورە بـەوە کتـێبی خـۆی دەناسـێنێ کـە ڕێنمـایی‌و ڕۆشنایی‌و چارەسەری نەخۆشی ناو سینەکانە، بەوەش دەی ناسێنێ کە میهرو سـۆزە، ﴿... قَدْ جَآءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَآءٌ لِّمَا فِى ٱلصُّدُورِ ... لەلایـەن پەروەنـدەو ڕا ئامۆژگاریە کو پێ گەیشت، چارەی دەردی دڵانیشـە. ﴿٥٧﴾ یونس﴾ .

﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ... ئـاخۆ ئـەوان لـەو قورئانـە ڕانامێنن، یان دڵیان گاڵە دراوە؟ ﴿٢٤﴾ محمد﴾ .

﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُوا۟ فِيهِ ٱخْتِلَٰفًا كَثِيرًا ...

ئاخۆ ئەمانە لە قورئان ورد نابنـەوەو ﴿سـەرنجی ڕانەکێـشاون﴾؟ ئەگـەر قورئـانیش کاری کەسێکی تر بوایە غەیری خودا، دیارە مەبەستی نارێـك‌و دژ بـە یـەکتریان فـرە تێدا پەیدا دەکرد. ﴿٨٢﴾ النساء﴾.

﴿ كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ مُبَٰرَكٌ لِّيَدَّبَّرُوٓا۟ ءَايَٰتِهِۦ ... ئەم قورئانە پڕ لە پیت‌و پڕۆزەمان بـە خەڵات بۆ تۆ ناردە خوار، تا لەسەر نیشانەکانی ڕابمێنن. (٢٩) ص ﴾ .

هەندێ لە زانایان دەڵێن: ئەم قورئانە لە خوێندنەوەو، کار پێ کردنی‌و، دانانی بە دادوەرو، یاسـا لـێ هەڵێنجانی پیرۆزە.

یەکێ لە پیاوچاکانیش دەڵێ: هەستم بە خەمو پەژارەیێ کرد لە نـاو نـاخم دا کـە هـەر خـوا پێـی ئاگادار بـو، دەسـتم دایـە قورئـان‌و بـەردەوام بـوم لەسـەر خوێنـدنی، سوێند بە خوا کت‌و پڕ ئەو خـەمو پەژارەیـەم ڕەویـەوە، خـوای گـەورە لـە بـری ئـەو خەمە ئاسودەیی‌و ئارامی بەسەردا هێنام.

﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِى لِلَّتِى هِىَ أَقْوَمُ ... بێگومان ئەم قورئانە ڕێگایەکی پیشان دەدا لە گشت ڕێیان سەر ڕاسـتـتـرە. (٩) الإسراء ﴾ .

﴿ يَهْدِى بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضْوَٰنَهُۥ سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ ... بـەو قورئانـە، خـوا ئەوانەی شوێنی ڕەزای ئەو دەکەون، دەخاتە سـەر ڕێی هێمنـی. (١٦) المائدة ﴾.

﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ... هەر بەم جۆرەش ئێمە لە فەرمانی خۆمان گیانێکمان ناردە لای دڵت. (٥٢) الشورى ﴾ .

لەسـەر بە دەسـتـهێنانی ناوو دەنـگ سـور مـەبە

چونکە خاکە سـاری‌و مەینەت باری‌و بەڵا باری باجـەکەیتی، یـەکێ لەوانـەی دڵ توشی ڕاڕایی دەکاو ڕۆشنایی لێخن دەکاو هێمنی‌و هەداری بن بـڕ دەکا: پـێ داگرتنـە لەسەر خۆدەرخستن‌و ناودەنگ پەیداکردن‌و، خواسـتنی ڕەزامەنـدی خەڵکـە، ﴿ ... لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا ... لـەم عـەرزا نایانـەوێ خـۆ بـە زلـتر بـزانن‌و بـەد فەڕی بکەن. (٨٣) القصص ﴾.

((من رأى رأى الله به، ومن سَمَّعَ سَمَّعَ الله بـه... هەركەسێ مـەرايى بنوێنـێ، خـواى گەورە لەبەرچاوى خەڵك نهێنى بـەدەر ڕاوەردەكـا، هەركەسێكيش نـاوودەنگى پەيـدا بكا خواى گەورە لە ناو خەڵكا ڕيسـواى دەكـا.

﴿ ... يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ ... ڕووبينى لە خەڵك دەكەن. ﴿١٤٢﴾ النساء ﴾.

﴿ ... وَّيُحِبُّونَ أَن يُحْمَدُواْ بِمَا لَمْ يَفْعَلُواْ ... پێيان خۆشـە بـۆ كارێ كـە نـەيانكردوە تاريف [٥٧٢] بكرێن. ﴿١٨٨﴾ آل عمران ﴾ .

﴿ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَـٰرِهِم بَطَرًا وَرِئَآءَ ... ئێـوە وەك ئەوانـە مـەبن، بۆ خۆبينىو بۆ ڕووبينى لە ناو مەردم لە زێدەكەيان دەركەوتن. ﴿٤٧﴾ الأنفال ﴾ .

خۆشـگـوزەرانى

يەكێ لەو مەسەلانەى نكوڵى لـێ ناكرێ ئەوەيە: گەورەترين هۆكارى بەختـەوەرى كە من لێرەدا دەياننوسـم باوەڕ هەبونـە بـەو خوايـەى پەروەردنـدەى هـەمو جيهانـە، بێگومان ئـەو سودو زانيـارىو هۆكارانـەى تـر كـە كۆمكردونەتـەوە ئەگـەر هـەمويان پێشكەشى يەكێ بكرێن بەڵام باوەڕى بـە خـوا نـەبێو، بەسـەر ئـەو گەنجينـە پـڕ بـە هايە هەڵنەبێ، بـە هـيچ جۆرێ كـەڵكو سـوديان لـێ نابينـێ، بـا بەدوايـدا نەگـەڕێو خۆى شەكەت نەكا.

لە ڕاستيدا بنچينەى هەرە ڕەسەنو داسەپاو باوەڕ هێنانـە بـەوەى خـوا پـەروەردياڕت بێو، (موحەممەد) پێغەمبەرت بێو، ئيسلام ئاينو بەرنامەت بێ.

ڕاستترينو بايەخدارترين وتە فەرمودەى پـەروەردێنى بـێ هاوتامانـە: ﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ... هەركەسێ كرداڕى باشەو بە باوەڕە -چ نێـر، چ مـێ- هـەتا دەژى وا

---

٥٧٢) پێيان دا هەڵبگوترێ.

دەکەین بە خۆشی بژی، دیاریشە باشتر لەوەی وا کردویانە، ئێمە پاداشتیان دەدەینێ. ﴿النحل ٩٧﴾.

لەو ئایەتەدا دو مەرج (بۆ بە خۆشی ژیان... دانراوە: باوەڕ بـە خـواو، پاشـانیش ئەنجامدانی کردەی چاکە، ﴿ ... سَيَجْعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ وُدًّا ... ئەوانەی باوەڕیان هەیـەو ئاکار چاکن، خوا دەیان کاتە خۆشەویست. ﴿مریم ٩٦﴾ .

دو سـودو قازانجیش (لە ئایەتی ڕابردودا... وەردەگیرێن بە خۆشی ژیان لـە دنیـاو لە دوا ڕۆژدا، بە دەست هێنانی بەخشش‌و خەڵات لـە لایـەن خـودای بـەرزو بێهاوتـا، ﴿ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ ... مـژدە بـۆ وان کـە لـە دنیـاو لـە قیامەتێ گفـتی خودا گۆڕانی بەسەردا نایە. ﴿یونس ٦٤﴾ .

بەڵاو مـەینەتی لە بەرژەوەنـدی تۆیـــە

بە کۆست کەوتن دامەچڵەکێ، بە کارەساتان مەشلەژێ، لە فەرمودەدا هاتوە: ((إن الله اذا أحـب قوما ابتلاهم، فمن رضي فله الرضا، ومن ســخط فله السخط... ئەگـەر خـوا گـەڵو نەتەوەیـەکی خۆشویـست تاقیـان دەکاتـەوە، جـا هەرکەسـێ قایـل بـو ڕەزامەندی وەدەست دێنێو، هەر کەسێکیش ناقایل بێ خەشم‌و قین وەدەست دێنێ.

بەندایەتی گـوێ دێرانە و مـلکـەچـانـە

یەکێ لە کەرەستەو تفاقی باوەڕداری ئەوەیـە بـە قەزاوقـەدەری خێـرو شـەڕ ڕازی بێ، ﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَىْءٍ مِّنَ ٱلْخَوْفِ وَٱلْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ... دیارە ئێمە بەهێندێك ترس‌و برسیبون‌و لەناوچون‌و کەمبونەوەی مـاڵی دنیاو بەروبومان، تاقیتان دەکەینەوە. مژدە بەو کەسانەی خۆڕاگرن. ﴿البقرة ١٥٥﴾.

بێ گومان هەمیشە قەدەر بە پێی ویستو ئارەزوی ئێمە نیە بەڵکو ئێمە بـە سای کەم دەسەڵاتیمان لـە هەڵبـژاردنی بڕیـارو قەزاوقـەدەر شـارەزا نـین، ئێمـە لـە ئاسـتی پێشنیار کردن دا نین، بەڵکە لە ئاستی بەندایەتیو مـل کەچی نوانـدن دایـن. بەنـدە بە ئەندازەی باوەڕی تاقی دەکرێتەوە ((أوعك كما يوعك رجلان مـنكم... پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفـەرموێ لـەرز دەگـرم بـە ئەنـدازەی دو کـەس لـە ئێـوە کـە تـاو لـەرز دەگرن))، ((أشد الناس بلاء الانبياء، ثم الصالحون... پێغەمبەران لە هەمو خەڵك پـتر بەڵا بارن، دوای ئەوانیش پیاوچاکان، ﴿ فَٱصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلْعَزْمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ ... تـۆش هەروەکو پێغەمبەرە لێبـڕاوو نەبەزەکان، سـوربە لەسەر کارەکەتو خۆڕاگر بـە، وەك ئەوانیش خۆڕاگر بون. ﴿٣٥﴾ الأحقاف ﴾.

((من يرد به خيـرا يُصَبْ منـــه... هـەر کەسـێ خـوا چاکەی بـۆ بـوێ توشـی بـەڵاو ناخۆشی دەکـا)).

﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّىٰ نَعْلَمَ ٱلْمُجَٰهِدِينَ مِنكُمْ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَنَبْلُوَاْ أَخْبَارَكُمْ ... بـــه تاقیتـــان دەکەینەوە تا بزانین، کێ لە ئێوە تێکۆشاوەو کێتان خۆڕاگرتر بوە. بەراوردی دەنگـو باسی ئێوەش دەکەین. ﴿٣١﴾ محمد ﴾.

﴿ وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ... ئێمە ئەوانـەی بـەر لەمانیـشمان بـە تـاقی کـردەوە. ﴿٣﴾ العنكبوت ﴾ .

لە شـازادەیی وە بـەرەو دارتـاشـی

عـەلی کـوڕی (مـەئمون)ی عەباسـی -فـەران ڕەوای کـوڕی خەلیفـە- لـە کۆشـکێکی جوانو ڕازاوەدا جێنیش بو، نازو گۆزی دنیای لە ژێـر دەسـت بـو، ڕۆژێ لـە ڕۆژان لـە تەلاری[٥٧٣] کۆشکەکەیەوە سەرنجیدا، کرێکارێکی بەرچاو کـەوت کـە بـە درێـژایی ڕۆژ

٥٧٣) بەرهەیوان.

ڕەنجی دەکێشا، لە چێشتەنگا و[٥٧٤] دا لە کەناری ڕووباری دیجلە دەست نوێژێکی دەگرتو دو ڕکات نوێژی دەکرد، لە بەرەبـەری[٥٧٥] ڕۆژئـاوا بـەرەو مـاڵ دەگەڕایـەوە، ڕۆژێ لـە ڕۆژان داوای کرێکارەکەی کـردو (لەمـەڕ بـاری گـوزەرانی) پرسـیاری لێ کـرد، ئـەویش وەڵامـی پێـدا کـە هاوسـەرێك و دو خوشـك و دایکێکـی هەیـەو ڕەنجیـان لـە پێنـاودا دەکێشێ و، هـیچ سەرچـاوەیێکی بـژێوی نیـە مەگـەر ئـەو کرێکاریـە نـەبێ، لـە بـازاڕ دەیکاو، هەمو ڕۆژێکیش بەڕۆژەو لەگەڵ ڕۆژئاوابون بـە بەرهـەمی ڕەنجی ڕۆژانـەی ڕۆژو دەشکێنێ، گوتی: ئایە بە هیچ شتێ ئاتاج نی؟

گوتی: نەخێر سوپاس بۆ خوای ڕاهێنەری جیهان.

(شازادە) کۆشکەکەی جێدەهێڵێو، واز لـە فەرمانڕەوایـەتی دێنـێو، سـەری خـۆی هەڵـدەگرێو ون دەبـێ، دوای سـاڵانێکی زۆر بـە مـردویـی دەدۆزرێتـەوەو دەزانـن لـەو ماوەیەدا لەلای وڵاتی خۆڕاسان کاری دارتاشـی کـردوە، چـونکە بـەختیاری خـۆی لـەم کارەدا وەدی کـردوە نـەوەك لـە کۆشـك و تـەلاری، ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱهْتَدَوْا۟ زَادَهُمْ هُدًى وَءَاتَىٰهُمْ تَقْوَىٰهُمْ ... ئەو کەسانەش، کـە هاتونـە سـەڕ ڕاستـە ڕێ، پـتر شـارەزەیان دەکـاو تـرسـی خوایان پتـر دەخاتە دڵەوە. ﴿١٧﴾ محمـد ﴾ .

بە سای ئەو بەسەرهاتە داستانی یاوەرانی ئەشکەوتم بیر کەوتەوە، ئەوانەی لەگەڵ پاشا لەناو کۆشك و تەلاردا دەیانگوزەراند، کەچی هەستیان بە دڵ تەنگی و پەشێوی و، نیگەرانی دەکرد، چونکە ئەم کۆشکە بت پەرستی و بێ باوەڕی تێدا بـو، ئـەم کۆشـك و تەلارەیان بەجێهێشت و، یەکێ لەوان گوتی: ﴿ ... فَأْوُۥٓا۟ إِلَى ٱلْكَهْفِ يَنشُرْ لَكُمْ رَبُّكُم مِّن رَّحْمَتِهِۦ وَيُهَيِّئْ لَكُم مِّنْ أَمْرِكُم مِّرْفَقًا ... سا بەم غارە[٥٧٦] پەنا بەرن، پـەروەردێن و وەبـەر بەزەیی خۆیتان دەخاو هۆیەکی واشدەڕەخسێنێ بە ئاواتو بگەیێنێ. ﴿١٦﴾ الكهف ﴾ .

---

٥٧٤) بەیانیان کاتێ ڕۆژ بەرز دەبێتەوە.

٥٧٥) نزیکی خۆرئاوا بون.

٥٧٦) بەم ئەشکەوتە پەنابەرن.

کونی دەرزی لەگەڵ دۆستاندا گۆڕەپانە... جێگای تەنگەبەر لەگەڵ باوەڕو خۆشەویستی و دۆستایەتیدا بەراوەڵە و فراوانە و زۆرکەس وەخۆ هەڵدەگرێ، ((جفاننا لضيوف الدار جفانُ... پێلوی چاوەکانمان بۆ میوانان لەگەنن[٥٧٧] .

یەکێ لە هۆکاری دەردەسەری و خاکەساری دانیشتنە لەگەڵ ڕەزاگرانان

(پێشەوا) (ئەحمەد) دەفەرموێ: ڕەزا گرانان ئەوانەن شتی زیاد وەگەڵ دین دەدەن هەندێ دەڵین: بەدکار و خراپەکارانن، هەندێکیش دەڵێن: بەد سروشتانن، ئەوانەی لەگەڵ بیروڕاتێك ناکەنەوە، لە هەڵس‌وکەوتیاندا ساردو سڕن، ﴿... كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ ... ئێژی دارن بە دیوار هەڵپەسێراون. ﴿٤﴾ المنافقون﴾ .

﴿... لَا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا ﴿٧٨﴾ النساء﴾... وەکو لە هیچ قسەیەك تێ نەگەن وایە!.

(پێشەوا) شافعی دەربارەیان دەڵێ کاتێ ڕەزاگران لەلام دادەنیشێ وا گومان دەبەم ئەو لایەی ئەو لێی دانیشتوە زەوی بەولادا لاسەنگ بوە.

(ئەحمەش) کاتێ ڕەزاگرانێکی بینیبا، دەیگوت: ﴿رَبَّنَا ٱكْشِفْ عَنَّا ٱلْعَذَابَ إِنَّا مُؤْمِنُونَ ... ئەی پەروەردیارمان! ئەو پەتایەن لەسەر لابە، ئێمە باوەڕیمان هێنا. ﴿١٢﴾ الدخان﴾ .

(ئیبن تەیمیە) ئەگەر لەگەڵ ڕەزاگرانێ دانیشتبایە، دەیگوت: دانیشتن لەگەڵ ڕەزا قورسان وەکو تای سێبەڕۆ[٥٧٨] وایە، ﴿وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ ... هەر گا ئەوانە دەبینی دەربارەی نیشانەکانمان خراپ دەدوێن تۆ ڕویان لێ وەربگێرە. ﴿٦٨﴾ الأنعام﴾ .

---

٥٧٧) مانای چاوتێری و جوامێری دەگەیەنێ.

٥٧٨) تای سێ بەڕۆ ئەو جۆرە تایەیە بە سێ ڕۆژ جارێ توشی دێ.

﴿ ... فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ ... لەگەڵیانا دامەنیشن. ﴿١٤٠﴾ النساء ﴾ .

((مثل الجليس السيء كنافخ الكير... هاونشینی خراپ وەکو کورەچی وایە[٥٧٩])).

بێگومان ڕەزاگرانترین کەس بەسەر دڵانەوە ئەو کەسەیە لە خوڕەوشتی بەرز دەست بەتاڵە، لە کردەی بێ وێنە کەم دەرامەتە، کەسێکی ئارەزو بازە، بۆ هەواو هەوەسی ملکەچە.

﴿ ... فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ ۚ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ ... ئێوە نابێ - هەتا ئەو باسە نەگۆڕن- لە گەڵیاندا دابنیشن، دەنا ئێوەش ئەوسا وەکو ئەوان دەبن. ﴿١٤٠﴾ النساء ﴾ .

(ئیبن قەیم) دەڵێ: ئەگەر کەسێکی ڕەزا گرانت توشهات بەلاشەت ڕوی تێ مەکە، بەڵام بە گیانو ڕۆح پشتی تێبکەو لەوێ مەمینێ، هەروەکو بڵێی گوێچکەت وتەکانی نابیستێو چاوت ڕوخساری نابینێ، هەتا ئەو کاتەی خوا ئەو بەڵایەت لە یەخە دەکاتەوە.

﴿ ... وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُ عَن ذِكْرِنَا وَاتَّبَعَ هَوَاهُ وَكَانَ أَمْرُهُ فُرُطًا ... گوێ لە مستی کەسێ مەبە کە نەمانهێشت دڵی یادی ئێمە بکاو هەر لە شوێن ئارەزوی خۆیەو کاری لەڕادە دەرچوە. ﴿٢٨﴾ الكهف ﴾ .

بۆ ئـەوانـەی بـەڵا بـارن

لە فەرمودەی ڕاستی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: (خوای گەورە دەفەرموێ) ((مـن قبضت صـفيَّه من اهل الدنيا ثم احتسبه عوضـته منـه الجـنّة... هەرکەسێ یەکێ لە دۆستو خۆشەویستانی دنیام لێ سەندەوە دوای ئەوە چاوی لە پاداشتو خەڵاتی خوا بو ئەوا بەهەشتی لە بری ئەوە پێ دەدەم)). بوخاری گێڕاویەتەوە.

---

٥٧٩) کورەی ئاسنگەری.

بە هەمان شێوە لە فەرمودەیەکی ڕاستی تریشدا هاتوە: (خوای گەورە دەفەرموێ) ((من ابتليته بحبيبتيه عوَّضته منهما الجنّة... هەرکەسێ بە لێسەندنەوەی دو خۆشەویستەکانی - واتە دو چاوەکانی- تاقی بکەمەوە لەبری چاوەکان بەهەشتی پێدەدەم.

﴿ ... فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى ٱلْأَبْصَٰرُ وَلَٰكِن تَعْمَى ٱلْقُلُوبُ ٱلَّتِى فِى ٱلصُّدُورِ ... لە ڕاستیدا چاو کۆر نابن، ئەو دڵانە کوێر دەبن کە جێیان لە ناو سینەکانە. ﴿٤٦﴾ الحج ﴾ .

لە فەرمودەیەکی ڕاستی تریشدا هاتوە:

((ان الله -عزوجل- اذا قبض ابن العبد المؤمن قال للملائكة: قبضتم ابن عبدي المؤمن؟ قالوا: نعم. قال: قبضتم ثمرة فؤاده؟ قالوا: نعم. قال: ماذا قال عبدي؟ قالوا حمدك واسترجع. قال: ابنوا لعبدي بيتا في الجنّة، وسموه بيت الحمد... خوای بەرزو توانا ئەگەر گیانی ڕۆڵەی بەندەیەکی بڕوادارى کێشا بە فریشتەکانی دەڵێ: گیانی ڕۆڵەی بەندەی منی بڕوادارتان کێشا؟ دەڵێن: بەڵێ. دەفەرموێ: جەرگی بەندەی منتان بڕی؟ دەڵێن: بەڵێ. دەفەرموێ: بەندەی من چی وت؟ دەڵێن: سوپاسی تۆی کردو بۆ لای تۆ گەڕایەوە. دەفەرموێ: خانوێك بنیات بنێن بۆ بەندەی من لە بەهەشتدا، ناویشی بنێن خانوی سوپاس و ستایش)). تیرموزی گێڕاویەتەوە.

هەروەها دەگێڕنەوە: لە ڕۆژی سەلاّ کەسانێك خۆزگە دەخوازن بە مەقەست تیکە تیکە کرابان[٥٨٠]، چونکێ چاویان بەسەرەنجامی خێرو پاداشتێ بەڵاباران دەکەوێ.

﴿ ... إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ... بێ گومانە ئەو کەسانەی خۆڕاگرن، بە تەواوی و بە بێ حیساب پاداشی خۆیان وەردەگرن. ﴿١٠﴾ الزمر ﴾ .

﴿ سَلَٰمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ ... هەر لە سای هێمنی دابن، چونکە ئێوە خۆڕاگر بون. ﴿٢٤﴾ الرعد ﴾ .

﴿ ... رَبَّنَآ أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا ... ئەی پەروەردێنمان! وا بکە خۆڕاگر بین. ﴿٢٥٠﴾ البقرة ﴾ .

---

٥٨٠) پارچە پارچە کرابان لە دنیادا.

﴿ ... وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِاللَّهِ ... خۆڕاگر بـە! دیـارە خۆڕاگرتنیـشت هـەر بـە خوایـە. (١٢٧) النحل ﴾ .

﴿ فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ ... سا خۆڕاگربە، چونکە بەڵێنی خوا ڕاستە. (٧٧) غافر ﴾

لە فەرمودەشدا هاتوە: ((**ان عِظَمَ الجزاء من عظـم البـلاء، وان الله اذا احـب قومـا ابـتلاهم، فمـن رضـي فلـه الرضـا ومـن سـخط فلـه السخط**... پاداشتی گەورە لە تاقیکردنـەوەی گەورەدایـە، ئەگـەر خـوای گـەورە گـەڵو نەتەوەیـەکی خۆشویـست تاقیان دەکاتەوە، جا هەرکەسێ پێ قایـل بـێ ڕەزامەنـدی خـواوە دەسـت دێنـێو هـەر کەسێکیش نا قایل بێ خەشمو قینی خوا وەدەست دێنێ)). تیرموزی گێڕاویەتەوە.

بێگومان لە کارەساتو مەینەتباری چەند مەسەلەیەك ڕەچاودەکرێ: ئـارامگرتنو قەدەرو پاداشتی خـوا، بـا بەنـدەش دڵنیـا بـێ ئـەو کەسـەی دەگرێتـەوە هـەر ئەویـشە دەبەخشێ، ئـەوەی لێشت دەسـێنێ هـەر ئەویـشە بـۆ تـۆی بـەڕەوا دەبینـێ، ﴿ إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَىٰ أَهْلِهَا ... خودا فەرمانو پێدەدا، هەرچـی مـاڵی ئەمانەتـە بیاندەنەوە بە خاوەنیان. (٥٨) النساء ﴾ .

دیمەنی یەکتـاپەرسـتی

یەکێ لە دیمەنەکانی یەکتاپەرستی لە کاتی ئازارو ئەشکەنجەدا (دوچاری ئازار پـێ گەیشتنە بە دەستی خەڵکەوە) لە چەند بەش پێك هاتوە:

١- دیمەنی چاوپۆشی: ئەویشیان دیاردەی سینە پاکیو بێ خەشیو بێ لەکەیـیـە لـە بەرابەر کەسانێ ئازارت دەدەن وێـڕای ئـەوەش خێـرو چاکەت بـۆی دەوێو حـەز دەکەی قازانجو سودی پێ بگا، ئەوەشیان پلەیەکی گەورەترو بەرزترە، ئەو پلەیە قۆناغی یەکەمی بە ڕق خواردنەوە دەست پێ دەکا، ڕق خواردنەوە ئەوەیە: تۆڵـە لەو کەسە ناکەیتەوە کە ئـازاری پـێ گەیانـدوی، قۆنـاغی دووەمـیش چاوپۆشـینـە، ئەویشیان ئەوەیە، لێی دەبوریو ئەو هەڵەیەی دەبەخشی. قۆناغی سێیەم چاکە

کاریە، ئەویشیان ئەوەیە: لە پیای ئەو خراپەیـەی دەرحـەقی کـردوی چاکەی لـە گەڵـــدا دەکـــەی، ﴿ ... وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾... ئەوانـەش کـە رِکـی خۆیـان دەخۆنـەوەو لـە مـەردم چاوپۆشـی دەکەن، خوا چاکەکاری خۆش دەوێن. ﴿١٣٤﴾ آل عمران.

﴿ ... فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ... کێش لەتۆلە چاوبپۆشی‌و کۆشش بـۆ ئاشـتی بکا پاداشـتی لەسەر خوایە. ﴿٤٠﴾ الشوری ﴾ .

﴿ ... وَلْيَعْفُوا۟ وَلْيَصْفَحُوٓا۟ ... بـلاّ [٥٨١] چاویان لێبپۆشـــن‌و لـە هەڵەکانیان ببـورن. ﴿٢٢﴾ النور ﴾ .

لە ئەسـەردا هـاتوە: ((**ان الله أمَرَني ان اصل من قطعني، واعفوا عمـن ظلمـني، وان اعطـي مـن حـرمني**... خـوا فـەرمانی پـێ داوم سـەرەدانی ئـەو کەسـە بکـــەم هاموشـۆی لـێ بچڕیوم، چاوپۆشی لەو کەسە بکەم سـتەمی لێکـردوم، بـەو کەسـە ببەخشم دەستی لە من گرتۆتەوە.

٢- دیمەنی قەزاو قەدەر: ئەویش ئەوەیە دڵنیا بی ئەوەی تـۆی ئـازار داوە تـەنیا بـە قـەزاو قـەدەری خوایـە، ئـەو بەندەیـە یەکێکـە لـە هۆکارەکـان‌و، ئەنـدازەگیرو بڕیاردەر تەنیا خوایە، ئەوسا ملت کەچ دەبێ‌و دڵت بۆ پەروەردیارت دادەمرکێ.

٣- دیمەنی پاکبونەوە لە تـاوان: ئەویـشیان ئەوەیـە ئـەو ئـازارەی پێتگەییوە مایـەی لاچونی گوناهو هەڵوەرینی تاوانـە، هەڵـەو پەڵـەت رەش دەکاتـەوەو پلـەو پایـەت بـــەرز دەکاتـــەوە، ﴿ ... فَٱلَّذِينَ هَاجَرُوا۟ وَأُخْرِجُوا۟ مِن دِيَٰرِهِمْ وَأُوذُوا۟ فِى سَبِيلِى وَقَٰتَلُوا۟ وَقُتِلُوا۟ لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ ... ئەو کەسانەی لە زێدی خۆ دەرکراون‌و لە رای من ئازاریان دیوەو چونە خەزاو دژی منیان کوشتبێ یـان بـە کوشت چـو بن، بێ گومانە گوناهیان دەکوژێنمەوە. ﴿١٩٥﴾ آل عمران ﴾ .

---

٥٨١) با چاویان لـێ بپۆشن.

یەکێ لەو کارزانیو تێگەیشتنەی بە زۆرێك لە بـڕوادارانبەخـشراوە، هەڵکێـشانی ڕەگی دوژمن کاریـە، ﴿ ... ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيۡنَكَ وَبَيۡنَهُۥ عَدَٰوَةٞ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٞ ... تۆ هەمیشە وەرامی چاکتر بدەوە، ئەوسا کەسێ کـە لەگـەڵ تـۆدا دوژمنـە، دەبێتە دۆستی نزیکت. ﴿٣٤﴾ فصلت ﴾ .

((المسلم من سلم المسلمون من لسانه و يـــده... موسڵمان ئەو کەسەیە موسڵمانان لە دەستو زمانی بێ وەی بن[٥٨٢])).

مەبەست ئەوەیـە: بـە ڕۆێکـی خـۆش‌و گـەش‌و قـسەی نـەرمو نیـان ڕوبـەڕوی ئـەو کەسە ببیتەوە، کە ئازاری پێ گەیاندوی، بۆ ئەوەی ڕیـشەی دوژمنایـەتی لـە ڕیـشەوە هەڵکێـشی‌و کـــڵپەی گـــڕی ڕەقـــە بـــەری بکوژێنێتـــەوە، ﴿ وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُواْ ٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ يَنزَغُ ... تۆبە عەبدانی من بێـژە چـی باشـترە ئـەوە بێـژن، چونکە شەیتان ســـۆدرەیی[٥٨٣] و لە نێودا دەکا. ﴿٥٣﴾ الإسراء ﴾ .

یەکێ لە دیمەنـەکانی یەکتاپەرستی لـە مـەڕ ئـەو کەسـەی ئـازارت پـێ دەگەیـەنێ: دیمەنی هەست کردنە بە کەمو کـوڕی هـەواو نـارەزوت: کـەوا بزانـی ئەگـەر بـە سـای تاوانی تۆ نەبوایە ئەو کەسە بەسەرە تۆدا زاڵ نەدەبو ﴿أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَدۡ أَصَبۡتُم مِّثۡلَيۡهَا قُلۡتُمۡ أَنَّىٰ هَٰذَاۖ قُلۡ هُوَ مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡۗ ... ئاخۆ زانیـو لـە دوژمـن دوچـاری زیان هاتن - کە جارێکیش دو ئەوەندەو زیان لێدان - هیـچ پرسـیتان: زیانەکـەمان لـە چی بو؟ بێژە: لە خۆتانەوە بو، خوا بۆ هەموشت توانایە. ﴿١٦٥﴾ آل عمران ﴾ .

﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ ... هەرگـــا توشـــی بەڵایـــەك بون، بەهۆی کردەوەی خۆتانە. ﴿٣٠﴾ الشورى ﴾ .

---

٥٨٢) بێ زیان بن.

٥٨٣) شەڕو لە نێودا دروست دەکا.

دیمەنێکی تری گەورە هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی: خوا تۆی بە ستەم لێکراو داناوە نەوەك بە ستەم کار، ئەوسا سوپاس و ستایشی لەسەر دەکەی.

هەندێ لە پێشینان گوتویانە: خوایە بمکەی بە ستەملێکراو نەوەك ستەمکار. ئەو نمونەیەش وەکو دو کوڕەکانی ئادەم وایە، کاتێ چاترەکەیان دەڵێ: ﴿ لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَۖ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ... ئەگـــەر تۆش دەستم بۆ درێژ بکەی کە بمکوژی من دەستەوەکەری ناکەم تۆ بکوژم. من لە خودا - کە ڕاهێنەری دنیایە - ترسم هەیە. (٢٨) المائدة ﴾ .

دیمەنێکی تری زۆر جوان هەیە، کە دیمەنی سۆزو میهرەبانیە: ئەویشیان ئەوەیە تۆ بەزەییت بەو کەسەدا دێتەوە کە ئازاری پێ گەیاندوی، بێ گومان شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە، چونکە سور بونی لەسەر ئەوەی ئازاری موسڵمانێ بداو بە سای ئەوە گەزارەیی و [٥٨٤] بێ شەرمی بەرامبەر خوا بنوێنێ: جێگای خۆیەتی دڵت پێ بسوتێ و سۆزت بۆی بجوڵێ و، هەوڵ دەی لەو تەنگژەیە دەربازیکەی، ((أنصر اخاك ظالماً أو مظلوماً... بەرگری لە برایەکەت بکە چ ستەمکار بێ یا ستەملێکراو[٥٨٥] .

کاتێ "میستەح" (ئەبوبەکر)ی ئازاردا لەمەڕ ناموسو ئابروی عائشەی کچی، (ئەبوبەکر) سوێندی خوارد چی تر یارمەتی نەدا، چونکە (میستەح) کەسێکی هەژار بو (ئەبوبەکر) بژێوی ژیانی ئەدا، خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند:﴿ وَلَا يَأْتَلِ أُوْلُواْ ٱلْفَضْلِ مِنكُمْ وَٱلسَّعَةِ أَن يُؤْتُوٓاْ أُوْلِي ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۖ وَلْيَعْفُواْ وَلْيَصْفَحُوٓاْۗ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَكُمْۗ ... ئەوانەی لە ناو تاندا دەوڵەمەندن سوێندی نەخۆن کە خزمانو هەژارانو ئاوارەکانی ڕای خودا بێبەش دەکەن. بڵا چاویان لێبپۆشنو لە هەڵەکانیان ببورن، مەگەر ئێوە حەز ناکەن خوا لە گوناهو ببورێ؟ (٢٢) النور ﴾ .

---

٥٨٤) بێ شەرمی.

٥٨٥) مەبەست لە بەرگری کردن لە ستەم کار ئەوەیە ڕێی پێ نەدرێ ستەم بکا هەروەکو لە کۆتایی حەدیسەکەدایە.

(ئەبوبەکر) گوتی: بەڵێ پێم خۆشە خوا لێم ببوورێ دەستی کردەوە بە یارمەتی دانی‌و چاوپۆشی لێ کرد.

(عویەینە)ی کوڕی (حیصن) بە عومەری (کوڕی خەتابی) گوت: ئەوە چیە ئەی عومەر؟ سوێند بە خوا تۆ مافی تەواومان پێنادەی، دادوەرانەش فەرمانڕەوایەتیمان ناکەی، عومەر وێستی سزای بدا، (حوڕ)ی کوڕی (قەیس) گوتی: ئەی ئەمیری بڕوادارانِ خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ ... چاو بپۆشە‌و فەرمان بە کاری چاك بدەو لەو نەزانا نەواز بێنە. (١٩٩) الأعراف ﴾ .

گوتی: سوێند بە خوا عومەر لەوە زیاتر سنوری نەبەزاند، چونکە خوڕەوشتی وابو، کە کتێبی خوایان بۆ خوێندبایەوە ڕاستەوخۆ هەڵوەستەی دەکرد.

پێغەمبەر یوسفیش بە برایەکانی دەڵێ: ﴿ قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ ۖ يَغْفِرُ ٱللَّهُ لَكُمْ ۖ وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ... ئیمڕۆ زندەو لەسەر نەماوە، خودا خەتاتان دەپۆشی‌و هەر خۆی لە گش بە بەزەیەك دڵسۆزترە. (٩٢) یوسف ﴾ .

پێغەمبەری خواش ﷺ لەناو کۆمەڵێك لە گاورەکانی قوڕەیش، ئەوانەی دژایەتیان کردو شار وەدەریانکرد، دەفەرموێ: ((**ليس الشديد بالصُّرعة، انما الشديد الذي يملك نفسه عند الغضب...** ئازا ئەو کەسە نیە هەمیشە لە زۆرانبازێدا زاڵە، بەڵکە ئازا ئەو کەسەیە لەکاتی توڕەبوندا دان بەخۆی دادەگرێ.

هەندێ دەڵێن: لە ئینجیلدا هاتوە: ئەو کەسەی جارێ هەڵەی دەرحەق کردوی حەوت جار لێی ببورە.

﴿ ...فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ... کێش لە تۆڵە چاوبپۆشێ‌و کۆشش بۆ ئاشتی بکا، پاداشی لەسەر خودایە. (٤٠) الشورى ﴾ .

مەبەست (لە وتەی پێشو) ئەوەیە: هەرکەسێ جارێك ئازارت پێ بگەیەنێ، تۆ حەوت جار لێبوردەی خۆتی بۆ دوبارە بکەوە، تاوەکو ئایین‌و ئابروت پارێزراو بێ‌و، دڵێشت ئاسودە بێ، بێ گومان تۆڵە لە ڕەگ‌و خوێن‌و، خەوتن‌و حەسانەوەو ئابروی خۆت دەکەیتەوە نەك لە نەیارانت.

هیندیەکان پەندێکیان هەیە دەڵێن: "ئەوەی بەسەر نەفسی خۆیدا زاڵ دەبێ: ئازاترە لەوەی شارێك ئازاد دەکا".

﴿ ... إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةٌۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّىٓ ... نەوس هەمو خراپەیەك بە پیاو دەکا، مەگین ئەوی پەروەندەم بەزەیی پێدابێتەوە. ﴿٥٣﴾ یوسف ﴾ .

هەڵوەستەیەك

"بەڵام نزاو پارانەوەی یونس پێغەمبەر، بێ گومان ئاماری ئەوپەڕی یەکتاپەرستی و بە پاك دانانی پەروەردیاری بەرزو توانایە، دان پێ دانانی بەندە بە ستەم و تاوانەکانی، باشترین داوودەرمانی خەم و پەژارەو مەینەت باریە، بۆ جێەجێبونی خواستەکانیش باشترین هۆکاری گەیشتنە بە خوای بێ هاوتا، بە ڕاستی یەکتاپەرستی و بە پاك دانانی خوای پەروەردگار، هەرچی نیشانەی تەواوی و بێ لەکەیی و لێ بە دور گرتنی هەرچی نەنگی و ناتەواوی و وێچواندنە لە خۆوە دەگرن.

دان پێ دانانی بەندە بە ستەم و تاوانی، باوەڕهەبون بە یاساو ڕێسای خواو پاداشت و سزای خوا دەگەیەنێ، (ئەو دان پێ دانانە) وا پێویست دەکا بەندە مل کەچی بنوێنێ و بۆ لای خودا وەگەڕێ و، دەست لە تاوان و هەڵەی هەڵگرێ، دان بە بەندایەتی خواو ئاتاج بونی بە پەروەرندەی دابنێ، لێرەدا چوار شت هەیە دەتوانی پێیان لە خوا نزیك ببیەوەو داوایان پێ بکەی: یەکتاپەرستی و، خوا بە پاك دانان، بەندایەتی و، دان پێدانان".

﴿ ... وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٥﴾ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَٰتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُهْتَدُونَ ... مژدە بدە بەو کەسانەی خۆڕاگرن. ئەو کەسانەی کە توشی چۆرتمێك دەبن ئێژن: ئێمەش هەر ئی خواین و هەر بۆ لای ئەو دەچینەوە. خێرو بێرو بەزەیی پەروەردیاریان بۆ دەبارێ و شارەزا لە ڕێ ئەوانن. ﴿١٥٧﴾ البقرة ﴾ .

بە دەرو دەرون بایەخ بدە

دڵی پاك و بێ گەرد بە سای بەرگ و پۆشاکی پاکە، لەوبارەوە وتەیەکی پڕ واتاو قەشەنگ هەیە، ئەویش ئەوەیە هەندێ لە کاراشنایان دەڵێن: هەرکەسێ بەرگ و پۆشاکی چڵکن بێ، ناخو دەرونی لێخن دەبێ. ئەوەشیان شتێکی ڕۆن و بەرچاوە.

خەڵکانێکی زۆر بە سای شڕو شەپرێوی و پیسی و چڵکنی، یا نالێکی پەڕتوك خانەکەی، یا پەڕپوتی و نابوتی ماڵەکەی، یا شلۆقی وا دەو بەڵێن و بەرنامەی ڕۆژانەی ژیان تاڵ و پەشۆکاون، ئەو بونەوەرەش لەسەر یاسا ڕەخساوە، جا هەرکەسێ لە ناوەڕۆکی ئەم ئایینە حاڵی بێ تێ دەگا کە ئەم ئایینە بۆ ئەوە هاتوە ژیانی بەندە، کەم تا زۆری، چوك تا گەورەی ڕێك خات، هەمو شتێکیش لەم ئایینەدا لە جێی خۆیەتی، ﴿ ... مَّا فَرَّطْنَا فِي ٱلْكِتَٰبِ مِن شَىْءٍ ... لە ناو ئەم کتێبە هیچ شتمان هەڵنەبواردوە. (٣٨) الأنعام ﴾ .

لە فەرمودەیەکیشدا کە تیرموزی دەی گێڕێتەوە هاتوە: ((**إن الله نظيف يحب النظافة**... بە ڕاستی خوا پاکەو پاکیشی لا خۆشەویستە)).

ئەو فەرمودەیەش لە (صحیح)ی (مسلم)دا هاتوە: ((**إن الله جميل يحب الجمال**... خوای گەورە جوانەو جوانیشی خۆش دەوێ)).

هەروا لە فەرمودەیەکی (حسن)دا هاتوە: ((تجَمَّلوا حتى تكونوا كأنكم شامة في عيون الناس... خۆتان بڕازێننەوە هەتاوەکو لەبەرچاوی خەڵکدا وەکو نمونەیەکی بەرچاوتان لێدێ)).

بایەخدان بە خۆشۆرین: قۆناغی یەکەمی جوانیە. بوخاریش ئەو فەرمودەیە دەگێڕێتەوە: ((حق على المسلم ان يغتسل في كل سبعة ايام يوما، يغسل فيه رأسه و جسمه... پێویستە لەسەر موسڵمان لە هەمو حەوتەیەکدا ڕۆژێکیان خۆی بشوا، سەرو لاشەی پاك کاتەوە)).

بە لای کەمیەوە حەوتەی جارێك. بەڵام هەندێ لە پیاوچاکان هەمو ڕۆژێ جارێك خۆیان دەشۆری، وەکو دەگێڕنەوە (عوسمان)ی کوڕی (عەفان) یەکێ بوە لەوان،

﴿ ... هَٰذَا مُغْتَسَلٌۢ بَارِدٌ وَشَرَابٌ ... ئەمـە سـەرچاوەیەکە بـۆ مەلـەکردن دەس دەداو ساردیشـە، دەشـکرێ لێی بخۆیەوە.﴿٤٢﴾ ص ﴾ .

خووڕەوشـتی نـەژادیو سروشـتی بەشـێکن لـە جـوانی: وەکـو هێشتنەوەی ڕیـش، سمێڵ هەڵپاچین، نینۆك قرتانـدن، لابردنـی مـوی زێـدەی لاشـە، سـیواك کـردن، بـۆن خۆشی، پـاککردنەوەی دەمو ددان، شـۆرینی بـەرگو پۆشـاك، بایەخـدان بـە دیمـەنو ڕوخسار، بێ گومان ئەو خووڕەوشتانە لەوانەن هەستو ناخ شادو گوشاد دەکەن.

پۆشاکی ڕەنگ سپیش مایەی جوانیـە، ((**ألبسوا البیـاض، وکفّنـوا فیـه موتـاکم**... بەرگی سپی بپۆشنو، مردوەکانیشی تێدا بنێـژن.

بوخاری جێباسێکی نوسیوە بە نـاوی: پۆشـینی بـەرگی سـپی: ((**إن الملائکـة تنـزل بثیاب بیض علیهم عمائم بیض**... فریشـتە دادەبەزن بـەرگی سـپیان لەبـەرەو مێـزەری سپیان لەسەرە. بەشێکی تری جوانی بریتییە لە، ڕێك و ڕێزکردنی وادەو بەڵێن لەناو دەفتەرێکی بچکۆڵەداو، ڕێکخستنی بەرنامەی ڕۆژانە، کاتێـك بـۆ خوێندنـەوە، کاتێـك بۆ موتالاّو وردبونەوە، کاتێك بۆ بەندایەتیو، کاتێك بـۆ حەسـانەوە، ﴿ ... لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ ... بۆ هەمو کارێك وەختێکی تایبەتی هەیە کە نوسراوە. ﴿٣٨﴾ الرعد ﴾.

﴿ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَائِنُهُ وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ ... گەنجینـەی هـەمو شـتێکـیش لای ئێمەیـەو ئەوەشـمان هـەر بـە ئەندازەی دیاریکـراو ناردۆتـە خـوار. ﴿٢١﴾ الحجر ﴾ .

لە بەڕتوکخانەی کۆنگریس لەسەر تابلۆیەك نوسراوە: بونەوەر لەسەر یاسا بنیـات نراوە. ئەو وتەیـە ڕاسـتە، هەمویاساکانی ئاسمانی داوای ڕێـك خستنو یـەك ڕێـزیو لێك و پێکی دەکەن، خوای بەرزو بێ هاوتا هـەواڵی داوە کـە بونـەوەر لـە گـۆترەو بـە گاڵتـەو گـەپ نەهاتۆتـە ئـاراوە، بەڵکـە بـە قـەزاو قـەدەری خـواو بـە یاسـاو ڕێـسا ئەندازەگیـر کـراوە: ﴿ ٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ ... خـۆرو هـەیڤیش - بـە ئەنـدازە - دێنو دەچن. ﴿٥﴾ الرحمن ﴾ .

﴿ لَا ٱلشَّمْسُ يَنۢبَغِى لَهَآ أَن تُدْرِكَ ٱلْقَمَرَ وَلَا ٱلَّيْلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِ ۚ وَكُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ... نە خۆر توانای هێندەی هەیە بگا بە مانگ، نە شـەو وەپێش ڕۆژو دەکـەوێ. سـەر لە بەریش لە ئاسمانێك مەلە دەکەن. ﴿٤٠﴾ یس ﴾.

﴿ وَٱلْقَمَرَ قَدَّرْنَٰهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ عَادَ كَٱلْعُرْجُونِ ... هـەیفیش ئێمـە بۆمـان دانـا بـە چـەند قۆناغاتـێ پـەڕێ! تـا وای لێـدێ، وەك پـەلی کـەونی وشکەڵی [٥٨٦] داری خورمـا، دێتە بەرچاو. ٱلْقَدِيمِ ﴿٣٩﴾ یس ﴾ .

﴿ وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ءَايَتَيْنِ ۖ فَمَحَوْنَآ ءَايَةَ ٱلَّيْلِ وَجَعَلْنَآ ءَايَةَ ٱلنَّهَارِ مُبْصِرَةً لِّتَبْتَغُوا۟ فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ وَلِتَعْلَمُوا۟ عَدَدَ ٱلسِّنِينَ وَٱلْحِسَابَ ۚ وَكُلَّ شَىْءٍ فَصَّلْنَٰهُ تَفْصِيلًا ... شەوو ڕۆژمان بە دو نیشانە نیشان دان: نیشانی شەومان داکوژاند، نیشانی ڕۆژیـشمان کـردە هۆی دیتنێ، تا بگەڕێن بەشوێن ڕۆزی، کە پەروەردەتان دەیداو لە ژمارەی ساڵەکانو ژماردنێ سەرو دەرچێ، هەموشتمان بە وردی شی کردۆتەوە.. ﴿١٢﴾ الإسراء ﴾ .

﴿ ... رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَٰطِلًا ... ئەی پەروەردەمان! تۆ ئەم دەزگایـەت بـە فێـڕۆ ساز نەداوە. ﴿١٩١﴾ آل عمران ﴾.

﴿ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿١٦﴾ لَوْ أَرَدْنَآ أَن نَّتَّخِذَ لَهْوًا لَّٱتَّخَذْنَٰهُ مِن لَّدُنَّآ إِن كُنَّا فَٰعِلِينَ ... ئێمە ئاسمانو زەمینو هەرچی لە نـاو ئەوانـدایـە بـۆ لـە یستۆك [٥٨٧] دروس نەکرد ئەگەر ئێمە گەرەکمان با لە یستۆکێك هەڵبـژێرین، هـەر لای خۆمان هەڵمان دەبژارد. ئەگەر بمانویستایە ئەو کـارە بکـەین (هـەردەمان کـرد) ﴿١٧﴾ الأنبياء ﴾ .

﴿ ... وَقُلِ ٱعْمَلُوا۟ ... بێـژە: دەسـا وەکـارکەون. ﴿١٠٥﴾ التوبة ﴾.

---

٥٨٦) کەڵا وشکی.

٥٨٧) ئامرازی گەمە.

فەیلەسوفەکانی یۆنان ئەگـەر ویـستبایان چارەسـەری کەسـێ بکـەن کـە بـە خـەمو پـەژارەو نیگـەرانیو نەخۆشـیـە دەرونیـەکان گیرۆدەیـە: زۆریـان لـێ ئـەکرد بـچێ لـە کشتوکاڵو باخو بێستان کار بکات، تەنیا ماوەیەکی کەمی پێ دەچو دەگەڕایەوە سەر هێمنیو ئارامیو باری پێشو.

﴿ ... فَٱمۡشُواْ فِي مَنَاكِبِهَا ... شـانەو شـان تێیدا بگەڕێن. ﴿١٥﴾ الملك ﴾ .

﴿ ... وَقُلِ ٱعۡمَلُواْ ... بێـژە: دەسـا وەکـارکەون. ﴿١٠٥﴾ التوبة ﴾.

بـێ گومـان ئەوانـەی بـە دەسـتو قـامی خۆیـان کـار دەکـەن لـە هـەمو کـەس بەختەوەرو ئاسودەو دڵارام ترن، بڕوانە ئەو پیشە کارانە چۆن بە سای جەوجۆڵیان چوستو چالاکیو کارامەییان، هێزی لاشـەو شادی دڵیان بەدەست هێناوە، ((واعـوذ بـك مـن العجـز والكـسل... پـەنا دەگـرم بـە تـۆ (خوایـە) لـە دەسـتەو سـانیو تەوەزەلی[٥٨٨])).

پەنـا بۆ خـوا بـبـە

اللە: ناوێکی گەورەو شکۆدارە، لە هەمو ناوێ ناسراوترە، ماناو واتایـەکی وردی لـێ وەردەگیرێ، گـوتراوە: لـە وشـەی (ألـهَ)، وەرگیـراوە، ئـەو ناوەیـە دڵـەکان پـەنای بـۆ دەبەن، خۆشیان دەوێ، پێشوازی لـێ دەکەنو، پێـی قـایلن، پێـی دەسـرەوێن، ئـەو دڵـە ناتوانـێ بە جگە لە خوای بێ هاوتـا بـسرەوێو ئـارام بـێو ئـۆقرە بگـرێ، هـەر لەبـەر ئەوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ فاتیمـەی کچی فێـری دوعـاو نـزای تەنگانـەو ناخۆشـی دەکا: ((اللە، اللە ربي لا اشـرك بـە شـيئا... خـوا، خـوا پەروەردیارمـە هـیچ شـتێ بـە هاوبەشی وی دانانێم. ئەوە فەرمودەیـەکی ڕاستە، ﴿ ... قُلِ ٱللَّهُ ثُمَّ ذَرۡهُمۡ فِي خَوۡضِهِمۡ يَلۡعَبُونَ ... بێژە: هەر خودا ناردویە. تۆ ئیتـر وازیـان لـێبێنە بـا بـە گـاڵتەکردنـەوە خۆ خەریك کەن. ﴿٩١﴾ الأنعام ﴾ .

---

٥٨٨) تەمبەڵی.

﴿ وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ ... هەر خۆی دەستەلاتدارە بەسەر بەندەکانیدا. (٦١) الأنعام ﴾ .

﴿ ... ٱللَّهُ لَطِيفٌۢ بِعِبَادِهِۦ ... خودا دەربارەی عەبدانی بە ڤیانە. (١٩) الشورى ﴾ .

﴿ وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطْوِيَّٰتٌۢ بِيَمِينِهِۦ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ... خودایان - وەکو پێویستە- نەناسیوە. ڕۆژی سەلاّ زەمین هەمووا لەناو مشتی ئەودایەو ئاسمانانیش بەدەستی ئەو پێچراونەوە. خودا پاك و بەرزترە لەو شتانەی ئەوان دەیکەنە شەریکی. (٦٧) الزمر ﴾.

﴿ يَوْمَ نَطْوِى ٱلسَّمَآءَ كَطَىِّ ٱلسِّجِلِّ لِلْكُتُبِ ۚ ... ڕۆژێ کە ئێمە ئاسمانێ لە چەشنی تۆماری قاقەز بۆ نوسینێ، هەڵدەپێچین. (١٠٤) الأنبياء ﴾ .

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُمْسِكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ أَن تَزُولَا ۚ ... خودایەکە ئەم ئاسمانانو زەمینەی ڕاگرتوە کە ناکەون. (٤١) فاطر ﴾ .

هەر بە خوا پشت دەبەستم

گەورەترینی ئەوانەی هێمنی و هەداری بەسەر بەندە دادێنن، پەیوەندی بە خوا بەستن و پشت پێوەبەستنە، ئەوەیە تەنیا چاوت لە دۆستایەتی و چاوەدێری و بەرگری ئەو بێ، ﴿ ... هَلْ تَعْلَمُ لَهُۥ سَمِيًّا ... ئاخۆ ئاگات لێیە هاوناوێکی هەبێ. (٦٥) مريم ﴾ .

﴿ إِنَّ وَلِيِّىَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْكِتَٰبَ ۖ وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّٰلِحِينَ ... گەورەی من هەر خودایە کە ئەم کتێبەی ناردۆتە خوار، هەر بۆ خۆشی سەرپەرشتی چاکان دەکا. (١٩٦) الأعراف ﴾ .

﴿ أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ... با تێ بگەن کە ئەوانەی دۆستی خودان، هیچ ترسێکیان لەسەر نیە و خەمیش ناخۆن. (٦٢) يونس ﴾ .

لەسـەرسـێ شـتان یـەك دەنگـن

ئەو كتێبانەم سەرنج داوە كە بایەخ بە بواری نیگەرانیو دڵاو دڵی دەدەن، ئەوسا چ كتێبی فەرمودەناسو وێژەرانو پەروەردەكارانو مێژونوسانی پێشینان بێ، یا ئی دوای ئەوان بێ، لەگەڵ بڵاوكراوەو، كتێبی وەرگێڕدراوی ڕۆژهەڵاتیو ڕۆژاواییەكانو، چەندین خولو گۆڤاریش، گەیشتومە ئەو ئەنجامەی، هەمویان لەسەر سێ بنچینەو بنەما كۆكو یەك دەنگن بۆ ئەوانەی چارەسەرو چابونەوەو دڵ گوشادیان گەرەكە، ئەو سێ بنچینەیەش بریتین لە:

یەكەم: پەیوەندی بەستن بە خواو، گوێڕایەڵیو بەندایەتی بۆ كردنیو، پەنا بۆ بردنی ئەوەشیان پلەی هەرە بەرزی باوەڕە، ﴿... فَٱعۡبُدۡهُ وَٱصۡطَبِرۡ لِعِبَٰدَتِهِۦۚ ... سا تۆش هەر ئەو بپەرستەو دەبێ بۆ پەرستنی خۆڕاگربی. (٦٥) مریم﴾ .

دووەم: داخستنی فایلی ڕابردوی، پڕ لە ئاخو داخو ئەشكەنجەو ئازار، پڕ لە مەرگەساتو ژینو ژار، هەڵدانەوەی لاپەڕەیەكی نوێو دەست پێكردنەوەی ڕۆژێكی نوێ.

سێیەم: وازهێنان لە داهاتوو پشتگوێ خستنی، پێ سەرقاڵ نەبونو، خۆ پێ خەریك نەكردنی، لاكردنەوە لە پێشبینیو چاوەڕوانیو ترسو تۆقانی، بەڵكە تەنیا لە سنوری ئەو ڕۆژەدا بژیێی كە تێیدا دەژیێی.

(پێشەوا) عەلی دەفەرموێ: ئومێدی بێ مەوداتان نەبێ، گەڕانەوە لای خواتان لە بیر دەباتەوە، ﴿... وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ إِلَيۡنَا لَا يُرۡجَعُونَ ... لایان وابو ناگەڕێنەوە لای ئێمە. (٣٩) القصص﴾ .

وریا بە پڕوپاگەندە باوەڕ نەكەی، چونكە خوا لە ئاستی نەیارانیدا دەفەرموێ: ﴿... يَحۡسَبُونَ كُلَّ صَيۡحَةٍ عَلَيۡهِمۡۚ ... هەر هەرایەك لەدژی خۆیان دەزانن. (٤) المنافقون﴾ .

سالانێکی زۆرە کەسانێك دەناسم، ئێستاش لەگەڵ دابێ چاوەڕێی ڕوداوو کارەسات‌و مەرگەساتێکن کـە بەڕێوەیـە کەچـی هـەر نەگەیـشتە جـێ، بـەردەوامیش خۆیـان‌و خەڵکانیشی پێ دەترسێنن، پـاك‌و بـێ گـەردی بـۆ خـوا چـەندە تاڵـە ژیـان‌و حاڵیـان!! وێنەی ئەوان بە وێنەی بەندکراوێکی ژێر ئەشکەنجەی چینیەکانە، نـەریتی وان بـەو شـێوەیە بەنـد کـراو دادەنـێن لـە ژێـر بۆڕیـە ئـاوێ لـە هـەر خولـەکێ تنۆکـێ ئـاوی بەسەردا هەڵدەڕژێ، لـە دەرەنجامی چاوەڕوانی ئـەو دڵۆپـە ئاوانـە ژیـری لـە دەست دەداو شـێت‌و سـەرگەردانە. خـوای گـەورە بـەو جـۆرە بـاس لـە دۆزەخیـەکان دەکـاو دەفـــەرموێ: ﴿ ... لَا يُقْضَىٰ عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُوا۟ وَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُم مِّنْ عَذَابِهَا ... نـــەڕێی مردنیان پێدەدەن، نە جەزرەبەی دۆزەخیان لەسەر سوك دەکرێ. ﴿٣٦﴾ فاطر ﴾ .

﴿ ... لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ ... لەوێدا نەدەمرێ نە زیندیشـە. ﴿١٣﴾ الأعلى ﴾.

﴿ ... كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُم بَدَّلْنَٰهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا ... هەر کە پێستیان داپلۆخـا، پێستی تریان بۆ دەگۆڕین. ﴿٥٦﴾ النساء ﴾ .

ئـەوەی دەت چەوسـێنێـتەوە بیـدە دەس خـوا

بەندە ئەوەندە وێژدان‌و دادوەریەی بەسە چاوەڕێی ئـەو ڕۆژە بـێ کـە خـوا هـەمو دروست کراوانی تێدا کۆ دەکاتەوە، لەو ڕۆژەدا ستەم ناکرێ، خوای بەرزو توانا خـۆی دادوەرە، شـایەدو گـــەواهی دەرانـــیش فریـــشتەکانن، ﴿ وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ۖ وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ ... ڕۆژی قیامـەت چەندین تـەرازوی بەرانبـەر وەکـار دەخـەین. ئەوسـا بەقەد تۆمی وردیلەی دانە خەردەلیش دەخەینە ڕو ناهەقی لە کەس نـاکرێ. ئەوسـا بەسە کە هەر خۆمان پێ ڕادەگەین. ﴿٤٧﴾ الأنبياء ﴾ .

کیسـڕاو پیـرە ژنێـک

(بـوزور جمهـور) دانـاو تێگەیـشتوی فـارس دەگێڕێتـەوە: پـیرە ژنێکـی فـارس لـە قەراخ [٥٨٩] کۆشکی کیسڕای دەسەلاتدار لە کۆلیتێکدا [٥٩٠] بە خۆی‌و مریشکێك جێنـشین دەبـێ، پـیرە ژن سـەرەدانی لادێیـەکی تـر دەکـاو دەڵـێ: ئـەی پـەروەردگارا ئـەو مریـشکەیەم بـە تـۆ سـپارد. کاتـێ پـیرەژن لەبـەر چـاوان ون بـو، کیـسڕا لـە پێنـاوی بـەرفرەکردنی کۆشـك‌و باخەکـەی کۆلیتەکـەیان دارمانـدو سەربازەکانیـشی مریشکەکەیان سەر بڕی، پیرەژن گەڕایەوە ڕوی لە ئاسمان کردو گـوتی: پـەروەردگارا، من لێرە نەبوم بەڵام تۆ لە کوێ بوی! خـوای گـەورە مافـی بـۆ سـەندەوەو تۆڵـەی بـۆ کردەوە کوڕی کیسـڕا هەڵمـەتی بـۆ بـاوکی بـردو بـە چـەقۆیەك لەسـەر پێخەفـی خۆی کوشتی.

﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ۚ ... تـۆ بەوانـەی غەیری خودان، دەترسێنن، مەگەر هەر خودا بەس نیـە کـە ئاگـای لـە عەبـدی خـۆی بێ؟ ﴿٣٦﴾ الزمر ﴾ .

خۆزگـە هـەمومان وەکـو چـاترینی دو کوڕەکـەی ئـادەم دەبـوین کـە دەڵـێ: ﴿ لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَآ أَنَا۠ بِبَٰسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ ۖ ... ئەگەر تۆش دەستم بۆ درێژ بکەی کە بمکوژی، من دەستەوەکەری ناکەم تۆ بکوژم. ﴿٢٨﴾ المائدة ﴾ .

((**کن عبدالله المقتول، ولا تکن عبدالله القاتل**... بەندەی کوژراوی خوا بە، بەندەی خوێن ڕێژی خوا مەبە)).

بێگومان موسڵمان ڕێبیرو بنەماو پەیامێکی هەیە لە ڕقەبەری‌و تۆڵـە سـەندنەوەو کینەو کۆڵ لێ هەڵڕشتن بەرزترە.

---

٥٨٩) لە تەنیشت.

٥٩٠) بە چاوە خانوێکی پەرپوتو تەنگە بەر دەگوترێ.

خۆ بە کـەمبیـنی جاری وایە مایـەی تۆکمـەیی و تەواویـە

﴿ ... لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ... پێتـان وانـەبێ بـۆ ئێـوە خـراپ دەبـێ، بەڵکو قازانجە بۆ ئێوە. ﴿١١﴾ النور ﴾ .

هەندێ لە بلیمەتو هەڵکەوتوان بە سای خۆگریو وڕە بەرزیان ڕێگایان گرتەبـەر، سەبارەت بەوەی هەستیان بـە کـەمو کوڕیێکی زۆر کـرد، زۆر لـە زانایـان لـە پێشاندا کۆیلـەی ئـازاد کـراو بـون، وەکـو (عـەتا)و، (سـەعید)ی کـوڕی جبیـرو، (قـەتادە)و، (بوخاری)و، (تورمزی)و، (ئەبو حەنیفە).

زۆریش لە زاناو دانایـان کـە دەریـای شـەریعەت بـون توشـی نابینـایی هـاتن، وەکـو (ئیبن عەباس)و (قـەتادە)و (ئـیبن ئـومی مـەکتوم)و (ئەعمـەش)و (یەزیـد)ی کـوڕی (هارون).

لە زانایانی دوایش: وەکو شێخ (موحەممەد)ی کوڕی (ئیـبراهیم ئـال شـێخ)و شـێخ (عبدالله)ی کوڕی (حەمید)و (شێخ عەبدولعزیز بن باز).

داسـتانێ زۆرێـك لـە داهێنـەرو کاراشـناو ژیـرو ڕەوانبێـژانم خوێندۆتـەوە، کـە بـە دەردو بەڵا گیرۆدە بون، ئـەوەیان کـوێر بـو، ئـەمیان کـەڕ بـو، یـەکێ تـر لـەنگ بـو[٥٩١]، ئەمەی تریان پەك کەوتە بو، لەگەڵ ئەوەشدا لـە مێـژودا جـێ پەنجـەیان دیـارەو بـە سای زانیاریو داهێنانو دەرخستنیان ژیانی مرۆڤایەتیان گەشاندەوە.

﴿ ... وَيَجْعَل لَّكُمْ نُورًا تَمْشُونَ بِهِ ... تیـــرێژێکتان[٥٩٢] وەپـێش دەخـا، بـەهۆی ئـەو بەڕێدا بڕۆن. ﴿٢٨﴾ الحديد ﴾ .

بڕوانامەی زانستی بااڵ هەمو شتێ نیە، خـەمناكو دڵ تـەنگ مەبـە نـاخو سـینەت وێك نێتەوە لە مەڕ ئەوەی بڕوانامەی زانکۆ، یا ماجستێر، یاخود دکتـۆرات وەدەسـت نەهێناوە بێگومان بڕوانامە هەمو شتێ نیە، دەشێ ئەگەر چی خاوەنی بڕوانامەیێکی

---

٥٩١) شەل بو/ شەلە بو.

٥٩٢) تیشکێکتان وەپێش دەخا.

زانستیش نـەبی بدرەوشـێیو تـێ بکۆشـی خێـرو بێرێکـی زۆریـش بـۆ گـەل فەراهـەم بێنی. چەند جوان مەردی ناودارو پایەدارو سود بـەخش بـەهۆی خـۆ پـێ گەیانـدنو کارامەییو وره بەرزیو خۆگری رێگای سەرفرازیان گرتە بـەر کەچـی هـەڵگری هـیچ بەڵگە نامەو بڕوانامە نەبون.

لـەو سـەردەمەی ئێـستاشماندا خـەڵکانێکی زۆرم بـینی لـە زانـستی شـەرعیدا لـە بانگەوازو بێدارکردنەوەی خەڵکدا لە بیـروڕاو وێژەدا رۆشنا پەخشو کاریگـەر بـون، کەچی هەڵگری هیچ بڕوانامەیەکی جیهانی نەبون، وەکـو شـێخ بـن بـازو، (مالیـك)ی کوڕی (نەبی)و، (عەقاد)و، (تەنتاوی)و، (ئەبو زوهـرە)و، (مـەودودی)و، (نـەدەوی)و، کۆمەڵێکی زۆری تریش.

زانایـانی پێـشینیش سـەرنج دەو، ئـەو بلیمـەتو لـێ هاتوانـەش کـە بـە چـاخە زێڕینەکاندا گوزەریان کرد.

لەو سەرو ئـەو سـەری دنیـاش بگـرە بـە هـەزاران هـەڵگری بڕوانامـەی "دکتـوراه" دەبینی کە پێچەوانەی ئەوانـە بـون، ﴿ ... هَلْ تُحِسُّ مِنْهُم مِّنْ أَحَدٍ أَوْ تَسْمَعُ لَهُمْ رِكْزًا ... ئاخۆ هەست بە هیچیان دەکەی یان نوزەشیان لـێ دەبیستی؟ ﴿٩٨﴾ مریم﴾ .

قایـل بـونو بـە بەشـی خـۆڕازی بـون گەنجینەیـەکی بـێ بنـە، لـە فـەرمودەی (سەحیح)دا هاتوە: ((أرض بـما قسم الله لك تكن اغنـى النـاس... لـەو بەشـەی خـوا پێیـداوی ڕەزامەنـدی بنوێنـە لـە هـەمو کـەس زەنگـین تـری)). لـە دەسـتکەوتو دەرامـەتت، لـە خـاوخێزانو منالّـت لـە پیـشەو کـارو فـەرمانت ڕەزامەنـدی بنوێنـە ئاسودەییو دڵارامی وەدەست دێنی.

لە فەرمودەی (سەحیح)دا هاتوە: ((الغنـى غنـى الـنفس ...دەوڵەمەنـدی ئەوەیـە دڵت دەوڵەمەند بێ)). دەوڵەمەندی بە کەڵوپەلی زۆرو مالّو دارایی و پلەوپایە نیـە، بەڵکە دڵ ئاوەدانی و، ڕەزامەندی نواندن لەو بەشەی خوا بۆی داناوی دەوڵەمەندیە.

لە فەرمودەی (سەحیح)یشدا هاتوە: ((ان الله يـحب العبـد الغـني النقـيّ الخفّـي... خوا بەندەی دەوڵەمەندی تەقوا کاری[٥٩٣] خۆ حەشاری خۆشدەوێ.

---

٥٩٣) پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمودەیەکەدا دەفەرموێ (دەوڵەمەندی دڵ دەوڵەمەندیە....

ئەو فەرمودەیەش: ((**اللّهم اجعل غنـــاه فـــي قلـــبه...** خوایـە دەوڵەمەندیەکـەی بخەیە دڵیەوە.

(یەکێك دەگێڕێتەوە) دەڵێ: لە فڕۆکەخانە لەگەڵ خاوەن ئۆتۆمبیلێك سوار بـوم، بەرەو یەکێ لە شارەکان دەڕۆیشتین، بینـیم ئـەو شـوفێرە زۆر دڵ خـۆش و شـادمانە، سوپاس و ستایشی خوای گەورەی لەسـەر زمانـە، دڵی بـە یـادی خـوا ئاوەدانـە، لەمـەڕ ماڵ و خێزانی پرسیارم لـێ کرد هەواڵی پێ دام کـە دو خێزانـی هەیـەو، زیـاتر لـە دە کوڕیشی هەیە، دەستکەوتی مانگانەشی تەنیا هەشت سەد "ریاله"، خۆی و خێزانیشی لـە ژورێکـی کۆنـدا ژیانیـان بەسـەر دەبـەن، لەگـەڵ ئـەوەی دڵی خۆشـە، چـونکە بـەو بەشەی خوا پێی ڕەوا بینیوە ڕازییە.

دەڵێ: کاتـێ ژیـانی ئـەو شـوفێرەم بـەراورد کـرد لەگـەڵ کەسـانێك دا کـە خـاوەنی چەندین ملیـار پـوڵ و پـارەو چـەندین کۆشك و باڵەخانـەن، کەچـی ژیـانێکی تـەنگ و تەسك دەگوزەرێنن، پێی سەرسام بوم و زانیم بەختەوەری لە سامان و دارایدا نیە.

بـاس و خواسـی بازرگـانێکی گـەورەم بیـستوە، خـوا پێـداوێکی نـاودار بـو خێـوی هەزاران ملیۆن و دەیـان کۆشـك و تـەلار بـو، بـەڵام کەسـێکی دڵ تـەنگ، بـەد خـو بـەد سروشت، شپرزەو سەرلێشێواو، دور لە کەس و کارو وڵات گیانی سپارد، چونکە ئەوەی خوا پێی دابو ڕەزامەندی لـێ نەنوانـد، ﴿ ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ ﴿١٥﴾ كَلَّا ۖ إِنَّهُ كَانَ لِآيَاتِنَا عَنِيدًا ... هێشتا هەر چاوی لەوەیە بۆی پتـر کەم. هەرگیز، چونکە بۆ نیشانانمان لاسار بوە. ﴿١٦﴾ المدثر ﴾ .

یـەکێ لـە دروشمـی حـاڵ خۆشـی عەرەبـە کۆنـەکان ئـەوە بـو، کـابرا بـە تـەنیا لـە بیاباندا دەی بردە سەر، هیچ کەسیشی هاودەم نەبو.

(ئەبو زەر) بەهەمان شێوە دور کەوتەوە. سـوفیانی سـەوریش دەڵـێ: پـێم خۆشـبو لە یەکێ لە دۆلاییەکان ژیانم بەسەر بردبایەو هیچ کەسیش نەیناسی بام!

لە فەرمودەشدا هـاتوە: ((**یوشك ان یکون خیـر مال المسلم: غـنم یتبـع بهـا مواقـع القطـــر وشـــعب الجبـال، یفـــر بدینـــه مـــن الفتـــن...** نزیکەوای لێبـێ باشـترین مـاڵی

موسـڵمان: مـەڕو مالاّتێـك بـێ لـە بـەرزایی چـیایەکانو لـەوەڕگابیان لـەوەڕێنێو، بەخۆیو بە دینەکەی لەبەر بەلاّو فیتنە هەڵبێ.

ئەگەر ئاشوبو ئاژاوە هەلاّییسا چاکتـر وایـە بـۆ بەنـدە: لەبـەری ڕاکا، هـەروەکو (ابن عومەر)و (ئوسامە)ی کوڕی (زەید)و (موحەممەد)ی کوڕی (مەسلەمە) ڕایـانکرد کاتێ (عوسمان) ی کوڕی (عەفان) کوژرا.

کەسانێك دەناسم تەنیا بە سای دور کەوتنەوەیان لـە خـوای بـەرزو بـێ هاوتـا، بـە نـەداریو بـەلاّباریو بێـزاری گرفتـارن، تـۆ یـەکێ دەبـینی دەولەمەنـدو دارایـە، نـازو گۆزێکی زۆری بەسەردا ڕژاوە، پەروەردگاری لەشو لارێکی ساخی پـێ داوە، بـەهرەو بەخششی خەلاّت کراوە، کەچی پشت لە گوێ ڕایەڵی خوا دەکا، نوێـژ بـە کـەم سـەیر دەکا، قۆڵو بازوی لـە تـاوانی گـەورە هەڵـدەکا، جـا پـەروەردگاری تەندروسـتیو لـەش ساخی ناهێڵـێو، ڕۆزی لـێ تـەنگ دەکـا، بـە هـەژاریو نـەداریو خـەمو دەردەداری گرفتـار دەکـا، وای لێـدێ خەفـەت دەسـتاو دەسـتی پـێ دەکـەن، ئەشـکەنجەو ئـازار بـۆ یـــەکتری هەڵـــدەدەن، ﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا ... هـــەر کەسێکیش بە ئامۆژگاری من نەکا، ژینی لە تەنگانەدایە. ﴿١٢٤﴾ طه ﴾ .

﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِّعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَىٰ قَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ ... چـــونکە خودا دەروی چاکەی لە هەر گەلێ وەکردبێ، هەتا ئەوان بیری خۆیان نەگۆڕیبێ، قەت خودا لێی نەگۆڕیون. ﴿٥٣﴾ الأنفال ﴾.

هـەروا دەفـەرموێ: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُوا۟ عَن كَثِيرٍ ... هەرگـا توشی بەلاّیەك بون، بەهۆی کردەوەی خۆتانە، لە زۆر گوناهیشتان چاو دەپۆشێ. ﴿٣٠﴾ الشورى ﴾ .

﴿ وَأَلَّوِ ٱسْتَقَٰمُوا۟ عَلَى ٱلطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَٰهُم مَّآءً غَدَقًا ... گەر ئەوانیش لەسەر ئـەم ڕێگەیـە بن، بێ گومانە لە ئاوێکی زەبەندە تێراویان دەکەین. ﴿١٦﴾ الجن ﴾ .

پێم خۆش بو چارەسەرێکی جادویم هەبوایە بۆ سەر خەمو پەژارەو مەینەتی تۆم فرێ بدایە بۆ ئەوەی هەمویانی هەڵ لوشی بایە، بەڵام لە کوێم بو؟! وەلێ ئێستا بە چارەسەرێکی پزیشکیت ئاشنا دەکەم کە لە دەرمانخانەی زانایانی ئەم ئیسلامەو چاوساغانی ئەم شەریعەتە دەست دەکەوێ، ئەویشیان ئەوەیە: بەدی هێنەر بپەرستەو، بە بەشی خۆت ڕازی بە، بە بڕیاری خوا قایل بەو، دنیا بە کەم سەیر کەو، ئومێدی دڕێژ ڕامێڵە[٥٩٤].

سەرسامم بە زانایەکی دەرون ناسی ناوداری ئەمریکی بە ناوی "ویلیەم جیمس" کە لە لای وان بە باوکی زانستی دەرون ناسی ناسراوە، دەڵێت: ئێمەی مرۆڤ بیر لەوە ناکەینەوە کە لە دەستمان دایە، سوپاسی خواشی لەسەر ناکەین، تەماشای ڕوی تاریکی مەینەتیەکان دەکەین لە ژیانماندا، لای ڕۆژهەڵاتەکەی ڕەچاو ناکەین، لە داخی ئەوەی لە دەستماندا نیە هەناسەی سەرد هەڵدەکێشین، بەڵام بە سای ئەوەی لە دەستمانا دڵخۆش نین، ﴿... لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ ... ئەگەر شوکرانە بژێر بن، بۆو زیاد دەکەم. (٧) إبراهيم﴾ .

"واعوذ بالله من نفس لا تشبع... پەنا دەگرم بە خوا لە دەرونێ تێر نەخوا.

لەو فەرمودەشدا هاتوە: ((**من اصبح والاخرة همّه، جمع الله شمله، وجعل غناه في قلبه، واتته الدنيا وهي راغمة، ومن اصبح والدنيا همّه، فرّق الله عليه شمله، وجعل فقره بين عينيه، ولم يأته من الدنيا الا ما كتب له...** هەرکەسێ بەیانی کردەوەو خەمی لە پێناو دواڕۆژدا بو، خوا کاروباری ڕێك دەخاتەوەو، دەوڵەمەندی دەخاتە دڵیەوە، بێ دەستی خۆی دنیای بەرەو ڕو دێ، هەر کەسێکیش بەیانی کردەوەو خەمی لە پێناو دنیا بو خوا کاروباری ئاڵۆز دەکاو، هەژاری دەخاتە نێوانی هەردوچاوانی، هەر ئەوەندەش دنیای پێ دەبڕێ کە بۆی بڕیار دراوە)).

﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ... ئەگەر تۆ لەمانە پرسی: کێ ئاسمانانو زەمینی وەدی هێناو خۆرو هەیڤی

---

٥٩٤) ئومێدی دورو درێژت نەبێ.

دەستەمۆ کـرد؟ بـێ گومـان دەبێـژن: خـودا. دەسـا چـلۆن ﴿لـە رێگـەی هـەق﴾ کـلا دەکرێن[٥٩٥]؟ ﴿٦١﴾ العنكبوت ﴾ .

دەرەنجـام سـەلـماندیـان

زانایەکی ڕوسی بە ناوی "سەخروف" بەرەو کەنداوی (سیبیریا) شـاروەدەر[٥٩٦] کـرا، لەبەرئەوەی بۆچونەکانی لەگەڵ گومڕایی‌و باوەڕ بە خوا نـەبون تێکـی نـەدەکردەوە، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هێزێکی کارا هەیەو کاریگەری بەسـەر جیهانـەوە هەیـە، بە پێچەوانەی گوتەی شوعیەکان کە دەیان گوت: خوا نیەو ژیان بریتیـیە لە مادە.

ئەوەشیان وا دەگەیەنێ کە دەرونەکان بە سروشتی خواڕسکیان یەکتا پەرستن.

﴿ ... فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ... دینێکی بنەڕەتیەو لە سروشتا خوا ئـەو خەڵکەی هەر بۆ یەکتاپەرستی وەدەی هێنا. ﴿٣٠﴾ الروم ﴾ .

(بە ڕاستی مەردمی گومڕا لێرەو لەوێ جێی نابێتـەوە چـونکە سروشـتی نـەژادیان لـە دەسـت داوەو، دڵو دەرونیـان دۆڕاوەو، هەسـتو وێسـتیان ڕوخـاوەو، پێـچەوانەی یاسای خوایە لەسەر زەوی.

دو سالٌ بـەر لـە ڕوخـانی شـوعیەت -یـا یـەکێتی سـۆڤێتی- چـاوم بـە مامۆسـتایەکی موسـڵمان کـەوت لـە پـەیمانگای بـیری ئیـسلامی لـە واشـنتۆن، ئـەو ئایەتـەی بـۆ خوێندمـــــــەوە: ﴿ وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَـٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَنَذَرُهُمْ فِى طُغْيَـٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ... هەروا ئەوان جاری یەکەم باوەڕیان بە قورئان نەکرد، (ئێمەش) دڵو دیدەی ئەوان لە کار دەخـەین. هـەروەك هـەن وازیـان لێ دێـنین کـە هـەر بـە نـا فەرمانیەوە سەرگەردان بن. ﴿١١٠﴾ الأنعام ﴾ .

---

٥٩٥) لا دەخرێن.

٥٩٦) دەربەدەر کرا.

هەروەها گوتی ئەو ئایەتەشیان بەسەردا جێبەجێ دەبێ: ﴿...فَأَتَى ٱللَّهُ بُنْيَـٰنَهُم مِّنَ ٱلْقَوَاعِدِ فَخَرَّ عَلَيْهِمُ ٱلسَّقْفُ مِن فَوْقِهِمْ ... خودا دامو دەزگایانی لە هیمەوە[٥٩٧] هەڵتەکاندو میچیشیان[٥٩٨] بەسەردا ڕما. ﴿٢٦﴾ النحل﴾ .

﴿... فَأَعْرَضُوا۟ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ سَيْلَ ٱلْعَرِمِ ... نا فەرمانی خودایان کرد، ئەوسا ئێمەش لافاوی ئاوی بەندێمان[٥٩٩] بەردا سەریان. ﴿١٦﴾ سبأ﴾ .

﴿ فَكُلًّا أَخَذْنَا بِذَنۢبِهِۦ ... ئێمە هەریەك لەوانەمان بە تاوانەکەی خۆیان گرت. ﴿٤٠﴾ العنكبوت﴾ .

﴿ فَيَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ... لە ناکاویش دێتە لایان، کە هەر هەستیشی پێ ناکەن. ﴿٢٠٢﴾ الشعراء﴾ .

چەند ساتێ لەگەڵ گەلۆران[٦٠٠]

(زەیات) لە گۆڤاری (الرسالة)دا لەمەڕ ناساندنی شوعیەت، وتەیەکی سەرسوڕمێنو گوتارێکی جوانی نوسیوە، لەو کاتەی شوعیەکان کەشتیێکی ئاسمانیان بەرەو مانگ بەڕێ کردو گەڕایەوە، یەکێ لەسەر نیشینەکانی گوتارێکی لە ڕۆژنامەی (ئەلبراغدا)ی ڕوسی بڵاوکردەوە، تیایدا دەڵێ: بەرەو ئاسمان سەرکەوتین نە بەهەشتو نە دۆزەخو نە فریشتەو هیچ خوایەکمان لەوێ دانەبینی.

ئەوسا (زەیات) لەو گوتارەیدا کە نوسیوەتی دەڵێ: "ئێوە چەند سەیرن ئەی کەرە کێوی‌و گەلۆرینە[٦٠١]!!

---

٥٩٧) لە بناغەوە.

٥٩٨) میچی بانی.

٥٩٩) سەد، بەربەندی ئاو.

٦٠٠) نەفام.

پێتان وایە بە چاوی سەرتان خوا لەسەر عەرشی خۆیدا دەبینین، لە بەهەشت دا حۆریـە چـاو جوانـەکان بـە بـەرگی ئاوریـشمی دەبیـنن، شـڵپەی[٦٠٢] تێکردنـی ئـاوی کەوسـەر دەبیـسن، بـۆنی هەڵقرچـانی دۆزەخیـەکان هەڵدەمیـسن، بـەڵام ئـەو سـەر شێواوی و گومڕایی و لاڕێیی و لاساریەی ئێوە هەتانە تەنیا بە شوعیەت و بێ باوەڕی نـاو کەللـەی سـەرتان شـرۆڤە[٦٠٣] دەکـەم. ئـەو شـیوعیەتەی ئێـوە ڕۆژێکـی دوا بـڕاوە، کردەیـەکی بـێ دەرەنجامـە و، هـەوڵێکی بـێ ئاکامـە)" تـا کۆتـایی گوتارەکـەی، ﴿أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ ۚ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَٰمِ ۖ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا ... یان پێت وایە کە زۆربـەیان گـوێ شـل دەکـەن و تێدەگـەن؟ ئەوانـە وێنـەی وڵساتن[٦٠٤]، بگرە لەویش گومڕاترن. ﴿٤٤﴾ الفرقان﴾ .

﴿لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ ءَاذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَآ ... دڵیـــان هەیەو پێی تێ ناگەن، چاویان هەیـەو پێـی نـابینن، گوێیـان هەیـەو پێـی نابیـستن. ﴿١٧٩﴾ الأعراف﴾.

﴿ ... وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكْرِمٍ ۚ ... خودا هـەر کـێ توشـی سـوکایەتی بکـا، تـازە کەس ڕێزی لێنانێ. ﴿١٨﴾ الحج﴾ .

﴿ ... أَعْمَٰلُهُمْ كَسَرَابٍۭ بِقِيعَةٍ ... کردەوەیـان وەك ئـەو تراویلکـە وایـە کـە لـە بیابانـدا هەیە. ﴿٣٩﴾ النور﴾ .

﴿ ... أَعْمَٰلُهُمْ كَرَمَادٍ ٱشْتَدَّتْ بِهِ ٱلرِّيحُ فِى يَوْمٍ عَاصِفٍ ۖ ﴿١٨﴾ إبـراهيم﴾... کردەوەیـان وەکو ئەو خۆڵەمێشـە وایە کە لە ڕۆژی ڕەشـەبادا بای لـێ هەڵکـا. ﴿١٨﴾ إبراهيم﴾.

---

٦٠١) گێـڵ.
٦٠٢) دەنگی تێ کردن.
٦٠٣) لێك دەدەمەوە.
٦٠٤) ئاژەڵن، مالاتن.

(عەقاد) وتەیەکی هەیە لە کتێبەکەیدا بە ناوی (مـذهب ذوي العاهات) -رێـچکەی پڕ لەکە - بە تـوندی ڕواو ڕوی بیری شوعیەت دەبێتەوە، بەرەنگاری بێ باوەڕی‌و ئەو بـیرە هیـچە دەبیتـەوە کـە بـە جیهانـدا بـلاوەی کـرد، ئـەوەش لـە وتەکەیـدا دادەفامرێتەوە: بیری نەژادی تێك نەدراو ئەم ئایینە ڕاستەقینەی قەبوڵە، کـە ئـایینی ئیسلامە، بەڵام ئەوانەی ژیریان تێـك چـوەو، لـە دواوەیـە، خـاوەنی هەسـت‌و بیرێکـی بۆگەن‌و دواکەوتون، ڕێی تێ دەچێ سەریان لە گومڕایی‌و بێ باوەڕی دەرچێ.

﴿ ... وَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ ... مۆریان بەسەر دڵەوەیـە‌و هیـچ تـێ ناگەن. ﴿٨٧﴾ التوبة ﴾ .

بە ڕاستی بێباوەڕی گورزێکی کوشندەیە لە بیروهزر دەدرێ، بە داهێنانی منـدااڵن دەچێ لە جیهانی خۆیاندا، هەڵە‌و تاوانێکـە ڕۆژگـار تـاوانی وای بـە خـۆوە نـەبینیوە. بۆیـە خـوای بـەرزو توانـا دەفـەرموێ: ﴿ ..أَفِي ٱللَّهِ شَكٌّ ...!! ئـاخۆ ئێـوە لـە خـوا بەشکن؟ ﴿١٠﴾ إبراهيم ﴾ .

مەبەست ئەوەیە: گومانی تێدا نیە، شتێکی ڕۆن‌و بەرچاوە. بەڵکو (ئـیبن تەیمیـە) دەڵێ: دروستکار -مەبەستی خوای بـە توانـاو بـێ هاوتایـە- هـیچ کـەس سەرپێچی لـە هەبونی نەکردوە تەنیا فیرعەون نەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا لە نـاخ‌و دەرونـەوە دانـی پـێ دادەنـا، بۆیـە (موسـا) دەفـەرموێ: ﴿ قَالَ لَقَدْ عَلِمْتَ مَآ أَنزَلَ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ بَصَآئِرَ وَإِنِّي لَأَظُنُّكَ يَٰفِرْعَوْنُ مَثْبُورًا ... گوتی: تـۆ خـۆت سـور دەزانـی ئـەم شتانە کە وا زەق لەبەرچاوانن، هەر داهێنەری زەمین‌و عاسمانـەکان ناردونیـە خـوار. فیرعەون! منیش لام وایە. تۆ تێدادەچی. ﴿١٠٢﴾ الإسراء ﴾ .

بەڵام دەرەنجامی فیرعەون نهێنی ناو دڵی درکانـدو هـاواری کـرد: ﴿ ... ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِيٓ ءَامَنَتْ بِهِۦ بَنُوٓاْ إِسْرَٰٓءِيلَ وَأَنَا۠ مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ... من باوەڕیم هێنـا، هـیچ کـەس بۆ پەرستن ناشێ، مـەگین ئـەوەی کـە وەچـەی ئیـسرائیل باوەڕیـان پێیـە، منـیش لـە تەسلیم بوانم. ﴿٩٠﴾ يونس ﴾ .

بـاوەڕ ڕێگـای ڕزگاریـە

ڕاستیەك لە کتێبی (الله یتجلی في عصر العلـم) لە چاخی زانستدا گومان لـە بـونی خـوادا نیـە، هـەروا لـە کتـێبی (الطب محـراب الایمـان) پزیـشکی مینبـەری بـاوەڕە، دەردەکـەوێ ئەویـشیان ئەوەیـە: هەسـتم کـردوە بـاوەڕ بـە خـوای بـەرزو توانـاو، خـۆ خستنە ژێر فەرمانی ئەو، گەورەترین فریاد ڕەسی بەندەن تـاوەکو لـە دەست خـەمو پـەژارە ڕزگـاری کـەن، ﴿ ... وَأُفَوِّضُ أَمۡرِيٓ إِلَى ٱللَّهِۚ ... کـاری خـۆم بـە خـوا دەسـپێرم. (٤٤) غافر ﴾ .

﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ وَمَن يُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ يَهۡدِ قَلۡبَهُۥۚ ... کەس هیـچ بەڵای بەسەر نایە، مەگین خودا فەرمان بدا. هەر کێش بڕوای بـە خـودا بـێ، دڵی شـارەزای خۆی دەکا. (١١) التغابن ﴾ .

هـەر کەسـێ دڵنیـا بـێ ئـەوەی ڕو ئـەدا بـە بڕیـارو قـەدەری خوایـە، دڵـی بـە ڕەزامەندیو ملکەچی‌و، وێنـەی ئەوانـەش ئاشـنا دەبـێ، ﴿ ... وَيَضَعُ عَنۡهُمۡ إِصۡرَهُمۡ وَٱلۡأَغۡلَٰلَ ٱلَّتِي كَانَتۡ عَلَيۡهِمۡۚ ... گرانایی زنجیریان لەسەر لادەبا، کە بـە وانیـان شـەتەك دابون. (١٥٧) الأعراف ﴾ .

نوسـەرە بەناوبانگـەکانی ڕۆژئـاوا، وەکـو "کەرسـی مەریـسۆن"و، "ئەلکـسیس کاریل"و، "دایل کارنیچی" دان پیادەنێن کە ڕۆژئاوای لە ژیان دۆڕاو تـەنیا بـاوەڕ بـە خوای بەرزو توانا لە هانایـان هـات، دانـیش بـەوە دادەنـێن کـە هۆکـارو نهێنی هـەرە سەرەکی لـە ڕوداتـی ئـەو خۆکوژیـەی بویتـە دیاردەیـەکی بەرچـاو لـە ڕۆژئـاوا، تـەنیا گومڕایی‌و پشت هەڵکردنە لە خوای بەرزو توانـاو ڕاهێنەری گشت جیهان، ﴿ ... لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدُۢ بِمَا نَسُواْ يَوۡمَ ٱلۡحِسَابِ ... چونکە قیامەتیان لـە بیـرچو، جەزرەبـەی تونـدو تیژیان هەیە. (٢٦) ص ﴾ .

﴿... وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخْطَفُهُ ٱلطَّيْرُ أَوْ تَهْوِى بِهِ ٱلرِّيحُ فِى مَكَانٍ سَحِيقٍ ... هـەر كەسێكى شـەريك بـۆ خـودا بناسـێ، وەك ئەوەيـە لـە حـەواوە هەڵـدێراوەو مـەل تێـى رۆبـێن، يـان بـا يـەك هەڵيداشـتبێ[٦٠٥] بـۆ شـوێنێكى دورى چەپەك[٦٠٦]. (٣١) الحج﴾.

رۆژنامەی "الشرق الاوسط" لە یەکێ لە ژمارەکانی لـە بـەرواری ١٤١٥/٤/٢١ی کۆچـی لـە یاداشـت نامـەکانی هاوسـەری جـۆرج بۆشـی سـەرۆکی پێـشوی[٦٠٧] ئـەمریکی دەگوازێتـەوە: کـە ئـەو ژنـە چـەندین هـەوڵی خۆکوشـتنی داوە، لـە ئـاهی خـۆی ماشـێنەکەی بـەرەو هەڵـدێر لـێ خوڕیـوەو بـە دوای مەرگـدا گـەڕاوە، هەوڵیـشی داوە خۆی بخنکێنێ.

(قەزمان) ئامـادەی جـەنگی "ئوحـد" بـو شـان بـە شـانی موسـڵمانان شـەڕێکی زۆر توندی کرد.

خەڵکـانێ گوتیان: خۆشی لە خۆی چوە بەهەشت.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمودەی: ((إنه من اهل النار!! ئەوە دۆزەخیە)).

بەسەختی بریندار بو ئارامی لەسەر برینەکەی نەگرت، خۆی بەسەر شمشێرەکەدا گرتو خۆی کوشت، ﴿ٱلَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا ... ئەو کەسانەی تەقەلایان لە ژیـانی سـەر دنیـادا بـە فیـڕۆ چـوەو لاشـیان وایـە کـارێکی چاکیان کردوە. (١٠٤) الكهف﴾.

هەر ئەوەشیان لە فەرمودەی خوای تواناو تاقانە دەفامرێتـەوە: ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا ... هەر کەسێکیش بە ئامۆژگاری من نـەکا، ژیـنی لـە تەنگانە دایە. (١٢٤) طه﴾.

---

٦٠٥) فڕێی دابێ.

٦٠٦) لابـەلا.

٦٠٧) بۆشی یەکەم/جۆرج دەبل یو بۆش.

موسڵمان چەندی ژیانی تفتو تاڵ بێ پەنا بۆ ئەو کارە دزێوانە نابا.

بێ گومان دورکات نوێژی دڵسۆزانەو مل کەچانە بەڵێنی دەرن بەوەی هەرچی دەردە سەریو کولە مەرگیو خاکە ساریو بەڵا باری هەیە پای بمااڵن.

﴿ ... وَمِنْ ءَانَآيِٕ ٱلَّيْلِ فَسَبِّحْ وَأَطْرَافَ ٱلنَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرْضَىٰ ... لە بەتڵەکـانی شەوێدا و[٦٠٨] لە هەردو ئالی[٦٠٩] ڕۆژێدا سەرگەرمی سوپاسی ئەو بە، بەشکو بـە ئاوتـت بگـەی. (١٣٠) طه ﴾ .

قورئـان لـە جیهـانو سـەر شـێواویو گـومڕا بـونی خـەڵکی دنیـا پرسـیار دەکـاو دەفەرموێ: ﴿ فَمَا لَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ... ؟! چی وای کردوە پشت لـە بـاوەڕە هەڵکـەن، (٢٠) الانشقاق ﴾. کەچی ڕێگای حـەقو ڕاستی وەکـو ڕۆژی ڕونـاك لەبەرچاوە، بـە بەڵگـەی ڕۆشنو درەوشاوە، بڕو بیانو نـەماوە.

﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ... هاکا وامـان کرد ئەوانە لە ئاسوکانی زەمینو عاسمانداو لە خۆشیاندا نیشانەکانمان ببیـنن، هـەتا لێیان ڕون بێتەوە کە ئەو ڕاستە. (٥٣) فصلت ﴾ .

بۆیـــان ڕۆشـــن دەبێتـــەوە کـــە (موحەممـــەد) ﷺ ڕاســـت گۆیـــە، (اللە) خـــوای ڕاستەقینەیەو شـیاوی پەرستـشە، ئـیسلامیش ئـایینی تێـرو تەسـەلەو بـەوە شـیاوە جیهـان باوەشـی پیـا بکـا، ﴿ وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ ... هەر کەسێك بە دڵێکی پاك ڕوی لە خوا بێو ئاکار چاك بـێ، دیـارە ئالقەی هەرە پتەو ئەو گرتویە. (٢٢) لقمان ﴾ .

---

٦٠٨) بەشەکانی شەوێدا.

٦٠٩) هەردو تەرەفی.

گاورەکانیش پایە پایەن

لە یاداشت نامەیەکیدا جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکا بە ناونیشانی "هەنگاوێك بەرەو پێشەوە": باس لەوە دەکا کە بەشداری لە ناشتنی تەرمی "بەرجنێیف"ی سەرۆکی یەکێتی سۆڤێتی دەکا لە مۆسکۆ، دەڵێ: بینیم تەرمێکی ڕەش و قێزەونە، نە باوەڕو نە گیانی تێدایە. چونکە بۆش (نەسرانی) بو ئەوانیش باوەڕیان بە خوا نەبو، ﴿... وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا ٱلَّذِينَ قَالُوٓا إِنَّا نَصَٰرَىٰ ... ئەو کەسانەش کە گوتیان: (ئێمە مەسیحین) پتر بڕوادارەکانیان خۆشگەرەکە.﴿٨٢﴾ المائدة﴾.

ببینە ئەگەرچی بۆ خۆی کەسێکی گومڕایە بەڵام چۆن هەست بە سەرگەردانی ئەوان دەکا، چونکێ بێ باوەڕیش پلە پلەیە، ئەگەر بۆش ئەم ئیسلامەو دینی ڕاستەقینەی خوای بناسیایە، دەبوایە چی بوتایە؟! ﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ... هەر کەسێ بە دەر لە ئیسلام، هەر دینێکی دیکەی هەبێ، قەبوڵ نیەو لە دوا ڕۆژا لە ڕێزی زیانبارانە. ﴿٨٥﴾ آل عمران﴾ .

بە سای ئەوە گوتارێکی شێخی ئیسلام (ئیبن تەیمیە)م هاتەوە یاد، باس لە کەسێکی (بەتائیحی) دەکا کە (تیرەیەکی سەرشێواو لاڕێن) ئەو (بەتائیحیە) بە (ئیبن تەیمیە) دەڵێ: ئەی (ئیبن تەیمیە) ئەوە چیە کاتێ دێینە لای ئێوە -واتە ئەهلی سوننە- کەڕامەتمان هەڵدەوەشێنەوەو نامێنن، ئەگەر دەشچینە لای گاورو مەغۆڵو تەتارەکان کەرامەتمان لێ ڕودەدات؟

(ئیبن تەیمیە) گوتی: ئایە دەزانی وێنەی ئێمەو ئێوەو تەتارەکان چۆنە؟ ئێمە وەکو ئەسپی سپی واین، ئێوەش وەکو ئەسپی بۆزن، تەتارەکانیش وەکو ئەسپی ڕەش وان، جا هەسپی بەڵەك ئەگەر ڕەگەڵ هەسپی ڕەش بکەوێ ئەوا بە سپی دێتە بەرچاوان، ئەگەریش ڕەگەڵ سپیەکان بکەوێ ئەوا بە ڕەش دەبینرێ، ئەوسا ئێوە کەمێك ڕۆشناییتان لە لایە، ئەگەر چونە ناو بێ باوەڕەکان ئەو ڕوناکیە دەردەکەوێ، ئەگەر هاتنە لای ئێمەش چونکە ئێمە خاوەنی سوننەو ڕۆناهی هەرە زۆرین، تاریکیو ڕەشایی ئێوە دەردەکەوێ، ئا ئەوە وێنەی ئێمەو ئێوەو ئەوانە.

﴿ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱبْيَضَّتْ وُجُوهُهُمْ فَفِى رَحْمَةِ ٱللَّهِ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ... ئەوانەش کە ڕوسپین، بۆ هەمیشە بەزەیی خودایان هەیەو تا هەتایە هەر دەگەڵیانە. ﴿١٠٧﴾ آل عمران ﴾ .

ویستێکی پۆڵایین

خوێندکارێك لە وڵاتانی ئیسلامیەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەچێ لەوێ بخوێنێ، هەر لە خودی لەندەنیش جێ گیر دەبێ، لەگەڵ خێزانێکی بەریتانی بێ باوەڕدا ژیان بەسەر دەبا، تاوەکو فێری زمانی ئینگلیزی ببێ، ئەو قوتابیە دین دارو خواپەرستە لە بەرە بەیاندا خەبەری دەبێتەوەو، بەرەو جێ دەستشۆری دەچێو دەست نوێژێ دەگرێ، ئەگەر چی ئاوەکەش ئاوێکی سارد دەبێ، ئەوجا دەچێتە جێگا نوێژەکەی‌و دەست دەکا بە نوێژ کردنو زیکرو یادی خوای گەورە، لەو خێزانەدا پیرەژنێك هەیە هەمیشە چاوەدێری دەکا، دوای چەند ڕۆژێك پیرەژن لێی دەپرسێ: ناکرێ هەندە زو لە خەو هەڵنەستی‌و کاتەکە دوا بخەی تاوەکو بحەسێیتەوە دوای ئەوە هەڵبستی. ئەویش دەڵێ: بەڵام خوایەکەم قایل نابێ نوێژ لە کاتی خۆی‌دا دوا بخەم. پیرەژن سەری جوڵاندو، گوتی: ئەوە ویست‌و ئیرادەیەکە ئاسن خۆی لەبەر ناگرێ!!

﴿ رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ تِجَٰرَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَإِقَامِ ٱلصَّلَوٰةِ ... پیاوانێ کە نە بازرگانی نە سەودا، یادی خوداو نوێژ کردنیان، لەبیر نابا. ﴿٣٧﴾ النور ﴾ .

ئەوەیە وردەو وزەی باوەڕو، تین‌و تەوژمی یەکتاپەرستی‌و دڵنیایی.

هەر ئەو وزەو وردەیە بو جادوگەرەکانی فیرعەونی هەڵنا لە کات‌و ساتی ڕوبەڕو بونەوەی جیهانی نێوانی فیرعەون‌و موسادا باوەڕ بە خوای ڕاهێنەری جیهان بێنن‌و، بە فرعەونیان گوت: ﴿ قَالُوا۟ لَن نُّؤْثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلَّذِى فَطَرَنَا ۖ فَٱقْضِ مَآ أَنتَ قَاضٍ ... گوتیان: لە دوای ئەو نیشانانەی دیومانە، سوێند بەو کەسەی کە ئێمەی دروس کردوە، هەرگیز بۆ تۆ دەسمان پێ لەو هەڵناگیرێ، سا هەر چیەکی لە دەستت دێ دریغ مەکە. ﴿٧٢﴾ طه ﴾.

ئـەو وەیـە هـەر ئـەو ڕوبەڕوبونـەوەو لـە ڕو وەستانە بـو کـە تـا ئێستا وێنـەی نەبیسترَاوە، کە وای لێ کردن وشەی ڕاستو دروست بە گوێچکەی لاسارو سەرپێچی کارێکی وەکو فیرعەون دا بچرپێنو پەیامی ڕاستی بگەیێنین.

حەبیبی کوڕی زەید چوە لای (موسەیلەمە)و بۆ یەکتاپەرستی بانگێشتی کرد، (موسەیلەمە) حەبیبی بە شمشێر تیکەتیکە کرد، حەبیب نـە هـەژاو ئۆفـەی نـەکرد هەتا بە پلەی شەهیدی بە پەروەردیاری خۆی گەیشت، ﴿... وَٱلشُّهَدَآءُ عِندَ رَبِّهِمْ لَهُمْ أَجْرُهُمْ وَنُورُهُمْ ... ئەو کەسانەش کە لە ڕای خودا کوژراون، وان لـە لای پەروەرنـدەیان پاداشی خۆیان پێدەگاو ڕۆشنایی خۆیان هەیە. ﴿١٩﴾ الحديد﴾ .

(خوبیب) بە سێدارەی مەرگا هەڵواسرا، ئەم دێرە هۆنراوەی هۆنیەوە:

باکـم نیـە ئەوسـاتەی بە مسـوڵمانی دەکـوژرێم
ئـاخـۆ لەسـەر کام لاوە لە ڕێی خـــوداوە دەگـلێم

سروشـتی خـوارسـك

ئەگـەر تـاریکی ئەنگوسـتە چـاو دابـێ، هـەورە تریـشقە چـەخماخەیدا [٦١٠]، بـاو گەردەلولی توش هەڵبکـا، سروشتی نەژادی بە ئاگـا دێ.

﴿... جَآءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَآءَهُمُ ٱلْمَوْجُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ... تا بای زۆر بەتوند هەڵدەکاو لـە گـشت لاڕاشـە پۆلیـان بـۆدێو باش دەزانن، کە هەمو دەوریان گیـراوە، بەوپەڕی بڕوای پاکەوە لە خودا دەپارێنەوە. ﴿٢٢﴾ یونس﴾.

---

٦١٠) بروسکیدا.

بەڵام موسڵمان لە خۆشی‌و ناخۆشـیدا لە شین‌و شاییدا هانـا وەبـەر خـوا دێنـــێ: ﴿ فَلَوْلَآ أَنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلْمُسَبِّحِينَ ﴿١٤٣﴾ لَلَبِثَ فِى بَطْنِهِۦٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ... سا ئەگەر ئەو پاکی خودای نەگوتبایە، تا ڕۆژی سەڵا ڕادەبو، لە ورگی ماسیدا دەمایەوە. ﴿١٤٤﴾ الصافات ﴾ .

زۆرن ئەوانـەی لـە تەنگانـەو دەربەسـتیدا [٦١١] هانـا وەبـەر خـودا دێـنن‌و چـریکەو زایەڵە هەڵدەبڕن، کاتێ خوا ئاوڕی لێدانەوەو خواستەکانیان هاتەدی پشت هەڵدەکەن، خوای گەورەش گاڵتـەو گـەپی لەگـەڵ نـاکرێ‌و، نـاش خەڵـەفێنرێ ﴿ ... يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمْ ... دەیانەوێ خوا فریو دەن، کەچی خوا دەیانخەڵەتێنێ. ﴿١٤٢﴾ النساء ﴾.

ئەوانـەی تـەنیا لـە کـاتی لێقـەومانێ پـەنا بـۆ خـوا دەبـەن تـەنیا شـاگردی ئـەو فیرعەونە لاسارو گومڕایەن، کە لە دوای هەل لە کیس چون‌و دەستبەربون پێی وترا: ﴿ ءَآلْـَٰٔنَ وَقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ وَكُنتَ مِنَ ٱلْمُفْسِدِينَ ... جا تازە؟ تۆیەك لە پێشدا باغی بوی‌و لە ڕێزەی خراپکاری بوی؟ ﴿٩١﴾ یونس ﴾ .

ئـەو کاتـەی عێـراق کـوێتی داگـیر کـرد گـوێ بیـستی دەسـتەی پەخـشی هـەواڵی بەریتانی بوم لەوبارەوە هەواڵیدا: کە تاتـشەری سـەرەك ومزیرانـی پێشوی بـەریتانی لەوکاتەدا لە هەرێمی (کلۆرادۆ)ی ئەمریکی بو هەر کە ئـەم هەوڵـەی بیست بـە گـوڕ بەرەو کەنیسە ڕۆیی‌و کرنۆشی برد!

ئەم دیاردەیە تەنیا بەوە لێك دەدەمەوە، کە وێنەی ئەوانە ئەگەر چی گومڕاو بـێ باوەڕن، بەڵام سروشتیان بۆ وەدی هێنەری سروشت بـەئاگا دێتـەوە، چـونکێ دەرون‌و هەستەکان لە سەر باوەڕ بە خوای بەرزو توانا وەدی هاتون: ((**كل مولود يولـد علـى الفطرة، فأبواه يُهَوِّدانه او ينصرانه او يـمجسانه...**)) هەمولە دایکبوێك لەسەر سروشـتی باوەڕی لە دایك دەبێ، دایك‌و باوکی دەیکەن بە جولەکە، یا گـاور، یا ئاگر پەرست.

---

٦١١) پێوایستی.

لە بژێوی خـۆت پەلـەی مەکـە، ماوەی بۆ دیاری کـراوە

ئەوەی لە بەشە ڕۆزی خۆی پەلە دەکا، پێشبرکێی لەگەڵ ڕۆژگار دەکا، بـە سای درەنگ هاتنە دی خواستەکانی نیگەرانە، وەکو ئەو کەسـە وایـە لـە نـاو نوێـژدا پـێش بڕکێ لەگەڵ پێش نوێژدا [٦١٢] بکاو، دەشزانێ ناکرێ بەر لە سەلامدانەوەی پێش نوێـژ سەلام بداتەوە!

کـارو فـەرمانو ڕۆزی ئەنـدازەگیر کـراوە، پـەنجا هـەزار سـاڵ بـەر لـە دروسـتبونی بونـەوەر بڕیـاری لەسـەر دراوە، ﴿أَتَىٰٓ أَمْرُ ٱللَّهِ فَلَا تَسْتَعْجِلُوهُ ... ئـەوا فـەرمانی خـودا هات، پەلەی مەکەن. ﴿١﴾ النحل﴾ .

﴿ ... وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَآدَّ لِفَضْلِهِۦ ... ئەگەر چاکەشتی گەرەك بێ، کەس پـێش بە چاکەی ناگرێ. ﴿١٠٧﴾ یونس﴾ .

پێشەوا (عومەر) دەڵێ: "خوایـە پـەنا دەگـرم بـە تـۆ لـە نەبـەزیو بـوێری خراپـە کارو، متمانە بە خۆ نەکردن".

ئەوەو وتەیەکی ڕاستو زۆر بایەخ دارە. زۆر سەرنجی مێژوم داوە، هەسـتم کـردوە گەلێك لە دوژمنانی خوای بەرزو توانا، هـەوڵ دەرو کۆڵنـەدەرو بـەرزخواز بـون: زۆر جێگای سەرسوڕمانو تێڕامانە.

موسڵمان گەلێکیشم بینیوە ئەوەندە وڕە ڕوخاوو شڵو خاوو دۆش داماو بون: هەر خوا خۆی دەزانێ، ئەوجا لە نهێنی نزای پێشەوا گەیشتم -خوا لێی ڕازی بێ-.

---

٦١٢ ئیمام.

لە ناو کـردەی بـەردارەوە[٦١٣] قـۆڵ بـــەوە

وەلیـدی کـوڕی موغـەیرەو ئومەییـەی کـوڕی خەلـەفـو عاسـی کـوڕی وائـل مـاڵو داراییان لە دژایەتیو ڕوبەڕوبونەوەی پەیامو بەرنامە ڕاستەقینەکەی خـوادا خـەرج کـــرد ﴿... فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ... ئـــەو مـــاڵ بەختکردنەیان دەبێتە کەسەرێك بۆیان و پاشان هەر ژێر دەکەون. ﴿٣٦﴾ الأنفال﴾ .

بەڵام موسڵمان گەڵ بە ماڵو داراییان ڕژدی دەنوێن، نایانەوێ قەڵای چاکە خوازی هەڵچنن، کۆشکی خواپەرستی بنیـات نـێن ﴿... وَمَن يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَن نَّفْسِهِۦ... هەر کەسێکیش ڕژدی دەکا، ڕژدی دەربارەی خۆی دەکـا. ﴿٣٨﴾ محمد﴾ .

ئەوەیە نەوەستانی چەپەڵکاران و دەستەوسانی موسڵمانان.

لە یاداشت نامەکانی (جۆلدا مائیر)ی جولەکە بە ناونیشانی "ڕق و کینە"[٦١٤] هاتوە: کە لە یەکێ لە قۆناغەکانی ژیانیدا لە پێناوی خزمەتکردن بە بیروباوەڕی گەنـدەڵو پوچـەڵی شـانزە کاتـژمێر لـە بیستو چـوار کاتـژمێردا تـەرخان دەکـا، هـەتاوەکو بـە یاوەری "بن گۆریۆن" دەوڵەتێك پێـك دێنـێ، هەرکەسـێکیش حـەز دەکـا بـا سـەرنجی کتێبەکەیدا.

بـە هـەزاران ڕۆڵـەی موسـڵمانیش دەبیـنم تـەنیا کاتـژمێرێکیان لـە پێنـاوی بیروباوەڕیان تەرخان ناکەن، وەلـێ هەمو ژیانیان لـە پێنـاوی خـواردنو خواردنـەوەو گاڵتەو گەپـدا بەسـەر دەبـەن ﴿... مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلْتُمْ إِلَى ٱلْأَرْضِ ... چیتانە کە پێتان ئێژن: وەدەرکەون بۆ خەزا لە ڕای خـودادا، تەمـەڵن و لە جێی خۆنا بزون؟ ﴿٣٨﴾ التوبة﴾ .

---

٦١٣) کردەوەی بەرهەمدار.

٦١٤) الحقد.

پێشەوا عومـەر بـە شـەوو ڕۆژ بـەبێ پـچڕان لـە گـەڕدا بـو، خـەوی کـەم بـو. کەس‌وکاری پێی دەڵێن: بۆ ناخەوی؟

ئەویش دەڵێ: ئەگەر لە شەودا بخەوم خۆم لـە دەست دەچێ، ئەگـەر لـە ڕۆژیشدا بخەوم، گەلەکەم بە هەدەر دەچێ.

لـە یاداشـت نامـەکانی "موشـی دیـان"ی لەناوچـودا، بـە ناونیـشانی (شمـشێرو دەسەلآت) [٦١٥] هاتوە: لە ولآتێکەوە بـۆ ولآتێکی تـر لـە شارێکەوە بـۆ شـارێکی تـر بـە شەوو بـە ڕۆژ بـە ئاشکرایی‌و بـە نهـێنی کـۆڵی نـەدەدا، ئامـادەی کۆبونـەوەکان دەبـو، چەندین کۆنگرەی دەبەست، چەندین گرێ بەندی‌و ڕێکەوتننامـەی ڕێـك دەخـستو، چـەندین یاداشـتنامەی دەنوسـی. گـوتم: داخـی گـرانم، ئەوەیـە هـەوڵو گـەڕی بـرای مەیمون‌و بەرازان، ئەمەشیانە دەستەوسـانی زۆرێ لـە موسـڵمانان، بەڵکـە ئەوەیـە نـە وەستانی چەپەڵکاران‌و بێ وڕەیی موسڵمانان.

پێشەوا عومەر دژایەتی تەوەزەل‌و بـێ کـارو کـات بـە فیـڕۆ دەرانـی دەکـرد، چـەند گەنج‌و لاوێکی لە مزگەوتێ وەدەرێ نان‌و دارکاری کردن‌و پێی گوتن: بڕۆنـە دەرێ‌و بە دوای کارێدا بگەڕێن، خۆ ئاسمان زێڕو زیوی ناباڕێنێ.

بێگومان لە دەرەنجامی کات بەتاڵی‌و بێکاری: دڵاو دڵی‌و دەردەسـەری‌و نەخۆشی دەرونی دروست دەبێ خەمو خەمینی فەراهەم دێ‌و هەستو زیرێدا دەڕمێ.

هاوکات لەگەڵ هەوڵو گـەڕو چـاپوکیدا: بەختـەوەری‌و شـادمانی‌و دڵاڕامـی پەیـدا دەبێ.

ئەگەر بێ‌و هەر یەکێ لە ئێمە لە ژیاندا جێ پەنجەی دیار بێ، کارخانەکان کاریان تێدا بکرێ‌و، کارگـەکان وەگـەڕ بخـرێن، دەزگـای خێـر خـوازی‌و هاریکاری‌و بێـداری‌و چـەند ناوەنـدو بنکـە بکرێنـەوەو، چـەند چـاوپێکەوتنێکی وێـژەیی ئـەنجام بـدرێن، چـەند خـولی زانـستی‌و جگـە لـەوەش بکرێنـەوە، هەرچـی نیگـەرانی‌و پەرێـشانی‌و دلگرانی هەمانە دەڕەوێتەوە.

﴿ وَقُلِ ٱعۡمَلُواْ ... بێژە: دەسا وەکارکەون. ﴿١٠٥﴾ التوبة ﴾ .

---

٦١٥) السيف والحكم.

﴿ ... فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ ... بە هەردێدا بلاو ببن. ﴿١٠﴾ الجمعة ﴾ .

﴿ سَابِقُوٓاْ ... پێشبرکێ بکەن. ﴿٢١﴾ الحديد ﴾ .

﴿ وَسَارِعُوٓاْ ... پەلە بکەن. ﴿١٣٣﴾ آل عمران ﴾.

((وان نبي الله داود كان يأكل من عمل يده)) پێغەمبـەر داود ﷺ بەرهـەمی کاری دەستی خۆی دەخوارد.

(راشد) کتێبێکی نوسیوە، بە ناونیشان (صناعة الحياة) ژیانو وەگەڕخستن) بـە تێرو تەسەلی لەوبارەوە دەدوێ، باسیش لـە خـەڵکانێکی زۆر دەکا کـە لـە ژیانـدا بـە کارو پیشەی خۆیان هەڵناستن.

مرۆڤ گەلـێ بە ڕواڵەت زیندون، بەڵام وەکو مردوانن، ئامانجی ژیانیـان نـازانن، نـە بـۆدا هـاتوی خۆیـانو گـەلو نەتەوەشـیان کـەڵكو سـودێك پـێ دەزانـن ﴿رَضُواْ بِأَن يَكُونُواْ مَعَ ٱلۡخَوَالِفِ ... بەوە ڕازی بون لەگەڵ بەجێ ماوەکان بن. ﴿٨٧﴾ التوبة ﴾ .

﴿لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ غَيۡرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ وَٱلۡمُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ... ئـــــەو بڕوادارانـەی کـە هـەر لـە مـاڵی خۆیـان دەمێـنن -جیـا لەوانـەی نوقوسـتانن- دەگـەڵ ئەوانەی دەچنە جەنگ لە ڕای خودا، وەکو یەك نین. ﴿٩٥﴾ النساء ﴾ .

ئـەو ژنـە ڕەش پێـستەی مزگـەوتی پێغەمبـەری خـوای ﷺ دەمـاڵی بـە ئـەرکی سەرشانی خۆی هەڵسا، بە سای ئەم کردو کۆشـە بەهەشـتی وەدەسـت هێنـا ﴿ وَلَأَمَةٌ مُّؤۡمِنَةٌ خَيۡرٞ مِّن مُّشۡرِكَةٖ وَلَوۡ أَعۡجَبَتۡكُمۡۗ ... کـەنیزەی بـاوەڕدار بـۆ هاوسـەری لـە ژنـی ئازادی خوانەناس هێژاترە، با هەرچەندە حەزی لـێ بکەن. ﴿٢٢١﴾ البقرة ﴾ .

هەروەها ئەو کوڕە لاوەی بـەرزەکی [٦١٦] بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ دروسـت کـرد بـە کاری خۆی هەستا لە ژیاندا، چونکێ کاری ئەو بـەهرەی دارتاشی بـو، بـە سـای ئەمـە

٦١٦) مینبەر.

بەخشش‌و خەڵاتی خۆی پێ بەخشرا. ﴿... وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ ... تانەش دەدەن لەوانە وا هەرئەوەندەیان دەس دەڕوا، کەدەیبەخشن. (٧٩) التوبة﴾.

لە ساڵی ١٩٨٠ی زایینی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ڕێگایاندا بە بانگەواز کارە موسڵمانەکان بچنە ناو بەندیخانەکان [٦١٧]، چونکە تاوانبارو چەپەڵکارو خوێنڕێژان، ئەگەر ڕێبازی ئیسلام بگرنە بەر، دەبنە چەند ئەندامێکی چاکە خواز لە کۆمەڵگاکەیاندا ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَٰهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ ... ئاخۆ کەسێ کە مردو بو ئێمە زیندومان کردەوەو ڕوناکیەکمان خستە پێشی، بە سەربەستی لە ناو خەڵکا بخولێتەوە؟ (١٢٢) الأنعام﴾ .

بۆ ئەو کەسەی بیەوێ کارو وەرامی ڕاستو دروست بێو لە کاتی ڕوداوو کارەسات دان بە خۆیدا بگرێ، با ئەو دو نزایە گەورەو سودبەخشە لە دەم بگرێ:

یەکەم: ئەو فەرمودەی پێشەوا (عەلی) دەی گێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی دەفەرموێ: ((**قل اللّهم اهدني و سدّدني...** بڵێ: ئەی پەروەردگارا ڕێنماییم کەی‌و کاروبارم ڕاستەڕێ کەی. مسلم دەی گێڕێتەوە.

دووەم: ئەو فەرمودەی (حصین)ی کوڕی (عوبەید) لە پێغەمبەری خواوە دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوا پێی دەفەرموێ: ((**اللّهم الهمني رشدي، وقني شر نفسي...** پەروەردگارا بەرەو ڕاستە ڕێ شارەزام کەی، لە خراپەو بەدی دەرونم بە دورم خەی. (ئەبو دەڕدا) دەیگێڕێتەوە.

شەیدا بونو پەیوەستی بە ژیانی دیناوە، حەز کردن بە مانەوە تیایداو دور بونەوە لە مردن، بەندە توشی: کڵۆڵیو دڵ پەستیو نیگەرانیو بێ خەویو بارگرانیو نابوتی [٦١٨] دەکا، سەبارەت بەوەی جولەکە پەیوەست بون بە ژیانی دنیاوە، خوای گەورە گازاندەیان لێ دەکاو دەفەرموێ: ﴿ وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ ٱلنَّاسِ عَلَىٰ حَيَوٰةٍ وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ ۚ يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِۦ مِنَ ٱلْعَذَابِ

---

٦١٧) بۆئەوەی بەندکراوەکان بەرەو ئیسلام بانگ کەن.

٦١٨) بێ سەروبەری.

أَن يُعَمَّرَ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ... بێ گومانە دەیانبینی لە هەمو کەس لە دنیادا بۆ ژیانێ تامەزرۆترن، تەنانەتی لەو کەسانەش کە شەریك بۆ خوا دەناسن. هەر کام لەوان پێی خۆشە هەزار ساڵ بژی. خۆ تەمەنی هەزار ساڵەش لە ئازار دوری ناخاتەوە، خودا هەموکردەیانی لەبەرچاوە. ﴿٩٦﴾ البقرة ﴾.

لێرەدا چەند وانەیەك وەردەگیرێ، یەکێ لەوان: دیاری نەکردوە چ ژیانێکیان گەرەکە، هەر جۆرە ژیانێك بێ، ئەگەر چی ژیانێکی ئاژەڵانەو درندانەش بێت، کەمایەتیو سوك و چرۆکیشیان قەبوڵەو هەوڵی دەستەبەر کردنی دەدەن.

دەرسێکی تر: ڕەچاوکردنی وشەی (ألف سنة) هەزار ساڵ ژیان، لەبەرئەوەی کاتێ جولەکە بەیەك دەگەیشتن یەك بە یەکی دەگوت بەیانیت بێ مەودا بێ هەزار ساڵ.

واتە هەزار ساڵ بژێی خوای گەورە دەیەوێ ئەو وێستەیان بە دەر ڕاوەرکا، کە دەیانەوێ تەمەنێکی هەندە دورو درێژ بەسەربەن، بەڵام گریمان هەندە ژیان سەرەنجام بەرەو کوێ؟!

سەرەنجامیان بەرەو دۆزەخێکی گرگرتوە ﴿ ... وَلَعَذَابُ ٱلْآخِرَةِ أَخْزَىٰ وَهُمْ لَا يُنصَرُونَ ... بێگومانە سوکایەتی ئازاری ئەولاش زۆرترەو کەسیش دە هانایان نایە. ﴿١٦﴾ فصلت ﴾ .

جوانترین گوتەی ئاپۆرەش [٦١٩] ئەوەیە کە دەڵێ: جێگای خەم نیە، لە خوا دەخوازرێ.

خوایەك لەسە روی ئێمەیەو داوای لێ دەکرێو، فەرو چاکەی لێ دەخوازرێ، ئەگەر تۆ کارو وەرامت بە خوا بسپێریو، خوای گەورەش خەمو پەژارەت لابباو بڕەوێنێ، بۆ دەبێ تۆ لەسەر زەویدا کپو کڵادا بمێنی ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ ... یا ئەو کەسەی چاترە کە هەر وەختێ هومێد بڕاوێك لە بەری بپارێتەوە، دە هانای دێو لە چۆرتم ڕزگاری دەکا. ﴿٦٢﴾ النمل ﴾ .

---

٦١٩) جەماوەر/خەڵکی ڕەشۆکی.

﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ... هـــــەر كاتەکی عەبدەکانم لەمەڕ من لـە تـۆ دەپرسـن، مـن نـزیکم، هـەر کـەس هانـام وەبـەر بێنێ، بێ وەرامی ناهێڵمەوە. ﴿١٨٦﴾ البقرة ﴾ .

لە ژیانی خـۆتدا چەند کـاتو سـاتێکی بایەخـدارت هـەیـە

لە یاداشتنامەکانی شێخ (عەلـی تـەنتاوی)دا دو هەڵوێستی کاریگـەرو پـەنـددادەرم وەبەر چاوان کەوتوە:

هەڵوێستی یەکەم: بـاس لـە خـۆی دەکـا لـەو کاتـەی لـە کـەناری (بـەیروت) مەلـەوانی دەکرد خەریك بو نقوم بێو بخنکێ، بێ هۆش کەوتو هەڵیان گرت، ئا لـەو کـاتو ساتەدا مل کەچی بۆ خوا دەنوێنێو، حەز دەکا ئەگەر بۆ چەند سـاتێکی کـەمیش بێ بەرەو ژیان بگەڕێتەوە، تاوەکو بیروبـاوەڕی نـوێ بکاتـەوەو پـتر چـاکە ئـەنجام داو، بە سا ئەمە بگاتە ئەوپەڕی پلەی باوەڕداری.

هەڵوێستی دووەم: دەگێڕێتـەوە کـە جارێکیـان لەگـەڵ کاروانێکـدا لـە سـوریاو بـەرەو مەککەی پیرۆز دەگەڕێتەوە، لە کاتێکا لە بیابانی "تەبوك" ڕێگایان لێ ون دەبـێو سێ ڕۆژان دەمێننەوە، خواردنو خۆراکیان لێ دەبڕێو چاوەڕوانی مـەرگ دەکـەن، (شێخ) لە ناو هاوڕێکانیدا هەڵدەستێتەوەو وتـاری مانـاوایی لـە ژیـان پێـشکەش دەکا، وتارێکی برایانەو گەرمو گوڕو سەرسوڕمێن، بە خۆی گریاو ئەوانی تـریشی گریانـد، هەسـت دەکـا پلـەی باوەڕیـان بەرزبۆتـەوەو، هـیچ پەناگـەو فریـاد ڕەسێکیشیان نیە تـەنیا خـوای بالادەسـتو توانـادار نـەبێ، ﴿ يَسْـَٔلُهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ ... هەر کێ لە نـاو ئاسمانـەکانو زەمیـنن، هـەموکارێکیان هەر بەوەو ئەو گش ڕۆژێ بە کارێکەوە خەریکە. ﴿٢٩﴾ الرحمن ﴾ .

هـەروا خـوای بـەرزو بـێ هاوتـا دەفـەرموێ: ﴿ وَكَأَيِّن مِّن نَّبِيٍّ قَٰتَلَ مَعَهُۥ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ فَمَا وَهَنُوا۟ لِمَآ أَصَابَهُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَمَا ضَعُفُوا۟ وَمَا ٱسْتَكَانُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّٰبِرِينَ ...

بەشی زۆر لە پێغەمبەران دەگەڵ گەلی خواپەرستانی هەڤالیان چونە خەزا، هەرچەند بەڵای لە ڕێی خودا توشی هاتن، نە هیچیانی سستەوە کرد نە زەبونی ڕوی تێکردن، لەوانەی کە خۆڕاگرن، خۆ خۆشی دێ.﴿١٤٦﴾ آل عمران ﴾ .

بێگومان خوا ئەو بڕوادارە توانادارانەی خۆشی دەوێ بە وەرە بەرزی و ئارامگرییەوە بەرەو ڕوی نەیارانیان دبنەوە، وەرە بەر نادەن، بێ ئومێدی و بەزین ڕویان تێ ناکا، هێزو وزەیان ناڕوخێ، بەسەر شۆڕی و کزو لاوازی نشوستی هێنان قایل نابن، بەڵکە خەباتیان ناپسێتەوە و یەك گروپێ داگرن، هەر ئەوەش باجی بڕواهێنانیان بە پەروەردگارو پێغەمبەرو ئاینیانە ((المؤمن القوي خير و احب الى الله من المؤمن الضعيف، وفي كل خير... بڕواداری توانادار چاکترو خۆشەویستترە بە لای خواوە لە بڕواداری بێ هێز، لە هەردوکیشیاندا چاکە هەیە)).

(ئەبوبەکر) لە پێناوی خوادا پەنجەی بەخوێن هات -خوای لێی ڕازی بێ- (ئەبوبەکر) لەپێناو پاراستنی پێغەمبەری خوا ﷺ پەنجەی خستە کونی ئەشکەوت مار پێیوەدا، پێغەمبەری خوا ﷺ نزای بۆ خوێند بە فەرمانی خوا چاك بۆوە.

پیاوێك بە (عەنتەرە)ی گوت: تۆ بەسەر پیاواندا زاڵ دەبی، نهێنی ئازایەتی تۆ چیە؟ ئەویش گوتی: تۆ پەنجەت بخە ناو دەمی منو، منیش پەنجەم دەخەمە ناو دەمی تۆ. پەنجەی خستە دەمی (عەنتەرە) ئەویش پەنجەی خستە دەمی پیاوەکە، هەریەکەیان پەنجەی ئەوی تریانی گەست، پیاوەکە لە تاوان هاواری کردو، ئارامی نەگرت، (عەنتەرە) پەنجەی خۆی هێنایە دەرو، گوتی: بەوە بەسەر هێزداراندا زاڵ دەبم. بە سای بەرگە گرتنو ئارامگری.

یەکێ لەوانەی مایەی دڵارامیو سەرەوتنی بڕوادارە، ئەوەیە: میهرو سۆزو بەخشندەیی خوای لێ دیارە، جا بە پێی پلەی باوەڕی چاوەدێریو کۆمەکی خوا دەرك پێ دەکا. هەموبونەوەرو گیان لەبەر، درندەو باڵندەو ڕۆیندە[٦٢٠]، هەموویان هەست دەکەن پەروەردیارێکی وەدیهێنەرو ڕۆزی دەریان هەیە ﴿وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا

---

٦٢٠) ئەوەی بە پێ دەڕوا.

يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ ... هەمو شتێك - بە پەسن دانەوە [٦٢١] - پاکانەی ئەو دەکا، بەڵام ئێوە پاکانەی ئەوان نابیسن. ﴿٤٤﴾ الإسراء.

ئێمە دەبینین جوتیارەکان لە کاتی زەوی کێڵاندا، بە دەستی خۆیان تۆ بە زەوی وەردەکەن، دەنێنو هاوار دەکەن: ئەی وەدی هێنەری ئاسمانو زەمین، ئەو دانەوێڵە وشکە لەو زەویە وشکەدا بە تۆ دەسپێرین، ﴿ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَحْرُثُونَ ﴿٦٣﴾ ءَأَنتُمْ تَزْرَعُونَهُۥٓ أَمْ نَحْنُ ٱلزَّٰرِعُونَ ... ئاخۆ ئەو تۆمەی [٦٢٢] دەیچێنن، دیتوتانە؟ پێتان وایە ئێوەن کە بەرهەمی دێنن، یان ئێمە بۆتان دەڕوێنین؟ ﴿٦٤﴾ الواقعة﴾ الواقعة/٦٤.

ئەمەیە ڕو کردنە خوای تاکو تەنیاو بێ هاوتا، ئەمەیە ئارەزو خواستی بە یەك ناسینی خوای بەرزو توانا.

(عبدالحميد كشك) - کەسێکی نابینا- وتاربێژی زمان پاراوو دەنگ زوڵاڵ کاتێ هەستاو بەسەر بەرزەك کەوت، پارچە گەڵایەکی دارخورمای لە گیرفانی دەرهێنا، کە بە خۆڕسکی بە خەتێکی جوانی کوفی لەسەری نوسرا بو "اللّٰه"، پاشان لەسەر بەرزەك هاواری کرد:

لەو درەختە بڕوانە — گەڵاو لقی چەند جوانە
کێیە وەدی هێناوە — بە سەوزایی و ڕازاوە
ئەو وەدیهێنەرە خوایە — دەسەڵاتی بالایە

یەکسەر خەڵکەکە دایە پڕمەی گریان.

بێگومان ئەو خوایە بەدی هێنەری ئاسمانەکانو زەویە، نیشانەو بەڵگەکانی لە هەمو بونەوەردا دەردەخشێن، دان بە خوایەتیو پەروەردێنیو یەکتا پەرستیو بێ

---

٦٢١) پەسندارى: پێداهەڵگوتن.
٦٢٢) ئەو تۆوەی.

نیازی ئەو خوایە دادەنـێن ﴿ ... رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَٰطِلًا ... ئـەی پەروەردنـدەمان! تۆ ئەم دەزگایەت بە فیڕۆ نەسازاندوە. ﴿١٩١﴾ آل عمران ﴾.

یـەکێ لـە پایـەکانی ئاسـودەیی و بەختـەوەری، ئەوەیـە بزانـی پـەروەردگارێکی میهرەبان و بەخشندە هەیە لە تاوان دەبوورێ و ئەو کەسەی تۆبە بکا لێی وەردەگرێ، دەسـا مـوژدەی میهـرو سـۆزی پـەروەردیارت لێبـێ کـە هـەمو ئاسمانـەکان و زەوی گرتۆتـەوە، شـکۆداری بـۆ ئـەو کـە دەفـەرموێ: ﴿ ... وَرَحْـمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ ... بەزەییشم هەموشتی داگرتوە. ﴿١٥٦﴾ الأعراف ﴾.

پایـەداری و ڕێـزداری بـۆ خـوا لێبـوردەیی و میهرەبـانی چـەند فراوانـە، لـە فەرمودەیـەکی (صحیح)یـشدا هـاتوە: یـەکێ لـە عەرەبـە بیابـان نـشینەکان لەگـەڵ پێغەمبەردا ﷺ نوێژی دەکرد لە کاتی تەحیات خوێندندا گوتی: خوایە بەزەییت بە من و (موحەممەد)دا بێتەوە، بەزەییت بەکەسی تـردا نێتـەوە. پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموی: ((لقد حجرت واسعا... بـە ڕاستی شـتێکی فراوانـت تەسـك کـردەوە، میهـری خـوا هـەمو شـتێ دەگرێتـەوە، ﴿ ... وَكَانَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا ... خـودا بـۆ خـاوەن باوەڕان دلۆڤانە. ﴿٤٣﴾ الأحزاب ﴾.

((الله أرحم بعباده من هذه بولدها... خوای گەورە بەرامبەر بەندەکەی بە سۆزترە، لەو دایکە بەرامبەر کۆرپەکەی. کابرایەك لە ترسی سزای خوا فەرمانیدا دوای مردن بیسوتێنن، خوای گەورە خۆڵەمێشەکەی کۆکردەوەو فەرموی: ((يا عبدي، مـا حملـك على ما صنعت؟ قال: يا رب، خفتـك، وخـشيتُ ذنـوبي. فادخلـه الله الجنـّة ... ئـەی بەندەی مـن، چی وای لێکـردی ئـاوا بکـەی؟ گـوتی: ئـەی خوایـە، لـە تـۆ ترسـام، لـە تاوانەکانیشم. خوای گەورە بردی بۆ بەهەشت. فەرمودەیەکی بەهێزە.

﴿ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ... بـــــەڵام کەسێ لە گـەورەیی پەروەنـدەی خـۆی ترساوە لـە ئـارەزوی دڵی خـۆی وازی هێنـاوە، دیارە بەهەشت جێگای ئەوە. ﴿٤١﴾ النازعات ﴾.

خوای گەورە لێپرسینەوە لەگەڵ پیاوێکی گوناهباردا دەکا بەڵام خوا بە یەك دەزانێ، هیچ چاکەیەکی لەدەستدا نیە، بەڵام لە دنیادا بازرگانی دەکردو، چاوپۆشی لە هەژارو کەم دەرامەتان دەکرد، خوا دەفەرموێ: ئێمە بە بەخشندەیی شیاو ترین لە تۆ، دەی ڕێگای بۆ بەردەن.

ئەوسا خوای گەورە دەیخاتە بەهەشت.

﴿ وَٱلَّذِىٓ أَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لِى خَطِيٓـَٔتِى يَوْمَ ٱلدِّينِ ... ئەو کەسەیە کە بە هیوام ڕۆژی سەڵا لە هەڵەکانم ببورێ. ﴿٨٢﴾ الشعراء ﴾.

﴿ ...لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ... نابێ ئێوە لە بەزەیی خوا ناهومێدبن. ﴿٥٣﴾ الزمر ﴾.

(موسلیم) دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێشنوێژی بۆ موسڵمانان کرد، پیاوێ هەڵسایەوەو گوتی: (ئەی پێغەمبەری خوا) حەقی دارکاریم هاتوە، بەسەرمدا جێبەجێ کە. فەرموی: ((**أصليت معنا؟**... ئایە نوێژت لەگەڵ ئێمە کرد؟ گوتی: بەڵێ. فەرموی: ((**اذهب فقد غفر لك**... بڕۆ چاوپۆشیت لێکرا.

﴿ وَمَن يَعْمَلْ سُوٓءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُۥ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا ... هەر کەسێکیش کارێکی نالەبار بکا، یان غەدرێکی لە خۆی بکا، پاشان لە خودا بخوازێ کە ببەخشێ، دەبینێ کە خوا لێبوردەو دلۆڤانە. ﴿١١٠﴾ النساء ﴾.

لێرەدا سۆزو میهرێکی نادیار هەیە کە بەندەی لە هەمو لایەکەوە، داپۆشیوە، خاوەنی ئەو سۆزە نادیارە خوای ڕاهێنەری جیهانو پەروەردیارە، ئەو خوایەی (موحەممەد)ی لە ئەشکەوتدا چەپاڵەدا -سڵاوی خوای لەسەر- سۆزی بۆ یارانی ئەشکەوت نواند لە ئەشکەوتدا، ئەو سێ کەسەی تاشە بەردێك دەرگای ئەشکەوتی لێگرتن ڕزگاری کردن، ئیبراهیمی لەناو ئاگردا نەسوتاند، موسای لە دەریادا نغرۆ نەکرد، نوحی بە لافاو لەناو نەبرد، یوسفی لەناو بیردا لەیاد نەکرد، ئەیوبی بە دەردو نەخۆشی نەکوشت.

سـەرنجـێـك

لە (ئوم سەلەمە) دەگێڕنەوە دەڵێت: گوێبیستی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـوم دەیفـەرمو: ((ما من مسلم تصيبه مصيبة، فيقول ما امر الله: (انا لله وانا اليه راجعون) اللهم اجُرْني مـن مصيبتي واخلف لي خـيرا منهـا. الا اخلـف الله خـيرا منهـا... هـەر موسـڵمانێ توشـی بـەڵاو کۆستێك هات، ئەوسا ئەوە بڵێ کـە خـوا فـەرمانی پـێ کـردوە: "ئێمـە هـی خـواینو بـۆ لای ویش دەگەڕێینەوە. خوایە لەسەر ئەو بەڵایە خەڵاتمکەی ئەوەی لەدەستم داوە چاتر لەوەم بۆ لەجێ دانێی. بێ سۆ خوا چاتری بۆ لەجێ دادەنێ.

کـردەی جـوان ڕێگـای بەختـەوەریـە

لە سەرەتای دیوانی حاتەمی (تائی) دا وتەیەکی جوانیم بینی تیایدا دەڵێ: ئەگـەر پشت هەڵکردن لە خراپە بۆ تۆ بەس بێ، واز لە خراپە بێنە.

مەبەستی ئەوەیـە: ئەگـەر دەرفـەتی دەرنـەبڕینی قـسەی خـراپو خۆپاراسـتن لـە خراپەت هەبێ، با ئەوەندەت بەس بێ ﴿ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ ... سا تـۆ واز لەوانـە بێنـە. ﴿٣٠﴾ السجدة ﴾ .

﴿ ... وَدَعْ أَذَىٰهُمْ ... گوێ بە ئازاریشیان مەدە. ﴿٤٨﴾ الأحزاب ﴾ .

چاکە ویستی بۆ خـەڵك بەهرەیـەکی خواییـە، خـەڵاتێکی پـڕۆزە لـە لایـەن خـوای بەخشندەو میهرەبانەوە (خەڵات کراوە).

(ئیبن عەباس) باس لە بەهرەی خوا دەکا بەسـەریەوەو دەڵێ: مـن سـێ خەسـڵەتم پێ بەخشراوە: لە هیچ شوێنێکی زەوی بـاران نابـارێ، مەگـەر ستایـشی خـوای لەسـەر دەکەمو پێی شادمانم، ئەگەر چی هـیچ وشـترو مـەڕو مـاڵاتێکی مـنی لـێ نالـەوەڕێ. گوێبیـستی دادوەری هـیچ دادوەرێـك نـابم، مەگـەر داوای بـۆ لـە خـوا دەکـەم، هـیچ کێشەیەکیشم ناکەوێتە لای ئەو.

هیچ ئایەتێکیش لە کتێبی خوا شارەزا نابم، مەگەر پێم خۆشە خەڵکانیش ئەوەی من دەیزانم ئەوانیش بیزانن. بە ڕاستی ئەوەیە چاکە خواستی‌و، بڵاوکردنەوەی خێرو خۆشی لە نێوانیانداو، سینە پاکی‌و، دەربڕینی دڵ سۆزیە بۆ هەمو کەسێ.

شاعیرێك دەڵێ:

ئەگەر هەوروباران گشگیر نەبێ
منیش نابێ هەر خۆم لەبیر بێ

مەبەستی ئەوەیە: من کەسێکی خۆپەرست نیم، ئەگەر بێو هەورو باران هەمو شوێنێ نەگرێتەوەو هەمو کەس لێ بەهرەمەند نەبێ، منیش بە تەنیا نامەوێ ﴿ ٱلَّذِينَ يَبۡخَلُونَ وَيَأۡمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلۡبُخۡلِ وَيَكۡتُمُونَ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦۗ ... ئەو کەسانەی چکوسی [٦٢٣] دەکەنە پیشەو خەڵکیش بۆ ڕژدی هان دەدەن، ئەو بەشەی خودا پێیداون دەیشارنەوە، ﴿٣٧﴾ النساء ﴾ .

زانستی سود بەخش‌و زانستی زیان بەخش

با شادو دڵ گوشادت کا ئەو زانستەی بە خوای خۆت ئاشنا دەکا. ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ وَٱلۡإِيمَٰنَ لَقَدۡ لَبِثۡتُمۡ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡبَعۡثِۖ ... ئەو کەسانەی بە زانستو باوەڕدارن، پێیان ئێژن: هەروەکو خودا نوسیویە، تا ڕۆژی سەڵا ماونەوە. ﴿٥٦﴾ الروم ﴾

لێرەدا دو زانست هەیە زانستێك ئاوێتەی باوەڕە، ئەوی تریان هاوشانی بێباوەڕیە، خوای گەورە سەبارەت بە نەیارانی دەفەرموێ: ﴿ يَعۡلَمُونَ ظَٰهِرٗا مِّنَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ عَنِ ٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ غَٰفِلُونَ ... لە ڕووالەتی ژینی دنیا ئاگادارن‌و هیچ ئاگاشیان لە پاشەڕۆژەکە نیە. ﴿٧﴾ الروم ﴾ .

---

٦٢٣) ڕژدی، نان نەخۆری.

ئـەوجارەش لەمـەڕ ئەوانـە دەفـەرموێ: ﴿ بَلِ ٱدَّٰرَكَ عِلْمُهُمْ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ ۚ بَلْ هُمْ فِى شَكٍّ مِّنْهَا ۖ بَلْ هُم مِّنْهَا عَمُونَ ... ئـاخۆ زانیاریـان بەدواڕۆژەهەیـە، بەڵکـە دو دڵـن دەبـێ یان نابێ؟ لە ئاستی دا چاویان کوێرە. ﴿٦٦﴾ النمل ﴾ .

هەروا دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ مَبْلَغُهُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ ۚ ... هەر ئەوەندەی لـێدەزانن ﴿٣٠﴾ النجم ﴾

گـەورەیـو شـکۆ بـۆ ئـەو کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱلَّذِىٓ ءَاتَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ ٱلشَّيْطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ﴿١٧٥﴾ وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخْلَدَ إِلَى ٱلْأَرْضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ ۚ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَث أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا ۚ فَٱقْصُصِ ٱلْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ... دەنگـو باسی ئەو کەسەشیان بۆ وەخوێنـە کـە نیشانەکانی خۆمـان پـێ بەخشیوە، خۆی لێبواردن، ئەوسا شەیتان وەدوی خۆی داو کەوتە ناوڕیزی گومڕایان. ئێمـە گـەر بمانویستایە لەمانـەڕا پایەبـەرزیمان دەدایـە، بـەڵام ئـەو هـەر خـۆی بـوو. نەزیلەی ئەو وەکو نەزیلەی سەگێکە بـۆی بـچی زمـان دەردێنـێو لێشی گـەڕێی زوان دەکێشی. ئـەم چیرۆکە بەسـەر هـاتی ئەوانەیـە، کـە نیشانانی ئێمـەیان بـە درۆدانـا. تۆلەوتەرزە باسانەیان بۆ وەگێڕە، شایەتا بیربکەنەوە. ﴿١٧٦﴾ الأعراف ﴾.

هەروەهـا لەمەڕ جولەکەو زانستیان دەفـەرموێ پایـەداریو بـێ هاوتـایی بـۆ خـوا: ﴿كَمَثَلِ ٱلْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًۢا ۚ ... وەکـو ئـەو گوێدرێژەیـە بـاری کتێبـی لـێ بـارە. ﴿٥﴾ الجمعة ﴾ .

ئەوان خاوەنی زانستن بەڵام ڕاستە ڕێی پێ نابینن، بەڵگـەو بیانویـان هەیـە بـەڵام دەردی دڵیان چارە ناکا، گومـانو دو دڵی ناڕەوێنـێو لا نابـا، بەڵگـەی نوسـراویان لـە دەستەو زمانیان لە گۆ نەوەستە، کەچـی نـە ڕاستەو نـە دروستە، ڕابـەری ڕێیـان لـە پێـشە، وەلـێ بـەرەو هەڵـدێریان دەبـا، بـەرەو پێـشەوە دەڕۆن، بـەڵام سـەریان لـە گومڕاییو لاڕێی دەردەچێ، ئەوسا چۆن خاوەنی ئەم زانستە سەروەریو بەختـەوەری

وەدەست دێنێ، کەچی خۆی یەکەم کەسە لە ژێرییدا بینوێنێ: ﴿... فَٱسْتَحَبُّواْ ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ ... لەباتی شارەزابوونێ حەزیان کرد هەر نابینابن. ﴿١٧﴾ فصلت﴾.

﴿... وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌۢ بَل طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ ... گوتیشیان ئێمە دڵمان داخراوە، هەر خودا خۆی دڵی بە مۆر داخستبوون. ﴿١٥٥﴾ النساء﴾ .

لە پەرتوکخانەی (کۆنگرێس) لە (واشنتۆن) سەدان هەزار کتێبی بە قەبارەو سەرنج ڕاکێشم بینی. دەربارەی هەموزانستێك، هەموبوارێك، هەموگەڵو نەتەوەو ژیارو کەلتورو چاخێك، بەڵام ئەو گەڵو نەتەوەی ئەو پەرتوك خانە نەوازەی لەبەردەستە، گەلێکی خوانەپەرستە، تەنیا بەو جیهانە لەبەرچاوە باوەڕ دەکا، بەڵام لەمەڕ ئەوەی کە پەنهانە، نە هەستو ژیرو بیری نەبیستو بینایی کار دەکا، ﴿... وَجَعَلْنَا لَهُمْ سَمْعًا وَأَبْصَٰرًا وَأَفْـِٔدَةً فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُمْ سَمْعُهُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُهُمْ وَلَآ أَفْـِٔدَتُهُم مِّن شَىْءٍ ... گوێو چاوو دڵیشمان بە وان دابو، ئەوان لە گوێو چاو دڵیان هیچ بەهرەیان دەسنەکەوت. ﴿٢٦﴾ الأحقاف﴾ .

میێرگو لەوەڕ [٦٢٤] سەوزو جوانە، بەڵام میێگەل دەردەداڕە، زەمیلە [٦٢٥] پڕ خورمایە وەلێ خاوەنی ڕژدەو چاوی لە دوایە، ئاوەکە سازو سازگارە کەچی لە دەمدا تفتو تاڵە، ﴿... كَمْ ءَاتَيْنَٰهُم مِّنْ ءَايَةٍۭ بَيِّنَةٍ ... چەند نیشانەی ئاشکرامان داوە بەوان؟ ﴿٢١١﴾ البقرة﴾ .

﴿ وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ مِّنْ ءَايَٰتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُواْ عَنْهَا مُعْرِضِينَ ... هەر نیشانەیەك لە لایەن خوای پەروەردێنیانەوە بێو بێتە لایان، بێ سۆ هەر حاشای لێ دەکەنو خۆیانی لێ دەبوێرن. ﴿٤﴾ الأنعام﴾ .

---

٦٢٤) پەڕیز/میێرگ.
٦٢٥) زەمبیلە.

زۆر بیـر کـــەوەو زۆر ورد بـــەوە

یەکێ لەوانەی دڵو دەرون دەگەشێنێ: زۆرزانیو، لە بابەتی هەمە جۆری زانـستی شارەزا بونە، بە راوەڵە [٦٢٦] بونی ڕۆشنبیـریو، دور بینیو بیر قوڵییە، بەڵگەی بیـانو ڕەوێـن [٦٢٧]و، بـیرو هـزری ڕەسـەنو، بەسـەر نهێنـــیدا هەڵبونـە، بەدەرخـستنی بـنـجو بنـاوانی [٦٢٨] کـارو وەرامو، ڕازو نیـازان ئاشـنا بونـە، ﴿ ...إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ ... لە ناو عەبدانی خودادا هەر ئەوانەی فرە زانان لێی دەترسن. ﴿٢٨﴾ فاطر ﴾.

﴿ بَلْ كَذَّبُوا۟ بِمَا لَمْ يُحِيطُوا۟ بِعِلْمِهِۦ ... نەخێر ئەوان شتێك بـە درۆ دەزانـن، کـە هیـچی لـێ تێنەگەییون. ﴿٣٩﴾ یونس ﴾ .

بێگومان مرۆڤی زانا هەمیشە دڵ فراوانە، هەستو نەسـتی ئاوەدانـە، بـیرو هـزری حەساوەیەو دەرونی شادمانە.

یەکێ لە بیریارانی ڕۆژئاوا دەڵێ: فـایلێکی بـە قـەبارەم لـە نێـو پـەرتوك خانەکـەدا هەیە، هەرچـی هەڵـەو پەڵـەو کـەوجیو گێڵیو لاسـاریـەی لـە شـەوو ڕۆژدا ئـەنجامی دەدەم دەی نوسم، تاوەکو لە دەستیان ئازاد بم.

منیش دەڵێم: زانایانی پێـشینی ئـەم ئیـسلامە بـەر لـە تـۆ لەسـەر زەنـشت کردنـی دەرونی خۆیانو بـە تونـدی سـەرکوت کردنـی دەست پێـشخەریان کـردوە ﴿ وَلَآ أُقْسِمُ بِٱلنَّفْسِ ٱللَّوَّامَةِ ... سوێندیش دەخۆم بە ویژدانەکەی ڕەخنەگر. ﴿٢﴾ القيامة ﴾.

حەسـەنی بەسـری دەڵـێ: موسـڵمان لـە ئاسـتی سەرزەنـشتکردنی دەرونـی خۆیـدا تونـدو تیژتـرە لە هاوبەشێك بەرامبەر برا بەشی خۆیدا.

---

٦٢٦) بەرفراوان.

٦٢٧) ئەو بەڵگەی گومان ناهێڵێ.

٦٢٨) قوڵایی.

(ڕەبیعی کوڕی خوسەیم) لە هەفتە بۆ هەفتە وتەکانی خۆی دەنوسی، جا ئەگەر دەی بینی قسەیەکی چاکی کردوە سوپاسی خوای لەسەر دەکرد، ئەگەریش بینیبای قسەیەکی خراپی کردوە داوای لێبوردنی لە خوا دەکرد.

یەکێ لە پێشینانیش دەڵێ: چل ساڵ دەبێ من تاوانێکم ئەنجام داوە، لە خوا داوا دەکەم لێم ببوری، ئێستاش لەگەڵ دابێ لەسەر داوای لێخۆشبون پێ دادەگرم ﴿وَٱلَّذِينَ يُؤْتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ ... ئەوانەش کە هەرچی لە ڕای خودا داویانە، هەر دەیدەن، کەچی دڵیان دەترسێ. ﴿٦٠﴾ المؤمنون﴾.

دەرونت سەرزەنشت کە

یادەوەریەك بۆ خۆت ڕەچاو کەو، خۆتی پێ سەرزەنشت کە، هەڵەو ناتەواوی‌یەکانی خۆتی تێداوە خوێنەوەو، چارەسەریان بدۆزەوە.

(پێشەوا) عومەر دەڵێ: خۆتان سەرزەنشتکەن بەرلەوەی سەرزەنشت بکرێن، خۆتان هەڵسەنگێنن بەرلەوەی هەڵسەنگێنرێن، خۆشتان بۆ ڕۆژی سزا وەڕازێنن.

لە ژیانی ڕۆژانەماندا سێ هەڵە دوبارە دەبێتەوە

یەکەم: کات بەفیڕۆدان.

دوەم: بێهودە دوان[٦٢٩]: ((من حسن اسلام المرء ترکه ما لا یعنیه... بەدوا دانەچونی شتی بێهودە لە جوان موسڵمانی مرۆڤە.

سێیەم: بایەخدان بە شتی کەم بایەخ، وەکو گوێ هەڵخستن[٦٣٠] بۆ ترس‌و تۆقاندنی پاگەندەچیان‌و، پێشبینی گەنەکاران‌و[٦٣١]، خەون‌و خەیاڵی ڕاڕایان[٦٣٢]، ڕاستەوخۆ

---

٦٢٩) قسەکردنی بێ هودە.

٦٣٠) گوێ گرتن.

٦٣١) چەپەڵکار و خراپەکارن.

ژیانت پێ تاڵ دەکاو، دەستبەجێ خەمناکیت توش دەکا، هـەروەها بەربەستو لەمپەرێکە لە ڕێگای بەختەوەریو کامەرانیدا.

پێغەمبەری خوا ﷺ عەباسی مامی فێری نزایەك کرد بەختەوەری دنیـاو دواڕۆژ لـەخۆوە دەگـرێ، کـە بـەم جـۆرەی فـەرمو: ((**اللّهـم انـي اسـألك العفـو والعافيـة**... پـەروەردگارا لێبـوردەیی‌و تەندروسـتیت لـێ دەخـوازم. ئـەوە نزایـەکی لـەخۆگرو گشتگیرە، چارەسازو چارەسـەرە، خۆشبەختی دنیـاو دوا ڕۆژی لەگەڵە. ﴿ فَـَٔاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ ثَوَابَ ٱلدُّنۡيَا وَحُسۡنَ ثَوَابِ ٱلۡأٓخِرَةِۗ ... ئەوسا خودا پاداشتی ئەم دنیـاو چاکە پاداشـی ئـەو دنیای پێدان. ﴿١٤٨﴾ آل عمران ﴾.

﴿ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشۡقَىٰ ... ئیتـر نـە ڕێ هـەڵە دەکـا، نـە توشـی نەگبـەتی دەبـێ. ﴿١٢٣﴾ طـه ﴾.

وریـای خۆتـان بـــن

هۆشمەندی‌و بەکارهێنانی هۆکارەکان لەگەڵ پـشت بەسـتن بـە خـوای بـەرزو توانـا یەکێکن لە بەختەوەری بەندە، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر چی پێـشەنگی پـشت بـە خوا بەستان بو، بەڵام لە هەندێ جەنگا مەیـدان داری دەکـرد لەگـەڵ ئەوەشـدا زرێـی دەپۆشی، یەکێکیش لێی دەپرسێ ئەی پێغەمبەری خوا وشترەکەم ببەستمەوە یـاخود بەڕەڵای کەمو پشت بە خوا ببەستم؟

لە وەڵامدا فەرموی: ((**اعقلها وتوكل**... ببەستەوەو پشتیش بە خوا ببەستە)).

گرتنەبەری هۆکارو پشت بە خوا بەستی پایـەی یەکتاپەرستییە، پـشت لـە هۆکـار کـردنیش لەگـەڵ پـشت بـەخوا بەسـتن بـە پێی یاسـای خـوا نەڕەخساوو نـەگونجاوە، هـەروەها ڕوکردنـە هۆکـارو پـشت بـە خـوا نەبەسـتی یـەك ناگرنـەوە لەگـەڵ یەکتاپەرستی.

---

٦٣٢) دو دڵان/ بەگومان لە کارەکان.

(ئـیبن جـەوزی) لـەو بـارەوە دەگێڕێتـەوە: پیاوێـك لای مەترسـی ڕەچـاو نـەکرد، هەستا نینۆکەکانی قرتاند کارەکەی لێ ئاڵۆز بو پێی مرد [٦٣٣].

کابرایـەکیش لەسـەر پـشتی گوێدرێژەکەیـەوە بـە ژێـر کۆڵێکدا ڕۆیـی سـگی خـۆی چەماندەوەو بوە هۆی مردنی.

دەربارەی تـەها حسێنی نوسـەری مـیسری دەگێڕنـەوە کـە بـە شـوفێرەکەی دەڵێ: خێرا مەڕۆ تاوەکو زو بگەینە جێ.

ئـەو وتەیـە هـاو واتـای ئـەو پەندەیـە: زۆر جـاران تاڵوکـەیی سـەری لـە شـێنەیی دەردەچێ.

ئەوسا خۆپاراستن لەگەڵ قەدەر تێك ناگیرێن، بەڵکو خۆپارێزی لە قەدەرو کڕۆکی قەدەر دەژمێردرێ، ﴿وَلْيَتَلَطَّفْ ... با بەزیتی بجوڵێتەوە. ﴿١٩﴾ الكهف﴾.

﴿... تَقِيكُمُ ٱلْحَرَّ وَسَرَٰبِيلَ تَقِيكُم بَأْسَكُمْ ... جل و بەرگێکیشی بۆتان ساز داوە کە لە کاتی شەڕو گەرمادا دەوپارێزێ. ﴿٨١﴾ النحل﴾.

دۆستایەتی بڕەخسێنە

مایەی بەختەوەری بەندەیە، کە بتوانێ سۆزو خۆشەویستی خەڵکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێو دۆستایەتیان لەگەڵدا بنوێنێ، خـوای گـەورە لەسـەر زمـانی (ئیبراهیم) پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرموێ: ﴿وَٱجْعَل لِّي لِسَانَ صِدْقٍ فِي ٱلْءَاخِرِينَ ... وەبکـە لـە نـاو چینە دواییەکانیشا ناوم بە چاکە دەربچێ. ﴿٨٤﴾ الشعراء﴾.

تـوێژەرەوان دەڵێن: مەبەستی ئەوەیە خەڵك بەچاکە لێی بدوێن. بە هـەمان شـێوە خـوای گـەورە دەربـارەی موسـا پێغەمبـەر دەفـەرموێ: ﴿وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِّنِّي ... ڤیانی خۆم خستە سەر تۆ. ﴿٣٩﴾ طه﴾.

---

٦٣٣) لەوانەیە تەشەنەی کردبێ بوبێتە هۆی پەیدابونی نەخۆشی گەورە.

هەروەکو دەربارەی یەکێ گوتراوە: هەر کەسێ تۆی بینیبێ خۆشتی دەوێ.

لە فەرمودەی (سەحیح)دا هاتوە: ((أنتم شهداء الله في الارض... ئێوە شایەتانی خوان لەسەر زەوی)).

زمانی خەڵکانیش پێنوسی ڕاستی یە. ئەم فەرمودە بێهەڵەیەش هاتوە: ((إن جبريل ينادي في السماء: ان الله يحب فلانا فاحبوه، فيحبه اهل السماء، ويوضع له القبول في الارض... جوبریل لە ئاسمانێ بانگ ڕادێڵێ: خوای گەورە فلانەکەسی خۆش دەوێ ئێوەش خۆشتان بوێ، خەڵکی ئاسمان خۆشیان دەوێ، لەسەر زەویشدا خوای گەورە لە دڵی خەڵکدا جێی دەکاتەوە.

یەکێ لەوانەی دەبێتە هۆکاری خۆشەویستی: خووڕەوشتی جوان و، وتەی نەرم و نیان و، ڕوی گەش و جوانە. یەکێ لەو فاکتەرە بەهێزانەی هەست و سۆزی خەڵکانت بۆ دەستەبەر دەکا: نەرم و نیانی و میهرەبانیە. بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((ما كان الرفق في شيء الا زانه، وما نزع من شيء الا شانه ... نەرم و نیانی لە هەر شتێدا وەدی بکرێ دەی ڕازێنێتەوە لە هەر شتێدا بڕنێ ناشیرینی دەکا)).

هەروەها دەفەرموێ: ((من يحرم الرفق، يحرم الخير كله... هەرکەسێ لە نەرم و نیانی بێ بەش بێ، لە هەم و خێر و بێرێ دەستی بەتاڵە)).

یەکێ لە کاراشنایان دەڵێ: نەرم و نیانی مار لە کونی خۆی دەردێنێ.

ڕۆژئاواییەکانیش دەڵێن: هەنگوێن دەربێنە و شانە مەشکێنە.

لە فەرمودەی (سەحیح)یشدا هاتوە: ((المؤمن كالنحلة تأكل طيبا، وتضع طيبا، واذا وقعت على عود، لم تكسره... بڕوادار وەکو هەنگ وایە پاک دەخواو پاکیش فەراهەم دێنێ ئەگەر لەسەر گوڵانیش بنیشێ لقەکانی ناشکێنێ)).

بەو زەمینەدا بخولێوەو نیشانەو بەڵگەی دەسەڵاتی خوا وەخوێنەوە

یەکێ لەوانەی دڵ دەسرەوێنێو هێمنیو هەداری بەرهەم دێنێ: گەشتو گەڕانە بە ناو شارو وڵاتاندا، لەسەرەتای ئەم کتێبە وتەیەك بەو مەبەستە پێشکەش کرا.

خوای بێهاوتا دەفەرموێ: ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ... بێژە: سەرنج بدەن لە ئاسمانانو زەمیندا چی هەیە. (١٠١) یونس﴾.

﴿قُلْ سِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ ... بێژە: گەشتێ بەم سەر زەمینەدا بکەن. (٦٩) النمل﴾.

﴿ أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُواْ ... ئاخۆ هەرگیز بە زەمیندا نەگەڕاون، سەرنج بدەن. (٨٢) غافر﴾.

سەربوردەی گەشتی (ئیبن بەتوتە) ئەگەر چی زیادە ڕۆیی تێدایە، وەلێ هەرکەسێ وەیخوێنێ لە نەخشو نیگاری خوای باڵادەست سەرسام دەمێنێ، کارجوانی خوا لەم گەردونەدا دەبینێ، تێدەگا پەندو گەلێك ئاموژگی بۆ باوەڕدار لێوەرئەگیرێ، دەزانێ گەشتو سەیران دڵ دەسرەوێنێ، دڵ گوشادە ئەو کاتەی جێگاو شوێنو کەشو هەوای بگۆڕێ، تاوەکو لاپەڕەی پەرتوکی ئەم گەردونە بەر هەڵەوە خوێنێ.

﴿قُلْ سِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ ... بێژە: گەشتێ بەم سەر زەمینەدا بکەن. (٦٩) النمل﴾.

﴿فَسِيحُواْ فِي ٱلْأَرْضِ ... لەم زەمینەدا بگەڕێن. (٢) التوبة﴾.

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ ٱلشَّمْسِ ... (زیل قەرنەین بە شوێن مەبەستی داچو) تا گەیشتە لای خۆرنشین. (٨٦) الكهف﴾.

﴿ ... لَآ أَبْرَحُ حَتَّىٰٓ أَبْلُغَ مَجْمَعَ ٱلْبَحْرَيْنِ أَوْ أَمْضِيَ حُقُبًا ... (جارێ موسا بە لاوی بەردەستی خۆی گوت): من لێبڕاوم سەفەر بکەم تا بگەمە جەمسەری هەردو دەریاکان، یان لەوێش وێوە دەربچم. (٦٠) الكهف﴾.

لەگـەڵ بێـدارانی شـەو بێـدار بـەوە

یەکێ لەوانەی ناخو دەرون دەگەشێنێو دەحەسێنێ: شەو نوێژە.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمودەیەکی (سەحیح)دا باس لەوە دەکا: ئەگەر بەندە شەو لە خەو هەڵساو، یادی خوای کرد، دوای ئەوە دەست نوێژی گرتو نوێژی کرد، بەیانیەکەی چوستو چالاکو دڵ پاکە.

﴿ كَانُوا۟ قَلِيلًا مِّنَ ٱلَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ ... شەوانە کەمتر دەخەوتن. ﴿١٧﴾ الذاريات ﴾.

﴿ وَمِنَ ٱلَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِۦ نَافِلَةً لَّكَ ... لە شەویشدا بوی هەستەوە، ئەمە زیادە نوێژی تۆ بێ. ﴿٧٩﴾ الإسراء ﴾.

هەروا شەو نوێژ دەردو نە ساخی لاشە دەڕەوێنێ، ئەو فەرمودەیەش بە دروستی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بیستراوەو (ئەبو داود) دەیگێڕێتەوە: ((**یا عبدالله لا تکن مثل فلان، کان یقوم اللیل، فترك قیام اللیل**... ئەی (عبدالله) وەکو فلانە کەس مەبە، شەوان شەو نوێژی دەکرد، دوایێ پشتی تێکرد، ((**نعم الرجل عبدالله لو کان یقوم اللیل**... (عبدالله) باشترین پیاوە، گەر بهاتایە شەو نوێژی بکردایە)).

ئەو شتەی دوا بڕاوەو لە ناو ئەچێ دڵت بۆ پەرێشان نەبێ، چونکێ هەموشتێ لەم ژیانەدا دوا بڕاوە، ئەوەی هەمیشە زیندوە تەنیا خوای بەرزو بێ هاوتایە، ﴿ ... كُلُّ شَىْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُۥ ... بە غەیری خوا هەموشتێ لە بەین دەچێ. ﴿٨٨﴾ القصص ﴾.

﴿ كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ ﴿٢٦﴾ وَيَبْقَىٰ وَجْهُ رَبِّكَ ذُو ٱلْجَلَٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ ... هەر کێ ژینی لەسەر زەمینە، نامێنێ. هەر خودانی خاوەن شکۆی بەرزو بەڕێزت دەمێنێ. ﴿٢٧﴾ الرحمن ﴾.

هەڵوەستەیەك

هەریەك لەم دو وشەیە: (الهم) و (الحزن) هاوواتای یەکن، بۆ ئازاری گیان هاوڕێی یەکن، جیاکاریان تەنیا لەوەدایە، (هم) بۆ پێشبینی لە مەترسی داهاتو بەکار دەبرێ، (الحزن)یش بۆ ئیشو ژانی ڕابردوو خۆشەویستی لە دەست چو بە کار دێنرێ، هەر کامێك لەو دوانە مایەی ئێشو ژانەو، بەسەر گیانو دڵدا دێ، جا ئەگەر خەم پەیوەندی بە ڕابردووە هەبێ پێی دەگوترێ (حزن) ئەگەریش پەیوەندی بە داهاتوە هەبێ پێی دەوترێ (هم).

((اللّهم اني اسألك العافية في الدنيا والاخرة، اللّهم اني اسألك العفو والعافية في ديني و دنياي واهلي ومالي، اللّهم استر عوراتي وآمن روعاتي اللّهم احفظني من بين يديَّ ومن خلفي، وعن يميني وعن شمالي ومن فوقي، واعوذ بعظمتك ان اغتال من تحتي... پەروەردگارا، بێوەیی [٦٢٤] دنیاو دواڕۆژت لێ دەخوازم، پەروەردگارا داوای سڕینەوەی تاوانو دورە بەڵاییت لێ دەکەم، لە ئایینو ژیانی دنیام، لە ماڵو لە خێزانم، پەروەردگارا شەرمو شکۆم دابپۆشەو، ترس و لەرزم لێ بڕەوێنە، پەروەردگارا لە بەردەمم و لە دواوەڕا، لە لای ڕاستەو چەپەو سەرسەرمەوە بم پارێزە، پەناشت پێ دەگرم لەوەی لە ژێر پێمەوە لە ناوبرێم.

بەهەشت سەرمایەی تۆیە

بێگومان دنیا بە زێڕو زیوەوە بە کۆشکو تەلارەوە تەنیا تنۆکە فرمێسکێك نایینێ، تیرموزی دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((الدنيا ملعونة معلون ما فيها، الا ذكر الله، وما والاه، وعالماء متعلما... دنیاو ئەوەی تیایەتی وەبەر نەفرەتی خوا ئەکەوێ، بەدەر لە یادی خواو ئەوەی بە شوێنیا ئەڕوا، یا زانا و ئەوەی بە دوای زانستدا دەگەڕێ.

---

٦٢٤) خۆ ناشێوێنن.

هەمو نازوگۆزی دنیا تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتی خراوەتـە دەستی بەنـدە، دڵنیـا بـە ملیاران پارەو پۆڵو زەوی‌و زارو ئۆتۆمبێل تەنیا چرکەیێ مەرگی بەندە دوا ناخەن، بۆیە کاراشنایان دەڵێن: نرخێکی گونجاو بۆ شت دابنێ، چونکێ دنیاو ئەوەی تیایەتی بارتەقای گیانی بڕوادارێ نابێ: ﴿وَمَا هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا لَهْوٌ وَلَعِبٌ ... ئەم ژیانەی سەر دنیایە، هەموی هەر گەپ‌و گاڵتەیەو چی تر نیە. ﴿٦٤﴾ العنكبوت﴾.

حەسەنی بەسری دەڵێ: گیانت تەنیا بـە بەهەشت بفرۆشـە، گیـانی بـڕوادار گـران بەهایە، بەڵام کەسانێ بە نرخێکی کەم دەیفرۆشن.

بە ڕاستی ئەوانەی لە پێناوی لەدەستدانی منداڵو سامانیان، داڕمانی خانوبـەرەیان، سوتانی سـەیارەو ئۆتۆمبێلیـان، شـین‌و زاری دەکـەن، وەلـێ لـە تـاوی دابـەزینی پلـەی باوەڕیان، توشبونیان بە هەڵەو تـاوان‌و کەمتەرخـەمی لـە گوێڕایـەڵی پـەروەردیاریان پەرۆش‌و دڵگران نین‌و، هەر خۆیان لە گورە [٦٢٥] نابەن.

بەڕاستی ئەوان بە ئەندازەی نەڵەو زاریان لەپێناوی دنیای بێبایەخدا بێ بایـەخن، چونکێ ئەو بابەتە پەیوەندی بە خورەوشتی بەرزو پەیامو هەڵوێستەوە هەیە:

﴿ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ يُحِبُّونَ ٱلْعَاجِلَةَ وَيَذَرُونَ وَرَآءَهُمْ يَوْمًا ثَقِيلًا ... ئـەوان حـەزیان هـەر لـە دنیای بێ بەقایەو ڕۆژێ گران دەخەنە پاش خۆیانەوە. ﴿٢٧﴾ الإنسان﴾.

خۆشەویستی ڕاستەقینە

بۆ ئەوەی بەختەوەر بیت هـەوڵ دە یـەکێ بیـت لـە دۆستو خۆشەویستانی خـوا، دڵنیا بە سەرەوری بەختەوەران ئەو کەسەیە ئامانجو مەبەستی هەرەبەرزو سـەرەکی خۆش ویستنی خوای بەرزو توانا بێ، سەرنج دە ئەم وتەی خوا چەند نـەرمو نیانـە: ﴿ ...يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ ... خوا خۆشی دەوێن‌و ئەوانیش خوایان خۆشدەوێ. ﴿٥٤﴾ المائدة﴾.

---

٦٢٥) خۆ ناشێوێنن/خۆ سڵ ناکەن.

هەندێ لە زانایان دەڵێن: ڕستەی (یحبونه) جێگای سەرسامی نیە، بەڵام سەیر لەو دەستەواژەیە دایە: (یحبهم)، هەر ئەو خوایەی وەدی هێناون ڕۆزی پێ داون، سەرپەرشتیان دەکاو پێیان دەبەخشێ، وێڕای ئەوەش خۆشی دەوێن: ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ ... بێژە: ئێوە ئەگەر خوداتان خۆش دەوێ، شوێن من کەون هەتا خوداش خۆشی بوێن. ﴿٣١﴾ آل عمران ﴾.

سەرنج دە چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو خەڵاتە بە پێشەوا (عەلی) دەبەخشێ: پیاوێکە خواو پێغەمبەری خۆشەوێ و، خواو پێغەمبەریش ئەویان خۆش دەوێ، ئەم پەیڤە بو بە تانجی ڕێزو قەدریو خستیە سەری.

یەکێ لە هاوەڵان ئەم سورەتەی خۆشدەویست: ﴿ قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ... بێژە: ئەو خودایە تاکە. ﴿١﴾ الإخلاص ﴾.

لە هەمو ڕکاتێکدا دوبارەی دەکردەوەو، بە یادی ئەو شەیدا بو، دەمی بەو یادە پاراو بو، هەستو ناخی پێ دەهەژاو ئاوەدان بو، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمو: ((حبُّك إياها ادخلك الجنّة... خۆشویستنی ئەم سورەتە ئەتخاتە بەهەشتەوە.

﴿ وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ وَٱلنَّصَـٰرَىٰ نَحْنُ أَبْنَٰٓؤُا۟ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥ ۚ قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم ۖ ... جولەکەکانو فەلەکان گوتیان: ئێمە عەولادو دۆستانی خوداین. بێژە: ئەدی چۆن لەسەر گوناهانتان ئازارتان دەدا؟ ﴿١٨﴾ المائدة ﴾.

(مەجنون) بە شەیدابونی لەیلا، قارون لە پێناوی ساماندا، فیرعەون لە تاو پلەو پایەیدا گیانیان لەدەستدا، کەچی حەمزەو جەعفەرو حەنزەلە، لە ڕێگای خواو پێغەمبەردا خۆیان کردە قوربانی، ئەم دو دەستەیە چەندە لێك دورن.!

هـەڵوەستەیـەك

"لە ئەمریكا ساڵانە ٣٠٠ ئەفسەری پۆلیس خۆیان دەكوژن لەو رێژەیە دەیان تەنیا هـی شـاری نیۆیـۆرگن.. لـە سـاڵی ١٩٨٧ی زایینیـەوە تـاوەكو ئێـستا ژمـارەی ئـەو ئەفسەرانەی لە وڵاتی ناوبراو خۆیان لەناوەبەن لە زیادبوندایە)ئەم دیاردەیـەش بـو بە مایەی بێزاری دەسـەڵاتدارانو، (یەكیـەتی نیشتمانی بـۆ ئەفسەرانی پـۆلیس) بـە دوای لێكۆڵینەوەی داگەڕا.

دەرەنجـام ئـەم یەكیەتیـە دەریخـست كـە دیـاردەترین هۆكـاری خۆكـوژی ئـەو ئەفسەرانە یەكـەم: ئـەو گـرژیو ئاڵۆزیـەیـە هەمیـشە تیایـدا دەژیـن، بـەوە ئاتـاجن هەمیشە بەرگەی ئەم مەینەتیانە بگرن كە دێتە رێیانو، بەرگەی ئـەم گوشـارە یـەك لـەدوای یەكـە بگـرن لەگـەڵ ئـەوەی رێـژەی تاوانكاریـەكان لـە زیـادبون دایـە، هـەروا بەرگـەی ئـەو ئـازارو ئەشـكەنجەیە بگـرن كـە لـە ئـەنجامی هەڵسوكـەوتیان لەگـەڵ تاوانكاراندا دێتە رێیانو، لاشەی قوربانیان لە ژنو منداڵو پیرو پەككەوتە دەبینن.

هۆكـاری دووەم: ئـەو چـەكەی هەمیـشە لەدەسـتیانە بـۆ خۆكوشـتن ئاسـانكاریان بـۆ دەكاو یارمەتیشیان دەدا. ئەوەشیان رونبۆتەوە كە لە سەدا هەشتای رووداوی خۆكوژی ئەفسەران هەر بە چەكی تایبەتی خۆیان ئەنجام دەدرێ، لە سێ رۆژی لە دوای یەكدا سێ ئەفسەر خۆیان كوشت، هەریەك لەوانە خۆكوشتنەكەی بە دەمانچەی میری بو".

بـاری خـۆت گـران مـەكە شـەریعەت سـوكو ئاسـانە

یـەكێ لەوانـەی هەسـتو نـاخی موسـڵمان دەحەسـێنێ دیـاردەی ئاسـانكاریو چاوپۆشـیە لـە یاسـای ئیـسلامیدا ﴿طه ۝١ مَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ لِتَشۡقَىٰٓ ... طـە ئـەم قورئانەن بۆ نەناردی كە توشی چەوسانەوە بی. ۝٢ طه﴾.

﴿وَنُيَسِّرُكَ لِلۡيُسۡرَىٰ ... لەبەریشت ئاسان دەكەین، هەتا ئاسانترین رێگـە پەیـدا بكـەی. ۝٨ الأعلى﴾.

﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ... خوا ئەرکی لە توانا بـەدەر، بەسـەر کەسـدا ناسەپێنێ. (٢٨٦) البقرة ﴾.

﴿ ... لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَا سَيَجْعَلُ ٱللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا ... خـودا ئـەرك ناخاتـە سەر کەس، مەگین لەوەندەی پێی داوە. (٧) الطلاق ﴾.

﴿ ... وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ... لـــەم دينـــەش دا توشـــی زەحمـــەتی نەکردون. (٧٨) الحج ﴾.

﴿ ... وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَٱلْأَغْلَٰلَ ٱلَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ ... گرانـــایی زنجیریـــان لەسەر لادەبا، کە بە وانیان شەتەك دابون. (١٥٧) الأعراف ﴾.

﴿ فَإِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا (٥) إِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ... لـە پـاش تەنگانـە خۆشـی یـە، لـە پـاش تەنگانە فەرحانی هەیە. (٦) الشرح ﴾.

﴿ ... رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَآ إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ وَٱعْفُ عَنَّا وَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَآ أَنتَ مَوْلَىٰنَا فَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ... ئـــەی پەروەردنـــەدەی هـەموان! ئـەرکی ئەوەنـدە گرانمـان مەخـە سەرشـان وەك ئەوانـەی بـەر لـە ئێمـە لەسەریان بو. ئەی خودانی هەمولامان! ئەرکی وامـان پـێ مەسـپێرە کـە لـە توانامـان بەدەربێ. تۆ هەر خۆت لێمـابـبورەو بـەر بـەزەیی خۆتمـان بخـەو بمانبەخـشە. هـەمو کاروبارێکی مە بەدەست تۆیەو سەریشمانخەی لەسەر ئەوانەی ناتناسن.(٢٨٦) البقرة ﴾.

((رفع عن امتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه... هەڵـەو لەبیرچـونو ئـەوەی بە تۆبزەکاری پێیان دەکرێ لەسەر ئۆممەتی من بە تاوان دانـانرێ ((ان الـدين يـسر، ولن يشاد الدين احـد الا غلبـــه... دیـن سـوك‌و ئاسـانە، هـەر کەسێکیش ڕەقـە کـاری لەگەڵ دینـدا بنوێنێ بێگومان بەسەریدا زاڵ دەبێ.

((سـدّدوا و قاربوا و ابشروا... كارتـان رێكخەن‌و لێك نزيك بنەوەو، مژدە بدەن.

((بعثـت بالحنيفيـة السمحة... مـن بـە ئاينێكـى پـاك‌و دور لـە شـيرك ناردراوم.

((خيـر دينكم أيسره... باشترينى دينداريەكەتان ئەوەيە ساناتر بێ.

لە يەكێ لە دەولّەتەكان داوايان لە شاعيرێكى سەردەم كـرد كـە پۆسـتى وەزارەتێك بخاتە ئەستۆ، لە پاى ئەوە دەستبەردارى خواست‌و پـەيام‌و پێشنيارە راستەقينەكانى بێت، لە وەلّامدا گوتى:

هـەموو دنيـا بۆ خۆتـان منيـش سـەربەسـتيم دەوێ
ئەگـەر تەنيـاش جێـم بهێڵن سـەرم بەرزەو نانەوێ

بنـەماى دڵ گوشـــادى

لە گۆڤارى (أهلا و سهلا) دەرچوى بەرواری ١٤١٥/٤/٣ كۆچى، گوتارێك بەناونيشانى (عشرون وصفة لتجنب القلق) بيست چارەرێ بـۆ دوركەوتنـەوە لـە نيگـەرانى) بـە پێنوسى دكتۆر، (حەسان شەممى پاشا) نوسراوە. كە ئەوە هەنـدێ لـە مەبەسـتى ئـەم گوتارەيە: بێگومان مەودای تەمەن دياريكراوە، هەمو شتێكيش بـە بڕيـارو قـەدەرى خوايە، كەوايە با بەندە داخدار نەبێو، لە تاوى ئەوەى ڕوئەدا دڵگران نەبێ. بژێوى دروستكراوەكان لەلايەن دروستكارە لـە ئاسمـان، هـيچ كـەس دەسـتى پـێ ناگـاو، هـيچ هێزى دەستى بەسەرا ناڕوا، ئەگەريش خوا بيدا هيچ مرۆڤێ ناتوانێ ياساخى كا.

ڕابردوش بە خەمو خەفەتەوە بارگـەى پێچايەوەو دوايـى هـاتو بڕايـەوە، ئەگـەر هـەموجيهانيش سـەر لەبـەرى بـە دواى دابـڕۆنو بـى گێڕنـەوە بەلايانـدا لاناكاتـەوە. داهـاتوش هێشتا لـەوديوى پـەردەى ژيانـەو، پەچـەى سـەر ڕوى لانـەداوە، ئێستا كـە نەبۆتە مێوانى ژينت ئەو ساتەى بـەرەو ڕوت هـات بـچۆ پێشوازى. بـێ گومـان چاكە نواندن لە ڕوى خەڵكدا دڵت ئاسوده دەكـاو سـينەو ناخـت دەسـرەوێنێ، چاكە كـارى گەورەترين پيتو فەرو بەخشش‌و خەڵات بەسەر چاكە كاراندا هەڵدەڕژێنێ.

یەکێ لە خوونەریتی بەرزی باوەڕدار ئەوەیە بە ڕەخنـەو پـەلاماری دەم دڕاوان [٦٣٦] هەراسان نابێ، چونکێ چەنەبازو گەزاران [٦٣٧] دەمیان لە ئاقار وتەی نابـەجێو جـوێن دان بـە پـەروەردگاری هـەمو جیهـان نەپاراسـتوە، ئـەو خوایـەی خـاوەنی ئەوپـەڕی جوانیو بەرزیو تەواویە، شکۆداریو پایەداری بۆ ناوە جوانەکانی.

وریـــای ئەویـن بـــە

وریا بە دیمەنو نیگار نەت خەڵەفێنێ، چونکێ خەمو پەژارەیەکی دەست بـەجێو ئێشو ژانێکی هەمیشەییت بەسەردا دێنێ.

خۆ بەدورگرتن لە ئاخو ئۆفی شاعیرانو، شەیدا بونو ئەوینیان، لە دەربڕینی پشت هەڵکردنو گەیشتنو نەگەیشتنی خۆشەویستیان، یەکێکە لـە مایـەی بەختـەوەربونی موسڵمان، بە ڕاستی ئەو هەستو نەستانە لـە ئـەنجامی دڵێکی بـەتاڵ سـەرهەڵدەدەن ﴿أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةً ... ئاخۆ تۆ ئەو کەسەت دیوە کە ئـارەزوی خـۆی دەپەرست؟ خـودا -کـە ئاگـای لـێ هەبو- ڕێـی لـێ گـۆڕیو گوێـچکەو دڵـیشی مـۆرکردو لێـلاّیی خـستە سەرچـاوی. ﴿٢٣﴾ الجاثيـة ﴾ .

شاعیـرێك دەڵێ:

وأنا الذي جـلب المنيـة طـرفُـهُ فمـن المطالـب والقتيـل القاتـل

مەبەستی ئەوەیە: خۆم شیاوو لـێ وەشـاوەم بـەو ئـازارو ئەشکەنجەیەی دەیـچێژم، چونکێ خۆم هۆکاری سـەرەکیم لەوەی بەسەرم دێ.

شاعیرایێکی تری ئەندەلوسی بە ئـەوینو زۆر شـێتو شـەیدایی خـۆی دەنـازێو، لـە شیعرێکدا ئازارو ئەشکەنجەی لێك جیابونـەوە دەلاوێنێ، ئەگـەر ئـەو هەسـتیارە نـاخو

---

٦٣٦) دەم شـڕ.

٦٣٧) بێ شەرمان.

سـینەی پـڕ لـە یـادو خۆشەویـستی خـواو، خواپەرسـتیو خواویـستی بوایـە، وێـڵو سەرگەردان نەئەبو ڕێگای ڕاستو دروستی ئەدۆزیەوەو ئەیگرتەبەر: ﴿ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ... هەروەختێ لە شەیتانەوە دوچاری خەیاڵاتێك بـوی، یەك سەر پەنا بە خوا بەرە. ﴿٣٦﴾ فصلت ﴾.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ إِذَا مَسَّهُمْ طَٰٓئِفٌ مِّنَ ٱلشَّيْطَٰنِ تَذَكَّرُوا۟ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ ... ئـەو کەسانەی پارێزگارن، هـەرگا خـەیاڵی خراپیـان لـە شـەیتانەوە تـوش دەبـێ، بـە گورجی یادی خوا دەکەنو بەرچاویان ڕون دەبێتەوە. ﴿٢٠١﴾ الأعراف ﴾.

(ئیبن قەیم) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (الداء والدواء) یـاخود کتـێبی (الجواب الكافي لمن سأل عن الدواء الشافي) بە تێرو تەسەلی ئەم بابەتەشی دەکاتەوەو چارەی بـۆ دۆزیوەتەوە، جا هەر کەسێ حەز دەکـا بـا سـەرێ لـە کتێبەکـەی بـدا. چـەند هۆکـارێ دەبێتە مایەی ئەوینو دڵداری، لەوانە:

١- دڵ بەتاڵی لە خۆشەویستی خوای بەرزو بێوێنەو یادو ستایشو بەندایەتی.

٢- چاو بەر هەڵی، بێگومـان چاوەکان گەشـتەوانو دێـدەوانن خـەمو خـەمینی بـۆ دڵەکان دەهانن [٦٢٨]: ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا۟ مِنْ أَبْصَٰرِهِمْ وَيَحْفَظُوا۟ فُرُوجَهُمْ ... تۆ بە باوەڕداران بێژە، چاو داخەنو شورەیی خۆببارێزن. ﴿٣٠﴾ النور ﴾.

((النظرة سهم من سهام ابليس... ڕوانینی ژنی بێگانە تیرێ لە تیرەکانی شەیتانە.

٣- کەمتەرخـەمی لـە بەندایـەتیو، یـادو نـزاو سـوننەتەکاندا ﴿ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ... نوێژخوێنـدن (مـرۆ) لـە کـاری ناشـیرینو ناڕەوا دەپارێزێ. ﴿٤٥﴾ العنكبوت ﴾ .

---

[٦٢٨] دەهێنن/دێنن.

بەڵام هەندێ لە دەرمانی دڵداری ئەوانـەی خـوارەوەن: ﴿كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلْفَحْشَآءَ ۚ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُخْلَصِينَ ... بۆ ئەمە بو کە خراپەو شـورەیی لـێ وەپرینگێنین [٦٣٩] ئەم یەکێ بو لە عەبدە دڵپاکەکانمان. (٢٤) یوسف﴾ .

١- لەبـەر دەرگـای بەندایـەتی خـۆت بـە گـوڕێ دادەی چـابونەوەو چارەسـەرت لـە پەروەردەندەت داواکەی.

٢- چـاوت لە ئاقـار ژنی بیـانی داخـەیو دامێنـت لـە خراپەکـاری بپارێـزی ﴿... وَيَحْفَظُوا۟ فُرُوجَهُمْ ۚ ... شورەیی خۆشیان بپارێزن. (٣٠) النور﴾.

﴿ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَٰفِظُونَ ... هەر ئەوانەش کـە شـەرمی خـۆ دەپـارێزن. (٥) المؤمنون﴾.

٣- پـشت لـە خانوبـەرەو جێگـاو شـوێنی ئەویندارەکـەت هەڵگـەی، یـادو باسـی لەیادکـەی.

٤- بە کردەی چاکە خۆت سـەرقاڵکەی: ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا ۖ ... ئەمان لە کاری چاکەدا بە هەڵپەبون، بە هومێدو بـە ترسەوە لە بەرمان دەپاڕانەوە. (٩٠) الأنبـاء﴾.

٥- بە رێگای شـەرعی هاوسـەرێك پەیداکـەی ﴿... فَٱنكِحُوا۟ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ ... دەتوانن چەندی خۆتان پێتان باشەو پێتان دەشین ژن مارە بکەن. (٣) النساء﴾.

﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا ... هەر لە نیشانانی خوایە کە لەخۆتان، هاوجوتی بۆ بەرهەم هێنان، کە پێیان بحەسێنەوە. (٢١) الروم﴾.

((يا معشر الشباب، من استطاع منكم الباءة فليتزوج)) ئەی کۆمەڵی گەنجان، هـەر کام لە ئێوە توانای پێکهێنانی خێزانی هەبێت با ژن بێنێ.

٦٣٩

مـافـی برایـەتی

یەکێ لەوانەی برای موسڵمانت دڵشاد دەکا، ئەوەیە بـە خۆشەویسترین نـاو لـە لای ئەو ناوی هەڵدەی.

هەروەها بە ڕوی براکەتدا بگرژێیەوەو [٦٤٠] بگەشـێینەوە ((ولو أن تلقى أخاك بوجـه طليـق... هـەر بەچاکە دەژمێـردرێ ئەگەرچـی بـە ڕوێکـی خۆشـەوە بـە برایەکـەت بگەی)).

((تبسـمك في وجه اخيك صدقة... خـەنـدە لێویت بە ڕوی براکـەتدا چاکەیە)).

بە هەمان شێوە براکـەت هانـدەی لەسـەر ئـەوەی لەگـەڵت بـدوێ - واتـە دەرفـەتی ئەوەی پێ بدەی باس‌و خواس‌و هەواڵی خۆت پێ ڕابگەیـەنێ- لەمـەڕ بـارو گـوزەرانی گشتی‌و تایبـەتی، لـەو بابەتانـەی جێگـای شـەرم نیـە لێی بپرسـی‌و لێی بپێچیەوە، هەروەها بایەخ بە کاروباری بدەی ((من لـم يهتم بأمر المسلميـن فليس مـنهم... هـەر کەسێ بایەخ بە کاروباری موسڵمانان نەدات لەوان نیە)).

﴿ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ... ژن‌و پیـاوی بـاوەڕدار دۆسـتی یەکترین. ﴿٧١﴾ التوبة ﴾.

دڵخۆشـکەرێکی تـر ئەوەیـە: دەربـارەی کـاروو وەرامێـك دوای بـڕاوەو تێپـەڕبوو بەسـەریدا هەڵنەشـاخێی [٦٤١] سەرزەنـشتی نەکـەی، بەهـەمان شـێوە بـە گاڵتـەو گـەپ تـەنگی پـێ هەڵنەچـنی: ((لا تـمار اخـاك ولا تـمازحه، ولا تعـده موعـداً فتخلفـه... برایەکەت بەهـەڵـە مەبەو گاڵتەی پێ مەکە، بەڵێنێـکی واشی پـێ مـەدە سەرپێـچی لـێ بکەی.

---

٦٤٠) لێوت بە خەندە بێ.

٦٤١) هاواری بەسەردانەگەی/دەنگی بەسەر هەڵنەبڕی.

نهێنـی لە گونـاهدا.. بەڵام گوناهـیش ئە نجـام نـەدەی!

هەندێ لە زانایان دەڵێن: تاوان وەکو مـۆرە بەسـەر بەنـدەوە، بـەڵام دوای ژێـوانی‌و پەشـیمانی ئـەو نهێنینیانـەی تێدایـە: پـشت شـکانی خـۆ بـە زلزانـی، زۆر داوای لێخۆشبون‌و تۆبە کردن‌و گەڕانەوە، ڕو کردنە خـواو نوانـدنی ملکەچـی‌و دەربـڕینی ژێوانی، ڕودانی قەزاو قەدەرو، مل کەچی نوانـدو بەندایـەتی کـردن لـە پـای ڕودانـی ئەو قەزاو قەدەرە.

نهێنیەکی تر: ڕەنگدانەوەو وە ڕاستگەڕانی ناوو ڕەوشتە جوان‌و بـەرزەکانی خـوای بەرز و توانا وەکو: لێبوردەیی‌و میهرەبانی خوای قەبوڵ کاری پەشیمانی.

بە دوای ڕۆزی دابگـەڕێ‌و ڕژدو چاوچنۆکـیش مـەبە

بێ هاوتایی‌و تاک‌و تەنیایی بـۆ خـوای دروست کـارو ڕۆزیـدەر، کـرم لـەناو قـوڕدا، ماسی لەناو دەریادا، باڵندە لە حەوادا، مێروڵە لە تاریکیدا، مار لە نێـوان تاشـابەرددا، ڕۆزی بە گشتیان ئەدا.

(ئیبن جەوزی) نوکتەیەکی خـۆش دەگێڕێتـەوە: کـە مـارێکی کـوێر لەسـەر سـەری دارخورمایەك دەبێ، چۆلەکەیێ بە دەنوکی پارچە گۆشتی بۆ دێنێ، کاتێ لێـی نزیـك ئەبێتـەوە خێـرا خێـرا دەجریوێنـێ، ئـەویش دەمـی دەکاتـەوەو چـۆلەکە پارچـە گۆشتەکەی تێ ئەخا.

گەورەیی بۆ ئەو کەسـەی ئـەو دو نـەیارەی کـردوە بـە دۆست ﴿... وَلَا طَٰٓئِرٖ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُمۚ ... هەر مەلێکیش بە باڵان دەفڕێ، هەمویان کۆمەڵانێکن وەکو ئێوە. (٣٨) الأنعام﴾.

مەریەمە سەلامی خوای لەسەر بەیانی‌و ئێوارە لە پەرستگاکەیدا ڕۆزی بۆ ئەهات، پێیان گوت: مەریەمە ئەمەت لە کوێ بو؟ لە وەڵامدا گوتی: لە لایەن خواوەیـە، هـەر کەسێ خوا بیەوێ بە بێ هەژمار ڕۆزی پێ دەبەخشێ.

دلگران مەبە، رۆزی تـۆ دیـاری کـراوە ﴿ ... وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَوْلَـٰدَكُم مِّنْ إِمْلَـٰقٍ ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ ... لە ترسی لە برسان مردن، فرزەنـدەی خۆتـان مـەکوژن، ئێمـە بژێو بە ئێوەو بە وانیش دەدەین. ﴿١٥١﴾ الأنعام ﴾.

بۆ ئەوەی هەمو مرۆڤایەتی دڵنیا بێ، کە رۆزی دەری باوك و کۆرپە، ئەو خوایەیـە نە باوکی هەیەو نە کۆرپە.

﴿ وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَوْلَـٰدَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَـٰقٍ ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ ... زارۆی خۆتـان لـە ترسـی لـە برسان مردن لە ناو مەبەن. ئێمەین رۆزی ئەوانیش و ئێوەش دەدەین. ﴿٣١﴾ الإسراء ﴾.

بێگومـان خـاوەنی گەنجـینەی بـێ سـنور – شکـۆداری و پایـەداری بـۆ ئـەو - دەستەبەری رۆزی کردوە، کەوایـە دڵاو دڵـی و نیگـەرانی پـێ دەوێ کـە خـوا بـۆ رۆزی بەڵێنی دەربێ؟!

﴿ ... فَٱبْتَغُواْ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزْقَ وَٱعْبُدُوهُ وَٱشْكُرُواْ لَهُۥٓ ... رۆزی لـە خـوا داوا کـەن و بیپەرستن و شوکری بکەن. ﴿١٧﴾ العنكبوت ﴾.

﴿ وَٱلَّذِى هُوَ يُطْعِمُنِى وَيَسْقِينِ ... هـەر ئەویـشـە خـواردنم پێـدەدات و ئاویـشـم دەفریـاد دەخا. ﴿٧٩﴾ الشعراء ﴾.

هەڵوەستـەیـەك

"بـەڵام پلـەو کاریگـەری نوێـژ، بـۆ ئاسـودەیی دڵ و، بـەهێزکردنی، بـۆ شـادی و گوشادی و چێژ وەرگـرتنی، بەرچاوترین کاریگـەری هەیـە، بـە سـای نوێـژ دڵ و گیـان پەیوەندی بە خوا دەبەستێ، بەندە لە خوا نزیك دەبێتەوەو تامو چێژ لە یـادی ئـەو وەردەگرێ، بە گفتـو گۆو وەستان لە خزمەتیدا دەسـرەوێ، هەمولاشـەو وزەو توانـای لە بەندایەتی ئەودا وەگەڕ دەخرێ، گشت ئەندامێکیش بەشی خۆی لێ وەردەگرێ، لـە تێکـەڵاوی و پەیوەنـدی و گفتوگـۆی دروسـت کراوەکـان بـە دور دەبـێو، هێـزی دڵو

ئەندامەکانی وا بەستەی [٦٤٢] ڕاهێنەرو[٦٤٣] وەدیهێنەری خۆی دەبێ، لەو کاتەی لە ناو نوێژە لە دەستی نەیارانی دەحەسێتەوەو داوودەرمانو تۆشوو وزەیەکی وای دەست دەکەوێ، کە تەنیا ئاوێتەی دڵە پاکەکان دەبێ، بەڵام ئەو دڵانەی کە نەساخن، وەکو لاشەی ناسازن، تەنیا بۆ خۆراکێ بە دەم دەخورێ لەبارن".

ئەوسا نوێژ بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی دنیاو دواڕۆژو، وەلانانی زیانباری دنیاو دوا ڕۆژ گەورەترین هاریکارە، بەربەستی ڕێی خراپەیە، بۆ دەردی دڵ چارەیە، ڤاپرۆسی ئیرەیی [٦٤٤] لە ناو دەبا.

دڵو دەرون ڕۆشن دەکا، ڕەنگو ڕوخسار سپی دەکا، دەرو [٦٤٥] ناخ [٦٤٦] گورجو گۆڵ دەکا، ڕزقو ڕۆزی زیاد دەکا، زوڵەو ستەم بن بڕ دەکا، چەوساوەو ژێر دەستان سەردەخا، هەستی ئارەزو بازی دادەمرکێنێ و، لە بەهرەکان پارێزگاری دەکا، ڕەوێنەری خەشمو قینەو، پلەو پایەی هەست سۆزەو ڕەوێنەری تەمو مژە".

ئیسلام ئاینێکی سانایە

ئەوەی موسڵمان دڵشاد دەکا، ئەو بەهرەو خەڵاتە گەورەو بێ وێنانەیە لەم ئایینە بە خەڵات دەدرێن، کە لەو (١٠) ڕەشکەرەوانەی تاوان ڕەنگ دەدەنەوە، وەکو یەکتاپەرستیو ئەو تاوانانەی بە سای یەکتاپەرستی ڕەش دەبنەوە.

هەروەها ئەو کردە چاکانەی مایەی سڕینەوەی تاوانن، وەکو نوێژ، هەینی تا دەگاتەوە هەینی، عومرە کردن تا گاتەوە عومرەیەکی تر، حەج کردن، ڕۆژو گرتن، وێنەی ئەمانەش لە کردە چاکەکان.

---

٦٤٢) پەیوەستی/پابەندی.
٦٤٣) پەروەردگار.
٦٤٤) چاوچنۆکی.
٦٤٥) دەرەوە/
٦٤٦) ژورەوە.

بە هەمان شێوە ئـەو کـردەوە چاکانەی پاداشـتیان دو چـەندانە دەدرێتـەوە، وەکـو ئەوەی چاکەیەك بە دەیـەو تا حەوسەدیش بگرە زۆر لـەوەش زیـاتر پاداشـتی لەسـەر دەدرێتەوە.

ڕەشـکەڕەوەیەکی تـر تۆبـەو پەشـیمانی دەربڕینـە، کـە هەرچـی تـاوانو هەڵـەی ڕابردوە ڕەشی دەکاتەوە.

یەکێکی تر ئەو دەردو بەڵایانەی تاوان هەڵدەوەرێنن، بەندەی بڕوادار هەر ئـازارو ئەشکەنجەیێ ببینێ گوناهی پێ دادەوەرێن.

یەکێکی تر لەوانەی ڕەوێنەری تاوانە نزاو پاڕانـەوەی موسـڵمان بـۆ موسـڵمانە، لـە پەنهانا.

یەکێکی تریش لەو دەیانە ئەو ئێشو ئازارەیە دێتە ڕێی بڕوادار لە گیان کێشانا.

تکاو نزای موسڵمانیش لەگاتی سـلاوەت لێدانا یـەکێ لەوانـە تکـاو نـزای گـەورەی هەمو دروستکراوانی خواش -درودو سلاوی خوای بەسەرا بڕژێ- کـە میهـرو سـۆزێکە لە لایەن ئەو خوایەی لە هەمو میهرەبانێك میهرەبـان تـرە، گـەورەیی‌و شـکۆداری بـۆ ئـەو، کۆتـا هـەمی دەیەکانـە ﴿ ... وَإِن تَعُـدُّواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ ... ئەگـەر بێنـە سەر ژمارەی چاکەی خودا، لە ژماردن دادەمێنن. ﴿٣٤﴾ إبراهيم ﴾.

﴿ ... وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةً وَبَاطِنَةً ... بـە ئاشـکراو بـە نهـێنی بـەهرە گـەلی بەسەرتانا ڕژاندوە. ﴿٢٠﴾ لقمان ﴾.

ترسـت نەبێ تۆ پایـە بـەرزتری

(موسـا) پێغەمبەر سێ جاران ترسی بەناو دڵدا هات:

جاری یەکەم: ئەو کاتەی چوە ناو کۆشکی فیرعەونی خۆ بـە خـوازان، موسـا گـوتی: ﴿ ... إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفْرُطَ عَلَيْنَآ أَوْ أَن يَطْغَىٰ ... (پەروەردەی ئێمە) ترسـن هەیـە لـێن دەرهەڵبـێو یان تەواو لە شۆری دەرکـا [٦٤٧]. ﴿٤٥﴾ طه ﴾.

خـوای گـەورە فـەرموی: ﴿ قَالَ لَا تَخَافَآ ۖ إِنَّنِى مَعَكُمَآ أَسْمَعُ وَأَرَىٰ ... هـیچ ترسێکو نەبێ، من لەگەڵ ئێوەم. ئەبیەم، دەشبینم. ﴿٤٦﴾ طه ﴾.

جێگای خۆیەتی برِوادار ئەم وتەی خوای خۆی هەمیشـە لەیـادو لەبیـر بـێ کە دەفەرموێ ترست نەبێ، من دەبیسمو دەبینم.

جاری دوەم: لـەو سـاتەی جادوگـەران داردەستەکانیان [٦٤٨] فرِێـدا، موسـا ترسـی بـەناو دڵـدا هـات خـوای گـەورە پێـی فـەرمو: ﴿ قُلْنَا لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْأَعْلَىٰ ... هـیچ ترسـێکت نەبێ، تۆ بەرزتری. ﴿٦٨﴾ طه ﴾.

جاری سێیەم: ئەو هەڵەی فیـرعەونو سـەربازەکانی پاوەدوێـان [٦٤٩] نـا، خـوای گـەورە پێی فـەرمو: ﴿ ... ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ... بـە دار عەسـاکەت (بـەو بـەردە) دابکێـشە. ﴿٦٠﴾ البقرة ﴾.

موساش فـەرموی: ﴿ قَالَ كَلَّآ ۖ إِنَّ مَعِىَ رَبِّى سَيَهْدِينِ ... نابـێ هـیچ بترسـن، چونکە پەروەردەم دەگەڵەو بەم زوانە دەرویکم لێ دەکاتەوە. ﴿٦٢﴾ الشعراء ﴾.

---

٦٤٧) یان تەواو سنور ببەزێنێ.

٦٤٨) ئەو دارەی لە دەستیان دابو.

٦٤٩) سەریان لە دو نا.

لە چـوار شـــتان خۆت بە دور بگـرە

چوار شتن ژیانێکی پڕ لە ئاستەنگـو هەستـو نەستێکی لێڵو تەنگ بەرهەم دێنن:

یەکـەم: لە برپیارو قەدەری خوا تورە بونو، پێ قایل نەبونی.

دوەم: خـۆ خـستنە نێـو تـاوانو دەرنەبرینـــی پەشـــیمانی ﴿ ... قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنفُسِكُمْ ... بێژە: لە خۆتانەوە بو. (١٦٥) آل عمران ﴾.

﴿ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ ... (هـەرگا توشـی بەڵایـەك بـون)، بـەهۆی کـردەوەی خۆتانە. (٣٠) الشورى ﴾.

سێیەم: ڕقو کینـە هـەڵگرتن لـە خـەڵکان، چاو لـە تۆڵـە گێـڕانو، چاونزێری[650] ئێرەیی[651] پـێ بردنیـان لەسـەر ئـەو بـەهرەو خەڵاتـەی لـە لایـەن خـواوە پێیان دراوە، ﴿ أَمْ يَحْسُدُونَ ٱلنَّاسَ عَلَىٰ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ... یـان ئەوانـە ئێرەیـی بەمانە دەبەن، کە خوا چاکەی دەگەڵ کردون. (٥٤) النساء ﴾.

((لا راحة لحسود ... مرۆڤی ڕەشـك پێ بەر[652] ئاسودە نیە)).

چوارەم: ڕو وەرگێڕان لە بەرنامەی خوا ﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا ... هەرکەسێکیش بە ئامۆژگـاری مـن نەکـا، ژینـــی لـە تەنگـــانە دایـە. (١٢٤) طـــه ﴾

---

٦٥٠) چاوبرسێتی.
٦٥١) حەسودی/ ڕژدی.
٦٥٢) چاوتێوەبو/ چاوبرسی.

بە پەروەردگـــارت دڵـــت بسـرەوێ

دڵارامی بەندە لەوەدایە دڵی بە پەروەردێنی بێ هاودەمو بێ هاوتا ئۆقرە بگرێ.

لە چەندین شـوێندا خوای گەورە - شکۆمەندی بـۆ ئـەو- لـە کتێبەکەیـدا باس لـە ئـارامی دەکـاو، دەفـەرموێ: ﴿ ... فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ ... خـودا ئـۆقرەو هێمنایـەتی نـاردە خـوارێ بـۆ نـاو دڵـی پێغەمبـەریو بـاوەڕدارانی (یارانی). ﴿٢٦﴾ الفتح ﴾.

﴿ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ ... سا ئۆقرەو دڵنیایی ناردە سەریان. ﴿١٨﴾ الفتح ﴾.

﴿ ثُمَّ أَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ ... پاشـان خـودا دڵنیـایی بـۆ پێغەمبـەرەکەی بەڕێ کرد. ﴿٢٦﴾ التوبة ﴾.

﴿ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيْهِ ... ئۆقرەی لە خوداوە بۆ هات. ﴿٤٠﴾ التوبة ﴾.

ئارامی پابەندبونی دڵە بە پەروەردێنی جیهـان، یاخود ڕۆچونی هەستو وێژدانـە لە باوەڕومتمانە بە خوای میهرەبان، یا دڵ هێورە بونە بە سای پشت بەخوا بەستان.

ئـارامـی دامرکـانی ئازارو ناسـۆری[٦٥٣] دەرونـەو هێـورە بونـــە.

سەرەوتنی دڵو گیانو ئۆقرە گیـریو هێمن بونـە، ئـارامی بەشێکە لـە بـێ تـرسـیو بەرقەراری، کە بە بڕواداران بڕاوە، لە جەنگەڵی سەر شێواوی دڵاو دڵی دەریانـدێنێ، لەسەر لێواری هەڵدێرانی گومانو قین لـە دڵـی دەستیان دەگـرێ، دڵارامـی بەنـدە بـە پێی دۆستایەتیو، یا دوستایشی بۆ پەروەردگاری، بە پێی خۆڕاگری لەسەر فەرمانیو شـوێن پـێ هـەڵگرتنی پەیامەبـەریو ﷺ دەسـت گـرتن بـە پـەیامی، بـە گـوێرەی خۆشەویستی بـۆ بەدیهێنـەریو، دڵنیـا بـون بـەوەی هـەمو شـتێکی لـە دەستـەو، ڕوی

---

٦٥٣) ناخۆشی.

تەنیا لە ئەو بێو پشتی لە غەیری ئەو بێ، تەنیا لە خواوە پارێو، پەرستنی هەر بۆ ئەو بێ، بەو پێیە ئاسودەو ئارام دەبێ ﴿ يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِي ٱلْأَخِرَةِ ... خودا لە دنیاو سەلادا، بە قسەی پتەو بڕوادارانتوندو قایم دەکاتەوە. ﴿٢٧﴾ إبراهيم ﴾.

دو وشـــەی بەهـــادار

پێشەوا (ئەحمەد) دەفەرموێ: لە کاتی ئازارو ئەشکەنجەدا خوا وایکرد سودو کەڵك لە دو وشــە وەرگرم:

یەکەمیان: پیاوێك لەسەر ئارەق خواردنەوە بەند کرا بو، گوتی ئەی (ئەحمەد) ئارام بگرە، تۆ لەسەر (سوننە) دارکاری دەکرێی، کەچی من چەندین جار لەسەر ئارەق دارکاری کراوم، ئارامیشم لەســەر گرتوە.

﴿ ... إِن تَكُونُواْ تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمُونَ وَتَرْجُونَ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا يَرْجُونَ ... ئەگەر ئێوە لەوان توشی ئازار دەبن، ئەوانیش هەروەکو ئێوە لە ئێوە ئازار دەبینن، ئێوە هومێدو خوایە، ئەوان ئەوەشیان لا نیە. ﴿١٠٤﴾ النساء ﴾.

﴿ فَٱصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَلَا يَسْتَخِفَّنَّكَ ٱلَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ ... ســا خــۆت بگرە، بەڵێنی خودا دێتەجێ، نەکا ئەوانەی دڕدونگن، تۆ لە ڕێی هەق بترازێنن. ﴿٦٠﴾ الروم ﴾.

دوەم: کاتێ پێشــەوا (ئەحمەد) قۆڵ بەست کرابو بەرەو بەندیخانە دەبرا، عــەرەبێکی بیابان نشین بە پێشەوا (ئەحمەد) دەڵێ: ئەی (ئەحمەد)، ئارامبگرە، ئەگــەر بــێو تۆ لێرە بکوژرێی هــەر لێرەشــەوە دەچیە بەهەشت ﴿يُبَشِّرُهُمْ رَبُّهُم بِرَحْمَةٍ مِّنْهُ وَرِضْوَانٍ وَجَنَّٰتٍ لَّهُمْ فِيهَا نَعِيمٌ مُّقِيمٌ ... پەروەردێنیان مژدەی بەزەییو ڕەزای (خۆی) باغاتی وایان پێدەدا کە دەوێدا خۆشی پایەداریان دەبێ. ﴿٢١﴾ التوبة ﴾.

لە بەرهـەمـەکانی بـەڵاو مەینـەتی

نوانـدنی بەندایـەتی یـە بـە سـای دەرهێنـانی گەنجینـەی نـزاو پارانـەوە، یـەکێ لـە پیاوچاکان دەڵێ: پاکو بێ گەردی بۆ ئەو خوایەی بەهۆی دەردو بـەڵا نـزاو پارانـەوە بەرهەم دێنێ.

ئەم وتەیەش دەگێڕنەوە کە: خوای گـەورە بەندەیـەک لـە بەنـدە چاکەکانی تـاقی دەکاتـەوەو، بـە فریـشتەکانی دەفـەرموێ: بـۆ ئـەوە تـاقیم کردۆتـەوە دەنگی ببیـسم. بپارێتەوەو نزا بکا. بەرهەمێکی تر: شۆڕکردنی جلەوی هەواو ئـارەزوی سـەر کەشە، چـونکێ خـوا دەفـەرموێ: ﴿ كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ۝٦ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ ... نـەخێر، دیـارە مرۆ سەر بزێوی دەکا. ۝٧ العلق ﴾.

قازانجێکی تر: جوڵانی سۆزو خۆشەویستی خەڵکانو و نزاو پارانەوەیانە بۆ کەسی دەردەدارو بەڵابار، بێ سۆ خەڵکان هەستو سۆزیان بـۆ مـەردمی بەرەبـەڵا دەجوڵێو هاریکاریشی دەکەن.

سودێکی تر: بەڵای گەورەتری پێ گەڕاوەتەوە، بێ گومـان ئـەو ڕوداوە بـە گـوێرەی کارەساتی گەورەتر زۆر گچکەیە، سەرەڕای ئەوەی مایەی هەڵوەرینی گوناهو تاوانـەو، مسۆگەرکردنی پاداشتو خەڵاتی خوای دڵۆڤانە.

جا ئەگەر بەندە دڵنیا بێ ئەوە بەروبومی دەردو بەڵایە، دان بـە خـۆی دانـەگرێو هەراسـان نابـێ، بـێ ئومێـدی ڕوی تێناکـاو هەڵناچـێ ﴿ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ... ئـەو کەسـانەی خـۆڕاگرن، بـە تـەواوی و بـەبێ حیـساب پاداشـی خۆیـان وەردەگرن. ۝١٠ الزمر ﴾ .

زانســـت رێنمایی و چارەســـەرە

(ئیبن حـەزم) لـە کتـێبی (مـداواة النفـوس)دا بـاس دەکـا، کـە یـەکێ لـە سـودەکانی زانست: قەلاچۆکردنی دڵە خورپێو نیگەرانیەو، بنەبڕکردنی خەمو پەژارەو کلۆڵیە.

ئەوە وتەیەکی ڕاستو ڕەوایە، بـە تایبـەت دەربـارەی ئـەو کەسـەی زانـستی خـۆش دەوێو لێـی دەکۆڵێتـەوەو ئـۆقرەی پـێ وەدەگـرێ، کـاری پـێ دەکـاو لێـی سـودمەندو بەهرەمەند دەبێ.

جا پێویستە لەسەر فێرخوازی زانـستی کـاتو سـاتەکانی دابـەش کـا، ماوەیـەك بـۆ دەرخ کردنو پێداچونەوەو دوبارە کردنەوە، چـەند سـاتێك بـۆ خوێندنـەوەی گشتی، چەد کاتێك بۆ داهێنانو دەرخستن، ماوەیەك بۆ کۆکردنەوەو ڕێك خستن، ساتێك بۆ وردبونەوەو تێفکرین.

ئومێـد وایـە سـەرەنجام خێـرو خۆشـی بێ

(سیوتی) کتێبێکی هەیـە بـە ناونیـشانی (الارَج فِي الفَـرَج) تیایـدا چـەند وتەیـەکی زانایـان بـاس دەکـا، پوختەکـەی ئـەوەی لـێ دەفامرێتـەوە کـە ڕەنـجو جـەورو چەرمەسەری دەبێتە مایەی گەلـێ خـۆش بـەختیو بەختـەوەری، بـەلاو مەینـەتیش قازانجی وا سەرسوڕمێنو ناوازەی لـێ دەکەوێتـەوە، بەنـدە دەرکـی پـێ ناکـا هـەتاکو ئەو بەلاو مەینەتیە نەڕەوێتەوە.

بەختـەوەری بەهـرەیـەکـی خوایـیە

بە سەیرو سەمەرەی مـەزانە گەردەبینی کەسانێ هەن لەسـەر شۆسـتە پاڵدەکـەون، لەبەرئەوەی کرێکارن، بەری ڕەنجی ڕۆژانەیان دەبێتە بژێوی ژیانیان، لەگەڵ ئـەوەش لەگـەڵ ژیانـدا پـێ دەکـەنن، سـینەو ناخیـان ئاوەدانـەو، بـەهێزو توانـادارن، دڵێـشیان

حەساوەیەو کامەرانن، تەنیاو تەنیا سەبارەت بەوەیە ژن هەر ئـەو رۆژەیـان بـەڕۆژی ژیان دەزانن، بە یادی ڕابردو سەرقاڵ نینەو بۆ داهاتوش دور نـاڕوانن، بەڵکـە مـاوەی ژیانو تەمەنیان سەبارەت بە کردو کۆشیان ڕازاوەو درەخشانن[٦٥٤] .

بـەراوردێ بکـە لـە نێـوانی ئەوانـەو کەسـانێ لـە کۆشـکو باڵەخانـەی ڕازاوەدا کـشاون[٦٥٥] ، وەلـێ ئـەوان لـەناو کـات بـەتاڵیو تـرسو لـەرزو نیگەرانیـدا پەشـۆکاون، سەبارەت بە خەمو پەژارە بیـرو هۆشیان پڕشو بلاوەو هەمو ڕێیان لـێ گیـراون.

خـەڵک بە چاکـە لێـت بـدوێ تەمـەن درێژیـیە

مایەی بەختەوەری بەندەی موسڵمان ە، کە تەمـەنی دوەمـی هـەبێ، ئەویـشیان بـە چاکە باسکردنە، ئەوانە جێگای سەرسوڕمانن، باسـی بـە چاکە بـە بێبایـەخ دەزانـن، ماڵو سامانو پلەوپایەو هەوڵوگەڕیان لە پێناوی دەستەبەرکردنیدا تەرخان ناکەن.

لەمەوبـەر ئـەو واتـاو مەبەسـتە ڕابـرا کـە (ئیـبراهیم) پێغەمبـەر ٹ داوای لـە پەروەردگاری کرد زمانی ڕاستی لـە نـاو خەڵکدا پـێ ببەخـشێ، ئەویـشیان: بـە چاکە لێدوانو، نـزا بۆ کردنە.

بـە کەسانێکیش سەرسـامم کـە سـەبارەت بـە کـردەی جوانیـان، دڵکراوەیـیو مـاڵ بەخـشینیان، سـوپاسو پێزانێنیکـی بـێ وێنـەیان بـۆ خۆیـان تۆمـار کـرد، هـەتاکو جارێکیان (عومەر) پرسیار لـە کورەکانی (هـەریم)ی کـوڕی (سنان) دەکـا: (زوهێـر) چی بە ئێوە داو، ئێوەش چیتان بە ئەو بەخشی؟

ئەوانیش گوتیان: ئەو بە شانو باڵی ئێمەیـدا هـەڵگوتو، ئێمـەش مـاڵمـان بـە ئـەو بەخـشی. (عومـەر) گـوتی: سـوێند بـە خـوا ئـەوەی ئێـوە بـە ئـەوتان بەخـشی ڕۆیـی، ئەوەی ئەویش بە ئێوەی دابو مایەوە. ئـەو سـوپاسو پیاهەڵدانـە ببـڕای ببـڕ[٦٥٦] بـۆ ئەوان مایەوە.

---

٦٥٤) درەوشاوەن/ تروسکەدارن.
٦٥٥) پاڵیان داوەتەوە.
٦٥٦) تا هەتایە.

سـەرچـاوەی لاواندنـەوەو شـیوەنەکـان

لێـرەدا سـێ پارچـە هـۆنراوە هـەن، تـا هەتایـە نـاوی ئـەوانیان بـەرز ڕاگرتـوە کـە دەربارەیـان گـوتراوە: یـەکێ لـەوان کـوڕی (بەقییـە)ی وەزیـری نـاودار، کـە "عـەزود دەولـە" کوشـتی، (ئـەبو حەسـەن ئـەنباری) بـە پارچـە هـۆنراوە سـەرنج ڕاکـێش و ناوازەکـەی، پێـی دا هەڵـدەڵێ، کـە هەڵسوکـەوتـو جـوامێریو بەخـشندەیی و شـانو شکۆی لە چەند دێرە شیعرێکدا دەلاوێنێتەوە. دەستەواژەو دەربـڕینی چـەند جـوانن، کۆپلّە هۆنراوەی چەند ڕازاوەن، وتەی چەند پڕ واتاو چەندە نمونەی بەرچاون. ئـای ئەو تاجو دروشمانە چەندە جێگای سەرنجدانو تێڕامانن!!

کاتێ (عەزود دەولە)ی بکوژ گوێ بیستی ئەو چەند دێرە شیعرە بو، فرمێـسکی لـە چاو هاتە خوارو گوتی: سوێند بە خوا پێم خۆشبو من بکوژرامایەو هەڵواسـرا بـامو، ئەو چەند دێرە شیعرەش بە منـدا هەڵگوترابایە.

(موحەممـەد)ی کـوڕی (حەمیـد)ی (توسـی) لـە ڕێگـای خـوادا دەکـوژرێ، (ئـەبو تـەمام)یـش لـە چـەند دڕێـڕە شـیعرێکدا پەرۆشـی دەردەبـڕێو پێیـدا هەڵـدەڵێو بـە مردنی ئەو ئاسۆی ئومێدی لـێ تاریك دەبێ.

تا کۆتایی هۆنراوە بە چێژەکەی، (موعتەسـیم) گـوێی لـەو پارچـە هۆنراوەیـە بـو، گوتی: ئەو کەسەی ئەو هۆنراوەیەی پێدا هەڵبگوترێ ناوو دەنگی هەر دەمێنێ.

کەسێکی خانـەدانو ڕەسەنیـشم بینـی، کـە لـە وەچـەو نـەژادی سـەرکردەی نـاودار (قوتەیبـەی) کـوڕی (موسـلیم) بـو، ئـەو چـاوتێرو دڵفراوانـە سـامانو پلـەو پایـەی بەخشی، دڵنەوایی بێ نەوایان بو، بەشداری خـەمی کۆسـت کـەوتوان بـو، بـۆ نـەداران دەستبلاّو بو، ناندەری برسیان بو، پاڵپشتی لێقەوماوان بو، لەو کاتـەی کۆچـی دوایـی کـرد شـاعیرێك زۆر بـە سـۆزەوە دەیلاوێنێتـەوەو خەفـەتو دڵپەسـتی دەردەبـڕێ بـە نەمانی پێی وایە ژیـان لـەدوای ئـەو تـەنگو تـارە هـەروەکو بڵـێی کەسـاأی لـە پـێش ئەودا نەمردبێ.

فـەرمو ئـەوە (ئـەبو نـەواس) کـە دیرۆکـی[٦٥٧] (خوسـەیب)ی فـەرمانڕەوای میـسر دەنوسێتەوەو، ناوی لە ڕووپەڕی ڕۆژگاردا تۆمـار دەکـاو لـە چـەند دێـرە شـیعرێك بـە جوامێریو پیاوەتیدا هـەڵدەڵێ.

دوای ئەوە خەڵکانیش سەبارەت بـە (خوسـەیب)و ڕۆژانـی ژیـانی هـەر ئـەو چـەند دێرە شیعرە باس لێوە دەکەن.

سـەرنجـێـك

((پـەروەردگارا ئەوەنـدە تـرسو بیمـی خۆتمـان بخەیتـە دڵـەوە ببێتـە بەربەسـتی نێوانی ئێمەو یاخی بون لە تۆ، ئەوەندە گوێ ڕایەڵی کردنی خۆتمان پێ ببەخشی بە بەهەشتی تۆمان بگەیەنێ، ئەوەندە دڵنیاو ڕاگیرمان کەی بەڵاو مەینەتی دنیامان لـە سـەر سـوك بـێ، تـا گیانمـان لەبەردایـە لـە بـەهرەی بیـستنو بینـاییو وزەو تینمـان بێبەش نەکەی، کارو فەرمانمان هەر لەدەست خۆمان بێو، تۆڵەمان بۆ لە ستەمکاران بسێنی، بەسەر نەیارانماندا سەربێخی، بەڵاو تاقی کردنەوەمان ئایینمـان نەگرێتـەوە، وامـان لـێ نەکـەی گـەورەترین هیـواو ئاواتمـان دنیـا بـێو، ئەوپـەڕی سـنوری تـێ گەیشتنمان بێ، بە سای تـاوانو گوناهیـشمان کەسـێکمان بەسـەردا زاڵ نەکـەی سـۆزی بەرامبەرمان نەجوڵێ)).

خوایـەکی ئەوەندە میهرەبانـە سـتەمو زۆری لە کـەس ناکـا

کاتێ دڵنیا بوی پەروەردیارێ لە ئاسمانـە دادوەرو میهرەبانـە، سـەبارەت بـە چاکە نوانـدن لەگـەڵ سـەگێك دا ژنێکی خـستە بەهەشـتو، بـە سـای سـتەمکاری دەرحـەق پشیلەیێ ژنێکی خستە دۆزەخ، جێگای خۆیەتی دڵت شادو گوشاد بێو، بـەو بەڵێنـەی خوا پێی داوی هەستو نەستت ئاسودە بێ.

---

٦٥٧) مێژوی.

بڕوانـە خـوای گـەورە چـۆن سـۆزی بـۆ ژنێکـی داوێـن پیـسی (بـەنی ئیـسرائیل)ی دەنوێنێ، بە بۆنەی ئەوەی لە پێناوی خوادا سەگێکی تێنو تێراو دەکا.

لە لایەکی ترەوە خوای گەورە ژنێـك ئەخاتـە دۆزەخ، بـەهۆی ئـەوەی پـشیلەیێ لـە ژورێکدا کۆتبەند دەکا، نە نانو ئاوی پێ دەدا، نە ڕێگاشی بۆ چۆڵ دەکا بۆ خـۆی بـە زەوی دابگەڕێو خۆراکێ بۆ خۆی بخوا.

ئـەو دادوەریـە کـەڵکو سـودت پـێ دەگەیـەنێو سـینەو ناخـت فێنـك دەکـا، بـەوە دڵنیات دەکا: خوای بەرزو بـێ هاوتـا پاداشـتی لەسـەر کـەمیش دەداتـەوەو، کـردەوەی بچوکیش لە یاد ناکاو، لەسەر وردترین چاکەش بەندەی خۆی خەڵات دەکا.

(بوخار)یش ئەو فەرمودەیە دەگێڕێتەوە: ((**اربعون خصلة، اعلاها منيحة العنـز، ما من عاملٍ يعمل بخصلة منها رجـا و موعودهـا و تـصديق ثوابهـا، الا ادخلـه الله الجنّـة** ... چل ڕەوشت هەیە، بـەرزترینیان بەخـشینی بزنێکـە، هـەر بەنـدەیێ یـەکێ لەوانە ئەنجامداو ئومێدی بەو بەڵێنە هەبێ کە پێی دراوەو، لـە پاداشـتی خـوا دڵنیـا بـێ، بـێ سـۆ خـوای گـەورە دەیخاتـە بەهەشت، ﴿فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ۝٧ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ... سـا هـەر کەسـێ بـە سـەنگایی مێروڵەی هەرە وردیلە، چاکەی هـەبوبێ، دەیبینێ. ۝٨ الزلزلة﴾.

هەر کەسێکیش بو قورسایی مێروڵەی هەرە وردیلە، خراپەی بوبێ، دەیبینێ.

﴿إِنَّ ٱلْحَسَنَٰتِ يُذْهِبْنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ... بێ گومانە چاکەکان خراپەکان لەبەین دەبـەن. ۝١١٤ هود﴾.

خەمی خەمناکێ بڕەوێنە، بەشی بێ بەشێ بدە، ستەم لێکـراوێ سـەربخە، برسـیو بـێ نانـێ نـان بـدە، تێنـوێتی گـەرو وشـکێ بـشکێنە، بەشـداری مەراسـیمی ناشـتنی مـردوێ بە، دەردەداریێ دڵخۆشکەو، بـەڵا بـارێ دڵنـەوا کـە، دەسـتی نابینایـێ بکێـشەو، سەرشێواوێ ڕاستەڕێ بکە، ڕێز لە مێوانـێ بگـرەو، چاکە لەگەڵ دراوسێدا بکە، ڕێز لە گەورەیێ بگرەو سۆز بۆ گـچکەیێ بنوێنـە، خـواردنو خۆراکـت ببـەخـشەو، بـە پـارەو پول چاکەی بکە، وتەو پەیڤت پاڵاوتە کەو، چی تـر ئـازاری کـەس مـەدەو، پاداشـتو خەڵاتیشت لە خوای خۆت چاوەڕێ کە.

بـە ڕاسـتی ئـەو ویـستو مەبەسـتە بـەرزو جوانـە، گـەورەترین ڕەوێنـەری دەردەو ئازارو خەمو پەژارەن، مایەی ئاسودەیی‌و دڵێکی حەساوەن.

هـەر لـە پێنـاوی خوایـە کـە خوونـەریتی بـەرزو چـاکەت لەگەڵدا دەنوێنـێ، گـەر بهاتایە ڕەوشت جوانی مرۆڤ بوایە ئەوا کەسێکی ڕوخۆش‌و بۆن خۆش‌و جـوان پـۆش دەبو، خەڵکیش بە چاکە لێی ئەدوا.

بە دەسـتی خـۆت میژووی خۆت بنوسـە

جارێکیان لەناو (حەڕەم)دا کاتژمێرێك بەر لە نوێژی نیوەڕۆ لەوپەڕی گەرمایـیدا دانیشتبوم، پیاوێکی بەسااڵدا چو هەستایەوەو، ئـاوی سـاردی بـەناو خەڵکیـدا دەگێـڕا، پەرداخێك لە دەستی ڕاستی‌و، پەرداخێك لە دەستی چەپەی دا بو، بەم شێوەیە ئـاوی زەمزەمی دەگێڕا، کاتێ لە دەستیدا دەبڕا دوبارەی دەکردەوەو بەڕێزە پێی دادەهـات‌و ئارەقەی لـێ دەتکا، خەڵکانیش دانیشتبون‌و چاوەڕێیان دەکـرد بـە دەسـتی ئـەو پـیرە پیاوە سەرەی ئاو خواردنیان بە بەرکەوێ، هەتا کۆمەڵێکی زۆر بە دەستی ئەو ئاویـان خواردەوە، منیش سەرسامی دایگرتم کـە ئـەو بـە سااڵداچـوە بـە ڕوێکـی گەشـەوە بـە گورج‌و گۆڵی دەبەخشێ‌و ئەوەندە بە ئارام‌و چاکەخوازە، تێگەیشتم کە خـوا دەرفـەت بە یەکێ بدا چاکە‌و پیاوەتی لەدەست دێ، ئەگەر خوای گـەورە ئاسـانکاری بـۆ کەسـێ بڕەخسێنێ، ئەویش کردەوەی جوان دەنوێنـێ، ئـەوەش حـاڵی بـوم کـە خـودا چـاوگی بـەهرەکانی لەبەردەسـتداو، ئـەو بـەندانـەی خـۆی لـێ بەهرەمەنـد دەکـا، کـە خـۆی حـەزبکا، چـاکە‌و چـاکەکاری ئەگەرچـی کـەمیش بـێ خـوا دەیکاتـە بەشـی کەسـانێ چـاکەخوازن‌و، خێـرو خۆشـیان بـۆ مرۆڤایـەتی دەوێ، حـەز بـە زیانبـاری کەسـیش ناکەن.

(ئەبوبەکر) لە پێناوی پاراستنی پێغەمبەردا ﷺ گیانی خۆی خستە مەترسی.

(حاتەم) لە پێناوی تێر بونی میوانەکانی، بە برسێتی دەخەوت.

(ئەبو عوبەیدە) لە پێناوی حەسانەوەی لەشکری موسڵمانان، شەونخونی دەکرد.

لەوکاتەی خەڵك لە خەودا بو (عومەر) بۆ زانینی باری موسڵمانان بـە نـاو شـاردا دەخولایـەوە. لـە سـاڵی گرانیـدا، بـۆ ئـەوەی خـەڵك تێربـێ ئـەو لـە برسـان پـشتی چەمایەوە.

(ئەبو تەلحە) بۆ بەرگری لە پێغەمبەری خوا خۆی کردە مەتاڵی تیران.

(ئیبن موبارەك) خواردنی بە خەڵك ئەداو کەچی خۆی بە ڕۆژو بو.

﴿ وَيُطْعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا ... لـەو خۆراکـەی کـە خۆیـان حـەزی لێ دەکەن، بە هەژارو بە هەتیوو بە دیل گیراوی دەبەخشن. ﴿٨﴾ الإنسان ﴾.

گـوێ بۆ وتـــەی خـوا هـەڵخـــە

بە سای گوێ هەڵخستن[٦٥٨] لە خوێندنی کتـێبی خـوا، بـە دەنگـی قورئـان خـوێنێکی دەنگ زوڵاڵ، شارەزاو زمان پاراو، خوێندنێکی بە جۆش‌و خـرۆش‌و سـەرنج ڕاکـێش، هەسـت‌و نـەسـتت بـسرەوێنە، ئەوسـا ڕەزامەنـدی خـوای بـەرزو بـێ هاوتـا وەدەسـت دێـنی‌و، ئـارامی بـۆ نـاو سـینەت هەڵـدەرژێنی‌و، هـێمن‌و هـەداری، فێنکـایی‌و دڵنـیایی بەسەر دڵتا دەبارێنی.

ئەگەر چی قورئان بەسەر پێغەمبەری خوادا دابەزی بو ﷺ بـەڵام حـەزی دەکـرد کەسێکی تر بۆی بخوێنێ‌و ئەویش گـوێی بـۆ بگـرێ، بۆیـە داوای لـە هـاوەڵانی دەکـرد بۆی بخوێننەوە، جا ئەگەر لە غەیری خۆی ببیستایە کاری تێ دەکردو، دڵی ئـۆقرەی پێ دەگرت‌و، ترسی خوای لە دڵ دەنیشت‌و، دەحەساوەو دەسرەوت.

تۆش دەتوانی ئەو بە پێشەنگی خۆت بزانـی، چـەند خۆلـەکێ، یـا لـە شـەوو ڕۆژدا چەند ساتێ بەو مەبەستە تەرخان کەی، بە ئامێری تۆمار کـردن، یـا ڕادیـۆ گـوێ بـۆ دەنگی ئەم قورئان خوێنە بگری کە حـەز بـە دەنگـی ئەکـەی‌و ئـەویش وتـەی خـوای تاك‌و و پاکت بە گوێچکەدا بچرپێنێ.

---

٦٥٨) گوێ گرتن.

بێگومـان قاوقیـژی [٦٥٩] ئـەم دنیایـەو هـای‌وهوی [٦٦٠] خـەڵکان بەڵێنیـدەرن بـەوەی سەرت لـێ بشێوێنن، هێزو وزەت داڕوخێنن، زەین‌و هۆشت بپرشێنن [٦٦١].

تەنیا یادی پەروەردیارو کتێبی پەروەرێنت دڵارامی‌و هێمنی‌و هەداریت بـۆ دێنـن: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطۡمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكۡرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ... ئـــــەو کەسانەی کە باوەڕیان بە خوا هەیەو بە یادی خوا دڵیان ئارام دەبێتەوە، باش بـزانن کە یادی خوا ئۆقرەو ئارامی دڵانە.﴿٢٨﴾ الرعد ﴾.

پێغەمبـەری خـوا ﷺ فـەرمانی بـە (ئـیبن مەسـعود) کـرد هەنـدێ لـە سـورەتی (النساء)ی بەسەردا بخوێنێ، پێغەمبـەری خـوا ﷺ گریـا هـەتاوەکو ئەسـرین بەسـەر کوڵمیدا هاتە خوارێو، فەرموی: ((حسبك الان... ئەوەندە بەسە)).

جارێکی تر بە لای (ابو موسا)ی ئەشعەریدا تێدەپەڕێ، کـە لـەناو مزگـەوتا گـوێی بۆ گرتو، لە بەیانیدا پێی گوت: ((لو رأيتني البارحة وانا استمع لقراءتك... ئەگـەر دوێنێ منت بینیبا کە چۆن گوێم بۆ قورئان خوێندنەکەت گرتبو، (ابو موسا) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر دەمزانی تۆ گوێم لـێ دەگری، زۆر بە دەنگێکی خۆشەوە بۆم دەخوێندی)).

(ئەبو حاتەم) ئەو فەرمودەی گێڕاوەتەوە کـە: پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـەڵای مـاڵی پیرەژنێدا تێدەپەڕێو لەبەر دەرگاوە گوێی لە قورئان خوێندنی ئەو پیرەژنـە دەگـرێ کـە ئـەو ئایەتـە دەخوێنـێو دوبـارەی دەکاتـەوە: ﴿ هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلۡغَٰشِيَةِ ... ئـاخۆ باسی بەڵای گەورەت بۆ هاتوە. ﴿١﴾ الغاشية ﴾.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفـەرموێ: ((نعم اتاني، نعـم اتـاني... بـەڵێ پـێم گەیـشت، بەڵێ پێم گەیشت.

بێگومـان گـوێ بـۆ شـلکردن تـامو چـێژی لـێ وەردەگـیرێو، گـوێ بـۆ هەڵخـستن دڕەوشانەوەی لـێ وەدی دەکرێ.

---

٦٥٩) قیژە قیژ/هاوار کردن.

٦٦٠) هاتو هاوار.

٦٦١) پرشوبڵاوی بکەن.

نوسەرێکی ناوداری موسڵمان گەشتێك بەرەو ئەوروپا دەکاتو سواری کەشتی دەبێ، ژنێکی یۆگسلافی شوعیش کە لەژێر نیری زوڵمو ستەمی "تیتۆ" ڕایکردبو لەگەڵی سوار دەبێ، ئەو نوسەرە لەگەڵ یاوەرانی خۆیدا نوێژی هەینی یان بەسەردا دێ، ئەویش هەڵدەستێتەوەو وتاری هەینی دەخوێنێتەوەو پێش نوێژیان بۆ دەکاو سورەتی (الاعلی)و سورەتی (الغاشیة) لە ناو نوێژەکەدا دەخوێنێ، ژنەکە زمانی عەرەبی حاڵی نابێ، بەڵام گوێ قوڵاخی [٦٦٢] ئەم ئاوازو چریکەو گوفتارە دەبێ، دوای تەواوبونی نوێژ ژنە دەربارەی ئەو ئایەتانە لە نوسەر دەپرسێ؟ ئەویش هەواڵی پێ ئەدا کە ئەمە وتەی خوای بەرزو دەستەبالایە، ژنە سەرسامو واقو ڕماو دەمێنێ، نوسەرەکە دەڵێ: لەبەرئەوەی زمانی ئەوم نەئەزانی نەمتوانی بەرەو ئیسلام ڕێنوێنی کەم: ﴿ قُل لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأْتُوا۟ بِمِثْلِ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ... بێژە: ئەگەر مرۆو جن، گشت کۆوەبن وێنەی ئەم قورئانە بێنن، لە ڕەنگی ئەودا دادەمێنن، با هەموشیان پشتیوانی یەکتری بن. ﴿٨٨﴾ الإسراء ﴾.

بێگومان قورئان دەست بەسەر دڵەکاندا دەگرێ، گیانو ڕۆحەکان بە سای قورئان سامو هەیبەتیان لێ دەنیشێو، بەهێزوتینی کارای [٦٦٣] دڵو دەرون پێی کاریگەر دەبێ.

بە کەسانێکی جوانمەردی پێشینان سەرسامم، بە وانەش سەرسوڕماوم بە چاکە ویستی سەریان نایەوە، کە لە بەردەم تەوژمی ئاوازو چریکەی ڕاست گۆیانەی ئەم قورئانە خۆیان ڕانەدەگرتو پێی دەهەژان: ﴿ لَوْ أَنزَلْنَا هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ عَلَىٰ جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُۥ خَٰشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ... ئەگەر ئێمە ئەم قورئانەن ناربایەتە سەر کەژێك، تۆ دەتدی کە داهاتوەو لە ترسی خوا لەت لەت بوە. ﴿٢١﴾ الحشر ﴾.

یەکێ لەوان (عەلی) کوڕی (فوزەیل)ی کوڕی عەیاز) بو کاتێ گوێ بیستی باوکی بو کە ئەو ئایەتەی دەخوێند یەکسەر گیانی سپارد: ﴿ وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾

---

٦٦٢) گوێی بۆ دەگرێ.

٦٦٣) کاریگەری/ بەکاری.

مَا لَكُمْ لَا تَنَاصَرُونَ ... ڕاشـیان بگـرن دەبـێ پرسـیاریان لـێ بکـرێ. چـیتانە، بۆچـی دە هانای یەکتر نایەن؟! ﴿٢٥﴾ الصافات ﴾.

(عومەر) ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لەسەر بـێ بـەهۆی بیـستنی ئایـەتێك یـەك مـانگ لەسەر جێگا نـەخۆش کـەوتو لـە پـەلوپۆ بـو، وەکـو کەسـێکی نـەخۆش دەهـاتن بـۆ دیدەنی، هەروەکو ئیبن کەسیر ئەمە دەگێڕێتەوە.

﴿وَلَوْ أَنَّ قُرْءَانًا سُيِّرَتْ بِهِ ٱلْجِبَالُ أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ ٱلْأَرْضُ أَوْ كُلِّمَ بِهِ ٱلْمَوْتَىٰ ... ئەگـــــەر قورئانـێ واش هـەبا کـەژی لـەجێ لابردبـان، یـان زەوی پـێ لـەت کرابـا، یـان مـردوی وەقسـە هێنابان، ﴿هێشتاش باوەڕیان نەدێنا﴾. ﴿٣١﴾ الرعد ﴾.

هەروەها (زەهەبی) دەگێڕێتەوە کە (عبدالله)ی کوڕی (وەهەب) لە ڕۆژی هەینیـدا بە ڕێگادا دەڕۆیشت گوێی لە گەنجێك بو ئەم ئایەتەی دەخوێند: ﴿ وَإِذْ يَتَحَآجُّونَ فِى ٱلنَّارِ ... کە ئەوسا لە ناو ئاگردا کێشە دەگەڵ یەکتر دەکەن. ﴿٤٧﴾ غافر ﴾.

یـەك سـەر بـێهۆش کـەوتو، بـەرەو مـاڵ بردیانـەوە، سـێ ڕۆژان بـە نـەخۆشـی مایەوەو، لە ڕۆژی چوارەم دا گیانیدا.

یـەکێ لـە زانایـانیش بـۆی گێڕامـەوە کـە لـە مەدینـەدا نوێـژی دەکـردو یـەکێ لـە قورئان خوێنان سورەتی (واقعة) دەخوێنێ، گوتی: بێ دەستی خۆم، ترس‌و لـەرزێکی وەهـام ڕێ نیـشت لـە جێگـای خۆمـەوە دەلـەرزیـم‌و دەهـەژام، لەگـەڵ ئـەوەی گریـانم بەسەردا هاتو ئاو لە چاوم هەڵڕژا.

﴿ ... فَبِأَىِّ حَدِيثٍۭ بَعْدَهُۥ يُؤْمِنُونَ ... دەیسا لە پاش ئەم قورئانـە بـە کـام قـسە بـڕوا دەکەن؟ ﴿١٨٥﴾ الأعراف ﴾.

بەڵام ئەو جێ باسەمان چ پەیوەندیەکی بەلایەنی بەختەوەریوە هەیە؟!.

بێگومان ئەو شڵەژان‌و ئاڵۆزیەی مرۆڤ لە بیست‌و چوار کاتـژمێردا دەیگوزەرێنـێ، بەڵێنی دەرن بەوەی بیرو هۆشی بشێوێنێ‌و، دوچاری نیگـەرانی بـێ‌و دایبڕمێنـێ، جـا ئەگەر بەرەو ماڵ گەڕایەوە، گوێ بیست‌و گوێ لە مستی وتەی پەروەردیاری بێ‌و تێی

بفکـرێ، لـە قورئـان خـوێنێکی دڵپـاکی دەنـگ زوڵاڵ گـوێ بگـرێ، زەیـن‌و هۆشـی دەگەڕێتەوە، هەست‌و نەستی وەسەرخۆ دێتەوەو، هێورە دەبێ‌و دەحەسێتەوە.

من بە سای ئەو وتەیەم لە مەترسی ئەو کەسانە ئاگادارت دەکەمـەوە، کـە مۆسـیقا بە هۆکـاری دڵارامـی‌و بەختـەوەری‌و ئاسـودەیی‌ان دادەنـێن، چـەند کتێبێکیـشیان لـەو بارەوە نوسیوە، زۆر بەشیان بەوە خۆ هەڵدەکێشن کـە خۆشـترین‌و ڕازاوەتـرین کـات‌و سـاتی تەمـەنیان ئـەو کاتەیـە گـوێ بـۆ موسـیقا دەگـرن، بەڵکـە نوسـەرانی ڕۆژئـاوا ئەوانەی لە مەڕ ڕەواندنەوەی نیگەرانی‌و دەستەبەر، کردنـی کامـەرانی نوسـیوێتیان، مۆسیقا بە یەکێ لە هۆکاری بەختەوەری دەزانـن. ﴿ وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِندَ ٱلْبَيْتِ إِلَّا مُكَآءً وَتَصْدِيَةً ... نوێـژیان لـە مـاڵی خـودادا هـەر بریتـی لـە چەپڵەو فیتـو کێشانە. (٣٥) الأنفال ﴾.

﴿ ... سَٰمِرًا تَهْجُرُونَ ... لـە شەونـشینی خۆتانـدا، هاتـەران پاتـەرانتان بـو [٦٦٤]. (٦٧) المؤمنون ﴾.

لە ڕاستیدا مۆسیقا جێگرەوەیەکی خراپەو، گوێ بۆ گرتنی تاوانـە، لەگـەڵ ئـەوەی ئێمە پیت‌و فەڕێکی وامان لە لایە کە بەسەر پێغەمبەری خـوادا ﷺ هـەڵڕژاوە، ئـەو ڕاستی‌و دروستیەو ئاڕاستە بەجێ‌و لە جێیەمان لە دەستە، کە کتـێبی خـوای بـەرزو توانـا لـە خـۆی گرتـوە: ﴿ لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ ۖ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ... پڕوپوچ لە ڕوی ناوەستێ - چ ڕوبەڕو، چ پاشـملە - ئەمـە کارزانێـك ناردویـە کە هەر دەبێ پەسنی بدرێ [٦٦٥]. (٤٢) فصلت ﴾.

ئەوسا گوێ هەڵخستنمان بۆ قورئان گوێ گرتنێکە بـە گـوێرەی بـاوەڕداری‌و یاسـاو ڕێسای خواو سوننەتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ڕاست‌و لەجێیـە ﴿ وَإِذَا سَمِعُوا۟ مَآ أُنزِلَ

---

٦٦٤ قسەی بێماناو هیچ‌و پوچ.

٦٦٥ پێیدا هەڵبوترێ.

إِلَى ٱلرَّسُولِ تَرَىٰٓ أَعۡيُنَهُمۡ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمۡعِ مِمَّا عَرَفُواْ مِنَ ٱلۡحَقِّۖ ... دەیانبینی ئەسرین لە چاویان دەوەرێ‌و چونکە لە ڕاستیەکە دەگەن. ﴿٨٣﴾ المائدة ﴾.

گوێگرتنی ئەوانیش لە دەنگی مۆسیقا گوێگرتنێکی لەبیر بەرەوەو خەڵەفێنەرە، تەنیا کەسانێکی بێ ئامانج‌و چەپەڵکارو، سەرەڕۆ [٦٦٦] بە کاری خۆیانی دەزانن ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ... لەم خەڵکەدا ئی وا هەیە کرپاری قسەی بێتامەو، لە نەزانی دەیەوێ خەڵك لە ڕێگەی خوا لابدا. ﴿٦﴾ لقمان ﴾.

هەمویان بە دوای بەختەوەریدا دەگەڕێن بەڵام

زانای (ئیسکافی) کتێبێکی بە ناونیشانی (لطف التدبیر) نوسیوە، کتێبێکی زۆر پڕ واتاو، سودبەخش‌و، دڵگیرو سەرنج ڕاکێشە، تیایدا باس لە بەدوادا گەڕانی سەربڵندی‌و بەختەوەری‌و وەدەی هێنانی خواستەکان دەکا.

هەست دەکەی زۆرێك لە کاربەدەست‌و دەسەڵاتداران، وێژەران‌و هۆنەران، هەندێکیش لە زانایان، چەندین فێڵ‌و تەڵەکەو، پێچ‌و پەناو، ڕێگە چارەیان گرتۆتە بەر، هەمویان ئاسودەیی‌و بەختەوەری‌و، دەستەبەرکردنی خواستەکەنیان گەرك بوە، هەتاوەکو ئەوە هەندێکن لە جێ باسی ئەو کتێبە:

لە نەرم‌و نیانی ڕێکخستندا، لە بێهۆشکردنی ئاژاوەدا، چاکردنەوەی لاساری، یاخود ئاشتەوایی کردن، چارەی کەسێکی ڕوخاو چیە، لە فێڵ‌و تەڵەکەی ناحەزان، خەڵەفاندنی گچکەیێ بۆ گەورەیێ، وەلانانی ناخوشێێك بە قسەیێ، لەمەڕ لابردنی ناخۆشی بە ناخۆشی، لە نەرم‌و نیانی ڕێکخستن دەربارەی ناخۆشی لابردن، لە هەڵس‌وکەوتی دەسەڵاتداری، لەمەڕ تۆڵەسەندنەوە لە زەوت کاری مولکێ، دەربارەی ڕزگاربون لە بەڵایێ، دەربارەی کوشتن‌و خۆ لێپاراستنی، دەربارەی دەرخستنی کارێك لە پێناو شاردنەوەی کاری تردا، تا کۆتایی ئەو جێ باسانە.

---

٦٦٦) بێ ئاکام.

سەیر دەکەم هەمویان بـەدوای بەختـەوەری‌و دڵارامیـدا گـەڕاون، وەلـێ کـەمێکیان ئەو ڕێگایەیان دۆزیوەتەوە کە پێی بەختـەوەر بـن، سـێ سـودو کەڵکیـشم لـەو کتێبـە وەدەست هێناون:

یەکەم: هەر کەسێ هەمیشە خوا ویستی لەبەرچاو نەگرێ، بەرهـەمو قـازانجی بـەرەو زیانباری وەردەچەرخێ، خێرو خۆشی بـەرەو پـەژارەو خاکـە ساری وەردەگـەڕێ ﴿... سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨٢﴾ الأعـراف﴾... وردە وردە - بێئـەوەی بە خۆ بزانن- بەرەو تێداچونیان دەبەین.﴿١٨٢﴾ الأعراف﴾.

دووەم: ئەو ڕێگـە چارە سەختو دژوارەی زۆربەی خەڵکان لە پێناوی وەدەست هێنانی بەختەوەریدا بە دەر لەم شەریعەتە دەیگرنەبەر، بە شێوازێکی ساناترو نزیکتـر لە پەیامی پەیامبەرایەتیدا وەدەستی دێنن، ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا مَا يُوعَظُونَ بِهِۦ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا ... کەچی ئەگـەر وەکو نەسیحەتیان دەکـرا کردبایان، بـۆ ئەوان چاکی دەهێناو باوەڕیشیان پتەوتر دەبو. ﴿٦٦﴾ النساء﴾.

جا خێرو خۆشی دنیاو دوا ڕۆژ وەدەست دێنن.

سـێیەم: خەڵکانێك هەن، دنیاو دواڕۆژیان لە دەستداوە، گومانیـشیان وایـە کارێکی باشیان ئـەنجام داوە بەختـەوەریان وەدەسـت هێنـاوە، کەچـی ئەویـشیان چـو ئەمیشیان چو، هۆکارەکەشـی بۆ ئەوە دەگەڕێتـەوە لەو ڕاسـتە ڕێگـایەی خـوا پێغەمبەرانی پێدا ڕەوانـە کـردوەو کتێبەکـانی پێـدا نـاردوە ئـەوان پـشـتیان تێ کردوە، کەچی هەر ئـەو ڕێگای بـە دوادا گـەڕانی ڕاستیـەو، هەڵـە لـە بڕیـاری دانیـــــە، ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا ۖ لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ ... قـــــسەکانی پەروەردەت -لە بێ لایەنگریو ڕاستیدا- تەواوو بێ کەمو کوڕین، کـەس ناتوانـێ بیانگۆڕێ. ﴿١١٥﴾ الأنعام﴾.

وەزیرێـك لـە خۆشـیو نـازو گـوزەرانـد، لـە پڕێکـا خـەڵکی نادیـارو، پەژارەیـەکی بـە ئـازار یەخـەی دەگـرێ، ئـەویش هـاواری لـێ هەڵدەسـتێ و شـیعرێك دەهۆنێتەوەو تیایدا ژیانی دنیا بەکەم دەنرخێنێو حەز بە ژیانی ناو گۆڕ دەکا.

هەڵوەســتەیــەك

با موسڵمان لە کاتی حاڵ خۆشیدا: واتـە لـە کـاتی هـەبوویی و تەندروستی و شـێنەییدا، نـزا بکـاو بپارێتـەوە، چـونکێ یـەکێ لـە خورەوشـتی بـاوەڕداری یـەك بـاوەڕو[٦٦٧] سـوپاس گوزار، ئەوەیە بەر لە هاویشتنی تیر، پەڕی بۆ دروست دەکا، بەرلەوەی ناچار ببێ، هانای وەبەر خوا دەبا، بە پێچەوانەی بـێ بـاوەڕی چارەڕەش و بـڕوادارى بـێ ئاگـا ﴿وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ضُرٌّ دَعَا رَبَّهُۥ مُنِيبًا إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُۥ نِعْمَةً مِّنْهُ نَسِىَ مَا كَانَ يَدْعُوٓا۟ إِلَيْهِ مِن قَبْلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا ... ئەم مرۆیە کە تەنگانێکی دەگاتێ، ڕوەەر لـە خـودا دەکـاتو لەبـەری دەپارێتەوە. هەر کاتێکیش لەلایەن خۆی پا بەهرەیەکی بە ئەو گەیاند، لە بـیر دەکـا کـە دەپێشدا لەبەری پاڕاوەتەوەو شەریکانێك بۆ خوا دەدۆزێتەوە. ﴿٨﴾ الزمر﴾.

هەرکەسێ خوازیـارە لـە چـەپۆکی تەنگانـەو ژیـنو ژاری ژیـان ڕزگـاری بـێ، لەسـەری پێویـستە بـەدڵو گیـان ڕوی لـە خـوای ڕاستەقینە بـێ - گـەورەییو پـیرۆزی بـۆ ئـەو — بلالێتـەوەو سـوپاسو ستایـشی بـۆ بنوێنـێ، چـونکێ - هـەروەکو پێـشـەوا (حولـەیمی) دەڵێ — مەبەسـت لە نزاو پاڕانەوە لە کاتی خۆشیدا، ئەوەیە سـوپاسو ستایـشی بکـەیو دان بـە بەهرەکانیـدا بنێـی، کـار ئاسـانیو دەسـت گیرۆیـیو یارمـەتی لـێ بخـوازی، داوای چاوپۆشی لە کەمو کوڕیەکانت بکەی، بە ڕاستی بەندە - ئەگەر چی هـەوڵیش بـدا - ئـەو ئەرکو مافانەی خوا بە سەریەوەن بێ کەمو کـوڕی بـەجێیان ناهێنـێ، هـەر کەسـێکیش لەو ساتەی لە هێمنو ئارامی دایەو تەندروسـتی تـەواوەو دەرفـەتی لـە دەسـت دایـە ئـەو هەلە بۆ خۆی نەقۆزێتەوە، ئەگینا ئەو فەرمودەیەی خوای گـەورەی بەسـەردا جێبـەجێ دەبـــێ کـــە دەفـــەرموێ: ﴿فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ ... هەرگا سواری کەشـتی دەبـن، بـە دڵـی پـاك لـە بـەر خـودا دەپارێنـەوە. ئەگـەر خـودا نـەجاتی دانو گەیاندنیـە سـەر وشـکانی، دەڵـێن: خـودا شەریکی هەن. ﴿٦٥﴾ العنكبوت﴾.

---

٦٦٧) نەگۆڕاو.

یا بەهەشـتە، یـا دۆزەخ

ڕۆژنامەکانی جیهانی هەواڵی خۆکوشتنی سەرەك وەزیرانی فەڕەنسا لـە دەسـەڵاتی سەرۆك (میتران)دا بڵاوکردەوە.

هۆکاری خۆ کوشتنی ئەوە بو هەندێك لە ڕۆژنامە نوسانی فەڕەنسی بـە ڕەخنـەو پەلارو جوێن پێدان هێرشێکیان کردە سەر، ئەو هەژارو نەدارە هیچ باوەڕو ئـارامیو داسـەپاوی شـك نـەدەبرد، هـیچ پاڵپـشتێکی دەرك پـێ نـەکرد خـۆی لـە پـەنادا وەحەسێنێو هانای وەبەر بێنێ، بۆیە تازو بو خۆی کوشت.

ئەو پیاوە بێدەسەڵاتو بێچارەی پەنای بۆ خۆکوژی هێنا ئاشنای ڕێنمایی خوایی نـەبو، کـە لـە وتـەی خـوای بـێ هاوتـادا خـۆی دەنوێنـێ: ﴿وَلَا تَكُ فِي ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ ... لەو فێڵو تەڵەکانەش دەیکەن دڵتەنگ مەبە. (١٢٧) النحل﴾.

ئەو فەرمودەیەش: ﴿لَن يَضُرُّوكُمْ إِلَّا أَذًى ... ئەوانیش - مـەگین هەربـەدەم- دەنا هەرگیز ناتوانن بۆتان بەزەڕبن. (١١١) آل عمران﴾.

هـــەروەها دەفـــەرموێ: ﴿وَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَاهْجُرْهُمْ هَجْرًا جَمِيلًا ... بـــۆ ئـــەو قسانەش کە دەیکەن خۆڕاگر بە، لێشیان لادە بەلا لێدانێکی پەسەند. (١٠) المزمل﴾.

چونکێ کەسی ناوبراو کلیلی ڕێنمایی لە دەست نەبو، ڕێگای ڕاستو ڕەوانیشی لـێ ون بو: ﴿مَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَلَا هَادِيَ لَهُ ... خوا ڕێ لە هەر کەس بگۆڕێ، هـیچ ڕێبـەری دەس ناکەوێ. (١٨٦) الأعراف﴾.

ئەوانـەی بـەدەرن لـە ئیـسلام ئامۆژگاریـان بـۆ ئەوانـەی کـۆڵی خـەمو پـەژارەیان خستۆتە کۆڵ، ئەوەیە فەرمانیان پێ دەکەن لەسەر کەناری ڕوبار ڕابوێرنو، گـوێ لـە مۆسیقا ڕادێرن، گەمەی تاوڵە بکەنو، لەسەر بەفر خۆ بخشێنن.

بـەڵام کەسـانێ هـەڵگری پـەیامی ئیـسلامن تـەنیا خـوای ڕاسـتەقینە بـە شـیاوی پەرستن دەزانن ئامۆژگاریان ئەوەیە: لەناو گوڵشەنی خواپەرستی لـە نێـوانی بـانگو

قامەتدا دابنیشن، بە یادی خوای تاقانەوە دەنگیان هەڵبڕن، بۆ بڕیارو قەدەری خوا ملکەج بن، بە بەشی خوا پێداویان ڕازی بن، پشتیش بە خوای بەرزو توانا ببەستن.

﴿أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ... ئەدی ئێمە تۆمان سینە فراوان نەکرد. ﴿١﴾ الشرح﴾.

ئەو ئایەتە لەمەڕ پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتە خوارێ، ئەو دەستەواژەیە لە دڵی پێغەمبەردا کاری خۆی کرد، هەستو نەستی بێ گرێ بو، گەشبینو، دڵ گوشاد بو، سینەو ناخی ئاوەدان بو، میهرو سۆزی فراوان بو، لە ژیانیدا کار ئاسان بو، لە ناو دڵەکاندا جێگیر بو، لەگەڵ شکۆداریدا بارسوکی بو، لەگەڵ شانو شەوکەتیدا تێکەڵی ناو خەڵکی بو، لەگەڵ شکۆمەندیدا هەمیشە خەندە لێو بو، لەگەڵ بەرزی پلەیدا لەگەڵ خەڵک تێکەڵاوبو، لەگەڵ شکۆمەندیدا هەمیشە خەندە لێو بو، لەگەڵ پایە بەرزی دا خەڵکانی خۆش دەویستو، لەگەڵ بێگانەو خۆیانەدا ئاسایی بو، هەرچی ڕەوشتی بەرزە لە خۆی گرتبو، ڕەنگو ڕوخساری کراوەو، درەوشاوە بو، زۆر بە شەرمو شکۆ بو، بە وتەی خۆشو دۆستانە ڕوخۆشو بە خەندە بو، لەگەڵ مێوانیدا ڕوگەش بو، بە بەهرەو خەڵاتی خوا دڵ شاد بو، بۆ بەخشینی بەهرەی خوایی دەست کراوە بو، بێ ئومێدی ڕوی تێ نەدەکردو، هەستی بە دارمان نەدەکرد، هەمیشە کۆڵنەدەر بو، هیوادارو، پشو درێژ بو، گەشبینی لا گرنگ بو.

ڕقی لە قوڵ کردنەوەو [٦٦٨] دەم پانکردنەوە بو، ڕقی لە فاقو بریق پێدانی قسەو تۆبزی لەخۆکردن بو، چونکی خاوەنی بەرنامەیەکو هەڵگری پەیامێک بو، پێشەنگو پێشەوای گەلو نەتەوەیەک بو، مامۆستاو فێرکاری میللەتێک بو، پەروەردەکاری خێزانێک بو [٦٦٩]، مەردی کۆمەڵگایەک بو، گەنجینەیەکی پڕ بەها بو، هەڵگری خونەریتی بالا بو، خۆری درەخشانو، دەریای بەخشش بو.

بە کورتی: بۆ هەمو شتێ ئاسانکار بو، بە پوختی: ئەوە هەڵسوکەوتی بو: ﴿... وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَٱلْأَغْلَٰلَ ٱلَّتِى كَانَتْ عَلَيْهِمْ ... گرانایی زنجیریان لەسەر لادەبا، کە بە وانیان شەتەک دابون. ﴿١٥٧﴾ الأعراف﴾.

---

٦٦٨) درێژە پێدانی بێ سود.

٦٦٩) هەمو موسڵمان وەکو یەک خێزانن.

بە واتایەکی تـر ئەوەنـدە بەســە کـە: ﴿رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ ... بـو!! بـۆ هـەمو خـەڵک بەزەیی بو. ﴿١٠٧﴾ الأنبياء﴾.

﴿شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا ﴿٤٥﴾ وَدَاعِيًا إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجًا مُّنِيرًا ... (ئـــــــەی پێغەمبەر! ئێمە بۆیە ناردومانی)، شایەتـو مزگێنی‌و ترسێنەر بـی، بـە ئیزنـی ئـەو، خەڵک بۆ خودا پەرستی گاز بکەی‌و چرایەکی تیشکدەر بی. ﴿٤٦﴾ الأحزاب﴾.

ئـەوەی لەمپـەرو بەربەســتی رێـی پـەیامی ســوک‌و ئاسـانە: خـۆ پـێ زۆری سـنور بەزێنەکان‌و، بێ دینی خۆ بە ژیر زانان‌و، گەوجی بیدعە چیەکان‌و، خۆ بە زانا زانی لوت بڵندان‌و، دێوانەیی شاعیران‌و، سـەودا سـەری گـۆرانی بێـژان‌و، فـرو فیـشاڵی دنیـا پەرستان‌و، لاساری بـیری کاسەلیـسانە ﴿... فَهَدَى اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا لِمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ ۗ وَاللَّهُ يَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ... ئـیتر خـودا بـە ئیزنـی خـۆی رێگەی ڕاستی نیشان باوەڕداران داوتێی گەیاندن ئەو کێشە لەبەرچی کـرا. خـودا بـۆ هەر کەس حەز بکا شارەزای ڕاستەڕێی دەکا. ﴿٢١٣﴾ البقرة﴾.

واتـــای خۆشـگـــوزەرانـــی

یەکێ لە زیرەک‌و شارەزایانی ئینگلیز دەڵێ: تۆ دەتوانی لە ناو بەندی خانـەدا لـەو دیوی شیشی ئاسنیدا، هەر لە شوێنی خۆتەوە بەرەو ئاسۆ بڕوانی گوڵێک لـە گیرفانـت دەربێنی‌و، بۆنی بکەی‌و پێبکەنی، لە دەستیشت دێ ئەگـەر چـی لـەناو کۆشکدا بیـت لەسەر حەریـرو ئاوریـشما بخـەویت، بـەڵام تونـدو تیـژو ڕق ئەسـتور بیـت لـە ئاسـتی ماڵ‌و منداڵ‌و خاوخێزانتدا دەنگ هەڵبـڕیت [٦٧٠].

کەوایە بەختەوەری لە کات‌و شوێندا پەیـدا نـاکرێ، بەڵکـە لـە بـاوەڕو گوێڕایـەڵی خوای تۆڵە سێن‌و لەناو دڵدا وەدی دەکرێ. دڵـیش شـوێن تەماشـای پـەروەردگارە، جـا ئەگەر دڵنیایی تێـدا بـسەپێ، بەختـەوەری لـێ هەڵدەقوڵێ‌و، خۆشـی‌و شـادی بەسـەر

---

٦٧٠)بەسەریاندا بقیڕێنی.

گیان‌و ڕۆحدا هەڵدەڕژێ، پاشان بەسەر دەور وبەریشدا دەباڕێ، سەر چیاکان‌و ناو دۆڵایی‌و دەشت‌و دەریش دادەگرێ.

(ئەحمەد)ی کوڕی (حەنبەل) بەرگێکی سپی بە پینەی لەبەر بو کە بە دەستی خۆی دوری بو، لە خانوێکی سێ ژوری قورپدا دادەنیشت، تەنیا تیکە نانێك‌و هەندێك زەیتی شك دەبرد، هەروەکو ئەوانەی مێژوی ژیانیان نوسیوە لێی دەگێڕنەوە کە حەڤدە ساڵ بو پێڵاوێکی لەپێ بو هەر پینەی دەکردو دەی دوریەوە، لە مانگێ دا یەك جار گۆشتی دەخواردو زۆربەی ڕۆژەکانی تر بە ڕۆژو بو، لە پێناوی بەدوادا گەڕانی فەرمودە دنیاو بنای لێکدا، لەگەڵ ئەوەدا هەستی بە ئاسودەیی‌و کامەرانی‌و هێمنی‌و هەداری دەکردو، بەختەوەرانە ژیانی بەسەر برد، چونکێ خۆڕاگرو سەر بڵند بو، ئامانجی ژیانی خۆی دەزانی، هەوڵ‌و گەڕی لە پێناوی سەرەنجامێ بو، خوازیاری بەخشش‌و خەڵاتێ بو، چاوی لە وەدەستهێنانی بەهەشتێ بو.

ئەو خەلیفانەی لەسەردەمی ئەودا حوکم ڕانی دنیایان دەکرد، وەکو: (مەئمون)و (واسیق) (موعتەسیم)و (موتەوەکیل)، خاوەنی چەندین کۆشك‌و باڵەخانەو، زێڕ‌و زیوو، فێڵ‌و تەڵەکەو، دەست‌وپێوەند بون، خێوی چەندین دروشم‌و نیشانەو دیمەن‌و ڕواڵەت‌و، زەوی‌و زاربون، ئەوەی ئارەزویان دەکرد لەبەردەستیان دابو، لەگەڵ ئەوەشدا بە ئەشکەنجەو ئازارەوە دەیانگوزەراندو، تەمەنیان لەناو خەمو پەژارەو، نیگەرانیدا، لە ناو شەڕو شۆڕو ئاژاوەو دەردە سەریدا، بە ڕێ دەکرد، هەندێکیان لە سەرەمەرگدا پەشیمانی خۆیان لەسەر زیادە ڕۆیی‌و سەرپێچی لە فەرمانی خوا دەردەبڕی.

(ئیبن تەیمیە)ی شێخی ئیسلام، نە پلەو پایە، نە ماڵ‌و سامان، نە خانوبەرە نە خاوو خێزان لەوانە هیچی نەبو، لە تەنیشت مزگەوتی (بەنی ئومەییە) لە ژورێکدا جێ نشین بو، ڕۆژانە یەك کولێرەی هەبو، دو بەرگی هەبوئەمیانی بە ئەو دەگۆڕی، هەندێ جار لەناو مزگەوتدا دەخەوت، بەڵام هەروەکو باس لە خۆی دەکا: بەهەشتی لە سینەی دابو، کوشتنی شەهیدی بو، بەندیخانەی خەڵوەتگا بو، شاروەدەری گەشت‌و سەیران بو، چونکێ نەمامی باوەڕی لەناو دڵدا ڕوابو، بە فەرمانی خوا لە هەموەرزێکا بەردار بو، بە یارمەتی‌و چاودێری خوا ئاو درابو، ﴿ ...يُضِيٓءُ وَلَوۡ لَمۡ تَمۡسَسۡهُ نَارٞۚ نُّورٌ عَلَىٰ نُورٖۖ يَهۡدِي ٱللَّهُ لِنُورِهِۦ مَن يَشَآءُۚ ... (تۆ ئێژی ڕونی چراکە - بە بێ

ئاگر تخون كەوتن-) تیشـــك دەدا، ڕوناكی لە بان ڕوناكی. خودا هەر كەسێ حەز بكا، ڕوناكی خۆی نیشـان دەدا. ﴿٣٥﴾ النور ﴾.

﴿ ... كَفَّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ ... خودا هەمو گوناهەكانیانی پۆشیو كاروبـاری ژیانیانی بۆ ســـامان دان [٦٧١] . ﴿٢﴾ محمد ﴾.

﴿ وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى وَآتَاهُمْ تَقْوَاهُمْ ... ئـــەو كەســـانەش كـــە هاتونـــە ســـەر ڕاستەڕێ، پتر شارەزایان دەكاو ترسی خوایان پتر دەخاتە دڵەوە. ﴿١٧﴾ محمد ﴾.

﴿ تَعْرِفُ فِي وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ النَّعِيمِ ... لـــە چـــارەیان [٦٧٢] تـــەڕو بـــەلی [٦٧٣] خۆشـــگوزەرانی دەزانی. ﴿٢٤﴾ المطففين ﴾.

(ئـەبو زەر) خـوا لێـی ڕازی بـێ لـەناو ئـاوەدانی چـوە دەرو، لـە چـولگەدا چـادرو ڕەشـــماڵی هەڵـــدا، خـــاوو خێزانیـــشی وەگـــەڵ خۆیـــدا، زۆربـــەی ڕۆژان بـــەڕۆژو بـــو، دروستكاری خۆی دەپەرستـو، قورئـانی دەخوێنـد، تـێ دەفكـریو یـادی خـوای خـۆی دەكـردو نـاوی بـە پـاك ڕادەگـرت، لـە مـاڵی دنیـا تـەنیا ڕانـە مـەڕێكو، داردەسـتێك، قاپێـكو لەگـەنێك، پۆشاكی بـەریو چادری سەرسـەری شـك دەبـرد، ڕۆژێ لـە ڕۆژان دۆستو یارانی هاتنە دیدەنی، پێیان گوت: كوا دنیا؟ لە وەڵامدا گـوتی: لـەو مـاڵەمـدا هیـچ پێویستیم بە دنیا نیە، كەچی پێغەمبەرمان ﷺ هەواڵی پێداوین كە ڕێگایەكی زۆر سەختو دژوارمان لە ڕێدا تەنیا كەسێكی بارسوك پێیدا گوزەر دەكا.

لەگەڵ ئەوەدا، دڵخۆشو شادمان بو، ئـەوەی لـە ژیانیـدا پێویـست بـو لەبەردەسـتی دابو، وەلـێ ئەوەی لە پێویست بەدەر بـێ، مایەی سەرقاڵیو خەمو پەژارەو ئازارە.

لە پارچە هۆنراوەیەكمدا بە ناونیشانی: (ئەبو زەر) لە چاخی پازدەهەمیندا، باس لە دوریو تەنیاییو گۆشەنشینیو بەختەوەری (ئەبو زەر) دەكەم، باس لـەوە دەكـەم، كە بە گیانو بیروباوەڕەوە كۆچ دەكا، هەروەكو بڵێی خۆی لە شیعرەكەدا لەگەڵ خۆی دەدوێ.

---

٦٧١) بۆ ڕێك خستن، بۆ چاك كردن.
٦٧٢) لە ڕوخسارین.
٦٧٣) ناسكو لاوی، تەڕو تازەی.

کەوایـە بەختـەوەری کامـەیـە؟!

((كن في الدنيا كأنك غريب او عابر سبيل... لە دنیادا وەکو کەسێکی نامۆ، یا ڕێبوارێك بژیێ، فطوبى للغربـاء... جا نامۆیان خۆشی لە خۆیان)).

بەختەوەری لە کۆشکی پاشایانو لەشکرو سوپای زلهێزانو باڵەخانەو تەلاری (خوا پێداوان)و گەنجینەو گەوهەری (قارون)دا نیە، لە کتێبی فەلسەفەو، دیوانی شیعرو باخو گوڵشەنی جوان ڕازاوەشدا نیە.

یاوەرانی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ ئەوەی کەم دەرامەت بون، نا گزورو تەنك دەست بون، گوزەران سەختو کەم بەش بو، وەلێ دڵشادو بەختەوەر بون.

سەعیدی کوڕی (موسەییەب) بە سای باوەڕ پتەوی‌و، بوخاری لە (صحیح)ەکەیداو، (حەسەنی بەسری) لە ڕاستگۆییداو، (شافیعی) لە هەڵێنجانی بابەتە شەرعیەکانداو، (مالیك) لە هەستکردن بە چاوەدێری خوای گەورە داو، (ئەحمەد) لە خۆ پارێزیداو، (سابتی بەنانی) لە بەندایەتیدا، بەختەوەریان وەدەست هێنا ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ لَا يُصِيبُهُمْ ظَمَأٌ وَلَا نَصَبٌ وَلَا مَخْمَصَةٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَطَئُونَ مَوْطِئًا يَغِيظُ الْكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَيْلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُمْ بِهِ عَمَلٌ صَالِحٌ... چـونکو هەرچی لە تێنوێتی‌و ماندوێتی‌و برسێتی -کە لە ڕای خودا توشیان دێ-و هەر هەنگاوێکی دەهاوێن، خوانەناسان تورە دەکاو هەرزەڕیەیێ لە دوژمنی دەوەشێنن، گشتی خودا بە چاکەیان بۆ دەنوسێ. ﴿١٢٠﴾ التوبة﴾.

بەختەوەری چەکی دراو نیە بگۆڕدرێتەوە، وەلاخێك نیە بکرێ، گوڵێك نیە بۆن بکرێ، دانەوێڵە نیە بپێورێ، کوتاڵ نیە بۆ فرۆشتن دابنرێ.

بەختەوەری خۆشی‌و شادی دەرو نە بە سای ئەو ڕاستیەی وەخۆی هەڵدەگرێ، سا نەوەو سرەوتنی دڵە بە سای بەهرەو چاکەیێ باوەشی پێدا ئەگرێ.

ئێمە لامان وابو ئەگەر پەرە بە بەرفرەکردنی خانوبەرەو، مالّو داراییمان بـدەین، هەرچـی مایـەی ئاسـانکاری ژیانـەو، خواسـتو ئارەزومانـە کـۆی بکەینـەوە، ئەوسـا بەختەوەرو کامەرانین، ئاسودەو حەساوەیین، کەچی ئەوانە هەموی هۆکـاری کلّۆلّیو خاکەساریو پەرێشانین، سەبارەت بەوەی هەموشتێك خـەمو پـەژارەو ڕەنـجو بـاجی بەدوادا گەڕانی لەگەڵە ﴿وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ... چاوت مەدە سەر ئەو شتەی کە داومانە بەدەستە گەلـێ لەوانە، کە ئەمە هەر خۆشی ژیانی دنیایەو هەر ویستومانە بە ئەزمونیان بگەیەنین. ﴿١٣١﴾ طه﴾.

گەورەترین چاکار [٦٧٤] لـە جیهانـدا (موحەممـەد) پێغەمبـەری ڕێنماکار [٦٧٥] بـو ﷺ ئەویش بە نەداری دەیگوزەراندو، لە برسان چەمایەوە، قەسـپو خورمـای خراپیـشی دەست نەکەوت برسـێتی پـێ بـشکێنێ، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە خۆشـیو کامەرانیـەکی وا دەژیا، لـە ئاسـودەییو بەختیـاریو، سـینە شـادیو، هێمنیو ئـارامییکی وا دادەیـبردە سـەر هـەر خـوا خـۆی پـێ ئاگـادارە ﴿وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِىٓ أَنقَضَ ظَهْرَكَ ... قورساییشمان لەسەر شانانت لانەبرد؟ ئەوەی پشتی چەماندبوی. ﴿٣﴾ الشرح﴾.

﴿وَكَانَ فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا ... چاکەی زۆر هێژاو گرنگت لە خـواوە دەگـەڵ کراوە. ﴿١١٣﴾ النساء﴾.

﴿ٱللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُۥ ... خـودا خـۆی باشـتر دەزانـێ چ کەسـێ بـۆ پێغەمبەری هەڵبژێرێ. ﴿١٢٤﴾ الأنعام﴾.

لە فەرمودەی (صحیح)یشدا هاتوە: ((البـر حسن الخلق، والاثم مـا حـاك في صـدرك، وكرهـت ان يطلـع عليـه النـاس... چاکە ڕەوشت جوانیـە، گونـاهیش ئەوەیـە لـەناو سـینەتدا بێتو بچێو پێت ناخۆش بـێ خەڵك بەسەری هەڵبـێ [٦٧٦])).

---

٦٧٤) چاك كار/ڕاستکەرەوەی کار.

٦٧٥) کاری ڕێنمایی خەڵك بو.

٦٧٦) پێی بزانێ.

بێگومـان چـاکە نوانـدن شـادی دڵو، سـوکنایی دەرونـە: لـە فەرمودەشـدا هـاتوە: ((البـر طمأنينة، والاثم ريبة... چاکە دڵنیاییەو، تاوانیش دو دڵیە)).

شتێکی ڕونو بەرچاوە، مرۆڤی چاکەکار لە هێمنیو هەداریـدا ژیـان بەسـەر دەبـا، مرۆڤـی بـە گومـانو دو دڵیـشی لـە جەوجـۆڵو ڕوداوو شـتی بـەر مەترسـی [٦٧٧] دەسـڵەمێتەوە [٦٧٨] ﴿... يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ ... هـەر هەرایـەك لـە دژی خۆیـان دەزانن. ﴿٤﴾ المنافقون﴾.

هۆکارەکەی ئەوەیە تەنیا خراپەی ئەنجام داوە، مرۆڤی تاوانکار ناچارە دوچاری دڵەڕاوکێو نیگەرانیو پەشۆکان بێو، لە ترسان بڕەوێتەوە.

چارەسەری ئەوانەی بە دوای بەختەوەری دادەگەڕێن ئەوەیە: هەمیشە چاکە کار بـن، خۆیـان لـە تـاوان دور بگـرن، بـۆ ئـەوەی حەسـاوە بـن ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَمْ يَلْبِسُوٓا۟ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ ... ئـەو کەسـانەی بڕوایـان بـە خـودا هێناوە بڕواکەیان تێکەڵی ناحـەقی نـەکرد، دڵنیایی بـۆ ئەوانـەو شارەزای ڕای خـودا ئەون. ﴿٨٢﴾ الأنعام﴾.

سـوارێك بـە تـاو دەهـاتو تـۆز لـە سـەر سـەریەوە بڵنـد دەبـو، دەیەویـست خـۆی بگەیەنێتە (سەعد)ی کوڕی (ئەبو وەقاس)، لە کاتێکا (سەعد) دور لە قـاوو قیـژو [٦٧٩]، دور لە گێچەڵی، تەنیا بە خۆیو خاووخێزانی، لەگەڵ ڕانە مەڕێکدا لە نـاو جەرگـەی بیابانـدا چـادرێکی هەڵـدا بـو، سـوارەکە لێـی نزیـك بـۆوە سـەیر دەکـا (عومـەر)ی کوڕیەتی، کوڕە بە باوکی دەڵێ: باوکە وا خەڵك لەسەر دەسەڵات کێشەیانە، کەچی تۆ بە لەوەڕاندنی مەڕو مااڵتت خەریکی. ئەویش گـوتی پـەنا بـە خـوا لـە خراپـەی تـۆ، منیش دەزانم خەلیفایەتی بۆ من شایستەترە لـەوەی بـە خـۆمو بـەو بەرگـەی بـەرم بەسەر بەم بەڵام گوێم لە پێغەمبەری خودا بو ﷺ دەیفـەرمو: ((ان الله يـحب العبد

---

٦٧٧) مەترسیدار.

٦٧٨) دەڕەوێتەوە/دەترسێ.

٦٧٩) هەرا هەرا.

الغني التقـي الخـفيّ... خوای گەورە بەندەی بێ پێویستی لە خوا ترسی خۆ حەشاری خۆش دەوێ)).

بێ گومان ئەگەر موسڵمان پارێزگاری دینی خۆی بێ گەورەتر لەوەی دەسەڵاتو پایەی (کیسرا)و (قەیسەر)ی پێ بدرێ، چونکێ هەر ئایینە هەتا لە ناو نازو گۆزی بەهەشتدا جێ گیـرت دەکا، بـەرگریت لـێ دەکا، بـەڵام گومـانی تێدا نیـە ڕۆژێ دێ پلەو پایەت لەدەست چێ ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَرِثُ ٱلْأَرْضَ وَمَنْ عَلَيْهَا وَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ ... ئەم زەمینـەو هەرچـی وا بەسـەریەوەیە لـە دوا جـاردا هـەر بـۆ ئێمـە ئـەمێنێتو سـەر لەبـەریان دەهێنەوە بۆ لای خۆمان. ﴿٤٠﴾ مریم ﴾.

هـەر وتـەی پـاك بۆ لای خـوا بـەرزە بێتـەوە

هاوەڵان گەنجینەی وشەی پاراوو پیرۆزیان لەلابو، کە هەڵبژاردەی مرۆڤایـەتی ﷺ بەو وشانە دەرسـی دابـون. هـەر وشـەیەکیش لـە لای ئـەوان لـە دنیـاو ئـەوەی تیایـدا بایەخدار تر بو، گەورەییو شکۆمەندی ئەوان لەوەدا بو، هەمو کارو فەرمانێکیان بـە سەنگو ڕێزی خۆی هەڵدەسەنگاند.

ئەبوبـەکر داوا لـە پێغەمبـەری خـوا دەکـا ﷺ نزایـەکی فێـر بکـا، ئـەویش پێـی فـەرمو: ((قل: ربّ اني ظلمت نفسي ظلما كثيـرا، ولا يغفر الذنوب الا انت، فـاغفر لـي مغفرة من عندك وارحمني، انك انت الغفور الرحيم ... بڵێ: پـەروەردگارا مـن سـتەمێکی زۆرم دەرحەق بە خۆم کرد، تەنیا تـۆش لـە گوناهان دەبـوری، جا بـە لێخۆشبـونێك لەلایەن خۆتـەوە بم بەخشەو میهـری خـۆتم بـۆ بنوێنـە، بـە ڕاسـتی تـۆ بەخـشندەو میهرەبانی.

پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە (عـەباس) دەڵـێ: ((إسـأل الله العفـو والعافيـة... داوای لێبوردنو تەندروستی لە خوا بکە))، هەروەها بە (عەلـی) دەفـەرموێ: ((قـل: اللّهـم اهدني وسـدّدني... بڵێ: پەروەردگارا ڕێنمایـیو ڕاستەڕێم کەی)).

بە (عوبەید)ی کوڕی (حەسین)یش دەفەرموێ: ((قل: اللّهم الهمني رشدي، وقني شر نفسي... پەروەردگارا هۆشی ژیریم وەبەربێنەوەو، لە خراپەی دەرونیشم بپارێزی.

بە (شەدداد)ی کوڕی (ئەوس)یش دەفەرموێ: ((قلِ: اللّهم اني أسألك الثبات من الامر، والعزيمة على الرشد، وشكر نعمتك، وحسن عبادتك، واسالك قلبا سليما، ولسانا صادقا، واسألك من خير ما تعلم، واعوذ بك من شر ما تعلم، واستغفرك لما تعلم، انك انت علاّم الغيوب... بڵێ: پەروەردگارا لێت دەخوازم لە کارو فەرمان ڕاگیرمکەی، لەسەر ڕاستەڕێ داسەپاومکەی، داوات لێ دەکەم شوکرانە بژێری بەهرەی تۆ بم، بە چاکی بەندایەتی تۆ بنوێنم، داوات لێ دەکەم، لەو شەڕو خراپەش کە تۆ دەیزانی پەنات پێ دەگرم، لەوەش کە تۆ پێی ئاگاداری داوای لێخۆشبونت لێ دەکەم، بە ڕاستی تۆ بە نهێنیان زۆر ئاگاداری بە (مەعاز)یش دەفەرموێ: ((قل: اللهم اعني على ذكرك، شكرك، حسن عبادتك... بڵێ: پەروەردگارا لەسەر یادو سوپاسو باش ئەنجامدانی بەندایەتیت یارمەتیم دە.

بە (عائیشە)ش دەفەرموێ: ((قولي: اللّهم انك عفو تحب العفو، فاعف عني... بڵێ پەروەردگارا تۆ خوایەکی میهرەبانی، لێبوردەییت خۆشدەوێ، دەسا لێم ببورە.

ئەوەی ئەو نزایانە لەخۆیان گرتوە: داوای ڕەزامەندیو میهرو سۆزی خوای بەرزو توانایە لە دوا ڕۆژداو، ڕزگار بونە لە خەشمو قینو جەزرەبەدانی[٦٨٠]، داوای یارمەتی کردنە لەسەر ئەنجامدانی بەندایەتیو سوپاسگوزاری خوای بەرزو بێ هاوتا.

پەیوەندی لە نێوان ئەو نزایانەدا: داخوازیکردنی ئەوەی لای خوایەو، پشت هەڵکردنە لەوەی لە دنیا دایە.

ئەو نزایە داواکاری هیچێك لە مالّو سامانی دنیای دوا بڕاو[٦٨١]، کەلو پەلو فاقو بریقی بێ بایەخو لە بن هاتوی تێدانیە.

---

٦٨٠) سزادانی.

٦٨١) کۆتایی هاتو.

پەروەردگاری تۆ بەم شێوەیە گەلانی ستەمکار لەناوەبا، بێگومـان گـرتنی ئەو تـوند ئێش‌و تـوند ئـازارە

بە راستی مایەی تێشکان‌و دۆڕانی بەندەیـە‌و، مایـەی پـێ خلیـسکان‌و لەدەستدانی شـان‌و شـکۆیە، کـە بەنـدەکانی خـوا بـچەوسێنێتەوە‌و، حـەق‌و مافیـان پـشێلکاو، بـێ چارەو مەفەران ژێر پێخا، هەتا یەکێ لە کاراشنایان[٦٨٢] دەڵێ: لەو کەسە بترسە تـەنیا خوا بە فریادڕەسی خۆی دەزانێ لە دژی تۆ.

بێگومـان مێـژوی گـەلان نمونـەی بەرچـاوو زینـدوی دەربـارەی دەرەنجـامی ستەمکاران لە بیروهزردا تۆمار کردوە.

فەرمو ئەوە (عامر)ی کوڕی (توفەیل) تەڵە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دادەنێتـەوەو دەیـەوێ تیـرۆری کـا، پێغەمبـەری خـوا ﷺ دوعـای لێکـرد، خـوای گـەورە لـوێکی ژەهراوی[٦٨٣] لە قوڕگا شین کردو، لە تاوان هاواری دەکردو، هەر لەجێوە پێی مرد.

(ئەربد)ی کوڕی (قەیس) پێغەمبەری خوای ئازارداو، هەوڵیـدا نەخشەی کوشـتنی بۆ دابڕێژێ، پێغەمبەری خوا ﷺ نزای لێکـردو، خـوای گـەورە هـەورە تریـشقەیەکی لێداو بە خۆی‌و وشترەکەیەوە سوتا.

چـەند سـاتێکی کـەم بەرلـەوەی (حـەجاج) (سـەعیدی) کـوڕی (جوبـەیر) بکـوژێ، (سەعید) نزای لێکردو گوتی: ئەی خوایـە لـەدوای مـن دەسـتی بەسـەر هـیچ کەسێدا نەڕوا.

دوای شەهیدکردنی، (حەجاج) دومەڵێکی[٦٨٤] لە دەستی هاتو، پاشان هەمو لاشـەی تەنیـەوەو[٦٨٥]، هەروەکو گابۆڕە دەیبۆڕاند، پاشان بە ئاهو حەسرەتەوە سەری نایەوە.

(سـوفیان)ی (سـەوری) لـە تـرسی (ئەبوجەعفـەر)ی (مەنـسور) خـۆی حەشـاردابو، (ئەبوجەعفەر) بەرەو حەڕەمی مەکە کەوتەڕێ‌و (سـوفیان)یـش لـەناو حەڕەمـدابو،

---

٦٨٢) شارەزایان.

٦٨٣) غوددەی ژەهراوی.

٦٨٤) گرێیەکی.

٦٨٥) تەشەنەی کردو دای گرتەوە.

(سوفیان) هەستاو دەستی بە پەردەی کەعبەوە گرتو، داوای لـە خـوای بـەرزو توانـا کرد کە رێگا بە (ئەبوجەعفەر) نەدا بچێتە مالّی ئەوەوە، (ئەبوجەعفەر) بەرلـەوەی بگاتە ناو مەککە لەلای بیـری (مەیمون) گیانی لەدەستدا.

هەڵوێسـتی سـتەم لێکـراوان

(ئیبراهیم)ی تەیمی دەڵێ: ئی وا هەیە خراپەم بەرامبەر دەنوێنێ مـن سـۆزم بـۆی دەجوڵێ. یەکێ لە پیاوە چاکەکانی (خوراسان) چەند دینارێکیـان لێ دزی بـو ئـەویش دەستی کـردە گریانـێ، (فوزەیـل) پێـی گوت: بـۆ دەگـری؟ ئـەویش گـوتی: ئـەوەم بـیر کەوتـەوە کە لە ڕۆژی سزادا خوای گەورە مـنو ئـەو دزە بەرامبـەر دەکـا، منـیش دڵـم پێی دەسوتێ بۆیە گریام.

جارێکیـان پیاوێـك پاشمنـدە بـە خراپـە باسـی یـەکێ لـە زانایـانی پێـشینی دەکـا، ئەویش خورمای بۆ ڕەوان دەکاو دەڵێ: چونکێ چاکەی لەگەڵدا کردوم.

وتـم: منـم لەبـەر دەرگـا

لەسەر دەرگای ڕێکخراوی ولاّتە یـەکگرتوەکان لـە نیۆیـۆرك تابلۆیـەك هەڵواسـراوە پارچە هۆنراوەیەکی جوانی شاعیری جیهانی (سـەعد)ی شـیرازی لەسـەر نوسـراوەو، بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدراوە، کە بانگـەوازی برایـەتیو خۆشەویـستیو یـەك ڕیزی دەکا.

بەنـدە پێویـستی بـە دۆسـتو یـاوەرێکی سـودمەند هەیـە کـە خـەمڕەوێنو دڵ داسەپێنی بێ، هاوبەشی شینو شایی بێ، لەگەڵیدا گیان بە گیانی بێ.

﴿ وَٱجۡعَل لِّي وَزِيرٗا مِّنۡ أَهۡلِي ﴿٢٩﴾ هَٰرُونَ أَخِي ﴿٣٠﴾ ٱشۡدُدۡ بِهِۦٓ أَزۡرِي ﴿٣١﴾ وَأَشۡرِكۡهُ فِيٓ أَمۡرِي ﴿٣٢﴾ كَيۡ نُسَبِّحَكَ كَثِيرٗا ﴿٣٣﴾ وَنَذۡكُرَكَ كَثِيرًا ... لـە خزمـانم ئاریکـارێکم بـۆ دانـێ.(مەبەسـت)

هاڕونی برامە. پشتی منی پێ پتەو کە. بیکە شەریکیش لە کارم. تا ئێمە زێدە پەسنی پاکی تۆ بدەین، گەلێکیش یادی تۆ بکەین. ﴿٣٤﴾ طه﴾.

﴿... بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ... (ژن‌و پیاوی بڕوادار) دۆستی یەکترین.﴿٧١﴾ التوبة﴾.

﴿... كَأَنَّهُم بُنْيَٰنٌ مَّرْصُوصٌ ... هەروەکو بلّێی دیواری قوڕقوشمن.﴿٤﴾ الصف﴾ .

﴿ وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ ... بە دڵ ئەوانی کردە هۆگری یەکتری. ﴿٦٣﴾ الأنفال﴾.

﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ... خاوەن باوەڕ هەمویان هەر برای یەکن. ﴿١٠﴾ الحجرات﴾.

پێویستە هاوەڵێکت هەبێ

بێ گومان یەکێ لە هۆکاری کامەرانی ئەوەیە: هاوەڵێکی وەهات دەست کەوێ کەڵک‌و سودت پێ بگەیەنێ‌و، بە سای یاوەری ئەو بەختەوەری وەدەست بێنی.

((اين المتحابون في جلالي، اليوم اظلهم في ظلي يوم لا ظل الا ظلي... لە ڕۆژی دوایی خوای گەورە دەفەرموێ: کوا لە کوێن ئەوانەی لە پێناوی منـدا یەکتریان خۆش ویستوە، دەیانخەمە ژێر سێبەری (عەرشی) خۆم، کە لەو ڕۆژەدا جگە لە سێبەری من هیچ سێبەرێك نیە)).

((ورجلان تحابّا فـي الله، اجتمعا عليه، وتفرقا عليـه... یەکێکی تـریش لەو حـەوت چینانەی لە ژێر سێبەری عەرشی خوادا کۆدەکرێنەوە، ئەو دو پیاوەن لە پێناوی خوادا یەکتریان خۆش دەوێ‌و، لەسەری کۆدەبنەوەو، لەسەریشی جیا دەبنەوە)).

هێمنی خوازراوێکی شەرعی‌و ژیریە

﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ ... دڵنیایی بۆ ئەوانەو شارەزای ڕای خودا ئەون. ﴿٨٢﴾ الأنعام﴾.

﴿ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۢ ... (ئەو پەروەردگارەی) ئەوانی لە هەژاری بێنیاز کردو دڵنیای کردن نەترسن. ﴿٤﴾ قریش ﴾.

﴿ ... أَوَلَمْ نُمَكِّن لَّهُمْ حَرَمًا ءَامِنًا ... ئەدی ئێمە لە شوێنێکی هێمنمان دانەمەزراندون، ﴿٥٧﴾ القصص ﴾.

﴿ ... وَمَن دَخَلَهُۥ كَانَ ءَامِنًا ... (مانگی خوا لە مەککە) هەر کەسێ پەنای پێ بەرێ، ناشێ لە هیچ بترسێ. ﴿٩٧﴾ آل عمران ﴾.

﴿ ... ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُۥ ... ئەوسا کە بینێرە شوێنێ کە نەترسێ. ﴿٦﴾ التوبة ﴾.

((من بات آمنا في سربه معافى في بدنه، عنده قوت يومه، فكأنما حيزت له الدنيا بحذافيرها... هەرکەسێ بە دڵێکی ئارامەوە شەوی کردەوە، تەندروستی لاشەی تەواو بو، بژێوی ئەو ڕۆژی لەلابو، هەروەکو بڵێی دنیای بە هەمو نازو گۆزەوە پێ بڕاوە)).

دڵ لە میانەی باوەڕو ڕۆچونی لە ناسینی حەقداو، لە میانەی پڕبونی بە دڵنیایی: ئاسودەو ئارام دەبێ.

ئاسایشی گەل: بە تەبایی و یەك ڕیزیەوە بەندە، بەوە بەندە کارو فەرمانیان بە دادوەرانە بەڕێوە بچێو، یاساو ڕێسای خوای تێدا ڕەچاو بکرێ.

ترس و لەرزیش لەگەڵ ئاسودەییدا دوژمنن ﴿ فَخَرَجَ مِنْهَا خَآئِفًا يَتَرَقَّبُ ... بە ترسەوە لەوێ ڕۆیی و بە نیگەرانی دەیڕوانی. ﴿٢١﴾ القصص ﴾.

﴿ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ... ئێوە لەوان ترس و نەبێو ئەگەر بڕوادارن دەبێ هەر تەنیا لە من بترسن. ﴿١٧٥﴾ آل عمران ﴾.

یەکێ لە مەترسیدا بێ حەسانەوەی بۆ نیەو، کەسی بێ باوەڕیش هەمیشە نائارامەو، مرۆڤی نەخۆشیش ژیانی ژانە.

ژیانی ئەم دنیایە چەندە کەساسو مایەی خاکەساریە، ئەگەر باری بـە لایـەك دا ڕاست بێ بە لایەکـەی تـری داخـوارە، ئەگـەر مـاڵو سـامان هـەڵبڕژێ جەسـتە ناسـازو دەردەدارە، ئەگـەر تەندروسـتی تـەواو بـێ بـەڵاو مەینـەتی دێتـە ئـارا، ئەگـەر بـارو گوزەرانی ژیان هەموی تەواو بێ مەرگ سەربارو بن بارە.

هۆنەرێك بە ناوی (ئەعشـا) لە نەجدەوە بەرەو پێغەمبـەری خـوا کەوتـە ڕێ ﷺ پارچـە هۆنراوەیەکیـشی هـۆنی بـوەوە تیایـدا ستایـشی پێغەمبـەری خـوا دەکـاو، دەیویست موسڵمان بێ، لە ڕێگادا (ئەبو سوفیان) ڕێگای لـێ گرتـو سەت وشتری پێدا، بۆئـەوەی نەگاتـە خزمـەت پێغەمبـەرو بگەڕێتـەوە نـاو مـاڵو حـاڵی خـۆی، ئـەویش وشـترەکانی وەرگـرتـو گەڕایـەوە، لـە ڕێگـادا سـواری وشـترێك بـو دەیڕەپانـد، بەسـەر سەریدا کەوتە خواریو ملی شکاو، بێ دەستمایە لە دنیاو دواڕۆژ سەری نایەوە.

بەڵام ئەو پارچـە هـۆنراوەی ئامـادەی کـرد بـو بۆئـەوەی لـە خزمـەت پێغەمبـەری خوادا ﷺ بیڵێ شیعرێکی بە پێز بو ئێستاکەش هەر ماوەتەوە.

چـەند کەسـی خاوەن شـکۆ بونە ڕەنجـەڕۆ

یەکێ لە ئاماری بەختـەوەری ڕاستەقینە ئەوەیـە بـێ کـەموکوڕیو بـەردەوام بـێ، بەردەوامیش لەوەدایە لە دنیاو دواڕۆژدا، لە نهێنیو ئاشکرادا لـە ئێستاو پاشـەڕۆژدا مرۆ بەختەوەر بێ.

بەختـەوەری تـەواویش لەوەدایـە، هـیچ پەتـەرێك [٦٨٦] نەیـشێلوێنێ، هـیچ ڕقو کینەیەك ڕوی جوانی نەڕوشێنێ [٦٨٧].

(نوعمان)ی کوڕی (مـونزیر) - پاشـای عێـراق- بـۆ گەشـتو سـەیران دەڕواو لـەژێر سێبەری درەختێك مەی دەخواتەوە، (عەدی) کوڕی (حاتەم)یش کەسـێکی ژیـرو دانـا بو ویستی بە وشەیەك پەندی دابدا، پێی گوت: ئەی پاشا، ئایـە دەزانـی ئـەو درەختـە

---

٦٨٦) مەینەتیەك.

٦٨٧) دانەڕنێ/داینەماڵێ.

چی دەڵێ؟ پاشا گوتی: چ دەڵێ: (عەدی) گوتی: دەڵێ: زۆر کەس لەژێر ئەو درەختە بەسەریان برد

ئاوی سازگاریان لەگەڵ مەیدا تێکەڵ کرد
پاشان رۆیشتن و رۆژگار بە پەندی بردن
ژیانیش هەروایە ئێستای خۆشی یەو دواجاریش مردن

(نوعمان) ژیانی لێ تفتوتاڵ بو، وازی لە مەی خواردنەوە هێناو هەتا دنیای بەجێهێشت بە ئاخو کەساران ژیانی بەسەر برد.

بڕوانە شای ئێران ئەو کەسەی بە بۆنەی تێپەڕدانی دو هەزارو پێنج سەد ساڵ بەسەر پێکهێنانی دەوڵەتی فارسیدا ئاهەنگی دەگێڕا، نەخشەی بەرفرەکردنی سنوری دەسەلاتی دەکێشاو، دەیویست دەسەلاتی ڕوبەرێکی پانو پۆڕتر دابگرێ، دوا بە دوای ئەوە هەر لە بەیانیو ئێوارەیەکدا دەسەلاتی لە کارخرا ﴿... تُؤْتِي ٱلْمُلْكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلْمُلْكَ مِمَّن تَشَآءُ ... هەرکەس بۆ خۆت مەیلت لێ بێ دەستەلاتی پێ دەدەیو کێش تۆ حەز کەی دەستەلاتی لێ دەستێنی. ﴿٢٦﴾ آل عمران﴾، لە کۆشکو تەلارو نازو گۆزی دنیاوە دەرنرا، بە بێکەسیو بە بێبەشیو دورە ولاتی گیانی لەدەستداو، کەسیش لەسەری نەگریا ﴿الدخان: ٢٥ – ٢٧ ﴿كَمْ تَرَكُوا۟ مِن جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿٢٥﴾ وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ﴿٢٦﴾ وَنَعْمَةٍ كَانُوا۟ فِيهَا فَٰكِهِينَ ... گەڵێ کانیو باغاتیان لە پاش بەجێ مان. فرە کێڵگەو کۆشکو سەر سەرای بە نرخیش. خێرو بێرێکیش کە تێیدا لەوپەڕی خۆشیدا دەژیان. ﴿٢٧﴾ الدخان﴾.

بە هەمان شێوە (شاوشیسکۆ)ی سەرۆکی ڕۆمانیا ئەو کەسەی بیستو دو ساڵ فەرمانڕەوایی ولاتەکەی کرد، تەنیا پاسەوانە تایبەتیەکانی خۆی ژمارەیان ٧٠ هەزار پاسەوان بو، لەگەڵ ئەوەدا گەلو نەتەوەی خۆی چوار دەوری کۆشکەکەیان گەمارۆداو، بە خۆیو سەربازەکانی ئەنجن ئەنجن کران ﴿... فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٍ

يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُنتَصِرِينَ ... هـيچ دەستەيەكيـشى نـەبو كـە لـە خـودای بپـارێزێو خۆشـی یاریـدەی خـۆی نـەدا. ﴿٨١﴾ القـصص﴾. دەسـتی لـە بـنی هەمبانێ دەرچو [٦٨٨] ، دنیاو دواڕۆژی لەدەست چو.

لەلایـەکی تـرەوە (مـارکوس)ی سـەرۆکی فلیـپین: مـاڵدارو دەسـەلاتدار بـو، بـەڵام جۆرەها ئازارو ئەشکەنجەی بە گەلەکـەی چەشـت، کاسـەی سەرشـۆڕیو نەگبـەتی بـە گەلەکەی نۆش کـرد، ئەوسـا خـوای گـەورەش تـاڵایی بەدبـەختیو چارەڕەشـی وەسـەر لوتی وی کرد، لە ناو خاكو زێـدو خـزمو خـوێشو دەسـەلاتی خـۆی وەدەرنـرا، هـیچ پـەنا گەیـەکی نـەبو تێیـدا وەحەوێتـەوەو، بـە بێولـەتی [٦٨٩] سـەری نایـەوە، گـەلو نەتەوەکەیـشی رێگایـان نـەدا لـە خـاكو ولاتەکەیـدا بنێـژرێ: ﴿أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ ... ئەدی فیلو تەڵەکەکانی هەمولێ پوچەڵ نەکردن؟ ﴿٢﴾ الفيل﴾.

﴿فَأَخَذَهُ ٱللَّهُ نَكَالَ ٱلْآخِرَةِ وَٱلْأُولَىٰ ... ئەوسا خـودا گیرۆدەی ئـازاری پەسـلان‌و دنیـای کردن. ﴿٢٥﴾ النازعات﴾.

﴿فَكُلًّا أَخَذْنَا بِذَنۢبِهِۦ ... ئێمـە هەریـەك لەوانـەمان بـە تاوانەکـەی خۆیـان گـرت. ﴿٤٠﴾ العنكبوت﴾.

دەسـەبەرکردنی کردەی چاکـە تـا نجی سـەری ژیانی بەختەوەرانـەیە

بۆئـەوەی بەنـدە ژیـانێکی بەختەوەرانـەو، ئـارامیو حەسـانەوە، دەسـتەبەرکا، پێویـستە هـەوڵی وەدەسـتهێنانی کـردەی بـەردار بـداو، پێـشبڕکێ لـە فەراهـەمهێنانی خووڕەوشتی جوان‌و ڕازاوە بکا ((احرص على ما ينفعك واستعن بالله... لەسـەر ئـەوەی سودت پێ دەگەیەنێ پێدا بگرەو، داوای یارمەتیش لە خوا بکە)).

---

٦٨٨) واتە هیچی نەبڕا.

٦٨٩) بە نابوتیو بەدبەختی.

یەکێ لە یاوەران داوا لە پێغەمبەری خوا دەکا ﷺ کە لـە بەهەشتدا پێکەوە بـن: ئەویش پێی دەفەرموێ: ((أعني على نفسك بكثرة السجود، فانك لا تسجد لله سجدة الا رفعك بها درجة... لەسەرخۆت یارمەتیم بدە، بـە سوژدەبردنی زۆر، چونکو تـۆ هەر سوژدەیەک بۆ خوا ببەی بێ سۆ خوای گەورە پلەیەکت پێ بەرز دەکاتەوە.

یـاوەرێکی تـریش داوا دەکـا پێغەمبـەری خـوا ﷺ شـتێکی وای پـێ بڵـێ هـەمو چاکەیێ لەخۆوە بگرێ ئەویش پێی دەفەرموێ: ((لا يزال لسانك رطبا من ذكر الله... هەمیشە زمانت بە یادی خوا پاراو بێ)).

کەسێکی سێیەم لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەخوازێ، ئـەویش پێـی دەفـەرموێ: ((لا تسبَنَّ احدا، ولا تضرين بيـدك احدا، وان احد سبَّك بـما يعلم فيك فلا تسبّنه بـــما تعلـم فيه، ولا تحقرن من المعروف شيئاً، ولو ان تفرغ من دلوك من اناء المستقي... جوێن بـە کەس مەدەو، کەسیش بە دەستی خۆت ئـازار مـەدە، ئەگـەریش یـەکێ جـوێنی پێـدای لەسەر ئەو خراپەیەی دەیزانی لەتۆدا هەیە، تۆ لەسەر ئەو خراپەیە جوێنی پێمەدە، کە دەزانی تێیدا هەیە، ئەوەی چاکەیە هیچی بە کەم مەزانە، ئەگەر چی لە دۆلکەی خۆت ئاوێ بۆ یەکێ لە پەرداخێ بکەی، کە داوای ئاوت لـێ دەکا)).

بێگومـان ئـەو مەسـەلەیە زۆر پێویـستی بـە پێـشبرکێو دەستپێـشخەری هەیـە: ((بادروا بالاعمال فتنا... بەر لە توشبونی ئاشوبو ئاژاوە، لـە کـرداری چاکە دەست پێشخەری بکەن)).

((اغتنم خـمساً قبل خمس... پێنج شتان بقۆزنەوە بەر لە ڕودانی پێنج شتان)).

﴿ وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ ... پەلـە بکـەن بـۆ گەیـشتن بـە بەخشینی پەروەردگارتانو بەهەشتێ. (١٣٣) آل عمران ﴾.

﴿ ... إِنَّهُمۡ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ ... ئـەمان لـە کـاری چـاکەدا بەهـەلپەبون. [٦٩٠] (٩٠) الأنبياء ﴾.

﴿ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلسَّٰبِقُونَ ... تیرەیەکیش لە پێشەوەن، وە پێشکەوتون. (١٠) الواقعة ﴾.

---

٦٩٠) بەپەلەبون، چوست بون.

کاری چاکە دوامەخە، لە کردەی بەردار دامەمێنەو، کاری سودمەند پشتگوێ مەخە:

﴿ ... وَفِي ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ ٱلْمُتَنَٰفِسُونَ ... بۆ شتێ حەزی لێدەکەن با پێکەوە کێ برکێ بکەن. (٢٦) المطففين ﴾.

لەوکاتەی (عومەر)ی کوڕی (خەتاب) زامدارکراو خوێنی لێ هەڵدەچۆڕا، کوڕە گەنجێکی بینی شەروالّەکەی لەدوا دەخشا، (عومەر) پێی گوت: ((برازاکەم، شەروالّەکەت هەڵمالّە، زیاتر مایەی لە خواترسانو، پاراستنی پۆشاکتە))، ئەوەیە فەرمان بە چاکەکردن لەسەرەمەرگدا ﴿ لِمَن شَآءَ مِنكُمْ أَن يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ ... کێ لە ئێوە مەیلی لێبێ بێتە پێشێ، یان بگەڕێتە دواوە. (٣٧) المدثر ﴾.

لە ڕاستیدا بەختەوەری بە خەوی دورو درێژو خۆ لەیادکردن لە ناو نازو گۆزو، پشت هەڵکردن لە خواستی بالّاو، پشتگوێ خستنی کاری چاکە فەراهەم نایێ ﴿ ...وَلَٰكِن كَرِهَ ٱللَّهُ ٱنۢبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ وَقِيلَ ٱقْعُدُوا۟ مَعَ ٱلْقَٰعِدِينَ ... بەڵام خودا هاتنیانی پێ خۆش نەبو، وەی لە دڵیان بردەدەر. پێیان گوتن ئێوەش وێڕای بەجێماوان بەجێمێنن. (٤٦) التوبة ﴾.

بەڕاستی بیرو ژیری چەپەڵکاران و دەرون نزمان پێیان دەڵێ: ﴿ ... لَا تَنفِرُوا۟ فِى ٱلْحَرِّ ... لەم گەرمایەدا دەرمەکەون. (٨١) التوبة ﴾.

﴿ ... لَّوْ كَانُوا۟ عِندَنَا مَا مَاتُوا۟ وَمَا قُتِلُوا۟ ... (دەیانگوت) ئەگەر ئەوانە لامان مابان، نە دەمردن، نە دەکوژران. (١٥٦) آل عمران ﴾.

بەندە بە نیگای خوا قەدەغە کراوە لەوەی لە کاری چاکە دواکەوێ: ﴿ ... مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلْتُمْ إِلَى ٱلْأَرْضِ ... چیتانە کە پێتان ئێژن: وەدەرکەون بۆ خەزا لە ڕای خوادا، تەمەڵنو لە جێی خۆ نابزون؟ (٣٨) التوبة ﴾.

﴿ وَإِنَّ مِنكُمْ لَمَن لَّيُبَطِّئَنَّ ... هێندێکی واتان دەناودان، کە لە ئانقەست خۆوە دواەداو ناوگاتێ. ﴿٧٢﴾ النساء ﴾.

﴿ ... أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَٰذَا ٱلْغُرَابِ ... ئەی لە خۆم نەگبەتێ! چۆن نەم زانی وەك قەل بجوڵێمەوەو لاشەی برای خۆم وەشێرم. ﴿٣١﴾ المائدة ﴾.

﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا عَلَى ٱلْءَاخِرَةِ ... چونکە ئەمانە گوزەرانی سەر دنیایان لە دواڕۆژ پتر خۆشدەوێ. ﴿١٠٧﴾ النحل ﴾.

﴿ ...وَلَا تَنَٰزَعُوا۟ فَتَفْشَلُوا۟ ... نەچن کێشەو لێپەیدا بێوسست ببنەوە. ﴿٤٦﴾ الأنفال ﴾

﴿ ...وَإِذَا قَامُوٓا۟ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُوا۟ كُسَالَىٰ ... ئەگەر دەچن نوێژدا بەستن بە تەوەزەلی هەڵدەستن. ﴿١٤٢﴾ النساء ﴾.

((اللّهم اني اعوذ بك من الكسل... پەروەردگارا پەنات پێ دەگرم لە تەمبەڵی)).
((الكيس من دان نفسه وعمل لما بعد الموت... مرۆڤی گوستاخو وریا ئەو کەسەیە هەواو ئارەزوی خۆی بخاتە ژێرپێو کاری بۆ دوای مردن بێ)) ((والعاجز من اتبع نفسه هواها و تمنى على الله الاماني... مرۆڤی دەستەوسانو بێ تواناش ئەو کەسەیە، ئەوەی هەواو ئارەزوی بیەوێ خۆی لێ نەگێڕێتەوەو، لەسەر خواوە خۆزگەو ئاوات بخوازێ)).

مانەوەو خۆشگوزەرانی لەوێیە نەوەك لێرە

ئایە دەتەوێ گەنجێکی دەوڵەمەندو لەش ساخ بیتو هەمیشە لە ژیاندا بیت؟

ئەگەر ئەو ئاواتەت لە دڵدا بێ لە دنیادا نایێتە دی، بەڵکە لە دواڕۆژدا دێتەدی، خوای گەورە ژیانی ئەم دنیایەی وا ڕەخساندوە دوایی بێو پڕ لە کەساسی بێ، بە گاڵتەو گەپو ڕابواردنێکی هەڵخەڵەتێنەریشی ناوبردوە.

یەکێ لە شاعیران لەوپەڕی تاڤ لاوێتیدا هەژارو نەدار بو، ئاواتەخوازی درهەمێك بو دەستی نەکەوت، دەیەویست ژیانی هاوسەرێتی پێکبێنێ بۆی نەڕەخسا، ئەو کاتەی بە سالّداچو، سەری سپی بو، تەنیا چەرمو هێسکی مابو، ئەوسا لە هەمو لایەکەوە بۆی دەباری، خانو بەرەو ژن هێنانی بۆ سانا بو، لە ئاهی ئەو بارە نالەبارە ئاخۆ ئۆفی هەلّکێشاو لە شیعرێکدا باس لەوە دەکا، کە حەز ناکا لەو تەمەنە ئەو نازو گۆزەی بەسەردا بڕژێ لە کاتێکدا لە تەمەنی لاوێتیدا ئاخو حەسرەتی بۆ هەلّدەکێشا.

﴿... أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَاءَكُمُ النَّذِيرُ فَذُوقُوا فَمَا لِلظَّالِمِينَ مِن نَّصِيرٍ ... ئەدی ئێمە تەمەنی وا درێژمان بە ئێوە نەدا کە هەر کەسێ بیویستایە، دەیتوانی پەندی لێ بگرێ؟ ترسێنەریشتان هاتە لا! (٣٧) فاطر﴾.

﴿... وَظَنُّوا أَنَّهُمْ إِلَيْنَا لَا يُرْجَعُونَ ... لایان وابو ناگەڕێنەوە لای ئێمە.(٣٩) القصص﴾.

﴿وَمَا هَٰذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا لَهْوٌ وَلَعِبٌ ... ئەم ژیانەی سەر دنیایە، هەموهەر گەپو گالّتەیەو چی تر نیە. (٦٤) العنکبوت﴾.

بە ڕاستی وێنەی ژیانی ئەم دنیایە وەکو ئەوە وایە، ڕێبوارێك لەژێر سێبەری دارێ وەحەسێ، دوای ئەوە بڕواو جێی بهێڵێ.

نەیارانی بەرنامەی خوا

چەند کتێبو نوسراوەی بێ باوەڕانم خوێندۆتەوە ئەوانەی بە پەخشانو شیعر نوسین دەیانەوێ ببنە لەمپەری سەر ڕێگای بەرنامەی خوا، گوتەی ئەوانەم بەرچاو کەوتوە، کە لەسەر ئەم زەویەدا لە یاساو ڕێسای خوا لایانداوە، گەزارەیی[٦٩١] و زمان درێژی ئەوانم خوێندۆتەوە، بینیومە لەمەڕ بنەما ڕاستەقینەکانو ڕێنوێنی خوایی

٦٩١) بێ شەرمی.

چـەند بـە نـارێکی سـنوریان بەزانـدوە، دەبیـنم ئـەو دەم دڕاوو چـەنە بازانـە بـە ڕێژەیێکی ئەوەندە زۆر بێ شەرمیان نواندوەو وتەی بێ بایـەخیان کەڵەکـە کـردوە[٦٩٢] مرۆڤ شەرم دەکا نوسراوو، هەڵبەستراوو زۆر ڕەوی ئەوان بگێڕێتەوە.

لەوەش دڵنیا بوم ئەگەر مەردوم هەڵگری پەیامێك نەبێو بەرنامەیەك شك نـەبا، ئەوا ئاژەڵ ئاسا دەگوزەرێنێو بەڵام خۆی لـە پێستی مرۆڤدا دەنوێنـێ، لـە ڕواڵەتـدا مرۆڤـەو لـە ناوەڕۆکـدا چـوار پێیـە [٦٩٣]: ﴿أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ ۚ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ ۖ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا ... یان پێت وایە کە زۆربەیان گوێ شل دەکەن و تێدەگەن؟ ئەوانە وێنەی وڵساتن، بگرە لەویش گومڕاترن. (٤٤) الفرقان﴾.

لەو کاتەی کتێبەکەم دەخوێندەوە لە خۆم پرسی: باشە چۆن ئەوانـە بەختـەوەر دەبـن لـە کاتێکـا پـشتیان لـەو خوایـە هـەڵکردوە، کـە هـەر خـۆی بـەرزو بێهاوتایـەو بەختەوەری لە دەستی ئەو دایەو، بەو کەسەی دەبەخشێ خۆی حەز بکا؟!

چـۆن ئەوانـە کامـەرانی وەدەسـت دێـنن، کـە پەیوەنـدی نێـوانی خۆیـانو خوایـان دەپچڕێنن، دەرگای نێوانی دەرونی کـزو لاوازو دەردەداریـانو، نێـوانی میهـرو سـۆزی بێسنوری خوا لە ڕویاندا دادەخەن؟! ئەوانە چۆن ئاسودەیی وەدەست دێـنن لـەکاتێکا خوا لە خۆیان دەڕەنجێنن؟! چۆن دڵارامی دەرك پێ دەکەن، لـە کاتێکـا دژایـەتی خـوا دەکەن؟!

وەلـێ هەسـتم کـردوە هـەر لـە دنیـاوە ئـاماری بەدبـەختیو چارەڕەشی دواڕۆژیـان دیـارە کـە گرێـی دۆزەخـە، ئەگـەر تۆبـە نەکـەنو ژێـوانی خۆیـان دەرنـەبڕن، ئـاماری تێچونو سەرشۆڕیان لە دنیاوە دیارە ئەویش چارەڕەشیو گوێ پێ نـەدانو دڵتـەنگی دارمـانو وەرە بەردانـە: ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا ... هـەر کەسێکیش بە ئامۆژگاری من نەکا، ژینی لە تەنگانەدایە. (١٢٤) طه﴾.

---

٦٩٢) خڕکردۆتەوە.

٦٩٣) ئاژەڵ.

هـەتاوەکو زۆربـەیان دەیانـەوێ جیهـان تێکـچێو ژیـان کۆتـایی پێبـێو، دنیـا لەبەریەك هەڵوەشێو، ئەو ژیانەیان جێ بهێڵن.

ئـەو بەرژەوەندیـەی بـێ باوەڕانی کـۆنو نـوێ لەسـەری کـۆکن: بـێڕێزی نواندنـە لەگەڵ خوداو، هەڵەشەیـو [٦٩٤] سەرەڕۆیی [٦٩٥] کردنە سـەبارەت بـە خوونـەریتی بـەرزو ڕەسـەنایەتی، خـۆ لـە گێڵـی دانـە لەمـەڕ وەرگـرتنو بەخـشینو، پـشت هـەڵکردن لـە پاشەڕۆژو، بە کەم سـەیرکردنو گـوێ پێنـەدان بـەو گوتارانـەی دەیڵێنو دەینوسـنو جێبـەجێی دەکـەن: ﴿ أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَـٰنَهُۥ عَلَىٰ تَقْوَىٰ مِنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٍ خَيْرٌ أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَـٰنَهُۥ عَلَىٰ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَٱنْهَارَ بِهِۦ فِى نَارِ جَهَنَّمَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ... ئـاخۆ کەسـێ کـە بنـەڕەتی مزگەوتەکـەی خـۆی لەسـەر هەسـتی خواپەرسـتیو ڕەزای خـودا دارشـتبێ هێـژاترە، یـان ئـەو کەسـەی کـە بناغـەی مزگەوتەکـەی لەسـەر لێـواری کەنـداڵی فـشەڵەو ڕوخـەك دانـاوەو دەگـەڵ ئـەودا دەکەوێتە نـاو ئـاگرو کلێـپەی دۆزەخ؟ خـودا دەسـتەی ستەمکاران شارەزای ڕاستە ڕێ ناکا. ﴿١٠٩﴾ التوبة ﴾.

بە ڕاستی ئەو بێ باوەڕانە ئەگەر بێو پەشیمانی خۆیان دەرنەبڕنو نەگەڕێنـەوە، تاکە چارەیان ئەوەیە ئەو تەمەنە بێنرخەو بێبەهایە، ئەو ژیانە تفتو تاڵە کۆتایی پـێ بهێـنن‌و خۆیـان لەناوبـەن: ﴿ ... قُلْ مُوتُوا۟ بِغَيْظِكُمْ ... بێـژە: دەك لـە ڕکـان بمـرن. ﴿١١٩﴾ آل عمران ﴾.

﴿ ... فَٱقْتُلُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ ... سـا وەرن یـەکتر بکـوژن، ئـەم کـارە بۆتـان چاتـرە. ﴿٥٤﴾ البقرة ﴾.

---

٦٩٤) کەرایەتی.

٦٩٥) بێ ئامانجیو بێ هەدەفی.

لە نـرخو بەهـای دنیـا

بێگومـان تـەنیا تـەرازوی بەختـەوەری لـە کتـێبی خـوای گـەورەداو، نرخانـدنو هەڵسەنگاندنی شت لە قورئانی پیرۆزدا: نرخو بەهای شتـو، قـازانجو دەست کـەوتی بەندە لە دنیاو دوارۆژدا دیاری دەکەن.

﴿ وَلَوْلَآ أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً لَّجَعَلْنَا لِمَن يَكْفُرُ بِٱلرَّحْمَٰنِ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ ﴿٣٣﴾ وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَٰبًا وَسُرُرًا عَلَيْهَا يَتَّكِـُٔونَ ﴿٣٤﴾ وَزُخْرُفًا ۚ وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَٱلْـَٔاخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلْمُتَّقِينَ ... خـۆ ئەگەر بڕیار وانەبا، نابێ مـەردم یـەك تیرە بـن، وامـان دەکـرد مـیچو بـانو پلـەکانی ماڵەکانی ئەوانەی خودا نەناسـن، لـە زێـویـاو تـەختی زێـوینـم دەدانـێ، کـە لەسـەریان پاڵدەنەوە، شتی تری هەمە ڕەنگەش گشت ئەمانە هەر بۆ خوشگوزەرانی ژینی ئـەم دنیـان، مـاڵی ئـەولاش پەروەردەت هـەر بـۆ ئەوانـەی دانـاوە، کـە لـە خـوای خۆیـان دەترسن. ﴿٣٥﴾ الزخرف ﴾.

ئا ئەوە واتای ڕاستەقینەی ژیانـەو، ئەوەیـە قـەدری کۆشـكو تـەلارو، زێـڕو زیـوو، پلەو پایەی.

هێمای [٦٩٦] بێبایەخی دنیایە کە خوای گەورە سەر لەبەری دەیداتە بێ باوەڕانو، باوەڕدارانیش لێی بێبەشن، تاوەکو سەنگو ڕێزی ژیانی دنیا بۆ خەڵکان ڕۆشنکاتەوە.

(عوتبە)ی کوڕی (غـەزوان)ی هـاوەڵی نـاودار، لـەکاتێکا وتـاری هـەینی بـۆ خـەڵکان دەخوێندەوە زۆر لای سەیر بو کە لەگەڵ پێغەمبەری خـوادا ﷺ لەگـەڵ گـەورەترین دروستکراوی خـوادا چـۆن دەیگوزەرانـد خۆشـترینو شـیرین تـرین کـاتو سـاتەکانی ڕۆژانی ژیانی ئەو ساتە بو لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ گەڵای داریان دەخواردو لـە پێنـاوی خـوادا تێدەکۆشـا، پاشـان لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دابـڕاوەو، ئێـستاکەش فەرمانڕەواو دەسەڵاتداری ناوچەو هەرێمێکە، بێگومان ئەو ژیانـەی لـە دوای کۆچـی دوایی پێغەمبەری خوادا ﷺ بەسەر دەبرێ بە ڕاستی ژیانێکی بێ بایەخە.

---

٦٩٦) نیشانەی.

(سەعد)ی کوڕی (ئەبو وەقاس) واقی وڕدەمێنێ، کە لەدوای کۆچی پێغەمبەردا ﷺ فەرمانڕەوایەتی شاری (کوفە) دەکا، لە کاتێکدا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ گەڵای داری دەخوارد، بۆ خۆی پێستێکی مردارەوە بوی دەکولاندو وردی دەکرد، پاشان لەگەڵ ئاودا دەیخوارد، جا ئەو ژیانەو کۆشکو باڵەخانەی لەدوای ڕۆیشتنو بەجێهێشتنی پێغەمبەری خواوە ﷺ دێتە بەردەست چ نرخو سەنگێکی هەیە! ﴿وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ الْأُولَىٰ ... دیارە دوا ڕۆژ بۆ تۆ لە دنیا چاترە. ﴿٤﴾ الضحى﴾.

کەوایە نهێنیەك لەو بابەتو مەسەلە دایە، ئەویشیان تەنیا پروپوچی ژیانی دنیایە ﴿أَيَحْسَبُونَ أَنَّمَا نُمِدُّهُم بِهِۦ مِن مَّالٍ وَبَنِينَ ﴿٥٥﴾ نُسَارِعُ لَهُمْ فِي الْخَيْرَاتِ ۚ بَل لَّا يَشْعُرُونَ ... ئاخۆ ئەوان پێیان وایە ئێمە کە بە ماڵو کوڕان یارمەتیان دەدەین، هەر بۆئەوەیە کە: پەلەمانە لە چاکە دەگەڵکردنیان؟ نەخێر، ئەمانە نەزانن. ﴿٥٦﴾ المؤمنون﴾.

((والله ما الفقر أخشى عليكم... سوێند بە خوا ناترسێم لەوەی هەژار بن)).

لەوکاتەی (عومەر) دەچێتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ، کە لە ماڵی خۆی دابو، بینی لەسەر حەسیرێك پاڵکەوتوە، شوێنەواری لە کەلەکەی دەرکردوەو، هیچی لە ماڵدا نیە تەنیا هەندێك جۆ نەبێ، کە هەڵواسرا بو، چاوەکانی (عومەر) ئەسرینی لێ هەڵڕژا.

بێگومان دۆخێکی کاریگەرە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێشەنگو پێشەوای تەواوی مرۆڤایەتیەو، حاڵو گوزەرانیشی بەم شێوەیە ﴿وَقَالُوا مَالِ هَٰذَا الرَّسُولِ يَأْكُلُ الطَّعَامَ وَيَمْشِي فِي الْأَسْوَاقِ ... گوتوشیانە: ئەمە چۆن پێغەمبەرێکە خۆراك دەخواو بە بازاڕاندا دەگەڕێ؟ ﴿٧﴾ الفرقان﴾.

پاشان (عومەر) - خوا لێی ڕازی بێت - پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ خۆت دەزانی (کیسرا)و (قەیسەر) لە چ ژیانێکدا بەسەر دەبەن! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: ((أمن شك انت يا ابن الخطاب، أما ترضى أن تكون لنا الآخرة ولهم الدنيا.. ئەی کوڕی (خەتتاب) تۆ لە گومان دای؟ بەوە قایل نی دواڕۆژ بۆ ئێمە بێو دنیا بۆ ئەوان؟

بێگومـــان ئـــەو پێوانەیـــە هاوســـانیو هاوکێـــشەیەکی [٦٩٧] ڕۆنو لەبەرچـــاوەو دابەشکردنێکی تەواوە، ئەوسا کێ حەز دەکا با قایل بێ، حـەزیش ناکا بـا تـورە بـێ، هەرکەســێکیش دەیـــەوێ بەختـــەوەری لـــە پـــوڵو دراوو، باڵەخانـــەو ئۆتۆمبێلـــدا وەدەستبێنێو هـەوڵو گـەڕی [٦٩٨] هـەر لـەو پێنـاوە دابـێ، سـوێند بـەو خوایـەی تـاکو تەنیایە، بۆی بەردەست نابێ.

﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَٰلَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ ﴿١٥﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُ ۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا۟ فِيهَا وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ... هـەر کـێ ژیـنی ئـەم دنیایـەو زەرقو بـەرقی ئـەوی دەوێ، ئێمـە مـزەی کردەوەیـان -بـە تـەواوی- هـەر لـەم دنیایـە دەدەینـێو چیـشیان لـێ کەمـەوە نـاگرێ. ئەوانـە هـەر ئـەو کەسـانەن ڕۆژی ســـەڵا، غـەیری ئـاگر، بەشـیان نیـەو هەرچـی لـە زەمین کردیان بە فیڕۆ چو. ﴿١٦﴾هود ﴾ .

کـلـیلـی بەختـــەوەری

ئەگەر تۆ کەسێکی خواناس بیتو زیکرو یادی خوات لە دەم دابێو، بەندایەتی بۆ بنوێنی، ئاسودەییو کامەرانی وەدەست دێنی، ئەگەرچی لە کەلاوەیەکدا [٦٩٩] بگوزەرێنی.

وەلـێ ئەگەر کەسێکی لاسار بیت، لە فـراوانترین کۆشـکو خانوبـەرەدا بەسـەربەی، هەرچی ئـارەزوت لێـی بـێ وەدەسـتی خـەی، دڵنیـا بـە سـەرەنجامی ژیانـت کەسـاسـیو تفتو تاڵیە، چونکێ ئێستاکەش کلیلی بەختەوەریت لە دەست نیـە. ﴿... وَءَاتَيْنَٰهُ مِنَ ٱلْكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلْعُصْبَةِ أُو۟لِى ٱلْقُوَّةِ ... هێندن گەنجینە دابۆیێ، هەر تـەنیا کلیلەکانیان گرۆیەکی زۆر بەهێزی شەکەت دەکرد. ﴿٧٦﴾القصص ﴾.

---

٦٩٧) هاوسەنگێکی/ پێك هەڵپێکی.
٦٩٨) هەوڵ و تێکۆشان.
٦٩٩) کاوڵە خانو.

هەڵوەستـەیـەك

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ... خودا لەسەر ئەو کەسانە دەکاتەوە، کە باوەڕیان پێ هێناوە. ﴿٣٨﴾ الحج﴾.

مەرامی [٧٠٠] ئەو ئایەتە ئەوەیە: خوا بەڵاو مەینـەتی دنیـاو دواڕۆژ لەسـەر موسـڵمانان لائەدا.

"ئـەوە لـە لایـەن خـواوە هەواڵـە، بەڵێنـە، موژدەیـە، بـە بـاوەڕ دارانـی داوە، هەرچـی کۆسپ و ئاستەنگە لە ڕێیاندا لائەبا، بە سای ئەو باوەڕەیان خوا لە گشت خراپـەو بـەدی بێباوەڕان و، ڕاڕایی و فێڵ و فرتی شەیتان و، لە پیسی و چەپەڵی دەرونیـان و، کاروکرداری نادروسـتیان، دەربازیـان دەکـا، لـە کـاتی دابـارینی بـەڵایێ، کـە بەرگـەیان پـێ نـاگیرێ لەسەریان دەڕەوێنێ و بارسوکیان بۆ دەنوێنێ، هەر هەمو بڕوادارێك بـە گـوێرەی ڕێـژەی باوەڕی مافی ئەو بەرگریەو ڕێزلێنانەی هەیە، جا هەیانە پشکی [٧٠١] زۆری پـێ ئـەبڕێ و، هەشیانە کەمێکی بەردەکەوێ".

یەکێ لە بەروبومی باوەڕ ئەوەیە لە کاتی مەرگەساتی دڵنەوایی بەندە دەکا، ئـاڵۆزی و تەنگـو چەڵەمەی لەسەر سوك دەکا ﴿وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ ... هەر کێش بڕوای بە خودا بێ، دڵی شارەزای خۆی دەکا. ﴿١١﴾ التغابن﴾.

مەبەستی ئەو بەندە بڕوادارەیە دڵنیایە هەر کۆستێ [٧٠٢] بێتە ڕێی لە لایەن خواوەیەو، ئەوەی بەسەری هاتوە دەبوایە هەر بێ، ئەوەی بەسەریشیدا هـەڵبڕێ [٧٠٣] ڕێـی تێناچـێ بەسەری بێ، ئەوسا بۆ ئەو بڕیارو فەرمانە تاڵە ملی کـەج دەکـاو ڕەزامەنـدی دەنوێنـێ، ئـەو بەڵایـە جەرگاوسـەی [٧٠٤] لەسـەر سـوك و سـانا دەبـێ، چـونکێ دەزانـێ خـوا بەسـەری هێناوەو، ڕەنجی بەهەدەر ناچێ".

---

٧٠٠) مەبەستی.
٧٠١) بەشی.
٧٠٢) هەر ناخۆشیێ.
٧٠٣) تێپەڕێ و نەپێکێ.
٧٠٤) بێزارکەی.

چۆنیـان دەگوزەرانـد؟

وەرە با بەیەکەوە سەرێك لە بارو گوزەرانی یەك ڕۆژی هاوەڵێکی نـاودارو پایـەدار بدەین، کە کچی پێغەمبەری خواو پارچەیەك لە جگەری ﷺ خێزانو هاوسەرێتی‌و، نـاوی (عەلـی) کـوڕی (ئـەبو تالیـب)ـە، (عەلـی) لـە بـەرە بـەری بەیانـدا خەبـەری دەبێتـەوە، بـە خـۆی‌و بـە فاتیمـە ماڵیـان پـشکنی هـیچ خۆراکێکیـان وەبەردەسـتان نەکەوت، لەسەرمان قاپوتەکەی [٧٠٥] بـە شانیدا داو لـە مـاڵ چـوە دەر، لـە کـەنارەکانی شاری مەدینە دەڕۆیشت‌و دەگەڕا، جولەکەیەکی خاوەن کێڵگەی بیرکەوتەوە، (عەلـی) لە دەرگـا تـەنگـو چکۆڵەی کێڵگەکـە چـوە ژورێ‌و خـۆی تێـوەسمی [٧٠٦]، جولەکـە پێـی گوت: ئەی کابرای عـەرەب وەرە هـەر سـەتڵێك بـە دەنکـە خورمایـەك دەربێنـە، واتـە سەتڵێکی گەورەی ئاو لە نـاو بیرەکـە بـە وشـترانِ ڕابکێـشە. (عەلـی) خـوای لـێ ڕازی بێـت دەسـت بـەکار بـو، ماوەیـەك بـو کـاری لەگەڵـدا دەکـرد، هـەتاوەکو هـەردو دەستەکانی‌و هەمولاشەی ژانـی دەکـرد، ئـەویش بارتـەقای ژمـارەی سـەتڵەکان دەنکـە خورمـای پـێ دەدا، دەنکـە خورمایـەکانی دەبـردو بـە لای پێغەمبـەری خـوادا ﷺ دەڕۆیشت‌و بەشی ئەوی لێدەداو، بە خۆی‌و بە فاتمـەش بـە درێـژایی ڕۆژ بـەو کەمـە خورمایە دەیانگوزەراند.

ئا ئەوە بارو گوزەرانی ئەوان بو، وەلـێ ئەوان وایان هەسـت دەکـرد ماڵیـان کاسـەی پـڕ ئاشتیـە‌و، پـڕی شادی‌و ئاسودەیی‌و خۆش بەختیە.

دڵیان ئاوێتەی خووڕەوشـتی نـاوازەو ئـەو پەیامـە ڕاسـتەقینە بـو کـە پێغەمبـەری خوا ﷺ پێی ڕەوانە کراوە، ئەوان دڵیان بـۆ کـرداری چـاك لەگـەڵ دابـو، لـەو هەسـتە دەرونیـە پـیرۆزەدا دەژیـان، کـە ڕاسـتی‌و چـەپەڵی یـان پـێ لێـك جـوێ [٧٠٧] دەکردنـەوە، ئەوسا لە پێناوی ڕاستی تێدەکۆشان‌و، خۆیـان لـە چـەپەڵی بـە دور دەگـرت، ڕاسـتی‌و

---

٧٠٥) پاڵتۆ/ کـەوڵ.

٧٠٦) خۆی تێوە برد.

٧٠٧) جودا دەکردنەوە.

دروستیو نهێنی بابەتەکانیان دەرك پێ دەکردو، هەر شتەی بەسەنگی خۆیان هەڵدەسەنگاند.

(قـارون) بەختـەوەری لـە کـوێ بـو، هـێمنیو خۆشـیو ئـارامی (هامـان) چـی بەسەرهات، یەکەمیان چو بە ناخی زەوێداو، ئـەوی تریـان نـەفرەتی خـوای پـێ بـرا ﴿... كَمَثَلِ غَيۡثٍ أَعۡجَبَ ٱلۡكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصۡفَرّٗا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمٗاۖ ... وەك بارانێك شیناتیەکەی وەرزێری پێ خەنی بووەو بەرەبـەرە وشـك دەبـێو دەبـینی زەرد هەڵگەڕاوەو لە دوایی دا بوەتە کاوو کۆتی بەربا. ﴿٢٠﴾ الحديد﴾.

بەختـەوەری لـە لای (بـیلال)و (سـەلمان)و (عـەمار) چـنگ دەکـەوێ، لەبەرئـەوەی (بـیلال) بـانگی حـەقی ڕاهێـشتو، (سـەلمان) لەسـەر ڕاسـتی بناغـەی دۆسـتایەتی دامەزرانـدو، (عـەمار) پـەیمانی بـەجێ گەیانـد ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ نَتَقَبَّلُ عَنۡهُمۡ أَحۡسَنَ مَا عَمِلُواْ وَنَتَجَاوَزُ عَن سَيِّـَٔاتِهِمۡ فِيٓ أَصۡحَٰبِ ٱلۡجَنَّةِۖ وَعۡدَ ٱلصِّدۡقِ ٱلَّذِي كَانُواْ يُوعَدُونَ ... هـــــــەر کەسیش وەك ئەوانـە نـەبن، ئێمـە کـارە باشـەکانیان لێ وەردەگـرینو لـە گوناهیـشیان خۆش دەبینو لەگەڵ بەهەشتیەکان دەبن وئەو بەڵێنەی کە پێیان دراوە ڕاستە. ﴿١٦﴾ الأحقاف﴾.

چـەند وتـەی کاراشـنایان دەربارەی ئارامگـری

دەگێڕنـەوە کـە (ئەنوشـێروان) گوتویـەتی: هـەمو ناخۆشـیەکی دنیـا دەکرێتـە دو بـەش: جۆرێکیـان چارەی دەکـرێ ئـەوە نیگـەرانیو دودڵـی دەرمـانێتی، چەشـنەکەی تریان هیچ چارەو مەفەری نیە، ئەوە ئارامگری چارەسەرێتی.

هەندێك لە زاناو پسپۆڕان دەڵێن: چارەی ئـەو شـتەی چارەی نادۆزرێتـەوە، ئـارام گرتنە.

گوتراویـشە: هەرکەسـێك بـە دوای ئارامگریـدا بگـەڕێ، سـەرکەوتن بـەدوای ئـەودا دەگەڕێ.

یەکێکیش لەو پەندانەی لە ناو خەڵکیدا باون ئەوەیە کە دەڵێ: ئارامگرتن کلیلی ڕزگاریە، هەر کەسێ ئارامی بو هێـزو توانـای بـو، سـەرکەوتن بەرهـەمی ئارامگرتنـە، کاتێ تەنگانەو بەڵا زۆری هێنا هێمنیو هەداری [٧٠٨] لە دوا دێ.

گوتراویشە: لەو کاتەی خۆشیت بەسەردا دەڕژێ لە زەڕو زیان بترسێ، لـەو کاتـەی ناخۆشیت بەسەردا دێ ئومێدی خۆشیت ببێ، بە خواستنی مـەرگ پـێ لەسـەر ژیـان دابگـرە، چـەندین جـار بـە شـوێن دا گـەڕانی مـردن هۆکـاری مانـەوە بـوەو، خـۆ هێشتنەوەش هۆکاری لەناوچون بـوە، زۆربـەی جار هـەدرینو هـەدادایی [٧٠٩] لـە لایـەن ترسو بیمەوە دێتە ئارا.

ئاپۆرە [٧١٠]ش دەڵێ: خراپە هەڵبژاردنی تێدایە.

(ئەسمـەعی) دەڵـێ: واتـای ئـەو پەنـدە ئەوەیـە: هەنـدێ ناخۆشـی لـە هەنـدێکیان سوکتـرن.

(ئەبو عوبەیدە)ش دەڵێ: واتای ئەوەیە: ئەگەر بەڵایەك ڕوی تێ کـردی، دڵنیـا بـە لەوە گەورەتریش هەیە، جا ئەوەی بەسەرت هاتوە بە کەمی بزانە.

هەندێ لە دانایان دەڵێن: پاشەڕۆژی کارەکان لە پاش پەردەدا وێك دەچن، جـا زۆر شتی ئارەزو خواز لە ناخۆشی دا فەراهەم دێ، زۆر شتی ناخۆشیش لە شتی خـوازراوو بەرچاودا وەپاش دەکەوێ، چەندین شادمانیو خۆشگوزەرانی بۆتە مایەی دەردەداری، چەندین کەسی بەڵابارپش چارەسەری لەو دەردەوەدەست هێناوە.

گوتراویـشە: زۆر بەهرەهـەن بەرهـەمی دەردو ئـازارن، زۆر بەخـشش‌و خـەڵاتیش بەروبومی ژینو ژارن.

(وەداعەی سەهمی) لە وتەیەکیدا دەڵێ: ئارام لەسەر ناخۆشی بگرە ئەگەر ئـازاری پـێ گەیانـدی، لەوانەیـە ئـەم تەمومـژە بڕەوێتـەوەو خۆشـیت بـۆ بگەڕێتـەوە، لـەژێر سەرتوێژ [٧١١] و سەرکەفیش شیرێکی بێ خڵتەیە.

---

٧٠٨) هێمن.

٧٠٩) سەدوتن و ئارامی.

٧١٠) خەڵکی ئاسایی.

٧١١) سەرتوێژو سەرکەف، بەو کەفەی سەر شیر دەگوترێ.

لـە دوای ئـەوەی گـەلاّی ئومێـد هـەڵوەرا خـوا دەروی خۆشـی والاّ دەکـا: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسْتَيْـَٔسَ ٱلرُّسُلُ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُواْ جَآءَهُمْ نَصْرُنَا ... تا ئەوسا کـە پێغەمبـەران ناهومێد بون، مەردەمیش وایاندەزانی، کە درۆیان دەگەڵ کـردون، یارمـەتی ئێمـەیان بۆ هات. ﴿١١٠﴾ یوسف ﴾.

﴿ ... إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّـٰبِرِينَ ... خوا دەگەڵ خۆڕاگرانە. ﴿١٥٣﴾ البقرة ﴾.

﴿ ... إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّـٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ... بێگومانـە ئـەو کەسانەی خـۆڕاگرن، بـە تەواوی‌و بە بێ حیساب پاداشی خۆیان وەردەگرن. ﴿١٠﴾ الزمر ﴾.

هەندێ لـە نوسـەران دەڵـێن: هـەروەکو خـوای بـەرزو توانـا، لـەو ڕێگایـەی هەنـد جارە [٧١٢] ڕێی ئەشکەنجەو ئازارە خۆشی‌و شادی دەهێنـێ‌و، لـەکاتی پـچڕانی خواستو ئالۆز بونی ڕێگا چارەکان دەروی خۆشـی دەکاتـەوە، تـاوەکو هەمودروست کراوەکانی هان بدا لەسـەر ئەوەی هیواو ئومێدیان تەنیا بە ئەو بێ‌و، هەستو ویستیان بۆ پشت بەستن بە خوا یەك لاکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەی لە گەورەیی‌و شکۆداری خـۆی بـۆی هەڵبژاردون، هەروەها هیچ کاتێك ڕوی خۆیان لە چاوەڕوانی حەسانەوەی ژێر سایەی ئەو وەرنەگێڕن، لە هیچ بوارو حاڵەتێك دا، بە ئومێدو خواستیان لەو ئازادیـەی لێی چاوەڕێ دەکرێ خۆیان هەڵنەبوێرن [٧١٣]، هەر بـەو شـێوەیەش لەمـەڕ ئـەو ناخۆشـیەی بەسـەریان دێنـێ دڵیـان خـۆش دەکـا، کـە بەوەنـدە بەڵایـە لێیـان گـەڕاوەو، بـەڵای گەورەتریش هەبوکە پێی گرفتار بونایە، ئەوەندە نسکۆیەشی کردۆتە بەڵا گێـڕەوەی کارەساتی چاوەڕوان کراوی گەورەتر.

(ئیـسحاق عابیـد) دەڵـێ: زۆر جـاران خـوای گـەورە بەنـدە بـە مەبەسـتیـەك تـاقی دەکاتەوە بە سای ئەو تاقیکردنەوەی لە تیاچون ڕزگاری دەکا، جا ئـەو مەبەسـتیـە بـۆ ئەو دەبێتە گەورەترین خەڵات.

---

٧١٢) وابـاوە/ لەناو خەڵك وازاندراوە

٧١٣) خۆڵانەدەن.

ئـەو وتەیـەش دا دراوە: هەرکەسـێ بەرگـەی ئـازارو ئەشـکەنجە بگـرێ، لـەو بـارە نالەبارەی خـوا بەسـەری هێنـاوە ڕەزامەنـدی بنوێنـێ، لەسـەر ئـەو ناخۆشـیە دان بـە خـۆدا بگـرێ، خـوای گـەورە پـەردەی لەسـەر قازانجەکـەی هەڵدەداتـەوە، هـەتاوەکو دەرەنجام تێدەگا ئەو شتە نادیارە لە بەرژەوەندی ئەودا بوە.

لـە هەنـدێ لـە دیانـەکان [٧١٤] دەگێڕنـەوە کـە چـەند پێغەمبـەرێك سـڵاوی خوایـان لەسەر بـێ گوتویانـە: ئەشـکەنجەو ئـازار پـەنـد دادانێکـە لەلایـەن خـواوە، ئـەو تـەمێ کردنەش زۆر بەردەوام نابێ، جا خۆشی لەو کەسەی ئـارام لەسـەر ئـەو تـەمێ کردنـە دەگـرێو، خـۆی لەبـەر ڕادەگـرێ، ئەوسـا تـانجو زەرگـەنجی [٧١٥] زاڵ بـونو سـەرکەوتن دەخاتە سەر، کە خوا بەڵێنی بە خوا پەرستانو دۆستانی خۆی داوە.

(ئیسحاق) دەڵێ: وریا بە بێزاری نـەت گـرێ، کـە نیـشانەی بـەڵاو مەینـەتی بـەرەو ڕوت دێو مەرگەسـاتو کارەسات چڕنوکت لـێ دادەگرێ، بـێ گومان کامە ڕێگـە دژوارە هەر ئەویانە ڕێگە چارە.

نیـەت پاکی بەرامبـەر خـوا بێ ئومێـدت ناکـا

((انا عند ظن عبدي بـي، فلـيظن بـي مـا شـاء ... خـوا لـە فـەرمودەی قودسـیدا دەفەرموێ من لەگەڵ ئەوە نیەتەی بەندەی خۆمم، کە بە منی دەبا، جـا چ نیـەتێکم پێ دەبا باببیبا)).

هەنـدێ لـە نوسـەرانیش ئـەو وتـەیان گوتـوە: ئومێـدەواری کەرەسـتەو پاڵپـشتی ئارامگرتنـە. بـە هـەمان شـێوە نیـەت پـاکی بەرامبـەر بـە خـوا، هۆکـارو کەرەسـتەی ئومێدەواریە، ئەو نیەت پاکیەی ڕێی تێ ناچێ مرۆ هیوا بڕ بکا، ئێمـە پیـاو مـاقوڵو نـاوداران سـەرنج دەدەیـن، بینیومانـە ئـەو کەسـەیان لا بـەرزو بـەڕێزە نیـەتی بەرامبەریان پاکە، ئەو کەسەشیان لا خراپـە گومـانی لـە ئاستیاندا خراپـە، بـە سـای تێشکانو نشستی دڵیان پەنگ دەخواتەوەو بە ئومێدن یەکێ بەلایانەوە بچێ، چ جای

---

٧١٤) مەسیحی/نەسرانی.

٧١٥) تانج.

ئەو خوایـەی لـە هەموکـەس بەخشندە تـرە، ئـەو خوایـەی هـەتا بـە دۆستانی خـۆی ببەخشێو ئەوانیش چاویان لـە دەرگانـەی ئـەو بـێو ئومێدیـشیان هـەر بـە ئـەو بـێ، گەنجینەی بەر فراوانی دوایی نایێ.

ڕاسـتترین گـەواهیو بەڵگـە لەسـەر پێخۆشـی خـوای بـێ هـاودەمو هاوتـا بـەوەی بەنـدەی دەست بـە میهـرو سـۆزی وەبگـرێ، چـاوەڕێ بـێ لـە ژێـر سـایەو سـێبەری بەخـشندەیی ئـەو هەنیـسکێ بـداو وەحەسـێ، ئەوەیـە: مـرۆڤ ڕزگـاریو سـەرفرازی وەدەست نایینێ، مەگەر لەدوای ئەوەی هیواو هومێدی لە هەمو شتێ ببڕێو خۆزگەو خواستەکانی بەرەو خوا بـێ، مەگەر لەوکاتەش دەرگای ئاواتەکانی دادەخرێنو، تواناو ڕێگەچارەی لـێ دەبڕێنو، گەورەترین دەردو بەڵای بەسەر دێن، تاوەکو هاندەرێك بـێ لەسەر ئەوەی هەمیشە چاوو ئومێدی لە خوای بەرزو بـێ هاوتـا بـێ، بەربەستێکیش بـێ لەڕێی ئەوەی نیەتو گومانی بەرامبەر خوا ناپاك بـێ ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ عِبَادٌ أَمۡثَالُكُمۡۖ فَٱدۡعُوهُمۡ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لَكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ... ئەوانەی، کە -بێجگە لە خودا- ئێوە هانایان پێ دەبەن، عەبـدە گـەلێکن وەك خۆتـان. دەسا ئەگەر ئێوە ڕاستن، بانگیان بکەن با وەرامتان بدەنەوە. ﴿١٩٤﴾ الأعراف ﴾.

کەسـی ئارامـگر باشـترین بەرهەم وەدەسـت دێنـێ

ئـەو قـسەیەش لـە (عبـدالله)ی کـوڕی (مەسـعود)ەوە دەگێڕنـەوە کـە دەڵـێ: سەرکەوتنو سەرفرازی لە دڵنیاییو ڕەزامەندی چنگ دەکـەوێ، خـەمو پـەژارەش لـە تورەییو دو دڵی وەپاش دەکەوێ.

هەروەها دەڵێ: کەسی ئارامگر بە باشترین ئەنجام دەگا.

(ئەبانی)ی کوڕی (تەغلیب) دەڵێ: گوێ بیستی عەرەبێکی خێڵەکی بوم دەی گـوت: بەرزترین دابو نەریتی جوان مـەردان ئەوەیـە ئەگـەر یـەکێکیان دوچاری کارەساتێ هات بـە ئـارامگری بەرگـەی دەگـرێ، دڵو دەرونـی خـۆی وا لەسـەر ئومێـدی ڕزگاری ڕادێنێ، هەروەکو بڵێی سـەرکەوتنو فریادڕەسـی بـە چـاوی خـۆی دەبینـێ، سـەبارەت

بەوەی نیەتی بەرامبەر خوای بەرزو بێ هاوتا پاکەو، پشتیشی هەر بەوی قایمە، جا هـەر ساتێ دەستی بـەو خـو ڕەوشـتەوە بگـرێ، زۆری پـێ ناچـێ خـوای گـەورە پـێ داویـستیەکانی جـێ دەهێنـێو، خـەمناکی دەڕەوێنـێو، خۆزگـەو خواسـتی وەدەسـت دێنێو، دینو ئابڕوو پیاوەتیشی لە جێی خۆیدا دەمێنێ.

(ئەسەمعی) لە عەرەبێکی کۆچەری دەگێڕێتەوە کە گوتویـەتی: لـە هێمنایـیدا لـە ناخۆشی بترسـێ، لـە تەنگانەشـدا ئومێـدی خۆشـیت ببـێ، زۆر جـاران خۆشـگوزەرانی بەرهـەمی خۆزگـەی مردنـە، هۆکـاری مـەرگیش بـە دوادا گـەڕانی ژیانـە، زۆربـەی جارانیش هێمنیو ئارامی لە لایەن ترسو تۆقین هاتۆتە ئاراوە.

هەندێ لە زانایانیش دەڵێن: مەردمی ژیر کاتێ توشـی نـسکۆیێ هـات بـە دو شـتان دڵنەوایی خۆی دەکا: یەکەمیان: دڵ شادە بەوەی لە دەستیدا ماوە.

دووەمیان: ئومێدی وایە لەوەی بەسەری هاتوە ڕزگاری بێ.

مرۆڤی نەفامیش: لەمەڕ بەڵاو ناخۆشی خۆی، بە دوشتان هەراسان دەبێ: یەکـەم: ئەوەی دادێدەی [٧١٦] داوە بە زۆری دەزانێ. دووەم: لەوەش دەترسێ خراپتری بەسەر بێ.

گوتراویشە: خوای بێ هاودەمو هاوتا بە ناخۆشیان دروسـتکراوانی خـۆی تـەمێ [٧١٧] دەکا، تەمێ کردنی خوای گەورەش کلیلی گوێچکەو چاوو دڵەکانە.

(حەسەن)ی کوڕی (سەهل)یش پێناسەی گێچەڵو ناخۆشـیان دەکـاو دەڵـێ: بـەڵاو مەبنەتی: مرۆ لە گوناهان بژار دەکا [٧١٨]، نا ئاگایان وەهۆش دێنێ، بـەهۆی ئـارام گـری خەڵاتی خوا وەدەست دێنێ، بەهرەی خوا وەیاد دەخـاو، وادەو بـەڵێنی خـوا پێویـست دەکا، قەزاو قەدەری خوای دەستەبڵاش دەستە گوڵی لێدەدا.

فەرمو ئەوە کەسێکە لای وایە ئەگەر مردن لەخۆی بەدور بگرێ لێی بەدور دەبـێ، ﴿ ٱلَّذِينَ قَالُواْ لِإِخْوَٰنِهِمْ وَقَعَدُواْ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُواْ ۗ قُلْ فَٱدْرَءُواْ عَنْ أَنفُسِكُمُ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ... ئەوانەی کە خۆیان نەچوبونە خـەزا، لەمـەڕ هاوەڵانیـان دەگوت:

---

٧١٦) لەخۆی گرتوە.

٧١٧) تەمێ/ پەند دادان.

٧١٨) پاك دەکاتەوە.

ئەگەر بە قسەیان نـەکردباین نـەدەکوژران. بێژە: سا ئەگـەر ڕاست دەکـەن، خـۆ لـە مردن بپارێزن. ﴿١٦٨﴾ آل عمران ﴾.

چەند وتەیەك بۆ هێورکردنەوەی کۆستەکان: هەندێ لە بازرگانـە تێگەیشتوەکان دەڵێن: سەر سەلامەت بێ، زیانی مالّی هیچ نیە.

عـەرەبیش گوتویانـە: ئەگـەر پـشقل [٧١٩] بـە ساخی دەرچـێ، بەرخۆڵـە لـە کیـس دەچـێ [٧٢٠]. وتەیـەکی تریـشـیان هەیـە دەڵـێن: بـێ ئومێـد مەبـە زەویەکـە لـە ســـاختمانە [٧٢١]، ئەگەر چی لەو کاتو ساتەدا بێ نرخە.

ئاپۆڕەش دەڵێ: ڕووبارێك ئاوی لەبەر بڕوا هەردەیهێتەوە جێ.

سامـستیۆس) دەڵـێ: ژیریـارو دینـداران تـەنیا بـەوە گـرۆی خۆیـان بردۆتـەوە لـەو کاتەی دەسەڵاتدارو بەهرەدارن چاکە کاری دەنوێنن، لـە کـاتی تەنگانـەو ناخۆشیـشدا دان بە خۆیان دادەگرن.

سـەرنجـێـــك

﴿... إِن تَكُونُواْ تَأۡلَمُونَ فَإِنَّهُمۡ يَأۡلَمُونَ كَمَا تَأۡلَمُونَۖ وَتَرۡجُونَ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا يَرۡجُونَۗ ... ئەگەر ئێوە لەوان توشی ئازار دەبن، ئەوانیش -هـەروەکو ئێـوە- لـە ئێـوە ئازار دەبینین. ئێوە هومێدو خودایە، ئەوان ئەمەشیان نیە. ﴿١٠٤﴾ النساء ﴾.

بۆیە لەو کاتەی بڕوادارە ڕاستەقینەکان دوچاری دەردو بـەڵاو نیگـەرانی دێـن، بـە شێوەیەکی وا ئارامگریو پێ داگری، هێمنو هەداریو، جێبەجێکردنی مافی خوایان لـێ وەدی دەکرێ، کە دەیەك لە دەیەك ئەوەندە

لە خەڵکی تر وەدی ناکرێ، هەر سەبارەت بەوەی دڵنیایـیو باوەڕداریان هیچی خـۆ لەبەرناگرێ.

---

٧١٩) پشقل/ تەرس.

٧٢٠) واتە دەبێ هەندێ شت بەقوربانی هەندێکی تر بێ.

٧٢١) لە ئاوادانیە.

لـە (مەعقـەل) کـوڕی (یەسـار)ەوە دەگێڕنـەوە - خـوای لـێ ڕازی بێـت - دەڵـێ: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((**يقـول ربكـم تبـارك، تعالـى: يـا ابـن ادم، تفـرغ لعبادتي املأ قلبك غنـى، واملأ يديـك رزقا، يا ابن ادم، لا تباعد منـي، فامـلأ قـلبك فقرا، واملأ يديك شـغلا...** خـوای بـەرزو تواناتـان دەفەرموێ: ئـەی وەچـەی ئـادەم، خۆت بۆ بەندایەتی من یەك لاکەوە دڵت پـڕی دەوڵەمەنـدی دەکـەم، دەسـتەکانت لـە ڕۆزی تەژی [٧٢٢] دەکەم، ئەی ڕۆڵەی ئادەم، خۆت لـە مـن بـە دور مـەگرە، ئـەگینا دڵـت پـڕی هەژاری دەکەم، دەستەکانت ماندو شەکەت دەکەم)).

(گەڕانـەوەی لای خـوای بـێ هاوتـاو ڕو تێکردنـی، قایـل بـون بـە بەشـی خـۆتو ڕەزامەنـدی لـێ نوانـدنی، هـۆگری بـە یـادی ئـەوو، دڵ ئـاودانی بـە خۆشویـستنی، حەسەناوەو سرەوتن بە سای ناسینی، خۆشـیو شادیو خـەڵاتێکی دەسـت بـە جـێن، لەگەڵ گوزەرانی هیچ پاشاو دەسەڵاتدارێکدا بە هیچ جۆرێ هاوشان ناکرێن).

ئەگەر دەسـت کـورتو نابـوت بـوی پەرۆش مـەبـە، سـەنگو ڕێـزی تـۆ شتێکی تـرە

(عەلـی) خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: هەمو کەسێ هەتا چاکە کارە ڕێزدارە. جا نـرخو بەهای زانا کەم تا زۆر لە زانستەکەیدا، ڕێزی هۆنەری لە هۆنراوەکەیدا وەدی دەکرێ جا هۆنراوەکەی بە پێز بێ یا بە پێز نەبێ.

هەر خاوەن پیشەو بەهرەیـەك لـە لای مرۆڤـەکان تـەنیا بـە گـوێرەی ئـەو پیـشەو بەهرەیـە هەڵدەسـەنگێنرێ، ئەوسـا بەنـدە بـا هـەوڵ دا بـە سـای کـردەوەی چـاکو، زانـستو زانیـاری، بەخـشندەییو بیروهـزری، شـارەزاییو بلیمـەتی، لێکۆڵینـەوەو بـەردەوامی، بـەدوادا گـەڕانی شـتی سـودمەندو پـێ لەسـەر داگـرتنی، بـەرفرەکردنی هەسـتو ژیـریو تیـژ کردنـی بـیرو هـزری، هەڵگیرسـانی ژیلـەمۆی ڕۆحو ئـاوەدانی دەرونی، نـرخو بەهای خۆی بنرخێنێ، تاوەکو قەدرو ڕێزی بەرز ڕابگرێ.

---

٧٢٢) پڕ.

خەم هەڵمەگرە، دڵنیا بە دەتوانی لە سونگەی کتێب خوێندنـەوە پـەرە بـە بەهرەو تواناکانت بدەی

کتێب خوێندنەوە زەینو هۆش بەر هەڵ دەکا، پەندو ئامۆژگاری دادەدا، بە وتـەی نەستەق دەستی خوێنەر باڵا دەکا، زمـانی لـوسو پـاراو دەکـا، بـەهرەی بـیر کردنـەوە گەشە پێ دەدا، بنـجو بناوانی ڕاستی وەدەردەخاو، گومانو دو دڵی لادەبا، بۆ تـەنیایی خەم ڕەوێنە، گفتو گۆی هەستەکانو، وتوێژی شەو کۆڕانە[٧٢٢].

بۆ کەسـی سـەرنـج دەر سـەرنـج ڕاکێـشە، بـۆ شـەورۆیان چـرایە، هەرچـەند جـارەی دوبـارە بکرێتـەوەو لێـك بدرێتـەوە، بـژار بکـرێ، درەختەکـەی بـەری دەگـرێو کـاتی هەڵچنینی دێ، هەروەها ئەو درەختە لەسەر پێی خۆی دەوەستێ، لە هەمووەرزێکا بە یارمەتی خوا وەبەر دێ، گومان لەو هەواڵە نیـەو وادەو بەڵێن هەردێتە جێ.

وازهێنانو پشت هەڵکردنیش لە خوێندنەوە، لـێ دوربونـەوەو خـۆ دورخـستنەوە، گرێدانی زمانەو، کورت هەڵێنانی سروشتو، وەستاندنی هەسـتەکانە، خـاو بونـەوەی بیروژیریو، سەربڕینی خواستەکانە، پوکانەوەی دەستمایەی زانـستو، وشـکبونەوەی سەرچاوەی هزرەکانە، هیچ کتێبێکیش نیـە کـەڵکو سـودو نمونـەو وتـەو داسـتانێکی خۆشی تێدا نەبێو، دەستەواژەیەکی هەست جوڵێنو ناوازەی لـێ پەیدا نەبێ.

سەرەڕای ئەوەش سودو قازانجی خوێندنەوەکەش لە ڕادەبـەدەرە، پـەناش دەگـرین بە خوا لە مردنی تواناو هێزو، بێ سەر بونی وزەو وڕەو، ساردو سڕی ڕۆحەکان، بـە ڕاستی ئەوەیان گەورەترین دەردو بەڵایە.

---

[٧٢٢] کۆڕی شەوان.

سەخڵەت مەبە، دروست کراوە سەرسورهێنەرەکانی خوا لەم گەردونە وەخوێنەوە

نەخشو نیگاری بێ وێنەی خوا لەم زەمینە ئاوەدانە سەرنج بدە، شتی ناوازەی سەرسوڕمێن دەبینی، هەرچی مەینەتیو کڵۆڵی هەیە دەی تارێنی، بێ گومان دڵو دەرون بە بینینی دیمەنی دڵڕفێن دەگەشێتەوە.

(بوخاری)و (موسلیم) لە (جابر)ی کوڕی (عبدالله دەگێڕنەوە - خوا لێی ڕازی بێ - کە دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمەی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کاروانێکی (قورەیش) ناردو، (ئەبو عوبەیدە)شی کردە برا گەورەمان، جۆرکە قەسپێکیشی وێداین کە هەر ئەوەندە توێشوی ڕێمان بو، (ئەبو عوبەیدە) دانە دانە قەسپی بەسەردا دابەش دەکردین.

ئەو کەسەی لە (جابر)ەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: گوتم: باشە ئێوە چیتان لەو دەنکە قەسپە دەکرد؟ ئەویش گوتی: هەروەکو منااڵ دەمان مژی، دوایی ئاومان بەسەردا دەکرد، ئەو ڕۆژە هەتا شەو بەشمانی دەکرد، هەروەها بە داردەستەکەمان گەاڵی دارمان دەوەراندو تەڕمان دەکردو دەمان خوارد.

دەڵێ: لە کەناری دەریاوە دەڕۆیشتین لە ناکاو شتێکمان ڵێ بەدیار کەوت لەسەر شێوەی ئەو تەپۆلکە [٧٢٤] گەورەو درێژە بو، کە لە لم گرد دەبێتەوە [٧٢٥]، بۆ الی چوین سەیرمان کرد نەهەنگێکی زۆر گەورەیە. دەڵێ: (ئەبو عوبەیدە) گوتی: ئەوە مردارەوە بوە. دوایێ هەر خۆی گوتی: نەخێر، بەڵکە ئێمە نێررواوی پێغەمبەری خواین ﷺ لە پێناوی خواشدا هاتوین، ئێوەش لە بێچارەییان بیخۆن [٧٢٦].

---

٧٢٤) گرد/ گومەز.

٧٢٥) خڕدەبێتەوە.

٧٢٦) لەوکاتە نەیاندەزانی کە گیانەوەری دەریایی مردار نابێ، ئەو فەرمودەیان نەبیستبو، کە دەفەرموێ: دەریا ئاوەکەی پاکە و مردارەوە بوی حەاڵڵە.

دەڵێ: ئێمەش، کەسێ سەد کەس بوین یەک مانگ لێمان خوارد هەتاکو قەڵەو بوین. دەڵێ: خۆمانم دەدیت لە ناو کلۆرایی چاوی بە ئەسکۆڵ [٧٢٧] لێمان دەکردەوەو، بە سەتڵی گەورە دونگو بەزمان لێ جیا دەکردەوەو، پارچەی گەورەی وەکو گاجوتمان لێ دەکردنەوە.

(ئەبو عوبەیدە) سێزدە کەسی لە ئێمە بۆ کونە چاوێك تەرخان دەکردو، هێسکە پەراسوی لێ دەکردنەوەو ڕاستی ڕادەگرتو، بە وشتری هەرە گەورەی دەگوازتەوە، دەیڕوانی کامە پیاو لە هەمان دریژترە لەسەر شانی دانەناو ئەویش لە ژێری دەڕۆیی [٧٢٨].

گۆشتەکەشمان وشك دەکردەوەو هەڵمان دەگرت، کاتێ گەڕاینەوە مەدینە، هاتینە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو سەرگوزەشتەمان بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرموی: "ئەوە ڕۆزیەك بوە خوا پێی داون، ئایە هیچ گۆشتتان لە لایە بیدەن بە ئێمەش؟ دەڵێ: جا هەندێکمان بۆ پێغەمبەری خوا برد ﷺ ئەویش لێی خوارد [٧٢٩].

﴿... ٱلَّذِىٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَىۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ... پەروەردەی ئێمە ئەو کەسەیە کە بە هەمو دەسکردی خۆی هەمو پێداویستی داوە، پاشانیش ڕێی نیشان داوە. ﴿٥٠﴾ طه﴾.

کاتێ دانەوێڵە بە زەوی وەردەکرێ، هەتا ئەو زەویە بە سوکی نەهەژێو نەلەرزێ دانەوێڵەکە شین نابێ، کە هەژا دەنکەکە دو لەت دەبێو شین دەبێ، ئەمەشیان بە ئامێری (ڕەختەر) تۆمار کراوە، ﴿... فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡ ... هەرگا بارانمان لێ بارند دەهەژێو گەشە دەکا. ﴿٥﴾ الحج﴾.

﴿... ٱلَّذِىٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَىۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ... پەروەردەی ئێمە ئەو کەسەیە، کە بە هەمو دەسکردێ خۆی هەمو پێداویستی داوە، پاشانیش ڕێی نیشان داوە. ﴿٥٠﴾ طه﴾.

---

٧٢٧) گەوگیر/ چەمچە / کەوچکی گەورە / یا هەر شتێ گۆشتی پێ لێکراوەتەوە.

٧٢٨) ئەوە وا دەگەیەنێ پراسوی دڕێژ بوە.

٧٢٩) چونکە نەهەنگ مردار نابێ.

(ئەبو داود) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (السنن) لە باسی زەکاتی کشتوکاڵدا دەڵێ: لە (میسر) خەیارێکم پێوا سێزدە بست بو، هەروا بینیم کە بادێك [٧٣٠] دولەت کرابو لەسەر پشتی وشتر پێچرا بو وەکو دو لا بار دانرا بو.

﴿ ... ٱلَّذِىٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَىۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ... پەروەردەی ئێمە ئەو کەسەیە کە بە هەمو دەسکردی خۆی هەمو پێداویستی داوە، پاشانیش ڕێی نیشان داوە. ﴿٥٠﴾ طه ﴾.

دکتۆر (زەغلول نەجار) لێکۆڵەرەوەی ئایەتە گەردونیەکان، لە لێدوانێکیدا باس دەکا، کە چەد ئەستێرەیەك هەن هەزاران ساڵە لە شوێنی خۆیان دەرچون بەرەو زەوی، خێرایشیان بە قەد تیشکی خۆرە، کەچی ئێستاکەش نەگەیشتون، تەنیا شوێنەکانیشیان ماون، ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ... دەسا سوێندم بەو شوێنانەی ئەستێرەیان لێ هەلدێنو ئاوا دەبن. ﴿٧٥﴾ الواقعة ﴾.

﴿ ... ٱلَّذِىٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَىۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ... پەروەردەی ئێمە ئەو کەسەیە کە بە هەمو دەسکردی خۆی هەمو پێداویستی داوە، پاشانیش ڕێی نیشان داوە. ﴿٥٠﴾ طه ﴾.

لە ڕۆژنامەی "الاخبار الجديده" لە ژمارەی ٣٩٦ی بەرواری ١٩٥٣/٩/٢٧ز لە لاپەڕە (٢)دا هاتوە: کە (ئیمرۆ بەیانی "ئونا" وەکو کەسێکی داگیرکەر گەیشتە ناو شاری پاریس، دەیان کەسی پۆلیس بە سواریو بە پیادە پاسەوانو یاساولی [٧٣١] بون. بەڵام "ئونا" ئەو نەهەنگە زەبەلاحو مۆمیاکراوەی نەڕوپجی بو، کە کێشی ٨٠٠٠٠ کیلۆ بو، لەسەر دە ڕاکێشەری لێکبەستراو بە بار هەڵگرێکی گەورەوە بار کرابو، بۆ ماوەی یەك مانگ ئەو ماسیە پیشان دەدرێو، ڕێگا بە خەڵکی دەدرێ بچنە ناو هورگی، کە بە کارەبا ڕوناك کرابو، بە یەك جار دە نەفەر دەتوانن بەیەکەوە بچنە ژورێ).

بەڵام سەرپەرشتیارانی پێشانگای "ئونا"و پۆلیسی شار لەسەر ئەو شوێنە پێکنەهاتن کە ماسیەکەی لێ دابنرێ، لەوە دەترسان لەسەر وێستگەی شەمەندەفەری زەمینی دابنرێو شەقامەکەدا بڕمێ.

---

٧٣٠) وەکو لیمۆ وایە، بەڵام چەند جارە گەورەترەو کەمێکیش تاڵە.

٧٣١) پاسەوانی بون.

ئەگەر چی تەمەنی ئەو نەهەنگە لـە ١٨ مـانگ تێپـەڕی نـەدەکرد، درێژیەکـەی ٢٠ مەتر بو شەمەندەفەری تایبەتی بۆ دروست کرابو تاوەکو بەناو ئـەوروپادا گەشـتێکی پێ بکرێ بەڵام لە ژێریدا تـەپی، دوای ئـەوە ئۆتۆمـۆبیلێکی ڕاکێـشەریان بـۆ دروست کرد کە درێژایی ٣٠ مەتر بو....

﴿ ... ٱلَّذِىٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَىۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ... پەروەردنەی ئێمە ئـەو کەسـەیە کـە بـە هەمو دەسکردی خۆی هەمو پێداویستی داوە، پاشانیش ڕێی نیشان داوە. ﴿٥٠﴾ طه ﴾.

مێـرو لـە هاویـنـدا خـۆراکی خـۆی دابـین دەکـا، چـونکێ لـە زسـتاندا ناتوانـێ بـە دەرڕاوەربێ، ئەگەر مەترسیشی لەوە هەبێ دەنکەکە شین بێتەوە، دو لەتی دەکا، مـار لە بیاباندا ئەگەر خـواردنی دەسـت نـەکـەوێ، خـۆی وەکـو دارێـك دەچـەقێنێ، ئەوسـا باڵندەی لەسەر دەنیشێو دەیخوا.

﴿ ... ٱلَّذِىٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَىۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ... پەروەردنەی ئێمە ئـەو کەسـەیە کـە بـە هەمو دەسکردی خۆی هەمو پێداویستی داوە، پاشانیش ڕێی نیشان داوە. ﴿٥٠﴾ طه ﴾.

(عەبـدول ڕەزاقـی سـەنعانی) دەڵـێ: گـوێم لـە (موعەمـەر)ی کـوڕی (ڕاشـید)ی بەسری بو دەیگوت: لە (یەمەن) هێشوە تریێکم بینی، بارە هێسترێکی تەواو دەبو.

﴿ وَٱلنَّخۡلَ بَاسِقَٰتٍ لَّهَا طَلۡعٌ نَّضِيدٌ ... دارە خورمای بەرزە بالاش بە هێشوی بزمـار کوتـەوە [٧٣٢]. ﴿١٠﴾ ق ﴾.

هـەمو دارو درەخـتو گژوگیایـەك لـە یـەك سەرچاوە ئـاو دەدرێـن ﴿ ... وَنُفَضِّلُ بَعۡضَهَا عَلَىٰ بَعۡضٍ فِى ٱلۡأُكُلِ ... تـامو چـێژی بڕێکیـان بەرانبـەر بـە بڕێکـی تـر، وە سەر دەخەین. ﴿٤﴾ الرعد ﴾.

هەر ڕوەکەی بە شێوەیەکی تایبەتیش بەرگری لەخۆی دەکا، هەیە خۆی لە خۆیدا توندو بەندە، هەیانە درکەکانی پاسەوانە، هەشیانە تاڵو تیژە.

---

٧٣٢) بزمار کوتە، جۆرە هێشوێکە.

﴿ ... ٱلَّذِىٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَىۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ... پەروەردنەدەی نێمە ئەو کەسەیە کە بە هەمو دەسکردی خۆی هەمو پێداویستی داوە، پاشانیش ڕێی نیشان داوە. ﴿٥٠﴾ طه ﴾.

(کەمالەدینی ئەفودی) میسری لە کتێبەکەیدا بەناوی "الطالع السعید الجامع نجباء انباء الصعید" دەڵێ: لە (ادفونا)ی شاری خۆماندا، هێشوە تربێکم بینی، قورسایی بەقەد هەشت (ڕیتڵ)ی (لەیسی)ی بو، هەربەك دەنکیشی ئەوەندەی دوازدە دەرهەم بە سەنگ بو".

﴿ ... ٱلَّذِىٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَىۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ... پەروەردنەدەی نێمە ئەو کەسەیە کە بە هەمو دەسکردی خۆی هەمو پێداویستی داوە، پاشانیش ڕێی نیشان داوە. ﴿٥٠﴾ طه ﴾.

زانا گەردون ناسەکان دەڵێن بونەوەر وەکو فودانە[٧٣٣] هەمیشە جار لە دوای جار فراوان دەبێ: ﴿ وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ... ئەم ئاسمانەشمان بەهێزی خودی خۆمان وەدی هێناو بێ سۆپەڕەشی پێدەدەین. ﴿٤٧﴾ الذاريات ﴾.

باسیش لەوە دەکەن کە وشکانی کەمدەبێتەوەو زەریاکانیش بەرفرە دەبن، ﴿ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّا نَأۡتِى ٱلۡأَرۡضَ نَنقُصُهَا مِنۡ أَطۡرَافِهَا ... ئەم زەمینە - لە گشت لا- کەم دەکەینەوە. ﴿٤١﴾ الرعد ﴾.

﴿ ... ٱلَّذِىٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَىۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ... پەروەردنەدەی نێمە ئەو کەسەیە کە بە هەمو دەسکردی خۆی هەمو پێداویستی داوە، پاشانیش ڕێی نیشان داوە. ﴿٥٠﴾ طه ﴾.

لە گۆڤاری "الفیصل" دا لە ژمارەی ٦٢ی ساڵی ١٤٠٢ کۆچی لە لاپەڕەی ١١٢ وێنەی کەڵەمێکی[٧٣٤] پێچراوەی لێدراوە کە کێشی ٢٢ کیلۆگرامەو، قەبارەشی یەك مەترە، بە هەمان شێوە وێنەی سەلکە پیازێکی وشکی لێدراوەو، ٢ هەتا ٣ کیلۆ گرام گران دەبێ قەبارەشی ٣٠ سانتیمەتر دەبێ.

---

٧٣٣) ئەوە منانّ فوی تێدەکا کاولێك دەچێ.

٧٣٤) کەلەرم / کەڵەم / کەلەم.

نـەو گۆڤـارە دوا بـە دوای نـەوە بـاس لـە تەماتەیـەك دەكـا كـە قەوارەكـەی ٦٠ سەنتیمەتر دەبێ، ئا ئەو شتە نامۆیانە، كە لە كێلگەی جوتێری مەكسیكی "جوزیە كارمن" شین دەبن كە خاوەنی ئەزمونێكی ئەوەندە زۆرە لـە زەوی‌و زارو كشتوكاڵدا وایلێكردوە پلەی پەكەمی جوتێری وەدەست بێنێ لە مەكسیك.

﴿ ... ٱلَّذِىٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَىْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ... پەروەردەی نێمە ئـەو كەسـەیە كـە بـە هەمو دەسكردی خۆی هەمو پێداویستی داوە، پاشانیش رێی نیشان داوە. ﴿٥٠﴾ طه ﴾.

لە كەللەی سەریشدا چوار شـلەمەنی هـەن، لـەناو دەمـدا ئـاوێكی شـیرین هەیـە بـە سوك‌و سانا خـواردن‌و خواردنـەوە ئـاوا دەكـا ئـاوی نـاو لـوت لـیچ‌و لینجـە [٧٣٥] تـاوەكو لـێنەگەڕێ تۆزو تاڵ هەوراز بچێ. ئاوی ناو چاو سوێرە لـێناگەڕێ چـاو وشـك بـێ. ئاوی ناو گوێچكە تاڵە، لـەڕوی جڕوجانـەوەر [٧٣٦] مەتاڵـە [٧٣٧] ﴿ وَفِىٓ أَنفُسِكُمْ ۚ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ... هەروەها لەناو خۆشتاندا (بەڵگەی زۆر هەن)، ئاخۆ لەخۆتان ناڕوانن؟ ﴿٢١﴾ الذاريات ﴾.

(ئەبو فەزل- عەبـدوڕەزاق)ی كـوڕی (فـوتی) مێـژوناس، لـە كتێبەكەیـدا (الحـوادث الجامعة التجارب النافعة في المائة السابعة)، باس لە ڕوداوەكانی سـاڵی ٦٣٧ دەكـاو دەڵێ: لەو ساڵە بەرگدرووێكی عەجەمی هـەبو، خزمـەتكاری (نـەمیر جەمالـەدینی قەشـتمر) بو، هاوسێیەكی بەمە قەست زامدار كردبو مرد.

جـا ئـەو بەرگـدروەرە لـە بەرگدرویـدا زۆر زانـاو دانـا بـو، كـاری زۆر سەرسـوڕمێنی دەكرد، یەكێ لەوان، خۆی بەند كردبو، پارچە كوتاڵێكی هەڵنەبڕاویـشی لـە لابـو، لـە بەرابەری دەرگای ماڵی (جەمالەدین) لە كاتی ڕۆژئاوا سندوقێكی هەڵدەواسی، پاشان لە كاتی بەیانیدا سندوقەكەی لـێ دەكردەوە كاتـێ سەری سندوقەكەیان هەڵدەدایەوە، دەیانبینی بەرگەكـەی هـەڵبڕیوەو، دوریـەوەو، قەدیـشی كـردوە، كۆمەڵـە خـەڵكێك لـە دوای ئەو هەوڵیاندا وەكو ئەو بكەن بەڵام نەیانتوانی.

---

٧٣٥) لیـق.

٧٣٦) زیندەوەری وردەواڵە.

٧٣٧) لـێناگەڕێ بچنە ناو گوێچكە.

لەگەڵ ئەوەی بەرگدرو پیاوێکی بە ساڵ داچوی شەتو خوارو باڵا کورتو پشت چەماوە بو، لە سەردەمی خۆیدا هیچ کەس لە بەرگدرویدا شانی لە شانی نەئەدا، کەسیش نەیتوانی ڕێگای ئەو بگرێتەبەر.

﴿ ... وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُن تَعْلَمُ ... زۆر شتی وای فێری تۆ کرد کە تۆ پێشو نەتدەزانین. (١١٣) النساء ﴾.

﴿ عَلَّمَ ٱلْإِنسَٰنَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ... مرۆی لە شتێ ڕاهێنا کە زوتر پێی نەزانیبو. (٥) العلق ﴾.

﴿ وَٱللَّهُ أَخْرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْـًٔا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ ... خودا ئێوەی لە پزدانی [٧٣٨] دایکتانەوە وەدەرخست، کەچی هیچو نەدەزانی. چاو گوێچکەو دڵی دانێ. (٧٨) النحل ﴾.

﴿ وَعَلَّمْنَٰهُ صَنْعَةَ لَبُوسٍ لَّكُمْ ... فێریشمان کرد زرێتان بۆ دروس بکا. (٨٠) الأنبياء ﴾.

﴿ بَلْ كَذَّبُوا۟ بِمَا لَمْ يُحِيطُوا۟ بِعِلْمِهِۦ وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُۥ ... نەخێر ئەوان شتێك بە درۆ دەزانن، کە هیچی لێ تێناگەییون‌و بۆشیان لێك نەدراوەتەوە. (٣٩) یونس ﴾.

﴿ وَمَا نُرِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ إِلَّا هِىَ أَكْبَرُ مِنْ أُخْتِهَا ... هەر نیشانەیەکی خۆمانی نیشانی ئەوانە دەدا، لە نیشانەکەی پێشەوە گرنگتر بو. (٤٨) الزخرف ﴾.

شێخ (شەهابەدین) (ئەحمەد)ی کوڕی (ئیدریس)ی (قیرافی) میسری دەڵێ: پێم گەیشت، کە "مەلیك کامل" مۆمدانێکی [٧٣٩] بۆ دروست کرا -، کە ستونێکی [٧٤٠] درێژی لە مس دروست کراوە، چەند شوێنێکی هەن بۆ ڕوناکی مۆمی تێدا هەڵدەگیرسێنن- مۆمدانەکە بەو شێوەیە بو هەر کە ساتێك لە شەو تێدەپەڕی کاتژمێرێك بە دیار

---

٧٣٨) منداڵ دان.

٧٣٩) ئەوەی مۆمی تێدا هەڵدەکرێن.

٧٤٠) وەکۆڵەکە / ڕاستو ڕاست.

دەکەوت، پەیکەری پیاوێکی لێ دەهاتە دەرێ، کە لە خزمەت پاشا وەستا بو، کاتێ دە کاتژمێر لـە شـەو دەڕۆیشتن، پەیکەرەکـە لـە سـەروی مۆمدانەکـە بـەدیار دەکـەوتو دەیگوت: خوا بە خێرو خۆشی بەیانی لە پاشادا هێنـا. ئەوسـا دەیـانزانی کـە بـەیانی داوە.

قەڕافـــی دەڵـــێ منـــیش دەســـتکاری مۆمدانەکـــەم کـــردو، وام لێکـــرد لـــە هـــەمو کاتژمێرێکـدا ڕەنگـی مۆمەکـە بگـۆڕێ، پەیکـەری شێرێکیـشی لـەناو دابـو، هـەردو چاوەکانی لـە زۆر ڕەشیـەوە بـەرەو سـپیێکی زۆر دەچـون، لەویـشەوە بـەرەو سـورێکی تاریـــك، لەهـــەر کاتژمێرێکـــدا ڕەنگێکـــی دەدا، دو وردە بـــەردیش لـــە دو باڵنـــدە هەڵدەوەران.

کەسێك دەچۆ ژورێو کەسێکی تر دەهاتە دەرێ، دەرگایـەك دادەخـراو دەرگایـەکی تر دەکرایەوە، هەر کە بـەیانی دەدا پیاوەکـە لـە سـەروی مۆمـدان بـەدیار دەکـەوتو، دەسـتی بـە بنـا گوێـوە بـو، ئامـاژەی بـەوە دەدا کـە کـاتی بانگدانـە، بـەڵام نـەمتوانی وەقـسەی بێـنم، دوای ئـەوە وێنـەی ئـاژەڵێکم دروسـت کـرد دەڕۆیـی بـە لای ڕاسـتو چەپیدا ئاوڕی دەدایەوەو، فیکەی دەکێشـاو قسەی نەدەکرد.

﴿ ... ٱلَّذِىٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَىۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ... پەروەردەی ئێمە ئـەو کەسـەیە کـە بـە هەمو دەسکردی خۆی هەمو پێداویستی داوە، پاشانیش ڕێی نیشان داوە. ﴿٥٠﴾ طه ﴾.

تەنیا سەرپێچی پەروەردیار دڵ دەخاتە پەستیو تەنگی، حەسەنی بەسرایی دەڵێ: ئەی بنیادەم، (موسا) سێ جار سەرپێچی لە خدر کرد پێی گوت: وا پەیوەندی نێوانی منو تۆ پچڕا. بە خۆت دەڵێی چی کـە ڕۆژانـە چـەندین جـار سەرپێچی پـەروەردێنت دەکەی، لەوە ناترسی پێت بڵێ: وا پەیوەندی نێوانی منو تۆ پچڕا.

خوایە هاواره خوایە هاواره

﴿ قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ... بێژە، خوا ڕزگارو دەکا لەو تەنگانەو لە هەمو بەڵایەکی دیش. (٦٤) الأنعام ﴾.

﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ... مەگەر هەر خودا بەس نیە کە ئاگای لە عەبدی خۆی بێ؟ (٣٦) الزمر ﴾.

﴿ قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ... بێژە، کێ ڕزگارتان دەکا لە تاریکی وشکانیو دەریا؟ (٦٣) الأنعام ﴾ .

﴿ وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ... بڕیارندا ئەوانەی لەو زەمینەدا زەبون کران، بە چاکە وەیانخوێنین. (٥) القصص ﴾.

لەمەڕ ئادەمیش دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ ٱجْتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَىٰ ... پاشان پەروەندەی، ئەوی هەڵبژاردو پەژیوانی قبوڵ کردو ڕێی نیشاندا. (١٢٢) طه ﴾.

بە نوح دەفەرموێ: ﴿ وَنَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥ مِنَ ٱلْكَرْبِ ٱلْعَظِيمِ ... خۆو کەسو کارەکەیمان لە خەمی گەورە ڕزگار کرد. (٧٦) الصافات ﴾.

بە ئیبراهیمیش دەفەرموێ: ﴿ قُلْنَا يَٰنَارُ كُونِى بَرْدًا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ... گوتمان، ئاگرا دەبێ ساردو بێ زیان بی بۆ ابراهیم. (٦٩) الأنبياء ﴾.

سەبارەت بە یەعقوب، ﴿ ... عَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِيَنِى بِهِمْ جَمِيعًا ... بە شکۆ گشتیان بهێنێتەوە بۆ لای من. (٨٣) یوسف ﴾.

دەربـارەی (یوسـف)؛ ﴿ ...وَقَدْ أَحْسَنَ بِيٓ إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ ٱلسِّجْنِ وَجَآءَ بِكُم مِّنَ ٱلْبَدْوِ ...(خـودا) زۆر چاکـــەی دەربـاره کـردوم، لـه زینـدانی دەرهێنـاموو ئێوەشـی لـەو سارایەوە [٧٤١] هاوردەوە. (١٠٠) یوسف ﴾.

داود؛ ﴿ فَغَفَرْنَا لَهُۥ ذَٰلِكَ ۖ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَـَٔابٍ ... ئێمـــه لـــەو هەڵـــەی بەخشیمان، لە نزیکانی خۆمانەو گەڕانەوەی چاکی هەیە. (٢٥) ص ﴾.

(ئەیوب)؛ ﴿ ... فَكَشَفْنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرٍّ ... ئازارمان لەسەر لابرد. (٨٤) الأنبياء ﴾.

(یونس)؛ ﴿ ... وَنَجَّيْنَٰهُ مِنَ ٱلْغَمِّ ... لە خەمەکەمان ڕزگار کرد. (٨٨) الأنبياء ﴾.

(موسا)؛ ﴿ ... فَنَجَّيْنَٰكَ مِنَ ٱلْغَمِّ ... لەو خەمەش ڕزگارمان کردی. (٤٠) طه ﴾.

(موحەممەد)؛ ﴿ إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ ٱللَّهُ ... ئەگەر ئێوە یارییدەی نادەن، خودا بۆ خۆی دەهانای هات. (٤٠) التوبة ﴾.

﴿ أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ ... چما بێ دایكو باوك بوی، ئەو پەنای پێدای؟ (٦) الضحى ﴾.

﴿ وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ (٧) وَوَجَدَكَ عَآئِلًا فَأَغْنَىٰ ... ئەدی نەشارەزا نـەبوی ڕێـی نیشان دای؟ لە هەژاریو لە ئاتاجی دەریکستی. (٨) الضحى ﴾.

﴿ ...كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ ... ئەو گش ڕۆژێ بە کارێکەوە خەریکە. (٢٩) الرحمن ﴾.

هەندێ لە تۆێژەرەوان دەڵێن هەمیشە لە کاردا بونی خوا ئەوەیە، لە تاوان دەبورێ، خەمو پەژارە لادەبا، هەندێ کەس بەرز دەکاو، کەسانێکیش نزم دەکا.

هـەر بەڵـە هەورێکـەو دەڕەوێتـەوە، ﴿ لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ كَاشِفَةٌ ... غـەیری خـودا کەس پەردەی لەسەر لانادا. (٥٨) النجم ﴾.

---

(٧٤١) لە چۆڵگەوە، لە گوندەوە.

دڵ گـران مـەبە ڕۆژگار هەر جـارە بە ڕەنگـێ خۆی دەنوێنـێ

(ئیبن زوبەیر) (موحەممەد)ی کوڕی (حەنەفیـە)ی لـە بەندیخانـەی ((عـارم)) لـە مەککەدا بەند کـرد، چـەند سـەدەیەك دوای ئـەم ڕوداوە بـیرم کـردەوە، سـەیر دەکـەم (ئیبن زوبەیر)و (ئیبن حەنەفیە)و بەندیخانەی "عارم" هەروەك خەون وخەیاڵێکە: ﴿... هَلْ تُحِسُّ مِنْهُم مِّنْ أَحَدٍ أَوْ تَسْمَعُ لَهُمْ رِكْزًا ... ئاخۆ هەست بـە هیـچیان دەکـەی، یان نوزەشیان لـێ دەبیسی؟ ﴿٩٨﴾ مریم﴾ .

ستەم لێکراوو، ستەم کار، بەنـد کـاروو[٧٤٢] بەنـدەوار[٧٤٣]، کاسـەی مـەرگیان نۆشـکرد. هەر فیرعەونێکیش موسایەکی بۆ دەبێ.

ئەم دوانـە لەسـەر پەروەندەی خۆیان کێشـەیانـە

لە فەرمودەشدا هاتوە: ((لتؤدن الحقـوق الـى اهلها حتى يقـاد للشـاة الجلـحاء من القـرناء... سوێند بێ، هـەمو خـاوەن مافێك مافـی دەسـێنرێتەوە، هـەتاوەکو تۆڵـەی بزنە کۆڵە[٧٤٤] لە بزنی شاخدار دەکرێتەوە)).

---

٧٤٢) ئەوەی خەڵك قۆڵبەست دەکا.

٧٤٣) بەندکراو/ زیندانی کراو.

٧٤٤) بزنی بێ قۆچ.

خـەمینی تۆ دوژمنـت دڵخـۆش دەکـا

بێگومـان نـەیارانت بـە خـەمباریت دڵ شـادن، بۆیـە یـەکێ لـە یاسـاو بنەچـەی [٧٤٥] ئیـسلام دەمـشکێنی [٧٤٦] نەیارانـە: ﴿ ... تُرْهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ ... تـاوەکو دوژمنانی خواو دوژمنانی خۆشیانی پێ بترسێنن. ﴿٦٠﴾ الأنفال ﴾.

ئەو کاتەش کە (ئەبو دوجانە) لە شـەڕی (ئوحـود) سـنگی ڕەپێـش کـرد بـو بـەناو ڕیزەکاندا لافـی لێدەدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((**انهـا لـمـشـيـة يبغـضـهـا الله الا من هذا الـموطن**... ئەوە ڕۆیشتنێکە خوا ڕقی لێیەتی جگە لەو شوێنە نـەبێ. بەهەمان شێوە فەرمانی بە هاوەڵاندا لە دەوری کابە [٧٤٧] بە گورگـە لۆقـە [٧٤٨] غـاردەن، بۆ ئەوەی شانو شەوکەتیان پێشانی بێ باوەڕان دەن.

﴿ ... وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ ٱلْمُؤْمِنُونَ ... ئـەوێ ڕۆژێ بـاوەڕداران کـەیفێ دەکـەن. ﴿٤﴾ الروم ﴾.

لـە ڕاسـتیدا نـەیارانی ڕاسـتیو دوژمنـانی چـاکە ویـستی، ئەگـەر بـە ئاسـودەییو کامەرانیو بەختەوەری ئێمە ئاگادار بـن لـە داخـان دڵیـان شـەق دەبـا. ﴿ ... قُلْ مُوتُوا۟ بِغَيْظِكُمْ ... بێژە: دەك، لە ڕکان بمرن، ﴿١١٩﴾ آل عمران ﴾.

﴿ إِن تُصِبْكَ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ ... ئەگـەر چاکەت بێتـە ڕێگـە ئەوانـە پێیـان ناخۆشە، ﴿٥٠﴾ التوبة ﴾.

﴿ ... وَدُّوا۟ مَا عَنِتُّمْ ... هەر حەز دەکەن توشی ناڕەحەتیتان کەن. ﴿١١٨﴾ آل عمران ﴾.

---

٧٤٥) بنەمای.
٧٤٦) دەمکوت.
٧٤٧) کەعبە/ماڵی خوا.
٧٤٨) نمـە غاردان.

لە فەرمودەشدا هاتوە: ((اللّهم لا تشمت بي عدوا ولا حاسداً... پەروەردگارا هیچ چاوچنۆك و نەیارێكم پێ خۆش نەكەی)). ئەو فەرمودەیەش: ((ونعوذ بك من شماتة الاعداء... پەناشت پێ دەگرین لە چاوتێبڕی دوژمنان)).

پیاوچاكان لە پێناوی دەمكوتی ڕەشك پێ بەران و [٧٤٩]، پەنگ خواردنەوەی چاو تێوەبوان [٧٥٠]، بە خەندەوە پێشوازیان لە ڕوداوی ناخۆش كردەوە و، ئارامیان لەسەر بەڵاباری گرتوە و، لە ڕوبەڕوبونەوەی كاری دژواردا قۆڵو بازویان هەڵكردوە: ﴿... فَمَا وَهَنُوا لِمَآ أَصَابَهُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَمَا ضَعُفُوا۟ وَمَا ٱسْتَكَانُوا۟ ... هەرچەند بەڵای لەڕێی خوادا توشی هاتن، نە هیچیانی سستەوە كرد نەزەبونی ڕوی تێكردن. (١٤٦) آل عمران﴾.

گەشبینی و ڕەشبینی

﴿... فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَزَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ (١٢٤) وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَتْهُمْ رِجْسًا إِلَىٰ رِجْسِهِمْ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ كَٰفِرُونَ ... جا نەوانەی بڕوایان بە خوا هێناوە باوەڕیان بەهێزتر دەبێ و كەیفێ دەكەن. نەوی دڵیشیان ساغ نیە، حاشا دێتە سەرحاشایان و بە خوا نەناسی دەمرن. (١٢٥) التوبة﴾.

زۆرێك لە هەڵكەوتان لە بەرابەری كاری دژوارو مەترسیدار گەشبینیان نواندوە و، بە پێی یاسای خوا سەرەنجامێكی ڕۆشنیان وەدی كردوە: ﴿... وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ۗ ... ڕەنگە لە شتێك حەز نەكەن بەڵام بۆتان وەخێر گەڕێ، ڕەنگیش هەیە ئاوات بۆ شتێ بخوازن كە ئاكامەكەی باش نەبێ. (٢١٦) البقرة﴾.

---

٧٤٩) چاوچنۆكان.

٧٥٠) ئەوانەی چاویان بە خێرو خۆشی هەڵنایێ.

بڕوانە (ئەبو دەڕوا) دەڵێ: سێ شتم خۆش دەوێ خەڵك ڕقی لێیانە: دەست کورتی‌و نەخۆشی‌و مەرگم خۆش گەرەکە[٧٥١]، چونکێ نەداری لوت بەرزیدا دەنەوێنێ، نەخۆشی تاوان هەڵدەوەرێنێ، مەرگیش بە خزمەت خوای بەرزو توانات دەگەیەنێ.

کەسانێکیش هەن ڕقیان لە کەمدەرامەتیەو بە خراپە باس دەکەن، دەڵێن هەتاوەکو سەگیش ڕقی لە هەژارانە.

یوسف پێغەمبەر - سڵاوی خوای لەسەر- دەربارەی بەندیخانە دەڵێ: ﴿... ٱلسِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِيٓ إِلَيْهِ ... زیندانەکەم پێ خۆشترە لەوەی ئەوان لێم دەخوازن. ﴿٣٣﴾ یوسف﴾.

بەهەمان شێوە (عەلی) کوڕی (جەهم) دەربارەی بەندیخانە شیعرێك دەهۆنێتەوەو نەترسی خۆی نیشان دەدا.

بەڵام (عەلی) کوڕی (موحەممەد)ی نوسەر لە شیعرێکدا بەندیخانە بە کۆست‌و بەڵای گەورە دادەنێ.

خەڵکانێکی زۆریش مردنیان پێ خۆشبوەو پێشوازیشیان لێکردوە، (موعاز) دەڵێ: ئەی مەرگ خۆشهاتی[٧٥٢]، خۆشەویستێکەو لە تەنگانەدا هاتوە، ئەوەی ژێوانی دەردەپڕێ سەرکەوتوە.

یەکێ تریش دەڵێ: ئەگەر مردن هات برا گەورەیە.

وەلێ هەندێکی تریش هەن لە داخی مردن ڕو مرچ‌و مۆنن، جوێنی پێ ئەدەن‌و لەبەری هەڵدێن.

جولەکە لە هەمو کەس پتر ژیانیان خۆشدەوێ، خوای بێ هاودەم‌و هاوتا سەبارەت بەوان دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنَّ ٱلْمَوْتَ ٱلَّذِي تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمْ ... بێژە: ئەو مەرگەی کە ئێوە لێی ڕادەکەن، هەردەوگاتێ. ﴿٨﴾ الجمعة﴾.

---

٧٥١) پێ خۆشە.

٧٥٢) بەخێرهاتی/بەخێر بێی.

ئی واش هـەیە دەڵێ:

دوای ئـەو ژیـانـە ژیـانم نـیـیـە
پـاش ئەو سـەردەم سـەرم نـیـیـە

کوژران لە پێناوی خوادا، لەبیری پیاو مەردو چاکەکاراندا، خۆزگەو خواستێکی شـیرینە: ﴿ ... فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُۥ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ ... جـا لەوانـە هەیانـە گیـانی بەخشیوەو هێندێکیشیان چاوەنۆڕن.﴿٢٣﴾ الأحزاب ﴾.

ئـەوەش بڵێین خـەڵکێکیش ڕقـی لـەوە بـوە بکوژرێو لەبەریشی هـەڵاتوە وەکـو (جەمیل بەسینە) لە شیعرێکدا ژیانو ڕابواردنی بەسەر جیهاندا هەڵدەبژێرێ.

عەرەبێکی کۆچەریش دەڵێ: سوێند بـە خـوا پـێم ناخۆشـە لەسـەر پێخەفی خـۆم بمرم، جا چۆن لە کونو قوژبنان لـە دوای دەگـەڕێم ﴿ ... قُلْ فَٱدْرَءُوا۟ عَنْ أَنفُسِكُمُ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ... بێژە: سـا ئەگـەر ڕاست دەکـەن، خـۆ لـە مـردن بپارێزن.﴿١٦٨﴾ آل عمران ﴾.

﴿ ... قُل لَّوْ كُنتُمْ فِى بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ ٱلَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقَتْلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمْ ... بێـــژە: ئێـوە ئەگـەر لـە مـاڵی خۆشـتان بـان، ئـەو کەسـانەی کوشـتنیان لەسـەر نوسـراوە، دەهاتنەوە جێی تخێڵ بونی[٧٥٣] تەرمیان.﴿١٥٤﴾ آل عمران ﴾.

بێگومان ئەو بەڵایەی دێ ناگۆڕێ بەڵام دڵو دەرون لێك جیاوازن.

---

٧٥٣) جێی کەوتنی لاشەی مردوان.

دڵگیـر مـەبە ئـەی مرۆڤـ

ئەی مرۆڤ: ئەی ئەو کەسەی لە دەستی ژیان بێزاری، لـە تـاوانی دەردەداری، دڵت پەنگی خواردۆتـەوەو [٧٥٤]، هەناسـەی بـە کـوڵ هەڵدەمـژی، ئاسـۆی ڕونـت لـێ هەڵدێ، سـەرکەوتنێکی نزیکـت بـەرەو ڕو دێ، دەروی خێـرت لـە ڕودا والاّ دەکـرێو، دوای ناخۆشیش خۆشی دێ.

سۆزو میهری خوا لە هەمولاوە دەوری تۆی داوە، خۆری هیوا نزیکـە پـرشـنگ بـدا، داهاتوێکی پڕ ئومێدیش بەڕێوەیەو، بـەڵێنی خـواش ڕاسـتو لەجێیـە، ﴿وَعْدَ ٱللَّهِ لَا يُخْلِفُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥ ... خودایە بەڵێنی داوەو لـێ پەشیمان نابێتەوە. ﴿٦﴾ الروم﴾.

گومانت نەبێ ئەو دڵپەسـتیەی تـۆ دەڕەوێتـەوەو زامـی دڵت سـاڕێژ دەبـێ، ئـەوەی بەسەریـشت هـاتوە ئـاوا دەبـێ، دڵنیـاش بـە لـەودیوی مەینەتیـەکانت، سـرەوتنە، حەسـاوگەیە، نزارگەیـە، ئـاورنگ [٧٥٥] و نمـەی بارانەیـە. ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِىٓ أَذْهَبَ عَنَّا ٱلْحَزَنَ ... شوکرانە بۆ ئەو خودایەی کە سەری لەسەر نەهێشتن. ﴿٣٤﴾ فاطر﴾ .

ئەی مرۆڤ: ئـەو هەلـەی ئێستات ئـەو هەلەیـە بـە سـای دڵنیـایی گومـانو دو دڵی بڕەوێنی، ئاڵۆزیو پەشـێوی دڵت بەسـای حەقو ڕاستی بتـارێنی، بیروهـزری لـوێچو لارت [٧٥٦] بەهۆی ڕێنمایی نەهێڵی، چەوتە ڕێ [٧٥٧] نەگریتەبەر لە بری ڕێنوێنی.

کاتی ئەوەیە بە دەرکەوتنی ڕوخساری بەرە بەیانی ڕاستی تاریکی ئەنگوستە چاو ڕابمالّی، بـە شـیرینی ڕەزانـوێنی [٧٥٨] تـالّایی ناسـۆریو ژان دابمـالّی، تـەمو لێڵی کێـشەو ئاشوب بەو ڕوناکیە تارو مارکەی کە هەمو فرتو فێڵێـك هەڵدەمالّێ.

---

٧٥٤) پەستو ڕڕبوە.
٧٥٥) خوناوکە / خوناو / شەونم.
٧٥٦) خێچو خوار.
٧٥٧) کوێرە ڕێ.
٧٥٨) ڕەزامەندی.

ئەی مرۆڤ: لەو دیوی ئەو بیابانە دێمە رۆکەی [٧٥٩] لە رێتانە زەویەکی پڕ بە پیتو فەڕ چاوە رێتانە، کە لە هەمو لایەکەوە رۆزی بەسەردا هەڵدەڕژێ.

ئەی مرۆڤ: لەسەروی لوتکە چیای ئەشکەنجەو ئازارو ڕەنج کێشان باخو گوڵشەنێکی درەخشانە [٧٦٠] تێراوی رێشنە [٧٦١]، یا لێزمە بارانە، نمە بارانێك مایەی ڕۆنبینیو [٧٦٢]، ئومێدەواریو موژدەدانە.

ئەی ئەو کەسەی خەو لە چاوت زڕاوەو شەوان هاوارو ڕۆڕۆت لێ هەڵساوە دەڵێی: ئەی شەوی درێژ ئیتر با ڕۆژت هەڵبێ، موژدەت لێبێ وا بەیانە، ﴿... أَلَيْسَ ٱلصُّبْحُ بِقَرِيبٍ ... ئاخۆ بەیان نزیك نیە؟ ﴿٨١﴾ هود﴾.

ئەو سپێدەیە ڕۆشناییو شادیت بۆ دێنێو خەمو خەمینیت دەتارێنێ.

ئەی ئەو کەسەی لە سۆنگەی کڵۆڵی هەستو ژیریت لەدەست داوە: کەمێ ئارامو هێواش بە، لە پەنای کەڵو [٧٦٣] ئاسۆوە سەرکەوتنت بەڕێوەیە، بەلگەی زۆرو ڕاستو ڕەوانیش هەن گەر بتەوێ لەبەرچاوی خۆتیان بگری.

ئەی ئەو کەسەی چاوەکانت لە فرمێسك داڕژاوە: ئیتر فرمێسکەکانت بسڕە، با گلێنەکانت پشو بدەن، هێور بەوە تۆ لە ژێر میهرو سۆزو چاودێری دروستکاری ئەم گەردونەی، ئەی بەندە دڵارامبە، قەزاو قەدەری خوا بەجێ بوە [٧٦٤]، خۆشت هەڵتبژاردوە، میهری خواش بۆتۆ بوە، تێنوێتی شەکەتی ڕەویەوە، ڕەگو ڕیشاڵی ڕەنجبەری تێراو بو، لەلایەن ئەو خوایەش کە هیچ هەوڵو ڕەنجێکی لەلا بە فیڕۆ ناچێ پاداشتت مسۆگەر بوە.

---

٧٥٩) دێمە کار/ زەوی وشکو بێئاو.
٧٦٠) تروسکەدار.
٧٦١) ڕێژنە.
٧٦٢) گەشبینی/ ئومێدەواری.
٧٦٣) بەرزایی.
٧٦٤) هاتە دی.

دڵنیاو حەساوە بە: تۆ مامەڵەت لەگەڵ خوایەکە بەسەر کارو فەرمانی خۆیدا زاڵە، بەرامبەر بەندەکانیو دروستکراوانی بە سۆزو میهرەبانە، کاروباریشی زۆر بەجێیەو لە جێیە.

با دڵت بسرەوێ، پاشەڕۆژ خێرو خۆشیە، دەرەنجام سانەوەیەو، کۆتا ژیان شکۆمەندیو ڕێزداریە.

دوای هەژاری دەوڵەمەندیە، دوایی تێنوێتی تێراویە، دوای جیابونەوە، بە یەکتر شادبونەوەیە، دوای پشت هەڵکردن بە یەك گەیشتنەوەیە، دوای پچڕانێ یەکگرتنەوەیە، دوای بێ خەوی خەو خۆشیە، ﴿لَا تَدْرِي لَعَلَّ ٱللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَٰلِكَ أَمْرًا ... تۆ چوزانی، لەوانەیە لە پاش ئەمە خوا شتێ تر وەدیبێنێ. الطلاق ١﴾.

ئەی ئەوانەی لەسەر دنیا ئازار چەشتون، بە تێنوێتیو برسێتی، بە هەژاریو دەردەداریو کولە مەرگی گیرۆ دەبون، مزگێنیتان لێبێ، لەمەولا تێر دەبنو چاك دەبنەوە، شادو بەختەوەر دەبن، ﴿وَٱلَّيْلِ إِذْ أَدْبَرَ ٣٣ وَٱلصُّبْحِ إِذَآ أَسْفَرَ ... (سوێند) بەو شەوگارەش کە ڕادەکا بەو سپێدەی ڕوبەندی خۆوە لادەبا. ٣٤ المدثر﴾.

پێویستە لەسەر بەندە لە ئاستی پەروەردندەیدا [٧٦٥] گومانی باش بێو، چاوی لە خەڵاتو بەخششی بێ، نومێدی بە میهری وەدیهێنەری بێ، بێگومان خوایەك بە وشەی (ببە) فەرمانی جێبەجێ بێ، شیاوە بەوەی باوەڕو متمانە بە وادەو بەڵێنی بکرێ، خوایەکە هەرچی بەهرەیە لەویەوە سەرچاوە دەگرێ تەنیا ئەوە زەرەرو زیان ناهێڵێو، بەخشندەیی هەمو گیاندارێك دەگرێتەوە، لە هەمو جموجۆلێکدا لێزانی ئەو وەدی دەکرێ، لە هەمو ساتێك ڕزگاری وی دێ، لە دوای شەو بەیانی دادێنێ، لە دوای وشکە سالّی بارانێ دەبارێنێ، دەبەخشێ تاوەکو سوپاس بکرێ، بەندەی تاقی دەکاتەوە تاوەکو ئارامگریو بێ ئارام لە یەك هەڵاوێر بکرێ، بەهرەو خەڵات دەبەخشێ تا سوپاس کردن ببیسێ، دەردو بەڵا دەنێرێ تا نزاو سکاڵای لێ داوا بکرێ، ئەوسا جێگای خۆیەتی بەندە پەیوەندی لەگەڵدا توندو تۆڵ بێ، دەستی بە

---

٧٦٥) پەروەردگاری.

پەتی ئەوەوە بگرێ، داواو خواستی هەر لە ئەو بێ ﴿... وَسْـَٔلُواْ ٱللَّهَ مِن فَضْلِهِۦٓ ... ئێوە دەبێ هەر لەبەر خودا وەپارێن. ﴿٣٢﴾ النساء﴾.

﴿ٱدْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً ... بە نهێنیو بە ئاشکرا هەر پەروەردەو لەبیربێو لەبەری بپارێنەوە. ﴿٥٥﴾ الأعراف﴾ .

(عەلائی) کوڕی (حەزرەمی) لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵان ڕێگایان ون کرد، ئاویان بڕا، کەوتنە سەر لێواری مەرگ، (عەلاء) هاواری بۆ پەروەردیاری نزیکی هەڵبڕی، داوای لە خوایەکی بیسەرو وەڵامگۆ کردو، بەو نزایە بانگی کرد: ((يا علي يا عظيم، يا حكيم يا حليم)) هەر لەجێوە بارانیان بەسەر دابارێو، ئاویان خواردەوەو، خۆیان شوشتو دەستنوێژیان گرتو، وەڵاخەکانیشیان ئاودان.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ مِنۢ بَعْدِ مَا قَنَطُواْ وَيَنشُرُ رَحْمَتَهُۥ وَهُوَ ٱلْوَلِىُّ ٱلْحَمِيدُ ... هەر ئەویشە پاش ناهومێد بون لە باران، بارانە دابارێنێو دلۆڤانی خۆشی بلاو دەکاتەوە. هەر ئەوە بۆ مەزنایەتی ئەشێ هەر پەسندی بدرێ [٧٦٦]. ﴿٢٨﴾ الشورى﴾.

هـەڵوەسـتەیـەك

خۆشویستنو، ناسینو، هەمیشە یادی خوای دەستەبالا، حەسانەوەو سرەوتن بە سای ئەو، هەستکردن بەوەی هەر ئەو شیاوی خۆشویستنو لێترسانە، جێی ئومێدو، مامەڵە لەگەڵ کردنو پشت پێ بەستانە، بە جۆرێك دەسەڵاتی بەسەر هەستو نەستو، ویستی بەندەدا دەشکێ، ئا ئەوە بەهەشتی سەر دنیایەو، خۆشیێکی بێوێنەیەو، بیلبیلەی چاوی دۆستانو، ژیانی خوا پەرستانە.

پەیوەست بونی دڵ بە خوای تاك‌و تەنیا پێ قایلیو زمان ڕاهاتن بە یادی ئەو: مایەی نەمانی خەمو پەژارەو، دلگوشادیو خۆشگوزەرانین.

---

٧٦٦) سوپاسی بکرێ.

بە پێچەوانەی ئەمەش، هیچ کەسێك ئەوەندەی ئەو کەسەی دڵی بە غەیری خواوە بەندە، یادی خوای لە بیر کردوە، بەو بەشەی خوا پێی داوە ناقایلە، پەستو دڵ پڕ لە خەم نیە، تاقی کردنەوەش باشترین بەڵگەیە.

بە کۆست کەوتوان دڵت بدەوە

﴿ وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا مَا حَوْلَكُم مِّنَ ٱلْقُرَىٰ ... فرە لەو باژێرانەمان قڕتێ خستون کە هەر لە دەوری ئێوە بون. ﴿٢٧﴾ الأحقاف ﴾.

یەکێ لەوانەی دوچاری کارەسات و مەرگەساتی خوێناوی و ڕیشە هەڵکێشان هاتن: بەرمەکیەکان [٧٦٧] بون، کە خانەوادەیەکی بەخشندەو دەستبلاّو حاڵ خۆش و بەنازو فیزبون، ئەو مەرگەساتەی ئەوان بو بە پەندو ئامۆژو نمونە، لە کاتێکا لەناو نازو گۆزدا خۆیان لەیاد کردبو، لەناو جێ خەفو پێ خەفی گەرمو نەرم دابون، لەناو باخو باخاتی دڵڕفێن دەخولانەوە، لە ناکاوێ لەناو گاڵتەو گەپدا فەرمانی خوایان بەسەر داهات، هەر لە بەیانیو ئێوارەیەکدا لەسەر دەستی (هارون ڕەشید)ی نزیکترین خزمو خۆیشیان پەلامار دراون و تێکشکێنران، کۆشکو تەلاریان ڕوخا، ئابروو شکۆیان تکا، کۆیلەو دەستو پێوەندیان ڕفێنرا، خوێنیان ڕژا، شانو شەوکەتیان شکا، دڵی خۆشەویستانیان پێ زامدار کرا، چاوی زا ڕۆڵەیان [٧٦٨] لە خوێنزا [٧٦٩]، جا گەورەیی و تاك و تەنیایی بۆ خوا، چەندە بەهرەو نازو گۆزیان لێ زەوتکراو، چەندە فرمێسکیان بۆ هەڵڕژا، ﴿ وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا مَا حَوْلَكُم مِّنَ ٱلْقُرَىٰ ... سا ئێوە دەرس وەرگرن، ئەی گرۆی خاوەن ئاوەزان! ﴿٢٧﴾ الأحقاف ﴾.

کاتژمێرێك بەرلەوەی وایان بەسەر بێ لە ناو پۆشاکی گران بەهادا لەناو بەرگی ناوریشمیدا، کەش و فیشیان [٧٧٠] دەکردو خۆیان هەڵدەکێشا، کاسەی پڕ ئومێدیان نۆش دەکرد، ئای لەو کارەساتە دڵ تەزێنەی هاتە ڕێیان، ئای بە چ داخێك داخکران!!

---

٧٦٧) ناوی تیرەیەکە.

٧٦٨) منالیان.

٧٦٩) لە خوێن هات.

٧٧٠) خۆیان هەڵدەکێشا.

لەو رۆژگارە چەند سالانێك بە هێمنی بە سەریان برد، سەردەمێك بو، شەوو رۆژیان بە بێ ئاستەنگ خۆف و خافڵ [٧٧١]، بەڕێ دەکرد ﴿ وَسَكَنتُمْ فِي مَسَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمْ وَتَبَيَّنَ لَكُمْ كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِمْ وَضَرَبْنَا لَكُمُ ٱلْأَمْثَالَ ... هەر چونە جێگەی ئەوانەش کە ناهەقیان لەخو دەکردو تێشگەیشتن کە چیمان بەسەر وان هێناو زۆر نەزیلەشمان [٧٧٢] بۆ گوتون. ﴿٤٥﴾ إبراهيم ﴾.

بەیداخی نەیارانیان لەسەر سەری دەشەکایەوە [٧٧٣]، هەمولایان بەسەر بازان تەنرایەوە [٧٧٤].

بەسەربەستی لەناو نازو گۆزدا دەلەوەڕان، چەند عەیام بو [٧٧٥] لەناو ژیانێکی بێژاندا دەژیان، تراویلکەیان بە کانیاو دەزانی، هاوسانو [٧٧٦] کیسیان کرد، لایان وابو دونگو چەوریان زیادی کردوە [٧٧٧]، دنیایان بە جێگای مانەوە سەیر دەکردو، پێیان وابو دوایی نایێ، خەیاڵیان وابو بارمتەکە نادرێتەوەو، قەرزو قۆڵو ماڵی سپاردە بۆ خاوەنی ناگەڕێتەوە، ﴿ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمْ إِلَيْنَا لَا يُرْجَعُونَ ... لایان وابو ناگەڕێنەوە لای ئێمە. ﴿٣٩﴾ القصص ﴾.

بەیانی لە خۆشی دابون ئێوارەیان لە ناو گۆڕدا کردەوە، لە ناکاوێك (هارون ڕەشید) رقی هەڵسا شمشێری ڕق و کینەی لێ هەڵگێشان، (جەعفەر)ی کوڕی (یەحیا)ی بەرمەکی کوشتو، هەڵیواسی پاشانیش لاشەی گڕدا [٧٧٨]، (فوزەیل)ی کوڕی (یەحیا)ی برایو، (یەحیا)ی کوڕی (خالید)ی باوکیشی قۆڵبەست کردن، ماڵو موڵکو دارایی لێداگیرکردن، شاعیرانیش زۆر هۆنراوەیان بەسەر بەرمەکیان

---

٧٧١) بێناگا.
٧٧٢) نمونە.
٧٧٣) دەلەرزیەوە / بای لێدەدا.
٧٧٤) گیرا.
٧٧٥) ماوەیەکی زۆر.
٧٧٦) پەڵەی مەترسیدار/وەرەم.
٧٧٧) قەڵەو بونە.
٧٧٨) سوتاندی.

داهۆنیوەتەوە، یەکێ لەوان پیاهەڵدانی (ڕەقاشی) بو، هەندێك دەڵێن هۆنراوەکە ئی ئەبو نەواسە پێیان دا هەڵدەڵێو بەخشندەیی‌و دەست کراوەیی یان دەلاوێنێ.

بە هەمان شێوە کاتێ (ڕەقاشی) (جەعفەر)ی بینی هەڵواسراوە لەو کاتەشدا ئەو بنەماڵەیە بە شیعر دەلاوێنێتەوە.

(هـارون ڕەشـید) بـانگی کـردو پێـی وت: (جەعفـەر) سـاڵانە چـەندی پـێ ئـەدای؟ گوتی: هەزار دینار. دەڵێ: فەرمانیدا دو هەزاری بۆ ببڕێتەوە.

(زوبەیر)ی کوڕی (بەکار) لە (موسعەب زوبـەیری) مـامی دەگێڕێتـەوەو دەڵێ: لـە کاتێك (ڕەشید) (جەعفەر)ی کوشت، ژنێك بە سواری گوێدرێژێك بـە تونـدو تـۆڵی‌و، بە زمـانێکی ڕەوان گوتی: سوێند بـە خـوا ئـەی (جەعفـەر) ئەگـەر نێستا بـە پەنـد هەڵواسراوی، بەر لە ئێستا لە بەخشندەییدا بەیداخ [٧٧٩] بوی. دوای ئەمە بـە هـۆنراوە لاواندیەوە.

ئەو کاتەش، کە (ئەبو جەعفەر مەنسور) (موحەممەد)ی کوڕی (عبـدالله)ی کـوڕی (حەسەن)ی کوشت، بـە (ڕەبیـع)ی دەرگـەوانی خۆیـدا سـەرکی بـۆ (عبـدالله)ی بـاوکی ڕەوانە کرد کە لە بەندیخانەدا بو، سـەری لەبەردەسـتی بـاوکی دانـاو، ئـەویش گـوتی: خوا سۆزی بۆت بنوێنی ئـەی بـاوکی قاسـم، بـە ڕاسـتی لەوانـە بـوی پـەیمانی خوایـان بەجێ هێناو ئەو بەڵێنەیان نەشکاند، لەوانە بوی ئەو پەیوەندیە بگەیـەنی کـە خـوا فەرمانی داوە بگەیەنرێو، لە خوای خۆیان‌و ڕۆژی سەڵا دەترسێن، پاشان نمونەی بـە وتەی شاعیرێك هێنایەوەو ڕوی لە (ڕەبیع)ی دەرگەوانی (مەنسور) کردو، پێـی گـوت: بە گەورەی خۆی بڵێ:

ماوەیـەك بەسـەر ژیـانی تـاڵی ئێمـەدا تێپـەڕی‌و، بـە هـەمان شـێوە بەسـەر خـۆش گوزەرانی ئەویشدا تێپەڕی، خاوەن بەڵێنیش خوای بێ هاوتایە!

(عەباس)ی کوڕی (ئەحنەف)یش شـتێکی بـەو مانایـە گوتـوە -هەنـدێکیش دەڵێن (عەمارە)ی کوڕی (عوقەیل) گوتویەتی: هەروەکو لە (قول علی قول)دا هـاتوە. بـەڵام ئێستاکە: (هـارون ڕەشـید) لـە کوێیـەو (جەعفـەر)ی بەرمـەکی لـە کوێیـە؟ کـوان کوژیارو کوژراو؟ فەرماندارو فەرمان لەسەر کراو لە کوێن؟

---

٧٧٩) ئاڵا بوی.

ئەو کەسەی لە ناو کۆشکیدا لەسەر تەختی فەرمانی دەرکرد چی بەسەرهات؟

ئەوەی کوژراو هەڵواسرا بەرەو کوێ چو؟ ناویان نـەما، هـەروەکو دوێنێـی تێپـەڕیو تێپەڕین، بەڵام خوایەکی دادوەرو تۆڵەسێن لەمەولا لە ڕۆژێکدا کە گومانی تێدا نیـە، نـە زۆرداریو نـە سـتەمکاری تێدا دەکرێ، کۆیـان دەکاتـەوە، ﴿ ... عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي فِي كِتَابٍ لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى ... (بارو گوزەرانی چینەکانی پێشو) لە دەفتـەرێك دایـە لـە لای پەروەردیارمـەو ئـەو دەیزانـێ. پـەروەدیارم نـە هـیچ شـتی لـێ گـوم دەبـێو نەهیچێشی لەبیـر دەچێ. ﴿٥٢﴾ طه ﴾.

﴿ يَوْمَ يَقُومُ ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ... ئەو ڕۆژەی کە هەمو مەردم بۆ دیداری پەروەردەی هەمو دنیا ڕادەوەستێ.﴿٦﴾ المطففين ﴾.

﴿ يَوْمَئِذٍ تُعْرَضُونَ لَا تَخْفَىٰ مِنكُمْ خَافِيَةٌ ... ئـەو ڕۆژە ئێـوە ڕادەنـێنو هەرچـی بـۆ شاردنەوەیە لە ئێوە حەشار نادرێ. ﴿١٨﴾ الحاقة ﴾.

بە (یەحیا)ی کوڕی (خالید)ی بەرمـەکیان گوت: باشـە پـێم نـاڵێی بۆچی ئاواتـان بەسەر هات؟ گوتی: لەوانەیە لە نیوە شەودا نزای چەوساوەیێك گیرا بو بێو ئێمـەش لێی بێ ئاگـا بوین.

(عبدالله)ی کوڕی (معاویه)ی کوڕی (عبدالله)ی کوڕی (جەعفەر) بەڵابار بو، لە ناو زیندانەکەدا شیعرێکی هۆنیەوە لە شیعرەکەدا هەروەکو بڵێـی نـاو زیندانەکـە بـەژێر زەوی دادەنانێ هەر کە پاسەوانەکان بەکارێکەوە دێنە لایان پێی وایە لەسەر دونیـاوە هاتون. دێری کۆتایی هۆنراوەکە ڕشبینیو بەدبینـی تێدایە.

حوکمرانێکی فارس زانایەکی خۆیان کۆتبەند دەکا، ئەویش لەسەر تابلۆیـەك بـۆی دەنوسێو تیایدا دەڵێ: گومانت نـەبێ هـەر سـاتێك لـەو بەندیخانەیـە بەسـەربەرم لـە ئازادیم نزیك دەخاتەوەو، تۆش لە تۆڵە لێبونـەوە نزیك دەکاتـەوە، سـا مـن چـاوەڕێی لێبونـەوەی دەروی خێرم، تۆش بە ئومێدی تەنگانەی.

لە کاتێکا (ئیبن عوباد) پاشای (ئەندەلوسی) ڕابواردنو زیادە ڕۆیی زۆری بۆ هێنـا، لەسەر ڕاستە شەقام لاڕێ بو، ناو مالّی پڕ کـەنیزە بـو، سـازو سـەمتورو دەف لێـدانو گۆرانی دەنگی دایەوە، دوچاری مەینەتیو بەلاّ بو لەگەلّ ڕۆمەکان، ڕۆژێکیان لە دژی دوژمنانی ڕۆمی لە (ئەندلوس) پەنای بردە بەر (ئیبن تاشفین)ی پاشای (مـەغریب)، (ئیبن تاشفین) لە دەریا پەڕیـەوە، (ئـیبن عوبـاد)ی لـە چـەنگی دوژمنـان ئـازاد کـرد، ئـەویش زۆر ڕێـزی گـرتو پێـشوازی لێکـردو، لـە نـاو کۆشـکو تـەلارو بـاخو باخـاتی مێوانداری کرد. (ئیبن تاشفین) هەروەکو شێر ناو شارو دەرەوەی شاری سـەرنـج دەدا، چـونکێ شـتێکی لەدلّـدا بـو. سـێ ڕۆژی پـێ چـون (ئـیبن تاشـفین) بـە خـۆیو سەربازەکانیەوە هێرشی هێنایە سـەر ئـەو ولاّتـە بـێ هێـزو توانایـە، (ئـیبن عوبـاد)ی یەخـسیر کـردو قـۆڵ بەسـتی کـردو، مولّـکو سـامانی داگـیر کـردو کۆشـکو تـەلارو باڵەخانەی لـێ ڕمانـدو، بـاخو باخـاتی لـێ تێکشکاند، بـە قـۆڵ بەستی بـەرەو شـاری خۆی (اغمات) گواستیەوە، ﴿ وَتِلْكَ ٱلْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ ٱلنَّاسِ ... ئێمـە ئـاوا لـە نـاو خەڵکا زەمانە دەستاو دەس دەکەین. (١٤٠) آل عمران ﴾.

ئەوسا (ئیبن تاشـفین) جلّەوی دەسەلاّتی گرتە دەستو، بە نـاو خەڵکیـشدا بـلاّوی کردەوە کە خەڵکی (ئەندەلوس) داوایان کردوەو هەڵیان بژاردوە.

ڕۆژان هـاتنو پێـپـەڕین، لـە پڕێکـا کـچەکانی (ئـیبن عوبـاد) بـە پـێ خواسـی، بـە شلۆقی، بە برسێتی، بە گریانەوە، لە بەندیخانەوە بە دیداری باوکیان گەیـشتن، کاتـێ لە دەرگاوە چاوی پێ کەوتن دەستی کرد بە گریان، پاشان ئیبن لەببانەهاتە لای ئیبن عوبادەو بە شیعرو هوۆنراوە لاواندیەوە، هۆنراوەکەش پارچـە هەڵبەسـتێکی سـەرنـج ڕاکێشە، (زەهەبی) هێناوێتیو ستایشی کردوە.

(تیـرموزی) لە (عەتا) ئەو دەگێڕێتەوە، ئـەویش لـە عائیـشەوە - خـوای لـێ ڕازی بێـت - دەگێڕێتـەوە کـە (عائیـشە) بـەلای گـۆڕی (عبـدالله)ی برایـدا تێپـەڕی کـە لـە مەککەدا نێژرابو، سەلامی لێکردو، گوتی: ئـەی (عبـدالله) وێنـەی مـنو تـۆ هـەر بـەو شێوەیە، کە (موتەمیم) دەڵێ، شیعرەکەی باس لە لێك جیابونـەوە دەکا پاشـان گریـاو مالّئاوایی لێکرد.

پێشەوا (عومـەر) بـە (موتـەمیم)ی کـوڕی (نـوەیرە)ی دەگـوت، نـەی (موتـەمیم)، سـوێند بـەو کەسـەی گیـانی مـنی بـە دەسـتە، حـەزم دەکـرد شـاعیر بومایـەو بەسـەر (زەید)ی برام دا هەڵبگوتایە، سوێند بە خوا هەر نزە بایـەك لـە (نەجد)ەوە هـەڵبکا بۆنو بەرامی (زید)م بۆ دێنێ. ئەی (موتەمیم) (زەیـد) بـەر لـە مـن موسـڵمان بـوەو کۆچی کردوەو شەهید بوە. دوای ئەوە دەستی دەکرد بە گریان.

تیرەی (بنول نەحمەر) لە (ئەندەلوس) دوچاری کارەسات بـون، (نـیبن عەبـدون)ی شاعیر هاتە لایانو بە شیعر دڵنەوایی کردن:

﴿فَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا جَعَلْنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا ... کـە فـەرمانی ئێمـە گەیـشت، نـەو جێمان سەرەو نخون کرد. ﴿٨٢﴾ هود﴾ .

﴿إِنَّمَا مَثَلُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا كَمَآءٍ أَنزَلْنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخْتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلْأَرْضِ مِمَّا يَأْكُلُ ٱلنَّاسُ وَٱلْأَنْعَٰمُ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذَتِ ٱلْأَرْضُ زُخْرُفَهَا وَٱزَّيَّنَتْ وَظَنَّ أَهْلُهَآ أَنَّهُمْ قَٰدِرُونَ عَلَيْهَآ أَتَىٰهَآ أَمْرُنَا لَيْلًا أَوْ نَهَارًا فَجَعَلْنَٰهَا حَصِيدًا كَأَن لَّمْ تَغْنَ بِٱلْأَمْسِ ... هەڵبـــەت ژیانی ئەو دنیایە هەروەکو ئەو ئاوە وایـە، کـە لـە حـەوا دەیبـارێنینو ڕوەکی جۆراو جۆری ئەم سەر زەمینەی پێ دەڕوێ، ئەو شتانەی کە مرۆڤ و ئاژەڵ دەیخۆن. تا نـەو کاتـەی زەمـین ڕەنگاوڕەنگ دەبێـتو خـۆ جـوان دەکـاو خـەڵکی زەوی لایـان وایـە لـە دەستەڵاتی وان دایە هەتا کاتێ فەرمانی ئێمەی دێتەسەر -جا بە شەو یان لە ڕۆژێدا- ئاوا وەکو درەوکراوی لـێدەکەین [٧٨٠]، هەروەك دوێنێ هەر نەبو بێ! ﴿٢٤﴾ یونس﴾.

---

[٧٨٠] وەکو دورابێتەوە وای لێ دەکەین

بەروبـومی گەیـیوی ڕەزانوێنـی

﴿ ... رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ... خودا لێیان ڕازی بـوەو ئـەوانیش لـە خـوا ڕازی بونـە. (١١٩) المائدة ﴾.

ڕەزا نوێنی چەند بەروبومێکی زۆری بەرفرەی باوەڕدارانـەی لـێ فەراهـەم دێ، بـە سای ئـەودا هاتـە کەسـی ڕەزا نـوێن بـەرزترین پلـە وەدەسـت دێنـێ، لـەناو دڵنیـایی داڕۆدەچـێ، بیروباوەڕی پتەو دەبێ، لە هەڵس‌و کەوت‌و کـردارو گوفتاریـدا ڕاستگۆ دەبـێ. ئەوسـا تـەواو بەندایەتی بەندە لەوەدایە بڕیارو فەرمانێك کە پێی ناخۆشە بەسەری بێ.

ئەگـەر بـێو تـەنیا ئـەوەی پێـی خۆشـە بـۆی بێتـە دی ئـەوا ئامـاری ئەوپـەڕی دورکەوتنەوەیە لە بەندایەتی پەروەردگاری، ئەوانەش بەدەست نایەنێ کە نیشانەی تەواوی بەندایەتین - وەکو ئـارامگری‌و، پشت بـە خـوا بەسـتن، لاڵانـەوەو ڕەزا نوانـدن، خـۆ بەکـەم زانی‌و خـۆ بـە پێویسـت زانـی‌و ملکـەچ کـردن، جگـە لەوانـەش - مەگـەر ئـەوەی حـەزی پـێ ناکەی قەدەر بۆت بڕیاریدا، جا پلەو پایـە لـەو قـەزاو قـەدەرە کـە لەگـەڵ هەسـت‌و وێسـتدا تێکدەگیرێ‌و ئازاری پێ دەگەیەنێ.

جا بەندە بۆی نیە دەست لە قەزاو قەدەری خوا بدا، ئەوەی دڵی بگـرێ پێـی قایـل بـێو، ئەوەی حەزیشـی پێ نەکـا نا قـایـل بـێ، بێگومـان مـرۆڤ بـۆی نـالوێ [٧٨١] بـۆ خـۆی چـەپکە گوڵێ لـێ [٧٨٢] بدا، بەڵکـە هەڵبژاردن هەر بـۆ خوایـە، هـەر ئـەو زانـاترو دادوەرتـرە، پایـەدارو بەرزترە، چونکێ زانایە بە پەنهان‌و، بە نهێنیان ئاشـنایە، لـە پاشـەڕۆژ ئاگـادارەو دەورەی بە هەمو شـتێ داوە.

---

٧٨١) ناگونجێ.

٧٨٢) هەڵبژێرێ.

قـــایلی بە قایلـــی[٧٨٣]:

با بەندە دڵنیا بێ کە قایل بونی بە پەروەردگاری بـەرزو بـێ هاوتـای لـە هەموبوارێکدا، دەبێتە هۆی ئەوەی پەروەردگاریشی لـێ قایل بێ، جا ئەگەر بەندە بە بەشە ڕۆزیێکی کـەم لە خوا قایل بێ، خوای گەورەش بە کردەوەیەکی کـەم لـەوی قایـل دەبـێ، ئەگـەر لـە هـەمو حاڵەتێکیشدا لە خوا قایل بێ، باری خۆی ڕاست کردەوە، هەست دەکا لـە کـاتی ڕازیکردنـی خواو خۆ بە کەم زانی لە ئاستیدا بـە زوتـرین کـات خـوا لێی ڕازی دەبـێ. بۆیـە سـەرەنجی دڵپـاکو نیـاز پاکـان بـدە لەگـەڵ ئـەوەی کردەوەیـان کـەم بـو، بـەڵام چـۆن خـوا لـە هـەوڵو کۆشـشیان قایـل بـو لەبەرئـەوەی ئـەوان لـە خـوا قایـل بـونو خـواش لـەوان قایـل بـو، بەپێچەوانەی دوڕوان خوا کـەمو زۆری لـەوان قـەبوڵ نـەکرد، چـونکێ ئـەوان بـە دابـەزینی ئایـەتی خـوا ڕوگـرژ بـونو ڕازیکردنـی ئـەویان ڕەچـاو نـەکرد، خـوای گـەورەش کـردەوەی ئەوانی بە بادا کرد.

ئـەوەی بێـزاری دەربـڕی نـاڕەزایـی وەدەسـت هێنـا:

نا قایلی دەروازەی خەمو پەژارەو دڵپەستیە، دابڕ دابڕ بونی دڵو شێوانو شـپرزە بونی هەستو نەستە، گومان بردنە بە خوا بە شێوازێك شیاوی ئەو نیە.

ڕەزامەنـدی لەوانـە هـەموی ڕزگـارت دەکـاو، بـەر لـە بەهەشـتی دوا ڕۆژ دەرگـای بەهەشتی دنیات لە ڕودا والاّ دەکا، بێگومان دڵارامی بە دژە کـاری قـەدەرو سەرپێچی بڕیاری خوا نایێتە ئـارا، بەڵکـە بـە مـل کەچیو خۆدانـە دەسـتو قـایلی بەرجەسـتە دەبـێ، چـونکو هەڵـسو ڕێنـەری کـارو فـەرمان خوایـەکی کاراشـنایە لـە بڕیـارو چارەنوسیدا تۆمەتبار ناکرێ، ئێستاش لەگەڵدا بێ بیری بەسەر هاتی (ئیبن ڕاونـدی) پسپۆڕو زانای بێباوەڕ دەکەمەوە، بۆ خۆی کەسێکی نەدار بو، بینی کەسێکی نـەزانو کـەودەن [٧٨٤] لـەناو کۆشـكو تـەلارو مـاڵو سامانێکی بـەرفرەدا بەسـەر دەبـا، ڕوی لـە

---

٧٨٣) ڕازی بون بە ڕازی بون.
٧٨٤) بیـر کۆڵ.

ئاسمان کردو گوتی: مـن فەیلەسوفـی جیهانمو بـە نـەداری بەسـەردەبەم، کـــەچی ئەو نەزانو کەودەنە بە دەولّەمەندی دەگوزەرێنێ، ئـا ئـەو بەشدانانە دادوەرانەنیـە. خوای گـەورە تـەنیا خەشـمو قـینو قـوڕ بەسـەریو دەردەسـەری بەسـەردا هەڵڕژانـد ﴿... وَلَعَذَابُ ٱلْآخِرَةِ أَخْزَىٰ وَهُمْ لَا يُنصَرُونَ ... بێ گومانـە سـوکایەتی ئـازاری ئـەولاش زۆرترەو کەسیش دە هانایان نایە. ﴿١٦﴾ فصلت﴾.

سـودو قـازانجـی قـایـل بـون:

ڕەزانوێنی هێمنو هەداری دەستەبەر دەکا، لـە کـاتی کـار ئـالۆزیو تێکچڕژانو [٧٨٥] پەیدابونی گومـانو دڵ لـە دڵـدان [٧٨٦]، دڵ سـاردو فێنـک دەکـا، جـا ئـەو دڵـە بـە وادەو بەڵێنی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ متمانە دەکاو دادەسەپێ، بە زمانی حاڵیش دەڵێ: ﴿هَٰذَا مَا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَصَدَقَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ ۚ وَمَا زَادَهُمْ إِلَّآ إِيمَٰنًا وَتَسْلِيمًا ... ئەمە هەر ئەوەیە کە خوداو پێغەمبەرەکەی بەڵێنیان بە ئێمـە داوەو هـەر بـەڵێنی خـوداو پێغەمبـەری بیـدەن، ڕاسـت دەردەچـێو ئـیتر بـڕواو هەسـتی فـەرمان بردنیـان پـتر گەشەی کرد. ﴿٢٢﴾ الأحزاب﴾.

نـــاڕەزاییش دڵاو دڵـــیو، نیگـــەرانیو جەرگاوســـی، پەشـــێویو دڵنەخۆشـــیو دابڕدابڕی [٧٨٧] دروست دەکا، دڵێکی ڕقاویو کیناویو نیگەرانو سەرکەشو یـاخی لـێ دەردەچێ، بە زمانی حاڵیش دەڵێ: ﴿... مَّا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ إِلَّا غُرُورًا ... ئەو بەڵێنەی خوداو پێغەمبەر دەیاندا هەر بۆ فریوی ئێمە بو. ﴿١٢﴾ الأحزاب﴾.

خاوەنی ئەو دڵانە ئەگەر بەرژەوەنـدیان لـە شـتێکدا هـەبێ ملکەچانە بـەرەو ڕوی دەچـن، ئەگـەریش داوای مافێکیـان لێکـرا خـۆ دەبـوێرن، ئەگـەر نـازو گوزێـک ڕوی

---

٧٨٥) لێک عاسـێ بون.
٧٨٦) دو دڵی.
٧٨٧) پارچە پارچەیی.

تێکردن پێی خۆشحاڵن، ئەگەر بە دەردو بەڵایەکیش تاقی کرانەوە، ڕوویان بۆ ئـەو لا وەردەگێڕن، دنیاو دواڕۆژ دەدۆڕێنن ﴿... ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْخُسْرَانُ ٱلْمُبِينُ ... دو سەرە زەرەر ئەمەیە. ﴿١١﴾ الحج﴾.

هەروەکو ڕەزانوێنی دڵارامی بەسەر بەندەدا دەبارێنێ کە لەوە باشتری پـێ نـابڕێ، جا هەر کاتێ ئەو هێمنیە بەسەریدا هاتە خوارێ بارو گوزەرانی دەگونجێو، هەستو نەستیدا دەکەسێ، بە پێی زۆریو کەمی ناقایل بونیشی لەو بەهرەیـە بـە دور دەبـێ، ئەگـەریش ئـەو ئارامیـە لەسـەری بڕەوێتـەوە، سـرەوتنو هـەدادایی [٧٨٨]، حەسـانەوەو خۆشگوزەرانی لەسـەر دەگیرێتـەوە. ئەوسـا گـەورەترین خـەڵاتی خـوا کـە پێشکەشی بەندەی خۆی دەکا، دابەزاندنی دڵارامیە بەسـەریدا. گـەورەترین هۆکاری دڵارامـیش، قایل بونە بە خوا لە هەمو بوارێکدا.

لەگـەڵ پەروەردگـارت دا بەربـەرەکـانی مەکـە:

ڕەزانوێنی، بەندە لە چنگی نەیارێتی ئەو پـەروەردگارە ڕزگـار دەکـا، کـە لـە هـەمو یاساو بڕیارێکی بێ هاوتایە.

بێگومـان بێـزاری بەنـدە لـە شـتێك کـە پێـی ناقایلـە مایـەی بەربـەرەکانی گردنـە لەگەڵ خوادا، بنچینەی دوژمن کاری شەیتانیش لەگەڵ پەروەردگاری دا، ناقایلی بونـە بە بڕیارو یاساو ڕێسای ئایینیو گەردونی.

بـێ بـاوەڕیو لاملـی هـەر بەوەنـدەی دێتـە دی لاسـاریو سەرپێـچی کـاری بکـرێ، چونکێ ئەو کەسە دەیەوێ ئەو گەورەییو باڵا دەستیەی دەست بەسـەردا بگـرێ، کـە تایبەتە بە خوا، ناشیەوێ ملی بۆ پلەی گـەورەییو دەسـەڵاتی خـوا کـەچ بکـا، ئـەو دەیەوێ بەرامبەر فەرمانی خوا لاساری بنوێنـێو، سـنورە یاساخ گراوەکـان ببـەزێنێ، لە ئاستی بڕیارو دانانی ڕوی گرژەو، مل کەچی قەدەر نیە.

---

٧٨٨) ئاسودەیی.

بڕیارێکـی تێپـەڕیو فەرمانێکـی دادوەرانـە :

بڕیاری خوا سەبارەت بە بەندەی خۆی جێبـەجێ بـوەو، نـەو یاسایەی بەسەریشیدا جێبەجێ کردوە دادوەرانەیە، هەروەکو لە فەرمودەدا هاتوە، ((ماضٍ فـيَّ حكمك عـدل فـيَّ قضـاؤك... ئەو بڕیارەی لەسەرە منت داوە تێپـەڕیوەو، فـەرمانی تـۆ لەسـەرە مـن دادوەرانەیە)). هـەر کەسێکیش بـە دادوەری قایـل نـەبێ، لـە ڕیـزی زاڵـەو سـتەمکارانە. خوای گەورەش دادوەرترینی دادوەرانەو، لەسەرە خۆی یاساخ کردوە ستەم بکا، لـە ئاقـار بەندەکانیـشیدا سـتەمکار نیـە، نـەو خوایـە - پـاکـو پـیرۆزی بـۆ نـەو- بـە دورە لـەوەی دەرحەق بە بەندەکانی ستەمکار بێ، بەڵام خەڵکان خۆیان بەرامبەر خۆیان ستەمکارن.

کە دەفەرموێ: ((عدل فـي قضـاؤك... قەدەری دەربارەی گونـاهو شـوێنەواری گونـاهو سزادانیشی لەسەر گوناە دەگرێتەوە، چونکێ هـەردوکیان بـە پێـی قەزاوقـەدەری خـوای بەرزو بێ هاوتایە، نەویش لە هـەمو دادوەرێـك دادوەرتـرە لەمـەڕ ئـەو بڕیـارەی لەسـەر گوناهو، سزادانیش لەسەر گوناە دەیدا.

خوای بێ هاوتـا لەبـەر چـەند ڕازو نهێنیـەك بڕیـاری لەسـەر گونـاهی بەنـدە دات کـە هەر خۆی پێی ئاشنایە، جاری وایە نەوەندە بەرژەوەندی گەورەی تێدایە کە هـەر خـۆی پێی زاناو دانایە.

لە ئاقایلـی هیـچ داهاتێـك بەدەسـت نایـە :

ناڕەزایی، یا نەوەتا لە پێناوی بە دەست نەکەوتنی شتێکی خوازراوو خۆشەویستە یـا لەبەر دوچار بونی بە شتێکی ناخۆشو نەخوازراوە.

جا ئەگەر بەندە دڵنیا بو هەرچی بە سەری نێ نایێ، ئەوەی بەسەریشی بـێ ناتوانـێ لەبـەری لادا، ئـەو کاتـە هـیچ قازانجێـك لـە نـاڕەزایی وەدەسـت نایێنـێ تـەنیا بەرهـەمو قازانجی لە دەست دەداو، زەرو زیانیش بۆ خۆی دەستەبەر دەکا.

لە فەرمودەشدا هاتوە: ((جف القلم بما انت لاق يا ابا هريرة، فقد فرغ من القضاء، وانتهى من القدر، وكتبت المقادير، ورفعت الاقلام، وجفت الصحف... ئەی (ئەبا هورەیرە) نوسینی قەڵەم دەربارەی ئەوەی بەسەرە تۆ دادێ وشك بۆتەوە، تازە بڕیاری خوا دراوەو، قەدەری خوا بڕاوەوەتەوەو، ئەندازەکان نوسراون، قەڵەم هەڵگیراوەتەوەو، لاپەڕەش وشك بۆتەوە".

بێ بەڵایی لە ڕەزانوێنی دایە:

ڕەزامەندی دەرگای ئاسودەیی لە ڕوی بەندە دەکاتەوە، دڵی لە ڕق‌و کینەو ناپاکی پاك دەکاتەوە، هیچ کەسێکیش لە سزای خوا ڕزگاری نابێ مەگەر ئەو کەسەی بە دڵێکی پاکەوە بەرەو خوا بچێ، ئەو دڵەی لە شێوان‌و گومان‌و هاوبەش پەیداکردن بەدورە، لە فێڵ‌و تەڵەکەی شەیتان‌و سەربازەکانی، لە ڕیسوا کردن‌و ئەو ڕۆبە سبەی پێکردن‌و [٧٨٩]، لە ترساندن‌و وادەو بەڵێن پێدانی بێوەی دەبێ، ئا ئەو دڵەیە تەنیا جێگای خوای تێدا دەبێتەوە:

﴿ ... قُلِ ٱللَّهُ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ ... بێژە: هەر خودا ناردویە. تۆ ئیتر وازیان لێبێنە با بە گاڵتەکردنەوە خۆ خەریك کەن. ﴿٩١﴾ الأنعام ﴾.

بە هەمان شێوە ناگونجێ دڵ ساخ‌و بێ وەی بێ هاوکات لەگەڵ ئەوەی نا قایل بێ، هەرکاتێکیش بەندە لەمەڕ ڕەزامەندی پتەوتر بێ پتر لە بەڵا بە دور دەبێ.

ئەوسا پیسی‌و چەپەڵی‌و ناپاکی: لەگەڵ ناڕەزایی بەیەکەوە بەندن. دڵپاکی‌و ڕاست گۆیی‌و دڵسۆزی: لەگەڵ ڕەزامەندی بەیەکەوە بەستراونەتەوە.

هەروەها بەدی‌و چاوتێبڕی بەروبومی ناڕەزایین.

بە دوربونی دڵیش لە چاوتێبڕی: داهاتی ڕەزامەندین ئینجا ڕەزامەندی دەرختێکی پاکەو، بە ئاوی پاڵاوتەیی‌و نیەت پاکی لە باخی یەکتا پەرستیدا ئاو دراوە، قەدی

---

٧٨٩) هەڵخەڵاتاندن بە نومێدی پاشەڕۆژ.

درەختەکە باوەڕەو، لقەکانیشی بریتین لە کردەی چاکە، بەری ئەو درەختەش بەرێکی پێ گەییو شیرینە.

لە فەرمودەدا هاتوە: ((ذاق طعم الایمان من رضي بالله ربا، وبالاسلام دینا، وبمحمد نبیا... ئەو کەسەی خوای بە پەروەردگارو، ئیسلام بە ئایین‌و، (موحەممەد)ی بە پێغەمبەری قەبوڵە تامو چێژی باوەڕی چەژتوە)).

لە فەرمودەیەکی تریشدا هاتوە: ((ثلاث من کن فیه وجد بهن حلاوة الایمان.... سێ خەسڵەت هەن هەر کەسێ تێیدا بێنەدی شیرنایەتی باوەڕیان پێ دەچێژێ)).

ناقایلی دەروازەی گومان و دودڵیە:

ناڕەزایی دەرگای گومان‌و دودڵی لە خاوەنەکەی دەکاتەوە گومان بەرامبەر بە خوا، بە قەزاوقەدەری خوا، بەرامبەر دەسەڵات‌و کار لە جێیی‌و زانستی خوا، کەم وایە مەردمی ناقایل دور بێ لەوەی گومانی نەچێتە دڵیی‌و بەناو ناخیدا نەچێتە خوارێ، با هەر چەندە دەرکی پێ نەکا، بەس ئەگەر بێ‌و بە تەواوی دڵ‌و ناخی بپشکنێ، هەست دەکا یەقین‌و دڵنیایی لە کەدارە، جا بێ گومان ڕەزامەندی‌و دڵنیایی دو هاوڕێی بەیەکەوە دەستە برانە، دو دڵی‌و ناڕەزاییش بەیەکەوە بەسترانە، هەر ئەو واتایەش لەو فەرمودەیە دەفامرێتەوە کە (تیرموزی) دەیگێڕێتەوە: ((ان استطعت ان تعمل بالرضا مع الیقین، فافعل. فان لم تستطع، فان في الصبر علی ما تکره النفس خیرا کثیرا... ئەگەر توانیت بە ڕەزا نوێنی هاوکات لەگەڵ دڵنیایی کار بکەی ئەوا بیکە. ئەگەریش نەت توانی، ئەوا بێ گومان ئارامگرتن لەسەر ئەوەی دەرون پێی ناخۆشە، چاکەیەکی زۆری تێدایە.

ئەوسا ئەوانەی ناقایل‌و بێ زارن لە ناخەوە قین لە دڵن، ئەگەر بە دەمیشیان دەرنەبڕن لە دڵەوە توڕەو ترشن، گلەیی‌و گازاندەو پرسیار گەلێکیان لە دڵدا گەڵاڵە دەبێ، ئەوەی لێ دەفامرێتەوە: ئەوە بۆ؟ ئەی ئەمەیان چۆن دەبێ؟ ئەوەیان بۆچی هاتە دی؟

ڕەزانوێنی دارایی و ئاسودەیی یە:

هەرکەسێ پڕ بە دڵ بە قەدەری خوا قایل بێ، خوای گەورە سینەی لێوان لێوی [٧٩٠] دەوڵەمەندی و پێ ڕەزایی و [٧٩١] هێورەیی [٧٩٢] دەکا، دڵێشی بۆ خۆشەویستی و گەرانەوە لای خۆی و پشت پێ بەستنی یەك لا دەکاتەوە.

هەر کەسێکیش لەو بەشەی ڕەزانوێنی بێبەش بێ دڵی بە پێچەوانەی ئەمانە پڕ دەبێ و، لەو شتەی بەختەوەری و سەرفرازی وی تێدایە بە دور دەبێ.

سا [٧٩٣] قایلی دڵ بۆ خوایەك لادەکاتەوە، ناقایلیش دڵ لە خوا بە تاڵ دەکا، مرۆڤی جارس و ڕقاوی هیچ ئۆقرە ناگرێ و شپرزەو چەپەرەك و شڵەژاوە، لای وایە لە برسان دەمرێ و بەشی کەمی پێ بڕاوە، وا دەزانێ بەهرەو خەڵاتی کە من و، دەردو بەڵاشی زۆرن، وا هەست دەکا شیاوی لەوە زیاترەو، شکۆدارو پایەدارترە، بەڵام بە بۆچونی ئەو -خوا بە سوك و چروکی زانیوەو بەشبڕاوو بەرە بەڵای کردوە، زەبون و کەشەنگی کردوە [٧٩٤]، ئەوسا چۆن ئاسودەو حەساوە دەبێ، چۆن بەبێ دەردەسەری دەژیێ؟ ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱتَّبَعُوا۟ مَآ أَسْخَطَ ٱللَّهَ وَكَرِهُوا۟ رِضْوَٰنَهُۥ فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ ... چونکە ئەوان وە شوێن شتێکی وا کەوتون کە خودای تورە کردوەو بە ڕەزای ئەو ڕازی نەبون، ئەوسا ئەویش کاریانی لێ پوچ کردون. ﴿٢٨﴾ محمد ﴾ .

---

٧٩٠) پڕاوپڕی.
٧٩١) پێ قایلی.
٧٩٢) هێمنی.
٧٩٣) جا / ئینجا.
٧٩٤) بارگرانی کردوە.

سـوپاسـگوزاری بەرهـەمی ڕەزانوێـنیـە :

ڕەزانـوێنی ئـەو ستایـشە بەرهـەم دێنـێ کـە ئەوپـەڕی پلـەی باوەڕداریـە، بەڵکـە ناوەڕۆکی باوەڕە. لە ڕاستیدا بەرزترین پلـەو ئامـانج سـوپاس گـوزاری پەروەردێنـە[٧٩٥]، ئەو کەسـەی لـە بـەهرە پـێ بەخـشراوەکانی خـواو بڕیـارو فـەرمانی قایـل نـەبێ، لـە دەست کردو سازاندنو، گرتنـەوەو بەخـشینی ڕازی نـەبێ، سوپاسـی خـواش ناکـا، جـا ئەو کەسـەی سوپاس بژێرە لە هەموخەڵك ئاسودەو خۆشحاڵ تـرە.

بـێ بـاوەڕی بەرهـەمـی نـاقـایلیـە :

ناقـایلی پێـچەوانەی سوپاسـگوزاری لـــێ فەراهـــەم دێ، ئەویـــشیان سەرپێـــچی بەهرەکانە، جاری وایە سەرپێچی بەهرە نوێنیشی[٧٩٦] لـێ وەدی دێ.

جا ئەگەر بەندە لە هەمو بوارێکدا لە پەروەردەی قایل بێ، بە پێویستی دەزانـێ سوپاسکاری بێ، ئەوسا لە ڕێزی سوپاسکارانو ڕەزانوێنان دەژمێردرێ.

ئەگەر ڕەزامەندیشی لەدەست چێ لـە دەستەی ناقایلان حسێب دەکـرێو ڕێبـازی بێباوەڕانیشی گرتۆتەبەر.

ستەمو سەرپێچیش، کـە لـە بیروباوەڕەکانـدا ڕوودا کـەلێنو کـە لەبـەر دەکەوێتـە نێو ئایینەکانەوە سەبارەت بەوەیە بەندەو دروستکراوەکان دەیانەوێ خۆیان بـە خـوا لەقەڵەم دەن، بەڵکە پێشنیاری لەسـەر خـوا دەکـەنو، وا دەخـوازن لـە ئاسـتی سـنوری خوایان خۆیان بەربەرەڵاکەن:﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ... ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! نەچن وەپێش خواو پێغەمبەرەکەی کەون.(١) الحجرات﴾.

---

٧٩٥) پەروەردگار.

٧٩٦) مەبەست لە بەهرەنوێن: خوایە.

ناقایـلی داوو تـەڵـەی شـەیتانـــەوە

شـەیتان لـە کـاتی نـارەزایی‌و ئـارەزو هەڵـسان بەسـەر مرۆڤـدا زاڵ دەبـێ‌و پێـی دەوەستێ‌و، لە وێندەرێ ڕاوی دەکا، بە تایبەتیش ئەگەر نارەزایی لەدڵدا بسەپێ، ئـەو هەلە وتەی وای بەسـەر دەم دادێ گردەوەی وادەنوێنێ وێستو نیـازی وا لـەناو دڵێـدا دادەنێ، کە خوا پێی ناقایلەو ڕقی لێیە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ لـە کـاتی مردنـی ئیبراهیمی کوڕی دەفـەرموێ: ((یـحزن القلـب، وتدمع العیـن، ولا نقول الا مـا یرضـي ربنـا... دڵ خەفەت بارەو، چاویش ئەسرین دەڕێژێ، ئـەوەی پەروەردگاریـشمان پێـی قایلە هەر ئەوە دەڵێین)).

هەنـد جـارە مردنـی جگەرگۆشـە لـەو ڕوداوانەیـە وا لـە بەنـدە دەکـا نـارەزایی لـە قەدەر بنوێنێ، کەچی پێغەمبەری خوا ﷺ هـەواڵ دەدا لـەم جـۆرە بارودۆخـەدا کـە زۆربەی خەڵکان ناقایلی دەنـوێنن، ئـەوەی خـوا پێـی ناخۆشـە دەی کـەن‌و دەی لێن - تەنیا ئەوە دەڵی کە خودای بەرزو بێ هاوتا پێی قایلە.

ئەگەر بێ‌و بەندە لە کاتی ڕودانی ئـەوەی دڵی دەوروژێنـێ [٧٩٧] سـێ شـتان سـەرنـج بدا، خوای گەورە سـێبوری ئەدا.

یەکەمیان: بەوە ئاگـادار بـێ، کـە ئـەو خوایـەی بڕیـاری لەسـەر داوە - شـکۆمەندی‌و پایە بڵندی بۆ ئەو - کاراشنایەو دەزانێ چی بۆ بەنـدە باشـەو لـە بەرژەوەنـدی وی دایە.

دووەمیان: چاوی لە پاداشتو خەڵاتی بێوێنەو زۆری خوا بێ، هەروەکو خوا بەڵێنی بەو کەسە داوە لە بەندەکانی دوچاری کارەساتێ دەبێ‌و ئارامی لەسەر دەگرێ.

سێهەمیان: وادانێ بڕیـارو فـەرمان ئـی خوایـەو، ملکەچـی‌و سـەردانەواندنیش ئـی بەندەیە: ﴿ أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ ... ئا خۆ ئەوان بـەزەیی پەروەرنـدەی تـۆ دابەش دەکەن. ﴿٣٢﴾ الزخرف ﴾.

---

٧٩٧) ئازار دەدا.

ڕەزانـوێنـی هـەواو هـەوەس دەڕەوێنـێ:

ڕەزامەندی هەوەس بازی لەناو دڵدا دەتارێنێ، جا ئەو کەسـەی ڕەزا نوێنـە هـەواو هەوەسی وەدوای ویستی خوا دێخی، ئەوەی خوا پێی خۆشـەو پێی قایلـە بـەو شـێوە هەڵی دەسوڕێنێ، ئەوسا هەواو ئارەزو لەگەڵ ڕەزامەنـدی هـەرگیزاو هـەرگیز لـە نـاو دڵـدا بەیەکـەوە جێیـان نابێتـەوە، جـا ئەگـەر دڵ لـەویانو لـە میـانی بـەش هـەبێ، کامەیان زاڵە سەرکەوتن بۆ ئەو دەبێ.

﴿ ... وَعَجِلْتُ إِلَيْكَ رَبِّ لِتَرْضَىٰ ... پەلەم بو زو بگەم بە تۆ، هەتاوەکو لێم ڕازی بـی. طه (٨٤) ﴾.

تێـڕامـانێـک

((تعرف الـى الله في الرخـاء، يعرفـك في الـشدة... لـە هێمناییـدا خـوا بناسـە، لـە تەنگانەدا دەتناسێ)).

(تعـرَّف) پیتی (ڕا) بە تـوندی بخوێنەوە (الی الله) خـۆت لـە خـوا نزیـک کەیتـەوەو خۆشت بوێ، ئەوەشیان بەوە دەبێ گوێڕایەڵی بکەی، لەسەردا ڕژانی بەهرەو خـەڵاتی سوپاسی کەی، لە ژێر تاڵایی بڕیارو قەدەری خوا دان بەخۆت دابگری، بەر لـە هاتنـە خوارەوەی دەردو بەڵا بە دڵێکی پاک و پاڵاوتەوە ڕوی تێ بکەی.

(فـي الرخـاء) لە هەبوییو نازو گۆزو خۆشگوزەرانیدا لە هەبونی تەمەنی درێـژو لەش ساخی دا، دەست بکە بە خـوا پەرسـتیو مـاڵ بەخـشین لـە پێناویـدا، هـەتاوەکو بەو ڕەوشتە لەلایەن خواوە ناوت دەهێنرێو دەناسرێی.

(يعرفك في الشدة) ئەوەشیان بەوە دەبێ خوا لە تەنگانـە دەرتـدەهێنێو، لـە هـەمو ناخۆشیەک دەرگای خێرت لـێ دەکاتـەوەو، هـەمو پەژارەیـەکت لەسـەر لائـەبا، ئینجا ناساندنی تۆ بەو بەهرانە دێتە دی.

پێویستە لە نێوانی بەندەو پەروەردگاریدا ئاشنایەکی تایبەت هەبێ لەناو دڵی بەندەدا، بە شێوەیەکی وا هەست بکا لە کاتی نزاو سکاڵادا لێی نزیکە، ئەوسا لە تەنیاییدا دڵی پێ بسرەوێ، لە نزاو پاڕانەوەو یادو گوێ ڕایەڵێدا شیرنایەتی بچێژێ، بەندە هەم لە دنیاداو هەم لەناو گۆڕو هەم لە ڕۆژی سەڵادا بەربەستو لە مپەری زۆری لە ڕێدا، جا ئەگەر لە نێوانی بەندەو پەروەردگاری دا ناسینێکی تایبەت هەبێ، ئەوەندەی بەسە لە هانای بێ.

چاوپۆشی لە هەڵەی دۆستان

﴿ خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ ... چاو بپۆشەو فەرمان بە کاری چاك بدەو لەو نەزانا نە واز بێنە. ﴿١٩٩﴾ الأعراف ﴾.

ناکرێ سەبارەت بە نابەدڵی ڕەوشتێك یادو پشت لە خۆشەویستان بکرێ لە کاتێکا هەمو ڕەوشتو هەڵسوکەوتی ترت بە دڵ بێ، لەبەرئەوەی شتی کەم چاوپۆشی لێدەکرێو، تەواویش هەر بۆ خوایە، (گیندی)یش دەڵێ: تۆ چۆن یەك ڕەوشتت لە هاوەڵەکەت دەوێ، کەچی خاوەنی چوار سروشتە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە دەرونی مرۆڤ تایبەتە بە خۆی، لەژێر دەستی خۆی دایەو بە ویستو ئارەزوی خۆی هەڵی دەسوڕێنێ، ئەو جارەش ناتوانێ لە هەر چی بیەوێ جڵەوی بگرێ، لە هەر شتێ کە پێی خۆشە وەڵامی ناداتەوەو گوێ ڕایەڵی نابێ، جا چ جای دەرونی خەڵکانی تر؟!

﴿ ... كَذَٰلِكَ كُنتُم مِّن قَبْلُ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ ... ئێوەش بەرێ هەروا بون‌و باوەڕیتان بە خوا نەبو، خودا ئێوەی بە بەزەیی خۆی خوێندەوە. ﴿٩٤﴾ النساء ﴾.

﴿ ... فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ... هیچ پاکانەی خۆتان مەکەن، بۆ خۆی باشترتان دەناسێ کە کێ لە خودا ترساوە. ﴿٣٢﴾ النجم ﴾.

ئەوەنـدە شـت بەسـە کـە زۆربـەی هەڵس‌وکـەوتی برایەکـەت بەدڵـە، بێگومـان (ئـەبودەڕادا)یـش - خـوای لـێ ڕازی بێـت - دەڵـێ: گلـەیی‌و گازانـدەی هـاوەڵ باشـترە لەوەی هاوەڵت نەبێ، کێ هەیە ببێ بە هاوەڵی تۆ هیچ کەم‌و کوڕیشی نەبێ؟!

هەندێکیش لە کاراشنایان دەڵێن: خواستنی بێ کەم‌و کوڕی، لە بێ ویژدانیە.

هەندێکی تریشیان دەڵێن: ئێمە لە خۆمان قایل نین، جا چۆن لـە غـەیرە خۆمـان قایل دەبین!!

ڕەوان بێـژانیش هەیانـە دەڵـێ: بـە سـای هەڵەیـەکی کـەم‌و تـاوانێکی چـوك دەسـت بـەرداری کەسـێ مەبـە، لـە کاتێکـا بـە هەڵس‌وکـەوت‌و خووڕەوشـتی قـایلی‌و ستایـشی لەسـەر دەکەی، چاکەو ڕێزی دەخوێنیەوەو، ڕۆشـن فکـری وەدی دەکـەی، کەچـی ئـەو هەڵـەی بـە زۆر جـوامێری‌و پیـاوەتی داپۆشـراوەو، ئەوەنـدە هۆکاریـشی لەبەردەسـتن تـاوانی پـێ بـسڕێتەوە، بێگومـان تـۆ تـا لـە دنیـا هـەی کەسـێکی وات دەسـت ناکـەوێ فریشتە ئاسابێ هیچ تاوانێکی لێ ڕونەدا، دوای ئەمـەش پەند لـە نـاخ‌و دەرونـی خـۆت وەرگرە، بە ویست‌و ئارەزوی خۆت هەڵناسوڕێ، چۆن دەتەوێ ئـاوا نایێتـە بەرچـاوت، بێ گومان ئەگەر بەخۆتدا بچیەوەو پەند لە خودی خۆت وەرگری، ئەوەی بە دوایـدا دەگەڕێی خەمی لەسـەر هـەڵناگری‌و، لـە ئاسـتی ئـەو کەسـەی هەڵەیـەکی لـێ ڕوئـەدا نەرم‌و نیانی دەنوێنی.

ئەو وتەیە ئەو قسەیەمان هەڵناوەشێنێ کە پێویستە هاوڕێیەکـەت هەڵسەنگێنی‌و چـوار ڕەوشـتی لـێ وەدی کـەی، چـونکێ ئـەوەی ناشـێ لێـی بێتـە دی چاوپۆشـی لێدەکرێ، ئەوەش وا ناگەیەنێ پەستی‌و خەفەت دات بگرێ، کە ماوەیـەکی پێدەچـێ هـەتا ئـەو خـوەی لـێ وەدی دەکـەی، یـا بـە هـۆی سـاتمەیەك گومانـت لـە ئاسـتیدا خراپکەی، تا ئەو کاتەی بە تەواوی گـۆڕانی لـێ بـەدی نـاکرێ‌و دڵنیانیـت خـۆ بخاتـە بەرگێکی تـرەوە، با ئەو ماوەیەت تایبەت بێ بە خودی خۆت‌و حەسـانەوەی هەسـت‌و نەسـتت، بـێ گومان مرۆڤ لەگـەڵ ئـەو دەرونـەی لـە هـەمو دەرونێـك پـتر تایبەتـە بـە خۆی هەمو ساتێك بە یەك شێوە مامەڵەی لەگەڵدا ناکات‌و، ئـەوەش وا ناگەیـەنێ لـە دەستی بێزارەو، لەگەڵیدا دوژمن کـارە. وتەیـەکی نەسـتەق‌و پـڕ واتـاش هەیـە تیایـدا گوتراوە:

با گومانت لە ئاستی دۆستو پاوەرێکدا تێکت نەدا کە بە سای دڵنیابونت لە ئاستیدا چاك و گونجاوی. (جەعفەر)ی کوڕی (موحەممەد) بە کوڕەکەی دەڵێ: ڕۆڵەکەم، ئەو دۆستو یاوەرەت کە سێ جار لێت تورە بوەو، تەنیا قسەی ڕاستیشی دەربارەی تۆ وتوە، بیکە بە دۆستی تایبەتی خۆت.

(حەسەن)ی کوڕی (وەهب)یش دەڵێ: یەکێ لە مافی خۆشەویستی ئەوەیە لە هەمبەر برایانت لێبوردە بی‌و، ئەگەر کەمو کوڕیەکیان هەبو چاوی لێبنوقێنی.

دەگێڕنەوە کە (عەلی) - خوا لێی ڕازی بێ - دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿... فَٱصۡفَحِ ٱلصَّفۡحَ ٱلۡجَمِيلَ ... دەڵێ: مەبەست ئەوەیە: بێ گلەیی‌و گازاندە (لە برایەکەت) قایل بی. ﴿٨٥﴾ الحجر﴾.

﴿... وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنۡ أَحَدٍ أَبَدٗا ... ئەگەر چاکەو بەزەیی خوداو لەسەر نەبا، هیچ کەسێکتان هەرگیز پاك نەدەبونەوە. ﴿٢١﴾ النور﴾.

﴿... فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡۖ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ... هیچ پاکانەی خۆتان مەکەن، بۆ خۆی باشترتان دەناسێ، کە کێ لە خودا ترساوە. ﴿٣٢﴾ النجم﴾.

بە هەل زانینی کات بە تاڵی‌و تەنڕوستی لە پێناوی خوا پەرستی

پێویستە لەش ساخی‌و کات بەتاڵیت بە فیڕۆ نەدەی، لە گوێڕایەڵی پەروەردگارت کەمتەرخەمی نەکەی، متمانەی تەواو بە کردەوەی ڕابردوت نەکەی، با هەوڵو گەڕت دەستکەوتی لەش ساخیت بێ، کردو کۆشت هەلی کات بە تاڵیت بێ، هەمو کاتو ساتێکت بۆ ناڕەخسێ، ئەوەی فریای نەکەوی لە دەستت دەردەچێ، بەسەربردنی کات بە بەتاڵی سەر لێ تێکچون یا پەشیمانی لە دوایە، تەنیاییش دەرەنجامەکەی لادانە یا ئاخو ئۆف هەڵکێشانە.

(عومەر)ی کوڕی (خەتتاب)یش دەڵێ: سرەوتن بۆ پیاوان بێ ئاگایی دروست دەکا، بۆ ژنانیش هەواو ئارەزو پەیدا دەکا.

(بـوزر جومهـور)یـش دەڵـێ: ئەگـەر سـەرقاڵی شـەکەت بـێ، بێکـاریش سەرچـاوەی خراپەیە. هەندێ لە کاراشنایانیش دەڵێن: وریا بن لە بەسـەربردنی بـەتاڵی، چـونکێ هەستو ژیری تێکدەداو، ئاسانی ئاڵۆز دەکا.

ڕەوان بێژانیش هەیانە دەڵێ: ڕۆژی خۆت جگە لە قازانـجو داهاتێك بەسەر مەبـە، ماڵو سامانیشت جگـە لـە چاکەو پیاوەتیـدا خـەرج مەکـە، چـونکی تەمـەن کـورتترە لەوەی لە شتی بێهودە بەڕێ بکرێو، سامنیش کەمترە لەوەی لە خراپەدا بـە هـەدەر بدرێ، کەسی ژیریارو هۆشمەندیش بەڕێزترە لەوەی ڕۆژگارەکانی لە پێناوی شـتێکدا بەسەر ببا سودو کەڵکی لـێ ڕەچـاو نـەکرێو، سامانو دارایـی لـە شـتێکدا بـە هـەدەر چێ، پاداشتو خەڵاتی لەسەر وەرنەگرێ.

پاراوتر لە وتەیە ئـەو پەیڤەیـە کـە پێغەمبـەر عیسا - درودو سڵاو لەسـەر ئـەوو پێغەمبـەری ئێمـە بێـت- دەری دەبـڕێ: چـاکە لـە سـێ شـتدا خـۆی دەنوێنـێ: لـە ژیربێـژیو، تێفکـرینو، بـێ دەنگیـدا، جـا هـەر کەسـێ ژیربێـژی لـە یـادی خـوا بەکارنەهێنا بێ هودە دواوە، هەر کەسێکیش تێفکرینی بێ پەند وەرگرتن بو دانڤەی لێداوە، ئەوەش کە بێدەنگیەکەی بۆ بیرکردنەوە نەبو خۆی خافڵاندوە.

خـوا دۆسـتی بـڕوادارانـە

بەندە ئاتاجی خوایەکە، پێویستی بە پشت گرو یاریدەدەرێکە، ئەو خوایەش دەبێ خاوەنی دەسەڵاتو هێز بێ، باڵادەستو بێ نیاز بێ، هەمیشە زیندو توانادار بێ.

ئەوەی خاوەندی ئەو ڕەوشتانەیە، هەر ئەو خوایەیە بێ هاوتایە، بێ وێنەو تـاکو تەنیایە، هەموبونەوەری لە دەست دایە، پایەدارو شکۆدارە.

هیچ دروستکراوێ لەم گەردونەدا بەندە ئۆقرەی پێ ناگرێو، دڵی پـێ دانامرکـێو، تامو چێژ لە ڕوتێکردنی وەرناگرێ، مەگەر خوای بێ هاودەمو هاوتا نەبێ، هەر ئەوە پەنای بێ پەنایانە، دانڤەدەری پەنا بەرانـە، فریـاد ڕەسی لێقـەوماوو، پـشتو پـەنای بێکەسانە: ﴿... إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ ... لەو کاتەشدا کـە هاناتـان بۆ پەروەردەتان دەبرد، لە هاناو هات. ﴿٩﴾ الأنفال﴾ ١.

﴿ ... وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ ... (ئەرێ دەزانن) کێیە، پەنای پەنا بەرەو دوژمنی ئەو پەنا نادرێ؟ ﴿٨٨﴾ المؤمنون ﴾.

﴿ ... لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ ... لە خوا بەدەر نە هیچ دۆستیان گیر دەکەوێ و نە تکاکار. ﴿٥١﴾ الأنعام ﴾.

هەرکەسێکیش غەیری خودا بپەرستێ، با هەرچەندە لە ژیانیدا خۆشی بوێ و دڵی پێیەوە پابەندبێ و جۆرێك تامی لێ وەرگرێ، بەڵام ئەو خۆشەویستیە بۆ خاوەنەکەی ژەهری ژیانەو، لە تامو چێژی ئەو خواردنەی خراپترە ژەهراوی کرابێ ﴿ لَوْ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَا ۚ فَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ ... ئەگەر لە ئاسمان و زەویدا جگە لە خوا- خوا گەلێکی تر هەبونایە، بێ شك هەردوکیان تێکدەچون. ﴿٢٢﴾ الأنبياء ﴾.

خودای پەروەردێنی تەخت، زۆر پاکترە لە هەرچی ئەوان بۆی دەڵێن

بێگومان ڕاوەستانی ئاسمان و زەمین بەوە دەبێ خوای ڕاستەقینە بپەرستن، ئەگەر بێ و جگە لە خوا خوایەکی تر هەبێ، ئەوا هیچ خوایەکی ڕاستەقینە نابێ، چونکێ خوای ڕاستەقینە نابێ وێنەو وێچوی هەبێ، سەبارەت بەوەی جیهان بە یەك خوا هەبون ڕاوەستاوەو، بە پێچەوانەش هەموجیهان کاول دەبێ، ئەوە لە ڕوی خوا بە یەك زانین. ئەوسا شتێکی ڕۆن و بەلگە نەویستە کە بەندە پێویستی بە خواو پەروەردگارێك هەیە پشت گیرو دۆستی بێ، ئەوەش پەیوەندی بەندەیەکی کۆتا هاتوە لەگەڵ خوایەکی هەمیشە زیندو، پەیوەندی بێهێزە لەگەڵ بەهێزدا، پەیوەندی هەژارە لەگەڵ بێنیازدا [٧٩٨]، هیچ گومانیشی تێدا نیە هەر کەسێك خودا بە پەروەردگارو خوای خۆی نەزانێ، چەند دروستکراوێکی تر لە وێنەو خۆشەویست و ئارەزوەکان بە خوای خۆیدا ئەنێ: ﴿ أَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ ... تۆ ئەو کەسەت دی کە هەرچی خۆی حەز بکا دەیکاتە پەرستراوی خۆی؟ ﴿٤٣﴾ الفرقان ﴾.

---

٧٩٨) دەوڵەمەند/ بێ پێویست.

﴿وَٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةً ... بـەدەر لـە خـوا، ئـەوان پەرسـتراوێکی تریـان پەرست. ﴿٨١﴾ مریم﴾.

لـە فەرمودەشـدا هـاتوە: ((یـا حـصین، کـم تعبـد؟... ئـەی (حەسـین) چـەند خـوا دەپـەرستی))؟ (حەسین) گوتی: حـەوت خوایان دەپەرستم، شەشیان لەسەر زەویدانەو یەکیان لە ئاسمانە.

پێغەمبەری خوا ﷺ فـەرموی: ((فمـن لرغبـك ولرهبـك؟... کامـەت بـۆ خواسـتو ئارەزوو لـێ ترسان داناوە))؟

(حەسین) گوتی: ئەوەیان کە لە ئاسمانە. فـەرموی: ((فاتـرك التـي فـي الارض، واعبد الذي فـي السماء... ئەوانەی لەسەر زەوین وازیان لـێبێنەو، ئـەوەیان بپەرسـتە کە لە ئاسمانە)).

دڵنیابە پێویستی بەندە بە خوا، لەو ڕوەی بیپەرستێو هیچ هاوبەشێکی بۆ بڕیار نەدا، بە هیچ شتێك ئەوەندە ئاتاج نیە، بەس ئەوەنـدە هەیـە پێویـستی خواپەرسـتی لە هەندێك ڕوەوە بە پێویست بونی لاشە دەچێ بە خواردنو خواردنەوە، کەچی لـە زۆر لاوە بەیەك ناچن.

پێکهاتەی سەرەکی بەندە بریتی یـە لـە دڵو گیـان، ئـەوانیش تـەنیا بـەو خوایـەی هەر ئەو خوای ڕاستەقینەیە گونجاو لەبار دەبن، لە دنیادا بە یادی خـوا ئـارام دەبـن، ئەو دڵو گیانەیە بە ماندو بونو شەکەتی بەرەو خـواوە لـە ڕێـدا، دەبـێ هـەر پێـشی بگاتەوەو، بەوەش دەگونجێو دەسازێ هەر لە دنیا بەرەو خوا بێتەوە.

ئەگەر بێو بەندە بە جگە لە خوا ئاسودە بـێو چـێژ وەرگـرێ، هـەتا سـەری سـەر ناگرێ، بەڵکە لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر و لە کەسێکەوە بۆ کەسـێکی تـر دەگـۆڕێ، لە هەندێك کاتو ساتدا لەم شتە تامو چێژ وەردەگرێو، لـە هەنـدێك بـواری تریـشدا هەر ئەو شتەی پێی حەساوەو ئاسودە بو هیچ دڵی بۆ ناچێو چـێژی لـێ وەرنـاگرێ، بەڵکـە بـە سـای ئـەو پەیوەندیـەی لەگەڵبـدا هـەبوەو ئێـستا کـە لەبەردەسـتی دایـە دەیچزێنێو [٧٩٩] ئازاری پێ دەگەیەنێ.

---

٧٩٩) دەیئێشێنێ/ داخی دەکـا.

بەڵام خوا لە هەمو ساتو بوارێکدا، لە هەمو شوێنێکدا لەگەڵیداو، بەبێ ئەویش کاری ناڕوا.

لە فەرمودەشدا هاتوە: ((من أرضى الله بسخط الناس، رضي الله عليه، وأرضى عنه الناس. ومن أسخط الله برضا الناس، سخط الله عليه وأسخط عليه الناس ... هەر کەسێ بە تورەکردنی خەڵك خوا لە خۆی ڕازیکا، خوای لێ ڕازی دەبێو، وا دەکا خەڵکیشی لێ ڕازی بێ. هەر کەسێکیش بە ڕازیکردنی خەڵك خوا لە خۆی بڕەنجێنێ، خوا لێی ناڕازی دەبێو، خەڵکیشی لێ ناڕازی دەکا)).

ئێستاش لەگەڵ دابێ داستانی "عەکوکی"ی شاعیر یاد دەکەمەوە کە ستایشی (ئەبو دولف)ی فەرمانڕەوا دەکاو دەڵێ: هەر کە دەستت کردەوە بە بەخشش و چاکەبو بەمەبەستی بژێوی و خەڵاتو پیاوەتی بو.

دوا بەدوای ئەوە خوای گەورە (خەلیفە) (مەئمون)ی بەسەردا زاڵ دەکاو بە سای ئەو هۆنراوەیە هەر لەسەر جێگای خۆی دەیکوژێ.

﴿ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًۢا بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ... بەم چەشنە بڕێك لە ناهەقیکاران -لە سۆنگەی ئاکاری دەیکەن- دەخەینە ژێر دەسەڵاتی بڕێکی تریان. (١٢٩) الأنعام ﴾.

چەند هێمایەك لە ڕێگای تۆڕەوان

بەختەوەری و کامەرانی چەند ئامارێکیان [٨٠٠] هەیە دەدرەوشێن، چەند هێمایێکیان [٨٠١] هەیە دەدرەخشێن [٨٠٢]، بۆ پایەداری و شکۆداری خاوەن و هەڵگرانیان گەواهی دەرن [٨٠٣]، بۆ ئەو کەسەی پێیانەوە ناوزەد کراوە [٨٠٤] نیشانەی سەرکەوتنن.

---

٨٠٠) نیشانە.

٨٠١) نیشانە.

٨٠٢) دەتروسکێن.

٨٠٣) شایەدی دەدەن.

٨٠٤) ناسراوە/ناوی دەرکردوە.

جـا یـەکێ لـە هێمـای ئاسـودەیی‌و بـەختیاری ئەوەیـە: هـەرکاتێ بەنـدە لـە ڕوی زانست‌و زانیاریدا گەشەی کرد، خۆ بەکەمزانی‌و میهرەبانیشی گەشە دەکـا، زانـست وەکو گەوهەری بێوێنەیە، چەندی سەنگی زیاد بێ‌و، پتر بەهادار بـێ [٨٠٥]، بـە قـوڵایی دەریادا دەچێتە خوارێ، ئەوسا بەندە تێدەگا، کە زانست بەهرەیـەکی ڕیشە داکوتـاوو داسپاوە هەر یەکێ خوا حەز بکا پێی تاقی دەکاتـەوە، جـا ئەگـەر بـە ڕاسـت‌و درستی وەریگرت‌و بە جوانی کاری پێ کرد، خوا چەند پلـەی پـێ بەرزدەکاتـەوە: ﴿... يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ دَرَجَٰتٍ ... خـوا ئەوانـەی لـەنگۆ باوەڕیـان هێناوە‌و ئەو کەسانەش کە لە زانیاری بەشدارن، بە چەند پلە بـەرزتریان دەکاتـەوە. ﴿١١﴾ المجادلة﴾.

چـەندی پـتر زانسـت‌و زانیـاری وەدەسـت بێنـێ، تـرس‌و بیمـی لـە خـوا پـتر دەبـێ، دەترسێ لەوەی پێیەکانی بخلیسکێ، زمانی بـە خراپـە بـدوێ، دڵی بـەلادا وەرگـەڕێ، هەروەکو باڵندەی وریاو بە ئاگا لەسەر هەست‌و چاوەدێرە، هـەر کـە لەسـەر درەختـێ دەنیـشێ زوبـەزو جێـی دەهێڵـێ، دەترسـێ لـەوەی ڕاوچـیێك بـی پێکـێ‌و [٨٠٦] وەبـەر ساچمەی تاپڕەیێك [٨٠٧] بکەوێ.

ئەو بەندەیە چەندی تەمەنی زیاد بێ، کەمتر چاوی لە دنیا دەبـێ، بـەبێ گومـان‌و دودڵی دەزانـێ قۆناغی ژیانی تێپەڕداوەو، بەرەو لێواری مـەرگ هـەنگاوی هـەڵێناوەو، ئەوەندەی لە تەمەندا نەماوە.

چەندەی سامان‌و دارایی پتر دەبێ دەستکراوەو چاوتێر دەبێ، چونکێ مـاڵ دەست خـوازو [٨٠٨] سـپاردەیە [٨٠٩]، خـوای بەخـشندە بەنـدەی پـێ تـاقی دەکاتـەوە، هـەبوییو خواپێدانیش بۆ چاکەنواندن هەڵێکی ڕەخساوەو، مەرگیش خۆی لە مەکۆ ناوە.

---

٨٠٥) بە نرخ بێ.
٨٠٦) تێبگرێ‌و پێی بکەوێ.
٨٠٧) جۆرە چەکی ڕاوکردنە.
٨٠٨) بەبێ بەرامبەر درابێ.
٨٠٩) ئەمانەت.

هەرچەندە شکۆو ڕێزی پتر دەبێ، پتر لەگەڵ خەڵکی تێکەڵ دەبێ بە تەنگ پێداویستیەکانیانەوە دەبێو لە ئاستیاندا خۆی پێ کەم دەبێ، چونکێ بەندەکانی خوا چاویان لە میهری خوایە، خۆشەویستترین کەسیش لەلای خوا بەسودترینیانە بۆ ئەوانەی چاویان لە میهری خوایە.

ئامارو هێمای بەدبەختی بەندەش ئەوەیە: چەندی لە ڕوی زانستەوە بەرەوپێش چێ، لوت بەرزیو خۆ پێ زۆری پتر دەبێ، ئەوسا زانیارییەکەی بێسودە، دڵی چۆڵو بەتاڵە، هەستو نەستو خورەوشتی توندو خەستە.

چەند زانیاری پتر بێ خۆی پێ گەورەتر دەبێو خەڵکی پێ کەمتر دەبێو لە خۆ ڕازیتر دەبێ.

لای وایە بەڕێ خۆی لە ئاوێ هێناوەتە دەرێو خەڵکی تریش لەناوچو، ئەو ڕزگاربونی لە بیابانێکی بێ مەودا دەستەبەر کردوەو، خەڵکانی تریش لەسەر لێواری هەڵدێرانن.

چەندی تەمەنی درێژتر بێ بۆ دنیاداری سورتر دەبێ، مااڵ داکەری دەست قوچێنە. ڕوداو کاری تێناکەن، لە کارەساتان پەند وەرناگرێ، بە مەرگەساتان بەئاگا نایێ، هەتا هەبویی تر بێ نان کوێرو چڕتر دەبێ، دەرونی لە خونەریتی باڵا خاپورو وێرانەیە، دەستی لە بەخشین گیراوەیە، چوختو بێ ئابروە.

چەندە ناودار بێو بناسرێ، باڵ فشو ڕۆح زل تر دەبێ، لە خۆبایی و ترسنۆکە، ویستو ئیرادەی پرشوبااڵوەو خۆی گیف کردۆتەوەو، دەستی لە خراپە ناگێڕێتەوە، بەاڵم دەرەنجامی مایە پوتە: ((**يحشر المتكبرون يوم القيامة في صورة الذر، يطؤهم الناس باقدامهم**... لە ڕۆژی دواییدا خۆ پێزۆران لەسەر وێنەی مێرولە وردە کۆدەکرێنەوە، خەڵکان بە پێیەکانیان وەسەریان هەڵدەپەڕن)).

ئا ئەوانەی باسمان کردن بەسەرکردنەوەو چەند تاقیکردنەوەیێکن خوا بەندەکانی پێ تاقی دەکاتەوە هەندێکیان پێی سەربەرز دەبنو هەندێکی تریش پێی چارەڕەش دەبن.

پلـەو پایـە تـاقی کردنەوەیـــە

چۆن دەوڵەمەندیو قەڵەم ڕەویو دەسەڵات مرۆیان پێ تاقی دەکرێتەوە، هەر بەو شێوەیە قەدرو ڕێزیش بۆ بەڵاو تاقی کردنەوەن، ئەو کاتەی پێغەمبەر (سولەیمان) - سـڵاوی خـوای لەسـەر- بـینی تـەختی (بـەلقیس)ی لەبەردەسـتە خـوای گـەورە دەربارەیـــەوە دەفـــەرموێ: ﴿... هَٰذَا مِن فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِي ءَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ ... ئەمـــەش چاکەی پەروەردگارمە، ویستی تاقیم بکاتەوە، ئاخۆ شـوکرانە بژێرم یان پێ نەزان. ﴿٤٠﴾ النمل﴾.

خـوای بـێ هاوتـا بـەهرە بـە بەنـدەکانی دەبەخـشێ تـاوەکو ببینـێ کامـەیان بـە شێوەیێکی ڕاستو دروست وەریانـدەگرێو، ستایـشیان لەسـەر دەکـاو دەیانپـارێزێو، وەبەریان دێنیو، سود بەخۆیو بە خەڵکانیش دەگەیەنێ، ئاخۆ کامەشیان بـەهرەکان پـشتگوێ دەخـاو لـەکاریان دەخـا، سەرپێـچیان لێـدەکاو لـە دژی خـوای بەخـشەریان خەرج دەکا، بۆ دوژمنایەتی خوای خەڵاتکارو دەسەڵاتدار پشتیان پێوە دەبەستێ.

ئەوسـا بـەهرەکان لەلایـەن خـواوە بـۆ تـاقی کردنـەوەن، سوپاسـی سوپاسـگوزارو سپڵەیی سپڵەکار بەدیار دەخەن. هەروەکو بەڵاو مەینـەتی لەلایـەن خـوای بـێ هاوتـا تاقی کردنەوەن، ئینجا خوا هەم بە خۆشیو هـەم بـە ناخۆشی بەنـدەی خـۆی تـاقی دەکاتـەوە، هـــەروەکو دەفـــەرموێ: ﴿فَأَمَّا ٱلْإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكْرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَكْرَمَنِ ﴿١٥﴾ وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَهَٰنَنِ ﴿١٦﴾ كَلَّا ... بەڵام مـرۆ هـەر کـاتێکی پـەروەردگاری دەیخاتـە بـەر ئەزمونـەوەو ڕێـزی لـێدەگرێو بـەهرەی پێدەگەینێ، ئێژێ: ﴿ئەوا﴾ پەروەردەم قەدری گرتم. ئەگەریش -هەر بۆ ئەزمونـێ - پەروەردیاری بژێوی لـێ کەمکردەوە، ئەوسـا ئێـژن: پەروەردەم سـوکایەتی بەسـەر هێنام. ﴿١٧﴾ الفجر﴾.

مەبەستی ئەوەیە: هەر کەسێ خوا مالّو سامانو نازو گۆزی بەسـەردا ببارێنـێ، وا ناگەیەنێ خوا ڕێـزی لـێ نـاوە، ئـەو کەسـەش کـە خـوا ڕۆزی لـێ تـەنگ کردۆتـەوەو بەربەڵای کردوە مانای ئەوە نادا خوا سوکو چروکی کردوە.

گەنجینەی بێ بن

بێگومان موسڵمانەتی‌و باوەڕداریەتی، چاکەکاری‌و پیاوەتی، دەربەدەری‌و تێکۆشان بۆ خوا، گەڕانەوەو تۆبەکردن‌و لە خوا ترسان، بەهرەو خەڵاتی گەورەو بێوێنەن، هەر ئەون بۆ خاوەنەکانیان گەنجینەی نەبڕاوەن، تویشوی ماڵی تا هەتایەن: ﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ... كارى چاك هەر ئەوەنیە ڕو دە ڕۆژهەڵاتێ بكەن یان ڕۆژئاوا. چاك ئەمەیە باوەڕیتان بە خواو بە ڕۆژی سەڵایە. ﴿١٧٧﴾ البقرة﴾.

(لە كۆتایی ئایەتەكە دەڵێ) ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ﴾... ئەوانەن لە خوا دەترسن.

وردیەك سەری لە چل چرا دەدا

ئەگەر بەندە وردە بەرزی پێ بڕێ، هەموڕێگاو بانی چاكە ویستی پێ دەگەڕێ بەرەو پلەی بەرزە باڵا سەردەكەوێ.

خۆ ڕازاندنەوە بە وردە بەرزی‌و، ویست‌و مەبەست‌و ئامانجی گەورە، یەكێكن لە داب ڕەفتاری موسڵمانەتی.

جا وردە بەرزی سەرچاوەی دروست كردنی دو جەمسەری كەسایەتی تۆیە، بەسەر ئەندامانی لاشەتدا چاوە دێرە، ئەو وزەو تەوژمە گڕ گرتوەو بەهێزەیە خاوەنەكەی بەرەو خونەریتی باڵاو پێشبڕكێی ڕەوشتە بەرزەكان پاڵ پێوە دەنێ.

بە پشتیوانی خوا وردە بەرزی خێرو خۆشییكی نەبڕاوەت بۆ فەراهەم دێنێ، بۆ ئەوەی بەرەو لوتكەی كاملی هەنگاوت پێ هەڵێنێ، هەستی جوامێری‌و پیاوەتیت بە ناو دەمارەكاندا بێنێ، لەناو گوڕەپانی كردارو زانستدا بت ڕەتێنێ [٨١٠].

---

٨١٠) بێت غار بدا.

با خەڵك تەنیا لە بەر دەرگای چاکەکاری بت بینێ، دەستەکانت تەنیا بۆ کارو کردەوەی بایەخدار پان بکەوە، کێبەرکێی ئەوانە بکە بە دوای کردەی چاکەدا وێڵن، پێشبرکێی ئەوانە بکە لە کاری ناوازەدا سەروەریان وەدەست هێنا، بە شتی کەمنرخ قایل مەبە، بە دوای بەرماواندا [٨١١] مەگەڕێ، شتی بێ بەهات قەبوڵ نەبێ. بە سای خۆ ڕازاندنەوەت بە وڕە بەرزی، کاروکردەی بێ سودو خۆزگەو خواستی بێ هودەت لێدا دەڕنێ، ڕەگو ڕیشاڵی سەرشۆڕیو مل شۆڕیت، ماستاو چیاتیو مەراییت [٨١٢] لێ هەڵدەکێشرێ، ئەوسا مەردمی وڕە بەرزو خۆڕاگر بە تەنگانە ناشڵەژێ [٨١٣]، ئەوەی لەو بەهرەیەش دەست بەتاڵە نە وێرەكو بێ زاڵە [٨١٤]، زمانی لە گۆ [٨١٥] گیراوە.

وریا بە وڕە بەرزیو خۆ پێ زۆری تێکەڵ نەکەی، چونکە جیاوازی نێوانی ئەو دوانە، وەکو جیاوازی نێوانی ئاسمانو ڕێسمانە، وڕە بەرزی تاجی سەری دڵی کەسێکی سەربەستو ئازادە، بە سای ئەو دڵە هەمیشە بۆ پاکیو پیرۆزیو دەستەبەرکردنی هەڵوێستی جوان مەردانە تێدەکۆشێ، کەسی وڕە بەرز لە ئاهی لەدەستدانی کاری چاکە پەنجەی پەشیمانی دەگەزێو تامەزرۆی پڕکردنەوەی کەلەبەری [٨١٦] ڕابردوە، کەسی وڕە بەرز لە پێناوی گەیشتن بە ئەنجامو مەبەست، پەرۆشو ئارەزومەندە، هەمیشە ڕەنج دەکێشێو کۆڵ نادا.

وڕەبەرزی چەكو خشڵی کەلەپوری پێغەمبەرانە، خۆ پێ زۆریش دەردو نەگبەتی کڵۆڵیو کەساسی ستەمکارانە.

وڕە بەرزی هەمیشە خاوەنەکەی بەرەو لوتکە بەرز دەکاتەوە، خۆ پێ زۆریش بەردەوام خاوەنەکەی بەرەو نشێو شۆڕدەکاتەوە. جا ئەی قوتابی زانستو زانیاری، بۆخۆت نەخشەی وڕە بەرزی بکێشەو لە بەری ڕانەکەی، بێگومان شەرع لە چەند بابەتێکی (فیقهی)دا کە لەگەڵ ژیانی تۆدا ئاوێتەی یەکتر بونە، ئاماژەی بە وڕە

---

٨١١) ئەوەی لەبەر خەڵکی دەمێنێتەوە.
٨١٢) پان کردنەوە.
٨١٣) تێك ناچێ.
٨١٤) بێ جەرگ و ترسەنۆك.
٨١٥) لە قسە گیراوە.
٨١٦) کەلێن.

بەرزیو سەر بڵندی کردوە، تاوەکو هەردەم بۆ دەستەبەرکردنی لەگەڕدابی، بۆ وێنە: (تەیەموم) حەڵاڵە بۆ ئـەو کەسـەی ئـاوی دەست ناکـەوێو نوێـژی لەسـەر پێویـستە، ناچـاریش نـاکرێ بـەوەی ئەگـەر پـارەی پـێ ببەخـشرێ تـاوەکو ئـاوی پـێ بکـڕێ وەریبگـرێ، چـونکێ منـەت لەسـەرکردنی تێدایـە، کـە بـە سـای ئەمـە وەبـەرزیو سـەربڵندییێکی بێوێنـە وەدەسـتدێنێ، لەسـەر ئـەو نمونەیـەش زۆر نمـــونەی تـر بەراورد کە.

ئینجا تکات لـێ دەکەم تکا بە وەبەرزی بایەخ بـدە، لـە تـەنگو چـەڵەمەی ژیانـدا قۆڵو بازوی سەربڵندی لـێ هەڵبکە.

خوێنـدنـەوەی ئـاوەزو ژیریـیەکان

یەکێ لەوانەی هەستونەست دەحەسـێنێو دڵو دەرون دەسـرەوێنێ، وردبونـەوەو تێفکرینـە لـە بیروژیـری بیرتیـژو هۆشمەنـدان، بەڕاسـتی ئـەوە خۆشـیێکە مـەردمی وردیـار لـە پرشـنگی ژیریارانـدا دەرکـی پـێ دەکـا. پێـشەنگو سـەروەری هـەمو هۆشمەنـدانو هەڵبـژاردەی هـەمو جیهـانیش پێغەمبەرمانـە ﷺ کـە هـیچ کەسـێکی لەگەڵـدا بـەراورد نـاکرێ، چـونکی بـە نیگـای خـوا پاڵپـشتی لێ دەکـرێ، دەر ئاسـاو، موعجزەکانی شایەدی ڕاستین، بە چەند ئایەتو بەڵگەی ڕۆنو ڕەوان ڕەوانـە کـراوە، ئەمەشیان لەسەروی زیتەڵی تێگەیشتوانو، ڕەونەقی وێژەرانە.

گەر نەخـۆش کەوتـم خـوا چاکم ئەکاتـەوە

(ئەبقرات) دەڵێ: "کەم زیانی لە زیان گەیێنەوە، باشـترە لـە قـازانجی زۆر لـە سـود گەیێنەوە".

بەهەمان شێوە دەڵێ: "تەندروستیو لەش ساخی دریژە پێبدەن بەهۆی وازهێنـان لە سستی سەبارەت بە خۆماندو کردن، هەروا بە وازهێنان لە خۆ ئاخنینی خـواردنو خۆراك".

کاراشـنایانیش هەیانـە دەڵێ: "ئـەو کەسـەی تەندروسـتی گەرەکـە، بـا بەرنامـەی خۆراکی ڕاستو ڕێـك کـا، لەسـەر برسـێتی نـان بخـوا، لەسـەر تێنـوێتی ئـاو بخواتـەوە، درێژە بداتە نێوانی ژەمەکانی، ئاوێ زۆر نەخواتەوە، دوای نان خواردن لەسـەر بـڕوا، هەتا نەچێتە ئاودەست خانە نەخەوێ، وریـا بـێ بـە سـگی تێـرەوە نەچـێتە گـەرماو، جارێکیش لە هاویندا باشترە لە دە جاری زستاندا".

(حارس)یش دەڵێ: کەسێ دەیەوێ ژیـانی بـەردەوام بـێ -ئەگـەر چـی کـەس تاسـەر ناژی- با بەیانی زو نان بخوا، پەلە لە ژەمی ئێوارە بکا، جلی زۆر لە سەر یـەك لەبـەر نەکا، کەم کەمە ئاوێزانی خێزانی بـێ".

(ئەفلاتون)یش دەڵێ: پێنـج شت هەن جەسـتە دەتاوێننـەوە، جـاری وایـە لـە نـاوی دەبـەن: کەمدەرامـەتیو دەسـت تـەنکی، جیابونـەوەی خۆشەویـستی، خواردنـەوەی تووڕەیی، بەڕوودانەوەی ئاموژگاری، پێکەنینی نەزانان بە ژیرو تێگەیشتوان".

ئەو وتەی (ئەبقرات)یش زۆر پڕ واتاو مەبەستە کـە دەڵـێ: "هـەمو زۆرێ، لەگـەڵ سروشت تێکدەگیرێ".

بە (گالینۆس)یان گوت: بۆ نەخۆش ناکـەوی؟ لـە وەڵامـدا گـوتی: "چـونکێ مـن دو خـۆراکی خـراپ پێکـەوە کـۆ ناکەمـەوە، خـواردنیش دەسـەر خواردنـێ ناکـەم، ئـەو خواردەنەش لەناو گەدەم دا ناهێڵمەوە کە لە بەری بە ئازار بم".

چوار شتیش هەنە مایەی نەخۆشی لاشـەن: قسەی زۆرو، خـەوتنی زۆر، خـواردنی زۆرو، جوتبونی زۆر.

ئەوسا قسەی زۆر: مۆخی نـاو سـەر کـەم دەکـاو بـێهێزی دەکـاو مـرۆڤیش زو پـیر دەکا.

خەوی زۆریش: ڕەنگـو ڕوخساری زەرد دەکا، دڵ نابینـاو کوێر دەکـا، چاوان سـور هەڵـدەگێڕێو، لاشـە تەمبـەڵو تـەپ دەکـا، ڕەقو وشـکی پەیـدا دەکـا، مـرۆ دوچـاری دەردی گران دەکا.

جوتبونی زۆریش: جەسـتە دادەهێزێنـێو، تـینو توانـا لـەبن دێنـێ، تـەڕایی لاشـە وشك دەکا، دەمار نەرمو شل دەکا، مرۆ دوچاری کـون گـیران دەکـا، بگـرە هـەمو لاشـە گرفتار دەکا، بە تایبەتی مێشکو مـۆخ چـونکێ لـە هـەمو ئەندامـەکانی جەسـتە پـتر

هەستیارە. بێ هێز بونیشی لە بێ هێز بونی هەمو ئەندامێك كاریگەرترەو بە رێژەیەكی زۆر لە گەوهەرو كرۆكی رۆح بەتاڵ دەبێ.

ئەو چوارانە تەنو جەستە دادەڕمێنن: خەمو، دڵپەستی، شەونخونیو، برسێتی. ئەو چوارەش كەیف خۆشی بەسەردا دێنن: بینینی گوڵشەنی جوان، ئاوی جۆگەو ڕوباران، دۆستانو خۆشەویستان، بەروبومی درەختان.

ئەو چوارەش چاوان تاریك دەكەن: ڕۆیشتن بە پێخواسی، چاو پێكەوتنی ڕوی نادۆستانو ڕەزا تاڵو دوژمنان، زۆر گریانو، زۆر ڕوانینی دێڕی ورد نوسراو.

چواریشیان جەستە بەهێز دەكەن: پۆشینی بەرگی نەرم، خۆشۆردن لە گەرماوێكی مام ناوەنجی، خواردنی خۆراكی شیرنو چەور، بۆن كردنی بۆنی خۆش چوار شتیش هەن ئاوی ڕوان وشك دەكەن، ڕەونەقو جوانیو ڕۆشنایی بزر دەكەن: درۆ كردن، بێ ئابڕویی، بێ هودە زۆر پرسیار كردن، زۆر خراپەو تاوان كردن.

چواری تریش ڕوخسار گەشو ڕو سور دەكەن: جوامێریو، وەفاداری، بەخشندەییو، تەقوا كاری.

ئەو چوارانەش خەشمو قین دەستەبەر دەكەن: خۆ پێ زۆریو، چاو نزێری، درۆزنیو، ئاشوب گێڕی.

چواری دیكەش ڕزقو ڕۆزی ڕادەكێشن: شەو بێداری بۆ نوێژكردن، لە پێش بەرەبەیانداً زۆر (أستغفر الله...) وتن، لەسەر ماڵ بەخشین ڕاهاتن، لە سەرەتاو كۆتایی ڕۆژدا پاڕانەوەو نزا كردن.

ئەو چوارانەش ڕێگا بە ڕۆزی دەگرن: كەم نوێژیو، خەوی بەیانی، ناپاكیو، لەش گرانی.

چواری تریش بۆ بیرو هزر زیان گەیێنن، بەردەوام ترشو میوە خواردن، لەسەر پشت خەوتنو، پەژارەو، خەفەت خواردن.

ئەو چوارەش مرۆڤ بیربڕو بیرتیژ دەكەن: دڵ گوشادی، كەم خواردنەوەو كەم خۆری، جوان ڕێكخستنی خواردنی شیرنو چەوری، فرێدانی ئەو پیساییەی بۆ جەستە بۆتە مایەی بارگرانی.

هۆشـتان لەسـەرخۆ بـێ

کەسی وردئەندێشو هزر تیژ هەتا چاوی نەکاتەوەو بەر پێی خۆی نـەبینێ، ورد نەبێتەوەو تێڕا نەمێنێ، چاوپێدا نەگێڕێتەوەو پاشەڕۆژ نەخوێنێتەوە، تـاوەکو جـێ پێـی خـۆی هـەموار نـەکاو، زەیـنو هۆشـی وەگـەڕ نـەخا، سـەرەنجام لێـك نەداتـەوەو بـواریش بـە خـۆی نـەدا هـەنگاوێك هـەڵنایێنێ، نـەبادا پەنجـەی ژێـوانی بگـەزێ، جـا ئەگەر ئەو کارە بـە پێـی خواسـتی ئـەو ڕەخسـا، ئـەوا سوپاسـی خـوای لەسـەر دەکـاو، ستایشی بۆچونی دەکا، ئەگەریش بە ئارەزوی ئەو نەبو، دەڵێ: خوا هێنابوی، ئەویش هەرچی بیەوێ دەیکا. قایلیش دەبێو خەمو پەژارە دای ناگرێ.

تفـەنگ بە تـاریکیـیوە مـەنێن

مرۆڤـی ژیـرو هۆشـدار، یـەك بـاوەڕو، داسـەپاو، کاتـێ هەواڵـەکان زۆری بـۆ دێـنن، چەند پرسیارێکی لە مێشکیدا گەڵاڵە دەبن، تفەنگ بە تاریکی وەنـانێیو، ڕاسـتەوخۆ بڕیار نادا، بەڵکو ڕاستو چەپان لە یەکتر هەڵاوێر دەکاو تاوو توێ یان دەکـاو دوبـارە بیریـان لـێ دەکاتـەوەو پـرسوڕا بـە کەسـانی هۆشـەنگو دانـا دەکـا، بێگومـان بـیرو بۆچونێکی پێ گەیـشتو چـاترە لـە بیروبۆچـونێکی کـرچو کـاڵ. گوتراویـشە: لـە چـاو پۆشینو بەخشیندا هەڵە بکەی، باشترە لـەوەی لـە سـزادانداهەڵـە بکـەی ﴿فَتُصْبِحُوا۟ عَلَىٰ مَا فَعَلْتُمْ نَـٰدِمِينَ ... جا لە کردەتان پەشیمان بن. ﴿٦﴾ الحجرات﴾.

بڕیـاری خـۆت بـدەو هەنگـاو هەڵێنـە

هەرچیێ کە من لێرەدا دەی نوسم، لە ئایەتو، هۆنراوە، لە پەندو وتەی پێشینان، لە وتەی نەستەقو بەجێو، داستان، بانگت دەکەن کە لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانتدا هەڵدەیەوە پڕ بێ لە گەشبینیو پاشەڕۆژێکی گەشەدار، کۆتا خێریو چاترین ئەنجام وەدەست بێنی.

ناشتوانی سودو قازانج لە ژیانتدا ببینی مەگەر بە چوستو چالاکیو ڕاست گۆیانە هەنگاو بنێیو ئارەزوی تەواوت هەبێ کە خۆت لە چنگی کەساسیو دڵ پەستی، کڵۆڵیو مەینەتی دەربێنی.

بە یەکێ لە زانایانیان گوت: چۆن بەندە دەگەڕێتەوە؟ لە وەڵامدا گوتی: پێویستی بە قامچی ویستو ئیرادە هەیە.

بۆیە خوای گەورە پێغەمبەرانی خۆڕاگرو خاوەن ئیرادەی جیاکردونەتەوە ﴿ فَٱصۡبِرۡ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلۡعَزۡمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ ... تۆش هەروەکو پێغەمبەرە لێبڕاوو نەبەزەکان، سور بە لەسەر کارەکەتو خۆڕاگر بە. ﴿٣٥﴾ الأحقاف ﴾.

ئادەم لە پێغەمبەرە خۆڕاگرەکان نەبو، چونکێ ﴿ ... فَنَسِيَ وَلَمۡ نَجِدۡ لَهُۥ عَزۡمٗا ... لە بیری کردوپێی نەکرا پێکی بێنێ. ﴿١١٥﴾ طه ﴾.

ڕۆڵەکانیشی بە هەمان شێوە ڕێو شوێنی ئەویان بزر نەکرد، مانیش وەما خۆی نەچێ حەرامە، بەڵام نەکەی لە تاوانکردندا چاو لەوی کەی، بەڵام لە تۆبەدا ڕێو شوێنی بزر کەی. فریادرەسیش هەر خودایە.

ژیـان هـەر بریتـی نیـە لە دنیـا

بەختەوەری دنیا، بە کامەرانی دواڕۆژەوە بەستراوەتەوە، جێگای خۆیەتی کەسی ژیرو وریا دڵنیابێ کە ئەم ژیانە لەگەڵ دواڕۆژ لێك گرێ دراون، ئاشکراو نهێنی، دنیاو دواڕۆژ، ئەو ڕۆو سبەی بە یەکەو بەندن.

کەسێ لای وابێ ژیان هەر ژیانی ئێرەیە، کۆ دەکاتەوەو دادەکا، خۆی بۆ مانەوە هەڵدەگرێ، بە ژیانێکی دوا بڕاوەوە خۆی هەڵدەواسێ، دەرەنجامیش هەمو خۆزگەو خواستەکانی لەگەڵە خۆیدا بۆ گۆڕ دەبا.

سەیرم بە خۆمو خەڵکانی دوروبەرم دێ: هیواو ئومێدی بێ بن، خەونو خەیاڵی دورو قوڵ، خۆزگەو خواستی بە گوڕو بە کوڵ، گوریسمان لەبن دنیادا ڕاخستوە [٨١٧]، کەچی بێ ئەوەی پرسو ڕامان پێ بکرێ، یا هەواڵێك یا مۆڵەتمان پێ بدرێ، مردن بەرۆکمان دەگرێ ﴿... وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا ۖ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ... کەس نازانێ کاری سبەی ڕۆژێ چیەو کەس نازانێ لە کامە سەر زەمین دەمرێ. ﴿٣٤﴾ لقمان﴾.

منیش سێ ڕاستیت پێ ڕادەگەیێنم:

یەکەم: چۆن خەیاڵی دڵارامیو حەسانەوەو سرەوتن دەکەی، لەکاتێکا لە پەروەردێنو یاساو ڕێساکانی لە کارو فەرمانو قەدەری ڕەزامەندی نانوێنی، لە بەشە ڕۆزیو بەهرەو خەڵاتە پێ دراوەکانی قایل نی!

دووەم: ئایە ئەو خێرو خۆشیو نازو گۆزەی بەسەرت داڕژاوە بە سوپاسکردن مافت داوە تاوەکو پتر بخوازیو، جگە لەوانیش داوای کەی؟!! یەکێ منەتی بە کەم نەبێ بە زۆریش نابێ.

سێیەم: باشە بۆ لەو بەخششانەی خوای بەخشەرو خەڵاتکار کەڵك وەرنەگرینو ڕەنێویان نەیێنینو، هەر یەکەی لە جێگای خۆیدا وەگەڕ نەخەینو، لە

---

٨١٧) ئەو پەندە بۆ یەکێ بە کاردێ ئومێدی نەبراوەی هەبێ.

ناتـەواوی و کـەمۆکوڕی بێخەوشـیان [٨١٨] نەکـەین و، لـەو دنیایـەدا کاریـان پێنەکەین و، ژیانیان پێ ڕازاوەو دەوڵەمەند نەکەین؟

بێگومان بەهرەی بەهادارو خونەریتی جوان و لەبار، لـە بـیرو هـزرو جەستەماندا شاراوەنە، وەلـێ لەلایـەن مرۆڤـ گـەلێکمان وەکـو دوڕڕو گەوهـەری نـاو قـوڕن، لـەژێر قوڕدا داپۆشراوو شـاراوەن، کەسـێکی چاپوک و جەربـەزەیان [٨١٩] دەست ناکـەوێ لـەناو قوڕدا دەریانبێنێ، پاکیان کاتەوەو بیانشۆرێ، بـۆ ئـەوەی تیـشک بـدەن و بدرەوشـێن و بەڕێزەوە بناسرێن.

لـوزەو [٨٢٠]، تـەزوی کارەبـا چارەسـەرێکی کاتیـە، تـاکو چـەخماخەی ڕزگاری لێبـدا

کتێبی (المتوارین)ی دانراوی (عبدالغنی ئەزدی)یم خوێندۆتـەوە، کتێبێکی نایـاب و سەرنج ڕاکێشە، باس لەوانە دەکا کـە لـە ترسـی (حـەجاج)ی کـوڕی (یوسـف) خۆیـان حەشـاردابو، تێگەیـشتم کـە ژیـانیش خۆشـی لـێ وەدی دەکـرێ و، شـەڕو ئاشـوبیش بەرژوەندی لـێ ڕەچاو دەکرێ، جاری وایە تەنگانەش فراوانی لە دوا دێ.

(ئـەبو عـەمر)ی کـوڕی (عـەلاء) ئـەو خوێنـەرەمزمان پـاراوو تیـشک دەرە، بوێـژو ڕاستی بێژە، سەبارەت بە تەنگ و چەڵەمەو تاقی کردنەوەی دەبێژێ:

(حەجاج) هەڕەشەی لـێ کردم و منیش بەرەو (یەمەن) هەڵاتم، چومە خانوێك لـە (سەنعا)، شەوانە وەسەربانی دەکەوتم و، ڕۆژیش خۆم لە ژوریدا مەڵاس دەدا.

لە بەرە بەیانێکدا کە لەسەر پشتی خانوەکە بوم، لە پڕێکدا گوێ بیـستی پیاوێـك بوم کە ئەم هۆنراوەی هۆنیەوە:

زۆرجـاران دڵـەکـان لـە ترسـان ڕادەچـەڵـەکـن
لە پڕێکـاوە کۆبونـەوەی گرێ کوێـرە ئـازاد دەبـن

---

٨١٨) بێ خەشیان.
٨١٩) لێهاتوو.
٨٢٠) وزە.

دەڵێ: منیش گوتم: قوتاربون. دەڵێ: بەو وشەیە زۆر دڵ شاد بوم.

دەڵێ یەکێ تریش گوتی: (حەجاج) مرد. دەڵێ: سوێند بە خوا نازانم بـە کامـەیان دڵخۆش تر بوم، بە قسەی شاعیر، کـە گـوتی: ئـازادبون. یـاخود بـە قـسەی کـابرا، کـە گوتی (حەجاج) مرد".

تاکە بڕیارێك، کە پەیرەوی لـێبکرێو سەرپێچی لـێنەکرێ، لەلایەن ئـەو کەسـەوە دەردەکرێ، کە خاوەنێتی ئاسمانەکانو زەوی دەکا ﴿... كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ ... ئەو گشت رۆژێ بە کارێکەوە خەریکە. ﴿٢٩﴾ الرحمن﴾.

(حەسـەن)ی بەسـرایی لـە تـرسـی سـیخوڕەکانی (حـەجاج) خـۆی پـەنادا بـو، کاتـێ هەواڵی مەرگی (حەجاج)ی پێ گەیشت، بۆ ستایش نواندن سوژدەی بۆ خوا برد.

شکۆداریو پایەداری بۆ ئەو خوایەی جیاوازی خستۆتە نێوانی بەندەکانی، هەیانە لە پێخۆشی مردنیـان خـەڵك سـوژدەی شـوکر دەبـا ﴿فَمَا بَكَتْ عَلَيْهِمُ السَّمَاءُ وَالْأَرْضُ وَمَا كَانُوا مُنظَرِينَ ... نـە ئاسمـان شـینی بـۆ گێـران، نـە زەمینـیش. هەرمۆڵەتیـشیان پـێ نەدرا. ﴿٢٩﴾ الدخان﴾.

کەسانێکی تریش دەمرن، ماتەمی ماڵەکان دادەپۆشـێ، ئەسـرینی بـە خوێنیـان لـە پێناودا دتکێ، لە ئاهی مەرگیان جەرگ دەبڕێ.

(ئیبراهیم)ی (نـەخعی) لـە تـرسـی (حـەجاج) خـۆی حەشـاردا بـو، هـەواڵی مـردنـی (حەجاج)ی پێ گەیشت لە خۆشیان گریا.

لە ژێر سایەو میهروسۆزی خوای دلۆڤاندا، ئەو خوایەی دەبینـێو دەبیـسێ، سـتەم کارو ستەم لێکراوان، چەوسێنەرو چەوسـانی لـێ دیـارە، چـەند پەناگـەو پەسـوێنك هەن بێ دەرەتان خـۆی لـە پـەناداوە حەسـێنن ﴿... وَجَعَلْنَا بَعْضَكُمْ لِبَعْضٍ فِتْنَةً أَتَصْبِرُونَ ۗ وَكَانَ رَبُّكَ بَصِيرًا ... هێندێکیـشتانمان کردۆتـە مایـەی ئـەزمونی هێندێ تر. ئاخۆ ئێوە خۆڕادەگرن؟ وا پەروەردەت دەبینێ. ﴿٢٠﴾ الفرقان﴾.

بە سای ئەمـە باڵندەیـەکم بیرکەوتـەوە کـە پێـی دەوتـرێ بلبلـە سـورە، لـە کاتێکـا پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ یاوەرانی لەژێر سێبەری دارێکدا دانیـشتبو، هـات لەسـەر سەری پێغەمبەری خوا ﷺ بالّی لێك ئەدا، هـەروەکو بڵێـی بـە زمـانی حـاڵی سـکاڵای لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەکـرد کـە پیـاوێ بەچـکەکانی لـە هێلانـەی دابـرد بـو، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: ((**من فجع هذه بافراخها؟ ردوا عليها افراخها...** کێ سکی ئەو باڵندەیەی سوتاندوە بە بردنی بەچکەکانی؟ بەچکەکانی بدەنەوە.

(سەعید)ی کوڕی (جوبەیر)یش دەڵێ: سوێند بە خوا لەدەستی (حەجاج) ڕامکرد، هەتاکو شەرمم لە خوای بەرزو بێ هاوتا کرد. پاشان هێنایانـە لای (حـەجاج)، کاتـێ شمشێریان لەسەر هەڵکێشـا، زەردەخەنەی هاتە لێوان.

(حەجاج) گوتی: بۆ پێدەکەنی؟ گوتی: سەرسوڕماوم لە بوێری تۆ بەسەر خواوەو، لە نەرمو نیانی خواش بەسەرە تۆوە.

ئای لەو هەستە بەرزەی، لەو دڵنیابونەی بە بەڵێنی خوا، لەو ئارامیـەو سـرەوتنەی بـە سـای ئـەو گەڕانـەوەو سـەرەنجامە خێـرو خۆشـیەی. بـا ئیمـانو بـاوەڕیش بـەم چەشنە بێ.

تۆ لەگەڵ میهرەبانتـرین کەسـدا سـەودا دەکـەی

ئەو فەرمودەیەی (ئەحمەد)و (ئەبو یەعلی)و (بـەزار)و (تەبـەرانی) دەیگێڕنـەوە، ئەگـەر سـەرنجی تـۆی ڕاکێـشا بـێ بەهـەمان شـێوە سـەرنجی منیـشی ڕاکێـشاوە، کـە پیاوێکی بەسالّدا چو هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی بە گۆپاڵەکەیـەوە گرتبـوە، گوتی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا، مـن سەرپێـچیو لاسـاری گـەلێکم بـوە، ئایـە خـوا لـێم دەبوڕێ؟ پێغەمبەری خـوا ﷺ فـەرموی: ((**تـشهد ان لا الـه الا الله وان محمداً رسـول الله؟**... گـەواهی دەدەی هـەر خـوا پەرسـتراوی ڕاسـتەقینەیەو (موحەممـەد)یـش نێردراوی خوایە؟)).

گوتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ.

فەرموی: ((فان الله قد غفر لك غدراتك، فجراتك... بێگومان خوا لە هەڵەو تـاوانی تۆی چاوپۆشی کرد)).

ڕۆیشتو دەیگوت: گەورەیی بۆ خوایە، هەر خوا گەورەیە.

چەند دەرسێك لەو فەرمودەیە وەردەگرم: لەوانە بەرفرەیی سۆزی خوای هەرە بە سـۆز، موسـڵمانبونیش تـاوانی پێـشو ڕەشـدەکاتەوە، تۆبـەکردنو گەڕانـەوە کـونو کەلەبەری ڕابردو پڕ دەکاتەوە، ئەگەر گوناهیش بەقەد کێوەکـان بـن لەبـەر تـەوژمی میهری خوادا خۆناگرن، پێویستە لەسەر بەندە لە بەرابەر خوای میهرەبانـدا نیـەتو ویستی ساخ کاتەوە، ئومێدیشی بە بەخشندەییو میهـرو سـۆزی بـەرفرەو بێسـنوری ئەو بێ.

چـەند نیشانەو بەڵگـەیەك بەرەو گەشـبینی بانگێشـتت دەکـەن

لە کتێبی (حسن الظن بالله)دا دانراوی (ئیبن ئەبی دونیا)، سەدو پەنجاو یەك دەق هەیە، لە ئایەتو لە فەرمودە، هەمویان داوای ئومێدەواریت لـێ دەکەنو، پێت دەڵێن واز لە هیوا بڕانو بێ ئومێدی بـێنیو لەسـەر نیـەت پـاکیو کارچـاکی کۆڵنـەدەر بـی، هەتاکو هەست دەکەی ئـەو دەقانـەی بـەڵێنت پـێ ئـەدەن پـتر لەوانـەی دەتـرسـێنن، بەڵگەو نیشانەی سۆزی خوازێترن لەوانەی هەڕەشەت لـێ دەکەن، خوای گـەورەش بـۆ هەر شتێ ئەندازەیەکی داناوە.

ژیـان هـەموی شـەکەتیـە

لە تاڵیو سوێری ژیان دڵپەست مەبە چونکێ هەروا ڕەخساوە، ژیان لەسەر کڵۆڵیو دەردەسەری دامەزراوە، کەیف خۆشیو شادمانی زۆر بە کەمیو لەلا ڕا دێن. تۆ خۆت بۆ ئـەم ژیانـە دەسازێنیو خـوای گـەورەش بـۆ دۆسـتانی خـۆی بـە مـاڵی هەمیشەیی دانانێ؟!

گەر بهاتایەو دنیا خانوی ئەزمون نەبوایە، جێگای دەردو بەلا نەدەبو، پێغەمبەرانو پیاوچاکانیش ژیانیان لێ تەنگ نەئەبو، ئادەم هەتا ئەو دنیایەی جێ هێلا بە ژیانێکی پڕ لە گێچەڵ ژیا، نوح گەلەکەی بە درۆیان زانیو گاڵتەیان پێهات، (ئیبراهیم) ژانی خستنە نێو ئاگرو سەربڕینی جگەر گۆشەی هەڵدەچەشت، (یعقوب) هەردو چاوی لەدەستدا ئەوەندەی ئەسرینی هەڵڕشت، (موسا) لەژێر ستەمی فرعەونو سەر ڕەقی دەینالاند، (عیسا)ی کوڕی (مەریەم) بە دەست تەنکیو بە نەداری دەیگوزەراند، (موحەممەد) ﷺ ئارامی لەسەر هەژاریو، مەرگی (حەمزە)ی مامی خۆشەویسترین خزمو کەسیو، سەرکەشی گەلو نەتەوەی، دەگرت. وێڕای ئەوانەش گەلێك لە پێغەمبەرانو دۆستانی خوا کە باسکردنیان درێژەی دەکێشێ.

ئەگەر بهاتایەو دنیا بۆ ڕابواردنو خۆشگوزەرانی دروست بکرایە نەدەبو بڕوادارانبەشیان لە ئەشکەنجەو ئازار هەبوایە.

کەچی پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((الدنیا سجن المؤمن، وجنّة الکافر... دنیا بەندیخانەی بڕوادارو، بەهەشتی بێ باوڕانە)).

هاوکات لەگەڵ ئەمەدا پیاوچاکان خراونە بەندیخانەو، زانایانی ڕاستو ڕەسەنیش دوچاری بەلاو کۆست بونەو، گەورە پیاوانی خوا ژیانیان لێ تاڵ بوەو، بارو گوزەرانی ڕاستگۆیان لێڵو لێخن بوە.

سەرنجێك

لە زەیدی کوڕی (ثابت)ەوە دەگێڕنەوە - خوای لێ ڕازی بێت - دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بو دەیفەرمو: ((من کانت الدنیا همه، فرق الله علیه امره، وجعل فقره بین عینیه، ولم یأته من الدنیا الا ما کتب له. ومن کانت الاخرة نیته، جمع الله له امره، وجعل غناه في قلبه، واتته الدنیا وهي راغمة... هەرکەسێ هەوڵو گەڕی هەر بۆ دنیا بێ، خوا هەمیشە هەژاری دەکاو، لە دنیاش تەنیا ئەوەی پێدەبڕێ بۆی بڕیار دراوە. هەر کەسێکیش دواڕۆژی مەبەست بێ، خوا کاری ڕاست دێنێو، دەوڵەمەندی ئەخاتە دڵەوەو، دنیای بەرەو ڕو دێو ئەویش پشتی تێدەکا)).

هەروەها لە (عبدالله)ی کوڕی (مەسعود)ەوە دەگێڕنـەوە - خـوای لـێ ڕازی بێـت - دەڵێ: گوێم لێبو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفـەرمو: ((من جعل الهموم هما واحـدا، هـمَّ آخرته، كفاه الله همَّ دنيـــاه، ومن تشـعَّبتْ به الهموم فـي احوال الدنيـا، لـم يبـــال الله فـي أيّ اوديتها هلك... هەرکەسێ خەمو پەژارەی لە پێناوی ڕۆژی دوایی یەکخاتەوە، خوای بەسە بۆ لابردنی خەمو خەفەتی دنیایی، هەرکەسێکیش لەمـەڕ سـەرقاڵی بـە دنیاوە زۆر ڕێگای گرتنەبەر، خوای گەورە لە هەرشوێنێك بیفەوتێنی لای گرنگ نیە.

مـام ناوەنجـێتی هۆکـاری ڕزگـار بونـــە

بەختەوەری تەواو لەسەر سێ شتان بنیاتنراوە:

١- مام ناوەندی لە توڕەبوندا.

٢- لە ئارەزودا.

٣- لە زانستدا.

جا پێویـستە سـنورێك بـۆ ئەوانـە دابنـرێ، نـەبادا ئـارەزو زۆری بـۆ مـرۆڤ بێنـێو سنوری پێ ببەزێنێو سەرەنجام تـێ بـچێ، یـا شـەپۆڵی ڕق هەڵبـستێو، بـۆ چەموشـی سەر بکێشێو، بە زەوی دابکێشێ.

((وخيـر الامور اوسطها... باشترینی هەمو کارێکیش مام ناوەندیەکەیەتی)).

جا ئەگەر بە ئاماژەی هێزی زانست مام ناوەنجێتی دروست بـو لـەنێوان دو هێـزدا، ئەو هەلە ڕاستەڕێ دەدۆزرێتەوە.

بـە هـەمان شێوە توڕەبـونیش هەروایـە: ئەگـەر زیـادی کـرد، لێـدانو کوشـتنی بـۆ ئاسان دەبێ، ئەگەریش کەمی کرد جۆشو خرۆشی مەردایەتی لەبارەی دیـنو دنیـادا نامێنێ، ئەگەر مام ناوەندیش بو، ئارامگریو مەردایەتیو لێزانی دێتە دی.

ئارەزوش وەکو ئەوانەی تـر وایـە: ئەگـەر زیـادی کـرد، خراپـەکاریو سـنوربەزێنی ڕوەدا، ئەگەریش کەمی کرد، بێ توانـاییو خاوبونـەوە پەیـدا دەبـێ، ئەگـەریش مـام ناوەندی بو، ئەوا پێ ڕەزاییو داوێن پاکیو وێنەی ئەمانەش فەراهەم دێن.

لە فەرمودەشدا هاتوە: ((**علیکم هـدیا قاصداً**... دیاریێکی مام ناوەنجیتـان لەسـەر بێ ئەنجامی بدەن)).

﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا ... بەم شێوەیە ئێمە ئێوەمـان کردۆتـە ئۆمـەتێکی هەڵبژاردە. ﴿١٤٣﴾ البقرة ﴾.

مرۆڤـ چ نەریتـێکی تێـدا زاڵـە بەوە دەناسـرێ

مایەی بەختەوەری تۆیە کە ڕەوشتی بەرزت ڕەوشتی دزێوت دابپۆشـێ، ئەوسـا وات لـێبـێ زمانی خەڵك لە ئاستی تۆدا بە چاکە بگەڕێ هـەتاوەکو لەسـەر ئـەو ڕەوشـتەش ستایشتکەن کە لەتۆدا وەدی ناکرێ، خەڵکیش قەبوڵ نەکا لۆمەت بکرێ، ئەگـەر چـی زەمکردنیـشت لێبـێ، چـونکێ ئەگـەر ئـاو بگاتـە قولـەتێن پـیس نابـێ. چـیاش بـە بەردێکی زیاد ناکاو، بە بەردێکیش کەم ناکا.

سەرگوزەشتەی هێرشێکی پڕ لە جنێـو وتـەی نەشـیاوم خوێندۆتـەوە کـە کراوەتـە سـەر (قـەیس)ی کـوڕی (عاسـم) ناسـراو بـە نـەرمو نیـانی عـەرەب، کراوەتـە سـەر بەرمەکیە ڕێزدارەکانو، (قوتەیبە)ی کوڕی موسلیم سـەرکردەی نـاودار، دەبینـم ئـەو وتە نابەجێو پڕوپوچانە، کەس بە ڕاستی نەزانیونو بایەخیان پـێ نـەدراوەو، وەکـو بڵقی سەر ئـاو نرخێنـراون، چـونکو کەوتونەتـە نێـو دەریـای چاکەکانو لـەوێ نغـرۆ بـون، بـە پێـچەوانەش بینیومـە لەمـەڕ (حـەجاج)و، (ئـەبو موسـلیم)ی خوراسانیو، (الحاکم بـامر الله العبیـدی) زۆر سـتایش کـراونو پـێیانـدا هـەڵگوتراوە، وەلـێ بـەبـێ نرخو بەها سەیرکراوەو بە ڕاستیش دانـەنراوە، چـونکێ ئـەو ستایـشە کەوتۆتـە ژێـر کەڵـەك و بـەردی دارمـاوی فـیڵو چەواشـەکاریو سـتەمو بێـدادی ئـەوان، پـاکیو بێگەردی بۆ ئەو خوایەی دادوەری لە نێوان بەندەکانی داکردوە.

بەم شێوەیە ڕەخساوی

لە فەرمودەیا هاتوە: ((كلٌ ميسر لما خلق له... هەریەکەی بۆچی دروستکراوە لەو پێناوەدا کار ئاسانی بۆ دەکرێ)).

کەوایە بۆچی بەهرەکان بەهەدەر بدرێن و، خونەریت و تواناکان لەبار ببرێن؟!

ئەگەر خوا شتێکی گەرەك بێ هۆکاریشی بۆ ڕێك دەخا، هیچ کەسێکیش لەو کەسە پتر دەرون بەزیوو هەست دابەزیو نیە کە بیەوێ شیرازەی سروشتی بگۆڕێ، کەسی ژیرو وریاش ئەو کەسەیە خۆی دەخوێنێتەوەو، ئەو کەلێنەی لە ژیانی پەیدابو پڕی دەکاتەوە، جا ئەگەر کەموکوڕی لە دێدەوانی و پاسەوانی دابێ دەچێتە وێ، ئەگەریش لە مەڕو مااڵت بەخێوکردن دابێ لەوێیە، فەرمو ئەوە (سیبەوەیە)ی پسپۆر لە زانستی (نەحو)دا، هەتا توانی خۆی لە فەرمودە شارەزا کردو هەتا زەین و هۆشی ماندو بو، ئەوسا خۆی لە (نەحو) شارەزا کرد، هەتا لێی بەهرەمەند بو بەشێکی سەرسوڕمێنی لێ فەراهەم هێنا.

یەکێ لە کاراشنایانیش دەڵێ: ئەو کەسەی دەیەوێ کارێ ئەنجامداو لە تواناشی دانەبێ، وەك ئەوە وایە دارخورما لەنێو بیشەاڵن و دارو دەوەنی کوردوستاندا بچێنێ و، داری گوێز لە بیابانی عەرەبوستاندا بچێنێ.

(حەسان)ی کوڕی (سابیت) لە بانگدان دەنگی خۆش نەبو، چونکێ ئەو بلال نەبو، (خالید)ی کوڕی (وەلید)یش نەیئەتوانی ماڵو میرات دابەش کا، چونکو (زەید)ی کوڕی (سابیت) نەبو، زانایانی پەروەردەش دەڵێن: ڕەچاوی ڕێو شوێنی خۆت بکە.

زیرەکی پێویستی بە خۆپەڕاندنەوە هەیە

گوێبیستی ڕادیۆی (لەندەن) بوم دەربارەی هەوڵی تیرۆرکردنی (نەجیب مەحفوز)ی نوسەر هەوااڵیدا، کە دەربارەی وێژە خەاڵتی نۆبڵی پێدراوە، کتێبێکی ئەوم هاتەوە یاد کە لەمەوبەر خوێندومەتەوە، سەرم سوڕما لەو کەسە لێهاتوە، بە چ

چەشـنێك لای وا بـوە خـەیاڵ گـەورەترە لـە ڕاسـتی، لەناوچـون باشـترە لەمانـەوە، بیردۆزی دەستکردی مرۆڤیش چاترە لە بنچینەو بنەمای خوایی‌و ئاسمـانی ﴿... أَفَمَن يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ أَحَقُّ أَن يُتَّبَعَ أَمَّن لَّا يَهِدِّىٓ إِلَّآ أَن يُهْدَىٰ ... دەسـا کەسـێك کـە ڕێبـەری ڕاستە ڕێیە، هێژاترە شوێنی کەون، یان کەسێکی بـۆ خـۆی بـە ڕێگـە نازانـێ، مـەگین ڕێگەی پێ نیشان دەن. (٣٥) یونس﴾.

ئـەوە بـو (نـەجیب) چـەند شـانۆگەریێکی لـە بـیرو هزریـدا هەڵخڕانـد بـوو [٨٢١] نوسیبوی، هەمو توانای خستبوە گـەڕ لـە وێنەکێشانو پـەخش‌و بلاوکردنـەوەی، لـە کۆتاییشدا هەواڵ گەلێکی دور لە ڕاستی بون.

لە خوێندنەوەی ژیاننامەی ئەودا چەند مەسەلەیەکی گـرنگم گەلاڵـە [٨٢٢] کـرد، کـە ئەمانەن: بەختەوەری بریتی نیە لەوەی لەسەر حیسابی حەسانەوەو سرەوتنی خۆت بتەوێ خەڵکان ئاسو دەکەی، ئەمە شتێکی ڕاست نیە کەسانێ بـە سـای تـۆوە دڵخۆش بن‌و تۆش لە خـەم‌و پـەژارەو دڵپەسـتیدا ژیـان بەسـەربەی، هەنـدێ نوسـەر ستایـشی هەندێ لە داهێنەرانیان کردوەو، دەڵێن: بۆ خۆی دەسوتێ تاوەکو ڕوناکی بە خـەڵکان ببەخشێ، کەچی ڕێڕەڕەوی ڕاست‌و دروست ئەوەیە کەسی داهێنەر لە خـودی خۆیـدا بدرەوشـێ‌و بـۆ خـەڵکانیش بدرەخـشێ، بـە ڕێنمـایی‌و شـارەزایی‌و چاکە دڵـی خۆیـان ئاوەدانکەن، بۆ ئەوەی دڵی خەڵکانیشی پێ ئاواکەن.

من لـە نوسـراوەکانی (نـەجیب مـەحفوز)دا بـاوەڕ بـە دوارۆژو جیهـانی (غـەیب)م نەبینی، بەڵێ وێنـەو خـەیاڵو وروژانـدن‌و سـەرنج ڕاکێـشان‌و دنیـاو خـۆ دەرخـستنم چاو پێکەوت، بەڵام کوا پەیام‌و ڕاستی بەڵگەنامەو جێ مەبەست لە کوێن؟!

من دڵنیام ئەوەی (نەجیب مەحفوز) بە دوای داوێڵە خـوا پێـی داوە: ﴿كُلًّا نُّمِدُّ هَٰٓؤُلَآءِ وَهَٰٓؤُلَآءِ مِنْ عَطَآءِ رَبِّكَ ۚ وَمَا كَانَ عَطَآءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا ... هەمو لایان -چ ئەوان‌و، چ ئەمانە- لە خـەڵاتی پەروەردنـدەت بـێ بـەش ناکـەین. خـەڵاتی پەروەردنـدەی تـۆ هـیچ لەمپەری لەبەر نیە. (٢٠) الإسراء﴾.

---

٨٢١) سازاند بو/ گەڵاڵە کردبو.

٨٢٢) خڕ کردنەوە/ وەدەستم هێنا.

بەڵام گرنگ ئەوە نیە مرۆڤ بگاتە ئەو مەبەستەی بـە دوای داوێڵە، بەڵکـە گـرنگ ئەوەیە ئەوەی خوا دەیەوێ ئەوی دەستەبەر بکا ﴿ يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٢٦﴾ وَٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَيُرِيدُ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلشَّهَوَٰتِ أَن تَمِيلُوا۟ مَيْلًا عَظِيمًا ...خوا گەرەکیەڕێتان بۆ ڕوون بکاتەوەو لە ڕێو شوێنی پێشینانیش شارەزاوکاو پەشیمانیو لـێ قـەبوڵ کـا. خودا زانای لە کارزانە. خودا دەیـەوێ تۆبـەتان لـێ قبـوڵ کـا. ئەوانـەش وا ئەکەونـە شوێن هەواو هەوەس، دەیانەوێ -بە تەواوی- نێوە لە ڕێگە لا بدەن. ﴿٢٧﴾ النساء ﴾.

مەگەر خوا ئـەگینا مـن شایەتی چونە بەهەشتو چونە دۆزەخ بـۆ هـیچ کەسـێ نادەم، تەنیا ئەوەی خوا بەڵگـەی ڕوونو ئاشکرای شـەرعی لەسـەر هێنابـێ، بـەڵام مـن سـەرنجی کـرداروگوفتـاروشـوێنەواران دەدەم: ﴿ ... وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِى لَحْنِ ٱلْقَوْلِ ۚ ... بـێ گومانە بە ڕاوێژی ئاخافتنیش دەیانناسی. ﴿٣٠﴾ محمد ﴾.

خۆزگـە هـەمو کەسـێ ڕێنمـایی وەرئـەگرتو خـۆی دەخـستە ئـەو بەهەشـتەی پانتاییەکەی بەقەد ئاسمانەکانو زەمینە.

وێڕای ئەوەش، مرۆڤ چ قازانجو داهاتێکی پێدەبرێ ئەگەر بێو موڵکو دەسـەڵاتی (کیسرا)ی هەبێ کەچی دڵیشی بە ڕووپوچو بەتاڵی گیرۆدە بێ؟!

هێزو توانای (قەیـسەر)ی ببـێ وەلـێ هیـواو خواسـتی ڕوی لـە چاکەکاری نـەبێ؟! بـەهرەو تواناکـان ئەگـەر هۆکـاری ڕزگـاربون نـەبن سـودو کـەڵکیان لەچـیدا وەدی دەکرێ؟!

خـۆت وەڕازێنـە بونـەوەر بە ڕازاوە دەبیـنی

پلـەی تـەواوی بەختـەوەری وەدەسـت دێـنین، کـە لـە ژێـر سـنوری بـیرو بۆچـونی شەرعی پیرۆزدا، لە نەخشو نیگاری ژیان چێژ وەرگرین، خوا بـاخو باخچە گـەلێکی سەرنج ڕاکێشی ڕوانـدوە، چـونکێ خـۆی جوانـەو جوانیـشی خـۆش گەرەکـە، بەڵگـەو

نیشانەی یەکتاپەرستی بونی خوا لە دروستکراوە جوانەکاندا وەخوێنەوە ﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ... هەر خوێەتی هەرچی لە زەمین دا هەیە، بۆ ئێوەی بەرهەم هێناوە. ﴿٢٩﴾ البقرة ﴾.

ئەوسا بۆنی خۆش و خۆراکی بە چێژو، وێنەو دیمەنی شۆخ، گیان و دڵ دەسرەوێنن، دەحەسێنن ﴿ ... كُلُوا۟ مِمَّا فِى ٱلْأَرْضِ حَلَٰلًا طَيِّبًا ... لەو بەروبومەی سەر زەمینە، کامی ڕەواو پاکە بخۆن. ﴿١٦٨﴾ البقرة ﴾.

لە فەرمودەشدا هاتوە: ((**حُبِّبَ الي من دنياكم: الطيب، والنساء، وجعلت قرة عيني في الصلاة**... لە دنیای ئێوەدا بەلامەوە خۆشەویست کراون: بۆنی خۆش و خێزان، بیلبیلەی چاویشم لە ناو نوێژدایە)).

بەڕاستی ئەو دنیا بەکەمگرتنەی بە نەزانی و خۆ پاراستنە ڕەشۆکیەی هەنگاوەکانی ئێمەی لە ژیانی دنیاییدا سست کرد، ڕوخساری جوانی ژیانی زۆرێك لە ئێمەی ناشیرین کرد ئەوان لە ژیانی خۆیاندا بە دڵپەستی و خەمینی، بە برسێتی و شەونخونی، بەبێ ژنی دەگوزەرێنن، پێغەمبەریشمان دەفەرموێ: ((**لكن أصوم وأفطر، وأقوم وأفتر، وأتزوج النساء وآكل اللحوم، فمن رغب عن سنتي فليس مني**... بەڵام من بەڕۆژو ئەبم و بەڕۆژوش نابم، شەوان بۆ بەندایەتی هەڵدەستمەوە و پشوش دەدەم، ژنیش دەهێنم و، گۆشتیش دەخۆم، هەرکەسێکیش واز لە ڕێبازی من بهێنێ لەمن نیە))، ئەگەر جێگای سەرسوڕمان بێ، کردەوەی کەسانێ سەرسوڕمێنە، کە دەرحەق بە گیانی خۆیان ئەنجامی دەدەن! دەبینین ئەمەیان خورما ناخوا، ئەوی تریان پێ ناکەنی، یەکێ تر ئاوی سارد ناخواتەوە، هەروەکو بڵێیی نەیانزانی بێ کە ئەمانە ئازاردانی ڕۆح و کوژاندنەوەی ڕۆشنایی گیانن ﴿ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِىٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِ ... بێژە کێیە، جلکی جوان و خشڵ و بژێوی پاکژێ - کە خوا بە عەبدەکانی خۆی ڕەوا دیوە- لای وایە کە ناڕەوایە؟ ﴿٣٢﴾ الأعراف ﴾.

پێغەمبەرمان ﷺ لەگەڵ ئەوەی لە هەمو کەس پـتر دنیـای بەکـەم سـەیرە کـرد، بەڵام هـەنگوینی دەخـوارد، لەبەرئـەوەی خـودا بـۆ خـواردن وەدیهێنـاوە: ﴿يَخْرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ ... لـە دەرونـی شـیلاوێکی هەمـە ڕەنگـە دێتە دەرێ، چارەی بۆ مەردم تێدایە. (٦٩) النحل﴾.

پێغەمبەری خوا ﷺ بێوەژنو کچی مارە کـردوە: ﴿فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ... چەندی خۆتان پێتان باشەو پێتان دەشێن -لـە ژنـان دوان بـن یـا سیان پێکەوە یا چواریش بن هەر ڕەوایە- مارە بکەن. (٣) النساء﴾.

لـە بۆنـەی جەژنـەو جگـە لـە جەژنـەش جـوانترین بـەرگی پۆشـیوە: ﴿... خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ ... (ئـەی فرزەنـدەکانی ئـادەم) هـەرگا دەچـن بـۆ نوێـژکردن، جلکی جوان دەبەربکەن. (٣١) الأعراف﴾.

پێغەمبـەر ﷺ مافـی گیـانو مافـی جەسـتەی پـشێل نـەکرد، کامـەرانی دنیـاو دوارۆژی گـەرەك بـو، چـونکێ بـەو ئایینـە سروشـتیەو خوارسـکە نـاردراوە خـوا بەندەکانی لەسەر ڕاهێناوە.

بە سـەرکەوتنێـکی نزیـك مـژدە بدە

هەندێ لە نوسەری سەردەمی ئێمـە دەڵێن: تـەنگو چـەڵەمە -هەرچـەندە گـەورە بـنو درێـژە بکێـشن- لەسـەر خاوەنـەکانیان بـەردەوام نـابن، بـەڵا بـاران تـا هەتایـە پێیەوە گرفتار نابن، بەڵکە هەتا شەوی مەینەتیەکان توندو ڕەشو درێژبێ، نزیکتـرە پرشـنگی خـۆری ئـازادی لـە کـەل [٨٢٣] هـەڵبێ، خێـرو خۆشـیو، هـێمنیو هـەداریو، ژیانێکی خۆشگوزەرانەو ڕۆشنایی پەخشو دڕەوشاوەی لەگەڵ دابێ، ئەوسا کۆمەکیو هاریکـاری لـەکن لوتکـەی تەنگانـەو تاقیکردنـەوەدا دەگاتـە جـێ، دەرەنجـامی هـەمو شەوێکی ئەنگوستەچاویش ئەوەیە سپێدەی بەیانی لێدادێ.

---

٨٢٣) ئاسۆ/ بەرزایی.

تۆ لە کینـە هـەڵگرتن بەرزتـری

ئەو کەسەی لە هەمو کەس خۆشحاڵترو دڵشادترە، ئـەو کەسـەیە دواڕۆژی بەسـەر دنیادا هەڵدەبژێرێ، ئەو بەهرانەی خوا لە دەریای بەخشندەیی خۆیەوە بە خەڵکانی بەخشیوە چاویان تێنابڕێ، بەڵکە پەیامی خۆشی لەلایەو نمونەی هەڵکەوتەی خێرو چاکەیە، دەیەوێ سودو کەڵك بەخەڵکی بگەیەنێ، ئەگەر گوڵیش نەبێ درکیش نابێ.

سەرنجی (عبدالله)ی کوڕی (عەباس) بـدە کـە ڕاڤـەکاری قورئـانو دەریـای زانـستە، چـۆن تـوانی، بـە سـای خووڕەوشـتی بـەرزو جـوانی خـۆ گونجانـدنی شـەرعیانەو دڵفراوانی، کە نەیارانی لە (بەنی ئومەیە)و (بەنی مەروان)و دەستو پێوەندەکانیان بەرەو دۆستایەتی وەربگێڕێ، ئەوسا موسڵمانان لە تێگەیشتنو زانـستی ئـەو کـەڵکیان وەرگرت، کۆڕو کۆمەڵی لـە زانـستی (فیقهو)و (تەفسیر)و چاکەو یـادەوەری پڕکـرد. (ئیبن عەباس) کارەساتی (الجمل)و (صفین)و پـێش ئەمـەو دوای ئەوەشـی پـشتگوێ خست، دەستی کرد بە بنیاتنانو چاکسازی‌و، ئاشتەوایی، خوێنی زامەکانی سڕی، جێی خۆی لەدڵی خەڵکدا کردەوە، بەڕاستی نازناوی (حبر الامة المحمدية)ی وەدەست هێنا.

فـەرمو ئەمەشـیان (ئـیبن زوبـەیر) - خـوای لێ ڕازی بێـت -، بـاس نـاکرێ چـەند ڕێزدارو پایەدارو خواپەرستو شکۆدار بـو، ڕێگـای ڕوبەڕوبونـەوەی هەڵبـژاردو لـەو پێناوەدا تێکۆشا، دەرەنجام لە گێڕانەوەی فەرمودە دورکەوتەوەو، موسڵمان گەلێکیشی لێبونەوە، پاشان مەرگەسات ڕویدا، چونکێ خۆی لە حەرەمدا پەنادا بو، مااڵی خوایان زامدار کردو، موسڵمان گەلێکیشیان کوشتو، ئەویشیان کوشتو پاشانیش هەڵیانواسی ﴿... وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ قَدَرًا مَّقْدُورًا ... هەر فەرمانێ خودا بیدا دەبێ پێکبێ.﴿٣٨﴾ الأحزاب﴾.

ئەوەی من دەیڵێم بۆ دەستدرێژیکردنە سەر هاوەڵان‌و کەمکردنەوەی پلـەو پایـەی ئـەوان نیـە، بەڵکـە لێکۆڵینەوەیـەکی مێـژویی یـەو مرۆڤـ پەنـدی لـێ وەردەگـرێ‌و ئەسرینی پێ هەڵدەڕێژێ.

بێگومان نەرمو نیانی‌و، لێبوردەیی‌و چاوپۆشی، بە کۆمەڵە خەڵکێکی کەم نەبێ بە هەمو کەس نابڕێن، چونکێ داکۆکی لەوە دەکا مرۆڤ هەوەسی خۆی لەبن پێدا بپۆشێ‌و، کڵپەی خواستەکانی دامرکێنێ‌و، جڵەوی هەڵنەرو پاڵنەری توند بگرێ.

تێڕوانینێك

ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێ: ((تَعَرَّف الی الله فی الرخاء یعرفك فی الشدة... ئەگەر بەندە لەکاتی هێمناییدا پارێزگاری لە فەرمانەکانی خوا کردو سنوری ئەوی پاراستو، چاوەدێری مافەکانی کرد، بە سای ئەوە ناسیاوی لەگەڵ خوادا پەیدا دەکاو، پەیوەندیەکی تایبەتیش لە نێوانی بەندەو پەروەردگاریدا دروست دەبێ، ئینجا خوای گەورەش لە تەنگانەدا ئەو دەناسێ‌و، ڕەچاوی ناسیارێتی دەوری هێمنایی دەکاو، بەهۆی ئەو پەیوەندیە لە دوای مەینەتباری ئازادی دەکا، ئا ئەو پەیوەندیە تایبەتەیە وا دەکا بەندە لە خوا نزیك خاتەوەو، خۆشی بوێ‌و، ئەویش وەڵامی خواستەکانی بداتەوە)).

"ئەگەر بەندە بە پێی پێویست ئارامی گرت، بەڵای لە ئاستدا دەبنە خەڵاتو، دەردی بۆ دەبنە بەخشش‌و، ناخۆشی دەبنە خۆشی، بێگومان خوای بێ هاوەمو هاوتا بۆ ئەوە تاقی نەکردۆتەوە لەناوی ببا، بەڵکە بۆ ئەوە تاقی کردۆتەوە تاوەکو بەندایەتی‌و، ئارامگری بە ئەزمون بگەیەنێ، مافی خوای بەرزو بێ وێنەیە بەسەر بەندەیەوە چۆن لە خۆشیدا دەیپەرستێ، بەو شێوەیە لە ناخۆشیدا بیپەرستێ، چۆن لەمەڕ ئەو شتەی پێی خۆشە بەندایەتی دەنوێنێ هەر بەم جۆرە سەبارەت بەوەی لە دڵیشیدا گرانە بەندایەتی بنوێنێ، زۆربەی خەڵکانیش دەربارەی ئەو کارانەی پێی دڵخۆشن بەندایەتی ئەنجام دەدەن، لەوەی دڵیشیان نایگرێ پشت هەڵدەکەن، ئەوسا لێرەدا پلەو ڕێزی بەندەکان لەیەك جیادەبێتەوەو، بە گوێرەی ئەوە لەلایەن خوای دەستە بالاوە پلەو پایەیان دیاری دەکرێ".

زانسـت کلیـلی ئاسـانکاریـــە

زانستو ئاسانکاری دو دۆستی خۆشەویستی دێرینن، بۆ سەلماندنی ئەمە دەشێ سەرێك لە دەریای زانستی زانا بـە تواناکان بدەی، کـە ژیانیـان چـەندە ئاسان بـوەو، هەڵس‌وکەوت لەگەڵیاندا چەندە سوك‌و لەجێ بوە! ئەوان لـە مەبەسـت تێگەیـشتن‌و، بـە خواسـتەکان گەیـیـشتن‌و، بـە نـاخی بابەتەکانـدا ڕۆیـشتن، لـە کاتێکـا دەبـینی گرانبارترینی خەڵکان‌و، کەلله ڕەق‌و ڕانەهاتوترین کەس‌و ڕێگا سەخت‌و دژوارتـرین کەس، ئەوانەن لەمەڕ زانست‌و زانیاری هەژارو تـەنك دەسـتن، چـونکێ ئـەوان چـەند دەستەواژەیێکیان بیست‌و سـەرەدەریان لـێ دەرنـەکرد، چـەند مەسـەلەیەکیان وەبـەر گوێیان کەوت پەیان پێ نەبرد، بـەڵای خەواریجەکانیش هـەر لـەوەدابو کـەم زانـست بون‌و لێکدانەوەیان کـرچ‌و کاڵ بـو، چـونکێ ئـەوان ڕاستەقینەیان دەرك پێنـەکردو، ڕاستەڕێیان وەدی نەکرد، لە تەنکاواندا دەگەڕان‌و لـە قوڵاییـدا مەلـەوانیان نـەکردو، خۆیان لەناو کاری بە گێچەڵ‌و تێکەڵ‌و پێکەڵ خست.

هـەمو شـتێ بە خـوێ خـوێش بە مـانـا

دو کتێبی ناودارم خوێندۆتەوە، سەیرەکەم هێرشێکی توندو سەختی کردۆتە سـەر بەختەوەری‌و ئاسانکاری لە کاتێکا خوای کار لەجێ کردونی بە دیاری.

یەکەمیان کتێبی (احیاء علوم الدین)ی (غەزالی)، کـە بـە هـاوارەوە بانگێشتی ئـەو خۆ برسیکردن‌و بێبەرگی‌و پەڕپوتی‌و، کۆت‌و زنجیرکردنە دەکا، کە پێغەمبەری خـوا ﷺ بـۆ ئـەوە هـاتوە لـە کـۆڵ هـەمو جیهـانی بکاتـەوە. هەسـتاوە حـەدیس گـەلێکی هێنـاون‌و بەسـەر یەکیـدا کەڵەکـە کـردون‌و، زۆربـەی هـەرە زۆریـشیان لاوازو هەڵبەسـتراون، دوای ئەمـە چـەند بنـەماو بنـچینەی لەسـەر دامەزرانـدون پێـی وایـە گەورەترین هۆکاری گەیێنەری بەندەن بە پەروەردیاری.

منیش (إحیاء علوم الدین)م لەگەڵ (صحیحین)ی بوخاریو موسلمدا بەراورد کـرد، جیاکـاریو لێکـدورینێکی زۆرم وەدی کـرد، ئـەویان خـۆ ئـازاردانو سـەختو گرانـە، ئەمەشیان لێبوردەییو سوكو ئاسانە، ئینجا لە واتای وتەی خوا گەییشتم: ﴿وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَىٰ ... لەبەریشت سانا دەکەین، هەتا ساناترین رێگە پەیدا بکەی. ﴿٨﴾ الأعلى﴾.

کتێبی دوەمیان: (قوت القلوب)ی (ئەبو تالیب)ی مەککەیی یـە، ئەویشیان زۆر بـە گەرمو گوڕی جەخت لەسەر وازهێنان لە ژیانی دنیاو خۆ لـێ گۆشەگیرکردنی دەکـاو، مرۆڤ هەڵدەنـێ بۆ ئەوەی هەوڵو گەڕی لەکارخاو، لە ژیانی خۆش پـشت هـەڵکاو، لـە رێگای دەستەبەرکردنی ژیانی بێ حاڵو تفتو تاڵـدا پێشبڕکێ بکا.

دانـەری ئـەو دو کتێبانـە: (ئـەبو حامیـد غـەزالی)و، (ئـەبو تـالیبی مەککـەیی) چاکەیان ویستوە بەڵام ڕاوبۆچونیان لە تەرازوی فەرمودەو ڕەوشتی پێغەمبەردا ﷺ بێسـەنگە، ئـا لێـرەدا کـەمۆکوڕی ڕوئـەدا، بۆیـە پێویـستە کەسـی ڕێنیـشاندەر بـە ڕێگایەکە ئاشنا بێو لـە گرتنەبـەری ڕێگادا چوستو چالاکو وریا بـێ، ﴿... وَلَٰكِن كُونُوا۟ رَبَّٰنِيِّـۧنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَٰبَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ... بەڵکـە ﴿ئەوانـە هـەر گوتویانە﴾: ئێوە کە فێری کتێبو خوێندنەوەی بـون، لەسـەرتانە هـەر پەروەردەو بناسن. ﴿٧٩﴾ آل عمران﴾.

دڵ فـراوانتـرین کـەس

دڵ گوشادیو ڕەزا نوێنیو گەشبینی: چەند ڕەوشتێك بون لـە مامۆستاو فێرکاری چـاکە کاریـدا ﷺ وەدی دەکـران، ئـەو پێغەمبـەرەی ﷺ مـوژدەدەرە، بـارگرانیو ڕەواندنـەوەی قەدەغـە کـردوە، هەسـت بـە بێئومێـدیو داڕمـان ناکـا، ڕەزانـوێنی لـە دڵدایـەو، زەردەخەنـەی لەسـەر لێـوە، لـە بڕیـارو فەرمانیـدا ئاسـانکارەو، لـە ڕێو شوێنیدا مـام ناوەنجیـەو، شـوێن پێهـەڵگرانی بەختـەوەریان لەنێودایـە. گـەورەترین کاری ئەوە بو باری سەرشانیان سوك کاو لە کۆتو داو ڕزگاریان کـا.

هێـواش..هێـواش

دەتوانی لە گوتـاری هۆشـیارکردنەوەدا بـەو شـێوەیە ئاسـودەیی بەسـەر گوێگرانـدا دابێنی، بە قۆناغ بابەتەکان بوروژێنی، گرنگترینیان باس بکەی ئەوسا گرنگی بە دوادا بێنی، ئەو ئامۆژگارەیەی پێغەمبەری خـواش ﷺ کـە بـە (موعـاز)ی ڕاگەیانـد خـوای لـێ ڕازی بێت لەو کاتەی بەرەو (یەمەن)ی ڕەوانە کرد، پاڵپشتی لـەو قسەیە دەکـەن، کە دەفـەرموێ: ((**فليكن اول ما تدعوهم اليـه، شهادة ان لا الـه الا الله وانـي رســول الله**... یەکەم شت کە تۆ بانگیان بۆ دەکەی، شایەتی دانە بەوەی هەر خـوا پەرسـتراوی ڕاستەقینەیەو، منـیش نێـرراوی خوامـە)) هـەتا کۆتـایی. کەوایـە لـە بابەتەکانـدا یەکەمو دووەمو سێیەم هەیـە، بۆچی بابەتـەکان بەسـەر یەکدا کەڵەکـە بکـەینو، بـە یەکـــەوەش وەبەرچـــاوانیان خـــەین؟! ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ عَلَيۡهِ ٱلۡقُرۡءَانُ جُمۡلَةٗ وَٰحِدَةٗۚ كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِۦ فُؤَادَكَۖ وَرَتَّلۡنَٰهُ تَرۡتِيلٗا ... خـوا نەناسـەکان دەبێـژن: بۆچـی خودا بەتێکڕایی ئەم قورئانەی بۆ نەناردۆتە خوارەوە؟ هـەر بـۆ ئەمـە بـو کـە ئێمـە دڵتی پێ دامەزرێنینو بەڕێكو پێکیو بە ئارامی بۆتی وەخوێنین. ﴿٣٢﴾ الفرقان ﴾.

یەکێ لەوانەی موسڵمانان بە هۆی ئایینەکەیانەوە بەختەوەر دەکا، ئەوەیـە لـەژێر سایەو دروشمی ئەو دینەو، سـوك وەرگـرتنی فـەرمانو یاسـاخ کراوەکـانی هەسـت بـە سرەوتنو سانەوە دەکەن، لەبەرئەوەی لـە بنەڕەتـدا بـۆ ئـەوە هـاتوە لـە دڵـە ڕاوکـێو پرشو بلاوبونی زەینو هۆشو، ترازان لە بواری کۆمەڵایەتی ڕزگاریان کا.

لە یاسای ئیسلامیشدا هیچ ئەرکێك بەبـێ ئـامرازی نـــەرێ (اداة النفـي) دانـەنراوە ﴿ ... لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۚ ... خوا ئەرکی لـە توانـا بـەدەر، بەسـەر کەسـدا ناسەپێنێ. ﴿٢٨٦﴾ البقرة ﴾.

چونکێ ئەرك قورسـەو، ئـایین یـش بـە قورسـی دانـە بـەزیوە، بەڵکـە بـۆ لابردنـی هاتوە.

یـاوەران داوای ئامۆژیاریـان لـە پێغەمبـەری خـوا دەکـرد ﷺ بـە فـەرمودەیێکی کـورتی وەلام ئەدایـەوە بێگانـەو خۆیانـە سـەرەدەریان لـێ دەردەکـرد [٨٢٤]، کەوایـە ڕەچاوکردنی بـوارو ڕاستکاریو [٨٢٥] ئاسـانکاری دروشمـی بەرچـاوی ئـەم ئامۆژگاریـە گرانبەهایە بون.

ئێمە لەوەدا هەڵەین، کە هەرچی پەندو ئامۆژیاریو داب‌و ڕەوشت‌و ڕێنوێنێیك لە هەگبەماندا هەیە لە یەك شوێندا بە گۆڕێی وەرکەین ﴿وَقُرْءَانًا فَرَقْنَٰهُ لِتَقْرَأَهُۥ عَلَى ٱلنَّاسِ عَلَىٰ مُكْثٍ وَنَزَّلْنَٰهُ تَنزِيلًا ... قورئانێکە بە جیاجیا ناردومانە، تا بە هێدی بۆ مەردمی بخوێنیەوەو بەرانبەر بە پێویستی ڕۆژ بەڕێمان کرد. ﴿١٠٦﴾ الإسراء﴾.

کە سەبارەت بە سوپاسکردن لەسەر زۆری دەستەوسانی لەسەر کـەمی چـۆن دەتوانی ؟

بێگومـان ئـەو کەسـەی لەسـەر ئـاوی شـیرین‌و ساردو سـازگار سوپاسـی خـوا نـەکا، لەسـەر کۆشـك‌و باڵەخانـەی بـەرزو، ئۆتـۆمبیلی ئـاخر مۆدیـل‌و، بـاخ‌و باخـاتی بـێ وێنەش سوپاسی ناکا.

ئەوەی لەسەر نانی گەرم‌و نەرم دان بە خەڵاتی خـوا دانانـێ، لەسـەر خـوانێکی بـە خواردنی بە چێژو هەمە جۆر ڕازاوەش ستایشی خوا نانوێنێ، چونکو مـەردمی بـەد نمـەك‌و [٨٢٦] سـپڵە کـەم‌و زۆری هـەروەکو یـەك دەبینـێ مرۆڤـ گەلـێ لەوانـە پـەیمان گـەلێکی تونـدو تۆلێـان بـە خـوادا، لەسـەر ئـەوەی هـەر کاتـێ خـوا دەروی خۆشـی لـێکردنەوەو بەهرەی بەسەردا ڕژانـدن گیرفانـەکانی پڕکـردن، ئـەوجارەیان سوپاسـی خوا دەنوێنن، پـارەو پـولێ دەبەخـشن، مـەڕو مـاڵاتی سـەردەبڕن ﴿وَمِنْهُم مَّنْ عَٰهَدَ ٱللَّهَ لَئِنْ ءَاتَىٰنَا مِن فَضْلِهِۦ لَنَصَّدَّقَنَّ وَلَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٧٥﴾ فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُم مِّن

---

٨٢٤) تێی دەگەیشتن.

٨٢٥) واقیعیەت.

٨٢٦) بێ ئەمەك/ سپڵە.

فَضْلِهِۦ بَخِلُوا۟ بِهِۦ وَتَوَلَّوا۟ وَّهُم مُّعْرِضُونَ ... هێندێك لە نێو ئەوانـەدا پـەیمانیان دەگـەڵ خودا بەست کە شەرتە ئەگەر خودا لە چاکەی خۆی بەشمانی بداتێ، ئێمـەش خێـرو خێـرات دەکـەینو دەچـینە ڕێـزی پیاوچاکانەوە. کـە خـوا کـردیو لـە چاکەی خـۆی زێدەی دانێ، ڕژدیان لەسەر کردو پشتیان هەڵکردو ڕویان وەرگێڕا. ﴿٧٦﴾ التوبة.

ئێمە ڕۆژانە زۆرێك لەم چەشنە کەسانە دەبینین، حاڵ پەشێوو داماوە، هۆشـی لـە خۆی نەماوە، گازاندە لە پەروەردیاری دەکا، کە بەخشـشی گـەورەی پـێ نـەبەخـشیوە، نـازو گـۆزی زۆرو زەوەنـدەی بـە چـاوی خـۆی نـەدیوە، کەچـی لـەناو لـەش سـاخیو تەندروستیو هەبوویی دابەنازەوە دەخولێتەوە، لە گەشـتو سـەیراندایەو پـشوی داوە، سوپاسیشی لەسەر ناکا، جا ئەگـەر وەکـو ئەوانـە نـەبێ کـە لـەناو گەنجینـەو کۆشـکو تەلاری فراواندا خۆیان لەبیر چۆتەوە دەبێ ئەو کاتە چۆن بێ؟!

ئەگەر ئاوای بۆ بچێتە سەر زیاتر لە خوای یاخی دەبـێو، لـە ئاسـتی پـەروەرنـدەی وەدی هێنەری دا پتر سەرپێچی کارو لاسار دەبێ.

پـێ خواسەکەمان دەڵێ: ئەو کاتەی خـوا پێڵاوێکـی پـێ بەخـشیم سوپاسـی دەکـەم. خاوەن پێڵاوێش سوپاسەکەی دوا دەخا هـەتا خـوا ئوتـومبێلێکی مـۆدێرنی پـێ ئـەدا، سپڵەییمان بەوە دیارە، دەمانەوێ دەستبەجێ بەهرەی خودا وەرگرینو، بە قـەردیش سوپاسی کـەین، ئـەوەی لـە خـوای دەخـوازین لێـی بـە پەلـەینو، لـە جێبـەجێکردنی فەرمانەکانیشی سستی دەکەین.

سـێ تـابلـــۆ

هەنـدێك لـە هۆشمەنـدان سـێ تـابلۆی پـڕ بـە هایـان بەسـەر پەرتوکخانەکەیانـەوە هەڵواسیوە: یەکەمیان لەسەری نوسراوە: ئەو ڕۆژەی ئێستات ڕۆژە.

لە سـنوری ئەمڕۆدا بژێی.

دوەمیان لەسەری نوسراوە: بیـرکەوەو سوپاسگوزاریـە، بیـر لە بەهرەی خوا بکەوە بەسەرتەوەو، بە سوپاسگوزاری وەڵامیان دەوە.

لەوەی سێیەمیش نوسراوە: تۆڕە مەبە.

ئەوانە سێ ئامۆژیـارین لـە سـاناترینو نـزیکترین ڕێگاوە بـە بەختـەوەریت ئاشنا دەکەن، دەشتوانی لە بیـرنامەی خۆتدا بیاننوسیو ڕۆژانە سەریان بەسەر دابگری.

هەڵوەسـتەیـەک

یەکێ لە وردیاتی نهێنی هاتنی خۆشی بەدوای ناخۆشیداو، ئاسانی بەدوای گرانیـدا ئەوەیـە، ئەگـەر کارەسـاتی گـەورەو تونـدو بەرچـاو ڕەش هاتـە ئـاراوە، بەنـدە لـەوە بێئومێد بو دروستکراوەکان لە هانای بێن، دڵی بـە خـوای تـاکو تـەنیاوە پەیوەست دەبێ، هەر ئەوەشیان پشت بەستنی ڕاستەقینەیە بە خوا.

بـە هـەمان شـێوە ئەگـەر بـڕوادار لای وابـو دوای ئـەو هـەمو پاڕانـەوەو لاڵانـەوەی ئاماری قەبوڵ بونو ئاسۆی ڕونی لـێ بەدیار نەکەوتو، درەنگ داهات خـۆری هیـوای هەڵنـەهات، یـەک سـەربەخۆیدا دەچـێتەوە سەرزەنـشتی دەرونـی دەکـاو، پێـی دەڵـێ: هەرچـی بەسـەرم هـات لـەڕێی تـۆوە بـو، ئەگـەر چـاکەو خێـرت هەبوایـە وەڵامـم ئەدرایـەوە. ئـەو لۆمەکردنـەش لـە زۆربـەی شـێوە بەندایەتیـەکان لەلایـەن خـواوە خۆشەویـستتـرە، ئـەو سەرزەنـشتەیە وا لـە بەنـدە دەکـا، خـۆی لـە بەرابـەری خـوادا بەکەم سەیرکاو، دانیش بەوە دابنێ بەو بەڵایە شیاوە کە بەسـەری دێو، بـەوە شـیاو نیە نـزای گیرا بێ، هەر بە سای ئـەو هەڵوێـستەیە لـەو سـاتەدا دەسـتبەجێ نـزای لـێ وەردەگیرێو بەڵای لەسەر لادەچێ.

(ئیبراهیم)ی کوڕی (ئەدهەم)ی لە خوا ترس دەڵێ: ((ئێمە وایـن لـە ژیانـێ ئەگـەر دەسەڵاتدارو پاشا پێی بزانێ بە شـمشـێر لێمان دەسێنێ)).

(ئیبن تەیمیە)ی شێخی ئیسلامیش دەڵێ: ((لە ڕاستیدا کاتو ساتی وا بەسەر دڵما ڕادەبورێ دەڵێم: ئەگەر بێو بەهەشتیان لە وێنەی ئەو ژیانەی من دابن، لە ژیـانێکی خۆشـدا بەسەردەبەن)).

ئەی خـەڵکینـە ئاسـودە بن

لە کتێبی (الفرج بعد الشدة) پتـر لە سی جێباسی تیایە، هەر هـەمویان هـەواڵمان پێ دەدەن، کە لە سەر لوتکەی مەرگەساتی بەرچاو ڕەشدا پڕشـنگی هیـوا هەڵدێ، لـە سـەروی چـڵەپۆپەی مەینەتیـەکان داخـۆری ئـازادی دەدرەوشـێ، ئـەوەی لـە هـەمو کەسیش پتر دەردارو بەڵابارو لە خەفەتدا ڕۆچوە خوارە، لە هەمو کەسیش نزیکتـرە لە دەربازبونو، کار بۆ ئاسان بونو، لە تەنگانە بە دەروە چون، (تەنوخی) لـە کتێبـە درێژو پەسندەکەیدا، پتر لە دوسەت داستانی بۆ باس کـردوین بـۆ ئەوانـەی دوچاری ئەشکەنجەو ئازار هاتون، یاخود لە بەندیخانە کراون یا لەسەر کار وەلا دراون، یا شار وەدەر فرێدراون، یا دارکاری کراونو سزا دراون، یا ناچارکراوو سەرشۆڕکراون، تـەنیا چەند ڕۆژێکی خایاند، لە پرێکا پێشڕەوو پێشەنگی کۆمەکیو تینو تـەوژمی ئـازادی لەسەر لێواری بێهیوایی - کاتێ ئەوان بێئاگابون- پێیـان گەیـشت، ئـەو خوایـە بـۆی ڕەوانەکردن کە بیسەرەو وەلامگۆیە.

(تەنوخی) بە کڵۆڵو کۆسـت کـەوتوان دەڵـێ: ئـارام بگـرن، کۆمەڵـە خـەڵکانێك لـە پێش ئێوەدا بەو ڕێیەدا گوزەریان کرد:

کەواتە هەر لە کۆنەوە ئەوە باوە ﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ ... بێگومانە بە هەندێ شت تاقیو دەکەینەوە. ﴿١٥٥﴾ البقرة ﴾، ﴿ وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ... ئێمە ئەوانـەی بـەر لـە مانیشمان بە تاقی کردەوە. ﴿٣﴾ العنكبوت ﴾.

ئەوە فەرمانێکی دادوەرانەیـەو خـوا بەنـدەکانی پـێ لـە سـەنگی مەحـەك دەدا، لـە تەنگانەدا لەسەر بەندایەتی تاقیان دەکاتەوە، بارودۆخیـان دەگـۆڕێ چـۆن شـەوو ڕۆژ دەگۆڕێن، کەوایە ئەو نارەزاییو گلەییـو مـورچو مۆنیـەی پـێ نـاوێ ﴿وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ ٱقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْ أَوِ ٱخْرُجُواْ مِن دِيَٰرِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٌ مِّنْهُمْ ... ئەگەر ئێمە بۆ ئەمانەمان نوسیبا، کوشتاری خۆ بە خـۆ بکـەن یـان لـە ولاتو دەرکـەون -کـەمیان نەبێ- نەیاندەکرد. ﴿٦٦﴾ النساء ﴾.

چاکەکـاری بەربەسـتی توشـهاتـن بە خـراپەیـە

جوانترین دەستەواژە، ئەو پەیڤەی (ئەبوبەکر)ی (سەدیق)ە - خوای لێ ڕازی بێت- کە دەڵێ: چاکەکاری بەربەستی توشهاتن بـە خراپەیـە. ئـەو ڕستەیەش هـەم ژیـریو هەم کتێبی خـواش پاڵپشتی لـێ دەکـەن: ﴿ فَلَوْلَآ أَنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلْمُسَبِّحِينَ ﴿١٤٣﴾ لَلَبِثَ فِى بَطْنِهِۦٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ... سـا ئەگـەر (یـونس) پـاکی خـوای نەگوتبایـە، تـا ڕۆژی سـەڵا ڕادەبو، لە وڕگی (ماسـی)دا دەمایەوە. ﴿١٤٤﴾ الصافات ﴾.

(خەدیجە)ش بە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەڵێ: ((نـەخێر سـوێند بـە خـوا هـەرگیز خوا تـەریقت ناکاتـەوە، تـۆ پەیوەنـدی خزمایـەتی دەگـەیێنێ، بارسـوکی بـۆ خـەڵکان دەنـوێنی، سـود بـە هـەژار دەگـەیێنێ، لەسـەر مـەرگەسـاتی ڕۆژگـار یارمـەتی دەنـوێنی. بزانە چۆن لەسەر پاشەڕۆژ خێـری بەڵگـە بـە هەڵوێسـتی جـوان دێنیتـەوەو، چاکەو جوامێری سەرەتایی دەکاتە بەڵگە لەسەر شکۆو ڕێزی کۆتایی)).

لـە کتـێبی (الـوزراء)ی (سـەبابی)و کتـێبی (المنـتظم)ی (ئـیبن جـەوزی)و کتـێبی (الفرج بعـد الشدة)ی (تـەنوخی) داستانێك هاتوە، کـە ئـەوە پوختەکەیـەتی: (ئـیبن فورات)ی وەزیر بە دوای (ئـەبو جەعفـەر)ی کـوڕی (بوسـتام)دا دەگـەڕاو دەیەوێسـت ئـازارو ئەشـکەنجەی پێبگەیـەنێ، ئینجا زۆر بەدەسـتیەوە گرفتـار بـو، دایکـی (ئـەبو جەعفەر)یش هەر لەو کاتەی کوڕەکەی منالٌ بـو خـوی پێـوە گرتبـو هـەموو شـەوێك کولێرەیـەکی لـەژێر سـەرینی (ئـەبو جەعفـەر)دا دەنـا هـەر کـە بـەیانی دادەهـات بـۆ بەڵاگێڕی کوڕەکەی دەیکردە خێر.

دوای ئەوەی کە ماوەیەکی باش لەبەردەسـتی (ئـیبن فـورات)دا ئـازاری چەشـت، بـۆ کارێکی پێویستی چوە لای (ئیبن فورات)، (ئیبن فورات) بە (ئـەبو جەعفـەر)ی گـوت: تۆ بەخۆو بە دایکت کولێرەیێکتان هەیە؟

گوتی: نەخێر.

(ابن الفرات) گوتی: چارەت نیە هەر دەبێ قسەکەم بە ڕاست دابنێی.

(ابا جعفر)یش لەسەر شێوەی پیا هەڵدانی کاری پەسندی ژنان بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە. (ابن الفرات) گوتی: نا وانەکەی، من لە شەوی ڕابردودا پیلانم بۆ تۆ دەگێڕا، کە ئەگەر پیلانەکەم سەری گرت لە ناوت بەم، ئەو شەوە خەوتم لە خەوما بینیم چۆن بڵێی شمشێرێکم بە ڕوتی لەدەستدابو، دەمەویست تۆی پێ بکوژم، دایکت ڕێگای پێ گرتم کولێرەیەکی لە دەست دابو لە پێشە تۆ کردبوی بە مەتاڵو ڕێی لە من دەگرت نەیدەهێشت بەتۆ بگەم، منیش دەستم پێت نەگەیشتو، بە ئاگا هاتم.

(ئەبو جەعفەر) ئەوەی بە هەل زانیو لەسەر ئەو گرفتەی لە نێوانیاندا هەیە سەرزەنشتی کردو، دەرفەتی بۆ ڕەخسا لەو ڕێیەوە ئاشتەوایی بکەن، هەمو هەوڵێکیدا بۆئەوەی ڕازی بکاو گوێڕایەڵی بێ، وازی نەهێنا هەتا قایلی کردو، هەردوکیان بون بە هاوڕێ.

(ئیبن فوڕات) گوتی: سوێند بە خوا لەمەولا بەدەستی منەوە ئازار نادرێی.

چەند پشوانێك یاریدەدەری ڕێگا بڕینن

شتێکی ڕونو لەبەرچاوە لە یاسای ئیسلامدا فراوانیو ئاسانکاری هەیە، کە ڕێ بۆ بەندە خۆش دەکا لە نواندنی بەندایەتیو مانْ بەخشینو کردەی چاکدا دانەبڕێ، پێغەمبەرمان ﷺ زەردەخەنەی لەسەر لێو بوو﴿ وَأَنَّهُۥ هُوَ أَضۡحَكَ وَأَبۡكَىٰ ... هەر ئەو دەخاتە خەنینو دەگرێنێ. ﴿٤٣﴾ النجم﴾.

وتەی خۆشو بە پێکەنینی کردوەو هەمو شتی هەر ڕاست بوە، لەگەڵ (عائیشە)دا - خوای لێ ڕازی بێت - غارغارێنێی کردوە، بۆ ئەوەی یاوەرانی بێزار نەبن لەکاتی ئامۆژیاریدا، داوای ڕێگا پێدانی لێدەکرد، زۆ قوڵبونەوەو خۆ ئازاردانو ڕەقەکاری ڕەت دەکردەوەو، دەیفەرمو: هەر کەسێ لە ئاییندا ڕەقەکاری بنوێنێ، بەبێ گومانی بەسەریدا زاڵ دەبێ، لە فەرمودەی تریشدا هاتوە: لە ڕاستیدا ئایین توندو بەندە، سا بە نەرمی خۆی تێ بخەن.

ئەمەشیان هەر لە فەرمودەیە، کە دەڵێ: هـەمو خواپەرستێك تورەبـونێکی هەیـە، ئەویش بریتییە لە گەرمو گوڕی و تونـدو بەندی و تێهەڵچون.

مرۆڤـی گرانبـاریش مـەودای کـاری کورتـە، چـونکێ هـەر بـارودۆخی هەنوکـەی لێکدەداتەوەو، بەڵای ڕوداو پێش هاتو ماوەی درێژ خایەن لا ناکاتەوە، ئەگینا کەسی ژیریار لـە کارەکانیـدا تخوبێکی نزیکـی هەیـەو نایبـەزێنێ، جـا ئەگـەر تـینو توانـای گەشەی کرد تخوبی بەرفرەتر دەکا، ئەگەرنا لە سـنوری خـۆی تێپـەڕ نـادا، هـەر ئـەو واتایـەش لـەو هەواڵـەی لـە هـاوەڵان بیـستراوە، دەفامرێتـەوە (کـە دەڵـێ): بێگومـان دەرونـەکان ڕوتێکـردنو پـشت تێکردنیـان هەیـە، جـا لـەو کاتـەی بـەرەو ڕو دێـن بـە دەرفەتیان بزانن، لەو کاتەی پشتیش هەڵدەکەن گوێیان پێ مەدەن.

نـەم بینیوە هیچ کەسێ لە پێواندا زیادیان کردبێو، پتر سوننەتیان ئەنجام دابـێو، بۆ ڕەنج کێشان هەوڵیان دابێ، مەگەر دوای ئەمە پچڕاونو پاشە کشەیان کـردوەو لـە جاران بێ توانا تر بون.

لە بنەڕەتیشدا ئایین بۆ بەختەوەری هاتوە ﴿ مَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ لِتَشۡقَىٰٓ ... ئـەم قورئانەن بۆ نەناردی کە توشی چەوسانەوە بی. ﴿٢﴾ طه ﴾ .

بێگومان ئەوانەی پتر لـە توانایـان خۆیـان ئـازار داوە، پاشـانیش خۆیـان پـێ ڕاگیر نەکراوەو، لە گۆڕەپـانی هەڵکەوتـدا [٨٢٧] تێـشکاونو پاشەکـشەیان کـردوە ﴿ ... وَرَهۡبَانِيَّةً ٱبۡتَدَعُوهَا مَا كَتَبۡنَٰهَا عَلَيۡهِمۡ إِلَّا ٱبۡتِغَآءَ رِضۡوَٰنِ ٱللَّهِ فَمَا رَعَوۡهَا حَقَّ رِعَايَتِهَاۖ ... ئـــــەو ڕەبەنیەش کە هەیانە ئێمە بۆمان نەنوسیون، بۆخۆیان دایانهێنانەوە ئەم کارەشەیان بۆ ڕەزامەندی خودا بو، بۆشیان نەکرا وەك پێویستەیێکی بێنن. ﴿٢٧﴾ الحديد ﴾.

ئـایینی ئیـسلامیش بـەوە لـە هـەمو ئایینێـك جیـا کراوەتـەوە، کـە ئـایینێکی مـام ناوەنجیـەو، سـوك و سـانایەو، لەگـەڵ گیـانو لاشـەو دنیـاو دواڕۆژو سروشـتدا دانـوی دەکوڵێ ﴿ ... ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُۚ ... ئەمە ڕەوشتێکی ڕاستە. ﴿٣٦﴾ التوبة ﴾.

---

٨٢٧) واقیع.

لە (ئەبو سەعید)ی (خودری) دەگێڕنەوە، دەڵێ: پیاوێ هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، کێ لە هەمو کەس باشترە؟

فەرموی: ((مؤمن جاهد بنفسه وماله في سبيل الله، ثم رجل معتزل في شعب من الشعاب يعبد ربّه... بڕوادارێك بە گیانو مالّی لە ڕێگای خوادا تێبکۆشێ، دوای وی پیاوێك لە یەکێ لە دۆڵاییەکاندا خۆی پەناداو خوای خۆی بپەرستێ)).

لە ڕێگایەکی تردوە هاتوە: ((يتقي الله ويَدَع الناس من شرِّه... لە خوا بترسێو خەڵکیش لەدەستی بێوەی بن)).

بە هەمان شێوە لە (ئەبو سەعید)دوە دەگێڕنەوە دەڵێ: گوێم لێبو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرمو: ((يوشك ان يكون خير مال المسلم غنم يتبع بها شعب الجبال ومواقع القطر، يفر بدينه من الفتن... رواه البخاری نزیکە وای لێبێ باشترین مالّی موسڵمانی: مەڕو مالاّتێك بێ، لە لوتکە چیاکانو لە وەرگادا بیان لەوەڕێنێو، بەخۆیو دینەکەی لەبەر فیتنەو بەڵا ڕابکا)).

عومەر دەفەرموێ: (لە گۆشەنشینی بەشی خۆتان وەرگرن).

وتەی (جونەید)یش چەند جوانە: (ئازاری گۆشەنشینی سوکترە لە دەردی تێکەڵی).

(خیتابیش) دەڵێ: گۆشەنیشنی ئەگەر تەنیا ئەوەندە دەستکەوتەی هەبێ، مرۆڤ بەدور بگرێ لەوەی زمانی بە خراپە لە خەڵکی بگەڕێو، لە بینینی ئەو خراپانەی بەدور بگرێ کە چارەسەری پێ ناکرێ، دیارە بەهرەیەکی زۆری پێ بڕاوە.

هەر بەو واتایەش (حاکم) فەرمودەیێکی ساخ کردۆتەوە، کە لە ئەبو زەر گێڕراوەتەوە، کە دەفەرموێ: ((الوحدة خير من جليس السوء... تەنیایی لە هاودەمی خراپ چاترە. ئەو فەرمودەیەش فەرمودەیێکی (حەسەن) ـە)).

(خیتابی) لە کتێبی (العزلة)دا باس لەوە دەکا کە: خۆ لە خەڵکی پەنادانو تێکەڵی بە گوێرەی پەیوەندیدارەکانیان دەگۆڕێن، جا ئەو بەڵگانەی مرۆڤ بۆ تێکەڵی هەڵدەنێن [٨٢٨]، وا ڕاڤە دەکرێن، کە بۆ تێکەڵبون لەمەڕ گوێڕایەڵی پێشەوایانی

---

٨٢٨) هاندەدەن.

ئیسلامو کارو فەرمانی ئیسلامدا هاتون، پێچەوانەی ئەو بەڵگانەش لەمەڕ تێکەڵییکی پێچەوانەی ئەو تێکەڵیە هاتون، بەڵام سەبارەت بەو کۆبونەوەو لێکجیابونەوەی، کە بە جەستە دەکرێ، ئەگەر مەردم بزانێ بێ تێکەڵی خۆی پێ دەژیو، لە دینی خۆی پارێزگاری پێ دەکرێ، چاتر وایە لە تێکەڵی خەڵکی خۆی بەدور بگرێ، بەڵام بەو مەرجەی بەشداری نوێژی بە کۆمەڵ بێو، سڵاوی خەڵکی وەرگرێتەوەو، مافی موسڵمانان کە بەسەریەوە هەیە وەکو سەردانی نەخۆشو، ئامادەی ناشتنی مردوو، وێنەی ئەمانەش، جێبەجێیان بکات.

تەنیا ئەوە لە مرۆڤ خوازراوە بەبێ هودە تێکەڵ نەبێ، چونکە زەینو هۆشی دەپڕشێو [٨٢٩]، کاتەکانی لە کارو کرداری گشتیدا بەهەدەر دەچێ، تێکەڵبون بە خەڵکیش وەکو ئاتاجی خواردنو خۆراکە، بەپێی پێویست بەکاردێنرێ، هەم گیانو هەم دڵیش بەم جۆرە حەساوەترن، خواش لە هەمو کەس زاناترە.

قوشەیری لە (الرسالة)دا دەڵێ: ڕێگای ئەو کەسەی گۆشەگیری هەڵدەبژێرێ، ئەوەیە لای وابێ خەڵک لەدەستی ئەو دەحەسێتەوە، نەك بە پێچەوانە، چونکە یەکەمیان خۆ بەکەمزانی لێ وەدی دەکرێ، کە ئەمەش ڕەوشتی مەردمی خۆ بەکەمزانە، دوەمیشیان خۆ بە زلزانی لێ فەراهەم دێ کە ئەوەش نەریتی خۆ پێ زۆرانە. خەڵکان سەبارەت بە گۆشەگیریو تێکەڵی سێ بەرەیان لێ پێکدێ.

بەرەی یەکەم: کەسانێکن خۆیان پەنا دەدەن هەتا لە وتاری هەینیو، نوێژی بە کۆمەڵو، کاری خزمەتگوزاریش تێکەڵ نابن، ئا ئەوانە بەهەڵەدا چون.

دەستەی دوەمیش: لەگەڵ خەڵکی تێکەڵن هەتا کۆڕی گاڵتەو گەپو قاوەقاو [٨٣٠] و کات بەفیڕۆدانیش هەڵنابوێرن [٨٣١]، ئەوانەش بە هەڵەدا چون.

گرۆی ناوەنجی: ئەوانەن لەو شێوە بەندایەتیەی تەنیا بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێ لەگەڵ خەڵکدا تێکەڵاون، بۆ هاریکاری هەر کردەیێ لە پێناوی خواو چاکەکاری بێ بۆ وەرگرتنی پاداشتو خەڵات بێ ئەوان تیایدا بەشدارن، لەهەر بۆنەیەك بۆ

---

٨٢٩) دەپڕژێ/ بڵاو دەبێ.

٨٣٠) قسەو قسەڵۆك

٨٣١) باز نادەن.

پشت هەڵکردنو بەرپەرچی رێی خودا بـێو زیـادە ڕۆیـی لـە شـتی حـەڵاڵ تیابـێ ئەوان خـۆی لـێ دەبـوێرن ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا ... بـەم شـێوەیە ئێمـە ئێوەمان کردۆتە ئۆمەتێکی هەڵبژاردە. ﴿١٤٣﴾ البقرة ﴾.

هـەڵـوەسـتەیـەك

لە (عوبادە)ی کوڕی (سامیت) دەگێڕنەوە، دەڵێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فـەرموی: ((**علیکم بالجهـاد فـي سـبیل الله، فـانه بـاب من ابواب الجـنّـة، یذهـب الله بـه الغـم والـهم...** لە سەرتان بێ جیهاد لە پێناوی خوادا بکەن، چونکێ جیهـاد دەرگایەکـە لـە دەرگاکانی بەهەشت، خوا خەمو پەژارەی پێ دەڕەوێنێ)).

(بەڵام گاریکەری جیهاد لەسەر لابردنی خەمووپەژارە، بەپێی ناخو دڵ شتێکی ڕوونو دیارە، بێگومان هەرکاتێ دەرون پـشتی لـە تـەوژمو هـاشو هوشـی گـومڕایـیو دەسـت بەسەرداگرتنی هەڵکرد، خاکەساریو پەرێـشانیو کڵۆڵیو تـرسو لـەرزی پـتر دەبـێ، جا ئەگەر لەپێناوی خوا تێکۆشـا، خوای گەورە خەمو خەمینـی بـەرەو چـاپوکیو[٨٣٢] جەربەزەییو[٨٣٣] خۆشیو شادی وەردەگێڕێ، هەروەکـو خـوای توانـادار دەفەرمـوێ: ﴿قَٰتِلُوهُمْ يُعَذِّبْهُمُ ٱللَّهُ بِأَيْدِيكُمْ وَيُخْزِهِمْ وَيَنصُرْكُمْ عَلَيْهِمْ وَيَشْفِ صُدُورَ قَوْمٍ مُّؤْمِنِينَ ﴿١٤﴾ وَيُذْهِبْ غَيْظَ قُلُوبِهِمْ ... ئێوە دەگـژیان ڕابـچن، خـودا هـەر بەدەستی ئێوە ئـەوان توشـی ئـازار دەکـاو ژێریـان دەخـاو سـەروودەخا بەسـەریانداو کارێك دەکا کوڵی دڵی باوەڕداران دابمرکێ. ڕکی دڵیشیان ڕادەماڵێ. ﴿١٥﴾ التوبة ﴾.

هـیچ شـتێ ئەوەنـدەی تێکۆشـان لـەپێناو خـوا خـەمو پـەژارەو پەرێـشانی دڵ ناڕەوێنێ، یارمەتیش هەر لە خواوەیە.

---

٨٣٢) چالاکی و چوستی.

٨٣٣) ئازایەتی.

لـەوەڕگـای سـۆما لـەم گـەردونـەدا

تێڕوانینی نیگاری شوێنەواری دەسەڵاتی خوا لە ئاسمانو زەویدا یەکێکن لە ڕێگای ئاسودەیی‌و هەدایی [٨٣٤]، لە سۆنگەی تێڕوانین لە دروستکراوە درەوشاوەو ڕازاوەکانی خوای وەدیهێنەر - گەورەیی‌و شکۆداری بۆ ئـەو - چـێژ وەردەگـری، بـە سـای ڕوانـینی گـوڵو گوڵاڵـەو، دارو درەخـت، جۆگـەو جۆبـارو، چـڕەو [٨٣٥] بیـشەڵان [٨٣٦]، بـەرپاڵو [٨٣٧] قـەدی کێـوان، لـە زەمـین‌و ئاسمانـەکان، مـانگـو خـۆرو، شـەوو ڕۆژان، حەسـانەوەو سرەوتن هەست پێ دەکەی، بیروباوەڕو ملکەچیت پتر دەبێ، جڵەوت بـۆ دروسـتکاری هەرە زاڵ شـۆڕتر دەبێ ﴿... فَٱعۡتَبِرُواْ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ ... سا ئێوە دەرس وەرگرن، ئەی گرۆی خاوەن ئاوەزان [٨٣٨]! (٢) الحشر﴾.

یەکێ لەو پڕۆفیسۆرانەی باوەڕی هێناوە دەڵێ: کاتێ گومانم لە دەسـەڵاتی خـوا بـۆ دروسـت دەبـو، چـاوێکم بـە پـەرتوکی بونـەوەردا دەخـشاند، بـۆ ئـەوەی پیتـەکانی دەرئاساو [٨٣٩]، وەدیهێنانی تێداوە خوێنمەوەو، ژێلەمۆی باوەڕم داگیرسێتەوە.

هـەنگاونـان بـە نەخشـە

شەوکانی دەڵێ: هەندێ لە زانایان ئامۆژگاریان کردم‌و پێیان وتم: ئەگەرچی ڕۆژێ دو دێریش بنوسی دەست لە نوسین هەڵمەگرە. دەڵێ: جا ئـەو ئامۆژیاریـەم لـە گـوێ گرت‌و، بەرهەمەکەشم دوریەوە.

---

٨٣٤) سرەوتن.
٨٣٥) داروباری چڕو پڕ.
٨٣٦) جەنگەڵستان/ دارو درەختی چڕژاو.
٨٣٧) بەرهەوراز.
٨٣٨) خاوەن عەقڵان.
٨٣٩) ئەو پەندە بۆ شتی بەپەلە بەکاردێ.

هەر ئەو واتایەش لـەو فەرمودەیـە دەفامرێتـەوە: ((خیـر العمـل مـا داوم علیـه صاحبـه وان قل... چاترین کردار ئەوەیە خاوەنەکەی لەسەری بەردەوام بـێ، بـا هـەر چەندە کەمیش بێ)).

گوتراویشـە: ئاوی بەخوڕ هەر لە دڵۆپ دڵۆپە پێکدێ.

هـەر لـەو ڕێیـەوە دوچـاری نیگـەرانی دێـین، کـە دەمانـەوێ بـە دەرسـێك بـبین بەمەولاو وە کۆچێ ڕابگەینەوە [٨٤٠]، ئەوسا بێـزارو شـەکەت دەبـینو دەسـت لـە کـردار هەڵدەگرین، ئەگەر بێو کارەکانمان یاوەیـاوە [٨٤١] ئـەنجام دەیـنو، بەسـەر قۆناغەکانـدا دابەشـیان کـەین، بـە هێـورەیی قۆناغـەکان تێپـەڕ دەدەیـن، ئـەو دەرسـەیە لـە نوێـژ وەرگرە، شـەرع پێـنج کـاتی لـە یـەکتر جـودای بـۆ دانـاوە، بـۆ ئـەوەی بەنـدە شـەکەت نەبێو پشـو بدا، بە تامەزرۆیی بۆی بڕوا، ئەگـەر بـێو لـە یـەك سـاتدا کۆبکرێنـەوە، بەندە لێیان بێزار دەبێ، لە فەرمودەشـا هـاتوە: ((ان المُنبَـتَّ لا ظـهراً ابقـی و الا ارضا قطـع... بێگومان ئـەو سـوارەی لـە هـاوەڵانی جێماوە نـە پێیـان دەگاتـەوەو، نـە پشتی وەڵاخەکەشی بە ساخی دێڵێ [٨٤٢])).

بە گوێرەی ئەزمونیش دەرکـەوتوە، کـە هەرکەسـێ کارەکـانی بـە قۆنـاغ بـڕی بـێ، ئەوەنـدە داهـاتی وەدەسـتهێناوە، کـە ئـەو کەسـەی بـە یـەك کـەڕەت شـانی داوەتەبـەر وەدەستی نەهێناوە، وێڕای ئەوەی کڵپەو گڕی هەستو سۆزیشی دانەمرکاوە.

یـەکێ لـەو سـودو کەڵکـەی لـە هەنـدێ زانایـانم وەدەسـت هێنـاوە، ئەوەیـە، کـە نوێژەکان کارەکان ڕێك دەخـەن، ئـەو وانەیـەش لـە وتـەی خـوا وەرگیـراوە: ﴿... إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ كَانَتۡ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ كِتَٰبٗا مَّوۡقُوتٗا ...نوێـژ لەسـەر خـاوەن بـاوەڕان نوسراوێکە، وەختی بۆ دیاری کراوە. ﴿١٠٣﴾ النساء﴾.

سـا ئەگـەر بـێو بەنـدە لـەدوای هـەر نوێژێکـدا بەرنامەڕێـژی بـۆ کـارە دنیـاییو دواڕۆژیەکانی بکا، هەست دەکا کاتو ساتێکی زۆرو بەرفرەی لەبەردەستدا.

---

٨٤٠) ئەو پەندە بۆ شتی بە پەلە بەکار دێ.

٨٤١) وردە وردە/ بڕ بە بڕە.

٨٤٢) واتە: پشتی وەڵاخەکەی بریندار دەکا.

با نمونەیێکت بۆ بێنمەوە: ئەگەر بێو قوتابیەکی زانستی لەدوای نوێژی بەیانیدا بیـەوێ لەهـەر زانـستێك خـۆی حـەز بکـا دەرخـی بکـاو، دوای نیـوەرۆش بـۆ خوێندنەوەیـەکی گـشتی ئاسـان تـەرخان بکـا، دوای نوێـژی عەسـر تایبـەت کـا بـە لێکۆڵینەوەیـەکی وردی زانـستی، دوای نوێـژی (مـەغریب) بـۆ گـەڕانو سـەردانی خۆشەویستان بێو، دوای نوێـژی خەوتنانیـشی بـۆ خوێندنـەوەی کتـێبی سـەردەمیو لێکۆڵینەوەو بەشداری خولو، دانیشتن لەگـەڵ ئەندامانی مـاڵ بـێ، ئـا ئـەو بەرنامـە رێژیە سودی پێ دەگەیەنێ، کەسی ژیریش بەهۆی چاوساغیو وریای خـۆی کۆمـەکی وەردەگرێو رێگای بۆ ڕۆشن دەبێ.

﴿ ... إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا ... ئەگـەر لـە خـوا بترسـن، ئـامێری جیاکردنەوەی پاکو پیستان پێدەدات. ﴿٢٩﴾ الأنفال ﴾.

تکـات لـێ دەکـەم بێ بەرنامـە بەسـەر مەبـە

یەکێ لەوانەی بیروهۆش دابڕدابـڕ دەکا، ئـەو زەیـنو پەشـێویەیە کـە خـەڵکانێك تێیـدا دەگـوزەرێنن، ئـەوان سـنوری توانایـان دیـاری ناکـەنو، بـۆ ئـەو مەبەسـتە تێناکۆشن، کـە تێـڕوانینو هزریـان کۆدەکاتـەوە، چـونکو تێگەیـشتنو زانیـاری چـەند رێو رێـچکەی هەنـە، پێویـستە نیـشانەو دروشمـەکانی دەرك پـێ بکـرێنو بزانـرێن، ئەوسا مەردم یەك رێگای لـێ هەڵبژێرێ، چونکێ یەك مەبەستی پەسندە.

بە هەمان شێوە یەکێ لەوانـەی زەیـن پـرشـوبلاو دەکـاو، خـەمان لـەکۆڵ بـار دەکـا، قەرزاریو، داخداریە لە پێناوی سامانو، ئەرکی بەڕێوەبردنی ژیانە.

جا لێرەدا چەند بنەمایەك لەمەڕ ئەو بابەتە هەیە دەمەوێ باسیان بکەم:

یەکـەمیان: ئـەوەی پاشـەکەوتی هـەبێ هـەژاری نابـێ: ئـەوەی لـەبارەی خـەرجکردن بزانـێو، تەنیا بۆ پێویستی مالی خۆی خەرج بکاو، لە زیادەڕۆییو مالٌ بە فیڕۆدان دەستی بگرێتەوە، هەست بەکۆمەکی خوا دەکا ﴿ إِنَّ ٱلۡمُبَذِّرِينَ كَانُوٓاْ إِخۡوَٰنَ ٱلشَّيَٰطِينِۖ ... ئەو کەسانەی هەڵە خەرجن، دەگەڵ شەیتان دەبنە برا. ﴿٢٧﴾ الإسراء ﴾.

﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُواْ لَمۡ يُسۡرِفُواْ وَلَمۡ يَقۡتُرُواْ وَكَانَ بَيۡنَ ذَٰلِكَ قَوَامٗا ﴿٦٧﴾ الفرقان ﴾

دوەمیان: مالّ کۆکردنەوە لەو ڕێگایانەی حەلاّلن، وازهێنان لە هەمو کارێکی حەڕام، لەبەرئەوەی خوا پاکەو، تەنیا پاکی گەرەکە، پیتو فەرمانی ناخاتە ناو ئەو کارو پیشەیەی بە ناپاکی ئەنجام دەدرێ ﴿ ... وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ كَثۡرَةُ ٱلۡخَبِيثِۚ ... با زۆرایی ناپاکەکەش بۆت سەرسوڕمێن بێ. ﴿١٠٠﴾ المائدة ﴾.

سێیەمیان: هەوڵ دان لە پێناوی دەستەبەرکردنی مالّی حەلاّلّو، پەیداکردنیشی هەر لەو ڕێیەوە هەروەها وەلانانی بێکاریو بێئیشیو، خۆپاراستن لەوەی کاتەکانی لە شتی پڕوپوچدا بەهەدەر بدرێن.

فەرمو ئەوە (ئیبن عەوف)ە دەڵێ: ڕێگای بازارم نیشاندەن: ﴿ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ... هەرگا لە نوێژێ بونەوە، بە هەردێدا بلاّو ببنو بۆ چاکەی خودا بکۆشنو گەلێك یادی خودا بکەن، شایەتا ڕزگاریتان بێ. ﴿١٠﴾ الجمعة ﴾.

سەنگی تۆ لە خووڕەوشتو باوەڕت دایە

(جولەیبیب) بە هەژاریو نەداری ژیانی بەسەر برد، بەرگو پۆشاکی ڕزیوو دادڕاو بو، برسیو بێ نانو پێخواس بو، سامانداڕو خاوەن تیرەو هۆز نەبو، کەلوپەلی ناومالّو خانوێك نەبو تێیدا وەحەسێ، دو دەستەکانی جامی ئاو پێ خواردنەوە بون لە کانیاوو سەراوی گشتی ئاوی پێ دەخواردنەوە، لەناو مزگەوتا دەخەوتو، قۆڵی سەرینی ژێر سەر بو، دۆشەکی قومو چەگڵ بو، بەڵام سەرمایەی یادی پەروەردیاریو خوێندنی کتێبی خوا بو، لە جەنگو جیهادو نوێژدا لە ڕیزی یەکەم دابو، ڕۆژێکیان بەلای پێغەمبەری خوادا ﷺ تێپەڕی ئەویش بەناوی خۆی بانگی کردو فەرموی: ئەی جولەیبیب ژن ناهێنی؟

ئەویش گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، جا کێ ژنم دەداتێ؟ نە پلەو پایەو نە مالّو سامان؟، جارێکی تریشی بە لادا تێپەڕی، هەروەکو جاری پێشو پێی فەرمو، ئەویش هەر وەلاّمی گۆڕینی دایەوە، بۆ جاری سێیەم بەلایدا ڕۆیشت، پرسیارەکەی لێ کردەوە، ئەویش وەلاّمی ڕابردوی دایەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: ((يا جليبيب انطلق الى بيت فلان الأنصاري و قل له: رسول الله ﷺ يقرئك السلام، ويطلب منك ان تزوجني بنتك... ئەی (جەلەیبیب) بچۆ مالّی فلاّنە کەسی (ئەنصاری)و پێی بلّێ: پێغەمبەری خوا ﷺ سلاّوت لێدەکاو، داوات لێدەکا کچەکەتم لێ مارە بکەی)).

ئەو پیاوە (ئەنساری)یە لە بنەماڵەو خانەوادەیەکی ڕێزدارو ناوادر بو، ئەوسا (جولەیبیب) هەستاو بەرەو ئەو ماڵە (ئەنصاری)یە بەڕێ کەوتو لە دەرگایداو، ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ڕاسپارد بو پێی ڕاگەیاند.

(ئەنصاری)یەکە گوتی: سلاّو لەسەر پێغەمبەری خوا بێ، باشە چۆن کچی خۆمت لێ مارە بکەم ئەی (جولەیبیب) کەچی نە مالّت هەیەو نە پلەو پایە؟ خێزانەکەی گوێی لەو هەواڵە بو، سەری سوڕماو پرسی: (جولەیبیب)! نەدارایی‌و پلەو پایە؟ کچە بڕوادارەکەش گوێ قوڵاخی وتەی (جولەیبیب)و پەیامی پێغەمبەری خوا ﷺ بو بە دایك‌و باوکی وت: دەتانەوێ داخوازی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەتکەنەوە، سوێند بەو کەسەی گیانی منی لەدەستە شتی وا نابێ.

ئەوسا لەسەر بنچینەیێکی پیرۆز مارەکراو هاوسەرایەتی‌و وەچەیەکی پڕ پیت‌و فەڕ، مالّێکی ئاوەدان، لەسەر بنەڕەتی ڕەزامەندی‌و خواپەرستی بنیات نرا، بانگی (جیهاد) ڕاهێشترا‌و، (جولەیبیب) ئامادەی جەنگ بو، حەوت کەسی لە بێباوەڕان کوشت‌و، دوای ئەوە لە ڕێگای خوادا شەهید کرا، بە ڕەزامەندی لە خوای خۆی‌و پێغەمبەرەکەی ﷺ بە ڕەزامەندی لەو بیروباوەڕەی خۆی لەپێناودا کردە قوربانی، سەری نایەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ بەدوای کوژراوەکاندا دەگەڕا‌و، ناوی کوژراوەکانیان بۆ هەلّدەدا، (جولەیبیب)یشیان لەبیر نەبو، چونکە کەسێکی ناودارو دیار نەبو، ناوی لەناو ناوان نەبو، بەلاّم پێغەمبەری خوا ﷺ لەناو ئەو قەلەبالّغیەدا

لەبیری ناکاو ناوی ئەوی هەر لەیادەو لێی دەپێچێتەوەو دەفەرموێ: ((ولكنني افقد جليبيباً... بەڵام من (جولەیبیب)م بزر کردوە)).

دەیبینێتەوە لەناو تۆزو خۆڵدا گەوزیوە، تۆزی سەر ڕوی دەتەکێنێو پێی دەفەرموێ: ((قتلتَ سبعةً ثم قُتِلتَ؟ أنت مني وأنا منك، أنت مني وأنا منك، أنت مني وأنا منك... تۆ حەوت گاورت کوشتوەو دوای ئەوە کوژراوی؟ تۆ لە منیو منیش لە تۆم، تۆ لە منیو منیش لە تۆم، تۆ لە منیو منیش لە تۆم)).

(جولەیبیب) ئەوەندە بەهرەو بەخششو خەڵاتەی بەس بو، کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو مەدالیاو دروشمەی پێ خەڵات کرد.

نرخو بەهای (جولەیبیب) لە بڕواو ئەو پەیامەدا وەدی دەکرا کە خۆی لەپێناودا کردە قوربانی، لەوەدا بو پێغەمبەری خوا ﷺ خۆشی دەویست.

هەژاریو نەداریو بێ کەسوکاری نەبونە بەربەستی ئەو شانو شەوکەتو دەستکەوتە بێوێنەیەی، قەبوڵ بونو ڕەزامەندی، بەختەوەریو شەهیدی لە دنیاو لە دواڕۆژدا بون بە سەرمایەی: ﴿ فَرِحِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِٱلَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا۟ بِهِم مِّنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ... دڵیان خۆشە بەو چاکەیە، کە خودا دەربارەی کردون، شادن بەوەش کە ئەوانەی وا نەگەیشتونە ئەمان بەجێ ماون، هیچ ترسێکیان لەسەر نابێو هیچ خەمێکیان لەبەر نابێ. ﴿١٧٠﴾ آل عمران ﴾.

بێگومان ڕێزی تۆ لە خووڕەوشتە باڵاکانو دابو نەریتە ناوازەکانتدا وەدی دەکرێ. کامەرانی تۆ لە بایەخ پێدانو ئاستی زانیاریو پایەداریدا دەبینرێ.

ڕۆژێ لە ڕۆژان بێ پارەو پوڵو بێ ناودەنگی، نەبونە لەمپەری سەر ڕێی پێهەڵچونو گەورە بونو، پێ گەیشتنو سەربەرزی.

ئەوسا خۆشی لەوانەی سەنگو بەهای خۆیان پێ دەزانن، خۆشی لەوانەی بە هەوڵو تێکۆشانو مەردایەتیان، لە دو ژیاندا ئاسودە بون، دو کەڕەتان سەرفراز بون، لە دنیاو لە دواڕۆژدا.

ئەوانـە چـەند ئاسـودە بـون

(ئەبوبەکر) - خوای لـێ ڕازی بێت- بەو ئایەتـە: ﴿وَسَيُجَنَّبُهَا ٱلْأَتْقَى ﴿١٧﴾ ٱلَّذِى يُؤْتِى مَالَهُۥ يَتَزَكَّىٰ ... هەر کێش پارێزگارترینە، لێی دور دەبێ. ئەوی مـاڵی خـۆی دەبەخـشێ، هەتاوەکو پاك بێتەوە. ﴿١٨﴾ اللیل﴾.

(عومەر) - خوای لـێ ڕازی بێت - بەو فەرمودەیە: ((**رایت قصراً ابیض فـي الجنـة، قلـت: لـمن هذا القصر؟ قیـل لي: لعمـر بن الـخطاب...** لە بەهەشتدا کۆشکێکی سپیم بینی، وتم: ئەو کۆشکە ئی کێیە؟ پێیان گوتم: هی (عومەر)ی کوڕی (خەتاب) بە)).

(عوسمان) - خوای لـێ ڕازی بێت - بەو نزایە: ((**اللّهم اغفـر لعثمـان ما تقـدم من ذنبه وما تـأخـر...** خوایە لە گوناهی ڕابردو داهاتووی (عوسمان) خۆش بە)).

(عەلی) -خوای لـێ ڕازی بێت- بەو فەرمودەیـە: ((**رجل یـحب الله ورسوله، ویـحبـه الله و رسـوله...** پیاوێکـە خـواو پێغەمبـەری خـوای خۆشـدەوێ، خـواو پێغەمبـەری خواش ئەویان خۆشدەوێ)).

(سەعد)ی کوڕی (موعاز) - خوای لـێ ڕازی بێت-: بـەو قـەدرو ڕێـزە: ((**أهتـز لـه عرش الرحـمن...** عەرشی خوا لەبەر مەرگی ئەو لەرزی)).

(عبدالله)ی کوڕی (عەمر)ی (ئەنساری) - خوای لـێ ڕازی بێت -: بەو شانو شکۆیە: ((**کَـلَّمَـهُ الله کفـاحـاً بلا ترجـمان...** بـێ گواستنەوە ڕاستەوخۆ خـوا قسەی لەگـەڵ کرد)).

(حەنزەلە) - خوای لـێ ڕازی بێت -: بەو سەربڵندیە: ((**غـسـلته ملئکـة الـرحمن...** فریشتەکانی خوای میهرەبان شوشتیان)).

ئەوانەش چەند چارەڕەش بون

خوای گەورە دەربارەی فیرعەون دەفەرموێ: ﴿ ٱلنَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا ... هەموسپێدەو ئێواران دەیانبەنە سەر ئاور. (٤٦) غافر ﴾.

لەمەڕ قارون: ﴿ فَخَسَفْنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلْأَرْضَ ... سا قارونمان بە مالێەوە ڕۆ برد بە ناخی زەمیندا. (٨١) القصص ﴾.

دەربارەی (وەلید)ی کوڕی (موغەیرە): ﴿ سَأُرْهِقُهُۥ صَعُودًا ... توشی ئازارێ وای دەکەم، پێی هەڵبچێ. (١٧) المدثر ﴾.

سەبارەت بە (ئومەییە)ی کوڕی (خەلەف) ﴿ وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ ... هاواڕە لەهەر کەسێکی بە تەشەری خوسپ کەرە. (١) الهمزة ﴾.

لەمەڕ (ئەبو لەهەب): ﴿ تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ... ئەبو لەهەب هەردو دەستی شەل بێو عەمری نەمێنێ. (١) المسد ﴾.

دەربارەی (عباسی) کوڕی (وائیل): ﴿ كَلَّا ۚ سَنَكْتُبُ مَا يَقُولُ وَنَمُدُّ لَهُۥ مِنَ ٱلْعَذَابِ مَدًّا ... نەخێر هەرچی ئەو دەیڵێ ئێمە دەینوسینو ماوەی جەزرەبەدانی پتر دەکەین. (٧٩) مریم ﴾.

سەرنجێک

چۆن کشتوکاڵ بەرهەمی ئاوەو، سوتانیش شوێنەواری ئاگرە، ئەو دیاردانەش بەرهەمی گوناهو بێئاگایین لە یادی خوا، وەکو: تێک چونی بیرو، کەم بوار بۆ ڕەخسان، دڵ لەدەست دەرچونو ڕاستی ون کردن، لەبیرچونەوەو کات بەفیڕۆدانو پشت تێکردنی خەڵکان، نەبونی پەیوەندی لە نێوانی بەندەو پەروەردیاریو، گیرا

نەبونی نزا، دڵ ڕەقی‌و نەمانی پیت‌و فەڕ لە ڕۆژی‌و لە تەمەندا، بێبەش بون لە زانست‌و پۆشینی بەرگی زەبونی، سوکایەتی پێکردنی دوژمنان‌و سینە تەنگی، کات لە دەست چون‌و دڵ تێکچون‌و گرفتار بون بە سای هاوڕێی ناپاك، هەمیشە خەمباری‌و ژیان تاڵی‌و بێ حاڵی.

پێچەوانەی ئەوانەش بەرهەم‌و هاتی خوا پەرستین".

(بەڵام کاریگەری داوای لێخۆشبون، لەسەر ڕەواندنەوەی خەفەت‌و دڵپەستی‌و پەرێشانی، تێگەیشتوانی هەمو گەلێك‌و خاوەنی ئایینەکان دەرکیان پێکردوە، بێگومان گوناهو تاوانیش خەم‌وخەمینی‌و ترس‌و لەرزی‌و سینەتەنگی‌و نەخۆشیەکانی دەرونی فەراهەم دێنن، هەتا ئەگەر بێ‌و ئەو گرفتارانە لە گوناهیش بێزار بن‌و کوڵی دڵیان بڕێژن، لە پێناوی وەدەرنانی خەم‌و خەفەت لەناو دڵیان‌و ڕەواندنەوەی پەژارەیان جارێکی تر پەنا بۆ گوناهو دەبەن، جا ئەگەر بێ‌و گوناهو تاوان ئەو کاریگەریەی بەسەر دڵەوە هەبێ، هیچ دەرمانێ تیماری ناکا مەگەر تۆبەو پەشیمانی نەبێ).

لەگەڵ شوشان نەرم وەجوڵێن ﴿... وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ... بە تەرزێکی جوان‌و ڕەوا لەگەڵ (ژنان) بجوڵێنەوە. ﴿١٩﴾ النساء﴾.

﴿وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ... خۆشەویستی‌و ئەوینی خستۆتە نێوانتان. ﴿٢١﴾ الروم﴾.

لە فەرمودەشا هاتوە: ((خيركم خيركم لأهله، وانا خيركم لأهلي... چاترینتان ئەو کەسەیە بۆ ماڵ‌و خێزانی چاتر بێ، منیش چاترینی ئێوەم بۆ ماڵ‌و خێزانم.

ئەو ماڵەی بە یەکڕیزی‌و تەبایی ئاوەدانە، لەسەر بنەمای خۆشەویستیێکی پڕ لە ڕەزانوێنی‌و تەقواکاری بنیاتنراوە، هەر ئەو ماڵەیە بەئاسودەیی گۆشکراوە: ﴿أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُۥ عَلَىٰ تَقْوَىٰ مِنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٍ خَيْرٌ أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُۥ عَلَىٰ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَٱنْهَارَ بِهِۦ فِى نَارِ جَهَنَّمَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ... ئاخۆ کەسێ کە بنەڕەتی مزگەوتەکەی خۆی لەسەر هەستی خواپەرستی‌و ڕەزای خودا دارشتبێ هێژاترە، یان ئەو کەسەی، کە بناغەی مزگەوتەکەی لەسەر لێواری کەندالی فشەڵ‌و

ڕوخەك دانـاوەو دەگـەڵ ئـەودا دەكەوێتـە نـاو ئـاگرو كلێـەی دۆزەخ؟ خـودا دەسـتەی ستەمكاران شارەزای ڕاستەڕێ ناكا. ﴿١٠٩﴾ التوبة ﴾.

زەردەخـەنەیـەك لە سـەرەتـاوە

زەردەخەنەو خەندە لێوی ژنو مێرد بە ڕوی یەكترا هێمای ڕوخساری گەشاوەو، ڕوبە ڕو بونەوەیەكی دڕەوشاوەن، ئەو زەردەخەنەیە پێش چاو خستنێكی سەرەتاییە بۆ تەبایی‌و پێكەوە ژیـان: ((وتبسمك فـي وجـه اخيـك صـدقة... گرژانـەوەت لـە ڕوی براكەتدا چاكەیە. پێغەمبەری خواش ﷺ زۆر ڕوخۆش‌و بەخەندە بو.

لە سەرەتاوە سلاوكردن: ﴿ ... فَسَلِّمُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُبَٰرَكَةً طَيِّبَةً ... سلاّمی یەكترى بكەن، سلاّمێكی پاك‌و پیرۆز لەلای خواوە. ﴿٦١﴾ النور ﴾.

ئا بەم جۆرە خودا نیشانەكانی خۆی بۆ ئێوە ڕون دەكاتەوە، شایەتا ئێوە تێبگـەن. سلاّو وەرگرتنەوەش لـە یـەكێ لـە هـەردوكیان بـۆ ئـەوی تریـان: ﴿ وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا۟ بِأَحْسَنَ مِنْهَآ أَوْ رُدُّوهَآ ... هـەر كەسـێكی چاك‌و خۆشـیتان لێـدەكا ئێـوە چـاك‌و خۆشی دەگەڵ بكەن، یان وەكو ئەو وەرامی بدەنەوە. ﴿٨٦﴾ النساء ﴾.

یەكێ تر لەو هێمایانە نزاو پاڕانەوەیە بەر لە چونەوەی ماڵ: ((اللّهم إنـي اسـألك خيـر الـمولج وخيـر الـمخرج، باسـم الله ولـجنا، وباسـم الله خرجنـا، وعلـى الله ربنـا توكلنـا... پـەروەردگارا مـن داوای خێـرو چـاكەی هاتنـەوە ژورو، بـە دەركـەوتنت لێدەكەم، بە ناوی خوا وەژور كەوتینەوەو، بە نـاوی خـواش وەدەركـەوتین، پشتیـشمان هەر بە خوای پەروەردیارمانەوە بەست.

قـسـه نـەرمیش لەلایـەن ژنو مێـردەوە: هۆكـاری ئاسـودەیی نێـو ماڵـە: ﴿ وَقُل لِّعِبَادِى يَقُولُوا۟ ٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ... تـۆ بـە عەبـدانی مـن بێـژە: چی باشـتـرە ئـەوە بێـژن. ﴿٥٣﴾ الإسراء ﴾.

خۆزگە هەر کام لە ژن‌و مێرد، دەستیان لە وتەی نابەجێ‌و، هەست وروژێن‌و [٨٤٣]، دڵ شکێن هەڵدەگرت، خۆزگـە هـەر کامیـان ڕوی جـوانی کردەوەکانیـان لـە یـەکتردا ڕەچـاو دەکرد، هەریەکەیان چاویان لە ئاستی کەموکوڕی شیاوی مرۆڤ دادەخست.

بێگومـان ئەگـەر مرۆڤـ کـردە جوانـەکانی هاوسـەری خـۆی لەبەرچـاو گـرت‌و، لـە کەموکوڕی چاوپۆشی کرد، دەحەسێتتەوەو دەسرەوێ، لە فەرمودەشدا هاتوە: ((لا يفرك مؤمن مؤمنة، ان كره منها خلقا رضي منها آخر... با هیچ بڕوادارێکی پیاو ڕق‌و کینـە بەرامبەر هاوسەرە بڕوادارەکەی دانەگرێ، ئەگەر هەڵسوکەوتێکیشی بـە ناشیرین بێتـە بەرچاو لە یەکێکی تری قایل دەبێ [٨٤٤].

کێ هەیە فریشتە ئاسا بێ هەڵە بێ‌و، ڕوخساری چاکەکاری بێ پەڵـە بـێ: ﴿... وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا ... ئەگەر چاکە‌و بەزەیی خوداو لەسـەر نەبا، هیچ کەسێکتان هەرگیز پاك نەدەبونەوە. ﴿٢١﴾ النور﴾.

زۆربەی کێشەی ناومـاڵ لـە دەرەنجـامی سـوێ بونـەوەو تـاوتوێکردنی مەسـەلەیەکی نەشیاو بێ بایەخە، بە دەیان کێشەی وامزانیوە کە سەرەنجامەکەی دەست لێـك بـەردان بو، هەڵگیرسانی ئەو تروسکە ئاگرەش هۆکارەکەی بۆ چـەند گیروگرفتێـك دەگەڕێتـەوە کە شیاوی باس نیە، یەکێ لە هۆکارەکان ئەوەیە: ناومالّ شڕ و شەپڕێوە، خواردن ئامادە نیـە لـە جێـوە، لەلایـەن کەسـانێکی تـرەوە هۆکـاری ئەوەیـە، ژن بـە مێردەکـەی دەڵـێ مێوانان زۆر دێنیەوە، لیستێك لەوانە وەخوێنەوە، کە چەندین منالّی بێ دایك‌و خـەم‌و ناسۆری نێو مالّی لێکەوتەوە.

ئێمە لەسەرمان پێویستە دان بە بار‌و گوزەران‌و کەموکوڕی خۆمان دابنێین‌و، لامـان وانەبێ لەو ژیانە خەیاڵی‌و بێ وێنەیەدا بەسەر دەبەین کە تەنیا بۆ چەند تـاکێکی وڕە بەرزو خۆ ڕاگر ڕەخساوە لەو جیهانەدا.

---

٨٤٣) زامدار کەر.

٨٤٤) دوای ئەو فەرمودەیە پەرستەیێك لە کتێبەکەدایە، کە مانای (يفرك... لێك دەداتە بەڵام من ئەو ڕستەیەم وەرنەگێڕاوە، چونکە لە ناوەڕۆکی مانا کردنی فەرمودەکەدا هەیە.

ئێمە مرۆڤین تورە دەبین‌و ڕق هەڵدەگرین، کەم‌و کورتیمان دەبێ‌و هەڵە دەکەین، ئێمە هەر ئەوەندەمان لە بارەدایە لەو چەند ساڵە کورتەی تەمەنماندا چەند خاڵێکی هاوبەندی لەگەڵ هاوسەرەکاندا ڕەچاوکەین تاوەکو بە ئاشتی بژین.

لە ڕاستیدا دڵ فراوانی‌و خۆشگوزەرانی (ئەحمەد)ی کوڕی (حەنبەل) لەو وتەیەدا وەدی دەکرێ، کە لە دوای کۆچی (دایکی عبدالله)ی هاوسەری دەڵێ: چل ساڵ بە یەکەوە ژیایین، لە یەك وشەدا ناکۆکیم لەگەڵیدا وەدی نەکرد.

پێویستە لەسەر پیاو ئەگەر ژنەکەی تورە بو ئەو بێدەنگ بێ، لەسەر ژنیش پێویستە ئەگەر پیاوەکەی تورە بێ ئەو لێی بێدەنگ بێ، هەتا تین‌و تەوژمی ڕق‌و کینە دەڕەوێتەوە، هەست‌و نەست ساردەبێتەوە، ئەو هەڵچونە دەرونیە هێور دەبێتەوە.

(ئیبن جەوزی) لە (صید الخاطر)دا دەڵێ: کاتێ بینیت هاوڵەکەت ڕقی هەڵساو دەستی بە قسەی نابەجێ کرد، پێویست ناکا قسەکانی بە پەنجان بژمێری (واتا بایەخی پێ مەدەو ڕوی بۆ لامەکەوە) لێشی بە هەند هەڵمەگرە، چونکێ وەکو کەسێکی سەرمەست وایەو نازانێ چ ڕو ئەدا، بەڵکە ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێ ئارام بگرەو، دەنگی بەسەردا هەڵمەبڕە، لەبەرئەوەی شەیتان بەسەریدا زاڵ دەبێ‌و، دەرونی هەڵدەچێ‌و، هەست‌و ژیری لەدەست دەچێ، هەر کاتێکیش لە بەرابەری ئەودا دانت بەخۆتدا گرت، بە خودی ئەو هەڵوێستە دەمی دەبەستی‌و، وەکو ئەو کەسە ژیر‌و وریایە دەبی بەرەو ڕوی شتێك دەوەستێ، یاوەکو ئەو کەسە بە ئاگایە دەبی سەرزەنشتی بێ هۆشێك دەکا، با ئەتۆ بە تاوانبار لەقەڵەم بدرێی، بەڵام بە چاوی سۆزەوە لێی بڕوانە، بزانە قەدەری خوا چۆن دەبێ‌و، لێی گەڕێ با لەنێو گێژاوی دەرونی خۆیدا بخولێتەوە.

دڵینا بە کاتێ بەئاگاهاتەوە لە تاوی ئەوەی ڕوێداوە پەنجەی پەشیمانی دەگەزێ‌و، قەدر‌و ڕێزی ئارامگری تۆ دەزانێ، بەڵای کەمیەوە تۆ ئەو کەسە لەو کارە ڕزگار دەکەی، کە دەیەویست لە کاتی تورەییدا ئەنجامی بدا بۆ ئەوە دەستی دەگری کە پێی دەحەسێتەوە.

پێویستە منالْ لەکاتی تورەیی باوکیداو، ژن لە کاتی تورەیی مێردەکەیدا ئەو هەڵوێستە بنوێنێ، بواری پێ بدا هەرچی دەیڵێ بیڵێو کوڵی دڵی دامرکێنێو، بەهۆی ئەوە لە پرمەی گریان نەدا، ماوەیەکی پێدەچێ پەشیمانی دەردەبڕێو داوای لێبوردن دەکا، هەر کاتێکیش لەسەر ئەو گوتارو هەڵوێستە بەربەرەکانی لەگەڵدا کرا ئەوا دوژمنایەتیەکە پتەو دەبێو، لەو کاتەش، کە بەئاگاهاتەوە بەرپەرچی هەر هەڵوێستێك دەداتەوە، کە لە کاتی بێ ئاگاییدا لە ئاستیدا ئەنجام دراوە.

زۆربەی خەڵکانیش بە پێچەوانەی ئەو ڕێڕەوە کاردەکەن، هەر گاهێ بینیان بەرامبەریان تورەیە، ئەوانیش بە گوێرەی کردارو گوفتاری مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، ئەوەشیان پێچەوانەی دانایی و ژیریە، بەڵکە ئەوەی ژیری دەیسەلێنێ هەر ئەوەبو کە گوتم، تەنیا کەسانی ژیرو داناش بە گوێیان دادەچێ.

حەز لە تۆڵە کردنەوە ژارێکی کوشندەیە لە دەرونی کەسی هەڵچودا

لە کتێبی (المصلوبون في التأريخ)دا سەرگوزەشتەو داستان گەلێکی کەسانی زۆرداری تیایە ئەوانەی نەیارانی خۆیان بە پەندبردنو دوچاری ئەوپەڕی ئەشکەنجەو ئازاریان کردن، لەگەڵ ئەوەشدا، کە کوشتنیان کڵپەی ڕقو کینەیان دانەمرکاو، دەردی دڵیان تیمار نەبو، هەتا بەسەر درەختەکاندا هەڵیان واسین، سەیر لەوەدایە کەسی هەڵواسراو دوای کوژرانی هەست بە ئێشو ژان ناکاو ئازار ناچێژێ، چونکێ گیانی لە لاشە جیابۆتەوە، بەڵام کوژیاری گیان لەبەر بەو هەڵواسینەی دڵی دەسرەوێو ئاسودەو ئارام دەبێ. لە ڕاستیدا ئەوانەی لە داخی دوژمنو ناحەزانیاندا لێوی خۆیان دەگەزنو دڵیان گڕی گرتوە، تا هەتایە حەساوەو ئاسودە نابن، چونکو بڵێسەو گڕی تۆڵەسەندنەوە بەر لە نەیارانیان ئەوانیان هەڵگڕو زاندوە [۸۴۵].

لە هەموی سەیرتر ئەوەیە هەندێ لە خەلیفەکانی (بەنی عەباس)ی دەرفەتیان بۆ نەڕەخسا دوژمنەکانیان لە (بەنی ئومەییە) بکوژن، لەبەرئەوەی بەر لەوەی بگەنە دەسەڵات دوژمنەکانیان مردبون، ئەگەر چی هەندێکیان هەر هێسکیان مابون، بەڵام لە گۆڕەکانیان دەرهێنانو شلاقەیان لێدان، دوای ئەوە هەڵیان واسینو، دوای هەڵواسینیش گڕیان دان.

---

۸۴۵) سوتاندوە.

ئەوەیە تین‌و تەوژمی ئەو ڕق‌و کینەیەی خۆشی‌و شادی دڵان‌و ئاسودەیی‌و ئارامیان بنبـڕ دەکا.

بێگومان کەسی تۆڵە ستێن پتر زیان بـارە، چـونکێ هـێمنی‌و ئـارامی‌و هـەداری خـۆی لەدەست داوە.

﴿ ... وَإِذَا خَلَوْا عَضُّوا عَلَيْكُمُ الْأَنَامِلَ مِنَ الْغَيْظِ ۚ قُلْ مُوتُوا بِغَيْظِكُمْ ...هەر وەختێکیش لێوجیابونەوە -لە کینەیێ کە هەیانە- سەر پەنجەی خۆیان دەگەزن. (١١٩) آل عمران ﴾.

تێـڕامانـێـك

(کاتێ بەندە دوژمن بەسەریدا زاڵ بو چەوسایەوەو ئازار درا، هیچ شتێ ئەوەندەی تۆبەیەکی یەکجارەکی دادی نادا، نیشانەی بەختەوەریش لەوەدایە ئەو بیروبۆچونەی لە دڵی دایە پێچەوانەی کاتەوەو لە دژی هەوەس‌و هەڵەو تاوانی خـۆی وەکاریخا، بـە چـاك سـازی دەرونـی خۆیـو پەشـیمانی لـە تـاوانی خـۆی سـەرقاڵ کـا، ئینجـا ئـەو دەرفەتـەی نابـێ بـیر لـەو بەڵایـە بکاتـەوە بەسـەری هاتوە، بەڵکـە هـەر بـەوە ڕادەگـا هەڵەکانی پـڕ کاتـەوەو نێـوانی خـۆی‌و خـوای ڕێکخاتـەوە، گومانیـشی تێـدا نیـە خـوا سەرپەرشـتی سەرخـستن‌و پاراسـتنی دەکـاو بەرگریـشی لێـدەکا، بەختـەوەری ئـەو لەدەست هیچ بەندەیەك دا نیەو، هیچ بەڵاو کوستێك چۆکی پێ دانادا‌و، خوداش لـە بەرژەوەنـدی بەنـدەی خـۆی چـاکتر نازانـێ، بـەڵکو ئاسـانکاری‌و ڕێنمـایی لەدەسـتی خوایـە، هەرچـی ئـەو بیبەخـشێ کـەس ناتوانـێ ڕێـی پـێ بگـرێ‌و، ئـەوەی ئـەویش بیگرێتەوە کەس ناتوانێ بیبەخشێ، ئەو بوارە بۆ کەس نارەخسێ، کەسیش ژیری پێ ناشکێ‌و، بە ویستی هیچ کەسێ نیەو، کەس توانای بەسـەردانیە، هێـزو توانـاش هـەر ئی خوایـە.

لە کەسایەتی کەسێکی تـردا نە تـوێـیتـەوە

سێ قۆناخ بەسەر مرۆڤدا تێدەپـەڕن: قۆنـاخی چـاولێکەری، قۆنـاخی هەڵبـژاردن، قۆناخی داهێنان.

ئەوسا چاولێکەری: لاساکردنەوەی خەڵکانی تـرەو خۆپۆشتەکردنە بـە کەسـایەتی ئـەوان، هـەڵگرتنی خوونـەریتیانو خـۆ تاواندنەوەیـە لـە قـاوخی[٨٤٦] وان، هـۆی ئـەو چاولێکەریەش بە گەورە هاتنە بەرچاوو زۆر بەدڵدا چونو پابەنـد بونـە، ئـەو بـەرز نرخاندنـە وا لـە هەنـدێ کـەس دەکـا لـە هـەمو جموجۆلێکـدا، لـە دەنـگو ئـاوازو ئاوڕدانـەوەداو، وێنـەی ئەوانـەش لاسـاکار بـێ، ئـەو دەمـە لاسـکەییە[٨٤٧] زینـدە بەچاڵکردنی کەسایەتیو بنبـڕکردنێکی پەنهانیە بۆ خۆشیەکان.

ئای لە ژینو ژاری ئاوانەی بەدەستی خۆیانەوە دوچارن، ڕوی خۆیان وەردەگێـڕنو بەرەو دواوە گوزەر دەکەن!!

یەکێ لەوان ئاوازێکی هەڵگرتوەو ئاوازی خۆی وازهێناوە، بە ڕۆیشتنی کەسێکی تر دەڕواو ڕۆیشتنی خۆی فرێ داوە، خۆزگە ئەو لاساکاریە بـۆ ئـەو خوڕەوشتە بەرزانـە دەبو کە تەمـەنی درێـژ دەکـەنو خەرمانـەی ڕێـزو شـکۆ هەڵدەچـنن، وەکـو زانسـتو بەخشندەیـیو نەرمونیانیو وێنەی ئەمانەش، بەڵام لەناکاوێ ئەوانـەت بەرچاو دەکەوێ لە دەربڕینی پیتەکانو شێوەی وتاردانو جوڵانەوەی دەستەکان لاساکاری دەکەن!!

حـەز دەکـەم چـەند وتەیـەکی ڕابـردوت بـۆ دوپـات کەمـەوە: تـۆ جیـا لـە خـەڵک وەدیهێنراویو لە شێوەیەکی تایبەتیدا ڕەخساوی، ڕێو شـوێنی تـۆ لـە خـوو نـەریتو تواناکانتدا وەدی دەکرێ، دڵنیا بە لەو کاتەی خوا ئادەمی وەدیهێناوەو تا ئەو کاتەش کۆتایی بە ژیان دێنێ، دو کەس لە ڕوخسارو لاشەدا یـەک نـین، بـە جۆرێـک ئەمـەیان لەگەڵ ئەودا لە شێوەدا پێـک هـەڵپێک بـن: ﴿وَٱخۡتِلَٰفُ أَلۡسِنَتِكُمۡ وَأَلۡوَٰنِكُمۡ ... (لە نیشانەکانی خوایە)؛ وێک نەچونی زمانی پێ ئاخافتنو ڕەنگو ڕوتان. (٢٢) الروم﴾.

کەوایە بۆ ئێمە لەگەڵ خەڵکی تردا لە شێوەو تواناو بەهرەدا یەک بین؟!

---

٨٤٦) قالك/ قاوغ.

٨٤٧) لاساکاری.

لەڕاستیدا دەنگ خۆشی تۆ لەوەدایە تەنیا دەنگ بێ، جوان دەربڕینی تۆ لەوەدایە جیاواز بێ: ﴿... وَمِنَ ٱلْجِبَالِ جُدَدٌۢ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ ... له کێوانیش ڕێگەو بانی سپی‌و سوری جۆراو جۆری بە ڕەنگ جیای وەدی نەهێنان؟ قەلی وەك قەلەڕەشەشیان تێدا هەیە.﴿٢٧﴾ فاطر﴾.

دڵ گوشـراوان چـاوەڕێی میهـری خـودان

وتاربێژێك زمانی ئەوەندە پاراو بو لە کاتی پێشبڕکێی پەیڤو دەستەواژەدا لە گۆڕەپانی ڕەوانبێژیدا زمانی لەنگەی نەدەکرد، بەڵکە بە ڕۆن‌و ڕەوانی وشەی لە دەمدا هەڵدەقوڵی.

ئەو تەنیا وتاربێژی پێغەمبەری خوا ﷺ بو وتاربێژی ئیسلام بو هیچی تر. لە پێناوی بەرز ڕاگرتنی دین لەبەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ دەنگی بە وتار هەڵدەبڕی، ئەو وتاربێژە (سابت) ی کوڕی (قەیس)ی کوڕی (شەماس) بو، خوای گەورەش ئەو ئایەتەی دابەزاند:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَرْفَعُوٓاْ أَصْوَٰتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ ٱلنَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُواْ لَهُۥ بِٱلْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَٰلُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ ... ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ناشێ دەنگتان سەر دەنگی پێغەمبەر کەوێ، دەنگیش هێند بەرز مەکەن، وەك لەگەڵ یەکترا داخێون، کە کارتان لێ پوچەڵ ببێ‌و خۆتان بە خۆتان نەزانن.﴿٢﴾ الحجرات﴾.

(سابیت) لای وابو دەربارەی وی دابەزیوە، خۆی لە خەڵکی جیاکردەوەو لە مااڵی خۆی پەناداو دەگریا، پێغەمبەری خوا ﷺ چاوی بەدوادا گێڕاو لەبارەوەی پرسی، هاوەڵان هەوااڵی ئەویان پێڕاگەیاند، ئەویش فەرموی: ((**كلا بل هو من اهل الجنّة**... نەخێر بەڵکو لە بەهەشتیانە)). ترس‌و لەرزی لێبو بە مزگێنی.

(عائیشە)ی دایکی بڕواداران - خوای لێ ڕازی بێت - سەبارەت بەوەی تانەو تەشەر لە ئابڕو شکۆی پاك‌و پیرۆزی درا، یەك مانگی ڕەبەق بە شەووڕۆژ هەر دەگریا، هەتا نزیك بو گریان جەرگی دابڕدابڕ بکاو جەستەی پارچە بکا، خوا دەروی خێری

لـــەڕودا کـــردەوە: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَرْمُونَ ٱلْمُحْصَنَٰتِ ٱلْغَٰفِلَٰتِ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ لُعِنُوا۟ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ... ئـەو کەسـانەی بـۆ ژنـانی بـاوەڕداری داوێـن پـاکی دورە ئاگـا (سـەربەخۆ) بوختـان ڕێـك دەخـەن، لـە دنیـاش‌و لـە سەڵاشـا، بـەر نەحلـەتن، جەزرەبەشـیان زۆر دژوارە. ﴿٢٣﴾ النور﴾.

سوپاس‌و ستایشی خـوای کـردو لـە جـاری پێـشو پـاکتر دەرچـو، بـڕوادارانیش بـەو سەرکەوتنە ئاشکرایە دڵیان شاد بو.

ئـەو سـێ هاوەڵـەش، کـە لـە شـەڕی (تـەبوك) دواکـەوتن، زەوی فراوانیـان لـێ وێکهاتەوەو، دڵو ناخیان لێ تەنگ بو، زانیان هیچ پەنا گەیەکیان نیە جگە لە خـوا، لەلایـەن خـوای خـاوەن پـەنا - پـاك‌و بێگـەردی بـۆ ئـەو- پـەنادران‌و لەلایـەن خـوای بیسەرو فریادڕەس کۆمەکیان بەسەردا ڕژا.

بە کـام کـردەوە ئاسـودەی دەستی پێـوە بگـرە

(ئیبن تەیمیە) دەڵێ: دوچاری نەخۆشێك بوم، دکتۆر پێی وتم: خوێندنـەوەو گفـت‌و گۆت دەربارەی زانست نەخۆشیەکەت پتر دەکا.

منیش پێم وت: ناتوانم لەسەر ئەوە ئارام بگرم، بەڵام من ئەو زانـستەی تـۆ دەکەمـە دادوەر، ئایە ئەگەر دەرون ئاسودە بێ‌و بسرەوێ سروشت‌و خو بـەهێز نابـێ‌و نەخۆشـی ناڕەوێنێ؟

گوتی: بەڵێ.

پێم گوت: بەم شێوەیە دەرونی منیش بە سای زانست دەسـرەوێ، هەسـت‌و سروشـتم پێی بەهێز دەبێ‌و، هەست بە حەسانەوە دەکەم.

ئەویش گوتی: ئەو ڕێگا چارەیە لەگەڵ چارەسەری ئێمە یەك ناگرنەوە.

﴿لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ...پێتان وا نەبێ بۆ ئێوە خـراپ دەبـێ، بـەڵکو قازانجە بۆ ئێوە. ﴿١١﴾ النور﴾ .

هـەریـەك لەم دو دەسـتەیە بەشـی خۆیان وەردەگـرن

چەندە ئاتاجین بەوەی کۆڵ نەدەین و کات و ساتمان بەرهەم بێنین، لـە کـاری چـاك و بەرهەمدار و سودگەیێن پشو درێژ بین، ئێمە ئەو ڕۆژە هەست بە ئاسودەیی دەکەین، کە قازانج و خزمەتێك، تێگەیاندن و وشیارکردنەوە، پێشکەوتنێك، پێشکەش بـە خـەڵکی بکەین، ئەگەریش تێگەیشتین ئێمە هەروا لە گۆتـرە چاومان بە ژیان هەڵنەهێناوەو، بە گاڵتە و گەپ وەدی نەهاتوین و، نە ڕەخساوین هەست دەکەین حەساوەین.

ڕۆژێك کتێبی (الاعلام)ی (زەرکەلی)یم سەرنجدا ژیننامـە گـەلێکی سیاسـەتمەداران و زانایان و کاراشناو بوێژان و پزیشکانم لە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایـیـەکان وەبەرچاوکەوتو، هەمویان کەسانێکی هەڵکەوتەو، کاراو، ڕۆشنا پەخش بون، هەروا یاساو بـەڵێنی خـوام دەرك پـێ کـرد لەمـەڕ دروسـتکراوو بەنـدەکانی، ئەویـشیان ئەوەیـە، هـەر کەسـێك لـە پێناوی دنیادا هەوڵو گەڕی ببێ هەر لە دنیـا بەرهـەمی دەدورێتـەوە، وەکـو نـاو دەنـگ دەرکردن و ناسـراوی، وێنەی ئەوانەش وەکـو سـامانداری و پلـەو پایـەو حـاڵ خۆشـی، هەرکەسێکیش بۆ دواڕۆژ بێ هەوڵو کۆششی لێرەو لەوێ [٨٤٨] داهاتی [٨٤٩] هەڵدەگرێتەوە، وەکو سـود پـێ گەیشـتن و قەبوڵ بون و لـێ قایـل بـون و بەخـشش و خـەڵات وەرگـــرتن: ﴿ كُلًّا نُّمِدُّ هَٰٓؤُلَآءِ وَهَٰٓؤُلَآءِ مِنْ عَطَآءِ رَبِّكَ ۚ وَمَا كَانَ عَطَآءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا ... هـەمولایان - ج ئەوان و چ ئەمانە- لە خەڵاتی پەروەردەت بـێ بـەش ناکـەین. خـەڵاتی پەروەرنـدەی تۆ هیچ لەمپەری لەبەر نیە. ﴿٢٠﴾ الإسراء ﴾.

بە هەمان شێوە ئەوەشم لەو کتێبەدا هەڵگراند [٨٥٠] کە ئـەو بەهرەدارانـەی بەرهـەم و سـودیان بـۆ مرۆڤایـەتی پێـشکەش کـردو بـۆ دوا ڕۆژ هیـچیان نـەکرد -بـە تایبـەتیش ئەوانەی باوەڕیان بە خواو ڕۆژی سەڵا نـەبو- بینـیم خـەڵکیان پـتر بەختـەوەر کـرد لـە خۆیان، گیان و ڕۆحی خـەڵکیان پـتر حەسـاندەوە لـە ئـی خۆیـان، کەچـی هەندێکیـشیان

---

٨٤٨) لە دنیاو دوا ڕۆژ.
٨٤٩) پاداشی وەردەگرێتەوە.
٨٥٠) وەدەست هێنا.

خۆیان کوشت، هەیان بو لە ئاهی کارەساتێك هاواری لێ هەڵساو بێزاری لە ژیانی خۆی دەربڕی، کەسانێکی تریشیان بە ژیانێکی کولە مەرگی‌و سەنگ بـە حەساری بەسـەریان بـرد، خـۆم لـە خـۆم پرسـی: باشـە چ سـودی هەیـە ئەگـەر خـەڵکانێك بـە سـای منـەوە بەختـەوەر بـن‌و منـیش بەدبـەخت بم، کۆمـەڵێك بـەهۆی منـەوە بەهرەمەنـدبن‌و بۆخۆشم دەست بەتاڵ بم؟!

ئەوەشم دەرك پێ کـرد، کـە هەریـەك لـەو ناودارانـە چیان ویـستوە خـوا پێـی داون، لەبەرئـەوەی بـەڵێنی خـۆی دێنێتـە دی، ئەوسـا گروهێکیـان خـەڵاتی نـۆبڵی وەدەسـت هێناوە، چـونکە ئـەوەی گـەرەك بـوەو ڕەنجی لـە پێنـاو کێشاوە، هـەیان بـو نـاوودەنگی پەیاکرد، چونکو بەدوایدا وێڵو شەکەت بو، هەیان بو مـاڵو سامانی داکـرد [٨٥١] چـونکی شەیداو ئەوینی بو، هەشیان بو بەندەی ڕاستەقینەی خودا بو، بۆیە ئەگەر خوا یـار بـێ - بەشیان لە دنیاو دواڕۆژیش دابو، ئەوان بە هێڤی [٨٥٢] چاکەو ڕەزامەندی خودا بون.

بێگومـان ئـەوەی بـە کامـەرانی داپۆشـراوەو، دڵنیـاو پـشت ئەسـتورە بـە پـەیڕەوو بەرنامـەی، خۆشـبەختو بـەر قـازانج تـرە لـەو کەسـەی بەرچـاوو نـاوداڕەو بـە سـای بیروباوەڕی بەدبەختو چارەڕەشە، ئەوەش یەکێکە لەو هاوڕێزەو هاوکێشانەی ڕاستو سەلێنراون.

بێگومـان شـوانە وێڵـەیێکی موسـڵمان ، کـە لـە دەشـتودەر ئاژەڵـداری دەکـا، بـەهۆی دینەکەی خۆشبەختتـرە لـە (تولوسـتوی) وردیـارو نـاودار، سـەبارەت بـەوەی موسـڵمان تەمەنی خۆی بە ئارامی‌و ئاسـودەیی‌و ڕەزامەنـدی تێپـەڕ دەدا، سـەرەنجامو پاشـەڕۆژی خۆی لـێ دیارە، بەڵام کەسـی دوەم بـە ویـست‌و ئـیرادەو هـەوڵو کۆشـشێکی دابـڕدا بـڕو پـڕشوبلاّو ژیانی بەسەر برد، ئەو ویست‌و مەبەستەی کلّپەی دڵی دانەمرکاندو، پەی بە دەرەنجامی خۆی نەبرد.

گومـانیش لـەوەدا نیـە بـاوەڕبون بـە قـەزاو قـەدەر، بـە سـودترین داوودەرمـان‌و گـەورەترینی ئـەو چارەسـەرەیە لەلایـەن موسـڵمانانەوە، کـە مرۆڤایـەتی بەدەسـتی هێنابێ‌و دەرکی پێ کردبێ.

---

٨٥١) کۆ کردەوە.

٨٥٢) بەهیوای.

هەتا هەندێ لەکاراشنایان دەڵێن: هیچ گاورێك لە ژیاندا بەهۆی قەزاو قەدەر ئاسودە نابێ. ئەو مەبەستەشم زۆر بۆ دوبارە کردویەوەو، بە زۆر شێوەو چەشن پێم ڕاگەیاندوی، منیش لەو کردەومیەم دڵنیاو پشت ئەستورم، چونکێ من لە خۆمەوەو زۆرێکیش لە وێنەی خۆم دەزانم کە ئێمە باوەڕمان بە قەزاو قەدەر هەیە لەوەی پێمان خۆشە، ڕوشمان گرژە سەبارەت بەوەی پێمان ناخۆشە، بۆیە مەرجی موسڵمانەتیو بەڵگەنامەی نیگای خوایە: ((أن تؤمن بالقدر خیره و شرّه، حلوه و مرّه)) باوەڕت بە قەزاو قەدەری خێرو شەڕو، تاڵو شیرنی هەبێ.

هەرکەسێ باوەڕ بە خوا بێنێ ڕێی ڕاستی نیشان ئەدا

من لێرەدا داستانێك دەگێڕمەوە تاوەکو بەختەوەری ئەوانەی بە قەزاو قەدەر ڕازینو، سەر شێواویو ژیان تاڵیو دو دڵی ئەوانەش، کە لە قەزاو قەدەر ناقایلن ڕۆشنبێتەوە:

فەرمو ئەوە نوسەرێکی ئەمریکی بە ناوی (بودلی) دانەری کتێبی (بایێك لە بیابانەوە)و [٨٥٣] کتێبی (پێغەمبەر ﷺ)و [٨٥٤] چواردە کتێبی تریش، کە لە ساڵی ١٩١٨ی ز لە ئەفریقیای باکوری ڕۆژئاوا نیشتەجێ بو، لەوێندەر لەگەڵ کۆمەڵە موسڵمانێکی کۆچەری بیابان نشیندا دەژیا کە نوێژیان دەکردو بەڕۆژو دەبونو یادی خودایان دەکرد.

هەندێك لەوەی لەگەڵ ئەواندا چاوی پێکەوتوە دەیگێڕێتەوەو دەڵێ: ڕۆژێکیان گەردەلولو ڕەشەبایەکی سەخت هەڵی کردو، لەمی بیابانی هەڵگرتو لە دەریای سپی ناوەڕاست تێپەڕیداو، دای لە چەمو زێی (روم) لە فەڕەنسا، ئەو گەردەلولە گەرمایی ئەوەندە زۆر بو، وام هەست دەکرد چۆن بڵێی موی سەرم لەبەر تەوژمی گەرمی هەڵدەوەرن، هەروەکو بڵێی لەبەر تینو تاوی خەریکە بەرەو شێتی بچم، وەلێ عەرەبەکان بە هیچ جۆری بەسەرەخۆیان نەدەهێناو، خۆیان سڵ نەدەکردو دەیانگوت:

---

٨٥٣) ریاح علی الصحراء.

٨٥٤) الرسول.

قەزاو قەدەرە. بە گورج‌و گۆڵی ڕوبـان لـە کـردار دەکـرد، ڕیـش سـپی هۆزەکـە دەیگـوت: ئێمە زۆر شت مان لە دەسـت نـەداوە، بـۆ ئـەوە دروسـت کـراوین هـەمو شـتێك لەدەسـت دەین، بەڵام سوپاس‌و ستایش بۆ خوا، لە سەدا چلی مەڕ‌و ماڵاتـەکانمان مـاوە، دەتـوانین بەو ڕێژەیە سەر لەنوێ دەستبەکار بینەوە.

هـەر لـەوێ ڕوداوێکـی تریـشمان بەسـەر هـات... ڕۆژێکیـان بـە ئۆتـۆمبێڵ ڕێگـای بیابانمان دەبڕی یەکێ لە چوار تایەکانمان تەقی، شوفێرەکەش تا سپێری لـەیاد چـوبو، تورەییم بەسەردا هات‌و خەم‌و نیگەرانی دایگرتم، پرسیارم لەو هاوڕێیانەم کرد: باشـە چارەمان چیە؟ ئامۆژیاریان کردم، کە پەنا بردن بۆ تورەیی هیچ بـە هـیچ ناکا، بەڵکـە مرۆڤ هەڵدەنێ‌و بواری بۆ دەڕەخسێنێ، کە دوچاری گێلی‌و سەرکەشی بکا، چار نـەبو ئۆتۆمبێلە کە تەنیا بە سێ تایان وەڕێ کـەوت‌و ئێمەشـی وە خـۆ هـەڵگرت، بـەڵام زۆری پێ نەچو بەنزین برانیشی هاتە سەرێ‌و لە ڕێگادا پـەکی کـەوت، لـەو تەنگژەیـەدا هـیچ کام لە هاوەڵە عەرەبەکانم هەستی نەوروژاو، هێمن‌و ئارامیان لەدەست نـەدا، بـەڵکو بـە دەم ئاواز‌و سرودەوە، ڕێگایان گرتەبەر‌و بەپێ ڕۆیشتن!

ئـەو حـەوت سـاڵەی لـە بیابانـدا لەگـەڵ عەرەبـە کۆچـەریەکان بەسـەرم بـرد، تێیانگەیانـدم، کـە ئـەو دەرون بـەزیوو، ڕاڕاو، سـەر مەسـتانەی ئـەمریکاو ئـەوروپا شانازیان پێوە دەکەن، تـەنیا قوربـانی ئـەو شارەستانیەن، کـە لەسـەر بنـەمای تاڵوکـە‌و پەلەکردن بنیاتنراوە.

من لەو کاتەی لە بیاباندا دەگوزەرێنم، بە هیچ چەشنێ هەست بـە هـیچ نیگـەرانێك ناکـەم، بەڵکـە لەوێنـدەر هەست بـە دڵارامـی‌و ڕەزامەنـدی‌و بەرچاوتێری دەکـەم‌و لـە بەهەشتی خوادام، خەڵکانێکی زۆر گاڵتەیان بەو قـەدەرە دێ، کـە عەرەبـەکان باوەڕیـان پێیەتی، ملکەچی وان بۆ قەزاو قەدەر بەکەم دەنرخێنن.

بـەڵام کـێ دەزانـێ؟ دەشـێ عەرەبـەکان ڕاستەقینەیان دەرك پـێ کردبـێ، مـن یـەك لەباری خۆم ئەگەر بە بیرنامـەی خۆمـدا هەڵچەمەوە‌و ژیـانی خـۆم بێنمـە بەرچـاو، بـە ڕۆشـنی دەبیـنم ژیـانم لـە چـەند قۆنـاغێکی جیاجیـا پێکهـاتوە‌و بـەگوێرەی چـەند ڕوداوێك، کە هاتونە ڕێ قۆناغەکان تێپەڕیان داوە، هیچ کاتێکیش پێم وانـەبوە یـاخود هـەر لـە توانامـدا نـەبوە ئـەو ڕوداوانـە لەسـەرەخۆم لادەم، جـا عەرەبـەکان ناویـان لـەو

چەشنە ڕوداوانە ناوە: (قدر) یا (قسمة) یاخود (قضاء الله) تۆش ج ناوێك حەز دەكەی ئەو ناوەیان لێبنێ.

پوختەی قسان: لەو كاتەی بیابانم جێهێشتوە تا ئێستا حەڤدە ساڵ بەسەرمدا تێپەڕ بوە، ئێستاكەش لەگەڵ دابێ لەمەڕ قەزاوقەدەری خوا ئەو هەڵوێستەی عەرەبەكان دەگرمەبەر، بە ئارامیو لەسەر خۆیی‌و ملكەچانە پێشوازی لەو ڕوداوانە دەكەم، كە ناتوانم لەبەریان ڕاكەم، ئەوەی ڕاستیش بێ ئەو ڕێگا چارەیەی لە عەرەبەكانەوە دەستەبەرم كردوە بۆ هێورگردنەوەی هەست‌و نەستم لە هەزاران داوودەرمانی هێورگەرەوە بە ئەنجام گەیشتوترە!... هتد.

منیش دەڵێم: عەرەبە كۆچەریەكان ئەو وانەیان لە قوتابخانەی موحەممەد ﷺ خوێندوە، مەبەستیش لە پەیامی ئەو پێغەمبەرەدا ﷺ ڕزگارگردن‌و دەرهێنانی خەڵكە لە گومڕایی‌و تاریكی بەرەو ڕوناكی‌و، تەكاندنی تۆزی سەر سەریانەو، پچڕاندنی كۆت‌و زنجیری دەست‌و قاچیانە.

نهێنی سەرەوتن‌و ئاسودەیی لەو پەیامەدایە هەر ئەویش دروشمی ئازادی‌و سەرفرازیە، كارگردن بە بەڵگەو دان پێداهێنانە بە قەزاو قەدەر، ماندو بون لەپێناو سەرەنجام‌و، هەوڵ‌و كۆشش بۆ مەرام‌و، گەیشتن بە ئاكامە.

گومان لەوەدانیە، كە پەیامی خوایی بۆ ئەوە هاتوە شوێنی تۆ لەم گەردونە بەرچاوەدا دیاری بكا، تاوەكو وەت حەسێنێ‌و، ئارامیت بەسەر دڵدا بێنێ‌و، خەمانت لێ هەڵوەرێنێ، كار و كردەوەت لە بێژینگ بداو، خووڕەوشتت بەرز ڕابگرێ، بۆ ئەوەی ئەو بەندە نمونەیەت لێ دەرچێ نهێنی پەیدابونی خۆی دەزانێ‌و، مەبەست لە هاتنە سەر ڕوی دنیای دەرك پێ دەكا.

بەرنامەو پەیام مام ناوەنجی یە

﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا ... بەو شێوەیە ئێمە ئێوەمان كردۆتە ئۆمەتێكی هەڵبژاردە. (١٤٣) البقرة ﴾.

بەختەوەری لە مام ناوەنجێتی دایە، بەم چەشنە کە نە کەمتەرخەمی نە سنور بەزێنی، نە قرچۆکیو نە زیادەڕەوی بنوێنی، مام ناوەندێتی بنەمایەکی گونجاوی خوایی یەو ڕێگا لە بەندە دەگرێ بەولاو ئەملادا لابدا.

مام ناوەنجێتی یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ئایینی ئیسلام، لە نێوان (یەهودیە)و (نەسرانیە)دا مام ناوەنجی هەڵکەوتوە: لە ئایینی جولەکەدا زانستو زانیاری هەیە بەڵام کاری پێ ناکرێ، لە نەسرانیەتیشدا زیادە ڕۆیی لە پەرستندا دەکرێو پشت بە زانستو بەلگە نابەسترێ، ئەوسا ئیسلام هاتو کردارو زانستی لەگەڵ خۆ هێناو لایەنی گیانو جەستەو، بەلگەی بەرجەستەو [٨٥٥] ژیری [٨٥٦] ڕەچاو کرد.

یەکێکی تر لەوانەی لە ژیانتدا بەختەوەرت دەکەن مام ناوەندێتی یە، لە بەندایەتیتدا مام ناوەند بە: نەکەی ئەوەندە خۆت شەکەتکەی خۆت لە پەلو پۆخەی، بەردەوامیو چوستوچالاکیت تارومارکەی، یا ئەوەندە شلوخاوی بنوێنی سوننەتەکان بچوێنیو، نوێژە فەرزەکان بڕوشێنیو [٨٥٧]، نیەیتی ئەمڕۆ بە سبەی لێبێنی [٨٥٨].

لە بەخشینت دا مام ناوەند بە: نەکەی مالّو سامانت بە فیڕۆ دەی دەستمایەت پڕشوبلاوکەی ئەوسا خۆت هەژارو دەست بەتاڵکەی، دەستی خۆشت نەقوچێنیو، لە بەهرەی خوا قرچۆکی نەنوێنی،ئەوسا خۆت بەشبڕاوکەیو کردارێك بۆدواڕۆژ نەچێنی.

لە هەڵسوکەوتدا مام ناوەند بە: لە نێوان کۆشێکی لە سنور بەدەرو شلو خاوێکیدا هێزەردا [٨٥٩]، لە نێوان ڕوخسارێکی گرژومۆنو قاقای پێکەنیندا، لە نێوان گۆشەگیرییکی لە ڕادەبەدەرو تێکەڵبونێکی بێ سنوردا مام ناوەند بە.

مام ناوەنجی یاسای ئیسلام سەبارەت بە بڕیاردان لەسەر فەرمانو، مامەڵەی گەڵ خەڵکانو، دەستگرتن بە کارو پیشان، هەر ئەوە ڕێڕەوێکی دادوەرانەیە، هەندە سنور بەزێنی تێدا نیە لە خوڕەوشتدا پێوانەی سەرڕێژ بێو [٨٦٠]، ئەوەندە کەموکوڕیش نیە

---

٨٥٥) نەقڵی.

٨٥٦) عەقڵی.

٨٥٧) ماق خۆیان پێنەدەی/ بریندارینکەی.

٨٥٨) خۆ فریودان بەو ناوەی بڵێی ئەوڕۆ نا سبەی دەیکەم.

٨٥٩) بێ تواناکەر.

٨٦٠) دەسەریوە بڕژێ.

دژی سەرمایەی خێر بێ، چونکە زیادکردن سنور بەزێنی و پێبردنە دەرە لە بەڕێ خۆ، کەمکردنیش کەمتەرخەمی و گوێ پێ نەدانە: ﴿... فَهَدَى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَا ٱخْتَلَفُواْ فِيهِ مِنَ ٱلْحَقِّ بِإِذْنِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ يَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ... ئـیتر خـودا بـە ئیزنـی خۆی ڕێگەی ڕاستی نیشانی باوەڕداراندا و تێی گەیاندن ئەو کێشە لەبەرچی کرا. خودا بۆ هەر کەسێ حەز بکا شارەزای ڕاستە ڕێی دەکا. ﴿٢١٣﴾ البقرة﴾.

بێگومـان چـاکە لـەنێوان دو خراپەدایـە: خراپـەی زیـادەڕۆیی و خراپـەی کەمتەرخـەمی، پیـاوەتی لـەنێوانی دو زیـان دایـە: زیـانی سـنوربەزاندن و زیـانی فەرامۆش کردن، حەق و ڕاستیش لـەنێوانی دو نـاڕەوایی دایـە نـاڕەوایی زیـادکردن و، نـاڕەوایی کـەمکردن، بەختـەوەریش لـەنێوانی دو چارەڕەشـی دایـە: چارەڕەشـی هەڵەشەیی [٨٦١] کردن و چارەڕەشی پاشەکشەکردن.

نە ئەمیان و نە ئەویـان

(موتورریـف)ی کـوڕی (عبـدالله) دەڵـێ: خـراپترین جـۆری ڕۆیـشتن، ئەوەیـە مـرۆ ئەوەندە خۆی شەکەت کا هەتا زیان بەخۆی و وەڵاخەکەی دەگەیەنێ.

لە فەرمودەشـا هاتوە: ((**شرُّ الرعاء الحُطَمة**... خراپترین شوان، شوانی بێوێژدانە)).

ئەویش ئەو جۆرە شوانـەیە لە ئاستی سەرپەرشتی ژێردەستەکانی یا ئەوانـەی خـوا خـستونیەتە ژێـر فـەرمانی نـا میهرەبـان و بـێ باکـە. بێگومـان بەخـشندەیی لـەنێوان زێدەڕۆیی و قرچۆکی دایـە، ئازایـەتی لـەنێوان هەڵپـە [٨٦٢] کـردن و بێزاڵـەیی [٨٦٣] دایـە، نـەرمونیانی لـەنێوان تونـدوتیـژی و کۆڵـەواری دایـە، زەردەخەنـە لـەنێوان ڕوگـرژی و پێکـەنین دایـە، ئـارامگریش لـەنێوان دڵ ڕەقـی و شـین و زاری دایـە، زیـادەڕۆییش دەرمانی هەیە، کە ئـەویش دەستگرتنەوەیە لـە زیـادەڕۆیی و کوژاندنـەوەی ئـەو گـڕە

---

٨٦١) هەراو هۆریا کردن/ خۆ هەڵکێشان.

[٨٦٢] خۆ فش کردنەوە.

[٨٦٣] ترسەنۆکی.

سوتێنەرەیە. دەرمانی کەمتەرخەمیش تەکانی هەنگاونانو پێ هەڵێنانەو، تروسکەی هومێـدو چـەخماخەی [٨٦٤] وەرە بەرزیـە، ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ۝٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ... لـە ڕاستەڕێ شـارەزان کـە ڕێـی ئەوانەی، کە خوێت چاکەت دەگەڵ کردون، نەك ئەوانەی، کە وەبەر تـوڕەیی کـەوتون، نە ئەوانەش، کە لاڕێ بون. ۝٧ الفاتحة ﴾.

سـەرنجـێـك

هیچ شتێك لە بوندا ئەوەندەی ئارامگری گران نیە، ئینجا چ لەمەڕ خۆشی بـێ یـا لەسـەر ناخۆشـی بـێ. بەتایبـەتیش ئەگـەر ماوەکـە درێژبێتـەوە، یـاخود ئومێـدی سەرکەوتن ببڕێ.

مەودای ئەو ڕێگایەش ئاتـاجی تونێـشوێکی وایـە یاریـدەدەری ڕێگـابڕین بـێ، یـەکێ لەوان: ڕەچاوکردنی ڕێژەی دەردو بەڵاو پێشبینی کردنی پـتر لەوەی ڕوی داوە.

یەکێکی تر ئەوەیە: چەندی بەڵا گەورەتر بێ لەوی گەورەتر هەیـە، وەکـو ئـەوەی بە لەدەستدانی ڕۆڵەیەك تاقی کرابێتەوە، بـەڵام جگـەر گۆشـەیەکی خۆشەویـستتـری هەبێ.

تونێشوێکی تر: ئومێد وابێ هەر لە دنیا قەرەبو دەکرێتەوە.

یەکێکی تر: چاوەڕێی پاداشتی ڕۆژی دوایی بێ.

لەوانـەش: چـێژ وەرگـرتن لـەو سـتایشو پیاهەڵدانـەی خـەڵك سـەبارەت بـەوەی دوچاری بوە بە چاکە لێی دەدوێنو، چێژ وەرگرتن بە سای ئـەو خەڵاتـەی لـە خـوای بەرزو توانا وەریدەگرێ.

ئەوەش لەوانە: کە قوڕپێوانو ڕۆڕۆ، داد نادا، بەڵکـە خاوەنەکـەی شـپرزەو زەبـون دەکـا.

---

٨٦٤) تیشك دان/ تروسکەدان.

جگە لەوانەش بیروڕیری زۆر تۆیشوی تری ڕەچاو کردوە، جگە لەوانە هیچ تۆیشۆیکی ڕێی ئارامگریان پێ نابڕێ، ئەوسا کەسی ئارامگر پێویستی بەوە هەیە خۆی بەو تۆیشوانەوە سەرقاڵ کاو، تەنگو چەڵەمەی ژیانیان پێ تێپەڕدا.

دۆستانی خوا کێن؟

چاوەڕێکردنی بانگ بە دڵێکی گەشەوەو، خۆ هەڵکوتان [٨٦٥] بۆ پێ ڕاگەیشتن بە سەرەتای دابەستن (لە نوێژی بە کۆمەڵدا)و، حەزکردن بە ڕێزی یەکەمی (نوێژو)، هەمیشە دانیشتن لە مزگەوتداو، دڵ بێ کینەییو بێ خەشیو، پێوە دیاربونی دروشمی سوننەتو، یادکردنی زۆرو، ڕۆنە چون لە حەڵاڵو، وازهێنان لە شتی بێهودەو، بەرچاو تێریو، شارەزا بون لە نیگای خوا چ لە ڕوی کتێبەوە چ لە ڕوی سوننەتەوەو، ڕوی خۆشو دەرەوشاوەو، ئازار پێ گەیشتن بە کارەساتی موسڵمانانو، پشت هەڵکردن لە دوبەرەکیو، ئارامگرتن لەسەر ناخۆشیو، بەخشندەییو چاکە نواندن، لە خووڕەوشتی دۆستانی خودان.

ژیانی مام ناوەنجێتی باشترین گوزەرانە، نە دەوڵەمەندییکی سنور بەزێنو نە هەژارییکی لە بیر چوێن، بەڵکە هەر ئەوەندە هەبێ بایی بکاو بەس بێو، مەبەستو بژێوی ژیانی پێ پێکبێ، هەرئەوەیان باشترین بژێویو بەهەڕمێنترین [٨٦٦] گوزەرانە.

ئەوەندە هەبێ بەسە: خانوێك تێیداوە حەسێی، هاوسەرێك دڵت ئۆقرەی پێ بگرێ، ئۆتۆمبێلێکی قەشەنگ، هەندە مالو سامانەت هەبێ پێداویستیو کاری خۆی پێ جێبەجێ کەی.

---

٨٦٥) پەلە کردن.

٨٦٦) بە قازانج.

خوا لە ئاستی بەندەی خۆیدا میهرەبانە

یەکێ لە گەورە پیاوانی شاری (ریاز) هەواڵی پێدام کە لە ساڵی ١٣٧٦ی کۆچی، دەستەیەك لە دەریاوانی خەڵکی (جوبێل) بە مەبەستی ڕاوەماسی بەرەو دەریا ڕۆیشتن، سێ شەوو ڕۆژان مانەوە هیچ ماسیێکیان پێ ڕاو نەکرا، هەر پێنج فەرزە نوێژیشیان دەکرد، هەر لەولای ئەوان کۆمەڵێکی تر هەبون سەریان بە فەرزێ خوای دانە دەداو نوێژ نەکەر بون، کەچی نێچیریان دەگرتو، ئەوەی بە دوایدا دەگەڕان لەو دەریایەدا وەدەستیان دەکەوت، هەندێك لەو دەستەیە گوتیان: پاکی بۆ خوا! ئێمە هەمو نوێژێك بۆ خوای گەورەو توانا ئەنجام دەدەین‌و، هیچ نێچیرێکیشمان پێ ناگرێ، ئەوانەش کرنۆشێك بۆ خوا نابەن‌و ئەوەش دەستکەوتی وانە!! شەیتان ختوکەی [٨٦٧] لەدڵدا دروست کردن، کە واز لە نوێژکردن بێنن، ئەوسا نوێژی بەیانیان نەکردو، نوێژی نیوەڕۆو ئێوارەشیان هەر نەکرد، دوای نوێژی ئێوارە دەستیان بە ڕاو کردەوە ماسیێکیان ڕاو کرد، هێنایانە دەرێ‌و سکیان هەڵدڕی، مرواریێکی گران بەهای تێدا بو، یەکێکیان مرواریەکەی هەڵگرتو لەناو دەستیدا هەڵگێڕو وەرگێڕی پێکردو لێی دەڕوانی‌و، گوتی: پاك‌و بێگەردی بۆ خوا! لەو کاتەی گوێرایەڵی خوامان دەکرد نەهاتە دەستمان، بەڵام کاتێ سەرپێچیمان کرد وەدەستمان هێنا!!

بە ڕاستی ئەو دەستکەوتە جێی گومانە. پاشان مرواریەکەی فڕێدایە نێو دەریاو، گوتی: خوا بۆمان قەرەبو [٨٦٨] دەکاتەوە، چونکە ئەو کاتە وەدەستمان هێناوە کە نوێژمان وازلێهێناوە سوێند بە خوا نامەوێ، دەی با ئەو جێگایە جێبهێڵین، کە سەرپێچی خوامان تێدا کردوە، نزیکەی سێ (میل) لەوێ دور کەوتنەوە، ئا لەوێ چادرەکەیان هەڵدا، ئەوسا بۆ جاری دوەم لە دەریا نزیکبونەوە، ماسیێکی تریان ڕاو کرد، سکیان هەڵدری بینیان مرواریێك لەناو سگی ئەو ماسیەدایە، گوتیان: سوپاس بۆ ئەو خوایەی ڕۆزیێکی حەڵاڵی پێ بەخشین.

---

٨٦٧) وەسوەسە.

٨٦٨) پڕ کردەوە.

دوای ئەوە دەستیان بە نوێژ کردو یادی خودایان کردو پەشیمانی خۆیان دەربـڕی‌و، مرواریەکەشیان بۆ خۆ برد.

بڕوانـە سـەرەتا لـەناو گوناهـ و سەرپێـچیدا ڕۆزیەکـەیان ناپـاك بـو، سـەرنـج دە بـۆ دواجار لەکاتی خواپەرستیدا ڕۆزیێکی پاکیـان وەدەسـت هێنـا. ﴿ وَلَوْ أَنَّهُمْ رَضُوا۟ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ سَيُؤْتِينَا ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ وَرَسُولُهُۥٓ إِنَّآ إِلَى ٱللَّهِ رَٰغِبُونَ ... ئەگـەر ئـەوان بـەو بەشـە ڕازی بونایـە، کـە خـوداو پێغەمبـەری خـودا دەیانداتێ‌و بیانگوتا: ئێمە هەر خودامان بەسەو بەمزوانە خوداو پێغەمبـەری خـودا لە چاکەی خۆ بەشمان دەدەن، چ دەقەوما؟ ﴿٥٩﴾ التوبة ﴾.

بە ڕاستی ئەوەیە میهری خوا، هەرکەسێکیش لە پێنـاو خـوا دەستبەرداری شتێك بێ، خوا چاتری بۆ لەجێ دائەنێ.

بە سای ئەوە سەرگوزەشتەیەکی (پێشەوا) (عەلی)م هاتەوە یـاد - خـوای لـێ ڕازی بێت - دەچێتە مزگەوتی کوفە بۆ ئەوەی دوڕکاتی چێشتە نوێژ بکـا، دەبینـێ کـوڕە گەنجێك لەبەر قاپیەکەیە، دەڵێ: ئەی گەنج، هێسترەکەم بۆ بگرە هەتا نوێژ دەکەم.

(پێشەوا) (عەلـی) چـوە نـاو مزگـەوت، ئەوەشـی لەدڵدا بـو لـە پاداشـتی ڕاگـرتنی هێسترەکە درهەمێك بداتە ئەو گەنجە، هـەر لـەو کاتـەی پێشەوا چـوە نـاو مزگـەوت، گەنجـە ڕوبـوە هەوسـاری هێـسترەکەو لەسـەری دەکـەلی هێنـاو [٨٦٩] ڕۆیـشتە بـازاڕ بیفرۆشێ، پێشـەوا هاتەدەرێ گەنجە لەوێ نەماوەو هێسترەکەش ڕێـشمەی [٨٧٠] لەسـەر تـرازاوە، پیـاوێکی بـە شـوێنی گەنجەکـەدا ڕەوانـە کـردو، گـوتی: بـچۆ بـازاڕ لەوانـەیـە هەوسارەکە لەوێ بفرۆشێ. کابرا ڕۆیشتـو دیتی گەنجەکە دەیەوێ بـە تاڵوکـە ڕێـشمە بفرۆشـێ، لێـی کـڕی بـە درهـەمێك‌و، گەڕایـەوەو هەواڵەکـەی بـە پێـشەوا ڕاگەیانـد، ئەویش گوتی: پاك‌و بێگەردی بـۆ خـوا! سوێند بـە خـوا لـەدڵم دابـو درهـەمێکی بـە حەڵاڵی پێ بدەم، بەڵام ئەو سور بو لەسەر ئەوەی بە حەڕامی وەریگرێ.

---

[٨٦٩] لەسەری هێنا خوارێ.

[٨٧٠] قەڕاسە/هەوسار.

ئەوەیـە میهـرو سـۆزی خـوای بـێ هاوتـاو دەسـتە بـاڵا، لەگـەڵ بەنـدەکانی خۆیـدا دەینوێنێ بەرەو هەر جێگایێ بڕۆنو کۆچ بکەن، لە هەر کوێدا نیشتەجێ بن: ﴿ وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ وَمَا تَتْلُوا۟ مِنْهُ مِن قُرْءَانٍ وَلَا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ ۚ وَمَا يَعْزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثْقَالِ ذَرَّةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِى ٱلسَّمَآءِ ... ئـەتۆ لـە هەر بارێك دا بی‌و هەرچی لە قورئان بخوێنی‌و هەر کارێکی ئێوە بیکەن، ئێمە لێتـان ئاگادارین، کاتێ خـەریکی ئـەو کـارەن. هەرچـی هەیـە لـە زەمـین‌و لـە ئاسمانـا -بـا لـە سەنگی مێرولەی هەرە وردیلەش یان ورتر یان درشت تر بێ- هیچیان لە پـەروەردێنی تۆ بێوار نابێ‌و وا لە کتێبی دیاری دەردا-. ﴿٦١﴾ یونس ﴾.

خـوا لە شـوێنێکەوە رۆزی بۆ بەنـدەی دەنێـرێ دەرکـی پێ ناکـا [٨٧١]

(تەنوخی) لە کتێبەکەیدا بەناوی (الفرج بعد الشدة) شتێکی لەو بابەتـە باسـدەکا: کـە پیاوێـك دنیـای لێبـو بـە چـەرمی چـۆلەکە، دەرگاکـانی ژیـانی لـێ داخـرا بـون، رۆژێکیان وای لێهات بەخۆیو خاووخێزانی هیچیان نەبو بیخۆن.

پیاوەکە گوتی: بە خۆمو خاو خێزانم رۆژی یەکەم بە برسیاتی بەسەرمان برد، لە رۆژی دوەمدا کاتێ خەریك بو خۆرئاوا بێ.

خێزانەکەم پێی وتم: هەستە وەدەرکەوە، رۆزیێك خواردن‌و خۆراکێکمـان بـۆ بـەیا کە، وا خەریکە بمرین. دەڵێ: ژنێکی خزمم بیرکەوتەوە، چـومە لایـو هـەوالی خـۆمم پێ ڕاگەیاند.

ئەویش گوتی: هیچم لەمالدا نیە تەنیا ئەو ماسیە نەبێ ئەویش بۆگەنیو بوە.

گوتم: ئێمـە وا خەریکـە بمـرین بێنـە بـا بیبـەم. ماسـیەکەم بـردو سـگم هەڵـدڕی، مرواریێکم لـێ هێنایە دەرێ، بە هەزاران دینارم فرۆشت، هەوالێشم بە خزمەکەمدا.

ئەویش گوتی: تەنیا بەشی خۆم دەوێ.

---

٨٧١) ئاماژە بۆ ئەو ئایەتە: ﴿ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ۚ ...﴿٣﴾ الطلاق ﴾.

دەڵێ: دوای ئەوە دەوڵەمەند بوم‌و، بەو پارەیە ناو مـاڵی خـۆم رێـك خسـت‌و بـاری ژیانی خۆم پێ ڕاست کردەوە‌و، ڕزق‌و ڕۆزیم فراوان بو.

ئەوەش تەنیا ئاوڕ لێدانەوەی خوای بەرزو بێ هاوتا بو.

﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ ... هـەر بەهرەیـەك ڕووتێـدەكا لـە خواوەیـە. ﴿٥٣﴾ النحل ﴾ .

﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَٱسْتَجَابَ لَكُمْ ... لـەو كاتەشـدا كـە هاناتـان بـۆ پەروەردێنتان دەبرد، جا لە هاناتان هات. ﴿٩﴾ الأنفال ﴾.

هـەر خـوایە بارانـێ دەبارێنـێ [٨٧٢]

یەكێ لە خواپەرستە ڕێزدارەكان بۆی گێڕاینەوە: لەگەڵ خاوو خێزانیدا لە بیابان بو، بەندەیەكی تۆبەكارو خواپەرسـت بو یادی خوای لەدڵ دابو.

دەڵێ: ئەو ئاوەی بەلاماندا دەهات بڕا، منیش ڕۆیشتم بۆ ماڵ‌و منداڵم ئاو پەیاكەم، بینیم گۆماوەكان وشك بونە، ئەو جارەش گەڕامەوە، دیسا ئەولاو ئەلامان كرد، تـەنیا دڵۆپـە ئاوێكیـشمان چـنگ نەكـەوت، تێنـوێتی زۆری بـۆ هێنـاین‌و، منداڵـەكانم زۆر پێوێستیان بە ئاو بو، پەروەردێنی بە توانام كەوتـەوە یـاد - پـاك‌و بێگەردی بـۆ ئـەو- ئەو خوایەی لێمانەوە نزیكە‌و وەڵامگۆیـە، هەستام تێمـومم كـردو ڕوم كـردە ڕوگـە‌و دوڕكـات نوێـژم كـرد، پاشـان دەسـتەكانم بـەرز كـردەوە‌و گریـام، فرمێـسك لـە چـاوم هاتەخوارێ‌و، بەگوڕ داوام لە خـوا كـرد، ئـەو ئایەتـەی خـوام بیـر كەوتـەوە: ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ ... یا ئەو كەسەی چاترە كە هەروەختێ هومێدبڕاوێك لەبەری بپارێتەوە، دەهانای دێ ﴿٦٢﴾ النمل ﴾.

---

٨٧٢) ئاماژەیە بۆ ئەو ئایەتە ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ ...﴿٢٨﴾ الشورى ﴾.

سوێند بە خوا هەر ئەوەندە بو لە جێگای خۆم هەستامو، هیچ پەڵە هـەورێکیش لە ئاسمان نەبو، لە ناکاوێ پەڵە هـەورێك لەسـەر مـاڵو شـوێنی ئێمـە لـەو بیابانـەدا پەیابو لە شوێنی خۆی ڕاوەستاو، لێزمـە بـارانی بەسـەردا هەڵڕشـتین، کەنـدو گـۆمی دەوروبـەرو ڕاسـتو چـەپی ئێمـەی پـڕ کـرد، ئاومـان خـواردەوەو خۆمـان شوشـتو دەستنوێژمان گرت، سوپاسی خوای تاکو توانامان کـرد، دوای ئـەوە کـەمێك لـە مـاڵی خۆمان دورکەوتمەوە بینیم هەموی وشکو برێنەو بارانی لێ نەباریوە، ئەوسا زانیم خوا وەڵامی نزای منی داوەتەوە، جا سوپاسی خوای بەرزو دەستە بـاڵام کـرد: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ مِنۢ بَعْدِ مَا قَنَطُوا۟ وَيَنشُرُ رَحْمَتَهُۥ ۚ وَهُوَ ٱلْوَلِىُّ ٱلْحَمِيدُ ... هـەر ئەوێـشە پاش ناهومێد بون لە باران، بارانە دادەبارێنـێو دڵۆڤـانی خۆشـی بڵاودەکاتـەوە، هـەر ئەوە بۆ مەزنانەیەتی ئەشێ هەر پەسندی بدرێ [٨٧٣]. ﴿٢٨﴾ الشورى﴾.

لـە ڕاسـتیدا پێویـستە لەسـەر نـزاو پاڕانـەوە لـە خـوای بـێ هـاودەمو هاوتـا پـێ دابگرین، چونکە هەر خوایە - شکۆداریو پایـەداری بـۆ ئـەو - دەرونـەکان دەسـازێنێ، ڕۆزی دەداتو خـەڵك ڕێنـوێنی دەکـا، لـەهانا دێو خـۆراگری دەبەخـشێ، ئاسـانکاری دەکاو کۆمەکی ڕەوانە دەکا.

خوای گەورەش باسی یەکێ لە پێغەمبـەرانی دەکـاو دەفـەرموێ: ﴿وَأَصْلَحْنَا لَهُۥ زَوْجَهُۥٓ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا ۖ وَكَانُوا۟ لَنَا خَٰشِعِينَ ... ژنەکەی ﴿زەکەریاش﴾مان چاککردەوە. ئەمان لە کـاری چاکەدا بـە هەڵپـە بـون [٨٧٤]، بـە هومێـدو بەتـرسـەوە لەبـەرمان دەپاڕانـەوەو لـە حانـد [٨٧٥] ئێمـە لارەمـل [٨٧٦] بون. ﴿٩٠﴾ الأنبياء﴾ .

---

٨٧٣) ستایش بکرێ.
٨٧٤) بەگورِبون.
٨٧٥) لە ئاست.
٨٧٦) ملکەچ.

خـوا چـاتری پـێـدا

(ئیبن رەجەب)و جگە لەویش دەگێڕنەوە: پیاوێك لە خواپەرستان لە (مەككە)دا دەژیا، بژێوی لێبـڕاو، زۆر برسی بو، خەریك بو لە برسان بمـرێ، کاتـێ بـە کۆڵانـەیێکی (مەككە)دا دەخولایەوە ملوانکەیێکی زۆر بـە نـرخو گرانبـەهای بینیـەوە، دەستی دایـێو بـەرەو (حـەڕەم) ڕۆیـی، سـەیر دەکـا کابرایـەك بـۆ ئـەو ملوانکەیـە بـانگ ڕادێڵـێ، دەڵـێ: نیشانەکانی بۆ هەڵدام هەمویان تێکی دەکردەوە، ملوانەکـەم داوە دەستی لەسـەر ئـەوەی شتێکم بداتـێ.

دەڵێ: کابرا ملوانکەی بردو ڕۆیی، هەر خۆی سڵ نەکرد، نـە درهـەمێك نـە عانەیـەك پوشکەیێکیشی پـێ نەدام.

گوتم: خوایە لەبەر خاتری تۆ وازم لـێ هێنـا، چاتر لـەوەم پـێ ببەخـشی، دوای ئـەوە خواپەرستەکە بـەرەو دەریـا ڕۆیـشتو سواری بەلـەمێك بـو، بـایێکی تونـد هـەڵی کـردو، بەلەمەکە تێکشکا، سواری تەختەیێك بو، لەسەر پشتی دەریا با بەولاو ئەولای دا دەبرد، هەتا ڕێی کەوتـە دورگـەیێكو لـەوێ دابـەزی، دیـتی مزگـەوتێکی لێیـەو خـەڵکێکی لێیـە نوێژ دەکا، ئەویش نوێژی کرد، سەیر دەکا چەند پەرە قورئانێکی لێیەو دەستی کرد بـە خوێندنی، خەڵکەکە گوتی: تۆ دەزانی قورئان بخوێنێ؟

منیش گوتم: بەڵێ.

گوتیان: دەی ڕۆڵەکانمان فێری قورئان کە.

بە کرێ دەرسم پـێ گوتن، دوای ئەوە دێرێکم نوسی.

گوتیان: منـاڵەکانمان فێری نوسین دەکەی؟

گوتم: بەڵێ. بەکرێ نوسینم فێردەکردن.

دوای ئەوە گوتیان: لێرەدا کچێکی بـێ باوك هەیە، کچی پیاوێکی ئێمـە بـو کابرایـەکی چاك بو مـردو ئەو کچەی دوای بەجێهێشت، ئایە دەتەوێ مارەی بکەی؟

گوتم: شتێکی ئاساییە. دەڵێ کچەم مارە کردو، چومە لای بینیم هەمان ملوانکـەی لـە ملی دایە.

گوتم چیرۆکی ئەو ملوانکەی چیە؟ ئینجا سەربوردەی بۆ گێڕامـەوەو، باسی کـرد کـە جارێـك بـاوکی لـە کڕنـۆش بردنـدا دەپارایـاوە، کـە خـوای گـەورە پیـاوێکی ئـاوا بکاتـە هاوسەری کچەکەی. ئەویش گوتی: دەنا من ئەو پیاوەم.

ئەوسا ملوانکەی بە حەڵاڵی پێ بڕا، خوا چاتری پێدا، چونکێ دەستبەرداری شتێك بو لەپێناو خودا.

((ان الله طیـب لا یقبـل الا طیـبا... بێگومان خوا پاکەو تەنیا پاکیشی گەرەکە)).

ئەگـەر داوات کـرد لە خـوا بخـوازە

میهـری خـودا نزیکـەو، بیسـەرو وەڵامگۆیـە، کـەموکوڕیش لـە ئێمەیـە، ئێمـە زۆر ئاتـاجین بـەوەی پـێ دابگـرینو داوای لـێبکەین، جـارس‌و بێـزاریش نـەبین، بـا هـیچ کەس لە ئێمە نەڵێ: چەند جار چەند جار پارامەوە وەڵامم نەدریاوە. بەڵکـە بـا نێـو چاوانمان لە سوژدەدا تۆزاوی کەین، دەممـان بـەو نزایـە پاراوکـەین: ((یـا ذا الجـلال و الاکرام ... ئەی ئەو کەسەی رێزدارو پایەداری)). با ئەو ناووسیفاتە بەرزو پیرۆزانەی خوا بڵێینو بڵێی نەوە، هەتا خوای تـاك‌و تـەنیا وەڵامـی خواستەکانمان دەداتـەوە، یـا ئـەوەی بۆخـۆی پێـی چاکە بۆمـان ڕەچـاو دەکـا، ﴿ ٱدْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً ... بـە نهێنی‌و بە مل کەچی هەر پەروەردەو لەبیربێو لەبەری بپارێنەوە. ﴿٥٥﴾ الأعراف ﴾.

پیاوێکی بانگەوازکار لە هەندێك لە پەیامەکانی خۆیدا دەگێڕێتـەوە، کـە پیـاوێکی موسڵمان بـە خێزانـەوە پـەنا بـۆ یـەکێ لـە دەوڵەتـەکان دەبـا، داوا دەکـا ڕەگەزنامـەی پێبدرێ، ئەو پیاوە بە هەمو شێوەیەك هەوڵ دەداو، توانای خۆی دەخاتـە گـەڕ، کێـی شك دەبرد کێشەی خۆی لەلا باس کرد، هەمو ڕێی لێگیران‌و، دەرگای لـەڕو داخـران‌و، فێڵ‌و فرتی وێ نەمان، پاشان گەیشتە زانایەکی لە خـوا تـرس حـاڵ‌و بـاڵی خـۆی پـێ ڕاگەیانـد، ئـەویش گـوتی: سـێیەکی کۆتـایی شـەو لەدەسـت نـەدەی، لـە پەروەردەت بخوازە، چونکێ هەر خوا - گەورەیی‌و بێوێنەی بـۆ ئـەو- ئاسانکارە، هەرئـەوەش لـەو فەرمودەیە دەفامرێتـەوە: ((اذا سـألت فاسـئل الله، واذا اسـتعنـت فاسـتعن بـالله، واعلم ان الامة لو اجتمعـوا علـی ان ینفعـوك بشـيء، لـم ینفعـوك الا بشـيء قد کتبـه

الله لك... ئەگەر داوات کرد لە خوا داواکە، ئەگەریش پەنات بـرد پـەنا بـۆ خـوا ببـە، دڵنیاش بە ئەگەر هەمو خەڵك بۆ ئەوە کۆببێتەوە قازانجێکت پێ بگەیێنێ، لە دەستی نایێ مەگەر بایی ئەوەندەی خوا بۆتی بڕیار دابێ، ئەو پیـاوە دەڵێ: سوێند بـە خـوا وازم لـە چـونە لای خـەڵکو داوا لێکردنیـان هێنـا، لەسـەر ئاموژگـاری ئـەو زانایـە بەردەوام بوم لە دوعاو نزای سێیەکی کۆتایی شـەو، لـە بەرەبەیانـدا هـاوارم دەکـردو دەپارامەوە، تەنیا چەند ڕۆژێکی پێ چو، سکاڵا نامەیەکی ئاساییم بـردە پـێش هـیچ ڕاسپاردەو هۆکارێکیشمان لەنێوان دا نەبو، ئەو پەیامە جێی خۆی گـرت، تـەنیا دوای چەند ڕۆژێك لە پرێکا لە ماڵی خۆمدا بانگ کرامو ڕەگەزنامەکەم دراوە دەست، لـەو کاتەشدا بارەکە زۆر نالەبار بو.

خـوا دەربـارەی بەندەکـانی دلۆڤـانـە [٨٧٧]

چەند خولەکێکی پڕ بە بایـەخ:

(تەنوخی) دەگێڕێتەوە: یەکێ لەوە زیرەکانی بەغـدا - تـەنوخی نـاوی دێنـێ- هـەر لەوێ زوڵم لە پیرەژنێك دەکا، مافـی لـێ زەوت دەکاو، ماڵو ملکی داگیر دەکا، پـیرەژن دەچێتە لای، دەگرییو داوای لـێ دەکا مافـی خۆی بداتەوە، شینوزاری کـاری تێناکـاو پەشیمانی دەرنابڕێو تۆبە ناکا، پیرەژن دەڵێ: داوا لـە خـوا دەکـەم تۆڵەی منـت لـێ بکاتەوە، ئەویش بە گاڵتەوە پێی پێ دەکەنێو، دەڵێ: سێیەکی کۆتـایی شـەو لـەگیس مـەدە. لـوت بـەرزیو تاوانکـاری وای لێکـرد ئـەو قـسەیە بـە گاڵتـەوە بکـا، پـیرەژن ڕۆیـشتو هەمیـشە لـە سـێیەکی کۆتـایی شـەودا نـزای لـێ دەکـرد، تـەنیا ماوەیـەکی کـورتی پـێ چـو، ئـەو وەزیـرە لـەکار لادراو مـاڵو سامانیان لـێ سـەندو، زەویوزاری دەسـت بەسـەر داگـیرا، پاشـان هێنایـان لـەناو بـازاڕ ڕایـان گـرتو لەسـەر ئـەو زوڵـمو ستەمەی دەرحەق بە خەڵکی کردبوی دارکاری کرا، پیرەژنـە بەلایـدا تێپـەڕیو، پێـی گوت: ڕێیەکی چاکت نیشان دام! سێیەکی کۆتایی شەوت بۆ باسکردم، منیش هەستم کرد باشترین چارە ڕێگا بو.

---

٨٧٧) ئاماژەیە بۆ ئەو ئایەتە: ﴿ٱللَّهُ لَطِيفُۢ بِعِبَادِهِۦ ...﴿١٩﴾ الشورى﴾.

بێگومان ئەو ماوەیە لە کاتو ساتو ژیانی ئێمەدا زۆر بایەخدارو گران بەهایە، ئەوساتە پەروەردگاری بالادەست دەربارەی دەفەرموێ (لە حەدیسی قودسیدا): ((هل من سائل فاعطیه، هل من مستغفر فاغفر له، هل من داع فاجیبه ... ئاخۆ هیچ داواکارێك هەیە پێی ببەخشم، کێ داوای لێبوردن دەکا لێی ببورم، کێ هەیە داوای هەبێ وەلامی بدەمەوە.

من ئەو ژیانەم بەسەر برد لەگەڵ ئەوەی گەنجم، گوێبیستی چەند هەواڵێ بوم، لە ژیانمدا چەند ڕوداوێ کاریان تێکردم ببڕای ببڕ لەیادیان ناکەم، هەستم نەکرد هیچ شتێ ئەوەندەی خوا - پاك و بێ گەردی بۆ ئەو- نزیك بێو میهرو سۆزو، کۆمەکی و، ڕزگاری لەلا بێ.

لەو کاتەی کێشەی کەنداو لە گۆڕێدا بو، لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێك لە (ئەبها)وە بەرەو (ڕیاز) بە سواری فڕۆکە بەڕێ کەوتم، کاتێك بەرەو ئاسمان بەرزبوینەوە، هەواڵیان پێداین کەموکوڕیێك لە فڕۆکە پەیدا بو، بۆ جاری دوەم لە فڕۆکەخانەی (ئەبها) دەنیشێتەوە، گەڕاینەوە ئەوەندەی توانیان فڕۆکەیان چاك کردەوە، پاشان جارێکی تر بەڕێ کەوتینەوە، لە کاتێکا لە (ڕیاز) نزیك بوینەوە، بە هیچ چەشنێ تایەکانی فڕۆکە نەبونەوە، یەك کاتژمێری تەواو ئێمەی لە ئاسمانی (ڕیاز) دەخولاندەوە، پتر لە دە جار هەوڵیدا، دەهاتە سەر فڕۆکەخانە دەیەویست بنیشێتەوە نەیدەتوانی، جارێکی تر بەرز دەبۆوە، ترس و بیم دایگرتین و، زۆر کەس وڕیان بەردا، قیژەو گریانی ژنان دەنگی دایەوە، بینیم خەڵك فرمێسکی لەسەر کوڵمەی قەتیس ماوە، وامان لێهات لە ئاسماندا نزیکتر لە چاوتروکانێك چاوەڕێی مەرگمان دەکرد، هەمو شتێکم لەبەرچاو گرت هیچیانم وەکو کردەوەی چاك نەهاتە بەرچاو، دڵ بەرەو خوای بەرزو توانا گەشتی کرد، بێ بایەخی و سوك و چروکی دنیا وەدەرکەوت، بە جۆش و خرۆشەوە ئەو زیکرەمان دوبارە دەکردەوە: ((لا اله الا الله وحده لا شریك له، له الملك وله الحمد وهو علی کل شیء قدیر... هەر خوا پەرستراوی ڕاستەقینەیەو تاك و تەنیاو بێ هاوەمە، دەسەڵات هەر ئیویەو، سوپاس هەر شیاوی ئەوەو، بەسەر هەمو شتێکیشدا زاڵە))، مامۆستایەکی بەسالدا چو بەتەمەن هەڵسایەوە، بە دەنگێکی بەرز بەخەڵکی وت، پەنا بۆ خوا ببەن و داوای لێبکەن، ژێوانی خۆتان دەربڕن و بۆ لای ئەو بگەڕێنەوە. خوای گەورەش بەمشێوەیە باس لە

هەڵوێستی مرۆڤ دەکا: ﴿ فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ... هەرگا سواری کەشتی دەبن، بە دڵی پاك لەبەر خوا دەپاڕێنەوە.﴿٦٥﴾ العنكبوت ﴾.

داوامان لەو خوایە کرد وەڵامگۆی لێقەوماوانەو، زۆر بە گەرمو گوڕی پاڕاینەوە، تەنیا کەمێکی پێچو، دوای هەوڵی یازدەمینو دوازدەمین بەبێ گرفت نیشتینەوە، کاتێ دابەزین هەروەکو بڵێی لە گۆڕ هاتینەدەرێ، هەستو دەرون بۆ سەردەمی پێشو گەڕانەوەو، زەردەخەنە کەوتە سەر لێوانو، فرمێسکیش لە چاوان کشانەوە، بزانە میهری خوای بێهاودەمو توانا چەند بەرفراوانە.

لە ڕاستیدا ئەوەش هەر کۆمەکیو سۆز نواندنی خوای تاکو بێ هاوتایەو هیچی تر نیە.

لە تەنگانەدا کێ لە فریامان دێ ؟

ڕۆژنامەی (القصم) - کە ڕۆژنامەیەکی کۆنەو لە (بیلاد) دەردەکرا- دەگێڕێتەوە، لاوێك لە شاری (دیمەشق) داینابو گەشتێك ئەنجامدا، بە دایکی خۆی ڕاگەیاند لە کاتژمێر ئەوەندەو ئەوەندە فڕۆکە هەڵدەستێ، ئەگەریش کاتەکە نزیك بۆوە بە ئاگای بێنێ، کوڕە گەنجە خەوتبو، دایکیشی گوێی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بو هەواڵی دەدا: کەشو هەوا نالەبارەو تەمومژە، گەردەلولو ڕەشەبای توند لەڕێ دایە، دایکە سۆزی بۆ تاقە کوڕەکەی جوڵاو دڵی نەهات بەئاگای بێنێ بە هیوای ئەوەی گەشتەکەی لەدەست چێ، ترسا لەوەی کارەساتێك ڕوبدا سەبارەت بەوەی کەشو هەوا بۆ گەشتکردن دەست نادا، ئەوسا کاتێ دڵنیا بو فڕۆکە گەشتیارەکانی وەخۆ هەلگرتو فڕی، هات کوڕەی وەئاگا بێنێ سەیر دەکا لەناو پێخەفی گیانی لەدەست داوە. ﴿ قُلْ إِنَّ ٱلْمَوْتَ ٱلَّذِى تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمْ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ... بێژە: ئەو مەرگەی، کە ئێوە لێی ڕادەکەن، هەردەوگاتێو پاشان هەر دەتانبەنەوە لای زانای نەدیارو دیاران، ئەوسا هەر خۆی پێتان ئێژێ چیو کردوە.. ﴿٨﴾ الجمعة ﴾.

لەبەر مردن هـەلاّت کەچی دوچاری مردن هات

ئاپۆرەش دەلێ: (کەسی ڕزگاربو لە دەریا ڕێگایەکی بۆ دەسازێ). ئەگەریش مـەرگ بوە مێوان هەرچی بێ مرۆ دەکوژێ.

سـەربوردەی مـەرگ

(شێخ عەلی تەنتاوی) لەوانەی بیستوویێتی‌و بینیوێتی دەگێڕێتەوە:

لە وڵاتی شام پیـاوێ هـەبو ئۆتـۆمبێلێکی بارهـەلگری هـەبو، پیاوێـك لەگەڵیـدا بـو لەسـەر پـشتی ئۆتۆمبێلەکـە سـوار دەبـێ، لەوکاتـەدا دارەبازەیـەکی [٨٧٨] هـەلگرتبو، بـۆ مردوان ئامادە کرابو سەرچەفێکی لەسەر بو بۆ کاتی پێویستی، لە ڕێگا بـاران بـاری‌و ئـاو هـەڵڕژا کـابرای سـوار بـو چـوە نـاو دارەبازەکـەو سەرچەفەکەشی بەسـەرە خـۆی هەڵکێـشا، لـەڕێگا پیـاوێکی تـریش سـوار بـو لـە تەنیـشت دارەبازەکـەوە دانیـشت‌و نەیـدەزانی ئـەو دارەبـازە کەسـی تیایـەو، وایـدەزانی هـەر خـۆی لەسـەر پـشتی تۆتۆمبیلەکەیە، بارانەش هەر بەردەوام بو، لە ناکاوێ کابرای نـاو دارەبازەکـە دەستی دەرهێنا، بۆ ئەوەی بزانێ ئاخۆ بارانەکە کۆتایی هات یا نا؟

هەر کە دەستی دەرهێناو بەولاو ئەولادا دەیگێڕا کابرای تەنیشتی داچڵەکاو ترس‌و لەرز گرتی وایزانی ئەوە مردوەو زیندو بۆتەوە، خۆی لەبیـر کـردو لـە ئۆتۆمبێلـەوە کەوتە خوارێ‌و بەسەر سەریدا کەوت‌و مرد.

بەم شێوەیەو بەم ڕێگەیە خوا کۆتایی بە ژیانی هێنا بو دەبوایە ئاوا بمرێ.

لەسـەر بەنـدەش پێویـستە هەمیـشە ئـەوەی لـەیادبێ مـەرگی وەخـۆ هـەلگرتوەو، بەرەو مەرگ هەنگاو هەڵدێنێ‌و، هـەمو بـەیانی‌و ئێوارەیـەك چاوەڕێی مـەرگ دەکـا، ئەو وتەی پێشەوا (عەلی) - خوای لـێ ڕازی بێت - چەند بایەخدارو جوان‌و سـەرنـج ڕاکێشـە، کە دەڵێ: (لە ڕاستیدا دواڕۆژ وا بەرەو ڕومان بەڕێوەیـەو، دنیـاش پـشتی لـە ئێمە کردوەو دەڕوا، ئەوسا هەوڵدەن ڕۆڵەی دواڕۆژ بن‌و، ڕۆڵـەی دنیـا نـەبن، چـونکـێ ئیمڕۆ ڕۆژی کردارەو پرسینەوە نیە، سبەش پرسینەوەیە‌و ڕۆژی کردار نیە).

---

٨٧٨) ئەوەی مردوی پێ هەڵدەگرن.

ئـەو وتەیـە بـۆ ئـەوەمان هەڵـدەنێ کـە مـرۆڤ وەخـۆ بکـەوێ و خـۆی ئامـادە بکـاو، چاکـسازی بۆخـۆی بکـا، تـۆ بـەو پەشـیمانی خـۆی نـوێ کاتـەوەو، دڵنیابـێ کـە تێکەوڵێکەی [٨٧٩] لەگەڵ پەروەردیارێکی هێزدارو توانادارو، بەخشندەو میهرەبانە.

بێگومان مردن داوای ڕێپێدان لە کەس ناکاو، مەکـە مەکـە نازانـێ، لەگـەڵ کەسـدا خۆشـدو نیـەو، بـەر لـە هـاتنی کـەس ئاگـادار ناکاتـەوە، ﴿ ... وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا ۖ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ۚ ... کەس نازانێ کاری سبەی ڕۆژێ چیەو کەس نازانێ لە کامە سەر زەمین دەمرێ. خودا زاناو ئاگادارە. ﴿٣٤﴾ لقمان ﴾.

چرکـەیێ لـێی دوا ناکـەونو پێـش ناکـەون [٨٨٠]

بەهەمان شێوە (تەنتاوی) لە بیسراوو بەرچاوکەوتوەکانی دەگێڕێتەوە: پاسێك پـڕ لە خـەڵك بـو، شـۆفێرەکەی بـەلای ڕاسـتو چـەپی ئـاوڕی دەدایـەوە، لـەپڕێکا وەسـتا، خەڵکی ناو پاسەکە پێیان وت: بۆ ڕادەوەستی؟

گوتی: لەبەر ئەو پیاوە پیرە ڕادەگرم دەستی ڕادەنگێوی لەگەڵمان سوار بێ.

گوتیان: کەسمان لـێ دیار نیە.

گوتی تەماشای کەن. گوتیان کەس نابینین!

گوتی: ها ئەوە ئێستا بەرەو ڕومان دێ لەگەڵمان سوار بێ.

هەمو تێکڕا گوتیان: سوێند بە خوا کەس نابینین! لە ناکاوێ هـەر لەسـەر کوشـنی ئۆتۆمبیلەکە شوفێر گیانی سپارد.

هەر لەوێ مەرگ بۆ مێوانیو یەخەی پێ گرت، ئەوەشی لێبو بە هۆکار، ﴿ ... فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ... ئەگـەر وەخـتی مردنیـان هـات، نـە تاوێك دەکرێ پێشکەون، نە تاوێکیش دوادەکەون. ﴿٣٤﴾ الأعراف ﴾.

---

٨٧٩) مامەڵەی .

٨٨٠) ئاماژەیە بۆ ئەو ئایەتە: ﴿ ...لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ...﴿٣٤﴾ الأعراف ﴾.

مرۆڤ لە ئاستی مەترسیەکاندا ترسەنۆکە، لە پەنای خەیاڵ خاوی خواستەکانیدا خۆی پەنا دەدا، کەچی لەپڕێکا لەو پەناگەیە گیان لەدەست دەدا، ﴿ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ لِإِخْوَٰنِهِمْ وَقَعَدُوا۟ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا۟ ۗ قُلْ فَٱدْرَءُوا۟ عَنْ أَنفُسِكُمُ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ... ئەوانەی کە خۆیان نەچونە خەزا، لەمەڕ هاوەڵانیان دەگوت: ئەگەر بە قسەیان کردباین نە دەکوژران بێژە: سا ئەگەر ڕاست دەکەن، خۆ لە مردن بپارێزن. ﴿١٦٨﴾ آل عمران ﴾.

ئێمە لەوەدا جێگای سەرسوڕمانین بیر لە گەیشتنەوە خوای بەرزو دەستەباڵا ناکەینەوە، نە کۆچی یەکجارەکیمان بەخەیاڵ دادێ مەگەر ئەو ساتەی دەکەوینە ناو مەترسیەکان.

هەرچی پەنای بۆ بەرن لە غەیری خوا، بەر پێوارە [٨٨١]

لە ساڵی ١٤١٣ ك لە (ڕیاز) وە بەرەو شاری (دەممام) ڕۆیشتم نزیکی کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ گەیشتم، لە فڕۆکەخانە دابەزیمو دەمەویست بچمە لای هاوڕێیەکم، بەڵام لەسەر کاری بو درەنگ دەگەڕایەوە، ئینجا سواری ئۆتۆمبیلێك بومو چومە ئوتێلێکی ئەوێ، کاتێ چومە ناو ئۆتێلەکە بینیم زۆر خەڵکی تیا نیەو، ڕۆژی پشوو سەردانیش نیە، لە نهۆمی چوارەم، دور لە فەرمانبەرانو کرێکاران ژورێکم بەکرێ گرتو، خۆشم هەر تەنیا بوم، چومە ژورەکەو جانتاکەم لەسەر تەختەکە دانا، چوم دەستنوێژێ بگرم، لە جێگای دەستنوێژ دەرگاکەم لەسەر خۆم پێوەدا، کاتێ دەست نوێژم گرت بۆ دەرگا چوم بیکەمەوە سەیر دەکەم گیر بوەو نابێتەوە، بە هەمو شێوەیەك هەوڵمدا بیکەمەوە، بەڵام نەمتوانی، لەناو ئەو ژورە تەنگەبەرەدا مامەوە، هیچ کەلێنو کەلەبەرێك نیە تیایدا بانگ کەم، تەلەفۆن نیە پەیوەندی بکەم، خزمێك نیە هاواری بکەم، هاوسێی یەك نیە پەنای بۆ ببەم، پەروەردیاری بێوێنەو فریاد ڕەسم بیرکەوتەوە، سێیەکی کاتژمێرێك لە جێگای

---

٨٨١) نادیارو پەنایە/ ئاماژەیە بۆ ئەو ئایەتە ﴿ ...ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّآ إِيَّاهُ ...﴿٦٧﴾ الإسراء ﴾.

خۆمـدا وەسـتام، بـەڵام هـەروەكو بڵێـی سـێ ڕۆژ بـو، بـەو مـاوە كورتـە ئارەقـەم لـێ دەچۆڕا، ناخم ڕاچڵەكا، جەستەو لاشەم هەژا، لەبەر چەند هۆیەك، لەوانە: شۆینێكی سـەیرو سـەمەرە بـو، هۆیـەكی تـر ئـەوەبو: لـە پڕێكـا وام بەسـەرهات، هۆیـەكی تـر ئەوەبو: دەنگم بە هیچ كەسێ نەدەگەیشت خزمێك دۆستێك نـەبو هـەواڵی پێبـدەم، وێـڕای ئـەوەی جێگایەكـە نەشـیاو بـو، لـە سـێیەكی كاتـژمێرێ چـەندین پەنـدو یادەوەریم هاتنەوە یاد، شەپۆلی چەند ڕوداوێ بەرەو ڕوم هات.

لە كۆتاییـدا كەوتـە بیـرم دەرگاكـە بهـەژێنم، بـە شـپرزەییو، لاشـەیەكی داهێـزاوو بێتوانـا دەرگاكـەم هەژانـد، سـەیر دەكـەم پارچـە ئاسـنی بـەر دەرگـا، وردەوردە وەكـو میلی كاتژمێر دەجوڵێ، تا شەكەت بوم دەرگام هەژاند ئەوسا وەستام، دوبـارە دەسـتم بە هەژاندنی كردەوە هاتا شەكەتی دایگرتمـەوە دیسان ڕاوەسـتام، بـۆ دواجـار دەرگـام لەڕو كرایەوە.

چۆن بڵێی لـە گـۆڕ دێمـە دەرێ، گەڕامـەوە ژورەكـەم، لەسـەر ئـەو ڕوداوە سوپاسـی خوام كرد، بیرم لە بێتوانایی‌و كەم دەسەڵاتی مرۆڤ و، توشهاتنی بـە مـردن كـردەوە، بیرم كردەوە سەبارەت بە خـودی خۆمـان‌و تەمـەنمان كەمتەرخـەمین، لـە دواڕۆژمـان بێئاگایین.

﴿ وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا تُرۡجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِۖ ... ترسیشو لـەو ڕۆژە هـەبێ كـە دەوهێنێتـەوە لای خودا. ﴿٢٨١﴾ البقرة ﴾.

﴿ أَيۡنَمَا تَكُونُواْ يُدۡرِككُّمُ ٱلۡمَوۡتُ وَلَوۡ كُنتُمۡ فِي بُرُوجٖ مُّشَيَّدَةٖۗ ... لە هەر كـوێ بـن تەنانـەت ئەگەر لە قەڵای زۆر قایمیش (خۆوە شێرن)، مردن دەتان دۆزێتەوە. ﴿٧٨﴾ النساء ﴾.

سەبارەت بەو باسە ڕوداو گەلێكی سـەیرم خوێندۆتـەوەو، شـت گـەلێكی سـەمەرەم وەبەر گوێ كەوتوە، جاری وا بوە پیاو بەرەو مردن ڕۆیشتوە كەچی ژیان لەوە دابـوە، یەكێ تر بەرەو ژیان بەڕێ كەوتوە كەچی بەچاوی خۆی مەرگی بینیوە، كەسێكی تـر بەدوای چارەسەردا گەڕاوە كەچی سەری لەسەر داناوە، ئیواش هەبوە گیانی خستۆتە سـەر دەسـتی‌و بـەگومانی خـۆی مـردن چاوەڕێی بـوە كەچـی لـەوێوە خـۆری ئـازادی هەڵاتوە.

سا پاکی‌و بێ گەردی‌و گەورەیی‌و شکۆ بۆ خـوای دروست کـارو هەڵسوڕێنەرو کـار لەجێ!!

جـاری وایـە دەردە، دەبێتـە دەرمـانی لاشـە

مێژونوسان دەگێڕنەوە: پیاوێك دوچاری ئیفلیجی هات، لـە مـاڵی خـۆی کەوتـەوە، سـاڵانێکی دورو درێـژی بەسـەردا تێپـەڕی بێـزاری‌و بێئومێـدی‌و داڕوخـان دایگـرت، پزیشکان لە چارەسەری دەستەوسان بون‌و، بـە کـەس‌و کاریـشیان ڕاگەیانـد، ڕۆژێ لـە ڕۆژان دوپـشکێك لەبـەری خانیـەوە بەسـەر سـەریدا هاتـە خـوارێ‌و نـەیتوانی خـۆی بجوڵێنـێ، هاتـە لای سـەری چـەند جـارە بەسـەریەوەدا، هـەمو لاشـەی هـەر لـە تـەوقی سـەری هـەتا بـەری پێـی لـەرزی گـرت، هەسـتی کـرد سـەرلەنوێ گیـانی وەبـەر لاشـە دەکرێتەوە، تەندروستی سەرتاپای لەشی دەگرێتەوە، بە گورجی هەستایەوەو لەسـەر پێیەکانی وەستا، پاشان لەناو ژورەکەیدا هاتو چو، دەرگاکەی کـردەوە، مـاڵ‌و منـاڵی بـەرەو ڕوهـات دەبیـنن لەسـەر پێـی خـۆی وەسـتاوە، نزیـك بـو هۆشـیان نـەمێنێ‌و، خەریك بو باوەڕ نەکەن، ئەویش هەوالی خۆی پێ ڕاگەیاندن.

ئەوسا تاکی‌و پاکی بۆ ئەو خوایەی بە ژەهر چارەی ئەو نەخۆشـەی کرد!!

ئەو داستانەم بۆ هەندێ لە پزیشکان گێڕایەوە باوەڕیان کـرد، گوتیـان زرینـچکاوی ژەهـراوی لەگـەڵ کـەمێك مـادەی کیمیـاوی بـەکاردەهێنرێ‌و، چارەسـەری ئـەو جـۆرە ئیفلیجانەی پێ دەکرێ.

سا پایە بەرزی بۆ خوای میهرەبان، هیچ دەردێکی بەبێ دەرمان نەناردوە.

دۆسـتانی خـوا کـەرامـەتدارن

فەرمو ئەوە (سیلە)ی کـوڕی (ئوشـەیم) یـەکێ بـو لەوانـەی هـاوەڵانی پێغەمبـەری خوای بینیبو - درودو سڵاوی خـوای لەسـەر کەسـێکی لـە خـوا تـرس‌و دنیـا بـە کـەم گربو:

لە پێناوی تێکۆشان لە ڕێی خوا بەرەو باکور دەکەوێتە ڕێ، شەوی بەسەر دادێ بە مەبەستی نوێژکردن بەرەو دارستانێك دەڕواو، دەچێتە ناو درەختەکانو دەستنوێژ دەگرێو، دەستدەکا بە نوێژ، شێرێك زۆر بەتاو شاڵاوی بۆ دێنێ، لێی نزیك دەبێتەوە ئەویش لەناو نوێژدایە، لە دەوری دەخولێتەوە، (سیلە)ی کوڕی (ئوشەیم) دو ڕکات دەکا ئەوسا سلاو دەداتەوە، دوای ئەوە بە شێرەکە دەڵێ: ئەگەر فەرمانت پێکراوە فەرمو وەرە بم خۆ، ئەگەرنا وازم لێبێنە با لە پەروەردگارم وەپارێمەوە. شێرەکە وازی لە (سیلە) هێنا بۆخۆی نوێژ بکا، کلکی شۆڕکردو ئەوێی بەجێهێشت.

دەشتوانێ کتێبی (البدایة والنهایة)و جگە لەویش لە کتێبەکانی مێژو سەرنج بدەی، لە نوسراوو ژیاننامەی هاوەڵاندا سەرگوزەشتەی (سەفینە)ی خزمەتکاری پێغەمبەری خوا - درودو سلاوی خوای لەسەر - باسکراوە، کە بەخۆیو چەند هاوەڵێکی لە کەناری دەریاوە دێن، کاتێ ڕێیان دەکەوێتە بیابان لە پڕێکا شێرێك بە گوڕ بەرەو ڕوییان دێ پەلاماریان بدا، (سەفینە) گوتی: ئەی شێر من هاوەڵو خزمەتکاری پێغەمبەری خوام، ئەوانەش هاوڕێی منن ناتوانی زیانمان پێبگەیەنی. شێر پشتی هەڵکردو هەڵات، نەڕەییکی لێوە هات نزیك بو ئەو ناوەی پڕکا.

تەنیا کەسێکی نەسەلێن سەرپێچی لەو داستانو ڕوداوە دەکا، ئەگینا سوننەتو دانانی خوا لە دروست کراوەکانیدا شایەتی بۆ ئەم ڕاستیە دەدەن، ئەگەر لەبەر دڕێژەکێشان نەبوایە دەیەها داستانی ڕاستەقینەم لەو ڕوداوانە ڕیز دەکردن، بەڵام ئەوەندە گوتارە کەڵکت پێبگەیەنێ بەسە بۆئەوەی دڵنیات بکا، پەروەردەکارێکی لێزانو پێزان هەیە هەموپەناو پەسیوێك بۆوی ناپەنایە. بێگومان زانیاریو پێ ئاگاداریو، میهروسۆزو بەسەر ڕاگەیشتنی خوای بێ هاوەدەمو هاوتا، بەسەر خەڵکی ڕادەگا: ﴿ ... مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَىٰ ثَلَٰثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَآ أَدْنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُواْ ... هەتا سێ کەس بەیەکەوە چی بکەن، دیارە ئەو چوارەمینیانەو پێنج بن ئەو شەشەمییانەو کەمتر بنو زێدە تر بن، لەهەر کوێ بن، ئەو هەمیشە دەگەڵیانە. ﴿٧﴾ المجادلة ﴾.

ئەوەنـدە بەسـە، خوا شـایەدو پشـتو پـەنا بـێ

بوخـاری لـە (صـحیح)ەکەیـدا دەگێڕێتـەوە: پیـاوێ لـە (بـەنی ئیـسرائیل) داوا لـە پیاوێکی تر دەکا هەزار دیناری بە قەرز پێ بدا، کابرا دەڵێ: شایەدت هەیـە؟ ئـەویش دەڵێ: تەنیا خوا شایەدمە. دەڵێ: هیچ پشت بەستێکت هەیە؟

ئەویش گوتی: جگە لە خوا کەسێ نیە پشتی پێببەستم. ئەویش گوتی بەسە خوا پشتگیرت بێ. دوای ئەوە هەزار دینارەکەی پێدا، (بەنی ئیسرائیلی)یەکە ڕۆیی و ماوەو کاتێکیان دیاریکرد (بۆ گێڕانەوەی قەرزەکە)، چەمێکیشیان لەنێواندا هەبوە، لەوکاتەی ماوەی قەرزەکە هـەڵات، کـابرا هـات پارەکـە بـۆ خـاوەنی بگێڕێتـەوە، لەسـەر لێـواری چەمەکە چاوەڕێ بو بەلەمێك بێت لەگەڵیدا سواربێ هـیچ بەلـەمێکی دەسـتنەکەوت، شەوی بەسـەردا هـاتو ماوەیـەکی زۆر چـاوەڕێی بـو، کەسـێ نـەبو لەگەڵیـدا سـواربێ، گوتی: خوایە ئەو کابرایە داوای شایەدی لێکردم جگە لەتۆ کەسێ ترم دەسـتنەکەوت، داوای پشتگیرێکی لێکردم، جگە لەتۆ کەسێ ترم دەستنەکەوت، خوایە ئـەو پەیامـەی منی پێ بگەیەنە. دوای ئەوە داڕێکی هێناو هەڵی کـۆڵی، پارەکـەی لەگـەڵ نامەیەکـدا خستە ناوو فڕێی دایە ناو چـەمەکە، بـە یارمـەتیو کۆمـەکیو میهـری خـوای بـەرزو بێهاوتـا دارەکـە بـە ئـاودا ڕۆیـی، کـابرای خـاوەن پارەکـەش لـەو بـەرەوە وەسـتا بـو چاوەڕوانی گێڕانەوەی قەرزەکە بو، چەندی چاوەڕێ بو کەسێ بەدیارنەکەوت، گوتی: جا بۆچی هەندێ دار بۆ سوتان نەبەمەوە ماڵ؟! گەیشتە ئـەو دارەی پارەکـەی لـەناو دابو، دارەکەی دەستدایێو بردیەوە ماڵ، شکاندی دەبینێ پارەکەو نامەیەکی تێدایە.

چـونکێ شـایەدەکە یارمەتیـدا پـاکیو گـەورەیی بـۆ ئـەو، پـشتگیرەکە بـەڵێنی بەجێگەیاند، شکۆداریو پایە بەرزی بۆ ئەو.

﴿... وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ... ئەوانەش کە خوا بە پشتیوان دەزانن، با خۆیان بدەنە دەس خوا. (١١) إبراهيم﴾.

﴿... وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ... ئەگەر ئێوە بڕواتان بـە خـودا هەیـە، خۆتان بە خودا بسپێرن. (٢٣) المائدة﴾.

بـا خـۆراکـت حـەڵاڵ بـێ نزاکـەت گـیـرا دەبـێ

(سەعد)ی کوڕی (ئەبی وەقاس) کە یەکێکە لـەو دە کەسـەی مـزگێنی بەهەشـتیان پێدراوە، دەرگی بەو ڕاسـتیە کـرد، پێغەمبـەری خـوا - درودو سـلاوی خـوای لەسـەر نزای بۆکرد دەستی لە وەشاندن ڕاست بێو نزای گیرا بێ، ئینجا ئەگەر نزای بکردایـە هەروەکو بەیانی دادێ ئاوا نزاکەی گیرا دەبو.

عومـەری کـوڕی خـەتاب - خـوای لـێ ڕازی بێـت - چـەند هـاوەڵێکی نـاردە کوفـە، تـاوەکو لەمـەڕ دادوەری (سـەعد)ی کـوڕی (ئـەبی وەقـاس) پرسـیار بکـەن، خـەڵك بـە چاکە لێی دوان، کاتێ هاتنە مزگەوتێکی تـیرەی (بـەنی عەبـەس)، پیـاوێ هەڵسایەوە گوتی: بۆ دەربارەی (سەعد) پرسیار لە من ناکەن؟ ئەو یەکسانیو دادوەری لە نێـوان خەڵکیدا نانوێنێو، لەناو خەڵکی خۆیدا ناگوزەرێنێ.

(سـەعد) گـوتی: ئـەی خوایـە ئەگـەر ئـەو کابرایـە بـۆ ڕوپامـاییو خۆدەرخـستن هەسـتاوەتەوە چـاوی کوێرکـەییو، تەمـەنی درێژکـەیو، دوچـاری دەردو بەڵایکـەی. کابرا تەمەنی درێژ بو، بروێ بەسەر چاواندا شۆڕبوبونەوە، وایلـێهات لـە کۆڵانـەکانی کوفە پەلی ئەکوتاو خۆی بـە دیوارەکانـەوە دەگـرت، دەیگـوت: پیـرێکی بـەر بـەڵامو، نزای (سەعد)م لێگیـرا بو.

ئـەوەیان پەیوەنـدی هەبونـە لەگـەڵ خـوای بـەرزو توانـا، دڵنیابونـە بـە وادەو بەڵێنیو، ڕاستکردنە لەگەڵیدا، بەرزو دەستە بالایە ئەو خوایـە، پـەروەردێنی جیهانـە. بە هەمان شـێوە لـە کتـێبی (سیـر اعـلام النـبلاء)دا لەمـەڕ (سـەعد) هـاتوە: پیاوێـك هەڵسا جوێنی بـە (عەلـی)دا - خـوای لـێ ڕازی بێـت- (سـەعد) بـەرگری لـە (عەلـی) کـردو، پیاوەکـەش لەسـەر وتـەی ناشـیرنو جوێنـدان بـەردەوام بـو، (سـەعد) گـوتی: خوایە تۆ لە جیاتی من بە فریای بگەی بەوەی حەز دەکەی. وشتێك لە کوفـەوە بـە خێرایی هات، خۆی خزاندە ناو خەڵکو گوێی بـە هـیچ شـتێ نەئـەدا، هـەتا گەیـشتە کابرا، پاشان لە بەردەمو لەبەرچاوی خەڵك بە سمەکانی پێی داکێشا هەتا کوشتی.

﴿ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ ٱلْأَشْهَٰدُ ... بێگومانە ئێمە پێغەمبەرانمان و ئەو کەسانەی کە بڕوایان هێناوە، لە ژیانی ئەم دنیایەدا و لەو ڕۆژەشدا کە شایەتان ڕاست دەبنەوە، یاری دەکەین. (٥١) غافر ﴾.

منیش ئەو سەرگوزەشتانە بۆیە بۆ تۆ دەگێڕمەوە، تاوەکو لە ئاستی وادەو بەڵێنی پەروەردگارتدا بیروباوەڕت پتەوتر بێ، لێی وەپاڕێی و هاواری بۆ بکەی، دڵنیابی ئاوڕلێدانەوەی ئەو ئاوڕلێدانەوەیە، -پاک و بێگەردی بۆ ئەو- ئەویش لە کتێبە پیرۆزەکەیدا فەرمانت پێ دەکا و دەفەرموێ: ﴿ ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ... لە بەرم بپاڕێنەوە، ئەوسا بە دەنگتانەوە دێم. (٦٠) غافر ﴾.

﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِى عَنِّى فَإِنِّى قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ... هەر کاتێکی عەبدەکانم لە مەڕ من لە تۆ دەپرسن، من نزیکم، هەر کەس هانام وەبەربێنێ، بێ وەرامی ناهێڵمەوە. (١٨٦) البقرة ﴾.

(حەجاج) بانگی (حەسەن)ی بەسرایی کرد بۆ ئەوەی ئازاری بدا، (حەسەن) بەڕێکەوت و، تەنیا لە هانا هاتن و ئاوڕلێدانەوەو دڵنیابون بە وادەو بەڵێنی خوای لە دڵدا بو، هانای بۆ پەروەردیاری هێناو، بە ناوە بەرزو پیرۆزەکانی لێی پاڕایەوەو هاواری بۆ کرد، خوا ویست و نیازی (حەجاج)ی کۆڕی و، ترس و لەرزی خستە دڵەوە، هێشتا (حەسەن) هەر لە ڕێ بو (حەجاج) خۆی ئامادە کردبو پێشوازی لێبکا، (حەجاج) لەبەر دەرگا ڕاوەستاو، پێشوازی لە (حەسەن) کردو، لەگەڵ خۆی لەسەر تەختی داناو، بە نەرمو نیانی لەگەڵی دواو بە سۆزەوە هەڵس و کەوتی لەگەڵدا کردو، بۆنی خۆشی لە ڕیشیدا!!

ئەو مل پێ کەچکردنەش تەنیا لە دەستی پەروەردگاری شکۆدارو دەستە بالأیە.

بێگومان میهرو سۆزی خوا بە هەمو جیهاندا دەگەڕێ، جیهانی مرۆڤ و، ئاژەڵ و، دەریاو وشکانی و، بە گیان و بێ گیان و، شەوو ڕۆژی گرتۆتەوە، ﴿ وَإِن مِّن شَىْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ ۗ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا ... هەمو شتێك - بە سوپاسەوە-

پاکانەی ئەو دەکا، بەڵام ئێوە پاکانـەی ئـەوان نابیـسن ئـەو لەسـەرخۆو بـە بوردنـە. ﴿٤٤﴾ الإسراء﴾.

ئـەم هەواڵـە بەڕاسـتی هـاتوە: کـە (سـولەیمان) پێغەمبـەر -سـلاوی خـوای لەسـەر- بەهرەی تێگەیشتن لە زمانی باڵندەی پێ درابو، بـە مەبەسـتی نوێـژە بارانـە خـەڵکی لەگەڵ خۆیدا دەباتە دەرێ، لەو کاتەی لە ماڵەوە بـەرەو جێـی نوێـژ دەرۆیـشت بـینی مێرولەیـەك دو پێیـەکانی بەرزکردۆتـەوە بـۆ ئاسمـان لـە پەروەرنـدەی بـە توانـا دەپارێتەوە داوا لەو خوایە دەکا دەبەخشێو خەڵات دەکا، میهـرو سـۆزی دەنوێنـێو لە هانا دێ، (سولەیمان) فەرموی: ئـەی خـەڵکان بگەڕێنـەوە نـزاو پارانـەوەی غـەیری ئێوە بەستانە.

بە نزای ئەو مێرولەیە بارانە داڕژا، ئـەو مێرولەیـەی (سـولەیمان) - سـلاوی خـوای لەسەر - لە قسەی حاڵی بو، لە کاتێکا سـوپای بـێ شـوماری بـە دوای خـۆی دادەکێـشا، مێـرو لـە ئامۆژیـاری خوشـکانی دەکـا لـە جیهـانی مێرولـەدا: ﴿... قَالَتْ نَمْلَةٌ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمْلُ ٱدْخُلُوا۟ مَسَٰكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١٨﴾ فَتَبَسَّمَ ضَاحِكًا مِّن قَوْلِهَا ... مێرۆچـەیەك مێرولـەکانی دەنگـدا: بـچنەوە نـاو کونـەکان وا تـا سولەیمانو لەشکری –بەبێ ئەوەی پێ بحەسین- دەبەر پێ یانوانەبەن، ئیتر کە ئـەو ئەمانەی گوت (سولەیمان) بزەی هاتێ. ﴿١٩﴾ النمل﴾.

زۆرجاران بەزەییو ئاوڕلێدانـەوەی خـوای بـێ هـاودەمو هاوتـا بـە سـای ئـەو جـرو جانەوەرە دێتە ئاراوە.

(ئەبو یەعلی) ئەسـەرێکی قودسـی دەگێڕێتـەوە کـە خـوا دەفەرموێ: "سـوێند بـە دەسەڵاتو گەورەیی خۆم، ئەگەر پیری پشت چەماوەو، منـاڵی شـیرە خـۆرەو، ئـاژەڵی گیاخۆر نەبوایە، دڵۆپەی ئاسمانم لـێ دەگرتنەوە".

هـــەمـــو شـــتێ بە ســـتایشـــەوە پاکـــانەی پـــەروەردێنی دەنوێنـــێ[٨٨٢]

لە جیهانی باڵندەدا پەپو سلێمانە پەروەردەی خۆی دەناسی، بۆ خوای خۆی ملی کەج کرد، بۆ دروستکاری سەری دانەواند، خـوای بـەرزو توانـا دەربـارەی (سـولەیمان) دەفـــــەرموێ: ﴿وَتَفَقَّدَ ٱلطَّيْرَ فَقَالَ مَالِيَ لَآ أَرَى ٱلْهُدْهُدَ أَمْ كَانَ مِنَ ٱلْغَآئِبِينَ ﴿٢٠﴾ لَأُعَذِّبَنَّهُۥ عَذَابًا شَدِيدًا أَوْ لَأَاْذْبَحَنَّهُۥٓ أَوْ لَيَأْتِيَنِّي بِسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٢١﴾ فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ وَجِئْتُكَ مِن سَبَإٍۭ بِنَبَإٍ يَقِينٍ ﴿٢٢﴾ إِنِّي وَجَدتُّ ٱمْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِن كُلِّ شَيْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ ﴿٢٣﴾ وَجَدتُّهَا وَقَوْمَهَا يَسْجُدُونَ لِلشَّمْسِ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ ٱلسَّبِيلِ فَهُمْ لَا يَهْتَدُونَ ﴿٢٤﴾ أَلَّا يَسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى يُخْرِجُ ٱلْخَبْءَ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُخْفُونَ وَمَا تُعْلِنُونَ ﴿٢٥﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٢٦﴾ قَالَ سَنَنظُرُ أَصَدَقْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٢٧﴾ ٱذْهَب بِّكِتَٰبِى هَٰذَا فَأَلْقِهْ إِلَيْهِمْ ثُمَّ تَوَلَّ عَنْهُمْ فَٱنظُرْ مَاذَا يَرْجِعُونَ ... (ســـــولەیمان) چاوی بە مەلاندا گێڕا، گوتی: چۆنە پەپۆ سلێمانە نـابینم، ئـاخۆ خـۆی دزیوەتـەوە؟ لەسەر ئەمە دەبێ سـزای زۆری پـێ بـدەم، یـان ملـی هەڵـدەقرتێنم، یـان بەڵگەیـەکی ئاشکرا بۆ من بێنێ. ماوەیێ زۆری نەخەیاند، هاتو وتی: من شتێکم دەسکەوتوە کـە دەستەتۆ نەکەوتبو، وا من لە سەباوە هاتوم، دەنگـو باسێکی دروستم بۆ هێناوی. من لـەوێ ژنـێکم دیـوە پاشـایە بـە سـەریانەوەو خـاوەنی هـەمو شـتێکەو تـەختێکی زۆر گەورەی هەیە. دیتم کە خۆیو هۆزەکەی -بێجگە لە خودا- سوژدە دەبەنە بـەر خـۆرو شـەیتان کردەوەکـانی بـۆ خەملاّنـدونو ڕێگـەی هەڵـەی نیـشان داونو ڕێ دەرناکـەن. ﴿وەی کردوە﴾ سوژدە بۆ خودایەك نەبەن کە پێواری ناو ئاسمانەکانو زەوی ئاشـکرا دەکاو، چی وەیشێرنو هەر چیێکی ئاشکرای بکەن، ئەو دەیزانـێ. ئـەو خودایـەی کـە

---

٨٨٢) ئاماژەیە بەو ئایەتە: ﴿وَإِن مِّن شَىْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِۦ ...﴿٤٤﴾ الإسراء﴾.

لەو بە دەر هیچ شت بۆ پەرستن نابێ‌و ئەو پەروەردێنی تەختی هەرە مەزنە. گوتی: بەم زوانە دەڕوانین تا بزانین بە ڕاستت بو، یان تۆش هەر لە درۆزنانی. ئەم نامەیان بۆ بەرەو بۆیان باوێژەو ئەوسا تۆزێك دورکەوەو بنواڕە وەڵامیان چیە؟ ﴿النمل ٢٨﴾.

پەپۆ سلیمانە ڕۆیشتو، ئەم داستانە دورو درێژەش ڕویداو، ئەو دەرەنجامە مێژوویەشی لێ کەوتەوە، هۆی ئەم ڕوداوەش ئەو باڵندەیە بو پەروەردگاری خۆی ناسی، هەتا هەندێ لە زانایان دەڵێن: سەیرە! پەپۆ سلێمان لە فیرعەون ژیرو داناتر بو، لەبەرئەوەی فیرعەون لە هێمناییدا بێ باوەڕ بو لە تەنگانەدا باوەڕهێنانی دادی نەدا، کەچی پەپۆ سلێمانە لە هێورەییدا باوەڕدار بو، ئەوسا لە تەنگانەدا باوەڕەکەی بە کەڵکی هات.

پەپۆ سلێمان گوتی: ﴿أَلَّا يَسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي يُخْرِجُ الْخَبْءَ ... ﴿وەی کردوە﴾ سوژدە بۆ خودایەك نەبەن کە پەنهانی ناو ئاسمانەکان‌و زەوی ئاشکرا دەکا. ﴿النمل ٢٥﴾.

فیرعەونیش گوتی: ﴿مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرِي ... ﴿ئەی دیوەخان نشینەکان!﴾ وا نازانم غەیر لە من خوایەکتان هەبێ. ﴿القصص ٣٨﴾ .

کەسی بەدبەخت ئەو کەسەیە پەپۆ سلێمانە لەوی ژیرتر بێ‌و، مێرولە بۆ بەرژەوەندی خۆی وریاتر بێ.

کەسی کەودەن‌و مایەپوتیش ئەو کەسەیە ڕێگا چارەی ژیانی لێ تاریك بێ‌و، هیواو ئومێدی دابڕدابڕ بێ‌و، ئەندامەکانی سەبارەت بە سودگەیاندن لەکارکەوتو بێ، ﴿... لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَا ... دڵیان هەیەو پێی تێ ناگەن، چاویان هەیەو پێی نابینن، گوێیان هەیەو پێی نابیسن. ﴿الأعراف ١٧٩﴾.

لە جیهانی هەنگدا میهری خودا دەبینرێ‌و، بەهرەو خەڵاتی وەبەرچاوان دەکەوێ، کۆمەکی‌و هاریکاری خوا ئەو جانەوەرە چوکەڵەو کزو لاوازە دەگرێتەوە، بەوشێوەیە خوا دەستەمۆی کردوە لە شانەی خۆی دەردەچێ‌و، بەدوای ڕۆزیدا دەگەڕێ، تەنیا لەسەر شتی پاك‌و پاراو دەنیشێ، شەیداو ئەوینی گوڵانەو، شیلەیان لێ هەڵدەمژێ،

کاتێ دەگەڕێتەوە ئـەو هەنگوینـەی هـەڵگرتوە لـە جۆرەهـا ڕەنـگ پێکهـاتوەو جـارەی دەردانی تیایە، لە گەڕانەوەیدا سەری لێناشێوێ، ڕێگای ون ناکـا، شـانەی خـۆی پـێ دەزانێ، خۆی دە شانەیەکی تـر ناخـا، ﴿ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ أَنِ ٱتَّخِذِى مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴿٦٨﴾ ثُمَّ كُلِى مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسْلُكِى سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا ۚ يَخْرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ... خـــوا مێشەنگوینی ڕائەسپارد، کە: لە کێوانو دارانو ئـەو شـوێنی هـەڵی دەبەسـتن، شـوێنی ژینی خـۆت هەڵبەسـتە. پاشـان لـە گـشت بـەروبوو بـژێوت بمـژە، ئـیتر بـە ملکەچی- ڕێگـەی ڕاهێنـەری خـۆت بگـرەبـەر. لـە دەرونـی شـیلاوێکی هەمـە ڕەنگـە دێتـەدەرێ، چارەی بۆ مەردم تێدایە، کە لەمەشدا بۆ کەسانێ ڕادەمێنن نیشانەیە. ﴿١٦﴾ النحل ﴾ .

ئاسـودەبونی تـۆ بـەو سەرگوزەشـتەو داسـتانەو، پەنـد لـێ وەرگـرتنی لەوەدایـە: دڵنیـابی لـە پەنهانـەوە میهـرو سـۆزێك هەیـە خاوەنەکـەی خوایـەکی تـاكو تەنیایـە، تاوەکو هەر لەوی بخوازیو، تەنیا داوا لەوی بکەیو، خێرو خۆشیش هەر لە دەروازەی ئومێدی ئەو چاوەڕێکەی، ئاواش حاڵی بی ئـەرکێکی شـەرعیت لەسـەر شـانە دانـراوی خوای میهرەبانەو دابەزیوی ئاسمانە، ئەویش بریتییە لەوەی گرنۆش بۆ خودا ببەی، سوپاسو ستایشی بکەی، کارو فەرمانی خۆتی بە تەما کەی، بە دڵەوە ڕوی خۆت لەو بکەی. پێویستە لەسەرت دڵنیا بی جگە لە خوا ئەو هـەمو مـرۆڤ گەلـە، ئـەو جیهانـە زەبەلاحـە، تۆزقالێـك دادی تـۆ نـادەن، ئـەوان خۆیـان هـەژارن، هـەمویان ئاتـاجی پەروەردگارن، هەر لە بەیانی تا ئێوارە ڕۆزیو بـژێوی لـەو دەخـوازن، لـەش سـاخیو تەندروستیان، کامـەرانیو ئاسودەیی یـان، پلـەو پایـەو کەلوپـەلیان، لـەو خوایـە داوا دەکەن، هەمو دروستکراوێ مولکی ئەوە.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ أَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ ... ئەی خەڵکینـە! ئێـوە بە خودا ئاتاجن، هەر خودایە بێ نیازەو هێژایە پەسندی بدرێ. ﴿١٥﴾ فاطر ﴾.

لەسـەرت پێویـستە بـەبێ گومـانو دودڵی بزانـی، تـەنیا خـودا سـەرتدەخاو ڕێـی ڕاستت نیشان ئەدا، دەتپارێزێو کاروبارت بەڕێ ئەبا، پارێزگاریت لـێ ئەکاو خـەڵاتت دەکا، لەسەرت پێویستە ڕوی دڵت تەنیا ئاراستەی ئەو بێ، پەروەردێن بە تاك بناسـیو

پەرستشت هەر بۆ ئەو بێ، داواو خواستت هەر لە ئەو بێو، ئومێدیشت هەر بە ئەو بێ، لەسەریشت پێویستە ڕادەی ڕێزی مرۆڤ بناسیو، دڵنیا بی دروستکراو ئاتاجی دروستکارە، ئەوەی دوایی دەبڕێ ئاتاجی خوایەکی هەمیشە زیندوە، هەژارو نەدار ئاتاجی خوای بێ نیازە، هێزو تواناو بێنیازی دەسەڵاتی ڕەهاو هەمیشە زیندویی تەنیا شیاوی خوان. ئەگەر ئەوە تێگەیشتی، ئەوسا بە سای بەندایەتیو خۆیەك لاکردنەوە بۆ خواو، خۆ نزیك خستنەوە لە خوا بەختەوەری وەدەست بێنە، ئەگەر داوای لێبوردنت لێکرد لێت دەبوورێ، ئەگەر بۆ لای گەڕایەوە وەرتدەگرێ، ئەگەر لێی پاڕایەوە پێت دەبەخشێ، ئەگەر ڕۆزیت لێ داوا کرد بە شت ئەدرێ، ئەگەر داوای پشت گیریت لێکرد پشتت دەگرێ، ئەگەریش سوپاست کرد پترت پێ ئەدرێ.

بە خـوای بـەرزو توانـا قایـل بـە

((رضیت بالله ربا، وبالاسلام دینا، وبمحمد ﷺ نبیاً... خودام بە پەروەردیارو، ئیسلامم بە ئایینو، (موحەممەد) -درودو سلاوی خوای لەسەر- بە پێغەمبەر قەبوڵە)).

ئەو فەرمودەیە ئەوە لە ناوەخۆ دەگرێ، کە ڕەزامەندی لە پەروەردەت بنوێنێ - گەورەیی بێ وێنەیی بۆ ئەو- ئینجا بە یاساو بەرنامەی قایل بیو، لە قەزاوقەدەری ڕازی بی، جا چ خۆشی بێ یا ناخۆشی، شیرین بێ یا تاڵو سوێری.

بێگومان ئەوە ڕاست نیە باوەڕ بە قەزاو قەدەر تەنیا خۆشیەکان بگرێتەوە، بەو شێوەی هەر لەو کاتە بە قەزاو قەدەر قایل بی کە لەگەڵ خواستو ئارەزوەکانتدا یەك دەگرێتەوە، ڕوگرژو ناقایلیش بی ئەگەر بەگوێرەی ویستو ئارەزوی تۆ ڕوی نەدا، نابێ بەندە بەم شێوەیە مامەڵە بکا.

کەسانێ هەبون لە هێمناییدا بە پەروەردەکاریان قایل بونو، لە کاتی دەردو بەڵاش ڕوگرژ بون، لەکاتی هەبوییدا ملکەچبونو لە تەنگانەو نەبونیدا لاسار بون، ﴿... فَإِنْ أَصَابَهُۥ خَيْرٌ ٱطْمَأَنَّ بِهِۦ ۖ وَإِنْ أَصَابَتْهُ فِتْنَةٌ ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجْهِهِۦ ۚ خَسِرَ ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةَ ۚ ... ئەگەر

چاکەیەکی توش هات، بەوە لە خوا دڵنیایە، ئەگەر بەڵاشی بەسەر دێ، بەرەو پاش دەگەڕێتەوە دنیاش و قیامەتیشی چو. ﴿١١﴾ الحج ﴾.

عەرەبە لادێیەکان موسڵمان دەبون، ئینجا ئەگەر لە کاتی موسڵمانەتییاندا خۆ شێڵك ڕوی تێ دەکردن وەکو باران بارین و، گیا شین بون و، شیر زۆر بون، دەیانگوت: ئەوە ئایینێکی خێردارە. دەستیان بە ئایینەوە دەگرت و مل کەچ دەبون. ئەگەر جگە لەمەیان هاتبایە پێش، وەکو وشکە سااڵێ و، بێ بارانەیی و، بێ لەوەڕی و، هەژاری و نەداری، ئەوا بەرەو دواوە دەکشانەوە و، پشتیان لە پەیام و ئایینەکەیان هەڵدەکرد.

کەوایە ئەو موسڵمان بونە بۆ هەواو هەوەس ملکەچ بونە. چونکێ کەسانێ هەن سەبارەت بەوە لە خوای بەرزو بێ هاوتایان قایلن، لای خوا هەڵدەبژێرن، تەنیا ڕەزامەندی ئەویان گەرەکە و، چاویان لە پاداشت و خەاڵتی ئەوەو، هەوڵو گەڕیان بۆ دواڕۆژە.

لە ڕاستیدا کەسێ خوا بۆ بەندایەتی هەڵێ بژێرێ و، بۆ خزمەت و سود گەیاندن بە موسڵمانان ڕێزی لێبنێ و جیای کاتەوە، لەگەڵ ئەوەی بەو هەڵبژاردن و جیاکردنەوەو ڕێزلێنانە قایل نەبێ، شیاوە بەوەی تا هەتایە لەناوبچێ و، ببڕای ببڕ تێبچێ: ﴿ ... ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنۡهَا فَأَتۡبَعَهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ ... نیشانەکانی خۆمان پێ بەخشی بو، خۆی لێبواردن، ئەوسا شەیتان وە دوی خۆی دواکەوتە ناو ڕێزی گومڕایان. ﴿١٧٥﴾ الأعراف ﴾.

﴿ وَلَوۡ عَلِمَ ٱللَّهُ فِيهِمۡ خَيۡرٗا لَّأَسۡمَعَهُمۡۖ وَلَوۡ أَسۡمَعَهُمۡ لَتَوَلَّواْ وَّهُم مُّعۡرِضُونَ ... ئەگەر خودا بیزانیبا خێرێکیان دەباراندایە، کارێکی دەکرد ببیسن. خۆ ئەگەر گوێ بیستنیشی پێ بدا بان، هەر ڕویان لێ وەردەگێڕاو خۆیان دەبوارد. ﴿٢٣﴾ الأنفال ﴾ .

بێگومان ڕەزامەندی دەروازەی گەورەترین دێندارییە، ئەوانەی لە پەروەردگێنیان نزیك دەکەونەوە، بە ڕێنمایی خوا دڵ شادن، بۆ فەرمانی ملکەچن، بۆ یاساو بەرنامەی گوێڕایەڵن، لەو دەروازەیە دەردەچن. پێغەمبەری خوا - درودو سااڵوی خوای لەسەر - مااڵو دەستکەوتی شەڕی (حونەین)ی دابەش کرد، بڕێکی زۆری دایە موسڵمانە دواییەکان و سەرکردە عەرەبەکان، هیچی نەدا بە یاریدەدەران، چونکێ

دەیزانـی ئـەوان ڕەزامەنـدی‌و دڵنیـایی‌و بـاوەڕو فـەڕو چاکەی زۆریـان لەدڵـدا هەیـە، هـەروەکو بڵێـی گازانـدەیان کـرد چـونکو لـە مەبەسـتەکە ئاگـادار نـەبون، ئینجـا پێغەمبەری خوا - درودو سڵاوی خوای لەسەر - کۆیکردنـەوەو نهێنی ئـەم کارەی بـۆ ڕون کردنەوە، هەوالّی پێدان خۆی لەگەڵ ئەوانەو خۆشی ئەوێن، هەر لەبەر ئـەوەش ئەو ماڵەی داوەتە ئەو کەسـانە دڵیـان بـۆ ئیـسلام ڕابکێـشێ، چـونکی باوەڕیـان تـەواو دانەسەپاوە، بەڵام بە یاریدەدەرانی فـەرمو: ((**اما ترضون ان ينطلق النـاس بالـشاء و البعيـر، وتنطلقون برسول الله ﷺ الـى رحالكم؟! الانصار شـعار، والنـاس دثـار، رحـم الله الانصـار، وابناء الانصار، وابنـاء الانصار، لو سـلك النـاس شـعبا ودايـاً، وسـلك الانصار شعبا وادياً لسـلكـت وادي الانصـار و شِـعْـب الانـصار**... بـەوە قایـل نـین خەڵکان مەڕو وشـتریان لەگەڵە خۆیـان دەبەنـەوە، ئێـوەش پێغەمبـەری خـوا - درودو سڵاوی خوای لەسەر - بۆ ماڵی خۆتـان دەبەنـەوە؟! ئەنـساریەکان دروشمـن، خـەڵکانی تـر پـەڕۆی سـەر دروشمـن، خـوا سـۆزی بـۆ ئەنـساریەکانو، ڕۆڵـەکانیانو، کـوڕی کوڕەکانیـان بنوێنـێ، ئەگـەر خـەڵکان شـیوو دۆڵاییـك بگرنەبـەرو، ئەنـساریەکانیش شیوو دۆڵاییّك بگرنە بەر من ئەو شیو دۆڵایی یەی ئەنساریەکان دەگرمە بەر.

ئەوسـا خۆشـیو شـادی دای پۆشـینو، نـاخی پڕکـردن، ئارامیـان بەسـەر داڕژاوە، ڕەزامەندی خواو، پێغەمبەری خوایان وەدەست هێنا - درودو سڵاوی خوای لەسـەر -. ئەوانەی ڕەزامەنـدی خوایـان گەرەکـەو، شـەیدای بەهەشتێکن پانتاییەکـەی بـە قـەد ئاسمانەکانو زەمینە، ئەگەر بێو لە پێی ئەو ڕەزامەندیەو، لـە بـری ئـەو بەخـشش‌و خەڵاتە بێ وێنەیە دنیایان سەر لەبەری پێ بدرێ قەبوڵیان نیە.

عەرەبێکی دەشتەکی لەبەردەستی پێغەمبەری خـوا - درودو سڵاوی خـوای لەسـەر – موسـڵمان بو، پێغەمبەری خوا - درودو سڵاوی خوای لەسەر - هەنـدێ مـاڵی پێـدا، ئەو گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، من لەسەر ئەوە پەیمانم بە تۆ نەداوە.

پێغەمبـەری خـوا -درودو سـڵاوی خـوای لەسـەر- فـەرموی: ((**علـــى مـــاذا بيعـتنـي؟**... ئاخۆ لەسەر چی پەیمانت پێ داوم؟

گوتی: لەسەر ئـەوە پـەیمانم پێـداوی تیـرێك بـە تیـژی بـەرەو ڕوم بـێ بـە ئێـرەم کەوێ (ئاماژەی بۆ گەردنی کرد) ئەلێرەش دەربچێ (ئاماژەی پشتی ملی کرد).

پێی فەرمو: ((إن تصدق الله يصـدقُكَ... ئەگـەر لەگـەڵ خـوا ڕاست بکـەی ئـەویش بـۆت جێبـەجێ دەکـا. شـەڕ داگیـرسا تیـرێك بـە تیـژی بـەرەو ڕوی هـاتو دای لـە گەردنی، بە پەروەردگاری شـادبۆوە ئەو لە خوا ڕازی بو خواش لەوی ڕازی بو.

جارێکی تریشیان هەندێ سامانی دابەش کـرد -درودو سـلاوی خـوای لەسـەر- دایـە ئەوانەی دین گرچو باوەڕ کاڵ بون، لە جیهانی چاکەکاریدا تەنك دەسـت بـون، نـەیـدا بە کەسانێ شـمشـێریان لە ڕێی خوادا کۆڵ بون، مـاڵو سامانیان کـردە قوربـانـیو، لـە پێناوی جیهادو بەرگری کردن لە ڕێی ئیسلاما زامـدار بـون، دوای ئـەوە پێغەمبـەری خـوا - درودو سـلاوی خـوای لەسـەر - لـەناو مزگـەوتا هەڵسایەوەو وتـارێکی بـۆ خوێندنەوەو، مەسەلەکەی ڕۆشن کردەوە، پێی وتـن: ((اني اعطـي اناسـاً جعـل الله فـي قلوبهم من الجـزع والطمع، وادع اناسـاً لـما جعل الله فـي قلوبهم من الايـمان -أو الخيـر- مـنهم: عمـرو بـن تغلـب... بۆیـە بـە هەنـدێ کەسـم بەخشیوە چونکێ خـوا بێئارامیو چاوبرسێتی خـستۆتە دڵیانـەوە، بەشی کەسانێکیـشـم نـەداوە چونکـێ خـوا بـاوەڕ - یـاخود چاکـەی- خـستۆتە دڵیانـەوە، (عـەمر)ی کـوڕی (تـەغلیب) یەکێکە لەوانە)).

ئەوسا (عەمر)ی کوڕی (تەغلیب) دەڵێ: ئەو وتەیەم ئەوەنـدە لا خـۆش بـو حـەزم نەئەکرد بە دنیاو ئەوەی تیایەتی بیگۆڕمەوە.

بە ڕاستی ئەوە ڕازی بونە بـە خـوای بـەرزو توانـا، هەڵبـژاردنی خـەڵاتی خوایـەو، قایل بونە بە بڕیاری پێغەمبەری خـوا - درودو سـلاوی خـوای لەسـەر - بێگومـان لـە لای هاوەڵێك دنیا بارتەقای وتەیەکی خۆشی پێغەمبـەری خـوا -درودو سـلاوی خـوای لەسەر- نرخی نیە.

گومان لەوەدا نیـە پێغەمبـەری خـوا -درودو سـلاوی خـوای لەسـەر- وا دەو بـەڵێنی کۆشکو تـەلارو، ناوچـەو هـەرێمو، بـاخو گوڵشەنی بـە هـیچ کام لـە هاوەڵانی نـەدا، بەڵکە پێغەمبەری خوا درودو سلاوی خوای لەسەر- بەڵێنی ڕەزامەندیو، بەهەشتو خەڵاتێکی نەبڕاوەی بە یاوەرانی ئەدا. پێی دەفـەرمون: کـێ ئـەم کـارە ئـەنجام ئـەداو بەهەشتی بۆ هەبێ؟

بە یەکێ تری دەفەرمو: ئەو هاوڕێی من بێ لە بەهەشتا؟ چونکێ ئەو سامانەی ئەوان بەخشییان؟ ئەو ئەشکەنجەو ڕەنجەی کێشایان، ئەو کردو کۆشەی پێش کەشیان کرد، تەنیا لە دوا ڕۆژا وەلامی ئەدرێتەوە، سەبارەت بەوەی دنیاو ئەوەی تیایەتی بەرابەر ئەو هەوڵە بێ وێنەیەی پێ ناکرێ، چونکێ بێ نرخو بێ بایەخە، بێ سەنگو بێ بەهایە.

(تیرموزی) دەگێڕێتەوە: کە (عومەر) -خوای لێ ڕازی بێت- داوا لە پێغەمبەری خوا دەکا - درودو سلاوی خوای لەسەر- ڕێگای پێ بدا بچێ عومرە بێنێتەوە، ئەویش پێی دەفەرموێ: ((لا تنسنا من دعائك يا اخي... ئەی برالە، لە نزاکردنتدا لە بیرمان نەکەی.

ئەوەی ئەو قسەی کرد پێغەمبەری ڕێنماکارە - درودو سلاوی خوای لەسەر-، ئەو پێشەوایە بێ گوناهەیە لا پرەسەنی [٨٨٣] قسە ناکا، وەلێ ئەو دەستەواژەیە، پەیڤێکی بە سەنگو پڕ بایەخو بێ وێنەیە، دوا بەدوای ئەوە (عومەر) گوتی: ئەوە وشەیەکە بە دنیاو ئەوەی تیایەتی نایگۆڕمەوە.

دەی تۆش بوار بەخۆت بدە بیرکەیتەوە، کە پێغەمبەری خوا -درودو سلاوی خوای لەسەر- بە تۆ بڵێ: برالە، لە نزاکردنتدا لە بیرمان مەکە:

ئەو ڕەزامەندیەی پێغەمبەری خوا -درودو سلاوی خوای لەسەر- بەرامبەر پەروەردێنی نواند لە باسو لێدوانی خەڵکان ژۆراتر بو، ئەو بە هەبویی و نەبویی قایل بو، لە شەڕو لە ئاشتیدا قایل بو، لەکاتی دەسەلاتو بێ دەسەلاتیدا، لە تەندروستیو نەخۆشیدا، لە تەنگانەو هێمناییدا قایل بو.

تاڵیو سوێریو جەرگ سۆزی بێدایكو باوکاتی بینی ئەوسا قایل بو ئەوەندە هەژارو دەست تەنك بو لە جۆری خورمای خراپی تێر نەخوارد، لە تاوی برسێتی بەردی لەسەر سکی پێچا، ڕبە جۆیێکی لە جولەکەیێ بە قەرز وەرگرتبو زرێیەکەی بە بارمتە لەلا دانا بو، لەسەر حەسیر دەخەوتو شوێنی لە کەلەکەی دەرچوبو، سێ ڕۆژی بە سەرا تێپەڕیوە هیچ خۆراکێ نەبوە بیخوا، لەگەڵ ئەوەدا لە پەروەردگاری

---

٨٨٣) لە گۆترە/ لە خۆرە.

جیهان قایل بو: ﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِىٓ إِن شَآءَ جَعَلَ لَكَ خَيْرًا مِّن ذَٰلِكَ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ وَيَجْعَل لَّكَ قُصُورًا ... مەزنایەتی هەر بۆ کەسێ ئەگەر حەزکا لەوە چاترت دەداتێ: باغاتێکت پێ دەبەخشێ جۆباریان بە بەردا دەڕواو چەند کۆشکیشت بۆ دادەنێ. ﴿١٠﴾ الفرقان ﴾.

لە کاتێ ڕووبەڕووبونەوەی یەکەمدا، ئەو ڕۆژەی لەگەڵ کۆمەڵو دەستەی خوادا پێغەمبەری خوا - درودو سڵاوی خوای لەسەر - لەلایەکەوە وەستا بو، هەمو دنیاش بە پیادەڕەوو سوارەوە، بە مااڵو سامانو خۆهەڵکێشانو تڕو فیزەوە لەلایەکی تڕەوە وەستابونو دژایەتیان دەکرد، ئەوسا کەش لە خوای پەروەردیاری قایل بو.

لە ساتی تەنگانەدا، ئەو ڕۆژەی مامی مردو، (خەدیجە)ی هاوسەری کۆچی دوایی کرد، بە تووندترین شێوە ئازاردرا، بە درۆزن لەقەڵەم درا، ئابرووشکۆی لەکەدار کرا، بەوجۆرەی پەیامی ڕاستیان دەشێواند، پێیان دەگوت: درۆزنە، سیحربازە، جادوگەرە، شاعیرە، شێتە، ئا لەو ساتەدا لە خوا ناڕەزایی نەنواند.

ئەو ڕۆژەی لە خاکو زێدی، لە یاریگاو، جێی گاڵتەوگەپی سەردەمی منااڵی و، هەڕەتی الوێتی وەدەرنرا ڕوگرژو ناقایل نەبو، بەرەو مەککە ئاوڕی دایەوەو ئەسرین لە چاوی تکا، فەرموی: ((إنك أحب بلاد الله إليّ، ولولا أن أهلك أخرجوني منك ما خرجت... بەڕاستی تۆ بە الی منەوە خۆشەویستترین وڵاتی خوای، ئەگەر بهاتایەو خەڵکی تۆ منیان لە تۆوە دەرنەنابوایە، دەرناچوم. گازاندەی لە خوا نەکرد لەو ساتەی ناچار کرا مەککە جێبهێڵێ و، بەرەو مەدینە بکەوێتە ڕێ، کە بە هەر الیێدا بڕۆیشتایە بەربەستیان لەڕێ دانا بو، بە وڵاخی سواری ڕاویان ئەنا.

ئەو کاتەی بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی بەرەو (تائیف) ڕۆیی، بە ناشیرینترینو خراپترین شێوە پێشوازیان لێکردو وەاڵمیان داوە، ئەوەندە بەردی پێ داکێشرا هەتا خوێنی لێچۆڕا، ئەو جارەش لە خوای خۆی ناقایل نەبو. لە هەمو جێگاو شوێنێکدا، لە هەمو کاتو سەردەمێکدا لە پەروەردێنی بە گازاندە نەبو. لە جەنگی (ئوحود) سەری (پیرۆزی) قرنجا [٨٨٤]، ددانی (پیرۆزی) شکا، مامی کوژرا،

---

٨٨٤) قنجا / شکا / بریندار بو.

هاوەڵانی سەریان بڕا، سوپاکەی تێك شكێنرا، ئینجا دەیفەرمو: ((صـفّوا ورائـي لاثنـي علـى ربّي... له دوامەوە ڕیز ببەستن تاوەکو ستایشی پەروەردگارم بکەم)).

بێباوەڕانی هاوبەش پەیداکەرو، جولەکەو دوڕوان له دژی ئەو پەیمانیان بەست، ئەو نارەزایی له پەروەردگاری دەرنەبڕیو، لە ڕوياندا وەستاو، كارو فەرمانی دایە دەست خواو پشتی به ئەو بەست.

پاداشتی له خوا قایل بونی - درودو سڵاوی خوای لەسەر - بوە مایەی خوا لێ قایل بونی: ﴿ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰ ... بەم زوانەش پەروەردەت چاکەی وا هات دەگەڵ دەکا، ڕازی دەبی. ﴿٥﴾ الضحى ﴾.

زایەڵەی[٨٨٥] دۆڵی نەخڵە[٨٨٦]

پێغەمبەری بێ گوناە - درودو سڵاوی خوای لەسەر - لەو مەککەیەدا، کە جێ ماڵو جێ حاڵی بو، جێی ڕۆڵەو خاك‌و ولاتی بو وەدەرنرا، شار وەدەرو هەترە کرا[٨٨٧]، پەنای بۆ (تایف) برد لەوێ بە دڵ ڕەقی‌و بە درۆ زانین پێشوازیان لێکردو بەخێریان هێنا، بە ئازاردان‌و بەرد لێدان، بە وتەی نەشیاو جوێندان وەڵامیان داوە.

فرمێسکی خەمی له چاوان دەتکا، پێیەکانی لە خوێنی پاکی هەڵچۆڕا، دڵی بە داخی ئەو مەرگەساتە دەسوژا[٨٨٨]، پەنا بۆ کوێ ببا؟ له کێ داوا بکا؟ سکاڵای بۆ کێ بکا؟ لای کێ ڕازی[٨٨٩] خۆی بدرکێنێ؟ بۆ ئەو خوایە هانا دەبا فریادڕەس‌و دەسەڵاتدارە، باڵادەست‌و هەرە زاڵە.

---

٨٨٥) چریکە/ هاوار.

٨٨٦) ناوی ئەو دۆڵایی یە بو پێغەمبەری خوا ﷺ نزای تێدا کرد.

٨٨٧) دەربەدەر کرا.

٨٨٨) دەسوتا.

٨٨٩) نهێنی.

پێغەمبەری خوا - درودو سلاوی خوای لەسەر - ڕوی لە ڕوگە [٨٩٠] کردو، خواستی ڕوەو خوا کردو، ستایشی پەروەردێنی کرد، چەند ڕستەو دەستەواژەیێکی بە جۆش‌و خرۆش‌و ڕاستگۆیانە لە دەمی پیرۆزی هەڵقوڵا، نزای کردو پاڕایەوە، مەزڵومیەت‌و مەینەتیەکەی بۆ خوا خۆی گێڕایەوە، پێیدا گرت‌و ئەسرینی لە چاون هەڵڕشت.

گوێ بگرە بۆ داواکەی پێغەمبەر - درودو سلاوی خوای لەسەر - کە لە دۆڵی نەخلە زایەڵەی بۆ خوداوەندی پەروەردەی هەڵدەبڕێ: ((اللّهم إني أشكو إليك ضعف قوتي وقلة حيلتي وهواني على الناس، أنت أرحم الراحمين، ورب المستضعفين، وأنت ربي، إلى من تكلني؟ إلى قريب يتجهَّمني، أو إلى عَدُو ملّكته أمري، إن لم يكن بك عليَّ غضب فلا أبالي، غير ان عافيتك هي أوسع لي، أعوذ بنور وجهك الذي أشرقتْ له الظلمات، وصلح عليه أمر الدنيا والآخرة، أن ينزل بي غضبك، أو يحل بي سخطك، لك العتبى حتى ترضى، ولا حول ولا قوة الا بك... پەروەردگارا، بێهێزی‌و کەمدەسەڵاتی‌و بەکەم سەیرکردنم لەلایەن خەڵکەوە بە تۆ ڕادەگەیەنێنم، تۆ میهرەبانترینی میهرەبانانی‌و، پەروەرگاری بێ چارانی و, پەروەردگاری منیشی، بە کێم دەسپێری؟ بە خزم‌و کەسێ ڕوی لە من گرژ کردوە، یا بە دوژمنێك کارو فەرمانی منت خستۆتە ژێر دەستی، ئەگەر تۆ لێم تورە نی باکم نیە، تەنیا ئەوەندە هەیە بەخشندەیی تۆم بۆ من فراوانترە، پەنا دەگرم بەو نورەی تۆ، کە تاریکیەکانی پێ ڕوناك بۆتەوەو، کارو فەرمانی دنیاو دوا ڕۆژی لەسەر دامەزراوە، لەوەی رقی تۆم بەسەردا بێتە خوارێ، یاخود تورەیی تۆ بمگرێتەوە، هەتا ئەڵێی بەسە ڕازی بون بۆ تۆ، هیچ هێزو توانایێکیش نیە مەگەر بە سای تۆ)).

---

٨٩٠) قیبلـه.

چـەند خـەلاتێك بۆ كۆمـەڵو دەسـتەی یەكـەم

﴿لَّقَدْ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ... ئـەو دەسـتە خـاوەن بـاوەڕەی كـەوا لـە زۆر دارەكەدا دەگەڵتا بونە هاوپەیمان، خودایان لێ ڕازی بوە، دەیزانی چیان لەدڵدایە. سا ئۆقرەو دڵنیایی نارده سەریانو بە سەركەوتنێكی نزیك پاداشی دان. ﴿١٨﴾ الفتح﴾.

ئەو ئامانجەی بڕواداران خواستویانەو، ئەوەی ڕاستگۆیان بە شوێنیدا وێڵ بوینەو، براوەو سەركەوتوان لەسەری سوربونە لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا گەورەترو بەرزترو، سودمەندو بەهەڕمێن تر نیە.

بێگومـان ڕەزامەنـدی لـە هـەموئاواتو خواسـتێك ژۆرڕاتـرو بڵنـدترە، لـە هـەمو بەهرەیەكیش بەهادارترە. دەبینین لێرەدا ئایەت دەربارەی ڕەزامەندی خوا دابەزیوە، كەچی لە شوێنێكی ترا باسی لێخۆشبون دەكا: ﴿لِّيَغْفِرَ لَكَ ٱللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنۢبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ ... هەتا خودا لە هەڵەكانی پێشوتو لەو هەڵانەی لەوە بەولاوە توشیان دێی عافوت بكا چاوپۆشیت لێبكا. ﴿٢﴾ الفتح﴾.

لە جێگایەكی تر باس لە تۆبە دەكا: ﴿لَّقَد تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلنَّبِيِّ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ ... خوا لە پێغەمبەرو ئەوانەی دەربەدەرنو ئەوانەی یاریدەدەرن، خۆش بوە. ﴿١١٧﴾ التوبة﴾ .

لەلایەكی ترەوە باس لە چاوپۆشی دەكا: ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ... خوا بت بەخشێ بۆ چ ئیزنت دان؟ ﴿٤٣﴾ التوبة﴾.

بەڵام لێرەدا: چونكێ هاوەڵان لەژێر دارەكە پەیمانیان بە پێغەمبەری خوادا - درودو سڵاوی خوای لەسەر - خوای گەورەش لە ڕازو نیازیان حاڵی بو، سەد دەرسەد

ڕەزامەندی خوایان وەدەست هێنا، ئەوان لەسەر ئەوە پەیمانیاندا ئەو ڕۆحە خۆشەویستەیان لە پێناوی ڕەزامەندی خوای ڕاستەقینەیان بەخت کەن، بۆ ئەوە بو ئەو گیانە بەنرخەیان، ژیانو بونیان بە ڕەزامەندی خوای تاقانە بفرۆشن، دەیانەویست بمرن بۆ ئەوەی پەیامی خوا بژیێ، ئەوان بکوژرێن تاوەکو ئیسلام بسەپێ، ئەوان بڕۆن بەرنامەی خوا بمێنێ.

خوای گەورە لەو بیروباوەڕە تونددو تۆڵەیانو، ئەو نیازو مەبەستە پاکو پاراوەیان حاڵی بو، لە ڕاستیدا شەکەت بونو شەونخونییان کرد، تێنوبونو بە برسێتی بەڕێیان کرد، ژیانیان تەنگ بو دوچاری دەردوبەڵا بون، بەشیان ئەشکەنجەو ئازار بو، بەڵام خوا لێیان ڕازی بو.

لە ڕاستیدا دەربەدەرو شاروەدەر بون، ڕەنجیان کێشاو، دورە وڵاتو شەکەت بون، وەلێ خوایان لێ قایل بو.

ماڵو منداڵو سەروەتو سامانو خانوبەرەیان بەجێهێشت، تاڵایی لێکجیابونەوەو دەربەدەریان چەشت، زەحمەتی ڕێگاو، کولەمەرگی کۆچبارییان بینی، کەچی ڕەزامەندی خوایان دەستەبەر کرد.

ئاخۆ خەڵاتی ئەو تێکۆشەرو خۆبەختکارانە لە پێناوی ئەو دینەدا: مەڕو ماڵاتو وشترو گا بو؟ ئاخۆ دەستکەوتی ئەو بەرگری کارو شۆڕشگێڕانە لە پێناوی ئەو پەیامو بەرنامەدا: کەلوپەڵو سامان بو؟ بۆ پێت وایە گڕی دەرونی ئەو چینو دەستە هەڵبژاردەو ناوازەیە، بە پارەو پولی بێ نرخو کۆشکو تەلاری بەرزو باخو باخاتی بێوێنە دەکوژێتەوە؟ نەخێر.

ڕەزامەندی خوا دەردی ساریژ دەکردن، لێبوردنی خوا ئاسودەیی بەسەردا دەڕژاندن، ئەو دەستەواژەیە، دەرونی فێنک دەکردن: ﴿ وَجَزَىٰهُم بِمَا صَبَرُوا۟ جَنَّةً وَحَرِيرًا ﴿١٢﴾ مُّتَّكِـِٔينَ فِيهَا عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ ۖ لَا يَرَوْنَ فِيهَا شَمْسًا وَلَا زَمْهَرِيرًا ﴿١٣﴾ وَدَانِيَةً عَلَيْهِمْ ظِلَـٰلُهَا وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلًا ﴿١٤﴾ وَيُطَافُ عَلَيْهِم بِـَٔانِيَةٍ مِّن فِضَّةٍ وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَا۠ ﴿١٥﴾ قَوَارِيرَا۠ مِن فِضَّةٍ قَدَّرُوهَا تَقْدِيرًا ... چونکە ئەوان خۆڕاگر بون، لە پاداشا بەهەشتو

حەریری پێدان. لە بەهەشتا لەسەر تەخت پاڵ ئەکەون‌و نە تینی تاوێ دەبینن، نە سەرمایێ. سێبەری درەختەکانی بەسەریانا شۆڕبونەوە‌و میوەکانیان لەبەردەستە. بە دەفری [٨٩١] زێو بە چەندین زەرکی [٨٩٢] مینا، بەسەریانەوە دەگەڕێن. زەرکی زێوین کەڕاس بە قاس سازیان داون. ﴿١٦ الإنسان﴾.

با ڕوخسارت گرژ نەبێ هەرچەندە تیشکی خۆرت لێ ونبێ

پیاوێك لە تیرەی (بەنی عەباس) کەسێکی دەوڵەمەند بو، خوای گەورە خاووخێزان‌و مەڕو ماڵات‌و سامان گەلێکی پێ بەخشی بو، ئەو ماڵو منالّە لە دێی (بەنی عەبەس) لە ناو کەندێك دا، لە خانو بەرەیەکی فراوان دا دەی گوزەراند، ڕۆژێ کابرا وشتری لێ بزر بو بە دوایدا دەگەڕا، هەتا وشترەکەی دۆزیەوە‌و گەڕایەوە سێ ڕۆژی پێ چو، ئەو ماڵو منالّەی لەناو خۆشی‌و هەبوییدا جێهێلاّ، نە باوك‌و نە منالّ خەیاڵی ئەوەیان نەکرد کارەساتیان بەسەردێ.

گەورەو کچکە لێ خەوتبون، لە ماڵو حاڵێکی خۆشدا پاڵ کەوتبون، باوکەش بە دوای ونبوەکەدا دەگەڕێ، لە کۆتا شەودا خوای گەورە لافاوێکی بە لێشاوی بۆ ناردن، هیچ شتێ خۆی لەبەر نەدەگرت، قورو بەردی ڕادەماڵی، خانوبەرەی لە بناغەوە هەڵکێشا، هەمو ماڵو سامان‌و خاوو خێزانی لە بن هێنا، لەگەڵ شەپۆلی ئاو گیانیان لەدەستدا، دوای هەبونیان هەر ناویان ما، هەروەکو بڵێی نەبو بن وایان لێ هات، تەنیا لەسەر زمانی خەڵك ناویان دەهات.

دوای سێ ڕۆژان باوکە بەرەو دۆڵایی یەکە گەڕایەوە، گوێبیستی هیچ دەنگێ نەبو، هەستی بە بونی کەس نەکرد، نە زیندوێ، نە هاوەمێ نەهاو دەنگێ، جێگاو ڕێگا ئاساری لەسەر پاساری نەماوە، ئەی خوایە گیان!! ئای لەو مەرگەساتە بەرچاو ڕەشە!! نە کورە نە کچە نە ماڵە، نە بارگەو نوێن‌و خێزانە، نە پارەو پوڵ، نە مەڕو ماڵات، نە چێڵو چوارّ، هیچیان دەنگو ڕەنگی نیە، بە ڕاستی مەرگەساتە!! سەرباری

---

٨٩١) جام، قاپ.

٨٩٢) کوپە.

خەمانیش: یەکێ لە وشترەکانی هەڵات هەوڵیدا بیگرێتەوە دەستی بە کلکیەوە گرتو وشتر جوتەیەکی لەدەمو چاوی داو هەردو چاوی کوێر کرد، ئەویش لەو چولگەیەدا هاواری لێ هەڵسا بە ئومێدی ئەوەی یەکێ بە فریای بگا تاوەکو بەرەو شوێنێك دەستی بگرێو هەنسکێ بدا، دوای چەند ساتێك لەو ڕۆژەدا یەکێ گوێی لە هاواری بو، هاتە لایو دەستی کێشا، بردیە لای خەلیفە (وەلید)ی کوڕی (عبدالملك) لە دیمەشق، هەوالی پێ ڕاگەیاندو، ئەویش گوتی: حاڵت چۆنە؟ کابرا گوتی: لە خوای خۆم ڕازیم.

ئەو موسڵمانە، کە هەڵگری یەکتاپەرستی یەو هەڵوێستێکی ئاوا سەنگینو گرانبەها دەنوێنێ، بو بە پەندو ئامۆژ بۆ ئەوانەی دەیانەوێ پەندو ئامۆژیاری وەرگرن، پێشەنگە بۆ کەسانێ بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێن، کە وشەیەکی ئاوا سەنگینو گران بەها دەردەبڕێ. لە خوا رازیبونیش: شایەدە

ئەو کەسەی ملکەچو ڕامی دەستی قەدەر نابێ، ئەگەر حەز دەکا با ژێر کۆڵێك لە زەویدا لێبدا یا پەیژەیێ بە ڕوی ئاسمان هەڵچنێ، ئەگەریش دەیەوێ: ﴿فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى ٱلسَّمَآءِ ثُمَّ لْيَقْطَعْ فَلْيَنظُرْ هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُۥ مَا يَغِيظُ ... با بە پەتێك خۆی هەڵواسێ تا دەخنکێ، دەبا بزانێ بەم فێڵە ئۆخەی دڵی دێ؟ (١٥) الحج﴾ .

بڕیـــاردان

﴿ ... فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ... وەختێ لێبڕای کارێ بکەی، هەر بەتەمای خوا تێبکەوە. (١٥٩) آل عمران﴾.

﴿ ... إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ ... خودا ئەوانەی خۆشدەوێ، کە خۆیان هەر بەو دەسپێرن. (١٥٩) آل عمران﴾.

زۆر کەس لە ئێمە لەکاتی بڕیار دانا دوچاری نیگەرانیو دڵەڕاوکێ دەبن، سەرشێوانو شڵەژانو دڵاو دڵی دایاندەگرێ، لە ئەشکەنجەو دەردەسەریێکی

بەردەوامدا بەسەر دەبەن. لەسەر بەندە پێویستە پرس‌و ڕا بکا، فەڕو چاکەی کارو پیشەی لە خوا داوا بکاو، کەمێکیش بیری لێبکاتەوە، جا ئەگەر ئەو کاتەنیەت‌و مەبەستی خۆی یەکلاکردەوەو دەستبەکار دەبێو کاتی پرس‌و ڕا نامێنێو پشت بە خوا دەبەستێو هەنگاو هەڵدێنێ، لەپێناو نەهێشتنی دڵەڕاوکێو نیگەرانی خۆی یەکلادەکاتەوەو سەقامگیر دەبێ.

پشتی پێغەمبەری خوا - درودو سڵاوی خوای لەسەر - کاتێ لەسەر بەر زەك بو، لەمەڕ جەنگی (ئوحود) پرس‌و ڕای بە هاوەڵان کرد، ئەوانیش ڕایان وا بو بچنە دەرێ، پێغەمبەری خوا - درودو سڵاوی خوای لەسەر - زرێپەکەی کردە بەرو شمشێرەکەی هەلگرت.

گوتیان ئەی پێغەمبەری خوا لەوانەیە تۆبزیمان لێکرد بی؟ ئەگەر حەز دەکەی لە ناو شار دەمێنینەوە. فەرموی: ((**ما كان لنبيٍّ اذا لبس لأمته ان ينزعها حتى يقضي الله بينه و بين عدوّه**... هیچ پێغەمبەرێ بۆی نیە کاتێ زرێپەکەی کردەبەری دایبنێتەوە هەتاوەکو خوا لە نێوانی ئەو دوژمنەکەیدا بڕیارێ نەدا)).

پێغەمبەری خوا - درودو سڵاوی خوای لەسەر - بڕیاری لەشار دەرچونیدا. بێگومان مەسەلەکە پێویستی بە گومان‌و دودڵی نیە، بەڵکە پێویستی بە هەنگاونان‌و پێداگرتن‌و دڵنیابون هەیە، لە ڕاستیدا جەربەزەیی‌و [٨٩٣] ئازایەتی‌و سەرکردایەتی لە بڕیاردانا فەراهەم دێ.

پێغەمبەری خوا - درودو سڵاوی خوای لەسەر - لەمەڕ جەنگی بەدر ڕاپرسی لەگەڵ هاوەڵان کرد: ﴿... وَشَاوِرْهُمْ فِي ٱلْأَمْرِ ... لە کار تەگبیریان پێ بکە. (١٥٩) آل عمران﴾.

﴿... وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ... (ئەوانەش کە): کار گەلێکیان بە ڕاوێژە. (٣٨) الشورى﴾.

ئەوانیش ڕای خۆیان دەربڕی، ئەوسا پێغەمبەری خوا - درودو سڵاوی خوای لەسەر - بڕیاریداو هەنگاوی نا، بەڵای هیچ شتێدا لای نەکردەوە. بێگومان دڵاو دڵی

---

٨٩٣) بوتێری.

مایەی تێکدانی بۆچون‌و، ساردو سڕی تواناکان‌و، خۆڕانەگری‌و بەزین‌و، تێشکان لە ڕێگاو، پەڕەوازە [٨٩٤] بونی هەوڵەکانە.

ئەو گومان‌و دودڵییە دەردێکە تەنیا وڕە بەرزی‌و خۆڕاگری‌و پێ هەڵێنانی دەرمانە.

خەڵکانێ دەناسم سالانێکە سەبارەت بە چەند بڕیارو مەسەلەیەکی کچکەو بێ بایەخ هەنگاو دەنێن‌و دەکشێنەوە، من وای بۆ دەچم تەنیا ڤایرۆسی گومان‌و دودڵیە کاری لەوان‌و دەوروبەریشیان کردوە. ئەوان بۆ خۆیان ڕێگا بە تێشکان نشستی [٨٩٥] دەدەن گیان‌و ڕۆحیان پێی گرفتار بێ ئەوسا دوچاری هاتن، بۆ خۆیان ئاسانکاری بۆ پڕشوبڵاوبونی بیرو هزریان دەکەن، بۆیە لێیان بو بە میوان.

هەروەکو لە فەرمودەشا هاتوە: ((**كالشاة العائرة بين القطيعين من الغنم**... وەکو مەڕی نێوان دو میگەلە نازانێ ڕەگەڵ کامەیان بکەوێ)).

ئەوان لە تەنگانەدا دەیانگوت: ﴿... لَوْ نَعْلَمُ قِتَالًا لَّاتَّبَعْنَاكُمْ ... ئەگەر بن زانیبا شەڕو بەسەردا سەپاوە، دیارە وەدوتان دەکەوتین. (١٦٧) آل عمران﴾.

ئەوان لەگەڵ خواداو لەگەڵ خۆشیاندا درۆ دەکەن، ئەوان لە تەنگانەدا خۆیان حەشار دەدا، لە هیمناییشدا خۆیان دەردەخست، یەکێکیان دەیگوت: ﴿... ائْذَن لِّي وَلَا تَفْتِنِّي ... ئیزنمان بدە با نەیەین، نەوەك توشی گوناهان بین. (٤٩) التوبة﴾.

ئەو کەسە تەنیا بڕیاری دۆڕان‌و داڕمانی دەدا. لە شەڕی (ئەحزاب)یشدا دەیانگوت: ﴿... إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ وَمَا هِيَ بِعَوْرَةٍ ... کەسمان لەسەر ماڵەکانمان دانەناوە ئاگای لێبێ، ماڵیان بێ پارێزگار نەبو. (١٣) الأحزاب﴾.

بەڵکە تەنیا مەبەستیان ئەوە بو لە ترسی ئەرکی سەرشانیان هەڵبێن‌و لە حەق‌و ڕاستی خۆیان بدزنەوە.

---

٨٩٤) پەرتەوازە بون.

٨٩٥) دۆڕان.

وەکـو چـیا بـە نـەهـەژێـــی

خـۆگریو داسـەپاوی، وەرە بـەرزیو نـەلەخـشاوی: لـە سـروشـتی بـڕوادارانـە، ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمْ ... خاوەن باوەڕ ئەو کەسانەن کـە بـڕوایـان بە خواو پێغەمبەری هەیەو تۆشی دودڵی نەبون. ﴿١٥﴾ الحجرات﴾.

بـــەڵام دوڕوان: ﴿... فَهُمْ فِى رَيْبِهِمْ يَتَرَدَّدُونَ ... لـــە گومـــانی خۆیانـــدا هاتوچـۆیانە. ﴿٤٥﴾ التوبة﴾.

ئـەوان پـەیمانو بـەڵێن دەشـکێنن، لـە بـڕیاردانیـان دودڵـن، ڕوەو دواوە پـشت هەڵدەکەن.

ئەی مرۆڤ ئەگەر ڕاستی وەکو مانگی چواردە دەدرەوشایەوە، دڵـت پـڕ بـە لایێکدا چو، سودو کەڵکت لـەوێوە چاوەڕوان کرد، لە سەرت پێویستە بـێ دواکـەوتنو دودڵی هەنگاو هەڵێنی.

پیاوێـك لەمـەڕ تەڵاقـدانی ژنەکـەی دودڵ بـو ئـەو ژنـەی لـە دو لاوە تـاڵایی پـێ هەڵدەچەشت، چوە لای کاراشنایێك حاڵی خۆی پـێ ڕاگەیانـد، پێی وت: چـەند سـاڵە لەگەڵ ئەو ژنەدا بەسەر دەبەی؟

گوتی: چوار ساڵە.

گوتی: چوار سـاڵە ژەهرێ وەسەر دەکەی؟!

بەڵێ ڕاستە چاوەڕوانیو خۆڕاگریو ئارامگری دەبێ هەبێ، بەڵام تـا کـەی؟ کەسـی زیتەڵو زیرەك دەزانێ ئەو کارە چەندی لەبارە، دەشێ یا ناشێ، سەری بە کوێ دەگاو ئەنجامەکەی چ دەبێ، ئینجا با بڕیاری خۆی بدا.

لە ژیاننامەو لێکۆڵینەوەی باری خەڵکان ئەوە ڕوندەبێتەوە، کـە سـەر لێتێکچونو پەشۆکان لە زۆر لاوە دوچاری مرۆڤ دێ، بەڵام زۆربەی لەو چوار ڕێگایـەوە دوچـاری دێن:

یەکـەم: لـە خوێنـدنو هەڵبـژاردنی بەشـی تایبەتیـدا، ماوەیـەك هـەروا دەمێنێتـەوە نازانێ چ بەشێك ڕەچاوکـا.

چەند قوتابیێ دەناسم سـەبارەت بـە ڕاڕایـی یـان لەمـەڕ ڕەچاوکردنی کۆلێـژو بەشـەکان، سـاڵانێکیان بەفیـرۆ داوە، هەیانـە بـەر لـە تۆمـارکردنی ناویـان لـەناو گوماندا ماونەتەوە، هەتاکو ئەو هەلەیان لەدەست داوە، کەسانێکیش هـەن سـاڵێك یادو ساڵ دەچنە بەشێکەوە، جاری یەکەم کۆلێژی (شـەریعە)ی هەڵبـژاردو پاشـان دەچێتە کۆلێـژی ئـابوری، دوای ئـەوە بـۆ کۆلێـژی (پزیـشکی) دەچـێ، بـەو بینـەو بگرەیە تەمەنی خۆی بەڕێ دەکـا.

گەر بهاتایە لە سەرەتاوە پرسو ڕای بکردایەو کارەکەی هەڵسەنگاندایەو فـەڕو چـاکەی لـە خـوا بخواسـتایە، ئەوسـا بێگومـانو دودڵـی دەسـتبەکار بوایـە، کـاتو تەمەنی دەپاراستو دەستەبەری دەکـرد، ئـەو بەشـە تایبەتیـەش، کـە دەیەویـست پێی دەگەیشت.

دووەم: لە کـاری گونجاودا، هەیە نازانـێ چ کـرداری بـۆ وی پەسـندە، جارێکیـان لەسـەر کارێـك دادەمـەزرێ، پاشـان جێـی دەهێڵـێو بـەرەو کۆمپانیایێـك دەچـێ، لـەویش دەست هەڵدەگرێو، تەواو خۆی بۆ بازرگانی یەکلادەکاتەوە، دوای هـەمو شـتێ لـە قەڵو کۆتـران دەبـێو هەژاری ڕوی تێدەکا، دەچێتە ڕیزی بێکـارانو لـەماڵی خـۆی پاڵ دەکەوێ.

منـیش بەوانـە دەڵـێم: هەرکەسـێ دەروازەی ڕۆزی لێکـراوە بـا ئـەو دەروازەیـە بەرنەدا، چونکێ خوا ڕۆزی ئەوی خستۆتە ئەو شوێنە، هەرکەسێکیش دەرگایەکی گرتو بەری نەدا کار ئاسانیو خێرو خۆشی لـەوێوە پێ دەگـا.

سـێیەم: لـە هاوسـەر هەڵبژاردنـدا، لـە هـەمو شـتێ پـتر کـە گـەنجان دوچـاری سـەر لێتێکچونو پەشۆکان دەکا سەبارەت بە دەست نیشانکردنی هاوسـەرە، دەوروبـەری ئەو گەنجەش بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا دەکەن، باوکە ژنێکی پێ پەسندە کوڕە حەزی پێ ناکا، یـاخود دایکـی نایهـوێ، لەوانەیـە کـوڕە بـەدوای ئـارەزوی بـاوکی بکەوێ، ئەوسا ئەوەی بۆخۆی دانـابو نایێتـە دی‌و، ئـەوەی پێـی ناخۆشـەو حـەزی پێناکـا پێی گرفتار دەبێ.

ئامۆژگاریشم بۆ ئەوانە ئەوەیە، تـەنیا ئـەو هاوسـەرەی لـەڕوی دیـنو جـوانیو خوڕەوشـتی پێـی حەسـاوەن، بەهاوسـەری بگـرن، چـونکو مەسـەلەی ژنهێنـان بـۆ ڕۆژەكو دو ڕۆژان نیە ڕێی تێنـاچێ سەرەڕۆییو هەڵەشـەیی تێدا بكرێ [٨٩٦].

چـوارەم: لـە مەسـەلەی تـەڵاق سەراسـیمەییو دڵاودڵـی پەیـدا دەبـێ، جـاری وایـە لێکجیابونەوەی پێ چاکە، هەندێ جاریش پێکەوە ژیانی پێ باشـە، ڕۆژێکـی دێتـە سەرێ دەستی لـێ بـەردا، ڕۆژێکـی تـر وا دەبینـێ یـەکجاری پەیوەنـدی بپـچڕێنێ، ئینجا هـەر خـوا بـۆ خـۆی دەزانـێ چـەندە مانـدوێتیو شـەکەتی گیـانو ڕۆحیـدا دەگرێو بیـرو هزری تێکدەچێو، کاروبـاری ئاڵۆز دەبێ.

لـە ڕاسـتیدا بەنـدە لەسـەری پێویـستە بـە بڕیـارێکی یەکلاکـەرەوە کۆتـایی بـە تەنگژەی دەرونی بێنێ، بێگومان خوا یەك تەمەنی داوە، ئەو ڕۆژە دوبـارە نابێتـەوە، ئەو کاتو ساتە جارێکی تر ناگەڕێتەوە، جا پێویستە ئەو ماوەیە بە ئاسودەیی بـەڕێ بکـا، بەدەسـتی خـۆی هەوڵـداو، ئـەو بەختەوەریـە بـۆ خـۆی دەسـتەبەر بکـا، ئـەم ئاسودەبونەش بە بڕیاردان دێتە ئاراوە. بەندەی موسڵمانیش ئەگەر دوای پـرسو ڕاو داوای ویستە فەڕی لە خوا، نیەتی یـەکلاکردەوەو بوێرانـە بڕیاریـداو پشتی بـە خـوا بەست، کەسێکی بوێرو وریای لـێ دەردەچێ.

بـا هـەنگاونانت وەکـو تـەوژمی شـەپۆڵ بـێ، ورەت وەکـو تیخـی شمـشێر بـێ، کۆڵـنەدانت وەکـو بـەردەوامی ڕۆژگـار بـێ، ڕۆیـشتنو دەرچـونت وەکـو دەرکـەوتنی سپێدەی بەیان بـێ، ﴿...فَأَجۡمِعُوٓاْ أَمۡرَكُمۡ وَشُرَكَآءَكُمۡ ثُمَّ لَا يَكُنۡ أَمۡرُكُمۡ عَلَيۡكُمۡ غُمَّةٗ ثُمَّ ٱقۡضُوٓاْ إِلَيَّ وَلَا تُنظِرُونِ ... ئێـوەش دەگـەڵ شـەریکانو کـاری خۆتـان بکەنـە یـەکو کارسـازیەکی وەهـا بکـەن هـیچ دودڵـی تێـدا نـەبێ. ئەوسـا پـەلامارم دەنو مـاوەم مەدەن. ﴿٧١﴾ یونس﴾.

---

٨٩٦) گوێ پێنەدانو گۆترەکاری تێدا بکرێ.

چـی بچـێنی ئـەوی دەدوریـــەوە

سـەیر لـەوە دایـە ئێمـە دەمانـەوێ خـەڵك نـەرمونیان بـێ کەچـی خۆمـان ڕق ئەسـتورین، دەمانـەوێ ئـەوان دەسـتکراوە بـن کەچـی دەسـتی خۆمـان دەقوچـێنین، دەمانەوێ ئەوان دۆستایەتیو برایەتی بنوێنن کەچی خۆمان بێ هەڵوێستین.

گوتراویشـە: کـێ تەواو برای تۆیـە.

باجـی وتـەی بریقـــەدار

بێگومـان بەختـەوەری ئێمـە لەوەدایـە، یەکـەم جار ئـەرکی سەرشانمان بەرامبـەر دروستکارمانو، دووەم جاریش بەرامبەر دروستکراوەکانی جێبەجێ کەین، لەگەڵ خوا پاشـانیش لەگەڵ مرۆڤـدا ئەرکی خۆمان بەجێ بێنین.

گومان لەوەدا نیە کە قسە بێدەسەڵاتەو هەمو کەس پێی دەوێرێو دەتوانێ فاقو بریقـی پـێ بـدا، بـەڵام گـرانتر لـەوە ئەوەیـە لـە قـاڵبێکی زۆر جوانـدا دابڕێـژرێو کـردەوەی بـەرزو ڕەوشـتی نـاوازەی لەگەڵـدا نـەبێ، ﴿ أَتَأْمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ ٱلْكِتَٰبَ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ... ئـاخۆ ئێـوە، کـە فـەرمان بـەو مەردمـە دەدەن چاکەی بکەن، خۆتانی لـێ هەڵداوێرنو هەر خۆش‌و کتێب خوێنـەوەن؟ دەسـا چیتانە تێ ناگەن؟ ﴿٤٤﴾ البقرة ﴾.

ئەو کەسەی فەرمان بە چاکە دەکاو خۆشی لێدەبوێرێ، ئـەوەی قەدەغـەی خراپـە دەکـاو خۆشـی دەیکـا، لـە دواڕۆژا فـرێ دەدرێتـە نـاو ئـاگر - هـەروەکو لـە فـەرمودەی (صحیح)دا هاتوە -، چۆن گوێدرێژ بە دەوری ئاشدا دەخولێتەوە، ئەویش بەو شێوەیە بـە دەوری ڕیخۆڵەکانیـدا دەخولێتـەوە، دۆزەخیـەکان لێـی دەپرسـن بـۆ واتلـێهاتوە، ئەویش دەڵێ: من فەرمانم بە ئێوە دەکرد چاکە بکەنو خۆشم نەمدەکرد، ئێـوەم لـە خراپە قەدەغە کردو خۆشم دەمکرد.

جارێکیان وتاربێژی ناودار (ئەبو موعازی ڕازی) هەڵسایەوە بەخۆی گریاو خەڵکیش گریا، پاشان گوتی:

فەرمان بە تەقوا دەکا لای وایە تەقواکارە
چارەی دەردی لەلایە کەچی خۆی دەردەدارە

هەندێ لە پێشینان ئەگەر بیانویستایە خێرو چاکەیێ بکەن سەرەتا بەخۆیان دەیانکرد، ئەوسا فەرمانیان بە خەڵك دەکرد، ئەوانیش بە دەنگیانەوە دەهاتنو گوێڕایەڵیان دەکرد.

خوێندومەتەوە، کە لە چاخەکانی مەردایەتیدا کۆمەڵە کۆیلەیێك داوا لە ئامۆژیارێك دەکەن فەرمان بە خەڵکی بکا کۆیلە ئازاد بکەن، ویستی بە خەڵك بڵێ بەڵام بەرلەوەی پێیان بڵێ لە ماوەیەکی درێژدا هەندێ پارەو پولی کۆکردەوەو کۆیلەیەکی پێ ئازاد کرد، دوای ئەوە فەرمانی بە خەڵك کرد کۆیلە ئازاد بکەن، خەڵکیش چاویان لەوی کردو کۆیلە گەلێکیان ئازاد کرد.

حەسانەوە لە بەهەشتە

﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِى كَبَدٍ ... ئێمە جسناتی مرۆمان دەگەڵ شەکەتی وەدیهێنا. ﴿٤﴾ البلد ﴾.

لە (ئەحمەد)ی کوڕی (حەنبەل)یان پرسی: کەی مرۆ دەحەسێتەوە؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی: ئەگەر پێت نایە بەهەشت دەحەستێیەوە.

ئەم دنیایە جێگای بەڵاو کارەساتە، جێی کڵۆڵیو مەرگەساتە، جێگای خەمو پەژارەیە، جێی ئازارو ئەشکەنجەیە، جێی شڵۆقیو بێزاریە، هەتا نەگەیتە بەهەشت حەسانەوەت بۆ نیە.

هاوڕێیەکی خوێندنم لە نەیجیریا کە پیاوێکی سەرڕاستو باوەڕپێکراو بو، هەواڵی پێدام، کە دایکی لە سێیەکی کۆتایی شەودا بەئاگای دەهێنا، دەیوت: دایکە

دەمـەوێ کـەمێ وەحەسـێم. ئـەویش دەیگوت: ڕۆڵـە تـەنیا لـە پێنـاوی حەسـانەوەتدا بەئاگـات دێنم، کوڕی خۆم ئەو کاتەی چوبتە بەهەشت بحەسێوە.

یەکێ لە زانایانی پێشینی، لە ناو سـوژدەدا دەخەوت، هاوەڵانی پێیان گـوت: پـشو بە گیانی خۆت بدە. دەیگوت: حەسانەوەی ئەوم گەرەکە.

لـە ڕاسـتیدا ئەوانـەی دەیانـەوێ بـە سـای وازهێنـان لـە ئەرکـەکان هـەر لـە جێـوە بحەسـێنەوە، تـەنیا دەیانـەوێ ڕاسـتەوخۆ سـزا بـۆ خۆیـان دەسـتەبەر بکـەن. گومـان لەوەدانیە کـە حەسـانەوە لـە جێبـەجێ کردنـی کـردەی چـاک و سـود گەیێنـدا هەیـە، لەوەدایە کاتەکان لەو شتەدا بەرهەم بێن کە لە خوا نزیکخەرەوەن.

بێباوەڕان دەیانەوێ هەر لە دنیا بسرەوێنو پشکی خۆیان پێ ببـڕێ، بۆیە دەڵـێن: ﴿ ... رَبَّنَا عَجِّل لَّنَا قِطَّنَا قَبْلَ يَوْمِ ٱلْحِسَابِ ... ئـەی پـەروەردگارمان بـەر لـەوەی ڕۆژی قیامـەت بـێ، پـسولەی خۆمـان بدەیـە. هەنـدێ لـە تـوێـژەرەوان دەڵـێن: مەبەسـتی ئەوئایەتە ئەوەیە پشـک و بەشی خۆمـان پـێ بـدەی لـە خێـر و خۆشی و ڕزق و ڕۆزی بەر لە هاتنی ڕۆژی دوایی.﴿١٦﴾ ص ﴾

﴿ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ يُحِبُّونَ ٱلْعَاجِلَةَ ... ئـەوان حەزیـان هـەر لـە دنیـای بـێ بەقـایە. ﴿٢٧﴾ الإنسان ﴾ .

بـیر لـە سبەو دواڕۆژ ناکەنـەوە، بۆیـە کـردەوەو سـەرەنجامەکەی، ئـەوڕۆو سبەی، سەرەتاو کۆتایی لەدەست دەدەن.

ژیان بەو شێوەیە ڕەخساوە، ئاکامەکەی دوا بڕانە، تـامو چێژی تفـتو تاڵـە، جـارە بە ڕەنگێ خۆی دەنوێنێو لە هیچ بارێکی خۆی ڕاناگرێ، جارە هەبونی جارەنەبونی، جارە تەنگاوی، جارە شێنەیی، جارە خۆشی جارە ناخۆشی.

فـەرمو ئـەوەش دەرەنجامەکـەی: ﴿ ثُمَّ رُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ مَوْلَىٰهُمُ ٱلْحَقِّ ۚ أَلَا لَهُ ٱلْحُكْمُ وَهُوَ أَسْرَعُ ٱلْحَٰسِبِينَ ... پاشـان دەیانگێڕنـەوە بـۆ لای خـوا، کـە سـەروەری ڕاسـتەقینەی هەمویانـە، بـابزانن فـەرمان هـەر بەدەسـتی ئـەوەو زوتـر لـە هـەر حیـسابگەرێ بـە حیسابی گشت ڕادەگا. ﴿٦٢﴾ الأنعام ﴾.

نـەرمو نیـانی یاریدەدەری بە ئە نجام گـەیشـتنـە

چەند وتەو بەڵگە لەمەڕ نەرمونیانی ڕابران، (لێرەشدا دەڵێین)، نـەرمونیانی ئـەو تکا کارەیە لە داواکاریەکاندا تکای ڕەتناکرێتـەوە، دەکـرێ بـۆ سـەلاندنی ئـەو قسـەیە ئەو نمونەیە لە بەرچاو بگری، ئەگەر ئۆتۆمبیلێك بـە ڕێگایـەکی تەنگەبـەردا بـڕواو ئـەملاو ئـەولای دیـوار بـێو تـەنیا یـەك ئۆتـۆمبێلی تێـوە بـچێ، تـەنیا بـەو شـێوەیە ئۆتۆمبێلەکە دەتوانێ پێیدا گوزەرکا، شۆفێرەکە بـە هێـورەیـیو وریـایـیو خۆپـارێزی ئۆتۆمبێلەکـە لـێ بخـورێ، لـەکاتێکا ئەگـەر بیـەوێ بـە تـوندوتیـژی بـەو ڕێگایـە تەنگەبـەرەدا تێپـەڕێ، خـۆی بـەملاو ئـەولادا دەکێـشێو، پـەکی دەکـەوێ، ڕێگاکەشی هیـچی لـێ زیـادو کـەم نابـێ، ئۆتـۆمبێلّ هـەر ئۆتۆمبێلّـە، بـەڵام شـێوازەکە جیـاوازە، ئەمەیان نەرمو نیانەو، ئەویان توندو تیژە.

ئەو شەتڵە نەمامەی لەناو حەوشو حەسارەکەماندا دەیچێنین، ئەگـەر بـێو جـار لەدوای جار ئاوی بدەین ئاوەکە دەخواتەوەو کـەڵکی لـێ دەبینـێ، بـەڵام ئەگـەر بـێو ئەو ئاوە بـە یـەك جـار بـەو قەبارەیـەوە بەسـەر نەمامەکـەدا هەڵبڕێـژی لـە ڕیـشەوە هەڵیدەکێشی، ئاوەکە لە ڕوی چەندیەتەوە هەریەکە بەڵام شێوازەکە جیاوازە.

ئەو کەسەی دەیەوێ بە نەرمی جلەکانی دابکـەنێ جلـەکانی نـادڕێ، بـەڵام ئـەوەی بـە تونـدی بـە هێـزی خـۆی بـە پـەلـە جلـەکانی لەبەرەخۆیـدا دەپـچڕێ، جلـەکانی دوچاری پارچە پارچە بونو هەڵدڕین دێن.

نوکتەیەکی وردو سەرنـج ڕاکێش لـە داسـتانی یوسـف پێغەمبـەردا - درودو سـلاوی خـوای لەسـەر - هەیـە، ئـەو کاتـەی برایـەکانی کراسـەکەیان هێنـاوەو گوتیـان گـورگ خواردویـەتی باوەڕیـان پـێ نـەکرا، لەبەرئـەوەی کراسـەکەیان بـە نـەرمو نیـانی لەبەرداکەند بو، ئەگەر گورگ بیخواردایە کراسەکەی پارچە پارچە دەکردو، ئـاوا بـە ساخی نەدەما.

ژیـانی ئێمـە ئاتـاجی نـەرمو نیانیـە، لـە ئاسـتی خۆمانـدا نـەرمو نیـان بـین: ((وإن لنفسك عليـك حقـا... لـە ڕاسـتیدا مافـی خـۆت بەسـەرەخۆتەوە هەیـە)). لـە ئاسـتی

برایەکانماندا سۆز بنوێنین: ((إن الله رفیـق یـحب الرفـق... خـوا نـەرمو میهرەبانـە، نەرمو نیانی خۆشدەوێ لە ئاقار خێزاندا میهرەبان بین: ((رفقـاً بـالقوارير... لەگـەڵ شوشـان [٨٩٧] نەرمونیان بن.

ئەو پردانەی تورکەکان لەدار دروستیان کردونو بەسـەر ڕوبارەکانـدا ڕاهێشتراون، لە سەرەتای پردەکە نوسـراوە: هێـواش هێـواش. چـونکێ ئـەوەی بـە هێواشـی بەسـەر پردەکـە گـوزەر دەکـا ناکەوێتـە خـوارەوە، بـەڵام کەسـی بـە پەلـە لەوانەیـە بکەوێتـە ناوەندی ڕوبارەکە.

لە یاداشت نامەکانی وێژەرێکی سوریدا هاتوە، کە لە شاری (السلمیة)دا نیـشتەجێ بـو، دوچـەرخێکی ئـاگری [٨٩٨] هـەبو دەیەویـست بـەو دوچـەرخەیە بەسـەر پردێکـدا تێپەڕێ کە تورکەکان لە دار دروستیان کردبو، ئـەوان بـە مەبەسـتی ئـەوە دروسـتیان کردبـو ئەگـەر یـەکێ بیـەوێ بـە دوچـەرخە ئاگرینەکەیـەوە بـە هـێمنی‌و هێواشـی بەسەریدا بپەڕێتەوە، ئەو کابرایە دەڵێ: بە خێرایی بەسەر پردەکەدا ڕۆیـشتم، کاتـێ لەسـەر پردەکـەوە گەییـشتمە ناوەڕاسـتی ڕوبارەکـە، ئـاوڕم بـە لای چـەپو ڕاسـتەدا دەدایەوە هیچ گوێم بە خۆمو دوچـەرخەکەم نەئـەدا، ترسـم ڕێ نیـشتو سـەرم گێـژ بو، بە خۆمو دوچەرخەکەمەوە بۆ ناو چەمەکە شـۆڕ بومـەوە...ئـەو داسـتانە هێشتا ماوێتی. لە هەندێ شارەکانی ئەوروپا، لەسەر دەروازەی باخی گـولآن تابلۆیێـك هەیـە لەسـەری نوسـراوە: لەسـەرخۆبە، چـونکە ئـەوەی بـە پەلـە دەچێتە ژورێ ئـەو شـینا وردیە سەرنـج ڕاکێشە نابینـێ، ئەو گوڵو گولآلە دڵرفێنە لەژێر پێیەکانیدا ناپارێزێ، وەسەریان دەکەوێو پانیان دەکاتـەوە لـەناویان دەبـا، سـەبارەت بـەوەی نـەرمو نیـانی نەنواندوە.

هاوکێـشەیەکی پـەروەردەییش هەیـە دەڵـێ: چـۆلەکە وەکـو هـەنگ نـەرمو نیـانی نانوێنێ. لە فەرمودەشـا هـاتوە: ((المؤمن كالنحلة، تأكـل طيبـاً و تـضع طـيّبـاً، واذا وقعـت على عود لـم تكسره... بڕوادار وەکو هەنگ وایە، پـاك دەخـواتو پـاکیش بەرهەم دێنێ، ئەگەر بچێتە سەر پۆپەی گوڵانیش لقەکانی ناشکێنێ)). گـوڵ هەسـت

---

٨٩٧) لەگەڵ خێزانەکاندا نەرم ونیان بن.

٨٩٨) مانتۆڕ، ماتۆڕ.

بە ئازار پێگەیاندنی هەنگ ناکا، بـە هێورەیی شـیلە هەڵدەمـژێو، بـە هێواشـی داواو خواستی پێکدێنێ. بەڵام چۆڵەکە لەگەڵ ئەوەی لاشەیەکی کزو لاوازی هەیە، خـەڵکی لەخۆی بەخەبەر دێنێ، کە دەیەوێ لەسـەر گوڵەگـەنم بنیـشێ، هـەرکاتێکیش ویـستی بنیـشێ خـۆی بەسـەر گوڵەگەنمەکانـدا فـڕێ ئەداتـە خـوارێو ئـەوانیش بەسـەریەکدا ئەکەون.

ئێستاکەش لەگەڵ دابێ سەربوردەی ئەو وێنە کێشەی هینـدیم هـەر لـەیادە، کاتـێ نیگارێکی جـوان لەسـەر تابلۆیێـک دەنەخـشێنێ، پوختـەی بەسـەر هاتەکـە ئـەوە بـو: وێنەی گوڵەگەنمێکی کێشابو کە چۆڵەکەیێك بەسەریەوە نیشتبو، گوڵە گەنمەکـە پـڕ لـە دەنـك بـو، قاچـکەکەی ڕاست هەڵچو بـو، جـوانیش گەشـەی کردبـو، پاشـا لەسـەر دیواری دیوەخانەکەی هەڵیدەواسـێ، خـەڵکی دەچـێتە لایـو پیرۆزبـایی ئـەو تابلۆیـەی لێدەکـەنو دەستخۆشـی لـە دەسـتـڕەنگینی وێنەکێشەکەش دەکـەن، کەسـێکی هـەژارو نـەداریش دەچـێتە لایـو لـە ناوەڕاسـتی قەڕەبالغیەکـەوە هەڵدەسـتێتەوەو ڕەخنـە لـە تابلۆیەکە دەگرێ، دەڵێ: هەڵەی تیایـە خەڵکەکـە دەکەوێتـە مـشتو مـڕو، قاووقیـژی لـێ هەڵدەسـتێ چـونکو پێـچەوانەی یـەك دەنگـی ئـەوان بـو، پاشـا بـە نـەرمی بـانگی دەکاو، دەڵێ: ها چیت پێیە؟

ئەویش دەڵێ: وێنەی ئەو تابلۆیە هەڵەیەو، جێی خۆی نیە بخرێتە ڕو.

گوتی: لەبەرچی؟

گوتی: لەبەرئەوەی وێنەکێشەکە وێنەی چۆڵەکەی لەسەر گوڵە گەنمەکە کێـشاوەو، گوڵەگەنمەکەش هەروا بە ڕاستیو هەڵچویی لـێگەڕاوە، ئەوەش هەڵەیـە، لەبەرئـەوەی ئەگـەر چـۆڵەکە لەسـەر گوڵەگـەنم بنیـشێ گوڵەگـەنم ئەچـەمێتەوەو شـۆڕدەبێتەوە سەبارەت بەوەی چۆلەکە گرانەو ئەویش بەرگەی ناگرێ.

پاشـا گـوتی: ڕاسـت دەکـەی. تابلۆکـەیان دابەزانـدو، ئـەو خەڵاتـەی بـە وێنەکێشەکەشیان دابو لێیان سەندەوە.

گومـان لەوەدانیـە کـە پزیـشکان نـەرمو نیـانی بـە چارەسـەر دادەنـێن، ئامۆژیـاری خەڵکی پێ دەکەن لە کارو کردەوەو وەرگرتنو بەخشیندا نەرمو نیان بن.

سـەیر دەکـەی ئەمـەیان نینـۆکی خـۆی بەدەسـتی خـۆی هەڵدەکێـشێ، ئـەوەیان بـۆ خۆی ددانی خۆی دەشکێنێ، ئەوی تریان پاروی لە قوڕگی دەگیرێ چونکێ پاروەکـەی گەورەیەو باش نایجوێ.

ئـاو هەنـدێ جـار لەسـەر خۆیـەو جـاریش وایـە شـەپۆل دەدا، جـاری وایـە زریـان سەرکەش دەبێ ئەوسا شـت بەسەریەکدا دەڕوخێنێ.

وتەی کەسانێکی پێشینیم خوێندۆتـەوە دەڵێن: ئامـاری تێگەیـشتنی پیـاوە کـە لـە چـونەوە مـاڵو هاتنـەدەری، لـە پـێڵاو داکەنـدنو، جـل لەبـەرکردنو، سـواری ولاخەکەیدا، نەرمو نیانی بنوێنێ.

بێ سۆ پەلە پەلو تاڵوکەکردن لە دەست بەکاربونو کـارو کـردەوەدا، بەڵێنیـدەرن بە توشهاتنی زەرو زیانو، لە دەستدانی بەهرەو قازانج، چونکە چاکە لەسـەر نـەرمو نیانی بنیات نـراوە، ((ما كان الرفق فـي شـيء الا زانـە، ومـا نـزع مـن شـيء الا شـانه... هەر شتێ نـەرمو نیـانی تێدابێ جوانو ڕازاوەو بەرچاوە، لـە هـەر شتێدا وەدی نەکرێ قێزەونو نابەرچاوە.

بێگومـان نـەرمو نیـانی لـە هەڵسوکـەوتا گیـانو دڵ سـەری بـۆ دادەنـوێنن، نـاخو دەرون ملی بۆ کەچ دەکەن. نەرمو نیانی لە مرۆڤدا کلیلی هەمو بەهرەیەکە، دەرونی سەرپێـچی کـارو لاسـاری بـۆ ڕام دەبـێ، ڕقو کینـەی دڵانـی پـێ دەڕەوێتـەوە، ﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّوا۟ مِنْ حَوْلِكَ ... لە بەزەیی خـودا ڕایە، کە تۆ هێندە نەرمو نیانی دەگەڵیان، ئەگـەر یـەکێ دڵڕەقو تونـدو تۆسـن بـای، بلاوەیان لـێ دەکردی. ﴿١٥٩﴾ آل عمران ﴾.

سـەرنجـێـك

(تەها حوسێن) خۆی وەکو کەسێکی نادیـار دادەنـێو لەگـەڵی دەدوێ: (وا دەزانـێ مرۆڤێکە وەکو خەڵکان وەکو ئەوان لەدایك بوەو، وەکو ئەوانیش دەژیێ، تواناو کاتی لەو شتەدا خەرج دەکا ئەوان کاتو توانای تێدا خـەرج دەکـەن، بـەڵام دڵی بـە کـەس

خۆش نابێ و بە هیچ شتێ ئۆقرە ناگرێ، کەوتۆتە نێوانی ئەو، نێوانی خەڵکان و شتی تـرەوە، ڕوی دەرەوەی ئـەو پەردەیـە ڕەزامەنـدی و ئارامییـە، ڕوی ژورەوەی لای خـۆی تـرس و لـەرزو ڕو گرژیـە، دڵـەڕاوکێ و نیگەرانیـە، لـە بیابـانێکی چـۆڵ هۆڵـدا بـەبێ هاودەم دەگوزەرێنێ، بیابانێك هێمای ڕزگاری لێنیە، ڕێگای دەربازبونی نیـە بیگرێتـە بەر، ئاسۆیەکی شـك نابا هەوڵی بۆ بداو پێی بگـا).

شێخی ئیسـلام (ئیبن تەیمیە) دەڵێ: ((جـاری وایـە بـۆ چـەند سـاتێك حەسـانەوەو ئارامیێکی وا بەسەر دڵـدا دێ، دەڵێم، ئەگەر بەهەشتیەکان لەم خۆشیەدا بەسـەربەن، دیارە حاڵیان زۆر خۆشـە)).

(ئیـبراهیم)ی کـوڕی (ئەدهـەم)یـش دەڵـێ: ((ئێمـە وایـن لـە ژیانـێ ئەگـەر پاشـاو دەسەڵاتدارەکان پێی بزانن بە زەبری شمشێر لێمان دەستێنن)).

نیگـەرانی هیـچ سـودت پێ ناگـەیـەنـێ

مەبەستم لە هێنانی ئەو جـێ باسـە ئەوەیـە: بگەمـە ئـەنجامێك، ئـەویش ئەوەیـە، پێویستە بەندە نیگەران نەبێ و، ملکەچی قـەدەر بـێ، بـەو بەشـەی خـوا بـۆی دانـاوە قایل بێ و، لە ئاهی ڕابردو زویر نەبێ.

مـن لـە قۆنـاغی سـەرەتایی یـەوە لـەنێوان هاوڕێیەکانمـدا حـەزم دەکـرد لـە یەکەمەکان بم، لە پێناوی پێداچونەوەو دەرخکـردن خـۆم زۆر مانـدو دەکـرد، کاتـێ کاغـەزی تـاقی کردنـەوەکانم ئـەداوە دەسـت، ئەگەوتمـە نـاو تـرس و لـەرزو نیگـەرانی سەبارەت بە ئەنجامەکەی، لە ماڵەوە دوبارە وەڵامی پرسیارەکانم ئەدایەوەو، هـەر بـۆ خۆشم هەڵەچنیم دەکردو نمرەکانم دائەنا، لە تاوان نینۆکم بە ددانەکان ئەقرتاندن، پاشانیش دەرنجامەکە دەرئەکەوتو، جاری وابو دڵخۆشی دەکردمو، جاری واش هـەبو دڵگرانی دەکردم، ڕۆژێ لە ڕۆژان بەبیـرم نایێ نیگەرانیم هەڵـەی ڕاست کردبمـەوەو، نمرەکانی زیاد کردبمو، وای لێکردبم پلەی یەکەم وەدەست بێنم.

ئاسـودەیی لەگـەڵ چاوتێـری دایـــە

خانـەوادەم لـە باشـور بەجێهێـشتو، بـەرەو پـەیمانگای زانـستی (ڕیـاز) ڕۆیـشتم، لەگەڵ مامـەکانم دابـومو بـە سـەختی دەمگوزمرانـدو، لـەناو ئەشـکەنجەی خوێنـدنو، کاروباری ناو ماڵو، گرفتی هاتوچۆدا بەسەرم دەبرد، هەمو بەیانیەك بیست خولـەك تا نیو کاتژمێر بەپێیان دەڕۆیشم، نیوەڕۆیانیش هـەر بەمـچەشنە یـاخود ماوەیـەکی درێژتریش بـەپێیان دەگەڕامـەوە. لـە چێشتلێنانی بـەیانیانو نیوەڕۆیـانو ئێوارانـدا هاریکاری ئەوانـەم دەکرد، کە لەگەڵیانـدا دەژیـام، ماڵـەوەم گەسـك دەداو، دەمـشوشت، کەلوپەلی ناوماڵم ڕیز دەکردەوەو، چێشتخانەکەم ڕێك دەخستەوە، بە وانەکانیشمدا دەچومـەوەو، بەشداری چالاکی نێو پەیمانگاشم دەکرد، لەگەڵ ئەوەی نمرەیـەکی باشم بەدەست دەهێناو، پلەیەکی دڵ خۆشکەرم چنگ دەکەوت تەنیا دەسـتە جلێکم هـەبو دەمـشوشتو ئوتـوم دەکـردو لەبـەرم دەکـردەوە، ئـەو بەرگـەم بـەرگی ناومـاڵو قوتابخانـەو ئاهـەنگو کۆڕم بـو، چـونکێ ئـەو بـرە پـارەی پـێم دەدرا کـەمبو، کرێـی خـانوو بـژێوی‌و پێداویـستیەکانی ژیـانم لەسـەر ئـەو بـرە پـارە بـو، تـەنیا کـەمێك گۆشـتمان پـێ دەکـڕاو بـە دەگمـەن نەبوایـە میوەمـان تـام نـەدەکرد، ئێمـە هەمیـشە بەهۆی پێداچونەوەو دەرخکردنو خوێندنەوە سەرقاڵ بـوین‌و، لـە مـاوەی مانگـێ یـا خود پتر لە مانگێ تەنیا یەکجار دەمتوانی بۆ حەسانەوە بەدەرکەوم، نزیکەی حەڤدە جۆری وانەی خوێندنمان هـەبو، وێـڕای وانـەی عـەرەبی‌و ئـایینی، وانـەی ئینگلیـزی‌و جەبـرو ئەندازەوو جۆرەها زانستی تریشمان پێ درابو، لە قۆناغی ناوەندجیەوە کتـێبی وێژەم لە پەیمانگای زانستی وەرئەگرت، هەرکاتێ دەکەوتمە نـاو خوێندنـەوەی کتـێبی وێژە هەروەکو بڵێی لە هاونیشینانم دائەبڕام، چونکو تەواو لەگەڵیدا ئاوێتـەی یـەکتر دەبوین.

بۆ سـەلماندنی ئـەو قـسەیەشم: لەگـەڵ ئـەوەی نـەدارو تـەنك دەسـت بـوم‌و، مانـدو شەکەت بوم، حاڵ خۆش‌و ئاسودەش بوم، پـڕ بـە چـاوان دەخـەوتم‌و، ڕەزامەنـدیم لـە دڵدا بـو، هەسـت‌و نەسـتم حەسـاوە بـو، پاشـانیش — سـوپاس بـۆ خـوا- ژیـانم هـەر بەردەوام بو، خانوبەرەیەکی فراوان‌و، خواردنێکی زۆرو، جۆرەهای بـەرگ‌و پۆشـاك‌و،

گوزەرانێکی باشم وەچنگ کەوت، بەڵام ئێستاکە وەکو جاری پێشو نـیم، کەوتومەتـە ناو سەرقاڵیو تفتوتاڵی، ئەوەش وا دەگەیەنێ، کە هەبویی نابێتە مایـەی دڵخۆشـیو ئاسـودەیی، هـەر لەبەرئـەوە وا مەزانـە دڵ پەسـتیو خـەمو خـەمینی تـۆ سـەبارەت بەوەیە دەست تەنکی، یاخود لەمەڕ ئەوەیە لە ژیانتدا خۆشگوزەران نـی، لـە ڕاسـتیدا ئەم بۆچونە هەڵەیە، چونکێ زۆربـەی ئەوانـەی دەسـت کـورتن لـە زۆربـەی ئەوانـەی دەست ڕۆیشتون خۆشحاڵتـرن.

پێشـبینی خراپتـرین چـارەڕوان کراوەکـان بکـە

من لە یەکەمی ناوەندی بوم لە پەیمانگای (ئەبها) بەوپەڕی توانامەوە هەوڵم دەدا لەسـەرئەوەی لـە یەکەمـەکان بم، کێبـەرکێی پلـەی یەکـەمم دەکـرد، لـەلای خـۆم وامدانابو پلەی یەکەم بەدەستدێنمو کۆی نمرەکانیشم لـە (٩٠) نایێتـە خـوارێ، بـەڵام دوای هەوڵو تێکۆشانو پێداچونەوەو شەونخونیم پێشبینی چ دەکـەی؟ ئەنجامەکـەی دەرکەوت بەڵام لەگەڵ دەرچوەکان دابوم، لەوانەی ئینگلیزی کەوتم، ئـەو وانەیـە بـوە هۆی دواکەوتنو تێشکانم، چونکە زۆر لەدڵم گران بو، گیـانم پێـی هەراسـان بـو، تێـی نەئەگەییشتمو پێم دەرخ نەئەکرا، پارچە هەورێکی ڕەشو تاریك لە خەمو خەفـەت باڵی بەسـەر داکێشام، چەند شەوانێ بێ خەو بوم هاوڕێیەکانیشم ئـەوەی بیویـستایە سەرکۆنەی دەکردم، لەبەرئەوەی بە هیچ شێوەیەك ئـەوە چـاوەڕوان نـەدەکرا، بـەڵکو خۆم بۆ پلەی نایاب دانابو لە ڕیزی یەکەمەکاندا، هەستو سۆزم کڵپەی سـەندو، دڵـم تەنگ بو، سەبارەت بەوەی ئەو کارەم زۆر بەلاوە گران بو، تینی زۆر بۆ هێنام: یـەکێ لە مامۆستاکانم قسەی لەگەڵدا کردمو دڵی دامەوەو هانی دام، ئینجا منیش بەو دێرە شیعرە دڵی خۆم دایـەوە:

هەرچی گەیشـتە تەواوی سـەرەو لێـژو بەرەو خـوارە
بەخۆشـیان هەڵناخـەڵـەتێ ئەوەی ژیـرو هۆشـیارە

دوا بەدوای ئەوە هەرکاتێ ئەو حاڵەی خۆمو بەڵگە هێنانـەوەم بـەو دێـرە شـیعرە دەهاتەوە یاد سەرسامی دای دەگرتمو لە خۆمەوە پێئەکەنیم، ئەو خەمباریـەم هـیچ دادی نەدامو، ئەو نیگەرانیەم هیچی لە بابەتەکە نەگۆڕی، بەڵکو ئەگەر بـە خـەمانم بکردایە نەمدەتوانی هەوڵ بدەمو لە دەوری دوەمیش سەرکەوتن بەدەست بێنم. بـە تۆش دەڵێم: خەیاڵت بۆ ئەوە نەچێ ئەگەر لەکاتی تێشکانا دلگران بویو پەشۆکای یا داچڵەکای، بـە سای ئـەوە ڕاسـتەوخۆ سـەرکەوتن بەدەسـت دێنـی، یـا پێـت وانـەبێ بوارەکە بە هەوەسـی تـۆ دەڕەخسـێ، نـەخێر! بەڵکـە سـەبارەت بـەو کـارەت تێشکانت چـەندبارە دەبێتـەوە. ئـەو کاتـەی دەربـارەی فـەرمودەی پێغەمبـەر - درودو سـڵاوی خوای لەسەر - مشتو مڕی بڕوانامەی (ماجستەرە)م کـرد، منـیش وەکـو خـەڵکی تـر حەزم دەکرد پلەی نایاب وەدەست بێنم، خەیاڵم وابو جوان وەڵام دەدەمـەوە بەباشـی گفتوگۆیەکە ئەنجام دەدەم، کەچی لە پڕێکا زۆرباشـەم بۆ دانـرا، زۆر زیاد لە پێویست خەمو خەفەتو دڵ پەستی دایگرتم، هاوڕێیەکەم دواندمیو پێی وتم: وا دابنێ هـەر بە هیچ شێوەیێ بڕوانامەی ماستەرەکەت وەدەست نەهێناوەو، لەبەر هەر هۆیەك بێ نامەی ماستەرەکەت ڕەت کراوەتەوە، جا ئەو کاتە چیت دەکرد؟! دوای ئەوە جیاوازی زانستی لە نێوان ئەو دو ئەنجامە چیە؟ کە هەردوکیان یەك واتـا دەگـەیێنن، ئـەویش بڕوانامەی ماستەرە؟! وتەکەی بەجێ بو، هۆشـم هاتـەوە سـەرخۆو ئاسودە بـوم. جـا ئەگـەر پێـشبینی شـتێکی نـاخۆشو هاتنـە ڕێـی ئاسـتەنگێکت کـرد، دەرونـت لەسـەر قـەبوڵکردنی لای هـەرە خراپەکـەی ڕابێنـە، پاشـان ئەوەنـدەی لـە دەسـتت دێ خـۆت ڕزگار کـە. بـەڵام لـە پـەو ڕوکـەوتن[۸۹۹] و خـۆ سـەرزەنـشتکردنو نیگـەرانی، تۆزوقاڵێـك دادت نادا مەگەر سینە تەنگیو پەشێوی نەبێ.

کـەڵکو سودیـشم لـەو وانـەی ماجـستێر وەرگـرت بـەوەی گفتوگـۆی (دکتـۆرا)م دواخست، ئـەو کاتـەی گفتوگۆیەکـەم خـستە ڕو هـەم لـە ڕوی زانـستیو هـەم لـە ڕوی یاساوە گونجاو بو، لـە کـاتی نزیکبونـەوەی مـشتومڕەکە ئامادەباشـیم کردبـو، وێـڕای ئەوەی ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕی بو بەلامەوە کارێکی گران نەبو، وەکو جاری پێشو هەراسان نەبوم. ئەوەش وامان لێدەکا خراپتـرینی پێشبینییەکان لەبەرچاو بگـرینو،

---

۸۹۹) بەسەر ڕودا کەوتن.

لەگـەڵ ترسناکتـرینی ئـەو شـتانەی چاوەڕێ دەکـرێن بگـوزەرێنین، پاشـان لـە ژیـانی خۆماندا چۆك دانەدەین هەروەکو بڵێی هیچ شتێ ڕوی نەدابێ وابین.

هەر کەسێ پێشبینی ئەوە بکا لـە بازرگانیەکـەی هـەرەس دێنـێ یـا هـەمو سامانی لەدەست دەچـێ، مەمنونـە بـە زەرەرێکـی کـەم لەبـەر بـچێتە دەرێ، هـەر کەسـێکیش پێشبینی ئەوە بکا بکـوژرێ، مەمنونی خـوا دەبـێ بـە گـرتنو بەندیخـانە لێـی ڕزگـار بـێ، ئـەو هەلە ئەشکەنجەو ئازاری لەلا سـوك دەبـێ.

ئەگـەر تـوانـاو تەندروسـتیت تەواو بو، بـا دنیـا سـلاوی لـێـبـێ

ئێمـە لـە سـاڵی ١٤٠٠ ك لەسـەر سـنوری (یەمـەن) لـە خێوەتگایـەك دابـوویـن، کـە جەنابی شێخ (عبدالعزیز بن باز) بە مەبەستی بانگەوازی کردبویەوە، منیش لەگـەڵ مامۆسـتای تەفسـیـرمان لـە کۆلێـژی (أصـول الـدین) بـەرەو (ئـەبها) ڕۆیـشتم، لـە گەڕانەوەماندا بـەرەو خێوەتگا ڕێگای نێـوانی (ئـەبها)و (توهامـە)مـان گرتەبـەر کـە زۆربەی بەهۆی تـەوژمی ئاوەڕۆکان داڕمـا بـو، ئـەو مامۆسـتایەش لەگـەڵ ئـەوەی لـە تەفسیر شارەزا بـو، بـەڵام لـە لێخورینی ئۆتـۆمبێڵ کۆڵـەوار بـو، قـەبوڵیش نـەبو مـن ئۆتۆمبیلەکە باژۆم، ئەوسا یا دڵی بە منەوە بو یـا بـە ئۆتۆمبیلەکـەی، بـەڵام خۆزگـە لەگـەڵ ئـەوەی نـا شـوفێر بـو بـە هێواشـی بـڕۆیـشتایە، وا دەڕۆیـی هـەروەکو بڵێـی پێشبـڕکێی دەکرد، هەتا خەریك بو بەرەو هەڵدێرێکمان سـەرەو خوارکاتـەوە، خـۆم تـوند بـە ئۆتۆمبیلەکەیـەوە گرتبـو گوێمـان لێبـو جیـرەجیـرێ لێـوە دەهـات. ئـەوەی ڕاسـتی بـێ مـن لـەو شـەوەدا لـە نێـوانی مـردنو ژیـنـدا ئەگەڕامـەوە، بـە تونـدی دو دەستەکانو دو پێو ددانەکانم بەسەریەکەوە دەگـرتو دوایـێ خـاو دەبومـەوە، قـسەم لەگەڵدا دەکـردو پـێم دەوتو ئامۆژگـاریم دەکـرد، هـەروەکو بڵێـی هـانی ئـەدەم پێـی لێبنێو خێراتر بـێ ئـاوا بـو هـەتا گەیـشتینـە دۆڵایێکـی فـراوان، لـەو کاتـەش ئاسمـان بارانی لـێ دەڕژا، لە پڕێکا توشی لافاوێکی بە لێشاو هاتین، ئێمەش بە کەممان زانـی، کاتێ گەیشتینـە ناوەڕاسـتی دۆڵاییەکـە تایـەکانی ئۆتۆمبیلمـان ڕۆچـونو، وردەوردەش ئاوەکـە زیـادی دەکـرد هـەتاوەکو هاتـە نـاو ئۆتۆمبیلەکـە، بـە غـار هـەڵاتینو ئۆتۆمبیلەکەمان بەجێهێشت بـە زەحمـەت لـە دۆڵاییەکـە دەرچـوین، لـە نیـوە شـەوڕا

هەتا بەیانی لە لێواری شیوەکەدا بەبێ خواردنو خواردنـەوەو لێفـو نـوێن ماینـەوە، لەبەرئەوەی ئێمە چاوەڕوانی مەرگمان دەکرد قایل بـوین بـەوەی تـەنیا بگەڕێینـەوە، وامان دانا هیچ لە گۆڕێ نیـە لـە چـاو ئـەوەی چـاوەڕوانمان دەکـرد لـەناو ئـەو لافاوە بـەخوڕەدا گیانمـان دەرچـێ، سوپاسـی خوامـان کـرد لەسـەر ئـەوەی ئەگـەر چـی ئەشکەنجەو شەکەتی ڕێگاو شەونخونیمان بینی، بەڵام بـە سـاخی لێی دەرچـوین. لـە بەیانیدا بەفریامان گەیشتنو بـەبێ بـەڵا گەڕاینـەوە. بـەو بۆنـەوە سـەربوردەی ئـەو کەشتیە جەنگیەی ئەمریکیم هاتەوە یـاد، کـە بەشداری لـە جـەنگی جیهـانی یەکـەم کرد، ئەوە بو موشەکێکی بەرکەوتو لە دەریای یابان ژێر ئـاو کـەوتو، سـێزدە ڕۆژان لەژێر ئاودا مایەوە، ئەو سەرنشینەی تیای دابو تەنیا ئاوێکی ساردو نانی وشـکی لـەلا بو، ئەو کاتەی بە زیندویی هاتەوە سەر دنیا لێیان پرسی: گـەورەترین ئـەزمون، کـە بەدەستت هێنابێ چی بو؟ لە وەڵامدا گوتی: لـەو چـەند ڕۆژە ترسناکەدا تێگەیشتم، کە هەر کەسێ تەندروستی تـەواو بـێو نـانو ئـاوی لـەلا بـێ، وەك ئـەوە وایـە هـەمو دنیای لەدەست دابێ.

منیش بە تۆ دەڵێم: ئاخۆ دنیا چییە؟ مەگـەر بریتـی نیـە لـە هەسـتو نەسـتێکی ئاسودەو جەستەیەکی بێ دەرد، مەگـەر بریتـی نیـە لـە نانـێ لـە دەمیخـەی لـە ئـاوێ نۆشیکەی، لە پۆشاکێ لەبەریکەی، هەر چیێ تر، کە لە دنیا هەیـە، جێگای خۆیـەتی سلاوی خوا حافیزی لـێ بکەی.

باشە بۆ منو تۆ بەیەکەوە لـە ژیـانی خۆمانـدا لێکدانـەوەیێ نەکـەین، پرسـیار لـە خۆمان بکەین: چمان هەیەو؟ لە چیمان کەمە؟

ئەوسا تێدەگەین پتر لەسەدا هەشتای نازو گۆزو بەهرەی ژیانمان لەلایـەو، کـەمتر لەسەدا بیستیش کەمو کوڕیمان هەیە، زۆربەی خەڵکیش هەروەکو منو تـۆن، مەگـەر بە دەگمەن نەبێ، کە جاری وایە بـەڵاو ناخۆشـی لـە بـەهرەو خەڵاتـەکان گـەورەتـرە، کەچی منو تۆ لە تاوی کەمو کوڕی دەگرینو لە خۆشی ئەوەی هەمانە پـێ ناکـەنین، لە ئاهی نەمانی بەهرەیەك دڵ گرانین، ئەو خێـرو خۆشـیەی دێتـە دەستیـشمان بـە بێ نرخی دەزانین، لە تاوی دەردو بەڵایێك ئاخو نۆفان هەڵدەکێـشین، کەچـی لەسـەر ئەو نازو گۆزەی خوا پێی ڕەوا بینیوین ستایشی بۆ نانوێنین.

بەر لـەوەی گـڕی دوژمـنایەتی کـڵپـە بسـتێـنێ بیکوژێنـەوە

من یەك لەباڕێ خـۆم لـەو ژیانـە کـورتـو ئاسایی‌یەمـدا هەسـتم کـردوە هـەرکاتێ هـەوڵم دابـێ مافـی خـۆم بـستێنمەوەو، وەڵامـی ئـەو ڕەخنـەو تـەنگ پـێ هەڵچنینە بدەمەوە، کە دەرحـەقم کـراوە، تـەنیا زەرەرم لـە قازانجـێ پـتر بـوەو، پەشـیمانیەکەم گەورەتر بوە، بەو مانایەی: من پێم وابو ئەگەر سەبارەت بـەوەی وتەیـەکی نەشـیاوم لە کەسێکەوە پـێ بگا، یـا لـە ڕێگـای کەسـێکەوە بێـزار بکـرێم، منـیش بمـەوێ سـاخی بکەمەوەو بەدوایدا بگەڕێم‌و لێی بکۆڵمـەوە، مافـی زەوتکـراوم دەسـێنمەوەو قـەدرو ڕێـزم دەگێڕمـەوە، کەچـی هەسـتم کـردوە پێـچەوانە بـوەو، ئـەوەی بەدوایـدا گـەڕاوم هەڵـە بـوە، بەڵکـە لەگـەڵ ئـەو کەسـە پتـر لـە یێـك دور کەوتوینـەوەو، ناخۆشـی‌و ناحەزیـشمان هـەر مـاوەو بـەردەوام بـوە، ئـەو لەسـەر هەڵوێـستی سـور بـوە، منـیش خۆزگـەم خواستوە بە دوای ئـەو مەسـەلەیە نەکەوتمایـە، یـا لـێم نەکۆڵیبایـەوەو لـێم نەپێـچابایەوە، چـاترین‌و باشـترین چـارە ڕێگـا: بەخـشین‌و چاوپۆشـینە، ئـارامی‌و خۆڕاگری‌و پشت تێکردنە، لەبیـرکردنی ئەو ئازارو ئەشکەنجەیە، هەر ئـەو مانایـەش لە نیگای ڕاسـتی خـوا دەفامرێتـەوە: ﴿ خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ ... چاو بپۆشـەو فەرمان بە کاری چاك بدەو لەو نەزانانە وازبێنە. (١٩٩) الأعراف ﴾.

﴿ ... وَلْيَعْفُواْ وَلْيَصْفَحُوٓاْ ...با چاویان لـێ بپۆشن‌و لە هەڵەکانیان ببورن. (٢٢) النور ﴾

﴿ ... وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ ... ئەوانـەش کـە ڕکـی خۆیـان دەخۆنەوەو لە مەردم چاوپۆشی دەکەن. (١٣٤) آل عمران ﴾.

﴿ ... وَإِذَا مَا غَضِبُواْ هُمْ يَغْفِرُونَ ... (ئەوانەش) کە لە جەنگەی تورە بونیاندا عەفو دەکەن. (٣٧) الشورى ﴾.

﴿ ... ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيۡنَكَ وَبَيۡنَهُۥ عَدَٰوَةٞ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٞ ... تـــــۆ وەرامی خراپە بە چاکە بـدەوە، ئەوساکە سێ لەگـەڵ تـۆدا دوژمنـە، دەبێتـە دۆستی نزیکت. ﴿٣٤﴾ فصلت ﴾.

﴿ ... وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلۡجَٰهِلُونَ قَالُواْ سَلَٰمٗا ... هـــەر کـــاتێکیش نەزانـــەکان بیـــان دوێنن وەڵامی نەرمو نیانیان دەدەنەوە. ﴿٦٣﴾ الفرقان ﴾.

کەوایـە: ئەگـەر لـە کەسێکەوە وتەیـەکی نەشـیاوت کەوتـە بـەر گوێیان، وەڵامـی مەدەوە با دە هەندەی نێتە سەرێ، ئەگەر هۆنراوەیەکی نالەبارت بەسەردا هەڵدرا، وا بزانـە هـەر نەتبیـستوە، چـونکێ ئەگـەر تـۆش بـە هۆنـراوەیـەك بەرپەرچـت دایـەوە خـەڵکان قسەی پێوە دەکـەنو وێـژەران گـوێی بـۆ هەڵدەخـەن، ئەگـەر گوتـارێکی دڵ سوتێنت لە دژ نوسرا ڕوی بۆ وەرمەگێڕەو لـەژێر پێتـدا بیپۆشـە، وا بزانـە جگـە لـە تۆی مەبەستە، ئەگەر کەسێکی قین لە دڵو ڕەخنە گر پشك‌و بەلاری لێدای بێئاگایی لـێ بنوێنـە، وا بزانـە قسە لەگـەڵ دیـواری هاوسـێیەکەتدا دەکـا. هـەر لـە کۆنـەوە پێشینان گوتویانە: خۆڕاگری لە ژیر خاك نانی خەوش‌و نەنگی یە.

کـە دەریـا پـڕ لە نـاوە لێـوان لـێـــوی
چ باکی لـەوەیـە بـەردێ بخرێنـە نێوی

دەریا لەبەر ئەوەی ئاوی زۆرە بەدەمی سەگ پیس نابـێ هـەم ئاوەکـە پاکـەو هـەم مردارەوە بوی حەڵاڵە، پیاوی سەرڕاست‌و خۆڕاگریش هەروایە، چەنەبازو دەمـدڕاوان ناتوانن ناوی بزڕێنن، ﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلۡأَبۡتَرُ ... ئەوەی لێت بـە ناتۆرەیـە، بـۆ خۆی وەچاخی کۆرەیە. ﴿٣﴾ الكوثر ﴾.

ئەوەندە پشت ئەستورە چەپەڵکاران ناتوانن ڕوخساری پاکی بڕوشێنن، ﴿ ... فَإِنَّكَ بِأَعۡيُنِنَاۖ ... ﴿٤٨﴾ الطور ﴾.

لە ڕێـزی هیـچ کـەس دامـەشـکێـنە

لە ژیانی خۆمدا خوڕەوشتێکم هەڵسەنگاندوەو تاقیم کردۆتـەوە، تێـشیدا بەهەڵـە نەچوم، ئەویش ئەوەیە: پێدا هەڵدانێکی بـەجێو لـە جـێ کار لـە خـەڵکی دەکا، جـا هەرچەندە لە خوا تـرسو دنیـا بەکـەمگربنو حـەز لـە خۆدەرخـستن نەکـەن، بـەڵام کاتـێ گوێیـان لـە سـتایشو پێداهـەڵگوتن دەبـێ کاریـان تێـدەکاو پێـی دڵخۆشـن، جـا هەیانە زۆرو هەیانە کەم.

دانیشتنم لەگەڵ زانایانی دینـدارو تەقواکار کردوە، سەیرم کرد کاتـێ گوێ قوڵاخی وتەیەك دەبن ستایشو پیاهەڵدانی تیایە هەستو نەستیان نەرمو نیانو هێور دەبو، کوڵمەکانیان شەبەقی ئەدا. گومان لـەوەدا نیـە وشـەی ناسك کاری خـۆی لـە دڵـەکان دەکا، ئەو بەرهەمو میراتە ڕەوایەی لە پێغەمبەری ڕەوا بێژ بیستراوە ئەوەی تێدایـە، کە هـەر کەسـەی قـەدرو ڕێـزی خـۆی پـێ بـدرێو لـە جێگـای شـیاوی خـۆی دابنـرێ، ئەوەش هەر بەهرەیەکی خوایی‌یە، کە خەڵکان بە سای تۆوە بەختەوەر بن‌و، بەهۆی هەڵسوکەوتی بەرزت دەرونی خۆشت ئاسو دەکەی، ﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّوا۟ مِنْ حَوْلِكَ ... لـە بـەزەیی خـودا ڕایـە، کـە تـۆ هێنـدە نەرمونیانی دەگەڵیان، ئەگەر یەکێ دڵڕەقو تووندو تۆسن بای، بڵاوەیان لـێ دەکـردی. (١٥٩) آل عمران ﴾ .

دانـەری کتـێبی (کیـف تکـسب الاصـدقاء) لای وایـە زیـادە ڕۆیـی‌و تێپەڕانـدن لـە ستایش‌و پیاهەڵدانی خەڵکان دەبێتـە هـۆی سـەرنج ڕاکێشانیان، بـەڵام مـن ئـەوە بـە باش نـازانم، بەڵکـە مـام ناوەنجـی‌و سـنوردانان لەوبـارەو باشـە: ﴿ ... قَدْ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَىْءٍ قَدْرًا ... دیارە خودا بۆ هەر شتێ ئەندازەیەکی داناوە. (٣) الطلاق ﴾.

نە ماستاوچیاتیو جامەلوسی [٩٠٠] کە دەبێتە هۆی لەخۆباییبونی بەرامبـەر، نـە ڕوگرژیو پشت تێکردن، کە بەرامبەرەکە وشک دەکاتەوە، بەڵکە خووڕەوشتی بـەرزو دڵ فراوانی سەرنجی دڵان ڕادەکێشێ.

منو تۆ لە دەستمان دێ لوت بڵندی بەسەر خەڵکی دابکەینو، ڕومان بەرامبـەریان گرژ بێ، بەڵام ئێمە ئەوان لەدەست دەدەین ئەوان ئێمە لەدەست نادەن، چونکە جگـە لـە مـنو تـۆ کەسێکی تریـان دەسـت دەکـەوێ باوەشیان بـۆ بگرێتـەوەو، سـۆزیان بـۆ بنوێنـێو، لـە ڕویانـدا بـە خەنـدە بـێ ﴿ وَٱخۡفِضۡ جَنَاحَكَ لِمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ... بااڵت شۆڕ کە بۆ ئەو بڕوادارانەی، کە شوێنت کەوتون. ﴿٢١٥﴾ الشعراء ﴾.

مایەی بەختەوەری ئێمەیە دڵی خەڵکان بەلای خۆماندا ڕابکێشین، چونکێ ئەوانـن خـاوەنی سـۆزو خۆشەویـستین، نـزاکـارو سـوپاس کـارن، شـایەتی دەرانـی خـوا لەسـەر زەویدا ئەوانن. ﴿ ...وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسۡنٗا ... بۆ مەردم قسەی باش بکەن. ﴿٨٣﴾ البقرة ﴾

لە تەمەنی خۆمدا کەسانێکم ناسیوە بەهرەی ئاوێتەبونیان زانیوە، ئەوسـا دڵەکان چەندە تامەزرۆ بونە لە دەورەیان کۆببنەوە، گیانو ڕۆحەکان هەروەک گەڵای شەنگە بی، کە بە هۆی باو بۆران هەڵدەوەرێ بەسەریاندا دابـاری ون، لە هەر شوێنی دابـەزی بنو بەڕێ کەوتبن دیدەو سۆمای خەڵکییان شوێن کەوتوە، لە ڕوی خەڵکدا ڕوخسار گەش بون، زمان پاراوو دڵ پاکو بێگەرد بون، ئـای لـە بەختـەوەری ئـەوان!! ئـای لـە ئاسودەیی خەڵکانیش بە سای وان!!

دوای ئەوەی خوای گـەورەو توانـا مۆڵەتی بـە بەنـدەی خۆیـدا، بەنـدەش دەتوانـێ جێگای خۆی لە دڵی خەڵکدا بکاتەوە، ئەو بەهرەیەش نە بە گەنجینـەی قـارونو، نـە بە ملکو دارایی (سـولەیمـان)و نە بە خەلافەتی (هارون ڕشید)یش دەکرێدرێ، بەڵکـە بـە نیـەتێکی پـاکو ڕاسـتکردن لەگـەڵ خـوادا، بـەهۆی چاکەویـستی بـۆ خـەڵکانو خۆشەویـستی خـواو پێغەمبـەری خـوا - درودو سـەڵاوی خـوای لەسـەر — بـە سەرزەنشتکردنی هەواو هەوەسو بەکەم زانینو بەسەر ڕۆیشتنی فەراهەم دێ.

---

٩٠٠) مەرایی / مامە حەمەیی / پان کردنەوە.

گومـان لـەوەدا نیـە، کـە خووڕەوشـتی جـوانو ڕازاوە مـرۆڤ مانـدو دەکـا، سـەبارەت بەوەی ڕێگاکەی سەرەو هەوارازە، بـەڵام بـەدخویـو بەدسروشـتی هـەکارێکی ئاسـانـە، سەبارەت بەوەی ڕێگای سەرەو نشێوە، هەڵگەڕانو هـەوراز چـونیش سـەختو گرانـە، شۆڕبونەوەو دابەزینیش سوکو ئاسانە.

بە هەمان شێوە تامی ژیانم چەشـتوە قـازانجێکم لـێ فەراهـەم هێنـاوە، کـە سـودو کەڵکی بـۆ تـۆو خـەڵکانی تـریش هـەبێ، ئـەویش ئەوەیـە، ڕێـز لـە بـەهرەی خـەڵکان بنێیـو، دان بـە توانایـان دابنێـی، لەسـەر خواسـتو ئومێـدیان هانیـان بـدەیو، دەسـت بەسەر هەوڵو کۆششیان دانەگرێو، کیانوبونیان نەسڕیتەوە.

هۆکارێك لەو هۆکارانەی ژیانی خـەڵکی تـاڵ دەکـاو، هەسـتو ناخیـان لـێخن دەکـا: کەسێکە تەنیا خۆی دێتە بەرچاو، هەر تـەنیا خـۆی ئەسـتێرەی درەخشانو، بـورجی بەرزی ئاسمانە، هەر خۆی هەڵکەوتەی ڕۆژگارو پیـتو فـەڕی کاتەکانـە، جگـە لـەوی جێی سەرزەنشتو ڕەخنەیە، بێ کەڵکو بێ بەهرەیە.

لەگەڵ کەسانێدا هەستامو دانیشتم بە هەر حاڵ بـە پێـی توانـاو لێهاتوییـیان لـە چاکەدا هەوڵیان ئەدا، منیش وامدەزانی ئەوانە خۆیان دەناسن، خۆیـان لـێ نـاگۆڕێو زیاد لە بەڕێ خۆیان پێ ڕاناکێشن، بەڵام کاتێ لێیان وێکەوتم، سەیر دەکەم زۆربەیان لایان وایە هەوڵو گەڕیان لە سەروی تێگەیـشتنی خەڵکانـەو، بـەرزتـرە لـەوەی خـەڵك بیـری لـێ کردۆتەوە.

دەبینـم قوتابیـەك چـەند نامیلکـەیێکی چـکۆڵەی نوسـیوە دەیـەوێ بەپـەلـە خـۆی پێبگەیـەنێ، لەسـەر ئـەو هەوڵـەی سوپاسـی دەکـەم، سـەیر دەکـەم زیـاد لـە پێویـست درێـژەی پـێ دەدا، کـە ژمارەیـەکی زۆری لـێ بڵاوکراوەتـەوە، چـۆن خـەڵك پێـشوازی لێکردوەو، ئەوەندەو ئەوەندەی لـێ فرۆشراوەو، لە زۆر لاوە سوپاسی کـراوەو، فـلاّنو فـلاّن بـە پەسـندیان دانـاوە، سەرسـام بـوم بـەوەی مرۆڤـ چـەندە خۆپەسـندە، کـردو کۆشی خۆی چەند بەرز دەنرخێنێ، ئەوانەش، کە دانـی پێـدانانێنو بـە زۆری سـەیر ناکەنو ڕەخنەی لـێ دەگرن چەندە دەیانبوغزێنێ.

گوێبیستی کاسێتێکی تریش بـوم ئـەوەش بـە هـەر حـاڵ کەسـێکی ناسـراوو نـاودار نەبو، منیش ویستم، سوپاسی بکەمو هانی بدەم تاوەکو لەسەر کـاری خـۆی بـەردەوام

بێ، بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ داکرد، هەر کە کاسێتەکەم باسکردو ستایشم کـرد، ئـەو هەلەی بە هەڵێکی رەخساو زانی، سەرەتا لە خوای تواناو بالادەست پارایەوە کـە بـەو کاسێتە سود بە هەمو خوشک و برایەکی موسڵمان بگەیەنێو بەروبومی گشتگیـر بێ، هـەروەکو بڵێـی ئـەو کاسـێتە خۆرهـەڵاتو خۆرئـاواو، هـەمو کـونو قـوژبنێکی گرتبێتـەوە، دوای ئـەوە پێـی وتم، چـەند جار ئامادەی کۆڕەکـە بویـو چۆن بـو، زۆر قسەی تریش لەو بابەتانە، کە پێشبینی ئەوەم نەدەکرد ئەو قسانە بکا، تێگەیـشتم، کـە دەرونـی مـرۆڤ چـەند هەنـدی توانـاو بـواری خـۆی نـرخو بـەها بۆخـۆی دادەنـێ، بەڵایـەکی چـەند گەورەیـە کەسـێکی لـێ ڕاسـت بـێ سـەنگو ڕێـزی بـە کـەم هەڵسەنگێنێو بنرخێنێ.

گوێبیـستی وتارێـک بـومو بـۆ خـۆم ئامـادەی کۆڕەکـە بـوم، منـیش سوپاسـی وتاربێژەکەم کرد، ئەوسا هەوالّی پێدام کە ژمارەیـەکی زۆر ئامـادەی وتارەکـە بـوەو، زۆر گریانی تێدا بوەو، کەسانێکی زۆریش لەسەر دەستی ئەو گەڕاونەوە.

کەواتە وریـابە هەر چۆنێک بێ لە پلەو پایەی هیچ کەس دامەشکێنەو، لە قەدرو ڕێزیان دامەبەزێنەو، سوک و چروکیان سەیر مەکـە، ﴿ ... لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِّن قَوْمٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُونُوا۟ خَيْرًا مِّنْهُمْ وَلَا نِسَآءٌ مِّن نِّسَآءٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُنَّ خَيْرًا مِّنْهُنَّ ... بـا هێنـدێکیان گالّتـە بە هێندەکان نەکەن، لەوانەیە ئەوانەی گەپیان پێدەدەن، لە گەپـدەرەکان باشـتر بـن، ژنـیش هـەروا، لەوانەیـە ئەوانـەی دەبنـە گـالّتەجار، لـەوی گـالّتەیان پێدەکـەن پەسندتر بن. (١١) الحجرات ﴾.

یـەکێ لەوانـەی تـۆ خۆشەویست دەکا لەلایـەن خەڵکانـەوە، ئەوەیـە بـەرەو ڕویـان بـچیو بایـەخیان پێبـدەیو لەمـەڕ بـەهرەو توانایـان هانیـان بـدەی، هـەر ئـەوەش نەخـشەو ڕێبـازی قورئانـە: ﴿ وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِىِّ ... ئـەو کەسانە مەتۆرێنەو دەریانمەکە، کە گشت شـەوەکیو ئێـواران هانـا دەبەنەبـەر خـوای پەروەردێنیان. (٥٢) الأنعام ﴾.

﴿وَٱصۡبِرۡ نَفۡسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ ... تۆ هەر دەگەڵ ئەوانەبە، کە سبەینانو ئێواران بۆ دیداری پەروەردەیان بە نزانو تەنیا ڕەزای ئەویان دەوێ. ﴿٢٨﴾ الكهف﴾.

﴿عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١﴾ أَن جَآءَهُ ٱلۡأَعۡمَىٰ ﴿٢﴾ وَمَا يُدۡرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ ... گرژ بوو، ڕوشی وەڕگێڕا! کە بێ چاوەکە هاتە لای. تۆ چوزانی! بەشکە ویستی پاکبێتەوە. ﴿٣﴾ عبس﴾

لە مێژودا باسکراوە، کە ئەوەی بۆ هۆی موسڵمان نەبونی (جەبەلە)ی کوڕی (ئەیهەم) ئەوە بو سەنگو ڕێزی خۆی پێ نەدراو، کە پێویست بو بەم شێوەیە بایەخی پێ نەدرا، بە گومانی خۆی.

(تەها حوسێن)یش لە کتێبەکەیدا بەناوی (الأيام) دەگێڕێتەوە: مامۆستایەکی (ئەزهەر) لە کاتی وەرگرتنیدا تاقی دەکاتەوە، ئینجا پێی دەڵێ: ئەی کوێر سوڕەتی (الكهف) بخوێنە ئەو قسە لە گوێچکەی (تەها حوسێن)دا دەزرینگایەوەو دەیهەژاندو دەی لەرزاندو ئازاری پێ دەگەیاند، دەرەنجامەکەی ئەوە بو بە جوێن پێدانو قسە پێوتنو ڕەخنەلێگرتن هێرشی کردەسەر (ئەزهەر)و، تا هەتایە ڕوی لەوێ نەکردەوە.

کێ هەیە خۆی پێ کەم بێو هیچ سەنگێك بۆ خۆی دانەنێ؟ کێ هەیە لای وا بێ هیچ نیەو شیاوی باس نیە؟ هیچ کەسێ بەم چەشنە نیە، هەمو کەس خۆی خۆشدەوێ، هەمویان بایی خۆیان ڕێزی خۆیان دەگرنو، گشتیان نرخو بەهای خۆیان دەوێ.

سەرنج دە کاتێ لە هەر کۆڕو دانیشتنێك یەکێ بدوێ بینیوتە هیچ کەس بە وشەی (من) ڕاناوی خۆ دواندن، ناوی خۆی هێنابێ [٩٠١] بڵێ: گوتم، دەچوم، ڕوبەڕو بونەوەم کرد، پێم گوترا، پەیوەندیم پێوە کرا. ئاخۆ منو تۆش دەمانەوێ - بەبێ گوێ پێدان ئەو ئارەزوو خواستانە دابماڵینو، ڕازە دەرونیەکان بنبڕکەین؟! من لە پۆلی دوەمی ناوەندی بوم لە پەیمانگای (ڕیاز)، دەستم لە شیعران وەرئەرداو بایەخم پێ ئەدا، چەند بڕگەیەکم لە گۆڤاری پەیمانگادا نوسی بو هەندێ لە مامۆستایان

---

٩٠١) بەڵکو وەکو ڕێزێك دەڵێن ئێمە وامان کرد/ وا دەڵێین.

سوپاسیان کردم، پێم وابو وەکو (ئەبو تەمام) یـا (موتەنـەبی) یـاخود کـەمێك لـەوان باشتـرم.

جارێکیان پۆلە قوتابیەك لە پەیمانگایێکی تـرەوە سەردانیان کـردین، ئاهـەنگێکیان بۆ ساز دراو، داواشیان لە من کرد هۆنراوەیـەك پێـشکەشکەم، سـەبارەت بـەوەی هـیچ کام لە قوتابیان هۆنیار نەبون‌و، یاخود وەکو من خوازیاری هۆنراوە نەبون، بۆیە بـە تایبەتی بەملی من داهات ﴿..فَلَمْ تَجِـدُواْ مَآءً فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا ...(دنیابو) ئاوتان دەستنەکەوت، خولێکی پاك پەیدا بکەن‌و ڕوخسارو دەسـتەکانتانی پـێ بهـەنون[٩٠٢]. (٤٣) النساء﴾.

هۆنراوەکەشـم خـستە بەرچاوی مامۆستای وێـژە لـە پـەیمانگا، بـە هۆنراوەکەیـدا هـەڵگوت‌و، دەربـڕین‌و وشـەکانی بـەرز نرخانـد، منـیش بـاوەڕم کـردو، لام وابـو زۆر سـەرنج ڕاکێـش‌و نـاوازەو بێوێنەیـە، بـەڵام کاتـێ گـەورە بـوم‌و، وێـژەم تـام کـردو، شیعرم ناسی، بە خۆم‌و هۆنراوەکەشم پێکەنیم. کە ئەمەش یەکێکە لە بڕگەکانی:

لێـت بێ سـلاّو ئـەی پە یمـانگـەی خۆشـەویسـتیـم
بە خۆشـەویسـتی ئاوەدانی ئومێدی هەستو نەسـتم

مـن‌و تـۆ چ مـان پـێدەبڕێ کەسـایەتی خـەڵکان دابـڕمێنین، خـۆ ئـەوان لـە بەرەوپێشچونیان دوا ناکـەون، تـەنیا خواستو ئارەزویـان لـێڵ دەکـەین‌و، نـەیارێتی‌و ڕەنجاندنیان دەستەبەر دەکەین.

کەوایـە تـۆ هـەر ئەوەنـدەت لەسـەرە ستایـشی ڕوی درەوشـاوەی ژیـانی خـەڵکان بکەیی‌و، بە خونەریتی بەرزیاندا هەڵبڵێی، بەهرەو چاکەیان بلاوێنی‌و، چاویـشت لـە خراپەو کەموکوڕیان بنوقێنی.

---

٩٠٢) پێ دامالّن.

چ بچـێنی هـەر ئـەوە دەدوریـــەوە

هەندێ لە کاراشنایان دەڵێن: ئەوەی چاو لە هەڵە دەگێـڕێ: وەکـو مـێش وایـە کـە تەنیا لەسەر بریـنان دەنیشێ، کەسانێکیش هەن بە وشەی (بەڵام) گرفتارن هەر کاتێ باسی یەکێکی لـەلا بکرێ، دەڵێ: کەسێکی چاکە بەڵام، دوای وشەی (بەڵام) گوێ بگرە چـی بـەدوادا دێ: جـوێن پێـدانو وشـەی ناشـیاو زمـان درێـژیو بەدگـۆییو ڕیـسوا گۆیی: ﴿وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ ... هاواڕە لە هەرکەسێکی بـە تەشـەری خوسپکەرە. ﴿١﴾ الهمزة﴾.

﴿هَمَّازٍ مَّشَّآءٍ بِنَمِيمٍ ... هـەر تانـە لـە خەڵـــک دەداو قـسـە بـۆ ئـــەمۆئەو دەبـا. ﴿١١﴾ القلم﴾.

﴿وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا ... پاشـملـەش خراپەی یەکتـر مەبێژن. ﴿١٢﴾ الحجرات﴾.

دڵنیا بە ئاسودەیی منو تۆ بەندە بە ئاسو دەکردنی کەسانی ترو، دڵخۆشکردنیان، بەندە بە داننان بە بەهرەو تواناو چاکە کاریان. سەرنجیـشم داوە بـە پێـی ڕێزگـرتن مان لە خـەڵکو بایـەخ پێـدانو دان پێـداهێنانمان بـە چاکەیان، قـەدرو ڕێـزو بایـەخ پێدانی ئەوان دەستەبەر دەکەین.

بـەگوێرەی پـشت تێکـردنو خـۆ دورخـستنەوەو لا لـوتیمان، خـۆ لادانو پـشت هەڵکردنو لاساری ئەوان هەست پـێ دەکـەین. ﴿جَزَآءً وِفَاقًا ... پاداشـێکە هەمبـەر ﴿بە کردەوەیان﴾. ﴿٢٦﴾ النبأ﴾.

ئەو کەسە زیرەکو دانایـە کێـیـە لـە ئێمـە دەیـەوێ خـەڵک قـەدرو ڕێـزی بگـرێو، کەچی خۆی حەز دەکا خەڵک بە سوکو چروک بزانێ؟!

پێـی خۆشـە خـەڵک قوربـان قوربـانی بـۆ بڵـێو، کەچـی هـەوڵ دەدا پێـیـان لەسەرسەری دابنێ؟! ئەگەر وابێ تەرازوەکە لاسـەنگە، ﴿وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ ... هـاواڕە لـە سوک فرۆشان. ﴿١﴾ المطففين﴾.

رەنجـی خـەڵـك بـەرز بنرخـێـنـە

لـە پەیوەنـدی کۆمەڵایەتیـدا ئـەوەم دەسـتەبەر کـرد، کـە ئـەوەی شـیاوی هاوڕێیەکەتە، بـەم چەشـنە پێشوازی لێبکـەی، هـەم خـۆت هـەم ئـەویش بەختـەوەر دەکەی، بـۆ نمونـە: بـەو نـاوەی پێـی خۆشـە بـانگی بکـەی، ئـەویش ئـەو ناوەیـە پێـی ناسراوە یاخود بە نازناو بۆی دانراوە.

هیچ کەس لەو کەسە ڕەزا تاڵو ساردو سڕتر نیە، کە بە ڕانـاوی نەزانـدراو بـانگی براکەی خۆی دەکا، دەڵێ: هۆی لەگەڵ تۆمـە، یـاخود هـۆی کـابرا. ئـاخۆ پێـت خۆشـە یەکێ لە ئاستی نـاوی تـۆدا خـۆی گێلـکا، یـا بـە نـاڕێکی نـاوی تـۆ هەڵـدا، یـا نازنـاوت بشێوێنێ؟ پێم وا نیە پێت خۆش بێ!

شێوازی خۆ گێل کردنو داشکاندن واتای دڵ ئەستوریو ڕەزاگرانیو هەست ساردی دەگەیەنێ.

چەند جاران کاتێ پیاو وەژورێ مانێ کەوتۆتەوە، بینیوەتی هاوسەرەکەی ناو مانی ڕێك خستوەو، ڕوخساری ماڵەوەی ڕازاندۆتەوەو، بۆنو بە رامی خۆشـی بـەناو مـاڵدا پڕشـاندوە، کەچـی ئەوانـەی هـیچ لەبەرچـاوان نـەگرتوەو، تـەنیا بـە وتەیـەکیش سوپاسو پێـزانینی خـۆی دەرنـەبڕیوەو، لـە ڕاسـتیدا ئـەم هەڵسوکەوتە داڕوخانـدنی وزەو تواناو بە با هەڵکردنی بایەخ پێ دانە.

کەواتە سەنگو قەدری جگە لە خۆت بەهەند هەڵبگرەو بەرزی ڕابگرە، سـوپاسو پێـزانینت لە ئاقار کردەی خەڵکی دەربڕە، بە نیگاری جـوانو ڕازاوەدا هـەڵبڵێ، بـۆنی خۆشت پێ خۆش بێو، کاری چاکت پێ چاك بێ، ڕەوشتی بـەرزو جـوانو، هـۆنراوەی سەرنج ڕاکێشو، نوسراوو کتێبی بە پێز، بە پەسند لە قەڵەم دە، بۆ ئەوەی ناوت لـە لیستی وەفـادارو دڵسـۆزانو جوامێران تۆمار بکرێ.

بارگـرانی لاسـاکـاری مەخـەرە سـەر شـانـت

لە مەککەدا گوێم لە (عومەر ئەباڕیشـە) بو کە هۆنراوەکەی پێشکەش کرد:

ئەوەی ڕاستی بێ ئاوازی خۆش‌و جوان پێشکەش کـردن‌و بەرچاوخـستنی سـەرنجی ڕاکێشام، هۆنراوەکەو شێوەی دەربڕینیشم لەبەرکرد، لەلای خۆمەوە هۆنـراوەیێکیـشم هەڵبەسـت‌و لـە ئاهـەنگێکی پـەیمانگای زانـستی هەڵسامەوە هۆنـراوەکـە پێـشکەشکەم، ویستم بە پۆشتەی (ئەبا ڕیشـە) خۆم بپۆشم‌و چۆنی دەردەبڕی ئاوا دەربـڕم، بـەڵام من (ئەبا ڕیشـە) نەبوم، بە گرانی دەرمدەبڕی‌و بێزارو ساردسـڕ بـوم، لـە دوای ئـەوە وازم لە دەمـە لاسکەیی هێناو، بە گوێرەی سروشتی خۆم هۆنراوەم دەخوێندەوە.

دیمەنی ئەو ئیمام‌و پشنوێژەی لە یەکێ لە مزگەوتەکانی شاری (جـدە) کـە نوێـژم لەدوا کرد، وەکو من بو، لە کاتێکا نوێـژی خـەوتنانم لـەدوا دەکـرد، دەیەوێـست وەکـو قورئـانخوێنێکی نـاودار قورئـان بخوێنـێ، بـەڵام بەداخـەوە، دەنـگـو ئـاوازی تێـك نـەدەکردەوەو جیـاواز بـو، جەسـتەی ئـەو پێـشنوێژە تێـك دەهـەژاو، دەنگی دەگیراو هەناسەی نەئەدا، من لە تاوی ئەو شپرزەییـو نالەباریەی ئـەو کـە دەیەوێـست باڕێـك هەڵبگرێ لە توانای دانەبێ، لەجێی خۆمەوە ماندووشـەکەت بوم، تەواویش دڵنیـابوم کە خوای بێهاودەمو بێوێنە، هەر کەسەی بەهرەو تواناو سروشتێکی پێ بەخـشیوە، هیچیان بەهیـچ ناچن: ﴿... لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ... بۆ هەر کۆمەڵێك لـە ئێوە ڕێو شوێنێکمان داناوە. (٤٨) المائدة﴾.

تۆ ئەگەر بتەوێ داهێنان‌و پێشکەوتنێك وەدەسـت بـێنی هـەر ئەوەنـدەت لەسـەرە بـەپێی بـەهرەو سروشـتی خـۆت ڕێگـا بگریەبـەر: ﴿ قُلْ كُلٌّ يَعْمَلُ عَلَىٰ شَاكِلَتِهِ... بێژە: ڕەفتاری هەر کەسێ بە پێی ئاکاری خۆیەتی. (٨٤) الإسراء﴾.

ئینجـا دەنگـت وە دەنگـی کـەس مەچـوێنە، زمانـت لـە وتووێـژدا وەکـو ئـەوان مەلەنگێنە، وەکو ئەوان دامەنیشـەو هەنگـاوت وەکو وان هەڵمێنـە، بۆئـەوەی خـۆت لە چنگی کۆیلایەتی لاسـاکاری‌و، خۆ وێ چواندن دەربێنی‌و، باجی دەمە لاسکەییش

نەدەی. بێگومان سەرنج ڕاکێشانو ڕازاندنەوەو تامو بۆ پێوەرکردنی تۆ لەسەربەخۆیی و داهێنانو کاریگەری خۆتدا بەرجەستە دەکرێ، لەوەدا وەدی دەکرێ بە تەنیاو سەربەخۆ بخەیە بەرچاوو پێشکەشیکەی.

ئەگەر باریکت پێ هەڵناگرێ شانی مەدە بەرێ

لە شاری (ئەبها) وتاری هەینیم دەخوێندەوە، زۆربەی وتارەکانیشم لەمەڕ ژیاننامەی پێغەمبەری خوا بو - درودو سلاوی خوای لەسەر - خەڵکیش بە شتێکی ئاسایی یان دەزانی و ئەو پێشنیارەیان لا پەسند بو، جارێك داوام لێکرا باس لە کێشەی گرانیِ مارەیی بکەم، لەبەرئەوەی خەڵك پێویستی پێ بو، ئەو بابەتەش پێویستی بە نمونە هێنانەوەی زیندو باسکردنی ڕوداوی ناو خەڵکی بو، منیش بەزۆری وایە لەو بابەتانە چالاك نیم، سەبارەت بەوەی بەهرەو توانا و چاپوکی من لە بابەتی (سیرە)یە بەوەش ئاسودەو ئارام دەبم، ئەوسا وەڵامی داخوازییەکەم دایەوەو ڕاستەوخۆ وتارێکم لەسەر گرانی مارەیی خوێندەوە چەند ئایەتو فەرمودەیەکم خوێندەوەو بەملاو ئەولادا دەڕۆیشتمو، هەوڵم ئەدا جۆرەها بابەتو باسو خواسی بێنمە ناوێ، ئەوسا وتارەکەم پتر دابڕو دابڕو پارچە پارچە ئەبو، ئارەقەم لێ هەڵچۆڕاو، ئاماری پاشەکشەو ساردبونەوەم لێ دیار بو، کۆتاییم بە وتارەکە هێنا، بەڵام نەمتوانی ناونیشانێك لەژێر تیشکی ئاسۆیەك هەڵبژێرم بیخەمە پاڵ ئەو وتارەم، کە ناوەکە وەکو ناوەڕۆکی پڕشو بلاو ساردو سڕ بێ، دوای وتارەکە دڵنیا بوم، کە چاکتر وایە بۆ من لەبارەی شتێکەوە بدوێم لێی وریا بم، لەمەڕ بابەتێك وتار بخوێنمەوە تێیدا چالاك بم، هەستو نەستی خۆم لەژێر باری ماندویتیو شەکەتی خۆ ئازاردان دەربێنم. لە پەیامی خواشدا هاتوە: ﴿... أَجْرِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ ... منیش مایەی بارگرانی نیم.﴿٨٦﴾ ص﴾.

پێشەوا (عومەر)یش دەڵێ: خۆ ئازاردانمان لێ قەدەغە کراوە.

ئێمە ئەگەر کامەرانیو ئاسودەییمان گەرەك بێ، بمانەوێ بەرهەمی جوان بۆ خەڵکان پێشکەشکەین، پێویستە ئەو کارو کردەوەیە ئەنجامدەین، کە لە تواناماندا

هەبێو، بەجێی خۆیو لە جێی خۆی پێمان دەستەبەر بکرێ، لە فەرمودەشدا هاتوە: ((ان الله يحب من احدكم اذا عمل عملا ان يتقنه ... خوا لە ئێوەی دەوێ، ئەگەر کردارێکتان ئەنجامدا بە ڕێکوپێکی ئەنجامی دەن)).

لەبەرئەوەی ڕێکو پێکی دڵو دەرون لە دەردی پەشیمانی ڕزگار دەکا لە کێشەی سەرزەنشتو، گەڕاندنەوەی ڕاسپاردەکان بۆ لای خاوەندیان ناخو دەرون دەحەسێنێتەوە.

ئەو ژیانەی خۆت بێ بەرنامە بەڕێ مەکە

ڕۆژێ لە ڕۆژان دوازدە تەفسیرم بەیەکەوە کۆکردنەوە: تەفسیری: (طبري، ابن كثير، بغوي، زمخشري، قرطبي، في الظلال، شنقيطي، رازي، فتح القريب، خازن، ابي مسعود، قاسمي...) پاشان بڕیارمدا ڕۆژانە ئایەتێک لە هەمو تەفسیرەکان سەرنجدەم، لە ئایەتی یەکەمەوە دەست پێ بکەم، ئەوسا دوەم پاشانیش سێیەم، بەمجەشنە هەتا هەر دوازدە تەفسیرەکە تەواو دەکەم، دوای ئەوە لە خۆم پرسی: باشە چیم لەبیر دەمێنێ هیچ شتێ نامێنێ، مەگەر واتای کتێبێك، کە بەزۆری وایە دەیزانم، بەڵام هەستم بە بێزاریو بێتوانایی کردو پاشەکشەم کرد، هۆکاری ئەوە بو ئەو جۆرە ڕێڕەوەی کتێب خوێندنەوە سەرکەوتو نیە، ڕێکو پێکی تێدا نیە، بەڵکە پەلەپەڵو سەر پێیی یە.

ئاخۆ دەتەوێ بە هێورەیی و هێواشی سودو کەڵك وەرگری؟

بەهۆی زۆری چاوگو سەرچاوە سەری خۆت مەشێوێنەو بیرو هزرت مەپرشێنە، ناخو دڵت شەکەت مەکە، بەڵکە پێویستە لەسەرت بەدوای پیلانو هەنگاوێکی سوکو ساناو سەرکەوتودا بگەڕێی، کە لە تاڵوکەو بێزاری دورتخاتەوەو، سەقامگیریو خۆڕاگریت پێ ببەخشێ، با هەرچەندە بەرهەمو داهاتەکەش کەمبێ، وەلێ کەمی بەردەوام بنەمایەکی ڕەسەنە.

پەسندترین کردەوەش بە لای پێغەمبەری خواوە - درودو سلاوی خوای لەسەر ئەو کردەوەیە خاوەنەکەی لەسەری بەردەوام بێ، با هەرچەندە کەمیش بێ.

پـەرەدان بە نـازو گـۆزی دنیـا ئێـوەی خافـلانـد [٩٠٣]

دوای ئەوەی بڕە پارەیەکم کۆکردەوە، بە گەرمو گوڕێکی بێ وێنە بەرەو پەرتوک خانـەی گـشتی ڕۆیـشتم، بڕیارمـدا لـە هـەموجۆرە کتێبێـک نوسـخەیەك بکـرم، لەبەرئەوەی زۆر شەیداو ئەوینی کتێب بوم، سەر ڕەفەکانم پڕ لە کتێب کردبو لە هەمو بواریکەوە، هەتاوەکو دەیەها کتێبم لە زانستی دەروننناسیو، وردیاتی (اصول الفقه)و، کتێبی بێوێنەی ڕۆشنبیری گشتی کڕی بو، ویستم دەست بە خوێندنەوە بکەم نەمزانی لە کوێوە دەست پێ بکەم، کامەیان هەڵبژێرمو کامەیان هەڵبوێرم، سەیر دەکەم زۆریان یەکتر دوبارە دەکەنەوە، ئەوەی لەو کتێبەدا هەیە لەوی تریشیاندا هەیە، سەیرم کرد کۆمەڵە کتێبێك بە پێی پێویست سودم پێ ناگەیەنن، کۆمەڵێکی تر وتەی بێ واتاو وشەی بێ مانایان تێدا، چەند سالێکم بەسەردا تێپەڕی دەیان کتێب هەر لەسەر ڕەفەی خۆیان بونو یەکێکیانم لێ نەجوڵاند، تەنیا هەبونو ڕێزکردنو بەسەریەکدا کەوتنیان مایەی نیگەرانی من بو، هەتا ئەو کاتەی لەگەڵ کۆمەڵە زانایەکی وریاو دەستەیێك لە پیاوانی دانا دانیشتم‌و، حاڵو گوزەرانی خۆم بۆ باسکردن، بە ڕێگایەکی ڕاستو دروستیان ئاشنا کردم، کە ئەو کتێبانەی چاوگو سەرچاوەو بناغەن لە گشتیان بەهەڕمێنتـرن، دەستیان پێوە بگرمو سودیان لێ وەرگرمو لێیان وردبمەوەو لێیان بکۆڵمەوە، ئەوانەی تریش وازلێبێنمو بۆ بەدوا گەڕانێكو هەر شتێکی تر هەڵیان بگرم. ئەوسا ئەو بۆچونەم لا پەسند بو، دڵم ئۆقرەی پێ گرتو، هەستو نەستم پێی ئاسودە بو.

جا ئەگەر تۆ پەرتوکخانەیەکت هەبو، ئارەزوی خوێندنەوەو سودوەرگرتنت هەبو، کامە کتێبی سەرچاوەو سودمەندترین کتێبە خۆیان پێوە سەرقاڵکەو دەستیان پێوە بگرە، بۆ ئەوەی لە چنگی زەین بلاوی‌و سەر لێ تێکچون‌و کات بە تاڵی ڕزگارت بێ.

---

٩٠٣) ئاماژەیە بۆ ئەو ئایەتە: ﴿أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ۝١ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ ۝٢﴾ التكاثر.

﴿أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ۝١ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ ... شانازیتان بـە فرەیـی ﴿مـاڵ و منـاڵ﴾ ئێوەی بە خۆیەوە خافڵاندن. ۝٢ التكاثر﴾.

بەو بۆنەوە چەند قوتابیەکی زانستیم بیرکەوتەوە دەربارەی کتێبی نـاوازەو کـەم وێنـەیان پرسـیار دەکـردو، بـە دوای نوسـراوی نـامۆدا دەگـەڕان و، هەمیـشە خـەریکی کۆکردنەوەی کتێب بون، کەچی خوێندنەوەیان کەم بو، سـەبارەت بـە شـارەزاییان لـە بنـچینەو بنـەمای کتێبـان کـەم دەرامـەت بـون، هـەوڵو کۆشـشیان تـەنیا دەوڵەمەنـد کردنی پەرتوکخانەکەیان بو، مەبەستیان سەرسوڕماندنی کەسانێ بو کە ناوی کتێبی وای بۆ بێنن وەکو سمرخو شامەل بێ، یاوەکو گۆگردی سور بێ، لەوانیش هـەبو بـەوە داخدار بو تەفسیری (مقاتل)ی کوڕی (سولەیمان)ی چـنگ ناکـەوێ، کەچـی تەفـسیری ئیبن کەسیری بـە تـەواوی نەخوێندۆتـەوە، لـەوانیش هـەبو ئـاخی بـۆ کتـێبی (فوائـد تمام) هەڵدەکێشا کەچی دەربارەی (فتح الباری) تەنیا ناوەکەیو نـاوی دانـەرو ڕەنگی بەرگەکـەی شـارەزا بـو، ﴿وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّآ أَمَانِيَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ... لەوانیـشدا ئـی وا هـەن کـە نەخوێنـدەنو بێزگـە ئـارەزو، لـە کتێـب سەردەرناکەن، ئەمانە هەر لە خەیاڵاتو گوماندان. ۝٧٨ البقرة﴾.

خۆت بە کوێرە ڕێی یان سەرقاڵ مەکەو ڕاستەڕێ لەبیـر مەکـە، لـەدوای جۆگـەلان مەڕۆو پشتیش لەسەرو چاوان هەڵمەکە. مایـەی هۆشمەنـدو بیر تیـژی یـە: گرنگتـر دەسـت پـێ بکـەی ئەوسـا خـۆت بـە گرنگیـەوە سـەرقاڵـکەی، هـەر کەسـێکیش بـە خواستو مەبەستان ئاشـنا نـەبێ ڕێـی لـێ دورو درێـژ دەبـێو، باربەرەکـەی شـەکەت دەبێ، خۆشی ماندو هیلاك دەبێو، دەستیشی لە بنی هەمبانی دەردەچێ.

تـاوەکـو ئەو پـەڕی ئـاسـودەیی و ژیان بەسـەر بـەی

- بـــاوەڕ ڕەوێنـــەری پەژارەیـــەو، لابـــەری ئەشـــکەنجەیە، بیلبیلـــەی چـــاوی یەکتاپەرستانو، دڵنەوای خواپەرستانە.
- ئەوەی چو چو، ئەوەی ڕابرا لەدەست چو، لە دو چوان مەچو، چونکە لەبەرچاو نەماو ون بو.
- لەو بەشە ڕۆژیەی بۆت دانـراوە، لـەو چارەنوسـەی هـەر دێتـە ئـاراوە ڕەزامەنـدی بنوێنە، هەمو شتێ بە بڕیارو قەدەری خوایە، واز لە بێزاری بێنە.
- ئاگادار بە دڵ بە یادی خوا دەسرەوێ، تاوانی پێ هەڵدەوەرێ، خـوای نهـێنی زانـی پێ قایل دەبێو، دەردی پێ سارێژ دەبێ.
- چـاوەڕێی سوپاسـی کـەس مەبـە، پاداشـتی خـودات بەسـە، کەسـێ چاوچـنۆکو سـپلەکارو ڕقەکارە کارت پێی نەبێ.
- کاتێ بەیانیت کردەوە چاوەڕێی ئێوارە مەبە، لە سنوری ئەو ڕۆژەدا ژیـان بەسـەر بە، کردو کۆشت لە پێناوی چاك سازی ئەمڕۆژەت دا بخەرە گەڕ.
- داهاتو بەلاوەنێ هەتا دێ، خۆت بە سبەی سەرقاڵ مەکە، چونکە ئەگـەر ئـەوڕۆت باش بێ سبەینێشت لەبار دەبێ.
- دڵوسینەت لە ڤایرۆسی چاوچنۆکیو ڕقوکینە چاك بکەوەو، ڕکابەری فڕێ بدە.
- تەنیا بەمەبەستی کاری چاکە لەگەڵ خەڵکدا تێکەڵ بـەو، دانیـشتوی مـاڵی خـۆت بەو، کەمێك لە خەڵکی دور بە.
- باشترین هاوەڵ کتێبە، ئینجا لەگەڵ کتێبدا بدوێو، هـاوڕێی زانـست بـەو، لەگـەڵ زانایان تێکەڵ بە.
- بونـەوەر لەسـەر یاسـا ڕەخـساوە، تـۆش وریـا بـە ناومـاڵو پەڕتوکخانـەت، بـەرگو پۆشاکو ئەرکی سەرشانت ڕێکو پێك کە.

- بەرەو دەشتودەر دەرکەوە، لە مێرگو گوڵشەنی جوان ورد بـەوە، ڕوی خـۆت بـە لای جوانکاری نەخشو نیگاری وەدیهێنەردا لاکەوە.
- لەسەر پێکانـت بـڕۆو وەرزش ئـەنجام دە، خـۆت لـە تەمبـەڵیو سـستی بپـارێزەو، پشت لە بێکاریو بەتاڵی هەڵکە.
- مێژو بخوێنەوەو، بیر لەسەر سوڕمێنەکانی بکەوەو، لـە سـەیرو سـەمەرەکانی ورد بەوەو، گوێت بۆ هەواڵو داستانەکانی بگرە.
- ژیـانی خـۆت نـوێ کـەوە، بـا شـێوازی گوزەرانـت هەمـە جـۆر بـێو، ئـەو ژیانـە هەڕەمەکیەی بە سەری دەبەی بیگۆڕە.
- واز لەو شتانە بێنە کە بە ئاگا کەرەوەن وەکـو چـایەو قـاوە، وریـا بـە خۆشـت لـە خواردنی دوکەڵو نێرگلە بە دور خەوە.
- بـە خـاوێنی پۆشـاکت بایـەخ بـدەو، خـۆت بـۆن خۆشـکە، ڕوکـاری خـۆت ڕێـکو پێککەو، سیواکو گوڵاویش لەبیـر مەکە.
- هەندێ لەو کتێبانەی دوچاری ڕەشبینیو بـەدبینیو داڕوخـانو هـەرەس هێنانـت دەکەن، مەیانـخوێنەوە.
- ئەوەت لـەیاد بـێ کـە پـەروەردیارت فـرە لێبوردەیـەو، ژێـوانی تـۆی قەبوڵـەو، لـە بەندەی خۆی چاوپۆشی دەنوێنێو، خراپە بە چاکە وەردەگێڕێ.
- لەسـەر بـەهرەی ئـایینو ژیـری، تەندروسـتیو بـەرگو پۆشـاک، بیـستنو بینـایی، ڕزقو ڕۆزیو ماڵو منداڵو جگە لەمانەش سوپاسگوزاری پەروەردیارت بە.
- ئاخۆ نەت بیستوە خەڵکانێ هەن هەستو ژیری یا تەندروسـتییان لەدەسـت داوە، یاخود کۆت بەندی زیندانن، یا بەربەڵان یا بەدەست ئیفلیجی گرفتارن؟!.
- لەگەڵ قورئاندا ژیان بەسەر بە، لەبەریکەو بیخوێنەوەو لێی وردبەوەو گـوێی بـۆ بگرە، لە ڕاستیدا بۆ لابردنی خەمو پەژارە گەورەترین چارەسەرە.
- پشتت بە خوا ببەستەو کارو وەرامت بەوی بسپێرە، بە فەرمانی ئـەو قایـل بـەو، هانـا بـۆ لای ئـەو ببـە، لـە ژێـر سـایەی ویـدا خـۆت پـەنادەو ئـەو بـۆ تـۆ بەسـەو سەروزیادە.

- ئەوەی زوڵمی لێکردی چاوپۆشی لێ بنوێنە، ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ پچڕاندوی پەیوەندیەکە بگەیەنە، ئەوەی بێبەشی کردوی پێی ببەخشە, دەرحەق بەو کەسەی خراپەی لەگەڵ دا کردوی نەرمو نیانی بنوێنە ئاسودەیی‌و کامەرانی وەدەست دێنی.
- ئەو دەستەواژەیە چەند بارە بکەوە: (لا حول ولا قوة الا بالله) بێگومان دڵت ئۆقرەی پێ دەگرێ‌و، بارو گوزەرانت دەسازێ، باری سەر شانت سوك دەبێ‌و، خوای گەورە پێی ڕازی دەبێ.
- داوای لێخۆشبون زۆر بکە، ڕزق‌و ڕۆزی‌و مااڵو منااڵو زانستی سودبەخش‌و ئاسانکاری بەدوادا دێ‌و، دەروی خێرت لێ دەبێتەوە‌و، تاوانی پێ هەڵدەوەرێ.
- لە بەهرە‌و توانا‌و ڕوخسارت لە ماڵو حاڵو گوزەرانت ڕەزامەندی بنوێنە، هێمنی‌و هەداریت بەسەردا دەڕژێ.
- دڵنیابە دوای ناخۆشی خۆشی دێ، ئازادیش دوا بەدوای چەوسانەوە دێ، بارو سەردەمیش هەر لە یەك شێوەدا ڕاناوەستێ، ڕۆژگاریش دەستاو دەستی پێ دەکرێ.
- گەشبین بەو لە ژین هیوا بڕ مەبە، نیەت‌و گومانت لە ئاستی پەروەردەکارتدا [۹۰٤] جوان بێ‌و هەمو خێرو خۆشیێك لەویەوە چاوەڕێ کە.
- بەوەی خوا بۆی بڕیار داوی دڵت بسرەوێ، چونکە تۆ بەرژەوەندی خۆت نازانی، جاری وایە بەرژەوەندی تۆ لە تەنگانەدایە نەك لە هێمنایی.
- مەینەتی لە خوات نزیك دەخاتەوەو فێری نزاشت دەکا، خۆ پێ زۆری‌و لوت بڵندی‌و بە خۆ نازیت لەسەر لائەبا.
- تۆ لە ناخی خۆتدا چەندین گەنجینەی پڕ بە هات هەڵگرتوە، چەندین سەرچاوەی بەهرەت لەلایەن خواوە بەسەردا هەڵڕژاوە.

---

۹۰٤) پەروەردگارت.

- چاکە لەگـەڵ خەڵکیـدا بنوێنـەو، خێـرو خۆشـی بـۆ مرۆڤایـەتی پێـشکەش کـە، تـاوەکو بـە سـای دڵنـەوایی نەخۆشـێ، پـێ بەخـشینی هـەژارێ، سـۆز نوانـدنێ لـە نێوانیاندا حەسانەوەت چنگ کەوێ.
- خۆت لە بەدگومانی بپارێزە، بیـروبۆچونی نەخۆش‌و، خـەون‌و خـەیاڵی پڕوپـوچ لەبیـری خۆت فڕێ.
- دڵنیابە هەرتۆ بەربەڵانی، هـیچ کـەس نیـە لەخـەم ڕەخـسیبێو [٩٠٥]، هـیچ مرۆڤـێ نیە بێ دەردی سەر بێ.
- گومانـت نـەبێ دنیـا خـانوی تاقیکردنـەوەو دەردو بـەڵاو ئـازارو ئەشـکەنجەیە، هەرچۆنێ بێ لەگەڵیدا بگوزەرێنەو لە خوا کۆمەکی بخوازە.
- لەوانەی پێشەخۆت پەند وەرگرە کە بە ڕێڕەوی مێژودا گوزەریـان کـرد ئەوانـەی بێبـەش کـران، کـۆت بەنـدکران، ئـازاردان، بـە پەنـد بـران، دوچـاری ئەشـکەنجە هاتن‌و، بەربەڵا بون‌و، کوژران.
- بە هەر کام لەوانە گرفتار بی، دڵشکاو خاکە سار بی، پەڕاگەنـدەو پەرێیـشان بـی، برسی‌و بێ نان‌و هەژار بی، دەردەدارو قەرزار بی، پاداشتت لە خوا وەردەگری.
- دڵنیابە تەنگانە چاوو گوێچکە دەکاتەوە، کەفوکوڵی هەوەسـان دادەمرێنـێ، دڵـیش زیندو دەکاتەوە، پاداشتی بەندە زۆر دەکا, خودا وەبیـر دەخاتەوە.
- پێشبینی ڕوداوان مەکەو، چاو لەدوای بـەڵایان شـل مەکـە، ملکەچـی پڕوپاگەنـدە مەبەو، هەواڵی نادروست باوەڕ مەکە.
- زۆربەی مەترسـی چـاوەڕوانکراو نایێتـە دی‌و، هـەواڵ گـەلێکی ناخۆشـیش بـەجێ نابێ، خودا بەسەو، کۆمەکی‌و چاودێریش لە دەرگانەی ئەودا چاوەڕێ کە.
- لەگەڵ کەسانێکی ڕەقە کـارو چـەپەڵکارو چـاوتێوە بـو دامەنیـشە، چـونکو ئـەوان گیـان‌و ڕۆح وێـك دێننـەوە، ئـەوان نوێنـەری پـەیامی ناخۆشـی‌و هـەڵگری خـەم‌و پەژارەن.

---

٩٠٥) لەدەست خەم حەساوەبێ.

- بـەر لـە دەسـتپێکردنی نوێـژی بەکۆمـەڵ ئامـادە بـە، زۆریـش لـەناو مزگەوتـدا بمێنەوەو، خـۆت وا ڕابێنـە دەستپێشخەری لـە نوێـژ بکـەی، تـاوەکو بەختـەوەری دەستەبەرکەی.
- خـۆت لـە تـاوان بپـارێزە، چـونکە گونـاە چـاوگی مەینـەتیو کڵـۆڵی یـە، هۆکـاری کولەمەرگیەو، دەروازەی بەڵابارێو ناخۆشیە.
- لەسەر ئەم نزایە بـەردەوام بـە: ﴿...لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبْحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ... لە غەیری تۆ هیچ خودایێ شك نابەم، پاکیو بێ عەیبی بـۆ تۆیـە، مـن لـە ڕێـزی ناهـەقان بـوم..)) نهێنیـەکی سـەر سـوڕمێنی تێدایـە سـەبارەت بـە ڕەواندنەوەی پەرێشانیو، هـەواڵێکی پـڕ بایـەخی لـەخۆ گرتـوە لـە مـەڕ لابردنـی مەینەت باری. ﴿٨٧﴾ الأنبياء﴾.
- بە هۆی وتەی بێ واتاو قسەی بـێ مانـا کـە سـەبارەت بـە تـۆ گـوتراوە، هەراسـان مەبە، چونکێ خاوەنەکەی ئازار دەدا تۆ ئازار نادا.
- وتەی ناشیرینی دوژمنانو جوێندانی ڕەشك پێ بەرانی تۆ، لە پای سەنگو ڕێـزی تۆیە، ئاماری ئەوەیە تۆ هەی، کەسێکی خاوەن بەهرەی.
- دڵنیابە ئەوەی بە خراپە لێت دەدوێ، چاکەی خۆی بەتۆ دەبەخشێ، تاوانـت لـێ هەڵدەوەرێنێو، ناوو دەنگت پەیدا دەکا، ئەوەش بەهرەیەکە خەڵاتت دەکا.
- لـە نوانـدنی بەندایەتیـدا خـۆت ئـازار مـەدە، دەسـت بـە سـوننەتەوە بگـرەو، لـە خواپەرستی زیادەڕۆیی مەنوێنە، مام ناوەنجێتی هەڵبـژێرەو، بەقـەد بـەڕی خـۆت پێ ڕاکێشە.
- بـا یەکتاپەرسـتیت هەمیـشە پـاکو بێگـەرد بـێ، تـاوەکو سـینەو ناخـت بـسرەوێ، ئینجـا بـە ئەنـدازەی پـاکو پـاراوی یەکتاپەرسـتیو پـاکو بێگـەردی ئاسـودەییت بەسەردا دێ.
- کەسـێکی دەرون قـایەو جەربـەزە بـە، خـۆ ڕاگربـە، تـۆ خـاوەنی وڕەو وزەیـەکی پڕوپاگەندەی جەرگ بڕو دڵتەزێن ویستو مەبەستت لەگـۆڕ نەنێن.

- وریا بە کەسێکی دەست کراوە بە، چونکە ئەو کەسەی دەستکراوەیە سینەو ناخی ئاوەدانەو کراوەیە، ئەوەی ڕژدو دەست قوچاوە سینە تەنگو دڵ تاریکە، هەستو نەستی ئاڵۆزاوە.
- بەڕوی خەڵکیدا بگەشێوە خۆشەویستییان وەدەست دێنی، بە نەرمی بیاندوێنە جێی خۆت لە دڵیاندا دەکەیتەوە، بێفیزبە لە ئاستیاندا، بەرێزەوە سەیرت دەکەن.
- وەرامی خراپە بە چاکە بدەوە، لەگەڵ خەڵکدا نەرمونیان بە، گڕی ڕقەبەری بکوژێنەوە لەگەڵ نەیارانتدا ئاشتەوایی بنوێنەو، دۆستو خۆشەویستانت زیادکە.
- گەورەترین دەروازەی بەختەوەری پارانەوەی دایکو باوکە، ئەوسا هەوڵدە بە سای چاکە لەگەڵداکردنیان نزات بۆ بکەن تاوەکو ببێتە قەڵایەکی توندو بەند لە هەمو ناخۆشیەک بتپارێزێ.
- خەڵکت بەو ڕەوشەی خۆیان قەبوڵ بێ، ئەوەی لێیانەوە ڕوئەدا چاوپۆشی لێ بنوێنە، دڵنیاشبە ئا ئەوەیە داناو بڕیاری خوا سەبارەت بە ژیانو نەریتی خەڵکان.
- لەناو خەیاڵدا مەگوزەرێنە، بەڵکە لەگەڵ بەرچاو بینیدا ژیان بەسەر بە، تۆ دەتەوێ خەڵک بارێکی وا هەڵگرن کە بۆخۆت پێت هەڵناگرێ، دەسا کەسێکی دادوەر بە.
- ژیانێکی ئاسایی بەسەربە، زیادە ڕۆو سنوربەزێنو لوت بەرز مەبە، هەر کاتێ جەستە نازو گۆز بەخۆیەوە ببینێ، گیانو ڕۆح خۆی وێك دێنێ.
- دەست بەو نزاو پاڕانەوانە بگرە کە بە چەند بۆنەیێکەوە تایبەت کراون چونکێ ئەو نزایانە پارێزگاری لە تۆ دەکەنو دەتپارێزن، ئەوەندە کارسازیو ڕێنمایەی تێدایە کاروباری تۆ ڕێك دەخەن.
- کارەکانت دابەشکەو لە یەك کات ئەنجامیان مەدە، بەڵکە ماوە ماوە ئەنجامیان دەو، جار بەجار پشو بدە تاوەکو بەرهەمەکەت چاکو لەجێ بێ.

- سەرنجی کەسانێ بدە لە تۆ بەرەو خوارن لەمەڕ لەش‌و لارو ڕەنگ‌و ڕوخسارو، خانوبەرەو، ماڵ‌و مناڵ‌و، پلەو پایەدا، بۆ ئەوەی بزانی تۆ لە سەرەوەی هەزاران کەسانی.
- دڵنیابە هەرکەسێ تۆ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەی، وەکو دۆست‌و براو، خزم‌و کەس‌و، مناڵ‌و خێزان، بێ کەم‌وکوڕی نین، خۆت وا ڕابێنە لەگەڵ گشتیان بگونجێی.
- ئەو بەهرەی پێت بەخشراوە، ئەو زانستەی پێی ئاسودەی، ئەو ڕۆزیەی بەسەرتدا ڕژاوە، ئەو کارو پیشەی شیاوی تۆیە لەدەست خۆی مەدە.
- ئاگاداربە هەستی هیچ تاکێك‌و کۆمەڵێك بریندار مەکە، با زمانت پاك بێ‌و وتەو پەیڤت پاك‌و پاراو بێ‌و، خەڵك لە دەستت بێوەی بێ.
- بزانە پشو درێژی مایەی سڕینەوەی هەڵەکانەو، نەرم‌و نیانی داپۆشینی تاوانەو، دڵفراوانیش پۆشاکێکی بەر فرەیەو کەم‌وکوڕی دەشارێتەوە.
- ماوەیەك بوار بەخۆت بدە کاروبارت هەڵسەنگێنی‌و، بەخۆتدا بچیەوە، بیر لە دواڕۆژت بکەیەوەو، کاری دنیات ڕێك‌و پێککەی.
- پەڕتوکخانەی ناو ماڵەکەت باخێکی بەرهەمدارەو گوڵشەنێکی پڕ گوڵزارە، جا لەگەڵ زانایان‌و دانایاندا، لەگەڵ وێژەرەوان‌و شاعیراندا بە خۆشی تیایدا بگوزەرێ.
- ڕۆزی حەڵاڵ وەدەست بێنەو لە حەڕام خۆت بپارێزە، دەست لەبەر خەڵکی پان مەکەوەو، بازرگانیش چاترە لە فەرمانبەری، بە ماڵی خۆت مامەڵە بکەو ژیانێکی مام ناوەنجیانە بەسەر بە.
- بەرگێکی ئاسایی بپۆشە، نەوەك پۆشاکی کەسانێکی لوت بڵند، یاخود بەرگی کەسانی داماوو نەدار، وەکو خەڵکی ئاسایی بەو بە پۆشتە شان‌و باڵت دەرمەخە.
- ڕق دامەگرە چونکە توڕەیی ئارەزو دەوروژێنێ، خووڕەوشت دەشێلوێنێ‌و هەڵسوکەوت دەڕوشێنێ‌و، خۆشەویستی تێکدەداو پەیوەندی دەپچڕێنێ.

- جار بەجار گەشت ئەنجام دە تاوەکو ژیانت نوێ بێتەوە، جیهان گەلێکی تر ببینەو، دروشمو نیشانەی تازە سەرنج بدەو، شارو شارۆچکەی تر بگەڕێ چونکێ گەشتو گەڕان دڵ خۆشکەرە.
- یادەوەرییەك لە باخەڵی خۆتدا هەڵگرە کاروبارو کاتو ساتی خۆتی پێ ڕێكو پێککەی، وادەو بەڵێنت بێنێتەوە یادو، پێشنیاری تێدا تۆمارکەی.
- تۆ لە سلاوکردنا دەستی خۆت وەپێش بێخەو، بە خەندەوە پێشوازی لە خەڵك بکە، بە گەورەشیان بنرخێنە، بۆ ئەوەی جێی خۆتیان لە دڵدا بکەیتەوەو بە لایانەوە خۆشەویست بی.
- متمانەت بەخۆ هەبێو پشت بە خەڵکی مەبەستە، مەزەندەت وابێ ئەوان نەیاری تۆنە نەك لە بەرژەوەندی تۆنە، لات وابێ تەنیا خوات لەگەڵدا، بە دۆستانی کاتی هێمنایی هەڵمەخەڵەتێ.
- کارو پیشەت دوا مەخەو، ئەورۆ بە سبەی بە ئەرکەکانت مەکە [٩٠٦]، خۆت لە وشەی (لەمەودوا) بپارێزە، چونکی ئەوە هێمای تێشکانو دۆڕانە.
- سەبارەت بە بڕیاردان دڵ لەدڵ مەدە، وریا بە لە نواندنی هەڵوێستدا ڕاڕایی نەنوێنی، بەڵکە وڕە بەرزو یەك بڕیاربەو هەنگاو بنێ.
- تەمەنی خۆت لەوەدا بەفیڕۆ نەدەی لەمەڕ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیو کارو پیشەدا هەر جارە بە لایێدا غاردەی، چونکێ ئەوە وا دەگەیەنێ هیچت بە هیچ نەکردوە.
- بە ڕەشکەڕەوەکانی تاوان دڵت بسرەوێ، وەکو کردەی چاکەو، کارەساتو، تۆبە کردنو، نزای موسڵمانانو، سۆزی خوای میهرەبانو، تکا کردنی پێغەمبەرمان، - درودو سلاوی خوای لەسەر -.
- دەستت لە خێر مەگێڕەوە، هەرچەندە بە کەمێکیش بێ، خێرو چاکە تاوان هەڵدەوەرێنێو، دڵ دەسرەوێنێ، خەم دەڕەوێنێو، فەڕو پیت دەبارێنێ.

---

٩٠٦) مەڵێ ئەورۆ نا سبەی ئەو کارە ئەنجام دەدەم.

- (موحەممەد)ی پێشەوا - درودو سڵاوی خوای لەسەر - بکە پێشەنگی ڕێگات، بە ڕاستی هەر ئەو پێشڕەوی بەختەوەری‌و، ڕێ نیشاندەری سەرفرازی‌یە، بەرەو ئازادی‌و لوتکە ڕێنماکارە.
- بڕۆ سەردانی نەخۆشخانە تاوەکو بەهرەی تەندروستی بناسی، بچۆ دیدەنی بەندیخانە هەتا بەهرەی ئازادی وەدی کەی، سەرێك لە شێتخانە بدە بۆ ئەوەی بە بەهرەی ژیری ئاشنا بیت، چونکە تۆ لە ناو نازو گۆزی زۆردای بەڵام دەرکی پێ ناکەی.
- بە شتی کەمبایەخ مەڕوخێ، کێشەکە لە خۆی گەورەتر مەکە، خۆت بپارێزە لەوەی کارەکان بە دێوەزمە سەیرکەی‌و زیادەڕۆیی لە ڕوداوان بکەی.
- کەسێکی سینە فراوان بە، ئەوەی ئازارت دەدات بڕو بیانوی بۆ بێنەوە، بە دور بە لەوەی چاو لە تۆڵە بگێڕی، بۆ ئەوەی بە ئارامی‌و هێورەیی ژیان بەسەربەی.
- بە سای ڕو گرژی‌و دڵ پەستیت دوژمنانت دڵ خۆش مەکە، ئەوان هەر ئەوەیان لە تۆ دەوێ، کەوایە ئەو ئاواتە گەورەی هەیانە دەربارەی تاڵکردنی ژیانی تۆ، مەیهێنە دی.
- لەناو ناخی خۆتەوە کورەی دژەکاری‌و ڕق‌و کینە سەبارەت بە خەڵکان‌و نە ویستی کەسانی تر، هەڵمەگیرسێنە، چونکە ئەوە هەمیشە خۆ ئازاردانە.
- لە کۆڕو دانیشتنتدا گران‌و سەنگین بەو، تەنیا دەربارەی چاکە بدوێ، ڕوگەش بەو، لەگەڵ دانیشتوانتدا بەڕێزبەو، گوێت شلکەو، قسەیان پێ مەبڕە.
- وەکو مێش مەبە کە تەنیا لەسەر برینان دەنیشێ، بەدوربە لەوەی باس لە شەرمو ئابروی خەڵك بکەی‌و، دەربارەی خەوش‌و نەنگییان [٩٠٧] بدوێی، بە هەڵەیان دڵخۆش بی‌و بەدوای پەڵەیان دابگەڕێی.
- باوەڕدار سەبارەت بە لەدەستچونی دنیا دڵ گران نابن‌و، بایەخی پێ نادەن، بە سای کارەساتەکانیشی ناشڵەژێن، لەبەرئەوەی دنیا بێ نرخ‌و بێ بایەخەو کۆتایی دێ‌و دەبڕێتەوە.

---

[٩٠٧] عەیب و عاریان.

- لـە ئـەوینـو دڵـداری بـەدوربـە، لـە خۆشـەویـستی حـەڕام پـشـت هەڵکـە، چـونکە مایەی نەخۆشی دڵو ئازاری گیانە، بەرەو خواو یـادو گوێ ڕایەڵی ئەو ڕابچڵەکێ.
- چـاو بەرهەڵـدان بـەرەو حـەڕام خـەمو پـەژارەت بەسـەردا دێنـێو هەسـتت دەوروژێنێ، کەسی بەختەوەریش ئەو کەسەیە لە پـەروەردیاری بترسـێو چاو لـە ئابڕوی خەڵک نەگێڕێ.
- ژەمەکانی خواردنت ڕێکو پێک کە، خواردنی بە کەڵک بخۆو، زۆر خۆریش مەبە، لەسەر تێریش مەخەوە.
- لـەکاتی ترسـان لـە ڕوداوێ لای هـەرە خراپەکـەی پێـشبینی بکـە، پاشـان خـۆت وا ڕابێنە قەبوڵـت بێ ئەوسـا هەست بە هێمنیو حەسانەوە دەکەی.
- ئەگەر پەت توند بو دەپچڕێ، ئەگـەر شـەو ڕەش هەڵگـەڕا ڕۆژی بـەدوادا هەڵـدێ، ئەگەر کارو وەرامت لـێ وێک هاتەوە فراوانی لەدواوە دێ، مەینـەتێکیش بەسـەر دو خۆشـیاندا زاڵ نابێ.
- لە میهری میهرەبان بیـرکەوە، میهـری بـۆ خراپـەکارێک نوانـد سـەبارەت بـەوەی سەگێکی تێراو کرد، چاوپۆشی لە یەکێک نواند کـە سـەت کەسـی کوشت، دەرگـای تۆبەی لەسەر پشتە بۆ کەسانێ ژێوانی خۆیان دەردەبـڕن، بـانگی گاورەکـانی کـرد بۆ لای ئەو بگەڕێنەوە.
- دوای برسێتی تێرییە، دوای تێنوێتی تێراوییە، دوای نەخۆشی لەش ساخیە، دوای نەبونی هەبویی یە، دوای پەژارەش دڵ خۆشیە، ئەوەش ڕێسایێکی تا هەتایی یە.
- بیـر لەم سورەتە بکەوە: ﴿أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ... ئەدی ئێمە تۆمـان سـینە فـراوان نەکرد؟ ﴿١﴾ الشرح﴾. لە تەنگانەدا وەبیـرەخۆتی بێنەوە، دڵنیاش بە گەورەترین داودەرمانە لەکاتی ناخۆشیدا.
- سەبارەت بە نزای تەنگانە تۆ لە کوێ خۆت حەشار داوە، کە دەڵێ: ((لا اله الا الله العظيم الحليم، لا اله الا الله رب السموات، رب الارض رب العـرش الكـريم... هـیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە جگە لە خوای بەدەسەڵاتو نـەرمونیان، پەرسـتراوی ڕاستەقینە نیە جگە لە پەروەردیاری ئاسمانو زەوی و تەختی پیرۆز.

- تـورە مەبـە ئەگـەر تـورەش بـوی پـەنا بگـرە بـە خـوا لـە شـەیتانو بـێ دەنگـی بنوێنەو، جێگای خۆشت بگۆڕە، ئەگەر لە پێوە بـوی دانیـشە، دەسـتنوێژ بگـرەو، زۆر نزا بکە.
- لەمەڕ کۆستو بەلاّ هەراسان مەبە چونکێ مایەی وزەی دڵەو، تامی چاکبونەوەی پێ دەچێژی، تینو توانات پێ دەبەخشێو، فێری ئارام گریت دەکاو، شانو شکۆت بەرز ڕادەگرێ.
- پێـدا هەڵـچونەوە بـە ڕابـردودا گـەوجیو نەفامیـە، وەکـو هاڕینـەوەی ئـاردو بڕینەوەی پوشکەی دارە، وەك ئەوە وایە کۆنەکا بەباکەی.
- لە ڕودانی کارەساتدا لای ڕۆژهەڵاتەکەی ڕەچاوکە، چاوت لـە وەرگرتنـی پاداشت بێ، دڵنیاش بە لەوە ناخۆشتر هەیە، بە بەلاّباران دڵـت بدەوە.
- ئەو بەلاّیـەی بـۆ تـۆ بـێ بەسـەرتدا هـەڵنابرێ [٩٠٨]، ئـەوەی بەسـەرەتۆش نـێ سـەر دەکـاو تـۆ ناپێکـێ، ئـەوەی تـۆی پـێ دوچـار دەبـێ قەڵـەمی لـێ وشـکەوە بـوە، ناشتوانی لەبەر قەدەری خوا ڕابکەی.
- زەرەرمەنـدیت بـەرەو قـازانج وەرچـەخێنە، لـە لیمـۆ خۆشـاوی شـیرین بـسازێنە، مشتێ شەکر لەناو ژەهراوی ژیانکەو، لەگەڵ نالەباری خۆتدا خۆت لەبارکە.
- لە میهری خوا هیوا بڕ مەبەو، لە سۆزی خـوا بـێ ئومێـد مەبـە، کۆمـەکی خـوات لەیاد نەچێ، چونکێ یارمەتی خوا بە پێی پێویست دادەبازێ.
- ئـەوەی پێـت ناخۆشـە زیـاتر بەرژەوەنـدی تێدایـە لـەوەی پێـت خۆشـە، تـۆ لـە پاشەڕۆژ ئاگادار نـی، چـەندین خۆشـی لـەژێر تـوێکڵی ناخۆشـیدا سـەریان هەڵـدا، چەندین بەهرە لە پاش پەردەی مەینەتیدا هاتنە ئارا.
- جڵەوی خەیاڵت توند بگـرە بـۆ ئـەوەی لـە دۆڵایـی کلۆڵێـدا دوچـاری سـەرکەشـیت نەکا، هەوڵـدە بیـر لە بەهرەو بەخشش و خەڵاتی خەڵات کراوت بکەیتەوە.
- لە شرو شەپرێوی پەرتوکخانەکەتو قاوو قیژی ناو ماڵەکەت خۆت بـەدور بگـرە، هێمنیو هەداریو ڕێکوپێکیش ئاماری بەختەوەریە.

---

[٩٠٨] لەسەرت تێناپەڕێ.

- نوێژ چاکترین یارمەتیدەرە لەسەر کاری گران، دەرون بەرەو ئاسۆو لوتکە بـەرز دەکاتەوە، گەشتو گوزار بە گیانو ڕۆح دەکـا لە ئاسمانی ڕۆشنایـیو سەرفرازیدا.
- کـاری بـە سـودو بـەردار دەرون لـە چـنگی خـەونو خـەیاڵی پـڕوپـوچ، هەسـتو نەستی تاوانکاریو، خواستو ئارەزوی حەڕام دەردێنێ.
- بەختەوەری درەختێکە بـە ئـاوو هـەواو تـوێـشوو ڕۆشـنایی بـاوەڕ بـە خـواو ڕۆژی دوایی ڕواوە.
- ئەو کەسەی خاوەنی خوو نەریتێکی ساخو گونجـاوە، ڕەوشـتی بـەرزە، هـەم خـۆی بەختـەوەر کـردوەو خـەڵکانیش بـە سـای وی بەختـەوەرن، هەسـتو نەستیـشی لەبارو ڕەخساوە.
- با دڵت کەمێك وەحەسێ چونکە دڵـیش مانـدوو شـەکەت دەبـێ، جۆرەهـا شـێوازی لەگەڵدا بەکاربێنەو، زانست گەلێکو چەندین چەشنی زانیاری بۆ دەستەبەرکە.
- زانـست دڵ دەسـرەوێنێ، بـیرو هـزر بـەرفرە دەکـا، ڕوبـەرێکی والاّ لـە ڕوی دەرون دەکاتەوە، ئەوسا خەمو خەفەتو دڵ پەستی لەکۆڵ دەکاتەوە.
- سـەرکەوتن بەسـەر کۆسـپو تەگـەرەداو، زاڵ بـون بەسـەر ناخۆشـیەکاندا مایـەی بەختـەوەرین تـامو چێژی رزگـاربونو خۆشـیو شـادی دەربـازبون بـە چەشـنێکە هیچ خۆشیەك لەگەڵیدا بەراورد ناکرێ.
- ئەگەر خوازیاری وەکو خەڵك ئاسودە بی بەم شێوەیە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکە کە پێت خۆشە هەڵسوکەوتت لەگەڵدا بکەن، کەلوپەلیان بەکەم مەنرخێنـەو، لـە سەنگو ڕێزیان دامەبەزێنە.
- ئەگەر مرۆڤ خۆی بناسـێو، ئەو زانستەش کە شیاوی ئەوە بیزانێو بە جوانترین شێوە پێی هەڵسـتێ، تامو چێژی سەرکەوتنو بردنەوە دەچێژێ.
- زانیاریو شارەزاییو تاقیکردنەوە گەورەترین دەستمایەن، چونکە کەیفخۆشی بـە سامان ئاژەڵانەیەو، ئاسودەبونیش بە زانیاری مرۆڤانەیە.

- ئەگەر لە ژنو لە مێرد یەکێکیان تورەبو بـا ئـەوەی تریـان بـێدەنگ بـێ، بـا هـەر کامیان ئەوی تریانی بە کەموکوڕیەوە قەبوڵ بێ، گومان لـەوەدا نیـە هـیچ کـەس بێ خەوش نیە.
- هاونشینی چاکو ئومێدەوار بارگرانیـت بـۆ سـوك دەکـا، دەروازەی هیـوا دەخاتـە سەر پشت، مەردمی بەدبینیش دنیات لەبەر چاوان تاریك دەکا.
- هەر یەکێ خاوەنی هاوسەرێكو خانوێك بێو بە ئەندازەی پێویستی مـاڵی هـەبێ ئەوپـەڕی خۆشـگوزەرانی پـێ بـڕاوە، لـەوە زێتـر تـەنیا مایـەی خـەمو پەژارەیـە، ئەوسا با سوپاسی خوا بنوێنێو قایل بێ.
- ((من أصبح منكم آمنا في سربه، معافى في جسده، عنده قوت يومه، فكأنما حيـزت له الدنيا.... هەر کەسێ بە دڵێکی ئارامو لەشێکی ساغەوە بەیانی کـردەوە، بـژێوی ڕۆژێی هەبو، هەروەکو دنیای پێ بڕا بێ وایە)).
- ئا ئەوانەش بنـچینەی ڕەزامەنـدین: ((مـن رضـي بـالله ربّـاً، وبالاسـلام دينـا، و بـمحـمد ﷺ رسولاً، كان حـقا على الله ان يرضـيه... هـەر یـەکێ قایلـبێ بـەوەی خوا پەروەردیاری بـێو، ئیـسلام ئـایینی بـێو، (موحەممـەد)یـش - درودو سـلاوی خوای لەسەر - پێغەمبەری بێ، دەبێتە حەقو مافێك بەسەر خواوە قایلی بکـا.
- بنـەمای سـەرفرازییە، کـە خـوا لێـت ڕازی بـێو دەوروبـەریش پێـت قایـل بـێو، دەرونیشت قایل بێو، کردەی بەرداریش فەراهەم بێنـی.
- خـواردن مایـەی بەختـەوەری یـەك ڕۆژە، گەشـتو گـوزار مایـەی بەختـەوەری هەفتەیەکـە، ژن هێنـان مایـەی بەختـەوەری مانگێکـە، مـاڵو دارایـی مایـەی بەختەوەری ساڵێکە، بەڵام باوەڕ تا هەتایە بەختەوەری دەستەبەر دەکـا.
- خـواردنو خواردنـەوەو خـەوتن لەگـەڵ ژن مـارەکردن ئـارامو ئاسـودەت ناکـەن، بەڵکە کردەوە کامەرانیت بۆ دێنێ، هەر کردەوەش بو پلەو پایـەی بـۆ جـوامێران لەسەر گۆی زەوی پەیدا کرد.

- هـەر کەسـێ بـۆی بڕەخـسێ کتێـب وەخوێنـێ بێگومـان بەختـەوەرە، چـونکێ لـە گوڵـشەن‌و بـاخی جیهـان میـوە دەچـنێ‌و، لـە دەوری سەرسـوڕهێنەرەکانی دنیـا دەخولێتەوە‌و، کـات‌و شوێنیان بەسەر دەکاتەوە.
- وتووێژی گەڵ دۆستان ڕەوێنەرە بۆ خەمان، گاڵتە‌و گەپێ بێ درۆ هەست‌و نەست دێنێتەوە سەرخۆ، گوێ هەڵخستن بۆ هۆنراوە، زەین جۆش دەداتەوە.
- خـۆت ئـەو کەسـەی بـە تێڕوانینـت ژیـانی خـۆت دەڕەنگـێنی، ئەوسـا ژیانـت لـە دەرەنجامی تێڕوانین تە، کەوایە چاوێلکەی تاریك لە چاوان مەکە.
- یادی ئەوانە بکەوە خۆشتدەوێن، تەنیا چرکەیێکیش لە ژیانی خـۆت بـۆ کەسـانێ تەرخان مەکە حەز بە چارەیان ناکەی، چونکە ئـەوان نـە بـە تـۆو نـە بـە خـەم‌و پەژارەی تۆ ئاشنا نین.
- ئەگەر خۆت بە کردەی بەردار سەرقاڵ کرد هەست‌و نەستت دەسـرەوێ، دەرونـت ئاسودە دەبێ، هێمنی‌و هەداری داتدەپۆشێ.
- بەختـەوەری لـە بنەماڵـە‌و پلـە‌و پایـە‌و زێـڕو ئاڵتونـدا وەدی نـاکرێ، بەڵکـە لـە ئایین‌و لە زانست‌و خووڕەوشت‌و دەستەبەرکردنی ئەقڵ‌و ژیریدا وەدی دەکرێ.
- بەختەوەرترین بەنـدەی خـوا بـەڵای خـواوە دەسـتکراوەترینیانە لەمـەڕ چاکەوە، ئەوەیانە لە هەمویان پتر چاکەی بەسەر دۆسـتانەوە هـەبێ‌و، سـەبارەت بـەوە بـە جوانترین شێوە سوپاسی بکرێ.
- ئەگـەر بـە سـای ئـەو کـات‌و سـاتەی بەردەسـتت نەحەسـێیتەوە چـاوەڕوان مەبـە حەسانەوەت لە ئاسۆوە بەسەردا بێتەخوارێ‌و لە ئاسمانەوە دابڕژێ.
- سەرکەوتن‌و بەرهەمی کردەوە‌و ئەو فەڕو چاکەی پێشکەشی دەکەی سەرنج بـدە، دڵت پێ بسرەوێ‌و، سوپاسی خوای لەسـەر بکـە، بێگومـان ئـەوە یەکێکـە لەوانـەی سینە‌و ناخت فراوان دەکا.
- ئـەو خوایـەی خـەمی دوێنـێی لـەکۆڵ کردیـەوە خـەمی ئـەوڕۆو سبەینەشـت بـە تـەمای ئـەوە، ئینجـا پـشتت بـەوی ببەسـتە، ئەگـەر ئـەوت لەگـەڵ دابـێ لـە کـێ دەترسێی؟ ئەگەر ئەویش نەیارت بێ کێت لە یارە؟.

- لە نێوانی تۆو دەوڵەمەندەکاندا یەک ڕۆژ هەیە، بەڵام دوێنێ ئەوان هەست بە تامو چێژی ناکەن، سبەینەکەش نە بۆ تۆیەو نە بۆ ئەوان، بەڵکە تەنیا ئەمڕۆیان لەبەردەستە، ماوەی ئەمڕۆش چەند کورتە!
- شادمانی ناخو دەرون چاپوک دەکا، دڵ ئاسودەو ئارام دەکا، هاوسەنگی لە نێوانی ئەندامانی جەستە دروست دەکا، هێزو وزە دەستەبەر دەکا، ڕەونەق بە ژیان دەبەخشێ، تەمەن بەهرەمەند دەکا.
- دەوڵەمەندیو ئاسایشو تەندروستیو خواپەرستی کۆڵەکەی بەختەوەرین، نە مەردمی بێ دەستمایە، نە ترسەنۆک، نە نەخۆش، نە بێباوەڕ حەساوە نین، بەڵکە لە ناخۆشیدا دەگوزەرێنن.
- هەر کەسێ بە هاوسانی ئاشنابێ ئاسودەیی دەرک پێ دەکا، هەر یەکێ ڕێگای مامناوەندێتی بگرێتەبەر سەرفرازی بەدەست دێنێ، هەر کەسێ ئاسانی هەڵبژێرێ سەرکەوتن بەشی دەبێ.
- تەنیا وشەی: (ئێستا) لە کاتو ساتی ڕۆژگاردا وەردەگیرێ، لە فەرهەنگی بەختەوەریشدا تەنیا واژەی: (ڕەزامەندی) وەدی دەکرێ.
- ئەگەر بە کارەساتێک گرفتار بوی پێشبینی لەوە خراپتر بکە بارسوکیت بۆ دروست دەبێ، بیر لەوە بکەوە کە بە خێرایی تێدەپەڕێ، گەر بهاتایە ئەشکەنجەو ئازاری بەڵاباری نەبوایە چاوەڕێی حەسانەوەو هێورەییت نەدەکرد.
- ئەگەر کەوتیە ناو تەنگانە بیرکەوە چەند جارە دوچاری ناخۆشی هاتیو خوا دەربازی کردی، لەو هەلەدا هەست پێ دەکەی ئەو خوایەی جاری یەکەم فریاتکەوت بۆ جارێکی تریش لە فریات دێ.
- ئەو کەسەی دەرحەق بە ڕۆژی ژیانی ستەمکارە ئەو کەسەیە ماوەی ئەو ڕۆژە بە فیڕۆ بدا لە دانەوەی مافێک، یاخود بەجێهێنانی فەرزێک، یا دەستەبەرکردنی جوامێرییێک، یا پەیداکردنی سوپاسێک، یا فێربونی زانستێک، یا گەیاندنی پەیوەندی خزماتیەک، یا ئەنجامدانی چاکەیەک خەرجی نەکا.

- پێویستە هەمیشە کتێبێکت لەدەست دابێ یا لەلات بێ، چونکێ زۆر کاتو سات هەن بێهودە بەڕێ دەکرێن، کتێبیش چاترینی ئەوشتانەیە کاتیان پێ دەپارێزرێو، ڕۆژگاریان پێ ئاوەدان دەکرێ.
- ئەو کەسەی قورئانی دەرخ کردوەو شەوو ڕۆژ دەیخوێنێ، لەناو بێزاریو وەڕەسیو بەتاڵی نانالێ، چونکو ئاسودەیی هەمو ژیانی ئەوی گرتۆتەوە.
- لەخۆتەوە بڕیار مەدە تاوەکو هەمو بوارەکانی مەسەلەکە تاووتوێ نەکەی، پاشان فەڕو چاکە لە خوا بخوازەو پرسو ڕا بە دۆستان بکە، جا ئەگەر سەرکەوتنت وەدەس هێنا پیرۆزت بێ ئەگەرنا پەشیمانی نیشان مەدە.
- مەردمی ژیر دۆستانی زۆر دەکاو نەیارانی کەم دەکاتەوە، بێگومان دۆستیش بە سانێك دروست دەبێو دوژمنیش هەر بە ڕۆژێك پەیدا دەبێ، جا خۆشی بۆ ئەو کەسەی خوا لە دڵی خەڵکدا جێی کاتەوە.
- بۆ خواستی دنیاییت سنورێك دیاری بدە کە بۆی بگەڕێیتەوە، ئەگینا دڵت دابڕدابڕ دەبێو، سینەت تەنگو، بارو گوزەرانت وێرانو خاپور دەبێ.
- پێویستە ئەو کەسەی بەهرەی خوا بەسەریەوە دیارە، بە سای شوکرانە ڕاگیریانکاو، بەهۆی خواپەرستی بیانپارێزێو، سەبارەت بە ملکەچی نواندن ڕەنێویان بێنێ، تاوەکو ئەو بەهرانەی هەر لەلا بمێنێ.
- هەر یەکێ بە سای پارێزگاری دەرونی پاڵاوتە بێ، بەهۆی باوەڕ بیروهزری بێخەوش بێ، سەبارەت بە چاکە خووڕەوشتی بدرەخشێ، خۆشەویستی خواو خەڵکیش وەدەسدێنێ.
- ئەگەر بێینە سەر ڕاستی مرۆڤی تەمبەڵ دوچارە بە شەکەتیو دڵ پەستی، وەلێ ئێشکەری تێکۆشەر هەر ئەوە دەزانێ چۆن دەڕێو، ئاشنایە بە بەختەوەری.
- رابواردنو بەسەربردنی ژیان چەندین ئەوەندەی خۆی بەڵاو مەینەتی فەراهەم دێنێ، بەڵام نهێنی لەوەدایە چۆن ژیرانە دەتوانین ئەم چێژە دەستەبەرکەین.

- ئەگەر ژن هەمودنیای لەبەردەست دابێ‌و، چی بڕوانامەی جیهانیە بەدەستی هێنابێ، هەرچی شکۆو ڕێزە پێی بەهرەدار بێ هاوکات لەگەڵ ئەوە بێ هاوسەر بێ هەژارەو نەدارە.
- ژیانی کامڵ لەوەدایە لاوێتی لە خواستەکاندا بەسەربەری، جوامێریت لە هەوڵو تەقەڵادا خەرجکەی، پیریت لەبیرکردنەوەدا تێپەڕدەی.
- زل لە چاوی خەڵک دامەبینەو کاریتە لە چاوی خۆتدا فەرامۆشکەی، چونکە تۆ هێندە عەیبەت زۆرن تەمەنت بایی ڕاستکردنەوەی ناکا، کەوایە سەیری نەنگی خەڵک مەکە.
- کتێبێك بیرو هزرت ڕوناك بکاو، دڵو ناخت بسرەوێنێ‌و، سینەت وەحەسێنێ‌و، زەینت بنەخشێنێ، لە کۆشکو باڵەخانە گەڵێ سودبەخشترە.
- چاوپۆشی‌و لێبوردەیی لە خوا دەخوازم، ئەگەر تۆ ئەم دوانەت خەڵاتکرا ئەوا هەرچی ئاسودەیی هەیە پێت بڕا.
- گەر خێوی حەوت دەنکە خورماو کولێرەیەك‌و پارچە حەسیرێك بوی لە ژورێکدا کتێبی خواشت هاوڕێ بو، بڵێ سڵاو لە دنیا.
- کامەرانی لە قوربانیدان‌و پشت هەڵکردن لە ئارەزوەکانە، لەوەدایە دەستت لە خراپە بگریەوەو لە چاکەدا بەر هەڵدایکەی، لە خۆویستی‌و خۆپەرستی خۆت بە دورخەی.
- پێکەنینێك مامناوەنجی بێ سینە شادو گوشاد دەکاو، تین‌و وزە بە دڵ دەبەخشێ.
- خواپەرستی بەختەوەریی یەو، گونجان‌و چاکبون سەرکەوتنە، هەر کەسێکیش بەردەوام یادی خوای لەدەم دابێ‌و، هەمیشە داوای لێخۆشبون بکاو، بەرامبەر خوا خۆی زۆر بە پێویست بزانێ ئەوە یەکێکە لە پیاوچاکان.
- چاترین هاوەڵو دۆست ئەو کەسەیە لێی دڵنیایی‌و پێی ئاسودەی، ناخۆشی خۆی لەلا هەڵدەڕێژی‌و لە خەمی تۆ بەشدارە، نهێنیشت دەپارێزێ.

- نەکەی پێشبینی بەختەوەر بوونێکی گەورەتر بکەی لەوەی تێیدای، جا ئەوەی هەتە بە بێنرخی سەیرکەی، چاوەڕێی ئەو بەڵاو کۆستەش نەکەی کە لە ڕێدا، جازو بەزو خەمان لەخۆ بارکەی.
- خەیاڵت بۆ ئەوە نەڕوا هەمو بەهرەیەکت لە دەستە، بەڵکە خوا زۆری پێداوی، بەڵام گەر لات وابێ هەرچی بەهرەو خەڵاتە پێت بڕاوە، ئەوە خەیاڵت خاوە.
- خانوبەرەیەکی فراوانو، ڕۆزیو بژێوی لە ئەندازەو، هاوسەرێکی لەبەر دڵو، هاوسێیەکی گونجاو.. چەند بەهرەیەکن خەڵکانێ زۆر پێی نائاشنان.
- هونەری لەبیر خۆ بردنەوەی ناخۆشی بەهرەیە، یادکردنەوەی بەهرەی خواش چاکەیە، بێ ئاگایی نواندن لە هەڵەو پەڵەی خەڵکان پیاوەتیە.
- تامو چێژی چاوپۆشی خۆشترە لە تۆڵەکردنەوە، خۆ ماندوکردنیش خۆشترە لە بێکاری، چاو تێریش پڕ بەهاترە لە ماڵو سامان، تەندروستیش لە پارەو پوڵ بەهەڕمێن ترە.
- تەنیایی لە هاونشینی خراپ چاترە، هاونشینی چاکیش باشترە لە تەنیایی، گۆشە گیریش بەندایەتییەو، بیرکردنەوەش خواپەرستییە.
- گۆشەنیشینی جیهانی بیرو بۆچونەکانە، زۆر تێکەڵیش نەفامیە، پشت بەستن بە خەڵک گەوجییە، هانا وەبەردنیشیان بەدبەختییە.
- بەدخویی ئازار دیتنەو، ڕق هەڵگرتن ژار خواردنە، باسکردنی خەڵک لە پەنادا ناشیرینەو، چاو گێڕان لە هەڵەی خەڵک چاوشۆڕیە.
- سوپاس کردن لەسەر بەهرە خەشمو قین پاڵ پێوە دەنێ، وازهێنان لە گوناە وزەو تینی دڵەکانە، سەرکەوتن بەسەر نەفسدا خۆشیو شادی پیاوچاکانە.
- نانە وشکەی گەڵ هێمنی بە چێژترە لە هەنگوینی گەڵ ترسو لەرز، چادرێك لەگەڵ بەرگی بەرت خۆشترە لە کۆشکی بە دەردو بەڵا.
- تامو چێژی زانست بەردەوامە، هەمیشە سەربەرزیە، ناوبانگی هەر دەمێنێ، تامو چێژی ماڵو دارایش هەر سەرێکە، پلەو ڕێزی دوا بڕاوەیە، ناوودەنگی تا سەر نیە.

- حەسانەوە لە ژێر سایەی دنیـا منالانەیـە، خۆشحاڵ بـون بـە سـای بـاوەڕ پیشەی جوامێرانەیـە، خزمـەتکردنی مـاڵ سەرشـۆڕیەو، کـارکردن لـە پێنـاو خـوا سەربەرزی یە.
- ڕەنجێ لە پێناو هیمەت بـەرزی بـێ خـۆشو شیرینە، مانـدوبون لـە پێنـاو مـەرام حەسانەوەیە، ئارەقەی ئیشـکردن میسـكو گـوڵاوە، بڵاوبونـەوەی بـاس بـە چـاکە خۆشـتـرین بۆنو بەرامە.
- بەختەوەریت لەوەدایە کە قورئانەکەت دڵنەوات بێ، کردەوەشت ئاواتـت بـێ، نـاو ماڵـت مزگەوت بێو، چاوتێریت گەنجینەت بێ.
- ئۆقرە گرتن بە خواردنو خۆراكو ماڵو سامان کاری منالانەیە، ئاسـودە بـون بـە باسی بە چاکە پیشەی گەورە پیاوانە، کردەی چاکەش سەر بڵندییکە کۆتایی نایە.
- شەو نوێژ ڕەونـەقی ڕۆژە، چـاکە ویـسـتن بـۆ خـەڵك ئامـاری دڵپـاکیـیـە، چـاوەڕێی لێبونەوەی دەروی خێریش بەندایەتیـیە.
- بەڵاو مەینەتی چوار هونەری تێدایە: چاو لە پاداش بون، ئارامگریو خۆڕاگرتن، ناوودەنگ ڕۆیشتن بە چاکە، چاوەڕێی میهری خودا.
- خێرو خۆشی دنیاو دواڕۆژە، کە نوێژت بە کۆمەڵ بـێو، ئـەرکو واجبـەکانت بـە جێ بێ، موسڵمانانت خۆشبوێو، واز لە گوناهان بێنیو، حەرام نەخۆی.
- وریابە نەبی بە سەر چونکە سەرژانی زۆرە، لەسەر ناودەنگ پێ دامەگرە چـونکە باجی گرانە، بەرچاوتێریش لەگەڵ بێ ناو دەنگی ئاسودە بونە.
- کات بەفیـڕۆدانو، دواخـستنی تۆبـەو، پـشت بەسـتن بـە خـەڵکانو، دایـكو بـاوك ئازاردانو، بەدەر ڕاوەرکردنی نهێنیان، هێمای گەوجیو گەلۆرییە.
- مـردنـی دڵ بـەوە دەناسـرێ، کـە خاوەنەکـەی بەندایـەتی نـەنوێنێو، دەسـت لـە گوناهان هەڵکاو، گوێ بە ناو ڕۆیشتنی بە خراپە نەدا، لـە سـزای خـوا نەترسـێو، پیاوچاکانیش بە هەند هەڵنەگرێ.

- ئەو کەسەی لەناو مالّی خۆیـدا نەحەسـێتەوە لـە شـوێنێکی تـریش ئاسـودە نابـێ، ئەوەی مالّو خێزانی خۆی خۆشیان نەوێ هیچ کەسێ خۆشـی نـاوێ، ئـەوەش کـە ئەمرۆی بەهەدەر دەدا سبەینێشە لەدەست دەچێ.
- چـوار شـتن بەختـەوەری دەسـتەبەر دەکـەن: کتێبێکـی سـودگەیێن، ڕۆڵـەیێکی دەستەوەرە، هاوسەرێکی لەبەر دڵ، هاونشینێکی بۆ خوا گونجاو، خـوای گـەورەش وێڕای هەموانە.
- پوختەی ئەو شتانەی ژیریاران هەوڵی بـۆ دەدەن، بـاوەڕو زانسـتو تەندروسـتین، ئاسایشو ئازادیو گەنجیو دەوڵەمەندین، بـەڵام کـەم وایـە هـەمویان بـە یەکـەوە بێنە دی.
- هەر لە ئێستاوە ئاسودەو ئارام بە تۆ بەڵێنی مانەومت پێ نەدراوە، دڵنیـا نیـت لـە ترسو لەرزی ڕۆژگار بێوەی بیت، سا خەمت بـۆ ئێسـتا نـەبێو خۆشـیو شـادیت بە قەرز بێ.
- بـاوەڕێکی ڕاسـتەقینەو، ڕەوشـتێکی جـوان، ژیـری تـەواو، لاشـەیەکی سـاخو، خۆراکێکی بە چێژ باشترین سەرمایەن لە جیهاندا، جگە لەوانە سەرقاڵیە.
- دو بـەهرەن کـە بـزرن: تەندروسـتی لاشـەو، ئاسایـشی وڵات، دو بـەهرەش لەبەرچاون: باسی بە چاکەو زارۆڵەی دەستەوەرە. [٩٠٩]
- دڵێکـی درەوشـاوە ڤایرۆسـی ڕقو کینـە دەکـوژێ، دەرونێکـی قایـلو ڕەزا جـڕو جانەوەری ڕکابەری فڕێ دەدا.
- هێـورەیی باشـترین ڕێ خۆشـکەرە، تەندروسـتی باشـترین داپۆشـەرە، زانـست بـە چـێژترین خۆراکـە، خۆشەویـستی بەسـودترین دەرمانـەو، عـەیب پۆشـیش جوانترین پۆشاکە.
- کامـەرانی: ڕەوێنـەری دەردەسـەریو، لابـەری دوژمنکاریـیـە، مایـەی ئەنجامـدانی کردەی چاکەیەو، سەرکەوتنە بەسەر هەواو ئارەزوەکاندا.

---

[٩٠٩] گوێ ڕایەڵن گوێ لەمست.

- ئـەو رێگایـەی بـەرەو مالّتـە لـە هـەمو رێگایـێ لـە مەترسـی دورتـرە، ئـەو رۆژەی کردەی چاکی تێدا ئەنجام دەدەی بە پیتو پێزتـرین رۆژە، رەشـترین کـاتو سـاتی رۆژگاریش ئەو کاتەیە دژ بە یەکێ خراپەیێ ئەنجام دەدەی.
- ئەگەر مرۆڤێك جوێنی پێدای ئەوا بزانـە لـە ئاسـتی پـەروەردیاریان گـەزارەیی [٩١٠] دەنوێنن، ئەو خوایە دەستەبالآیەی لـە نەبونـەوە وەدی هێنـاون ئـەو جـارەش لـە بونیدا گومانیان هەیە، لـە برسـێتی تێـری کـردون جگـە لـەو سـوپاس دەکـەن، لـە ترسو بیم پاراستونی ئەوسا بەرهەڵستی دەکەن.
- گوێ زەوی بەسەر سەرتەوە هەڵمەگرە، پێشت وانەبێ خەڵك منو تۆیان گەرەکـە، تەنیا پەسیوو هەڵامەتێك مەرگی منو تۆیان لەبیـر دەباتەوە.
- هێمنیو هـەداری بژێوییـە، نیـشتمانە، حەسـانەوەو ئارامییـە، دور لـە بـەڵاو، لـە ناخۆشی ڕزگاربونە، نواندنی ستایشە لە بەرابەری بـەهرەکانو، خواپەرسـتی یـە بە درێژایی ڕۆژگـار.
- ((كن في الدنيا كأنك غريب او عابر سبيل... لەو دنیایەدا هـەروەك کەسێکی نـامۆ یا ڕێبـواری بگوزەرێنـە))، ((وصـل صـلاة مـودع... نوێـژ بکـە وەکـو نوێـژی ئـەو کەسەی مالّ ئاوایی لە دنیـا دەکـا))، ((ولا تكلم بكـلام تعتـذر منـه... قـسەیەکی وانەکەی بیانوی بۆ بهێنیـەوە))، ((واجـمع اليـأس من ايـدي النـاس... ئـەوەی لـە دەستی خەڵك دایە تەواو لێی بێ ئومێد بە)).
- دنیا بە کەم بنرخێنە خوا خۆشی دەوێی، ئەوەی لە دەستی خەڵك دایە بە سـوکی سەیر کە خەڵك خۆشی دەوێی، بە کەم قایل بەو، کـارت بـە قورئـان بـێ، تۆشـەی کۆچی یەکجارەکی ئامادە کەو لە خوا ترست هەبێ.
- مەردمی بـەر ڕقو نەویـستراو ژیـانی نیـەو ئـەوەی بەرهەڵستی بکـرێ ناسـێتەوە، ئـەوەی تاوانبـارە لـە هێمنایێـدا بەسـەر نابـا، خراپـەکاریش کـەس خۆشـی نـاوێ، کەسی درۆزنیش بە چاکە باسی ناکرێت، مرۆی بەڵێن شکێنیش بڕوای پێناکرێ.

---

٩١٠) بێ شەرمی.

- ((عجبا لأمر المؤمن إنَّ أمره كله خير وليس ذلك لاحد إلا للمؤمن إن أصابته سراء شكر فكان خيرا له، وإن أصابته ضراء صبر فكان خيرا له... کاری بڕوادار سەرسوڕمێنە هەمو کارو فەرمانی چاکەیە، ئەوەش تەنیا بۆ باوەڕدار شیاوە، ئەگەر خۆشیەکی پێگەیشت سوپاسگوزارە بە چاکە بۆی دائەنرێ، ئەگەریش دوچاری ناخۆشیێ بو ئارام دەگرێ بە چاکە بۆی دەژمێردرێ)).
- زەردەخەنە کلیلی بەختەوەری یە، خۆشەویستیش دەرگاکەیتی، شادمانی گولشەنێتی، باوەڕ ڕۆشنایی‌و هێمنی‌و هەداری شورەکەیتی.
- ئاسودەیی: ڕوخسارێکی ڕۆشنا پەخشە، باخێکی درەخشانە، ئاوێکی شیرن‌و سازگارە، کتێبێکی سودبەخشە هاوکات لەگەڵ دڵو دەرونێك بەهرەبژێر بێ‌و، پشت لە تاوان‌و ڕو لە خێر بێ.
- مرۆی لەش ساخ لەسەر بەردێك دەخەوێ لای وایە پەڕەی ئاوریشمە، نانی جۆ دەخوا وادەزانێ گۆشت‌و پلاوە، لە زنجو کۆلێتێك دا نیشتەجێیە پێی وایە کۆشك‌و تەلاری پاشایە.
- مرۆی ڕژدو قرچۆك بە هەژاری دەگوزەرێنێ یاخود بە دەوڵەمەندی دەمرێ‌و بەری ڕەنجی بۆ دوای خۆی دەبێ، پاسەوانی سامانەو ناحەزو دزێوی بەرچاوی خەڵکە، لە خوا بە دور دەبێ‌و لە هەمو جیهان ناوی دەزرێ.
- منالٌ لە مالٌ باشترە، تەندروستی لە دەوڵەمەندی چاترە، هێمنی لە خانوبەرە بەهەڕمێن ترە، تاقی کردنەوەش لە پارەو پولٌ گرانبەهاترە.
- لەمەڕ شادی سوپاسکار بە، سەبارەت بە خەم ئارامگر بە، با بێ دەنگیت تێفکرین بێ‌و، ڕوانینت پەند وەرگرتن بێ‌و، گفتوگۆت یادی خوا بێ‌و، ژینت خواپەرستی بێ‌و، لە مەرگ ترست نەبێ.
- وەکو ئەو بالٌندەیە بە لە بەیانی‌و ئێوارەدا خودا ڕۆزی پێ ئەدا، پشتی بە کەس نابەستێ‌و بایەخ بە سبەینێ نادا، جولەو سێبەری سوکەو، هیچ کەسیش ئازار نادا.

- هەر یەکێ لەگەڵ خەڵکا زۆر تێکەڵ بێ بە سوك سەیری دەکەن، ئەوەی ڕژدیان بۆ بنوێنێ ڕقی لێدائەگرن، ئەوەی لە ئاستیاندا نەرمونیان بێ بە گەورەی دەگرن، کەسێ پیاوەتیان لەگەڵدا بکا خۆشیان دەوێ، ئەو کەس چاوی لە دەستی ئەوانە وەبەر کینەیان دەکەوێ.
- گەردون لە گەڕ دایە، شەوەکان هەواڵ گەلێکیان لە خۆ گرتوەو ڕۆژگار دەستاو دەستی، پێ دەکرێ، ناشێ لە ڕەوشێ بارودۆخ ڕابوەستێ، خوای دلۆڤانیش هەمیشە لە کار دایە...، کەوایە بۆ دڵت پەنگی خواردۆتەوە؟!.
- چۆن زاتی ئەوە دەکەی لە بەردەم قاپیەی کاربەدەستان هەڵوەستە بکەی کەچی جلەوی ئەوان بە دەستی پەروەردێنی جیهانە؟! مالّو سامان لە کەسێکی نەدار دەخوازیو داوا لە قرچۆکێك دەکەی، سکالاّ وەلای زامدارێ دەکەی!!
- لە بەرەبەیاندا چەند پەیامێك بەرەو بارەگای خوا ڕەوانەکە: مەرەکەبی نوسینەکە بریتی بێ لە فرمێسکو، کوڵمەکانت لاپەڕە بنو، پەیامنێرەکەت گیرا بون بێ..ئەوسا چاوەڕێی وەڵامدانەوە بە.
- لەناو کرنۆشدا ڕازی خۆت بۆ خوا بدرکێنە، چونکێ هەر ئەو بەسەر ئاشکراو نهێنیدا ئاگادارە، یا ئەو نهێنیە هەر لە بەینی خۆتو ئەو بێ، چونکە خۆشەویستی گەلێك نهێنی تێدایە، خەڵکانیش ڕەشك پێ بەرنو خۆیان بە خاوەن ماف دەزانن.
- پاکی بۆ ئەو خوایەی ئەوەی ملکەچی بۆ دەنوێنێ سەر بڵندی دەکا، ئەوەی خۆی بە ئاتاجی ئەو دەزانێ دەوڵەمەندی دەکا، ئەو خوایەی لێ پاڕانەوەی قەدرو ڕێزە، سەر بۆ دانەواندنی سەربەرزییە، پشت پێ بەستنی بێ منەتی یە.
- ئەگەر خەمێك یەخەت بگرێ، بە سای پەژارە بارو گوزەرانت لێخن بێ، مەرگەسات ڕو لە مالّو خێزانت کاو جەرگت ببڕێ، بێ ئومێد مەبە، لەوانەیە خودا دوای ئەوە کارێ بە ئەنجام بگەیەنێ.
- ئەوە دەستەواژەیەت لەیاد نەچێ: ﴿... حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ ... خوامان بێ بەسمانەو چاترین پالپشتمانە. ﴿١٧٣﴾ آل عمران﴾. ئەم نزایە گڕی ئاگر

دادەمرکێنێو، نغرۆ لە خنکان دەردێنێو، ڕاستەڕێی پێ دەدۆزرێتـەوە، پـەیمانو بەڵێنی تونـدو تۆڵی لـێ وەدی دەکرێ.

- خۆشی لە تۆ ئەی باڵندە: دەچیە کەناری ڕوباران، لەسەر چڵی درەختان دەنیـشی، تامی جۆرەها میوە دەچێژی، ترسو لـەرزت لـە پـێش نیـەو، بەسـەر دۆزەخیـشدا ڕانابوری، ئەوسـا تۆ لە مـرۆڤ حاڵ خۆشتـری.
- شادمانی هەڵیکی ڕەخـسـاوە، کڵۆڵی ڕەشـکەڕەوەی تاوانـە، ڕق داگـرتن گرگرتنـە، کات بەتاڵیش بێ هودە بەسەربردنە، بەندایەتیش بازرگانیە.
- دوێـنی ڕابـرا، ئـەمڕۆش بـەڕەو ئاوابونـە، سـپێدەش نەبۆتـە مێـوانی ژیـن، تـۆش ئێستاکەت دەستەبەرکەو، لە پێناوی خوادا بەڕێیکە، ئەوپەڕی قازانج دەکەی.
- ئەگەر قەڵەم خەمڕەوێنت بێو، مەرەکەب کانیـاوت بـێ، کتێـب هـاودەمو هاوەڵت بـێ، مااڵت خاك و نیشتمان بـێو، بژیویت گەنجینەو گەوهەر بـێ، جێـی خـۆی نیـە لە ئاهی لەدەستچونێك دڵت پەست بێ.
- لەوانەیە سەرەتای کارو وەرام دڵگرانت کاو کۆتایی یەکەی دڵ خۆشـتکا، هـەروەکو هەورو هێڵێك سـەرەتاییەکەی بروسـك و هـەورە تریـشقەیەو دواجـاریش ڕێژنـەو نمـەی بارانەیە.
- داوای لێخـۆش بـون قفڵـەکان دەکاتـەوەو، هەسـتەکان دەســـرەوێنێو، ناپـاکی دەڕەوێنێ، سـەرەتای پەیدابونی ڕۆژی یەو، دەروازەی ئاسـانکاریە.
- شەش شـت شـیفادەرو چارەسـەرن: زانـستو خواپەرستی دەوڵەمەنـدیو پیـاوەتی چاوپۆشیو تەندروستی.
- ئاخۆ کێ بێ کاتێ لێقـەوماو هاواری بۆ کرد وەاڵمگـۆ بـێ؟، کاتـێ نغـرۆ هانـای بـۆ برد دەهانای بێ کە لـێی پاڕاینەوە الیەری پەژارەبێ؟ ئەو کەسە تەنیا خودایە.
- لە مشتومڕی بێ ئاکامو، کۆڕو کۆبونـەوەی گاڵتـەو گـەپو، هـاوەڵی گێـڵو نـەفام خۆت بـەدور بگـرە، بێگومـان هـاوەڵ دەسـتت دەکێـشێ، خـوی خـراپیش ڕێـت پـێ دەگرێ، چاویش هەروەکو دزە.

- خۆ ڕازاندنەوە بە جوان گوێگرتن، قسە بە خەڵك نەبڕین، بە نەرمی دوانو، ڕەوشتی نەرمو نیان چەند ملوانکەیێکی قەدرو ڕێزن بەسەر سینەی جوانمەردانەوە هەڵواسراون.
- خاوەنی دوچاوو دو گوێو دو دەستو دو پێو یەك زمانی، خێوی ئاسایشو هێمنیو باوەڕو هەڵگری قورئانی..ئەی مرۆڤ کوا بەو بەهرانە دەزانی؟ ﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ... دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەردەو حاشا دەکەن؟. ﴿٢٥﴾ الرحمن ﴾.
- تۆ بەسەر پێیەکانتەوە گوزەر دەکەیتو چەند کەسیش پێ قرتاون، بەسەر قاچەکانتەوە دەوەستی کەسانێکیش قاچ بڕاون، تۆبە پڕی چاوەکانت دەخەوی خەڵکانێکیش لە تاو ئێشو ژان خەو لە چاویان تۆراوە. تۆ تێرو تەسەلی وێڕای تۆش کەسانێ برسیو بێ نانن.
- لە کەڕیو لاڵیو کوێری بە دوری، گوڕیو بەڵەکو شێت نی، بە سیلو نەخۆشی شێر پەنجە گرفتار نی، ئاخۆ سوپاسکاری پەروەردیاری؟!
- دەردی ئێمە لەوەدایە ئیمرۆمان پشت گوێ دەخەینو بە سبەینێ بایەخ دەدەین، ئاخۆ ژیریو دانایی لەوەدایە؟!
- خەڵك کە توانجت تێدەگرن نیشانەی ئەوەیە ڕێزت دەگرن، وای لێدەقامرێتەوە کە تۆ سەبارەت بە زانستو زانیاری پلەو پایەو ماڵداری لەوان باڵاتری.
- خۆ پۆشین بە پۆشتەی خەڵکانی ترو، تاوانەوە لە قاوخی وانداو، جوینەوەی بنێشتی وان بنبڕکردنو سڕینەوەی دروشمی کەسایەتیە.
- ﴿ ... قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ ... هەر تیرەیەك جێی وەخواردنی خۆی دەزانی، ﴿٦٠﴾ البقرة ﴾ .

﴿ وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا ... هەر لایە شوێنێکیان هەیە ڕوی تێدەکەن، ﴿١٤٨﴾ البقرة ﴾.

((ڕەگەڵ کەوتە مەبن)) ﴿صِنْوَانٌ وَغَيْرُ صِنْوَانٍ يُسْقَىٰ بِمَآءٍ وَٰحِدٍ ... ڕەزو زەوی‌و زارو دارخورمای لێك جوداش، گشت لە یەك ئاو پاراو دەبن. ﴿٤﴾ الرعد﴾.

- لەدوای ئەسرین خەندە وەرینە، لەدوای پەژارە دڵ سرەوینە، لەدوای ناخۆشی خۆشی یە، لەدوای بەڵا خەڵاتە، ئەوەش ڕێڕەوێکی نەگۆڕو بنەمایەکی گشتگیرە.
- بڕوانە مەگەر ئەوەی دەیبینی بەڵا بارنیە، ئەوەی بەرچاوت دەکەوێ کۆست کەوتو دەردەدار نیە، لە هەمو شیوێ نالەو هاوارە، لەسەر هەمو کوڵمێ فرمێسکە، لە هەمو دۆڵایێك (بەنو سەعدێك هەیە).
- دەنگی ئەو کەسەی چاکەت دەژمێرێ، خۆشترە لە چریکەی باڵندەو، سروەو شنەی بەری بەیان، خۆشترە لە سەهەندو سێبەری درەختو دەنگو ئاوازی نەی.
- ئەگەر بە ناچاری لەسەر خواردنەوەی ئاوی گەرم سوپاسی خوات کرد، لە کاتی خواردنەوەی ئاوی سازگار هەمو ئەندامێکت دەڵێ: خوایە سوپاس.
- هەرزانترین جۆری بەختەوەری کە لە بازاڕی ژیریاراندا هەڕاج بکرێ وازهێنانە لە شتێ، کە پەیوەندی بەتۆوە نیە، گرانبەهاترین کالا بە لای خەڵکەوە ئەوەیە بە خەڵکەوە هۆگر بی‌و خەڵك بە تۆوە هۆگر بێ.
- خۆت بەدور بگرە لە پەژارە چونکە مایەی ژین‌و ژارە، بێ توانایی مەنوێنە چونکە مردنە، تەمبەڵ مەبە تەمبەڵی سەرشۆڕی یە، لە ڕاڕایی بەدوربە چونکێ ڕاڕایی گەندەڵی یە.
- هاوسێی خراپ لە تەنیایی مرۆ خراپترە، چاکە نواندن لە کۆشك‌و باڵەخانەی بەرز بەرزترە، باسی بە چاکەش سەربەرزی یە.
- هەریەکێ خاوەنی بەرنامەیەك بێ ڕێنمایی بکا، ژیری هەبێ کاروباری ڕێك بخا نەژادێکی ببێ پێی سەربڵندی بێ‌و، بە شەرم‌و شکۆ ڕوی سور بێ، بە ڕاستی چەندین بەهرەو خەڵاتی پێ براوە.

- هەر یەکێ واز لە دوبەرەکی بێنێو، خۆی لە لوت بڵندی بپارێزێ، درۆزن نـەبێو، بە قەزاوقەدەر قـایل بێو، لە ئیرەیی [٩١١] بەدوربێ، خوا وا دەکا لە دڵی بەنـدەکانی جێی وەکـا.
- هەر کەسێ دەسـەڵاتو فـەرمانڕەوا بـە سـوك بزانـێ دنیـای لەدەست دەچـێ، ئـەو کەسەش، کە گاڵتەی بە زانایان بێ دینی دەدۆڕێنێ، ئەوەش کە هـاوڕێی خـۆی بـە کەم بنرخێنێ پیاوەتیو ڕێزی نامێنێ، ئەو کەسە کە خودا بـە هەنـد هەڵنـەگرێ دنیاو دواڕۆژی لە دەست دەچێ.
- خەڵك کە ئاتاجی تۆیە بەهرەی خوایە سـا بێـزاری لـێ مەنوێنـە ئـەگینا دەبێتـە خەشـمو قـین، دڵنیـاش بـە خۆشـترین ڕۆژت ئـەو ڕۆژەیـە خـەڵك ئاتـاجی تـۆ بـێ نەوەك تۆ ئاتـاجی خەڵك بی.
- بەر لەوەی خەوت بەسەر چاودا بێ لە خەڵك لێبوردنـت بـێ، حـەوت جـاران دڵی خۆت بە چاوپۆشی نواندن پاك‌و پاراوکە، هەشت جـارانیش دڵی خـۆت بـە تـۆزی لێخۆشـبون تۆزاوی کە ئەوسا کە شیرنایی باوەڕ دەچێزی.
- زانست دڵنەوایی تەنیایی یە، هاوڕێی دەمی بێکەسی یە، پاسەوان‌و ئێشـکگری بـێ هاودەمی یە، هێمـای ڕێگای ڕێنمـایی یـە، هاریکـاری تەنگانەیـەو، توێـشـوی ڕۆژی دوایی یە.
- ئەو کەسەی خاوەنی دڵێکی کەچو چاوێکی بـە فرمێسك‌و دەرونێکی ئاوەدانـە، چ باکی لەوە دێ بەرگـو پۆشـاکی دڕاوەو پێـلاوی لە پێ نەماوە.
- پشت هەڵکردن لە خـواو ڕوکردنـە دنیـا هۆکـاری خـەمو پەژارەیـە، ئەوەیـە وا لـە مرۆڤ دەکا بیخاتە بەندیخانەیێکی تـا هـەتایی، نـە ئـەو زیندوەیـە ئومێـدت پێـی بێو نە ئەو مردوەشـە شینو واوەیـلای بۆ بکرێ.
- باشترین دارایی‌و سامان کانیاوێکی بە خورە لە زەوییکی بە پیتدا، ئەگەر خـەوتی ئـەو لـە شـەونخونیدا، ئەگـەر لـەوێ نـەبوی ئـەو ئامادەیـە، ئەگـەر دنیاشـت بەجێهێشـت ئەو لە دوای تۆ گەنجینەیە.

---

[٩١١] حەسودی.

- بەشی خۆت لـە بـێدەنگی وەرگـرە، چـونکە مرۆڤـی کەمـدو بـە هەیبـەتـو سـامـە، مرۆڤی بێ دەنگ خۆشەویستەو، زمانیش بەڵای سـەرە.
- خۆشـی ژیـان بریتییـە لـە: تۆشـەی ڕۆژی سـەڵا، یـا ڕێکخستنی بـژێوی، یـا چـێژ وەرگرتن بە حەڵاڵی، یا پەرەپێـدان بـە ژیـری، ڕازاندنـەوەی دڵو دەرون، وێـڕای ئەوە کات بە فیـڕۆدانە.
- خۆ بەدورگرتن لە تێکەڵی، لە مرۆڤی ڕەشك پێ بەرو، زمـان شـڕو، غەیبـەتکارو، ڕەزا گرانو، لوت بڵندو، خۆپەسند دەتپارێزێ، ئەوەندە قازانجەشت بەسە.
- ناتوانی کامەرانی دەستەبەرکەی سـەبارەت بـەوەی لـە شـارێکەوە بـۆ شـارێکی تـر گەشتو گوزارکەی هاوکات لەگەڵ ئەوەی خەمان لەخۆ بارکەی، بەڵام کە جـار لـە دوای جار پەرە بە هزرت بدەی ئەتوانی خۆت ئاسودەکەی.
- ئەگەر دڵ ئاوەدان بێ دواڕۆژی لەلا ڕۆشن دەبێ، شەوی بەلاوە جەژنو ئاهەنگەو، خـەڵکی بـەلاوە دۆسـتو خۆشەویـستە، کـەلاوەی بـە لاوە کۆشـكو باڵەخانـەی ڕازاوەیە.
- ئەوەش لە میهرو سۆزی خواوەیە لە ئاستی بەندەکانی، کە هەر کەسێ گوێڕایەڵی بێ دڵی دەوڵەمەند دەکا، ئەگەر تەنیا چەند تیکە نانێکی لـە خـوان بـێ لای وایـە دنیای لەبەردەستدایە.
- ژیان بریتیە لە: لـەش سـاخی، گـەنجو لاوێتـی: ئەوەیـە تـەندروسـتیت تـەواو بـێ، جوامێری لەوەدایە خۆڕاگر بی، بەخشندەیی: هێمای تەقوا کارییە، خواپێداویش: ئاماری ڕەسەنایەتییە.
- دۆڕاوترین کـەس ئـەو کەسـەیە بیـەوێ لـە شـکڵو شـێوەی خۆیـدا نـەدیـرێ، ئـەو کەسەش کە لە ئاستی قەزاو قەدەردا ڕوی گـرژەو، لـە بەشـە ڕۆژی خـۆی لالـوتە، دڵو دەرون تەنگو تریسـکە.
- ئەوەی هـاوەڵی مزگەوتـە لـە قورئـان کـەڵك وەردەگـرێ، دۆستی ڕاستگـۆی چـنگ دەکەوێ، زانستی سـودمەند فێر دەبێ، سۆزی خـوای میهرەبـانو وتـەی نەسـتەقو جوانو تۆبەی یەك جارەکی پێ دەبـڕێ.

- ئەو کەسەی بە ڕۆژو بێ چێژ لە خواردن وەردەگرێ، ئەوەی شەونوێژی هەبێ خەوی شیرنو خۆش دەبێ، ئەوەی هەوڵداو تێبکۆشێ سوپاسکاری زۆر دەبێ، ئەوەی پلەو پایەشی هەبێ ڕەشك پێ بەری زۆر دەبێ.
- ئەو کاتە بە ئاسودەیی بەسەر دەبەی کە لاشەو هزرو هەستو ژیریت لە هەمو کۆتو زنجیرێك ئازاد بێو، تەنیاو بەس بەندەی خودا بی.
- بەختەوەر ئەو کەسەیە، ئەو شتە لەبیرە خۆی باتەوە کە بە هیچ چەشنێ ڕێی تێناچێ چارەی بکا، ئەو کەسەیە چاکەی لەگەڵدا کراوی لەیاد نەکا، خراپەی دەرحەق کراوی لەبیر دەکا.
- ئەوەندەی بەشە ڕۆزی بۆ دانراوت جێگای تۆ پێدەزانێ تۆ ئەوەندە جێگای وی نازانی، هەروەکو سێبەر بە دواتەوەیە، ژیانیشت کۆتایی نایێ هەتا تەواو ڕۆزی خۆت نەخۆی.
- کەسی نەدار ئەو کەسەیە ئاتاجی دەستی قرچۆك بێ، هەژاریش ئەو کەسەیە زۆری بە کەم سەیرکا، مەردمی کوێریش ئەو کەسەیە عەیبو نەنگی خۆی نەبێتە بەرچاو.
- هەر کەسێ گەییشتە ئەوپەڕی ئاوات با چاوەڕێی ئەوپەڕی ناخۆشی بێ، تەنیا خواناسان نەبێ ئەوان سەرەنجامیان ڕەزامەندی خواو چونە بەهەشتە.
- شایستەترین کەس بە زۆربونی بەهرە، هەرە سوپاسگوزاریانە، شیاوترینیان بە خۆشەویستی، ئەوەیانە بەخشندەیەو، ڕو بە خەندەیەو، لە ئازاردان دەست گرەوەیە.
- شادی ئاتاجە بە هێمنی، مالّو سامان ئاتاجە بە بەخشین، پلەو پایە ئاتاجە بە یارمەتیدان، گەورەیی ئاتاجە بە ملکەچی.
- تەنیا ماندوبون حەسانەوە وەدەست دێنێ، ئاسودەیی دەرك ناکەی هەتاوەکو کۆشش نەکەی، تەنیا سەبارەت بە خووڕەوشت خۆشەویستی دەستەبەر دەکەی.

- زارۆڵە لە سامان گرینگ تـرە، نەریتی جوان لە پلەوپایە بەرزتـرە، جەربـەزەیی [٩١٢] لە شارەزایی سـودمەندتـرە، تەقوا کاری لە شـکۆداری بەهەرمێن تـرە.
- هەرچی بەر گوێت کەوێ دڵت بەدوای نەکەوێ، خۆشەویستیت بۆ هەمو هاوەڵێك نەبێ، ئارەزوشت بە دوای هەمو خۆزگەیێدا وێڵ نەبێ.
- تەنیا لە خەڵوەتدا ئاسودەییم دەرك پێ کرد، تەنیا لـە خواپەرستیدا هەسـتم بـە ئارامی کرد، تەنیا لە وەفاداریدا خۆشەویستیم وەدی کرد، تەنیا لە ڕاست گۆییـدا پەیم بە متمانە بـرد.
- ئەشێ تیکە نانێك لە چەندین خواردن بێ بەشت کـا، تـەنیا دەربـڕینی وشـەیەك چەندین نەیارت بۆ دروست کـا، تاوانێـك لـە گـەڵێك بـەهرە بـێ بەشت کـا، تیلـە چاوێك چەند ئاهو حەسرەتێکت پێشکەش کـا.
- با خۆشەویستیت ئەوێنداری نەبێ، ڕکت لە سـنور بـەدەر نـەبێ، ژیانـت ڕابـواردن نـەبێ، بیـرکردنەوەت بـۆ ئـاخ هەڵگێـشان نـەبێ، وێـستو مەبەسـتت پلـەو پایـە نەبێ.
- هەر کەسـە ئاغای مااڵی خۆیە هیـچ کـەس بـە سـوك سـەیری ناکـا، کـەس دەسـگرو پێگری نیە، هیچ زۆرداری ملی پێ کـەچ ناکـا، هـیچ ڕژدو چاوچنۆکێك دەرگـا لـە ڕوی داناخـا.
- هـەر ڕۆژێ لـە نـەرمو نیانیـت زیـاد بکـاو، زانـسـتێکت فێـر بکـاو، ڕێـی تاوانـت پێنەداو، پەرە بە ژیریت بداو، وەی بەرزت پێ بدا پڕ بایەختـرین ڕۆژتە.
- ژیان هەڵێکی ڕەخساوە تا لە دەستمان نەداوە قەدرو ڕێزی نازانین، تەندروستیش تاجێکە لەسەر سەری لەش سـاغانە تەنیا کەسانی دەردەدار دەیبینن.
- کەی ئەو کەسە ژیانی ژیانە کـە خـاوەنی کـوڕێکی لاسـارو، هاوسـەرێکی نالـەبارو، هاوسـێیەکی بـە ئـازارو، هاوڕێیـەکی ڕەزا گـرانو، دەرونێکـی سـەرکەشو، هـەواو هەوەسێکی جڵەوکێشـە.

---

[٩١٢] ئازایەتی.

- مافی پەروەردیارت لەسەرە، مافی خۆشت لەسەرە، دوچاوەکانت مافیان لەسەرتە، مافی خاوخێزانت لەسەرە، میوانت هەقی لەسەرتە، جا هەر خاوەن مافێك بەشی خۆی پێ بدە.
- هەر کە بەیانی داهات بە تێڕوانین چێژ لە جوانیو گەورەییو ڕۆشنایی وەرگرە، گەشبینیو هیوات پێ دەبەخشێ.
- سەرەتای بەیانی لەکیس مەدە چونکە پیتو فەڕ لەوێدایە، سا کردەو کارو، یادو قورئان خوێندنو، خوێندنەوەو، دەرخ کردنو، کتێب نوسینو، گەشتو گوزارت لەو کاتەدا ئەنجام بدە.
- کەسێکی مام ناوەنجی بە، هەموار بەڕێدا بڕۆ، دروستکار لە خۆت قایلکەو، سۆزت بۆ دروستکراوان بنوێنە، نوێژی فەرز بەجێی خۆیو لە جێی خۆی بەجێ بێنەو، با زیادە نوێژیش تۆشەی ڕێت بێ ئەوسا کە لە ڕێ شارەزای.
- کار لە جێی ئەوەیە: کۆتا تەمەنت خێر بێو، وتەو پەیڤت ڕێکو پێك بێو، کارت لەبارو گونجاو بێو، لە زۆرداری بەدور بێو، دیدەنی خزمو خوێشت نەبڕی.
- چەند وشە هەن بەهرە لە بن دێنن، چەند هەڵەو تاوانێك سەرشۆڕی بەرهەم دێنن، چەند جار لە تەنیایيدا شیرنایی وەدی دەکرێ، ئەو کەسەش کە، (بە مەبەستی چاکە) گۆشە گیرە لەو گۆشەگیریەدا سەر بلندی پێ دەبڕێ.
- ((المسلم من سلم المسلمون من لسانه و يده، والمؤمن من آمنه الناس على دمائهم واموالهم))، ((والمهاجر من هجر ما نهى الله عنه... موسڵمان ئەو کەسەیە موسڵمانان لە دەستو زمانی بێ وەی بن، بڕوادارێش ئەو کەسەیە خەڵکان لەمەڕ خوێنو ماڵیان لێیان نەترسن))، ((ئاوارەش ئەو کەسەیە لە قەدەغە کراوەکانی خوا دور کەوتبێتەوە)).
- باشترین ماڵت ئەوەیە سودت پێ بگەیەنێ، باشترین کردەومت ئەوەیە سەربەرزتکا، چاترین خانوبەرەش ئەوەیە تێیداوە حەسێی، چاترین دۆستیشت ئەو کەسەیە ئامۆژیارت بێ.

- ئەگەر یەکێ نەبێ رژدیت پێ بەرێ دیارە تۆ کەسێکی بێ خێری، ئەگەر کەسیش هاوەڵت نەبێ دیارە بێ خووڕەوشتی، ئەگەر هیچ ئاینێکیشت نەبێ دیارە بێ پەیڕەوو پڕۆگرامی.
- بە سای یادکردنەوەی چاکەکانت دەرونت ئاسودە بێ، بەهۆی گەڕانەوەت لە تاوان بسرەوێ، بە سای ڕەوشتە باڵاکانت خۆت بگەیەنە چڵەپۆپەی ژیان.
- قەڵەوی مایەی بێ ئاگایی یە، هورگنی زیرەکی دەتارێنێ، زۆر خەوتن دەبێتە هۆی کەوتن. زۆر پێکەنین دڵ دەمرێنێ، ختوکە (وسوسە) ئازارو ئەشکەنجەت بۆ دێنێ.
- کاربەدەستی وەکو شیر خواردنی منداڵ شیرینەو، دەستبەرداریشی وەکو لە شیر تۆراندنێ تاڵە، تامو چێژی پلەو پایە بەهۆی لەسەر کار لادانێ لە کونەلوتاندا دێتەوە، کورسیش بە هەمو لایاندا دەسوڕێ.
- گەشتکردن لەگەڵ خۆشەویستانو، دورکەوتنەوە لە نەیارانو، ڕزگاربون لە چەپۆکی ناحەزانو، بیرکردنەوە لە ڕزگاربون: خۆشیو شادی ژیانن.
- چاکە نواندن مەردمی ئازاد بۆ خۆی دەکاتە کۆیلە، پیاوەتی دەستی مرۆڤ دەبەستێ، نەرمو نیانی دوژمن لە داخان دەمرێنێ، ئارامگری پۆڵی ئاگر دادەمرکێنێ.
- ئەو کاتەی دنیا بە بێنرخ سەیر دەکرێ لە هەمو شتێ پتر بێ سەنگ دەبێ، ئامێری پێداویستیش ئەگەر پێویستیت پێی نەبێ زۆر بێ نرخو هەرزان دەبێ.
- ئەگەر خەمی بژێوی سبەینێت لەبەرە، بۆ بەیانی لێ داهاتنت کێ بۆت بەڵێنی دەرە؟، کە لە ئاهی ڕوداوی دوێنێ سوێت دەبێتەوە، ئاخۆ کێ ڕابردوت بۆ دەگێڕێتەوە؟
- بوار بۆ ڕەخسانێکی کەم باشترە لە سامانێکی زۆر، بێ دەسەڵاتی هاوکات لەگەڵ سەربڵندی، چاترە لە پلەو پایەیەك هاوکات لەگەڵ سەرشۆڕی، سستی لەگەڵ خواپەرستی، چاترە لە توندوتیژی هاوکات لەگەڵ سەرپێچی.

- مرۆی چاوتێر پاشایە، کەسی زیادە ڕۆ لاسارە، مرۆڤی توڕەو ترش شێتو شوارە، ئەو کەسەش کە هەڵپەیە [٩١٣] کەسێکی هەڵەشەیە [٩١٤]، ئەوەی ڕژدو چاوچنۆکە زاڵمو ستەمکارە.
- یادی خوا پەروەرێن قایل دەکا، مرۆڤ بەختەوەر دەکا، شەیتانی دەم کوت دەکا، خەمو پەژارە لادەبا، تەرازو پڕ خێر دەکا.
- ئەو کەسە کامەرانە تەمەنی درێژەو کرداری چاکە، ئەو کەسە کاری بەجێو لە جێیە ساماندارەو دەست بەخێرە، ئەو مەردمە پیرۆزە چەندی زانستی زیاد بێ پتر لە خوا دەترسێ.
- ئەو کەسەی بایەخ بە خەڵکی دەدا پاداشتی بەوە دەدرێتەوە: خەمی خۆی بیر چێتەوە، خەڵاتی ئەو کەسەی خزمەتکاری خودایە: ئەوەیە خەڵك لە خزمەتی دایە، وەڵامی چاکەی ئەو کەسەش پشتی لە دونیا بکا: ئەوەیە بە لێزمە ڕۆزی بەسەریدا هەڵدەڕژێ.
- ئەگەر تەندروستیت تەواو بێ بەهرەی کەمیشت پێ زۆر بێ، ئەگەر تۆبەو پەشیمانی دەرنەبڕی دەبێ تاوانی چوکیش بە گەورە بگری، ئەگەریش دڵێکی پاكو پاراوت نەبێ خواپەرستی زۆریشت پێ زۆر نەبێ.
- دڵخۆشبون بە دنیا کارێکی مناڵانەیە، دڵخۆشبون بە سای ئەوەی بە چاکەکار ناسراوی کارێکی جوانمەردانەیە، چاوتێبڕین لەو بەهرەو خەڵاتەی لە لایەن خوایە پیشەی چاکە کارانو دۆستانی خوایە.
- ڕاستگۆیی دڵارامییە، درۆش گومانو دو دڵیە، شەرمو شکۆ پارێزگارییە، زانستیش بەڵگەیەو، ڕون کردنەوە ڕازاندنەوەیە، بێ دەنگیش لێ زانییە.
- شیرنایی زاڵ بون: تاڵیو سوێری ئارامگریت لەبیر دەباتەوە، تامو چێژی سەرکەوتن ئێشو ژانی چەوسانەوەت لە کۆڵ دەکاتەوە، کاری دڵسۆزانە ئارەقەی نێو چاوانت دەسڕێتەوە.

---

[٩١٣] بەتاڵوکەیە.

[٩١٤] شڵەژاو، ناڕێك، بە ئامانج نەگەیشتو.

- خۆشترین شت لە ژیاندا خۆشویستنی خودایە، بە تامو چێژترین بەهرە لە بەهەشتا دیتنی خوایە، بە بەروبوترین کتێب کتێبی خوایە، دڵسۆزترین دروستکراوی خوا پێغەمبەری خوایە - درودو سڵاوی خوای لەسەر -.
- مەردمی خۆشبەخت ئەو کەسەیە پەند لە ڕابردوی وەرگرێو، بەخۆیدا بێتەوە، تۆشوی گۆڕی لە هەگبەدا بێو، لە ئاشکراو نهێنیدا هەستی لەسەر چاوەدێری خوا بێ.
- ڕژدی مایەی سەرشۆڕییە، چاوبرسێتی ڕیسوایی یە، دەست قوچێنی سوکایەتییە، سەرشۆڕی بێئومێدییە، بێ ئاگایی پەردەی (نێوانی بەندەو خوایە).
- ((أحفظ الله يحفظك، أحفظ الله تجده أمامك، تعّرف إلى الله في الرخاء يعرفك في الشدة، إذا سألت فاسأل الله، وإذا أستعنت فاستعن بالله... پارێزگاری لە فەرمانی خوا بکە خوا دەتپارێزێ، پاێزگاری لە فەرمانی خوا بکە لە جێوە هەست بە کۆمەکی ئەو دەکەی، لە هێمناییدا خوات لەیادبێ ئەو لە تەنگانەدا تۆی لەیاد دەبێ، سا ئەگەر داوات کرد لە خوا بخوازە، ئەگەر داوای یارمەتیشت کرد پشتت بەوی ببەستە)).
- کاتو ساتی خۆشگوزەرانیت بکە تۆشەی چاخی بەڵا باریت، تەمەنت لە پێناوی گوێ ڕایەڵی پەروەردیارتدا بەرێکە، مانی ڕەشیش بۆ ڕۆژی ڕەش.
- چەندین جار چێژ وەرگرتن ئەنجامەکەی گەستنی پەنجەی پەشیمانییە، پاشەڕۆژی تاوانیش سەرشۆڕییە، گوناهیش ڕەوێنەری بەهرەیەو، پێکەنینیش گریەو شین بەدوای خۆیدا دێنێ.
- بە سای شوکرانە بەهرە خۆ دەگرن، بەهۆی کوفرانەش سەقامگیر نابن، دنیاش، کە دڵخۆشت دەکا ڕۆژێ دێ، کە کۆچ بکا، گەر چاکەشت لەگەڵ بکا فێڵیشت لێ دەکا!.
- ساغیو سەلامەتی لە دو گەنجینان یەکێکە، کەم خواردنیش مایەی تەندروستی لاشەیە، بارسوکیش لەمەڕ گوناهان حەسانەوەی گیانو ڕۆحە، دورکەوتنەوەشت لە ڕکەبەری کاتو ساتت دەپارێزێ.

- خولەکێکی ئەشکەنجە بارتەقای ڕۆژێکە، ڕۆژێکیش لە خۆشیدا ئەوەندەی خولەکێکە، شەوی شادیش هەر زۆر کورتەو، ڕۆژی مەینەتیش دورو درێژە.
- ناڕەحەتی خۆشگوزەرانیت دەخاتەوە یاد، برسیاتیش خواردنت لا خۆشەویست دەکا، بەندیخانە ئازادیت لا بە نرخ دەکا، دەردەداریش شەیدای تەندروستیت دەکا.
- ئەم سێ دەرمانە بە پزیشکی خۆت بزانە: حەسانەوەو دلگوشادیو پارێزی دانان لە هەندێ خۆراك، خۆشت لەو سێ دوژمنە بە دور بگرە: ڕەش بینیو خەیالاتو بێ ئومێدی.
- بەختەوەری لەوەدایە دەرون بگاتە ئەوپەڕی کاملی، سەرکەوتنیش ئەوەیە دەرون بەرهەمی کردەوەکانی بدورێتەوە، قازانجو سودیش ئەوەیە دنیا لە خزمەتی بێو بەرەو ڕوی بێ.
- لە پێشی بەرەبەیانەدا دابنیشەو، دو دەستەکانت بەرزەوەکە، دو چاوەکانیشت بکەوەو بڵێ: پەروەردگارا ئەو دەستمایە کەمەم لێ قەبوڵ کەو پاداشی تەواوم پێ بدە.
- ئازادبونیش لە چنگی ئەشکەنجەو ئازارو پیری بەهرەی خوایە، هەتاکو تێنو نەبی ئاو مەنۆشە، هەتاکو برسیش نەبی نان مەخۆ، تاوەکو ماندوش نەبی مەخەوە.
- هەر کێ هێمنو لەسەرخۆ بێ بە خۆزگەو خواستی دەگا ئەو کەسەش کە بە چاکە بایەخ بدا سەرکەوتنی لێ پیرۆزە، پەلەو تاڵوکەش بێ ئاکامە، ئاواتو خۆزگەی نالەجێش دۆڕانە.
- خوا چیت بەسەر دێنێ پێی قایل بە، ئەو بارو گوزەرانەی خوا بۆی هێنایە ئاراوە ئاوات مەخوازە لە کۆڵت بێتەوە، چونکە ئەو لە تۆ شارەزاترە بە تۆ، لە تۆ بە بەزەیی تر بەرامبەر تۆ.
- هەر بڕیارو فەرمانێکی خوا بێ هودە نیە، هەتاکو گوناهو تاوانیش بەو مەرجەی تۆبەو پەشیمانی لەدوا بێو، ملکەچیو داوای لێخۆشبونی لێ بەپاش کەوێو، لوت بڵندیو خۆ پێزۆری پێ بڕەوێ.

- هەمیشە داوای لێخۆشبونت بێ، چونکە خودا لە شەوو ڕۆژدا بەهرەو خەڵات گەلێکی هەن، ئومێد وایە لەو خەڵاتانە یەکێکت پێ ببڕێو، تا ڕۆژی دوایی پێی ئاسودە بێ.
- خۆشی بۆ ئەو کەسەی کە بەهرەی بەسەردا ڕژا شوکرانەی لەسەر بکا، کاتێ تاقی کرایەوە ئارامی لەسەر بگرێ، ئەگەر تاوانی لێ ڕودا داوای لێخۆشبون بکا، ئەگەر ڕقی داگرت هێور بێتەوە، ئەگەر بڕیاریشیدا دادوەرانە بێ.
- زمان بونەوو، گەشەکردنی ژیریو، ڕۆشنبونەوەی هزرو، لاچونی پەژارەو، کەڵک وەرگرتن لە ئەزمونو، بە دەست خستنی بەهرەکان: یەکێکن لە سودو قازانجی خوێندنەوە.
- لە ئاکامی پاڵاوتەییو دەربڕینی پەشیمانیو گەڕانەوە لای خوا، لە ئەنجامی پشت بەستن بە خواو، ئارەزو هەبون لەوەی لە لایەن ئەوەو، ترسان لە سزاو جەزرەبەی، هەروا خۆشویستنی - گەورەییو شکۆ بۆ ئەو - دڵ تۆشەی [٩١٥] وەردەگرێ.
- دەست لەو نزایە بەرمەدە: ((یا ذا الجلال و الاکرام))، لەسەر ئەمەشیان بەردەوام بە: ((یا حيّ یا قیوم برحمتك استغیث)) تاوەکو دڵارامیو دلگوشادیو سەرکەوتن وەدەست بێنی.
- ئەگەر یەکێ ئازاری دای بیر لە بڕیارو قەدەری خوا بکەوە، بەهرەو بەخششو خەڵاتی چاوپۆشیو نەرمونیانیو ئارامگری وەیادخەوە، بزانە ئەو چەوسێنەرەو ئەتۆش چەوساوەی، تۆش لەوی خۆشحاڵ تری.
- بڕیاری خوا جێبەجێیەو، ئەجەلیش نەسەر دەکاو نە کورت دەکا، ڕۆزیش بڕیاری لێ دراوە، کەوایە خەفەتباری لەپێناو چی؟ دەردەداریو هەژاریو بەڵابارى پاداشی لەسەر دەدرێ خەمو پەژارە بۆچی؟

---

٩١٥) تۆێشوو.

- لە دنیا بەهەشتێك هەیـە هـەر کەسـێ نەچێتە نـاوی ناچێتە بەهەشتی دواڕۆژ، ئەویشیان یادی خوداو گوێڕایەڵی و خۆشویستن و دڵ پێیەوە پابەند بـون و ئۆقرە پێوەگرتنی خودایە - پاك و بێ گەردی بۆ ئەو -.
- خوا لە هاوەڵان ڕازی بێ، چونکە گوێڕایـەڵی فـەرمانی ئـەویان کـردو، لـە سـنورە یاساخ کراوەکانی خۆیان پاراست و، لە خـوای خۆیـان قایـل بـون، چـونکێ خـوا بـە ئاواتی گەیاندن و لە تـرس دڵنیای کردن.
- ئەو کەسە چۆن دڵپەست دەبێ کە پەروەردیارێکی باڵا دەست و لێبـوردەی هـەبێ، عەیب پۆش و ڕۆزی دەربێ، ببینێت و ببیسێ، هەرچی کـار و فەرمانـە بـە دەسـتی ئەو بێ؟
- میهـری خـوا فراوانـە و دەرگـای ئـەو لەسـەر پـشتە، چاوپۆشـی نـەو خەڵاتـەو، بەخـشندەیی بـێ پـچڕانەو، ژێـوانی و گەڕانـەوەی لاگـیرا دەبـێو، نـەرم و نیـانی بێسنورە.
- دڵگـران مەبـە چـونکە بڕیـاری خـوا دراوەو، فـەرمانی پیـادە کـراوەو، نوسـراوەکە وشك بۆتـەوەو، لاپـەڕە پێـچڕاوەتەوەو، تـاوان چاوپۆشـی لـێ کـراوەو، پاداشـتیش مسۆگەر بوە.
- بـا کردەت جـوان بـێو، ئومێـدت سـنوردار بـێ، ڕو لـە کـار کـەو، لـە سـنوری ڕۆژی خۆت دا بژێی، قەدرو ڕێزی تەمەنت بزانەو، زمانت پاك و پاراو بـێو، مەرگیـشت لەبەر چاو بێ.
- هـیچ شـتێ ئەوەنـدەی کتێـب بـە سـود نیـەو، ئەوەنـدەی گـۆڕ ئامۆژیـار نیـەو، ئەوەندەی گوناه مایەی بێزاری نیەو، ئەوەندەی دنیا بە کەم گـری مایـەی شـکۆو پایە بەرزی نیەو، ئەوەندەی چاوتێری مایەی دەوڵەمەندی نیە.
- بـە ئەنـدازەی وڕە بـەرزی و بایەخـدان و خۆڕاگریـت ژیـان نامـەت تۆمـار دەکـرێ، شـکۆمەندیش هـەروا لـە گـۆتـرە دەسـت ناکـەوێ، بەڵکـە بـە لێهـاتویی و هـەوڵو قوربانی چنگ دەکەوێ.

- کارو وەرام بـە گـران مەزانـە بـاری سەرشـانت سـوك دەبـێ، بـا خـەمت لـە پێنـاو دواڕۆژدا یەکـە خـەم بێـت [٩١٦]، بـۆ ڕۆژی چاوپێکـــەوتنی گـەڵ خـــوای بـە توانـــا ئامادە بە، لە هەمو شتێکی بێ هودە بە دور بە.
- زۆر ڕۆچون لە شتی حەڵاڵ یەکێکە لەوانەی مـرۆ بێـزار دەکـا، وەکـو قسەی زۆرو زۆر خواردنو زۆر نوستن، تێکەڵاوی بێ هودەو پێکەنینی زۆر ئەوانـەش هۆکـاری پەژارەن.
- لە ناو ئاهو حەسرەتان مەتاوێنەوە، بە سای گریانو ئاخو ئـۆف خۆتـان مـەکوژن، بـە شـینو ڕۆڕۆو قـوڕ پێـوان خـۆو تیکـە تیکـە مەکـەن، ﴿ لِّكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ ... هەتا ئێوە بۆ شتێ لە دەستو دەچێ خەم نەخۆن. ﴿٢٣﴾ الحديد ﴾.
- خودا بۆ ئێوە بەسە، کارتان ڕێکخاو چاوەدێریتان بکـا، بـەڵاتان لەسـەر لاداو بتـان پـــارێزێو ترســتان نـــەبێ، ﴿ ... حَسْبُكَ ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ... (ئـەی پێغەمبەر!) بۆ تۆو بۆ باوەڕدارانێ شوێنت کەوتون، خودا بەسە. ﴿٦٤﴾ الأنفال ﴾.
- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ ... بـــێ ســـۆ خـــودا وێـــڕای خۆپارێزانـــە. دوژمنانیـــان سـەرکوت دەکـا، دەردو بـەڵایان لادەبـا، لـە ئەشـکەنجەو مەینـەتی دەیـان پـارێزێ. ﴿١٢٨﴾ النحل ﴾.
- ﴿ ... لَا تَحْـزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ... خەمت نەبێ! ئێمە خودامان دەگەڵە. دەمان بینێو قسەو دەنگمان دەبیسێ، بەسەر دوژمندا زاڵمان دەکـاو، کـار ئاسـانیمان بـۆ دەکا، خەمو دڵپەستیمان لائەبا. ﴿٤٠﴾ التوبة ﴾.
- ﴿ أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ... ئەدی ئێمە تۆمـان سـینە گوشـاد نـەکرد؟ ئـاخۆ دڵکـراوەو فراوانمان نەکردو، ڕوگەشو شادو ئارامان نەکردو، ئاوەدانو حەساوەو دڵنیامان نەکرد؟!. ﴿١﴾ الشرح ﴾.

---

٩١٦) تاکە خەم بێت.

- ﴿... وَلَا تَكُ فِي ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ ... لەو فێڵو فرتانەش کە دەیکەن، دڵتەنگ مەبە. (١٢٧) النحل﴾. ئێمە بۆ فێڵی ئەوان بەسین، داوو تەڵەی ئەوانت لە ڕێدا پوچەڵ دەکەینەوە، ئازارو ئەشکەنجەی ئەوانت لەسەر لادەبەین سا دڵت پەنگ نەخواتەوە.
- ﴿... وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا ... با سستی ڕوتان تێ نەکاو خەمیش مەخۆن. (١٣٩) آل عمران﴾. ئێوە لە ڕوی باوەڕو بەرنامەوە بەرزترن، ئێوە لە ڕوی یاساو مێژودا پایەدارترن، لە ڕوی پشت گیرو ئایدیۆلۆژەوە، لە ڕوی دابو نەریتو خوڕەوشتەوە شکۆدارترن.
- ﴿... إِنَّ رَبَّكَ وَاسِعُ الْمَغْفِرَةِ ... پەروەردەمت بەخشینی زۆر بەرفرەیە. (٣٢) النجم﴾. لە گوناهباران چاو دەپۆشێ، تۆبەو ژێوانی قەبوڵە، هەڵە بە کەم دەنرخێنێو، تاوانیش دەسرێتەوە، خەتا دادەپۆشێو، ئەوەی بگەڕێتەوە لای دەیبورێ.
- ﴿... وَلَا تَايْئَسُوا مِن رَّوْحِ اللَّهِ ... ناهومێدیش مەبن لە بەزەیی خودا. (٨٧) یوسف﴾. ڕزگاری ئەو نزیکە، بەزەیی ئەو ڕاستەوخۆیە، ئاسانکاری دێنێتە دیو، بەخشندەیی بەر فرەیەو، چاکەشی گشگیرە.
- ﴿... وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ ... (خوا) هەر خۆی لە گش بە بەزەییەك دڵسۆزترە. (٩٢) یوسف﴾. چارەسەر دەکاو چاکدەکاتەوە، جیادەکاتەوەو هەڵدەبژێرێ، دەپارێزێو سەرپەرشتی دەکا، چاو دەپۆشێو لێبوردەیە، ڕێز لێدەنێو نەرمو نیانی دەنوێنێ.
- ﴿... فَاللَّهُ خَيْرٌ حَافِظًا ... چاکترین پارێزەر خودایە. (٦٤) یوسف﴾. کەسی ون بو دەپارێزێ، ئاوارە بوان بۆ ولاتیان دێنێتەوە، سەرشێواو ڕاستەڕێ دەکا، دەردەداران سارێژ دەکاو، نەخۆش چارەسەر دەکا، تەمومژی خەمانیش دەڕەوێنێتەوە.

- ﴿ ... وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ ... هـەر خۆتـان بـە خـوا بـسپێرن. ﴿٢٣﴾ المائـدة ﴾ . كـارو وەرامتان بەوی بـسپێرن، ڕازو نیازتـان بـەوی بگـەیێنن، ئەوسـا بـە کۆمـەکی ئـەو قایل بن‌و، بە چاوەدێری ئەو دڵارام بن.
- ﴿ ... فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِيَ بِٱلْفَتْحِ ..هیچ دور نیە خودا ڕۆژێ سەرتان بخا.﴿٥٢﴾ المائدة ﴾. گـرێ کـوێرە دەکاتـەوە، بـارگرانی مەینەتیـەکان لـەبیر دەباتـەوە، شـەوی درێـژ دەتارێنێ، دڵو دەرون دەسرەوێنێ‌و، بارو گوزەران دەسازێنێ.
- ﴿ ... لَا تَدۡرِي لَعَلَّ ٱللَّهَ يُحۡدِثُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ أَمۡرٗا ... تۆ چزانی، لەوانەیە لە پاش ئەمە خوا شتێ تر وەدی بێنێ. ﴿١﴾ الطلاق ﴾. خەم‌و خەفـەت هـەڵوەڕێنێ‌و، پەرێـشانی بتارێنێ، خاکە ساری بڕەوێنێ، گرانباری سوك بکاو، دوران نزیك خاتەوە.
- ﴿ ... كُلَّ يَوۡمٍ هُوَ فِي شَأۡنٖ ... ئـەو گـشت ڕۆژێ بـە کارێکـەوە خەریکـە. ﴿٢٩﴾ الرحمن ﴾. مەینـەتباری لادەبـا، لـە گونـاە چاوپۆشـی دەکـا، ڕۆزی‌و بـژێوی دەدا، نـەخۆش چارەسـەر دەکـا، بـەڵاباران تیمـار دەکـا، دڵ شکـستان دەلاوێنـێ‌و، کـۆت‌و زنجـیر دەپچڕێنێ.
- دوای هـەژاری مانـداری یـە، دوای نەخۆشـی لـەش سـاخی یـە، دوای خـەمباری دڵشـادی یـە، دوای تەنگـانە فراوانیـە، دوای کوتبەنـدی ئـازادی یـە، دوای برسـی بونێ تێری یە، ﴿ فَإِنَّ مَعَ ٱلۡعُسۡرِ يُسۡرًا ... خوا زو لـە پـاش تەنگانـە فـەرحانی دێنـێ. ﴿٥﴾ الشرح ﴾.
- لەمەولا بـوار دەگـۆڕێ، دڵو دەرون دەسـرەوێ، نـاخ‌و سـینە گوشـاد دەبـێ، کارەکـە ئاسان دەبێ‌و، گرێکوێرە دەبێتەوە‌و، هەوری خەمانیش دەڕەوێتەوە ﴿ ... فَصَبۡرٞ جَمِيلٞ ... جا ئارامگری باشترە. ﴿٨٣﴾ یوسف ﴾.
- ﴿ وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱلۡحَيِّ ٱلَّذِي لَا يَمُوتُ ... سـا تـۆ خـۆت بـدە دەس کەسـێ کـە هـەر زیندوە‌و نامرێ. ﴿٥٨﴾ الفرقان ﴾. بۆ ئەوەی گوزەرانت باش بێ‌و، حاڵت خـۆش بـێ،

مـاڵو سـامانت پـارێزراو بـێو، خـاوو خێزانـت لـەژێر چـاوەدێری بـێ، پاشـەڕۆژت گەشەدار بێو، داری خۆزگەت بەردار بێ.

- ﴿... حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ ... ئێمـە هـەر خودامـان بـێ بەسمانـەو ئـەو چاترین پشتو پەنامانە. ﴿١٧٣﴾ آل عمران﴾. ئەم نزایە کۆستو پەژارەمان لادەبـاو، خەمی گەورەمان دەڕەوێنێ، تاوانمان هەڵدەوەرێنێو دڵمـان دەسـازێنێو، عـەیبو عارمان دەتارێنێ.

- ﴿إِنَّا فَتَحۡنَا لَكَ فَتۡحٗا مُّبِينٗا ... ئێمـەین کەوەسـەرمان خـستی، بـەو سەرخـستنە بەرچـاوە. ﴿١﴾ الفـتح﴾. ڕێنماییمـان کـردیو هەڵمانبـژاردی، تۆمـان پاراسـتیو دانمەزرانـدی، سـەرمان خـستیو ڕێزمـان گرتـی، بـە هـەمو شـێوەیەکی جـوان بـە ئەزمونمان گەیاندی.

- ﴿... وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِۗ ... خواش لـەو خەڵکـەت دەپـارێزێ. ﴿٦٧﴾ المائدة﴾. دوژمن دەستی پێت ناگا، خۆ بە خوازانـان دەسـتیان بەسـەرتدا نـاڕوا، چـاوی چـاو پیسان کارت تێ ناکـا، ڕق داگران بەسەرتدا زاڵ نابنو، زۆردار ڕیشە کێشت ناکـا.

- ﴿... وَكَانَ فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكَ عَظِيمٗا ... چـاکەی زۆر هێـزاو گرنگـت لـە خـواوە دەگـەڵ کـراوە. ﴿١١٣﴾ النـساء﴾. وەدی هێنـای ڕۆزی پێـدای، فێـری کـردیو تێـی گەیاندی، ڕێی نیشاندای، کارو وەرامـی سـازاندی، ڕێنمـایی کـردیو پەنـدی دادای، تۆی پاراستیو سـەری خسـتی، سەرپەرشـتیو، چاوەدێریشی کردی.

- ﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعۡمَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ ... هـەر بەهرەیـەك ڕو تێـدەکا لـە خواوەیـە. ﴿٥٣﴾ النحـل﴾. بونـەوەری وەدی هێنـاوەو ڕۆزی داوە، گوێـچکـەی داوەو چـاوی داوە، لـەش سـاخی داوەو ڕێـی ڕاسـتی دیـار داوە، ئـاوی داوەو نـانی داوە، هـەواو هەناسـەی بەخـشیوەو دەرمـانی داوە، بـەرگو پۆشـاكو خانوبەرەشـی بـە مرۆڤ ڕەوا بینیوە.

- ئەگەر داوات کرد لە خوا بخوازە، ئەوسا کە هەست بە کۆمەگی و هاریکاری و ڕێنمایی و کارلەجێی دەکەی، هەست بە یارمەتی و ڕزگاری و سەرکەوتن و دەستگیرۆیی دەکەی.
- پشتمان بە خوا بەست، بە ئایینەکەی باوەڕمان هێنا، بە دوای پەیامبەری ئەو کەوتین، گوێمان بۆ وتەی هەڵخست، بە بانگەوازی ئەو کۆبوینەوە، سا خودا لەگەڵمانە و دڵت پەنگی نەخواتەوە.
- بێ گومانە خودا کێ حەز بکا سەریدەخا، پلەوپایەی بەرزدەکا، سەرپەرشتی کار و وەرامی دەکا دوژمنی سەرشۆڕدەکا، نەیاری دەمکوت دەکاو، ئەوەی پیلانی بۆ بگێڕێ سوکی دەکا.
- ((لا حول ولا قوة الا بالله...)) هێزو توانا هەر بە خوایە، ویست و دەسەڵات و توانا، دەست گیرۆیی و سەرکەوتن و فریاکەوتن، یارمەتی و کۆمەکی و هێزو وزە تەنیا لە لایەن خوای بە تواناوە دێنە ئاراوە.
- ﴿أَلَمْ نَجْعَل لَّهُۥ عَيْنَيْنِ ... ئەدی ئێمە دو دیدەمان پێ نەداوە؟ ﴿٨﴾ البلد﴾. تاوەکو کتێبی ئەم گەردونەی پێ سەرنجدا، پەرتوکی نەخش و نیگار وەخوێنێ، چێژ لەم دیمەنە جوانانە وەرگرێ، بۆ ئەوەش کە سۆماو بیلبیلەی لەناو مێرغوزاری ژیاندا وەخولێتەوە.
- ﴿وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ ... زمانێکیش و دو جوتە لێومان (پێ نەداوە)؟ ﴿٩﴾ البلد﴾. تاوەکو بە ڕاست و ڕەوانی بدوێ، وتەی سەرنج ڕاکێش دەربڕێ، وشەو دەستەواژەی پڕ بەهای بەدەمدابێ و، ڕازی ناو دڵی بدرکێنێ.
- ﴿... لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ ... ئەگەر شوکرانە بژێر بن، بۆو زیاد دەکەم. ﴿٧﴾ إبراهيم﴾. ئینجا زانست تان بەر فرە دەکا، ژیریتان پان و پۆڕ دەکا، پیت و فەڕ دەخاتە ڕۆژیتان و سەرکەوتن تان مسۆگەر دەکاو خێرو خۆشیتان زۆر دەکا.

- ﴿ ... وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗۗ ... بـە ئاشـكراو بـە نهـێنی بـەهرە گـەلی بەسەرتانا ڕژاندوە. ﴿٢٠﴾ لقمان ﴾. بە گشتیو بە تایبەتی، لە دنیاو لە دواڕۆژدا، لە سامانو لە خێزاندا، لە بەهرەو گیانو لاشەدا.
- ﴿ ... وَأُفَوِّضُ أَمۡرِيٓ إِلَى ٱللَّهِۚ ... کاری خۆم بە خوا دەسپێرم. ﴿٤٤﴾ غـافر ﴾. سـکالای لای ئەو دەکەم، نهێنیم لای ئەو ئەدرکێنم، نیەتم لە ئاستیدا چاك دەکەمو، پشتم بەوی دەبەستم، لە کۆمەکی ئەو دڵنیا دەبمو، بە بڕیاری ئەو قایل دەبم.
- ﴿ ٱللَّهُ لَطِيفُۢ بِعِبَادِهِۦ ... خودا دەربـارەی عەبـدانی بـە ڤیانـە. ﴿١٩﴾ الـشوری ﴾. لـە هەژاریدا بژێویان ئەدا، لە نەبونیدا بە فریایان دەگا، کە داوای لێخۆشبونیان کـرد پەشـیمانیان قـەبوڵ دەکـا، ئەگـەر نەخۆشـیش کـەوتن چـارەیان دەکـا، ئەگـەریش دوچاری گرفتێ هاتن بەڵایان لەسەر لائەدا.
- ﴿ ...لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِ ...نابێ ئێوە لە بەزەیی خوا ناهومێدبن. ﴿٥٣﴾ الزمر ﴾. دەرگای ئەو هەمیشە والاّیە، پەردە لە ڕودا ناخا، گەنجینەی لە بن نایـە، هـەرگیز پەتی ناپچڕێو بەهرەو خەڵاتی کۆتایی نایە.
- ﴿ أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبۡدَهُۥۖ ... مەگەر خودا بەس نیە کـە ئاگـای لـە عەبـدی خـۆی بـێ؟ ﴿٣٦﴾ الزمـر ﴾. خـەمو خەفـەتی بـە تـەمای ئـەوە، لـە ناحـەزان دەیپـارێزێ، ئەوانەی پیلانی بۆ دەگێڕن ڕێیان لـێ دەگرێ، لەوانەش کە دەیانـەوێ ئـازاری پـێ بگەیێنن پەنا دەدرێ.
- ﴿ ... فَٱبۡتَغُواْ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزۡقَ ... ڕۆزی لـــە خـــوا داواکـــەن. ﴿١٧﴾ العنکبـــوت ﴾. سەرچاوەی گەنجینەو خەزێنە لای ئەوە، هەر خێرو بێرێ هەیە بە دەستی ئەوە، هەر خۆی والاّ دەستو ڕزگارکارو چاکە کـارو زاناو دانایە.
- ﴿ ... وَمَن يُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ يَهۡدِ قَلۡبَهُۥۚ ... هەرکێش بڕوای بە خودا بێ، دڵی شارەزای خـۆی دەکا. ﴿١١﴾ التغابن ﴾. ناخۆشی لەسەر لادەبا، چاوپۆشی لە گوناە دەکا، ڕِق‌و کینـەی دەڕەوێنێو، ڕێگای بۆ ڕۆشن دەکاو، هەنگاوەکانی ڕێك دەخا.

- ﴿ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ ... ﴿١١﴾ المائدة﴾، ئێوە مردوبون گیانی بەبەرداکردن، گومڕابون ڕێنوێنی کردن، نەداربون تێری کردن، نەزانبون فێری کردن، چەوساوە بون سەریخستن.
- چەند جاران داواتکردو پێی بەخشی، چەند جار تکاتکردو خاتری گرتی، چەندین جار هەڵەت کردو چاوپۆشی لێکردی، چەندان جار بارگرانی لەسەر سوك کردی، چەند کەڕەت هاوارت بۆ کردو وەڵامی دایەوە.
- سڵاوەت لێدان لەسەر پێغەمبەری بێ هەڵە - درودو سڵاوی خوای لەسەر - خەمو پەژارە دەڕەوێنێو، زامی دڵ ساڕێژ دەکا، فرە چاکە وەدەست دێنێو، دەروی زانست والا دەکا.
- دەستتان بەرەو خواوە بەرزکەن، ڕازی خۆتانی لا بدرکێنن‌و، ڕوی پێداویستی لەو بکەن، ڕۆزی لەوی بخوازن‌و، سکاڵای حاڵتان لای ئەو بکەن، ﴿ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ... لە بەرم بپارێنەوە، ئەوسا بە دەنگتانەوە دێم. ﴿٦٠﴾ غافر﴾.
- ﴿أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ ... یا ئەو کەسەی چاترە کە هەروەختێ هومێد بڕاوێك لە بەری بپارێتەوە دە هانای دێ. ﴿٦٢﴾ النمل﴾. بەڵاو مەینەتی لادەباو، ئەوەی زەبون‌و شەکەتی دەکا لێی دەڕەوێنێ، خواستەکانی دێنێتە دی‌و، ئەوەی خولیاو ئەوینێتی پێی دەبەخشێ.
- بە سای ئابرووشکۆی خۆت چاکە لەگەڵ هەژارانی ڕەوشتدا بکە، ئەگەر توانجیان تێگرتی یا جوێنیان پێدای یا ئازاریان دای بە هەندیان هەڵمەگرە چونکە پاداشت لە خواوەیە.
- ئەگەر گەشتیارانی دەریا ترسیان ڕێنیشت هاوار دەکەن: خوایە هاوارە، ئەگەر ونبو لاڕێ بو دەنگ هەڵدەبڕێ: خوایە هاوارە، ئەگەر بەندکراو خەم دایبگرێ هاواری لێ هەڵدەستێو دەڵێ: خوایە هاوارە، ئەگەر نەخۆش وڕەی بەردا دەچریکێنێو دەڵێ: خوایە هاوارە.

- ﴿ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ... خودا یەکی بێ نیازو جێ نیازە. ﴿٢﴾ الإخلاص ﴾. گەردون سەرلەبەر هانای بۆ دێنێ، هەمو مەردمێ بە هەر ڕەنگو زمانێ لەمەڕ هەمو پێداویستیێ لێی دەپاڕێتەوە، هەمو دروستکراوێکیش ئاتاجی ئەوە.
- ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ مَوْلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ... چونکە خودا سەرومری ئەو کەسانەیە کە باومڕیان پێ هێناوە. ﴿١١﴾ محمد ﴾. ڕێیان بۆ ڕۆشن دەکا، ڕاستە ڕێیان نیشان دەدا، ڕێنماو شارەزایان دەکا، لە گومڕایی لایان دەدا، بە زانست ئاشنایان دەکا.
- ئەی خەڵکینە! لەگەڵ شوشان [٩١٧] نەرمو نیان بن، دڵی خەڵکان مەشکێنن و، سۆزیان بۆ بجوڵێنن و، هەستو نەستیان مەوروژێنن، بۆ هەمو جیهان نمونەی خێرخوازی بن و، چاکەیان لەگەڵدا بنوێنن.
- ڕقت بخۆوە، لە خراپەو هەڵەی دەرحەق کراوت ببورەو چاو بپۆشە، بێئاگایی لە خەتاکان بنوێنەو، عەیبو نەنگی بشارەوە ئەوسا کە خۆشەویستترین کەس دەبی بەلایانەوە.
- دەرگاو کلیلت هەبێ، ژورێک هەوای بکێشێ، دڵێشت ئاسو دەبێو، تەقواو خواپەرستیت ببێ، سەرکەوتن بە شت دەبێ.
- زێدە هەبویی سەرقاڵیە، وێڕای پێویستی بارگرانیە، بە پاکی ژیان لەگەڵ ژیانێکی ئاسایی چاترە لە ڕابواردنێکی شاهانەو زیادەڕۆیی.
- هەستی پیلان گێڕیت نەبێو، لە دژی خەڵکان خۆت لە مەکۆ مەنێ، گومانیشت وانەبێ خەڵک بەتۆوە سەرقاڵن، بەڵکە هەریەکەیان بە کارێکەوە خەریکن.
- ﴿ فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُ ... خودا لە ئازاری ئەوان ئەتپارێزێ. ﴿١٣٧﴾ البقرة ﴾. فێڵو فرتیان پوچەڵ دەکاتەوەو هەڵی دەوەشێنێ، هێزو وزەیان تێك دەشکێنێو، تینو توانایان لە بن دێنێ، شانو شکۆیان دەڕەوێنێ.
- ﴿ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ ... سا ئۆقرەو دڵنیایی نارده سەریان. ﴿١٨﴾ الفتح ﴾. زامو بریندی دڵیان ساڕێژدەکا، گڕی دەرونیان دادەمرکێنێ، ناخیان دەحەسێنێو، هەستو نەستیان دەسازێنێ.

---

٩١٧) لەگەڵ خێزانەکان.

- ((الكلمة الطيبة صدقة... وتەی خۆش چاکەیە))، چونکە دڵی پێ شاددەبێ‌و، دەرونی پێ دەسرەوێ، برینەکان تیمار دەکاو، ڕقو کینە لادەباو، واتای ئاشتی دەگەیەنێ.
- ((تبسمك في وجه أخيك صدقة... خەندە لێویت بە ڕوی براکەتدا چاکەیە)). چونکێ ڕوخسار ناوو نیشانێکە دەخوێندرێتەوەو، ئاوێنەی دڵە، سەرەتای مزگێنی‌و دێدەدوانی[٩١٨] ناخو دەرونە.
- ﴿ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ... تۆ وەرامی خراپە بە چاکە بدە. ﴿٩٦﴾ المؤمنون﴾. ئەمەشیان بەوە دەبێ چاو لە تۆڵەسەندنەوە نەگێڕی، قسە خۆش‌و توک نەرم بی، خراپەی دەرحەق کراوت پشت گوێ خەی، لە هەڵس‌و کەوتا نەرمونیان بی.
- ﴿مَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ لِتَشۡقَىٰٓ ... ئەم قورعانەن بۆ نەناردوی کە توشی چەوسانەوە بی. ﴿٢﴾ طه﴾. بەڵکە بۆ ئەوەی گیان‌و ڕۆحت ئاسودە بێ‌و بسرەوێ، بە سای ئەوە بچیتە ناو گوڵشەنی سەرفرازی‌و، بەهەشتی کامەرانی بەشت بێ.
- ﴿... وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖۚ ... لەم دینەشدا توشی زەحمەتی نەکردون. ﴿٧٨﴾ الحج﴾. بەڵکە بارسوکی‌و ئاسانی‌یە، لە قورسی‌و گرانی بەدورەو، لە ئازارو شەکەتی پارێزراوە.
- ﴿... وَيَضَعُ عَنۡهُمۡ إِصۡرَهُمۡ وَٱلۡأَغۡلَٰلَ ٱلَّتِي كَانَتۡ عَلَيۡهِمۡۚ ... گرانایی زنجیریان لەسەر لادەبا، کە بە وانیان شەتەک دابون. ﴿١٥٧﴾ الأعراف﴾. دوای بەدبەختی بەختیار دەبون، دوای شەکەتی حەساوە بون، دوای ترس‌و بیم بێ ترس بون، دوای دڵ تۆندی شادمان بون.
- ﴿قَالَ رَبِّ ٱشۡرَحۡ لِي صَدۡرِي ﴿٢٥﴾ وَيَسِّرۡ لِيٓ أَمۡرِي ... گوتی ئەی پەروەردێنی من! پشو درێژترم بکە، کاریشم لێ سانا بکە. ﴿٢٦﴾ طه﴾. ئەوسا کە بەر پێیەکانم دەبینم، بەدڵ هەست بە ڕێنمایی دەکەم، دەستم بە تۆند گیردەکەم، لە ژیانمدا سەرکەوتن وەدەست دێنم‌و دوای مەرگیشم ڕزگار دەبم.

---

٩١٨) شارەزا.

- ﴿ وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَىٰ ... لەبەریشت هاسان دەکەین، هەتا هاسانترین رێگە پەیدا بکەی. (٨) الأعلى ﴾. جا پڕ بە دڵ بەندایەتی پەروەردێنت دەکەیو، لەناخەوە گوێڕایەڵی دەکەیو، لە پێناویدا بەڕاستی کۆشش دەکەی، ئەوسا کە سزای ئەم ڕێیە شیرینەو، تاڵایی یەکەی هەنگوینە.
- ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ... خوا ئەرکی لە توانا بەدەر، بەسەر کەسدا ناسەپێنێ. (٢٨٦) البقرة ﴾. بەدەر لە توانا ئەرکی نەخستۆتە سەرشان، بەڵکە بەپێی تواناو، بە ئەندازەی لێهاتوییو، بارتەقای وزە فەرمانی داوە.
- ﴿ ... رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا ... ئەی پەروەردیارمان! ئەگەر شتێکمان لەبیرچو لێمان مەگرە. (٢٨٦) البقرة ﴾. ئێمە جاری وایە بە جۆڵە دەکەوینو، جاری واشە بێئاگاین، زەینمان دەپرشێتو، هۆشمان لای خۆ نامێنێ، سا چاوەڕێی سۆزی تۆین پەروەردیارا.
- ﴿ ... أَوْ أَخْطَأْنَا ... یا (ئەگەر) تیا بەهەڵە چوبین (لێمان مەگرە). (٢٨٦) البقرة ﴾. ئێمە بێ هەڵە نینو لە گوناهانیش بەدور نین، وەلێ چاومان لە قاپیەی تۆیەو، هومێدمان بە سۆزی تۆیە.
- ﴿ ... رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ ... ئەی پەروەردگاری هەمو لامان! ئەرکی وامان پێ مەسپێرە کە لەتوانامان بەدەر بێ. البقرة(٢٨٦) ﴾. نەوەك بێتوانایی بمانگرێو، دڵو دەروونمان کپ بێ، بەڵکە لە سەرمان سوك کە هەروەکو کردت، لەسەریشمان سانا بکە هەروەك وەڵامت داینەوە.
- ئێمە هەڵە بارو تاوانبارین، کەمو کوڕی لە ئێمەیەو گوناهمان لێ ڕوئەدا، تۆش خودایەکی لێبوردەو بەخشندەی، دلۆڤانو دە هەندەی، ﴿ ... وَٱعْفُ عَنَّا ... بمانبەخشە. (٢٨٦) البقرة ﴾.

- لە ژێر سایەی سۆزی تـۆدا بەختـەوەرین، بـە هیـواو ئومێـدەوارین، سـەبارەت بـە میهری تۆیـە کردەوەمـان گیـرا دەبـێو، گوزەرانمـان لـەبار دەبـێ، ﴿... وَٱرۡحَمۡنَآ ... وەبەر بەزەیی خۆتمان بخە. ﴿٢٨٦﴾ البقرة﴾.
- ((بعثت بالحنيفية السمحة... من بـە ئـاینێکی پـاکو پـاراوەوە نێـررام)). تـەنگو چـەڵەمەو فـاقو بریقـی تێـدا نیـە، ئەشـکەنجەو بـارگرانی تێـدا نیـە، بـەڵکو خووڕەوشتەو لەگەڵ سروشتدا گونجاوە، سوکو سانایەو زیادە ڕۆیی تێدا نیە.
- ((اياكم والغلـوّ... وريا بن سنور مەبـەزێنن)). بەڵکـە شـوێن (سـوننەت) بکـەونو دەستی پێوە بگرن، سەرو گوێی بـۆ زیـاد مەکـەن، ئاسـانکار بـنو تونـدی مەکـەن، مامناوەنجی بنو سنوربەزێنی مەکەن، چۆنە بەم شێوەیە پەیڕەوی لێبکەن.
- ((امـــتي أمـــة مرحومـــة... ئۆمـەتێکـە بـەزەیی بـۆ نوێنـدراوە)). پـــەروەردیاری سەرپەرشـــتیارە، پێغەمبـــەری گـــەورەی پێغەمبەرانـــە، ئـــایینی جوانتـرینی ئایینانە، ڕێکتـرین پەیڕەوو بەرنامەی هەیەو باشتـرینی ئۆمەتانە.
- ((ذاق طعم الإيـمان من رضـي باللّه ربـا، وبالإســلام دينا، و بـمحمد ﷺ رسـولا... ئەو کەسـەی خـودای بـە پـەروەردیارو، ئیـسلامی بـە ئـایینو، (موحەممـەد)ی بـە پێغەمبەر قەبوڵە تـامی بـاوەڕی چەشـتوە، ئـا ئـەم سـێیانە بنـەمای ڕەزامەنـدیو بنچینـەی سەرفرازین)).
- لـە ڕوگـرژی خـۆت بـەدور بگـرە، چـونکە دەروازەی خـەمو پەژارەیـەو، مایـەی دابڕدابڕبـونی دڵو پڕشـوبلاوبونی هـۆشو، تێکـچونی گـوزەرانو بەفیـرۆچونی تەمەنە.
- ڕەزامەندی هێمنیو هەداری دەبارانێو، حەسانەوەو سرەوتن دەهێنـێو، ئـارامیو ئاسودەیی بە دڵ دەبەخشێو، ژیانو گوزەران دەڕەنگێنێ.
- ڕەزامەندی دڵ دەپـارێزێ لـە گەنـدەڵیو لـە ناپـاکی، لـە گـرژیو لـە ناخۆشـی، لـە گازاندەو لە گلەیی، لە جاڕسیو هەراسانیو بێزاری.
- هەر کەسێ بە خوا قایل بێ دڵی پڕ دەکا لـە بـاوەڕو ڕۆشـنایی، لـە خۆشەویـستیو دڵنیایی، لە چاوتێریو ڕەزانوێنی، لە هێمنیو دەوڵەمەندی، لە تۆبەو پەشیمانی.

- ئەی هەژارای نەدار: جوان ئارام بگرە، تۆ حەساوەی لە دەستی ڕاوە پارەو، خزمەتی سامانو داکردنی پوڵو دراو، لە پاسەوانیو نۆکەری ماڵو، زەحمەتیو ناڕەحەتی لێپرسینەوەی خوداوەند.
- ئەی ئەو کەسەی چاوەکانت لەدەست داوە: مژدە بێ بەهەشت لە پای نرخی چاوی تۆیە، دڵنیابە لە بری ئەوە خوا ڕوناکی خستۆتە ناو دڵت، لە بینینی شتی ناحەزو چاوپێکەوتنی شتی پڕوپوچو نالەبار پارێزراوی.
- ئەی دەردەواری بەڵابار: گەر خوا یار بێ لە گوناهان پاك بویتەوەو، لە تاوان دورکەوتیەوە، نەفسی گەورەت نزم بو، لوت بڵندیت نەوی بو، نەفسو هەوات داشکایەوەو، دڵت ئاو درایەوە.
- بۆچی بیر لە شتی نەبو دەکەیتەوەو ئەوەی هەیە سوپاسی لەسەر ناکەی، بەهرەی بەردەست لەیاد دەکەی، حازری بە ناحازر دەدەی، چاو لە ماڵی خەڵك دەبڕی ئەوەی بەردەستیشت بە هەند هەڵناگری.
- ((كن في الدنيا كأنك غريب... هەروەکو کەسێکی نامۆ لە دنیادا بگوزەرێنە)). تەنیا تیکە نانێك و قومە ئاوێك و، بەرگو پۆشاك و چەند ڕۆژانێکی کەمو چەند شەوێکی بەهەژمار بەشی تۆیە، ئیتر ژیان کۆتایی دێو ئەو گۆڕەی دەوڵەمەندترین کەسو هەژارترین کەس لێی دەنێژرێ جیاوازیان لەنێواندا ناکرێ.
- پاشا لە تەنیشت خزمەتکار، سەرکردە لە هاوسێی جوتیار، شاعیری ناودار لەگەڵ هەژاری بێ کەسوکار، دەوڵەمەند لەگەڵ پەککەوتەو بێچارەو نەدار، لە گۆڕ دەنرێن، وەلێ لەناو گۆڕدا بەپێی کردەوەی هەمەجۆرو پلەی دوارۆژ هەڵاوێر دەکرێن.
- ئەگەر ڕۆژێکی نوێ سەری لێ هەڵێنای بڵێ بەخێر بێی ئەی میوانی بەڕێز، ئەوسا بەهۆی جێبەجێ کردنی ئەرك و واجبی سەرشانت، بە نوێکردنەوەی تۆبە لە گوناهەکانت پێشوازی لێبکە، نەکەی ئەو ڕۆژەت بە تاوانو خەمو خەفەت ناشیرینکەی، چونکە ئەوەی چو ناگەڕێتەوە.

- ئەگەر ڕابردوت هاتەوە یـاد بیـر لـە ڕوی درەوشـاوەی دیرۆکت [٩١٩] بکـەوە تـاوەکو دڵـت شـاد بـێ، ئەگـەریش ئـەو ڕۆژەت کەوتـە یـاد بیـر لـە بەرهـەمی بکـەوە ئاسـودەیی هەسـت پێدەکـەی، ئەگـەر بیـریـشت لـە داهـاتو کـردەوە خەونـە خۆشەکانت بێنەوە یـاد، هەتا گەشبین بی.
- تەمەنی درێژ خەرمانەیێکە لە ئەزمون، زانکۆیێکە لـە زانـست، وێستەگەیێکە لـە زانیاری، هەر ڕۆژێکیش بەسەر تەمەنتدا ڕابـبـرێ وانـەیێك لـە ژیـان وەردەگـری، تەمەن درێژیش بۆ کەسانێ کە تێدەگەن پیتو فەرە.
- پێویـستە کـەمێ تـرس هـەبێ هێمنیـت بەیـادخاتەوەو، لەسـەر نـزاو پاڕانـەوە هـەڵتبنێ، لـە سەرپێـچیکردن بتگێڕێتـەوەو، لـە مەترسـیێکی گـەورەتر ڕێـت لـێبگرێ.
- پێویستیشە نەخۆشیێك هەبێ تەندروستیت یادخاتەوەو، ڕیشاڵی خـۆ پـێ زۆرێو ڤایرۆسی خۆ پەسندی هەڵبکێشێ، تاوەکو دڵت لە خەوی بێئاگایی بە ئاگا بێنێ.
- ژیان کورتە تـۆش بـە سای ژیـان تـاڵی کورتتـری مەکـەوە، دۆسـتو خۆشەویـست کەمە تۆش لەمەڕ سەرزەنشـتکردن مەیدۆڕێنە، نەیارانیش گەلێکن تۆش بە سای بەدخویی ژمارەیان زۆر مەکە.
- لـە بـەردەوامیو کۆڵنـەدان وەکـو مێرولـە بـە، سـەدجار بەسـەر درەختێکـدا هەڵدەگەڕێو بەر دەبێتەوە، دیسان سەر دەکەوێتەوە هەتا دەگاتـە سـەری، ئەوسـا تۆش بێزارو شەکەت مەبە.
- هەروەکو هەنگ بە، پـاك دەخـواو پـاکیش فەراهـەم دێنـێ، ئەگـەر بکەوێتـە سـەر پۆپەی گوڵانیش ڕوخساریان ناڕوشێنێو، لقەکانیشیان ناشکێنێ.
- فریـشتە ناچـنە ماڵێـك سـەگی لێبێـت، جـا چـۆن دەچـنە نـاو دڵێـك سـەگی بەدگومانیو ئارەزوبازی تێدا بێت.

---

[٩١٩] مێژوت.

- لە چەقە خانەکان [٩٢٠] خۆت بە دور بگرە، چونکە هەر بە نرخێکی هەرزان دینی لێ دەفرۆشرێو، پیاوەتی لەدەست دەدرێ، لەوێدا ئابرووشکۆ لەژێر پێی بێ ئابروواندا دەکەوێ.
- کات تێدەپەرێو، خۆر دەخولێتەوەو، مانگ دەڕواو، باو زریان هەڵدەکا، تەنیا پێشبرکێ لە ئارادایە، کاروانی ژیان لەسەر تۆ ڕاناوەستێ تۆش مەوەستە، ﴿سَابِقُوٓاْ ... پێشبڕکێ بکەن. ﴿٢١﴾ الحديد﴾.
- ﴿وَسَارِعُوٓاْ ... پەلەبکەن. ﴿١٣٣﴾ آل عمران﴾ . بە گوڕ بەرەو لوتکە هەنگاو بنێ، سەربەرزی بۆ ئەو کەسەیە بۆ بەرزایی سەردەکەوێ، سەرکەوتن بەوە دەستەبەر ناکرێ لەسەر کاسەو لەگەنی زێڕ دەور بدرێ، بەڵکە فرمێسکو خوێنو شەونخونیو شەکەتیو ماندوێتیو برسێتیو ڕەنجی دەوێ.
- ئارەقەی کرێکارێ بۆن خۆشترە لە بۆن میسکی پاڵکەوتوێ، هاشەی هەناسەی ماندو شەکەتێ خۆشترە لە ئاوازی گۆرانی تەمبەڵێ، گولێرەی برسیو بێ نانێ بەچێژترە لە گۆشت بەرخی خوا پێداوێ، ﴿وَسَارِعُوٓاْ ... پەلەبکەن. ﴿١٣٣﴾ آل عمران﴾.
- ئەو جوێنو توانجەی لە دەمی ڕەشک پێ بەرانەوە [٩٢١] دەرحەق بە کەسانی لێهاتوو بەهرەمەندان دەگوترێ هەروەکو بڵێی دەنگی تەقەی خۆشی یەو، چۆن بڵێی بێ بەرامبەر ڕێکلامێکن گوزارشت لە سەرکەوتن دەدەن.
- سەرکەوتنو پێشکەوتن هەقی بە بنەماڵەو ناوودەنگو ئاستی دەستکەوتو ڕاهێنان نیە، بەڵکە ئەو کەسەی خاوەنی ورەیێکی بە تەوژمو، ناخێکی دەوڵەمەندو، ئارامێکی جوانە، بە مەرامی بەرزی دەگا.

---

[٩٢٠] شوێنی چەقەچەق.

[٩٢١] لەدەمی حەسودانەوە.

- لـە تـاوی ناخۆشـیەکان تـرس نەتگـرێ بزانـە شـێر پـەلاماری مێگەلـێك نێـچیـر دەدات‌و نرکەی لێوە نایێ، لە دوای خواست‌و مەبەستت بێزار مەبە، بزانە درێـندە نێچیـرەکەی لەنـاو ئاگریش بێ دەردێنێ.
- هـەر بـە قسەی خـۆت مەکـە لەمـەڕ کاروبـاری ژیانـت، بەڵکـە پـرس‌و ڕات هـەبێ چونکە بۆچونی دوان لە ئی یەکێـك بەهێزترە، چۆن ئەگەر دو پەت لێك بهاڵێن بە هێزو توندو بەندترن.
- هـەر ڕەخنەیـەك ڕوی تێکـردی بـە دوژمنایـەتی مەزانـە، بەڵکـە بـێ گوێدانـە مەبەسـتی خاوەنەکـەی کەڵـکی لـێ وەرگـرە، چـونکە تـۆ ڕاستکردنەوەت زیـاتر پێویستە لە پێداهەڵگوتنـت.
- هـەر کـێ لـە مەبەسـتی خەڵـك تـێ بگـا دەحەسـێتەوە، بـە سـای بـەدگۆی ئـەوان هەراسان نابێ‌و، بە ستایش کردنیشیان باڵی لـێ نایـێ، چـونکە ئـەوان بـە کوڵێك هەڵدەچن‌و، بە فوێك دەنیشـێنەوە، بە پێی ئارەزو دەجوڵێن.
- لات وانەبێ بەڵاو کۆست لە گەیـشتن بـە خواسـتەکان ڕێـت لـێ دەگـرن، چـەندین کەسی بەهرەمەنـد ئەگـەر چـی کـەڕو کوێروشـەت‌و خـوار بـون، بـەڵام بـە مـەرام گەیشتن، کەواتە لاشـە دەور نابێنێ بەڵـکە وڕەو غیـرەت جێی دەگرێ.
- ئومێدا وایە کە خودا لێت دەگرێتەوە بەزەیی پێت دابێتەوە، ئەگەر لـە خواسـتت ڕێت پێ دەگرێ چاکەو قازانجی بۆت بوێ، کە لە مەبەسـتت دوات دەخا یارمەتیت بدا، چونکە ئەو لە تۆ لەمەڕ بەرژەوەندی تۆ شارەزاترە.
- ئەگـەر پـەژارەیێ بـۆ مێوانـت وا بزانـە پارچـە هـەورێکی کەمـە لـە هاوێنـداو دەڕەوێتەوە، با گرمەی نەتتـرسێنێ‌و، هەورە تریشقەی نـەتتۆقێنێ، جـار وادەبـێ بارانەی بۆت ببارێنێ.
- هەفتـەی جارێـك بـە خـۆت‌و خـاوو خێزانـت گەشـتێ بکـە، چـونکە پـتر چـاویان دەکاتەوەو، ژیانتان نوێ دەکـاتەوەو، بێ ئومێدی‌و بێزاری پێ دەڕەوێتەوە.
- هەر کێ لە ماڵی خۆی ئاسودە نـەبێ لـە هـیچ شـوێنێ ناحەسـێتەوە، دڵنیـاش بـە شـیاوترین جێگـا بـۆ دڵارامـی‌و هێـورەیی‌و دوری لـە ئاسـتەنگ‌و ناخۆشـی مـاڵی خۆتە.

- زانست و ڕۆشنبیری شکۆو ڕێزی هەر دەمێنێ، بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی فیرکاری خەڵکو دانەری کتێبن، بەڵام قەدرو ڕێزی پلەو پایە خۆی ڕاناگرێو، وەکو کەفی سەر ئاوە.
- بیرو زەین ئەگەر وەگەڕ نەخرێ بەرەو خانەی مەرگەسات دەچێ، ئەوسا ئەشکەنجەو ئازار ڕادەکێشێ، جا هەروا بەرهەڵدای مەکە بەڵکە لە شتی سود بەخشدا بەکاری بێنە.
- یەکێ لەوانەی حاڵ دەشێوێنێو دڵ ڕەق دەکا تێکەڵبونە لەگەڵ خەڵکداو، گوێ گرتنە لە گوتەی پڕوپوچیانو، زۆر مانەوەیە لەناویان، هیچ شتێکیش ئەوەندەی بەسەربردن لەگەڵ بەندایەتیو زانستدا بەردار نیە.
- باشترین ڕێگا کە بیگریە بەر ڕێگای مزگەوتە، بێ کێشەترین ڕێ ڕێگای چونەوە ماڵتە، ناخۆشترین ڕاوەستان ئەوەیە لەبەردەم دەسەڵاتدار ڕادەوەستی، گەورەترینو چۆنیەتیش گرنۆش بردنە بۆ خوای تۆڵەسێن.
- گوێ هەڵخستن بۆ قورئان بە دەنگێکی خۆش، یادکردنی خوا بە دڵێکی ئامادە، بەخشین لە ماڵێکی حەڵاڵ، ئامۆژیاری کردن بە زمانێکی پاراو سفرەو خوانی دەرونن، باخو گوڵشەنی دڵن.
- خووڕەوشتی جوانو جوامێرانە، لە ڕوخساری جوانو چاوی ڕەشو کوڵمی سور جوانترە، چونکە جوانیو شۆخو شەنگی ناوەکی لە جوانی دەرەکی بەرچاوترە.
- کردەی چاکە لە دەرەنجامی خراپ دەتپارێزێ، هێزو وزەی ژیری لە خلیسك پێبردنی هەواو هەوەس دەبێتە بەربەست، چەکوشی ئەزمون لە هەزار ئامۆژگاری بەهێزترە.
- ئەگەر هەزاران مەردم ببینی کە سەرقاڵی گاڵتەو گەپو تەمەن بەفیڕۆدانن، سوپاسی خوا بکە لەسەر ئەو بەهرەی پێت بڕاوە، چونکە بینینی بەربەڵایان شادیە بۆ دورە بەڵایان.
- ئەگەر کەسێکی بێ باوەڕت بینی سوپاسی خوا بکە کە موسڵمانی، ئەگەر چاوت بە خراپەکارێ کەوت سوپاسی خوا بکە کە تەقوا کاری، ئەگەر کەسێکی نەفامت دیت سوپاسی خوا بکە کە دەزانی، ئەگەر کەسێکی دەردەدارت بینی سوپاسی خوا بکە کە دورە دەردی.

- خۆر لە بەرژەوەندی تۆ دروست کراوە ئەوسا خۆت بە تیشکەکەی پاککەرەوە، با لە پێناوی تۆدا هاتۆتـە ئاراوە جا کـەڵك لـە هەواکـەی وەرگـرە، چۆمو ڕوبـار لـە قازانجی تۆ ڕەخساوە سا چێژ لە ئاوەکەی وەرگرە، میوەو بەروبوم لەبـەر خـاتری تـۆ وەدی هێنـراوە دەی تـۆش تـامی لـێ وەرگـرە، سوپاسـی ئـەو خوایـە بـەرزو بڕهاوتایەش بنوێنە کە چاکەی لەگەڵدا نواندوی.
- کەسی نابینا بە هیوای دیتنی نیگاری جوانە، مـەردمی نەبیـسەریش بـە ئومێـدی بیستنە، ئەوەی لە جێگا کەوتوە خولیـای ئەوەیـە چـەند هـەنگاوێ هـەڵێنێ، لاڵو بێ زمانیش شـەیدای دەربـڕینی چـەند وشـەیێکە، کەچی تـۆ دەبـینیو دەبیـسیو دەڕۆیو دەوێژی.
- پێت وانەبێ کەس لە ژیاندا بێ کێشەیە، هەیە خانوبەرەی هەیـە بـێ ئۆتۆمبێلـە، هاوسەری هەیە بێ کارو ئیشـە، گەدەی سـاغەو حەزی لە خواردنە بـێ خواردنـە، جۆرەها خواردنی لەلایە پارێزی بۆ دانرایە.
- مزگەوت بازاڕی دواڕۆژە، کتێب لەگـەڵ تەمەنـدا هاوڕێیـە، کـردەوە دڵنـەوای نـاو گۆڕە، ڕەوشت بەرزی ئاتاجی گەورەییو ڕێزە، بەخشندەییش جوانترین پۆشاکە.
- خۆت لە کتێبی خوانەناسان بەدور بگرە، چونکە نیازیان گلاوەو دڵ پیسو لـێخن دەکەن، ژاریان تێدایەو گیـان دەکێـشن، پەڵەیـەکن دڵ دادەپۆشـن، هـیچ شـتێکیش ئەوەندەی نیگای خـوا بـۆ تـۆ گونجـاو نیـە، دەرونـت پـاك دەکاتـەوەو، دەردی تـۆ تیمار دەکا.
- لە کاتی تورەبوندا بڕیـار مـەدە نـەوەك پەشـیمانی بتگـرێ، چـونکێ کەسـی تـورە ڕاستی لەدەست دەداو، هۆشی لەکن نامێنێو، تێفکرین دەدۆڕێنێ.
- پەژارە ون بو ناگێرێتەوە، ترس داهاتو ناگونجێنێ، نیگەرانی سـەرکەوتن بەرهـەم نایێنێ، بەڵکە دڵی ڕازیو دەرونی ساغ دو باڵی بەختەوەرین.
- هەتا ڕێز لە خەڵکان نەگری لێیان مەخوازە ڕێـزت بگـرن، لەمـەڕ ئـەو تیـشکانەی دوچارت هاتوە خەڵك سەرزەنشت مەکە، بەڵکـە خـۆت بـە تاوانبـار بزانـە، ئەگـەر حەزیش دەکەی خەڵك ڕێزت بگرێ بۆ خۆت ڕێزی خۆت بگرە.

- ئەگـەر خـاوەن کۆڵـیت [٩٢٢] دڵنیـا بـێ ڕۆژێ دێ کۆشـکو باڵەخانـەکان دەڕوخـێن پێویستە بە کۆڵیتەکەی قایـل بـێ، ئەگـەر خـاوەن پوشاکیدا دڕاو گومـانی لـەوەدا نیـە کـە ڕۆژێ دێ بـەرگی ئاوریـشـم دادەڕزێ حێگـای خۆیـەتی لـە بەرگـە دادڕاوەکەی گـازاندەی نەبێ.
- هەر کەسێ هەرچی ئارەزوی بیەوێ بەدوای کەوێ، دڵی دابڕدابڕ دەبـێ، کاروبـاری لـەبار دەچـێ، خـەمو پـەژارەی زۆر دەبـێ، چـونکە دەرون هەڵخەڵەتێنـەرەو هـەر فەرمانی بە خراپەیەو خواستەکانی بێ سنورە.
- ئەی ئەو کەسەی زارۆڵەت لەدەست داوە: خودا کۆشکی سوپاسگوزاری لە بەهەشـتا بۆت داناوە، ئەی ئەو کەسەی لە دنیادا بەشت بڕاوە: بەشی تۆ وا لە بەهەشـتی تـا هەتایی چاوەڕوانە.
- باڵندە لەناو هێلانەیدا ڕۆزی بۆ ناباری، شێر لەناو لانەیدا بژێوی نایێتە بـەردەم، مێرولـە لـەناو کونەکەیـدا دانەوێڵـەی بـۆ نـاڕژێ، بەڵکـە هـەر کامیـان بـە شـوێن بژێویاندا دەگەڕێن، دەسا تۆش هەوڵت بە هەوڵی ئەوان بێئەوەی بەوان بڕاوە بە تۆش دەبڕێ.
- ﴿... يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ ... هـەر هـەرایەك لـە دژی خۆیـان دەزانـن. ﴿٤﴾ المنافقون﴾. لـە چاوەڕوانی هـەمو بەڵایـەك دان، بـەر لـە هاتنی مـەرگیان دەمـرن، پێـشبینی هـەمو کارەسـاتێك دەکـەن، لـە گـشت خـەیاڵو جموجـۆڵو دەنگێـك دەترسێن، چونکە ناخیان پڕشوبلاوەو دڵیان بەتاڵـە.
- ئەگەر خودا تۆی لەسەر بارو حاڵەتێك جێگیـر کـردی جگـە لەمـە داخـواز مەکـە چونکە ئەو لە بارەی تۆ زانایە، ئەگەر هەژاری کردی نەڵێی خۆزگە دەوڵەمەنـدی دەکردم، ئەگەر نەخۆشی کردی نەڵێی خۆزگە چارەی دەکردم.
- ئومێد وایە لە دواکەوتنی گەشـتەکەتدا بەرژەوەندی هەبێ، لە نـەبونی هاوسـەردا فەڕو پیت هەبێ، لەوەی فەرمان بەریت بۆ نەڕەخسـاوە قازانجت بێ، چونکە خوا دەزانیو تۆش نازانی.

---

٩٢٢) زنج، کوخ، خانوێکی زۆر سادە.

- بـەرد لـە درەخـت بـەهێزترە، ئاسـنیش لـە بـەرد بـەهێزترە، ئـاگریش لـە ئاسـن بەهێزترە، باش لە ئاگر بەهێزترە، وەلـێ باوەڕیش لە بای سەخت بەهێزترە.
- هەر بەڵایـێ دوچارت بـێ وانەیەکەو لەیاد نـاکرێ، هـەر ئاستەنگـێ کـە دێتـە ڕێـت لـەناو بیـرتدا هەڵدەگیـرێ، بۆیـە لـەناو هـزردا دەبێتـە پـەیامێکی تـا هـەتایـو پشتگوێ ناخرێ.
- سـەرکەوتن چـەند تنۆکێکـە لـە دەرەنجـامی ئەشـکەنجەو ئـازارو زامو بـرینو مەرگەساتدا پاڵێوراوە، دۆڕانیش چەند دڵۆپێکـە لـە ئاکامی سـستیو تەمبـەڵیو بـێ توانایـو شڵو خاویدا پارزنراوە [٩٢٣].
- ئەو کەسەی سورە لەسەر پەیداگرتنی ناوو دەنگێکی کاتیو، هەوڵ نادا ناوی بەرز ڕابگیـرێو، نایـەوێ زانـستی بەسـودو کـردەوەی چـاکە دەسـتەبەر بکـا، تـەنیا کەسێکی سـاویلکەو بـێ وڕەیە.
- ((یـا بـلال، اقم الصلاة، ارحـنا بهـا... (پێغەمبـەری خـوا -درودو سڵاوی خـوای لەسەر- دەفەرموێ) ئەی بلال، قامەت بۆ نوێژ دابەستن بکەو، بـە سـای نوێـژبمان حەسێنەوە))، چونکە نوێژ دابارینی ئارامی یە، ڕوباری هێمنیو هـەداری یـە، نـزە بایێکی پـاکو فێنکە، بەسەر دەروندا هەڵدەکـا، گڕی ترسو کڵۆڵی کـپ دەکـا.
- ئەگەر سەرپێچی پەروەردیارت نەکردو، دەرهەق بە کەس ستەمت نەکرد، پڕ بـە چاوەکانت بخەوە، خۆشی لە خۆت بەشێکی گەورەت پـێ بڕاوەو، هـیچ نەیارێکـت نیەو هەوڵت بە فیـرۆ نەداوە.
- خۆشی لەوەی کە شەو دەخەوێ خەڵک بۆی دەپارێتەوە، قـوڕ بەسـەریش بـۆ ئـەو کەسەی کاتێ شەودەکاتەوە خەڵک نزای لـێدەکا، مژدە بۆ ئەوکەسەی جێگای خۆی لەدڵی خەڵکدا کردۆتەوە، دۆڕانیش بۆ ئەوکەسەی زمانەکان نەفرەتی لـێدەکەن.
- ئەگەر لە دادگای دنیا دادەوەریت دەرك پـێ نەکرد داواکەت بـەرەو دادگـای دواڕۆژ بەرزکـەوە چـونکە لـەوێ فریـشتە شـایەتن، داواکـە پـارێزراوەو، داد پرسـیش خوایەکی هەرە دادوەرە.

---

٩٢٣) پاڵاوتەکراوە، پاڵێوراوە.

- ﴿ فَٱذْكُرُونِيٓ أَذْكُرْكُمْ ... سـا ئێوە یادی من بکەن، تـا منـیش لەبیـرتان نەکـەم. (١٥٢) البقرة ﴾. ئەگەر یادی خودا هەر ئەوەندە سودەی هەبێ بەسە، ئەگەر هەر ئەوەندە قازانجـەی هـەبێ کـە خـوداش یـادی تـۆ بکـا بەسـە، ئـای لـەو شـکۆو ڕێـزە، لـەو گەورەیی‌و سەربەرزیـیە
- مـژدەت لێـبێ.. دەسـتنوێژ گـرتن بەشـێکە لـە بـاوەڕ، تـاوان هەڵـدەوەڕێنێ‌و، بـە تەواوی گوناهان دەشـۆڕێنێ، خاوێنـت دەکاتـەوەو ئامـادەت دەکـا بـۆ چـاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو خوایەی زاڵـە بەسەر هەمو دەسەڵاتێکدا.
- خۆشـی لـەخۆت نوێـژ تـاوانی ڕابـردو دەسـڕێتەوەو، ئەوانـەی ئێـستاش ڕەشـدەکاتەوەو داهـاتوش دەسـازێنێ، خاوەنەکـەی لـە کۆتبەنـدی دەکاتـەوەو، بیلبیلەی چاوەکانە.
- ئەو کەسەی بۆ ئەوە تێدەکۆشـێ خـەڵك ڕێـزی بگـرێ‌و ڕەخنـەی لـێ نـەگرێ، بـە زۆری وایـە لـە بەدبـەختی‌و چارەڕەشـیدا دەگوزەرێنـێ، گـەڕانیش بـەدوای خۆدەرخستن‌و ناوودەنگدا لەگەڵ بەختەوەریدا تێکدەگیـرێن.
- تەنیا تێڕوانین‌و لێکۆڵینەوە دەربارەی هونەری شادی بەس نیـە، بەڵکـە پێویـستی بە جموجۆڵ‌و کردو کۆشش هەیە وەکو ئەوەی هەمو ڕۆژێ ماوەیێ بـەپێ بـڕۆی، یا گەشـت بکەی، یا بەرەو شوێنی دڵگیـر بچی.
- زۆر جاران مێشوله بەڵا ڕیشی شێر دەبێ‌و، دەیەوێ هەراسانی بکـا ئـەویش هـیچ بایەخی پێ ناداو ڕوی بۆ لا ناکـاتەوە، چونکە سەبارەت بە مەبەستێکی گەورەتر سەرقاڵە.
- لەمەردمی بەدبین خۆت بپارێزە، چونکە تۆ گـوڵی پێـشان دەدەی ئـەو درکەکـەت پێشـان دەدا، تۆ ئاوی بۆ دێنێ ئەو شـتی پیسـت بۆ لەناو دەردێنێ، تۆ بە ڕوناکی خۆردا هـەڵدەڵێی ئەو بێزاری لە گەرمایەکەی دەردەبڕێ.
- ئـاخۆ بـە ڕاسـتی بەختـەوەریت گەرەکـە؟! دور بـەدوای دامـەڕۆ، هـەر لـە خـودی خۆتـدا وەدی دەکـرێ، لـە داهێنـانی بیـرو هـزرت، لـە بۆچـونی جوانـت‌و، ویـستی گەشبینت، لەو دڵەتدا کە بە چاکە ڕۆشـن بوە، وەدی دەکرێ.

- بەختەوەری گولاوو بۆنی خۆشە تۆ ناتوانی بـە دەوری خۆتـدا بپیرشـێنی، ئەگـەر لەپێشـدا چەند دڵۆپێك بەسەرەخۆتدا هەڵنەڕژێنی.
- دەردی ئێمـە لەوەدایـە ڕۆژانـە پـتر لـە سـەت کـەڕەت لـە غـەیری خـوا دەترسـین: دەترسین بەدوا کەوین دەترسین هەڵە بکـەین، دەترسـین پەلـە بکـەین، دەترسـین فلاّن تۆڕە بێ، دەترسـین فیسـار قەڵسی.
- خـەڵکانێکی زۆر لایـان وایـە هەرچی خۆشـیـە لـە بـەین دەچـێ، بـەڵام هەرچی خەمو پەژارەیە جێگیـر دەبێ، ئەوان باوەڕ بـە مـەرگی شـادی دەکـەن، کەچی لـە مەرگی پەرێشـانی سەرپێچی دەکەن.
- کەسانێك لە ئێمە وەکو ماسـی کوێر وایە لەناو دەریادا دەخولێتـەوە لای وایـە لـە جامێك ئاو دایـە، ئێمـە لـە جیهـانی باوەڕدا لـەدایك بـوین کەچـی باوەشـمان لـە کێوی مەینەتیو کڵۆڵیو دژایەتیو ترس داوە.
- ژیان خۆشە، بەڵام ئەو خـەڵاتو دیاریـە پێویستی بـە یـەکێ هەیـە شـیاوی بـێ، ئەوانەش کە ژیان بۆیـان پێدەکەنێو ئەوان دەگرییّن، ژیـان بۆیـان دەگرژێتـەوەو ئەوانیش ددانیان جیـڕ دەکەنەوە شایستەی ژیان نین.
- ڕاوچییەك کۆترێك دەخاتە ناو قەفـەس ئـەویش دەسـت دەکـا بـە ئـاواز خوێنـدن ڕاوچی گوتی: ئێستاکەی وەختـی خوێندنـە؟! ئـەویش گـوتی: هـەر سـات لـەدوای سات ڕزگاری بەڕێوەیە.
- بـە کەسـێکی دانایـان گـوت: بـۆ ناچیـە لای پاشـا بـە تـورەگـە ئـاڵتون دەبەخـشی؟ گـوتی: تـرسـم لـەوە هەیـە ئەگـەر تـوڕە بـو سـەرم بپـەڕێنێو، لـەناو یـەکێ لـەو تورەگانەدا بە دیاری بۆ هاوسـەرکەم بنێرێ!!.
- باشـە بۆچـی گوێـت بـۆ حەپـەی سـەگان دەگـری بـۆ ئـاوازی بولبـول گـوێ هەڵناخەی؟! بۆچی تاریکی شـەو دەبینیو، سـەیری جـوانی مـانگـو ئەسـتێرەکان ناکـەی؟! بـۆ لـە تـاوی ژانـی پێـوەدانی هـەنگ هـاوار دەکـەی، کەچـی شـیرنایی هەنگوین لەیاد دەکەی؟!.

- باوکـە ئـادەم لـە سەرپێـچی تۆبـەی کـرد ئەوسـا پـەروەردیاری ڕێنمـایی کـردو هەڵبـژاردو بەرزی کرد، پێغەمبەرو شـەهیدو پیاوچاكو زانـا گـەلێکی لـە پـشتی ئەو خولقاند، وای لێهـات لە سەردەمی پێش تاوان پایە بەرزتر بو.
- نـوح پێغەمبـەر (سلاوی خـوای لەسـەر - بـە نـاڵەو هـاوارەوە چـریکەی هـەڵبڕی: خوای بەخشندە هاوارە، خوای دلۆقـان هاوارە، بە قـەد چاوتروکانێ کۆمەگی خـوا گەیـشتە جـێ، وەکـو بورکـان لافـاو هەڵسـا، سـەرکەوتو بەسـەر دوژمنـدا زاڵ بـو، بەڵام ئەوانەی بێباوەڕ بون سەرشـۆڕو نغرۆ بون.
- یونس پێغەمبەر - سلاوی خوای لەسـەر - لـە نـاخی دەریـاوە لـەناو سـێ تاریکـایی دابو، ڕاستەوخۆ بە پەلە پەیامێکی بەرزکردەوە، دان پێداهێنان بـە تـاوانو داوای لێبوردنی تێدا بـو، چـونکە پـەیامێکی ڕاسـتگۆیانە بـو هـەروەکو خێرایـی تیـشکی خۆر کۆمەکی گەیشـتە جێ.
- داود پێغەمبەر - سلاوی خـوای لەسـەر - بـە سـای فرمێسکی هەڵەکانی سـرپەوە، پۆشاکی تۆبەکردنی سپی کردەوە، چـونکە کوتاڵەکـەی لـەناو مینبـەردا چـنرا بـو، بەرگدروەکـەش کەسـێکی دەس پـاك بـو، پاککردنـەوەی ئـەو پۆشاکەش لـە پـێش بەرەبەیان دابو.
- کاتێ کارو وەرامت لەسەر گران بو، پەژارە تەنگی پێ هەڵچنی، بـێ ئومێـدی ڕوی تێکردی، چاوەڕێی ڕزگاری بە.
- ئەگـەر دەتـەوێ خـوا کڵـۆڵیت لەکۆڵکـاتەوە کـەم تـا زۆرێـك ئومێـدت لـە هـەمو دروستکراوێ ببـڕە، هیوات بە هیچ کەس نەبێو، بە غەیری خوا دڵـت وابەسـتە نەبێ.
- دەرونت وەکو ئەو شلەمەنی یە وایە کە پەرداخەکەی بە ڕەنگی خۆی دەڕەنگێنێ، جـا ئەگـەر دەرونـت ئاسـودەو قایـل بـو جـوانیو خۆشـبەختیو شـادمانی هەسـت پێدەکەی، ئەگەریش ڕەشبینو تەنگو تروسك بو بەدبەختیو خراپەو ناشیرینی وەدی دەکەی.
- ئەگەر گوێڕایەڵی خوا بوی، بە بژێویت قایـل بـوی، لەمـەڕ لەدەسـتچوەکە دڵنـەوا بوی، ئەوا بە هەرچی خواستی چاکەیە گەیشتیو، بەسـەر مەبەسـتت ڕاگەیشتی.

- هەر کێ باخی یادو باوەڕی لە سینەدا بێو، گوڵشەنی زانستو ئەزمونی لەلا بـێ، جێی خۆی نیە سەبارەت بە لەدەستچونی دنیا هەراسان بێ.
- هـەر کەسـێ شـادمانی بـۆ ئـەوە دوا دەخـا هـەتا کـوڕە بزربوەکـەی دێتـەوە، یـا خانوییـێك پێکدێنێ، یاخود لەسەر کارێکی شیاودا دەمەزرێ، ئەو کەسـە تـەنیا بـە تراویلکە سەری شێواوەو بە زیندە خەونان هەڵخەڵەتاوە.
- بەختەوەری لەوە دایە: زۆر لێکدانەوەت نـەبێ، بـە پـڕوپاگەنـدەی ترسـناك بـاوەڕ نەکەیو، پشت لە پێشبینییەکان هەڵکـەی.
- خەنـدە لێـوی: جـادوێکی حەڵاڵـەو، سـەرەتای خۆشەویـستی یـەو، ڕاگەیانـدنی برایـەتی یـە، پـەیامێکی ڕاسـتەوخۆیە ئاشـتی و تـەبایی وەخـۆ هـەڵگرتوە، خێـرو چاکەیێکی قـەبوڵ کـراوە، مانـای ئـەوە دەگەیـەنێ خاوەنەکـەی کەسـێکی قایـڵو دڵارامو خۆڕاگرە.
- داوات لـێ دەکەم لە شپرزەیی و شـلۆقی و بێسـەروبەری بەدوربـە، هۆکارەکـەی بـۆ وازهێنانو پشتتێکردن لـە ڕێـکوپێکی دەگەڕێتـەوە، چارەسەریـشی ئەوەیـە مـرۆ بەرنامەیەکی جوانی هەبێ ڕاستێتی و ڕاهێنانی تێدا وەدی بکرێ.
- ئەگەر دوچاری تەنگژەو بەڵایێك هاتی دڵخۆشبە بەهـەر ڕۆژێـك لـەو ناخۆشـیەدا بەسـەری دەبـەی، چـونکە ئـەو بەڵایـە کـورت دەبێتـەوەو سـوك دەبـێ، چـونکە ناخۆشی تەمەنێکی هەیە وەکو تەمەنی مرۆڤە زیاتر نیە.
- پێویستە تۆ لەمەڕ خواستی دنیایی سنورێکت هەبێ نەیبەزێنی، بۆ نمونـە چـاوت لـە خانوێـك هـەبێ لێـی دانیـشی، ئۆتۆمبیلێـك پێـت لـە عـەرزێ بکاتـەوە، بـەڵام بەرهەڵدانی هەواو هەوەس بەسەر هەر شتێدا کە حەزدەکا مایەی بەدبەختی یە.
- ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِى كَبَدٍ ... ئێمە جسـناتی مرۆمان دەگـەڵ خـەمان وەدی هێنـا. البلد ٤﴾. نەخشە دانانی خوایە بۆ ئەو مرۆڤە گۆڕانکاری بەسـەردا نایـێ، هـەر لە هەوڵو ڕەنجو ئەشکەنجەدایە، پێویستە دان بـەوە دابێنـێ چـی لـەبارە دایـەو، لەگەڵ ئەو ژیانەیدا بگوزەرێنێ.

- ئەو کەسەی ڕۆژگاری خۆی لە گاڵتەو گەپ و ڕاوکردن بەسەر دەبا وادەزانێ خۆی بەختەوەر دەکا، نازانێ لە دەرەنجام نرخەکەی ئەوەیە هەمیشە دڵ پەستو بەردەوامو غەمگین دەبێ، چونکێ هاوسەنگی نێوانی ئەرکەکانو ڕابواردنی پشتگوێ خستوە.
- هەرچی لە ژیانتدا پێویست نیە لە خۆتی بەدور بگرە، هەتا ئەو کاغەزانەی بە زیادە لە گیرفانت دایە، یا لەناو پەرتوکخانەکەت دایە، لەبەرئەوەی هەر شتێ لە پێویستی بەدەربێ -جا لە هەر بوارێك بێ- زیانبەخشە.
- هاوەڵان بەختەوەرترین کەس بون چونکە هەرچی بەسەر دڵیاندا دەهات و ختوکەی لە دەروندا دروست دەکردنو کەمبایەخ بو تیایدا قوڵ نەدەبونەوە، بەڵکە ئەوان بایەخیان بە بنەمایەکان دەداو، بە خواستی باڵا سەرقاڵ بون.
- پێویستە لە ئەنجامدانی بەندایەتی بە وردی بایەخ بدەی، لە زانستی بێ تێگەیشتنو، نوێژی بێ ترسو، قورئان خوێندنی بێ تێفکریندا هیچ سودو کەڵك نیە.
- ﴿... وَٱلطَّيِّبَٰتُ لِلطَّيِّبِينَ ... کێش پاکن بۆ پاکانن. (٢٦) النور﴾.

کردارو گوفتاری پاك، هاوسەری پاكو خونەریتی پاك شیاوی کەسانی هەڵبژاردەو پاکە، بۆ ئەوەی بە سای ئەو بەیەك گەیشتنە بەختەوەری ڕاستەقینەو ئۆقرەگیریو بە ئاکام گەیشتن بێتە ئاراوە.

- ﴿...وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ ...ئەوانەش کە ڕکی خۆیان دەخۆنەوە. (١٣٤) آل عمران﴾.

ڕقیان لەناو سینە دەنێنەوە شوێنەواریان لێ بەدیار ناکەوێو جوێن نادەنو وتەی نەشیاو دەرنابڕنو خەڵك ئازار نادەنو دوژمنایەتی ناکەن، بەڵکە پێ لە نەفسی خۆیان دەنێنو چاو لە تۆڵە ناگێڕن.

- ﴿... وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ ... ئەوانەش کە لە مەردم چاوپۆشی دەکەن. (١٣٤) آل عمران﴾.

ئەوانیش ئەو کەسانەن چاوپۆشیو لێبوردەیی دەردەبڕن، ئەوانەی ئازاریان داون ئازادیان دەکەنو داوای تۆڵەکردنەوە ناکەنو بەخشینیان ڕادەگەیەنێنن،

نـەك هـەر ڕقـی خۆیـان بخۆنـــەوەو بـەس بەڵکـە نـەرمونیانیو چاوپۆشـیان لـێ بەدی دەکرێ.

- ﴿... وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ... خوا چاکە کاری خۆش دەوێن. ﴿١٣٤﴾ آل عمران﴾.

ئـەمانیش ئەوانـەن دەرهـەق بەوانـەی ستـەمیان لێکـردون چـاو دەپۆشـن بەڵکـە وێـڕای ئـەوەش بـە سـامانو پلـەو پایـەو جوامێریـان چـاکەیان لەگەڵـدا دەکـەن نـەیاریان خراپـە دەنوێنـێ ئـەوانیش چـاکە دەنـوێنن، بۆیـەش پلـەی چـاکەکاری گەورەترین پلەو پایەیە.

- دەقاو دەق ئەو کارە دیـاری بکـە، کـە بەختـەوەرت دەکـا. ئـەو حاڵـەتو بوارانـەی بەوپـــەڕی بەختـــەوەریت دەگـــەیێنن لیـــستێکیان لـــێ تۆمـــار بکـــە: ئـاخۆ دوای چـاوپێکەوتن لەگـەڵ کەسـێکی تایبـەت ئاسـودەی؟ یـاخود دوای ڕۆیـشتنت بـۆ شـوێنێکی تایبـەت؟ یـا دوای جێبـەجێ کردنـی کارێـک بـە تایبـەتی؟ ئەگـەر بەشێوەیەکی سادە ئەزمونێکی باشت بەئەنجام گەیاند، لەناو لیستەکەتدا بنوسە. دوای هەفتەیـەک هەسـت پێدەکـەی لیـستێکت پڕکردۆتـەوە لـەو بۆچـونانەی بەختەوەرت دەکەن.

- لەســـەر ئـــەو کارانـــەی دڵخۆشـــکەرن پـــێ دابگـــرە: دوای ئـــەوەی ئـــەو کارانـــەی بەختەوەرت دەکەن پێیان ئاشنا بوی، هەرچی کارو فەرمانی تـرە لەبیـری خۆتـدا وەدەرێ یان بنێ.

ئەوسا ئەو شتانەی ئاسـودەت دەکـەنو ئەوانـەش کـە لـە بەختـەوەری بـەدورت دەخەن لە یەکتر هەڵاوێریان بکە. بۆ ئەوەی هەوڵـدانت لەپێناو بەختەوەریدا لـە ئەنجامی ئەزمونێکی دڵخۆشـکەر بێ لە خودی خۆیدا.

- تا ئەو ساتەی تۆ لەسەر ڕاستە شەقامی خوای، خۆت پێ قـەبوڵو ڕاست بـێ: زۆر گرنگە بگەیە ئەو ئاستەی متمانەت بە خـۆت هـەبێو، لـە خـۆت قایـل بـیو، ئـەو ڕەخنەش کە بەرەو ڕوت دەبێتـەوە بایـەخی پـێ نـەدەی، لەڕاسـتیدا بەختـەوەری لەو دڵەدا نامێنێ کە هەست بە هەڵـەو دۆڕان بکاو گومانو دو دڵی تێدا بێ.

- خزمـەتی خـەڵکان بکـەو کـردەی چاکە ئـەنجام بـدە: بـە تـەنیایی‌و بـە لاچـەپی مەژیـ، چونکە تەنیایی چاوگی کەساسی یە، ئـەو کاتـەش کە تێکـەڵ بـە خـەڵکو خاوو خێزانت دەبـی هەرچی خاکەساری‌و مەینـەتباری‌و کڵـۆڵی هەیـە نامێنـ، ئـەو کاتـەش کـە خزمـەتێك پێـشکەش دەکـەی. ئەگـەر لـە مـاوەی دو هەفتەشـدا خزمەتی خەڵك بکـەی وەکو چارەسەرێکی چۆنییەتی مەینەتی دانراوە.
- هەمیـشە خـۆت سەرقاڵـکە: پێویـستە - بـە زیتـەڵی‌و وریـایی - هەوڵـدەی پـتر تواناکانـت بەگـەڕ بخـەی. ئەگـەر خـۆت بـە ڕەنێوهێنـای کـاری سـەرنجڕاکێش سـەرقاڵکەی، زیاتر خۆت بەختەوەر دەکەی، تەمبەڵیش گەشـە بە مەینەتی دەدا.
- دژایەتی کەساسـی‌و کڵـۆڵی بکـە: کاتـ کـارو وەرامێـك بێـزاری کـردی، هەڵسە بـە ئەنجامدانی کردەوەیەکی لاشەیی کە حەزی پێدەکەی هەست دەکەی باری هۆش‌و دەرونیت دێتەوە سەرخۆ. دەشتوانی خۆت بە کارێکەوە خەریککەی کـە لەپێـشدا خۆت پێوە خەریك دەکردو هەستت بە ئاسودەیی دەکرد، وەکو ئەوەی خۆ لەسەر ئەنجامدانی وەرزشێکی تایبەت ڕابێنـی، یا لەگەڵ دۆستانت گەشت بکەی.
- بـئومێد مەبـە لەسـەر ئـەوەی کارێکت بـە تـەواوی پـ ئەنجـام نـەدراوە: دەبـ بزانی گەورە پیاوان بـ کار نابن. کەسانـ هەن وا دەزانن هەتا هەمو کارێکیان بە ئەنجام نەگەیێنن متمانەیان بەخۆ نیەو بەختەوەر نابن. ئەو کەسـەی هەسـتیش بـە بەرپرسیارێتی دەکـا دەتـوانی بـەبـ سـستی نوانـدن ئەنـدازەیێکی گونجـاو لـە کارەکـانی ئـەنجام بـدا، لـە هـەمان کاتیـشدا لەبەرئـەوەی کەمتەرخـەمی نانوێنـ دەتوانـ چێژ لە خۆشی ژیان ببینـ.
- لەمەڕ بەربەرەکانی‌و ڕوبەڕوبونەوەدا زیادە ڕۆیی مەکـە: دڵنیابـە هـەر دڵڕەقیـت بۆ دەمێنـ، بـە تایبـەتیش ئـەو کاتـەی لەسـەر کردارێـك پێـشبڕکـ لەگـەڵ یـەکـ ئـەنجام دەدەی بـ ئـەوەی هـەڵو مـەرجێکت بـۆ خـۆت ڕەخـساندبـ تێیـدا وەحەسێیو وچان بدەی.
- هەسـت‌و نەسـتت کۆتبەنـد مەکـە: کپکردنـی هەسـت دەبێتـە هـۆکاری ئـاڵۆزی، دەبێتـە بەربەسـتی هەسـتکردنیش بـە بەختـەوەری. هەسـت‌و نەسـتت سـەرکوت مەکە. بەڵکە بە شـێوازێکی گونجـاو ئـەو هەسـتە دەربـڕە کـە بـە وزەی دەرون لـە ناخەوە هەڵبقـوڵـ.

- باری هیچ کەس مەخـە ئەستۆی خـۆت: زۆر جـاران خـەڵك بـە سـای کـوێرەوەری کەسێکی تر هەست بە بارگرانی‌و، هەناسە ساردی‌و، تاوانباری دەکەن، ئەگەر چی بۆ خۆیان لەو کەساسی یە بە دورن. بێنەوە یـادت کـە هـەمومرۆڤێ لەمـەڕ خـۆی بەرپرسیارە، سۆز نواندن‌و هاریکاریش مافدارێتی‌و سنوری هەیـە. ئـەوەش بزانـە کە مرۆ بە ویژدانی خۆی دەزانێ، ﴿... وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ... هیچ کەس باری گرانی هیچ کەسێکی تر ناگرێتە کۆڵ. (١٦٤) الأنعام﴾.
- بـێ چـەندو چـون بڕیـاری خـۆت بـدە: ئـەو کەسـەی بـۆ ماوەیـەکی دورو درێـژ بڕیارەکانی خـۆی دوا دەخـا، ئـەوا چـەند کـاتو سـاتێك‌و چـەند ڕۆژێـك‌و چـەند مانگێـك لـە مـاوەی بەختـەوەری خـۆی دوا دەخـا. ئەوەشت لەبیـرنەچێ شـتێکی بەڵگەنەویستە کە دەرکردنی بڕیار لە ئێستاوە ئـەوە ناگەیـەنێ کـە لێـی پاشـگەز نەبیتەوە، یاخـود تـاووتوێی نەکەی.
- ڕێزی خۆت بزانە: لـەو کاتـەی دەتـەوێ بـەرەو کارێـك هـەنگاو بنێـی ئـەو پەنـدە وەیادخەوەو پەندی لـێ وەرگرە، کە دەڵێ: ((ڕەحمەتی خوا لـەو کەسـە بـێ ڕێـزی خۆی دەزانێ)) بۆ نمونە ئەگەر تەمەنت گەیـشتە پـەنجا سـاڵی وێـستت وەرزشـێك ئەنجامدەی، بیـر لە ڕۆیـشتن، یـاخود یـاری تێـنس، یـا مەلـەوانی بکـەوە، بیـر لـە یاری تۆپی پێ مەکەوە، بەردەوامیش هەوڵدە گەشـە بە لێهـاتوویت بدەی.
- بزانە چۆن خۆت دەناسی: بەڵام خۆ هەڵکوتان بۆ هـەڵوشینی[٩٢٤] ژیـان بێئـەوەی بوار بۆ خۆت بڕەخسێنی لـە پێنـاوی ئـەوەی ئـەرکی سەرشان‌و کـارو وەرامـت لـە ژیاندا ڕاستکەیتەوە، ئەوەیان ئەوپەڕی گەوجی‌و نەفامی یە. ئا ئەوانە کەسانێکن نە بە توانای خۆیان دەزانن، نە خۆیان دەناسن.
- لە ژیانی کردەیی خۆتدا بە ویژدان بە: ئەگەر توانیت بەشێك لە کاتـت کـار بکـە، (ئیغریقی)یەکان باوەڕیان وایە کە مرۆ ناتوانێ مرۆڤایەتی خۆی بپارێزێ، ئەگەر کاتی بەتاڵ‌و بێئیشی بدۆڕێنـێ.

---

٩٢٤) قوتاندن، بەهەڵپەخواردن.

- بـۆ ڕوبەڕووبونـەوەی مەترسـییەکان ئامادەبـە: تاکـە ڕێگـا بـۆ خۆشـگوزەرانی پەلامارداڵی ئەو شتە ترسناکیانەی ژیانە کە چاوەڕێ دەکرێن، فێر نابی هەتا ئەو کاتەی بە وردیێکی بەرزەوە ڕوبەڕوی ترسناکیەکان نەبیەوە، بـۆ نمونـە هەوڵدە خۆت فێری مەڵەوانی بکەی بۆ ئەوەی ڕوبەڕوی مەترسی خنکـان ببیەوە.
- هیچ گرێ کوێرەوییـ نیـە مەگـەر ڕۆژێ دێ بکرێتـەوە، هـیچ کـۆتـو زنجیرێ نیـە مەگەر ڕۆژێ دێ بپچڕێ، هیچ دورێك نیە مەگـەر ڕۆژێ دی نزیـك بێتـەوە، هـیچ ونبوێك نیە مەگەر ڕۆژێ دێ بگەڕێتەوە..بەڵام ئارامگرتنی دەوێ.
- ﴿... ٱسْتَعِينُواْ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ ... پەنـا بەرنـە بـەر نوێـژانو خۆڕاگـــر بـن. ﴿١٥٣﴾ البقرة﴾.

ئارامگریو نوێژ تۆشـەی ڕێگاو سوتەمەنی ژیانن، کلیلی ڕزگاریو دەروازەی ئومێدن، هەر کەسێکیش لەسەر نوێژ بەردەوام بێو هەمیشە ئارامگر بێ، مژدەی پێبدە بە سەرکەوتنێکی نزیكو ڕزگاربونێکی ئاشکراو بەیانیدانێکی ڕاستەقینە.

- بیلال فەلاقەکراو دارکاری کراو ئازار دراو ڕاکێشراو فڕێ درا کەچی وبردی سـەر زمـانی: یـەك خـوا یـەك خـوا بـو، چـونکە ئـەو وانەیـە فێرکرابـو: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَـدٌ ... بێژە ئەو خودایە تاکە. ﴿١﴾ الإخلاص﴾.

کاتێ چـوە نـاو بەهەشـت ئـەو ڕەنجـەی کێشای بـە کـەمی نرخانـد، ئـەوەی کـە پێـشکەشی کـرد پێی هـەرزان بـو، چـونکە ئـەو کاڵایـەی لـەپای ئـەو ڕەنجـەدا بـە چەندان پلە لە نرخەکەی گرانتـر بو.

- دنیـا چـیە؟ مەگـەر بریتـی نیـە لـە پۆشاکێك ئەگـەر گرانبـەها بـو تـۆ خزمـەتی دەکەیو ئەو خزمەتت ناکـا؟ یا بریتی نیە لە هاوسەرێك کـە ئەگـەر جـوان بێـت خۆشەویستییەکەی دڵـت ئازار دەدا؟ یا بریتی نیە لە سامانێك کە ئەگەر زۆر بـو دەبیە پاسـەوانی؟.. ئا ئەمەیە خۆشی یەکەی دەبێ ناڕەحەتی یەکەی چۆن بێ؟
- هـەمو هۆشمەنـدان بـە سـای زانـستو مـاڵو سـامانو پلـەو پایـە هـەوڵی دەسـتەبەرکردنی بەختـەوەری دەدەن، بـەڵام ئـەوەی لـە هـەمویان پـتر کـەڵك لـە بەختەوەری وەردەگرێ ئەو کەسەیە خاوەن باوەڕە، چونکە بەختـەوەری ئـەو لـە هەمو حاڵەتێکدا بەردەوامە هەتا بە پەروەردیاری دەگاتەوە.

- بەختەوەری لەوەدایە دەرون لەو نەخۆشیانە پارێزراوبێ کە گرێ لە دڵ دەدەن وەکو: گومانو دو دڵیو ڕاڕایی‌و هەواو ئارەزو گلەیی‌و گازاندەو ناڕەزایی.
- ژیریارترین کەس ئەوەیانە لە هەمویان زۆرتر پاساو بۆ خەڵکی دێنێتەوە، کردارو گوفتاریان بە جوانترین شێوە لێك دەداتەوە، هەر ئەویشە خۆیو خەڵك دەحەسێنێتەوە.
- لەمەڕ ئەوەی پێت دراوە چاوتێر بە، بە بەشی خۆت قایل بە، ئەو بەهرەو خەڵاتەی پێت دراوە ڕەنێوی بێنە، وزەو توانات لە شتی بەسودمەند بەکاربێنە، لەسەر ئەو نازو گۆزەش کە پێت ڕەوا بینراوە ستایشی خوای لەسەر بنوێنە، ﴿... فَخُذْ مَآ ءَاتَيْتُكَ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ... چم پێدای، وەری بگرەو لە شوکرانە بژێران بە. (١٤٤) الأعراف﴾.
- ڕۆژێ سەرتاسەر تەنیا بە قورئان خوێندن، یا تێفکرین، یا دەرخکردن، یا کتێب نوسین بەسەر مەبە، بەڵکە چەندین شێوە کردار ڕەچاو بکەو، کرداری هەمە جۆری تێدا ئەنجام بدە، بەم چەشنە دەرونت کاراتر دەبێ.
- نوێژکردن کارەکان ڕێك دەخات ئەوسا لە دوای هەمو نوێژێ کارێکی سودمەند ئەنجام بدە.
- ئەوەی پەروەردیار بۆ بەندەی خۆی هەڵدەبژێرێ خێرو چاکەی لەوەدایە، چونکە هەر ئەو لەمەڕ بەرژەوەندی بەندە لە بەندە شارەزاترە، هەر ئەو بە بەزەیی تر سەبارەت بە بەندە لەو دایکەی لێی پەیدا بوە، بەندە هەر ئەوەندەی لەدەست دێ بە فەرمانی پەروەردیاری قایل بێ، کارو فەرمانی بەوی بسپێرێو، کۆمەگی پەروەردیار دروستکارو سەرپەرشتیاری خۆی بەس بێ.
- لەبەرئەوەی بەندە بێهێزو بێ دەسەڵاتە نازانێ لەودیوی جیهانی نادیار چی هەیە، ئەو تەنیا ڕوکاری کاران دەبینێ. بەڵام ناوەڕۆکی کارەکان هەر پەروەردیار پێی ئاگادارە، چەندین ناخۆشی بون بە خۆشی، چەندین بەڵا بون بە خەڵات. خێرو خۆشی لەناو ناخۆشیدا شاراوەیە.

- باوکە ئادەم لە دارەکەی خواردو سەرپێچی پەروەردیاری کرد ئەویش بۆ سەر زەوی دابەزاند، ئەگەر تەنیا ڕوکاری ئەو مەسەلەیە سەرنج بدەی دەبینی ئادەم خۆشی و نازو گۆزی بەهەشتی بەجێهێشتو خۆی دوچاری کێشەو بێشەی دنیا کرد، بەڵام سەرەنجامی ئەو کارە پاشەڕۆژێکی گەورەو خێرو خۆشییکی بێ وێنە بو، بێگومان خودا تۆبەی قەبوڵ کردو ڕێنوینی کردو هەڵیبژاردو، کردی بە پێغەمبەر، لە پشتی ئەو چەندین پێغەمبەرو زانـاو شەهیدو پیاوچاک و خواپەرستو خێرخـوازو تێکۆشەری خولقاند، پاک و بێگەردی بۆ خوا ئەو دو ئایەتـە چەندە لێـک جیـاوازن: ﴿ ... ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا ... (گوتمان: ئادەم! خۆتو ژنت، لە بەهەشت بنو، هەرچی لە هەر شوێنی دەیخوێن نۆشـی گیـانو. ﴿٣٥﴾ البقـرة ﴾، ﴿ ثُمَّ ٱجْتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَىٰ ... پاشـان پەروەردیاری، ئەوی هەڵبژاردو پەژیوانی قبوڵ کردو ڕێی نیشاندا. ﴿١٢٢﴾ طه ﴾.

بـارو گـوزەرانی یەکـەمجاری دامـەزرانو خـواردنو خواردنـەوە بـو، زۆربـەی خەڵکانیش ئەوانەی هیچ خەمیان لەبەر نییـەو پاشـەڕۆژیان گـەرەک نیـە حاڵو گوزەرانیان بەو شێوەیە، بەڵام بارو گوزەرانی ئادەم دوای ئەوەی خوا هەڵیبژاردو ڕێنمایی کردو کردی بە پێغەمبەر حاڵەتێکی زۆر گرنگەو، پلەو پایـەیکی بـەرزو بەڕێزو پیـرۆزە.

- بزانە داود پێغەمبەر - سڵاوی خوای لەسەر - دوچاری هەڵەییک هـات پەشـیمانی دەربڕیو گریانی هات، خوای گـەورە گـەورەترین بـەهرەی لەگـەڵ دانوانـد، وەکـو بەندەییکی گوێڕایەڵی ملکەچی لە خوا ترسی خۆ بە کەمزان خوای پەروەردیاری خۆی ناسی، کە هەر ئـەوەش مەبەسـتە لـە بەندایەتیکردنـدا، بێگومـان یـەکێ لـە پایەکانی خواپەرستی ئەوەیە تەواو بۆ خوای بەرزو توانا ملکەچ بی.

پرسیاریشیان لە ئیبن تەیمیەی شێخی ئیسلام کرد دەربـارەی ئـەو فەرمودەیـەی پێغەمبەری خوا - درودو سڵاوی خوای لەسەر - کە دەفـەرموێ: ((**عجبا للمـؤمن لا يقضي الله له شيئا الا كان خيـراً لـه...** حـاڵی بـڕوادار سەرسـوڕمێنە، خـوا هـەر بڕیارێ بدا لەمەڕ ئەو بە بەرژەوەندی تەواو دەبێ. گوتیان: ئاخۆ ئەو فەرمودەیە ئـەو بڕیـارەش دەگرێتـەوە کـە بەنـدە دوچـاری گونـاە دەبـێ؟ گـوتی: بـەڵێ، بـەو

مەرجەی ئەو تاوانە پەشیمان بونـەوەو تۆبـەکردنو داوای لێخۆشبونو ملکەچی بەدواوە بێ.

ئەوەی ڕونو لەبەرچاوە ئەوەیە توشهاتنی بەندە بە گوناە نـاخۆشو نالـەبارە، بـەلاّم ئەگـەر ئـەو مەرجانـەی ڕابـردوی تێـدا بـێ ناوەڕۆکەکـەی بەرژەوەنـدیو چاکەیە.

- ئـەو بـەهرەی خـوا لەگـەڵ (موحەممـەد)ی پێغەمبـەری خـوادا نوانـدی -درودو سلاّوی خوای لەسەر- ڕۆنو لەبەرچاوە، چونکە هەرچی ئەشکەنجەو ئـازارێ هاتـە ڕێی بو بە مایـەی خۆشـیو شـادی، کاتـێ گەلەکـەی بـە درۆیـان زانـی، دژایـەتییان کردو سەرپێچییان کـرد، بـە سـای ئـەوە جیهـادو تێکۆشـان بـەرپا بـو، هـەوڵ درا دیـنی خـوای سـەرکەوێو قوربـانی لـە پێنـاودا درا، ئـەو جەنگانـەی خـودا پێغەمبەرەکەی تێدا سەرخست، چەند خاك‌و ولاّت ئـازاد کـرا، چـەندین بـاوەڕدار بە پلەی بەرزی شەهیدی گەشتنو بەهەشتی پـانو بـەرین بـۆ بـە شـوێنیان، گـەر بهاتایـەو بـێ بـاوەڕان ئـاوا بەرهەڵـستییان نەکردایـە ئـەو خێـرو بێـرە زۆرەو سەرکەوتنە بێ وێنەیـە نەدەهاتـە ئـاراوە، کاتـێ پێغەمبـەری خـوا -درودو سلاّوی خـوای لەسـەر- لـە مەککـەوە شـاروەدەر کـرا ئەگـەر ڕوی دەرەکـی سـەرنج بـدرێ کارێکی ناخۆش بو، بەلاّم ناوەڕۆکەکەی پڕی سـەرفرازیو بـەهرەو چاکە بـو، بـە سای ئەو کۆچکردنە دەوڵەتی ئیسلامی پێکهێناو چەندین یاریدەدەری پەیـدا بـو، باوەڕدارو بێباوەڕانیش لەیەك جیابونەوە، ئەو کەسەی لەگەل باوەڕەکەی ڕاستی کردو تێکۆشاو جیهادی کرد لەگەڵ درۆزنان لێك هەلاّوێر کـران. ئـەو کاتـەش کـە پێغەمبـەری خـوا -درودو سـلاّوی خـوای لەسـەر- بـەخۆیو هـاوەلاّنی لـە جـەنگی (ئوحود) تێشکان ئەگەر ڕوی دەرەوەی وەخوێنین زەرەرو زیانی تێدا بـو نـاخۆش بو، بەلاّم قازانـجو بەرژەوەندی وای لـێ بەدەرکەوت کە باس ناکرێ، وەکو ئـەوەی: هەندێ لە موسلّمانان خۆپەسندییان لەدڵدا دروست بو بەهۆی ئەو سەرکەوتنەی لە جەنگی بەدر بەدەستیان هێنا بو جا ئـەو خۆپەسندیەیان لەدڵدا نـەما، پـشت بەخۆ بەستنو تەنیا بڕواو متمانە بەخۆبونیان نەما، خوا چـەندان شـەهیدی لـە ناو موسلّماناندا هەلّبژاردو بە پلەی شەهیدی گەیاندن، وەکو حـەمزەی سـەرداری شەهیدانو، موسعەبی پەیامنێری ئیسلامو، عەبدوللاّی کوڕی عـەمر باوکی ئـەو

جابرەی کە خودا قسەی لەگەڵدا کردو جگە لەمانەش، دووڕوەکانیش لەم جەنگەدا بەدیار کەوتن‌و، نهێنییان بە دەر ڕاوەر کراو، ئابرویان چو، ڕیسوا کران... زۆر حاڵەت‌و بواری تری ئەو پێغەمبەرە بەراورد کە - درودو سڵاوی خوای لەسەر - کە ڕوکاریان ناڕەحەتی بوەو، ناوەڕۆکیشیان خێرو خۆشی بۆ موسڵمانان تێدا بوە.

- هەر کەسێ بزانێ خودا خراپەی بۆ بەندەی خۆی ناوێ بەڵاو مەینەتی لەسەر سوك‌و ئاسان دەبن، پێشبینی میهری خوا دەکاو، ئەوەی بەسەری هاتوە بە مزگێنی دەزانێ، متمانەی بە سۆزو بەخشندەیی‌و چاکەویستی خوا پتەو دەبێ، لەو ساتەدا پەرێشانی‌و هەراسانی‌و سینە تەنگی نامێنێ‌و، کارو وەرامی بە پەروەردیاری بااڵ دەسپێرێ، ئەوسا ڕوی گرژ نابێ‌و گازاندەی نابێ‌و نارەزا نابێ، بەڵکە هەتا ئەو کاتەی پاشەڕۆژی بۆ ڕوناك دەبێتەوەو، تەم‌و مژی کڵۆڵی دەڕەوێتەوە، ئارام دەگرێ‌و سوپاسی خوا دەنوێنێ.
- پێغەمبەر نوح - سڵاوی خوای لەسەر - لە ڕێگای بانگەوازیدا نۆ سەدو پەنجا ساڵ ئازار درا، کەچی بە هومێدی پاشەڕۆژی لە پێناوی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی بۆ ڕێبازی یەکتاپەرستی بە شەوو ڕۆژ بە نهێنی‌و ئاشکرا کۆڵی نەدا، هەتاوەکو پەروەردیاری سەریخست‌و دوژمنیشی بە لافاوێ لەناو برد.
- ئیبراهیم پێغەمبەر - سڵاوی خوای لەسەر - خرایە نێو ئاگر، خودا ئاگری بەسەردا کردە ساردێکی بێ زیان‌و، لە دەستی نەمرودو گەلەکەی پاراستی‌و ڕزگاری کردو، خوا بەسەریدا زاڵ کردن، بۆ تا هەتایەش دینەکەی لە زەمیندا جێگیر کرد.
- موسا پێغەمبەر - سڵاوی خوای لەسەر - فیرعەون هەوڵی لەناو بردنیدا چەندین پیلانی بۆ گێڕدرا، جۆرەها نەخشەی ئازارو دەردەسەری بۆ کێشرا، کەچی خوا بەسەر فیرعەونیدا زاڵ کردو دار عەساکەی پێ بەخشی کە جادوەکانی هەڵلوشی، بە سای دەرئاسایێك (موعجیزەیێك) دەریای بۆ لەت بو پێیدا قوتار بو، بە یارمەتی خودا دوژمنەکەشی سەرشۆڕو نغرۆ بو.

- پێغەمبەر عیسا -سلاوی خوای لەسەر- بەنی ئیسرائیلییەکان دژایەتییان کردو، سەبارەت بە دایکی پاکیو ئابروو شکۆو پەیامەکەی نازار دراو، وێستیان بیکوژن، خوا بەرەو لای خۆی بەرزی کردەوەو بە کۆمەکی خۆی سەریخستو، دوژمنانیشی بە سەرشۆڕی گەڕانەوە.
- پێغەمبەری ئێمە (موحەممەد) -درودو سلاوی خوای لەسەر- جولەکەو فەلەو موشریکەکان ئازاریاندا، جۆرەها ئەشکەنجەی بینی، بە درۆزنیان لەقەڵەمداو بەرەنگاری بونەوە، جوێنی پێ دراو وتەی نەشیاوی بەرامبەر گوترا، بەرپەچیان دایەوەو، گاڵتەیان پێ کردو بە سوك سەیر کرا، بە شێتو شاعیرو جادوگەرو سیحر بازو قسە هەڵبەست تۆمەتبار کرا، وەدەرنراو دژایەتیکراو هاوەڵانی کوژراو شوێنکەوتوانی بە پەند برا، لەمەڕ ئابروی خێزانی تۆمەتبار کرا، چەندین شێوەی مەینەتی پێ چێژرا، بە پەلاماردان ترسێنرا، چەندین قۆناغی تاڵو سوێری تێپەڕدا، هەژار بو برسیو بێ نان بو، سەرو ڕوخساری دەخوێن هاتو زامدار بو، ئەبو تالیبی مامی لەدەستدا کە پاڵپشتی بو، خەدیجەی هاوسەری بەجێی هێشت کە دڵنەوای بو، لەگەڵ هاوەڵانیدا لە شیوێکدا گەمارۆ درا هەتا وای لێهات گەڵای داریان دەخوارد، لە ژیانی خۆیدا مەرگی کچەکانی بینی، لەبەر دەستیدا ئیبراهیمی ڕۆڵەی گیانیدا، لە جەنگی (ئوحود) تێشکا، لاشەی حەمزەی مامی تیکەتیکە کرا، چەند جار هەوڵی تیرۆر کردنی درا، لەبرسان بەردی لەسەر سگی پێچا، جاری وابو قەسپی خراپو نانی جۆ نەبو بیخوا، خەمو خەفەتی چەژتو کاسەی ئەشکەنجەی نۆش کرد، لەگەڵ هاوەڵانیدا زۆر بە تونڈی ترسو لەرز دایگرت، خەریك بو دڵیان ژێر هەڵبێ، چەند جار لەدژی بەرژەوەندی ئەو بارودۆخەکە دەڕەخسا، بە فڕو فیشاڵی لوت بڵندانو لاساری ستەمکارانو بێ شەرمیو گەزارەیی ئەعرابەکان تاقی کرایەوە، بە خۆپەسندی دەوڵەمەندانو، ڕقو کینەی جولەکانو، داوو تەڵەی دووڕوان، خراپو وەڵامدانەوەی خەڵکان، دڵی ئێشا، پاشان سەرەنجامیش هەر بۆ ئەو بو، سەرکەوتن هاوپەیمانی بو، بردنەوە هاوشانی بو، ئەوسا خوا دینەکەی زاڵ کردو، بەندەی خۆی سەرخستو، هەر خۆی ڕیزی کۆمەڵانی کوفری پەرتو پێوار کرد،

نەیارانی سەرشـۆڕو ڕیـسـوا کـردو دەمکـوت کـرد، ﴿... وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ ... خوا لەسەر کاری خۆی زاڵە، بەڵام زۆربەی ئەم مەردمە لێ نەزانن.﴿٢١﴾ یوسف﴾.

- بڕوانە ئەبوبەکر بەرگەی ئەشکەنجەو ئازاری گرت، لە پێناوی دینەکەیـدا گرانـی بە سوك هەڵگرت، مـاڵو سامانو پلـەو پایـەی بەخـشی‌و، ئـەوەی گرانـەو ئـەوەی هەرزانە لە ڕێی خوادا خەرجی کرد، هـەتا نازناوی ڕاستگۆی دەستەبەر کرد.
- عومەری کوڕی خەتاب دوای ئەوەی ژیانێکی پڕ جیهـادو تێکۆشـانو قوربانیـدانو دەست تەنکی‌و دنیا بەکەمگری‌و دادەوەری کردن لەنێوان خەڵکدا تۆمار کـرد، لـە ناو میحرابدا لاشـەیان خەڵتانی خوێن کرد.
- عوسمانی کوڕی عەفان لە کاتی خوێندنی قورئان سەر بـڕدرا، لـە پێنـاوی پـەیامو بیروباوەڕیدا گیانی کردە قوربانی.
- عەلی کـوڕی ئـەبو تالیـب دوای ئـەوەی چـەند هەڵوێـستی مەردانـەو شـکۆو ڕێـزو بـەهای نوانـدو قوربانیـداو نمونـەی بـەرگری‌و فیـداکاری‌و ڕاسـتگۆیی بـو لـەناو مزگەوتا تیـرۆر کرا.
- حوسێنی کوڕی عەلی بـە شمـشێری سـتەمو تـاوان کـوژراو، خـوا بـە پلـەی بـەرزی شەهیدی گەیاند.
- سـەعیدی کـوڕی جوبـەیر زانـای لـە خـوا تـرس بـە دەسـتی حـەجاج کـوژراو ئـەو تاوانەی کەوتە ئەستۆ.
- (ئیبن زوبەیر) لەسەر دەستی حەجاجی کوڕی یوسـفی سـتەمکار لەناو حەرەمـدا خوا بە پلەی بەرزی شـەهیدی گەیاند.
- پێشەوا ئەحمەدی حەنبەل لەسەر هـەق‌و ڕاستی دارکاری کراو خرایە بەندیخانە، بە سای ئەوە بو بە ڕێبەری ئەهلی سـوننەو جەماعە.
- (واسـیق) پێـشەوا ئەحمـەدی کـوڕی نەسـری خـوزاعی بانگـەوازکار بـۆ سـوننە، دەکوژێ، هەر سەبارەت بە گوتنـی قسـەی هەق.
- ئیبن تەیمیەی شێخی ئیسـلام بەند کراو لە خاوو خێـزان‌و دۆستان‌و کتێبـەکانی قەدەغە کرا، خوا ناوودەنگی بڵاوکردەوە بە هەمو جیهاندا.

- پێشەوا ئەبو حەنیفە لەلایەن ئەبو جەعفەری مەنسور دارکاری کـرا.
- سـەعیدی کـوڕی موسـەییەب زانـای خوانـاس، لەلایـەن کاربەدەستی مەدینـە فەلاقە کرا.
- مالیکی کوڕی ئەنەس پێشەوای (دارول هیجرە) لەلایـەن فـەرمانڕەوای مەدینـەوە ئـازار درا.
- پێشەوا (عبدالله)ی کوڕی عەون زانای فەرمودەناس لەلایەن بیلالی کـوڕی (ئـەبو بوردە) شـولاقەی لێدراو ئـازار درا.
- ئەگـەر لەسـەری بـڕۆم ئەوانـەت بـۆ ڕیزکـەم کـە بـە لێـدانو کوتـانو کوشـتنو ئازاردانو وەلانانو زیندانی کردن بەربەلاّ بـون، درێـژەی دەکێشێو ئـەو هـەویرە ئاوی زۆر دەوێ، بۆیە بەومندەی کۆتایی پێ دێنم.

لە بەرواری ٢٠٠٥/١٠/٨ دەستم کرد بە وەرگێڕانی
لە بەرواری ٢٠٠٦/٩/٦ کۆتاییم پێ هێنا

نـــاوەرۆك

- پێشەکی وەرگێڕ ٥
- ئەم کتێبە ٨
- پێشەکی چاپی دوەم ٩
- پێشەکی چاپی یەکەم ١١
- خوایە هاوار ١٥
- بیر کەوەو سوپاس گوزار بە ١٨
- لە دوا چوان مەچو ٢٠
- هەر ئەو ڕۆژەی ئێستات ڕۆژە ٢١
- خۆت بە داهاتو سەرقاڵ مەکە ٢٤
- جگە لەوڕۆ سەرقاڵ بونت دارمانو هێنانی هەرمسە ٢٥
- ((لە ڕەخنە بەهێزتر بە)) ٢٦
- (چاومڕێی سوپاسی کەس مەکە) ٢٧
- (چاکە شادی بەخشی دڵانە) ٢٩
- بەئەنجام دانی کارێ لە بێکاری دەست هەڵگرە ٣١
- (ڕەگەڵکەوتە مەبە(..... ٣٢
- قەزاو قەدەر ٣٣
- (دڵنیا بە ناخۆشی خۆشی لە دوایە) ٣٥
- لە لێمۆی ترش خۆشاوی شیرین بسازێنە ٣٧
- (هەر خوایە پەنای بێ پەنایانە ٣٨
- با مالّت نارام گە بێ ٤١
- (پاداش لە خواوەیە) ٤٢
- هەر باوەڕ ژیانە ٤٤
- هەنگوین دەربێنەو شانە مەشکێنە ٤٦
- هەر بە یادی خوا دڵان دەگەشێنەوە ٤٨
- بە قازانجی کەس چاویان هەڵنایێ ٥٠
- ژیان وەکو خۆی بنرخێنە ٥١
- بە گێرۆدەبوان دڵت بدەوە ٥٢
- (وریای نوێژ بە..نوێژ)) ٥٥
- بەسە خوا یاوەرمان بێ ٥٦
- بەسەر زەوێدا گەشتو گوزار کەن ٥٨
- بە نارامگرتن خۆت بلاوێنەوە ٥٩
- (گوێ زەوی بەسەر، سەرتەوە هەڵمەگرە) ٦١

- بە شتی کەم بایەخ مەڕوخێ ٦٢
- لە بەشی خوا پێداوت ڕەزامەندی بنوێنە لە گشت کەسێ زەنگین تری ٦٤
- (ئەو بەهەشتە وەیادخەوە پانتاییەکەی بارتەقای ئاسمانەکانو زەویە) ٦٦
- ئێمە بە نەتەوەیەکی مام ناوەندی خولّقاوین ٦٨
- (خەمو پەژارە نە سودمەندە، نە بە پێی یاسای خوایەسندە) ٧٠
- هەڵوەستەیەك ٧٦
- ڕو بە خەندە بە ٧٨
- هەڵوێستەیەك ٨٧
- بەرهەمی ڕەنج ٨٨
- (بەهرەی زانین) ٩٢
- هونەری شادی ٩٥
- هەڵوێستەیەك ١٠٠
- بەرگەی شەپۆلّی هەستو سۆز ١٠١
- بە سای پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵان بەختەوەر بون ١٠٣
- بێزاری لە ژیان مەنوێنە ١٠٧
- نیگەران مەبە ١٠٩
- هەڵوەستەیەك ١١٣
- "پەروەردگارت لێ بوردەیەو لێبوردەیی بەروەدەیە" ١١٤
- خەمبار مەبە، هەموشتێ قەزاوقەدری خوایە ١١٨
- خەمگین مەبە، گەش بین بە ١٢١
- هەڵوێستەیەك ١٢٢
- (دۆش دامەمێنەو ژێوانی بۆ خوای بەخشندە بنوێنە) ١٢٣
- (خەمگین مەبە، هەمیشە خوات لە یاد بێ) ١٢٥
- دلگیر مەبەو لە میهری خوا نانومێد مەبە ١٢٧
- لەمەڕ ئەو ئازارەی پێت گەییوە پەرۆش مەبەو لە هەڵەی دەرحەق کراوت چاوپۆش بە ١٢٧
- لە ڕابردو دڵ پەست مەبە، لە نازو گۆزی زەوەند دای ١٢٨
- هەر شتێ شیاوی خەم نەبێ بۆ دەبێ دڵت بۆی پەست بێ ١٢٩
- دلگیر مەبە، خەم لە بیر بە ١٣١
- (کە تۆ چاوت لە پاداشتی خوا بێ، بە نەیارانی جوامێریت دڵت پەست نابێ) ١٣٢
- (بە گازاندەی گازندەکاران دڵ گران مەبە) ١٣٣
- لە ئاهی هەژاری مەناڵە، جاری وایە نەداری ناسودەیی حاڵە ١٣٤
- لە داخی چاوەڕوان کراوێ هەراسان مەبە ١٣٥
- بە ڕەخنەی چەپەڵکارانو چاوچنۆکان چۆك دانەدەی ١٣٦
- هەڵوەستەیەك ١٣٨
- (دڵ لە دڵ مەدە ئەوەیان هەڵبژێرە خوا بۆی داناوی) ١٣٩
- (بێزاری لە هەڵسو کەوتی کەس مەنوێنە) ١٣٩

- (نەوەی لە تاوی داخداری، بزانە سەنگی چەندە) ١٤٠
- (با دڵت گەردێ نەگرێ، هەتا ڕوت لە چاکە بێ) ١٤٢
- بۆ بیستنی وشەیەکی نەشیاو دڵ گران مەبە، ڕۆژی ڤایرۆسێکی دێرینە ١٤٤
- هەڵوەستەیەک ١٤٦
- نارامگرتنو خۆڕاگری ڕێگان بۆ بەختەوەری ١٤٧
- لە مەڕ هەڵوێستی خەڵکان دڵ پەست مەبە، بزانە لەگەڵ پەروەردێندا چۆنن ١٤٩
- بە نەبونی مەناڵە ١٤٩
- دەشێ لە بری دڵ بڕی، ئەم هۆکارانە لەبەرچاو بگری ١٥٠
- مەچوە قاوغی کەسێکی تر ١٥١
- گۆشەنشینیو داهاتە سود بەخشەکانی ١٥٢
- لە تەنگانە خۆ گر بە ١٥٥
- هەڵوەستەیەک ١٥٦
- بەو بنچینانەی بەختەوەری دڵنەوایی خۆت بکە ١٥٧
- کە ئەو شەش دەرمانە چارەسازمت لەبەر دەستە بۆ دڵت پەستە؟ ١٥٩
- بە سای توانج و پەلاری، یا نەشکەنجەو ئازاری، یا گوتەی ڕیسواگاری، یا ستەمی ستەم کاری، خەم بەسەرتا نەباری ١٥٩
- ماتو کز دامەمێنە، هەڵوێستی جوان بنوێنە، قەدرو ڕێز بەدەست بێنە ١٥٩
- گەر کۆستێ دایپڵۆسی، خەمو خەفەت دایپۆشی، یا ئەستەنگێ بێتە ڕێت، با دڵت ئاسودە بێت نەک پەستو پڕ لە خەم بێت. ١٦٠
- دڵ گران مەبە، دۆستو خۆشەویستانێکت هەن خەمیان لە لا بەبا کەی ١٦٠
- ڕێزداریو پایەداری باشترە لە مانْ داری ١٦١
- هەڵوەستەیەک ١٦٢
- چاترین هاودەم کتێبە ١٦٢
- ★ چەند وتەیێ دەربارەی سودی کتێب★: ١٦٥
- بەری درەختی خوێندنەوە: ١٦٧
- دڵت هەراسان نەبێ، خەڵکێ بە ئاکاری بەرزت ناشنایەو چاکەی تۆی لە چاودایە ١٦٨
- هەڵوەستەیەک ١٦٨
- خەمبار مەبە چونکو جگە لەم ژیانە ژیانێکی تر چاوەڕێمانە ١٦٩
- چەند گوتەیەکی جیهانیو دەست کەوتی ئەزمون ١٧٠
- دامەمێنە، دەربارەی دوێنێو ئیمڕۆو سبەی بە پرسیار خۆت بدوێنە ١٧٢
- هەڵوەستەیەک ١٧٣
- خەمناک مەبە چونکێ خەمینی تینو توانا تێک دەشکێنیو جەستەدا دادەوشێنێ ١٧٤
- بەهەمان شێوە خەمناکی بڕینی گەدە پەیدا دەکا! ١٧٥
- با هەندێک لە شوێنەواری خەمناکیت بۆ باس کەم: ١٧٥
- ناخۆ پەژارەو ڕق هەڵگرتن کاریان چیە؟ ١٧٦
- لە ڕەخنەی بنیات نەرو دڵ سۆزانە نیگەران مەبە، بەڵکو بە دڵێکی فراوانەوە وەری بگـرە ١٧٨

- دەستەوسانو دودڵ دامەمێنە، بەڵکە دەستبەکار بەو کاتێبکۆشەو لە بەتاڵی دامەگوزمرێنە..... ١٧٩
- زۆربەی هەواڵی بڵاو کراوە لە ڕاستی بەدورە ١٨٠
- نەرمو نیانی لە خلیسک بردن دەتپارێزێ..... ١٨١
- ئەوەی چو ناگەڕێتەوە ١٨٢
- ژیانی دنیا شیاوی خەم لەسەر خواردن نیە! ١٨٢
- هەڵوەستەیەک..... ١٨٤
- لە سۆنگەی ئەوە کە باوەڕداری وا مەزانە بەڵا باری..... ١٨٥
- بۆ شتی کەم بایەخ هەراسان مەبە، هەر دنیا ئەوەندە نایێنێ ١٨٨
- پەڕێشان مەبە ئەگەر چی شەپۆلی ستەم هێرشت بۆ سەر بێنێ ١٨٩
- جیهان بەو شێوە ڕەخساوە ٢٢٢
- چەپەڵکاران چەندە زۆر بن سەرسامیان لێمەنوێنە بەڵام چاکەکاران ئەگەرچی کەم بن بە زۆریان بنرخێنە..... ٢٢٩
- ئەگەر تەنیا تیکە نانێکو لوێچێک ئاوت هەبێو بەرگێ هەبێ شەرمو شکۆت دابپۆشێ ئیتر خەمو خەمینی پێ ناوێ. ١٩١
- بە کارمساتێ داخدار مەبە کە سەرەنجامەکەی خۆشیە بە سای بەڵایێ چۆکدانەدەی کە بەرەو خەڵات وەردەچەرخێ ١٩٣
- هەڵوەستەیەک..... ١٩٥
- زۆر جاران زیانباری سودمەندە..... ١٩٦
- باوەڕ گەورەترین دەرمانە..... ١٩٩
- خەمبار مەبە..خوا وەڵامی بێ باوەڕێکی ناچار دەداتەوە چ جای باوەڕدارێکی یەکتاپەرست؟!..... ٢٠٠
- خەمگین مەبە ژیان زۆر لەوە کورت تەرە، کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە..... ٢٠٢
- ئەگەر باپی ئەوەندەت هەبێ چاوت لە دەستی کەس نەبێ جێی خۆی نیە دڵت پەست بێ ٢٠٣
- لەوەی بەردەستت ڕەزامەندی بنوێنی خەمو پەژارەت نامێنێ ٢٠٤
- ڕۆژگار دەستاودەستی پێ دەکرێ..... ٢٠٧
- دەکرێ لەم زەمینە بەر فراوانەی خوادا وەدەر کەوی ٢٠٩
- هەڵوەستەیەک..... ٢١٠
- لە دوایین ساتەکانی تەمەنت دا ناهومێد مەبە ٢١١
- با خەمناکی نەتگرێ گەر کتوپڕ مەرگ یەخەت بگرێ گوێبیستی ئەم داستانەش بەشە ٢١٢
- لە ئاهی کارمساتان مەشڵەژێ تۆ لە نهێنیو سەرەنجامی کاران تێناگەی ٢١٣
- خەمبار مەبە دنیا هەندەی نایەنێ تۆی لە پێناودا دابمێنێ..... ٢١٦
- تۆ باوەڕت بە خوا هەیە خەمناک مەبە ٢١٧
- هەڵوەستەیەک..... ٢١٨
- دڵ پەستی ناوێ ئەگەر بە ئیسلام ئاشنای ٢٢٠
- هەندێک لە هۆکاری بەختەوەری: ٢٢٤
- خەمبار مەبە بەر لە بڕانی ماوەی ژیانت نامری..... ٢٢٦

- پاپەندی ئەو نزایە بن (یا ذا الجلال والاکرام) ٢٢٧
- سێ ڕۆژ لە ژیانی موسڵماندا وەکو چەژنەوانە ٢٢٨
- سەرنجێك ٢٣٣
- هەر کەسێ لە بەدکارێ بترسێ ٢٣٣
- هەڵس و کەوتت لەگەڵ خەڵکدا جوان بێ ٢٣٤
- خەمبار مەبە، پێت دەڵێم بۆ ٢٣٥
- ئاکامی زیانباری تاوان: ٢٣٦
- بە دوای ڕۆزی دابگەڕێ و چاو برسی مەبە ٢٣٧
- (اهدنا الصّراطَ المستقیمَ... نهێنی ڕێنماییە ٢٣٩
- هەر کەسێ خۆش گوزەرانی گەرەك بێ با نەو دە خونچە گوڵانە بچنێ: ٢٤٠
- تێ ڕوانینێك ٢٤٤
- خەمبار مەبە و لەگەڵ خەیاڵ ڕەفتار مەکە ٢٤٥
- خەمبار مەبە بە ئەوەی تۆ لە پێناویدا خەمباری کۆتایی دێ ٢٥٠
- هەڵومستەیەك ٢٥١
- ماتەمینی دات نەگرێ ئەگینا بەرەو بەدبەختی دەکەوێە ڕێ ٢٥٢
- (داوای لێ خۆشبون گرێ کوێرە دەکاتەوە... ..... ٢٥٩
- خەڵك نەیاری تۆیە نەك لە بەرژەوەندی تۆیە ٢٦١
- ماڵ بە فیرۆ مەدە "ئەوەی دەست بگرێتەوە هەزار نابێ" ٢٦٢
- هەر بە خوا پەیوەندی ببەستە ٢٦٤
- چەند هۆکارێکی دڵشادی ٢٦٤
- خوا بڕیاری خۆی داوە ٢٦٧
- تامو چێژی ئازادی ٢٦٧
- سوفیانی سەوری سەرینی گڵ بو ٢٦٨
- بە بەڵێنی بەدگۆیان باوەڕ مەکە ٢٦٨
- وتەی نابەجێ و جوێن پێ دان زیانت پێ ناگەیەنن ٢٦٩
- نەخش و نیگاری نەم گەردونە وەخوێنەوە ٢٧٠
- چاو برسێتی بێ سودە ٢٧٢
- تەنگژە تاوانت ڕەش دەکاتەوە ٢٧٢
- خوا بەسمانەو باشترین پاڵپشتمانە ٢٧٣
- کەرستەی بەختەوەری ٢٧٤
- باجی بەرپرسیارێتی ٢٧٥
- دەی بۆ نوێژ ئامادە بە ٢٧٦
- بەخشندەیی شادی دڵە ٢٧٩
- ڕق دامەگرە ٢٨١
- چەند دوعاو نزای بەیانیان ٢٨٢
- هەڵومستەیەك ٢٨٤

- فورنان..کتێبی پیرۆزە ٢٨٥
- لەسەر بە دەست هێنانی ناوو دەنگ سور مەبە ٢٨٦
- خۆش گوزەرانی ٢٨٧
- بەڵاو مەینەتی لە بەرژەوەندی تۆیە ٢٨٨
- بەندایەتی گوێ دێرانەو مل کەچانە ٢٨٨
- لە شازادەیی وە بەرەو دارتاشی ٢٨٩
- یەکێ لە هۆکاری دەردە سەریو خاکە ساری دانیشتنە لەگەڵ ڕەزاگرانان ٢٩١
- بۆ ئەوانەی بەڵا بارن ٢٩٢
- دیمەنی یەکتاپەرستی ٢٩٤
- هەڵوستەیەک ٢٩٩
- بە دەرو دەرون بایەخ بدە ٣٠٠
- پەنا بۆ خوا ببە ٣٠٣
- هەر بە خوا پشت دەبەستم ٣٠٤
- لەسەر سێ شتان یەک دەنگن ٣٠٥
- ئەوەی دەت چەوسێنێتەوە بیدە دەس خوا ٣٠٦
- کیسڕاو پیرە ژنێک ٣٠٧
- خۆ بە کەم بینی جاری وایە مایەی تۆکمەییو تەواویە ٣٠٨
- دەرەنجام سەلماندیان ٣١٣
- چەند ساتێ لەگەڵ گەلۆران ٣١٤
- باوەڕ ڕێگای ڕزگاریە ٣١٧
- گاورەکانیش پایە پایەن ٣٢٠
- وێستێکی پۆڵایین ٣٢١
- سروشتی خوارسک ٣٢٢
- لە بژێوی خۆت پەلەی مەکە، ماوەی بۆ دیاری کراوە ٣٢٤
- لە ناو کردەی بەردارەوە قوڵ بەوە ٣٢٥
- لە ژیانی خۆت دا چەند کاتو ساتێکی بایەخدارت هەیە ٣٣٠
- سەرنجێک ٣٣٥
- کردەی جوان ڕێگای بەختەوەریە ٣٣٥
- زانستی سود بەخشو زانستی زیان بەخش ٣٣٦
- زۆر بیر کەوەو زۆر ورد بەوە ٣٣٩
- دەرونت سەر زەنشت کە ٣٤٠
- لە ژیانی ڕۆژانەماندا سێ هەڵە دوبارە دەبێتەوە ٣٤٠
- وریای خۆتان بن ٣٤١
- دۆستایەتی بڕەخسێنە ٣٤٢
- بەو زەمینەدا بخولێوەو نیشانەو بەلگەی دەسەڵاتی خوا وەخوێنەوە ٣٤٤
- لەگەڵ بێدارانی شەو بێدار بەوە ٣٤٥

- هەڵوەستەیەك ٣٤٦
- بەهەشت سەرمایەی تۆیە ٣٤٦
- خۆشەویستی ڕاستەقینە ٣٤٧
- هەڵوەستەیەك ٣٤٩
- باری خۆت گران مەکە شەریعەت سوك و ئاسانە ٣٤٩
- بنەمای دڵ گوشادی ٣٥١
- وریای ئەوین بە ٣٥٢
- مافی برایەتی ٣٥٥
- نهێنی لە گوناهدا.. بەڵام گوناهیش نەنجام نەدەی! ٣٥٦
- بە دوای ڕۆزی دابگەڕێ و ڕژدو چاوچنۆکیش مەبە ٣٥٦
- هەڵوەستەیەك ٣٥٧
- ئیسلام ئایینێکی سانایە ٣٥٨
- ترست نەبێ تۆ پایە بەرزتری ٣٥٩
- لە چوار شتان خۆت بە دور بگرە ٣٦١
- بە پەروەردگارت دڵت بسرەوێ ٣٦٢
- ئارامی دامرکانی ئازارو ناسۆری دەرونەو هێورە بونەو ٣٦٢
- دو وشەی بەهادار ٣٦٣
- لە بەرهەمەکانی بەڵاو مەینەتی ٣٦٤
- زانست ڕێنمایی و چارەسەرە ٣٦٥
- ئومێد وایە سەرەنجام خێر و خۆشی بێ ٣٦٥
- بەختەوەری بەهرەیەکی خوایی یە ٣٦٥
- خەڵك بە چاکە لێت بدوێ تەمەن درێژیە ٣٦٦
- سەرچاوەی لاواندنەوەو شیوەنەکان ٣٦٧
- سەرنجێك ٣٦٨
- خوایەکی نەوەندە میهرەبانە ستەمو زۆری لە کەس ناکا ٣٦٨
- بە دەستی خۆت میژوی خۆت بنوسە ٣٧٠
- گوێ بۆ وتەی خوا هەڵخە ٣٧١
- هەمویان بە دوای بەختەوەری دا دەگەڕێن بەڵام ٣٧٦
- هەڵوەستەیەك ٣٧٨
- یا بەهەشتە، یا دۆزەخ ٣٧٩
- واتای خۆش گوزەرانی ٣٨١
- کەوایە بەختەوەری کامەیە؟! ٣٨٤
- هەر وتەی پاك بۆ لای خوا بەرزە بێتەوە ٣٨٧
- پەروەردگاری تۆ بەم شێوەیە گەلانی ستەم کار لە ناو دەبا، بێ گومان گرتنی نەو توند ئێش و توند ئازارە ٣٨٩
- هەڵوێستی ستەم لێ کراوان ٣٩٠

- وتم: منم لەبەر دەرگا ٣٩٠
- پێویستە هاوەڵێکت هەبێ ٣٩١
- هێمنی خوازراوێکی شەرعیو ژیریە ٣٩١
- چەند کەسی خاوەن شکۆ بونە ڕەنجەڕۆ ٣٩٣
- دەستەبەر کردنی کردەی چاکە تانجی سەری ژیانی بەختەوەرانەیە ٣٩٥
- مانەوەو خۆشگوزەرانی لەوێیە نەوەك لێرە ٣٩٨
- نەیارانی بەرنامەی خوا ٣٩٩
- لە نرخو بەهای دنیا ٤٠٢
- کلیلی بەختەوەری ٤٠٤
- هەڵوەستەیەك ٤٠٥
- چۆنیان دەگوزەراند؟ ٤٠٦
- چەند وتەی کاراشنایان دەربارەی ئارامگری ٤٠٧
- نیەت پاکی بەرامبەر خوا بێ نومێدت ناکا ٤١٠
- کەسی ئارامگر باشترین بەرهەم وەدەست دێنێ ٤١١
- سەرنجێك ٤١٣
- ئەگەر دەست کورتو نابوت بوی پەرۆش مەبە، سەنگو ڕێزی تۆ شتێکی تر ٤١٤
- خەم هەڵمەگرە، دڵنیا بە دەتوانی لە سونگەی کتێب خوێندنەوە پەرە بە بەهرەو تواناکانت بدەی . ٤١٥
- سەخڵەت مەبە، دروست کراوە سەرسورهێنەرمکانی خوا لەم گەردونەوە خوێنەوە ٤١٦
- خوایە هاواڕە خوایە هاوار ٤٢٤
- دڵ گران مەبە ڕۆژگار هەر جارە بە ڕەنگێ خۆی دەنوێنێ ٤٢٦
- نەم دوانە لە سەر پەروەندەی خۆیان کێشەیانە ٤٢٦
- خەمینی تۆ دوژمنت دڵ خۆش دەکا ٤٢٧
- گەش بینیو ڕەش بینی ٤٢٨
- دلگیر مەبە ئەی مرۆڤ ٤٣١
- هەڵوەستەیەك ٤٣٤
- بەروبومی گەیبوی ڕەزانوێنی ٤٤١
- ئەوەی بێزاری دەربڕی ناڕەزایی وەدەست هێنا: ٤٤٢
- سودو قازانجی قایل بون: ٤٤٣
- لەگەڵ پەروەرگارت دا بەربەرەکانی مەکە: ٤٤٤
- بڕیارێکی تێپەڕبو فەرمانێکی دادوەرانە: ٤٤٥
- لە ناقایلی هیچ داهاتێك بەدەست نایە: ٤٤٥
- بێ بەڵایی لە ڕەزانوێنی دایە: ٤٤٦
- ناقایلی دەروازەی گومانو دو دڵیە: ٤٤٧
- ڕەزانوێنی دارایی‌و ئاسودەییە: ٤٤٨
- سوپاس گوزاری بەرهەمی ڕەزانوێنیە: ٤٤٩
- بێ باوەڕی بەرهەمی ناقایلیە: ٤٤٩

- ناقایلی داوو تەڵەی شەیتانەوە ٤٥٠
- ڕەزانوێنی هەواو هەوەس دەڕموێنێ: ٤٥١
- تێڕامانێك ٤٥١
- چاوپۆشی لە هەڵەی دۆستان ٤٥٢
- بە هەل زانینی کات بە تاڵی‌و تەندروستی لە پێناوی خواپەرستی ٤٥٤
- خوا دۆستی بڕوادارانە ٤٥٥
- خودای پەروەردێنی تەخت، زۆر پاکتڕە لە هەرچی ئەوان بۆی دەڵێن ٤٥٦
- چەند هێمایەك لە ڕێگای تۆڕەران ٤٥٨
- پلەو پایە تاقی کردنەوەیە ٤٦١
- گەنجینەی بێ بن ٤٦٢
- وردیەك سەری لە چل چرا دەدا ٤٦٢
- خوێندنەوەی ئاوەزو ژیربیەکان ٤٦٤
- گەر نەخۆش کەوتم خوا چاکم نەکاتەوە ٤٦٤
- هۆشتان لەسەر خۆ بێ ٤٦٧
- تفەنگ بە تاریکی وە مەنێن ٤٦٧
- بڕیاری خۆت بدەو هەنگاو هەڵێنە ٤٦٨
- ژیان هەر بریتی نیە لە دنیا ٤٦٩
- لوزەو، تەزوی کارەبا چارەسەرێکی کاتیە، تاکو چەخماخەی ڕزگاری لێ بدا ٤٧٠
- تۆ لەگەڵ میهرەبان ترین کەسدا سەودا دەکەی ٤٧٢
- ژیان هەموی شەکەتیە ٤٧٣
- سەرنجێك ٤٧٤
- مام ناوەنجێتی هۆکاری ڕزگار بونە ٤٧٥
- مرۆڤ چ نەریتێکی تێدا زاڵە بەوە دەناسرێ ٤٧٦
- بەم شێوەیە ڕەخساوی ٤٧٧
- زیرەکی پێویستی بە خۆ پەرانندەوە هەیە ٤٧٧
- خۆت وەڕازێنە بونەوەر بە ڕازاوە دەبینی ٤٧٩
- بە سەرکەوتنێکی نزیك مژدە بدە ٤٨١
- تۆ لە کینە هەڵگرتن بەرزتری ٤٨٢
- تێڕوانینێك ٤٨٣
- زانست کلیلی ئاسانکاریە ٤٨٤
- هەمو شتێ بە خۆی خوێش بە مانا ٤٨٤
- دڵ فراوان ترین کەس ٤٨٥
- هێواش..هێواش ٤٨٦
- کە سەبارەت بە سوپاس کردن لەسەر زۆری دەستەوسانی لەسەر کەمی چۆن دەتوانی ٤٨٧
- سێ تابلۆ ٤٨٨
- هەڵوەستەیەك ٤٨٩

- ئەی خەڵکینە ئاسودە بن ٤٩٠
- چاکە کاری بەربەستی توشهاتن بە خراپەیە ٤٩١
- چەند پشو دانێك یاریدە دەری ڕێگا بڕینن ٤٩٢
- هەڵوەستەیەك ٤٩٦
- لەوەڕگای سۆما لەم گەردونەدا ٤٩٧
- هەنگاونان بە نەخشە ٤٩٧
- تکات لێ دەکەم بێ بەرنامە بەسەر مەبە ٤٩٩
- سەنگی تۆ لە خوڕهووشتو باوەڕت دایە ٥٠٠
- ئەوانە چەند ئاسودە بون ٥٠٣
- ئەوانەش چەند چارە ڕەش بون ٥٠٤
- سەرنجێك ٥٠٤
- زەردەخەنەیەك لەسەرهتاوە ٥٠٦
- تێڕامانێك ٥١٠
- لە کەسایەتی کەسێکی تردا نە تووێی تەوە ٥١١
- دڵ گوشراوان چاوەڕێی میهری خودان ٥١٢
- بە کام کردەوە ئاسودەی دەستی پێوە بگرە ٥١٣
- هەریەك لەم دو دەستەیە بەشی خۆیان وەردەگرن ٥١٤
- هەر کەسێ باوەڕ بە خوا بێنێ ڕێی ڕاستی نیشان ئەدا ٥١٦
- بەرنامەو پەیام مام ناوەنجییە ٥١٨
- نە ئەمیانو نە ئەویان ٥٢٠
- سەرنجێك ٥٢١
- دۆستانی خوا کێن؟ ٥٢٢
- خوا لە ئاستی بەندەی خۆیدا میهرەبانە ٥٢٣
- خوا لە شوێنێکەوە ڕۆزی بۆ بەندەی دەنێرێ دەرکی پێ ناکا ٥٢٥
- هەر خوایە بارانێ دەبارێنێ ٥٢٦
- خوا چاتری پێ دا ٥٢٨
- ئەگەر داوات کرد لە خوا بخوازە ٥٢٩
- خوا دەربارەی بەندەکانی دڵۆڤانە ٥٣٠
- لە تەنگانەدا کێ لە فریامان دێ؟ ٥٣٢
- سەربوردەی مەرگ ٥٣٣
- چرکەیێ لێی دوا ناکەون و پێش ناکەون ٥٣٤
- هەرچی پەنای بۆ بەرن لە غەیری خوا، بەر پێوارە ٥٣٥
- جاری وایە دەردە، دەبێتە دەرمانی لاشە ٥٣٧
- دۆستانی خوا کەرامەت دارن ٥٣٧
- نەوەندە بەسە، خوا شایەدو پشتو پەنا بێ ٥٣٩
- با خۆراکت حەڵاڵ بێ نزاکەت گیرا دەبێ ٥٤٠

- هەمو شتێ بە ستایشەوە پاکانەی پەروەردێنی دەنوێنێ ٥٤٣
- بە خوای بەرزو توانا قایل بە ٥٤٦
- زایەڵەی دۆڵی نەخلە ٥٥٢
- چەند خەڵاتێك بۆ کۆمەڵو دەستەی پەکەم ٥٥٤
- با ڕوخسارت گرژ نەبێ هەرچەندە تیشکی خۆرت لێ ون بێ ٥٥٦
- بڕیار دان ٥٥٧
- وەکو چیا بە نەهەژێی ٥٦٠
- چی بچێنی نەوی دەدوریەوە ٥٦٣
- باجی وتەی بریقەدار ٥٦٣
- حەسانەوە لە بەهەشتە ٥٦٤
- نەرمو نیانی یاریدەدەری بە ئەنجام گەیشتنە ٥٦٦
- سەرنجێك ٥٦٩
- نیگەرانی هیچ سودت پێ ناگەیەنێ ٥٧٠
- ئاسودەیی لەگەڵ چاوتێرێدایە ٥٧١
- پێشبینی خراپترین چاوەڕوان کراوەکان بکە ٥٧٢
- نەگەر تواناو تەندروستیت تەواو بو، با دنیا سڵاوی لێ بێ ٥٧٤
- بەر لەوەی گڕی دوژمنایەتی کڵپە بستێنێ بیکوژێنەوە ٥٧٦
- لە ڕێزی هیچ کەس دامەشکێنە ٥٧٨
- چ بچێنی هەر ئەوە دەدوریەوە ٥٨٤
- رەنجی خەڵك بەرز بنرخێنە ٥٨٥
- بارگرانی لاساکاری مەخەرە سەر شانت ٥٨٦
- ئەگەر بارێکت پێ هەڵناگرێ شانی مەدە بەرێ ٥٨٧
- ئەو ژیانەی خۆت بێ بەرنامە بەڕێ مەکە ٥٨٨
- ناخۆ دەتەوێ بە هێورەیی و هێواشی سودو کەڵك وەرگری؟ ٥٨٨
- پەرەدان بە نازو گۆزی دنیا ئێوەی خافڵاند ٥٨٩
- تاوەکو ئەوپەڕی ئاسودەیی و ژیان بەسەربەی ٥٩١
- نێوەڕۆك ٦٦٣

ئەم کتێبە

بریتیە لە ئەزمونە زیندوەکان و نمونەگەشەکان و پەند و سەربردە دڵرفێنەکان و، ئەدەبی بەرز و وتەی بەنرخی پیاوەمەزنەکان لە پێغەمبەران و هاوەڵان و شوێنکەوتوان و زانایان و، دانایان و هۆشمەندان، لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، ئەوانەی ڕاستەقینەیان مەبەست بووە. تا دڵنەوایی ئەوکەسانە بێت، کە تووشی کارەسات و نەهامەتی و ڕەش بینی بوون لە ژیانی مرۆڤایەتیدا.

نوسینگەی تەفسیر
بۆ ڕاڵە و کردنەوە و ڵێکدانەوە
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
ت: 2518138
موبایل: 07504605122
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
بەرگ: أمین مخلص